# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

نوسین : دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا




بەرگی یەكەم

# قورئان وەک خۆی

نووسینی: دۆکتۆر، پشتیوان عەبدوڵا

پیاچوونەوەی نووسین: جەبار حەمەد

# پێشەکی

## (پێشکەشە، بە ژن و ژیان و ژان ،وەگەنج و ئەقڵ و لۆجیك)

چواردە سەدە تێپەڕ بوو، بە سەر داگیرکاریی عەرەبیی بیابان بۆ خاکی گەلانی میزۆپۆتۆمیا، لە ژێر ناوی الله اکبر و خوداوەندی جیهانەکان، بەڵام تا ئێستا قورئان بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. میللەتی کورد، لە سێ سەدەی یەکەم، نەك هەر ئیسلام نەبوو، بەڵکو زۆرترین بەرگریی و بەرخودانی دژ بە ئیسلام کرد. هەر کەسێك لاپەڕەی پەرتووکە مێژوویەکانی ئیسلام هەڵبداتەوە، ئەو ڕاستییە زۆر بە ئاشکرا دەبینێت.

دوای زیاتر لە سێ سەدە، لە کوشتن و کوشتارگە و بە کۆیلەکردن و بە کەنیزەکردن و سەرانە و باجی زۆر، میللەتی کورد، وەك هەر میللەتێکی تر، ناچار بوو بە ئەقڵیەتی دواکەوتووی بیابانی عەرەبی تەسلیم بێت. هەرچەندە لە ڕووکەشدا بوو بە ئیسلام، بەڵام توانی دەست بە زمانەکەیەوە بگرێت و پێداگری بکات لەسەر کەلتوور و دابوو نەریتەکانی.

لە یانزدە سەدەی ڕابردوودا، سەدەها هەزار، بگرە ملیۆنەها، مەلا و وتارخوێن لە ناو میللەتی کورددا بوونیان هەبووە، وە هەر هەموویان قورئان و فیقە و شەریعەتی ئیسلامیان بە عەرەبی خوێندووە، بەڵام نەمانبینی کە دانەیەکیان هەوڵی ئەوەیان دابێت، قورئان بکەن بە کوردی.

ئاخۆ دەبێت هۆکار چی بێت؟

سەیری هەر پەرتووکێکی پیرۆزی ئاینەکان بکەن، دەبینین کەم تا زۆر، جۆرێك لە فەرمانکردن بە خۆشەویستیی و مرۆڤایەتیی و میهرەبانیی تێدایە، وە شێوازێك لە فەلسەفە و عیرفانیەت و ڕۆحانیەتی تێدایە. بەڵام قورئان و فەرموودەکانی محمد،

نەك تەنها بەتاڵن لە خۆشەویستیی و عیرفانیەت و ڕۆحانیەت، بەڵکو تا سەر ئێسقان قێزەوەنن. معروف الرصافی، شاعیری ناوداری عیراق، لە پەرتووکی کەسایەتی محمد دەڵێت، دەکرێت ناو لە قورئان بنرێت پەرتووکی" گوتی و بڵێ"، قال وقل، چونکە هیچ پەرتووکێکی ئاسمانی و زەوی بەقەد قورئان گوتی و بڵێی تێدا نییە. من دەڵێم قورئان پەرتووکی "قتل و فرج و نكاح"ە، چونکە هیچ پەرتووکێك، هێندەی قورئان فەرمانی بە کوشتن نەکردووە. وە هیچ پەرتووکێك، بە هێندەی قورئان وشەی نێوگەڵ و گانی تێدا نییە.

هەڵبەتە لەبەر ئەوەی قێزەوەنە، مەلاکان، قورئانیان تا ئێستا وەرنەگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. کەسێك، قورئانی وەرگێراوەتە سەرزمانی کوردیی بە ناوی برهان محمد امین، کە لە زۆربەی دەقەکاندا، بۆ جوانکردنی قورئان درۆی کردووە.

لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتیم بەرامبەر بە میللەتەکەم، من ئەم کارەم لە ئەستۆ گرت و دەستم کرد بە وەرگێڕانێکی ڕاستگۆیانەی قورئان، وە شرۆڤەیەکی ڕاستگۆیانە.

ئەم پەرتووکەی لە بەردەستی خوێنەرانی ئازیزە، تەنها بەرگی یەکەمە و ١٥ سوورەت لە خۆیدا دەگرێت. هەوڵ دەدەم کە کۆی بەرگەکان لە ٢٠ بەرگ تێپەڕ نەکات.

چەند خاڵێکی گرنگ سەبارەت بەم پەرتووکە"قورئان وەك خۆی":

یەکەم: سوورەتەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی دابەزین ڕێکخراون، نەك وەك قورئانی بەردەست. سەرچاوە ئیسلامییەکان پێمان دەڵێن، کە سوورەتی العلق یەکەم سوورەتە بۆ محمد دابەزیووە، وە القلم دووەم و المزمل سێهەم و المدثر چوارەم ... البقرة هەشتاوحەوتەمین سوورەت و هتد...

بەڵام، لە قورئانی بەردەست تێکەڵیان کردووە: الفاتحة یەکەمە و البقرة دووەمە هتد...

بۆچی ئەم کارەیان کردووە؟ بۆچی سوورەتەکانیان بە گوێرەی ڕیزبەندی دابەزین دانەناوە؟

بۆ ئەوەی زۆر لایەنی شاراوەی قورئان هەیە ون بێت و بەدیار نەکەوێت. بۆ نموونە، پێمان دەڵێن، محمد لە چەند ساڵی یەکەمی پەیامەکەی بە نهێنی پێغەمبەرایەتی و بانگێشەی دەکرد. بەڵام ئەوە درۆیەکی شاخدارە، چونکە، یەکەم سوورەت، هێرشی تێدایە بۆ سەر الولید بن المغیرە، کە پیاوێکی ناوداری مەککە بووە.

دووەم: لە ژێر هەر ئایەتێك وەرگێڕانە کوردیەکە نووسراوە، بەڵام لە زۆرێکدا ماناکەی ڕوون نییە. بۆچی؟ چونکە قورئان زیاتر لە پەرتووکێکی "کلمات المتقاطعة" دەچێت. وە ئەوەی زاناکان و مەلاکان دەیلێن، گوایە، قورئان موعجیزەیە لە ڕووی ڕەوانبێژی و بەلاغەوە، جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچیتر نییە.

سێهەم: بەشی "شرۆڤە و تێبینیی" لەم پەرتوکەدا، پەیوەستە بە مانادارکردنی دەقەکان، وە بۆ ئەوە، ئاماژەم بە شرۆڤەی شرۆڤەکارە ناودارەکان کردووە، وەك الطبری و ابن کثیر و القرطبی و الزمخشری و الجلالین و الرزای و ابن الجوزی هتد...

وە هەر دەقێك هۆکاری دابەزینی هەبووبێت، ئەوا ئاماژەم بە هۆکاری دابەزینەکە کردووە. بۆ ئەم مەبەستەم گەڕاومەتەوە بۆ "اسباب النزول" للواحدی و "لباب النقول" للسیوطی وە هەروەها شرۆڤەی شرۆڤەکاران.

وە هەروەها ئاماژەم بەو فەرمووده و ڕیوایەتانەی محمد کردووە، کە پەیوەندیان بە دەقەکەوە هەبووە.

چوارەم: ئاماژەم بە هەڵە زمانەوانییە زەقەکان کردووە. دەق نییە هەڵەی تێدا نەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەری کوردی بە ئاسانی تێبگات، ئەوا تەنها ئاماژەم بە هەڵە کوشندە و زەقەکان کردووە.

پێنجەم: بۆ ڕوونکردنەوەی مانای هەندێك وشە، پەنام بردۆتە بەر "لسان العرب" لابن منظور.

شەشەم: لە هەر شوێنێك پێویست بووبێت، ئەوا وەڵامم بە درۆودەلەسەی ئیعجازتاشان داوەتەوە.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم پەرتووکە، کە فرە بەشە، هۆکارێك بێت بۆ بیرکردنەوەی ئەو گەنجانەی کە موسڵمانن، بەڵام زمانی عەرەبی نازانن و لە لایەن مەلاکانەوە فێڵیان لێ کراوە و فێڵیان لێ دەکرێت.

دکتۆر، پشتیوان عەبدوڵا

٨ ئازاری ٢٠٢١

# (١)

# سوورەتی العلق (كڵۆخوێن)

**١-اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ**

بخوێنەوە، بەناوی خوداکەت کە درووستی کردووە.

**٢- خَلَقَ الإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ**

مرۆڤی لە کڵۆیەك درووست کردووە.

**٣- اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ**

بخوێنەوە وە خوداکەت ڕێزدارترینە.

**٤- الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ**

کە بە پێنووس فێری کردووە.

**٥- عَلَّمَ الإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ**

مرۆڤی فێرە ئەوە کردووە کە نەیدەزانی.

**٦- كَلاَّ إِنَّ الإِنسَانَ لَيَطْغَى**

نەخێر، لە ڕاستیدا مرۆڤ سەرپێچیکەرە.

**٧- أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى**

کە بینی دەوڵەمەندە.

**٨- إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى**

لە ڕاستیدا گەڕانەوە بۆ لای خوداکەتە.

**٩- أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى**

ئەوە دەبینیت کە ڕێگری دەکات.

**١٠- عَبْدًا إِذَا صَلَّى**

بەندەیەك کاتێك نوێژ دەکات.

**١١-أَرَأَيْتَ إِن كَانَ عَلَى الْهُدَى**

دەبینیت، ئەگەر لەسەر هیدایەت بوایە.

**١٢-أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى**

یان فەرمانی بە خواپەرستی بکردایە.

١٣-**أَرَأَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّى**

دەبینیت کە بەدرۆی زانی و دەستبەرداری بوو.

١٤-**أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى**

ئەی نەیزانی کە لە ڕاستیدا اللە دەبینێت؟

١٥-**كَلاَّ لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ**

نەخێر، ئەگەر واز نەهێنێت ئەوا  بە قاقۆلی ڕایدەکێشین.

١٦-**نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ**

قاقلۆدارە، درۆزنە، گوناهبارە،

١٧-**فَلْيَدْعُ نَادِيَه**

دەبا لایەنگرەکانی بانگ بکات.

١٨-**سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ**

ئێمەش جەنگاوەرە بە زەبرەکانمان بانگ دەکەین.

١٩-**كَلاَّ لا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ**

نەخێر، نەکەیت ملکەچی بیت وە کڕنۆش بەرە و نزیك بەرەوە.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ژمارە ١-٥

بخوێنەوە، بە ناوی خوداکەت تاوەکو  مرۆڤی فێرە ئەوە کردووە کە نەیدەزانی.

عائیشە دەڵێت، بەر لەوەی محمد پەیامی اللهی بۆ دابەزێت و ببێت بە پێغەمبەر، دەچوو بۆ کێوی حیرا و خەڵوەتی دەکرد، تاوەکو ڕۆژێکیان بونەوەرێك بۆی بەدیار کەوت و گوتی : بخوێنەوە؟ پێغەمبەر گوتی  (مَا أَنَا بِقَارِئٍ )  من خوێنەوار نیم / چی بخوێنمەوە؟ پێغەمبەر دەڵێت، ئەوەبوو بونەوەرەکە دەم و لووتی گرتم، تاوەکو هێزو توانای تیادا نەهێشتم. ئینجا بەریدام و گوتی بخوێنەوە؟ گوتم چی بخوێنمەوە/خوێنەوار نیم. ئەوەبوو بۆ جاری دووەم دەم و لووتی گرتم تاوەکو هێز و توانام تیادا نەما. ئینجا بەریدام و گوتی بخوێنەوە؟ گوتم چی بخوێنمەوە/خوێنەوار نیم. ئەوەبوو بۆ جاری سێهەم دەم و لووتی گرتم تاوەکو هێز و توانام تیادا نەما. ئینجا بەریدام و گوتی بخوێنەوە بە ناوی ئەو خودایەی کە درووستی کردووە، مرۆڤی لە کلۆیەك خوێن دروست کردووە. بخوێنەوە وە خوداکەت ڕێزدارترینە، کە بە پێنووس فێری کردووە، (مرۆڤی فێرە ئەوە کردووە کە نەیدەزانی). پێغەمبەر دەڵێت گەڕامەوە ماڵەوە بۆ لای خدیجە، لە ترسانا دڵم دەلەرزی، گوتم داميۆشن دامپۆشن. منیان داپۆشی تاوەکو ترسەکەم ڕۆیشت. ئینجا ڕوداوەکەم بۆ خدیجە گێڕایەوە و پێم گوت ( لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِي)، لە خۆم دەترسم(کە شەیتان بووبێت و دەستی لێم وەشاندبێت). خدیجە گوتی هەرگیز، مژدە بێت هەرگیز الله تۆ ڕیسوا ناکات . خدیجە، پێغەمبەری برد بۆ لای ئامۆزاکەی (وەرەقە کوڕی نەوفەل)،کە ئەوکات وەرەقە  ببوو بە مەسیحی، وە  لە ئینجیل و تەورات دەقی دەردەهێنا و دەیکرد بە عەرەبی و دەینووسیەوە. خدیجە هەواڵەکەی بە وەرەقە گوت. وەرەقە گوتی ئەوە هەمان شتە کە بۆ موسا دابەزی، واتە وەحییە. ( صحیح البخاری کتاب بدء الوحی، صحیح مسلم کتاب الایمان و مسند احمد )

ابن هشام لە السیره النبویة هەمان فەرموده ڕیوایەت دەکات بەڵام دەڵێت  پێغەمبەر فەرمویەتی جبرایل هات نووسینێکی لابوو لە سەر ئاوریشم نوسرابوو.

ابن الجوزی لە پەرتووکی کشف المشکل، (بەشی ١ لاپەڕە ٢٤ کتاب بدء الوحی) دەڵێت:

وە قسەکەی ( لقد خشیت علی نفسی) ( لە ڕاستیدا لە خۆم ترسام ) پێغەمبەر لە سەرەتا لەوە دەترسا، کە ئەوەی بینیویەتی شەیتان بووبێت.

لە السیرة النبویة لابن هشام ( باب : امتحان خدیجة برهان الوحی – تاقیکردنەوەی خدیجە بۆ سەلماندنی وەحی) هاتووە، کە خدیجە، محمد تاقی دەکاتەوە.

خدیجە بە محمد دەڵێت، ئەی ئامۆزا، ئەگەر ئەو بونەوەرە هات بۆ لات، کە لە کێوی حیرا بۆت بەدیارکەوت، دەتوانیت ئاگادارم بکەیتەوە؟ محمد گوتی بەڵێ. ئەوەبوو جبرایل هات، محمد بە خدیجەی گوت ئەوە هات بۆ لام. خدیجە بە محمدی گوت، وەرە لەسەر ڕانی چەپەم دانیشە. ئەوەبوو پێغەمبەر هەڵسا و لە سەر رانی چەپەی خدیجە دانیشت. خدیجە، لە پێغەمبەری پرسی دەیبینیت؟ ( واتە ماوە یان وون بوو) پێغەمبەر گوتی ماوە. خدیجە گوتی، ئەی محمد وەرە لەسەر ڕانی ڕاستەم دابنیشە. پێغەمبەر هەڵسا و لەسەر ڕانی ڕاستەی خدیجە دانیشت. خدیجە لێی پرسی دەیبینیت؟( واتە ماوە) پێغەمبەر گوتی بەڵێ . خدیجە گوتی، ئەی محمد وەرە لەسەر کۆشم دابنیشە؟ ئەوەبوو پێغەمبەر لەسەر کۆشی خدیجە دانیشت، خدیجە لێی پرسی ئایا دەیبینیت؟ گوتی بەڵێ . ئەوەبوو خدیجە پۆشاکەکەی سەر قاچ و ڕانی هەڵماڵی و سەرپۆشەکەی فڕێ دا و لە پێغەمبەری پرسی ئایا دەیبینیت؟ پێغەمبەر گوتی نەخێر، وون بوو . خدیجە گوتی، مژدە ئەی محمد، سوێند بە الله ئەوە فریشتەیە و شەیتان نییە.

واتە فریشتە شەرم لە قژ و ڕانی ژن دەکات بەڵام شەیتان شەرم نایکات.

الحمدلله پێغەمبەرایەتی محمد سەلمێندرا.

زۆربەی زانایانی سونە دەڵێن محمد نەخوێنەوار بووە. ( بەشێکی کەم لە زانایانی سونە و هەموو زانایانی شیعە دەڵێن محمد خوێنەوار بووە).

گریمان، محمد نەخوێنەوار بووە.کەواتە، چۆن دەکرێت خوداوەندی ئیسلام (الله اکبر) لە ڕێگای جبرایلەوە فەرمان بە محمد بکات، دەقێکی نوسراو بخوێنێتەوە؟

بەڵام، چەندەها دەقی قورئان، چەندەها ڕیوایەت و فەرموودە، ئیدعای زانایانی سونە بەدرۆ دەخەنەوە و پێمان دەڵێن، کە محمد کەسێکی خوێنەوار بووە.

ئایەتی ١٥١ سورەتی البقرة دەڵێت

أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولاً مِّنكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ

لە نێوتاندا پێغەمبەرێکمان لە خۆتان بۆتان نارد، ئایەتەکانی ئێمەتان بۆ دەڵێتەوە و پاکتان دەکاتەوە، ( لە بت پەرستی) و فێرە نووسین و حیکمەتتان دەکات وە شتانێکتان فێردەکات کە نەتاندەزانی.

ئەم ئایەتە ئاماژە بە دوو شت دەکات : یەکەم ( یتلو علیکم ایاتنا) واتە ئایەتەکانی ئێمەتان بۆ بڵێتتەوە. دووەم : یعلمکم الکتاب ( فێرە نووسینتان بکات).

وە شتێکی معلوومە، کە تاوەکو محمد مردیش، قورئانێکی نووسراو نەبوو تاوەکو کەسێك بڵێت (کتاب ) بە مانای پەرتووك دێت.

وە ئایەتی ١٠٦ سورەتی الاسراء دەڵێت:

وَقُرْآناً فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ

وە قورئانمان بەش بەش کرد بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە بۆ خەڵك.

ئەم دەقە دەڵێت (لتقرأه) واتە خوێندنەوەی دەقێکی نووسراو.

لە زمانی عەرەبی ( قرأ و قراءة) بە مانای خوێندنەوەی دەقێکی نووسراو دێت، وە جیاوازە لە

( تتلو و تلاوة)، کە بە مانای گوتنەوەی شتێك دێت کە مرۆڤ لەبەریەتی.

وە ئایەتی ٥ سورەتی الفرقان دەڵێت:

وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلا

(موشریکەکان ) گوتیان، (قورئان) ئەفسانەی پێشینانە نوسیویەتیەوە لە کەسانێك کە بەیانیان و ئێواران بۆی دەڵێننەوە.

ئەم دەقە پێمان دەڵێت ،کە موشریکەکان محمدیان تۆمەتبار دەکرد کە قورئان لە نووسینی خۆیەتی، وە چیرۆکەکانی قورئان لە کەسانێکی تر دەبیسێت وە محمد دەیاننوسێتەوە.

لە سەرەمەرگدا، محمد داوای پێنووس و تەختەیەك دەکات کە وەسیەتیان بۆ بنووسێت،

( ائْتُونِي بِكِتَابٍ أَكْتُبْ لَكُمْ كِتَابًا لَا تَضِلُّوا بَعْدَهُ )، بۆ ئەوەی میلەتەکەی گومڕا نەبێت .بەڵام عومەر ناهێڵێت و دەڵێت پێغەمبەر وڕێنە دەکات. محمد لە وەڵامدا دەڵێت من وڕێنە ناکەم و لە ئێوە باشتر ئاگام لە خۆمە. ( صحیح البخاری کتاب العلم و صحیح مسلم کتاب الوصیة)

بە گەڕانەوە بۆ ئەم پێنج ئایەتەی یەکەم دەبینین کە:

١-خوداوەندی محمد و ئیسلام  لە ئایەتی ٣-٥ دەڵێت ( بخوێنەوە وە خوداکەت ڕێزدارترینە، کە بە پێنووس فێری کردووە، مرۆڤی فێرە ئەوە کردووە کە نەیدەزانی).

لە ڕاستیدا، نووسین داهێنانێکی زۆر نوێیە لە چاو تەمەنی مرۆڤایەتی. زاناکان کۆکن لە سەر ئەوەی، کە یەکەم نووسین بۆ سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە واتە نزیك بە ٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر.

مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ فێربوون، بە درێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی، پشتی بە هەستەکانی بەستووە، بە تایبەتی بە بینین و بیستن. وە تەنانەت لە ئیمرۆشدا زۆربەی مرۆڤەکان، بۆ فێربوون پشت بە بیستن و بینین دەبەستن، نەك بە خوێندنەوە و نووسین و پێنووس.

ئایەتی ٣١ سورەتی البقرة دەڵێت:

وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاءَ كُلَّهَا

وە  ( اللە) ئادەمی فێرە هەموو ناوەکان کرد.

ئایا ( اللە ) بە پێنوس ئادەمی فێرە هەموو ناوەکان کرد؟ هەرگیز.

٢-خوداوەندی ئیسلام دەڵێت، ( مرۆڤ لە کلۆیەك خوێن درووست کردووە).

ئەوەیان هەڵەیەکی زانستی کوشندەیە، چونکە مرۆڤ لە کلۆیەك خوێن درووست نەبووە و دروست نابێت. کلۆخوێن درووست دەبێت کاتێك فاکتەرەکانی خوێن مەین چالاك دەبن و لە ئاکامی ئەو چالاکبوونەیان زنجیرەیەك کارلێك دێتە ئاراوە کە ئاکامەکەی درووست بوونی تۆڕبەندی ڕیشاڵی دەبێت  ( وە کلۆخوێن مردووە و زیندوو نییە).

وە قورئان لە چەندەها شوێن تەئکیدی لەسەر ئەم هەڵە کوشندەیە کردۆتەوە، دووبارە وەك ئایەتی ١٤ سورەتی المؤمنون کە دەڵێت:

ثمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً

ئینجا لە تۆواو کلۆخوێنمان درووست کرد.

لەم دەقانە خوداوەندی ئیسلام دەڵێت کلۆخوێنمان لە تۆواو دروست کرد ( لە ناو منداڵدان)

واتە وەك چۆن هەوێن شیر پەیت دەکات و دەیکات بە ماست (پەنیر) بەهەمان شێوە خوێنی سوری مانگانەی ژن بە تۆواو پەیت دەبێت و دەبێت بە کلۆیەك خوێن.

ئەم تێڕوانینە لە پێش محمد و سەردەمی محمد باوبووە، بینیویانە کە کاتێك ژن دووگیان نابێت سووری مانگانەی دەبێت، بەڵام کاتێك دووگیان دەبێت سووری مانگانەی نامینێت. وە بینیویانە کاتێك ژنێك لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دووگیان بوون، منداڵی لەبار دەچێت وەك کلۆیەك خوێن بەدیار دەکەوێت .

وە ئەم تێڕوانینە لە ئایەتی ٢ سورەتی الانسان زۆر ڕوونە کە دەڵێت:

إِنَّا خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ

له ڕاستیدا ئێمه مرۆڤمان له بڕێکی تێکەڵ درووست کرد (بڕێکی تێکەڵ واته  تۆواو و خوێنی سووری مانگانەی ژن).

الطبری له جامع البیان دەڵێت ( خلق الانسان من علق) واته خوێن.

القرطبی له الجامع لاحکام القران دەڵێت ( خلق الانسان من علق) واته له خوێن، وه (علق) کۆی (علقة)یه واته "دم جامد" واته کلۆخوێن.

الزمخشری له الکشاف دەڵێت : ئەگەر گوتت بۆچی ئایەتەکه دەڵێت ( من علق ) ( چونکه علق کۆی "علقة"یه ) و له ڕاستیدا مرۆڤ له "علقة" (کلۆیەك خوێن ) درووست بووه.

هەوەك ئایەتی ٦٧ غافر دەڵێت ( مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ) واته ( له برێك تۆواو ئینجا له کلۆیەك خوێن )! ئەوا دەڵێم چونکه "الانسان" له ماندا کۆیه.

ابن کثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت : ئاگاداری تێدایه سەبارەت به درووستکردنی مرۆڤ له کلۆخوێن

دوو جەلالەکه  ( جلال الدین السیوطی و المحلی) له تفسیر الجلالین دەڵێن، (علق) کۆی (علقة)یه که پارچەیەك خوێنی مەییووه.

وه لەم تفسیرانه و تفسیرەکانی تر دەبینین، که هیچ ناکۆکیەك نەبووه له نێوان یاوەرەکانی محمد و نەوەی دوای یاوەرەکان سەبارەت به وشەی "علق" هەر هەمووی هاوڕابوون که لەم ئایەته و ئایەتەکانی هاوچەشن، "علق " و "علقة" واته کلۆخوێن و کلۆیەك خوێن.

القرطبی له جامع لاحکام القران له شرۆڤەی ئایەتی ٤  ئاماژه به فەرمودەیەکی محمد

دەکات، که ابن مسعود ڕیوایەتی کردووه، محمد دەڵێت:

لا تسكنوا نساءكم الغرف، ولا تعلموهن الكتابة

نەکەن ژنەکانتان له ژوور بژیێنن وه نەکەن فێره نووسینیان بکەن.

وە القرطبی پێمان دەڵێت، بۆچی محمد ئەم قسەیەی کردووە و دەڵێت:

زاناکانمان دەڵێن، پێغەمبەر پیاوەکانی لەوە ئاگادارکردۆتەوە چونکە ئەگەر ژنان لە ژووردا ژیان بکەن ئەوا دەڕواننە پیاوان وە لەوەدا پاراستنیان و داپۆشینیان بوونی نامینێت، چونکە ژنان ناتوانن خۆیان بگرن و سەیری پیاوان نەکەن. وە بە هۆی ئەمەوە ئاژاوە و کارەسات دێتە ئاراوە، لەبەر ئەوە پێغەمبەر پیاوانی ئاگادار کردۆتەوە کە ژوور بۆ ژنان درووست نەکەن. وە هەروەها لەبەر ئەوە گوتویەتی :( لیس للنساء خير لهن من ألا يراهن الرجال، ولا يرين الرجال) هیچ شتێك بەقەد ئەوە باشتر و چاکتر نییە کە پیاوان ژنان نەبینن وە ژنان پیاوان نەبینن . چونکە ژنان لە پیاوان درووستکراون ، شەهواتەکەی لە پیاودایە، وە پیاو شەهوەتی تیادا درووست کراوە ، وە هیچ کامێکیان لەگەڵ ئەوەی تریان سەلامەت نین. هەروەها فێربوونی نووسین، لەوانەیە، هۆکارێك بووبێت بۆ ئاژاوە، چونکە ئەگەر ژن فێرە نووسین بوو، ئەوا ڕەنگە بۆ ئەو کەسە نامە بنووسێت کە دڵی دەیخوازێت . وە نووسین چاوێکە لە چاوەکان، لە ڕێگای نووسینەوە ئەوا کەسێکی دیار کەسێکی نادیار دەبینێت. وە نووسین ئاسەواری دەستەکانیەتی، نووسین دەربرینە لە ویژدان و ناخ بەشێوەیەك کە جار هەیە زمان ناتوانێت دەریببڕێت، تەنانەت نووسین ڕەوانترە لە زمان، لەبەر ئەوە پێغەمبەر ئارەزووی کردووە کە هۆکاری ئاژاوە لە ژنان ببڕێت، بۆ پاراستنیان و پاکی دڵەکانیان.

# ئایەتی ٦-١٩

ئەم ئایەتانە سەبارەت بە ابی جهل بن هشام دابەزیوون ( جامع البيان للطبری، التفسير الكبير للرازی، الجامع لاحكام القران للقرطبی، تفسير القران العظيم لابن كثير و اسباب النزول للواحدی )

ابن عباس دەڵێت، پێغەمبەر لای کعبة نوێژی دەکرد، ابو جهل هات و پێی گوت : ئەی پێم نەگوتیت ئەم کارە نەکەیت؟ ئەی پێم نەگوتیت ئەم کارە نەکەیت؟ ئەی پێم نەگوتیت ئەم کارە نەکەیت ؟ ئەوەبوو پێغەمبەر تورەیی لە ابوجهل هەڵسا و ڕۆیشت. ابوجهل بە پێغەمبەری گوت خۆت خۆت دەزانیت کە هیچ کەسێك بە قەد من لایەنگری نییە. ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەڵێت، ( دەبا لایەنگرەکانی بانگ بکات وە منیش فریشتە بەزەبر و

زەنگەکانم بانگ دەکەم) ( صحيح سنن الترمذی کتاب تفسير القران، الهيثمی له مجمع الزوائد کتاب تفسير القران ، مسند احمد ، بداية مسند عبدالله بن العباس)

شرۆڤەکەرانی قورئان دەڵێن ( الزبانية ) واته الملائكةُ الغِلاظُ الشِّدادُ ( فریشتەی توندووتیژی بە زەبرووزەنگ).

ئایەتی ٦-٧-٨ ماناکەی بەم شێوەیە: نەخێر، لە ڕاستیدا مرۆڤ، کە کاتێك بینی دەوڵەمەندە، سەرپێچیکەر دەبێت، بەڵام هەر بۆ لای خوداکەت دەگەڕێنەوە ( واته دوای مەرگ).

ئایەتی ٩- ١٩ ماناکەی بەم شێوەیەیە:

ئەو کەسە ( عمرو بن هشام بن المغيرة المخزوميه کە ئیسلام نازناوی ابوجهلی بۆ داناوە) دەبینیت کە چۆن ڕێگری لە بەندەیەك (محمد) دەکات کە نوێژ دەکات، بەڵام ئەگەر لە سەر هیدایەت بوایە و فەرمانی بەخودا پەرستی بکردایە ئەوا ئەڵبەتە جیاواز دەبوو، بەڵام تۆی بەدرۆ خستەوە و پشتی لێت کرد . ئەی نەیزانی کە الله کارەکانی دەبینێت؟ ئنجا الله دەڵێت : نەخێر نازانێت، لەبەر ئەوە ئەگەر واز لەم کارانەی نەهێنێت ئەوا بە پەرچەمی (قاقۆلی)، ئەو قاقۆلداره درۆزنه گوناهباره رادەکێشین، ئینجا دەبا لایەنگرەکانی بانگ بکات وە ئێمەش فریشته بەزەبروزەنگەکانمان بانگ دەکەین، ئەی محمد نەکەیت گوێڕایەلی بیت، ئەی محمد کڕنۆش ببە و لە خوداکەت نزیك بەرەوە.

چەند سەرنج و تێبینیەك:

یەکەم عمرو بن هشام بن المغيرة المخزومی کەسێکی ژیر و خاوەن حیکمەت بووە ، لەبەر ئەوە خەلکی مەکە بە ابوحکم ناویان بردووە ، بەڵام محمد ناوەکەی گۆڕیوە بۆ ابوجهل (باوکی جەهالەت).

دووەم : محمد تەنها ٦ ئایەتی قورئانی بۆ دابەزیووە، لە ئایەتی حەوتەم هێرش دەکاتە سەر ابوحکم وە بە ابو جهل ناوی دەبات و سوکایەتی پێدەکات.

وە خودی ئەم سورەتە کە یەکەم سورەتە بۆ محمد دابەزیووە، ئیدعای زانایانی ئیسلام بەدرۆ دەخاتەوە کە دەڵێن محمد بۆ چەندساڵێك بە نهێنی بانگیشەی کردووە.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٢)

# سورەتی القلم ( پێنووس)

**١-ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ**

سوێند بە نوون و پێنووس و ئەوەی دەینووسن.

**٢-مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ**

تۆ ( ئەی محمد) بە چاکەی خوداکەت شێت نیت.

**٣-وَإِنَّ لَكَ لأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ**

وە لە ڕاستیدا پاداشتێکی نەبڕاوەت دەبێت.

**٤-وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ**

وە تۆ لەسەر ڕێبازێکی مەزنیت.

**٥-فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ**

وە تۆ دەبینیت و ئەوان دەبینن.

**٦-بِأَييِّكُمُ الْمَفْتُونُ**

بەکامەتانەوە شێتی هەیە؟

٧-**إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ**

خوداکەت خۆی دەزانێت کە کێ لە ڕێگاکەی گومڕا بووە، وە ئەو هەر خۆی دەزانێت بەوانەی ڕێنموویی دەکرێن.

٨-**فَلَا تُطِعِ الْمُكَذِّبِينَ**

وە نەکەیت ملکەچی درۆزنان بیت.

٩-**وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ**

وە خۆزگە دەکەن نەرم بیت، ئینجا ئەوانیش نەرم دەبن.

١٠-**وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ**

وە نەکەیت ملکەچی هەموو سوێندخۆرێکی سووك بیت.

١١-**هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ**

بوختانکەری قسە هێنەری ئاژاوەچیی،

١٢-**مَنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ**

ڕێگری چاکە، ستەمکاری گوناهبار

١٣-**عُتُلٍّ بَعْدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ**

ئێسکگران دوای ئەوە زۆڵ

١٤-**أَن كَانَ ذَا مَالٍ وَبَنِينَ**

وە  تەنانەت ئەگەر سامان و کوڕی هەبێت

١٥-**إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِ آيَاتُنَا قَالَ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ**

کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بۆ دەگوترێتەوە گوتی ئەفسانەی پێشینانە

١٦-**سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ**

سەرە لووتی داغ دەکەین

١٧-**إِنَّا بَلَوْنَاهُمْ كَمَا بَلَوْنَا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ إِذْ أَقْسَمُوا لَيَصْرِمُنَّهَا مُصْبِحِينَ**

لە راستیدا ئێمە تاقیمان کردنەوە هەروەك چۆن خاوەنانی باخچەکەمان تاقی کردەوە کە سوێندیان خوارد بە دڵنیاییەوە بەرەبەیان (بەرووبوومەکەی)دەچننەوە.

١٨-**وَلَا يَسْتَثْنُونَ**

وە نەیانگوت ئەگەر الله ئارەزووی لەسەر بێت

١٩-**فَطَافَ عَلَيْهَا طَائِفٌ مِّن رَّبِّكَ وَهُمْ نَائِمُونَ**

شەوگەڕێك لە خوداکەت بەسەر باخچەکە سوڕایەوە وە ئەوان خەوتبوون.

٢٠-**فَأَصْبَحَتْ كَالصَّرِيمِ**

بوو بە پووشووپەڵاش

٢١-**فَتَنَادَوا مُصْبِحِينَ**

ئینجا کاتێك بەیانیان کردەوە یەکتریان بانگکرد.

٢٢-**أَنِ اغْدُوا عَلَى حَرْثِكُمْ إِن كُنتُمْ صَارِمِينَ**

با بچین بۆ سەر کێڵگەکانتان ئەگەر بڕیارە بچن

٢٣-**فَانطَلَقُوا وَهُمْ يَتَخَافَتُونَ**

ئینجا ڕۆیشتن وە ئەوان بە دەنگێکی نزم لەگەڵ یەك دەئاخاوتن.

٢٤-**أَن لَّا يَدْخُلَنَّهَا الْيَوْمَ عَلَيْكُم مِّسْكِينٌ**

بۆ ئەوەی ئیمڕۆ هەژاران بەسەرتاندا نەیەنە ناویەوە ( ناو باخچەکە)

٢٥-**وَغَدَوْا عَلَى حَرْدٍ قَادِرِينَ**

وە ڕۆیشتن بە چوستیی (وایان زانی) دەتوانن

٢٦-**فَلَمَّا رَأَوْهَا قَالُوا إِنَّا لَضَالُّونَ**

ئینجا کاتێك بینیان گوتیان لە ڕاستیدا ئێمە وون بووین.

٢٧-**بَلْ نَحْنُ مَحْرُومُونَ**

بەڵکو ئێمە لە بەروبوومەکەی بێبەش کراوین

٢٨-**قَالَ أَوْسَطُهُمْ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ لَوْلا تُسَبِّحُونَ**

ئەوەی ناوەڕاستیان گوتی ئەی پێتانم نەگوت ئەگەر سوپاسگوزاری نەکەن

٢٩-**قَالُوا سُبْحَانَ رَبِّنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ**

گوتیان شکۆمەندە خوداکەمان لە ڕاستیدا ئێمە ستەمکار بووین.

٣٠-**فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ يَتَلاوَمُونَ**

ئینجا هەندێکیان ڕوویان لە هەندێکیان کرد  لۆمەی یەکیان دەکرد

٣١-**قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا طَاغِينَ**

گوتیان، خۆمانڕۆ لە ڕاستیدا  ئێمە سەرکەش بووین.

٣٢-**عَسَى رَبُّنَا أَن يُبْدِلَنَا خَيْرًا مِّنْهَا إِنَّا إِلَى رَبِّنَا رَاغِبُونَ**

بەڵکەم خوداکەمان بە باشتر بۆمان دەگۆڕێت، لەڕاستیدا بۆ خوداکەمان ئارەزوومان هەیە.

٣٣-**كَذَلِكَ الْعَذَابُ وَلَعَذَابُ الآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ**

وە بەهەمان شێوە ئەشکەنجە وە بە دڵنیاییەوە ئەشکەنجەی کۆتایی مەزنترە ئەگەر بزانن.

**٣٤-إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ**

له راستیدا، بۆ خوداناسان لای خوداکەیان باخچەی خۆشیی هەیە.

**٣٥-أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ**

ئایا موسڵمانان وەك تاوانباران لێبکەین.

**٣٦-مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ**

چیتانە چۆن بڕیار دەدەن؟

**٣٧-أَمْ لَكُمْ كِتَابٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ**

وەیان پەرتووکێکتان هەیە کە تیایدا دەخوێنن؟

**٣٨-إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ**

وە تیایدا بۆتان هەیە هەر شتێك بتانەوێت هەڵیبژێرن.

**٣٩-أَمْ لَكُمْ أَيْمَانٌ عَلَيْنَا بَالِغَةٌ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ**

وە یان، پەیمانتان لەسەرمان هەیە تاوەکو ڕۆژی زیندووبوونەوە بۆ ئێوەیە سەبارەت بە وەی بڕیاری لەسەر دەدەن.

**٤٠-سَلْهُم أَيُّهُم بِذَلِكَ زَعِيمٌ**

لێیان بپرسە کامەیان سەبارەت بەوە سەرۆکە؟

**٤١-أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء فَلْيَأْتُوا بِشُرَكَائِهِمْ إِن كَانُوا صَادِقِينَ**

وه یان هاوبەشیان هەیە، دەبا بە هاوبەشەکانیان بێن، ئەگەر ڕاستگۆن؟

**٤٢-يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ وَيُدْعَوْنَ إِلَى السُّجُودِ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ**

ئەو ڕۆژەی کە قاچ بەدیاردەکەوێت وە داواتان لێ دەکرێت بۆ کڕنۆشبردن بەڵام ناتوانن.

**٤٣-خَاشِعَةً أَبْصَارُهُمْ تَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ وَقَدْ كَانُوا يُدْعَوْنَ إِلَى السُّجُودِ وَهُمْ سَالِمُونَ**

چاوەکانیان شۆڕە و ڕیسوایی دایگرتوون وە بانگ دەکران بۆ کڕنۆشبردن لە کاتێکدا ئەوان تەندرووست بوون.

**٤٤-فَذَرْنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَذَا الْحَدِيثِ سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ**

دە بۆمنی جێبێلە وە ئەوەی نکۆڵی لەم گوفتارە دەکەن، بە شێوەیەك بۆیان دێین کە نازانن.

**٤٥-وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ**

مۆڵەتیان بدە، لە ڕاستیدا لە خشتەبردنم پتەوە.

**٤٦-أَمْ تَسْأَلُهُمْ أَجْرًا فَهُم مِّن مَّغْرَمٍ مُّثْقَلُونَ**

وە یان، داوای کرێیان لێدەکەیت وە ئەوان کەوتوونەتە ژێر قەرزەوە.

**٤٧-أَمْ عِندَهُمُ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ**

یان، نادیار(غەیب)یان لایە، وە ئەوان دەینووسن.

**٤٨-فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلا تَكُن كَصَاحِبِ الْحُوتِ إِذْ نَادَى وَهُوَ مَكْظُومٌ**

بۆ بڕیاری خوداکەت دان بەخۆتا بگرە، وە نەکەیت وەك خاوەنی نەهەنگەکە بیت کە بانگی کرد  وە ئەو نیگەران بوو.

**٤٩-لَوْلا أَن تَدَارَكَهُ نِعْمَةٌ مِّن رَّبِّهِ لَنُبِذَ بِالْعَرَاء وَهُوَ مَذْمُومٌ**

ئەگەر چاکەی خوداکەت فریای نەکەوتایە ئەوا لە چۆلەوانی فڕێ دەدرا وە ئەو لۆمەکرابوو.

**٥٠-فَاجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَجَعَلَهُ مِنَ الصَّالِحِينَ**

ئینجا خوداکەی هەڵیبژارد و کردی بە  پیاوچاکان.

**٥١-وَإِن يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ**

وە ئەوانەی بێ باوەڕن، خەریکە بە بینایان هەڵتخزێنن،کاتێك گوێیان لە (ذكر - قورئان) بوو، وە دەڵێن لە ڕاستیدا ئەو شێتە.

**٥٢-وَمَا هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ**

وە شتێك نییە تەنها وەبیرهێنانەوەیەك بۆ جیهانەکان

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٤

خوداوەندی ئیسلام سوێند بە ٣ شت دەخوات ( نوون و پێنووس و ئەوەی دەینووسن )، بۆ ئەوەی لە ئایەتی دواتر بلێت ئەی محمد تۆ بە چاکە و فەزڵی خوداکەت شێت نیت، وە پاداشتێکی نەبڕاوەت لای خوداکەت دەبێت، وە تۆ ئەی محمد لەسەر ڕێبازێکی مەزنیت.

خوداوەندی ئیسلام لە دەیەها دەقی قورئاندا سوێند بە دروستکراوەکانی لە چەشنی مانگ و خۆر و بەرەبەیان و شەو و تاك و جووت و تەنانەت تۆزی ژێر پێی ئەسپ دەخوات.

( ن- نوون ) بە فەرموودەی صحیح هاتووە، کە ابن عباس دەڵێت:
پێغەمبەری الله گوتی، یەکەم شت الله دروستیکرد پێنووس و نەهەنگ بوو. بە پێنووسی گوت بنووسە ، پێنووس گوتی چ بنوسم؟ گوتی هەر شتێك کە دەبێت و دێتە بوون تاوەکو ڕۆژی قیامەت. ئینجا پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە، (ن و پێنوس و ئەوەی دەینووسن )، ( ن – نوون ) واتە نەهەنگ، وە پێنووس پێنووسە ( الدر المثور للسیوطی دەڵێت، الطبری لە جامع البیان و الطبرانی و ابن مردویة ئەم فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە).

وە ابن عباس لە فەرموودەیەکی صحیحدا کە الحاکم لە المستدرك ئاماژەی پێ کردووە دەڵێت، یەکەم شت الله دروستی کرد پێنووس بوو. ئینجا بە پێنووسی گوت بنووسە، پێنووس گوتی چ بنوسم؟ گوتی چارەنووس

بنووسە. ئەوەبوو هەموو شتێکی نووسی لەو ڕۆژەوە تاوەکو ڕۆژی قیامەت. ئینجا الله (ن – نوون)ی درووست کرد. ئینجا هەڵمی ئاوی بەرز کردەوە. لەم هەڵمە ئاسمانی هێنایە ئاراوە، وە زەوی لەسەر پشتی (نوون–نەهەنگ) پانکردەوە. نەهەنگەکە جووڵا و هەژا، ئەوەبوو زەوی بەلادا هات، ئەوەبوو الله زەوی بە چیاکان لەسەر پشتی نەهەنگە جێگیر کرد، لەبەر ئەوە چیاکان شانازی دەکەن بەسەر زەویەوە.

وە قورئان لە ئایەتی ٨٧ سورەتی الانبیاء تاکید دەکاتەوە کە یونس ناوی (ذا النون)ە واتە پیاوەکەی نەهەنگ.

وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ

وە لەم سورەتە ( سورەتی القلم ) ئایەتی ٤٨ قورئان بە یونس دەڵێت:

كَصَاحِبِ الْحُوتِ

واتە خاوەنی نەهەنگە

واتە  ن و نوون و حووت هەمان شتن.

وە قورئان لە ئایەتی ١٤٣-١٤٤ سورەتی الصافات لە پەیوەست بە یونس دەڵێت:

فَلَوْلا أَنَّهُ كَانَ مِنْ الْمُسَبِّحِينَ

لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ

واتە، ئەگەر یونس لە تسبیحاتکەرەکان نەبوایە، ئەوا لە ناو سکی نەهەنگەکە دەمایەوە تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

واتە لە ڕوانگەی خوداوەندی ئیسلام دەبێت نەهەنگێك هەبێت کە تاوەکو ڕۆژی قیامەت ژیان دەکات و دەژیێت. هەڵبەتە ئەم نەهەنگە دەبێت ئەوەیان بێت کە زەوی لەسەر پشتی هەڵگرتووە.

وەلە صحیح البخاری و مسلم هاتووە محمد دەڵێت : یەکەم شت کە خەڵکی بەهەشت دەیخۆن زیادەی جگەری نەهەنگە.

ئەڵبەتە دەبێت ئەو نەهەنگە بێت کە زەوی لەسەر پشتی هەڵگرتووە، چونکە لە ڕۆژی قیامەت، کاتێك الله زەوی ئاسمانەکان ناهێڵێت، پێویستی بەو نەهەنگە نامینێت.

وە بەهەمان شێوە شیعەکان و فەرموودەکانیان پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە (ن) واتە ئەو نەهەنگەی کە زەوی لەسەر پشتی هەڵگرتووە (بحار الانوار للعلامة المجلیسی).

لە وەڵامی ئەو سوێندانە(سوێند بە نەهەنگ و پێنووس و ئەوەی دەینووسن)، خودای ئیسلام دەڵێت ئەی محمد تۆ شێت نیت، واتە محمد تاوانبار کراوە، لە لایەن کافر و موشریکەکانی مەکەوە بە شێتاتی.

موشریکەکانی مەککە پێغەمبەریان تۆمەتبار دەکرد بە شێتی، وە الله لەم ئایەتەدا وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت محمد شێت نییە (الطبری).

وە انك لعلى خلق عظيم، واتە ئەی محمد تۆ لەسەر ڕێبازێکی مەزنیت. چەند کەسانێکی جیا لە عائیشة دەپرسن، ئەخلاقی پێغەمبەر چۆن بوو؟ عائیشة لە وەڵامدا دەڵێت، قورئان ناخوێننەوە؟ دەڵێن بەڵێ، عائیشة دەڵێت ئەخلاقی پێغەمبەر قورئان بوو (الطبری و ابن کثیر و القرطبی).

وە لە صحیح مسلم هاتووە عائیشة دەڵێت، ئەخلاقی پێغەمبەر قورئان بوو.

وە ابن عباس دەڵێت ( خلق عظیم ) واتە ئیسلام.

## ئایەتی ٥-٦

تۆ دەبینیت و ئەوان ( موشریکەکان ) دەبینن،کە بەکامەتانەوە شێتی هەیە.

لەم دوو ئایەتەدا خوداوەندی ئیسلام هەڕەشە دەکات و دەڵێت، لە داهاتوو و لە ڕۆژی قیامەت دەبینن، کە کامە لایەنتان شێت بوون، محمد یان ئێوەی موشریك.

## ئایەتی ٧

لە راستیدا، خوداکەت هەر خۆی دەزانێت کێ ون بووە لە ڕێگاکەی وە هەر خۆی باشتر دەزانێت بەوانەی لەسەر هیدایەتن.

## ئایەتی ٨

ئەی محمد نەکەیت گوێڕایەڵی درۆزنان بیت.

واتە، دوای ئەوەی خوداوەندی ئیسلام بە محمد دەڵێت، کە لەسەر ڕێبازێکی مەزنە، واتە لەسەر ڕێبازی قورئان و ڕێگای ئیسلامە، ئەوا محمد ئاگادار دەکاتەوە، کە نەکات گوێڕایەڵی موشریکەکان بێت و دەستبەرداری ڕێبازی الله بێت.

## ئایەتی ٩

ئەی محمد  موشریکەکان خۆزگە دەکەن کە تۆ نەرم بیت، وە ئەوانیش لەگەڵتدا نەرم بن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: ئەی محمد، ئەو موشریکانە ئاواتەخوازن کە سەبارەت بە ئاینەکەت نەرم بیت و بەرامبەر بە خوداوەندەکانیان نەرم و نیان بیت، وە ئەوانیش لە بەرامبەردا نەرم و نیان دەبن بەرامبەر بە خوداکەت. هەروەك ئایەتی ٧٤ سورەتی الاسراء دەڵێت ( وَلَوْلا أنْ ثَبَّتْناكَ لَقَدْ كِدْتَ تَرْكَنُ إلَيْهِمْ شَيْئاً قَلِيلاً إذًا لأذَقْنَاكَ ضِعْفَ الْحَياةِ وَضِعْفَ المَماتِ) واتە ( ئەگەر ئێمە تۆمان جێگیر نەکردایە ئەوا لە ڕاستیدا خەریک بوویت شتێکی کەم بەلایاندا لابدەیت، ئەوکات دووبەرامبەر لە دونیا و دووبەرامبەر لە مەرگتدا تامی ئازارمان پێت دەچێژا).

# ئایەتی ١٠-١٦

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام هێرش دەکاتە سەر ولید بن المغیرە و سوکایەتی پێدەکات و دەڵێت:

ئەی محمد نەکەیت گوێڕایەلی هەموو سوێندخۆرێکی ڕیسوای تێکدەری ئاژاوەچی بیت ،کە ڕێگریکەری چاکەیە و ستەمکاری گوناهبارە، ئێسکگران و زۆڵە، وە هەرچەندە سامان و کوڕی زۆر هەیە، بەڵام کاتێك ئایەتەکانی ئێمەی بۆ دەگوترێتەوە دەڵێت، ئەفسانەی پێشینانە، هەر دەبێت سەری لووتی داغ بکەین.

امام الثعلبي لە تفسیر الکشف و البیان وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێن، زۆربەی شرۆڤەکەران (موفەسیرەکان) دەڵێن، ئەم ئایەتانە سەبارەت بە ولید کوڕی المغیرە، (باوکی خالیدی کوڕی وەلید) دابەزیووە . وە زۆربەی موفەسیرەکان هاوڕان کە ولید کوڕی المغیرە لە تەمەنی ١٨ ساڵی زانیویەتی باوکی ڕاستەقینەی کێیە. وە (الزنیم ) واتە کوڕی زینا هەروەك شاعیرێك گوتویەتی:

زنیم لیس یعرف من أبوه بغي الأم ذو حسب لئیم

(زنیم ) نازانێت باوکی کێیە، دایکی قەحپەیە و ڕەچەڵەکی گوناهبارە.

امام الزمخشری لە الکشاف و النسفی لە التنزیل و حقائق التأویل دەڵێن:

(زنیم) ئیدعا بکات، وە وەلید کوڕی المغیرە ئیدعای دەکرد کە قورەیشیە. بەڵام ١٨ ساڵ لە دوای لە دایکبوونی زانی کە باوکی راستەقینەی کێیە.

وە دەڵێن دایکی ( بغت)، زیناکار بوو، وەلید بەمەی نەدەزانی تاوەکو ئەم ئایەتە دابەزی. وە ئەگەر تۆواو پیس بوو ئەوا ئەوەی لێی درووست دەبێت پیس دەبێت . دەڵێن، وەلید چوو بۆ لای دایکی و گوتی محمد بە ١٠ سیمات وەسفی کردووم، ٩ دانەیان لەمندا هەن، بەڵام هیچ زانیاریەکم نییە سەبارەت بە (زنیم )، ئەگەر ڕاستیەکەیم پێ دەڵێیت ئەوا باشە ئەگینا لە ملت دەدەم. دایکی گوتی، باوکت توانای سەرجێی نەبوو و منداڵی نەدەبوو، ترسام کە بمرێت و سامانەکەی بۆ کەسێکی تر بێت، ئەوەبوو بانگی شوانێکم کرد و لەگەڵیدا سەرجێییم کرد، وە تۆ کوڕی ئەو شوانەیت.

وە امام الثعالبي وە القرطبی ئاماژە بە چەند فەرموودەیەکی ڕاستی پێغەمبەر دەکەن، سەبارەت بە منداڵی زۆڵ :

یەکەم: لا یدخل الجنة ولد زنی ولا ولده ولا ولد ولده ( منداڵی زینا و منداڵەکەی و منداڵی منداڵەکەی ناچنە بەهەشتەوە).

دووەم: لا یزال أمتي بخير ما لم يفش فيهم ولد الزنى فإذا فشا فيهم ولد الزنى فيوشك أن يعمهم الله تعالى بعقاب، (تا ئەو کاتە میلەتەکەم چاك دەبن کە زینا تیایاندا بڵاونەبێتەوە، هەرکە منداڵانی زینا زۆربوون ئەوا الله بەگشت سزایان بەسەردا دەبارێنێت).

سێهەم : إن أولاد الزنى يحشرون يوم القيامة في صورة القردة والخنازير (منداڵانی زینا، لە ڕۆژی قیامەت لە شێوەی بەراز و مەیموون کۆدەکرێنەوە)

وە لە مسند احمد و سنن ابوداود و السلسلة الصحيحة للالبانی هاتووە، پێغەمبەری ئیسلام گوتویەتی: ولد الزنى شر الثلاثة

واتە منداڵی زینا خراپترینی ٣ دانەن، (منداڵەکە خۆی و دایك و باوکی).

## ئایەتی ١٧-٣٣

خوداوەندی ئیسلام چیرۆکێك دەگێڕێتەوە کە زۆر بێ سەروبەرە، لە ڕووی ڕەوانبێژی و دارشتن و ماناوە.

چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە، یان دەتوانین بڵێین خوداوەندی ئیسلام ویستویەتی بڵێت: تاقیمان کردنەوە هەروەك چۆن خاوەنانی بێستانەکەمان تاقی کردەوە، کاتێك گوتیان بەیانی دەچین ( بەرووبوومەکەی) دەچنینەوە، بەڵام نەیان گوت پشتیوان بە خودا، یان ان شاء اللّٰه بەیانی بەرووبوومەکەی دەچنینەوە، ئەوەبوو ئێمەش شەوگەڕێکمان بۆ بیستانەکەیان نارد و بیستانەکەی تەفروتونا کرد و کردی بە پووشوپەڵاش. هەڵبەتە! چونکە نەیانگوت ان شاء اللّٰه. کاتێك بەیانی داهات بانگی یەکتریان کرد و گوتیان با بچین بۆ بیستانەکە، ئەگەر بڕیار وایە بچین، وە کاتێك لە ڕێگا بوون و دەڕۆیشتن، بە چرپە قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، بۆ ئەوەی هەژاران گوێیان لە دەنگیان نەبێت و نەچن بۆ بیستانەکە و داوای

هەندێك بەرووبوومیان لێ بکەن. ئەوەبوو بە چوستی ڕۆیشتن و وایان زانی بەرووبوومەکە دەچننەوە، بەڵام کاتێك گەیشتن، بڕوایان نەکرد و گوتیان ئاخۆ دەبێت ئەوە بیسانەکەمان بێت؟ ئەوەبوو زانیان کە لەبەرووبوومەکە بێبەش کراون. ئەوەی ناوەڕاستیان، (دیارە ٣ کەس بوون) گوتی، ئەی پێمنەگوتن تسبیحات بکەن و خودا شکۆمەند بکەن، گوتیان، (دیارە دوو دانەکەی تر، دەستە ڕاست و دەستەچەپ) گوتیان، سبحان (شکۆمەندە) خوداکەمان ئێمە ستەمکار بووین، ئینجا ڕوویان کردە یەکتر و لۆمەی یەکتریان کرد، ئینجا گوتیان هەی لەخۆمانڕۆ، ئێمە سەرکەش و سەرپێچکەر بووین. گوتیان خۆزگە دەکەین و ئاواتەخوازین کە خوداکەمان بۆ شتێکی باشتر بۆمان بگۆڕێت، ئێمە لە ئێستاوە گەڕاینەوە بۆ لای خودا (واتە خوداپەرستی دەکەین). ئینجا خوداوەندی ئیسلام دەڵێت: سزا بەم شێوەیەیە، بەڵام سزای قیامەت (دۆزەخ) لەمە زۆر گەورەترە ئەگەر بزانن.

## ئایەتی ٣٤ -٣٦

بۆ خوداپەرستان، لای خوداکەیان، بێستانەکانی خۆشیی (بەهەشت) هەن، ئایا دەکرێت موسڵمانان وەك تاوانباران لێ بکەین؟ دەك داوەشێن بۆ خۆتان و حوکمتان ( واتە ناکرێت موسڵمان و تاوانبار لای الله وەك یەکبن).

## ئایەتی ٣٧-٣٨

خوداوەندی ئیسلام ڕوو دەکاتە موشریکەکان و دەڵێت: ئایا پەرتووکێکتان هەیە کە سەیری دەکەن، وە هەر شتێك ئارەزوو بکەن لەم پەرتووکە هەڵیدەبژێرن؟

بەوپەڕ دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم دوو ئایەتە لەسەر خودی موسڵمانان و قورئان جێبەجێ دەبێت. حوکم نییە کە موسڵمانان ناکۆکیان لەسەر نەبێت، چونکە قورئان دەقی دژ بەیەکی زۆری تێدایە. هەر موسڵمانێك بە کەیفی خۆی ئەو دەقە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ حەز و ئارەزوو و داخوازیی دێتەوە.

## ئایەتی ٣٩-٤١

ئینجا خوداوەندی ئیسلام بە موشریکەکان دەڵێت: وە یان ئێوە پەیمانێکی مسۆگەرتان تاوەکو ڕۆژی قیامەت لەگەل ئێمە ( اللّٰه) هەیە، لەبەر ئەوە بۆتان هەیە بەو شێوازە بڕیار بدەن کە ئارەزوو دەکەن؟

ئینجا خوداوەندی ئیسلام دەڵێت: ئەی محمد لێیان بپرسە کێ سەرکردە و دەم ڕاستیانە، بۆ بڕیار دان؟

ئینجا دەڵێت: وە یان موشریکەکان شەریکیان هەیە بۆ بڕیاردان وە ئەگەر وایە و ڕاست دەکەن ، دەبا شریکەکانیان بێن.

## ئایەتی ٤٢

خوداوەندی ئیسلام دەڵێت: لە ڕۆژی قیامەت قاچی خۆم نیشانیان دەدەم وە بانگ دەکرێن کە کرنۆش ببەن بەڵام کافر و موشریکەکان ناتوانن کرنۆش ببەن.

وە لە صحيح البخاری و مسلم هاتووە، کە پێغەمبەری ئیسلام تەئکید دەکاتەوە کە اللّٰه لە ڕۆژی قیامەت قاچی خۆی کشف دەکات. فەرموودەکە دەڵێت: خوداکەمان قاچی بەدیاردەخات، وە هەموو پیاوێك و ژنێکی باوەڕدار کڕنۆشی بۆ دەبەن، بەڵام ئەوانەی لە دونیا بۆ ریاکاری و ناوبانگ کڕنۆشیان بۆ اللّٰه دەبرد، هەوڵدەدەن کڕنۆش ببەن بەڵام ناتوانن و پشتیان ڕاست دەبێتەوە.

وە هەروەها لە صحيح البخاری وە مسلم فەرموودەیەکی درێژی پێغەمبەری ئیسلام  هاتووە، کە باسی ڕۆژی قیامەت دەکات و دەڵێت: اللّٰه دێت بۆ لای موسڵمان و پێیان دەڵێت: نیشانەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی اللّٰه بناسنەوە؟ موسلمانان دەڵێن قاچ، وە اللّٰه قاچی بەدیار دەخات، یەکسەر هەرچی باوەڕدارە کڕنۆشی بۆ دەبەن.

## ئایەتی ٤٣

لە پەیوەست بە  چۆنیەتی بارودۆخی موشریك و کافرەکان لە ڕۆژی قیامەتدا دەڵێت:

چاوەکانیان شۆڕە و لە ڕیسواییدا نوقم بوون، وە لە ژیانی دونیا کاتێك ساغ و سەلیم بوون، داوایان لێ دەکرا کڕنۆش ببەن بۆ اللّٰه بەڵام نەیاندەبرد.

## ئایەتی ٤٤

ئەی محمد، ئەو کەسە کە بڕوا بەم گوفتار و قسەیەم ناکات، بۆ من واز لێ بێنە، بە شێوەیەك دەیگرم و لە خشتەی دەبەم کە خۆشی نازانێت چۆن.

## ئایەتی ٤٥

( وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ )

بۆ هەر کەسێك یەك تۆزقاڵ زمانی عەرەبی بزانێت دەزانێت ( أُمْلِي لَهُمْ) هەڵەیە و بێ مانایە. وە موفەسیرەکان هەر هەموویان زانیویانە کە هەڵەیە، لەبەر ئەوە گوتویانە ماناکەی واتە (أَمْهِلْهُمْ) واتە (مۆڵەتیان بدەرێ).

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، (وأملي لهم ) واتە (أمهلهم) واتە مۆڵەتیان بدەرێ.

بۆ نمونە ئایەتی ١١ سورەتی المزمل دەڵێت، (وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلا) واتە ماوەیان بدەرێ.

وە ئایەتی ١٧ سورەتی الطارق دەڵێت: فَمَهِّلِ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًۢا

واتە ئەی محمد، مۆڵەت بدە بە کافرەکان مۆڵەتێکی کەم.

واتە خوداوەندی ئیسلام دەڵێت ئەی محمد، بۆ ماوەیەك مۆڵەت بدە بەم موشریك و کافرانە، ئەگەر باوەڕیان هێنا ئەوا باشە ئەگەر باوەڕیان نەهێنا ، ئەوا ئەشکەنجەیەکی خراپیان دەدەم.

## ئایەتی ٤٦

وەیان تۆ ئەی محمد، داوای پارە و کرێ و هەقدەستیان لێ دەکەیت ئەگەر باوەڕ بێنن؟ وە لەبەر ئەوە لە قەرزدا نوقم بوون و دەبن.

## ئایەتی ٤٧

وە یان، ئەو موشریك و کافرانە زانستی نادیار (غەیب) دەزانن وە خۆیان چارەنوس و قەزا و قەدەریان نوسیووە.

## ئایەتی ٤٨-٤٩

خوداوەندی ئیسلام نموونەی پێغەمبەر یونس دەهێنێتەوە، بۆ ئەوەی محمد دان بە خۆیدا بگرێت و دەڵێت:

ئەی محمد، دەکەواتە دان بە خۆتدا بگرە، وە وەك خاوەنی نەهەنگەکە مەبە، کە هاواری خوداکەی کرد کاتێك لە تەنگەژەدا بوو.

خۆ ئەگەر چاکەی خوداکەی فریای نەکەوتایە ئەوا نەهەنگەکە لە چۆڵەوانی فڕێی دەدا، لە کاتێکدا کە نەخۆش بوو.

ئینجا خوداکەی یونسی هەڵبژارد و کردی بەیەکێك لە پێغەمبەرە باشەکان.

کێشەکانی ئەم ٣ ئایەتە:

یەکەم: بە گوێرەی ئایەتی ٤٩ نەهەنگەکە یونسی فڕێ نەداوە و یونس لە ناو سکی نەهەنگەکە ماوەتەوە، چونکە دەڵێت ئەگەر الله فریای یونس نەکەوتایە و چاکەی پێی نەبەخشیایە، ئەوا نەهەنگەکە یونسی فڕێ دەدا لە چۆڵەوانی. کەواتە دەبێت چاکەی الله ئەوەبووبێت کە ڕێگای گرتووە لەوەی نەهەنگەکە یونس فڕێبدات.

ئەوە پێچەوانەی ئایەتی ١٤٥ سورەتی الصافاتە کە دەڵێت، نەهەنگەکە یونسی فڕی دایە چۆڵەوانی. ئایەتەکە دەڵێت:

فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ

فڕێمان دایە چۆڵەوانیەوە، وە یونس نەخۆش بوو.

هەڵبەتە بە حوکمی ئەوەی چیرۆکی یونس زۆر باو بووە ، هەموو کەسێك زانیویەتی کە نەهەنگەکە یونسی فڕێ داوە، بەڵام نووسەری قورئان بە شێوەیەکی زۆر ناڕێك ئایەتی ٤٩ داڕشتووە.

بۆ ئەوەی ماناکەی تەواو بێت دەکرا بنوسێت:

لولا أن تداركه نعمة من ربه لنبذ مذموما بالعراء (ئەگەر چاکەی خوداکەی فریای نەکەوتایە ئەوا نەخۆش بوو کاتیك فڕێی دەدا).

لە صحيح البخاری هاتووە محمد لە فەرموودەیەکدا گوتوویەتی:

نابێت هیچ کەسێك بڵێت من لە یونس باشترم.

جا نازانم چۆن موسڵمانان پێیان وایە محمد لە یونس باشترە؟

## ئایەتی ٥١-٥٢

ئەی محمد، خۆ خەریك بوو كافرەكان بە چاوەكانیان هەڵتلووشن (بەچاوت ببەن) كاتێك گوێیان لە قورئان خوێندنەوە بوو وە دەیانگوت لە ڕاستیدا محمد شێتە، وە لە ڕاستیدا قورئان شتێك نییە تەنها وەبیرهێنانەوەیەك نەبێت بۆ جیهانەكان.

پرسیار ئەوەیە: هیچ كەس هەیە لەم دونیایە بە كەسێك بڵێت شێت وە لە هەمان كاتدا بەچاوی ببات؟ وە خوداوەندی ئیسلام دەڵێت، ئەم قورئانە شتێك نییە تەنها وەبیرهێنانەوەیەك نەبێت بۆ جنۆكە ومرۆڤ. كەچی موسڵمان لە چوارچیوەی خۆیان دەریان كردووە و كردوویانە بە پەرتووكی بایۆلۆجیی و گەردووناسیی و پزیشكیی و هتد .

كۆتایی سوورەتەكە.

# (٣)

# سوورەتی المزمل ( داپۆشراو)

**١-يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ**

ئەی داپۆشراو،

**٢-قُمِ اللَّيْلَ إِلاَّ قَلِيلا**

له شەواندا هەڵسەوە تەنها کەمێك نەبێت،

**٣-نِصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلا**

نیوەی یان تۆزێکی لێ کەم بکەرەوە،

**٤-أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلا**

وەیان بۆی زیادبکە وە  قورئان ڕێکبخە و بەش بەش بلێوە،

**٥-إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلا ثَقِيلا**

له راستیدا ئێمە وتەیەکی قورست بەسەردا دادەبەزێنین.

**٦-إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْءًا وَأَقْوَمُ قِيلا**

له ڕاستیدا شەونخونی زۆر قورسترە و گوفتارەکەی باڵاترە.

**٧-إِنَّ لَكَ فِي النَّهَارِ سَبْحًا طَوِيلا**

له راستیدا له ڕۆژدا دەرفەتێکی زۆرت هەیە،

**٨-وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلا**

وه ئاماژه به ناوی خوداکەت بکه  وه خۆتی بۆ تەرخان بکه.

**٩-رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَاتَّخِذْهُ وَكِيلا**

خودای خۆرهەڵات و خۆرئاوا هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت وە بیکە بە پشتیوانی خۆت.

**١٠-وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلا**

وه دان بە خۆتا بگرە سەبارەت بەوەی دەیڵێن وە بە شێوەیەکی جوان بەجێیان بهێڵە.

**١١-وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلا**

واز له من و ئەو خاوەن خۆشیانە بێنە کە نکۆڵی دەکەن وە تۆزێك مۆڵەتیان بدەرێ.

**١٢-إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالا وَجَحِيمًا**

له ڕاستیدا ئێمە کۆتوبەند و دۆزەخمان هەیە.

**١٣-وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ وَعَذَابًا أَلِيمًا**

وە خواردنێکی دڕکاوی وە ئەشکەجەیەکی ئازاربەخش،

**١٤-يَوْمَ تَرْجُفُ الأَرْضُ وَالْجِبَالُ وَكَانَتِ الْجِبَالُ كَثِيبًا مَّهِيلا**

ڕۆژێك کە زەوی و چیاکان دێنە لەرزین، وە چیاکان دەبن بە تەپووتۆز.

**١٥-إِنَّا أَرْسَلْنَا إِلَيْكُمْ رَسُولا شَاهِدًا عَلَيْكُمْ كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولا**

لە ڕاستیدا ئێمە بۆ ئێوەمان ناردووە پێغەمبەرێکی شایەت بەسەرتانەوە، هەروەك چۆن پێغەمبەرمان نارد بۆ فیرعەون.

**١٦-فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ فَأَخَذْنَاهُ أَخْذًا وَبِيلا**

ئەوەبوو فیرعەون سەرپێچی پێغەمبەرەکەی کرد، وە ئێمەش بە توندی گرتمان.

**١٧-فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا**

دەکەواتە چۆن خۆتان دەپارێزن ئەگەر کوفرتان کرد، لە ڕۆژێکدا کە منداڵان پیر دەکات.

**١٨-السَّمَاء مُنفَطِرٌ بِهِ كَانَ وَعْدُهُ مَفْعُولا**

ئاسمان بە هۆیەوە ( بە کوفر) درز دەبات، وە بەڵێنەکەی دێتە دی.

**١٩-إِنَّ هَذِهِ تَذْكِرَةٌ فَمَن شَاء اتَّخَذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلا**

لە ڕاستیدا ئەوە تەنها وەبیرهێنانەوەیە بۆ کەسێك کە ئارەزوو دەکات ڕێگای خوداکەی بگرێت.

**٢٠-إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَى وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّهِ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا وَمَا تُقَدِّمُوا لأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**

لە ڕاستیدا، خوداکەت دەزانێت کە تۆ کەمتر لە دوو لە سێ بەشی شەو و نیوەی و سێیەکی هەڵدەستیتەوە، وە هەروەها کۆمەڵێك لەوانەی لەگەڵتدان، وە الله بڕی شەو و ڕۆژ دیاری دەکات، زانیی، کە ئێوە هەرگیز نایژمێرن، ئەوەبوو لێتان بوورا، دە هەرچەندێك بۆتان کرا قورئان بخوێننەوە، وە زانیی کە نەخۆشتان تیادا هەڵدەکەوێت، وە هەندێکی ترتان بە زەویدا دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی چاکەی الله، وە هەندێکی ترتان شەڕ دەکەن لە پێناو الله، لەبەر ئەوە چەندێك بۆتان کرا بخوێننەوە، وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە قەردێکی باش بدەن بە الله، وە هەرشتێك لە چاکە بۆ خۆتان بەدەستی دەهێنن ئەوا لای الله چاکتر و پاداشتێکی مەزنتر هەیە، وە داوای لێبوردەیی لە الله بکەن، لە ڕاستیدا الله لێبوردە و بەزەییە.

# شرۆڤە و تێبینیی

## ئایەتی ١

يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ

(المزمل) هەروەك القرطبى لە الجامع لاحكام القران دەڵێت لە بنەڕەتدا (المتزمل) بووە، واتە (کەسێك کە خۆی پێچاوەتەوە یان داپۆشیووە). بەڵام دیارە لەگەڵ سەرە و بۆرە کردنی پیتەکانی قورئان دوو خاڵی پیتی (ت) لە بیرکراوە.

وە ابن عباس دەڵێت، پێغەمبەر لە دەستپێکی وەحی کاتێك فریشتەکە بۆ لای دابەزی، وە پێغەمبەر سەیری کرد و لێی ترسا هاتەوە بۆ لای خدیجە و گوتی (زملونی دثرونی) واتە (داميۆشن بمشارنەوە).

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت، ئەوەبوو جبرايل هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی (یا ایها المزمل ) ئەی ئەو کەسەی خۆت داپۆشیووە؟

دیارە پێغەمبەر، دوای ئەوەی بۆ جاری یەکەم جبرائیلی بینی، زۆر ترساوە، بۆ ماوەیەك خۆی داپۆشیوە و حەشارداوە.

## ئایەتی ٢-٤

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

بەسیەتی خۆشاردنەوە، لە شەودا هەڵسەوە تەنها کەمێکی شەو یان نیوەی شەو نەبێت، وە یان تۆزێك لە نیوەی شەو کەمتر، وە یان بۆی زیاد بکە، بۆ قورئان خوێندنەوە.

لێرەدا الله  فەرمان بە  پێغەمبەر دەکات کە هیچیتر خۆی نەشارێتەوە وە شەوانە خەریکی خەوتن نەبێت بەڵکو خەریکی قورئان خوێندن بێت. جا چەند هەڵبژاردنێکی داوە بە پێغەمبەر بۆ قورئان خوێندنەوەی شەوان؟

یەکەم: هەموو شەو، تەنها کەمێك نەبێت.

دووەم:  نیوەی شەو.

سێهەم: تۆزێك لە نیوەی شەو کەمتر.

چوارەم: دەتوانێت تۆزێکی بۆ زیاد بکات، واتە تۆزێك لە نیوەی شەو کەمتر.

سوورەتی المزمل، سێهەم سوورەتە بە گوێرەی ڕیزبەندی دابەزین.

سوورەتی یەکەم، سورەتی "العلق"ە کە ژمارەی ئایەتەکانی ١٩ ئایەتە ، ئینجا سوورەتی "القلم " کە ژمارەی ئایەتەکانی ٥٢ ئایەتە، واتە بەیەکەوە ٧١ ئایەت. هەردوو سورەتەکە بە چەند خولەکێك دەخوێندرێنەوە ، جا پرسیارەکە ئەوەیە :

چ پیویست دەکات  هەموو شەوەکە تەنها کەمێکی نەبێت وە یان نیوەی شەو، تۆزێکی کەمتر یان تۆزێکی زیاتر بۆ تەرخان بکەیت؟

# ئایەتی ٥

خوداوەندی ئیسلام دەڵێت: ئەی محمد، ئێمە وەحیەکی قورست بۆ دادەبەزێنین،

قورساییەکەی چەندە ؟ الله اعلم دیارە وەحی کێش و بارستەی هەیە.

ابن كثیر لە تفسير القران العظيم دەڵێت، وەحیەکان بە هۆی مەزنیان قورس بوون کاتێك دادەبەزین. وە ئاماژە بە چەند فەرموودەیەکی صحیح دەکات، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو وەحیانەی بۆ پێغەمبەر دادەبەزین قورس بوون.

یەکەم: ئیمام احمد بن حنبل لە مسند ئاماژەی بە فەرموودەیەك کردووە، کە عبدالله بن عمرو لە پێغەمبەر دەپرسێت: ئەی پێغەمبەری الله هەست بە وەحی دەکەیت؟ پێغەمبەر گوتی، گوێم لە زەنگوڵ دەبێت ئەوکات من بێدەنگ دەبم، وە هیچ جارێك نییە کە کاتێك بەم شێوەیە بۆم دادەبەزێت هەست ئەکەم کە هەناسەم دەوەستێت،

سبحان الله وەحیەکە زۆر قورس بووە!

دووەم: صحیح البخاری ئاماژەی بە فەرموودەیەك کردووە، کە الحارث بن هشام پرسیار لە پێغەمبەر دەکات: چۆن وەحیت بۆ دێت؟ گوتی، هەندێك جار لە شێوەی زەنگوڵ، کە لە چاو هەموو شێوازەکانی تر زیاتر نارەحەتم دەکات، کاتێك لێم دەبێتەوە، لەبەرم کردووە ئەوەی پێم گوتراوە.

وە هەروەها الحاكم لە المستدرك، ئاماژەی بە فەرموودەیەکی صحیح کردووە، کە عائیشە دەڵێت، ئەگەر پێغەمبەر وەحی بۆ دابەزیبایە، وە لەسەر پشتی وشترەکەی بووایە، ئەوا وشترەکە نەیدەتوانی بجوڵێت تاوەکو وەحیەکە تەواو دەبوو.

واتە بە هۆی قورسایی وەحیەکە وشترەکە بارەکەی گران دەبوو ، لەبەر ئەوە نەدەجولا.

سبحان الله!

# ئایەتی ٦-١٠

خوداوەندی ئیسلام دەڵێت، هەڵسانەوەی شەو و شەونخونی زۆر قورسترە و گوفتارەکەی باڵاترە لە چاو ڕۆژ.

وە دەڵێت ئەی محمد، تۆ لە ڕۆژدا، کاتێکی زۆرت بەدەستەوەیە، لەبەر ئەوە هەندێك کاتی دیاریکراو بۆ یادکردنەوەی خوداکەت، خودای ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا، کە هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت تەرخان بکە، وە تەنها پشت بە خودا ببەستە.

وە ئەی محمد، دان بەخۆتا بگرە سەبارەت بەو قسانەی موشریك و کافرەکان دەیکەن، وە بە شیوەیەکی جوان بەجێیان بهێڵە، کاتێك پلار دەهاوێژن و قسەت لەسەر دەکەن.

# ئایەتی ١١-١٤

وە ئەوانەی کە من وەك الله چاکەم پێیان بەخشیوە و لە خۆشی ژیاندا دەژین بەڵام نکۆڵی لە تۆ دەکەن، ئەوانە بۆ من جێبهێلە، وە تۆ ئەی محمد، کەمێك دەرفەتیان پێ بدە، بزانین بە کوێ دەگەن. نەکەیت گوێیان پێبدەیت، چونکە ئێمە کۆت و زنجیر و دۆزەخمان هەیە، وە لە دۆزەخ بۆ کافرەکان خواردنێکی دڕکاویمان هەیە، کە لە قورگیان گیر دەبێت، وە ئازارێکی زۆر دەدرێن .

وە دەڵێت هەموو ئەوانە دێنە دی، کاتێك لە ڕۆژی قیامەت زەوی و چیاکان دەهەژن و دەلەرزن، وە چیاکان وردوخاش دەبن و دەبن بە تەپووتۆز.

# ئایەتی ١٥-١٦

خوداوەندی ئیسلام بە خەڵکی مەککە دەڵێت، ئێمە محەمەدمان بۆ ئێوە نارد. وەك پێغەمبەرێکی شایەت بەسەرتانەوە، هەروەك چۆن پێغەمبەرێکمان نارد (موسا) بۆ لای فیرعەون، ئەوەبوو فیرعەون سەرپێچی پێغەمبەرەکەی ئێمەی کرد، وە ئێمەش فیرعەونمان بە توندترین شێوە سزا دا و لەناوبرد.

## ئایەتی ١٧

فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِن كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا

ئەم ئایەتە لە ڕووی دارشتنەوە هەڵەیە.

(فکیف) کەواتە چۆن

(تتقون) دەپارێزن

(ان کفرتم) کە کوفرتان کرد

(یوما) ڕۆژێك

(یجعل الولدان شیبا) منداڵان تیایدا پیر دەبن

ئایەتە دەبێت بە: کەواتە چۆن کە کوفرتان کرد، ڕۆژێك کە تیایدا منداڵان پیر دەبن.

دەبێت ئایەتەکە بەم شێوەیە بێت

فإِن كَفَرْتُمْ كَيْفَ تَتَّقُونَ يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا

واته ئەگەر کوفرتان کرد، چۆن خۆتان دەپارێزن لە ڕۆژێك کە تیایدا منداڵان پیر دەبن.

مەبەستی لە ڕۆژێك، ڕۆژی قیامەتە.

## ئایەتی ١٨

السَّمَاءُ مُنفَطِرٌ بِهِۦۚ كَانَ وَعْدُهُۥ مَفْعُولًا

ئەم دەقەش کێشەیە بە هۆی بوونی (بە)

مەگەر مەبەست لە (بە) کوفر بێت وە یان الله بێت.

واتە: ئاسمان بە ئەو (الله) شەق دەبێت. وە بەڵێنەکەی هەر دێتە دی.

وە یان ئاسمان بە ئەو (کوفر) شەق دەبات. وە بەڵێنەکەی هەر دێتە دی.

ئاسمان بە الله شەق دەبێت؟ دەقێکی زۆر ناتەواوە.

خۆ ئەگەر مەبەست بە فەرمانی الله بێت، ئەوا دەبێت دەقەکە بڵێت ( السماء منفطر بأمره كان وعده مفعول)

خۆ ئەگەر مەبەستی شەق بوونی ئاسمان بێت لە ڕۆژی قیامەت، ئەوا دەبێت دەقەکە بەم شێوەیە بوایە:

السماء منفطر فيه كان وعده مفعول ( ئاسمان تیایدا – لە ڕۆژی قیامەت- شەق دەبێت).

# ئایەتی ١٩

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: ئەو ئایەتانە تەنها وەبیرهێناوەیەکە بۆ کەسانێك، کە دەیانەوێت ڕێگای خوداکەیان بگرن.

# ئایەتی ٢٠

ئەم ئایەتەکە تێکەڵ و پێکەڵێکی زۆر سەیروسەمەرەیە. لە ڕووی ڕەوانبێژی و دەڕبرینەوە زۆر کرچ و کاڵە. ئەوەی زیاتر ئەم دەقەی ناپەسەند کردووە لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە ٧ جار دووبارە بوونەوەی وشەی (اللە)یە.

وە ئەم ئایەتە کۆمەڵێك بابەتی تێکەڵ بەیەك کردووە.

بابەتەکان:

یەکەم: خودا دەزانێت محمد و گرووپێك لەوانەی شەوانە لەگەڵیدان، چی کاتیک هەڵدەستن بۆ قورئان خوێندنەوە؟

دووەم : پێمان دەڵێت، ماوەی چەند خەریکی خوداپەرستی دەبن؟

أ- ئەگەر شەو بکەیت بە ٣ بەش ئەوا کەمێك کەمتر لە دوو لە سێی شەو.

ب- وە نیوەی شەو.

ج- وە سێیەکی شەو.

وە نووسەری قورئان بە پیتی (و) نەك (یان ) ئەم ٣ بڕگەیەی سەرەوەی بەیەکەوە بەستاوەتەوە، واتە خودا نازانێت محمد و یاوەرەکانی چەند لە خەو هەڵدەستن بۆ قورئان خوێندنەوە.

سێهەم : الله، شەو و ڕۆژ دیاری دەکات، وە ئێوە (محمد و یاوەرەکانی) هەرگیز ناتوانن بیژمێرن و دیاری بکەن، ئەوەبوو الله تەوبەکردنی لێتان قبووڵ کرد.

ئەم بەشە کارەساتە!

یانی چۆن محمد و یاوەرەکانی ناتوانن دیاری بکەن؟ وە بۆچی تەوبەیان لێ وەرگیرا؟ چونکە نەیاندەزانی کاتەکان دیاری بکەن؟

ئێستا مرۆڤ لە ڕێگای کاتژمێری زۆر هەستیارەوە کات دیاری دەکات.

چوارەم: ئەم بڕگەیە (فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ)، دە بخوێننەوە هەرچەنێك بۆتان کرا لە قورئان، دووجار لەم ئایەتە دووبارە بۆتەوە.

پێنجەم: عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَى وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّهِ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ

الله، زانیی کە نەخۆشتان تیادا دێتە ئاراوە، وە هەندێکتان زەوی دەکوتن (گەشت دەکەن)، بۆ بەدەستهێنانی چاکەی الله، (واتە بژێوی ژیان)، وە هەندێکتان شەڕ دەکەن لە پێناو الله.

ئایا کاتێك ئەم سوورەتە دابەزی کە سورەتی ژمارە سێیە، شەڕکردن لە پێناو الله بوونی هەبوو و فەرز کرابوو؟ هەرگیز.

دەکەواتە خوداوەندی ئیسلام، دەبێت باس لە داهاتوو بکات، کەواتە دەبوایە (سیقاتلون) بەکاربهێنیت لە بری (یقاتلون) هەروەك چۆن (سیکون)ی بەکارهێناوە لە شوێنی (یکون).

شەشەم: وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا

وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن و قەرزێکی باش بە الله بدەن.

زاناکان و مەلاکان باش دەزانن کە نوێژ لە ساڵەکانی کۆتایی ماوەی مەکە فەرزکراوە، دەکەواتە کاتێك نووسەری قورئان دەڵێت نوێژ بکەن، (بە کۆمەڵ) مەبەستی چییە؟

وە زاناکان و مەلاکان باش دەزانن کە زەکات لە مەدینە فەرز دەکرێت، کەواتە ئەم بڕیار و فەرمانەی نووسەری قورئان کە دەڵێت، زەکات بدەن مانای چییە؟

ئینجا الله داوای قەرز لە باوەڕداران دەکات!

دەکرا دەقەکە بۆ ئەوەی جوان و کورت و پوخت بێت بەم شیوەیە دابڕێژرابوایە:

ان ربك يعلم انك و طائفة من الذين معك تقومون ثلثا او نصفا او ادنى من ثلثى الليل والله يقدر الليل والنهار و علم انكم لن تحصوه فتاب عليكم و علم انه سيكون منكم مرضى واخرون يضربون في الارض يبتغون من فضله واخرون سيقاتلون في سبيله فأقرءوا ما تيسر من القران و اقيموا الصلاة و اتوا الزكاة و اقرضوا الله قرضا حسنا و ما تقدموا لانفسكم من خير تجدوه عند الله هو اعظم خيرا و اجرا و استغفروه انه غفور رحيم

( خوداکەت دەزانێت کە تۆ و کۆمەڵێك لەوانەی لەگەڵتان، دوو لە سێی، یان نیوەی، یان کەمتر لە سێیەکی شەو هەڵدەستن، وە الله بڕی شەو و ڕۆژ دیاری دەکات وە زانیی کە ئێوە نایژمێرن، ئەوەبوو لێتان بوورا، وە زانیی کە لە ناوتاندا

نەخۆش بوونیان دەبێت، وە هەندێکی دیکە بە زەویدا دەگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی بژیوی، کە الله وەک چاکەیەک پێیان دەبەخشێت، وە ئەوانیتر لە داهاتوو شەڕ لە پێناویدا دەکەن، دەکەواتە چەندێك بۆتان کرا قورئان بخوێننەوە و نوێژ ببەستن و زەکات بدەن، وە قەرزێکی باش بە الله بدەن، وە هەر شتێك کە بۆ خودی خۆتان بەدەستی دەهێنن، ئەوا ئەو باشتر و پاداشتی گەورەتری لایە، وە داوای لێبووردنی لێ بکەن، وە هەمیشە لێبووردە و بەبەزەیی بووە).

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٤)

# سورەتی المدثر ( دەمامکدار)

**١-يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ**

ئەی دەمامکدار؟

**٢-قُمْ فَأَنذِرْ**

هەستە و هۆشداری بدە.

**٣-وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ**

وە خوداکەت مەزن بکە.

**٤-وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ**

وە جلەکانت پاککەرەوە.

**٥-وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ**

وە لە گڵاویی دوورکەرەوە.

**٦-وَلا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ**

وه منەت مەکە، (بۆ ئەوەی چاکە و فەزڵت) زۆربێت.

**٧-وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ**

وه بۆ خوداکەت، دان بەخۆتدا بگره.

**٨-فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ**

ئینجا کاتێك فوو دەکرێت بە کەڕەناکە.

**٩-فَذَلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ**

ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سەخت دەبێت.

**١٠-عَلَى الْكَافِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ**

بۆ سەر کافران ئاسان نابێت.

**١١-ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا**

بۆ من جێبهێڵە ئەو کەسەی بەتاقانەیی درووستم کردووه.

**١٢-وَجَعَلْتُ لَهُ مَالا مَّمْدُودًا**

وه سامانێکی زۆرم بۆی فەراهەم کردووه.

**١٣-وَبَنِينَ شُهُودًا**

وە کوڕێکی زۆر هەروەك دەبینرێن.

**١٤-وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا**

وە بە فەراهەمکردن، بۆم فەراهەم کرد.

**١٥-ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ**

ئینجا ئارەزووش دەکات بۆی زیاد بکەم.

**١٦-كَلاَّ إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيدًا**

نەخێر، لە ڕاستیدا ئەوە بۆ ئایەتەکانمان سەرسەخت بوو.

**١٧-سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا**

دەبێت بە سەرخستن هیلاکی بکەم.

**١٨-إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ**

لە ڕاستیدا ئەو بیری کردەوە و هەڵیسەنگاند.

**١٩-فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ**

دەك تیابچێت بۆ چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی.

**٢٠-ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ**

ئینجا تیابچێت بۆ چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی.

**٢١-ثُمَّ نَظَرَ**

ئینجا سەیریکرد.

**٢٢-ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ**

ئینجا خۆی مڕوومۆچ کرد و ڕەش هەڵگەڕا.

**٢٣-ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ**

ئینجا پشتی لێکرد و خۆی بە زل زانی.

**٢٤-فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ يُؤْثَرُ**

وە گوتی شتێك نییە، تەنها جادوویەکی وەرگیراو نەبێت.

**٢٥-إِنْ هَذَا إِلاَّ قَوْلُ الْبَشَرِ**

شتێك نییە تەنها قسەی مرۆڤ نەبێت.

**٢٦-سَأُصْلِيهِ سَقَرَ**

هەر دەبێت لە سەقەر بیسوتێنم.

**٢٧-وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ**

وە تۆ چوزانیت سەقەر چییە؟

**٢٨-لا تُبْقِي وَلا تَذَرُ**

نایهێڵێت و لەناوینابات.

**٢٩-لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ**

داغکەری پێستە.

**٣٠-عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ**

نۆزدە دانەی لەسەرە.

**٣١-وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلاَّ مَلائِكَةً وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلاَّ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا وَلا يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْمُؤْمِنُونَ وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا مَثَلا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلاَّ هُوَ وَمَا هِيَ إِلاَّ ذِكْرَى لِلْبَشَرِ**

وە پاسەوانانی ئاگرمان کردووە تەنها بە فریشتەکان، وە ئەو ژمارەیمان دیاریکردووە تەنها بۆ تاقیکردنەوە، بۆ ئەوانەی بڕوایان نەهێناوە و بۆ دڵنیایی ئەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە و بۆ زیادبوونی باوەڕی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، وە هەروەها بۆ ئەوەی ئەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە، وە

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە شك و گومان نەكەن، وە بۆ ئەوەی ئەوانەی نەخۆشی لە دڵیاندا هەیە، وە كافرەكان بڵێن الله، مەبەستی لەم نموونەیە چییە؟ وە بەم شێوەیە الله كەسانێك گومڕا دەكات كە هەر خۆی دەیەوێت، وە كەسانێك ڕێنمایی دەكات كە خۆی دەیەوێت، وە هیچ كەسێك سەربازەكانی الله نازانێت تەنها خۆی نەبێت، وە ئەوە شتێك نییە تەنها وەبیرهێنانەوەیەك بۆ مرۆڤ.

٣٢-**كَلاَّ وَالْقَمَرِ**

نەخێر، سوێند بە مانگ.

٣٣-**وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ**

وە سوێند بە شەو كە دەڕوات.

٣٤-**وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ**

وە سوێند بە بەرەبەیان كە دەردەكەوێت.

٣٥-**إِنَّهَا لَإِحْدَى الْكُبَرِ**

لە ڕاستیدا بە دڵنیاییەوە یەكێكە لە گەورەكان.

٣٦-**نَذِيرًا لِّلْبَشَرِ**

ئاگاداركەرەوەیە بۆ مرۆڤ،

**٣٧-لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ**

هەر یەکێك لە ئێوە ویستی کە پێش کەوێت یان دواکەوێت.

**٣٨-كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ**

هەموو خودێك بارمتەی ئەوەیە کە بەدەستی هێناوە.

**٣٩-إِلاَّ أَصْحَابَ الْيَمِينِ**

تەنها یاوەرانی ڕاستە نەبێت.

**٤٠-فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ**

لە باخچەکان ( بەهەشت) پرسیار لە یەک دەکەن.

**٤١-عَنِ الْمُجْرِمِينَ**

سەبارەت بە تاوانبارەکان.

**٤٢-مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ**

چی ئێوەی ڕاپێچی دۆزەخ کرد.

**٤٣-قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ**

گوتیان لە نوێژکەران نەبووین.

**٤٤-وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ**

وه خواردنمان نەدەدا بە هەژاران.

**٤٥-وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ**

وە لەگەڵ چەنەبازەکان دەمدرێژیمان دەکرد.

**٤٦-وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ**

وە ئێمە نکۆڵیمان لە ڕۆژی لێپرسینەوە دەکرد.

**٤٧-حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ**

تاوەکو دڵنیابوون بۆلامان هات.

**٤٨-فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَاعَةُ الشَّافِعِينَ**

ئینجا تکای تکاران سوودی بۆیان نابێت.

**٤٩-فَمَا لَهُمْ عَنِ التَّذْكِرَةِ مُعْرِضِينَ**

دەکەواتە بۆچی لە وەبیرهێنانەوە خۆیان بەدووردەگرن و ڕوو وەردەگێڕن.

**٥٠-كَأَنَّهُمْ حُمُرٌ مُّسْتَنفِرَةٌ**

وەك گەلەکەری کێوین دەسڵەمێنەوە.

**٥١-فَرَّتْ مِن قَسْوَرَةٍ**

له شێر ڕادەکات.

**٥٢-بَلْ يُرِيدُ كُلُّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ أَن يُؤْتَى صُحُفًا مُّنَشَّرَةً**

بەڵکو هەر دانەیەکیان دەیەوێت پەڕاوێکی کراوەی بۆ بێت.

**٥٣-كَلاَّ بَل لا يَخَافُونَ الآخِرَةَ**

نەخێر، بەڵام لە ڕۆژی دوایی ناترسن.

**٥٤-كَلاَّ إِنَّهُ تَذْكِرَةٌ**

نەخێر لە ڕاستیدا وەبیرهێنانەوەیە.

**٥٥-فَمَن شَاء ذَكَرَهُ**

بۆ کەسێك ئارەزووی ڕێنماییەکانی کرد.

**٥٦-وَمَا يَذْكُرُونَ إِلاَّ أَن يَشَاء اللَّهُ هُوَ أَهْلُ التَّقْوَى وَأَهْلُ الْمَغْفِرَةِ**

وە ناتوانن یادەوەری بکەن ئەگەر اللە ئارەزووی لەسەر نەبێت، وە هەر ئەو شایستە بە پەرستن و داوای لێبووردنکردن.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-١٠

خوداوەندی ئیسلام گوفتارەکەی ئاڕاستەی محمد دەکات و بە کەسێکی دەمامکدار ( یا ایها المدثر) بانگی دەکات.

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم و مسند احمد و جامع الترمذی فەرموودەیەك هاتووە کە محمد گوتوویەتی :

دوای ئەوەی ئەشکەوتی حیرام جێهێشت و لە کێوی حیرا دابەزیم، دەنگێك بانگی کردم، سەیرلای ڕاستەمم کرد هیچم نەبینی ، سەیری لای چەپەمم کرد هیچم نەبینی، سەیری پێش خۆمم کرد هیچم نەبینی، سەرم بەرزکردەوە، بینیم ئەو فریشتەی لە ئەشکەوتی حیرا هات بۆ لام لەسەر کورسیەك کە نێوان ئاسمان و زەوی گرتبوو دانیشتووە. ترس و تۆقاندنێکی زۆر دایگرتم و تووشی لەرزێکی زۆر توند بووم، گەڕامەوە لای خدیجە و گوتم (دثرونی) دامپۆشن و بمشارنەوە، وە ئاوی ساردم بەسەردا بکەن. ئەوەبوو منیان داپۆشی و شاردەوە و ئاوی ساردیان بەسەردا کردم، ئینجا الله ئەم سوورەتەی دابەزناد کە دەڵێت ( یا ایها المدثر قم فانذر) ئەی دەمامکدار هەستە و دەست بکە بە هوشیاریدان سەبارەت بە نزیکبوونەوەی ڕۆژی قیامەت.

ئینجا ئایەتەکانی دواتر دەڵێن:

ئەی محمد خوداکەت مەزن بکە و پۆشاکەکەت پاککەرەوە و لە گڵاوی دوورکەوە.

( ثيابك فطهر و الرجز فاهجر) واتە جلەکانت لە گڵاوی بتپەرستیی پاککەرەوە، واتە نەکەیت هیچیتر خەریکی بتپەرستیی بیت، وە خۆت لە بتپەرستیی بەدوور بگرە.

لە قورئاندا وشەی "رجز" لە ٩ ئایەت ئاماژەی پێکراوە، وە بە مانای گڵاوی یان ئەشکەنجە ( عذاب ) دێت.

بۆ نموونە  ئایەتی ١٦٢ سورەتی الاعراف دەڵێت

فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِنَ السَّمَاءِ

ئەوەبوو "رجز"ێکمان لە ئاسمان بەسەریان دابەزاند.

رجز لێرە بە مانای عذاب ( ئەشکەنجە) دێت.

وە لە ئایەتی ١١ سوورەتی الانفال هاتووە دەڵێت:

وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لِيُطَهِّرَكُمْ بِهِ وَيُذْهِبَ عَنْكُمْ رِجْزَالشَّيْطَانِ

وە لە ئاسمان بارانێکی بەسەرتاندا باراند بۆ ئەوەی لە  "رجز"ی شەیتان پاکتان بکاتەوە.

'رجز " لەم ئایەتە بە مانای گڵاوی دێت واتە گڵاوی شەیتان.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

لەم ئایەتەدا ( رجز ) به (الرُّجْزَ) هاتووه كه ماناكەی جیایه له ( الرِّجْزَ) كه به مانای ئازار و ئەشكەنجه یان گڵاو دێت.

الطبری دەڵێت ( الرُّجْز) واته بت.

الطبری و ابن كثیر دەڵێن، ابن عباس و ابن زید و مجاهید و قتادة و عكرمة و الزهري گوتوویانه ( الرُّجْز) واته بت.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت: ابوالعالیة و الربیع و الكسائی گوتوویانه ( الرُّجْز) واته بت.

السیوطی له الدر المنثور دەڵێت: ( وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ) دوو بت بوون به ناوی ئیساف و نائلة لای كعبة بوون، هەر كەسێك له موشریكەكان دەهات بۆ لایان دەستیان لێیان دەدا و دەم و چاویان پێ دەسڕیەوه، ئەوەبوو الله فەرمانی به پێغەمبەرەكەی كرد كه دەستبەرداری ئەم دووبته بێت و خۆی لێیان به دووربگرێت.

وه له السنن الكبری للنسائی هاتووه كه محمد بزنێك سەردەبڕێت بۆ یەكێك له بتەكان، زید بن حارثة ( كوڕی بەخۆوه گرتووی محمد) دەڵێت: من و پێغەمبەری الله بەیەكەوه دەرچووین بۆ لای بتێك له بتەكانی مەككە، وه بزنێكمان بۆی كرده قوربانی، ئینجا گۆشتەكەیمان كوڵاند تاوەكو پێگەیشت، ئینجا لەگەڵ خۆمان بردمان و ڕۆیشتین، ئینجا لەو پەڕ دۆڵێك تووشی زید بن عمرو بن نفیل بووین، سڵاویان لەیەكتر كرد، پێغەمبەر بانگی

کرد بۆ ئەوەی لەگەڵمان خواردن بخوات، زید بن عمرو گوتی من گۆشتێك ناخۆم کە بۆ بت سەربڕابێت ، تەنها گۆشتی قوربانیەك دەخۆم کە ناوی اللهی لەسەر هێنرابێت.

وە لە صحیح البخاری هاتووە، عبدالله بن مسعود دەڵێت، پێغەمبەر بە زید بن عمرو بن نفیل گەیشت لە خوارەوەی بلدح ، پێش ئەوەی وەحی بۆ دابەزێت، پێغەمبەری الله سوفرەیەك گۆشتی پێشکەش بە زید کرد، زەید ڕەتی کردووە بیخوات. وە گوتی من ئەو گۆشتە ناخۆم کە بۆ بت کراوەتە قوربانی، تەنها ئەو گۆشتە دەخۆم کە ناوی اللهی لەسەر هێنراوە.

الکلبي لە کتاب الاصنام دەڵێت: پێغەمبەر گوتوویەتی بزنێکم کردە قوربانی بۆ "العزی" ( بتێك بوو لە بتەکان) وە ئەوکات من لە سەر ئاینی قەومەکەم بووم .

وە ئایەتی ٧ سورەتی الضحی تاکید دەکاتەوە کە محمد بتپەرست بووە، دەڵێت:

وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى

واتە: الله تۆی بینی گومڕا بوویت، ئەوەبوو هیدایەتی دایت.

الطبری لە تفسیری ئەم دەقە دەڵێت: محمد بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ، (واتە تاوەکو وەحی بۆ دابەزی) لەسەر ئاینی قەومەکەی بوو.

کەواتە ( وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ) واتە خۆت پاککەرەوە لە بت پەرستی و دەستبەرداریان بە.

ئایەتی ٦-٧ دەڵێت:

منەت مەکە بۆ ئەوەی چاکەت زۆربێت، وە دان بە خۆتا بگرە بۆ حوکمی خوداکەت.

ئایەتی ٨-١٠

کاتێك فوو بە کەرەناکە دەکرێت ( لە کۆتایی زەمان )، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سەخت دەبێت وە ئاسان نابێت بۆ کافرەکان.

## ئایەتی ١١-٣١

موفەسیرەکان و هۆکارەکانی دابەزین کۆك و هاوڕان کە ئەو ٢١ ئایەتە سەبارەت بە ولید کوڕی المغیرة دابەزیوون.

خوداوەندی محمد و ئیسلام دەڵێت، ئەی محمد، ئەو کەسە بۆ من جێبهێڵە کە وەك تاقانە درووستم کردووە (کە ولید کوڕی المغیرە یە)،

وە سامان و کوڕێکی زۆرم پێی بەخشیووە، هەموو شتێکم بۆی فەراهەم کردووە، ئینجا ئارەزووش دەکات بۆی زیاد بکەم.

ئینجا دەڵێت نەخێر، بۆی زیاد ناکەم، چونکە بەرامبەر بە ئایەتەکانی ئێمە سەرسەخت و کەللەڕەق بوو.

ئینجا دەڵێت: بەسەرکەوتن ماندوو و شەکەتی دەکەم.

الطبری دەڵێت، ابي سعيد الخدری گوتوویەتی، پێغەمبەر سەبارەت بە (سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا) فەرمووی: ئەوە چیایەکە لە ئاگر لەناو دۆزەخ، داوایان لێ دەکرێت کە بەسەریدا سەرکەون ، هەرکە دەستی لەسەردانا دەتوێتەوە، وە هەرکە دەستی هەڵگرت دەستی بۆ درووست دەبێتەوە، وە بەهەمان شێوە کاتێك پێکانی لەسەر دانا.

وە هەروەها پێغەمبەر گوتوویەتی: ئەوە چیایەکە ٧٠ پایز دەخایەنێت بۆ ئەوەی بگەیتە لوتکەی، بەڵام بەر لەوەی بگەیتە لوتکەی دەکەویتە خوارەوە، ئنجا دەبێت بەسەریدا سەرکەویتەوە. ئینجا بەردەبیتەوە، هتد...

ئینجا دەڵێت: ولید بیری لە قورئان کردەوە و هەڵیسەنگاند، دەك داوەشێیت بۆ خۆت و هەڵسەنگاندنت، ئینجا جارێکی تر دەك داوەشێیت بۆ خۆت و هەڵسەنگاندنت، ئینجا سەیری کرد ، ئینجا خۆی مڕوومۆچ کرد و ڕەنگی گۆڕا، ئینجا پشتی لێ کرد و ڕۆیشت و خۆی بە زل زانیی، وە گوتی ئەم قورئانە تەنها جادوویەکە کە محمد لە جادووگەرانی وەرگرتووە، وە لە ڕاستیدا شتێك نییە جگە لە وتەی مرۆڤ ( واتە وتەی خوا نییە).

ئینجا اللە اکبر هەڕەشە لە ولید دەکات بە "سقر" و دەڵێت:

لە "سقر" سووری دەکەمەوە و دەیسووتێنم و داغی دەکەم، وە تۆ چوزانیت "سقر" چییە ؟ هیچ بەشێکی لەشت ناهێلێت (واتە هەمووی دەسوتێنێت)، بەڵام لە هەمان کاتدا لەناو ناچیت، وە پێست ڕەش دەکات . وە "سقر" ١٩ فریشتەی وەك پاسەوان لەسەرە.

ئینجا الله دەڵێت، وە پاسەوانانی ئاگرمان تەنها کردووە بە فریشتە، (واتە پاسەوانانی دۆزەخ مرۆڤ و جنۆکە نین واسیتە قبوڵ بکەن و بەرتیل وەربگرن)، وە ژمارەکانیانمان کردووە بە ١٩، تەنها وەك تاقیکردنەوەیەك بۆ کافرەکان، وە بۆ ئەوەی مەسیحی و یهودیەکان دڵنیا بن، وە بۆ ئەوەی باوەڕداران باوەڕەکەیان بەهێزتر بێت، وە مەسیحی و یهوودیەکان شك و گومان لە قورئان نەکەن، وە هەروەها باوەڕداران (موسلمانان)، وە بۆ ئەوەی کافرەکان و ئەوانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە بڵێن الله چ مەبەستێکی لەم نمونە هێنانەوەیە هەیە؟ وە بەم شێوەیە الله، کەسانێك گومڕا دەکات کە خۆی دەیەوێت، وە ڕێنمایی کەسانێك دەکات کە خۆی دەیەوێت، وە هیچ کەسێك ژمارەی سەربازەکانی الله نازانن تەنها الله خۆی نەبێت (واتە غەیب و نادیارە)، وە ئەم ئایەتە شتێك نییە تەنها وەبیرهێنانەوەیەك بۆ مرۆڤەکان نەبێت.

سەبارەت بە "سقر" موفەسیرەکان و شرۆڤەکاران دەڵێن، بەشێکی تایبەتە لە دۆزەخ، خوا پەنامان بدات.

موفەسیرەکان دەڵێن، کاتێك الله گوتی ( عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ)، واتە ( دۆزەخ ١٩ فریشتە پاسەوانی دەکەن)، دەڵێن ابوحکم (کە محمد ناوی گۆڕیوە و کردوویەتی بە ابو جهل) گوتی، فشەیە تەنها ١٩ فریشتە پاسەوانی دۆزەخن، ئەوەبوو الله ئایەتی ٣١ دابەزاند و ڕوونیکردەوە کە:

یەکەم: پاسەوانەکانی دۆزەخمان تەنها کردووە بە فریشتە، وە ژمارەکانیانمان کردووە بە ١٩، تەنها وەك تاقیکردنەوەیەك.

دووەم: تاقیکردنەوەیەك بۆ ٣ گرووپ لە خەڵك.

١-کافرەکان

٢-بۆ ئەوەی ئەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە (مەسیحی و یەهودیەکان)، دڵنیا بن ئەوەی لە قورئان هاتووە هەمان شتە لەگەڵ ئەوەی لە تەورات و ئینجیل هاتووە.

من دەڵێم: سەیری هەموو تەورات و ئینجیلم (پەرتوکی پیرۆزم) کرد وە تیایاندا ئاماژە بە ١٩ فریشتە نەکراوە.

٣-وە بۆ ئەوەی ئەوانەی باوەڕیان بە الله و محمد هێناوە باوەڕیان زیاد بکات ( هەڵبەتە بە هۆی ترس لە دۆزەخ).

٤-بۆ ئەوەی مەسیحی و یهوودی و موسڵمانان تووشی شك و گومان نەبن.

٥-بۆ ئەوەی کافرەکان و ئەوانەی لە دڵیان نەخۆشی هەیە (واتە کافرەکان و مونافیقەکان)، بڵێن الله مەبەستی لەم ئایەتە چییە؟

٦-الله کەسانێك گومڕا دەکات، کە الله هەر خۆی ویستی لەسەرە گومڕایان بکات، وە کەسانێك ڕێنمایی دەکات کە هەر خۆی ویستی لەسەرە ڕێنماییان بکات.

٧-وە هیچ کەسێك جۆر و ژمارەی سەربازەکانی الله نازانن تەنها خۆی نەبێت ( ئەوە لە زانستی غەیبە).

ئەم ئایەتەی دوایی (ژمارە ٣١) نەك تەنها بەتاڵە لە جوانی و پوختی و ڕەوانبێژی بەڵکو تا بڵێی کرچ و کاڵە .

## ئایەتی ٣٢- ٣٨

ئینجا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەست دەکات بە سجع و لە کت و پڕێکدا تورە دەبێت و لە ئایەتی ٣٢-٣٤ دەڵێت:

كَلاَّ وَالْقَمَرِ وَاللَّيْلِ إِذْ أَدْبَرَ وَالصُّبْحِ إِذَا أَسْفَرَ

نەخێر، سوێند بە مانگ، وە سوێند بە شەو کە دەڕوات، وە سوێند بە بەرەبەیان کاتێك دادێت.

ئینجا لە ئایەتی ٣٥-٣٨وەڵامی ئەو سوێندانە دێت و دەڵێت:

لە ڕاستیدا ( دۆزەخ-ئاگر) یەکێکە لە مەزنەکان و هۆشیاردەرە بۆ مرۆڤ، بۆ هەر کەسێك کە ئارەزوو دەکات بەرەو ڕووی بێت (واتە هیدایەت بدرێت)، وە یان خۆی دوا بخات (بەلایەوە گرنگ نەبێت و نەیەوێت هیدایەت بدرێت)، (چونکە ) هەموو خودێك بارمتەی ئەوەیە کە بەدەستی هێناوە ( واتە کاروکردەوەکانی).

سجع کە ناسراوە بە "سجع الكهان " شێوازێکی دەربڕینی جادووگەرەکانە، کە لە بڕگەی کورتی وەزن و قافیەدار پێك دێت، وە لە سەرەتا سوێند خواردنی بە شتانێکی جۆراوجۆر لە چەشنی ئاسمان و مانگ و خۆر و درەخت، هتد،،،تێدایە ئینجا هەواڵەکە ڕادەگەیەنێت.

دکتۆر جواد علی له المفصل في تاریخ العرب دەڵێت: دورگەی عەرەب پڕ بوو له جادووگەر، تەنانەت هەر خێڵێك جادووگەرێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە پێشبینی ڕووداوەکانیان دەکرد .

وە دەڵێت، جادووگەرەکان هەواڵەکانیان سەبارەت بە داهاتوو لە شەیتانەکان و جنۆکەکان بۆ دەهات، وە کاتێك  هەواڵەکەیان بۆ دەهات تووشی نیمچە بێئاگاهی و لەرزین و ئەرەقەکردن دەبوون.

ابن الاثیرالجزیری له پەرتووکی المثل السائر في ادب الکاتب و الشاعر دەڵێت: زۆر سجع له قورئاندا هاتووە، تەنانەت سوورەت هەیە بە تەواوی سجعە وەك سورەتی الرحمن و سورەتی القمر و هتد،،

وە خەڵکی مەککە بە محمدیان گوتووە جادوگەر، چونکە بینیوویانە کە گۆڕانکاری بەسەر لەشیدا هاتووە کاتێك گوایە وەحی بۆ دادەبەزێت، وە هەروەها بینیوویانە دەقەکانی قورئان مسجوعة واتە سجع ئاسایە.

بەڵام قورئان لە ٢ ئایەتدا ڕەتیدەکاتەوە کە محمد کاهین (جادووگەر یان کاهینی جنۆکە) بێت.

ئایەتی ٤٢ سوورەتی الحاقة دەڵێت:

وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ (وە قورئان وتەی کاهین نییە).

وە ئایەتی ٢٩ سورەتی الطور دەڵێت:

فَذَكِّرْ فَمَا أَنْتَ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجْنُونٍ

ده یادبکەرەوە، وە تۆ (ئەی محمد) بە چاکەی خوداکەت نە کاهینیت (جادوگەر) وە نە شێت.

## ئایەتی ٣٩-٤٢

تەنها یاوەرانی ڕاستە نەبێت، (کە بارمتەی ئەوە نین بەدەستیان هێناوە، هەڵبەتە دیارە اللە لەوانە خۆش بووە، وە سزا نادرێن) هەروەك سوورەتی الواقعة دەڵێت، (اصحاب اليمين) واتە (یاوەرانی دەستە ڕاستی اللە) بەهەشتن.

ئایەتی ٤٠-٤١ دەڵێت یاوەرانی دەستە ڕاست لە بەهەشتن و لە یەکتر پرسیار دەکەن لە تاوانبارەکان چی ئێوەی خستە دۆزەخەوە؟

ئینجا دەڵێت:

فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءَلُونَ عَنِ الْمُجْرِمِينَ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ

ئەم ٣ ئایەتە دەربڕینەکەیان لە ڕووی ڕێزمانی و زمانەوانی هەڵەیە، دەبووایە بەم شێوەیە بوایە:

فِي جَنَّاتٍ يَسَاءَلُونَ الْمُجْرِمون مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ

واتە: لە بەهەشت پرسیار لە تاوانبارەکان دەکەن، چی ئێوەی خستە دۆزەخەوە؟

## ئایەتی ٤٣-٤٧

تاوانبارەکان وەڵام دەدەنەوە (قالوا) گوتیان نوێژمان نەدەکرد، وە خواردنمان نەدەدا بە هەژاران، وە لەگەڵ چەنەبازەکان چەنەچەنمان دەکرد، وە نکۆڵیمان لە ڕۆژی زیندووبوونەوە و قیامەت دەکرد.

ئینجا ئایەتی ٤٧ دەڵێت، تاوەکو یەقینمان بۆ هات (واتە تاوەکو لە دوای مەرگ زیندووبووینەوە و زانیمان ڕاستە).

## ئایەتی ٤٨-٤٩

الله شەفاعەتی و تکای هیچ شافعێك و تکاکەرێك بۆ ئەو کافر و موشریکانە قبووڵ ناکات.

ئینجا دەڵێت، دە کەواتە ئێستا(لەم دونیایە)، بۆچی لە وەبیرهێناوە و یادکردنەوەی الله خۆیان بەدوور دەگرن و ڕوو وەردەگێڕن؟

## ئایەتی ٥٠-٥١

دەڵێت: وەك کەری کێوی سڵ لە یادکردنەوەی الله دەکەنەوە، کەرێکی کێوی چۆن لە دەستی شێر ڕادەکات بەهەمان شێوە لە یادکردنەوەی الله ڕادەکەن.

## ئایەتی٥٢

دەڵێت بەڵکو هەر پیاوێکیان دەیەوێت نامەیەکی لە لایەن اللەوە بۆ دابەزێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت: ابو جهل و کۆمەڵێك لە پیاوانی قورەیش گوتیان: ئەی محمد نامەیەکمان بۆ بێنە لە لایەن خودای جیهانەکان تیایدا نوسرابێت: من محمدم وەك پێغەمبەر بۆ ئێوە ناردووە.

## ئایەتی ٥٣

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

نەخێر ئەم کارە ناکەم، چونکە ئەوانە لە ڕۆژی قیامەت ناترسن.

## ئایەتی ٥٤-٥٥

دەڵێت: نەخێر ئەم قورئانە وەبیرهێنانەوەیە بۆ هەر کەسێك ئارەزووی کرد یادی اللە بکاتەوە.

ئینجا لە دوا ئایەت دەڵێت: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بیانەوێت یادی اللە بکەن و باوەڕ بێنن ئەوا ناتوانن، تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە اللە ویستی لەسەرە. اللە هەر خۆی شایستەیە بە پەرستن و داوای لێبوردنکردن.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٥)

# سورەتی الفاتحة ( دەستپێك)

**١-بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**

بە ناوی اللە الرحمن الرحیم.

**٢-الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ**

درووود بۆ اللە خودای جیهانەکان.

**٣-الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**

الرحمن الرحیم

**٤-مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ**

خاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوە.

**٥-إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ**

هەر تۆ دەپەرستین وە پشت بە تۆ دەبەستین.

**٦-اهدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ**

ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست.

**٧-صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ**

ڕێگای ئەوانەی چاکەت پێیان بەخشی، نەك ئەوانەی تورەییان بەسەردا باری وە نە گومڕاکان.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ( بە ناوی الله الرحمن الرحيم)

لە ڕاستیدا ڕۆشن نییە ئایا سورەتی الفاتحة سورەتێکی قورئانە وە یان نیزایەك بووە کە محمد کردوویەتی.

السيوطی لە الاتقان في علوم القران دەڵێت: ابو عبيد بە اسنادێکی صحيح ريوايەتێکی اخراج کردووە کە عبدالله بن مسعود لە قورئانەکەیدا سوورەتی الفاتحةی تێدا نەبووە وە دەیگوت الفاتحة بە هیچ جۆرێك بۆ پێغەمبەر دانەبەزیووە.

وە هەروەها یاوەرەکان و تابعين و زاناکان ناکۆکن سەبارەت بەوەی کە ئایا سوورەتێکی مەکییە وە یان مەدینەییە. وە تەنانەت هەندێکیان دەڵێن

نیوەی لە مەککە دابەزیووە وە نیوەی لە مەدینە، وە هەندێکیان دەڵێن دوو جار دابەزیووە، جارێکیان لە مەککە وە جارێکیان لە مەدینە.

هۆکاری دابەزین:

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت: ابن ابي شیبة لە "المصنف" و ابو نعیم لە "دلائل النبوة " و البیهقی لە "دلائل النبوة " و الواحدي لە "اسباب النزول " وە الثعلبي لە "الکشف و البیان" ریوایەتێکیان دەرهێناوە کە ابی میسرة دەڵێت:

هەر کاتێك پێغەمبەری اللە گوی دەکرد، گوێی لە دەنگێك دەبوو بانگی دەکرد "ئەی محمد " وە پێغەمبەر یەکسەر ڕایدەکرد، ئەوەبوو وەرەقە کوڕی نەوفەل بە پێغەمبەری گوت: ئەگەر گوێت لە دەنگەکە بوو، بوەستە بزانە چی دەڵێت؟ ئەوە بوو پێغەمبەر چوو بۆ گووکردن و گوێی لە دەنگەکە بوو و گوتی "ئەی محمد بڵێ : بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ الحمدللە، هتد،، ولا الضالین"

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

لە سەرەتا دەڵێت 'بسم " (باسم ) واتە بە ناوی ( اللە ، الرحمن ، الرحیم)

کە هەر سێکیان ناوی خوداوەندی ئیسلامن.

ئەگەر هاتوو الرحمن و الرحیم سیفاتی اللە بووان ئەوا دەبوایە ئایەتەکە بەم شێوەیەی لێ بێت:

بسم الله الرحمن والرحيم

بەڵام نازانم چۆن کورد تەنانەت ناوەکانی خوداوەندی عەرەب دەکات بە کوردی ، چونکه هیچ "اسم علم " ێك وه بەتایبەتی "اسم جل الجلالة" مومکین نییه وەربگێڕدرێت. بەلام کورد کردوویەتی بە ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان.

واته ناوی "الله" کردووه به "خودا"

وه "الرحمن " و "الرحيم " کردووه به سیفات.

هەر ئاینێك ناوی تایبەت بە خوداکەی هەیە.

ناوی خودای بنی اسرائیل یەهوەی یان ئیلۆهیمه، ناوی خودای زەردەشتیەکان ئاهورامازدەیە، ناوی خودای ئیسلام "اللّٰه"یه

وه خودا به شێوەیەکی مجرد له زمانی عەرەبی "اله" ه نەك الله

"اله" واته "خوداوەند'ی ئیسلام ناوی الله و الرحمن و الرحيم هتد

سەدەها ناوی هەیە، بەڵام ۹۹ ناوی جوانه و پێی دەگوترێت "اسماء الحسنی" وه الله ، الرحمن و الرحيم بريتين له اسماء الحسنى.

دەکرێت رحمن و رحیم سیفات بێت، بەڵام کاتێك له سەرەتای سوورەتەکان دێت "بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ " سیفات نین بەڵکو ناون .

ئایەتی ١١٠ سورەتی الاسراء دەڵێت

قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَـٰنَۖ أَيًّا مَّا تَدْعُوا فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ

ئەی محمد بڵێ بە الله بانگی بکەن وەیان بە الرحمن بانگی بکەن، بە هەر کامێکیان بانگی دەکەن ئەوا ئەو (الله) ناوە جوانەکانی هەیە.

وە دکتور جواد علی لە المفصل في تاريخ العرب دەڵێت، حمیریەکان(یەمەنیەکان )، خوداوەندێك (بتێکیان ) دەپەرست، بە ناوی "رحمنن بعل سمين" واتە " رحمان خوداوەندی ئاسمانەکان. "

واتە وشەی "رحمن " بە ئەسل یەمەنییە، لەبەر ئەوە یاوەرەکان و زاناکان و موفەسیرەکان ئەوپەڕ ناکۆکیان هەیە سەبارەت بە مانای وشەی "رحمن".

وە تەنانەت موفەسیرەکان ناکۆکن سەبارەت بە ئەسلی وشەی "الله،" لەگەل ئەوەش ئەسڵی وشەکە سریانی ئارامییە بە ناوی خوداوەند دێت.

بەڵام سەبارەت بە "الله " لە زمانی عەرەبی، موفەسیرەکان دەڵێن "الله" لە "ال " + "اله" پێك هاتووە ، "ال "، لە زمانی عەرەبی بە ال التعريف واتە الف و لامی ناسینەوە، بۆ نموونە لە زمانی کوردی لە جیاتی "ال " عەرەبی بۆ ناسینەوە "کە " بەکاردێت، بۆ نموونە رجل ( پیاو )، الرجل ( پیاوەکە)

ڕەنگ بێت "ال " لە "ئیل " لە زمانی عیبری واتە خوداوەند هاتبێت، وە "اله" خوداوەند لە زمانی عەرەبی، واتە دەبێت بە خودای خوداکان "رب الارباب. "

ئەم بابەتە بابەتێکی دوورودرێژە وە هەر هەموو موفەسیرەکان دەیەها لاپەڕەیان لە سەری نوسیووە. بۆ نمونە القرطبی لە الجامع لاحكام القران لە تفسیری " بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ " ٢٨ بابەتی لەسەر نوسیووە. لە بابەتی ٢٦ دەڵێت:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ واتە بە "الرحيم " گەیشتن بە "الله الرحمن"

"الرحيم" سیفاتێکی محمدە، کە الله لە قورئاندا لە ئایەتی ١٢٨ سوورەتی التوبة پێیبەخشیووە، ئایەتەکە دەڵێت:

لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ

پێغەمبەرێکتان بۆ هاتووە لە خودی خۆتان، سەختە بەلایەوە ئەوەی تووشی بوون، بە پەرۆشە لەسەرتان وە بۆ باوەڕدارن میهرەبان و دلۆڤانە.

وە القرطبی بەردەوام دەبێت و دەڵێت، وەك ئەوە وایە بڵێیت "بسم الله الرحمن و الرحيم " واتە بە "محمد الرحيم " گەیشتن بە "الله الرحمن".

وە القرطبی دەڵێت، ئەم سوورەتە (سوورەتی الفاتحة) ١٢ ناوی هەیە:

یەکەم: الصلاة، (چونکە بێ ئەم سوورەتە نوێژ ناکرێت).

دووەم: الحمد، (چونکە ئاماژە بە وشەی حمد کراوە).

سێهەم: فاتحة، (چونکە یەکەم سورەتە لە قورئانی بەردەست).

چوارەم: أم الكتاب، (دایکی پەرتووك).

پێنجەم: أم القران، (دایکی قورئانە).

فەرموودەیەکی حسن صحیح لە جامع الترمذی هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی  الحمد لله أم القرآن وأم الكتاب والسبع المثاني.

واتە الحمدلله (سوورەتی الفاتحة) دایکی قورئانە و دایکی پەرتووکە و حەوتی هەشتەکەیە.

شەشەم: المثاني، بۆچی وای پێ دەگوترێت؟ ناکۆکی هەیە، بەڵام دەڵێن چونکە ئەم سوورەتە پارێزراو بوو لە لایەن خودای متعال بۆ میللەتی ئیسلام، وە بۆ هیچ میللەتێك دانەبەزیووە پێش ئیسلام.

حەوتەم: القران العظیم، ( چونکە هەموو زانستەکانی قورئانی تیادا چڕ بۆتەوە).

هەشتەم: الشفاء، (شیفایە) لە سنن الدارمی فەرموودەیەك هاتووە کە ابو سعید الخدری گوتوویەتی پێغەمبەری الله فەرمووی: سوورەتی الفاتحة شیفایە بۆ هەموو ژەهرێك.

نۆیەم:الرقیة، چونکە روقیەی پێ دەکرێت. لە صحیح البخاری هاتووە، کە کۆمەڵێك لە یاوەرەکانی محمد رقیەیان پێ کردووە، وە لە بەرامبەردا ڕانە مەڕیان وەرگرتووە، وە بەشیان بە محمد داوە.

دەیەم: الاساس، (بنەما) ابن عباس گوتوویەتی هەموو شتێك بنەمای هەیە، بنەمای دونیا مەککەیە، چونکە لە مەککەوە کشان درووست بوو، وە بنەمای ئاسمانەکان "عريبا"یە، کە دەکاتە ئاسمانی حەوتەم، وە بنەمای زەوی "عجيبا"یە، کە دەکاتە حەوتەم چینی زەوی، وە بنەمای بەهەشتەکان بەهەشتی عەدنە، وە بنەمای ئاگر دۆزەخە، کە دەکاتە چینی حەوتەمی ژێر ژێرەوەی دۆزەخ، وە بنەمای خەلقی مرۆڤ ئادەمە، وە بنەمای پێغەمبەران نوحە، وە بنەمای بنی اسرائيل يعقوبە، وە بنەمای پەرتووکەکان قورئانە، وە بنەمای قورئان فاتحەیە.

یانزەم: الوافية، (کە خوێندتەوە دەبێت پابەندی بیت).

دوانزەم: الكافية، (بۆ نەزان و نەخوێنەوارەکان، کە قورئان نازانن ئەوا فاتحة کافیە بزانن).

## ئایەتی ٢

الحمد لله رب العالمين

الطبری دەڵێت: الله بە خۆیدا هەڵدەدات.

چونکە لە سەرەتای ئایەتەکە وشەی "قل " واتە "بڵێ" وە یان "قولوا" واتە "بڵێن" الحمد لله (سوپاس یان درووود بۆ الله) نەهاتووە.

لەبەر ئەوە لەم ئایەتەدا الله بە خۆیدا هەڵدەدات.

واتە خوداوەندی ئیسلام (اللە) دەڵێت: هەموو سوپاسێك بۆ اللە خودای جیهانەکان.

خودای جیهانەکان واتە خودای هەموو مخلوقات، لە جیهانی گیاندار و جنۆکە و مرۆڤ و فریشتەکان.

هەرچەندە موسڵمانان ناکۆکن سەبارەت بە "العالمین " "جیهانەکان."

هەیانە، وەك ابو عالیة  دەڵێت، ١٤ یان ١٨ هەزار جیهان هەیە.

ابن کثیر ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکات کە گوتوویەتی، اللە هەزار میللەتی دروست کردووە، ٦٠٠ میللەت لە دەریان، وە ٤٠٠ میللەت لە وشکایین، وە یەکەم میللەت لەم میللەتانە لەناو دەچن کوللەن.

ئایەتی ٣٨ سوورەتی الانعام، تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەم فەرموودەیەی محمد ڕاستە، ئایەتەکە دەڵێت:

وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ

وە هیچ زیندەوەرێکی زەوی وە باڵندەیەك نییە کە بە دووباڵ دەفرێت وەك ئێوەی (موسڵمان) میللەت نەبن، وە لە پەرتووکدا هیچ شتێکمان تێنەپەڕاندووە، ئینجا هەموو ئەو میللەتانە لای خوداکەیان لە ڕۆژی قیامەت کۆدەکرێنەوە.

## ئایەتی ٣

الرحمن الرحيم (بگەڕێوە بۆ شرۆڤەی ئایەتی ١)

## ئایەتی ٤

مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ( خاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوە).

ئەم ئایەتە بە شێوازێکی تر نووسراوە و خوێندراوەتەوە (مَلِك يَوْمِ الدِّينِ) واتە (پادشای ڕۆژی لێپرسینەوە)

يوم الدين (واتە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوە).

وە لە صحيح البخاری و صحيح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، کە محمد دەڵێت: يقبض الله الأرض ويطوي السماء بيمينه ثم يقول أنا الملك أين ملوك الأرض؟ أين الجبارون؟ أين المتكبرون؟

الله، زەوی بە دەست دەگرێت و ئاسمان لوول دەدات بە دەستە ڕاستی، ئینجا دەڵێت من "مليك"م "پادشام "، پادشاکانی زەوی لە کوێن؟ بەهێزەکان لە کوێن؟ لووتبەرزەکان لە کوێن؟

واتە: الله، خاوەن و پادشای ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەیە.

# ئایەتی ٥

إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ

القرطبی دەڵێت، خوێندەوە و نووسینی جیا هەبووە سەبارەت بە وشەی (إِيَّاكَ) لەوانە: " إياك" بە بێ شەدە ، " أياك" وە " هياك".

ئایەتەکە دەڵێت: تۆ دەپەرستین و بە تۆ پشت دەبەستین.

# ئایەتی ٦-٧

اهدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ

صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ

ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست.

ڕێگای ڕاستی ئەوانەی چاکەت بەسەریاندا بەخشی، نەك ئەوانەی توڕەییت بەسەریاندا باراند، وە نەك گومڕاکان.

"صراط المستقيم " واتە ڕێگای الله و محمد، ڕێگای قورئان بە احکام و حلال و حرام و فەرمان و نەهی، وە سونەتی محمد بە ژیان و کردەوە و وتەکانیەوە، چونکە ئیسلام بریتیە لە الله و محمد .

( غير المغضوب عليهم ) ( نەك ئەوانەی توڕەییت بەسەریاندا باراندووە) واتە یهوودیەکان

وەك ئایەتی ٩٠ سورەتی البقرة دەڵێت:

فَبَاءُوا بِغَضَبٍ عَلَى غَضَبٍ

(یهوودیەکان ) شایستەبوون بە توڕەیی لەسەر توڕەیی الله

وە ئایەتی ٦٠ سورەتی المائدة دەڵێت:

مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ

واتە: ئەوانەی الله نەفرەتی لێیان کرد و لێیان توڕە بوو ( مەبەستی یهوودیەکانە).

(ولا الضالین ) ( وە نە گومڕاکان ) مەبەستی مەسیحیەکانە.

ئایەتی ٧٧ سورەتی المائدة، لە پەیوەست بە مەسیحیەکان دەڵێت:

قَدْ ضَلُّوا مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا كَثِيرًا

گومڕابوون لە ڕابردوو وە زۆر کەسیان گومڕا کرد.

وە خوداوەندی ئیسلام لە چەندەها شوێن بە کافر و گومڕایان دادەنێت بە هۆی ئەوەی مەسیحیەکان بڕوایان بە سیانەکی پیرۆز "الثالوث المقدس" هەیە وە پێیان وایە " المسیح " خودایە، وە هەروەها چەمکی 'ابن الله " واتە "ڕۆڵەی خودا" بەکاردەهێنن.

وە ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکات، کە ابن مردویة بە اسنادێکی صحیح ئاماژەی پێکردووە، کە دەڵێت:

ابی ذر گوتی، لە پێغەمبەری اللّٰەم پرسی؟ سەبارەت (المغضوب علیهم) گوتی یهوودیەکانن، وە گوتم ئەی (الضالین)؟ گوتی مەسیحیەکانن.

وە هەروەها ابن کثیر دەڵێت امام احمد لە مسندەکەی ئاماژەی بە فەرموودەیەکی عائیشە کردووە، کە گوتوویەتی، یەهوودیەکان سەبارەت بە هەموو شتێك حەسوودیمان پێدەبەن، هەروەك چۆن حەسوودیمان پێدەبەن سەبارەت بە رۆژی هەینی، کە اللّٰە ئێمەی هیدایەتدا بۆ رۆژی هەینی، وە ئەوانی گومڕا کرد بە هەینی، وە سەبارەت بەم قیبلەیەی کە اللّٰە ئێمەی پێ هیدایەت کرد، بەڵام ئەوانی پێ تووشی گومڕایی کرد.

کۆتایی سورەتەکە.

# (٦)

# سورەتی المسد (پەتك)

**١-تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ**

دەستت بڕزێ باوکی ئاگر دەك بڕزێت.

**٢-مَا أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ**

سامانەکەی و ئەوەی بەدەستی هێناوە سوودی بۆی نابێت.

**٣-سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ**

لە ئاگرێکی بلێسەدار دەسووتێت.

**٤-وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ**

وە ژنەکەی بارە دار هەڵدەگرێت.

**٥-فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ**

لە گەردەنیدا پەتێک لە خوری هەیە.

# شرۆڤه و تێبینی

هەموو زانایانی ئیسلام، بە شرۆڤەکار و نوسەرانی، لە هۆکاری دابەزین هاوڕان، کە ئەم سوورەتە لە پەیوەست بە عبدالعزی کوڕی عبدالمطلب، کە دەکاتە مامی محمد دابەزیووە. خوداوەندی ئیسلام لەم سوورەتە نازناوی "ابو لهب – باوکی ئاگری" لە عبدالعزی ناووە.

فەرموودەیەك لە صحیح البخاری، جامع الترمذي، مسند الامام احمد، دلائل النبوة لابي نعيم الاصفهانی، وە هەروەها لە اسباب النزول للواحيدي و لباب النقول في اسباب النزول للسيوطی هاتووە، کە ابن عباس دەڵێت:

پێغەمبەری الله بەیانیەك بەسەر تەپۆڵکەی سەفا سەرکەوت و هاواری کرد " یا صباحاه- ئەی بەرەبەیانتان" ئەوەبوو قورەیش لێیکۆبوونەوە، گوتی " ئەگەر پێتان بڵێم کە دوژمن بەرەبەیان یان ئێوارە بەسەرتاندا دەدات بڕوام پێ دەکەن؟ " گوتیان بەڵێ، گوتی " من هۆشیاردەری ئێوە لە سەروبەندی ئازار و ئەشکەنجەیەکی توند "ئەوەبوو عبدالعزی ( ابو لهب ) گوتی دەك داوەشێیت بۆ ئەوە ئێمەت کۆکردەوە، ئەوەبوو الله ئەم سوورەتەی دابەزاند

محمد گوتەیەتی من هۆشیاردەری ئێوەم لەسەرووبەندی ئازار و ئەشکەنجەیەکی توند، واتە ڕۆژی قیامەت نزیکە.

خوداوەندی ئیسلام بۆ ئەو قسەیەی عبدالعزی کە بە محمدی گوتووە ئەم سورەتە دادەبەزێنێت و دەڵێت.

دەستت بڕزێ باوکی ئاگر دەك بڕزێیت، سامان و ئەوەی بەدەستت هێناوە لە ڕۆژی قیامەت سوودی نابێت بۆت، هەر دەبێت بە ئاگری دۆزەخ کە کڵپدارە بتسوتێنم و سوورتکەمەوە.

ئینجا هێرش دەکاتە سەر ژنەکەی ابولهب کە ناوی ام جمیل دەبێت و دەڵێت:

وە ژنەکەشی (ام جمیل) کە بارەدار هەڵگرە وە پەتێکی خوری لە گەردەندایە لە دۆزەخدا دەسووتێنرێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی ام جمیل دڕکی دەهێنا و فڕێی دەدایە سەر ڕێگای هاتووچۆی پێغەمبەر و یاوەرەکانی بۆ ئەوەی ئازاریان بدات.

وە الطبری دەڵێت " حبل من مسد " ئەو پەتەیە کە ام جمیل بارەداری پێ دەبەستایەوە.

تێبینی: موسڵمانان ئەم سوورەتەیان کردووە بە موعجیزەیەکی قورئان و دەڵێن، ابو لهب دەیتوانی ئیسلام بێت و قورئان بەدرۆ بخاتەوە.

منیش دەڵێم ئەگەر ابولهب باوەڕی بە محمد و خوداوەندی محمد بهێنیایە، ئەوکات نووسەری قورئان دەقێکی بۆ ئەم سوورەتە زیاد دەکرد و دەیگوت

الا ان تابا و اصلحا ان الله توابا رحیما

تەنها ئەگەر تۆبە ( ابو لهب و ام جميل) بکەن ئەوا ئەوکات الله تۆبە قبوول دەکات و دلۆڤانە.

وە ئەم شێوازە لە لێدەرکردن، لە زۆر شوێنی قورئاندا بەکارهاتووە، بۆ نموونە ئایەتی ١٥٩ سوورەتی البقرة دەڵێت:

إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَىٰ مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ ۙ أُولَـٰئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ

لە ڕاستیدا، ئەوانەی کە ڕوونکردنەوە و ڕێنمایی دەشارنەوە کە دامانبەزاند دوای ئەوەی بۆ خەڵك ڕوونمان کردەوە لە پەرتوکدا، ئەوانە الله نەفرەتیان لێدەکات و نەفرەتکەران نەفرەتیان لێدەکەن.

ئایەتی ١٦٠ دەڵێت:

إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَـٰئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ

تەنها ئەوانە نەبێت کە تۆبە دەکەن و خۆیان چاك دەکەن، وە دەریانخست ئەوانە تۆبەیان قبووڵ دەکەم و لە ڕاستیدا من هەمیشە تۆبە قبووڵ دەکەم و دلۆڤانم.

نمونەیەکی تر : ئایەتی ٨٧-٨٨ سورەتی ال عمران دەڵێت:

أُولَـٰئِكَ جَزَاؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ

خَالِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ

ئەوانە سزاکەیان نەفرەتی الله و فریشتەکان و هەموو خەڵکە، وە بۆ هەمیشە لە دۆزەخ دەبن، وە سزا لەسەریان سووك نابێت.

ئایەتی ٨٩ دەڵێت: إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

تەنها ئەوانە نەبێت کە دوای ئەو کارەیان تۆبە دەکەن و خۆیان چاك دەکەن، هەڵبەتە الله هەمیشە بەخشندە و دلۆڤان بووە.

نموونەیەکی تر، ئایەتی ٤ سورەتی النور دەڵێت:

وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاء فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ

وە ئەو کەسانەی ژنانێکی پاك و خاوەن مێرد، تۆمەتبار دەکەن بە زینا، ئینجا نەیانتوانی چوار شایەت بێنن، ئەوا ٨٠ قامچیان لێ بدەن، وە هەرگیز شایەتیان قبووڵ مەکەن، وە ئەوانە خراپەکارن.

ئینجا ئایەتی ژمارە ٥ دەڵێت:

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

تەنها ئەوانە نەبێت کە دواتر تۆبە دەکەن و خۆیان چاك دەکەن ئەوا الله بەخشندە و دلۆڤانە.

دەیەها ئایەتی لەم چەشنە، لە قورئان هەیە . تەواو.

# (٧)

# سورەتی التکویر (لوولدان)

**١-إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ**

کاتێك خۆر لوول دەدرێت.

**٢-وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ**

وە کاتێك ئەستێرەکان غلۆردەبنەوە.

**٣-وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ**

وە کاتێك چیاکان ناهێلدرێن.

**٤-وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ**

وە کاتێك وشترانی ئاوس بەرداوێن.

**٥-وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ**

وە کاتێك دڕندەکان کۆکرانەوە.

**٦-وَإِذَا الْبِحَارُ سُجِّرَتْ**

وە کاتێك دەریاکان گڕ دەدرێن.

**٧-وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ**

وە کاتێك خودەکان جووت دەکرێن.

**٨-وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ**

وەکاتێك زیندەبەچاڵ پرسیاری لێدەکرێت.

**٩-بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ**

بە کامە گوناە کوژرا

**١٠-وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ**

وە کاتێك پەڕاوەکان واڵا دەکرێت.

**١١-وَإِذَا السَّمَاء كُشِطَتْ**

وە کاتێك ئاسمان دەپێچرێتەوە.

**١٢-وَإِذَا الْجَحِيمُ سُعِّرَتْ**

وە کاتێك دۆزەخ دادەگیرسرێت.

**١٣-وَإِذَا الْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ**

وە کاتێك بەهەشت نزیك دەخرێتەوە.

١٤-**عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا أَحْضَرَتْ**

خودەکان، زانیان چیان ئامادە کردەوە.

١٥-**فَلا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ**

دە سوێند دەخۆم بە کۆمەڵە ئەستێرەکان.

١٦-**الْجَوَارِ الْكُنَّسِ**

دەجووڵێن وون دەبن.

١٧-**وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ**

وە شەوکە باڵ دەکێشێت.

١٨-**وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ**

وە بەرەبەیان کاتێك هەناسەدەدات.

١٩-**إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ**

لە ڕاستیدا، (قورئان) وتەی پەیامبەرێکی ڕێزدارە.

٢٠-**ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ**

خاوەن هێز و دەسەڵاتە لای خاوەن عەرشی پتەو.

٢١-**مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ**

گوێڕایەڵە ئیجا دەستپاکە.

٢٢-**وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ**

وە هاوڕێکەتان شێت نییە.

٢٣-**وَلَقَدْ رَآهُ بِالأُفُقِ الْمُبِينِ**

وە بە دڵنیاییەوە لە ئاسۆی ڕووندا بینی.

٢٤-**وَمَا هُوَ عَلَى الْغَيْبِ بِضَنِينٍ**

وە ئەو سەبارەت بە غەیب خەیاڵ ناکات.

٢٥-**وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَانٍ رَجِيمٍ**

وە (قورئان) وتەی شەیتانی دەرکراو نییە.

٢٦-**فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ**

ئینجا بۆ کوێ دەڕۆن؟

٢٧-**إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ**

لە ڕاستیدا، ئەو (قورئان) تەنها یادکەرەوەیە بۆ جیهانەکان.

٢٨-**لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ**

بۆ هەر کەسێك لە ئێوە کە دەیەوێت ڕاستەڕێ بێت.

٢٩-**وَمَا تَشَاؤُونَ إِلاَّ أَن يَشَاء اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ**

وە ئێوە ناتوانن (ڕێگای ڕاست بگرن) مەگەر کاتێك الله خودای جیهانەکان بیەوێت.

# شرۆڤە و تێبینی

خوداوەندی ئیسلام لەم سوورەتە، کە سەرتاپای سەجعە، باس لە ڕووداوەکانی کۆتایی دونیا و داهاتنی ڕۆژی قیامەت دەکات و بە خۆر دەستپێدەکات و دەڵێت:

إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ

الطبری دەڵێت: (کورت) وە (تکویر) لە زمانی عەرەب واتە کۆکردنەوەی هەندێك شت بەسەر هەندێك شتی ترەوە، هەروەك چۆن مەندیل بەسەر یەکدا، لە سەر لوول دەدەیت.

لە صحیح البخاری فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە دەڵێت:

الشَّمسُ والقَمَرُ مُكَوَّرَانِ يَومَ القِيَامَةِ

واتە خۆر و مانگ لوول دراون لە ڕۆژی قیامەت.

وه له السلسلة الصحيحة للالبانی هەمان فەرمووده هاتووه به زیادەی ( في النار) له ناو ئاگر.

واته خۆر و مانگ له ڕۆژی قیامەت به لوولدراوی فڕێ دەدرێنه ناو ئاگرەوه.

واته، اللهى ئیسلام، له کۆتایی دونیا، خۆر لوول دەدات.

## ئایەتی ٢

وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ

وه کاتێك ئەستێرەکان پەرشوبڵاو دەبن و غلۆر دەبنەوه.

وەك ئایەتی ٢ سورەتی الانفطار دەڵێت:

وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انْتَثَرَتْ (وه کاتێك هەسارەکان /ئەستێرەکان پەرشوبڵاو دەبن)

خودا پەنامان بات!!

## ئایەتی ٣

وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ

واته، کاتێك چیاکان نامێنن.

هەروەك ئایەتی ٢٠ سورەتی النبأ دەڵێت: وَسُيِّرَتِ الْجِبَالُ فَكَانَتْ سَرَابًا (وه چیاکان تەفرووتوونا دەکرێن، وه شوێنەکانیان وەك سەرابی لێدێت)

وە ئایەتی ٨٨ سورەتی النمل دەڵێت: وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ (وە چیا وەك هەور دەڕوات)

## ئایەتی ٤

وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ

الطبری سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت: ئەو وشترانەن کە ١٠ مانگ تێپەڕ بووە بەسەر دووگیان بوونیان، بەڵام بە هۆی ترس و تۆقاندن لە ڕۆژی قیامەت، خەڵك گوێ بەم وشترانە نادات، لەگەڵ ئەوەش عەرەب وشتری زۆر خۆش دەوێت.

## ئایەتی ٥

وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ

وە کاتێك کە گیاندارە دڕندەکان لە ڕۆژی قیامەت کۆدەکرێنەوە.

وەك ئایەتی ٣٨ سورەتی الانعام دەڵێت:

وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ

وە هیچ گیاندارێك لە زەویدا نییە، وە هیچ باڵندەیەك کە بە دوو باڵ دەفڕێت نییە، کە وەك ئێوە (ئەی موسڵمانان ) میللەت نەبن، وە هیچ شتێکمان لە پەرتووك نەپەڕاندووە، ئینجا بۆ لای خوداکەیان کۆدەکرێنەوە.

کەواتە ئاژەڵ و باڵندەکان وە بە گیاندارە دڕندەکان و کێویەکانەوە لە ڕۆژی قیامەت کۆدەکرێنەوە بۆ لێپرسینەوە.

## ئایەتی ٦

وَإِذَا الْبِحَارُ سُجِّرَتْ

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە شرۆڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت، یەکێك لەم ٣ مانایە لە خۆیەوە دەگرێت:

یەکەم: گڕی تێبەردرا و ئاگری گرت. واتە وە کاتێك دەریاکان گڕیان تێبەردرا و ئاگریان گرت.

دووەم: وشك كران، واتە کاتێك دەریاکان وشك کران و ئاویان تیادا نەما.

سێهەم: پڕ بوون لە ئاو، واتە کاتێك دەریاکان پڕ بوون لە ئاو و لەسەریان ڕژا، ئەوا وشکایی لە زەویدا نامینێت.

## ئایەتی ٧

وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ

وە کاتێك خودەکان جووت بوون

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت، یەکێك لە ٣ مانا لە خۆیەوە دەگرێت:

یەکەم: لەگەڵ هاوشانی کۆدەکرێتەوە، ئیماندارەکان بەیەکەوە کۆدەکرێنەوە بۆ بەهەشت، وەکافرەکان بەیەکەوە کۆدەکرێنەوە بۆ دۆزەخ.

دووەم: ڕۆحەکان دەگێڕدرێنەوە بۆ لاشەکان.

سێهەم: خودی موسڵمانان هاوسەرگیریان پێ دەکرێت لەگەڵ حۆریەکان.

## ئایەتی ٨-٩

وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ

وە کاتێك زیندەبەچاڵکراو پرسیاریان لێ دەکرێت، بە چ گوناهێك کوژران؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر، الرازی لە مفاتیح الغیب وە الزمخشری لە الکشاف دەڵێن، ابن عباس گوتوویەتی لە سەردەمی جاهیلی (پێش ئیسلام) کاتێك ژنێك دووگیان دەبوو، وەکاتی منداڵ لە دایك بوونەکەی دەهات، دەچوو جاڵێکی هەڵدەکەند، وە لەسەر ئەو چاڵە منداڵەکەی دەبوو، ئەگەر کوڕ بوایە ئەوا هەڵیدەگرتەوە. وە ئەگەر کچ بوایە ئەوا دەیخستە ناو چاڵەکە و بە خۆڵ پڕی دەکردەوە.

الزمخشری لە الکشاف دەڵێت، عەرەب کچانی زیندە بە چاڵ دەکرد، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە تووشی شەرمەزاری نەیەن، وە یان بۆ ئەوەی خەرجیان نەکێشن.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت: عەرەب کچەکانی زیندەبەچاڵ دەکرد  بە دوو هۆکارەوە:

یەکەم: دەیانگوت فریشتەکانی اللە کچن، کەواتە کچان زیندە بە چاڵ بکەن بۆ ئەوەی کچان ببن بە فریشتەی اللە.

دووەمیان: یان لە ترسی پێداویستی و خەرج، وە یان لە ترسی بە سەبایا و کۆیلەکردنیان.

بە گشتی عەرەبی دورگەی عەرەبی لە چاو کۆمەڵگاکانی تری ئەو سەردەمە زیاتر پیاوسالاری بووە، وەك ئایەتی ٥٨ سورەتی النحل دەڵێت:

وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ

وە کاتێك پیاوێکیان مژدەی پێ دەدرا کە کچێکی بووە، ئەوا ڕووی ڕەش هەڵدەگەڕا و نیگەران دەبوو.

بەڵام، زیندەبەچاڵی کچان بەم شێوەیە نەبووە کە قورئان و سەرچاوە ئیسلامیەکان باسی دەکەن. ڕەنگ بێت چەند هۆز و تیرەیەکی کەمی عەرەبی زیندە بەچاڵی منداڵانی تازە لە دایك بوویان کردبێت، بە کوڕ و کچەوە لە کاتی گرانی و نەبوونی خواردن. ئایەتی ٣١ سورەتی الاسراء بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیەمان، ئایەتەکە دەڵێت:

وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ ۚ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا

وە منداڵەکانتان مەکوژن بە هۆی نەبوونی و دەست کورتیەوە، ئێمە ئەوان و ئێوە رزق دەدەین، وە ئەگەر پێشووتر کوشتووتانن، ئەوا هەڵەیەکی گەورە بووە.

ئەم ئایەتە دەڵێت، (اولادکم) واتە منداڵەکانتان (بە کورِ و کچەوە)

کەواتە: زیندەبەچاڵکردن بە هۆی رِەگەزەوە نەبووە، کورِان و کچانی گرتۆتەوە. تەنها ئەو خێڵ و هۆزانە ئەم کارەیان کردووە کە هەژار بوون، وە یان لە کاتی نەهاتی و وشکە ساڵیدا ئەم کارەیان کردووە.

## ئایەتی ١٠

وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ

واتە،کاتێك پەرِاوەکان کرانەوە.

ئەم پەرِاوانە کاروکردەوەکانی مرۆڤیان تیادا تۆمار کراوە، کە دوو فریشتەی سەر شانەکانی مرۆڤ بە ناوی "رقیب " و "عتید" دەینووسن.

ئایەتی ١٠-١٢ سورەتی الانفطار دەڵێت:

وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ كِرَامًا كَاتِبِينَ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ

وە دوو نووسەری پارێزەری بەرِێز لەسەرتانن، بەم کارانەتان دەزانن کە دەیکەن. وەك ئایەتی ١٨ سوورەتی ق دەڵێت:

مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ

وه هەر قسەیەك دەریبڕیت ئەوا فریشتەی "رقیب " و "عتید"ت لایه کە دەینووسن.

جا لە ڕۆژی قیامەت پەڕاوی ئەم نووسینانە دەکرێنەوە.

الله اكبر پشتوانمان بێت و بمانپارێزێت!

## ئایەتی ١١

وَإِذَا السَّمَاء كُشِطَتْ

وه کاتێك ئاسمان ڕادەماڵدرێت و لادەبرێت.

ڕەنگ بێت، کەسێك بڵێت، چۆن ئاسمان ڕادەمالدرێت و لادەبرێت؟ ئەی مەگەر ئاسمان بۆشایی نییە؟

نەخێر وه هەم دیسان نەخێر، (كلا و ثم كلا) لە ڕوانگەی خوداوەندی ئیسلام و دەقەکانی قورئان ئاسمان و ئاسمانەکان بنمیچن، وه کون و درزیان تێدا نییە، بەڵام لە ڕۆژی قیامەت هەم شەق دەبەن هەم الله اكبر وەك پەڕاو لوولی دەدات

ئایەتی ٣٢ سورەتی الانبیاء دەڵێت:

وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا (وه ئاسمانمان کرد بە بنمیچێکی پارێزراو)

وە ئایەتی ٤٧ سوورەتی الذاريات دەڵێت:

وَٱلسَّمَآءَ بَنَيْنَـٰهَا بِأَيْي۟دٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ (وە ئاسمانمان بە دەستێك (هێز) بینا کردووە، وە لەڕاستیدا ئێمە توانامان هەیە.

وە ئایەتی ٦ سورەتی ق دەڵێت:

أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاء فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ

ئەی سەیری ئاسمانی سەرەوەی خۆیان نەکردووە،کە چۆن بینامان کردووە و ڕازاندوومانەتەوە، وە هیچ کونێکی تیادا نییە، وەك ئایەتی٣ سوورەتی الملك دەڵێت:

الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا ۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَـٰنِ مِن تَفَاوُتٍ ۖ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ

ئەوەی ٧ چین ئاسمانی درووست کردووە کە هیچ نارێك و پێکیەك لە درووستکردنی ڕەحمان (اللّٰه) نابینرێت، دەچاوێك بە ئاسماندا بخشێنەوە بزانە درزێکی تیادا دەبینیت؟

هەروەك لەم دەقانە و دەیەها دەقی تری قورئان دیارە، وە زۆر ڕوونە کە ئاسمان بۆشایی نییە، بەڵکو ئاسمان مادییە و بنمیچە، وە هەروەها کون و درزی تێدا نییە.

بەڵام، لە ڕۆژی قیامەت ئاسمان شەق دەبات، هەروەك ئایەتی ٣٧ سوورەتی الرحمن دەڵێت:

فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ

وە ئەگەر ئاسمان شەق بوو، ئەوا ڕەنگەکەی سوورێکی زەیتی دەبێت.

وە ئایەتی ١٠٤ سوورەتی الانبياء دەڵێت:

يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ

لە ڕۆژی قیامەت ئاسمان لوول دەدەین، وەك لوولدانی پەڕاوی نووسراو.

هەموو ئەم ئایەتانە و سەدەها ئایەتی تر پێمان دەڵێن ئاسمان بنمیچە و بۆشایی نییە.

## ئایەتی ١٢-١٣

وَإِذَا الْجَحِيمُ سُعِّرَتْ

وَإِذَا الْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ

واتە کاتێك دۆزەخ دادەگیرسێنرێت، وە بەهەشت نزیك دەکرێتەوە.

## ئایەتی ١٤

لە وەڵامی هەموو ئەو (اذا -کاتێك ) دەڵێت :عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا أَحْضَرَتْ

خودەکان دەزانن چ شتێکیان (لە کاروکردەوە) ئامادە کردووە.

واتە، دەزانێت بەهەشتی دەبێت وە یان دۆزەخی دەبێت.

## ئایەتی ١٥-١٨

فَلا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ الْجَوَارِ الْكُنَّس وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ

لەم چوار ئایەتەدا خوداوەندی ئیسلام سوێند بە ٣ شت دەخوات:

سوێند بە (الخنس الجوار الكنس) و سوێند بە شەوکە باڵ دەکێشێت وە سوێند بە بەیانی کە هەناسە دەدات.

(الْخُنَّسِ الْجَوَارِ الْكُنَّس)، (الخنس) کۆمەڵێك هەسارە یان ئەستێرە (الجوار) گەڕۆك، (الكنس) ون دەبێت.

واتە خوداوەندی ئیسلام سوێند بەکۆمەڵێك ئەستێرە یان هەسار دەخوات کە ناوە بەدیار دەکەون ئینجا ون دەبن، هتد،،

ئیعجازتاشان هاتوون، درۆی گەورە دەکەن و دەڵێن ئەم ئایەتە باسی کونە ڕەشەکان دەکات، وە وشەی (الْكُنَّس) یان گۆڕیووە بۆ (كَنَس). من لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە وەڵامێکی کورتیان بدەمەوە بێ ئەوەی بچمە ناو جیهانی قووڵی زانستەوە:

یەکەم: هەموو شرۆڤەکارانی قورئان هاوڕان کە (الْخُنَّسِ الْجَوَارِ الْكُنَّس) باسی کۆمەڵێك ئەستێرە (یان هەسار) دەکات، کە هەندێك جار لە شەودا بەدیار دەکەون وە هەندێك جار ون دەبن و نابینرێن.

السیوطی له الدر المنثور دەڵێت:

سعيد بن منصور و الفريابی و عبد بن حميد و ابن جرير الطبری و ابن ابی حاتم و الحاكم ( وه به صحيحی داناوه) فەرموودەیەکیان اخراج کردووه کە علی کوڕی ابي طالب سەبارەت بە ئایەتی(الْخُنَّسِ الْجَوَارِ الْكُنَّس) گوتوویەتی هەسارەن، کە بەشەو بەدیار دەکەون و بە ڕۆژ ون دەبن و نابینرێن.

وە ابن ابي حاتم فەرموودەیەکی اخراج کردووه، کە علی کوڕی ابي طالب گوتوویەتی ( الْخُنَّسِ) پێنج ئەستێرەن: زحل و عطارد و مشتری و بهرام و الزهرة، وە لە هەسارەکان هیچ هەسارێك نییە وەك ئەم پێنج دانەیە فەلەك ببڕن.

وە ابن مردوية وە الخطيب لە پەرتووکی النجوم ( ئەستێرەکان) فەرموودەیەکیان اخراج کردووه، کە ابن عباس سەبارەت بە (الْخُنَّسِ الْجَوَارِ الْكُنَّس) گوتوویەتی حەوت ئەستێرەن: زحل و بهرام و عطار و موشتەری و زوهره و خۆر و مانگ، (الخنس) واتە بەدیارکەوتنیان وە (كنس ) ون بوونیان.

دووەم: هەموو یاوەرەکان (الصحابة) و تابعين هاوڕان لەگەڵ ئەم تفسیرەی سەرەوە بەڵام هەندێکیان وەك ابن مسعود گوتوویەتی (الكنس) واتە کاتێك مانگا لە ژێر سێبەردا خۆی وون دەکات ( هەروەك عبدالرزاق و سعيد بن منصور و الفريابی و ابن سعد و عبد بن حميد و ابن جرير الطبری و ابن ابي

حاتم و ابن المنذر و الطبرانی و الحاكم – وه بە صحیحی داناوە- فەرمودەیەكیان اخراج كردووە كە ابن مسعود وای گوتووە)

وە ابن عباس گوتوویەتی یەكێك لە دوومانا دەگرێتەوە: كۆمەڵێك ئەستێرەن كە بە شەو بەدیار دەكەون و بەڕۆژ ون دەبن، یان ئاژەڵی كێوین كە لە شەودا خۆیان دەشارنەوە.

سێهەم: زمان زانانی عەرەبی و فەرهەنگەكانی زمانی عەرەبی دەڵێن:

كُنَّس واتە شوێنێك كە ئاژەڵ خۆی تیادا دەشارێتەوە.

بەڵام " كَنَسَ" واتە زبل ڕاماڵین ، هەروەك چۆن لای خۆمان كاری "كناس" هەیە كە زبڵ كۆدەكاتەوە . وە ئەو شتەی كە زبڵ ڕادەماڵێت لە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت " مَكْنَسة" واتە گەسك.

بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت كە " كَنَسَ" لە زمانی عەرەبی بە مانای ڕاماڵینی زبڵ و پیسایی دێت ( هەڵبەتە كۆكردنەوەی زبڵەكە لە شوێنێك)

وە دەڵێن (كُنَّس النجم ) استمرَّ في مجراه ثمّ انصرف راجعًا ( بەردەوام بوو لە جوڵە و دووركەوتنەوە لە فەلەكەكەی – تاوەكو بە چاو نابینرێت- ئینجا بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە – ئەوكات بە چاو دەبینرێت).

وە یان " كُنَّس الحیوان" واتە ئاژەڵەكە گەڕا و سوڕا ئینجا گەرایەوە كونەكەی یان هێلانەكەی.

بەڵام لەم سەردەمەدا ئیعجازتاشان گەسکی کارەباییان لە ماڵەکانیان بینیوە کە زبڵ هەڵدەلوشێت و ڕادەکێشێت ، هاتوون " کُنَّس" یان کردووە بە " کنس ".

کونە ڕەشەکان تیشك و توخم هەڵدەلوشن، بەڵام "کنس" لە زمانی عەرەبی وەك گوتمان ڕاماڵینی زبل و کۆکردنەوەی لە شوێنێك وە بەمانای هەڵوشین نایەت.

بەڵام ئیعجازتاشانی عەرەب کاتێك گەسکی کارەباییان بینیوە، کە بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت

( لە ژێر فشاری نێگەتیف زبڵ هەلدەلوشێت)Vacuum cleaner

بەڵام لە زمانی عەرەبی هەر مانا کۆنەکەیان بۆ داناوە " مكنسة" کە ناوێکی گونجاو نییە چونکە "مكنسة " واتە گەسك دان و ڕاماڵین.

ئیعجازتاشەکان هاتوون دەڵێن "کنس " واتە چاڵی ڕەش، هەوەك چۆن گەسکی کارەبایی زبڵ هەڵدەلوشێت ئەوا چاڵی ڕەش بەهەمان شێوە تەنەکان هەڵدەلوشێت، الله اكبر لەم ئیعجازە.

بەڵام هەروەك گوتمان " کُنَّس" کە لەم ئایەتەدا هاتووە ماناکەی جیایە لە " كَنَسَ" کە ئیعجاز تازەکان بەکاری دەهێن و دەڵێن واتە چاڵە ڕەشەکان.

واتە، هاتوون قورئانیان دەستکاری کردووە و تحریف کردووە.

چوارەم: قورئان پێمان دەڵێت ئاسمان بنمیچە و کونی تێدا نییە، کەواتە کاتێك ئیعجازتاشان باس لە کونە ڕەشەکان دەکەن، دەقەکانی قورئان بەدرۆ دەخەنەوە.

پێنجەم: دەیەها شاعیری سەردەمی جاهیلی و ئیسلام  هەن، کە لە شیعرەکانیان وشەکانی "الخنس " و "الکنس" یان بەکارهێناوە بە مانای سەرهەڵدان و وون بوون.

شەشەم: نموونەی تفسیری قورئان بە قورئان.

ئایەتی ٤ سورەتی الناس دەڵێت:

مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ (لە شەڕی چرپەی الخناس)

"الخنس " و "الخناس" هەمان ڕەگیان هەیە کە "خنس" واتە شتێك کە سەردەردەکات و وون دەبێت.

لەم ئایەتە (الخناس)  واتە لە چرپەچرپی شەیتان کە دێت و دەڕوات (سەرهەڵدەدات و وون دەبێت).

موفەسیرەکان دەڵێن، علی کوڕی ابي طالب سەبارەت بە ( فلا اقسم بالخنس الجوار الکنس ) گوتوویەتی کۆمەڵێك ئەستێرەن لە ڕۆژ ون دەبن و لە شەو سەرهەڵدەدەن.

وە ابن كثير دەڵێت : "كنس " لە قسەی عەرەب بەشتێك دەگوترێت كە لە حالەتێكدا وون دەبێت، وە دەڵێن بزنە كێویەكە "كنس"ی كرد ئەگەر لە ئەشكەوتێك خۆی وون كرد.

## ئایەتی ١٩-٢٥

لە وەڵام بەم سوێندانە خوداوەندی ئیسلام دەڵێت :

إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ ذِي قُوَّةٍ عِندَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ وَمَا صَاحِبُكُم بِمَجْنُونٍ وَلَقَدْ رَآهُ بِالأُفُقِ الْمُبِينِ وَمَا هُوَ عَلَى الْغَيْبِ بِضَنِينٍ وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَيْطَانٍ رَجِيمٍ

واتە: لە ڕاستیدا قورئان وتەی پەیامنێرێكی بەڕێزە، خاوەن هێزە لای خاوەن عەرشی پتەو (واتە لای اللە)، گوێرایەڵی دەبن، ئینجا ئەمینە، وە یاوەرەكەتان (واتە محمد) شێت نییە، وە بە دڵنیاییەوە لە ئاسۆی ڕوون بینیی، وە ئەو (محمد)، ئاگاداری غەیب نییە، وە هەروەها قورئان وتەی شەیتانی دەركراو نییە.

(لە راستیدا قورئان وتەی پەیامنێرێكی بەڕێزە) هەموو موفەسیرەكان دەڵێن واتە جبرایل.

وە جبرایل خاوەن هێزو دەسەڵاتە لای خاوەن عرش (واتە لای اللە).

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە قورئان وتەی الله نییە، بەڵکو وتە و قسەی جبرایلە. وە ئەوە هەموو ئیدعایەکی موسڵمانان ڕەت دەکاتەوە، کە دەڵێن قورئان وتە و قسە و کلامی خودایە.

( مُّطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ) واتە گوێڕایەڵی دەبن، ئینجا ئەمینە.

کێن ئەوانەی گوێڕایەڵی جبرایل دەبن، ئینجا ئەمینە؟

(امین) واتە دەستپاکە لە گەیاندنی وەحی.

## ئایەتی ٢٢ -٢٤

وە محمد شێت نییە، وە لە ئاسۆی ڕوون جبرایلی بینیی، وە خەیاڵ ناکات کە غەیبی (جبرایلی) بینیووە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێن، محمد صلعم جبرایلی لە ئاسۆ بینیی کە ٦٠٠ باڵی هەبوو.

ئینجا دەڵێت، هەر بە ڕاستی محمد جبرایلی بینیی، وە محمد خەیاڵ ناکات.

القرطبی دەڵێت، محمد داوای لە جبرایل کرد کە خۆی نیشان بدات، ئەوەبوو جبرایل مۆڵەتی لە الله وەرگرت و خۆی بە پێغەمبەر نیشاندا، کاتێك پێغەمبەر سەیری کرد بینیی ئاسۆی بە تەواوی گرتووە ( زۆر گەورەیە و ٦٠٠ باڵی هەیە) دەڵێت، پیغەمبەر بورایەوە.

دەڵێت، قورەیشەکان گوتیان محمد شێتە، ( لە دورگەی عەرەب واباوبوو کە کەسێك دەبورێتەوە و تووشی گەشکە دەبێت کە جنۆکەی تێدایە).

هەروەك ئایەتی ٨ سوورەتی السبأ دەڵێت:

أَفْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِ جِنَّةٌ

(موشریەکان) دەڵێن، محمد درۆ بە ناوی اللّٰه دەکات، وە یان جنۆکەی تێدایە.

## ئایەتی ٢٥

وە قورئان وتە و قسەی شەیتانی نەفرەت لێکراو نییە.

## ئایەتی ٢٦

خوداوەندی عەرەب و  ئیسلام هەرەشە دەکات لە موشریك و کافرەکان و دەڵێت:

فَأَيْنَ تَذْهَبُونَ  (ئینجا بۆ کوێ دەچن)؟

## ئایەتی ٢٧ -٢٨

إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ

له ڕاستیدا، قورئان تەنها وەبیرخستنەوەیەکە بۆ جیهانەکان (بۆ جنۆکە و مرۆڤ) بۆ کەسانێك کە ئارەزوو دەکەن ڕاستەڕێ بن.

اسباب النزول للواحدی و لباب النقول للسیوطی و الجامع لاحکام القران للقرطبی دەڵێن, کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی ( بۆ کەسانێك کە ئارەزوو دەکەن ڕاستەڕێ بن) ابو جهل گوتی کەواتە ئێمە ئازادین لە باوەڕ هێنان، وە باوەڕهێنان بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، وە ئەگەر ئارەزوومان نەکرد ئەوا ڕاستەڕێ نابین.

ئەوەبوو الله ئایەتی ٢٩ دابەزاند کە دەڵێت: وَمَا تَشَاؤُونَ إِلاَّ أَن يَشَاء اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ

وە ئەوان ناتوانن ئارەزوو بکەن، مەگەر کاتێك الله بیەوێت.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٨)

# سوورەتی الاعلی (باڵا)

١-سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى

ستایشی ناوی خودا بەرزەکەت بکە.

٢-الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى

ئەوەی درووستی کردووە، ئینجا سەرووسیمای پێداوە.

٣-وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَى

وە ئەوەی بڕەکەی دیاری کردووە، ئینجا ڕێنمایی کردووە.

٤-وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَى

ئەوەی لەوەڕگای دەرهێناوە.

٥-فَجَعَلَهُ غُثَاءً أَحْوَى

ئینجا کردوویەتی بە ڕەشهەڵگەڕاوێکی ڕامالْدراو.

**٦-سَنُقْرِؤُكَ فَلا تَنسَى**

بۆت دەخوێنینەوە نەکەیت لە بیربکەیت.

**٧-إِلاَّ مَا شَاء اللَّهُ إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَى**

مەگەر شتێك ویستی اللهی لەسەر بێت، وە هەر خۆی بە دیار و نادیار دەزانێت.

**٨-وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى**

وە بەرەو ئاسانترت دەبەین.

**٩-فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى**

دەکەواتە یادکەرەوە ئەگەر یادکردنەوەت سوودی گەیاندبێت.

**١٠-سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَى**

ئەو کەسە یاددەکاتەوە کە دەترسێت.

**١١-وَيَتَجَنَّبُهَا الأَشْقَى**

وە سەرکێش خۆی لێی بەدووردەگرێت.

**١٢-الَّذِي يَصْلَى النَّارَ الْكُبْرَى**

ئەوەی بە ئاگری گەورە دەسووتێنرێت.

**١٣-ثُمَّ لا يَمُوتُ فِيهَا وَلا يَحْيَى**

ئینجا تیایدا نە دەمرێت وە نە دەژیێت.

١٤-**قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى**

ئەو کەسە سەرکەوتوو دەبێت کە خۆی پاککردۆتەوە.

١٥-**وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى**

وە یادی ناوی خوداکەی کردووە و نوێژی کردووە.

١٦-**بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا**

بەڵکو ئێوە لە ژێر کاریگەری ژیانی دونیان.

١٧-**وَالآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى**

وە کۆتایی باشترە و دەمینێتەوە.

١٨-**إِنَّ هَذَا لَفِي الصُّحُفِ الأُولَى**

لە ڕاستیدا ئەوە لە پەرتووکەکانی پێشوو (یەکەم) هەیە.

١٩-**صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى**

پەرتووکەکانی ئیبراهیم و موسا.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٢

ئەی محمد، خودا باڵاکەت شکۆمەند بکە، ئەو خودایەی کە مەخلوقاتی درووست کردووە و سەرووسیمای پێداوە.

## ئایەتی ٣

ئەو خودایەی کە چارەنووسی هەموو شتێکی دیاری کردووە، ئینجا ڕێنمایی کردووە و ڕێگای چاکە و باشەی بۆی دیاری کردووە.

لە صحیح مسلم هاتووە کە محمد گوتویەتی، الله چارەنووسی هەموو مەخلوقاتی دیاری کرد. پەنجا هەزار ساڵ بەر لە درووست کردنی ئاسمانەکان و زەوی، وە ئەو کات عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو.

## ئایەتی ٤-٥

وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَى فَجَعَلَهُ غُثَاءً أَحْوَى

ئەو خودایەی کە لەوەڕگای دەرهێناوە. ئینجا کردوویەتی بە پووشوویەڵاشی ڕەنگ گۆڕدراو.

## ئایەتی ٦-٧

سَنُقْرِؤُكَ فَلا تَنسَى إِلاَّ مَا شَاء اللَّهُ إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَى

ئەی محمد، قورئانت بۆ دەخوێنینەوە نەکەیت لە بیری بکەیت، مەگەر الله خۆی ویستی لەسەر بێت لە بیر بکەیت، لە ڕاستیدا الله خۆی بەم شتانە دەزانێت کە ئاشکرا و دیارن، وە ئەوانەی نادیار و نهێنین.

## ئایەتی ٨

ئەی محمد کارەکانت بۆ ئاسانتر دەکەین.

## ئایەتی ٩

فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى

دەکەواتە یادی خوداکەت بکەوە ئەگەر یادکردنەوە سوودێکی دەبێت.

## ئایەتی ١٠

سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَى

کەسانێك یادی الله دەکەنەوە، کە لە الله و ڕۆژی قیامەت دەترسن.

## ئایەتی ١١-١٣

وَيَتَجَنَّبُهَا الأَشْقَى الَّذِي يَصْلَى النَّارَ الْكُبْرَى ثم لا يَمُوتُ فِيهَا وَلا يَحْيَى

وە سەرکەشترین کەسانێك و خراپەکارترینیان خۆیان لە یادکرنەوەی اللہ بەدووردەخەن، ئەوانە لە ئاگری گەورەدا (دۆزەخ) دەسووتێنرێن، ئینجا لە ناو دۆزەخ نەدەمرن وە نە دەژین.

## ئایەتی ١٤-١٥

قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى

بە دڵنیاییەوە ئەو کەسە لە ڕۆژی قیامەت سەرکەوتوو دەبێت و ڕزگاری دەبێت کە خۆی لە گوناە پاك کردۆتەوە، وە یادی ناوی خوداکەی کردووە و نوێژی کردووە.

ئەوەی سەیرە لەم دەقە: ئاماژە بە نوێژکردن دەکات، بەڵام نوێژکردن لە دوا ساڵەکانی پێغەمبەرایەتی محمد لە مەککە فەرز دەکرێت.

## ئایەتی ١٦-١٧

بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَالآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى

بەڵام، نەخێر خەڵك سەرسامی ژیانی دونیان، لەگەڵ ئەوەش ژیانی دوای مەرگ زۆر باشتر و چاکترە لە چاو ژیانی دونیا، وە ژیانی کۆتایی ژیانێکی هەمیشە و بەردەوام دەبێت واتە نەمری دەبێت.

## ئایەتی ١٨-١٩

إِنَّ هَٰذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَىٰ صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ

لە ڕاستیدا ئەم قسانەی لەم سوورەتدا ئاماژەی پێکراوە، لە پەرتووکەکانی یەکەم ( پێشوودا)هەن،  لە پەرتووکەکانی ئیبراهیم و موسا.

پرسیار، ئایا هیچ پەرتووکێك بۆ ئیبراهیم دابەزیووە؟ هەرگیز .

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٩)

# سورەتی اللیل (شەو)

**١-وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى**

سوێند بە شەو کاتێك دادەپۆشێت.

**٢-وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّى**

سوێند بە ڕۆژ کاتێك بەدیاردەکەوێت.

**٣-وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالأُنثَى**

وە سوێند بەوەی لە نێرینە و مێینە درووستی کردووە.

**٤-إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى**

لە ڕاستیدا هەوڵ و تەقەلاکانتان جۆراوجۆرن.

**٥-فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى**

بەڵام ئەوەی کە دەیدات و (لە الله) دەترسێت.

٦-**وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَىٰ**

وە بڕوای بە چاکە هێناوە.

٧-**فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَىٰ**

ئەوا بەرەو ئاسانکاری دەبەین.

٨-**وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَىٰ**

بەڵام ئەوەی ڕەزیلی کردبێت و دەستی گرتۆتەوە.

٩-**وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَىٰ**

وە نکۆڵی لە چاکە کرد.

١٠-**فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَىٰ**

ئەوا بەرەو سەختی دەیبەین.

١١-**وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّىٰ**

وە سامانەکەی سوودی بۆی نابێت کاتێك فڕێدەدرێت (ناو دۆزەخ).

١٢-**إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ**

لە ڕاستیدا لەسەرئێمەیە بۆ ڕێنمایی.

١٣-**وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ**

وە لە ڕاستیدا بۆ ئێمەیە لە کۆتایی و لە سەرەتا.

١٤-**فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّى**

ئەوە ئاگادارم کردنەوە ئاگرێك کە دەسووتێنێت.

١٥-**لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى**

نایسووتێنێت تەنها سەرکەشترین نەبێت.

١٦-**الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّى**

ئەوەی نکۆڵی کرد و پشتی لێیکرد.

١٧-**وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى**

وە خوداترس (لە ئاگر)دووردەکرێتەوە.

١٨-**الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّى**

ئەوەی سامانەکەی دەدات، پاك دەبێتەوە (لە گوناە).

١٩-**وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَى**

وە هیچ کەسێك چاکەیەکی بەلایەوە نییە پاداشتی بدات.

٢٠-**إِلَّا ابْتِغَاء وَجْهِ رَبِّهِ الْأَعْلَى**

تەنها لە پێناو سیمای خودا بەرزەکەی نەبێت.

**٢١-وَلَسَوْفَ يَرْضَى**

وه به دڵنیاییەوە ڕازیی دەبێت.

# شرۆڤە و تێبینیی

## ئایەتی ١-٤

وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّى وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالأُنثَى إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى

اللّٰهی ئیسلام، لە ٣ ئایەتی یەکەمدا سوێند دەخوات بە شەو و ڕۆژ و ئەوەی لە نێرینە و مێینە دروستی کردووە، ئینجا وەڵامی سوێندەکانی دەداتەوە و دەڵێت: لە ڕاستیدا هەوڵ و تەقەلاکانتان جۆراوجۆرن.

سوێندی یەکەم: سوێند بە شەو کاتێك دادەپۆشێت.

لە ڕوانگەی اللّٰهی ئیسلامەوە، شەو وەك پەردەیەکی ڕەش وایە کە جیهان دادەپۆشێت و تاریکی دەکات.

وە لە قورئاندا بازنەی شەو و ڕۆژ هیچ پەیوەندیان بە خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا نییە، چونکە لە بنەڕەتەوە زەوی تەختە و جێگیرە وە نەك زەوی بەدەورەی خۆردا ناسوڕێتەوە، بەڵکو ئەوە خۆرە بە دەورەی زەویدا دەسوڕێتەوە (لە سورەتەکانی داهاتوو بە ئاشکرا ئەمە دەبینرێت).

بۆ نموونە لە چەندەها دەقی قورئان هاتووە.

يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ  (شەو ڕۆژ دادەپۆشێت).

شتێك لە زانستدا بوونی نییە بە ناوی داپۆشینی ڕۆژ لە لایەن شەوەوە. بابەتی شەو و ڕۆژ پەیوەندی هەیە بە خولانەوەی زەوی بەدەورەی خۆیدا. وە لەم خولانەوەیەدا بەردەوام، نیوەی زەوی ڕوو لە خۆر دەبێت و نیوەکەی تری پشت لە خۆر دەبێت. ئەو نیوەی کە ڕوو لە خۆرە، ڕۆژ دەبێت. وە ئەو نیوەی کە پشت لە خۆر دەبێت، تاریك دەبێت و شەو دەبێت.

وە لە ئایەتی ٣٣ سورەتی الانبیاء دەڵێت:

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ

وە ئەو (اللە) بوو کە شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی خەلق کرد، وە هەر هەموویان لە فەلەکێکدا دەسوڕێنەوە.

کێشەیەك نەدەبوو ئەگەر بیگوتبایە خۆر و مانگی دروست کرد، ئەوە ئاساییە. بەڵام شەو و ڕۆژ خلق نەکراون بەڵکو پەیوەندیان بە خولانەوەی زەوی هەیە بە دەورەی خۆیدا.

وە لە کۆتایی ئەم ئایەتە، اللەی ئیسلام پێمان دەڵێت، رۆژ و شەو فەلەکیان هەیە و تیایدا دەسوڕێنەوە.  سەرتاپای ئەم دەقە و ئەم تێڕوانینەی قورئان بۆ شەو و ڕۆژ گاڵتەجارین.

سوێندی دووەم: سوێند بە ڕۆژ کاتێك بەدیار دەکەوێت.

سوێندی سێهەم: (ئایەتی ٣) وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالأُنثَى

وەرگێڕانی ئەم دەقە وەك خۆی ماناكەی بەم شێوەیەی لێ دێت: وە نێرینە و مێینەی درووست نەكردووە.

هەڵبەتە، نووسەری قورئان مەبەستی ئەوە نییە كە (اللّٰه) نێرینە و مێینەی دروست نەكردووە، بەڵام ئەم مانایە دەدات. چونكە  ئایەتەكە ناتەواوە و پێویستی بە " مِنْ " هەیە – كە حرف جر-ە كە ماناكەی تەواو بكات.

واتە دەبێت ئەم ئایەتە بەم شێوەیە بنووسرێت:

وَمَا خَلَقَ مِنْ الذَّكَرَ وَالأُنثَى

وە سوێند بە هەر نێرینەیەك و مێینەیەك كە درووستی كردووە.

لەبەر ئەوە موفەسیرەكان دەڵێن ابن مسعود لە قورئانەكەی بەم شێوەی نووسیبوو: وَالذَّكَرَ وَالأُنثَى (سوێند بە نێرینە و مێینە)

واتە بە بێ (ما خلق)

ئینجا لە وەڵامی ئەم سوێندانە لە ئایەتی ٤ دەڵێت:

إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى

لە ڕاستیدا هەوڵ و تەقەلاكانتان جۆراوجۆرن.

واتە هەوڵ و تەقەلای مرۆڤێك بۆ مرۆڤێكی تر جیاوازە لە ڕووی بڕوا و خوداپەرستی و کارووکردەوەکانیەوە.

سەیرە ٣ سوێند و هەڵەیەکی کوشندە تەنها بۆ ئەوەی بڵێت ئەی مرۆڤ هەوڵ تەقەڵاکانتان جیاوازە (هەروەك لە سوورەتەکانی ڕابردوو ئاماژەمان کرد، جادووگەرەکان ئەم شێوازە لە دەربرینیان بەکار دەهێنا، سوێند خواردن ئینجا گەیاندنی هەواڵەکە).

سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم چوار ئایەتە، الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

پیاوێکی خاوەن دارخورما، لقی دارخورمایەکی کەوتبووە ماڵی پیاوێکی هەژاری خاوەن منداڵ، وە خاوەن دارخورماکە بە ناو ماڵەکە سەردەکەوت بۆ سەر دارخورماکەی، وە کاتێك خورمایەك دەکەوت منداڵانی ماڵەکە هەڵیاندەگرتەوە، پیاوەکە لە دارخورمەکە دادەبەزی و لێیانی دەسەندەوە، خۆ ئەگەر لە ناو دەمی منداڵەکان بووایە ئەوا بە پەنجە لە دەمیانی دەردەهێنا. پیاوی خاوەن ماڵەکە هات بۆ لای پێغەمبەر و سکاڵای لە خاوەن دارخورماکە کرد . پێغەمبەر بەم پیاوەی گوت بڕۆ پێیبڵێ کە پێغەمبەر گوتوویەتی ئەم دارخورما خوارەم بداتێ کە لق و پۆپی کەوتۆتە ناو ماڵەکەت، لەبەرامبەریدا دارخورمایەکی لە بەهەشت دەدەمێ. خاوەن ماڵەکە ڕۆیشت و پێیگوت. خاوەن دارخورماکە گوتی دارخورمام زۆرە و هەر هەموویان بەرووبوومیان باشترە لەم دارخورمایە، ئەم دارخورمایە بۆ تۆ لەبەرامبەر بە دارخورمایەکی بەهەشت. پیاوێك گوێی لەم قسانەی پێغەمبەر بوو و هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی ئەی پێغەمبەر دارخورمایەکی

بەهەشتم دەدەیتێ وەك ئەو پیاوەی کە دارخورمایەکت دایێ؟ پێغەمبەر گوتی دارخورمایەکی بەهەشت بۆ تۆ. ئەم پیاوە ڕۆیشت و تووشی خاوەن دارخورماکە بوو ...... ئیتر لە کۆتاییدا ئەم پیاوە دارخورماکەی بەهەشتی بە ٤٠ دارخورما دەفرۆشێت.

ئینجا ئەم پیاوەی کە ٤٠ دارخورماکەی لە بەرامبەر بە دارخورمایەکی بەهەشت گۆڕیەوە، هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی ئەی پێغەمبەر ئەم ٤٠ دارخورمایە بۆ تۆ. ئەوەبوو پێغەمبەر چوو بۆ ماڵی ئەو ماڵەی منداڵی هەبوو و گوتی ئەو دارخورمایانە بۆ تۆ، ئەوەبوو ئەم ٤ ئایەتە دابەزین.

سبحان اللە، پێغەمبەر تەسەروفی بە دارخورماکانی بەهەشتیشەوە کردووە. اللە اکبر

## ئایەتی ٥-١٠

فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى

وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى

ئینجا بەڵام، کە (سامانەکەی) دەبەخشێت و لە (اللە) دەترسێت وە بڕوای بە چاکە هێناوە، ئەوا کارەکانی بۆ ئاسان دەکەین.

بەڵام ئەوەی ڕەزیل بێت و دەستی خۆی بگرێتەوە (لە خێر کردن) وە نکۆڵی لە چاکە بکات، (واتە چاکە نەکات) ئەوا کارەکانی و ژیانی قورس و سەخت دەکەین.

## ئایەتی ١١

وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّى

وە سامانەکەی سوودی بۆی نابێت کاتێك فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە.

## ئایەتی ١٢

إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَى

ئەم دەقە زۆر لێڵ و ناڕۆشنە، وە بەم شێوازە ماناکەی دەبێت بە : لە ڕاستیدا لە سەرمانە بۆ ڕێنمایي.

هەروەك ڕوونە هیچ مانایەك نابەخشێت.

بۆ ئەوەی دەقەکە مانادار بێت دەبێت بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

عَلَيْنَا أن نُبَيِّنَ الْهُدَى

واتە لەسەرمانە ڕێگای هیدایەت ڕوونبکەینەوە.

چونکە ئەگەر سەیری ئایەتی ژمارە ٤-١١ بکەیت ئەوا ئاماژە بە دوو ڕێگا دەکات، وە دوو ڕێگاکەی دیاری کردووە.

## ئایەتی ١٣

وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالأُولَ

وه لە ڕاستیدا بۆ ئێمەیە بۆکۆتایی (ڕۆژی قیامەت) و یەکەم  (ژیانی دونیا).

ئەم ئایەتە بەم شێوازە لە ڕووی زمانەوانی و ماناوە هەڵەیە. دەبێت دەقەکە بەم شێوازە بێت بۆ ئەوەی مانای تەواو بدات بەدەستەوە:

وَإِنَّ لَنَا الاخِرَةَ وَالأُولَ

زۆر پێ دەچێت لەم دەقەدا نووسەرانی قورئان هەڵەیان کردبێت (الف و لام) سەرەتایان بەیەکەوە لکاندبێت، وە بەم شێوەیە بووە بە (للاخرة لەجیاتی (الاخرة).

واتە الله دەڵێت: ئێمە باڵادەستین بە سەر ژیانی دونیاتان و ڕۆژی قیامەت.

## ئایەتی ١٤-١٦

فَأَنذَرْتُكُمْ نَارًا تَلَظَّى لا يَصْلاهَا إِلاَّ الأَشْقَى الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّى

واتە ئینجا ئاگادارم کردنەوە، سەبارەت بە ئاگرێك کە کڵپە دەکات و دەسوتێنێت، ( لا یصلاها) تەنها سەرکەشترین مرۆڤ نەبێت  ئەوەی نکۆڵی دەکات و پشتی خۆی تێ دەکات.

لا يَصْلاهَا إِلاَّ الأَشْقَى

ئەم دەقە هەڵەیە، وە ماناکەی بەم شێوەیەی کە نوسراوە دەبێت بە:

تەنها مرۆڤی سەرکەش دۆزەخ دەسوتێنێت.

مرۆڤ دۆزەخ دەسوتێنێت؟ یان دۆزەخ مرۆڤ دەسوتێنێت؟

بە ڕاستی سەیرە، بڕیار وایە قورئان وتەی خوا بێت، (کە خودا هەڵە ناکات) وە بە زمانێکی عەرەبی مبین نوسرابێت، وە تەنانەت جنۆکە و مرۆڤ بەیەکەوە نەتوانن سوورەتێکی وەك قورئان بێنن.

دەقەکە دەبێت بەم شێوازە بێت بۆ ئەوەی مانادار بێت:

لا يُصلى إِلاَّ الأَشْقَى

واتە ناسوتێنێت تەنها سەرکێش نەبێت.

ئینجا دەڵێت ئەوەی کە نکۆڵیٚ دەکات و پشت لە ئیمان دەکات.

لە صحيح البخاری و صحيح مسلم فەرموودەیەك هاتووە کە محمد صلعم دەڵێت، سووکترین ئەشکەنجە کە خەڵلی دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەت دەیبین ئەوەیانە کە پشکۆیەك ئاگر دەخرێتە ژێر پاژنەی پێکانیانەوە، لەگەڵیدا مێشکیان دەکوڵێت.

وە هەروەها لە صحيح البخاری و صحيح مسلم فەرموودەیەك هاتووە کە ابی سعيد الخدری دەڵێت، لای پیغەمبەر ئاماژە بە ابو طالبی مامی کرا، ئەوەبوو گوتی: ڕەنگ بێت شەفاعەتم لە ڕۆژی قیامەت سوودی بۆی

هەبێت، ببردرێتە تەنکایی ئاگری دۆزەخ کە تا ئاستی گۆزینگی دێت، وە مێشکی لەگەڵیدا دەکوڵێت.

## ئایەتی ١٧-٢١

وَسَيُجَنَّبُهَا الأَتْقَى الَّذِي يُؤْتِي مَالَهُ يَتَزَكَّى وَمَا لِأَحَدٍ عِندَهُ مِن نِّعْمَةٍ تُجْزَى إِلاَّ ابْتِغَاء وَجْهِ رَبِّهِ الأَعْلَى وَلَسَوْفَ يَرْضَى

بەڵام کەسێکی خواترس لە دۆزەخ پارێزراو دەبێت، ئەوەی سامانەکەی دەدات بۆ ئەوەی لە گوناە پاك بێتەوە، لەگەڵ ئەوەش هیچ کەسێك چاکەی بەسەریەوە نییە، بۆ ئەوەی چاکەی بداتەوە، بەڵکو ئەم کارە دەکات لە پێناو ڕازی کردنی سیمای خودا باڵاکەی، وە ئەم کەسە الله لە ڕۆژی قیامەت ڕازی دەکات.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (١٠)

# سوورەتی الفجر (بەرەبەیان)

**١-وَالْفَجْرِ**

سوێند بە بەرەبەیان.

**٢-وَلَيَالٍ عَشْرٍ**

وە سوێند بە ١٠ شەوە.

**٣-وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ**

وە سوێند بە جووت و بە تاك.

**٤-وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ**

وە سوێند بە شەو كاتێك دەڕوات.

**٥-هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ**

ئایا لەمەدا سوێندێك هەیە بۆ خاوەن ژیر.

**٦-أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ**

ئەی نەتبینی کە خوداکەت چی کرد بە عاد؟

٧-**إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ**

ئیرەمی خاوەن ستوون

٨-**الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلادِ**

کە شتی لەم چەشنە لە ئاوەدانیەکان درووست نەکراوە.

٩-**وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ**

وە ثەمود، ئەوانەی کە بەردیان لە دۆڵەکان دەتاشی

١٠-**وَفِرْعَوْنَ ذِي الأَوْتَادِ**

وە فیرعەونی خاوەن دینگە

١١-**الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلادِ**

ئەوانەی سەرکێشیان کرد لە وڵات.

١٢-**فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ**

ئەوەبوو خراپەکاریان تیادا زۆر کرد.

١٣-**فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ**

ئەوەبوو خوداکەت ئەشکەنجەی قامچی بەسەریاندا ڕژاند.

**١٤-إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ**

له راستیدا خوداكەت له ئامادەسازیدایه.

**١٥-فَأَمَّا الإِنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلاهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ**

بەڵام مرۆڤ كاتێك خوداكەی تاقیكردەوە و ڕێزی گرت و چاكەی پێی بەخشی، ئەوا دەڵێت خوداكەم ڕێزداری كردووم.

**١٦-وَأَمَّا إِذَا مَا ابْتَلاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِ**

وه بەڵام كاتێك تاقیكردەوە و ڕزقەكەی سنووردارکرد ئەوا دەڵێت خوداكەم ڕیسوای كردم.

**١٧-كَلاَّ بَل لّا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ**

نەخێر، بەڵام ڕێز له هەتیو ناگرم.

**١٨-وَلا تَحَاضُّونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ**

وه هانی خواردنی هەژاران نادەن.

**١٩-وَتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلا لَّمًّا**

وه میرات دەخۆن به جۆرێك هەڵیدەلووشن.

**٢٠-وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا**

وه سامانیان خۆش دەوێت خۆشەویستیەكی زۆر.

٢١-**كَلاَّ إِذَا دُكَّتِ الأَرْضُ دَكًّا دَكًّا**

نەخێر، کاتێك زەوی وردووخاش دەکرێت بە وردووخاشکردن.

٢٢-**وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا**

وە خوداکەت هات، وە فریشتەکان ڕیز بە ڕیز.

٢٣-**وَجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ الإِنسَانُ وَأَنَّى لَهُ الذِّكْرَى**

وە ئەو ڕۆژە دۆزەخ هێنرا ئەوڕۆژە مرۆڤ وەبیری دێتەوە وە چۆن بیرکردنەوەیەك دەبێت.

٢٤-**يَقُولُ يَا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي**

دەڵێت خۆزگە دەستپێشخەریم بۆ ژیانم بکردایە.

٢٥-**فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُ أَحَدٌ**

ئینجا لەم ڕۆژەدا هیچ کەسێك بە ئەشکەنجەی ئەو ئەشکەنجە نادرێت.

٢٦-**وَلا يُوثِقُ وَثَاقَهُ أَحَدٌ**

وە هیچ کەسێك نابەسترێتەوە وەك بەسترانەوەی ئەو.

٢٧-**يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ**

ئەی ئەو خودەی ئارامیت.

**٢٨-ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً**

بگەڕێوە بۆ لای خوداکەت ڕەزامەندیت و ڕەزامەندت کردووە.

**٢٩-فَادْخُلِي فِي عِبَادِي**

دە بچۆرە ڕیزی بەندەکانم.

**٣٠-وَادْخُلِي جَنَّتِي**

وە بچۆرە بەهەشتەکەم.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٤

خوداوەندی ئیسلام لەم چوار ئایەتەدا سوێند بە پێنج شت دەخوات: سوێند بە بەرەبەیان، دە شەو و جووت و تاك و شەو.

لە سەرەتا سوێند بە بەرەبەیان دەخوات، ئینجا سوێند بە ١٠ شەوە دەخوات و دەڵێت (وَلَيَالٍ عَشْرٍ).

سەبارەت بە ( وَلَيَالٍ عَشْرٍ) ناکۆکی هەیە کە ئەم ١٠ شەوە چین الله اكبر سوێندی پێ دەخوات، بەڵام زۆربەی یاوەرەکانی محمد و تابعین، وە شرۆڤەکەرانی قورئان دەڵێت: الله مەبەستی ١٠ شەوی یەکەمی مانگی ذی الحجة یە، چونکە ١٠ی مانگی ذي الحجة جەژنی قوربانە.

ئینجا خوداوەندی ئیسلام سوێند دەخوات بە جووت (وَالشَّفْعِ) و بە تاك ( وَالْوَتْرِ).

القرطبی لە جامع لاحکام القران دەڵێت، فەرموودەیەکی صحیح هەیە کە پێغەمبەر گوتوویەتی( الوتر)، واتە ڕۆژی عەرەفە (کە دەکاتە ڕۆژی نۆیەمی مانگی ذی الحجة)وە (الشفع) واتە ڕۆژی سەربڕینی ئاژەڵ و قوربانی لە کاتی حەج (کە دەکاتە ڕۆژی ١٠ی مانگی ذی الحجة).

وە هەروەها فەرموودەیەك لە صحیح البخاری و سنن الکبری للبیهقی هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی : کارووکردەوەی باش لە هیچ ڕۆژێك بە قەد ئەم ١٠ ڕۆژە لای الله خۆشەویستتر نییە، لەبەر ئەوە لەم دە ڕۆژەدا زۆر بڵێن "لا اله الا الله " و "الله اکبر" و " الحمد لله".

بەڵام مجاهید و ابن عباس دەڵێن، (الشفع) مخلوقاتەکانی اللهن، چونکە هەموو شتێکی بە جووت درووستکردووە، بەڵام (الوتر) اللهیە چونکە تاکە. وە هەروەها فەرموودەیەك لە پێغەمبەر دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی الله نۆوەت و نۆ ناوی هەیە (واتە تاکە و جوت نییە)، وە الله تاکە و حەزی لە تاکە، هەروەك لە سوورەتی الاخلاص گوتوویەتی، قل هو الله احد (بڵێ ئەو الله دانەیەکە).

الطبری لە جامع البیان فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر گوتوویەتی (وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ)، واتە نوێژ چونکە نوێژ هەیە تاکە و هەیە جووتە.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە کە پێغەمبەر گوتوویەتی: الله ٩٩ ناوی هەیە، سەد کەم یەك ناو، هەر کەسێك ئەم

ناوانە بژمێرێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، وە الله (وتر)ە واتە (تاکە) وە حەزی لە تاکە.

گرنگ الله سوێند بە جووت و تاك دەخوات.

بۆچی؟ الله اعلم وەك ئایەتی ٧ سورەتی ال عمران دەڵێت:

وَ ما يَعْلَمُ تَأْويلَهُ إِلَّا اللهُ وَ الرّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنا

وە هیچ کەسێك ماناکەی (شرۆڤەکەی) نازانێت تەنها الله نەبێت، وە ئەوانەی لە زانستدا ڕۆچوون (چوونەتە قوڵاییەوە)، دەڵێن باوەڕمان پێیهێنا، هەر هەمووی لە لایەن خوداکەمانەوەیە.

ئینجا دەڵێت، سوێند بە شەو کاتێك نامینێت و دەڕوات (واتە بەرەبەیان دێت).

## ئایەتی ٥

لە دوای ئەم ٤ ئایەتە کە پێنج سوێندی تیادا دەخوات ، الله وەڵامی ئەم سوێندانە بە پرسیارێك دەداتەوە و دەڵێت:

هَلْ فِي ذَلِكَ قَسَمٌ لِّذِي حِجْرٍ

ئایا لەمەدا سوێندێك هەیە بۆ کەسانێکی خاوەن هۆش؟

پرسیار کردن عەیب نییە، نەك مرۆڤ، بەڵکو اللّٰەش پرسیار دەکات.

پرسیار دەکات، هەرچەندە ناکۆکی هەیە سەبارەت بە مانای (والشفع والوتر).

جا ئەگەر پرسیارەکە ڕۆشن و ڕوون نەبێت، چۆن بتوانین وەڵام بدەینەوە؟ دەڵێن تێگەیشتنی پرسیار نیوەی وەڵامە، ئەی ئەگەر لە پرسیارەکە تێنەگەیت؟ ئەوا دەبێت بڵێین "يَا وَيْلَنَا" (لە خۆمان ڕۆ) یاخود بڵێین " مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَـٰذَا مَثَلًا" اللە چ مەبەستێکی هەبوو لەم نموونەیە.

## ئایەتی ٦-١٤

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام ئاماژە بە کۆمەڵێك هۆز و نەتەوەی پێشوو دەکات، کە چۆن لە ناوی بردوون، وەك: عاد، ارم، ثمود، فرعەون .
لەسەرەتا بە عاد دەست پێدەکات و دەڵێت:

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ

محمد، ئەی نابینیت کە خوداکەت چ کارێکی کرد بە هۆزی عاد؟ بە ئیرەم خاوەن ستوون، کە ستوونی لەم چەشنە لە وڵاتان درووست نەکرابوو.

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە (إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ) دەڵێت، چوار بۆچوون هەیە:

یەکەم : هۆزی عاد ستوونی بەرزیان بەکاردەهێنا بۆ ڕاگرتنی ڕەشماڵەکانیان.

دووەم: خەڵکی هۆزی عاد باڵایان درێژ بوو.

سێهەم: هۆزی عاد خاوەن هێز و توانا بوون.

چوارەم: خاوەن بینای بەرز بوون.

هۆزی عاد، گوایە هۆزێك بوون لە بیابانی عەرەبی دەژیان، وە پایتەختەکەیان ئیرەم بووە، وە الله اکبر پێغەمبەرێکیان بۆ دەنێرێت بە ناوی هود، هەروەك ئایەتی٦٥ سورەتی الاعراف دەڵێت:

وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ

وە بۆ عاد براکەیان "هود"مان نارد و گوتی : ئەی قەومەکەم الله بپەرستن، هیچ خودایەکتان نییە جگە لە خۆی، ئایا ناترسن؟

ئایەتی ١٣٩ سورەتی الشعراء دەڵێت:

فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَاهُمْ

ئەوەبوو نکۆڵیان لە "هود " کرد ئینجا ئێمەش لەناومان بردن.

وە ئایەتی ٦ سورەتی الحاقة دەڵێت:

وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ

بەڵام عاد بە ڕەشەبایەکی سارد لە ناوبران،

ئایەتی ٩

وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ

وە ثەمود، ئەوانەی بەردیان لە دۆڵ دەتاشیی.

ثمود هۆزێك بوون لە حیجاز دەژیان لە شوێنێك پێی دەگوترا مدائن صالح.

ئایەتی ٦١ سورەتی هود دەڵێت:

وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا ۚ قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ

وە بۆ ثمود براکەیان " صالح"مان نارد گوتی ئەی قەومەکەم الله بپەرستن.

ئایەتی ١٤١ سورەتی الشعراء دەڵێت:

كَذَّبَتْ ثَمُودُ الْمُرْسَلِينَ

ثمود بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێنا.

ئایەتی ٧٨ سورەتی الاعراف دەڵێت:

فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ

ئینجا (زەویلەرزینێك) گرتنی ئەوەبوو لە ماڵەکانیان مردار بوونەوە.

بەڵام ئایەتی ٦٧ سورەتی هود دەڵێت, گرمە بوو لە ناوی بردن.

وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ

وە ئەوانەی ستەمیان کرد گرمەیەك گرتني وە لە ماڵەکانیان مردار بوونەوە.

ئایا، گرمە بوو یان زەویلەرزین؟ الله اعلم

ئایەتی ١٠-١٣ دەڵێت:

وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ

وە فیرعەونی خاوەن مێخ (ڕەنگ بێت مەبەستی لە مێخ ئەهرامەکان بێت) کە لە وڵاتدا سەرکێشیان کرد، وە  خراپەکاری زۆریان کرد، ئەوەبوو خوداکەت (سوط عذاب) بەسەریاندا ڕژاند.

(سوط) واتە قامچی

(عذاب) ئەشکەنجە

زۆر ڕوونە کە نووسەرانی قورئان لە کاتی نووسینەوە هەڵەیان کردووە. بۆ ئەوەی ئایەتەکە مانادار بێت، دەبێت بەم شێوەیە بێت:

فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْءِ عَذَابٍ

واتە، ئەوەبوو خراپترین ئەشکەنجەمان بەسەریاندا ڕژاند.

( سوء ) واته خراپ

وه له قورئاندا (سَوْءِ العَذَابِ) هاتووه، وەك ئایەتی ٤٩ سوورەتی البقرة و ١٥٧ سوورەتی الانعام ، ئایەتی ١٤١ و ١٦٧ سوورەتی الاعراف، و ئایەتی ٦ سوورەتی ابراهیم هتد.

## ئایەتی ١٤

إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ

ئەی محمد، بە دڵنیاییەوە خوداکەت لە ئامادەباشیدایە و لە سەنگەردایە و لە کەمینداییە.

## ئایەتی ١٥-١٦

فَأَمَّا الإنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلاهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ

وَأَمَّا إِذَا مَا ابْتَلاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِ

بەڵام مرۆڤ کاتێك خوداکەی تاقیدەکاتەوە، وە ڕێزداری دەکات و نیعمەتی پێدەدات، ئەوا دەڵێت خوداکەم ڕێزی لێگرتووم.

بەڵام کاتێك تاقیکردەوە، ئینجا بڕی ڕزقەکەی بەسەریدا دیاری کرد (واتە سنوورداری کرد و کەمی پێبەخشی و هەژاری کرد) ئەوا دەڵێت، خوداکەم ڕیسوایی کردم.

له ڕاستیدا، ئایەتی یەکەم کێشەی تێدایە، ماناکەی ڕاستتر دەردەچوو ئەگەر بەم شێوەیە بوایە:

فَأَمَّا الإنسَانُ إِذَا مَا ابْتَلاهُ رَبُّهُ بالْكَرَم والنِعَم فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ

واتە، بەڵام مرۆڤ کاتێك خوداکەی تاقی کردەوە بە ڕێزپێدان و نیعمەت ئەوا دەڵێت خوداکەم ڕێزی گرتم.

## ئایەتی ١٧-٢٠

كلاَّ بَل لّا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ وَلا تَحَاضُّونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ وَتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلا لَّمًّا وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا

لەم چوار ئایەتەدا خوداوەندی عەرەب دەڵێت:

نەخێر، بەڵکو ئەوانە ڕێز لە هەتیوو ناگرن، وە هانی خواردندانی هەژاران نادەن، وە (تراث) دەخۆن و هەڵدەلۆوشن، وە سامان و پارەیان زۆر خۆش دەوێت.

لە ئایەتی ١٩ نووسەرانی قورئان هەڵەیان کردووە لە وشەی ( التُّرَاثَ) کە دەبوایە ( المِيرَاث) بوايیە، واتە (میرات)

( التراث) واتە کەلتوور.

واتە ئایەتەکە دەبوایە بەم شێوەیە بوایە

وَتَأْكُلُونَ الميرَاثَ أَكْلا لَّمًّا

واتە وە میرات دەخۆن.

بەداخەوە، هەموو شرۆڤەکەران و وەرگێڕانانی قورئان بۆ زمانە جیاجێکانی جیهان، بە زمانی کوردیشەوە، درۆیان کردووە لە وەرگێڕانی وشەی تراث، چونکە تراث، بەمانای کەلتوور دیت، بەڵام بۆ ئەوەی دەقەکە مانابەخش بیت، دەبیت وشەکە میراث بێت.

هەڵبەتە نووسەرانی قورئان، هەڵەیان کردووە لە نووسینی وشەی المیراث، گۆڕیویانە بۆ وشەی التراث.

## ئایەتی ٢١-٢٤

كَلاَّ إِذَا دُكَّتِ الأَرْضُ دَكًّا دَكًّا وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا

وَجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ الإِنسَانُ وَأَنَّى لَهُ الذِّكْرَى

يَقُولُ يَا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي

ئینجا، اللّٰهی ئیسلام بە ڕۆژی قیامەت هەڕەشە دەکات و دەڵێت:

نەخێر، کاتێك زەوی هەژا و لەرزی و وردووخاش بوو، ئینجا ئەی محمد خوداکەت هات و فریشتەکانیش بە ڕیزەوە هاتن، وە ئەو ڕۆژە (کە ڕۆژی قیامەتە) دۆزەخ هێنرا، ئەو ڕۆژە مرۆڤ بیر لە کارو کردەوەکانی ژیانی دونیای دەکاتەوە، وە ئەوە چۆن بیرکردنەوەیەکە؟ ئینجا (پەشیمان دەبێتەوە) و

دەڵێت خۆزگە شتی باشم بکردایە و پێشخستایە بۆ ئەم ژیانەم (ژیانی دوای مەرگ).

ئایەتی ١٦-١٧ سورەتی الحاقة پێمان دەڵێت، کە لە ڕۆژی قیامەت الله چۆن دێت:

وَانشَقَّتِ السَّمَاءُ فَهِيَ يَوْمَئِذٍ وَاهِيَةٌ وَالْمَلَكُ عَلَىٰ أَرْجَائِهَا ۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ

(لە ڕۆژی قیامەت) بنمیچی ئاسمان شەق دەبات و کراوە دەبێت، وە فریشتەکان لە سەر لێوارەکانی ئەو شوێنەی کە شەق بووە لە بنمیچی ئاسمان  ئامادەییان دەبێت، وە ٨ دانەیان عەرشی الله هەڵدەگرن.

ئایەتی ١٩ سورەتی النبأ دەڵێت:

وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا

وە ئاسمان دەکرێتەوە کە دەروازە (دەرگا) بوو.

وە لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی لە ڕۆژی قیامەت دۆزەخ دەهێنرێت، کە ٧٠ هەزار قوڵپی هەیە، وە هەر قوڵپێک ٧٠ هەزار فریشتە گرتوویانە و ڕایدەکێشن.

## ئایەتی ٢٥-٢٦

فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُ أَحَدٌ وَلا يُوثِقُ وَثَاقَهُ أَحَدٌ

ئینجا، ئەو ڕۆژە (ڕۆژی قیامەت) هیچ کەسێك بە ئەشکەنجەی ئەو کەسە ئەشکەنجە نادرێت، وە هیچ کەسێك بە هەمان شێوەی ئەو کەسە نابەسترێتەوە و کۆت و بەند ناکرێت.

واتە هیچ کەسێك وەك کافر و بێبڕوا ئەشکەنجە نەدراوە و نادرێت، وە نابەسترێتەوە و نەبەستراوەتەوە.

## ئایەتی ٢٧-٣٠

يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً فَادْخُلِي فِي عِبَادِي وَادْخُلِي جَنَّتِي

ئەی ئەو ناخەی کە دڵنەوایت و ئارامیت، ( ڕۆحی باوەڕداران)بگەڕێوە بۆ لای خوداکەت، بە شێوەیەك کە خوداکەت لێت ڕازیە و تۆش لێی ڕازی دەبیت، ئینجا بچۆرە ڕیزی بەندەکانمەوە وە بچۆرە بەهەشتەکەم.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (١١)

# سوورەتی الضحی (چێشتەنگاو)

١-وَالضُّحَى

سوێند بە چێشتەنگاو.

٢-وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى

وە سوێند بە شەو کاتێك باڵ دەکێشێت.

٣-مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى

خوداکەت تۆی جێنەهێشتووە و دەستبەردارت نەبووە.

٤-وَلَلآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الأُولَى

وە بە دڵنیاییەوە کۆتایی بۆ تۆ باشترە لە سەرەتا.

٥-وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى

وە  بە دڵنیاییەوە خوداکەت پێت دەدات و ڕازیت دەکات.

**٦-أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى**

ئەی تۆی نەبینی بە هەتیووی، ئینجا لانەداری کردیت.

**٧-وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى**

ئەی تۆی نەبینی گومڕا بوویت، ئینجا ڕێنمایی کردیت.

**٨-وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى**

وە تۆی بینی دەستکورت بوویت و دەوڵەمەندی کردیت.

**٩-فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ**

دەکەواتە ستەم لە هەتیوو مەکە.

**١٠-وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ**

بەڵام لە داواکەر توڕە مەبە.

**١١-وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ**

بەڵام بە چاکەی خوداکەت بدوێ.

# شرۆڤە و تێبینیی

## ئایەتی ١-٣

وَالضُّحَى وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى

لە دوو ئایەتی یەکەمدا، اللهی ئیسلام سوێند دەخوات بە چێشتەنگا، (کاتێك خۆر لە ئاسۆ بەرز دەبێتەوە ) و بە شەو کاتێك باڵدەکێشێت.

اللهی ئیسلام، ئەم دوو سوێندە دەخوات بۆ ئەوەی محمد بڕوای پێ بکات، کە (هەروەك ئایەتی ٣ دەڵێت) دەستبەرداری محمد نەبووە و وازی لێ نەهێناوە.

لە صحيح البخاری و صحيح مسلم فەرموودەیەك هاتووە کە دەڵێت، ژنێکی قورەیشی بە پێغەمبەری گوت: دەبینم کە شەیتانەکەت دەستبەردارت بووە، ئەوەبوو الله ئەم ٣ ئایەتەی دابەزاند.

لە لباب النقول في اسباب النزول للسيوطى فەرموودەیەك هاتووە کە دەڵێت، الحاكم لە المستدرك ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت، ئەو ژنە ام جميل ژنی ابو لهب بوو.

وە لە اسباب النزول للواحدى و لباب النقول في اسباب النزول للسيوطى فەرموودەیەك هاتووە کە دەڵێت: جبرایل ماوەیەك نەهات بۆ لای پێغەمبەر، ئەوەبوو زۆر نیگەران بوو، خدیجە بە پێغەمبەری گوت لە

نیگەرانیت دەبینم کە خوداکەت وازی لێت هێناوە و دەستبەردارت بووە، ئەوەبوو الله ئەم ٣ ئایەتەی دابەزاند.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات کە دەڵێت، کاتێك یهوودیەکان ٣ پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد، سەبارەت بە رۆح و یاوەرانی ئەشکەوت و ذی القرنین، پێغەمبەر گوتی، بەیانی وەڵامتان دەدەمەوە، بەڵام پێغەمبەر نەیگوت ان شاء الله، ئەوەبوو وەحی بۆ نەهات، تاوەکو جبرایل هات و پێیگوت: ( ولا تقولن لشيء إني فاعل ذلك غدا إلا أن يشاء الله) (بە هیچ شتێك مەڵی بە دڵنیایەوە ئەم کارە بەیانی دەکەم مەگەر الله ویستی لەسەر بێت) ( ئایەتی ٢٣-٢٤ سورەتی الکهف)، ئەوە بوو جبرایل بە پێغەمبەری گوت وەڵامی پرسیارەکان، وە سەبارەت بەم چیرۆکە ئەم ٣ ئایەتە دابەزی. وە دەڵێن موسڵمانان لە پێغەمبەریان پرسی ئەوە چۆنە جبرایل وەحیت بۆ ناهێنێت؟ پیغەمبەر گوتی، جا جبرایل چۆن بێت لە کاتێکدا ئێوە پەنجەکانتان پاك ناکەنەوە و نینۆکتان ناقرتێنن و سمێڵتان قوت ناکەن. سبحان الله!

واتە دروستکەری گەردوون و ژیان، سوێند دەخوات بە چێشتنەگاو و شەو، بۆ ئەوەی محمد بڕوای پێ بکات کە دەستبەرداری نەبووە.

## ئایەتی ٤-٥

وَلَلآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ الأُولَى وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى

واتە، ئەی محمد ژیانی دوای مەرگ بۆ تۆ باشترە لە ژیانی دونیات، وە خوداکەت ئەوەندە زۆرت پێدەدات کە ڕازی بیت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان و الواحدی لە اسباب النزول سەبارەت بە (وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى) دەڵێن، فەرموودەیەك بە سەنەدێکی صحیح هاتووە، کە ابن عباس ڕیوایەتی کردووە ، فەرمودەکە دەڵێت:

اللّٰه هەزار هەزار (واتە یەك ملیۆن) کۆشك و تەلاری لە بەهەشت داوە بە پێغەمبەر، وە هەر کۆشك و تەلارێك بە گوێرەی پێویستی خۆی خزمەتکار و هاوسەری تێدایە.

وە ابن کثیر دەڵێت، یەکێک لە کۆی ئەم شتانەی بە پێغەمبەر دراوە لە بەهەشت، ڕووباری "کوثر" کە کەنارەکانی لە لؤلؤە و بنکەشی ڕووبارەکە لە مسکە.

## ئایەتی ٦-٨

أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى وَوَجَدَكَ عَائِلا فَأَغْنَى

لەم ٣ ئایەتەدا، اللّٰه اکبر باسی ئەو نیعمەت و چاکانەی دەکات کە بە پێغەمبەری بەخشیووە و دەڵێت ئەی محمد، تۆم نەبینی کە هەتیو بوویت وە من خانە و لانەم پێتدا؟

ئەی تۆم نەبینی کە گومڕا بوویت، وە ڕێنموییم کردیت؟

ئەی تۆ نەبینی کە هەژار و دەست کورت بوویت، وە تۆم دەوڵەمەند کرد؟

الواحدی لە اسباب النزول ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات کە ابن عباس ریوایەتی کردووە و دەڵێت، پێغەمبەری اللہ گوتی: پرسیارێکم لە خوداکەم کرد خۆزگە نەمکردایە، گوتم خوداکەم، پێغەمبەرانی پێش من موعجیزەیان هەبووە، وەك داود و سلێمان (با)ت بۆیان ڕام هێنابوو، وەك عیسای کوڕی مەریەم مردووی زیندوو کردۆتەوە، وە فەبوە و زۆریتر. ئەوەبوو اللہ گوتی: ئەی محمد، تۆم نەبینی هەتیوو بوویت و خانە و لانەم پێتدا؟ گوتم بەڵێ خوداکەم،گوتی ئەی تۆم نەبینی گومڕا بوویت، ئەوەبوو ڕێنماییم کردیت؟ گوتم بەڵێ خوداکەم، گوتی ئەی تۆم نەبینی هەژار و دەستکورت بوویت و دەوڵەمەندم کردیت؟ گوتم بەڵێ خوداکەم، گوتی ئەی سینەتم توێکار نەکردیت وە گوناهەکانم لەسەرت لابرد؟ ( ئایەتی ١-٢ سوورەتی الشرح) گوتم بەڵێ بەڵێ خوداکەم.

واتە، ئەی محمد موعجیزە بە تۆ نادەم.

مەبەست لەم ئایەتە (ئەی تۆی نەبینی هەتیوو بوویت و خانە و لانەم پێتدا)، مەبەستی ئەوەیە کاتێك ئامینەی دایکی مرد لەسەرەتا عبدالمطلب بەخێوی دەکرد، وە کاتێك عبدالمطلب مرد، ابو طالب بەخێوی دەکرد.

تەنانەت،بە شێوەیەك ابو طالب ئاگای لە پێغەمبەرمان دەبوو کە شەوانەش دەبوایە لە تەکی بخەوێت.

لە پەرتووکەکانی السیرة النبویة بە اسنادێکی حسن /صحیح هاتووە. کە ابو طالب شەوانە پێغەمبەری لە تەك خۆی دەخەواند، پێغەمبەر دەڵێت،

شەوێکیان ابو طالب داوای لێ کردم خۆم ڕووت بکەمەوە، ئەوەبوو گوتم مامە ڕووت وەرگێڕە، دەڵێت ڕووی وەرگێڕا و خۆم ڕووت کردەوە و لە تەنیشتی خەوتم. وە ابو طالب دەڵێت، لەشی محمد زۆر نەرم و نیان بوو، وە بۆنی وەك مسك خۆش بوو.

هەڵبەتە، دەبێت پەیوەندی نێوان مام و برازا وابێت.

بەڵام بەداخەوە ابو طالب بە کافری مرد.

وە کاتێك ئایەتی ٧ دەڵێت، (وە تۆی بینی گومڕا بوویت وە ڕێنمایی کردیت)، واتە، اللّٰه دەڵێت، ئەی محمد، تۆ لەسەر ئاینی قەومەکەت، قورەیش بوویت، کە بتپەرستی بوو، ئەوەبوو من هیدایەتم دایت بۆ ڕێگای خودا ناسی.

لە هەموو ئایەتەکانی قورئان "ضال " بە مانای گومڕا هاتووە، لەبەر ئەوە ئەم دەقە هیچ مانایەکی تر هەڵناگرێت. وەك الطبری دەڵێت، محمد لەسەر ئاینی قەومەکەی بوو بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ، واتە تاوەکو وەحی بۆهات.

ئایەتی ٨ دەڵێت (وە تۆی بینی هەژار و دەستکورت بوویت، ئەوەبوو دەوڵەمەندی کردیت)، هەڵبەتە بە دوو ڕێگا:

یەکەم : خدیجە بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو ، پارەوپوولی دوو مێردی پێشووی وەك میرات بۆ مابۆوە( چونکە بەر لە محمد دوو مێردی کردبوو). وە کاتێك محمد هاوسەرگیریی لەگەڵ خدیجە کرد، سەروەت و سامانی خدیجە  بۆ محمد بوو.

دووەم: لە ڕێگای دەستکەوتەکانی غەزو و سەرایا و جەنگ و شەڕ، وەك غەنیمە و خمس و انفال و فيء  (لە سورەتەکانی داهاتوو قسەی لەسەر دەکەین).

## ئایەتی ٩-١١

فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلا تَقْهَرْ وَأَمَّا السَّائِلَ فَلا تَنْهَرْ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ

بەڵام، ئەی محمد، نەکەیت تۆ ستەم لە هەتیوو بکەیت و سوکایەتی پێبکەیت، وە یان لە داواکارێك (هەژار و دەست کورت) تورە بیت و لووتبەرزی بکەیت، بەڵکو تەنها بە چاکەی خوداکەت بدوێ و قسە بکە، واتە، بە شێوەیەکی باش قسە لەسەر چاکە و فەزلی خوداکەت بکە بۆ خەڵك.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (١٢)

# سوورەتی الشرح (تویکار)

**١-أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ**

ئەی سینەمان تویکار نەکردیت؟

**٢-وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ**

گوناهەکانمان لەسەرت لانەبرد.

**٣-الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ**

ئەوگوناهانەی پشتیان چەماندبوویەوە.

**٤-وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ**

وە ئاماژە بە ناوتمان بەرز نەکرد.

**٥-فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا**

دە بە ڕاستی لەگەڵ هەموو تەنگەژەیەك ئاسوودەیی هەیە.

**٦-إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا**

وه لە ڕاستیدا لەگەڵ هەموو تەنگەژەیەك ئاسوودەیی هەیە.

**٧-فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ**

دە کاتێك تەواو بوویت ئەوا بپرژێرە(سەر خوداپەرستی).

**٨-وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ**

وە بۆ لای خوداکەت ئارەزوو بکە.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٤

ابن ابي حاتم له "التفسير بالمأثور" و الطبرى له " جامع البيان" و ابو نعيم له "دلائل النبوة " سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم چوار ئایەتە فەرموودەیەکی صحیحیان اخراج کردووە، لە انس بن مالك و عدى بن ثابت کە محمد صلعم فەرموویەتی: داوایەکم کرد لە خوداکەم خۆزگە هەر نەمکردایە، گوتم ئەی خوداکەم تۆ ابراهیمت کردووە بە دۆستی خۆت، وە بە قسەکردن قسەت لەگەڵ موسا کردووە، وە چیات بۆ داود ڕام هێنابوو، وە (با) و شەیتانەکانت بۆ سلێمان ڕام هێنابوو، وە مردووت بۆ عیسا زیندوو کردۆتەوە، ئەی چیت بۆ من کردووە؟ دەڵێت، الله گوتی ئەی محمد، ئەی لە هەموو ئەوانە باشترم پێت نەداوە؟ ئەی تۆم نەبینی هەتیوو بوویت و لانەم بۆت دابینکرد؟ وە گومڕا بوویت و ڕێنماییم کردیت؟ ئەی هەژار

نەبوویت و دەوڵەمەندم کردیت؟ ئەی سینەتم توێکار نەکرد؟ ئەی گوناهەکانتم لانەبرد؟ ئەو گوناهانەی پشتیان چەماندبوویەوە، وە ناوی تۆم بەرزکردەوە، هەرکە ئاماژە بە ناوم دەکرێت ئەوا ئاماژە بە ناوی تۆش دەکرێت.

لای ابو نعیم بە زیادەیەك هاتووە کە دەڵێت: وە سینەی میللەتەکەتم کردووە بە ئینجیلەکان، ئەزبەر قورئان دەخوێننەوە، وە ئەوەم بە هیچ میللەتێکی پێش تۆ نەداوە. وە گەنجینەیەکم لە گەنجینەی عەرشەکەم بە تۆ داوە، واتە، لا حول ولا قوة الا بالله (هیچ هەوڵ و هێزێك بە بێ الله نییە).

(أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ) واتە، ئەی محمد، ئەی سینەی تۆمان توێکار (فراوان ) نەکرد بۆ دەرك و تێگەیشتن لە خودا پەرستی؟

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ئەم ئایەتە واتە، ئەی محمد، ئەی سینەتمان فراوان نەکردیت بۆ ڕێگای باوەڕ و خوداپەرستی؟ هەروەك ئایەتی ١٢٥ سورەتی الانعام دەڵێت:

فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ

وە هەر کەسێك الله بیەوێت ڕێنمایی بکات ئەوا سینەی فراوان دەکات بۆ ئیسلام.

وە سەرچاوە ئیسلامیەکان پێمان دەڵێن، کە محمد ٣ جار سینگی شەق کراوە و کڵۆخوێنی شەیتان لە دڵی دەرهێنراوە و دڵی بە ئاوی زەم زەم پاك کراوەتەوە.

لە صحیح مسلم هاتووە، کە لە فەرموودەیەك محمد دەڵێت، کاتێك منداڵ بووم، جبرایل هات، سینەی شەق کردم و کڵۆخوێنێکی لێدەرهێنا و گوتی ئەمە بەشی شەیتان بوو تیاتدا، (فاستخرج القلب فاستخرج منه علقة فقال هذا حظ الشيطان منك).

وە ابن حجر لە فتح الباری – باب المعراج- دەڵێت، وە سەلمێندراوە کە پێغەمبەر سینگی شەق کراوە، لە سەرەتای پێغەمبەرایەتی، وە دەڵێت ابو نعیم لە دلائل النبوة ئاماژەی پێ کردووە.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، کە بۆ جاری سێهەم سینگی شەق دەکرێت و کڵۆخوێنی شەیتان لە دڵی دەردەهێنرێت، بەرلەوەی بە بوراق شەورەوی بکات و بۆ ئاسمانەکان بچێت.

ئایەتی ٢-٣ دەڵێت:

وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ

واتە، گوناهەکانتمان لەسەرت لابرد، کە بە هۆی زۆرییان پشتیان چەماندبوویەوە.

(وزر) لە قورئاندا بە مانای گوناە، وە بە مانای بارێکی گران دێت.

بۆ نموونە ئایەتی ١٨ فاطر دەڵێت، ( وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ) واتە، هیچ کەسێك گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت.

وە لە ئایەتی ٤ی سوورەتی محمد، بە مانای باری گران دێت، ئایەتەکە دەڵێت:

حَتَّىٰ تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا

تاوەکو جەنگ بارە گرانەکانی دادەنێت.

( أَوْزَارَ) بە کۆ هاتووە، کە تاکەکەی ( وِزْرَ).

واتە ئایەتی ١-٣ دەڵێن: ئەی محمد، ئەدی ئێمە سینەمان توێکار نەکردیت وە گوناهەکانتمان لەسەرت لانەبرد؟ ئەو گوناهانەی کە بارێکی گران بوون و پشتیان چەماندبوویەوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان دەڵێن، ابن مسعود ئەم ئایەتەی لە قورئانەکەی بەم شێوازە نوسیبوو و دەیخوێندەوە:

وَحَلَلْنا عَنْكَ وِقْرَكَ الَّذِي أَنْقَض ظَهْرَكَ

واتە، باری گرانمان لەسەرت لابرد، کە پشتتیان چەماندبۆوە

واتە، محمد، بەر لەوەی ببێت بە پێغەمبەر، بە هۆی شرك و بتپەرستییەوە گوناهێکی زۆری هەبوو، بەڵام کاتێك خوداوەندی عەرەب (الله اکبر)، کردی بە پێغەمبەر لە گوناهەکانی خۆش بوو.

واتە، پێغەمبەری نازدارمان هەڤاڵێکی بارگران بوو.

الطبری و القرطبی سەبارەت بە (الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ) دەڵێن، وەك وشتر چۆن کاتێك لەسەفەر دەگەڕێتەوە و باری گرانە، وە بە هۆیەوە لەڕ و لاواز دەبێت و پشتی دەچەمێتەوە، ئەوا پێغەمبەر بەهەمان شێوە بوو.

وە اللهی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ٢ سورەتی الفتح تاکید دەکاتەوە کە محمد، گوناهی هەبووە کاتێك دەڵێت:

لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ

واتە، بۆ ئەوەی ئەی محمد، الله لە گوناهەکانی پێشووترت و دواترت خۆش بێت.

## ئایەتی ٤

وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ

واتە، ئاماژەکردنمان بە ناوی تۆ بەرزکردەوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، واتە هەرچەند جارێك ئاماژە بە ناوی الله بکرێت، ئەوا ئاماژە بە ناوی محمد دەکرێت، بۆ نموونە وەك شایەتوومانی ( اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمد رسول الله)، واتە، شایەتیی دەدەم کە هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە شایەتیی دەدەم کە محمد پێغەمبەری اللەیە.

وه ده‌ڵێت: هیچ وتارخوێنێك و نوێژكه‌رێك و بانگده‌رێك نییه كه ئاماژه به محمد نه‌كات، له كاتی وتار پێشكه‌شكردن و نوێژكردن و بانگدان. له‌به‌ر ئه‌وه الله ده‌ڵێت، ئه‌ی محمد، ناوی تۆمان له دونیا و قیامه‌ت به‌رزكرده‌وه.

وه ابن كثير له تفسير القران العظيم و الطبری له جامع البيان ئاماژه به فه‌رمووده‌یه‌ك ده‌كه‌ن، كه ابو سعيد الخدری ڕیوایه‌تی كردووه و ده‌ڵێت، پێغه‌مبه‌ر گوتی جبرايل هات بۆ لام و گوتی، خوداكه‌م و خوداكه‌ت ده‌ڵێت، چۆن ئاماژه‌م به ناوی تۆ به‌رزكردۆته‌وه؟ گوتی الله اعلم (الله باشتر ده‌زانێت) جبرايل گوتی، الله ده‌ڵێت هه‌ر كاتێك ئاماژه به ناوم كرا ئه‌وا ئاماژه به ناوی محمد ده‌كرێت.

وه امام البغوی له معالم التنزيل ده‌ڵێت، حسان بن ثابت، شاعیره‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ر له پارچه شیعرێكدا گوتوویه‌تی:

وضمَّ الإلهُ اسمَ النبيِّ مع اسمهِ

إذا قالَ في الخمسِ المؤذنُ: أشهدُ

وشقَّ له من اسمه لِيُجِلّه

فَذُو العَرْشِ محمودٌ وهذا محمدُ

واته:

وه خودا ناوی پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی به ناوی خۆیه‌وه لكاند.

کاتێك بانگدەر پێنج جار دەڵێن شایەتوومانی بدەن.

وە ناوەکەی لە ناوەکەی خۆی دەرهێناوە بۆ شکۆمەندکردنی.

الله خاوەن عەرشی محمودە، وە ئەوە محمدە. (تەواو)

ناوی محمود و محمد لە ڕەگی (حمد) وەرگیراوە.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ابن عباس سەبارەت بەم ئایەتە گوتوویەتی الله دەڵێت، ئەی محمد، ئاماژە بە ناوم ناکرێت ئەگەر لەگەڵمدا ئاماژە بە ناوت نەکرێت، لە کاتی بانگدان، نوێژ دامەزراندن، نوێژکردن، شایەتوومانیی، ڕۆژی هەینی لەسەر مینبەر، جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان، لە حەجدا لە ڕۆژی تەشریق و لە ڕۆژی عەرەفە و لە ڕۆژی رەجمکردنی شەیتان و لە سەفا و مەروا، لە کاتی ژن مارەکردن، وە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا. وە ئەگەر پیاوێك، الله بپەرستێت و بروای بە بەهەشت و دۆزەخ هەبێت و بڕوا بە هەموو شتێك بێنیت (لە پەیوەست بە ئیمان)، بەڵام شایەتی نەدا کە محمد پێغەمبەری اللەیە، ئەوا ئیمانەکەی سوودی نابێت و کافرە.

## ئایەتی ٥-٦

فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا

إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا

ئینجا، لە ڕاستیدا لەگەڵ تەنگەژە ئاسانیی هەیە، لە ڕاستیدا لەگەڵ تەنگەژە ئاسانی هەیە.

واتە، اللّٰەی ئیسلام دووجار دەڵێت، لەگەڵ تەنگەژە و سەختی، ئاسانی و کرانەوە (فراوانی ) دێتە ئاراوە.

السیوطی لە لباب النقول في اسباب النزول، سەبارەت بەم دوو ئایەتە دەڵێت، کاتێك ئەم دوو ئایەتە دابەزی، پیغەمبەر گوتی ئەی موسڵمانان موژدە "یسر "کرانەوە و فراوانی بۆتان هات، وە تەنگەژەیەك ناتوانێت بەسەر دوو 'یسر " زاڵ بێت.

مەبەست لەم دوو ئایەتە، وەك موفەسیرەکان دەڵێن: واتە، ئەو تەنگەژەیەی کە تۆی تیایت بە هۆی موشریکەکانەوە، ئەوا بە کرانەوە و ئاسانکاری کۆتایی دێت و ژیانت خۆش دەبێت.

## ئایەتی ٧-٨

فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ

واتە، ئەی محمد هەر کاتێك لە ژیانی ڕۆژانەت دەستت بەتاڵ بوو، ئەوا کاتت تەرخان بکە بۆ خوداپەرستی و ئارەزووی خوداکەت بکە.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (١٣)

# سورەتی العصر (سنووردار)

**١-وَالْعَصْرِ**

سوێند بە کاتی سنووردار.

**٢-إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ**

لە ڕاستیدا، مرۆڤ لە دۆڕاندایە.

**٣-إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ**

تەنها ئەوانە نەبێت، کە باوەڕیان هێناوە و کاری باشیان کردووە و پابەندی ڕاستی بوون و پابەندی خۆگری بوون.

## شرۆڤە و تێبینی

(العصر) لە زمانی عەرەبی، بە مانای شتێك دێت کە سنووردار کرابێت، لە نێوان دوو شت، وەك کاتی دوای نیوەڕۆ "عصر" کە دەکەوێتە نێوان نیوەڕۆ، کاتێك خۆر لە ئاسۆی بەرزە وە "مغریب" کاتێك خۆر ئاوا دەبێت.

اللهی ئیسلام، سوێند دەخوات بە کاتی عەسر، وە کاتی عەسر لە قورئاندا هاتووە کاتی نوێژی ناوەڕاستە، چونکە قورئان فەرمان بە ٣ نوێژ دەکات لە ڕۆژێکدا. لە ئایەتی ٢٣٨ سوورەتی البقرة هاتووە:

حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَىٰ

پارێزگاری لە نوێژەکان و نوێژی ناوەڕاست بکەن.

نوێژی ناوەڕاست مەبەستی نوێژی عەسرە.

وەك لە مسند امام احمد فەرموودەیەك هاتووە، کە محمد صلعم، لە ڕۆژی الاحزاب گوتوویەتی: سەرقاڵیان کردین لە نەکردنی نوێژی ناوەڕاست، نوێژی عەسر، الله دڵەکانیان و ماڵەکانیان پڕ ئاگر بکات.

وەك الطبری دەڵێت، عائیشة و حفصة دەیانگوت، لەسەردەمی پێغەمبەر ئەم ئایەتەمان بەم شێوەیە دەخوێندەوە :

حافظوا على الصلوات والصلاة الوسطى صلاة العصر

پارێزگاری لە نوێژەکان (نیزاکان) و نوێژی نیوەڕۆ نوێژی عەسر بکەن.

ئینجا، لە ئایەتی ٢-٣ اللهی ئیسلام لە وەڵامی سوێندەکەیدا دەڵێت:

لە ڕاستیدا مرۆڤ لە دۆڕاندایە، تەنها ئەوانە نەبێت، کە باوەڕیان هێناوە و کاری باش دەکەن و پابەندی ڕاستی دەبن و پابەندی خۆڕاگری دەبن.

الطبری له جامع البيان دەڵێت، على كوڕى ابي طالب بەم شێوەیە ئەم سوورەتەی دەخوێندەوە:

وَالْعَصْرِ وَنَوَائِبِ الدَّهْرِ، إنَّ الإنْسانَ لَفِي خُسْر

سوێند بە عەسر، وە سوێند بە ڕۆژگارەکانی زەمانە، لە ڕاستیدا مرۆڤ لە دۆڕاندایە.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (١٤)

# سوورەتی العادیات (هێرشبەر)

**١-وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا**

سوێند بە ئەسپانێك كە لە كاتی هێرش نركەیان لێوە دێت

**٢-فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا**

وە بە جووڵەیان، كە پڕیشكە ئاگر دەردەكەن.

**٣-فَالْمُغِيرَاتِ صُبْحًا**

وە بە هێرشی بەیانیان.

**٤-فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعًا**

وە بە تەپ و تۆزێك كە بەرپای دەكەن.

**٥-فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعًا**

وە بە كۆمەڵ خۆیان دەكەن بە ناویاندا.

٦-**إِنَّ الإِنسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُودٌ**

له ڕاستیدا، مرۆڤ بۆ خوداکەی کافره.

٧-**وَإِنَّهُ عَلَى ذَلِكَ لَشَهِيدٌ**

وه ئەو بۆ ئەمه شایەته.

٨-**وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ**

وه ئەو بۆ خۆشەویستی چاکه تونده.

٩-**أَفَلا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ**

ئایا نازانێت کاتێك هێنرانه دەرەوه ئەوانەی له گۆڕەکانن؟

١٠-**وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ**

وه ئەوەی له سینەکاندایه بەدەستهێنران.

١١-**إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ**

له ڕاستیدا خوداکەیان لەم ڕۆژەدا پێیان شارەزایه.

# شرۆڤه و تێبینی

السیوطی له لباب النقول في اسباب النزول و الواحدی له اسباب النزول له هۆکاری دابەزینی ئەم سوورەته دەڵێن:

ابن عباس گوتوویەتی، پێغەمبەری الله كۆمەڵێك سوارچاكی نارد، ئەوەبوو بۆ ماوەی مانگێك هەواڵیان نەزانرا، (ئەم ڕیوایەتە البزار و ابن المنذر و ابن ابي حاتم و الدارقطنی و ابن مردوية ئاماژەیان پێ كردووە).

وە مقاتل دەڵێت، پێغەمبەری الله كۆمەڵێك چەكداری بە سەركردایەتی المنذر بن عمرو الانصاری ناردە سەر تیرەیەك لە تیرەكانی هۆزی كینانە، ئەوەبوو هەواڵی ئەم كۆمەڵە چەكدارە نەهات و دواكەوت، مونافیقەكان گوتیان هەموویان كوژراون، ئەوەبوو الله ئەم سوورەتەی دابەزاند.

مەتنی ئایەتەكە و هۆكاری دابەزین پێمان دەڵێن، ئەم سوورەتە، سورەتێكە كە محمد لە مەدینە دایبەزاندووە، چونكە باسی جیهاد و غەزوو و هێرش دەكات لە پێناو الله، بەڵام زانایانی ئیسلام دەڵێن ئەم سوورەتە مەكییە.

وە ئەم سوورەتە سەرتاپای سەجعە .

## ئایەتی ١-٥

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لە پێنج ئایەتی یەكەم سوێند بە ئەسپ دەخوات، كە هێرش دەكەنە سەر كافر و بێباوەڕەكان و دەڵێت:

وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا فَالْمُغِيرَاتِ صُبْحًا فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعًا

فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعًا

واتە، سوێند بەو ئەسپانەی کە لەگەڵ هێرشیان بۆ سەر کافر و بێباوەڕەکان، نرکە و حیلەیان لێوە دێت، وە سوێند بە پڕیشکە ئاگرانەی کە لە ژێر سمەکانیان دەردەچێت، (کاتێك ئەسپ بە خێرایی دەڕوات ناڵەکەی بە بەرد دەکەوێت و پڕیشکە ئاگر دروووست دەکات، هەروەك چۆن جار هەیە بەریەك کەوتنی دوو بەرد یان دوو ئاسن پڕیشکە ئاگر دروووست دەکەن)، وە سوێند بە هێرشی کتوپڕی بەیانیان بۆ سەر کافر و بێباوەڕەکان، وە سوێند بەو تەپ و تۆزەی کە ئەم ئەسپانە دروووستیدەکەن کاتێك بە خێرایی هێرش دەکەن، ئینجا سوێند بەو کاتەی کە ئەم ئەسپ و سوارچاکانە کۆدەبنەوە لە ناوەڕاستی کافرەکان و دەست دەکەن بە کوشتنیان.

وە وەك لە صحیح البخاری و مسلم و سەرچاوەکانی تری فەرمووودەکان هاتووە محمد صلعم، هەمیشە بەیانیەکی زوو هێرشی کردۆتە سەر موشریك و کافرەکان، کاتێك لە خەودا بوون .

## ئایەتی ٦-٨

إِنَّ الإنسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُودٌ وَإِنَّهُ عَلَى ذَلِكَ لَشَهِيدٌ وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ

لە وەڵامی سوێندەکانیدا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

لە ڕاستیدا، مرۆڤ بۆ خوداکەی کافرە، وە ئەو لەسەر ئەمە شایەتە، وە لە ڕاستیدا، ئەو (مرۆڤ)، بۆ خۆشەویستیی چاکە، توندە.

ئەم ٣ ئایەتە هەڵەن.

ئایەتی ژمارە ٦:  إِنَّ الإنسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُودٌ

(کنود)، لە زمانی عەربی هیچ مانایەکی نییە وە هەموو موفەسیرەکان هاوڕان، کە اللە مەبەستی (کفور)ە. واتە لە بنەڕەتەوە وشەکە (کفور) بووە، بەڵام کاتیك سەرەبۆرە و خاڵ بۆ قورئان دادەنرێت، هەڵەی تێدا دەکرێت (کفور) دەکرێت بە (کنود).

ئایەتی ژمارە ٧: وَإِنَّهُ عَلَى ذَلِكَ لَشَهِيدٌ

وە ئەو لەسەر ئەمە شایەتە. مەبەستی لە "ئەو"کێیە؟

ئایا مرۆڤانێك کە بۆ خوداکەیان کافرن دەبن بە شایەت؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت لە هەندێك خوێندنەوە هاتووە، کە ئەم دەقە بەم شێوەیە بووە: وَإِنَّ الله عَلَى ذَلِكَ لَشَهِيدٌ

واتە، لە ڕاستیدا اللە بۆ ئەمە شایەتە.

وە القرطبی لە جامع لاحکام القران دەڵێت، زۆربەی شرۆڤەکەرانی قورئان و مجاهید و ابن عباس دەڵێن، واتە اللە شایەتە.

ئایەتی ژمارە ٨ : وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ

وە لە ڕاستیدا ئەو (مرۆڤێك کە کافرە)، خۆشەویستی بە چاکە، توندە. واتە زۆرە.

ئایا لە ڕوانگەی ئیسلام و قورئان، مرۆڤانێکی بێباوەڕ، خۆشەویستیان بۆ چاکە زۆرە؟ هەرگیز. چونکە قورئان و ئیسلام بە شێوەیەکی ئەرێنی باس و وەسفی کافر و بێباوەڕەکان ناکەن.

لەبەر ئەوە، ئەم ئایەتە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْمال لَشَدِيدٌ

واتە، ئەو (کافر) خۆشەویستی بۆ پارە زۆرە.

وە یان دەبێت، ئەم ئایەتە بەم شێوەیە بێت

وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَسدید

واتە، لە ڕاستیدا ئەو (کافر)، خۆشەویستی بۆ چاکە گیرانەوەیە.

واتە، دەستی خۆی لە چاکە دەگرێتەوە.

هەمدیسان، کاتیك سەرەبۆرەیان داناوە پیتی (س) لە "سدید" گۆڕدراوە بۆ (ش)، وە بووە بە (شدید).

ئەوەی گاڵتەجاری و پێکەنیناوییە، ابن کثیر دەڵێت (حب الخیر) و (حب المال) هەمان شتن.

# ئایەتی ٩-١١

أَفَلا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ

ئەی (کافر و بێباوەڕ)، نازانێت کە کاتێك ئەوەی لە گۆڕەکانە هێنرایە دەرەوە، وە ئەوەی لە سینەکانە (کار و کردەوە) بەدەست هێنرا، ئەوا خوداکەیان، پێیان دەزانیت و لەم ڕۆژەدا خودا شارەزایە.

ئایەتی ٩ هەم دیسان هەڵەیە.

( بعثر) لە زمانی عەرەبی واتە پەرشوبڵاو.

واتە، مانای دەقەکە بەم شێوەیە دەبێت بە: ئایا نازانێت کە کاتێك ئەوەی لە گۆڕەکانە پەرشوبڵاو کرا.

هەڵەیە و مانا نادات.

لە ڕاستیدا دەبێت ئەم دەقە بەم شیوەیە بێت:

أَفَلا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثت مَا فِي الْقُبُورِ

واتە، ئەی نازانێت کە کاتێك ئەوانەی گۆڕەکان زیندوو کرانەوە؟

ئیتر، نووسەرانی قورئان بە هەڵە پیتی (ت) یان گۆڕیوە بۆ پیتی (ر).

وە ئایەت زۆرن لە قورئاندا کە وشەی " بعث " واتە "زیندووبونەوە"تێدا بەکار هاتووە، بۆ نموونە ئایەتی ٧ سورەتی الحج کە دەڵێت:

وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَنْ فِي الْقُبُورِ

وە  ڕۆژی قیامەت هەر دێت و گومانی تێدانییە، وە لە ڕاستیدا اللە ئەوانەی گۆڕەکان زیندوو دەکاتەوە.

وە ئایەتی ٥٢ سورەتی یس

قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَنْ بَعَثَنَا مِنْ مَرْقَدِنَا

(کافرەکان) گوتیان لە خۆمانڕۆ، کێ ئێمەی زیندوو کردۆتەوە لە گۆڕەکانمان؟

دیارە اللەش هەڵە دەکات!

کۆتایی سوورەتەکە.

# (١٥)

# سوورەتی الكوثر ( كەوثەر)

١ -إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ

لە ڕاستیدا ئێمە كەوسەرمان بە تۆ داوە.

٢-فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ

دە نوێژ بۆ خوداكەت بكە و سەربڕە.

٣-إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الأَبْتَرُ

لە ڕاستیدا هاوشانەكەت وجاغ كوێرە.

## شرۆڤە و تێبینی

الواحدی لە اسباب النزول سەبارەت بە هۆكاری دابەزینی ئەم سوورەتە دەڵێت، ئەم سوورەتە سەبارەت بە العاص بن وائل دابەزیی.

دەڵێت، كاتێك العاص بن وائل دەچووە ناو كعبە، پێغەمبەری بینی دەهاتە دەرەوە، ئەوەبوو لای دەرگای بنی سهم بەیەك گەیشتن و قسەیان كرد، وە خەڵكانێك لە گەورە پیاوانی قورەیش لای كعبە دانیشتبوون، كاتێك العاص

هاتە لای پیاوەکانی قورەیش لێیان پرسی ئەوە باسی چیتان دەکرد لەگەل محمد؟ العاص بن وائل گوتی ئەو "ابتر"ە واتە محمد، وجاغ کوێرە. ئەوەبوو الله ئەم سوورەتەی دابەزاند، وەك وەڵامێك بۆ العاص بن وائل.

"ابتر" لە زمانی عەرەبی لە 'بتر" هاتووە، واتە دوابڕاو، واتە، وجاغ کوێر واتە، کەسێك کە منداڵی نەبێت.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە وشەی "کوثر" ٦ بۆچوون و قسە هەیە:

یەکەم: کوثر ڕووبارێکە لە بەهەشت.

فەرموودەیەك لە صحیح البخاری هاتووە، کە انس بن مالیك ڕیوایەتی کردووە و دەڵێت، پێغەمبەری الله گوتی، کاتێك بەناو بەهەشتدا دەگەڕام، توشی ڕووبارێك بووم کە قەراغەکانی لە دوڕ بوو، گوتم ئەی جبرایل ئەوە چییە؟ جبرایل گوتی ئەوە کوثرە کە الله بەتۆی داوە، کە قوڕەکەی لە بۆنی مسکە.

وە لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، کە انس بن مالك دەڵێت، پێغەمبەری الله، لە کتوپڕێکدا بێئاگاه بوو، ئینجا هۆشی هاتەوە و سەری بەرزکردەوە و زەردەخەنەی دەکرد، پێیان گوت بۆچی پێدەکەنیت؟ گوتی هەر ئێستا سوورەتێکم بۆ دابەزی. سورەتی "انا اعطیناك الکوثر هتد" ئینجا گوتی، دەزانن کوثر چییە؟ گوتیان الله و پێغەمبەرەکەی دەزانن، گوتی رووبارێکە لە بەهەشت، کە الله بە منی داوە.

بە گوێرەی ئەم دوو فەرموودەیە، دەبێت سوورەتی الکوثر سوورەتێك بێت لە مەدینە دابەزیبێت، چونکە انس بن مالك خەڵکی مەدینەیە، وە بوو بە خزمەتکاری محمد کاتێك محمد کۆچی کرد بۆ مەدینە.

دووەم: ابن عباس دەڵێت، "الکوثر" واتە خێرێکی زۆر کە دراوە بە پێغەمبەرەکەمان.

سێهەم: الحسن دەڵێت، "الکوثر" واتە زانست و قورئان.

چوارەم عکرمة دەڵێت، "الکوثر" واتە پێغەمبەرایەتی.

پێنجەم: عطاء دەڵێت، "الکوثر" لەگوندێکە "حوض" کە بە پێغەمبەر دراوە لە بەهەشت.

شەشەم: "الکوثر" واتە زۆری میللەتی ئیسلام.

ئینجا، لە ئایەتی ٢ اللهی ئیسلام بە محمد دەڵێت، دە لە خۆشی ئەوەی "کوثر"م بە تۆ داوە، نوێژ بۆ خوداکەت بکە و سەربیڕە.

یاوەرەکان و شرۆڤەکاران ناکۆکیان هەیە سەبارەت بە وشەی "انحر" بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە یەکێك لە دوو مانا دیت:

یەکەم: بۆ خوداکەت نوێژ بکە ئینجا پڕ بە قورگت دەنگ هەڵبڕە.

دووەم: سەربیڕە (ئاژەڵ سەربیڕە)

ئینجا ئایەتی ٣ دەڵێت:

هاوشانەکەت (ئەوەی کە دژایەتیت دەکات و ڕقی لێت دەبێتەوە، کە العاص بن وائله ) دوابڕاوە.

کۆتایی بەشی یەك

# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

نوسین : دکتۆر پشتیوان عەبدوڵڵا




بەرگی یەکەم

# قورئان وەک خۆی

## بەرگی یەکەم بەشی دووەم

نووسین: دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا

پیاچوونەوەی نووسین: جەبار حەمەد

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕێنسانسی کوردی

# (١٦)

# سوورەتی التكاثر (زۆربوون)

١-أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ

خۆشەویستیانە زۆرکردن.

٢-حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ

تاوەکو سەردانی گۆڕەکان دەکەن.

٣-كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ

نەخێر ،هەردەزانن.

٤-ثُمَّ كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ

ئینجا نەخێر، هەر دەزانن.

٥-كَلاَّ لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ

نەخێر، ئەگەر بزانن زانینێکی مسۆگەر.

**٦-لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ**

بێگومان دۆزەخ دەبینن.

**٧-ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ**

ئینجا، بێگومان دەیبینن زانینێکی مسۆگەر.

**٨-ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ**

ئینجا، لەم ڕۆژە بە دڵنیاییەوە پرسیارتان لێ دەکرێت سەبارەت بە خۆشیەکان.

## شرۆڤە و تێبینی

زاناکانی ئیسلام، ئاماژەیان بە چەند هۆکارێکی دابەزین کردووە بۆ ئەم سوورەتە، بەڵام هەر هەموویان لە ناوەڕۆکدا یەکشتن.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت، سەبارەت بە دوو تیرەی قورەیش دابەزی: بنی عبدالمناف و بنی سهم، مشتومڕ لە نێوان گەورە پیاوەکانیان هەبوو، کە کامە تیرەیان زۆرترن. هەر تیرەیەکیان بە خۆیاندا هەڵدەدا و دەیگوت ئێمە زۆرترین، دواتر ئەوەبوو گوتیان با مردووەکانمان بژمێرین، ئەوەبوو چوون بۆ گۆڕستان و مردووەکانیان ژمارد. دەرکەوت بنی سهم زۆرترن، چونکە ژمارەیان لە سەردەمی جاهیلی زیاتر بوو. ئەوەبوو الله ئەم سوورەتەی دابەزاند.

السيوطی له لباب النقول في اسباب النزول، ئاماژه به هەمان شت دەکات بەڵام دەڵێت، مشتومڕەکە له نێوان تیرەی بنی حارثة و تیرەی بنی حارث بوو.

## ئایەتی ١-٢

أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ

( أَلْهَاكُمُ) له ڕاستیدا هەڵەیە و مانا ناگەیەنێت. ئەم وشەیە دەبێت (لْهَاكُمُ) یان (نَهَاكُمْ) یان (إِلَـٰهُكُمْ)  بێت، بۆ ئەوەی مانا ببەخشێت. ئەگەری زۆر هەیە نووسەرانی قورئان، له کاتی نووسینی قورئان و دانانی خاڵ و سەرەبۆره هەڵەیان کردبێت.

(لْهَاكُمْ) له (لها) و (اللَّهْوُ) هاتووه، کە بە مانای ڕابواردن و خۆشی و ئاڵودەبوون دێت، بۆ شتێك کە مرۆڤ سەرقاڵی دەبێت.

وه (نَهَاكُمْ) له (نهى) هاتووه، کە بە مانای نەهیکردن و ڕێگریکردن دێت.

وه ( إِلَـٰهُكُمْ) له (إِلَـه) هاتووه، واته خودا.

ئەگەر وشەکە (لهاكم) بێت، ئەوکاتە ئایەتەکە بەم شێوەیەی لێ دێت.

لهاكُمُ التَّكَاثُرُ حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ، واته، تامەزرۆی زۆرووزەبەندی بوون، تاوەکو سەردانی گۆڕەکانتان کرد.

وە ئەگەر وشەکە بکەین بە (نهاکم)، ئەوا ئایەتەکە بەم شێوەیەی لێ دێت:

نهاكُمُ التَّكَاثُرُ حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ

واتە، زۆرووزەبەندی نەهی لێکردن (لە خودا پەرستیی) تاوەکو سەردانی گۆڕەکانتان کرد.

وە ئەگەر ( إِلَـٰه) بێت، ئەوا ئایەتەکە دەبێت بە ( إِلَـٰهُكُمْ التَّكَاثُرُ حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ)، واتە، زۆری (سامان و خۆشی) بووە بە خوداکەتان تاوەکو سەردانی گۆڕەکانتان کرد.

ئەم دوو ئایەتە، کە اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، ئەی خەڵکینە سەرقاڵ بوونتان بە سامانی دونیا، خوداپەرستیی لە بیرتان بردۆتەوە، تاوەکو سەردانی گۆڕەکان دەکەن، جا سەردان، وەك سەردانێك، وە یان کاتێك دەمرن و لەگۆڕتان دەنێن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الطبری لە جامع البیان، ئاماژە بە فەرموودەیەکی علی کوڕی ابن طالب دەکات، کە گوتوویەتی:
شکووگومانمان هەبوو لە ئازار و ئەشکەنجەی گۆڕ، تاوەکو ئەم دوو ئایەتە دابەزین.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە کە دەڵێت، محمد سوورەتێکی خوێندۆتەوە، بەڵام لە قورئانی بەردەستدا نەماوە.
سوورەتەکە دەڵێت:

لَوْ كَانَ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَانِ مِنْ ذَهَبٍ

لَابْتَغَى الثَّالِثَ

وَلَا يَمْلَأُ جَوْفَ ابْنِ آدَمَ إِلَّا التُّرَابُ

وَيَتُوبُ اللَّهُ عَلَى مَنْ تَابَ

واتە: ئەگەر نەوەی ئادەم دوو دۆڵ لە ئاڵتونی هەبێت، ئەوا داوای سێهەم دەکات.

وە ناخی نەوەی ئادەم، هیچ شتێك پڕی ناکات تەنها خۆڵ نەبێت.

وە اللە تۆبەی کەسێك قبووڵ دەکات کە تۆبە دەکات.

## ئایەتی ٣-٤

ئینجا اللّٰهی عەرەب و ئیسلام لەم دوو ئایەتە هەڕەشە دەکات و دەڵێت:

كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ ثُمَّ كَلاَّ سَوْفَ تَعْلَمُونَ

نەخێر، لە داهاتوو هەر دەزانن، ئینجا نەخێر، لە داهاتوو هەر دەزانن.

واتە، کاتێك دەمرن و لە گۆڕ دەنرێن، وە لە ڕۆژی قیامەت زیندوو دەکرێنەوە، ئەوکات دەزانن اللە، حق و ڕاستە، وە ئەوکات پەشیمانیی داد نادات.

# ئایەتی ٥-٨

كَلاَّ لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ

ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ

نەخێر، ئەگەر بە مسۆگەری بزانن، بە دڵنیاییەوە دۆزەخ  دەبینن.

ئینجا، بە دڵنیاییەوە دۆزەخ بە چاوەکانتان و بە مسۆگەریی دەبینن. ئینجا، ئەو ڕۆژە -کە ڕۆژی قیامەتە- پرسیارتان لێ دەکرێت سەبارەت بە خۆشیەکانی دونیا (سەروەت و سامان و خۆشیەکانی تری دونیا).

( لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ)، (بە دڵنیاییەوە دۆزەخ دەبینن)، تەنها مەبەستی بێبڕواکان و کافرەکان نییە. قورئان لە ئایەتی ٧١ سوورەتی مریم پێمان دەڵێت، هیچ موسڵمانێك نییە کە نەچێتە دۆزەخ.

وَإِن مِّنكُمْ إِلاَّ وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا

وە(ئەی محمد)، هیچ کەسێکتان نییە (لە موسڵمانان)، کە نەچێتە دۆزەخ، وە ئەم بڕیارە بڕیارێکی حەتمی خوداکەتە.

هەموو موسڵمانێك، بۆ ماوەی چەند لە دۆزەخ دەمینێتەو ؟ الله اعلم (لە سوورەتی مریم، زیاتر قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین).

وە لە مسند احمد فەرموودەیەکی صحیحی محمد صلعم هاتووە، گوتوویەتی، هیچ پیاوچاکێك و پیاوخراپێك نییە، کە نەچێتە دۆزەخ.

دوا ئایەت ئایەتی ٨ دەڵێت:

ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ

ئینجا، لەم ڕۆژەدا پرسیارتان لێ دەکرێت، لە خۆشیەکان.

لە جامع الترمذی فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە کە گوتوویەتی:

لە ڕۆژی قیامەت، یەکەم پرسیار کە لە بەندە (مرۆڤ) دەکرێت، سەبارەت بە خۆشیەکان (النعیم)، ئەی لەشێکی تەندرووستمان پێت نەبەخشی، وە ئاوی ساردمان دەرخواردت نەدا؟

سەیرە دورگەی عەرەبی و ئاوی سارد! بۆ لە دورگەی عەرەبی ئاوی پاك هەبووە تاوەکو ئافێ تەزی هەبووبێت؟

محمد، نەك تەنها فەرمانی بە هاورێکانی کردووە کە ئاوی پیس بخۆنەوە، بەڵکو خودی خۆشی ئاوی پیسی خواردۆتەوە.

فەرموودەیەکی صحیح لە سنن ابی داود و سنن النسائی و جامع الترمذی و مسند احمد و ارواء الغلیل هاتووە، کە یاوەرەکان لە محمد دەپرسن ئایا دەستنوێژ بشۆین لە بیری بضاعة؟ (کە بیرێکە گۆشتی سەگ و خوێنی

سوورِپی مانگانه و شتی بۆگەنی تیادا فڕێ دەدرێت) محمد صلعم گوتوویەتی، ئاو پاکە و هیچ شتێك پیسی ناکات.

وە فەرموودەیکی صحیح لە سنن ابو داود هاتووە، کە محمد لە بیری بضاعة ئاوی خواردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش پێیان گوتووە، کە ئەم ئاوە پیسە و گۆشتی سەگ و خوێنی سوورِی مانگانە و پیسایی مرۆڤی تیادا فڕێ دەدرێت. محمد صلعم گوتوویەتی، ئاو پاکە و هیچ شتێك پیسی ناکات.

دەقی فەرموودەکە بە زمانی عەرەبی:

إنَّه يُستَقى لكَ مِن بِئرِ بُضاعةَ، وهي بِئرٌ يُلْقى فيها لُحومُ الكلابِ، والمَحايضُ، وعَذِرُ الناسِ، فقال رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: "إنَّ الماءَ طَهورٌ لا يُنَجِّسُه شيءٌ

شعيب الأرناؤوط دەڵێت، ئەم فەرموودەیە ڕاستە بە هەموو ڕێگاکانیەوە.

وە لە مسند البزار فەرموودەیەك هاتووە، کە ابن عباس دەڵێت، پێغەمبەر گوتوویەتی: لە ڕۆژی قیامەت پرسیار لە بەندەی الله (مرۆڤ) دەکرێت سەبارەت بە (نیعمەتەکانی) ئیزار و سێبەری دیوار و نان، وە لەسەریان سزا دەدرێت.

وە لە مسند احمد فەرموودەیەك هاتووە، کە ابو هريره دەلێت، پێغەمبەری الله گوتوویەتی، الله لە ڕۆژی قیامەت دەڵێت، ئەی نەوەکانی ئادەم، ئەی ئێوەم لەسەر پشتی ئەسپ و وشتر هەڵنەگرت؟ وە وام نەکرد کە قازانج بکەیت و ببیت بە ڕابەر، دەکەواتە کوانێ سوپاس؟

# (١٧)

# سوورەتی الماعون (هاوكاری)

١- أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ

ئایا ئەوەیانت بینیووە کە نکۆڵی لە ڕۆژی لێپرسینەوە دەکات؟

٢- فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ

ئەوە ئەوەیانە کە بە توندی هەتیوان دەردەکات.

٣- وَلا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ

وە هانی دەرخواردنی هەژاران نادات.

٤-فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ

قوڕ بەسەر نوێژکەران.

٥- الَّذِينَ هُمْ عَن صَلاتِهِمْ سَاهُونَ

ئەوانەی لە نوێژەکانیان هەڵەن.

**٦- الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ**

ئەوانەی خۆیان دەردەخەن.

**٧- وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ**

وە ڕێگریی لە هاوکاریی دەکەن.

## شرۆڤە و تێبینی

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بەوەی ئەم سوورەتە لە سەر کێ دابەزیووە.

ابن عباس و مقاتل و الكلبي دەڵێت، لەسەر العاص بن وائل دابەزیووە.

السدی دەڵێت، لەسەر ولید بن المغيرة دابەزیووە.

الضحاك دەڵێت لەسەر عمرو بن عائذ دابەزیووە.

ابن جريج دەڵێت، لەسەر ابن سفیان دابەزیووە. دەڵێت ابو سفیان هەموو هەفتەیەك ئاژەڵێکی سەردەبڕی، هەتیوێك داوای لێی دەکرد شتێکی بداتێ، بەڵام ابو سفیان بە گۆپاڵ لێی دەدا و دەری دەکرد.

الحمدلله، دواتر بە زەبری شمشێر، لە کاتی فتحی مەککە بوو بە ئیسلام و شایەتمانی هێنا و نەوەکانی ئیمپراتۆریەتی ئومەویان دامەزراند.

## ئایەتی ١-٣

دەڵێت: ئەی محمد ئایا ئەوەیانت بینیووە، کە نکۆڵی لە ڕۆژی لێپرسینەوە (قیامەت) دەکات؟  ئەمە ئەوەیانە کە بە زەبر و توندووتیژی هەتیوان دەردەکات و هانی خواردندانی هەژاران نادات.

ئەم ٣ ئایەتە، باسی کەسێك دەکات، کە ئەم سیفاتانەی تێدایە:

یەکەم: نکۆڵی لە ڕۆژی قیامەت دەکات.

دووەم: بەزەیی بە منداڵانی هەتیوو نایەتەوە.

سێهەم : خواردن بە هەژاران نادات.

## ئایەتی ٤-٥

ئەم دوو ئایەتە زۆر سەمەرەن:

فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ

الَّذِينَ هُمْ عَن صَلاتِهِمْ سَاهُونَ

واتە، واوەیلا (قوڕ بەسەر) نوێژکەران.

ئەوانەی کە لە نوێژەکانیان هەڵەن (بێئاگان)

ئەم دوو ئایەتەکە زۆر سەیرووسەمەرەن!

چۆن دەکرێت لە سوورەتێکی زۆر کورتی ٧ ئایەتیدا، ٣ ئایەتی یەکەم ئاماژە بە کەسێك بکات کە بڕوای بە ڕۆژی قیامەت نییە و یارمەتی هەتیوان و هەژاران نادات، ئینجا لە کتوپڕێکدا بڵێت واوەیلا لە نوێژکەران؟ بۆ؟ چونکە لە نوێژەکانیان هەڵەن ( بێئاگان).

ئینجا ئایەتی ٦-٧ بەردەوام دەبێت لە وەسفی هەمان کەسدا و دەڵێت:

الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ

وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ

ئەوانەی خۆیان دەردەخەن و ڕێگریکەرن لە هاوکاری (یارمەتی و کۆمەك بە هەژاران و هەتیووان).

وە دواتر چۆن واوەیلا لە نوێژکەرانێك کە تەنها لەبەر ئەوەی هەندێك جار ئاگاداری نوێژەکانیان نین؟ وە ئایا لە سەرەتای ماوەی مەککی، نوێژکردن بوونی هەبووە و فەرز کراوە؟ هەرگیز.

وە هەروەها لە سەرەتای ماوەی مەککی، موسڵمانی مونافیق نەبووە تاوەکو بگوترێت ئەم ئایەتە لەسەر مونافیقەکان دابەزیووە، کە نوێژەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ناکەن.

هەڵبەتە، لە ڕوانگەی منەوە، نووسەرانی قورئان، لە کاتی خاڵدانانی پیتەکانی قورئان هەڵەیان کردووە و خاڵێکیان لە بیر کردووە لەسەر پیتی (ص) ی (للمصلين) دابنێن.

دەبێت ئایەتەکە بەم شێوەیە بێت:

فَوَيْلٌ لِّلْمُضَلِّينَ  (واوەیلا لە گومڕاکەران)

فَوَيْلٌ لِّلْمُضِلِّينَ  (واوەیلا لە گومڕابووان)

ئینجا ئایەتی دواتر:

الَّذِينَ هُمْ عَن ضَلالتِهِمْ سَاهُونَ (ئەوانەی لە گومڕاییان بێ ئاگان)

لێرەدا ماناکە تەواو دەبێت، وە لەگەڵ مەتنی سوورەتەکە دەگونجێت.

واتە، سیفاتێکی تری ئەم کەسانە بریتیە لە گومڕاکردن.

## ئایەتی ٦-٧

الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُونَ

وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ

دەڵێت، ئەوانەی خۆیان دەردەخەن لەبەر چاوی خەڵك (کە خەڵکی باشن) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری، منداڵانی هەتیوو و خەڵکی هەژار ناکەن.

# (١٨)

# سوورەتی الكافرون ( بێباوەڕەكان)

**١ - قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ**

بڵێ ئەی بێباوەڕەكان.

**٢- لا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ**

ئەوە ناپەرستم كە دەیپەرستن.

**٣- وَلا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ**

وە نە ئێوەش ئەوە دەپەرستن كە من دەیپەرستم.

**٤- وَلا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ**

وە نە من ئەوە دەپەسرتم كە پەرستووتانە.

**٥- وَلا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ**

وە نە ئێوە پەرستووتانە، ئەوەی من دەیپەرستم.

**٦- لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ**

ئێوە ئاینی خۆتان هەیە، وە من ئاینی خۆم.

## شرۆڤە و تێبینی

الواحدی لە اسباب النزول و السیوطی لە لباب النقول في اسباب النزول و ابن کثیر لە القران العظیم و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان، هتد،، دەڵێن:

ئەم سوورەتە لە پەیوەست بە کۆمەڵێك لە پیاوانی قورەیش دابەزی، گوتیان ئەی محمد، وەرە پیادەی ئاینەکەمان بکە، وە ئێمە پیادەی ئاینەکەی تۆ دەکەین، ساڵێك خوداوەندەکانمان بپەرستە، وە ئێمەش ساڵێك خوداکەی تۆ دەپەرستین. وە ئەگەر ئەوەی تۆ دەیهێنیت باشتر بێت لەوەی ئێمە هەمانە و لەبەردەستمانە ئەوا لەگەڵتدا بەشدار دەبین. وە ئەگەر ئەوەی ئێمە هەمانە باشتر بوو لەوەی تۆ بانگێشەی بۆ دەکەیت، ئەوا دەتوانیت لەگەڵمان بەشدار بیت و بەردەوام بیت. پێغەمبەر گوتی، پەناگە بە الله من شرك ناکەم. ئەوەبوو الله ئەم سوورەتەی دابەزاند. پێغەمبەر چوو بۆ کعبە کە گەورە پیاوانی قورەیشی لێ بوو، بۆیانی خوێندەوە، قورەیشەکان بێهیوا بوون.

وە ئەوەی پشتڕاستی ئەم هۆکارەی دابەزین دەکاتەوە، ئایەتی ٦٤ سوورەتی "الزمر"ە کە دەڵێت:

قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ

بڵێ، ئایا فەرمانم پێ دەکەن کە شتێکی تر جگە لە اللە بپەرستم هەی نەزانەکان؟

وە هۆکاری دابەزینی دووەم، السیوطی لە لباب النقول في اسباب النزول و الطبری لە جامع البيان و ابن ابي حاتم لە التفسير بالمأثور، ئاماژەیان پێکردووە کە ابن عباس دەڵێت:

قورەیشەکان، بەڵێنیان بە پێغەمبەردا کە بە ڕادەیەك زۆر پارەی بدەنێ کە ببێت بە دەوڵەمەندترین پیاو لە مەککە، وە هەر ژنێکی بووێت بیدەنێ، بەمەرجێك کە دەستبەرداری جوێندان بە خوداوەندەکانیان بێت، وە بە شێوەیەکی خراپ ئاماژەیان پێ نەکات، وە ئەگەر پابەندیش نابێت ئەوا لایەنی کەم ساڵێك خوداوەندەکانیان بپەرستێت. پێغەمبەر گوتی دەبێت پرسێك بە خوداکەم بکەم و بزانم چی دەڵێت، ئەوەبوو سوورەتی الکافرون و ئایەتی ٦٤ سوورەتی الزمر دابەزی.جارفێکی تر دایدەنیمەوە:

قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ

بڵێ، ئایا فەرمانم پێ دەکەن کە شتێکی تر جگە لە اللە بپەرستم هەی نەزانەکان؟

الرازی لە مفاتيح الغيب دەڵێت، لەم کاتەدا پێغەمبەر فەرمانی پێکرابوو لەگەڵ موشریك و کافرەکان نەرم و نیان بێت و بانگیشە بۆ اللە بکات بە جوانترین شێوە، هەروەك ئایەتی ١٢٥ سوورەتی النحل دەڵێت:

جَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ

بە شێوازێك كە جوانترینە گفتووگۆیان لەگەڵدا بكە.

سەبارەت بە دوا ئایەت (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ)، واتە، (ئێوە ئاینیی خۆتان وە من ئاینیی خۆم).

ئایا ئەم ئایەتە لەكار خراوە ( نسخ بووە)؟

دوو تێڕوانین هەیە:

یەكەم: زۆربەی شرۆڤەكەرانی قورئان كۆكن لەسەر ئەوەی بەڵێ ئەم ئایەتە بە ئایەتەكانی كوشتن و شەڕكردن لەكار خراوە.

تفسير الجلالين (جلال الدين السيوطى و جلال الدين المحلى)، دەڵێن (لكم دينكم ولي دين)، پێش فەرمانكردن بە جەنگ بوو.

الشوكانى لە فتح القدير دەڵێت، ئەم ئایەتە لە كار خراوە بە ئایەتی شمشێر.

الفيروزابادى لە تفسير القران دەڵێت، ئایەتەكانی كوشتن و شەڕكردن ئەم ئایەتەیان لە كار خستووە.

البغوى لە معالم التنزيل دەڵێت، ئەم ئایەتە بە ئایەتی شمشێر لە كارخراوە.

ابن عطية لە المحرر الوجيز دەڵێت، ئەم ئایەتە بە ئایەتی شەڕكردن لەكارخراوە.

ابن الجوزی له زاد المسیر دەڵێت، ئەم ئایەتە لە لای موفەسیرەکان بە ئایەتی شمشێر لە کار خراوە.

الخازن لە لباب التأویل دەڵێت، مەبەست لەم ئایەتە هەڕەشەیە لە کافرەکان، وەك الله لە ئایەتی ٤٠ی فصلت دەڵێت، (اعْلَمُوا مَا شِئْتُمْ) واتە، (چی ئارەزوو دەکەن بیکەن)، وە ئەم ئایەتە بە ئایەتی کوشتار لە کارخراوە.

ابوحیان لە البحر المحیط دەڵێت، ئەم ئایەتە بە ئایەتی شمشێر لە کارخراوە.

الثعالبي لە الجواهر الحسان دەڵێت، لەم دەربڕینانە جۆرێك لە هودنە هەیە بەڵام لە کارخراوە.

ابن عادل لە اللباب في علوم الکتاب دەڵێت، ئەم ئایەتە، بۆ کافرەکان هودنە بوو، دواتر بە فەرمانی شەڕ و کوشتار لەکارخرا.

الثعلبي لە الکشف و البیان دەڵێت، ئەم ئایەتە بە ئایەتی شمشێر لە کار خراوە.

مقاتل بن سلێمان لە تەفسیرەکەی دەڵێت، ئایەتی شمشێر (فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ)، (موشریکەکان بکوژن لە هەر کوێیەك تووشیان بوون)، ئەم ئایەتەی لە کار خستووە.

الشنقيطى له اضواء البيان دەڵێت، ئەم سوورەتە جیاکەرەوەیە لە نێوان دوو لایەن، (شرك و ئيمان)، وە کۆتایی موهادەنەیە لە نێوانیان و سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەیە.

الواحدى له الوجيز دەڵێت، ئەوە پێش فەرمانکردن بە جەنگ بوو.

السمين الحلبى له الدر المصون دەڵێت، ئەم ئایەتە موهادەنە بوو بۆ موشریکەکان، ئینجا بە فەرمانی شەڕکردن لەکارخرا.

ابن جزي الغرناطى له التسهيل لعلوم التنزيل دەڵێت، ئەم ئایەتە ئاشتی تێدایە، بەڵام لەکارخراوە بە ئایەتی شمشێر.

دووەم: موفەسیرەکانی تر کە بڕوایان وایە ئەم ئایەتە لەکارنەخراوە، دەڵێن ناکرێت لە کار بخرێت چونکە سوورەتەکە هەواڵییە، (خەبەرییە)، وە هیچ پەیوەندیی بە ئازادیی عەقیدە و بیرووڕا نییە.

کۆتایی سووڕەتەکە.

# (١٩)

# سوورەتی الفیل (فیل)

**١- أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ**

ئەی نابینیت، کە خوداکەت چی کرد بە خاوەنانی فیلەکە؟

**٢- أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ**

ئەی پیلانەکەیانی لەبار نەبرد؟

**٣- وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ**

وە باڵندەی ئەبابیلی ناردە سەریان.

**٤- تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ**

بەردی نوسراوی دۆزەخی تێیان دەگرت.

**٥- فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ**

ئەوەبوو کردنی بە پووشووپەڵاشی خوراو.

# شرۆڤە و تێبینی

ئەمە سوورەتێکە، باس لە چیرۆکی خورافی و ئەفسانەیی وەك واقعێك دەکات کە ڕویدابێت. لە ڕووی مێژوویی و ئاسەوارزانییەوە، هیچ بەڵگەیەك نییە کە ڕوداوێکی لەم چەشنە ڕوویدابێت. واتە ئەبراهە و سوپاکەی بە فیلێکەوە هێرشیان کردبێتە سەر مەککە.

وە لە ڕوەی لاهوتیەوە، ئەم سوورەتە کارەساتە. چۆن دەکرێت خودای جیهانەکان سوپایەکی مەسیحی لەناو بەرێت، کە هاتبوون بۆ ڕماڵینی بت و تێکدانی کعبە و نەهێشتنی ئاینی بتپەرستی، وە پارێزگاری کردبێت لە خەڵکی مەککەی بتپەرست و بتەکان.

کە ئەوکات خەڵکی مەککە بە ئیعترافی قورئان، نکاحی دایکانی خۆیان دەکرد و منداڵانیان زیندە بە چاڵ دەکرد و بتیان دەپەرست.

وێرای هەموو ئەمانەش، چەندەها جار کەعبە بە دەستی موسڵمانان سووتێندراوە، وە خوداوەندی ئیسلام بێدەنگی هەڵبژاردووە.

وەك سوپاکەی یزید و هێرشەکەی الحجاج بن یوسف الثقفی و هێرشی قرمتیەکان.

ئایا لە ڕووی لۆجیکیەوە دەکرێت سوپایەك کە هەزارەها کەس بووە، لە یەمەنەوە بەڕێ کەوتبێت و بیابانی بە  دووری ١٥٠٠ کیلۆمەتری بڕیبێت بۆ

ئەوەی بگاتە مەککە؟ وە ئەوەی سەیرە سوورەتەکە دەڵێت، فیلیان یان فیلێکیان لەگەڵدا بووە، وە موفەسیرەکان دەڵێن ناوی فیلەکە محمود بووە.

فیل لە ڕۆژێکدا ٢٠٠ لیتر ئاو دەخواتەوە، جگە لەو ئاوەی دەیکات بە خۆیدا بۆ ڕێگاگرتن لەبەرز بوونەوەی پلەی گەرمای لەشی، وە لە ڕۆژێکدا ١٥٠ کیلۆ میوە و سەوزە و ڕوەك دەخوات. ئایا لە بیابان ئاو و سەوزایی بوونی هەیە کە فیل بتوانێت بیخواتەوە و بیخوات؟

گرنگ موفەسیرەکان هاوڕان کە ئەبرەهەی حەبەشیی مەسیحیی کە فەرمانڕەوای یەمەن بووە، سوپایەك ئامادە دەکات بۆ هێرشکردنە سەر مەککە، بۆ ڕوخاندنی کەعبە و تێکشکانی بتەکانی. وە سوورەتەکە دەڵێت، (اصحاب الفیل)، واتە، سوپاکە فیلیان لەگەڵدا بووە.

وە گوایە، ئەم ڕووداوە، لە سەردەمی عبدالمطلبی باپیرەی محمد ڕوویداوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بە ساڵی ڕوودانی ئەم ڕووداوە. بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە، لەو ساڵەدا روویداوە کە پێغەمبەر لە دایك بوو، وە پێی دەگوترێت (عام الفیل)، واتە (ساڵی فیلەکە).

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، فیلەکە ناوی محمود بوو.

وە ابن سعد لە الطبقات الکبری والازرقی لە اخبار مکة والطبری لە تاریخ الرسل والملوك وابن اثیر لە الکامل في التأریخ وابن الجوزی لە المنتظم في تاریخ الملوك والامم دەڵێن:

فیلەکە ناوی محمود بوو.

ئەوەی سەیرە، حسان بن ثابت لە شیعرێکدا دەڵێت:

فذوالعرش محمود وهذا محمد

واتە، اللّٰهی خاوەن عرش محمودە، وە ئەوە محمدە.

واتە. اللّٰهی ئیسلام و فیلەکەی ئەبراهە هەردووکیان ناویان محمودە.

ئایەتی ٢ پێمان دەڵێت، اللّٰهت عەرەب پیلانی سوپاکەی ئەبراهە، کە هاتبوون بۆ ڕماڵینی بتەکان و تێکدانی کەعبە، بەتاڵ و پووچەڵ دەکاتەوە

چۆن ؟

ئایەتی ٣ وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ

باڵندەی ئەبابیلمان ناردە سەر سەریان، واتە ،سەر سوپاکە.

(طیر)، لە زمانی عەرەبی بە مانای یەك باڵندە دێت، وە (اطیار و طیور)، بە مانای زیاتر لە ٣ دانە دێت (واتە کۆمەڵێك باڵندە دێت).

ئایەتەکە دەبوایە بڵێت:

وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْورا أَبَابِيلَ

شرۆڤەکەران ناکۆکن سەبارەت بە مانای وشەی "ابابیل". ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە مانای وشەی "ابابیل" پێنج قسە هەیە:

یەکەم: جیاجیا

دووەم: بەدوای یەك

سێهەم: زۆر

چوارەم: کۆمەڵ لە دوای کۆمەڵ

پێنجەم: ڕەنگ جیاواز

وە هەروەها دەڵێت، سەبارەت بە جۆری باڵندەکە و سیفاتەکانی جیاوازی و ناکۆکی هەیە.

ابن عباس دەڵێت، دەنووکیان وەك دەنووکی باڵندە بوو، بەڵام لەپیان وەك لەپی سەگ بوو.

عکرمة دەڵێت، کەللەسەریان، وەك کەللەسەری گورگ بوو.

ابن اسحاق دەڵێت، وەك شەمشەمەکوێرە بوون.

وە سەبارەت بە ڕەنگی باڵندەکان جیاوازی هەیە، لە نێوان ڕەنگی سەوز و ڕەش و سپی.

ئەو باڵندانە، کاتێك الله ناردنی بۆ سەر سوپاکەی ئەبراهە، چیان کرد؟

ئایەتی ٤ دەڵێت:

تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ

ئەو باڵندانە، بەردێکیان دەگرتە سوپاکە، کە لە سجیل بوو.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ابن عباس و عکرمة گوتوویانە "سجیل" فارسیە و واتە "سنگ" واتە "بەرد".

القرطبی دەڵێت، ئەم بەردانە لە قورِ درووست کرابوون و بە ئاگری دۆزەخ سووتێندرابوون.

وە دەڵێت، لە سەر هەر بەردێك ناوی یەکێك لە سەربازەکانی ئەبراهە نووسرابوو.

القرطبی دەڵێت، "سجیل" لە بنەڕەتدا "سجین"ە، بەڵام پیتی "ن" گۆڕدراوە بە پیتی"ل".

واتە، نووسەرانی قورئان هەڵەیان کردووە، لە کاتی دانانی خاڵ لەسەر پیتەکان.

وشەی "سجین" لە ئایەتی ٧-٩ سوورەتی المطففین ٢ جار هاتووە :

كَلاَّ إِنَّ كِتَابَ الْفُجَّارِ لَفِي سِجِّينٍ

وَمَا أَدْرَاكَ مَا سِجِّينٌ

كِتَابٌ مَّرْقُومٌ

واته:

نەخێر، نووسینی خوێڕی وبەڕەڵاکان لە "سجین" دایە.

وە تۆ چوزانیت "سجین"چییە؟

نووسینێکی فایلکراو.

وە ابن مردوية، فەرموودەیەکی دەرهێناوە، کە عائیشە دەڵێت، پێغەمبەر گوتی سجین: حەوتەم چینی خوارەوەی زەوییە.

وە ابو نعیم لە صفة الجنة، فەرموودەیەکی دەرهێناوە، کە ابن عباس گوتوویەتی دۆزەخ لە چینی حەوتەمی زەویە.

کەواتە "سجین' دۆزەخە.

واتە، ئایەتی ٤ بە هەڵە نووسراوە، وە دەبێت ئایەتەکە بەم شێوەیە بێت:

تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّينٍ

واتە، باڵندەکان، بەردی دۆزەخیان دەگرتە سوپاکە.

ئایەتی ٥ دەڵێت:

ئینجا سوپاکە، وەك پووشوپەڵاش تەفرووتوونا بوون و لەناو چوون.

ابن کثیر وەك ئەوەی لە ئان و ساتی ڕوداوەکە ئامادە بووبێت، دەڵێت:

هەر باڵندەیەك ٣ بەردی هەڵگرتبوو، بەردێك بە دەنووکی و دوو بەرد بە پێکانی. وە بەردەکان بە قەد دەنکە نۆکێك یان نیسکێك بوون، بە هەر کەسێکیان بکەوتایە یەکسەر دەیکوشت.

ابن کثیر لە ڕاپۆرتە هەواڵیەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

هەموو سەربازەکان بەردیان بەرنەکەوت، هەندێکیان ڕایانکرد و بە ڕێگاکان بڵاوبوونەوە و پرسیاریان دەکرد: محمود واتە فیلەکە لە کوێیە ڕێگای گەڕانەوەمان (بۆ حەبەشە) نیشان بدات.

وە پەیامنێر ابن کثیر، بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

هەرکە بەردەکە بە تەپڵی سەری هەر سەربازێکیان بکەوتایە ئەوا لە کونی کۆمی دەهاتە دەرەوە.

دیقەتم داوە، سبحان الله، هەمیشە شرۆڤەکاران دەبێت نێوگەڵ و قوون بخەنە ناو شرۆڤەی دەقەکانەوە.

هەندێك لە شرۆڤەکەران دەڵێن، سوپاکە بە نەخۆشیی ئاوڵە و سوورێژە لەناو چوو. الله اعلم

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٢٠)

# سوورەتی الفلق (لەتکەر)

**١- قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ**

بڵێ، پەناگە دەبەم بۆ خودای لەتکەر.

**٢- مِن شَرِّ مَا خَلَقَ**

لە خراپەکاریی ئەوەی درووستی کردووە.

**٣- وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ**

وە لە خراپەکاریی تێیرِ کە دەچێتە ناوەوە.

**٤- وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ**

وە لە خراپەکاریی فوپیاکردن بە گرێکان.

**٥- وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ**

وە لە خراپەکاری حەسوود کاتێك حەسوودی دەکات.

# شرۆڤە و تێبینی

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، کە عائیشة دەڵێت، پێغەمبەر سحری لێکرا لە لایەن پیاوێکی بنی زریق بەناوی لبید بن الاعصم، سیحرەکە بۆ ماوەی مانگێك بەردەوام بوو، وە پێغەمبەر نەخۆش کەوت و قژی ڕووتایەوە. پێغەمبەر پێیوابوو، کە لەگەڵ ژنەکانی جووت بووە و سەرجێی کردووە، بەڵام جووت نەببوو و سەرجێی نەکردبوو.

دواتر، اللّٰە دوو فریشتە دەنێرێت بۆ لای محمد و سیحرەکە بە سوورەتی الفلق و سوورەتی الناس بەتاڵ دەکەنەوە. وە فەرموودەکە دەڵێت، لەگەڵ خوێندنەوەی هەر ئایەتێك لەم دوو سوورەتە (بەیەکەوە ١١ ئایەتن) ئەوا گرێیەك لە گرێکانی سیحرەکە دەبوونەوە (سیحرەکە ١١ گرێ بوو).
لەگەڵ کردنەوەی هەر گرێیەکی سیحرەکە، بارودۆخی پێغەمبەر باشتر دەبوو.

وە جبرایل لە هەمان کاتدا ئەم دەقەی دەخوێندەوە:

بِاسْمِ اللّٰهِ أَرْقِيكَ

مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ

مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ

اللّٰهُ يَشْفِيكَ بِاسْمِ اللّٰهِ أَرْقِيكَ

واتە:

بەناوی اللە، ڕوقیەت بۆ دەکەم.

لە هەموو شتێك کە ئازارت دەدات.

لە خراپەکاریی هەموو کەسێك یان چاوێکی پیس.

اللە شیفات دەدات و بە ناوی اللە ڕوقیەت بۆ دەکەم.

ئەم دەقانەی جبرایلیش، وەك زۆربەی دەقەکانی قورئان، سەجعە.

ابن حجر لە فتح الباری دەڵێت:

السهیلی دەڵێت بە اسنادێکی موصول و صحیح فەرموودەیەك هەیە، کە دەڵێت، پێغەمبەر بۆ ماوەی ٦ مانگ لە ژێر کارکردی سیحر بوو.

## ئایەتی ١

قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ

ئەی محمد بڵێ بە ناوی خودای "الفلق".

"فلق" واتە دوولەتکەر.

وە لە ئایەتی ٩٥ سورەتی الانعام هاتووە:

إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ

اللّٰه لەتکەری دانەوێڵە و ناوکە.

وە هەروەها لە ئایەتی ٦٣  سوورەتی الشعراء هاتووە:

فَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ مُوسَىٰ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ ۖ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ

وەحیمان نارد بۆ موسا، کە بە گۆپاڵەکەی لە دەریا بدات، یەکسەر دوولەت بوو، وە هەر لەتێك وەك چیایێکی مەزن بوو.

القرطبی لە جامع لاحکام القران دەڵێت، ابن مسعود سوورەتی "الفلق" و "الناس"ی لە قورئانەکەیدا دانەدەنا و دەیگوت وەحی نین.

هەرچەندە وشەی "فلق" وەك لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە، بە مانای "دوولەتکرن"دێت بەڵام ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، موفەسیرەکان و یاوەرەکان سەبارەت بە مانای وشەی"الفلق" ناکۆکیان هەیە، وە دەڵێت، ٦ بۆچوون هەیە:

یەکەم: الفلق، واتە، بەرەبەیان (ابن عباس و الحسن و سعید بن جبیر و مجاهید و قتادة و ابن زید).

دووەم: الفلق، واتە، الخلق، درووستکردن (ابن عباس و الضحاك).

سێهەم: الفلق، بەندینخانەیەکە لە دۆزەخ (ابن عباس ).

چوارەم: دۆڵێکە لە دۆزەخ (السدي و ابن السائب).

پێنجەم: درەختێکە لە ئاگر (عبدالله بن عمرو).

شەشەم: دانەوێڵە کە دوولەت دەبێت.

وە هەروەها هەندێك لە شرۆڤەکەران دەڵێن، ناوێکە لە ناوەکانی دۆزەخ.

گرنگ، اللهی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت، پەناگە ببە بۆ خودای فلق، بۆ خۆپاراستن لە کۆمەڵێك شت:

یەکەم: لە خراپەکاریی هەموو ئەوانەی الله درووستی کردووە.

دووەم: لە خراپەکاریی "غاسق" کاتێك "وقب" دەبێت.

سێهەم:لە خراپەکاریی فووکردنە گرێکان (جادووگەران).

چوارەم: لە خراپەکاری حەسوود.

## ئایەتی ٢

مِن شَرِّ مَا خَلَقَ

لە خراپەکاریی ئەوەی درووستی کردووە.

واتە، لە خراپەکاریی هەموو شتێك، کە الله درووستی کردووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، واتە لە شەڕی هەموو شتێکی خراپ کە الله درووستی کردووە (لە ابلیس و نەوەکانی و وەچەکانی و دۆزەخ و هەموو شتێك).

## ئایەتی ٣

وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ

بە پێویستی دەزانم، کە لە ڕووی زمانەوایییەوە قسە لەسەر مانای وشەی "غاسق" و "وقب" بکەم.

ابن منظور لە لسان العرب سەبارەت بە وشەی "غسق" دەڵێت:

کاتێك دەڵێیت "حين غسق الليل على الظراب " واتە "انصب الليل على الجبال" واتە شەو دایکوتایە سەر چیاکان.

کەواتە، "غسق" بە مانای کوتان و داکوتان دێت.

وە ابن منظور سەبارەت بە وشەی "وقب" دەڵێت واتە "الكوى" ، "النقرة" واتە "کون" و "چاڵ".

وە دەڵێت، وقب: (كل نقر في الجسد) واتە هەر کونێك لە کونەکانی لەش.

وە "وقب" واتە، (الثقب الذى يدخل فيه المحور) واتە، کونێکە کە تەوەرێکی دەچێتە ناوەوە.

الاقاب: (ادخال الشىء في الوقبة) واته، شتێك بخەیەتە كونێكەوە

و امراة الميقاب: واتە ژنێكی نێوگەڵ فراوان.

كەواتە، ئایەتی ژمارە ٣ ماناكەی دەبێت بە:

لە خراپەكاری چووك كە هەڵدەستێت و دەچێتە كونەوە.

هەڵبەتە، زۆربەی شرۆڤەكاران شەرمیان كردووە كە ئەم دەقە وەك خۆی وەبگێڕن، لەبەر ئەوە مانای تریان بۆی داتاشیووە:

ابن الجوزی لە زاد المسير دەڵێت، وشەی "الغاسق" لەم ئایەتەدا چوار مانا دەبەخشێت:

یەكەم: واتە مانگ

فەرموودەیەك لە الترمذی و النسائی هاتووە، كە محمد سەیری مانگی كردووە و بە عائیشەی گوتووە، ئەی عائیشة پەناگە بۆ الله ببە لە خراپەكاری "الغاسق" كاتێك هەڵدەستێت.

لێرەدا چەند پرسیارێك دێتە ئاراوە:

دەقەكە دەڵێت، لە خراپەكاری "شەڕانگێزی" "غاسق" كاتێك "وقب" دەبێت. ئایا مانگ شەڕانگێز و خراپەكارە؟ هەرگیز.

وە ئەگەر مانگ خراپ بووایە و شەڕانگێز بووایە چۆن اللەاکبر سوێندی بە مانگ دەخوارد، وەك لە ئایەتی ٢٣ سورەتی المدثر سوێند بە مانگ دەخوات و دەڵێت:

كَلَّا وَالْقَمَرِ . واتە نەخێر سوێند بە مانگ.

دواتر، لە هەموو دەقەکانی قورئان"مانگ" بە "قمر" ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر نووسەری قورئان مەبەستی مانگ بوایە ئەوا دەیگوت:

و من شر القمر اذا وقب

دووەم: ئەستێرە

لە هیچ قامووسێکی عەرەبی"الغاسق " بە مانای ئەستێرە نایەت.

اللەی عەرەب و ئیسلام، لە چەندەها دەقی قورئاندا سوێندی خواردووە بە ئەستێرە و شوێنی ئەستێرەکان. لە ئایەتی ١ سوورەتی النجم دەڵێت:

وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَىٰ. واتە، سوێند بە ئەستێرە کاتێك نزم دەبێتەوە.

وە هەروەها، سوێند بە شوێنی ئەستێرەکان دەخوات، وەك لە ئایەتی ٧٥ سورەتی الواقعة هاتووە و دەڵێت:

فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ. واتە بەدڵنیاییەوە سوێند بە شوێنی ئەستێرەکان دەخۆم.

وە لە قورئاندا هاتووە، کە یەکێك لە کارەکانی ئەستێرە، ڕاونان و ڕەجمکردنی شەیتانەکان و جنۆکەکانن، کاتێك هەوڵ دەدەن لە ژێر بنمیچی ئاسمانی دونیاوە گوێیان لە چرپە و قسەی فریشتەکان بێت. ئایەتی ٣ سورەتی الطارق دەڵێت:

النَّجْمُ الثَّاقِبُ  واتە، ئەستێرەی کونکەر (شەیتانەکان کون دەکات)

سێهەم: شەو

"غاسق" بەهیچ شێوەیەك بە مانای شەو نایەت.

وە اللّٰەی عەرەب و ئیسلام سوێندی بە شەو خواردووە، کەواتە، دەبێت شەو دیاردەیەکی باش بێت و خراپ نەبێت. ئایەتی ١ سورەتی اللیل دەڵێت:

وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى

وە سوێند بە شەو کاتێك ڕۆژ دادەپۆشێت.

ئەگەر شەو خراپ بێت، کەواتە چۆن دەکرێت خودا سوێند بە شتێکی خراپ بخوات.

چوارەم: کۆمەڵە ئەستێرەی ثریا. ابن زید گوتوویەتی کاتێك ثریا بەدیار دەکەوێت طاعوون و نەخۆشیی زۆر دەبن.

بەهەمان شێوە، بەڵگەیەك نییە کە "غاسق" بەمانای "ثریا " بێت.

کەواتە، ئاخۆ دەبێت مانای ئەم ئایەتە چی بێت، کە زۆربەی شرۆڤەکەران لە ماناکەی ڕایان کردووە؟

ئەوەی سەیرە القرطبی دەڵێت: دەڵێن، الغاسق " واتە مار کاتێك دەگەزێت وە "وقب" کاتیك دەچێتە ژوورەوە.

واتە، بە مانای مار و چوونە ژوورەوە دێت. بەڵام لە شرۆڤەکەی مانایەکی بەتەواو پێچەوانەی داوە.

السیوطی لە الاتقان في علوم القران وابن عطية لە المحررالوجیز و فیروزابادی لە معجم المحيط دەڵێن:

(من شر غاسق اذا وقب)، واتە، لە شەڕی چووکی پیاو کاتێك هەڵدەستێت.

وە امام حامد الغزالی لە احیاء علوم الدین دەڵێت:

فیاض بن نجیح گوتوویەتی، کاتێك چووکی پیاو هەڵدەستێت، دوو لە سێی ئەقڵی لە دەست دەدات. وە هەندێك لە اهلی علم دەڵێن، کاتێك چووکی پیاو هەڵدەستێت، ئەوا یەك لە سێی ئاینی لە دەست دەدات.

کەواتە چووکی پیاو، هەر بە ڕاستی "غاسق" و شەڕانگێزە، چونکە ئەقڵ و ئاین کەم دەکات. لەبەرە ئەوە هەولێری بە کێر دەڵێن کافربابە کافرباب.

وە امام حامد الغزالی بەردەوام دەبێت و دەڵێت، ابن عباس سەبارەت بە ئایەتی (من شر غاسق اذا وقب) گوتوویەتی، واتە هەڵسانی چووکی پیاو.

ئینجا دەڵێت، وە چووك بەڵایە، چونکە ئەگەر ورووژا، ئەوا هیچ ئەقڵێك و ئاینێك ناتوانێت لەبەرامبەریدا خۆڕاگر بێت، مقاوەمەت بکات.

ئینجا بەردەوام دەبێت و دەڵێت، هەر لەبەر ئەوە پێغەمبەر لە نیزاکانی گوتوویەتی: اللە، پەناگە دەبەم بۆ تۆ، بۆ ئەوەی لە شەڕی بیستنم و بینینم و دڵم و تۆواوم بمپارێزیت. وە هەروەها گوتوویەتی داواکارم لە تۆ کە دڵم پاککەیتەوە و نێوگەڵم بپارێزێت.

لە ئیسلامدا، هەر بەڕاستی چووکی پیاو شەڕی غاسقە کاتێك وقب دەبێت، واتە هەڵدەستێت.

## ئایەتی ٤

وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ

لە خراپەکاریی جادووگەران کە فوو دەکەنە گرێ.

بەڵێ اللەی ئیسلام، بڕوای بە خورافەی جادوو و جادووگەری هەیە.

الطبری دەڵێت، خراپترین جادوو ئەوەیانە کە فوو کراوەتە گرێوە.

وە لە صحیح البخاری هاتووە، کە عائیشە دەڵێت، کاتێك پێغەمبەر شەوانە دەچووە سەرجێگاکەی بۆ خەوتن، هەردوو لەپی دەستی لەتەك یەك دادەنا، ئینجا فووی پیایاندا دەکرد، ئینجا سوورەتی "قل هو اللە احد "

و "قل اعوذ برب الفلق " و "قل اعوذ برب الناس"ی دەخوێندەوە، ئینجا دەستەکانی بە دەم و چاوی و لەشی دادەهێنا، وە ٣ جار ئەم کارەی دەکرد.

هەڵبەتە محمد صلعم، ئەم کارەی کردووە نەوەك بە چاو بچێت و سیحر و جادو کاری لێ بکەن.

## ئایەتی ٥

وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ

وە لە شەڕی حەسوود کاتێك حسوودی دەکات.

وە اللهی عەرەب و ئیسلام، بڕوای بە چاوو و زار هەیە، وە بڕوای بە حسوودی هەیە، هەر بە ڕاستی سەیرە!

لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی، العین حق واتە، بە چاوچوون، ڕاستی و حەقیقەتە.

وە لە صحیح الجامع، فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی: لە دوای قەزاو قەدەر زۆربەی میللەتەکەم بە هۆی بەچاو چوونەوە دەمردن.

ئاخۆ دەبێت ئەوانە کێ بن، کە حەسوودی دەبەن بە میللەتی ئیسلام و ئەقڵی موسڵمانان؟

وە هەروەها فەرموودەیەك لە جامع الترمذی وسنن ابو داود هاتووە، کە محمد نیزای بۆ حسن و حسێن کردووە و گوتوویەتی:

پەناگەتان بۆ دەبەم بە وتەی تەواوی اللە، لە هەموو شەیتانێك و دەردێك وە لە هەموو چاوێکی زیانبەخش.

وە لە صحیح مسلم هاتووە، عائیشة دەڵێت، پێغەمبەر فەرمانی پێکردم کە ڕوقیە لە چاو (نەوەك بە چاو بچم ) بکەم.

وە محمد سەدەها فەرموودەی هەیە لەسەر چاوو و زار.

وە ئایەتی ٥١ سورەتی القلم دەڵێت:

وَإِن يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ

وە ئەی محمد، خۆ خەریکە بەچاوەکانیان هەڵتلۆشن (بەچاوت ببەن)، وە کاتێك گوێیان لە قورئان بوو دەڵێن، هەر بەراستی محمد شێتە.

سەیری ئەو لۆجیکە سەیروسەمەرەیە بکەن: کافرەکان بە محمدیان گوتووە شێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ویستوویانە بە چاوی ببەن.

کۆتایی سووڕەکە.

# (٢١)

# سوورەتی الناس (خەڵك)

**١- قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ**

بڵی پەناگە دەبەم بۆ خودای خەڵك.

**٢- مَلِكِ النَّاسِ**

پادشای خەڵك.

**٣- إِلَهِ النَّاسِ**

خودای خەڵك.

**٤- مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ**

لە خراپەکاریی چرپەچرپی شەیتان.

**٥- الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ**

کە لە سینەی خەڵك چرپەچرپ دەکات.

**٦- مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ**

له جنۆكه و خه‌ڵك.

## شرۆڤه و تێبینی

هۆكاری دابه‌زینی ئه‌م سووره‌ته و سووره‌تی "الفلق" هه‌مان هۆكاری دابه‌زینه.

ئه‌گه‌ر سه‌رنجێكی ئه‌م پێنج ئایه‌ته بده‌ین ده‌بینین:

یه‌كه‌م: سه‌رتاپای سووره‌ته‌كه وه‌ك سووره‌تی "الفلق" سه‌جه‌عه، (سجعی كاهینه‌كان واته شێوازی ده‌ربڕینی جادووگه‌ره‌كان).

دووه‌م: ٣ ئایه‌تی یه‌كه‌م، هه‌مان مانا ده‌به‌خشن، (رب الناس، ملك الناس، وه اله الناس) واته خودای خه‌ڵك، پادشای خه‌ڵك و خودای خه‌ڵك. دووباره‌كردنه‌وه‌یه‌كی زۆر بێمانایه.

سێهه‌م : ٤ جار وشه‌ی "الناس" له كۆتایی پێنج ئایه‌تدا هاتووه، (ئایه‌تی١، ٢، ٣، ٥ و ٦) كه له ڕووی ڕه‌وانبێژیه‌وه ده‌قه‌كانی زۆر كرچووكاڵ كردووه.

ئینجا، ئایه‌تی ٤-٥ ده‌ڵێت:

مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ

الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ

واتە، پەناگە دەبەم بۆ خودای خەڵك و پادشای خەڵك و خودای خەڵك، لە شەڕی چرپەچرپی "الخناس" کە لە سینەی خەڵك چرپەچرپ دەکات.

شرۆڤەکاران دەڵێن، "الخناس" واتە، شەیتان یان جۆرێکی تایبەتە لە شەیتان، کە کاری سەرەکی بریتییە لە چرپەکردن لە سینەی مرۆڤەکان.

ابن الجوزی دەڵێت: هەرکاتێك موسڵمان ئاماژەی کرد بە ناوی اللّٰه، ئەوا ئەم شەیتانە ون دەبێت و چرپەچرپی نامینێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: ئەم شەیتانە هەم لەکاتی دڵتەنگی وە هەم لە کاتی خۆشی فوو دەکاتە دڵی مرۆڤەوە، وە کاتێك ئاماژە بە ناوی اللّٰه دەکرێت ون دەبێت.

دیارە ئەم شەیتانە لە سووڕی خوێنی مرۆڤدا دەژێیت و جار بە جار سەردانێکی دڵی مرۆڤ دەکات. کەواتە دەبێت جەنابی حەزرەتی الخناس مجلیسی دامەزراندبێت لە دڵی ئاشقەکان.

وە لەبەر ئەوە، کاتێك فریشتەکان سینگی پێغەمبەریان شەق کردووە، لە دڵیدا کڵۆی شەیتانیان(علقة الشیطان)، یان بەشی شەیتانیان دەرهێناوە.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، محمد گوتوویەتی، شەیتان وەك خوێن لە ناو لەشی مرۆڤدا جرت و فرت دەکات.

وە هەروەها لە صحیح البخاری و مسلیم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە، کە لە بەشێکی فەرموودەکەدا دەڵێت: شەیتان شەڕ و خراپەکاری دەخاتە دڵی مرۆڤەوە.

هەر لەبەر ئەوە لە ئیسلامدا ڕوقیە بۆ دەرکردن و دەرپەڕاندنی جنۆکە و شەیتانەکان، لە ڕێگای یەکێك لە کونەکانی لەشی مرۆڤ ڕێگا پێدراو و حەڵاڵە و ئەسڵ و بنەمای هەیە.

وە محمد، خۆدی خۆی ڕوقیەی بۆ خەڵک کردووە.ڕیوایەتەکان ئێجگار زۆرن، کە تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کە محمد ڕوقیەی کردووە. بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بە یەك ڕیوایەت دەکەین،کە شیخ الالبانی لە السلسلة الصحیحة ئاماژەی پێکردووە، ڕیوایەتەکە دەڵێت:

ژنێك، کوڕە ٧ ساڵیەکەی هێنا بۆ لای پێغەمبەر و گوتی ڕۆژانە دوو جار گەشکە دەیگرێت، ئەوەبوو پێغەمبەر تفێکی کردە دەمی منداڵەکە و بە (جنۆکەکە یان شەیتانەکەی) گوت، دەرچۆ ئەی دوژمنی اللە، من پێغەمبەری اللهم.

دواتر محمد، بۆ ئەم کارەی، مەڕێك وەك هەقدەست لە ژنەکە وەردەگرێت.

ئینجا دوا ئایەت دەڵێت :

لە جنۆکە و مرۆڤ.

واتە، پەناگە دەبەم بۆ خودای خەڵك و پادشای خەڵك و خودای خەڵك لە خراپەکاریی چرپەچرپی شەیتانی خەناس، کە چرپە دەکات لە سینەی خەڵك لە جنۆکە و لە مرۆڤ.

ئایا لە شەڕی جنۆکە و مرۆڤ وە یان شەیتان کە چرپەچرپ دەکات لە سینەی جنۆکە و مرۆڤ؟

الطبری دەڵێت: واتە شەیتان چرپەچرپ دەکات لە سینەی جنۆکە و مرۆڤ. دە کەواتە دەبوایە ئایەتی ٥-٦ یەك ئایەت بوونایە و بیگوتبایە:

الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِالْجِنَّةِ وَالنَّاسِ

چونکە ئایەتی پێنج دەڵێت، شەیتان چرپەچرپ دەکات لە سینەی "الناس" واتە خەڵك (مرۆڤ).

دواتر دەڵێت، لە جنۆکە و مرۆڤ. دیارە جنۆکەش سینەی هەیە، وە جنۆکە نەوەی شەیتانە، کەواتە شەیتان چرپە چرپ دەکات لە ناو دڵی نەوەکانی.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٢٢)

# سوورەتی الاخلاص (فریادیی)

١ - قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ

بڵێ ئەو اللە دانەیەکە.

٢- اللَّهُ الصَّمَدُ

اللە پتەوە.

٣- لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ

لێی لە دایك نەبووە، وە لە دایك نەبووە.

٤- وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ

وە هەرگیز هاوشانی نەبووە.

# شرۆڤە و تێبینی

الواحدی لە اسباب النزول وە السیوطی لە لباب النقول في اسباب النزول، ئاماژە بە چەند چیرۆكێك دەكەن، وەك هۆكاری دابەزین:

یەكەم: خەڵكانێكی یەهوودی هاتن بۆ لای پێغەمبەر و گوتیان خوداكەتمان بۆ وەسف بكە، هەروەك چۆن خودا لە تەورات وەسفی خۆی كردووە، پێمان بڵێ خوداكەت لە چ شتێكە؟ وە لە چ توخمێكە؟ لە ئاڵتوونە، یان لە مس، وە یان لە زیو؟ وە ئایا دەخوات و دەخواتەوە؟ ئەوەبوو، الله ئەم سوورەتەی دابەزاند و وەسفی خۆی كرد.

بە گوێرەی ئەم چیرۆكە، دەبێت سوورەتی "الاخلاص" سوورەتێك بێت لە مەدینە، نەك لە مەككە دابەزیبێت، چونكە یەهوودیەكان دانیشتووی مەدینە بوون.

دووەم: موشریكەكانی مەككە، هاتن بۆ لای پێغەمبەر و گوتیان وەسفی خوداكەتمان بۆ بكە، ئەوەبوو ئەم سوورەتە دابەزی.

سێهەم: یەهوودیەكانی خەیبەر، هاتن بۆ لای پێغەمبەر و گوتیان ئەی باوكی قاسم، (واتە محمد كە ناسراو بوو بە ابا القاسم)، الله فریشتەكانی لە ڕووناكیی پەردەكەی دروووست كردووە و ئادەمی لە قوڕێكی ڕەشهەڵگەڕاو درووستكردووە و ئیبلیسی لە كڵپەی ئاگر درووست كردووە، وە ئاسمانی لە هەڵم درووست كردووە، وە زەوی لە كەفی ئاو درووست كردووە، پێمان بڵێ

خوداکەت لە چییە؟ پێغەمبەر وەڵامی نەدانەوە تاوەکو جبرایل ئەم سوورەتەی بۆ پێغەمبەر هێنا.

بەگوێرەی ئەم چیرۆکە، دەبێت ئەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیبێت.

بەڵام ئەم چیرۆکانە، بە مەبەستەوە دژ بە یەهوودیەکان درووستکراون، چونکە لە تەورات شتی وانییە خودا لە توخم بێت، لە ڕوانگەی پەرتووکی پیرۆزەوە، خودا ڕۆحە، وە فریشتەکان لە ڕۆح دروستکراون.

ابن اثیر الجزیری لە "اسد الغابة " دەڵێت، کچی خالید بن سنان، هات بۆ لای پێغەمبەر و گوێی لێبوو پێغەمبەر سوورەتی "قل هو الله احد"ی دەخوێندەوە، کچی خالید گوتی ئەوە باوکم کاتی خۆی دەیخوێندەوە.

وە ابن شیبة النمیری لە تاریخ المدینة دەڵێت، کچی خالد بن سنان، هات بۆ لای پێغەمبەر و گوێی لێبوو پێغەمبەر سوورەتی "قل هو الله احد"ی دەخوێندەوە، ئەوەبوو گوتی باوکم ئەوەی دەخوێندەوە کە تۆ دەتخوێندەوە، پێغەمبەر گوتی لە ڕاستیدا باوکت پێغەمبەر بوو، بەڵام قەومەکەی پێیان نەزانی.

خالید بن سنان العبسی، یەکێك بوو لە ئەحنافەکانی دورگەی عەرەب، کە خوداپەرستی دەکرد، وە بەر لە دایك بوونی محمد مردووە.

ئەم ڕیوایەتە پێمان دەڵێت، محمد ئەم سوورەتەی لە خالد بن سنان العبسی بردووە.

# ئایەتی ١

قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ

بڵێ ئەو الله دانەیەکە.

"احد" بۆ مرۆڤ بەکاردێت، بەڵام بۆ خودا ناشیاوە، وە بەکارهێنانی "احد" بۆ خودا، شرك دەگەیەنێت.

بۆ نموونە "یەکێك" واتە مرۆڤێك، واتە دانەیەك لە کۆمەڵێك، یان لە ژمارەیەك. بۆ نموونە پیاوێك لە پیاوان، خوێندکارێك لە خوێندکاران.

وە دەتوانین بڵێن، ئەم ئایەتە تاکە ئایەتە کە ئاماژە بە الله دەکات بە "احد" لە هەموو ئایەتەکانی تری قورئاندا "احد" بۆ مرۆڤ بەکارهاتووە.

القرطبی بەم کێشەی زانیووە لەبەر ئەوە دەڵێت:

(قل هو الله احد) واتە "الواحد الوتر" واتە "یەك و تاك".

البغوی لە معالم التنزيل دەڵێت، ابن مسعود لە قورئانەکەی نووسیبووی، وە دەیخوێندەوە بە (قل هو الله واحد)، واتە ( بڵێ ئەو الله یەکە).

ئەگەر بڕوات بە فرەخودایی هەبێت ئەوسا دەکرێت ئاماژە بە "احد" بکەیت بۆ خودایەك لە خوداکان.

# ئایەتی ٢

اللَّهُ الصَّمَدُ

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت الطبرانی لە "السنة"، فەرموودەیەکی دەرهێناوە کە الضحاك دەیگێڕێتەوە ودەڵێت، یهوودیەکان گوتیان ئەی محمد دەزانین "احد" چییە، ئەی " الصمد" چییە؟ پێغەمبەر گوتی واتە ناوی بۆش نییە.

واتە اللہ ناو لەشی بۆش نییە. هەر بەڕاستی سەیرە، موسڵمانان خودایەك دەپەرستن کە لە شێوەی مرۆڤە، بەڵام وەك مرۆڤ ناوسکی بۆش نییە. چونکە اللہ ناخوات و ناخواتەوە، ئەوا گەدە و ڕیخەڵۆکی نییە و ناو سکی پتەوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، لە تفسیری ئایەتی ٧٠ دەڵێت:

محمد بن اسحاق و خەڵکانێکی دیکەش، گوتوویانە قەومی هوود، چەند بتێکیان دەپەرست، بتێك بە ناوی "صمد" وە بتێك بە ناوی "صمود" وە بتێك بە ناوی "الهباء".

" انهم کانوا یعبدون اصناما فصنم یقال لە صمد و اخر یقال لە صمود و صنم یقال لە الهباء"

وە دۆکتۆر جواد علی، لە المفصل في تاریخ العرب قبل الاسلام دەڵێت، عەرەبی دورگەی عەرەبی بتێکیان دەپەرست بە ناوی "صمد".

وە ابن سعد لە الطبقات الكبرى، لە بابەتی دووگیان بوونی ئامینە دەڵیت، ئامینە گوتوویەتی، کاتێك محمد کەوتە سکمەوە، لە خەومدا شتێك هات بۆ لام و گوتی بڵێ:

أعيذه بالواحد الصمد، من شر كل حاسد

( محمد) دەسپێرم بە تاك و تەنهای "صمد". لە شەڕی هەموو حەسوودێك.

محمد لە چەندەها فەرموودەی صحیحدا دان بەوە دەنێت کە دایك و باوکی بتپەرست بوون و دۆزەخین، وە تەنانەت محمد گوتوویەتی من بێبەریم لە ئامینە، هەروەك چۆن ابراهیم بێبەری بوو لە باوکی. کەواتە دەبێت ئەو "صمد"ەی ئامینە ئاماژەی پێ دەکات، بتێك لە بتەکانی دورگەی عەرەبی بووبێت.

کەچی ئامینە، محمدی داوەتە دەست صمد، دەبێت صمد لای ئامینە ناسراو بووبێت.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە مانای وشەی صمد، چوار قسە هەیە:

یەکەم : "السيد" گەورە، کە پشتی پێ دەبەسترێت، بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان.

دووەم: ناوەوەی بۆش نییە.

سێهەم: هەمیشەیی و ئەبەدیە.

چوارەم : "دەمینێتەوە"، لە دوای لە ناو چوونی خەلق.

الطبری دەڵێت: ناکۆکی سەبارەت بە مانای وشەی صمد هەیە، هەندێکیان دەڵێن واتە بۆشایی تێدا نییە و ناخوات و ناخواتەوە.

هەندێکیان دەڵێن، هیچی لێ دەرناچێت واتە پاشەڕۆی نییە.

وە الرزای لە مفاتیح الغیب، ئاماژە بە دەیەها مانا دەکات، لە یەکێکیان دەڵێت: الصمد هو الاملس من الحجر الذی لا یقبل الغبار و لا یدخله شیء و لا یخرج منه شیء.

واتە، "الصمد" بریتییە لە بەردێکی لووس، کە تەپووتۆز هەڵناگرێت و هیچ شتێك ناچێتە ناویەوە و هیچی لێ دەرناچێت.

زۆر ڕوونە کە هەموو ئەو سیفاتانە بەرد و بت دەگرێتەوە. بەرد و بت هیچیان لێنایەت، بۆش نین و پتەون، ناخۆن و ناخۆنەوە، پاشەڕۆیان نییە، و لووسن و تەپووتۆز هەڵناگرن.

کەواتە ئایەتی ٢ دەڵێت الله پتەوە.

## ئایەتی ٣

لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ

واتە، نە لێی لە دایك بووە، وە نە لە دایك بووە، هەروەك ئایەتی ١٠١ سورەتی الانعام دەڵێت:

أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ

چۆن دەكرێت الله، كوڕی هەبێت لە كاتێكدا دۆستی ژنی نەبووە.

واتە، ئەگەر الله، دۆستی ژنی هەبێت، ئەوسا دەكرێت منداڵی هەبێت.

ئەگەر خودا خودا بێت، دەتوانێت دۆستێك بۆ خۆی درووستبكات.

مەگەر خودا كامل القدرة نییە؟ دەسەڵات و توانای ڕەهای نییە؟

## ئایەتی ٤

وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ

وە هەرگیز كەسێك هاوشانی نەبووە.

هەروەك ئایەتی ١١ الشوری دەڵێت:

لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ

هیچ شتێك وەك الله نییە.

لە ڕاستیدا، هیچ مرۆڤێك وەك مرۆڤێکی تر نییە، لە ڕووی شێوە و سیمات و توانایی، هتد...واتە، ئەم ئایەتە ناکرێت تەنها تایبەت بکرێت بە خودا.

لەبەر ئەوە ئەم دەقە لە ڕووی لاهووتیەوە زۆر بێ بنەما و بێ مانایە، بەتایبەتی کە لە فەرموودە صحیحەکاندا هاتووە، کە  الله مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی درووست کردووە. لە صحیح البخاری و صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ،  واتە الله، ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی -واتە شێوەی الله – درووست کردووە.

وە الطبری لە جامع البیان، ئاماژە بە ڕیوایەتێکی درێژ دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی درووستکردنی ئادەم، وە چۆن فریشتەکان لە پەیکەری ئادەم دەتۆقن کاتێك دەیبینن. چونکە پێیان وابووە کە دوو خودایان هەیە، (چونکە الله ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی درووست کردووە)، تاوەکو ئیبلیسی ساختەچی، بە شیوەیەك لە شێوەکان بۆی ڕوون دەبێتەوە کە پەیکەرەکەی ئادەم، الله نیە. ڕیوایەتەکە دەڵێت:

کاتێك الله ئادەمی لە شێوەی پەیکەرێك لە قوڕ درووست کرد، بۆ ماوەی چل ساڵ وازی لێیهێنا و ڕۆحی فوو نەکردە ناویەوە. فریشتەکان لە پەیکەری ئادەم تۆقیبوون، وە ئەوەی لە هەموویان زیاتر تۆقیبوو ئیبلیس بوو. لەبەر ئەوە، هەر کاتێك بەلای پەیکەرەوە تێپەڕ دەبوو، شەقێکی لێ

دەدا و پەیکەرەکە وەك فەخفووری دەنگی دەدایەوە (صلصال) هەروەك اللە لە قورئان دەڵێت، (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ) (ئایەتی ١٤ سوورەتی الرحمن)، واتە (مرۆڤی لە قوڕێکی فەخفووری ئاسا درووست کردووە)، وە ئیبلیس دەیگوت، بۆ شتێك درووستکراویت. ئینجا ئیبلیس، لە دەمی پەیکەرەکە دەچووە ژوورەوە و لە کۆمی دەهاتە دەرەوە. ئیبلیس، بە فریشتەکانی گوت: لەم پەیکەرە مەترسن، چونکە ناوی بۆشە بەڵام خوداکەتان "صمد"ە و ناوی بۆش نییە و پتەوە.

کەواتە "الصمد" واتە، شتێکی پتەوکە ناوی بۆش نەبێت.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٢٣)

# سوورەتی النجم (ئەستێرە)

١- وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى

سوێند بە ئەستێرە، کاتێك شۆڕدەبێتەوە و دەکەوێت.

٢- مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى

هاوڕێکەتان نە گومڕا بوو وە نە سەرکێش.

٣- وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى

وە بە هەوەس قسە ناکات.

٤- إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى

ئەو تەنها وەحیەکە وەحێندراوە.

٥- عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى

زۆر بەهێز فێری کردووە.

**٦- ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَى**

خاوەن حیکمەتە و ڕێك وەستا.

**٧- وَهُوَ بِالأُفُقِ الأَعْلَى**

وە ئەو لە ئاسۆی بەرز بوو.

**٨- ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى**

ئینجا نزیك بۆوە و دابەزی.

**٩- فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى**

بڕی دوو کەوان بوو یان کەمتر.

**١٠- فَأَوْحَى إِلَى عَبْدِهِ مَا أَوْحَى**

ئینجا وەحی دا بە بەندەکەی، ئەوەی وەحاندی.

**١١- مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى**

دڵ نکۆڵی لەوە نەکرد ئەوەی کە بینی.

**١٢- أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى**

ئایا شك و گومانی لێ دەکەن لەسەر ئەوەی بینی؟

**١٣- وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى**

وه بەڕاستی دابەزینێکی تریش بینی

**١٤- عِندَ سِدْرَةِ الْمُنتَهَى**

له لای سیدرەی کۆتایی.

**١٥- عِندَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى**

کە لەلای بەهەشتی نیشتەجێ بوون هەیە.

**١٦- إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى**

کە سیدرە دادەپۆشێت، جا چەندێك دابپۆشێت.

**١٧- مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى**

بینین نە هەلوەسەی کردووە وە نە هەڵە.

**١٨- لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى**

بە دڵنیاییەوە لە نیشانە گەورەکانی خوداکەی بینی.

**١٩.أَفَرَأَيْتُمُ اللاَّتَ وَالْعُزَّى**

ئایا لات و عوزا نابینن؟

**٢٠- وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى**

وه مەنات سێیەمەکە ئەویتر.

**٢١.أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الأُنثَى**

ئایا بۆ خۆتان نێرینە، وە بۆ ئەو مێینە؟

**٢٢- تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى**

دەکەواتە ئەمە دابەشکردنێکی ناڕەوایە.

**٢٣- إِنْ هِيَ إِلاَّ أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى**

لە ڕاستیدا ئەوە تەنها ناوانێکن خۆتان و باوکانتان ناوتان لێیان ناوە، وە ﷲ هیچ دەسەڵاتێکی بۆیان دانەبەزاندووە، تەنها پیادەی مەزندە و هەوەسی ناخەکانیان دەکەن، لە (کاتێکدا) لایەن خوداکەیان ڕێنماییان بۆ هاتووە.

**٢٤- أَمْ لِلإِنسَانِ مَا تَمَنَّى**

وە یان بۆ مرۆڤ هەیە ئەوەی خۆزگەی بۆ دەکات.

**٢٥- فَلِلَّهِ الآخِرَةُ وَالأُولَى**

بۆ اللّٰهیەکۆتایی و سەرەتا.

**٢٦- وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلاَّ مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاء وَيَرْضَى**

وە چەند فریشتە لە ئاسمانەکان، تکاو پاڕانەوەیان هیچ سوودێکی نییە، تەنها ئەوکات نەبێت کە اللّٰه مۆڵەت دەدات، بۆ ئەوەی خۆی دەیەوێت و لێی رازیە.

**٢٧- إِنَّ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ لَيُسَمُّونَ الْمَلائِكَةَ تَسْمِيَةَ الأُنثَى**

ئەوانەی بڕوایان بۆکۆتایی نییە، ناوێك لە فریشتەکان دەنێن ناوی مێینە.

**٢٨- وَمَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا**

وە هیچ زانیاریەکیان نییە، تەنها پیادەی مەزندەکانیان دەکەن، وە لە ڕاستیدا مەزندەکردن لەبەرامبەر ڕاستیدا هیچ نییە.

**٢٩- فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلاَّ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا**

دە خۆت بەدوور بگرە، لەوکەسەی کە خۆی بەدوور دەگرێت لە ئاماژە کردنمان ، وە هیچی ناوێت تەنها ژیانی دونیا نەبێت.

**٣٠- ذَلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ الْعِلْمِ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اهْتَدَى**

ئەوە ئاستی زانستیتیان، لە ڕاستیدا خوداکەت دەزانێت بەوەی کە گومڕا بووە لە ڕێگاکەی، وە هەر خۆی دەزانێت بەوانەی ڕێنمایی کراون.

**٣١- وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاؤُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى**

وە هی اللّٰەیە ئەو شتانەی لە ئاسمانەکان و ئەو شتانەی لە زەوین، بۆ ئەوەی سزای ئەوانە بدات کە کارەکانیان خراپ بووە، وە پاداشتی ئەوانە بدات کە کارەکانیان باش بووە.

**٣٢- الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلاَّ اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ فَلا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى**

ئەوانەی خۆیان لە گوناهە گەورەکان و فاحیشە بە دوور دەگرن، تەنها بچووکەکان نەبێت، ئەوا لە ڕاستیدا خوداکەت لێبووردەیی فراوانە، هەر خۆی باشتر پێتان دەزانێت، کە ئێوەی لە زەویدا دامەزراند، وە کە ئێوە کۆرپەلە بوون لە سکی دایکانتان، دەکەواتە نەکەن خۆتان پاك کەنەوە، ئەو خۆی دەزانێت بەوەی خۆی پاراستووە.

**٣٣-أَفَرَأَيْتَ الَّذِي تَوَلَّى**

ئایا ئەوەت بینی کە ڕۆیشت؟

**٣٤- وَأَعْطَى قَلِيلا وَأَكْدَى**

وە کەمێکی بەخشی و گرتیەوە.

**٣٥- أَعِندَهُ عِلْمُ الْغَيْبِ فَهُوَ يَرَى**

ئایا زانستی نادیاری لایە وە دەبینێت.

**٣٦- أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى**

وە یان پێی ڕانەگەیەندراوە ئەوەی لە پەرتووکی موسا هەبووە.

**٣٧- وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى**

وە هی ئیبراهیم کە پابەند بوو.

**٣٨- أَلاَّ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى**

لە ڕاستیدا هیچ کەسێك گوناهی کەسێکی تر لە ئەستۆ ناگرێت.

**٣٩- وَأَن لَّيْسَ لِلإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى**

وە هیچ شتێك هی مرۆڤ نییە، تەنها ئەوەی هەوڵی بۆ دەدات.

**٤٠- وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى**

وە لە راستیدا هەوڵەکانی هەر دەبینرێت.

**٤١-ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاء الأَوْفَى**

ئینجا بە باشترین شێوە پاداشت دەدرێتەوە.

**٤٢- وَأَنَّ إِلَى رَبِّكَ الْمُنتَهَى**

وە بە ڕاستی کۆتاییەکەی بۆ لای خوداکەتە.

**٤٣- وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَى**

وە هەر ئەو بە پێکەنینیت دێنێت و دەتگریێنێت.

**٤٤- وَأَنَّهُ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا**

وە هەر ئەو دەتمرێنێت و دەتژیێنێت.

**٤٥-وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالأُنثَى**

وە هەر ئەو جووتێکی لە نێرینە و مێینە درووست کردووە.

**٤٦- مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى**

لە بڕێك ئاو کاتێك دەپڕژێت.

**٤٧- وَأَنَّ عَلَيْهِ النَّشْأَةَ الأُخْرَى**

وه لەسەریەتی بنیاتنانێکی دیکە.

٤٨- **وَأَنَّهُ هُوَ أَغْنَىٰ وَأَقْنَىٰ**

وه لە ڕاستیدا ئەو دەوڵەمەند دەکات و دەتکات بە کۆیلە و ڕیسوات دەکات.

٤٩- **وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَىٰ**

وه لە ڕاستیدا هەر ئەو خودای (ئەستێرەی) شیعرایە.

٥٠- **وَأَنَّهُ أَهْلَكَ عَادًا الْأُولَىٰ**

وه لە راستیدا هەر ئەو لە پێشوودا عادی لەناوبرد.

٥١- **وَثَمُودَ فَمَا أَبْقَىٰ**

وه ثەمودیش کە نەمان.

٥٢-**وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا هُمْ أَظْلَمَ وَأَطْغَىٰ**

وه لە پێشوو قەومی نوح، لەچاو ئەوان، ( عاد و ثمود)، ستەمکارتر و سەرکێشتر بوون.

٥٣- **وَالْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَىٰ**

وه موئتەفیکە بە هەوەسی خۆیان کرد.

**٥٤- فَغَشَّاهَا مَا غَشَّى**

ئەوەبوو دایپۆشین ئەوەی دایپۆشت.

**٥٥- فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكَ تَتَمَارَى**

دە کەواتە بە کامە چاکەی خوداکەت شك و گومان دەکەیت؟

**٥٦- هَذَا نَذِيرٌ مِّنَ النُّذُرِ الأُولَى**

ئەوە هوشیاریکەرێکە لە هوشیارکەرەکانی پێشوو.

**٥٧- أَزِفَتِ الآزِفَةُ**

ڕۆژی قیامەت نزیك بۆتەوە.

**٥٨- لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللَّهِ كَاشِفَةٌ**

کە هیچ کەسێك جگە لە الله ناتوانێت بەدیاری بخات.

**٥٩- أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ**

ئایا لەم گوفتارە سەرسام دەبن؟

**٦٠- وَتَضْحَكُونَ وَلا تَبْكُونَ**

وە پێدەکەنن و ناگرین؟

**٦١- وَأَنتُمْ سَامِدُونَ**

وە ئێوە بێ باكن و دەبەنگن؟

**٦٢- فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا**

دەكەواتە كڕنۆش بۆ الله  ببەن و بیپەسرتن.

## شرۆڤە و تێبینی

### ئایەتی١

وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى

لەم ئایەتەدا اللهی عەرەب و ئیسلام، سوێند دەخوات بە ئەستێرە كاتێك شۆڕدەبێتەوە و دەكەوێت.

ناكۆكی هەیە لە نێو یاوەرەكان و تابعین و شرۆڤەكاران، كە (اذا هوى) چ مەبەستێك دەگەیەنێت؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، پێنج قەول هەیە سەبارەت بە مەبەست لەم سوێندە.

یەكەم: واتە "ثریا"كە كۆمەڵێك ئەستێرەن.

دووەم: ئەو ئەستێرانەن كە ڕەجمی شەیتانەكان دەكەن.

سێهەم: قورئانە، کە بەش بەش دابەزیووە.

چوارەم: هەموو ئەستێرەکانی ئاسمانە.

پێنجەم: زوهرەیە

ابن الجوزی دەڵێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئەوەی دەڵێت "النجم" واتە "ثریا" دەڵێت "هوی" واتە "ون بوو و دیارنەما"، وە ئەوانەی دەڵێن "النجم" واتە "ئەستێرەکان کە ڕەجمی شەیتانەکان دەکەن" دەڵێن "هوی"واتە "ڕەجمکردن"، وە ئەوانەی دەڵێن "النجم" واتە "قورئان" دەڵێن، "هوی"واتە "دابەزین"، وە ئەوانەی دەڵێن، "النجم" واتە "هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان"، دوو قەول هەیە:

یەکەم: "هوی" واتە کاتێك دیار نامینێت.

دووەم: "هوی" واتە کاتێك لە ڕۆژی قیامەت پەرشووبڵاو دەبن.

منیش دەڵێم، هەمووی قسەی بێبنەمان، چونکە:

یەکەم: ئایەتەکە دەڵێت، "والنجم" واتە، سوێند بە ئەستێرە، واتە یەك ئەستێرە، وە نایگوتووە "والنجوم" واتە سوێند بە ئەستێرەکان.

دووەم: "هوی" لە زمانی عەرەبی، واتە شۆڕبوونەوە و نزمبوونەوە و کەوتن.

لەبەر ئەوە ئایەتەکە ڕوونە و اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت،

سوێند بە ئەستێرەیەك كە شۆڕدەبێتەوە و دەكەوێت (بەدیار دەكەوێت).

## ئایەتی ٢-١٨

وەڵامن بۆ سوێندەكە.

## ئایەتی ٢-٤

مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى

محمد نە گومڕا بووە، وە نە بەلاڕێدا چووە، وە بە هەوەسی خۆی قسە ناكات، بەڵكو لە ڕاستیدا ئەوەی دەیڵێت (قورئان)، تەنها وەحیەكە كە وەك وەحی بۆی دێت.

## ئایەتی ٥

دەڵێت كە كێ ئەم وەحییە فێری محمد دەكات:

عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى

(شدید القوی) واتە، زۆر بەهێز واتە جبرائیل.

ئایەتەكە واتە: جبرائیل محمد فێردەكات.

# ئایەتی ٦

ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَى

سەبارەت بە مانای (ذُو مِرَّةٍ)، ناکۆکیەکی زۆر هەیە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بە مانای (ذُو مِرَّةٍ).

هەندێك دەڵێن واتە، خاوەن سیمای جوان، (ابن عباس).

هەندێك دەڵێن واتە، خاوەن هێز، (مجاهد، سفیان و ابن زید).

لە ڕوانگەی الطبری، ماناکەی واتە، خاوەن لاشەیەکی تەندرووست و باش و بەهێز، بێ نەخۆشیی و کەمووکوڕیی.

کەواتە، (ذُو مِرَّةٍ) دەبێت، بە خاوەن هێز و سیماجوان.

سەبارەت بە (اسْتَوَى) جێگیر بوو.

# ئایەتی ٧

وَهُوَ بِالأُفُقِ الأَعْلَى

وە ئەو (جبرائیل)، کاتێك لە ئاسۆی بەرز بوو.

واته، جبرائیلی خاوەن هێز و سیماجوان، کە محمد فێر دەکات، فێرە ئەو دەقانە دەکات، کە وەك وەحیی بۆی دادەبەزێنێت، ئەوا لە ئاسۆی بەرز بۆ محمد بەدیارکەوت و خۆی پێنیشان دا.

## ئایەتی ٨-٩

ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى

ئینجا جبرائیل، نزم بۆوە و لە محمد نزیك بۆوە، تاوەکو نێوانیان، (نێوان محمد و جبرائیل) تەنها بە قەد دووری دوو جەمسەری کەوان یان کەمتر بوو.

## ئایەتی ١٠

فَأَوْحَى إِلَى عَبْدِهِ مَا أَوْحَى

ئینجا وەحیی دا بە بەندەکەی، ئەو وەحیەی دای.

واتە جبرائیل، وەحیی دا بە بەندەکەی.

ئایا محمد بەندەی جبرائیلە؟ یان بەندەی خودایە؟

ئەم ئایەتە هەڵەیە.

دەبێت بەم شێوەیە بێت :

فَأَوْحَى إِلَى صَاحِبِهِ مَا أَوْحَى

واتە ئینجا وەحیی دا بە هاوڕێکەی، ئەو وەحیەی دای.

چونکە ئەم دەقانەی پێشوو دەڵێن:

سوێند بە ئەستێرە کە شۆڕدەبێتەوە و بەدیاردەکەوێت، محمد نە گومڕا بووە و نەبەلاڕێدا چووە، وە بە هەوەسی خۆی قسە ناکات، بەڵکو ئەوەی دەیڵێت کە قورئانە وەحیە و بۆی دێت، وە جبرائیل کە خاوەن هێز و جوانییە، محمد فێر دەکات، (فێرە ئەم دەقانە دەکات کە وەك وەحیی بۆی دێنێت)، ئەوەبوو جبرائیل بۆ محمد بە دیار کەوت لە ئاسۆی بەرز، ئینجا دابەزی و نزیك بۆوە، تاوەکو نێوانیان بوو بە قەد ماوەی نێوان کەوان، وە یان کەمتر ، ئینجا وەحیەکەی بە محمد دا.

کەواتە نابێت (عبده) بێت، بەڵکو (صاحبه)، چونکە محمد بەندەی جبرائیل نییە، بەڵکو جبرائیل و محمد بەندەی اللەن.

وە لە دەیەها فەرموودە هاتووە، کە محمد ئاماژە بە جبرائیل دەکات، وەك "صاحب"، واتە هاوڕێ.

لە مسند احمد فەرموودەیەك هاتووە، کە کۆمەڵێك یەهوودی مەدینە دێن بۆ لای محمد و کۆمەڵێك پرسیاری لێ دەکەن، لە یەکێك لە پرسیارەکانیان دەڵێن:

فأخبرنا من صاحبك، قال: جبريل عليه السلام.

پێمان بڵێ کێ هاورێیکەتە؟ پێغەمبەر گوتی، جبرائیل سڵاوی لێ بێت.

## ئایەتی ١١-١٢

مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى

أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى

واتە، دڵی محمد درۆ ناکات، سەبارەت بەوەی بینی.

ئایا ئەی موشریك و کافرەکان ئێوە شك و گومان دەکەن لەوەی کە محمد بینیی؟

ئایەتی ١١ پێمان دەڵێت، محمد بە دڵ و خەیاڵ جبرائیلی بینیوە، لە ئاسۆی بەرزدا.

بەڵام کاتێك چیرۆکەکەی بۆ کافر و موشریکەکان گێڕاوەوە بڕوایان پێی نەکردووە.

## ئایەتی ١٣

وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى

وە تەنانەت محمد جارێکی دیکەش جبرائیلی بینی، کە دادەبەزی.

لە کوێ دادەبەزی؟

# ئایەتی ١٤

عِندَ سِدْرَةِ الْمُنتَهَى

لە لای سیدرەی کۆتایی.

واتە جبرائیل، لە سیدرەی کۆتایی دادەبەزی، کاتێك محمد بە دڵ (خەیاڵ) جبرائیلی بینی.

( سِدْرَةِ الْمُنتَهَى) لە کوێیە؟

# ئایەتی ١٥-١٦

عِندَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى

إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى

واتە: لای سیدرەی کۆتایی بەهەشت هەیە، کە شوێنی نیشتەجێبوونە، نیشتەجێبوونی باوەڕداران لە ڕۆژی قیامەت.

وە (سیدرە) دادەپۆشێت، ئەوەندەی کە دایدەپۆشێت.

وە جبرائیل "سیدرە"ی داپۆشیبوو، هەموو یان بڕێك؟ الله اعلم.

# ئایەتی ۱۷-۱۸

مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى

لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى

واتە: بینایی محمد نە هەلوەسەی کرد، وە نە هەڵە، بەڵکو لە ڕاستیدا نیشانە گەورەکانی خوداکەی بینی، واتە جبرائیل و سیدرة و بەهەشتی بە دڵی (بە خەیاڵ) بینی.

ئەگەر لەم دەقانە وردبیتەوە، ماناکانی زۆر ڕوونن .

بەڵام زاناکانی ئیسلام، ئەفسانە و چیرۆکی درۆینانەی سەیروسەمەرەیان بۆ ئەم دەقانە داتاشیووە، وەك چیرۆکی ئیسرا و میعراج، و سەرکەوتنی محمد بۆ ئاسمانەکان و قسەکردنی لەگەل خوداکەی، هتد...

لێرە بە پێویستی نازانم کە ئاماژە بەو چیرۆکە درووست کراوانە بکەم.

بەڵام سەبارەت بە ئایەتی ( فَأَوْحَىٰ إِلَىٰ عَبْدِهِ مَآ أَوْحَىٰ) ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، ٣ قەول هەیە:

یەکەم: اللە وەحی بە محمد دا لە شەوی ئیسرا و میعراج.

دووەم: جبرائیل وەحی بە محمد دا (ابن عباس).

سێهەم: اللّٰه وەحی بە جبرائیل دا و جبرائیلیش بە محمد.

هەڵبەتە ابن عباس، کە دەڵێت واتە جبرائیل وەحی بە محمد دا، ڕاست دەکات و ئایەتەکە زۆر ڕوونە.

دوو قەولەکەی تر دوورن لە ڕاستی، وە تەنها درووستکراون بۆ داپۆشینی هەڵەی دەقەکە، کە دەڵێت "عبده".

لە سەرچاوە ئیسلامیەکان سەدەها فەرموودە هەیە سەبارەت بە جبرائیل، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێکیان بکەم:

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، کە ابن مسعود سەبارەت بە ئایەتی ( فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ) گوتوویەتی کە پێغەمبەر جبرایلی بینی ٦٠٠ باڵی هەبوو.

وە امام احمد لە "مسند" و عبد بن حمید لە "سنن " و الطبرانی لە "معجم " و ابو الشیخ لە "العظمة" و ابو نعیم لە "دلائل النبوة" و البیهقی لە "دلائل النبوة " ئاماژەیان بە فەرموودەیەکی ابن مسعود کردووە، کە گوتوویەتی، پێغەمبەر جبرائیلی بینی، کە ٦٠٠ باڵی هەبوو، وە باڵەکانی ئاسۆیان گرتبوو، وە لە باڵەکانیەوە دوڕڕ و یاقوت دڵۆپەی دەکرد.

هەرچەندە لە قورئان، ئایەتی ١ سورەتی فاطر هاتووە، کە فریشتەکان تەنها جووتێك و دوو جووت و ٣ جووت باڵیان هەیە.

جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۚ

بەڵام بە گوێرەی فەرموودەکانی محمد جبرائیل ٦٠٠ باڵی هەیە.

وە سەبارەت بە ( سِدْرَةِ الْمُنتَهَى)، دەیەها فەرمووده هەیە، لێرە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

ابن ابي حاتم له التفسير بالمأثور دەڵێت، پرسیاریان لە ابن عباس کرد، سەبارەت بە ( سِدْرَةِ الْمُنتَهَى)؟ گوتی چونکە هەموو شتێك لەوێدا کۆتایی دێت، وە ئەوەی لە پشتیەوەیەتی، تەنها الله پێی دەزانیت.

وە لە صحيح البخاري و مسند احمد فەرموودەیەك هاتووە، کە محمد گوتوویەتی گەڵای درەختی " سِدْرَةِ " بە قەد گوێچکەی فیلن.

زاناکان ناکۆکن ئایا (سِدْرَةِ الْمُنتَهَى) لە چینی حەوتەمی ئاسمانە یان لە چینی شەشەمە؟

بەڵام هەروەك ناوی (المنتهى) یە، واتە (کۆتا)، وە لە دوای ئەم شوێنە شوێنی تر نییە، کەواتە دەبێت لە ئاسمانی حەوتەم بێت، وە فەرموودەکان دەڵێن، عرشی الله، لەسەرەوەی ئاسمانی حەوتەمە.

وە ئەم سورەتە، هەروەك باسمان کرد، دەڵێت، (سِدْرَةِ الْمُنتَهَى) لە (جنة المأوى) یە، واتە لە بەهەشتە.

## ئایەتی ١٩-٢٣

أَفَرَأَيْتُمُ اللاَّتَ وَالْعُزَّى وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الأُخْرَى

أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الأُنثَى تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى

إِنْ هِيَ إِلاَّ أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى

اللهی عەرەب و ئیسلام، لەم پێنج ئایەتەدا، ڕووی دەمی دەکاتە موشریکەکان و دەڵێت:

ئایا "لات" و "عوزا"و "منات"تان بینیوە؟ ئایا بۆ خۆتان نێرینە و بۆ خودا مێینە؟  هەر بە ڕاستی ئەوە دابەش کردنێکی نارەوایە.

ئەم بتانە تەنها ناوێکن کە ئێوە و باوکانتان ناوتان لێیان ناوە، وە ئەم (خوداوەندانە)، هیچ دەسەڵاتێکیان لە لایەن اللهوە پێ نەدراوە، ئێوە تەنها پیادەی مەزندە و هەوەسەکانتان دەکەن، لە کاتێکدا بە دڵنیاییەوە لە لایەن خوداکەیان ڕێنماییان بۆ هاتووە.

ئەم دەقە لە ڕووی دەربڕین و زمانەوانیەوە هەڵەیە، دەبوایە بەم شێوەیە بوایە:

إِنْ هُنَّ إِلاَّ أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهن أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَن مِن سُلْطَانٍ إِن تتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءَكم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى

بۆچی؟ چونکە لە ئایەتی ١٩-٢٠ ئاماژە بە ٣ بت (خوداوەند) کراوە، لەبەر ئەوە دەبێت (هن) بەکاربێت، نەك (هي)، وە بەهەمان شێوە (سَمَّيْتُمُوهَا) ببێت بە (سَمَّيْتُمُوهن)، وە (بها) ببێت بە (بهن).

وە بە حوکمی ئەوەی ئایەتەکە ئاراستەی کەسی دووەم کراوە (سمیتم) و (انتم) و (اباؤکم) کە پاشگری (تم) و(کم) وە (انتم) بە مانای ئێوە دێت،کەچی دواتر هاتووە دەڵێت، (جَاءَهُم) (بۆیان هاتووە)، کە بۆ کەسی سێهەمە، کە دەبێت ببێت (جاءکم)، واتە بۆتان هاتووە.

"لات" و "عوزا"و "منات" ٣ خوداوەندی مێینە بوون کە لە دورگەی عەرەب بە شتانێکی مەزن و پیرۆز سەیردەکران، وە عەرەب پێیان وابوو کە ئەم خوداوەندانە شەفاعەتیان بۆ دەکەن لای الله. وە پێیان وابوو کە مرۆڤ، زۆر لەوە کەمترە کە ڕاستەوخۆ نیزاکانی ئاڕاستەی الله بکات، بەڵکو دەبێت مرۆڤ نیزاکانی و داواکاریەکانی ئاراستەی ئەم خوداوەندانە بکات، وە ئەم خوداوەندانە بە اللهی دەگەیەنن.

ئایەتی ٣ سوورەتی الزمر لە زمانی موشریکەکانەوە دەڵێت:

مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ

ئێمە ئەو بتانە ناپەرستین، تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە لە الله نزیکمان بکاتەوە.

واتە : خەڵکی دورگەی عەرەب بڕوایان بە بوونی "الله" هەبووە، بەڵام ئەم خوداوەندانەیان "بت" بەکارهێناوە، بۆ لە الله نزیکبوونەوە.

وە ئایەتی ٣٨ سورەتی الزمر دەڵێت:

وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ

وە ئەگەر پرسیار (لە موشریکەکان) بکەیت، کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێن، الله.

ئەم دەقانە و چەندەها دەقی تریش پێمان دەڵێن، کە عەرەب لە دورگەی عەرەبی بڕوایان بە الله هەبووە، بەڵام بتیان وەك سیمبوڵی شتانێکی پیرۆز هەبووە، کە گوایە شەفاعەتیان بۆ دەکات لای الله و لە "الله"یان نزیك دەکاتەوە.

وە هەروەها عەرەب دەیانگوت ئەم ٣ خوداوەندە ( لات و عوزا و مەنات) کچەکانی اللەن. لێرەدا الله تورە دەبێت و دەڵێت سەیرە بۆ خۆتان حەز دەکەن کوڕتان ببێت نەك کچ، کەچی کچتان بۆ من داناوە؟ ئەوە بە ڕاستی دابەشکردنێکی ناڕەوایە.

وە تەنانەت الله لە موشریکەکان تورە بووە، کاتێك گوتەیانە فریشتەکان مێینەن، ئایەتی ١٩الزخرف دەڵێت:

وَجَعَلُوا الْمَلَائِكَةَ الَّذِينَ هُمْ عِبَادُ الرَّحْمَـٰنِ إِنَاثًا

وە(موشریکەکان) فریشتەکانیان، کە بەندەی ڕەحمانن، کردووە بە مێینە.

وە ئایەتی ٥٧-٥٨ سوورەتی النحل دەڵێت:

وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ الْبَنَاتِ سُبْحَانَهُ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ

وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ

وە کچانیان بۆ الله دانەوە، شکۆمەندە، وە بۆخۆیان ئەوەی ئارەزوو دەکەن.

وە کاتێك دانەیەکیان مژدەی پێ دەدرێت، کە کچی بووە سیمای ڕەش هەڵدەگەڕێت و مڕ و مۆچ دەبێت.

اللهی عەرەب و ئیسلام، خوداوەندێکی تا سەرئێسقان پیاو سالارە، وە تەنانەت لە ئایەتی ٣٦ سورەتی ال عمران دەڵێت:

لَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنْثَى

نێرینە وەك مێینە نییە.

ئەگەر دیقەتی ئایەتی ١٩-٢٣ بدەین دەبینین، کە  کێشەی هەرە گەورەی اللهی عەرەب و ئیسلام شرك نییە، بەڵکو کێشەکەی لەوەدایە کە ئەم خوداوەندانە (لات و عوزا و منات) مێینەن.

لە صحیح البخاری هاتووە، ابن مسعود دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر فتحی مەککەی کرد، ٣٦٠ بت لە دەوروبەری کعبە هەبوون.

وە زۆربەی هەرە زۆری ئەم بتانە نێرینە بوون، بۆچی اللهی ئیسلام و عەرەب ئاماژەی بە ناوی یەکێك لەم بتە نێرینانە نەکردووە، وە لە ئایەتی ١٩-٢٠ تەنها ئاماژەی بە ٣ بت کردووە کە مێینەن؟

الکلبي لە "پەرتووکی بتەکان" دەڵێت، قورەیشەکانی پێش ئیسلام، بە دەورەی کعبە دەسووڕانەوە و دەیانگوت:

واللات و العزى        ومناة الثالة الاخرى

فانهن الغرانيق العلى   وان شفاعتهن لترتجى

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کە ئاماژە بە ئایەتی الغرانيق بکەم:

ابن كثير لە البداية و النهاية دەڵێت، لە مانگی رەجەبی ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی، محمد کۆمەڵێك موسڵمان بە سەرکردایەتی عثمانی کوڕی عفان دەنێرێت بۆ حەبەشە.

وە ئەم سوورەتە سورەتی النجم لە دوای کۆچکردنی موسڵمانان بۆ حەبەشە دابەزیووە.

ابن كثير دەڵێت پێغەمبەری اللە، سوورەتی "النجم"ی لە مەککە بۆ موشریکەکان خوێندەوە. کاتێك گەیشتە ئەو شوێنەی کە دەڵێت (أفرأيتم اللات والعزى، ومناة الثالثة الأخرى)، شەیتان ئەم دوو دەقەی خستە ناو وەحیەکەی پێغەمبەر کە دەڵێت، (تلك الغرانيق العلى، وإن شفاعتهن ترتجى) واتە، ( ئەو بتانە شتانێکی مەزنن، وە شەفاعەتیان -لای اللە- قبووڵ دەکرێت)، ئەوەبوو موشریکەکان گوتیان، ئەوە یەکەم جارە محمد، بە باش ئاماژە بە خوداوەندەکانمان بکات، وە کاتێك پێغەمبەر دوا ئایەتی خوێندەوە، کە دەڵێت، (فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا)، واتە، (دە کڕنۆش بۆ اللە ببەن و بیپەرستن)، پێغەمبەر، کڕنۆشی برد و موشریکەکان کڕنۆشیان برد.

دواتر الله ئەم دوو دەقەی شەیتانی نسخ کرد و لابرد، هەروەك ئایەتی ٥٢ سورەتی الحج دەڵێت:

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّا إِذَا تَمَنَّىٰ أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ

(ئەی محمد)، وە هیچ پێغەمبەرێك و نێردراوێك نەبووە کە پێش تۆ ناردوومانە، کاتێك خۆزگەیەکی هەبووە، شەیتان وتەی خۆی نەخستبێتە خۆزگەکانیەوە، الله ئەوە لەکاردەخات کە شەیتان هێناویەتی، ئینجا الله کار بە ئایەتەکانی خۆی دەکات، وە الله زانا و دانایە.

وە ابن کثیر دەڵێت، زۆرێك لە شرۆڤەکاران ئاماژەیان بە چیرۆکی "الغرانیق" کردووە، وە ئەوە هۆکار بووە بۆ گەڕانەوەی زۆرێك لە موسڵمانان لە حەبەشەوە بۆ مەککە.

واتە، کاتێك موسڵمانانی حەبەشە هەواڵیان پێگەیشتووە، کە محمد دانی بە خوداوەندەکانی قورەیش ناوە، وە کێشە لە نێوان محمد و قورەیشەکان نەماوە،گەڕاونەتەوە مەککە.

امام الشنقیطی لە اضواء البیان دەڵێت، وە زۆرێك لە شرۆڤەکاران تفسیری ئایەتی ٥٢ سوورەتی "الحج"یان بە چیرۆکی الغرانیق کردووە. وە دوای ئەوەی ئاماژەی بە ڕووداوەکە کردووە دەڵێت، تەنانەت ئەو موسڵمانانەی کۆچیان کردبوو بۆ حەبەشە، گەڕانەوە.

له شرۆڤەی ئایەتی ٥٢ سوورەتی الحج زیاتر قسەوباس دەکەین لەسەر چیرۆکی الغرانیق، یان ئایاتی شەیتانی.

## ئایەتی ٢٤-٢٥

أَمْ لِلإِنسَانِ مَا تَمَنَّى، فَلِلَّهِ الآخِرَةُ وَالأُولَ

یان بۆ مرۆڤ دەبێت، ئەوەی خۆزگەی بۆ دەکات، لە کاتێکدا اللە خاوەنی ئەم ژیانە و قیامەتە.

## ئایەتی ٢٦

وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلاَّ مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاء وَيَرْضَى

وە چەند فریشتە لە ئاسمانەکان هەن، ئەوا شەفاعەتی هیچیان سوودی نابێت، مەگەر اللە مۆڵەتیان پێ بدات، ئەویش بۆ کەسانێك کە اللە خۆی ئارەزوو دەکات و لێی ڕازیە.

واتە، فریشتەکان ناتوانن شەفاعەت بۆ کەسێك بکەن بە بێ مۆڵەتی اللە، وە تەنها دەتوانن شەفاعەت بۆ کەسانێك بکەن کە اللە ویستی لەسەرە، وە هەروەها اللە لێی ڕازیە.

# ئایەتی ٢٧-٢٨

إِنَّ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ لَيُسَمُّونَ الْمَلائِكَةَ تَسْمِيَةَ الأُنثَى

وَمَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا

ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی واتە زیندووبوونەوە و ڕۆژی لێپرسینەوە نییە، ناوێك لە فریشتەکانی الله دەنێن، کە ناوێکی کچانەیە.

وە ئەوانە هیچ زانیاریەکیان نییە، تەنها پیادەی مەزندەکردن دەکەن، وە مەزندەکردن لەبەرامبەر هەق و ڕاستیدا هیچ نییە.

ئەم دەقە هەڵەیە، (لَيُسَمُّونَ الْمَلائِكَةَ تَسْمِيَةَ الأُنثَى)، ( ناو لە فریشتەکان دەنێن ناوی مێینە)، چۆن ناوی مێینە لە فریشتەکان دەنێن؟ لە کاتێکدا فریشتەکان بەشێکن لە جیهانی نادیار و نابینرێن؟

لە چەندەها دەقی قورئان هاتووە، کە موشریکەکان گوتوویانە، فریشتەکان مێینەن، بەڵام ناویان لێیان نەناوە.

بۆ نموونە ئایەتی ١٥٠ سوورەتی الصافات دەڵێت:

أَمْ خَلَقْنَا الْمَلَائِكَةَ إِنَاثًا وَهُمْ شَاهِدُونَ

وە یان فریشتەکانمان بە مێینەیی درووست کردووە و ئەوان شایەتحاڵبوون.

ئایەتی ٤٠ سوورەتی الاسراء

أَفَأَصْفَاكُمْ رَبُّكُمْ بِالْبَنِينَ وَاتَّخَذَ مِنَ الْمَلَائِكَةِ إِنَاثًا

ئایا خوداکەتان کوڕی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، بەڵام بۆ خۆی لە فریشتەی مێینە؟

لەبەر ئەوە دەبێت دەقەکە بەم شێوەیە بێت:

إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ يقولون ان الْمَلَائِكَةَ لإِنَاث

واتە، ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە، دەڵێن فریشتەکان مێینەن.

## ئایەتی ٢٩-٣٠

فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلاَّ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا

ذَلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ الْعِلْمِ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اهْتَدَى

ئەی محمد خۆت لەوە بە دوور بگرە کە پشت لە ئاماژەکانی ئێمە (قورئان) دەکات، وە هیچ شتێکی ناوێت تەنها ژیانی دونیا نەبێت.

ئەوە ئاستی زانستیانە، لە ڕاستیدا خوداکەت هەر خۆی باشتر دەزانێت کە لە ڕێگاکەی کێ گومڕا بووە، وە هەر خۆی باشتر دەزانێت بەوەی ڕێنمایی کراوە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، (فَأَعْرِضْ عمَّن تولَّى عن ذِكْرِنا)، ئەم ئایەتە لای شرۆڤەکارانی قورئان، بە ئایەتی شمشێر، لەکار خراوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ئەم ئایەتە بە ئایەتی شمشێر، لەکار خراوە.

وە القرطبی دەڵێت، ئەم ئایەتە (وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا)، ( هیچی ناوێت تەنها ژیانی دونیا نەبێت)، سەبارەت بە النضر بن الحارث دابەزیووە.

# ئایەتی ٣١

وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاؤُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى

وە هی اللهیە هەرچیەك لە ئاسمانەکانە (٧ ئاسمانەکە) و هەرچیەك لە زەویدایە ، بۆ سزادانی ئەوانەی لە کارەکانیان خراپەکاریان کرد، وە پاداشتدانەوەی ئەوانەی لە کارەکانیان باشەیان کرد.

# ئایەتی ٣٢

الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلاَّ اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ فَلا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى

ئەم ئایەتە تەواوکەری بەشی دووەمی ئایەتی پێشووە کە دەڵێت، (يَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَ)، واتە، (پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە کاری باشیان کردووە)، ئینجا ئەم ئایەتە (ئایەتی ٣٢)، تەواو دەکات و دەڵێت:

کە خۆیان لە گوناهی گەورە و خراپەکاری دەپارێزن، تەنها بچووکەکان نەبێت، (چونکە)، خوداکەت لێبووردەیی فراوانە، وە ئەو (اللّٰه) باشتر پێتان دەزانێت، کاتێك لە زەویدا ئێوەی درووست کردووە، وە کە ئێوە کۆرپەلە بوون لە سکی دایکانتان، لەبەر ئەوە، نەکەن خۆتان پاککەنەوە (بڵێن گوناهمان نییە)، وە ئەو (اللّٰه) خۆی دەزانێت بە کەسانێك کە خۆیان دەپارێزن.

ئەم دەقە ئاماژە بە چەند شتێك دەکات:

یەکەم: ئەگەر خۆت لە گوناهی گەورە و فاحشە "خراپەکاریی" پاراست، ئەوا پاداشتت لای اللّٰەدەبێت.

دووەم: گوناهە بچووکەکان "اللمم" هیچ نییە، چونکە اللّٰه لێبوردەیی فراوانە.

سێهەم: اللّٰه ئێوەی لە سکی دایکەکانتان لە زەوی درووست کردووە، وە دەزانێت گوناهی بچووك "اللمم"تان دەبێت، جا نەکەن بڵێن ئێمە پاکین و بێگوناهیین.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ابو هريرة و ابن عباس و الشعبی گوتوویانە، " اللَّمَمَ" واتە، هەموو شتێك کەمتر لە زینا . وە ابن مسعود و

ابو سعيد الخدرى و حذيفة و مسروق گوتوويانە، "اللَّمَمَ" واتە، هەموو شتێك تەنها جووتبوون لە پێشەوە (لە زێ) نەبێت، وەك ماچوموچ و چاوبازى و سەيركردن و دەستگەمە.

وە لە صحيح مسلم و مسند احمد فەرموودەيەك هاتووە، كە محمد صلعم گوتوويەتى، الله بەشە زيناى لە سەر هەموو تاكێكى نەوەكانى ئادەم نوسيووە و چارى ناچارە و هەر دەبێت بيكات. زيناى چاوەكان، سەيركردنە، زيناى زمان، قسە كردنە، وە خودى مرۆڤ خۆزگە دەكات و ئارەزوو دەكات، وە نێوگەڵ ئەنجامى دەدات، وە يان نكووڵى لێ دەكات.

لە صحيح البخارى و صحيح مسلم فەرموودەيەك هاتووە، كە محمد دەڵێت، تەنها ٧ گوناهى گەورە (الموبقات السبع) هەيە، كە بريتين لە:

يەكەم: شرك بە الله.

دووەم: سيحرو جادوو.

سێهەم كوشتنى نەفسێك، كە الله حەرامى كردووە بيكوژێت.

چوارەم: خواردنى زێدە قازانج (ريبا).

پێنجەم: خواردنى سامانى هەتيوو.

شەشەم: ڕاكردن لە كاتى شەڕ (جيهاد)،

حەوتەم: بوختانکردن بە ژنانێکی ئیمانداری بێئاگا، (واتە ژنانی کافر و بێئیمانی بە ئاگا، ئاساییە).

وە اللّٰەی ئیسلام لە چەندەها دەقی قورئاندا دەڵێت، تەنها شرك لێبووردنی لەسەر نییە، وەك ئایەتی ٤٨ سوورەتی النساء.

إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَ يَغْفِرُ ما دُونَ ذلِكَ لِمَنْ يَشاءُ

اللّٰه، لە کەسانێك نابوورێت کە شرکی پێ دەکەن، وە دەبوورێت لە شتانێك لە خوارەوەی شرك، لە کەسانێك کە خۆی دەیەوێت.

زاناکانی ئیسلام ناکۆکی و خیلافیان هەیە، کە چ شتێك فاحیشە دەگرێتەوە.

الجرجانی لە پەرتووکی "التعریفات" دەڵێت، هەر شتێك "حدود" سزای شەریعەتی ئیسلامی بیگرێتەوە فاحیشەیە.

ابن الاثیر لە النهایة في غریب الحدیث و الاثر دەڵێت:

زۆر جار فاحیشە لە قورئاندا بە مانای زینا هاتووە، وە بە زینا دەگوترێت فاحیشة.

لێرەدا ڕوونە کە "اللمم" واتە رامووسان و ماچوومووچ و دەستگەمە و چاوبازی و لێخشان لە ئیسلامدا، بەم ئایەتە، ڕێگاپێدراوە.

لە صحیح ابي داود (للالبانی) و مسند احمد (تحقیق شعیب الارناؤوط) ڕیوایەتێك هاتووە ابن عباس دەیگێڕێتەوە و دەڵێت

جاءَ رجلٌ إلى النَّبيِّ صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ فقالَ : إنَّ امرَأتي لَا تَمنعُ يدَ لامِسٍ قالَ : غرِّبْها قالَ : أخافُ أن تتبعَها نَفسي قالَ : فاستَمتِعْ بِها

پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: ژنەکەم ڕێگا لە پیاوان ناگرێت کە دەستی لێ دەدەن، پێغەمبەر گوتی لێی جیابەوە، پیاوەکە گوتی دەترسم کە دڵم بەدوایەوە بێت. پێغەمبەر گوتی تۆش خۆشی لێ بکە

ئەم فەرمودەیە پێمان دەڵێت بەڵای محمدیشەوە ئاسایی بووە کە پیاوان دەست لە ژنی بێگانە بدەن بەمەرجێك زینا نەکەن. واتە دەستگەمە و ماچ و موچ و ڕاموسان و لێخشاندن و لەباوەش گرتن، لە ئیسلام ڕێگا پێدراون و ئاسایین.

ابن قیم الجوزیة لە پەرتوکی "روضة المحبین" باسی گەنجێکی قۆز دەکات بە ناوی نصر بن الحجاج، بە هۆی ئەوەی ژنان و کچانی مدینە ئاشق و ئاڵودە و تامەزرۆی دەبن، عومەری کوڕی خەتاب قژی دەتاشێت و ئاوارەی بەسرەی دەکات. لە بەسرە ، نصر بن الحجاج دەبێت بە هاوڕێی مجاشع بن مسعود کە ژنێکی جوانی دەبێت، ژنەکەی مسعود ئاشقی نصر دەبێت وە نصر ژنەکەی مسعودی خۆش دەوێت،کاتێك نصر دەزانێت کە مسعودی هاوڕێی بەم پەیوەندیەی زانیووە، شەرم دەکات و لە ماڵەکەیدا گۆشەگیر دەبێت و نەخۆش دەکەوێت .

ابن قیم دەڵێت: مجاشع بە ژنەکەی گوت : بڕۆ بۆ لای نصر، پشتی بخەرە سەر سینگت وە خواردنی بدەرێ. دەڵێت ژنەکە وایکرد.

ابن قیم پرسیارێك دەكات و دەڵێت: ئەگەر پرسیار بكرێت ئایا شەریعەت ڕێگای بەم كارە داوە؟

ئەگەر وەك ڕێگایەكی چارەكردن و ڕزگاركردنی مرۆڤ بێت لە مەرگ، شتێك لەوە مەزنتر نییە كە ژنێك پیاوێكی بێگانە و پیاوێك ژنێكی بێگانە چارەسەر بكات. وە پزیشك بە دەستەكانی دەست لە نەخۆش دەدات بۆ چارەكردن. بەڵام چارەسەركردن لە ڕێگای "جماع"جووت بوون شەریعەت ڕێگای پێی نەداوە، بەڵام چارەسەركردن بە لەباوەشگرتن و ماچوموچ ، ئەگەر هۆكارێك بێت بۆ چارەسەركردن شەریعەت ڕێگای پێ داوە. وە ئەمە یەكێكە لە گوناهە بچوكەكان و گوناهێكی گەورە نییە.

واتە هەموو ئەو كارانە بریتین لە "اللمم".

وە زینا تەنها ئەوكاتە پێی دەگوترێت زینا، ئەگەر تۆپەڵەی چووكی پیاو لە زێی ژن چووە ژوورەوە، ئەگینا لێخشاندن و تەنانەت ئاو هاتنەوە لە لەسەر نیوگەڵی ژنێكی بێگانە، تەنانەت ئەگەر دایكی كاكی موسڵمان بێت بە فاحیشە و زینا دانانرێت. بەداخەوە.

وە هۆكاری دابەزینی ئەم ئایەتە پشتڕاستی ئەم راستیە دەكاتەوە. القرطبی سەبارەت بە هۆكاری دابەزین دەڵێت، مقاتل بن سلیمان گوتوویەتی:

ئەم ئایەتە سەبارەت بە پیاوێكی خورما فرۆش دابەزیی، پێی دەگوترا نبهانی خورما فرۆش، دوكانێكی بچووكی هەبوو، خورمای تیادا دەفرۆشت، ژنێك هات بۆ لای بۆ كڕینی خورما، نبهان بە ژنەكەی گوت لە ناو دوكانەكە

خورمای باشتر هەیە، کاتێك ژنەکە هاتە ژووەرە نبهان داوای لێی کرد ڕێگای بدات لەگەڵیدا بکات، ژنەکە ڕەتی کردەوە و ڕۆیشت، نبهان پەشیمان بۆوە و هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی، ئەی پێغەمبەری الله هەموو شتێکم لەگەڵ ئەو ژنە کرد، تەنها جووتبوون نەبێت، پێغەمبەر گوتی، لەوانەیە مێردی ئەو ژنە لە غەزوو بێت، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

واتە "اللمم" بە خۆشیی بێت، یان بە زۆریی ئاساییە. هەر لەبەر ئەوە تحرش لە وڵاتانی ئیسلامی لە لوتکەدایە.

## ئایەتی ٣٣-٤٢

أَفَرَأَيْتَ الَّذِي تَوَلَّى، وَأَعْطَى قَلِيلا وَأَكْدَى، أَعِندَهُ عِلْمُ الْغَيْبِ فَهُوَ يَرَى، أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى، وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى، أَلاَّ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى، وَأَن لَّيْسَ لِلإِنسَانِ إِلاَّ مَا سَعَى، وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى، ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاء الأَوْفَى، وَأَنَّ إِلَى رَبِّكَ الْمُنتَهَى

(ئەی محمد)، ئایا ئەو کەسەت بینیووە کە پشتی لێکرد و ڕۆیشت، وە تۆزێکی بەخشیی و گرتیەوە؟ ئایا زانستی نادیاری لایە و دەبینێت وە یان ئاگادار نەکراوەتەوە لەوەی لە پەرتووکی موسا و ابراهیمە، ئەو ئیبراهیمەی کە وەفادار بوو، بەوەی کە هیچ کەسێك گوناهی کەسێکی تر لە ئەستۆ ناگرێت، وە بەوەی کە مرۆڤ خاوەن هیچ نییە تەنها ئەوەی هەوڵ و کۆششی بۆ دەکات، وە هەوڵ و کۆششەکانی لە داهاتوو دەبینرێت، ئینجا بە باشترین شێوە پاداشت دەدرێتەوە، وە کۆتاییەکەی گەڕانەوەیە بۆ لای خوداکەت.

ئەم دەقانە باس لە کەسێك دەکەن کە پەشیمان بۆتەوە، ڕەنگ بێت لە ئیمانهێنان بە محمد، وە ئەو کەسە دیارە گوناهی هەبووە، وە کەسێك ئامادەیی نیشان داوە کە گوناهەکانی لە ئەستۆ بگرێت لەبەرامبەر بەوەی کە لە ئیسلام هەڵگەڕێتەوە. ئینجا الله اکبر بەم کەسە دەڵێت، دیارە ئاگادارنەکراویتەوە، ئێمە لە پەرتووکی موسا (تەورات) وە لە پەرتووکی ئیبراهیم، ئاماژەمان بەوە کردووە، کە هیچ کەسێك ناتوانێت گوناهی کەسێکی تر لە ئەستۆ بگرێت، وە هەروەها مرۆڤ خاوەنی هیچ نییە، تەنها کۆشش و کردەوەکانی نەبێت. کە لە ڕۆژی قیامەت ئەم کردەوانە هەڵدەسەنگێنرێن، ئەگەر باش بوون، ئەوا الله بە باشترین شێوە پاداشت دەداتەوە، وە بە دڵنیاییەوە، کۆتایی مرۆڤ (لە دوای مەرگ)، هەر گەڕانەوەیە بۆ لای الله.

شرۆڤەکاران ناکۆکن، سەبارەت بەو کەسەی کە ئەم ئایەتانە ئاماژەی پێ دەکات.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، یاوەرەکان ناکۆکن کە سەبارەت بە کێ ئەم ئایەتانە دابەزیوون؟ بە سەر چوار قەول دابەش بوون:

یەکەم: وەلید کوڕی مغیرە.

دووەم: النضر بن الحارث: کە گوایە کەسێك بووە بە موسڵمان، النضر هەندێك پارەی داوەتێ و پێی گوتووە، من گوناهەکانت لە ئەستۆ دەگرم، وە بەم شێوەیە کەسەکەی لە ئیسلام هەڵگەڕاندۆتەوە.

سێهەم: ابو جهل.

چوارەم: العاص بن وائل.

## ئایەتی ٤٣-٤٧

وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَى، وَأَنَّهُ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا

وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالأُنثَى، مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى، وَأَنَّ عَلَيْهِ النَّشْأَةَ الأُخْرَى

اللّٰەی ئیسلام، لەم دەقانە و دەقەکانی دواتر، ئاماژە بە توانایيەکانی خۆی دەکات و دەڵێت:

هەر منم بە پێکەنینت دێنم و دەتگریێنم.

وە منم جووتم لە نێرینە و مێینە درووست کردووە، لە برێك ئاوی پڕژاو، وە لەسەر منە (واتە اللّٰە)، کە درووست کردنێکی تر درووستتان بکەمەوە، واتە لە دوای مردن و لە ڕۆژی قیامەت.

ئایەتی ٤٥-٤٦ کارەساتی زانستین لە چەند ڕوویەکەوە:

یەکەم: اللّٰەی ئیسلام، بە شێوەیەکی ڕەها قسە دەکات و دەڵێت، هەموو زیندەوەرێك نێرینە و مێینەی هەیە، وە ئەوە هەڵەیەکی زانستیە.

زۆرن ئەو زیندەوەرانەی کە یەك ڕەگەزەن و نێرینە و مێینەیان نییە، (پێیان دەگوترێت زیندەوەری ناسێکسیی).

دووەم: لە ڕوانگەی نووسەری قورئان، هەموو نێرینەیەك تۆواوێکی هەیە کە دەپرژێت، هەروەك چۆن تۆواوی پیاو و وشتر و بەران هتد دەپڕژێن. ئەو ئاژەڵانەی کە تۆواویان هەیە، بە مرۆڤیشەوە، مەرج نییە تۆواویان وەك مرۆڤ و وشتر و کەر و ئەسپ و بەران بپڕژێت.

بەڵام محمد بینیویەتی، تۆواوی پیاو و کەر و ئەسپ و وشتر دەپڕژێت وە ئەمەی کردووە بە حوکمێکی ڕەها.

سێهەم: ئەم دوو دەقە پێمان دەڵێن، کە لە ڕوانگەی اللەی عەرەبەوە، تەنها تۆواوە بەرپرسە لە منداڵ درووستکردن، وە ژن تەنها وەك کێڵگەیەك وایە.

( لە سوورەتەکانی تر قسەی زیاتر دەکەین سەبارەت بە قورئان و کۆرپەلەزانیی).

## ئایەتی ٤٨

وَأَنَّهُ هُوَ أَغْنَىٰ وَأَقْنَىٰ

وە هەر ئەو (اللە) دەوڵەمەند دەکات و کۆیلە دەکات.

ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت:

قنن: الْقِنُّ: الْعَبْدُ لِلتَّعْبِيدَةِ

الْعَبْدُ الْقِنُّ الَّذِي مُلِكَ هُوَ وَأَبَوَاهُ

قنن (القن)، واتە بەندە، کە بەکۆیلە کراوە. وە دەڵێت، "العبد القن" ئەو کەسەیە کە خۆی و باوکی بەکۆیلەکراون.

هەموو وەرگێڕەکانی قورئان بۆ زمانە جیاجیاکان، بە زمانی کوردیشەوە، مانای ئەم دەقەیان بۆ شتی سەیروسەمەرەی جوان گۆڕیووە.

بۆ نموونە، بورهان محمد ئەمین، لە وەرگێڕانە کوردیەکە، زۆر بێشەرمانە نوسیویەتی:

دەوڵەمەندی و ئەوەی پێویست بێت دەیبەخشێت.

وە تەنانەت سەیری چەندەها وەرگێڕانی ئینگلیزیم کرد، بە شێوەی جۆراوجۆر، ماناکەیان گۆڕیووە و جوانیان کردووە.

ئایا ئایەتی ٤٦ سورەتی النساء، مەبەستی یەهوودیەکانە یان لە ڕاستیدا مەبەستی ئێوەی وەرگێڕە؟ ئایەتەکە دەڵێت:

يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ

دەستکاری وشەکە دەکەن لە شوێنی خۆی.

بێگومان، ڕوونە، کە هەر هەمووتان مدلیس و درۆزنن، وە بە قەد یەك مێرووله بڕواتان بەوە نییە قورئان لە لایەن خوداوە بێت، ئەگینا زۆر بێشەرمانە مانای دەقەکانتان نەدەگۆڕی.

وە تەنانەت ئەگەر سەیری چەند ئایەتێکی پێشوو بکەیت دەبینیت، کە ئاماژەی کردووە بە دژەکان: پێکەنین و گریان، مردن و ژیان، نێر و مێ. کاتێك هاتووە دەڵێت، وَأَنَّهُ هُوَ أَغْنَىٰ وَأَقْنَىٰ

واتە، هەر ئەو دەوڵەمەند دەکات و هەژار (بە کۆیلە) دەکات.

دەستکاریان کردووە و کردوویانە بە "دەبەخشێت".

بە ڕاستی شەرمە.

## ئایەتی ٤٩

وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَىٰ

وە هەر ئەو خودای (ئەستێرەی) شیعرایە.

شرۆڤەکاران دەڵێن "الشعری"، ئەستێرەیەك بوو کە عەرەب لە سەردەمی جاهیلی دەیپەرست.

القرطبی دەڵێت، یەکەم کەس لە دورگەی عەرەب کە ئەم ئەستێرەیەی پەرست، یەکێك لە باپیرەکانی ئامینەی دایکی پێغەمبەر بوو، کە ناوی

ابوکبشة (باوکی بەران) بوو، لەبەر ئەوە موشریکەکان بە پێغەمبەریان دەگوت"ابن ابي كبشة"، واتە کوڕی باوکی کەبشة

## ئایەتی ٥٠-٥٤

لەم پێنج ئایەتە اللهی ئیسلام، ئاماژە بەوە دەکات کە چەند قەومێکی پێشووی لەناو بردووە: عاد و ثمود و نوح و موئتەفیکە. وە دەڵێت:

وَأَنَّهُ أَهْلَكَ عَادًا الأُولَى، وَثَمُودَ فَمَا أَبْقَى

وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا هُمْ أَظْلَمَ وَأَطْغَى

وَالْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَى، فَغَشَّاهَا مَا غَشَّى

وە ئەو بوو کە قەومی عاد لە سەرەتا،  ئینجا ثمودی لەناو برد و نەمان.

وە پێش ئەوان قەومی نوح، چونکە ئەوان ستەمکارتر و سەرکێشتربوون.

وە موئتەفیکە دارما و ڕووخا، ئینجا دایپۆشی، ئەوەی دایپۆشت.

لە ئایەتی ژمارە ٥٣ (هم) زیادەیە و بێ مانایە.

شرۆڤەکەرانی قورئان وەك ابن كثير و القرطبی و الطبری دەڵێن، "الْمُؤْتَفِكَةَ" گوندێك بوو لە گوندەکانی قەومی لوت، ئەوەبوو الله جبرائیلی نارد، بە باڵێکی بەرزی کردەوە و سەراوژێری کرد.

( فَغَشَّاهَا مَا غَشَّى) واتە دایپۆشرا، بەوەی کە پێی دایپۆشرا، کاتێك الله بەردی کبریتی بەسەردا باراند و گوندەکەی داپۆشیی.

## ئایەتی ٥٥-٥٦

فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكَ تَتَمَارَى

هَذَا نَذِيرٌ مِّنَ النُّذُرِ الأُولَ

دە کەواتە بە کامە چاکەی خوداکەت شکووگومان دەکەیت؟

الله، لەم دەقە مەبەستی کێیە؟ چونکە ئاڕاستەی یەك کەسی کردووە.

شرۆڤەکاران ناکۆکن: هەندێکیان دەڵێن، واتە ئەی محمد، هەندێك دەڵێن، واتە ئەی نەوەکانی ئادەم، هەندێك دەڵێن، ولید کوڕی مغیرە.

ئەو (محمد)، هۆشیاردەرێکە لە هۆشیاردەرانی یەکەم.

واتە محمد، وەك پێغەمبەرانی پێشووە هاتووە هۆشیاری بدات.

## ئایەتی ٥٧-٥٨

أَزِفَتِ الآزِفَةُ، لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللَّهِ كَاشِفَةٌ

قیامەت نزیك بۆتەوە، کە هیچ کەسێك ناتوانێت بزانێت کەیە، تەنها الله نەبێت، بەڵام ئاگادار بن نزیکە.

## ئایەتی ٥٩-٦١

أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ

وَتَضْحَكُونَ وَلا تَبْكُونَ

وَأَنتُمْ سَامِدُونَ

واتە: ئایا هەر بەڕاستی سەیرتان بەم قسەیە دێت؟ وە پێدەکەنن و ناگریێن؟

بەم قسەیە واتە (نزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەت).

والله وبالله وتالله من جار جارێك دەگریم، بەڵام بۆ ئەقڵی موسڵمانانی كورد.

ئینجا دەڵێن، ئەریَ ئێوە بێباك و بێئاگان؟

## ئایەتی ٦٢

فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا (ئێ دەكرنۆش بۆ الله ببەن و بیپەرستن.)

كاتێك محمد ئەم دەقە دەخوێنێتەوە ، موشریك و موسلمانان لەگەڵیدا كڕنۆش دەبەن بۆ كعبە كە ٣٦٠ بتی لێ بووە.

كۆتایی سوورەتەكە.

# (٢٤)

# سوورەتی عبس (مڕوومۆچ)

**١ - عَبَسَ وَتَوَلَّى**

خۆی مڕوومۆچ کرد و ڕووی وەرگێڕا.

**٢- أَن جَاءَهُ الأَعْمَى**

کە نابیناکە هات بۆ لای.

**٣- وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى**

وە تۆ چوزانیت، بەڵکو پاك بوایەتەوە.

**٤- أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ الذِّكْرَى**

یان بیرهێنرابووایەوە، وە بیرهێنانەوەی سوودی هەبووایە.

**٥- أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى**

بەڵام ئەوەی دەوڵەمەندە.

٦- **فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّى**

تۆ بەرەنگاری دەبیتەوە و لەگەڵیدا دادەنیشیت.

٧- **وَمَا عَلَيْكَ أَلاَّ يَزَّكَّى**

وە لەسەر تۆ نییە ئەگەر پاك نەبێتەوە.

٨- **وَأَمَّا مَن جَاءَكَ يَسْعَى**

وە بەڵام ئەوەی هاتە لات داوای کرد.

٩- **وَهُوَ يَخْشَى**

وە ئەو دەترسێت.

١٠- **فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّى**

تۆ خۆت لە ئەو فەرامۆش دەکەیت.

١١- **كَلاَّ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ**

نەخێر ئەوە وەبیرهێنانەوەیە.

١٢- **فَمَن شَاء ذَكَرَهُ**

وە هەر کەسێك ئارەزووی ئاماژەی پێکرد.

**١٣- فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ**

له پەڕاوێکی ڕێزداره

**١٤- مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ**

بەرزکراوەی پاككراوه.

**١٥- بِأَيْدِي سَفَرَةٍ**

به دەستی نووسەران.

**١٦- كِرَامٍ بَرَرَةٍ**

ڕێزداری بێ گوناه.

**١٧- قُتِلَ الإِنسَانُ مَا أَكْفَرَهُ**

مرۆڤ به کوشت چیت، چی وایکردووه کافر بیت.

**١٨- مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُ؟**

له چی شتێك درووستی کردووه؟

**١٩- مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُ فَقَدَّرَهُ**

له بڕێك ئاو درووستی کردووه، ئینجا چارەنووسی دیاری کردووه.

**٢٠- ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ**

ئینجا ڕێگاکە(دیاریکردووە) وایکردووە پیایدا بڕوات.

**٢١- ثُمَّ أَمَاتَهُ فَأَقْبَرَهُ**

ئینجا مراندوویەتی و لە گۆڕی ناوە.

**٢٢- ثُمَّ إِذَا شَاء أَنشَرَهُ**

ئینجا کاتێك ئارەزوو دەکات بنیاتی بنێتەوە.

**٢٣- كَلاَّ لَمَّا يَقْضِ مَا أَمَرَهُ**

نەخێر،هەرکە پێشێلی ئەوە دەکات، کە فەرمانی پێدەکات.

**٢٤- فَلْيَنظُرِ الإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ**

دەبا مرۆڤ سەیری خواردنەکەی بکات.

**٢٥- أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاء صَبًّا**

لە ڕاستیدا ئێمە ئاومان(باران) ڕژاند، بە ڕژاندن.

**٢٦- ثُمَّ شَقَقْنَا الأَرْضَ شَقًّا**

ئینجا زەویمان لەت لەت کرد، بە لەتکردن.

**٢٧- فَأَنبَتْنَا فِيهَا حَبًّا**

وە دانەوێڵەمان تیایدا ڕواند.

**٢٨- وَعِنَبًا وَقَضْبًا**

وە ترێ و (درەختی)لقوپۆپدار.

**٢٩- وَزَيْتُونًا وَنَخْلًا**

وە زەیتون و خورما.

**٣٠- وَحَدَائِقَ غُلْبًا**

باخچەی چڕوپڕ.

**٣١- وَفَاكِهَةً وَأَبًّا**

وە میوە و گژوگیا.

**٣٢- مَّتَاعًا لَّكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ**

بۆ سوودی خۆتان و مەڕومالآتتان.

**٣٣- فَإِذَا جَاءَتِ الصَّاخَّةُ**

وە کاتێك گرمەکە هات.

**٣٤- يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ**

ئەو ڕۆژە کە پیاو لە براکەی ڕادەکات.

**٣٥- وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ**

وە لە دایکی و باوکی.

**٣٦- وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ**

وە لە هاوسەری و منداڵەکانی.

**٣٧- لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ**

وە لەم ڕۆژەدا بۆ هەموو یەکێك شتێك هەیە کە سەرقاڵیەتی.

**٣٨- وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ**

لەم ڕۆژەدا ڕوخسارەکان هەن دیارن.

**٣٩- ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ**

بە پێکەنین و گەشاوەن.

**٤٠- وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ**

وە لەم ڕۆژەدا ڕوخسارەکان هەن، تەپووتۆزیان لەسەرە.

**٤١- تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ**

دوکەڵ ماندووی کردووە.

**٤٢-أُوْلَئِكَ هُمُ الْكَفَرَةُ الْفَجَرَةُ**

ئەوانە کافرە خوێڕیەکانن.

## شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی١-١٠

الواحدی لە اسباب النزول و السیوطی لە لباب النقول في اسباب النزول و الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە القران العظیم و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الحاکم لە المستدرك علی الصحیحین، هتد،، دەڵێن، سەبارەت بە ابن ام مکتوم، کە پیاوێکی نابینا بوو، دابەزی.

دەڵێن، ابن ام مکتوم، هات بۆ لای پێغەمبەر، وە پێغەمبەر قسەی دەکرد لەگەڵ عُتْبَةَ بن ربيعةَ، وأبا جهل بن هشام، وعباس بن عبد المطلب، وأُبَيَّ وأُميةَ، هەردوو کوڕەکەی خلف، بانگێشەی دەکردن بۆ اللە، وە ئاواتەخواز بوو ببن بە ئیسلام. ابن ام مکتوم هەڵسایەوە و گوتی ئەی پێغەمبەری اللە ئەوەم فێربکە کە اللە فێری کردوویت، وە بەردەوام پێغەمبەری بانگ دەکرد و قسەکەی دووبارە دەکردەوە، پێغەمبەر دەم وچاوی مرووموچ کرد لە ابن ام مکتوم و ڕووی خۆی لێوەرگێڕا، وە پێغەمبەر لە دڵی خۆیدا گوتی: ئێستا

ئەو گەورە پیاوە قورەیشیانە دەڵێن، تەنها نابینا و نەزان و کۆیلە بە دوای محمد دەکەون. ئەوەبوو پیغەمبەر خۆی لە ابن ام مکتوم مڕوومۆچ و گرژ کرد و ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا و بەردەوام بوو لە قسە کردن لەگەڵ گەورە پیاوانی قورەیش ، ئەوەبوو الله ئەم سوورەتەی دابەزاند، لە ئایەتی ١-١٠.

ئایەتی ١-١٠ دەڵێت:

عَبَسَ وَتَوَلَّى، أَن جَاءَهُ الأَعْمَى، وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى، أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ الذِّكْرَى، أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى، فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّى، وَمَا عَلَيْكَ أَلاَّ يَزَّكَّى، وَأَمَّا مَن جَاءَكَ يَسْعَى، وَهُوَ يَخْشَى، فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّى.

واتە:

ئەی محمد، خۆت گرژ و مڕوومۆچ کرد و ڕووت لێ وەرگێڕا، کاتێك نابینایەك (ابن ام مکتوم) هات بۆ لات، وە تۆ چووزانیت، بەڵکو هیدایەت دەدرا و لە گوناهەکانی پاك دەبۆوە، وە یان کاتێك قسەت لەگەڵیدا دەکرد سەبارەت بە الله و خوداپەرستی سوودی بۆی دەبوو، (واتە هیدایەت دەدرا). بەڵام کەسانێك کە دەوڵەمەندن، تۆ لەگەڵیدا دادەنیشیت و قسەی لەگەڵدا دەکەیت. وە بە دەست تۆ نییە دەبا نەیەوێت پاك بێتەوە. بەڵام ئەوەی بە قاچەکانی خۆی دێت بۆ لات و لە خودا دەترسێت، تۆ پشتگوێی دەخەیت و فەرامۆشی دەکەیت.

ئەم ١٠ دەقە و هۆکارەی دابەزینکەی، پێمان دەڵێت، محمد لە نابینا و مرۆڤی هەژار شەرمی کردووە .

بەڵام دیارە دواتر، هەر خودی گەورە پیاوانی قورەیش لۆمەی محمدیان کردووە و گوتوویانە محمد چۆن پێغەمبەرێکی نێردراوە، کە خۆی مرووموچ دەکات لە پیاوێکی نابینا، ئەوا محمد ئەو سوورەتەی دابەزاندووە بۆ ئەوەی بڵێت خوداکەم لۆمەی کردم.

الطبری سەبارەت بە ئایەتی (أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَىٰ)، ( بەڵام ئەوەی دەوڵەمەند بوو) دەڵێت، واتە ئەی محمد، بەڵام کاتیك کەسێك دەوڵەمەند بوو ئەوا تۆ قسەی لەگەڵدا دەکەیت، بە هیوای ئەوەی موسڵمان بێت.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، دەڵێت، واتە دەوڵەمەند.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، واتە خاوەن سامان و دەوڵەمەند.

## ئایەتی ١١

كَلاَّ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ

لەم ئایەتەدا اللهی عەرەب و ئیسلام، ئینزارێکی سوور بە محمد دەدات و دەڵێت: (کلا) نەخێر ئەی محمد، ئەوە چییە کاتێك نابینایەك بە قاچەکانی خۆی بۆ خوداپەرستی دێت بۆ لات، خۆت گرژ و مرووموچ دەکەیت و ڕووت لێی وەردەگێڕێت و قسەی لەگەڵدا ناکەیت و فەرامۆشی دەکەیت؟ هەرگیز وانابێت، (إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ) ئاگاداربە، ئەوە ئاگادارکردنەوە و وەبیرهێنانەوە و عیبرەتە، وە نەکەیت جارێکی تر ئەم کارە بکەیت.

القرطبی دەڵێت: واتە ئەی محمد نەکەیت جارێکی تر ئەم کارە بکەیت: پێشوازی لە دەڵەمەند بکەیت و ڕووت وەرگێڕیت لە هەژارێك.

الطبری دەڵێت: کار وانابێت ئەی محمد، ڕووت لە هەژارێك گرژ بکەیت و پشتت لێی بکەیت ، وە ڕوو لە دەوڵەمەند بکەیت و قسەی لەگەڵدا بکەیت، بەڵام با ئەوە عیبرەت بێت.

## ئایەتی ١٢ -١٦

فَمَن شَاء ذَكَرَه، فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ، مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ، بِأَيْدِي سَفَرَةٍ، كِرَامٍ بَرَرَةٍ

واتە، ئەم سوورەتە وەك وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ هەر کەسێك ئارەزووی کرد وەبیربیێتەوە، وە لە پەڕاوێکی ڕێزداری بەرزی پاکە، بە دەستی نووسەرەکانە کە بەڕێز و بێگوناە و پاکن.

الطبری دەڵێت: (فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ، مَّرْفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةٍ) واتە، لە تابلۆی پارێزراوە، کە پاك و بەرزە و لای اللەیە.

القرطبی دەڵێت، واتە لای اللەیە و دەڵێن لە پەرتووکی پێغەمبەرانە، وە بەڵگە ئەم ئایەتەیە کە دەڵێت: (إِنَّ هَـٰذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَىٰ صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ)، (ئایەتی ١٨-١٩ الاعلی) واتە، (ئەوە لە پەرتووکەکانی یەکەمە، پەرتووکی ابراهیم و موسا).

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت: (فِي صُحُفٍ مُكَرَّمة)، واتە لە پەرتووکی ڕێزدارە، وە دوو قەول هەیە سەبارەت بە مەبەست لەم ئایەتە:

یەکەم: تابلۆی پارێزراو (مقاتل بن سلیمان).

دووەم: پەرتووکی پێغەمبەران. وە لەسەر ئەم بنەمایە (مَّرْفُوعَةٍ)، واتە پایە بەرز.

( مُّطَهَّرَةٍ)، واتە پاککراوە لە شرك و کوفر.

وە ابن الجوزی سەبارەت بە ( بِأَيْدِي سَفَرَةٍ)، ( بە دەستی نووسەران) دەڵێت ٣ قەول هەیە:

یەکەم: نووسەران (ابن عباس و مجاهد و ابوعبيدة و ابن قتيبة و الزجاج)

الزجاج گوتوویەتی واتە نووسەر.

بە پەرتووکەکانی پێغەمبەرانی پەرتووکی پیرۆز، (تەورات)، دەگوترێت"سفر" کە کۆیەکەی دەکاتە "اسفار".

دووەم: خوێنەران (قتادة)

سێهەم: فریشتەکان.

## ئایەتی ١٧

قُتِلَ الإِنسَانُ مَا أَكْفَرَهُ

اللەی عەرەب و ئیسلام، لەم ئایەتە دەڵێت، دەك بە كوشتن بچیت باشە بۆ خۆت و كوفرت.

سەیرە كە خودا بڵێت، دەك بە كوشتن بچیت.

## ئایەتی ١٨-١٩

مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُ، مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُ فَقَدَّرَهُ

ئینجا دەڵێت: لە چ شتێك درووستی كردووە، تاوەكو كافر بیت و ئیمان نەهێنیت و خۆت پێ شتێكی گرنگ بیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت:

لە تۆزێك ئاو (تۆواو) درووستی كردووە، ئینجا چارەنووسی دیاركردووە.

وەك ئایەتی ٣٧ سوورەتی الكهف دەڵێت:

أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلًا

ئایا كوفرت كرد، بەوەی كە درووستی كردوویت لە خۆڵ، ئینجا لە بڕێك تۆواو، ئینجا تۆی كردووە بە پیاو؟

ابن كثیر سەبارەت بە ( فَقَدَّرَهُ) دەڵێت، واتە كاتی مەرگ و بژێویی و كاری دیاریكردووە، وە هەروەها شادمان بێت، وە یان سەركێش.

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە كە محمد صلعم دەڵێت، دوای ئەوەی كۆرپەلە دەگاتە قۆناغی "مضغة" واتە "پارچە

گۆشتێکی بێ سەروبەر"، الله فریشتە دەنێرێت رۆحی فوو بکەنە ناویەوە. ئینجا فەرمانیان پێ دەکات، چوار شتی بۆ دیاری بکەن: کاتی مەرگی و بژێوی و کاری، وە سەرکێش بێت یان شادمان.

## ئایەتی ٢٠-٢٢

ثُمَّ السَّبِيلَ يَسَّرَهُ

ثُمَّ أَمَاتَهُ فَأَقْبَرَهُ

ثُمَّ إِذَا شَاء أَنشَرَهُ

دەڵێت، ئینجا ڕێگامان بۆ مەیسەر و سانا کردووە.

ئینجا (الله)، دەیمرێنێت و دەیخاتە گۆڕەوە.

ئینجا هەر کاتێك ئارەزووی کرد بنیاتی دەکاتەوە، واتە زیندووی دەکاتەوە.

ئەوەی سەیرە، ئایەتی ٢١ کە دەڵێت، ئینجا الله دەیمرێنێت و لە گۆڕی دەنێت.

یانی چۆن الله لە گۆڕی دەنێت؟

الطبری زانیویەتی ئەم دەقە کارەساتە، وە دەیەوێت پینەی بکات و دەڵێت:

ئەوەی لە گۆڕی دەنێت اللەیە، چونکە الله فەرمانی کردووە بە لە گۆڕنانی مردوو.

ئەی پێش ئیسلام، کێ فەرمانی بە بتپەرستەکان کردبوو مردوەکانیان لە گۆڕ بنێن؟ لە گۆڕنانی مردوو، داهێنانێکی مرۆڤی کۆنە، کاتێك بینیوویانە خۆشەویستەکەیان بۆگەن دەکات و ئاژەڵ و دڕندە دەیخۆن، لە گۆڕیان ناوە.

ئایەتی ٢٢ دەڵێت :ثُمَّ إِذَا شَاء أَنشَرَهُ

ئایا (نشر) یان (نشز) بەمانای کۆکردنەوە و جمع دێت.

لەم ئایەتە بە (نشر) هاتووە، کە لە زمانی عەرەبی واتە پەرتوبڵاوپێکردن.

لە ئایەتی ٢٥٩ سوورەتی البقرة بە (نشز) هاتووە کە دەڵێت (وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا)، واتە سەیرکە چۆن ئێسقانەکان بەرز دەکەینەوە (واتە کۆی دەکەینەوە و بەیەکەوەی دەلکێنینەوە).

واتە ئایەتی ٢٢ هەڵەیە، وە ئایەتەکە دەبێت بەم شیوەیە بێت:

ثمَّ إِذَا شَاء أَنشَزهُ

زۆر ڕوونە کە لە کاتی دانانی سەرە و بۆرە بۆ پیتەکانی قورئان، خاڵێکیان لەبیرکردووە و (ز) بووە بە (ر).

## ئایەتی ٢٣

كَلاَّ لَمَّا يَقْضِ مَا أَمَرَهُ

نەخێر، کاتێك مرۆڤ پێشێلی ئەو فەرمانانە دەکات، کە الله فەرمانی پێی کردووە.

## ئایەتی ٢٤-٣٢

اللەی عەرەب و ئیسلام، ئاماژە بە کۆمەڵێك لەم ناز و نیعمەت و چاکانە دەکات، کە بە مرۆڤی بەخشیوە.

ئایەتی ٢٤ دەڵێت:

فَلْيَنظُرِ الإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ

دەبا مرۆڤ سەیری خواردنەکەی بکات.

ئایەتی ٢٥ دەڵێت:

أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاء صَبًّا

لە ڕاستیدا ئێمە ئاومان بە خوڕ ڕژاندووە، بە ڕژاندن.

ابن کثیر و القرطبی و الطبری دەڵێن، واتە بارانمان لە ئاسمان باراندووە.

نێوان خۆمان بێت جار بە جار دەکەیتە وشکە ساڵی ، وە نوێژە بە بارانەش سوودی نابێت، وە جار هەیە بە خورٍ دەبارێنیت و لافاو درووست دەکەیت.

ئایەتی ٢٦ دەڵێت:

ثُمَّ شَقَقْنَا الأَرْضَ شَقًّا

ئینجا (دوای باران بارین)، زەوی لەت لەت دەکەین بە لەتکردن.

خۆی لەت بوونی زەوی بە هۆی وشکەساڵی و وشکیەوە دەبێت، بەڵام لەم ئایەتەدا دەڵێت، لە دوای باران بارین زەوی شەق دەبێت.

هەرچەندە الطبری دەڵێت، الله مەبەستی ئەوەیە کە زەوی لە دوای باران بارین ڕوەك و گژ و گیا و شینایی لێ دەردەچێت.

بەڵام ئەگەر وابێت، ئەوا دەبوایە وشەی " فتق" بەکاربهێنێت، چونکە گونجاوترە و بەمانای سەردەرکردن دێت. دەبوایە بڵێت:

ثم فتقنا الارض فتقا

ئایەتی ٢٨ -٣٢ دەڵێت:

فَأَنبَتْنَا فِيهَا حَبًّا، وَعِنَبًا وَقَضْبًا، وَزَيْتُونًا وَنَخْلا، وَحَدَائِقَ غُلْبًا، وَفَاكِهَةً وَأَبًّا، مَّتَاعًا لَّكُمْ وَلأَنْعَامِكُمْ

واتە: ئینجا دانەوێڵەمان لە زەویدا ڕواند، وە مێو، (داری ترێ، ڕەز) و (درەختی) لقوپۆپداری گەورە، وە زەیتون و دارخورما، وە باخچەی چڕو پڕ، وە میوە و گژوگیا، بۆ خواردنی خۆتان و ئاژەڵەکانتان.

الطبری و القرطبی و ابن کثیر دەڵێن، عومەری کوڕی خەتاب، سەبارەت بە ئایەتی (وَفَاكِهَةً وَأَبًّا) گوتوویەتی زانیمان ( فاكهة) (میوە) چییە، بەڵام (أَبًّا) چییە؟

وە ابن کثیر و القرطبی دەڵێن، پرسیاریان لە ابو ابكر الصديق کرد، سەبارەت بە (وَفَاكِهَةً وَأَبًّا) گوتی، بۆ کام ئاسمانم ببەیت و بۆ کام زەویم بەریت ئەگەر بڵێم نازانم (أَبًّا) مانای چییە.

## ئایەتی ٣٣-٣٦

فَإِذَا جَاءَتِ الصَّاخَّةُ

يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ، وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ، وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ

وە کاتێك گرمەکە هات، (گرمەی کۆتاییهینان بە ژیان و داهاتنی ڕۆژی قیامەت).

ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی قیامەتە، پیاو لە براکەی و دایکی و باوکی و هاوسەری و منداڵەکانی ڕادەکات، (واتە لە ترسان، وە لە ترسی ئەوەی هەر کەسێك خەمی خۆی دەبێت).

(الصاخة) هەڵەیە و بە هەڵە خاڵێکیان لەسەر (ح) داناوە و بووە بە (خ).

چونکە (صاحة) بەمانای دەنگێکی بەرزو بەهێز دێت، وە (صاخة) زیاتر بەمانای دەنگێك دێت کە درووست دەبێت لە ئاکامی بەریەککەوتنی دوو شتی پتەو.

لە ابن کثیر هاتووە، کە ابن عباس گوتوویەتی "صاخة"ناوێکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت.

هەڵبەتە ابن عباس زانیویەتی هەڵە کراوە، وە لە خۆیەوە شتێکی داتاشراوی بۆ (صاخة) درووست کردووە.

وە الطبری دەڵێت، دەڵێن (صاخة) ناوێکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت.

ئینجا کاتێك ئەو دەنگە بەرز و بەهێزە دێت، هەرکەسێك خەمی خۆیەتی و کەس ئاگای لە کەس نامینێت.

## ئایەتی ٣٧

لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ

لەم ڕۆژەدا هەر پیاوێك سەرقاڵی خۆیەتی.

## ئایەتی ٣٨-٣٩

وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ مُّسْفِرَةٌ، ضَاحِكَةٌ مُّسْتَبْشِرَةٌ

ئینجا لەم ڕۆژەدا (ڕۆژی قیامەت) هەندێك سیما ڕوون و پێكەنیناوی و گەشاوەن (ئەوانە ئیمانداره‌كانن، دەچن بۆ بەهەشت بۆ لای غلمان و ولدان و حۆریەكان).

## ئایەتی ٤٠-٤٢

وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ عَلَيْهَا غَبَرَةٌ، تَرْهَقُهَا قَتَرَةٌ

أُوْلَئِكَ هُمُ الْكَفَرَةُ الْفَجَرَةُ

وە لەم ڕۆژەدا (ڕۆژی قیامەت)، سیما هەیە تەپووتۆزی لەسەرە، دووكەڵی ڕەش، ماندوو و شەكەتی كردووە.

الطبری دەڵێت: ئەو ئاژەڵانەی الله، كە لە ڕۆژی قیامەت زیندوویان دەكاتەوە، ئینجا دوای ئەوەی حوكمیان دەكات، دەیانكاتەوە بە خۆڵ، ئەوا خۆڵەكانیان لە سیمای كافرەكان دەنیشێت.

ابن كثیر دەڵێت، پێغەمبەر لە فەرموودەیەك گوتوویەتی، كافرەكان لە ڕۆژی قیامەت ئەرەقە زۆر دەكەن، ئینجا تەپ و تۆز بە سیماكانیانەوە دەنووسێت.

القرطبی دەڵێت، ئەم ئایەتە واتە تەپووتۆز و دووكەڵ.

ئینجا ئایەتی ٤٢ كە دوا ئایەتە دەڵێت:

ئەوانە کافرە خوێڕی و بەڕەڵا و سەرسەریەکانن.

پرسیارێك: لە ئایەتی ١ محمد، خۆی مڕوومۆچ کردووە و وەڵامی هەژارێکی نابینای نەداوەتەوە، لە دوا ئایەت جوێن بە کافرەکان دەدات و سووکایەتیان پێ دەکات. ئاخر بۆ بۆ؟

زۆر سوپاس بۆ نیعمەتی ئیسلام.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٢٥)

# سوورەتی القدر (چارەنووس)

١-إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ

له ڕاستیدا له شەوی "چارەنووس" دامانبەزاند.

٢-وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ

وە تۆ چووزانیت شەوی چارەنووس چییە؟

٣-لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ

شەوی چارەنووس چاکترە له هەزار مانگ.

٤-تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ

تیایدا فریشتەکان و ڕۆح بە مۆڵەتی خوداکەیان بە شێنەیی دابەزین، سەبارەت بە هەموو شتێك.

٥-سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ

سڵاوکردنە، تاوەکو دەرکەوتنی بەرەبەیان.

# شرۆڤە و تێبینی

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت: بە قسەی زۆربەی شرۆڤەکەران، سوورەتی "القدر" سوورەتێکە لە مەدینە دابەزیووە.

وە دەڵێت، الواقدی گوتوویەتی، "القدر" یەکەم سوورەتە کە لە مەدینە دابەزیووە.

ئەحنافەکانی دورگەی عەرەبی لە سەردەمی پێش ئیسلام بڕوایان وابوو، کە "شەوی قەدر"، شەوێکە اللە بڕیار دەدات لە سەر چارەنووسی مرۆڤەکان، بۆ ماوەی یەك ساڵی داهاتوو، دەکەوێتە ڕەمەزانەوە.

وە لە ئاینی "صابئة"، جەژنێك هەیە بە ناوی "یشیشلام ربه" واتە"جەژنی گەورەی ئاشتی" کە دوو ڕۆژ و شەوێکە ، شەوەکە بە شەوی ئاشتی ناسراوە و تیایدا خودا بژێوی مرۆڤەکان دیاری دەکات.

بە هەمان شێوەی ئاینی صابئە، لە ئیسلامدا هەروەک سوورەتی قەدر پێمان دەڵیت، شەوی قەدر، شەوی ئاشتیی و دیاریکردنیی بژیوویی مرۆڤەکانە.

ئەگەر سەرنجێکی ئەم سوورەتە بدەین، دەبینین سەرتاپای لێڵ و ناڕۆشنە، هیچ شتێکی کۆنکریتی نادات بەدەستەوە، بە تایبەتی چەمکەکانی "انزلناه" و "لیلة القدر" و"الروح" و "من کل امر" وە "خیر من الف شهر"

انزلناه واتە دامانبەزاند. ئەم شتە چییە کە دایبەزاند؟ هەڵبەتە ئەم شتە دەبێت نێرینە بێت، چونکە بە ڕاناوی لکاوی نێرینە (ه) کۆتایی هاتووە.

"ليلة القدر" واتە "شەوی چارەنووس". شەوی چارەنووس چییە؟ وە مەبەست لە "چارەنووس" چییە؟ وە ئەم شەوە کەیە؟ لە چ مانگێکە؟

"الروح": مەبەست لە ڕۆح چییە؟ چونکە لە قورئاندا ڕۆح بە ٣ مانا هاتووە: ١- ڕۆحی مرۆڤ ٢- جبرائیل ٣- ڕۆحی اللە.

ئایەتی ١٩٣ سوورەتی الشعراء:

نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ (ڕۆحی دەستپاك دایبەزاندووە).

زاناکانی ئیسلام دەڵێن، "الروح الامین "واتە جبرائیل.

ئایەتی ٣٨ سوورەتی النبأ:

يَوْمَ يَقُومُ الرُّوحُ وَالْمَلَائِكَةُ صَفًّا

لە ڕۆژی قیامەت "الروح" و فریشتەکان بە ڕیز دەوەستن.

لێرەدا "الروح" بە مانای ڕۆحی مرۆڤ دێت.

ئایەتی ٢٩ سوورەتی الحجر:

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ

هەر کاتێك سەرووسیمام (بە ئادەم) دا و لە ڕۆحی خۆم فووکردە ناویەوە، ئەوا کڕنۆشی بۆ ببەن.

"الروح"لێرە بە مانای ڕۆحی الله دێت.

ئایەتی ١١٠ سوورەتی المائدة:

إِذْ أَيَّدْتُكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ

(ئەی عیسا) کە پشتیوانیم کردیت بە ڕۆحی پیرۆز.

"روح القدس" واتە ڕۆحی الله، هەرچەندە بە هۆی ئەوەی موسڵمانان بڕوایان بە ثالوث، واتە سیانەك نییە، ئەوا دەڵێن لێرە "روح القدس" واتە جبرائیل.

ئایەتی ١٢ سوورەتی التحریم:

فَنَفَخْنَا فِيهِ مِنْ رُوحِنَا

ئەوەبوو ڕۆحی خۆمان فووکردە نێوگەڵی مریەمەوە.

ئەگەر "ڕۆح" جبرائیل بێت، کەواتە الله بە فووێك جبرائیلی کردۆتە نێوگەڵ و ناو منداڵدانی مریەمەوە؟

گرنگ لەم سوورەتە "روح" بە چی مانایەك هاتووە؟

"من كل امر" واته "سەبارەت بە هەموو فەرمانێک"، بەتایبەتی وەك پاشگرێك لە کۆتایی ئایەتی ٣ هاتووە، کە دەڵێت فریشتەکان و ڕۆح تیایدا "لە شەوی قەد" دابەزین، بە مۆڵەتی اللهکەیان.

"خير من الف شهر"، واتە، یەك شەوی قەدر چاکترە لە هەزار مانگ.

لە چی ڕوانگەیەکەوە چاکترە؟

سەرتاپای سوورەتەکە لێڵ و ناڕۆشنە، کەچی شرۆڤەکاران و زاناکانی ئیسلام دەیەها خورافە و سەدەها فەرموودەیان داتاشیووە، کە تیایدا ئاماژە کراوە بە چاکە و فەزلی ئەم شەوە، لەگەڵ ئەوەش کەسیان نازانن کە ئەم شەوە کەیە؟

## ئایەتی ١

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ

لە ڕاستیدا ئێمە لە شەوی "قەدر" دامانبەزاند.

شرۆڤەکاران دەڵێن، ئەو شتەی کە لە شەوی قەدر دابەزێندراوە، قورئانە.

واتە، لە ڕاستیدا ئێمە قورئانمان لە شەوی قەدر دابەزاند.

پرسیار؟ ئەوەیە ئەگەر مەبەست لە (ه) قورئان بێت، بۆچی دەقەکە ڕاشکاوانە نەیدەگوت:

إِنَّا أَنزَلْنَا القران فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ

حیکمەت لەم لێلیە چییە؟ وە بەلاغەت و ڕەوانبێژیی ئەوەیە کە دەقەکە پوخت و ڕوون بێت، هیچ کەسێك لەسەر ماناکەی ناکۆک نەبێت.

وە چەندەها دەقی قورئان هەیە، کە ئاماژە بە دابەزینی قورئان دەکات:

وەك ئایەتی ١٨٥ سوورەتی البقرة:

شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ

مانگی ڕەمەزان کە تیایدا قورئان دابەزی.

وە ئایەتی ٢ یوسف:

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ

لە ڕاستیدا قورئانێکی عەرەبیمان دابەزاند بۆ ئەوەی تێبگەن.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین، کە ئایەتی ١ سوورەتی القدر و ئایەتی ٢ یوسف، بەم بڕگەیە دەست پێ دەکەن:

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ

بەڵام لە ئایەتی ١ سوورەتی القدر، ئاماژە بە قورئان ناکات، تەنها دەڵێت: ئێمە لە شەوی قەدر دامانبەزاند، نەیگوتووە قورئانمان دابەزاند.

بەڵام لە ئایەتی ٢ سوورەتی یوسف لە دوای (إِنَّا أَنزَلْنَاهُ) وشەی (قرآن) هاتووە. واتە دەڵێت: قورئانمان دابەزاند. بۆچی وشەی قورئان لە ئایەتی ١ سوورەتی القدر نەهاتووە؟

واتە، کە شرۆڤەکەران دەڵێن قورئان، هیچ بەڵگەیەکیان نییە.

وە موفەسیرەکان دەڵێن، ئایەتی ١-٣ سوورەتی الدخان دەڵێت، قورئان لە شەوێکی پیرۆز دابەزی. لەمەشدا ڕاست ناکەن چونکە دەقەکە دەڵێت:

حم

وَالْكِتَابِ الْمُبِينِ

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ

واتە: (حم) وە سوێند بە پەرتووکی ڕوون، ئێمە لە شەوێکی پیرۆز دامانبەزاند، وە لە ڕاستیدا ئێمە هۆشیارکەربووین.

بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە "قورئان" ناکات، تەنها ئاماژە بە پەرتووکێکی ڕوون و ڕۆشەن دەکات، کە لە شەوێکی پیرۆزدا دایبەزاندووە.

وە ئایەتی ٤ هەمان سوورەت دەڵێت:

فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ

واتە، لەم پەرتووکەدا هەموو فەرمانێک و بابەتیکی حەکیمی جیاکردۆتەوە.

وە ئایەتی ١٤٥ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ

وە لە تابلۆکان هەموو شتێکمان لە ئامۆژگاریی و ڕاسپاردە بە دووروودرێژی بۆ موسا نووسی.

هەموو شتێک،(لە ئامۆژگاریی و ڕاسپاردە بە دووروودرێژی)، بەمانای (فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْرٍ حَكِيمٍ) دێت.(واتە لەم پەرتووکەدا هەموو فەرمانێک و بابەتیکی حەکیمی جیاکردۆتەوە).

کەواتە، (کتاب مبین، پەرتووکی ڕوون) کە (لە شەوێکی پیرۆزدا بەزاندووە تابلۆکانی (الواح)موسایە.

واتە ئایەتی ١-٤ سورەتی الدخان، تایبەتە بە تەورات نەك بە قورئان، وە ئەم شەوە پیرۆزە، کە شەوی قەدەرە، ئەو شەوەیە کە الله لە سینا چاوی بە موسا کەوت و تابلۆکانی پێدا.

هەر کەسێك سەیری شەریعەتی ئیسلامی بکات دەبینێت، کە سونەتی محمد بەشی هەرە سەرەکی پێك دەهێنێت، چونکە قورئان کەلێن و ناکۆکی زۆر و دژەیەکی زۆری تێدایە.

وە کاتێك سوورەتی الدخان دەخوێنیتەوە، دەبینیت زۆربەی دەقەکانی باسی بنی ئیسرائیل و فیرعەون دەکات، لەبەرئەوە ئەگەری زیاتر هەیە، ئەم پەرتووکەی لە شەوێکی پیرۆز دابەزیووە، تەورات بێت، نەك قورئان.

خاڵێکی تر: قورئان دەڵێت تەورات وەك پەرتووکێکی کامل و تەواو هەمووی بە یەکجار دابەزیووە.

هەر لەبەر ئەوە کافرەکان داوایان لە محمد کردووە، کە وەك موسا پەرتووکێکی تەواو و کاملیان بەیەك جار بۆ دابەزێنیت، بۆ ئەوەی بڕوای پێبکەن و باوەڕی پێ بێنن، وەك ئایەتی ٣٢ سوورەتی الفرقان دەڵێت:

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً

وە کافرەکان گوتیان، ئەگەر قورئانت بە تەواوی و بە یەکجار بۆ دانەبەزێت، ئەوا ئیمان ناهێنین.

الطبری دەڵێت: کافرەکان گوتیان بۆچی قورئان بەیەکجار بۆ سەر محمد دانابەزێت، هەروەك چۆن تەورات بەیەکجار بۆ موسا دابەزی؟

وە ئایەتەکە دەڵێت: سوێند بە پەرتووکێکی ڕۆشن و ڕوون کە لە شەوێکی پیرۆز دابەزی.

واتە ئاماژە دەکات بە پەرتووکێکی کامل و تەواو، نەك قورئان، چونکە قورئان وەك پەرتووکیکی کامل و تەواو تەنانەت دوای تەواوبوونی وەحیش لەسەردەمی محمد، بوونی نەبووە، دوای چەندەها ساڵ لە دوای مردنی محمد، موسڵمانان کۆیدەکەنەوە و دەینووسنەوە.

وە ئایەتی ١٥٤ سوورەتی الانعام دەڵێت:

ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ تَمَامًا

ئینجا پەرتووکمان بە تەواوی بە موسا دا.

وە لە صحیح البخاری فەرموودەیەکی محمد هاتووە، کە تیایدا ئادەم بە موسا دەڵێت:

يَا مُوسَى اصْطَفَاكَ اللَّهُ بِكَلاَمِهِ وَخَطَّ لَكَ بِيَدِهِ

ئەی موسا، اللّٰه تۆی لە ناو هەموو پێغەمبەران هەڵبژارد، کە ڕاستەخۆ قسەی لەگەڵدا کرد، وە بە دەستکانی خۆی تەوراتی بۆ نووسیت.

ئایەتی ١٦٤ سوورەتی النساء دەڵێت:

وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا

واتە، اللّٰه بە قسەکردن قسەی لەگەڵ موسا کرد.

کەواتە ئەگەر ئیسلام و جوەکان هەمان خودایان هەبێت، وە تەورات و قورئان لە لایەن هەمان خوداوە بن، ئەوا دەبێت تەورات لای خودا زۆر پیرۆزتر بێت لە قورئان، چونکە خودا بە دەستەکانی خۆی تەوراتی نوسیووە، وە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ موسا کردووە کە تەوراتی بۆ دابەزاندووە.

کەواتە دەکرێت (کتاب مبین) و (انزلناه)، تەورات بێت نەك قورئان.

بەڵام شرۆڤەکەرانی ئیسلام دەڵێن، واتە قورئان.

القرطبی دەڵێت، جبرائیل هەموو قورئانی لە شەوی "قدر" لە تابلۆی پارێزراوی ئاسمان بۆ "بيت العزة" واتە "ماڵی العزة" کە لە ئاسمانی دونیایە دابەزاند، ئینجا لە ئاسمانی دونیاوە بەش بەش بۆ پێغەمبەری دابەزاند. وە لە نێوان یەکەم بۆ دوا ئایەت کە دایبەزاند ٢٣ ساڵ بوو.

ابن عباس دەڵێت، قورئان لە مانگی ڕەمەزان، لە شەوی قەدر، لە شەوێکی پیرۆز لە لایەن اللهوە، لە تابلۆی پارێزراو هەمووی بەیەکەوە دابەزی بۆ لای فریشتە نووسەرەکان لە ئاسمانی دونیا، فریشتەکان بەش بەشیان کرد و دایان بە جبرائیل، وە جبرائیل دایبەزاند بۆ پێغەمبەر.

وە القرطبی دەڵێت، پێی دەگوترێت "شەوی قەدر"، چونکە لەم شەوەدا، الله بڕیار لەسەر چارەنووسی هەر شتێك دەدات کە خۆی دەیەوێت، وەك مەرگ و بژێوی و هتد،، تاوەکو ساڵی داهاتوو.

ئینجا بڕیارەکەی دەدات بەو فریشتانەی ئیشوکارەکان بەڕێوە دەبەن، کە بریتین لە چوار فریشتە: ئیسرافیل و میکائیل و عزرائیل و جبرائیل.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت: واتە قورئانمان، گشت بەیەکەوە، لەم شەوەدا کە شەوی قەدرە دابەزاند بۆ ئاسمانی دونیا، وە لەم شەوەدا الله بڕیار لەسەر چارەنووسەکان دەدات بۆ یەك ساڵی داهاتوو. وە دەڵێت پێی دەگوترێت شەوی "قدر"، چونکە عەرەب دەیانگوت " قدر الله علي هذا الامر"، واتە الله لەسە من ئەم چارەنووسەی دیاری کردووە. کەواتە

هەروەك گوتمان بروابوون بە شەوی قەدر، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جاهیلی.

پرسیارێك :ئایا ئەم شرۆڤەیەی شرۆڤەکەرانی قورئان، ناکۆك نییە لەگەڵ بوونی تابلۆی پارێزراو، فەرموودەکانی محمد؟

لە صحیح مسلم فەرموودەیەکی محمد صلحم هاتووە دەڵێت:

الله چارەنووسی شتەکانی دیار کرد، ٥٠ هەزار ساڵ پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات، وە ئەوکات عەرشی الله لەسەر ئاو بوو.

وە لە سنن ابوداود و جامع الترمذی، فەرموودەیەك هاتووە، محمد صلعم دەڵێت: یەکەم شت دروستکرا پێنووس بوو، الله پێیگوت بنووسە، پێنووس گوتی، خوداکەم چی بنووسم؟ گوتی چارەنووسی هەموو شتێك تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

وە لە صحیح بخاری و مسلم هاتووە محمد گوتویەتی:

کاتێك ژن دووگیان دەبێت و کۆرپەلەکە دەگاتە قۆناغی "مضغة"، واتە گۆشتێکی بێ سەروسیما، ئەوا الله فریشتە دەنێرێت رۆحی فوو بکاتە ناویەوە، ئینجا فەرمان بە فریشتەکە دەکات کە بژێوی و ئەجەلی و کار و کردەوەکانی دیاری بکات، وە کەسێکی سەرکێش بێت، وە یان شادمان.

وە فەرموودەیەکی صحیح لە جامع الترمذی هاتووە محمد گوتویەتی:

رفعت الأقلام وجفَّت الصحف، (واتە پێنووس هەڵگیراوە و لاپەڕەکان وشك بوون)

واتە، بەر لە درووست کردنی گەردوون، اللە چارەنووسی هەموو شتێکی لە تابلۆی پارێزراو تۆمار کردووە، وە دەستکاریی ناکرێت.

کەواتە ئەوەی شرۆڤەکاران دەڵێن، کە لە شەوی قەدر اللە ئەجەل و رزقی مرۆڤەکان دیاری دەکات بۆ یەك ساڵی داهاتوو، قسەی بێ بنەمان.

## ئایەتی ٢-٣

وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ

لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ

ئینجا دەڵێت: تۆ چوزانیت شەوی قەدر چییە؟

لە وەڵامدا دەڵێت: شەوی قەدر چاکترە لە هەزار مانگ

واتە یەك شەوی "قدر" دەکاتە ٨٣ ساڵ وچەند مانگێك.

باشە لە چ ڕوانگەیەکەوە باشتر و چاکترە؟

ئینجا موفەسیرەکان، وەك ئەوەی لە دەستە ڕاستی عەرشی خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دانیشتبن، هاتوون دەڵێن، واتە خوداپەرستی و بەرۆژووبوون و نوێژکردن، لە یەك شەوی قەدر چاکترە لە هەزار مانگ.

بەڕۆژووبوون لە شەوی قەدر؟

بۆ لە ڕەمەزان خەڵك بە ڕۆژ بەرۆژوو دەبێت یان بە شەو؟

بەڕۆژووبوونی شەوانەمان نەبیستبوو؟ هۆی موسڵمانان ئاگاداربن، دەبێت لە شەوانی قەدر بەرۆژوو بن .

ئەی شەوی قەدر کەیە؟ ئەگەر اللەی ئیسلام و محمد نەیانزانیبێت، کەواتە چۆن دەکرێت زانایانی ئیسلام بیزانن؟ بەڵام دەڵێن دەکەوێتە شەوە تاکەکانی ١٠ شەوی کۆتایی ڕەمەزان، واتە ٢١ یان ٢٣ یان ٢٥ یان ٢٧ یان ٢٩.

بەڵام کێشە لەوەدایە موسڵمانان کۆك نین سەبارەت بە یەکەم ڕۆژی رەمەزان. خۆ ئەگەر ڕۆژی یەکەم هەڵەیان تیادا کرد، وە زۆربەی کاتەکان ناکۆکن سەبارەت بە یەکەم ڕۆژی رەمەزان، ئەوا شەوە تاکەکانی ١٠ ڕۆژی کۆتایی دەبن بە ڕۆژە جووتەکان، وە بە قەد ٨٣ ساڵ چاکە و حەسەناتیان بۆ نانووسرێت.

پێغەمبەری ئیسلام، هۆکاری دابەزینی سوورەتی "القدر"ی پەیوەست کردووە بە ڕووداوێکی بنی ئیسرائیلەوە. الواحدی لە اسباب النزول و السیوطی لە لباب النقول في اسباب النزول و الطبری لە جامع البیان، ابن ابي حاتم لە التفسیر بالمأثور، ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکەن کە گوتوویەتی:

پیاوێکی بنی ئیسرائیل، چەکی هەڵگرت هەزار مانگ لە پێناو الله. ئەوەبوو موسڵمانان سەرسام بوون، ئینجا الله ئەم سوورەتەی دابەزاند (واتە سوورەتی القدر) و گوتی، شەوی قەدر چاکترە لە هەزار مانگ، کە ئەو پیاوە تیایدا چەکی هەڵگرتووە.

هەندێك لە موفەسیرەکان دەڵێن، ئەو پیاوەی بنی ئیسرائیل یوشع کوڕی نون بوو.

الترمذی و ابن جریر الطبری و الطبرانی و ابن مردویة و البیهقی لە دلائل النبوة و الحاکم لە المستدرك، ئاماژەیان بە فەرموودەیەك کردووە کە دەڵێت:

دوای ئەوەی حەسەنی کوڕی عەلی بەیعەتی بە معاویە دا، پیاوێك هات بۆ لای حەسەن و گوتی سیمای ئیمانداران ڕەش بوو، حەسەن گوتی ڕەحمەتی اللهت لێبێت، ئازارم مەدە.با بۆت باس بکەم، پێغەمبەر(بەڕوئیا) بنی ئومەیەی بینی لەسەر مینبەرەکەی وتاریان پێشکەش دەکرد، بەوە زۆر نیگەران بوو، ئەوەبوو الله سوورەتی الکوثر و سوورەتی القدری دابەزاند، کە دەڵیت، یا محمد، لیله القدر خیر من الف شهر یملکها بعدك بنو امیة، (واتە، ئەی محمد، شەویکی  قەدر لە هەزار مانگی فەرمانڕەوایی بنی ئومەیەچاکترە ).

القاسم دەڵێت، کە ماوەی فەرمانڕەوایی بنی ئومەیەمان ژمارد، بینمان ڕێك هەزار مانگ بوو، نە ڕۆژێکی کەم بوو وە نە ڕۆژێکی زیاد بوو.

ابن كثير، بۆ وەڵام دانەوە بە القاسم، بە شێوەیەکی کاتی دەستبەرداری کاری شرۆڤەکاری دەبێت و لە کتوپڕێکدا دەبێت بە ژمێریار، دوای کۆکردنەوە و کەمکردنەوە، دەگات بەم دەرەنجامەی کە فەرمانڕەوایی بنی ئومەیە ٩٢ ساڵ بووە، ئینجا دەڵێت ٩٢ ساڵ زیاتر دەکات لە هەزار مانگ.

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە کە ابي سعيد الخدری دەڵێت، پێغەمبەر وتاری پێشکەش کرد، گوتی من دەمزانی شەوی قەدر کامە شەوە، بەڵام لە بیرم کرد.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە محمد بەیاوەرەکانی دەڵێت:

هاتم بۆ ئەوەی پێتان بڵێم کامە شەو شەوی قەدرە، بەڵام دوو پیاو مشتوومڕیان کرد، ئەوەبوو بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان (واتە وەحیەکە کە زانیاری تێدابوو سەبارەت بە شەوی قەدر بەرزکرایەوە).

سەیرە، یانی چۆن لە بیرت کرد، پێنج هەڵبژاردەیە ( ٢١، ٢٣، ٢٧، ٢٥، ٢٩) لە نێوان ئەم پێنج دانە کامەیانە؟

جا محمد ژمارەیەکی دوو نمرەیی لە بیر نەمابێت و لە بیری کردبێت، کەواتە چۆن دەکرێت متمانەی پێ بکرێت؟

بەلام فەرموودەیەك لە صحیح مسلم هاتووە کە ئوبەی کوڕی کعب دەڵێت:

شەوی ٢٧ ڕەمەزانە، وە نیشانەکەی ئەوەیە کە خۆر لە ڕۆژێکی ساف هەڵدێت و تیشکی نییە.

الحكم لله محمد نەیزانیووە، الله نەیزانیووە، بەڵام ئوبەی زانیویەتی، وە دەڵێت لەم ڕۆژەدا خۆر تیشکی نابێت.

وە محمد لە فەرموودەیەکی "حسن" کە شیخ الالبانی لە السلسلة الصحيحة ئاماژەی پێکردووە، گوتوویەتی:

پەرتووکی ئیبراهیم لە شەوی یەکەمی ڕەمەزان دابەزی، وە ٦ ڕۆژ بەسەر ڕەمەزان تێپەڕ ببوو کاتێك تەوراتی دابەزی، وە ١٣ ڕۆژ لە ڕەمەزان تێپەڕ بوو کاتێك ئینجیل دابەزی، وە ٢٤ ڕۆژ لە ڕەمەزان تێپەڕ ببوو کاتێك قورئان دابەزی.

محمد پێمان دەڵێت، کە قورئان لە ڕۆژە تاکەکان دانەبەزیووە، وە ئەگەر گریمان کە ٢٤ تێپەڕ بووبێت، ئەوا دەکاتە ٢٥، بەڵام فەرموودەکە ناڵێت بە شەو دابەزیووە. وە ئەگەر گریمان وابوو، دەی ئەوەش کێشەیەك نییە، دە کەواتە شەوی قەدر شەوی ٢٥ ڕەمەزانە. بۆ خۆتان شەوی ٢٥ شەونخوونی بکەن و حەسەناتی ٨٣ ساڵ بە شەوێك بەدەست بێنن.

## ئایەتی ٤-٥

تَنَزَّلُ الْمَلائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ

سَلامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ

فریشتەکان و ڕۆح تیایدا (لە شەوی قەدر)، بە مۆڵەتی خوداکەیان دادەبەزن، لە هەموو بابەتێك.

وە ئەم شەوە سڵاوکردنە تاوەکو دەرکەوتنی بەیانی.

(من کل امر) لە ئایەتی ژمارە ٤ زۆر بێ مانایە، بەڵام ئەگەر لە کۆتایی ئایەتی ژمارە ٣ دا بوایە، ئەوا مانادار دەبوو. ڕەنگ بێت محمد شوێنەکەی گۆڕیبێت لە پێناو وەزن و قافیەی دەقەکان .

ئەگەر ئەو بڕگەیە بخەینە سەر ئایەتی ژمارە ٣ دەقەکە دەبێت:

لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ مِّن كُلِّ أَمْرٍ

واتە شەوی قەدر چاکترە لە هەزار مانگ لە هەموو بابەتێکەوە (لە هەموو ڕوویەکەوە)

سەیرکەن، ئێستا دەزانین کە ئایەتی ٣ ماناکەی چییە، کە دەڵێت (خیر من الف شهر).

ئایەتی ٤ دەڵێت فریشتەکان و ڕۆح دادەبەزن لە شەوی قەدر.

وە دەڵێن ڕۆح واتە جبرائیل، باشە ئەی جبرائیل فریشتە نییە؟

دابەزینی فریشتەکان و جبرائیل لە شرۆڤەکاران بووە بە سەرئێشە، دەبێت وەڵامیان هەبێت کە بۆچی دادەبەزن.

الطبری دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی، فریشتەکان و جبرایل کاتێك دادەبەزن، بگەنە هەر ژنێك و پیاوێکی ئیماندار سڵاوێکی لێ دەکەن.

وە ئەوە کاریان دەبێت تاوەکو دەرکەوتنی خۆر.

هەڵبەتە دەبێت وابێت، چونکە ئایەتی ٥ دەڵێت:

سلام حتى مطلع الفجر، واتە سڵاو کردنە، تاوەکو دەرکەوتنی بەیانی.

هەرچەندە وشەی سلام بەمانای ئاشتی دێت، بەڵام کاتێك کەسێك سڵاو دەکات و دەڵێت السلام علیکم،  واتە سڵاوتان لێبێت، یان ئاشتیتان لێبێت.

القرطبی دەڵێت، انس بن مالك، ڕیوایەتی فەرموودەیەکی کردووە کە پێغەمبەر گوتوویەتی کاتێك شەوی قەدرە، جبرائیل بە کاروانێك فریشتەوە دادەبەزێت، ئینجا دەست دەکەن بە سڵاوکردن، لە هەر موسڵمانێك کە تووشی دەبن و خەریکی زیکری اللهن.

ابن کثیر دەڵێت، (سلام هي)، واتە ئەم شەوە ئاشتیە، وە شەیتان لەم شەوەدا ناتوانێت خراپەکاری بکات، یان ئازاری کەسێك بدات.

یانی تەنها ئەو شەوە ، شەوی قەدر؟ ئەی شەوەکانی تری رەمەزان؟

له صحيح مسلم و صحيح البخارى، فەرموودەیەك هاتووە، محمد دەڵێت، كە ڕەمەزان هات، ئەوا دەرگاكانی بەهەشت دەكرێتەوە، وە دەرگاكانی دۆزەخ دادەخرێت و شەیتانەكان كۆتووبەند دەكرێن.

كۆتایی سوورەتەكە.

# (٢٦)

# سوورەتی الشمس (خۆر)

**١-وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا**

سوێند بە خۆر و ڕۆشناییەکەی.

**٢-وَالْقَمَرِ إِذَا تَلاهَا**

وە سوێند بە مانگ، کاتێك بە دوای خۆرەوە دێت.

**٣-وَالنَّهَارِ إِذَا جَلاَّهَا**

وە سوێند بە ڕۆژ کاتێك خۆر دەردەخات.

**٤-وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا**

وە سوێند بە شەو کاتێك خۆر دادەپۆشێت.

**٥-وَالسَّمَاءِ وَمَا بَنَاهَا**

وە سوێند بە ئاسمان و بنیاتکەرەکەی.

**٦-وَالأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا**

وه سوێند بە زەوی و بەتەختکەرەکەی.

**٧-وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا**

وه سوێند بە خود و شێوەپێدانەکەی.

**٨-فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا**

کە ئیلهامی خراپەکاریی و باشەکاریی پێداوە.

**٩-قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا**

ئەوە ڕزگاری بووە کە لە خۆیدا پاکی کردۆتەوە.

**١٠-وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا**

وە بێهیوابووە ئەوەی کۆیکردۆتەوە.

**١١-كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا**

ثەمود بە هۆی سەرپێچیانەوە نکۆڵیان کرد.

**١٢-إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا**

کە سەرکێشترین (کەسیان) نارد

**١٣-فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا**

ئینجا پێغەمبەری اللە گوتی، ئەوە وشتر و ئاودێریی اللەیە.

**١٤-فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا**

بەڵام نکۆڵیان لێیکرد، وە سکی وشترەکەیان هەڵزڕاند، ئەوەبوو خوداکەیان بە هۆی گوناهەکانیان لێیان تووڕە بوو، تەختی کرد.

**١٥-وَلا يَخَافُ عُقْبَاهَا**

وە (اللە) لە ئاکامی (کارەکانی) ناترسێت.

## شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٧

وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا، وَالْقَمَرِ إِذَا تَلاهَا، وَالنَّهَارِ إِذَا جَلاَّهَا، وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا، وَالسَّمَاء وَمَا بَنَاهَا، وَالأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا، وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا

لەم ٧ ئایەتە اللەی عەرەب و ئیسلام سوێند بە کۆمەڵێك پێکهاتەی گەردوونیی و دیاردەی سرووشتی دەخوات، لە سەرەتا بە خۆر و ڕۆشنایەکەی دەست پێدەکات و دەڵێت:

سوێند بە خۆر و بە ڕۆشناییەکەی، وە سوێند بە مانگ کە بە دوای خۆرەوە دێت، وە سوێند بە ڕۆژ کە خۆر بەدیار دەخات، وە سوێند بە شەو

که خۆر دادەپۆشێت، وە سوێند بە ئاسمان و بنیاتنانەکەی، وە سوێند بە زەوی تەختکردنەکەی، وە سوێند بە خود (نەفس) و سەروسیما پێدانەکەی.

لە کۆتایی چوار ئایەتی یەکەم ڕاناوی (ها) بۆ (الشمس) واتە خۆر دەگەڕێتەوە. لە زمانی عەرەبی (ها) بۆ مێینە بەکاردێت، وە (الشمس) مێینەیە.

وەك ئەوەی کە ئەم چوار ئایەتە بڵێن:

وَالشَّمْسِ وَضُحَا الشمس، وَالْقَمَرِ إِذَا تَلا الشمس، وَالنَّهَارِ إِذَا جَلاَّ الشمس، وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَا الشمس

هەر مرۆڤێك تۆزێك خوێنەواری و ئەقڵی هەبێت، بەتایبەتی لەم سەردەمەی تیایدا دەژین، کە سەردەمی زانست وتەکنۆلۆجیایە، دەزانێت ئایەتی ٢-٤ لە ڕووی زانستیەوە هەڵەن.

## ئایەتی ٢

وە سوێند بە مانگ کاتێك بە دوای خۆرەوە دێت.

لە ڕوانگەی قورئانەوە زەوی تەخت و جێگیرە، وە خۆر و مانگ بە دوای یەك، لە فەلەکێك بە دەورەی زەویدا دەسووڕێنەوە.

وە تەنانەت شەو و ڕۆژ دوو دیاردەی جیان لە خۆر و مانگ.

وەك ئایەتی ٣٣ سوورەتی الانبیاء دەڵێت:

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ

الله، شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی درووستكردووە ، هەموویان لە فەلەكێك دەسووڕێنەوە.

## ئایەتی ٣

سوێند بە ڕۆژ كاتیك خۆر دەردەخات.

ڕۆژ، خۆر دەردەخات؟ یان خۆر هۆكاری درووستبوونی ڕۆژە؟

وەك ئایەتی ٣٣ سوورەتی الانبیاء، ئاماژەی پێكردووە، شەو و ڕۆژ دوو دیاردەی جیان لە خۆر، وە هیچ پەیوەندیان بە خولانەوەی زەوی نییە بە دەورەی خۆیدا، چونكە لە بنەڕەتەوە زەوی تەخت و جێگیرە، وە خۆر بە دەورەی زەویدا دەسووڕێتەوە. وە كاری ڕۆژ ئەوەیە كە خۆرمان بۆ دەردەخات، نەك پێچەوانەكەی، كە ڕۆژ درووست بێت، كاتێك ئەو بەشەی گۆی زەوی ڕووی لە خۆرە و تیشك و ڕۆشنایی خۆری دەگاتێ.

## ئایەتی ٤

سوێند بە شەو كاتێك خۆر دادەپۆشێت.

ئەم دەقە کارەساتێکی زانستیە.چونکە شەو کاتێك درووست دەبێت، کە نیوەی گۆی زەوی پشتی لە تیشکی خۆرە.

وە قورئان بە شێوەیەك باس لە شەو دەکات، کە وەك پەردەیەك وایە، کە خۆر دادەپۆشێت.

## ئایەتی ٥

سوێند بە ئاسمان و بنیاتنانەکەی.

لە ڕوانگەی اللەی ئیسلامەوە،ئاسمان بنمیچ و سەقفە، وە درز و کونی تێدانییە، بەڵام هەشت دەروازەی هەیە.

(لە سوورەتەکانی پێشوو بە بەڵگەوە ئاماژەمان پێکردووە).

## ئایەتی ٦

وَالأَرْضِ وَمَا طَحَاهَا

سوێند بە زەوی و تەختکردنەکەی.

ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت:

"طَحَاهَا" وَ"دَحَاهَا" هەمان شتن، واتە تەختکردن و پانکردنەوە.

الطبری دەڵێت، " طحاها" اي بسطها يمينا وشمالا ومن كلّ جانب. واتە بە ڕاستە و بە چەپە، وە لە هەموو لایەکیەوە تەختی کرد.

ابن كثير دەڵێت: "طحاها" واتە بسطها واتە تەختی کرد، وە دەڵێت ئەم مانایە بەناوبانگە، وە زانراوە لای خەڵکی زمانزان.

القرطبی دەڵێت، أي بسطها كذا قال عامة المفسرين مثل دحاها، واتە تەختی کرد، وە هەموو شرۆڤەکارانی قورئان وادەڵێن، وە هەمان مانای "دحاها"ی هەیە.

الرازی، دەڵێت واتە تەخت.

الجلالين دەڵێن، تەختی کرد.

الشوكانی لە فتح القدير دەڵێت: ومعنى طحاها بسطها. كذا قال عامة المفسرين، كما في قوله { دَحَىٰهَا } قالوا طحاها ودحاها واحد، أي بسطها من كل جانب، والطحو البسط.

واتە، وە مانای "طحاها" واتە تەختی کرد. وە هەموو شرۆڤەکەران وادەڵێن، هەروەك الله دەڵێت (دحاها)، دەڵێن "طحاها" و "دحاها" یەك شتن واتە لە هەموو لایەکەوە پان و تەختی کردووە، وە "الطحو" واتە تەخت.

البغوی، دەڵێت واتە تەختی کرد.

ابن الجوزی، سەبارەت بە زۆربەی چەمك و ئایەتەكانی قورئان، ئاماژەی چەند ناكۆكی و قەولی جیاواز كردووە، بەڵام سەبارەت بە "طحاها" یەكسەر دەڵێت، واتە بە ڕاست و بە چەپ، وە لە هەموو لایەكەوە پانی كردۆتەوە.

## ئایەتی ٧-١٠

وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا

فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا

قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا

وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا

واتە، وە سوێند بە مرۆڤ، وە سەروسیما پێدانەكەی.

ئینجا، ئیلهامی خراپەكاریی و چاكەكاریی پێداوە.

ئەوە سەرفراز (لە ڕۆژی قیامەت) بووە، كە خۆی (لە خراپەكە) پاككردۆتەوە.

وە ئەوە (لە ڕۆژی قیامەت)، بێهیوا دەبێت، كە خراپەكاریەكە لە خۆیدا كۆدەكاتەوە.

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، من خراپەکاریی و چاکەکارییم لە ناخی مرۆڤ داناوە وە ئیلهامی خراپەکاریی و چاکەکارییم پێی داوە.

وە دواتر دەڵێت، ئەو کەسە لە ڕۆژی قیامەت سەرکەوتوو دەبێت، کە خۆی لەو خراپانە پاك کردۆتەوە، کە من لە ناخیم چاندووە.

تۆ بڵێی ئیرادەی مرۆڤ بەهێزتر بێت لە ئیرادەی خودا؟

ئەگەر خودا دایینابێت، مرۆڤ دەتوانێت پاکی بکاتەوە، وە ئەگەر مرۆڤ توانی، دەکەواتە لە خودا بەتواناترە، چونکە توانیویەتی ئەو شتە لابەرێت کە خودا دایناوە.

لە صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە، کە دوو پیاو دێن بۆ لای محمد و پرسیاری لێ دەکەن و دەڵێن، ئەی پێغەمبەر بینیووتە کە خەڵك لە ئیمرۆدا هەوڵ و تێکوشان دەدات، (واتە کاری باش دەکات، بۆ ئەوەی بە بەهەشت بگات)، ئایا ئەوە شتێکە کە لەسەریان نووسراوە و دەبێت وابکەن و قەزاو قەدەر پێشیان کەوتووە؟ وە یان کارەکانیان حوکم دەکات؟ پێغەمبەر گوتی نەخێر، ئەوە شتێکە قەزاو قەدەرە و بەسەریاندا سەپێندراوە، وە پشت ڕاستکردنەوەی ئەوە، لە پەرتووکی اللهیە، کە دەڵێت: وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا، واتە: (وە سوێند بە خود و شێوەپێدانەکەی، کە ئیلهامی خراپەکاریی و باشەکاریی پێداوە).

وە ئایەتی ٩٦ سوورەتی الصافات دەڵێت:

وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ

الله، ئێوە و كارەكانتانی درووست كردووە.

واتە، هەر كار و كردەوەیەك كە مرۆڤ دەیكات، الله درووستی كردووە.

كەواتە اللهی ئیسلام خۆی سەرچاوەی خراپەكاریە، كەواتە دەبێت شەیتان خانەنیش بووبێت.

یاخود دوای ئەوەی موسڵمان بوو ، كارە خراپەكانی تەسلیم بە الله كرد.

لە صحیح مسلم هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

أنَّ اللَّهَ أعانَنِي عليه فأسْلَمَ، فلا يَأْمُرُنِي إلَّا بخَيْرٍ

لە ڕاستیدا الله، یارمەتی دام، تاوەكو شەیتانم كرد بە موسڵمان، وە فەرمانی هیچم پێناكات تەنها چاكە نەبێت.

شەیتان بووە بە موسڵمان و فەرمان بە محمد دەكات، بەڵام بە كاری باشە. كەواتە دەبێت الله اكبر، خۆی ڕۆڵی شەیتان بگێڕێت.

## ئایەتی ١١-١٥

كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا

إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا

فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا

فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا

وَلا يَخَافُ عُقْبَاهَا

ئەم پێنج ئایەتە، باسی هۆزی ثمود دەکەن، کە بروا بە صالح ناکەن کە الله بە وشترێکەوە وەك پێغەمبەر ناردوویەتی، دەڵێت:

هۆزی ثمود، بە هۆی سەرکێشیانەوە نکۆڵیان (لە پێغەمبەرەکەیان) کرد.

ئینجا لە هۆزی ثمود، پیاوێکیان کە لە هەموویان سەرکێشتر بوو هەڵسایەوە (بچێت وشترەکە بکوژێت)، ئەوەبوو پێغەمبەری الله (صالح) گوتی ئەوە وشتری اللەیە، وە ئەو ئاوەی دەیخواتەوە ئاوی اللەیە. ئەوەبوو بڕوایان بە صالح نەکرد، وە وشترەکەیان کوشت. ئینجا الله لێیان تورە بوو، گوندەکەی کاول کرد و تەختی کرد.

ئایەتی ١٥ سەیرە: دەڵێت الله ناترسێت لە ئاکامی ئەو کارەی کردی، کە گوندەکەی وێران کردن.

چیرۆکەکە بەم شێوەیە: الله پێغەمبەرێك بە ناوی صالح بە وشترێکەوە دەنێرێت بۆ هۆزی ثمود، خەڵکەکە ئیمان بە صاڵح ناهێنن، صاڵح دەڵێت، باشە ئەوە وشتری اللەیە، وە ئەم ئاوەی لە گوندەکە هەیە، ئاوی اللەیە، ئاوەکە یەك ڕۆژی تەواو تەنها بۆ وشترەکە، وە ڕۆژێك بۆ خەڵکی ئاوایی، سەیری نادادپەروەری اللەی عەرەب و ئیسلام بکەن؟ خەڵك بیزار دەبن، ئاوکەمە لە دورگەی عەرەبیی، خەڵك پێویستی بە ئاو دەبێت، ناکرێت ئاوی ئاوایی ڕۆژێك بۆ وشتر بێت و ڕۆژێك بۆ خەڵك، کەسێکیان کە شەقاوە

دەبێت، هەڵدەستێتەوە دێت وشترەکە بکوژێت، صاڵح دەڵێت کورە نەکەیت، ئەوە وشتری اللەیە، ئیتر ئەو کەسە، کە شرۆڤەکەران ناکۆکن لەسەر ناوەکەی، هەندێکیان دەڵێن، ناوی قُدَار بن سالف بووە، وە هەندێك دەڵێن، ناوی أُحَيْمِرَ ثَمود بووە، سکی وشترەکەی الله دەدڕێنێت و وشترەکە دەکوژێت، الله زۆر تورە دەبێت، ئاواییەکەیان وێران دەکات و خەڵکەکە هەمووی دەمرن.

ئینجا دەڵێت من بووم ئەم کارەم کرد، (واتە ئێوەم لەناوبرد) وە لە کەسیش ناترسم.

سەبارەت بە ئایەتی (وَلا يَخَافُ عُقْبَاهَا)، واتە، (وە ناترسێت لە ئاکامی کارەکەی)، من پێم وایە ئەم ئایەتە لەم شوێنەدا هەڵەیە و بە هەڵە دانراوە. چونکە کارەساتە لە پەرتووکێك کە گوایە ئاسمانییە، ئایەتێك هەبێت و بڵێت: خودا لە ئاکامی کارەکەی ناترسێت.

دەبێت ڕیزبەندی پێنج ئایەتی کۆتایی، بەم شێوەیە بێت:

كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا

إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا

وَلا يَخَافُ عُقْبَاهَا

فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا

فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا

واته:

هۆزی ثمود، بە سەرکێشیەکانیان نکۆڵیان (لە پێغەمبەر صالح) کرد، (بڕوایان پێی نەهێنا).

(هۆزی ثمود ) سەرکێشترین کەسیان نارد (وشترەکە بکوژێت)،

کە لە ئاکامی کارەکەی نەدەترسا.

پێغەمبەری اللّٰه (صاڵح) گوتی، ئەوە وشتری اللّٰهیە و ئاوەکەیەتی و مەیکوژە

نکۆڵیان لە صاڵح کرد و سکی وشترەکەیان هەڵدڕاند، ئەوەبوو خوداکەیان بە گوناهەکانیان لێیان تورە بوو، و ئاواییەکەیانی تەخت کرد.

کۆتاییی سوورەتەکە.

# (٢٧)

# سوورەتی البروج (بورجەکان)

**١-وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ**

سوێند بە ئاسمانی ئەستێرەدار.

**٢-وَالْيَوْمِ الْمَوْعُودِ**

وە سوێند بەم ڕۆژەی بەڵێن پێدراوە.

**٣-وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ**

وە سوێند بە شایەت و شوێنی شایەتدان.

**٤-قُتِلَ أَصْحَابُ الأُخْدُودِ**

بە کوشت چن خاوەن چاڵەکان.

**٥-النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ**

ئاگری سووتەمەنیدار.

**٦-إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ**

که ئەوان لەسەریدا دانیشتن.

**٧-وَهُمْ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ**

وە ئەوان خۆیان شایەتن لەسەر ئەوەی بە باوەڕدارانیان دەکرد.

**٨-وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلاَّ أَن يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ**

وە لەسەرهیچ شتێك ئەشكەنجەیان نەدان، تەنها ئەوە نەبێت كە باوەڕدار بوون بە اللهی عەزیزی سوپاسگوزار.

**٩-الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ**

ئەوەی كە خاوەنی ئاسمانەكان و زەوییە، وە الله لەسەر هەموو شتێك شایەتە.

**١٠-إِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ الْحَرِيقِ**

لە ڕاستیدا ئەوانەی پیاوان و ژنانی ئیماندار لە خشتە دەبەن، ئینجا تۆبە ناكەن ، ئەوانە بۆیان ئەشكەنجەی دۆزەخ و بۆیان ئەشكەنجەیەكی سووتێنەر هەیە.

**١١-إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ**

له ڕاستیدا ئەوانەی باوەڕیان هێنا و کاری باشیان کرد، بەهەشتێك بۆیان هەیە کە لە ژێریەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، ئەوەیە سەرکەوتنی مەزن.

**١٢-إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ**

له ڕاستیدا زەبروزەنگی خوداکەت توندە.

**١٣-إِنَّهُ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ**

له ڕاستیدا هەر خۆی دەستپێدەکات و دووبارەی دەکاتەوە.

**١٤-وَهُوَ الْغَفُورُ الْوَدُودُ**

وە هەر خۆی لێبووردەیە و بەسۆزە.

**١٥-ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ**

خاوەن تاج و تەختی  شکۆدار.

**١٦-فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ**

وە ئەوە دەکات کە خۆی دەیەوێت.

**١٧-هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْجُنُودِ**

ئایا قسه و باست بۆ هاتووه سەبارەت بە سەربازەکانی

**١٨-فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ**

فیرعەون و ثمود

**١٩-بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي تَكْذِيبٍ**

بەڵکو ئەوانەی کافر بوون بە نکوڵی کردن.

**٢٠-وَاللَّهُ مِن وَرَائِهِم مُّحِيطٌ**

وە ﷲ لە پشتیانەوە دەوری داون.

**٢١-بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَّجِيدٌ**

بەڵکو ئەوە قورئانێکی شکۆدارە.

**٢٢-فِي لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ**

لە تابلۆی پارێزراوە.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٣

وَالسَّمَاء ذَاتِ الْبُرُوجِ

وَالْيَوْمِ الْمَوْعُودِ

وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ

اللەی عەرەب و ئیسلام، لەم ٣ ئایەتەدا، سوێند دەخوات و دەڵێت:

سوێند بە ئاسمانی بورجدار، (گەلە ئەستێرە) و سوێند بە ڕۆژی بەڵێندراو (ڕۆژی قیامەت)، وە سوێند بە شایەت و شایەت لە سەردراو.

( ذَاتِ الْبُرُوجِ)، واتە بورجەکانی ئاسمان، ( الحمل، الثور، التوأمان، السرطان، الأسد، العذراء، الميزان، العقرب، القوس، الجدي، الدلو، الحوت)

خەیاڵ بکە، اللەی ئیسلام، سوێند بە بورجی فالچی و جادووگەران دەخوات.

ئایەتی ١٦-١٧ سورەتی الحجر، تەئکید دەکاتەوە، کە مەبەست لە (وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ)، دوانزە بورجەکەیە، ئایەتەکە دەڵێت:

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي ٱلسَّمَاءِ بُرُوجاً وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ

وە لە ئاسمان بورجی ئەستێرەکانمان کردووە و ڕازاندۆتەوە بۆ سەیرکەران، وە پاراستوومانە لە هەموو شەیتانێکی دەرکراو.

ابن الجوزی، لە زاد المسیر دەڵێت: سەبارەت بەم ئایەتە ٣ قسە هەیە:

یەکەم: بورجی خۆر و مانگن، واتە وێستگەکانیان (ابن عباس)

وە دەڵێت ناوەکانیان: الحَمَل، والثَّور، والجَوْزاء، والسَّرَطان، والأسد، والسُّنبلة، والمیزان، والعقرب، والقوس، والجَدْي، والدلو، والحوت.

دووەم: کۆشکوتەلاری پاسەوانەکانی ئاسمانن، واتە فریشتەکان(ابن عباس).

سێهەم: هەسارەن.

واتە، بورجەکان لە ڕوانگەی قورئان و ئیسلامەوە چەند کارێکیان هەیە:

یەکەم: وێستگەی وەستانی خۆر و مانگن.

دووەم: کۆشکوتەلاری فریشتە پاسەوانەکانی ئاسمانن، کە ئاسمان لە شەیتان دەپارێزن.

سێهەم: بۆ ڕۆمانتیك و جوانییە.

چونکە لە قورئاندا هاتووە، کە ئەستێرەکان وەك چراخانن لە بنمیچی ئاسمان. ئایەتی ٥ سوورەتی الملك دەڵێت:

وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ

وە ئاسمانی دونیامان بە چراخان (ئەستێرە) ڕازاندۆتە، وە ئەستێرەکانمان کردووە بە ( چەکێك) بۆ ڕەجمکردنی شەیتانەکان.

چوارەم: بۆ دیاریکردنی ڕێگا لە وشکایی و لە دەریا، وەك ئایەتی ٩٧ سوورەتی الانعام دەڵێت:

وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُواْ بِهَا فِى ظُلُمَـٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ

وە ئەو (اللّه) بوو، کە ئەستێرەکانی بۆتان کردووە بە ڕێنیشاندەر لە تاریکایی وشکایی و دەریا.

لەبەر ئەو خاڵانە، وە ڕەنگ بێت خاڵی تریش، کە " لا یعلم الا اللّه" اللّهی ئیسلام سوێند بە ئەستێرە و بورجەکان دەخوات.

ئینجا لە ئایەتی ٢ سوێند دەخوات بەو ڕۆژەی کە بەڵێنی داوە دێتە دی، واتە ڕۆژی قیامەت.

سەبارەت بە ئایەتی ٣ کە دەڵێت، ( وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ)، ابن الجوزی، لە زاد المسیر، دەڵێت، ٢٤ قسە هەیە:

١- شایەت ڕۆژی هەینییە و مشهود ڕۆژی عەرەفەیە، (ابوهريرە و ابن عباس و على بن ابي طالب و ابن زيد).

٢-شایەت ڕۆژی هەینییە و مشهود ڕۆژی سەربڕینە (نحر)، لە کاتی حەج (عبدالله بن عمر).

٣-شایەت اللهیە و مشهود ڕۆژی قیامەتە، (ابن عباس).

٤-شایەت محمدە و مشهود ڕۆژی قیامەتە، (ابن عباس، حسن  بن على).

٥-شایەت ڕۆژی عەرەفەیە و مشهود ڕۆژی قیامەتە،(ابن عباس).

٦-شایەت ڕۆژی قیامەتە و مشهود خەڵکە، (جابر بن عبدالله).

٧-شایەت ڕۆژی هەینییە و مشهود ڕۆژی قیامەتە، (الضحاك).

٨-شایەت ڕۆژی تەرویەیە، (لە حەج) و مشهود عەرەفەیە، (سعيد بن المسيب).

٩-شایەت الله و مشهود نەوەکانی ئادەمن، (سعيد بن جبير).

١٠-شایەت محمدە و مشهود عەرەفەیە، (الضحاك).

١١-شایەت ئادەمە و مشهود قیامەتە، (مجاهد).

١٢-شایەت نەوەکانی ئادەمە و مشهود قیامەتە، (مجاهد و عكرمة).

١٣-شایەت ئادەم و نەوەکانیەتی و مشهود قیامەتە، (عطاء بن یسار).

١٤-شایەت مرۆڤە و مشهود اللّٰەیە ،(محمد بن کعب).

١٥-شایەت ڕۆژی سەربڕینە و مشهود عەرەفەیە، (ابراهیم).

١٦-شایەت عیسایە و مشهود میللەتەکەیەتی، (ابو مالك).

١٧-شایەت محمدە و مشهود میللەتەکەیەتی (عبدالعزیز بن یحیی).

١٨-شایەت میللەتی ئیسلامە و مشهود هەموو خەڵکە، (حسین بن الفضل).

١٩-شایەت قورئان خوێنان و مشهود نەوەکانی ئادەمن، ( محمد بن علی الترمذی و عکرمة).

٢٠-شایەت حەقە و مشهود گەردوونە، (الجنید).

٢١-شایەت بەردە ڕەشەکەی کعبەیە و مشهود حاجین.

٢٢-شایەت پێغەمبەرانن وە مشهود محمدە.

٢٣-شایەت اللّٰە و فریشتەکان و ئەهلی عیلمن و مشهود لا اله الا اللّٰە.

٢٤-شایەت پێغەمبەرانن و مشهود میلەتەکانن.

من دەڵێم کە هەموو ئەوانە هەڵەن وە ئایەتی ٤-٩ پێمان دەڵێت "شاهد و مشهود "کێن.

## ئایەتی ٤-٩

قُتِلَ أَصْحَابُ الأُخْدُودِ، النَّارِ ذَاتِ الْوَقُودِ، إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ، وَهُمْ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ بِالْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ، وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلاَّ أَن يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ

الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ

لە وەڵامی سوێندەکانی، اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

بەکوشت بچن خاوەنی چاڵی ئاگرینی سووتەمەنیدار، ئەوان لەسەر ئاگرەکە دانیشتبوون، وە ئەوان ئەوەی دەیانکرد بە باوەڕداران شایەتن، وە ئازاریاندان تەنها لەبەر ئەوەی باوەڕیان هێنابوو بە اللهی عزیزی شکۆمەند، کە خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە، وە الله سەر هەموو شتێك شایەتە.

اللهی عەرەب و ئیسلام لەم چەند دەقەدا باسی ڕووداوێك دەکات، کە کۆمەڵێك خەڵکی باوەڕدار لە لایەن خەڵکانێکی کافرەوە فڕێ دراونەتە ناو چاڵێك کە ئاگری تێدابووە، وە دەڵێت ئەو کافرانەی ئەم کارەیان کرد بە باوەڕدارەکان، لە ڕۆژی قیامەت دەبن بە شایەت لە سەرخۆیان، وە الله لەسەر هەموو شتێك شایەتە.

لەم دەقانەدا وشەی (شهود وشهید) هاتووە، کەواتە کافرەکان لە ڕۆژی قیامەت لە سەر خودی خۆیان دەبن بە شایەت. کەواتە کافرەکان و ڕۆژی قیامەت ( وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ)ن.

مشهود ئەو شوێنەیە کە تیایدا شایەتی بەیان دەکرێت، بۆ نموونە دادگا.

وە ئایەتی ٢ دەڵێت، (وَالْيَوْمِ الْمَوْعُودِ) واتە سوێند بە ڕۆژی بەڵێنپێدراو، واتە ڕۆژی قیامەت. ئینجا دەڵێت، ( وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ)، واتە (سوێند بە شایەتەکان و گۆڕەپانی قیامەت).

ئەوەیە کارەسات، هەرچی صحابە و تابعینە بەکەیفی خۆیان تحلیل و تفسیریان کردووە،بێ ئەوەی فکرێکیان لە دەقەکانی دواتر کردبێتەوە بۆ ئەوەی بزانن چیۆکەکە چی دەڵێت. ڕەنگ بێت بە هۆی "کثیر النکاح"، ماوەی بیرکردنەوەیان نەبووبێت.

"شاهد" واتە شایەت وە "مشهود" واتە بینەرانی شایەتی.

لە قورئانی وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی، بورهان محمد امین درۆی لەگەڵ زۆربەی دەقەکان کردووە، بۆ ئەوەی لە قێزەوەنی دەریان بهێنێت و جوانیان بکات، سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت:

بەشایەت و شایەتی لەسەردراوە، یاخود بە شایەت و بینراوەکان.

مشهود به مانای شایەتی لەسەردراو نایەت ، بەڵکو "مشهود علیه" بەمانای شایەتی لەسەر دراو دێت. ئەم بورهان ناوەش وەك صحابە و تابعین بە نەزانی دەقەکەی شرۆڤە کردووە و وەرگێڕاوە.

محمد و صحابە و تابعین نازانن ( اصحاب الاخدود نارذات الوقود) کێن؟ وە هاتوون چەندەها چیرۆکی درۆزنانەیان دارشتووە و درووستکردووە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر و الطبری لە جامع البیان دەڵێن، سەبارەت بە (أصحابُ الأُخدود) زاناکان دابەش بوون بە سەر چەند چیرۆکێك:

یەکەم: (چیرۆکی خودای منداڵەکە)، پێغەمبەری الله گوتەیەتی: پادشایەك هەبوو ساحیرێکی هەبوو، منداڵێکی ناردە لای بۆ ئەوەی فێرە سیحری بکات، وە منداڵەکە لە ڕێگای ڕۆیشتنی بۆ لای ساحیرەکە، تووشی ڕاهیبێك(پیاوێکی ئاینی مەسیحی) دەبوو، منداڵەکە سەرسام بوو بە ڕاهیبەکە و فێرکاریەکانی، ئەوەبوو پادشاکە زانی منداڵەکە پیادەی ئاینی ڕاهیبەکە دەکات، ئەوەبوو فەرمانی بە منداڵەکە کرد کە پاشگەز بێتەوە لە ئاینی ڕاهیبەکە، منداڵەکە گوتی پاشگەز نابمەوە، پادشاکە زۆر ڕێگای بەکارهێنا بۆ لەناوبردنی منداڵەکە نەیتوانی، منداڵەکە گوتی ناتوانیت بمکوژیت، تاوەکو ئەوەی پێت دەڵێم نەیکەیت: خەڵك کۆبکەرەوە لە یەك شوێن، ئینجا من لە قەدی درەختێك لە خاچ بدە، وە تیرێکم تێ بگرە و لە دڵم بدات، وە کاتێك تیرەکەم تێ دەگریت بڵێ: بە ناوی الله خودای منداڵەکە، ئەوەبوو پادشاکە ئەم کارەی کرد و منداڵەکە مرد. ئینجا خەڵك گوتیان باوەڕمان هێنا بە خودای منداڵەکە. پادشا چاڵی هەڵکەند و ئاگری تێدا کردەوە و گوتی هەر کەسێك لە باوەڕهێنان بە خودای منداڵەکە

پاشگەزنەبێتەوە، ئەوا دەبێت فڕێبدرێتە ناو ئەم ئاگرەوە، ئەوەبوو خەڵکیان فڕێدەدایە ناو ئاگرەوە.

دووەم: (پادشایەکی سەرخۆش)، علی کوڕی ابی طالب دەڵێت، پادشایەکی مجووسی سەرخۆش بوو، لەگەڵ خوشکی خۆی جووت بوو، کاتێك بەهۆش خۆی هاتەوە بە خوشکەکەی گوت: قوڕ بەسەر چی بکەین؟ خوشکەکەی گوتی خەڵك کۆبکەوە و وتارێك پێشکەش بکە و بڵێ خودا هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکان حەڵاڵ کردووە. ئەوەبوو پادشا وایکرد، بەڵام خەڵك ڕەتیان کردووە، کە ئەم کارە فەرمانێك بێت لەلایەن خوداوە. وە پادشا سزایان دەدات بە قامچی، وە دواتر شمشێر لە دژی خەڵکە بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی بڕوا بکەن کە خودا هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکدا حەڵاڵ کردووە، خەڵکەکە ڕەت دەکەنەوە بڕوا بکەن. ئینجا پادشا چاڵێك هەڵدەکەنێت و ئاگری تیادا دەکاتەوە، هەر کەسێك بڕوا بەوە نەکات کە خودا خوشکی حەڵاڵ کردووە فڕێیدەداتە ناو ئاگرەکەوە.

دیقەتم داوە کە شرۆڤەی زۆربەی دەقەکانیان پەیوەست کردووە بە گان و نێوگەڵ، هەڵبەتە دەبێت وابێت، چونکە ئاینی قتل و نکاحە.

سێهەم: (لە یەمەن کافر ئیماندار دەسووتێنێت)، علی کوڕی ابی طالب دەڵێت، (چیرۆکە بە کورتی)، کافرەکان چاڵ هەڵدەکەنن و ئاگری تیادا دەکەنەوە و ئیماندارەکانی تیادا فڕێدەدەن.

چوارەم: (خەڵکانێك لە بنی ئیسرائیل)، ابن عباس و الضحاك دەڵێن، کۆمەڵێك ژن و منداڵی بنی ئیسرائیل بوون فڕێدرانە ئاگرەوە.

پێنجەم: (خەلکانێك لە نەجران)، مجاهد.

شەشەم: (بتپەرست و ئیماندار)، الربیع بن انس.

حەوتەم: (دوای بەرزبوونەوەی عیسا)، مقاتل دەڵێت، کۆمەڵێك لە قەومی یوسف بن ذی نواس ئیمان دەهێنن، دەیانگرن و فڕێیاندەدەنە ئاگرەوە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، شرۆڤەکەران ناکۆکن سەبارەت بەوەی کە ئەوانە کێ بوون سوتێندران؟ پێنج بۆچوون هەیە:

یەکەم: حەبەشی بوون (علی کوڕی ابي طالب).

دووەم: ئیسرائیلی بوون (ابن عباس).

سێهەم:یەمەنی بوون (الحسن)، وە الضحاك دەڵێت، مەسیحیەکانی یەمەن بوون، وە ٤٠ ساڵ بەر لە هاتنی پێغەمبەر(محمد) بوو.

چوارەم: خەڵکی نەجران بوون ( واتە مەسیحی بوون).

پێنجەم: نەبەتی (نبط) بوون (عکرمە).

وە ابن الجوزی دەڵێت، سەبارەت بە ژمارەی ئەوکەسانەی سووتێندران ٣ بیروڕای جیاواز هەیە:

یەکەم: دوانزە هەزار بوون.

دووەم: حەفتا هەزار بوون.

سێهەم: هەشتا پیاو و نۆ ژن بوون.

وە ابن الجوزی سەبارەت بە ئایەتی (إذ هم عليها قعود)، (وە ئەوان لەسەریدا- لەسەر ئاگرەکە- دانیشتبوون) دەڵێت، واتە لە تەك ئاگرەکە (عند النار)، پادشا و هاوڕێکانی لەسەر کورسی لە تەکەك ئاگرەکە دانیشتبوون، ئیماندارەکانیان دەدا بە کافرەکان و فڕێیان دەدانە ئاگرەکەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، "والمعنى أنهم قعود على حافة الأخدود" واتە، لە لێواری ئاگرەکە دانیشتبوون.

بە هۆی ئەوەی نەیانزانیووە کە ئەسڵی چیرۆکەکە چییە، هاتوون دەستکاری مانای دەقەکانیان کردووە. چونکە (عليها) لە زمانی عەرەبی واتە (لەسەریدا) واتە لەسەر ئاگرەکە، لە ناو ئاگرەکە. خۆ ئەگەر قورئان مەبەستی دەووروبەری ئاگرەکە بوایە ئەوا دەیگوت ( حولها) واتە دەقەکە دەبوو بە:

إِذْ هُمْ حولها قُعُودٌ

من بە زانایانی ئیسلام و مەلاکان و موسڵمانان دەڵێم: بگەڕێنەوە بۆ پەرتووکی پیرۆز(وەك خۆتان دەڵێن تەورات)، بۆ ئەوەی بتوانن لە مانای دەقەکانتان بە تایبەتی چیرۆکەکانی قورئان بگەن، چونکە نووسەرانی قورئان دەقەکانیان لە پەرتووکی پیرۆز وەرگرتووە و دزیووە.

پەرتووکی دانێل لە پەرتووکی پیرۆز.

دانێل، پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرانی بنی ئیسرائیل و گۆڕەکەی لە قەڵای کەرکوکە. نبوخذنصر پادشای بابل، لە ساڵی ٥٩٧ پێش زاین هێرش دەکاتە سەر مەملەکەتی یهوذای جوەکان، کە پایتەختەکەی ئۆرشەلیم دەبێت، دەیگرێت و وێرانی دەکات، جوەکان بە دیل لەگەڵ خۆی دەبات بۆ بابل. دانێڵ، لە پەرتوکەکەی کە بەشێکە لە پەرتووکی پیرۆز، باس لە هەندێك ڕووداووی ئەوکات دەکات. دانێل دەڵێت:

نبوخذنصر پەیکەرێکی گەورە لە زێر درووست دەکات و لە دەشتی دورا لە بابل دایدەنێت، ئینجا فەرمان بە هەموو خەڵك دەکرێت کە کرنۆش بۆ پەیکەرەکە ببەن، ٣ گەنجی جوو (شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ) کڕنۆش نابەن.

نبوخذنصر، فەرمان دەکات کە ئاگر لە چاڵێك بکەنەوە و زۆر گەرمی بکەن، وە ئەو ٣ گەنجە پەلبەست بکەن، فڕێدەنە ناو چاڵەکەوە.

ئەم ٣ گەنجە پەلبەست دەکرێن و فڕێ دەدەنە ناو ئاگرەکەوە، وە نبوخذنصر و خەڵك سەیر دەکەن. دەبینن لە ناو ئاگرەکە ٣ گەنجەکە ناسوتێن و کەسی چوارەمیان لەگەڵە (کە فریشتەیە).

ئینجا نبوخذنصر، بانگیان دەکاتە دەرەوە، دەبینێت نەسووتاون.

نبوخذنصر، ستایشی خودای بنی ئیسرائیل دەکات.

ئەوە پوختەی چیرۆکەکەیە.

واتە ئایەتی ٤-٩ دەڵێت:

بەکوشت بچن خاوەنانی چاڵی ئاگرینی سووتەمەنیدار( نبوخذنصر و خەڵکی بابل)، کە ئەوان (٣ گەنجەکە) تیایدا (لە ناو ئاگرەکە) دانیشتبوون، وە ئەوان (نبوخذنصر و خەڵکی بابل)، سەبارەت بەوەی بە ئیمانداره‌کانیان کرد (گەنجەکان)، خودی خۆیان شایەتن (سەیریان دەکردن)، وە سزایان نەدان، تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە باوەڕیان بە خودا هەبوو، ئەو خودایەی خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە، وە بەسەر هەموو شتێکدا شایەتە.

بەزەیمم بە ئەقلی موسڵمانان دێتەوە. سەرچاوەی قورئانەکەتان نە تابلۆی پارێزراوی ئاسمانە و نە تەرەماش، بەڵکو پەرتووکی پیرۆزە.

## ئایەتی ١٠-١١

إِنَّ الَّذِينَ فَتَنُوا الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ الْحَرِيقِ

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْكَبِيرُ

ئەوانەی پیاوان و ژنانی باوەڕداریان تووشی نیگەرانی و بەڵا کرد، ئینجا تۆبە نەکەن، ئەوا ئەشکەنجەی دۆزەخ و ئەشکەنجەی سووتێنەر بۆیان هەیە.

بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێنا و کاری باشیان کرد، ئەوا بەهەشتێك بۆیان هەیە، کە لە ژێرەوەیدا ڕووبارەکان دەڕۆن، وە ئەوەیە سەرکەوتنی مەزن.

## ئایەتی ١٢

إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ

لە ڕاستیدا زەبروزەنگی خوداکەت توندە.

واتە اللہ اکبر، خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، تۆڵەسێنەرە و بەزەبروزەنگە.

## ئایەتی ١٣-١٦

إِنَّهُ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ، وَهُوَ الْغَفُورُ الْوَدُودُ، ذُو الْعَرْشِ الْمَجِيدُ، فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ

لە ڕاستیدا، ئەو (اللە) دەستپێدەکات و دەیگێڕێتەوە، وە ئەو لێبوردەیە و سۆزدارە، خاوەن تاج و تەختی شکۆمەندە، وە ئەو کارە دەکات کە خۆی دەیەوێت.

لە ئایەتی ژمارە ١٣ هەڵە کراوە، دڵنیام نووسەرانی قورئان کردوویانە.

ئایەتەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

إِنَّهُ هُوَ يُبْيدُ وَيُعِيدُ

واتە، ئەو (اللە) (مخلوقات) لەناودەبات و درووستیان دەکاتەوە.

وە مرۆڤ لەناو دەبات (دەمرێنێت)، ئینجا دروستی دەکاتەوە.

بەڵام بەم شێوازەی لە قورئاندا نووسراوە ، ماناکەی زۆر کرچوکاڵە چونکە دەڵێت:

لە ڕاستیدا، ئەو (اللە) دەستپێدەکات و دەیگێڕێتەوە.

ئینجا لە کۆتایی ئایەتەکە دەڵێت، اللەی لێبووردە و سۆزدار کە خاوەن تاج و تەختی شکۆمەندە، ئەو کارە دەکات کە خۆی دەیەوێت و ویستی لەسەرە.

## ئایەتی ١٧-٢٠

هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْجُنُودِ، فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ، بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي تَكْذِيبٍ، وَاللَّهُ مِن وَرَائِهِم مُّحِيطٌ

ئەی محمد، ئایا قسە و باسی سەربازەکانت پێگەیشتووە؟ فیرعەون و ثمود، بەڵکو ئەوانەی لە نکۆڵیکردن کوفریان کرد، وە اللە لە پشتیان دەورەی داوە.

مەبەست لەم چەند دەقە: ئایا قسە و باسی فیرعەون و سەربازەکانی، وە ثمودت پێگەیشتووە؟ بەڵکو ئەوانەشی کە کوفریان لە نکۆڵیکردندا کرد، وە اللە لە پشتیانەوە دەورەی داون.

ئایەتی ١٩ دەڵێت، (الَّذِينَ كَفَرُوا فِي تَكْذِيبٍ) واتە، بەڵکو ئەوانەی کوفریان کرد لە نکۆڵیکردن.

بۆ ئەوەی ماناکە بە تەواوی بدات (فِي) دەبێت (بِي) بێت.

بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا بِي تَكْذِيبٍ

بەڵکو ئەوانەی کە نکۆڵیان لە من کرد کوفریان کرد.

ئایەتی ٢٠ دەڵێت:

ئەوانەی کە کوفریان بە من کرد، ئەوا لە پشتیانەوە دەورەمداون ، واتە دەتوانم هەرشتێك کە بمەوێت، لێیان بکەن.

## ئایەتی ٢١-٢٢

بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَّجِيدٌ، فِي لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ

بەڵکو ئەوە قورئانێکی ڕێزدارە لە تابلۆی پارێزراوە.

ناکۆکی هەیە لە نێوان زانایانی ئیسلام سەبارەت بە تابلۆی پارێزراو، وە فەرموودەی سەیروسەمەرەی ئەفسانەییان بۆ داتاشیووە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا لوح المحفوظ چییە و قورئان مەبەستی لە لوح المحفوظ چییە؟

لە قورئاندا پێنج جار وشەی "لوح" و "الواح" هاتووە. "لوح"واتە تەختە یان تابلۆ و "الواح" واتە تەختەکان یان تابلۆکان.

تەنها لە ئایەتی ٢٢ سوورەتی البروج بە تاك هاتووە و دەڵێت:

فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ

(قورئان) لە تابلۆی پارێزراوە.

وە لە ئایەتی ١٣ سوورەتی القمر هاتووە:

وَحَمَلْنَاهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلْوَاحٍ

وە هەڵمانگرت (نوح)، لە سەر (کەشتیە)کەی لە تەختەکان بوو.

واتە تەختە دار.

وە ٣ جار لە سوورەتی الاعراف هاتووە، لە پەیوەست بەم دوو تابلۆیەی کە خودای بنی ئیسرائیل بە موسای بەخشی، کە ١٠ وەسیەتەکەی تیادا نوسرابوو.

ئایەتی ١٤٥

وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الْأَلْوَاحِ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ مَوْعِظَةً

وە هەموو شتێکمان لە ئامۆژگاری لە تابلۆکان بۆ موسا نووسی.

ئایەتی ١٥٠ دەڵێت:

وَأَلْقَى الْأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ

وە موسا تابلۆکانی فڕێدا و سەری هاڕوونی برای گرت و ڕایدەکێشا.

ئایەتی ١٥٤ دەڵێت:

وَلَمَّا سَكَتَ عَنْ مُوسَى الْغَضَبُ أَخَذَ الْأَلْوَاحَ

وە کاتێك توڕەیی لە موسا نەما، تابلۆکانی گرت.

دەقەکان زۆر ڕوونن کە خودا بە درێژیی هەموو شتێکی لە وەسیە و ئامۆژگاری و فەرمان لە تابلۆکان نووسیووە و داویەتی بە موسا.

وە ئەم دوو تابلۆیەی کە یەهوەی بە بنی ئیسرائیلی دا، پێی دەگوترێت (تابوت العهد- تابلۆی پەیمان)، یان (تابوت الرب -تابلۆی خودا)، یان (تابوت الشهادة-تابلۆی شایەتی).

وە قورئان لە ئایەتی ٢٤٨ سوورەتی البقرة باسی ئەم تابووتە (تابلۆیە) دەکات و دەڵێت:

وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَىٰ وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلَائِكَةُ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

ئینجا پێغەمبەرەکەیان پێیگوتن، نیشانەی پادشایەتیەکەی طالوت ئەوەیە کە "تابووت – سندوق" یان بۆ بێنێت، کە (ئەم تابووتە) ئارامی لە خوداکەتان و پاشماوەی ئەوەی تێدایە کە خانەوادەی موسا و هاڕون

بەجێیان هێشتووە (واتە تابلۆكان و تەوڕات)، كە فریشتەكان هەڵیدەگرن، لە ڕاستیدا لەمەدا نیشانەیەك هەیە بۆ كەسانێك ئەگەرئێوە باوەڕدارن.

وە كاتێك ئایەتی ٢١-٢٢ دەڵێت:

بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَّجِيدٌ فِي لَوْحٍ مَّحْفُوظٍ

واتە ئەم دەقانەی قورئان لەم تابلۆ پارێزراوانەدایە كە داومانە بە موسا.

بە مانایەكی تر: تابلۆی پارێزراو واتە ئەو دوو تەختە بەردەی كە یەهوەی "خودای بنی ئیسرائیل" دای بە موسا.

واتە، دەقەكانی قورئان لەو تابلۆیانە وەرگیراوە كە خودای ئیسرائیل بە موسای داوە، وە ئە تابلۆیانە لەگەڵ تەورات لە "تابووت-سندوق" لە لایەن بنی ئیسرائیل پارێزراوە.

واتە دوو ئایەتی كۆتایی دەڵێت:

قورئانێكی ڕێزدارە لەم تابۆیانە وەرگیراوە، كە لە لایەن بنی ئیسرائیلەوە پارێزراون.

وە بە هەمان شێوە "ام الكتاب" "دایكی پەرتووك" كە لە قورئاندا هاتووە بەمانای تەورات دێت. ( لە تفسیری ام الكتاب قسە و باسی لەسەر دەكەین).

كۆتایی سوورەتەكە.

# (٢٨)

## سوورەتی التين (هەنجير)

**١-وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ**

سوێند بە هەنجیر و بە زەیتوون.

**٢-وَطُورِ سِينِينَ**

وە سوێند بە چیای سینا.

**٣-وَهَذَا الْبَلَدِ الأَمِينِ**

وە سوێند بەم وڵاتە ئارامە.

**٤-لَقَدْ خَلَقْنَا الإنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ**

مرۆڤمان بە ڕێکترین شێوە درووست کردووە.

**٥-ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ**

ئینجا گەڕاندوومانەتەوە بۆ نزمترینی نزمەکان.

**٦-إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ**

تەنها ئەوانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە و کاری باشیان کردووە، ئەوانە پاداشتێکی بێسنووریان هەیە.

**٧-فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ**

دەکێ لەمەودوا بەدرۆت دەخاتەوە سەبارەت بە ڕۆژی لێپرسینەوە؟

**٨-أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ**

ئایا اللّٰه باشترینی فەرمانڕەواکان نییە.

## شرۆڤە و تێبینی

### ئایەتی ١-٣

وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ، وَطُورِ سِينِينَ، وَهَذَا الْبَلَدِ الأَمِينِ

اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، لەم ٣ ئایەتەدا سوێند بە هەنجیر و زەیتوون و چیای سینا و ناوچەیەکی ئارام دەخوات و دەڵێت:

سوێند بە هەنجیر و زەیتوون، وە سوێند بە چیای سینا، وە سوێند بەو زێدە ئارامە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بە مانای وشەی "التین" وە ٧ بۆچوون سەبارەت بە ماناکەی هەیە:

یەکەم: هەنجیرو زەیتون ناسراون (ابن عباس، مجاهد، عکرمة و عطاء و الحسن و جابر بن زید و ابراهیم).

دووەم: "التین" مزگەوتی پێغەمبەر نوحە، کە لەسەر چیای جوودی درووستیکردووە، وە "الزیتون" واتە "بیت المقدس" ماڵی پیرۆز، واتە ماڵی خودای بنی ئیسرائیل، واتە هەیکەلی سلێمان (ابن عباس).

سێهەم: "التین" مزگەوتەکەی کعبەیە، وە "الزیتون" مزگەوتی "الاقصی"یە (الضحاك).

چوارەم: "التین" مزگەوتی دیمەشقە و "الزیتون" بیت المقدسە (کعب و قتادە و ابن زید).

پێنجەم: "التین والزیتون" دوو چیان، دانەیەکیان دیمەشقی لەسەرە، وە ئەوەی تریان بیت المقدسی لەسەرە (عکرمة و قتادة).

شەشەم: "التین" مزگەوتی یاوەرانی ئەشکەوتە و "الزیتون" ایلیایە، واتە ئۆرشەلیمە (القرظی).

حەوتەم: "التین" چیاکانی نێوان حەلوان بۆ هەمەدانە و "الزیتون" چیاکانی شامن (الفراء).

خاڵە الفراء، هەنجیری باشی خواردووە، لە ناوچە شاخاویەکانی نێوان خانەقین و هەمەدان لەبەر ئەوە گوتویەتی "التین" واتە چیاکانی نێوان حلوان و هەمەدان.

ئەگەر سەیری ئەم ٣ دەقە بکەین، دەبینن، کە اللهی عەرەب و ئیسلام، سوێند بە چەند شتێك دەخوات کە نامۆن بە دورگەی عەرەب.

وە باس لە ناوچەیەك دەکات کە هەنجیر و زەیتوونی تیایە، وە لەم ناوچەیە چیایەکی پیرۆز هەیە کە چیایەکە لە سینا، وە خاکێکە خاکێکی ئارام.

هەموو ئەم دەقانە باس لە خاکی پیرۆز-خاکی بنی ئیسرائیل- دەکات.

چیایەکی پیرۆز لە سینا هەیە، کە "خودای بنی ئیسرائیل" تیایدا بۆ ماوەی ٤٠ شەو لە پەیوەندیدا بووە لەگەل موسا، وەك ئایەتی ٥١ سوورەتی البقرة دەڵێت:

وَاعَدْنَا مُوسَى أَرْبَعِينَ لَيْلَةً

چل شەو لەگەڵ موسا وادەمان هەبوو.

وە لە ئایەتی ٦٣ سوورەتی البقرة هاتووە:

وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ

وە "طور"مان لەسەرتان بەرزکردەوە (واتە لەسەر بنی ئیسرائیل).

ئایەتی ٥٢ سوورەتی مریم:

وَنَادَيْنَاهُ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ

وە بانگی (موسا)مان کرد لە بەشی دەستەڕاستی چیاکە.

وە ئەم دەقە زۆر گاڵتەجاریە: یانی بە دەستە ڕاستی الله یان بە دەستە ڕاستی موسا؟ وە دەستە ڕاست و چەپ بۆ شتێك بە گوێرەی ئاراستەی کەسەکە بۆ شتەکە دەگۆڕێت.

گرنگ "الله"دەڵێت بانگی موسامان کرد لە دەستە ڕاستی "الطور" واتە چیاکە.

ئایەتی ١١-١٢ سوورەتی طه دەڵێت:

فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ يَا مُوسَى إِنِّي أَنَا رَبُّكَ فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى

کاتێك موسا هات (بۆ لای ئاگرەکە) بانگ کرا: ئەی موسا، لە ڕاستیدا من خوداکەتم، نەعلەکانت داکەنە, چونکە لە ڕاستیدا تۆ لە دۆڵێکی پیرۆزی چیاکەیت.

وە زەیتوwن لای یهوودیەکان درەختێکی پیرۆزە و نیشانەی ژیان و نەمریە.

لە پەرتووکی پیرۆز پەیمانی کۆن (تەورات) سەبارەت بە تۆفانەکەی نوح هاتووە، دوای ٤٠ ڕۆژ لە تۆفانەکە، نوح کۆترێك دەنێرێت بۆ ئەوەی

بزانێت وشکایی هەیە، کۆترەکە بە لقێك لە دار زەیتوون دەگەڕێتەوە، کە بە دەنووکی هەڵیگرتووە.

وە پەرتووکی پیرۆز، لە پەرتووکی زەکەریا، ئاماژەی بە چیای زەیتوون کردووە کە دەکەوێتە ئیسرائیلەوە.

وە بنی ئیسرائیل ڕۆنی زەیتوون لە کەسێك دەدەن کاتێك دیاری دەکرێت وەك پیاوی ئاینی.

فەرموودەیەکی محمد صلعم لە جامع الترمذی هاتووە گوتوویەتی:

ادَّهِنُوا بِهِ فَإِنَّهُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ

خۆتان بە ڕۆنی زەیتوون چەور بکەن، چونکە درەختێکی پیرۆزە.

وە ئۆرشەلیم، واتە شاری ئاشتی و ئارامی.

کەواتە بە دڵنیایەوە، لەم ٣ ئایەتەدا، اللەی عەرەب و ئیسلام سوێند دەخوات بە: هەنجیر و زەیتوون و چیای سینا و خاکی پیرۆز (بیت المقدس و ئۆرشەلیم).

موفەسیرەکان دەڵێن (وهذا البلد الامین) واتە مەککە.

خودی زانایانی ئاینی ئیسلام، باش دەزانن کە ڕۆژێك لە ڕۆژان مەککە نە ئارام بووە، وە نە ئاشتی تێدا بووە ، بەتایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام.

سوپاکەی یزید بن معاویە، بە سەرکردایەتی مسلم بن عقبة، مەککە ئابڵوقە دەدەن و بە مەنجەنیق لێیدەدەن، لایەکی دەسووتێنن و دەڕوخێنن.

سوپاکەی عبدالملك بن مروان، بە سەرکردایەتی الحجاج بن یوسف الثقفی، ئابڵوقەی مەککە دەدەن و کعبە بە مەنجەنیق دەسووتێنن و وێران دەکەن، وە عبدالله بن الزبیر دەکوژن و کەلەسەرەکەی بۆ دیمەشق دەنێرن و لاشەکەی لە سەر کەلاوەکەی کعبە لە خاچ دەدەن.

سوپاکەی ابو طاهر القرمطی، لە ساڵی ٣١٧ کۆچی لە وەرزی حەجدا، هێرش دەکاتە سەر کەعبە و مەککە، ٣٠ هەزار حاجی دەکوژێت و بەردە ڕەشەکە لێدەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ بەحرین، وە بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ لایان دەمینێتەوە.

ابن کثیر لە البدایة و النهایة دەڵێت:

وە ابو طاهر القرمطی لە کەعبە هاواری دەکرد.

أین الطیر الأبابیل؟ أین الحجارة من سجیل؟

باڵندەی ئەبابیل لە کوێیە؟ ئەی بەردی دۆزەخ لە کوێیە؟

وە هەروەها دەیگوت:

یا حمیر ألیس قلتُم في هذا البیت مَن دخله کان آمنا؟ أین حُرمته الآن؟

ئەی کەری کێوینە، ئەی نەتاندەگوت، هەر کەسێك بیتە کەعبە سەلامەت دەبێت؟ کوا حورمەتەکەی ئێستا؟

وە محمد خۆی لە کاتی فەتحی مەککە، فەرمان دەکات بە کوشتی عبدالله بن اخطل، کە خۆی بە پەردەی کەعبە هەڵواسیبوو.

## ئایەتی ٤-٦

لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ

ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ

إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ

لە وەڵامی سوێندەکان، اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

مرۆڤمان بە ڕێکوپێکترین شێوە درووست ردووە، ئینجا (کافرەکانمان) گەڕاندۆتەوە بۆ هیچ و پووچیترینی هیچ و پووچەکان.

تەنها ئەوانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، ئەوانە پاداشتێکی نەبڕاوەیان دەبێت.

سەبارەت بە ئایەتی( لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ)

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت:

الله هەموو گیاندارێکی بە شێوەیەك درووست کردووە، کە لەسەر چاو بڕوا تەنها مرۆڤ نەبێت، کە بە ڕێکی و لەسەر دوو قاچ دەڕوات، وە بە دوو دەست نان دەخوات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بە مانای ئەو ئایەتە. هەندێك لە ئەهلی عیلم دەڵێن واتە:

ڕێکترین پێکهاتە و جوانترین سیما.

وە هەندێکیان دەڵێن، گەیاندوومانەتە هەرەتی گەنجێتیی و توانایی و هێزیی، وە هەندێکیان دەڵێن هەموو گیاندارێك لە سەر چاوەکانی دەڕوات، بەڵام مرۆڤ بە ڕێکی و لەسەر دوو قاچ دەڕوات.

ئینجا دەڵێت، لەگەڵ ئەوەش مرۆڤمان بە ڕێکوپێکترین شێوە درووست کردووە، ئەوا کافرەکان دەگێڕینەوە بۆ هیچ وپووچترینی هیچ وپووچەکان، تەنها ئەوانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە و کاری چاکە دەکەن ئەوانە لای الله پاداشتێکی نەبڕاوەیان هەیە.

## ئایەتی ٧-٨

فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ

أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ

ئینجا دەڵێت:  ئەی محمد، کێ هەیە لەمەودوا (لە دوای ئەم ئایەتانە)، نکۆڵیت لێ بکات سەبارەت بە بوونی ڕۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە (قیامەت)؟ ئەی اللە باشترینی فەرمانڕەواکان نییە؟

لە ئایەتی دوایی اللە اکبر، خۆی بەراورد کردووە بە مرۆڤ و دەڵێت، فەرمانڕەوایی مرۆڤ لە چاو فەرمانڕەوایی و حوکمەکانی من هیچ نین.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٢٩)

# سوورەتی قریش (قورەیش)

**١-لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ**

بۆ هاوپەیمانیی قورەیش.

**٢-إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ**

هاوپەیمانیتان لە گەشتی زستان و هاوین.

**٣-فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ**

دە خودای ئەم ماڵە بپەرستن.

**٤-الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ**

کە لە بریسەتی خواردنیان دەرخوارد دەدات و لە ترس دەیانپارێزێت.

## شرۆڤە و تێبینی

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

پێغەمبەر گوتوویەتی الله فەزلی بە قورەیش داوە لە ٧ ڕووەوە، کە پێشوو بە کەسی نەدەداوە، وە دواتر بە کەسیشی نادات: خیلافەت، لە قورەیش دەبێت، پەردەپۆشکردنی کەعبە لە قورەیش دەبێت، ئاودانیی حاجیان لە قورەیش دەبێت، پێغەمبەرایەتیی لە قورەیش دەبێت، وە بەسەر سوپاکەی فیل سەرکەوتن، وە ٧ ساڵ اللەیان پەرست، لەکاتێکدا هیچ کەسێك نەیدەپەرست، وە سوورەتێك لەسەر قورەیش دابەزیووە، کە تیایدا ئاماژە بە کەسێکی تر نەکراوە.

## ئایەتی ١

لِإِيلافِ قُرَيْشٍ

ناکۆکی هەیە سەبارەت بە مانای وشەی (إِيلافِ)

االطبری دەڵێت، ئەم وشەیە ( إِيلافِ) بە شیوازی جیا دەنووسرا و دەخوێندرایەوە، وەك:

(إِلْفِهِمْ) و ( إلافِهِمْ)

ابن الجوزی دەڵێت، هەندێك بە (عیلافهم) دەیانخوێندەوە.

(إِيلافِ) واتە هاوپەیمانیی، وە یان کاتێك کۆمەڵێك کەس هاوبەش دەبن لە هەمان کاردا، یان شریك دەبن.

لەم سوورەتە (إِيلافِ) بە مانای ئەو کەسانە دێت کە خەڵکی مەککە بوون و خەریکی کاری بازرگانی بوون.

وە ئایەتی یەکەم، ڕووی دەمی دەکاتە ئەو کەسانە و دەڵێت (لِإِيلافِ قُرَيْشٍ)، واتە بۆ هاوپەیمان و هاوپیشەکانی قورەیش کە کاری بازرگانیان دەکرد.

## ئایەتی ٢

إِيلافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ

هاوپەیمانیەکەیان بۆ گەشتی زستان و هاوینە.

واتە، شەریك دەبن لە پارەوپوول بۆ بازرگانیکردن، لە هاوین بۆ شام و لە زستان بۆ یەمەن.

ابن الجوزی دەڵێت، کۆمەڵێك لە شرۆڤەکاران دەڵێن گەشتی بازرگانیان لە هاوین بۆ شام بوو، وە لە زستان بۆ یەمەن بوو.

لە قورئاندا، تەنها ئاماژە بە هاوین و زستان کراوە، بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە بەهار و پایز نەکراوە.

## ئایەتی٣-٤

فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ

الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ

ئەی کاروانچیەکانی قورەیش، دە خودای ئەم ماڵە بپەرستن، کە لە کاتی برسێتی نانتان دەدات و لە کاتی ترسدا دەتانپارێزێت.

ئەوکاتەی محمد، لەم ئایەتەدا بانگیشەی کاروانچیەکانی قورەیش دەکات، کە خودای ئەم ماڵە "رب هذا البيت" واتە "خودای كعبه" بپەرستن، ئایا چی لە ناو کەعبە بوو، وە کەعبە ماڵی کێ بووە؟

الكلبى لە كتاب الاصنام و الدكتور جواد على لە المفصل في تأريخ العرب دەڵێن: هوبەل مەزنترین بت بوو لای قورەیش، وە تاکە بت بوو بە هۆی پیرۆزی و مەزنیەوە لە ناو کەعبە دانرابوو. هەموو بتەکانی تر لە دەرەوەی کەعبە دانرابوون.

وە بە هوبەلیان دەگوت "رب البيت" واتە خوداوەندی کەعبە. وە هەروەها پێیان دەگوت "بيت الله" ماڵی الله، چونکە هوبەل ڕەمز و سیمبووڵی الله بوو.

ابن كثير لە البداية والنهاية دەڵێت: ٧ پەرداخ لەبەردەم هوبەل دادەنرا، تیرووکەوان لەم ٧ پەرداخانە دەگیرا، بۆ بڕیاردان سەبارەت بەکێشە جیاکان کە خەڵك تووشی دەهات. واتە هوبەل بریاری دەدا لەسەر چارەنووسی مرۆڤەکان (القدر).

وە ابن كثير چیرۆکی سەربڕینی عبدالله لە لایەن عبدالمطلبەوە باس دەکات، کە هوبەل لە ناو کوڕەکانی عبدالمطلب، عبدالله هەڵدەبژێرێت بۆ

ئەوەی سەربیڕدرێت، دواتر عبدالمطلب سەری نابڕێت، دوای تکاو پاڕانەوەی خەڵك، بەڵام پرس بە جادووگەرێکی ژن دەکات، کە بە عبدالمطلب دەڵێت، هەر چەند جارێك هوبەل ناوی عبداللّٰەی هەڵبژارد ئەوا تۆ ١٠ وشتر بکە بە بەلاگێر. عبدالمطلب وادەکات، لە ئاکامدا هوبەل ١٠٠ وشتر لە شوێنی عبداللّٰە هەڵدەبژێرێت بۆ سەربڕین.

ابن هشام لە السیرة النبویة دەڵێت:

کاتیك هوبەل ١٠٠ وشتری لە شوێنی عبداللّٰە هەڵژارد بۆ سەربڕین، عبدالمطلب گوتی تکبییر، ئەوەبوو پیاوانی قورەیش گوتیان اللّٰە اکبر، ٣ جار.

الکلبی لە پەرتووکی الاصنام دەڵێت، هوبەل لە شیوەی مرۆڤ درووستکرابوو.

واتە هوبەل اللّٰە اکبر بووە.

محمد لەم سوورەتە داوا لە پیاوانی قورەیش دەکات کە تەنها اللّٰە اکبر بپەرستن و دەستبەرداری بتەکانی تر بن.

(امنهم من خوف)، (لە ترسی دەستدرێژی دەیانپارێزێت)، چونکە هاوپەیمانی قورەیش، ڕێگای بازرگانیان لە مەککەوە بۆ شام و لە مەککەوە بۆ یەمەن پاراستبوو، بە هۆی ئەو هۆزانەی بە درێژایی ئەم ڕێگا نیشتەجێ بوون و دەژیان، تاوەکو محمد هات و کۆنترۆلی ئەم ڕێگایەی کرد و دەستیکرد بە هێرش کردنە سەر کاروانەکانی بازرگانیی.

ئەی ئەوکاتە (امنهم من خوف) چی لێ هات؟ ئایەتەکە کارکردی نەما؟ نەیتوانی هیچیتر بیانپارێزێت؟

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٣٠)

## سوورەتی القارعة(لێدان)

١-الْقَارِعَةُ

لێدان.

٢-مَا الْقَارِعَةُ

لێدان چییە؟

٣-وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ

وە تۆ چوزانیت لێدان چییە؟

٤-يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ

لەم ڕۆژەدا خەڵك وەك پەپوولەی پەرشوبڵاون.

٥-وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ الْمَنفُوشِ

وە چیاکان وەك خوریی شیکراویان لێدێت.

**٦-فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ**

بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووەکەی قوورسە.

**٧-فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ**

ئەوە ئەویان لە ژیانێکیدا دەبێت کە لێیڕازیە.

**٨-وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ**

بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووەکەی سووك بوو.

**٩-فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ**

ئەوە دایکی دۆزەخ دەبێت.

**١٠-وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ**

وە تۆ چوزانیت کە چییە؟

**١١-نَارٌ حَامِيَةٌ**

ئاگرێکی گەرمە.

# شرۆڤە و تێبینی

زاناکانی ئیسلام و شرۆڤەکاران، سەبارەت بە مانای وشەی"قارعة" لەم سوورەتەدا ناکۆکن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی "القارعة" ناوێکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، هەموو شرۆڤەکاران دەڵێن،"القارعة" واتە ڕۆژی قیامەت.

ابن منظور لە لسان العرب، سەبارەت بە وشەی (قرِع) دەڵێت، چەند مانایەکی هەیە، وەك (کەچەڵ بوون)، (لەڕولاواز بوون)، (لێدان کە دەنگ درووست دەکات، وەك بەیەکدادانی دوو بەرد)و (سەختی زەمانە)، (دابەزینی کارەساتێکی مەزن) هتد،،

## ئایەتی ١-٣

الْقَارِعَةُ

مَا الْقَارِعَةُ

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ

واتە: قاریعە. وە قاریعە (کوتان) چییە؟ وە تۆ چوزانیت قاریعە چییە؟

# ئایەتی ٤-٥

یَوْمَ یَکُونُ النَّاسُ کَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ، وَتَکُونُ الْجِبَالُ کَالْعِهْنِ الْمَنفُوشِ

ڕۆژێکە کە مرۆڤ تیایدا وەك پەپوولەی پەرشوبڵاوی لێدێت، وە چیاکان دەبن بە خوریی هەڵوەشاو.

واتە ئەم ڕۆژە کە ڕۆژی قیامەتە، خەڵك بە ڕادەیەك مشەوەش دەبێت، کە وەك پەپوولە هەر یەکێك بەلایەکدا ڕادەکات، وە چیاکان وەك خوریی هەڵوەشاوەیان لێدێت، واتە نامێنن، چۆن با لە خوریی دەدات و پەرشوبڵاوەی پێ دەکات.

هەروەك ئایەتی ٨٨ سوورەتی النمل دەڵێت:

وَتَرَی الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ

وە چیاکان دەبینیت وادەزانیت جێگیرن (بەڵام) دەڕۆن، هەروەك چۆن هەورەکان دەڕۆن.

واتە لە ڕۆژی قیامەت وردوخاش دەبن و نامێنن.

وە ئایەتی ٤٧ سوورەتی الکهف:

وَیَوْمَ نُسَیِّرُ الْجِبَالَ

وە لەم ڕۆژەدا (قیامەت) چیاکان دەڕوێنین و نایهێڵین.

وه ئایەتی ١٠٥ سوورەتی طه:

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ فَقُلْ يَنْسِفُهَا رَبِّي نَسْفًا

ئەی محمد، پرسیارت لێدەکەن سەبارەت بە چیاکان، دەبڵێ خوداکەم بە وردوخاشکردن وردوخاشیان دەکات.

وەڵامێکی سەیرە! پرسیاریان لە محمد صلعم  پێشەوای جیۆلۆجیستانی جیهان کردووە: چیاکان چین؟

لە وەڵامدا گوتوویەتی خوداکەم چیاکان نایانهێلێت.

وەك ئەوەی کەسێك پرسیارێکی پزیشکیم لێبکات، من پێبڵێم دوای ١٠ ساڵی تر خانەنشین دەبم.

وەك هەولێری گوتەنی، تڕ لە کێ و تەورداس لە کێ.

## ئایەتی ٦-٩

فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ، فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ

وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ، فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ

ئینجا اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: لەم ڕۆژەدا، لە ڕۆژی قیامەت:

ئەوەی پارسەنگی تەرازووی چاکەی قورس بوو، ئەوا لە ژیانێکدا دەبێت، کە لێی رازیە، واتە بەهەشت لای حۆریە و غلمان و ولدانەکان.

بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووی چاکەی سووك بوو، ڕێگاکەی بەرەو دۆزەخە.

)فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ) بەم شێوەیەی نوسراوە هەڵەیە، وە ماناکەی دەبێت بە دایك، واتە، دایکی دۆزەخ دەبێت. قورِ بەسەر دایك، ئیسلام هەموو شتێکی خراپ بۆ دایك دەگێڕێنێتەوە.

دەبێت ئایەتەکە بەم شێوەیە بێت ( فَأَمَّهُ هَاوِيَةٌ) واتە ڕێگاکەی بۆ دۆزەخە. لە زمانی عەرەبی هەروەك ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت:

الْأَمُّ ، بِالْفَتْحِ : الْقَصْدُ (ئاکامەکەی و ڕێچکەکەی).

## ئایەتی ١١-١٢

وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ

نَارٌ حَامِيَةٌ

ئینجا دەڵێت: تۆ چوزانیت (هاوية) چییە؟

لە وەڵامدا دەڵێت، ئاگرێکی گەرمە.

وە محمد لە دەیەها فەرموودەی صحیحدا گوتوویەتی ئاگری دۆزەخ ٧٠ جار لە ئاگری ئەم دونیایە بەهێزترە.

لە مسند احمد، فەرموودەیەکی صحیح هاتووە، کە محمد گوتوویەتی ئەم ئاگرەتان، یەك لە حەفتای ئاگری دۆزەخە، وە الله دوو جار ئەم ئاگرەی ئێوەی بە دەریاكان داداوە، بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن، ئەگینا نەتاندەتوانی سوودی لێ ببینن.

وە هەروەها لە مسند احمد، فەرموودەیەکی تری صحیح هاتووە، محمد گوتوویەتی، سووکترین ئازاری خەڵکی دۆزەخ ئاگرێکە کە نەعلەکان گەرم دەکات، لەگەڵیدا مێشك دەکوڵێت.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، گوتوویەتی، تا، (بەرزبوونەوەی گەرمیی لەش) لە ئاگری دۆزەخەوەیە.

وە هەروەها لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، محمد گوتوویەتی، ئاگری دۆزەخ سکاڵای کرد لای الله و گوتی خوداکەم خەریکە بەشێکم بەشەکەی تر بخوات، ئەوەبوو الله مۆڵەتی بە دۆزەخدا کە لە ساڵێکدا دوو هەناسە بدات، هەناسەیەك لە زستان، کە دەبێتە هۆی درووست بوونی سەرما و سۆڵ (چلەی زستان)، وە هەناسەیەك لە هاوین کە دەبێتە هۆی درووستب وونی گەرمیەکی زۆر ( چلەی هاوین).

ئەوەش لێکدانەوەی محمد بۆ (تا)، وە چلەی زستان و چلەی هاوین.

وه لە ئیسلامدا دۆزەخ، ٧ ناوی هەیە: جهنم، سقر، سعیر، لظى، هاویة، جحیم، وحطمة.

کۆتایی بەشی دووەم بەرگی یەکەم.

# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆکاری دابەزین

نوسین : دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا



بەرگی یەکەم

# **قورئان وەك خۆی**

وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

بەشی سێیەم بەرگی یەکەم

نوسینی

**دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا**

پیاچوونەوەی نوسین

**جەبار حەمەد**

لە بڵاوکراوەکانی

**دەزگای ڕێنسانسی کوردی**

# (٣١)

## سوورەتی القيامة (قیامەت)

١-لا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ

سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت.

٢-وَلا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ

وە سوێند دەخۆم بە گیانی لۆمەکراو.

٣-أَيَحْسَبُ الإِنسَانُ أَلَّن نَجْمَعَ عِظَامَهُ

ئایا مرۆڤ پێی وایە کە ناتوانین ئێسکەکانی کۆبکەینەوە؟

٤-بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ

بەڵێ دەتوانین تەنانەت پەنجەکانی ڕێك بخەینەوە.

٥-بَلْ يُرِيدُ الإِنسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ

بەڵام مرۆڤ دەیەوێت لە بەرچاوی خوێڕیاتی بکات.

٦-يَسْأَلُ أَيَّانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ

پرسیار دەکات کەیە ڕۆژی قیامەت.

٧-فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ

هەر کاتێك بینایی ترووسکەی کرد.

٨-وَخَسَفَ الْقَمَرُ

وە مانگ گیرا.

٩-وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ

وە خۆر و مانگ کۆکرانەوە.

**١٠-يَقُولُ الإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ**

ئەو ڕۆژە مرۆڤ دەڵێت بۆ کوێ پەنا ببەم.

**١١-كَلاَّ لا وَزَرَ**

نەخێر پەناگە نییە.

**١٢-إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ**

لەم ڕۆژەدا لای خوداکەت ئۆقرە دەگریت.

**١٣-يُنَبَّأُ الإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ**

لەم ڕۆژەدا مرۆڤ هەواڵی ئەوەی پێشوو و ئەوەی دواتر کردوویەتی پێی ڕادەگەیەنرێت.

**١٤-بَلِ الإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ**

بەڵکو مرۆڤ بە خودی خۆیدا بینەرە (شایەتە).

**١٥-وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ**

وە ئەگەر بیانووەکانی بهێنێتەوە.

**١٦-لا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ**

نەکەیت زمانت لەگەڵیدا بجوڵێنیت بۆ ئەوەی پەلەی تیادا بکەیت.

**١٧-إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ**

لە ڕاستیدا لەسەرمانە (قورئان) کۆبکەینەوە و بیخوێنینەوە.

**١٨-فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ**

هەرکاتێك خوێندمانەوە پیادەی خوێندنەوەکە بکە.

**١٩-ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ**

ئینجا لەسەرمانە ڕاگەیاندنی.

٢٠-**كَلاَّ بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ**

نەخێر بەڵام ئێوە ئارەزووتان لە پەلەپەلە.

٢١-**وَتَذَرُونَ الآخِرَةَ**

وە دەستبەرداری کۆتایی (ڕۆژی قیامەت) دەبن.

٢٢-**وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ**

لەم ڕۆژەدا هەندێك سیما گەشاوەن.

٢٣-**إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ**

سەیری خوداکەی دەکات.

٢٤-**وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ**

وە هەندێك سیما لەم ڕۆژەدا ڕەش هەڵگەڕاون.

٢٥-**تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ**

پێیوایە کە پشتی دەشکێنرێت.

٢٦-**كَلاَّ إِذَا بَلَغَتْ التَّرَاقِيَ**

نەخێر هەر کاتێك گەیشتە قوڕگی.

٢٧-**وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ**

وە گوترا کێ بەرزکەرەوەیە.

٢٨-**وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ**

وە زانی کە جیادەبێتەوە.

٢٩-**وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ**

وە قاچ لەگەڵ قاچ تێکەڵ بوو.

٣٠-**إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ**

لەم ڕۆژەدا ڕاپێچکردن بۆ لای خوداکەت دەبێت.

**٣١-فَلا صَدَّقَ وَلا صَلَّى**

وه نه بڕوای كردووه وه نه نوێژی كردووه.

**٣٢-وَلَكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّى**

بەڵام نكۆڵی كردووه و پشتی لێ كردووه.

**٣٣-ثُمَّ ذَهَبَ إِلَى أَهْلِهِ يَتَمَطَّى**

ئینجا چووه بۆ لای خانەوادەكەی پاڵكەوتووه.

**٣٤-أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى**

بۆ تۆ له پێشتره له پێشتر.

**٣٥-ثُمَّ أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى**

ئینجا بۆ تۆ له پێشتره له پێشتر.

**٣٦-أَيَحْسَبُ الإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى**

ئایا مرۆڤ پێی وایه هەروا وازی لێ دەهێنرێت.

**٣٧-أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَى**

ئەی بڕێك ئاو نەبوو له تۆواو دەپڕژا.

**٣٨-ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّى**

ئینجا كڵۆیەك خوێن بوو و درووستكرا و سەروسیمای پێدرا.

**٣٩-فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالأُنثَى**

وه لەم تۆواوه جووتێكی له نێرینه و مێینه هێنایه ئاراوه.

**٤٠-أَلَيْسَ ذَلِكَ بِقَادِرٍ عَلَى أَن يُحْيِيَ الْمَوْتَى**

ئایا ئەوه (الله) توانایی نییه كه مردوو زیندووبكاتەوه.

# شرۆڤه و تێبنیی

## ئایەتی ١-٢

لا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ

وَلا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ

لەم دوو ئایەتەدا اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، سوێند دەخوات و دەڵێت:

سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت، وە سوێند دەخۆم بە گیانی لۆمەکراو

ابن الجوزی، لە زاد المسیر دەڵێت:

هەموو شرۆڤەکاران هاوڕان کە (لا) زیادەیە و بە مانای"نەفی یان نەهی"نایەت.

وە هەندێك دەڵێن (لا) وەڵامە بۆ کافرەکان کە دەیانگوت زیندووبوونەوە بوونی نییە. لێرە اللّٰەی عەرەب و ئیسلام وەڵامیان دەداتەوە دەڵێت، (لا) واتە "نەخێر وانییە" ئینجا دەڵێت"سوێند دەخۆم بە ڕۆژی قیامەت، واتە زیندووبوونەوە، وە سوێند دەخۆم بە گیانی لۆمەکراو".

وە دەڵێت، ابن کثیر دەیخوێندەوە (لَأُقْسِمُ) واتە "بە دڵنیاییەوە سوێند دەخۆم".

(اللَّوَّامَ) لە زمانی عەرەبی واتە(زەمکراو یان لۆمەکراو).

ئایەتی ٢٢ سوورەتی ابراهیم دەڵێت:

فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنفُسَكُم

واتە: من لۆمە مەکەن بەڵکو لۆمەی خۆتان بکەن.

وە ئایەتی ٥٤ سوورەتی المائدة دەڵێت:

وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ

وە لە لۆمەی لۆمەکار ناترسن.

کەواتە لە ئایەتی ژمارە ٢ دەڵێت: سوێند بە گیانی لۆمەکراو.

# ئایەتی ٣-٤

أَيَحْسَبُ الإِنسَانُ أَلَّن نَجْمَعَ عِظَامَهُ

بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ

لە وەڵامی سوێندەکان، اللەی عەرەب و ئیسلام، لەسەرەتا بە پرسیارێك دەست پێدەکات و دەڵێت:

ئایا مرۆڤ پێی وایە کە ناتوانین (لە ڕۆژی قیامەت) ئێسقانەکانی کۆبکەینەوە واتە زیندووی بکەینەوە؟

ئینجا لەوەڵامدا دەڵێت: بەڵێ ئێمە دەتوانین (نەك تەنها ئێسقانەکان) بەڵکو پەنجەکانیشی ڕێك بخەینەوە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە (قَادِرِينَ عَلَى أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ) دەڵێت، دوو قسە هەیە:

یەکەم: دەتوانین کە پەنجەکانی دەست و پێکانی وەك سمی وشتر و کەری لێ بکەین.

دووەم:دەتوانن کە پەنجەکانی وەك پێشووی لێ بکەینەوە وە تەنانەت ئەگەر چەند بچووکیش بن.

بە پیویستی دەزانم کە وەڵامێك بە درۆی ئیعجازتاشەکان بدەمەوە کە دەڵێن"بنان" واتە پەنجەمۆر.

ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت: وَالْبَنَانُ: الْأَصَابِعُ، وَقِيلَ: أَطْرَافُهَا وَاحِدَتُهَا بَنَانَةٌ.

"البنان" واتە پەنجەکان، وە دەڵێن لێوارەکانی، وە دانەیەکی پێی دەگوترێت "بنانة"

القرطبی لە جامع لاحکام القران، ئاماژەی بە شیعری چەند شاعیرێکی سەردەمی جاهیلی کردووە، کە ئاماژەیان بە وشەی"بنان" کردووە.

دەڵێت "عنترة" لە شیعرێکدا گوتویەتی:

وَكَانَ فَتَى الْهَيْجَاءِ يَحْمِي ذِمَارَهَا وَيَضْرِبُ عِنْدَ الْكَرْبِ كُلَّ بَنَانِ

وە لە کاتی تەنگەژەدا لە هەموو پەنجەیەکی دەدا.

وە ئایەتی ١٢ سوورەتی الانفال، الله اکبر فەرمان دەکات بە فریشتەکان لە "بنان"ی کافرەکان بدەن.

وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ

وە لە هەموو پەنجەیەکیان بدەن.

القرطبی سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت:

فَإِذَا ضَرَبْتَ الْبَنَانَ تَعَطَّلَ مِنَ الْمَضْرُوبِ الْقِتَالُ

هەر کاتێك لە پەنجەکان بدرێت، ئەوا ئەوکەسەی لێیدراوە ناتوانێت شەڕ بکات (واتە ناتوانێت شمشێر بگرێت)

کەواتە "بنان" واتە پەنجە، وە بە مانای پەنجە مۆر نایەت.

لەم دوو ئایەتەدا اللهی عەرەب و ئیسلام وایزانیووە کە کاتێك مرۆڤ مرد، ئەوا ئێسقانەکانی تاوەکو رۆژی قیامەت دەمێنن و هیچیان لێ نایەت.

فەرموودە صحیحەکان پێمان دەڵێن، کە محمد گۆڕی کافر و موشریکەکانی هەڵکەندووە، وە کاتێك هەڵیکەندووە، بینیویەتی ئێسقانی مردووەکە ماوە، محمد وایزانیووە ئێسک لە ناوناچێت و دەمینێتەوە.

لە صحیح البخاری فەرموودەیەك هاتووە، انس دەڵێت، کاتێك پێغەمبەر، لە مەککەوە کۆچی بۆ مەدینەکرد، بنی نجار بێستانێکی دارخورمایان هەبوو، کە کردبوویان بە گۆرستان بۆ مردووەکانیان، ئەوەبوو پێغەمبەر لێیانی وەرگرت وە گۆڕەکانی هەڵکەند کە گۆڕی موشریکەکان بوو.

وە لە سنن ابو داود فەرموودەیەك هاتووە، کە محمد فەرمان بە یاوەرەکانی دەکات گۆڕی ابو رغاڵ هەڵکەنن بۆ دەرهێنانی زێر.

وە لە ئایەتی ٢٥٩ سوورەتی البقرة، اللهی عەرەب و ئیسلام، باسی چیرۆکێك دەکات کە گوایە پیاوێك و کەرەکەی ١٠٠ ساڵ مراندووە و دواتر پیاوەکە زیندوو دەکاتەوە و پێی دەڵێت:

وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا

وە سەیری ئێسقانەکان بکە، چۆن ڕێکی دەخەینەوە ئینجا بە گۆشت دەورەی دەدەین.

دوای ١٠٠ ساڵ ئێسکی کەر ماوە؟

واتە ئەم کەرە لە سونەتی الله دەرچووە، چونکە دوو جار ژیاوە و دوو جار مردووە. وە ئەوە پێچەوانەی ئایەتی ٤٣ سوورەتی "فاطر"ە کە دەڵێت:

فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا

هەرگیز ئاڵووگۆڕیەك بە سەر سونەتی اللهدا نابینیت، وە هەرگیز هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر سونەتی اللهدا نابینیت.

سونەت ئەوەیە، کە هەموو زیندەوەرێك بە مرۆڤیشەوە لەم دونیایەدا لە دایك ببێت و بژیێت و بمرێت، واتە ژیانێك و مەرگێك. وەك ئایەتی ٦٦ سوورەتی الحج دەڵێت:

وَهُوَ الَّذِي أَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ

وە هەر ئەو بوو کە زیندوویکردن ئینجا دەتانمرێنێت ئینجا زیندووتاندەکاتەوە.

بەڵام بە گوێرەی قورئان کەرێك هەبووە کە دوو جار ژیاوە و دوو جار مردووە. واتە الله گۆڕانکاری بەسەر سونەتەکەیدا هێناوە.

واتە اللهی عەرەب و ئیسلام، خۆی بەدرۆ دەخاتەوە، چونکە سونەتەکەی خۆی گۆڕیووە.

وە لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی: كُلُّ ابْنِ آدَمَ يَأْكُلُهُ التُّرابُ، إِلَّا عَجْبَ الذَّنَبِ منه

هەموو لاشەی نەوەکانی ئادەم خۆڵ دەیخوات، تەنها کلێنچکەی نەبێت.

جا ئیعجاز تاشەکان هاتوون ئەمەیان کردووە بە ئیعجازی زانستی و گوایە هەرگیز لەناوناچێت.

هەڵبەتە ئەوە لە ڕووی زانستیەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە، کاتێك محمد گۆڕی هەڵداوەتەوە، بینیوویەتی ماوە، وە وایزانیووە کە بۆ هەمیشە دەمینێت.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت، عَدِيّ بن رَبيعةَ، هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی باسی ڕۆژی قیامەتم بۆ بکە؟ چۆن دەبێت؟پێغەمبەر قسەی بۆ کرد. عدی گوتی، ئەی محمد تەنانەت ئەگەر بە چاوەکانم ببینم بڕوات پێ ناکەم، وە باوەڕت پێ ناهێنم، بۆ الله ئەم ئێسقانە ڕێک دەخاتەوە؟ ئەوەبوو ئەم دوو ئایەتە دابەزین.

## ئایەتی ٥-٦

بَلْ يُرِيدُ الإنسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ

يَسْأَلُ أَيَّانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ

واتە: بەڵکو مرۆڤ دەیەوێت خوێڕیاتی بکات بەوەی لە پێشیدایە.

پرسیار دەکات: ئایا کەیە ڕۆژی زیندووبوونەوە؟

ئەی لە اللّەی عەرەب و ئیسلام، بە مرۆڤ دەڵێت خوێڕی، لەبەر ئەوەی پرسیار دەکات و دەڵێت کەیە ڕۆژی قیامەت؟

لە زمانی عەرەبی"فاجر" بە کەسێك دەوترێت کە ئەخلاقی لە دەست دابێت. وە زیاتر بە ژن و پیاوێك دەگوترێت کە بەڕەڵا بن.

لە چەند ئایەتێکی قورئان، وشەی "فاجر و فجرة" هاتووە، وە لە هەموویدا بە مانای"فاسق" واتە"خوێڕی و سەرسەری"دێت:

ئایەتی ٤٢ سوورەتی عبس دەڵێت:

أُولَـئِكَ هُمُ الْكَفَرَةُ الْفَجَرَةُ

ئەوانە کافرە خوێڕیەکانن.

وە ئایەتی ٨ سوورەتی الشمس دەڵێت:

فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا

ئیلهامی خوێڕیاتی و چاکەی پێی داوە.

یان دەبێت ئەم دەقەکە بە شیوەیەکی تر بووبێت، وەك:

بَلْ يُرِيدُ الإِنسَانُ لِيَكفرَ أَمَامَهُ

واتە: بەڵکو مرۆڤ دەیەوێت کوفر بەوە بکات کە لە پێشیدایە (واتە کوفر بە زیندووبوونەوە و ڕۆژی قیامەت دەکات).

الرازی لە مفاتيح الغيب دەڵێت: (لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ)، أي ليكذب بما أمامه من البعث والحساب، لأن من كذب حقاً كان كاذباً وفاجراً.

واتە بۆ ئەوەی نکۆڵی بکات بەوەی کە لە پێشیەتی لە زیندووبووەنەوە و لێپرسینەوە، چونکە ئەوەی نکۆڵی بکات هەر بە ڕاستی درۆزن و خوێڕییە.

## ئایەتی ٧-٩

فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ، وَخَسَفَ الْقَمَرُ، وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

کە کاتێك بینایی تروسکەی کرد و مانگ گیرا و خۆر و مانگ کۆکرانەوە.

الجلالين سەبارەت بە ( فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ) دەڵێن: ئەو مرۆڤانەی کە نکۆڵیان لە ڕۆژی قیامەت دەکرد، چاوەکانیان شاگەشکە دەبێت و سەسام دەبێت.

الطبری دەڵێت، هەندێك بە (فإذَا بَرَقَ) دەیانخوێندەوە، واتە ئەبلەق بوو و کرایەوە لە کاتی مەرگ. وە هەندێك بە (فإذَا بَرِقَ) دەیانخوێندەوە (وەك لە ئایەتەکە نووسراوە) واتە تۆقا و شلەژا.

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام، پێمان دەڵێت، کە یەکێك لە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت مانگگیران و کۆکردنەوەی خۆر و مانگە.

ئایەتی ٤٠ سوورەتی یس دەڵێت:

لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ

نە خۆر بۆی هەیە بە مانگ بگات، وە نە شەو پێش ڕۆژ بکەوێت، وە هەر هەموویان لە فەلەکێدا دەخولێنەوە.

بەڵام لە ڕۆژی قیامەت: مانگ دەگیرێت و خۆر و مانگ کۆدەکرێنەوە.

الرازی سەبارەت بە (وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ) دەڵێت: چەند بابەتێك لە خۆی دەگرێت:

یەکەم: کاتێك ڕۆژی قیامەت هات، خۆر و مانگ فریای یەك دەکەون و کۆدەبنەوە (واتە بە یەکەوە لە فەلەکدا دەڕۆن و دەخولێنەوە).

دووەم: ڕووناکیان نامێنێت.

سێهەم: لە دۆزەخدا کۆدەکرێنەوە وەك دوو شتی ڕەشی loولدراو، وەك ئەوەی دوو گامێشی نەزۆك بن.

وە دەڵێن کۆدەکرێنەوە و فڕێ دەدرێنە دەریاکانەوە، کە دەبێت بە ئاگری مەزنی الله (واتە دۆزەخ).

القرطبی دەڵێت، ابن عباس و ابن مسعود گوتوویانە: کۆدەکرێنەوە و بەیەکەوە لە ڕۆژئاوا هەڵدین، وەك دوو شتی ڕەشی تاریکی لوولدراو وەك ئەوەی دوو گامێشی نەزۆك بن.

لە صحیح البخاری، فەرموودەیەك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی: خۆر و مانگ، لە ڕۆژی قیامەت، لوول دراون.

وە الالبانی لە السلسلة الصحیحة فەرموودەیەکی اخراج کردووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

لە ڕۆژی قیامەت، خۆر و مانگ، وەك دوو گامێشی نەزۆك دەبن لە ئاگردا (دۆزەخ).

ئەم فەرموودانە پێمان دەڵێن، کە لە ڕوانگەی محمد و خوداکەی: خۆر و مانگ وەك فەرش تەختن و گۆیی نین، چونکە مومکین نیە شتێك کە گۆیی بێت لوول بدرێت.

وە اللهی عەرەب و ئیسلام، لە ئایەتی ١ سوورەتی التکویر، تەئکید لەسەر لوولدانی خۆر دەکاتەوە و دەڵێت:

إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ

کاتێك خۆر لوول دەدرێت.

البغوى له معالم التنزيل دەڵێت: لفت كما تلف العمامة (لوول درا هەروەك چۆن عەمامە لوول درا).

بەڵێ بەڕێزان، اللهى عەرەب و ئیسلام دەڵێت، لە ڕۆژی قیامەت خۆر وەك جەمەدانی ومەندیل لوول دەدەم.

لەبەر ئەوە محمد زۆر لە خۆر و مانگ گیران ترساوە، وایزانیووە ڕۆژی قیامەتە.

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

فإذا رأيتُم ذلك فادْعُوا اللهَ، وكبِّروا، وتَصدَّقوا

ئەگەر خۆر و مانگگیرانتان بینی، ئەوا لە الله بپاڕێنەوە و تەکبیر بکەن و سەدەقە بکەن.

وە لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی، ئەگەر خۆر یان مانگ گیرا ئەوا: فافْزَعوا (بترسن).

وە لە صحیح البخاری فەرموودەیەك هاتووە، ابو موسى الاشعرى دەڵێت:

خَسَفَتِ الشَّمْسُ، فَقَامَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم فَزِعًا، يَخْشَى أَنْ تَكُونَ السَّاعَةُ، فَأَتَى الْمَسْجِدَ، فَصَلَّى بِأَطْوَلِ قِيَامٍ وَرُكُوعٍ وَسُجُودٍ رَأَيْتُهُ قَطُّ يَفْعَلُهُ

خۆر گیرا، پێغەمبەر تۆقیبوو، دەترسا کە ڕۆژی قیامەت بێت، هات بۆ مزگەوت، نوێژی کرد بە شێوەیەك کە هەگیز پێشوو نەمبینیبوو وابکات، درێژترین وەستان و رکوع و کڕنۆشی کرد لە کاتی نوێژکردن.

وە جارێکیان بە ڕادەیەك دەترسێت و دەتۆقێك، کە پۆشکاکەی بەدوای خۆیەوا ڕادەکێشێت، وەك لە صحیح البخاری هاتووە، کە ابي بكرة دەڵێت:

خَسَفَتِ الشَّمْسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَخَرَجَ يَجُرُّ رِدَاءَهُ حَتَّى انْتَهَى إِلَى الْمَسْجِدِ

خۆر گیرا لە سەردەمی پێغەمبەری الله، ئەوەبوو هات و پۆشاکەکەی بەدوای خۆیەوە ڕادەکێشا تاوەکو گەیشتە مزگەوت.

وە محمد صلعم جارێکیان بە ڕادەیەك دەتۆقێت کە لە پەلەپەلیدا جلی عائیشە لەبەردەکات و دێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژکردن ،چونکە وادەزانێت کە ڕۆژی قیامەتە. فەرموودەیەك لە صحیح مسلم هاتووە، کە اسماء کچی ابوبکر دەڵێت:

فَزِعَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم يَوْمًا - قَالَتْ تَعْنِي يَوْمَ كَسَفَتِ الشَّمْسُ - فَأَخَذَ دِرْعًا حَتَّى أُدْرِكَ بِرِدَائِهِ

ڕۆژێك خۆر گیرا و پێغەمبەر شلەژا و ترسا، جلێکی لەبەر کردبوو(جلی عائیشە) تاوەکو جلەکانی خۆیان بۆ هێنا.

امام النووی لە شرح مسلم دەڵێت: معناه أنه لشدة سرعته واهتمامه بذلك أراد أن يأخذ رداءه فأخذ درع بعض أهل البيت سهوا

ماناکەی ئەوەیە کە پێغەمبەر بە هۆی زۆر پەلەپەلی و گرنگی بە خۆرگیران ویستوویەتی جلەکانی خۆی لەبەر بکات ،بەڵام بە هەڵە جلی یەکێك لە ژنەکانی لەبەر کردبوو.

وە لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە کە اسماء کچی ابوبکر دەڵێت:

أَنَّهَا قَالَتْ أَتَيْتُ عَائِشَةَ . رضى الله عنها زَوْجَ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم حِينَ خَسَفَتِ الشَّمْسُ، فَإِذَا النَّاسُ قِيَامٌ يُصَلُّونَ، وَإِذَا هِيَ قَائِمَةٌ تُصَلِّي فَقُلْتُ مَا لِلنَّاسِ فَأَشَارَتْ بِيَدِهَا إِلَى السَّمَاءِ، وَقَالَتْ سُبْحَانَ اللَّهِ. فَقُلْتُ آيَةٌ فَأَشَارَتْ أَىْ نَعَمْ. قَالَتْ فَقُمْتُ حَتَّى تَجَلاَّنِي الْغَشْىُ.

هاتم بۆ لای عائیشە ژنی پێغەمبەر، کاتێك خۆر گیرا، خەڵك وەستابوون نوێژیان دەکرد، وە عائیشە وەستابوو و نوێژی دەکرد، گوتم ئەوە خەڵك چیانە؟عائیشە بە دەستی ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد و گوتی سبحان الله. گوتم نیشانەیە (واتە نیشانەی قیامەت)؟ بە ئیشارەت گوتی بەڵێ. ئەوەبوو منیش دەستم کرد بە نوێژ کردن تاوەکو بورامەوە.

# ئایەتی ١٠-١٥

يَقُولُ الإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ، كَلاَّ لا وَزَرَ، إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ، يُنَبَّأُ الإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ، بَلِ الإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ، وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ.

ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، کاتێك لە ڕۆژی قیامەت مانگ دەگیرێت و خۆر و مانگ کۆدەکرێنەوە.

مرۆڤ دەڵێت بۆ کوێ پەناگە ببەم؟

اللەی عەرەب و ئیسلام لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر پەناگە بوونی نابێت، بەڵکو ئۆقرەگرتنت بۆ لای خوداکەت دەبێت (واتە لای خوداکەت کۆدەکرێیتەوە).

ئینجا دەڵێت: مرۆڤ هەواڵی ئەوکارانەی پێ ڕادەگەیەنرێت کە لە پێشوو و دواتر کردوویەتی، بەڵکو مرۆڤ خۆی شایەتە لەسەر کارەکانی تەنانەت ئەگەر پاساویش بهێنێتەوە.

ئەم ئایەتە (يُنَبَّأُ الإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ) کێشەیە. چونکە دەڵێت کارەکانی پێشوو و کارەکانی دواتری.

یانی چۆن دواتر؟

مرۆڤ لەو ساتەوەی هۆش دەکات، تاوەکو دەمرێت، کۆمەڵێك کاروکردەوەی دەبێت بە چاك و خراپ. لە ڕوانگەی لاهوتیەوە، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت لەسەر ئەو کارانەی لە ژیانی دونیادا کردوویەتی. دە کەواتە کارەکانی پێشوو و دواتر مانای چییە؟

محمد وشەی(وَأَخَّرَ) بۆ دەقەکە زیاد کردووە، تەنها لە پێناو وەزن و قافیە.بەڵام ماناکەی تێك داوە.

ابن الجوزی سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت ٦ قسە هەیە:

یەکەم: ئەو کارانەی پێش مردنی کردوویەتی، وە ئەوەی وەك سونەت لە دوای مردنی جێیهێشتووە و کاری پێکراوە (ابن مسعود و ابن عباس).

دووەم: لەکارەکانی پێشوو و دواتری ئاگادار دەکرێتەوە (مجاهد).

سێهەم: ئەوەی پێشکەشی کردووە لە شەڕ و ئەوەی دوای خستووە لە چاکە (عكرمة).

چوارەم:ئەوەی پێشکەشی کردووە لە فەرز و ئەوەی دوای خستووە لە فەرز (الضحاك).

پێنجەم: ئەوەی پێشکەشی کردووە لە سەرکێشی و ئەوەی دوای خستووە لە سەرکێشی.

شەشەم:ئەوەی پێشی خستووە لە سامانەکەی و ئەوەی دوایخستووە لە میراتەکەی(زید بن اسلم).

سەبارەت بە ئایەتی (بَلِ الْإِنسَانُ عَلَىٰ نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ) الطبری دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی : سمعه وبصره ويداه ورجلاه وجوارحه.

واتە، بیستنی و بینینی و دەستەکانی و پێکانی و گوناهەکانی.

لە ڕوانگەی قورئانەوە، لە ڕۆژی قیامەت ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ شایەتی لەسەر مرۆڤ دەدەن، وەك چاو و گوێچکە و دەست و پێی و پێست.

ئایەتی ٢٤ سوورەتی النور دەڵێت:

يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ

لە ڕۆژی قیامەت زمانیان و دەستەکانیان و پێکانیان شایەتیان لەسەر دەدەن سەبارەت بەم کارانەی کە دەیانکرد.

وە ئایەتی ٦٥ سوورەتی یس دەڵێت:

الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰ أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ

لە ڕۆژی قایمەت دەمیان دەگرین، وە دەستەکانیان قسەمان بۆ دەکەن و پێکانیان شایەتی دەدەن سەبارەت بەم کارانەی دەیانکرد.

ئایەتی ٢٠-٢١ سوورەتی فصلت دەڵێت:

إِذَا مَا جَاءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ، وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَاۖ قَالُوا أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ

کاتێك هێنایان، گوێچکەکانیان و چاوەکانیان و پێستەکانیان شایەتیان لەسەر دەدەن سەبارەت بەم کارانەی دەیانکرد، وە بە پێستەکانیان دەڵێن: بۆ شایەتیمان لەسەر دەدەیت؟ پێستەکان دەڵێن: الله ئێمەی هێنایە قسە کە هەموو شتێکی هێناوەتە قسە.

گوایە اللە، هەموو شتێك دەزانێت و ئاگاداری غەیب و ئەو کارانەیە کە مرۆڤ بە نهێنی و ئاشکرا دەیکات. وە لە صحیح مسلم هاتووە، کە محمد گوتوویەتی:

كَتَبَ اللَّهُ مَقَادِيرَ الْخَلَائِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ

اللە، چارەنووسی درووستکراوەکانی نوسیووە، ٥٠ هەزار ساڵ بەر لە درووست کردنی ئاسمانەکان و زەوی.

وە لە ئایەتی ١٣ سوورەتی الاسراء دەڵێت:

وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا

وە هەموو مرۆڤێک لە ڕۆژی قیامەت بەنووشتەیەک(نووسراوێک) بە ملیەوەیەتی،ئینجا نووسراوەکە دەردەهێنرێت و دەکرێتەوە.

ئایەتی ٤٩ سوورەتی الکهف دەڵێت:

وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا

وە دەڵێن، خۆمان ڕۆ ئەم نوسراوەم چییە؟ خۆ هیچ شتێك نە بچووك و نە گەورە نەماوە کە نەینوسیبێت و نەیژماردبێت.

پرسیار: دە کەواتە ئەم گاڵتەجاریە خورافیە، شایەتی دەست و پێ و پێست و چاو و گوێچکە، چ پێویست دەکات؟

## ئایەتی ١٦-١٩

لا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ، إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ، فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ، ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ.

واتە: ئەی محمد زمانت مەجووڵێنە بۆ ئەوەی پەلەی تێدا بکەیت (ئەو وەحیەی کە بۆت دادەبەزێنین)، چونکە دەبێت کۆیبکەینەوە و بیخوێنینەوە، وە هەر کاتێك خوێندمانەوە، ئەوا تۆش پیادەی خوێندنەوەکەی بکە (واتە کاتێك ئێمە وەحیەکەت بۆ دەخوێنینەوە، تۆش وەك ئێمە بخوێنەوە) ئینجا لەسەرمانە ڕاییبگەیەنین.

هۆکاری دابەزین: لە صحیح البخاری و صحیح مسلم و مسند احمد و جامع الترمذی و سنن النسائی و دلائل النبوة للبیهقی و ابو نعیم، ریوایەتێك هاتووە ابن عباس دەڵێت:

كانَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يُعالِجُ مِنَ التَّنْزِيلِ شِدَّةً، وكانَ ممَّا يُحَرِّكُ شَفَتَيْهِ - فقالَ ابنُ عبَّاسٍ: فأنا أُحَرِّكُهُما لَكُمْ كما كانَ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يُحَرِّكُهُما

پێغەمبەری اللە دەشڵەژا، کاتێك وەحی بۆ دادەبەزی، وە لێوەکانی دەجووڵاند. ابن عباس گوتی: سەیرکەن من لێوەکانم دەجووڵێنم هەروەك چۆن پێغەمبەری اللە دەیجووڵاند، ئەوەبوو اللە (ئایەتی ١٦-١٩) دابەزاند.

ئەم ڕیوایەتە و دەیەها ڕیوایەتی تر پێمان دەڵێن، محمد صلعم گەشکەی هەبووە. لە کاتی ڕودانی گەشکە، کەسی توش بوو، بە تەواوی یان نیمچە بێ هۆش دەبێت، کاتێك ئاگاهی و هۆشی دەگەڕێتەوە، وڕێنە دەکات، وە لە کاتی وڕێنە کردن، بە خێرایی قسە دەکات، هەندێك جار وشەکانی ناڕۆشن دەبێت، وە یان تەنها یەك وشەی ناڕۆشن لە زاریەوە دێتە دەرەوە.

ئەوەی سەیرە ئەم وشەیان لە سەرەتای ٢٩ سوورەتی قورئان نووسیوە، کە گوایە وەحی بووە ، وەك "حم"، "الر"، "کهیعض"، "المر"، "طس"، "طسم"، "حم"، "ص" ،"طه"، "ق"، " حم عسق" و "یس".

محمد هەموو نیشانەکانی کەسێکی گەشکەداری هەبووە:

یەکەم: لێوجلوڵادن و گەزتن.

دووەم: زرینگە لە گوێچکەکان و لەهۆش خۆچوون و ئەرەقەیەکی زۆر.

لە صحیح البخاری فەرموودەیەك هاتووە محمد صلعم دەڵێت:

أَحْيَانًا يَأْتِينِي مِثْلَ صَلْصَلَةِ الْجَرَسِ وَهُوَ أَشَدُّهُ عَلَيَّ فَيُفْصَمُ عَنِّي وَقَدْ وَعَيْتُ عَنْهُ مَا قَالَ وَأَحْيَانًا يَتَمَثَّلُ لِي الْمَلَكُ رَجُلًا فَيُكَلِّمُنِي فَأَعِي مَا يَقُولُ قَالَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا وَلَقَدْ رَأَيْتُهُ يَنْزِلُ عَلَيْهِ الْوَحْيُ فِي الْيَوْمِ الشَّدِيدِ الْبَرْدِ فَيَفْصِمُ عَنْهُ وَإِنَّ جَبِينَهُ لَيَتَفَصَّدُ عَرَقًا

هەندێك جار وەك زرینگەی زەنگوڵە، وە ئەوەیان لە هەموویان زیاتر کارم لێ دەکات، کاتێك لێم جیادەبێتەوە و هۆشم وەبەر هاتۆتەوە، ئەوا لەیادم ماوە، وە هەندێك جار لە شێوەی فریشتەیەك بۆم بەدیار دەکەوێت و قسەم لەگەڵدا دەکات.وە عائیشە دەڵێت: بینیم لە ڕۆژێکی زۆر سارددا وەحی بۆ دابەزی کەچی لە نێوچەوانەکانی ئەرەقە دەهاتە خوارەوە.

وە لە مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، عمری کوڕی خەتاب دەڵێت:

کان إذا نزل علی رسول الله  صلی الله علیه وسلم الوحی یسمع عند وجهه کدوی النحل

کاتێك وەحی بۆ پێغەمبەر دادەبەزی، لای دەم و چاوی گوێبیستی گزەگزێك دەبوویت، وەك گزەگزی هەنگ.

سێهەم: ڕەش هەڵگەڕانی سیما.

لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە،عبادة بن صامت دەڵێت:

انَ نَبِيُّ اللَّهِ صلی الله علیه وسلم إِذَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ الْوَحْىُ كُرِبَ لِذَلِكَ وَتَرَبَّدَ وَجْهُهُ

کاتێك وەحی بۆ پێغەمبەر دادەبەزی، نیگەران دەبوو و دەم وچاوی ڕەش هەڵدەگەڕا .

کەسی توشبوو بە گەشکە، ماسوولکەکانی گرژ دەبن، وە هەوا بە پێی پێویست ناچێت بۆ سیەکان، لە ئاکامدا ئۆکسجین لە خوێنیدا کەم دەبێت و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەرز دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی ڕەش یان شین هەڵگەڕانی دەم و چاوی.

چوارەم: گرژ بوونی ماسوولکەکان.

لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، زید بن ثابت کە نووسەری وەحی بوو دەڵێت:

فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَلَى رَسُولِهِ صلی الله علیه وسلم وَفَخِذُهُ عَلَى فَخِذِي، فَثَقُلَتْ عَلَيَّ حَتَّى خِفْتُ أَنْ تَرُضَّ فَخِذِي، ثُمَّ سُرِّيَ عَنْهُ

الله وەحی دابەزاند بۆ پێغەمبەرەکەی، وە ڕانی لەسەر ڕانم بوو، لە کتوپڕێکدا ڕانی بەسەر ڕانم قورس بوو، تەنانەت ترسام کە ڕانم بشکێنێت.

واتە محمد ماسولکەکانی گرژ بووە لە کاتی تووش بوون بەم حاڵەتەی کە تووشی دەبوو.

پێنجەم: مرخە.

لە صحيح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت:

فَإِذَا النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم مُحْمَرُّ الْوَجْهِ يَغِطُّ

لە کاتی دابەزینی وەحی، پێغەمبەرم بینی سیمای سوور هەڵگەڕابوو، وە مرخەی دەکرد.

بۆچی مرخە؟ چونکە ئەو کەسەی کە تووشی گەشکە دەبێت، ماسوولکەکانی سینگ و قورگی گرژ دەبن، وە لەگەڵ هەناسەدان مرخە درووست دەبێت.

شەشەم: سەرئێشە.

ابونعیم لە دلائل النبوة، ڕیوایەتێك لە ابوهريرة دەگێڕێتەوە، کە گوتوویەتی:

كان رسول الله صلى الله عليه وسلم إذا نزل عليه الوحى صدع وغلف رأسه بالحناء

کاتێك وەحی بۆ پێغەمبەر دادەبەزی، تووشی سەرئێشە دەبوو، لەبەر ئەوە خەنەی لە سەری دەدا.

حەوتەم: مل خواربوونەوە.

لە صحيح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە، عبادە بن الصامت دەڵێت:

كَانَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم إِذَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ الْوَحْىُ نَكَسَ رَأْسَهُ وَنَكَسَ أَصْحَابُهُ رُءُوسَهُمْ

کاتێك وەحی بۆ پێغەمبەر دادەبەزی، ئەوا سەری شۆڕدەبۆوە، وە یاوەرەکانی سەریان دادەگرت.

هەشتەم: سەرخۆش ئاسا.

ابن سعد له الطبقات الكبرى، ڕیوایەتێك دەگێڕێتەوە كە دەڵێت:

كَانَ إِذَا أُوحِيَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وُقِذَ لِذَلِكَ سَاعَةً كَهَيْئَةِ السَّكْرَانِ

كاتێك وەحی بۆ پێغەمبەر دادەبەزی، بۆ ماوەی كاتژمێرێك وەك سەرخۆشی لێ دەهات.

دەیەها فەرمووده و ڕیوایەتی تر هەن كە هەر هەمووی دەیسەلمێنن محمد گەشكەی هەبووە، بەڵام یاوەرەكانی وایان زانیووە وەحیە.

هەڵەیەكی بەچاو و زەق له ئایەتی ١٦-١٩ دا هەیە:

اللەی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت: كاتێك وەحیت بۆ دادەبەزێنین ئەوا زمانت مەجوڵێنە، بۆ ئەوەی پەلە بكەیت لە خوێندنەوەكەی، چونكە لەسەرمانە كۆیبكەینەوە و بیخوێنینەوە، وە هەر كاتێك خوێندمانەوە ئەوا تۆش پیادەی خوێندنەوەكە بكە، چونكە لەسەرمانە ڕاییبگەیەنین.

ئایا اللە كۆیدەكاتەوە و دەیخوێنێتەوە؟

نەخێر، نووسەرانی وەحی، كەواتە دەقە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

لا تُحَرِّكْ بِهِ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِ، إِنَّ عَلَيْهِمْ جَمْعَهُ وَقُرْآنَهُ، فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ، ثُمَّ إِنَّ عَلَيْهِمْ بَيَانَهُ

واتە: ئەی محمد كاتێك وەحیت بۆ دادەبەزێنین، ئەوا زمانت مەجوولێنە بۆ ئەوەی پەلە بكەیت لە خوێندنەوەكەی، چونكە لەسەریانە كۆیبكەنەوە و بیخوێننەوە، وە هەركاتێك خوێندمانەوە ئەوا تۆش پیادەی خوێندنەوەكە بكە، چونكە لەسەریانە ڕاییبگەیەنن.

(له سەریانە) واتە نووسەرانی وەحی و یاوەرەكانت و موسڵمانان.

# ئایەتی ٢٠-٢١

كَلاَّ بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ، وَتَذَرُونَ الآخِرَةَ

ئینجا لە كتوپڕێكدا الله توڕە دەبێت و دەڵێت: نەخێر، دەزانم ئارەزووتان لە پەلەپەلە و دەستبەرداری ڕۆژی دوایی (قیامەت) دەبن.

# ئایەتی ٢٢-٢٣

وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ، إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ

لەم ڕۆژی قیامەتەدا، هەندێك سیما هەن كە پڕشنگدار و گەشاوەن، سەیری خوداكەیان دەكەن.

لە صحيح البخارى و مسلم، فەرموودەیەك هاتووە، ابو هريرة دەڵێت:

قَالَ أُنَاسٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَقَالَ " هَلْ تُضَارُّونَ فِي الشَّمْسِ، لَيْسَ دُونَهَا سَحَابٌ ". قَالُوا لاَ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ " هَلْ تُضَارُّونَ فِي الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، لَيْسَ دُونَهُ سَحَابٌ ". قَالُوا لاَ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ " فَإِنَّكُمْ تَرَوْنَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ

هەندێك خەڵك گوتیان ئەی پێغەمبەری الله لە ڕۆژی قیامەت خوداكەمان دەبینین؟ گوتی ئایا هیچ ڕێگریەك هەیە خۆر ببینن لە ڕۆژێكدا كە هەور نییە ؟ گوتیان نەخێر ئەی پێغەمبەری الله. گوتی ئایا هیچ ڕێگریەك هەیە كە بتوانن مانگ ببینن كاتێك هەور لە ئاسمان نییە؟ گوتیان نەخێر ئەی پێغەمبەری الله. گوتی بە دڵنیاییەوە لە ڕۆژی قیامەت الله دەبینن.

وە فەرموودەیەكی تر لە صحيح البخارى هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا الْقَمَرَ

ئێوە خوداكەتان دەبینن هەروەك چۆن ئەو مانگە دەبینن.

وە لە جامع الترمذى و المستدرك للحاكم، (دەڵێت صحيح) فەرموودەیەك هاتووە ابن عمر دەڵێت، پێغەمبەر گوتی:

ڕێزدارترین لای الله له بەهەشت، ئەوەیانە کە ڕۆژانە بەیانیان و ئێواران سەیری دەم و چاوی الله دەکات، ئینجا پێغەمبەر ئەم ئایەتەی قورئانی خوێندەوە کە دەڵێت:

وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ

فەرموودەکان زۆرن کە دەیسەلمێنن موسڵمانان خودایەکیان هەیە مادییە و لە سەر شێوەی مرۆڤە، وە لە ڕۆژی قیامەت دەیبینن.

# ئایەتی ٢٤-٢٥

وَوُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ بَاسِرَةٌ

تَظُنُّ أَن يُفْعَلَ بِهَا فَاقِرَةٌ

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: وە لە ڕۆژی قیامەت هەندێك سیما (کافرەکان) ڕەش هەڵگەڕاوە و مڕومۆچە، وادەزانێت پشتی شکێنراوە.

# ئایەتی ٢٦-٣٠

كَلاَّ إِذَا بَلَغَتْ التَّرَاقِيَ، وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ، وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ، وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ، إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ

ئینجا جارێکی تر اللهی عەرەب و ئیسلام تووڕە دەبێت و دەڵێت:

نەخێر، کاتێك ڕۆح گەیشتە قورگ (لە کاتی مەرگ)، پێی گوترا: کێ بەرزی دەکاتەوە (واتە ڕۆح لە قورگ دەردێنێت)؟ وە پێی وابوو کە ڕۆح لە لاشە جیادەبێتەوە و قاچەکان تێك ئاڵان، ئەوکات بەرەو خوداکەت ڕاپێچ دەکرێت.

لەم چەند ئایەتەدا اللهی عەرەب و ئیسلام وەسفی ڕۆحدانی کافرەکان دەکات کە بە سەختی و بە قورسی ڕۆح دەدەن، وە فریشتەی مەرگ یارمەتیان نادات. ڕۆحیان لە قورگیان بێتە دەرەوە، وە کاتێك بە ئازارەوە ڕۆح دەدەن و ڕۆحیان دەردەچێت، ئەوا ڕۆحەکەیان بۆ لای الله اکبر ڕاپێچ دەکرێت.

سەبارەت بە ئایەتی (وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ)، ابن الجوزی لە زاد المسير دەڵێت، دوو قسە هەیە:

یەکەم : فریشتەکان بە یەکتر دەڵێن: کێ ڕۆحەکەی دەردەکات و بەرزی دەکاتەوە؟ فریشتەی بەزەیی یان فریشتەی ئەشکەنجە؟(ابن عباس).

دووەم: کەسوکاری کەسەکەی لەسەرا مەرگە دەڵێن: کەسێك هەیە چارەسەری بکات و شیفای بدات؟ (ابن عباس).

دەقی قورئان و فەرموودەی محمد هەیە، کە پاڵپشتی بۆچوونی یەکەم دەکات. بەڵگەکان:

ئایەتی ۹۳ سوورەتی الانعام دەڵێت:

وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلائِكَةُ بَاسِطُوا أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوا أَنْفُسَكُمُ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ

وە ئەگەر ستەمکاران ببینیت چۆن بە ئازارەوە ڕۆح دەدەن، وە فریشتەکان دەستەکانیان پان کردۆتەوە و پێیان دەڵێن: ئادەی خۆتان ڕۆحتان دەربکەن، وە پێیان دەڵێن ئەمڕۆ ئازاری دۆزەخ دەدرێن.

واتە کافر بە ئێش و ئازارەوە دەمرێت، وە فریشتەکان زوو ڕۆحیان دەرناکەن بۆ ئەوەی ئازار و ئەشکەنجەی زیاتر ببینن.

وە هەروەها لە کاتی ڕۆح دەرچوونیان فریشتەکان بە شەق لە سمتیان و دەم و چاویان دەدەن:

ئایەتی ۵۰ سوورەتی الانفال:

وَلَوْ تَرَى إِذْ يَتَوَفَّى الَّذِينَ كَفَرُوا الْمَلائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ

وە ئەگەر کافرەکان ببینیت کاتێك دەمرن، ئەوا فریشتەکان لە دەم و چاو و سمتیان دەدەن، وە پێیان دەڵێن: ئازاری سووتان بچێژە.

ئایەتی ۲۷ سوورەتی محمد:

إِذَا تَوَفَّتْهُمُ الْمَلائِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَارَهُمْ

کاتێك فریشتەکان دەیانمرێنن ئەوا لە دەموچاو و سمتیان دەدەن.

وە لە صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە محمد صلعم دەڵێت:

کاتێك ڕۆحی ئیماندار دەردەچێت، دوو فریشتە ڕۆحەکە بۆن دەکەن و دەڵێن بۆنی چەند خۆشە لە بۆنی مسك دەچێت، ئینجا بۆ ئاسمان بەرزی دەکەنەوە، ئینجا فریشتەکانی ئاسمان دەڵێن:ڕۆحێکی نایاب و بۆنخۆش لە زەویەوە هات، الله نوێژی لەسەرت کرد، وە لەسەر ئەم لاشەیەی کە تەمەنت پێ کرد، ئینجا دەیبەن بۆ لای الله، ئینجا الله دەڵێت بیبەن تاوەکو ڕۆژی قیامەت. بەڵام کاتێك کافرێك ڕۆحی دەردەچێت، فریشتەکان دەڵێن وای کە بۆگەنە، وە نەفرەتی لێ دەکەن، وە فریشتەکانی ئاسمان دەڵێن: ڕۆحێکی بۆگەن لە زەویەوە هات، دەگوترێت بیبەن بۆ شوێنی خۆی تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

وە لە مسند احمد و سنن ابوداود و المستدرك للحاكم فەرموودەیەك هاتووە محمد صلعم گوتویەتی:

وَإِنَّ الْعَبْدَ الْكَافِرَ .. نَزَلَ إِلَيْهِ مِنَ السَّمَاءِ مَلَائِكَةٌ سُودُ الْوُجُوهِ مَعَهُمُ الْمُسُوحُ فَيَجْلِسُونَ مِنْهُ مَدَّ الْبَصَرِ ثُمَّ يَجِيءُ مَلَكُ الْمَوْتِ حَتَّى يَجْلِسَ عِنْدَ رَأْسِهِ فَيَقُولُ: أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْخَبِيثَةُ اخْرُجِي إِلَى سَخَطٍ مِنَ اللَّهِ " قَالَ: " فَتُفَرَّقُ فِي جسده فينتزعها كَمَا ينتزع السفود من الصُّوف المبلول فَيَأْخُذُهَا

وە کاتێك بەندەیەکی کافر وادەی مەرگی دێت، فریشتەی سیما ڕەش بە دەستەسڕێکەوە لە ئاسمانەوە بۆ لای دادەبەزن و لە دووریەك لێیەوە دادەنیشن بە قەد مەودای بینین دەبێت، ئینجا فریشتەی مەرگ دێت و لای سەریەوە دادەنیشێت و دەڵێت: ئەی گیانی پیس دەرچە بۆ لای زەبروزەنگی الله، لە لاشەکەی جیا دەبێتەوە، هەروەك چۆن دڕکێکی لقوپۆپدار لە خوریەکی تەڕ دێتەدەرەوە.

واتە: کاتێك فریشتەکان ڕۆحی کافرەکان دەکێشن.

یەکەم: بە ئازارەوە ڕۆح دەدەن.

دووەم: فریشتەکان یارمەتیان نادەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی ڕۆحیان بە دەستەوە بدەن، بۆ ئەوەی ئازار و ئەشکەنجەی زیاتر ببینن لە کاتی ڕۆحدان.

سێهەم: فریشتەکان بە شەق لە دەم و چاویان و سمتیان دەدەن.

چوارەم: فریشتەکان پێیان دەڵێن: هەر ئیمرۆ ڕۆحت دەبردرێت بۆ دۆزەخ بۆ ئازار و ئەشکەنجە.

پێنجەم: ڕۆحێکی پیسە و نەفرەتی لێ دەکرێت.

ئایەتی ٩٣ الانعام دەڵێت: وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ (ستەمکاران ئێش و ئازاریان هەیە کاتێك لە کاتی ڕۆحدان دەیانبینیت).

ئایا محمد لە کاتی مەرگدا ئێش و ئازاری هەبووە؟ ئەگەر هەیبووبێت دەکەواتە کەسێکی ستەمکار بووە؟

محمد بۆ ماوەی ٣ مانگ بە دەست ئەو نەخۆشیەوە دەناڵێنێت کە بەهۆیەوە مرد، وە بۆ ماوەی١٤ ڕۆژ لە سەرا مەرگ دەبێت و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری دەبێت.

لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە عائیشة دەڵێت:

لَمَّا ثَقُلَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم وَاشْتَدَّ وَجَعُهُ اسْتَأْذَنَ أَزْوَاجَهُ أَنْ يُمَرَّضَ فِي بَيْتِي فَأَذِنَّ لَهُ، فَخَرَجَ بَيْنَ رَجُلَيْنِ تَخُطُّ رِجْلاَهُ الأَرْضَ

کاتێك نەخۆشیەکەی بەسەریدا زاڵ بوو، وە ئازارەکەی زۆر بوو، مۆڵەتی لە ژنەکانی وەرگرت کە بێت بۆ ماڵەکەی من، لە نێوان دوو پیاو هێناین کە قاچەکانی لە زەویدا دەخشا.

وە لە صحیح البخاری و مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، عائشة دەڵێت:

ما رَأَيْتُ أحَدًا أشَدَّ عليه الوَجَعُ مِن رَسولِ اللَّهِ

واتە: کەسێکم نەبینیووە لە سەرەمەرگدا بە قەد پێغەمبەر ئازاری هەبووبێت.

وە لە صحیح الترغیب و صحیح ابن ماجة، ڕیوایەتێك هاتووە، ابو سعید الخدری، سەردانی محمد دەکات و دەڵێت:

یا رسولَ اللَّهِ ما أشدَّها عليكَ قالَ إنَّا كذلِكَ يضعَّفُ لَنا البلاءُ ويضعَّفُ لَنا الأجْرُ

ئەی پێغەمبەری الله تایەکەت چەند گەرمە، پێغەمبەر گوتی ئێمەی پێغەمبەر واین، دەردەکانمان چەند جارەیە بۆ ئەوەی پاداشتمان چەند جارە بێتەوە.

وه لە صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووه، كاتێك فاطیمەی كچی دەبینێت كه محمد ئازاری زۆره، دەڵێت: وا كَرْبَ أَبَاهُ (وای لە ئازاری باوکم)

وه لە صحیح البخاری و مسلم، ڕیوایەتێك هاتووه ابن مسعود دەڵێت، سەردانی پێغەمبەرم كرد (وهو یوعك وعكًا شدیدًا)، واته ( ئازارێكی زۆری هەبوو).

وه لە صحیح البخاری، فەرموودەیەك هاتووه، محمد لە سەرەمەرگدا دەڵێت:

لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، إِنَّ لِلْمَوْتِ سَكَرَاتٍ

هیچ خودایەك نییه تەنها الله نەبێت، هەر بەڕاستی مەرگ ئازاری هەیه.

ابن منظور لە لسان العرب، سەبارەت بە وشەی (سَكَرَ) دەڵێت:

وَسَكْرَةُ الْمَوْتِ: شِدَّتُهُ . وَقَوْلُهُ تَعَالَى: وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ

(سكرة الموت)، واته توندی وەك الله دەڵێت: وه سەختی و شیدەتی مەرگ هەر بە ڕاستی هات.

وه ابن منظور، سەبارەت بە وشەی( غَمَرَاتِ الْمَوْتِ)، دەڵێت، واته سەختی و شیدەتی.

ئەو فەرموودە و ڕیوایەتانەی پشتڕاستی دەكەنەوه كه محمد ئازارێكی زۆری بە دەست مەرگەوه چێژاوه، ئێجگار زۆرن، بەڵام ئەم چەند فەرموودەیەی ئاماژەم پێكردن بەسن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن كه محمد، بە گوێرەی ئایەتی ٩٣ سوورەتی الانعام،كەسێكی ستەمكار بووه.

بیركەرەوه ئەی كوردی موسڵمان.

ئایەتی ٢٩-٣٠ دەڵێت، (وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ ،إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ).

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، پێنج بۆچوون سەبارەت بە شرۆڤەی ئەم ئایەته هەیه:

یەكەم: بابەتی دونیا بە قیامەت تێكەڵ بوون.

دووەم: ژیان و مەرگ كۆبوونەوه.

سێهەم: قاچەكانی لە ناو كفن دەسووڕێن.

چوارەم: قاچەکانی لە کاتی مەرگ دەسووڕێن.

پێنجەم: شیدەت لە دوای شیدەت.

ئەم شرۆڤانە سەرتاپای وڕێنەن و قسەی هیچ و پووچن.

من دەڵێم ( وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ) واتە ڕاپێچکەران بە ڕاپێچکەران دەگەن.

واتە: ئەم فریشتانەی کە ڕۆحەکەی وەردەگرن، کاتێك لە لاشەی دەردەچێت، بەم فریشتانە دەگەن کە ڕۆحەکەی تسلیم دەکەن (بگەڕێوە بۆ ئەو فەرموودەیەی محمد کە ئاماژەمان پێکرد).

ئینجا دەڵێت: ڕۆحەکە بۆ لای الله دەبردرێت.

بەڵام لە وشەی( الْتَفَّتِ)خاڵێکی (ف) لە بیرکراوە و دەبێت (ق) بێت واتە دەبێت وشەکە ( اِلتَقَت)بێت نەك (الْتَفَّتِ). (اِلتَقَت) واتە بەیەك گەیشتن.

وە لە چەند دەقێکی قورئان هاتووە کە فریشتەکان ڕۆحەکان ڕاپێچ دەکەن:

ئایەتی ٢١ سوورەتی ق:

وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ

وە هەموو ڕۆحێك هات و لەگەڵیدا ڕاپێچکەرێك و شایەتێك هەیە.

وە ئایەتی ٧٣ سوورەتی الزمر:

وَسِيقَ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ إِلَى الْجَنَّةِ زُمَرًا

وە ئەوانەی خوداترس بوون، پۆل لە دوای پۆل، ڕاپێچ دەکرێن بۆ بەهەشت.

ئایەتی ٨٦ سوورەتی مريم:

وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا

وە تاوانباران ڕاپێچی دۆزەخ دەکەین.

ئایەتی ٦ سوورەتی الانفال:

كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ

وەك ئەوەی بۆ مەرگ ڕاپێچ بکرێن.

کەواتە مانای ئەم دوو ئایەتە دەبن: کاتێك ڕاپێچکەران (ئەو فریشتانەی ڕۆحەکەیان هەڵگرتووە) بە ڕاپێچکەران (بە فریشتەکانی ئاسمان) دەگەن، لەم ڕۆژەدا (ڕۆحەکە) بۆ لای خوداکەت ڕاپێچ دەکرێت.

# ئایەتی ٣١-٤٠

ئەم ١٠ ئایەتە سەبارەت بە ابوجهل دابەزیووە.

الطبری و القرطبی و ابن کثیر دەڵێن، ئەم ئایەتانە لەسەر ابو جهل دابەزیووە.

لە مسند احمد، فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:

إن لكل أمة فرعوناً وإن فرعون هذه الأمة أبو جهل

هەموو میللەتێك فیرعەونێکی هەیە، وە فیرعەونی ئەم میللەتە ابو جهلە.

اللهی عەرەب و ئیسلام، لە ئایەتی ٣١-٣٥ دەڵێت:

فَلا صَدَّقَ وَلا صَلَّى، وَلَكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّى، ثُمَّ ذَهَبَ إِلَى أَهْلِهِ يَتَمَطَّى، أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى، ثُمَّ أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى

نە چاکەی کرد، وە نە نوێژی کرد، بەڵکو نکۆڵی(لە پێغەمبەرایەتی موحەمەد) کرد و پشتی لێ کرد، ئینجا گەڕایەوە بۆ لای خانەوادەکەی بۆ پاڵکەوتن، ئینجا ئەم کارانەی کردت وە دەیکەیت، بۆت لە پێشترە بۆ ئەو کارانەی کە لەپێشترن(بۆ قیامەت)، ئینجا ئەوەیان بۆت لە پێشتر بوو لەم شتانەی لە پێشترن.

ئایەتی ٣٤-٣٥ دەڵێت، (أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى، ثُمَّ أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى) ماناکەی ڕۆشن نییە و یاوەرەکان و شرۆڤەکاران ناکۆکیان هەیە سەبارەت بە مانای ئەم دوو دەقە کە چوار جار وشەی (أَوْلَى) تیادا دووبارە بۆتەوە.

( أَوْلَى)، واتە شتێك ئەولەویەتی هەبێت لە چاو شتەکانی تر، واتە لە هەموو شتێك لە پێشتر بێت کە ئەنجامی بدەیت یان بیکەیت.

دەکرێت ئەم دوو ئایەتە بە یەکێك لەم دوو مانایە بێن:

یەکەم: گەڕانەوەت بۆ ماڵەوەت و پاڵکەوتنت، لە پێشترە لە خێرکردن و نوێژ کرد و نکۆڵیکردن لە محمد و قورئان.

دووەم: تۆ لە هەموو کەسێك زیاتر شایستەتریت بە ئازار و ئەشکەنجەی دۆزەخ.

والله اعلم.

## ئایەتی ٣٦-٤٠

أَيَحْسَبُ الإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى، أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَى، ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّى، فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالأُنثَى، أَلَيْسَ ذَلِكَ بِقَادِرٍ عَلَى أَن يُحْيِيَ الْمَوْتَى.

ئایا مرۆڤ پێی وایە پشت گوێ دەخرێت (و لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت)؟ ئەی برێك لە تۆواو نەبوو کە دەپڕژا؟ ئینجا کڵۆیەك خوێن نەبوو درووستکرا و سەروسیمای پێدرا؟ وە لەم برێك تۆواوە جووتێك نێرینە و مێینەی نەهێنایە ئاراوە؟ ئەی ئەوەی وایکرد (الله) توانایی نییە کە مردوو زیندوو بکاتەوە؟

لەم چەند ئایەتەدا اللەی عەرەب و ئیسلام، وەڵامی ابوجهل دەداتەوە، وە هەروەك لە مەتنی ئایەتەکاندا دیارە، ابو جهل بڕوای بە زیندووبوونەوە نەبووە.

لە ئایەتی ژمارە ٣٧-٣٩ اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: منداڵ تەنها لە تۆواوی پیاو درووست دەبێت، وە ژن هیچ ڕۆڵێکی نییە، چونکە دەڵێت: ئەی مرۆڤ برێك تۆواوی پڕژاو نەبوویت؟ ئینجا نەبوویت بە کڵۆیەك خوێن، ئینجا سەروسیمان پێت نەدا؟ ئینجا لە تۆواوەکەی جووتێک نێرینە و مێینە نەهێنایە ئاراوە.

واتە ژن تەنها ڕۆڵی کێڵگە دەبینێت، چۆن کێڵگەیەك گەشە بە دانەوێڵە دەدات. هەر لەبەر ئەوە ئایەتی٢٢٣ سوورەتی البقرة دەڵێت:

نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ

ژنەکانتان کێڵگەتانن چۆن ئارەزوو دەکەن بیانکێڵن.

وە ئایەتی ٥-٧ سوورەتی الطارق، تەئکید دەکاتەوە کە ژن هیچ ڕۆڵێکی نییە لە منداڵ درووست کردن، تەنها ئەوە نەبێت وەك کێڵگەیەك وایە:

فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ، خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ، يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ

دەبا مرۆڤ سەیربکات لە چی درووست بووە، لە ئاوێکی پڕژاو درووست بووە، کە (ئەم ئاوە-واتە ئاوی پیاو) لە نێوان پشت و سینگەوە دەردەچێت.

وە ئایەتی ١٧٢ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَ

وە کە خوداکەت لە پشتی کوڕەکانی ئادەم وەچەکانی دەرهێنا و شایەتی پێیاندا لەسەر خودی خۆیان و گوتی: ئەی من خوداکەتان نیم؟ گوتیان بەڵێ.

ئەم دەقە دەڵێت الله اکبر، لە پشتی کوڕەکانی ئادەم، وردە وەچەی دەرهێناوە و قسەی لەگەڵیاندا کردووە.

دواتر کاتێك پیاو لەگەل ژن جووت دەبێت، ئەم وردە وەچانە لە منداڵدانی ژن گەورە دەبن.

هەرچەند لە سەرچاوە ئیسلامیەکان ئاماژە بە فەرموودەی محمد کراوە کە دەڵێت ژنیش ئاوی هەیە، بەڵام زۆر پێدەچێت کە ئەم فەرموودانە لەگەڵ وەرگێرانی پەرتووکەکانی یۆنانی، بە ناوی محمدەوە درووست کرابن. چونکە پزیشکێکی وەك گالینس کە یۆنانی بووە و سەدەی دووەم ژیاوە گوتویەتی: هەروەك چۆن پیاو فاکتەری هەیە لە درووست کردنی منداڵ، ئەوا ژنیش بەشدارە و فاکتەری هەیە.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٣٢)

# سوورەتی الهمزة (تەشەر)

١-**وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ**

واوەیلا لە هەموو لەکەدارکەرێکی عەیبدار.

٢-**الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ**

ئەوەی سامانی کۆکردۆتەوە و دەیژمێرێت.

٣-**يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ**

وادەزانێت کە سامانەکەی نەمری دەکات.

٤-**كَلَّا لَيُنبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ**

نەخێر فڕێ دەدرێتە ناو پلیقێنەر.

٥-**وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ**

وە تۆ چوزانیت پلیقێنەر چییە.

٦-**نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ**

ئاگری هەڵگیرساوی اللّٰهیە.

٧-**الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الْأَفْئِدَةِ**

ئەوەی ڕوودەکاتە دڵەکان.

٨-**إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ**

بە سەریاندا داگیرساوە.

٩-**فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ**

لە ستوونانێکی درێژدا.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٣

وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ

الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ

يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ

اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، لە ئایەتی ١ دەڵێت، واوەیلا لە کاسانێك کە بوختانکەرن و لەکەدارکەرن.

(هُمَزَةٍ) کەسێکە کە بوختان بۆ خەڵك دەکات و لەکەداریان دەکات.

وەك ئایەتی ١١ سوورەتی القلم دەڵێت:

هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ

(هَمَّازٍ)، واتە بوختانکەر و لەکەدارکەر.

ئینجا اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، لە ئایەتی ٢-٣ زیاتر وەسفی ئەو کەسە دەکات و دەڵێت: ئەوەی سامان کۆدەکاتەوە و دەیژمێرێت، وە پێی وایە کە سامانەکەی نەمری دەکات.

بەڵام السیوطی لە الدر المثور، دەڵێت، ابن مردوية و البيهقی لە "شعب الايمان" ،فەرموودەیەکیان دەرهێناوە ،کە پێغەمبەر گوتوویەتی:

مَّا عُرِجَ بِي مَرَرْتُ بِرِجَالٍ تُقَطَّعُ جُلُودُهُمْ بِمَقَارِيضَ مِنْ نَارٍ فَقُلْتُ: مَنْ هَؤُلَاءِ قَالَ : الَّذِينَ يَتَزَيَّنُونَ لِلزِّينَةِ، قَالَ: ثُمَّ مَرَرْتُ بِجُبٍّ مُنْتِنِ الرِّيحِ فَسَمِعْتُ فِيهِ أَصْوَاتًا شَدِيدَةً

فَقُلْتُ: مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبْرِيلُ قَالَ: نِسَاءٌ كُنْ يَتَزَيَّنَّ بِزِينَةٍ وَيَفْعَلْنَ مَا لَا يَحِلُّ لَهُنَّ ثُمَّ مَرَرْتُ عَلَى نِسَاءٍ وَرِجَالٍ مُعَلَّقِينَ بِثَدْيِهِنَّ فَقُلْتُ: مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبْرِيلُ قَالَ: هَؤُلَاءِ الْهَمَّازُونَ وَالْهَمَّازَاتُ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ قَالَ : وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ

کاتێك بۆ ئاسمانەکان بەرزکرامەوە، بەلای پیاوانێك تێپەڕ بووم بە چڕنووکی ئاگرین پێستیان لێ دەکرایەوە، گوتم ئەی جبرایل ئەم پیاوانە کێن؟ گوتی ئەوانە پیاوانێکن کە لە دونیا بۆ جوانی خۆیان جوان دەکرد. ئینجا بە لای چاڵێکی بۆن بۆگەن تێپەڕ بووم و گوێم لە قیژەقیژ بوو، گوتم ئەی جبرایل ئەوانە کێن؟ گوتی ئەوانە ژنانێکن کە لە دونیا خۆیان دەڕازاندەوە و جوان دەکرد لە کاتێکدا بۆیان حلال نییە خۆیان جوان بکەن، ئینجا بەلای ژنانێك و پیاوانێك تێپەڕ بووم کە بە مەمکەکانیان هەڵواسرابوون، گوتم ئەی جبرایل ئەوانە کێن؟ گوتی ئەوانە ژنان و پیاوانی بوختانکەر و لەکەدارکەرن، هەروەك الله گوتوویەتی واوەیلا لە هەموو بوختانکەرێکی لەکەدارکەر.

## ئایەتی ٤-٥

کَلاَّ لَيُنبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ، وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ

ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام، تووڕە دەبێت و دەڵێت:

نەخێر هەر دەبێت فڕێ بدەمەوە ناو "حطمة" پلیقێنەر، وە ئەی محمد تۆ چوزانیت پلیقێنەر "حطمة" چییە؟

(الْحَطْمُ) واتە شکان، " الْحُطَمَةِ" شکێنەر واتە پلیقێنەر.

وە " الْحُطَمَةِ" ناوێکە لە ناوەکانی دۆزەخ.

واتە ئەو کەسەی کە بوختانکەرە و لەکەدارکەرە وە سامان کۆدەکاتەوە، فڕێ دەدرێتە "الحطمة" دۆزەخەوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

سُمِّيَتْ بِذَلِكَ لِأَنَّهَا تَكْسِرُ كُلَّ مَا يُلْقَى فِيهَا وَتُحَطِّمُهُ وَتُهَشِّمُهُ

پێی دەگوترێت "الحطمة"، چونکە هەموو شتێك کە فڕێ دەدرێتە ناویەوە، تێکیدەشکێنێت و ووردوخاشی دەکات و دەیکات بە پووشوپەڵاش.

وە القرطبی دەڵێت:

وَهِيَ الطَّبَقَةُ السَّادِسَةُ مِنْ طَبَقَاتِ جَهَنَّمَ (وە الحطمة چینی شەشەمی دۆزەخە)

وَحَكَى الْقُشَيْرِيُّ عَنْهُ: الْحُطَمَةُ الدَّرَكَةُ الثَّانِيَةُ مِنْ دَرَكِ النَّارِ

بەڵام القشيری گوتوویەتی، چینی دووەمی دۆزەخە.

بەڵام السيوطی لە الدر المثور دەڵێت، الحسين بن واقد گوتوویەتی "الحطمة" دەرگایەکە لە دەرگاکانی دۆزەخ.

لە ئیسلامدا دۆزەخ:

یەکەم: ٧ ناوی هەیە "جحیم ، جهنم، حطمة، سقر، لظی، سعیر، هاویة".

دووەم: ٧ دەرگای هەیە.

ئایەتی ٤٤، سوورەتی الحجر، دەڵێت:

لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ

دۆزەخ ٧ دەرگای هەیە، وە هەر دەرگایەك بەشەکانی دابەش کراون.

سێهەم: ٧ چیینە.

مونافیقەکان "دووڕووەکان" لە چینی خوارخوارەوەدا دەبن، وەك ئایەتی ١٤٥ سوورەتی النساء دەڵێت:

إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ

ابن کثير دەڵێت، الضحاك گوتوویەتی: چینێك بۆ جووەکان و چینێك بۆ مەسیحیەکان و چینێك بۆ ئاگرپەرستەکان و چینێك بۆ سائیبەکان و چینێك بۆ موشریکەکانی عەرەب و چینێك بۆ مونافیقەکان و چینێك بۆ تەوحیدیەکان"موسڵمانان".

لە تأریخ البخاری و جامع الترمذی، فەرموودەیەك هاتووە، کە محمد دەڵێت:

جَهَنَّمَ سَبْعَةُ أَبْوَابٍ بَابٌ مِنْهَا لِمَنْ سَلَّ السَّيْفَ عَلَى أُمَّتِي

دۆزەخ ٧ دەرگای هەیە، دەرگایەك بۆ ئەو کەسانەیە کە شمشێریان لە میللەتەکەم دەرهێناوە.

دەرگایەك بۆ کەسانێك کە شمشێریان لە میللەتەکەی محمد، واتە لە موسڵمانان دەرهێناوە. کەواتە ئەوانەی لە عوسمان هەڵگەڕانەوە و کوشتیان، وە ئەوانەی

بەشدار بوون لە شەڕی وشتر، بە عائیشە و طلحە و الزبیر و علی و ئەو هەزارەها کەسەی کە کوژران، وە ئەوانەی بەشدار بوون لە شەری"الصفین" بە علی و معاویة و ئەو هەزارەها کەسەی کە بەشدار بوون و کوژران هتد.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، دەڵێت، علی کوڕی ابي طالب گوتوویەتی

چینی خوارەی دۆزەخ "جهنم"ە و لەسەرەوەی "الحطمة"یە، وە لە سەرەوەیدا"السقر"ە، وە لە سەرەوەیدا"الجحيم"ە، وە لە سەرەوەیدا"لظی"یە، وە لە سەرەوەیدا"السعیر"ە وە لەسەریدا"الهاوية"یە، وە هەر چینێك لە چاو ئەوەی سەرەوەتری ٧٠ جار گەرمترە.

لە ڕاستیدا موسڵمانە دووڕووەکان، لە چینی خوارخوارەوەی دۆزەخدا دەبن.

موسڵمانە دووڕووەکان، ئەوانەن کەبەشێکی ئیسلامیان قبووڵە و بەشێکیان قبووڵ نییە، بۆ نموونە وەك قورئانیەکان. یان ئەوانەن کە هەندێك فەرموودەی قێزەوەن ڕەت دەکەنەوە، یان نکۆڵی لێ دەکەن ،وەك زۆربەی موسڵمانانی کورد.

گرنگ، موسڵمانە مونافیقەکان لە چینی ژێر ژێرەوە دۆزەخ دەبن، وە کافرەکان چینێك لە سەرەوەی مونافیقەکان دەبن.

## ئایەتی ٦-٩

لە وەڵامی پرسیاری (وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ)واتە (وە تۆ چوزانیت پلیقێنەر چییە) اللهی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ٦-٩ دەڵێت:

نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ، الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الأَفْئِدَةِ، إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ، فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ

ئاگری اللهی هەڵگیرساوە، کە گڕی ئاگرەکە ڕووی کردۆتە دڵەکان، وە ئاگرەکە چواردەورەیانی داوە، لە شێوەی ستوونی درێژکراوە (واتە ئاگرەکە بە شێوەی ستوونی بەرزە).

سەبارەت بە ئایەتی (إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ)، الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

أي مُطْبَقة، أطبقها الله عليهم، فلا ضوء فيها ولا فرج، ولا خروج منها آخر الأبد

واتە بەسەریاندا داخراوە، الله بەسەریانیدا داخستووە، نە ڕووناکی تێدایە وە نە دەرچە، وە تاکو ئەبەد لێی دەرناچن.

سەیری ئەم گاڵتەجاریە بکەن، لە ناو ئاگردان، بەڵام ڕووناکی بۆ ناچێت؟!!!

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت: أُطبقت الأبواب علیهم، ثم شُدَّت بأوتادٍ من حدید

واتە دەرگاکانیان بەسەردا داخراوە، ئینجا دەرگاکان بە کۆت و زنجیری ئاسنین بەستراوەتەوە.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٣٣)

## سووره‌تی المرسلات(نێردراوه‌كان)

**١-وَالْمُرْسَلاتِ عُرْفًا**

سوێند به‌وانه‌ی به‌دوای یه‌كه‌وه نێردراون.

**٢-فَالْعَاصِفَاتِ عَصْفًا**

وه سوێند به‌و بایانه‌ی به‌هه‌ڵكردن هه‌ڵده‌كه‌ن.

**٣-وَالنَّاشِرَاتِ نَشْرًا**

وه سوێند به‌وانه‌ی بڵاوده‌كه‌نه‌وه به بڵاوكردن.

**٤-فَالْفَارِقَاتِ فَرْقًا**

وه سوێند به‌وانه‌ی داده‌بڕێن به دابڕاندن.

**٥-فَالْمُلْقِيَاتِ ذِكْرًا**

وه سوێند به‌وانه‌ی یادكردنه‌وه‌ی(الله) ده‌خه‌نه (دڵه‌كانه‌وه).

**٦-عُذْرًا أَوْ نُذْرًا**

وه‌ك ئاگاداری یان هۆشیاریدان.

**٧-إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَاقِعٌ**

له ڕاستیدا ئه‌وه‌ی سۆزتان پێدراوه به دڵنیاییه‌وه دێته دی.

**٨-فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ**

جا كاتێك ئه‌ستێره‌كان كوژانه‌وه.

**٩-وَإِذَا السَّمَاء فُرِجَتْ**

وه كاتێك ئاسمان كون بوو.

**١٠-وَإِذَا الْجِبَالُ نُسِفَتْ**

وه كاتێك چیاكان تەفرووتوونا بوون.

**١١-وَإِذَا الرُّسُلُ أُقِّتَتْ**

وه كاتێك نێردراوەكان كاتیان بۆ دانرا.

**١٢-لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ**

بۆ چ ڕۆژێك دواخرا.

**١٣-لِيَوْمِ الْفَصْلِ**

بۆ ڕۆژی جیاكاكردنەوە.

**١٤-وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الْفَصْلِ**

وه تۆ چووزانیت ڕۆژی جیاكردنەوە چییە؟

**١٥-وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژە واوەیلایە لە نكۆڵیكەران.

**١٦-أَلَمْ نُهْلِكِ الأَوَّلِينَ**

ئەی ئەوانەی پێشوومان قڕ نەكرد و لەناونەبرد؟

**١٧-ثُمَّ نُتْبِعُهُمُ الآخِرِينَ**

ئینجا لە دواییاندا ئەوانەی تریش.

**١٨-كَذَلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ**

بەم شێوەیە دەكەین لەگەڵ تاوانباران.

**١٩-وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژە واوەیلایە لە نكۆڵیكەران.

**٢٠-أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّاء مَّهِينٍ**

ئەی ئێوەمان لە ئاوێکی قێزەوەن (تۆواو) درووست نەکرد؟

**٢١-فَجَعَلْنَاهُ فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ**

ئینجا کردمانە شوێنێکی پتەو(منداڵدان)

**٢٢-إِلَى قَدَرٍ مَّعْلُومٍ**

بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

**٢٣-فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ الْقَادِرُونَ**

ئەوەبوو دیاریمان کرد، وە ئێمە باشترین توانادارین.

**٢٤-وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

**٢٥-أَلَمْ نَجْعَلِ الأَرْضَ كِفَاتًا**

ئەی ئێمە زەویمان نەکردووە بە مۆڵگە؟

**٢٦-أَحْيَاء وَأَمْوَاتًا**

(بۆ) زیندووەکان و مردووەکان

**٢٧-وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ شَامِخَاتٍ وَأَسْقَيْنَاكُم مَّاء فُرَاتًا**

وە چیای مەزنمان تیادا نەچەسپاندووە و ئاوی سازگارمان دەرخواردتان نەداوە؟

**٢٨-وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

**٢٩-انطَلِقُوا إِلَى مَا كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ**

بڕۆن بەرەو ئەوەی کە نکۆڵیتان لێ دەکرد (دۆزەخ).

٣٠-**انطَلِقُوا إِلَى ظِلٍّ ذِي ثَلاثِ شُعَبٍ**

برۆن بۆ سیبەری دووکەڵێکی سێ ڕێچکە.

٣١-**لا ظَلِيلٍ وَلا يُغْنِي مِنَ اللَّهَبِ**

نە سێبەری هەیە، وە نە دەیپارێزێت لە بڵێسە (ئاگر).

٣٢-**إِنَّهَا تَرْمِي بِشَرَرٍ كَالْقَصْرِ**

لە ڕاستیدا پڕوشکە دەهاوێژێت کە بەقە کۆشکوتەلارێکە.

٣٣-**كَأَنَّهُ جِمَالَتٌ صُفْرٌ**

وەك ئەوەی وشترانێکی زەردن.

٣٤-**وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

٣٥-**هَذَا يَوْمُ لا يَنطِقُونَ**

لەم ڕۆژەدا قسە ناکەن.

٣٦-**وَلا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ**

وە لەم ڕۆژەدا مۆڵەتیان نادرێت کە پاساو بێینەوە.

٣٧-**وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

٣٨-**هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالأَوَّلِينَ**

ئەمڕۆ ڕۆژی جیاکردنەوەیە، ئێوە و ئەوانەی پێشوومان کۆکردۆتەوە.

٣٩-**فَإِن كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ**

جا ئەگەر تەلەکەبازیەکتان هەیە ئەوا بیکەن.

٤٠-**وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

**٤١-إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي ظِلَالٍ وَعُيُونٍ**

خوداپەرستان لە سێبەر و کانیاون.

**٤٢-وَفَوَاكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ**

وە میوە ئەوەی ئارەزوو دەکەن.

**٤٣-كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ**

بخۆن و بخۆنەوە نۆشتان بێت، بەهۆی ئەو کارانەی دەتانکردن.

**٤٤-إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ**

لە ڕاستیدا ئێمە بەم شێوەیە پاداشتی پیاوچاکان دەدەینەوە.

**٤٥-وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

**٤٦-كُلُوا وَتَمَتَّعُوا قَلِيلا إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ**

بخۆن و خۆشی بکەن بۆ ماوەیەکی کەم، لە ڕاستیدا ئێوە تاوانبارن.

**٤٧-وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

**٤٨-وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ارْكَعُوا لا يَرْكَعُونَ**

وە کاتێك پێیان دەگوترێت کڕنۆش ببەن کڕنۆش نابەن.

**٤٩-وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ**

لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

**٥٠-فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ**

دەکەواتە لە دوای ئەم قسەیە، بە کامە قسە بڕوا دەکەن؟

# شرۆڤە و تێبینی

سەرتاپای ئەم سوورەتە سەجەعە، شێوازی سەجەعی جادووگەران.

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، لە پێنج ئایەتی یەکەمدا سوێند بە پێنج شت دەخوات، کە کەس نازانێت ئەم شتانە چین و مانایان چییە.

## ئایەتی ١

وَالْمُرْسَلاتِ عُرْفًا

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت, سەبارەت بەم ئایەتە چوار بۆچوون هەیە:

یەکەم: واتە )با) کە بەدوای یەکدا دێن ( ابن عباس و ابن مسعود، مجاهد و قتادة).

دووەم: فریشتەن کە نێردراون بە فەرمان کردن بە باشە و نەهی کردن لە خراپە(ابن مسعود ، ابو هريرة و مقاتل و الفراء).

سێهەم: پێغەمبەران کە بە موعجیزەوە نێردراون (ابي صالح).

چوارەم: فریشتە و (با)یە (ابو عبيدة).

سەیری ئەم گاڵتەجاریەتان کردووە؟ بۆچوونەکان بە قەد دووری نێوان ئاسمان و زەوی لەیەکەوە دوورن.

## ئایەتی ٢

فَالْعَاصِفَاتِ عَصْفًا

وە سوێند بەوانەی کە هەڵدەکەن بە هەڵکردن.

الطبری دەڵێت، واتە سوێند بەو بایانەی کە بە خێرایي و بە توونڍی هەڵدەکەن،

خۆشبەختانە ناکۆکی نییە سەبارەت بەم ئایەتە.

## ئایەتی ٣

وَالنَّاشِرَاتِ نَشْرًا

وە سوێند بە پەرشوبڵاوە پێکردنیان، کە پەرشووبڵاوەی پێ دەکەن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، پێنج بۆچوون سەبارەت بەم ئایەتە هەیە:

یەکەم: بایەکە کە بە خێرایی هەڵدەکات.

دووەم: فریشتەکانن کە نووسراوەکان دەکەنەوە.

سێهەم: پەڕاون لای اللە دەکرێنەوە، سەبارەت بە کار و کردەوەی بەندەکان.

چوارەم: زیندووبوونەوە لە ڕۆژی قیامەت کە ڕۆحەکان دەگەڕێندرێنەوە لاشەکان.

پێنجەم: بارانە کە دەبێت هۆی ڕوانی ڕوەك و گژ و گیا.

## ئایەتی ٤

فَالْفَارِقَاتِ فَرْقًا

وە سوێند بەوانەی کە جیایان دەکەنەوە بۆ کۆمەڵەی جیا.

ابن الجوزی دەڵێت، چوار بۆچوون هەیە:

یەکەم: فریشتەن کە هەق و باتڵ لە یەك جیادەکەنەوە (ئەوە تێڕوانینی زۆربەی شرۆڤەکەرانە).

دووەم: قورئان کە حرام و حەڵاڵی لێك جیاکردۆتەوە.

سێهەم: بایە، کە هەورەکان لە یەك جیادەکاتەوە و پەرشوبڵاوەیان پێ دەکات.

چوارەم: پەیامنێرانن.

## ئایەتی ٥-٦

فَالْمُلْقِيَاتِ ذِكْرًا، عُذْرًا أَوْ نُذْرًا

وە سوێند بەوانەی "ذکر" دەگەیەنن، بۆ ئاگادارکردنەوە یان هۆشیاری دان.

ابن الجوزی، سەبارەت (فَالْمُلْقِيَاتِ) دەڵێت، بۆ ماناکەی دوو بۆچوون هەیە:

یەکەم: فریشتەکانن کە وەحی دەگەیەنن بە پێغەمبەران.

دووەم: پێغەمبەرانن کە پەیام دەگەیەنن بە میللەتەکەیان.

## ئایەتی ٧

لە وەڵامی سوێندەکان اللەی ئیسلام دەڵێت:

إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَوَاقِعٌ

لە ڕاستیدا ئەوەی بەڵێنتان پێ دراوە بە دڵنیاییەوە ڕوودەدات.

واتە ڕۆژی قیامەت و زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە هەر ڕوودەدات.

## ئایەتی ٨-١٠

فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ

وَإِذَا السَّمَاء فُرِجَتْ

وَإِذَا الْجِبَالُ نُسِفَتْ

اللەی ئیسلام، پێمان دەڵێت، کەی ڕۆژی قیامەت ڕوودەدات؟ و دەڵێت:

هەرکاتێك ئەستێرەکان کوژانەوە و ئاسمان کون بوو و چیاکان وردووخاش بوون.

لە ڕوانگەی قورئان، وەك لە سوورەتەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکرد، ئەستێرەکان چراخانن، هەرکاتێك اللە ئارەزوو بکات فووێکیان لێ دەکات و دەیانکوژێنێتەوە.

وە ئاسمان لە ڕوانگەی قورئان، سەقف و بنمیچە، هەرکاتێك اللە ئارەزوو بکات کونێکی لێ دەکات (بگەڕێوە بۆ سوورەتەکانی پێشوو).

وە کاتێك چیاکان وردووخاش بوون و بوون بە تەپووتۆز.

الطبری، سەبارەت بە ئایەتی (فَإِذَا النُّجُومُ طُمِسَتْ) دەڵێت، واتە کاتێك ئەستێرەکان ڕووناکیان نەما، نە ڕووناکی وە نە ترووسکاییان مایەوە.

وە سەبارەت بە ئایەتی ( وَإِذَا السَّمَاءُ فُرِجَتْ) الطبری و ابن کثیرو القرطبی دەڵێن، واتە کاتێك ئاسمان درزی بردوو و کون بوو.

## ئایەتی ١١-١٢

وَإِذَا الرُّسُلُ أُقِّتَتْ

لِأَيِّ يَوْمٍ أُجِّلَتْ

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە کاتێك پێغەمبەران، لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژی قیامەت کۆکرانەوە،

دواتر هەر خۆی پرسیار دەکات و دەڵێت:

بۆ چ ڕۆژێك کۆکردنەوەیان دواخراوە؟

## ئایەتی ١٣-١٤

لِيَوْمِ الْفَصْلِ

وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الْفَصْلِ

دەڵێت ،کۆکردنەوەیان دواخراوە بۆ ڕۆژی جیاکردنەوە، ( ڕۆژی قیامەت کە لەم ڕۆژەدا باوەڕداران و بێباوەڕان لێك جیادەکرێنەوە).

ئینجا دەڵێت: وە تۆ ئەی محمد چوزانیت ڕۆژی جیاکردنەوە چییە؟

## ئایەتی ١٥

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: لەم ڕۆژەدا قوڕبەسەر ئەوانەی نکۆڵیان لە ڕۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە دەکرد.

لەم سورەتە، ١٠ جار (وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ) دووبارە بۆتەوە.

## ئایەتی ١٦-١٩

أَلَمْ نُهْلِكِ الأَوَّلِينَ، ثُمَّ نُتْبِعُهُمُ الآخِرِينَ، كَذَلِكَ نَفْعَلُ بِالْمُجْرِمِينَ، وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی چەندەها نەتەوە و میللەتی پێشوومان لە ناونەبرد و قڕ نەکرد، ئینجا دوای ئەوانە، میللەتان و نەتەوەکانی دواترمان لەناوبرد و قڕ کرد، ئێمە ئاوا دەکەین لە تاوانباران (تاوانباران واتە ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە بە الله اكبر).

ئینجا لە ئایەتی ١٩ دەڵێت: لە ڕۆژی قیامەت قوڕ بەسەر ئەوانەی نکۆڵیان دەکرد لە ڕۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە.

## ئایەتی ٢٠-٢٢

أَلَمْ نَخْلُقكُّم مِّن مَّاء مَّهِينٍ، فَجَعَلْنَاهُ فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ، إِلَى قَدَرٍ مَّعْلُومٍ

ئینجا دەڵێت: ئەی ئێوەمان لە ئاوێکی قێزەوەن (تۆواو) درووست نەکرد؟ ئینجا ئەو ئاوەمان نەکردە شوێنێکی پتەو (منداڵدان) بۆ کات و ماوەیەکی دیاریکراو؟

(إِلَى قَدَرٍ مَّعْلُومٍ)، واتە تا ئەوکاتەی لەدایك دەبێت.

## ئایەتی ٢٣-٢٤

فَقَدَرْنَا فَنِعْمَ الْقَادِرُونَ

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

اللهی عەرەب و ئیسلام، لە ئایەتی ٢٣ بە خۆیدا هەڵدەدات و دەڵێت:

ئەوەبوو ئێمە دیاریمان کرد (ماوەی دووگیان بوون) وە ئێمە باشترین توانامان لە دیاریکردنی هەیە .

ئینجا بۆ جاری سێهەم دەڵێت: قوڕ بەسەر ئەوانەی نکۆڵیان لە ڕۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە دەکرد.

## ئایەتی ٢٥-٢٨

أَلَمْ نَجْعَلِ الأَرْضَ كِفَاتًا، أَحْيَاء وَأَمْوَاتًا، وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ شَامِخَاتٍ وَأَسْقَيْنَاكُم مَّاء فُرَاتًا، وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

ئینجا پرسیارێکی تر دەکات و دەڵێت:

ئەی ئێمە زەویمان نەکردووە بە مۆڵگەتان بۆ زیندووەکانتان و مردووەکانتان؟ وە چیای بەرزمان لە زەویدا چەقاندووە و ئاوی سازگارمان دەرخواردتان داوە.

ئینجا بۆ جاری چوارەم دەڵێت: قورِ بەسەر ئەوانەی نکۆڵیان لە ڕۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە دەکرد.

تێبینییەك: ئەگەر لە داهاتوو مرۆڤ لە مەریخ یان هەر هەسارێکی تر نیشتەجێ بوو، وە لەوێدا مرد و لە گۆڕ نرا ، ئەوا الله لە ڕۆژی قیامەت زیندووی ناکاتەوە، چونکە ئەم ئایەتە زۆر ڕوونە کە دەڵێت زەویمان بۆ مرۆڤ کردووە بە مۆڵگەیەك بۆ زیندووەکان و مردووەکان.

(کفات) لە زمانی عەرەبی بە مانای زبڵدان و توالێت دێت.

القرطبی دەڵێت: دەڵێن زەوی"کفات"ی زیندووەکانە، واتە شوێنی لە چاڵنانی پاشماوە و  پیسایی مرۆڤ.

لە صحیح مسلم، فەرمودەیەك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

سَيْحَانُ وَجَيْحَانُ وَالْفُرَاتُ وَالنِّيلُ كُلٌّ مِنْ أَنْهَارِ الْجَنَّةِ

واتە، سیحان و جیحان و فورات و نیل لە ڕووبارەکانی بەهەشتن. واتە سەرچاوەکانیان لە بەهەشتەوەیە و لە بەهەشتەوە هەڵدەقوڵێن.

محمد ئەم ناوانەی بە بەدحاڵی بوونەوە لە پەرتووکی پیرۆز(تەورات) وەرگرتووە. لە پەرتووکی پیرۆز "سفر التكوين" بەشی ٢ دەقی ١٠-١٤ هاتووە:

وە ڕوبارێك لە باخچەی عەدن دەردەچوو بۆ ئاودانی باخچەکە، وە لە وێوە دابەش دەبوو بۆ چوار ڕوبار: فیشون و جیحون و حداقل و فرات.

# ئایەتی ٢٩-٣٤

انطَلِقُوا إِلَى مَا كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ، انطَلِقُوا إِلَى ظِلٍّ ذِي ثَلاثِ شُعَبٍ، لا ظَلِيلٍ وَلا يُغْنِي مِنَ اللَّهَبِ، إِنَّهَا تَرْمِي بِشَرَرٍ كَالْقَصْرِ، كَأَنَّهُ جِمَالَتٌ صُفْرٌ، وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام،، بەم کەسانە دەڵێت کە نکۆڵیان دەکرد لە ڕۆژی زیندووبوونەوە:

برۆن بەرەو دۆزەخ کە نکۆڵیتان لە بوونی دەکرد، برۆن بەرەو سێبەرێك کە ٣ رێچکەی هەیە، بەڵام نە سێبەری هەیە، وە نە لە گڕوبلێسەکەی دەتانپارێزێت، وە پڕوشکەی ئاگرەکە بەقەد کۆشك و تەلارێکە، وەك ئەوەی وشترێکی زەرد بێت.

ئینجا بۆ جاری پێنجەم دەڵێت: قور بەسەر ئەوانەی نکۆڵیان لە ڕۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە دەکرد.

( ظِلٍّ ذِي ثَلاثِ شُعَبٍ)، شرۆڤەکاران ناکۆکیان هەیە سەبارەت بە مانای ئەم دەقە، بەڵام زۆربەیان دەڵێن: واتە دوکەڵێك کاتێك بەرزدەبێتەوە، بە ٣ بەش و تۆپەڵە دوکەڵ دەبێت.

نووسەری قورئان، لە وەرزە سەرما و سۆڵەکان بینیویەتی، ماڵەکان لە شام بۆ خۆم گەرمکردنەوە، ئاگردان لە ماڵەکانیان و دوکەڵکێش لە سەربانەکانیان هەیە کە دوکەڵی لێ دێتە دەرەوە، لەسەر بنەمای ئەوە دەقێکی قورئانی نووسیووە.

(شُعَب) لە زمانی عەرەبی واتە ڕێچکە.

(ظِلٍّ ذِي ثَلاثِ شُعَبٍ) واتە سێبەرێك کە ٣ ڕێچکەی هەبێت. ئەم دەقە مانای چییە؟ بەتایبەتی ئاماژەی بە ژمارە ٣ کردووە؟

نووسەری قورئان زیندووبێتەوە ، نازانێت ماناکەی چییە.

الجلالين (دوو جلالەکە السيوطی و المحلی) لە "تفسیرەکەیان" دەڵێن، واتە دوکەڵی دۆزەخ کاتێك بەرزدەبێتەوە، بەش دەبێت و دەبێت بە ٣ بەش.

ئاگری دۆزەخ دوکەڵی هەیە!!!! الله پەی بە تەکنۆلۆجیای سەردەم نەبردووە. بۆ ئاگری دۆزەخ ،سووتەمەنی چەرخە دێرینەکان بەکاردەهێنێت، وەك دار، لەبەر ئەوە دۆزەخ دووکەڵی هەیە.

لە ئایەتی ٤ سوورەتی المسد هاتووە:

وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ

وە ژنەکەی ابو لهب (ام جمیل) دار دەکێشێت بۆ ئاگری دۆزەخ.

وە ئایەتی ٦ سوورەتی التحريم دەڵێت:

قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ

خۆتان و خانەوادەکەتان لە ئاگرێك بپارێزن، کە سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردن.

ڕەنگ بێت مەبەستی بەردی کبریتی بێت، کە لە پەرتووکی پیرۆز پەیمانی نوێ (پەرتوکی ڕۆیا) هاتووە دەڵێت:

بحيرة النار المتقدة بالكبريت

دۆزەخ دەریاچەیەکی ئاگرە کە بە کبریت گڕی گرتووە.

وە قورئان ئەم دەقەی وەرگرتووە و لە ئایەتی ٦ سوورەتی الطور دەڵێت:

وَالْبَحْرِ الْمَسْجُورِ (سوێند بە دەریای گڕگرتوو).

وە بە حوکمی ئەوەی سووتەمەنی دۆزەخی اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، دار و بەردە (کبریت)، ئەوا دۆزەخ دووکەڵێکی زۆری دەبێت. وە ئەم دووکەڵە پەنگ دەخواتەوە ئەگەر دوکەڵکێشی نەبێت بۆ بەرزبوونەوە و دەرچوونی دوکەڵەکە، لەبەر ئەوە اللّٰە ٣ دوکەڵکێشی لە بنمیچی دۆزەخ درووست کردووە، بۆ ئەوەی دوکەڵەکە بێتە دەرەوە، وەکاتێك دێتە دەرەوە دوکەڵەکە لەت دەبێت و دەبێت بە ٣ بەشەوە.

وە ئاگرەکە بە ڕادەیەك گەورە و زەبەلاحە کە پڕوشك دەهاوێژێ، وە هەر پڕوشکێکی بەقەد کۆشکوتەلارێکە یان وشترێکی زەردە.

ئینجا دەڵێت: قوڕتان بەسەر، ئەوە نکۆڵیتان لەم ڕۆژە دەکرد؟

## ئایەتی ٣٥-٣٧

هَذَا يَوْمُ لا يَنطِقُونَ، وَلا يُؤْذَنُ لَهُمْ فَيَعْتَذِرُونَ

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

ئینجا دەڵێت: لەم ڕۆژەدا، کافرەکان قسە ناکەن، وە مۆڵەتیان نادرێتی قسە بکەن و داوای لێبووردن بکەن یان پاساو بهێننەوە، قوڕ بەسەر ئەوانەی نکۆڵیان لەم ڕۆژە دەکرد.

ئایەتی ٣٦ هەڵەیەکی تێدایە، چونکە دەڵێت: وە مۆڵەتیان نادرێت (قسە بکەن ئینجا پاساوبێننەوە.

دەبوایە بنوسرێت: وَلا يُؤْذَنُ لَهُمْ لِيَعْتَذِرُونَ ( مۆڵەتیان پێ نادرێت قسە بکەن بۆ ئەوەی پاساو بێننەوە یان داوای لێبوردن بکەن).

ئینجا اللّٰهی عەرەب و ئیسلام بۆ جاری شەشەم دەڵێت: لەم ڕۆژەدا قوڕ بەسەر ئەوانەی نکۆڵیان لەم ڕۆژە دەکرد.

ئایەتی ٣٥ دەڵێت، لە ڕۆژی قیامەت مۆڵەت نادرێت بە کافرەکان قسە بکەن.

وە ئایەتی ٦٥ سوورەتی یس دەڵێت:

الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَىٰ أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُم

لەم ڕۆژە (ڕۆژی قیامەت) دەمەکانیان دەگرین و دەستەکانیان قسەمان بۆ دەکەن و پێکانیان شایەتیمان بۆ دەدەن.

بەڵام چەند ئایەتێك لە قورئاندا هەن کە دەڵێن کافرەکان قسە دەکەن:

ئایەتی ١٩ سوورەتی فصلت:

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا رَبَّنَا أَرِنَا اللَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا

وە کافرەکان گوتیان: خوداکەمان ئەوانەمان نیشان بدە لە جنۆکە و مرۆڤ کە ئێمەیان گومڕا کرد، بۆ ئەوەی بیانخەینە ژێر پێکانمانەوە.

بەڵام ئایەتی ٢١ سوورەتی فصلت:

وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا

بە پێستەکانیان گوت: بۆچی شایەتیتان لەسەرمان دا؟

ئایەتی ٢٣ سوورەتی الانعام:

قَالُوا وَاللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ

موشریکەکان گوتیان، سوێند بە اللّٰه خوداکەمان ئێمە موشریك نەبووین.

ئێستا نەمانزانی کافر و موشریکەکان لە ڕۆژی قیامەت دەمیان دەگیرێت و مۆڵەتیان پێ نادرێت قسە بکەن، وە یان قسە دەکەن؟

والله اعلم.

## ئایەتی ٣٨-٤٠

هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالأَوَّلِينَ

فَإِن كَانَ لَكُمْ كَيْدٌ فَكِيدُونِ

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

ئینجا دەڵێت: ئەم ڕۆژە، ڕۆژی جیاکردنەوە، ئێوەمان کۆکردۆتەوە، وە میللەتانی پێش ئێوە. وە ئەگەر تەلەکەبازیەکتان هەیە فەرموو بیکەن،

ئینجا بۆ جاری حەوتەم دەڵێت: قور بەسەر ئەوانەی نکۆڵیان دەکرد.،

(يَوْمُ الْفَصْلِ) (ڕۆژی جیاکردنەوە) لە نیوان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵ ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە.

اللهی عەرەب و ئیسلام خودایەکی زۆر سەمەرەیە. یانی چۆن ئەگەر تەلەکەبازی و فرتووفێڵێکتان هەیە بیکەن؟!!!!

## ئایەتی ٤١-٤٥

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي ظِلالٍ وَعُيُونٍ، وَفَوَاكِهَ مِمَّا يَشْتَهُونَ، كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ، إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ، وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

ئینجا ئاماژە بە باوەڕداران دەکات و دەڵێت: خوداناسان لە سێبەر و کانیاوەکانن، وە هەر میوەیەك کە ئارەزوو دەکەن دەخۆن، وە (الله پێیان دەڵێت) بخۆن و بخۆنەوە ، نۆشتان بێت، بە هۆی ئەو کارانەی (کاری باش) کە دەتانکرد، وە لە ڕاستیدا ئێمە بەم شێوەیە پاداشتی پیاوچاکان دەدەینەوە.

ئینجا بۆ جاری هەشتەم دەڵێت: قوڕ بە سەر ئەوانەی نکۆڵیان دەکرد.

# ئایەتی ٤٦-٤٩

كُلُوا وَتَمَتَّعُوا قَلِيلا إِنَّكُم مُّجْرِمُونَ

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ارْكَعُوا لا يَرْكَعُونَ

وَيْلٌ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُكَذِّبِينَ

ئینجا سەبارەت بە کافرەکان دەڵێت: (لەم ژیانەتان) بۆ ماوەیەکی کەم بخۆن و خۆشی بکەن ئێوە ئەی تاوانباران، لەم ڕۆژەدا (قیامەت) واوەیلا لە نکۆڵیکەران، وە کاتێك (بە کافرەکان) دەگوترێت کڕنۆش ببەن، ئەوا کڕنۆش نابەن، لەم ڕۆژەدا (قیامەت) واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

اللهی عەرەب و ئیسلام، مرۆڤ بە تاوانبار دادەنێت، تەنها لەبەر ئەوە بڕوای پێ ناکەن و پابەندی ئاینەکەی و پێغەمبەرەکەی نابن.

وە بۆ جاری نۆیەم و دەیەم دەڵێت، لەم ڕۆژەدا واوەیلا لە نکۆڵیکەران.

# ئایەتی ٥٠

فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ

دە ئەگەر بەم هەموو قسەیەم بڕوا ناکەن ، ئەی بە چی بڕوا دەکەن؟

من دەڵێم: مارە باب بە هیچ. سەرتاپای قسەی هیچ بوون.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٣٤)

# سوورەتی ق (قاف)

**١-ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ**

قاف و سوێند بەم قورئانە پیرۆزە.

**٢-بَلْ عَجِبُوا أَن جَاءَهُمْ مُنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا شَيْءٌ عَجِيبٌ**

بەڵکو بەلایەنەوە سەیرە کە هوشیاردەرەوەیەکیان لە خودی خۆیان بۆ هاتووە، کافرەکان گوتیان ئەوە شتێکی سەمەرەیە.

**٣-أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ذَلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ**

ئایا کە مردین و بووین بە خۆڵ (زیندوودەبینەوە)، ئەوە گەڕانەوەیکی دوورە؟

**٤-قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ**

ئێمە زانیمان کە زەوی لێیان(لە لاشەیان) کەم دەکات، وە ئێمە پەرتووکێکی پارێزراومان لایە.

**٥-بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَّرِيجٍ**

بەڵکو نکۆڵیان کرد کاتێك هەقیان بۆ هات، ئەوان لە حاڵەتێکی شڵەژاون.

**٦-أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ**

ئایا سەیری ئاسمانی سەرەوەی خۆیانکردووە، چۆن درووستمان کردووە و بە (چراخان) ڕازاندوومانەتەوە، وە هیچ کونێکی تێدا نییە.

**٧-وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ**

وە زەویمان پان و درێژ کردۆتەوە، وە چیامان تیادا چەقاندووە، وە لە هەموو ڕووەکێك جووتێکی نایابمان تیادا ڕواندووە.

**٨-تَبْصِرَةً وَذِكْرَى لِكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ**

بۆ بینایی و وەبیرهێناوەیەك، بۆ هەموو بەندەیەك ئارەزوو بگەڕێتەوە.

**٩-وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاء مُّبَارَكًا فَأَنبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ**

وە لە ئاسمان ئاوێکی پیرۆزمان دابەزاندووە، کە باخچەکانمان بەهۆیەوە ڕواندووە، وە دانەوێڵە درەو بکرێت.

**١٠-وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ**

وە دارخورمای بەرز، کە بە تۆپەڵ هێشووی هەیە.

**١١-رِزْقًا لِّلْعِبَادِ وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ الْخُرُوجُ**

رزقێکە بۆ بەندەکان، وە زێدێکی مردوومان پێی ژیاندەوە، وە دەرهێنان بەم شێوەیەیە.

**١٢-كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَابُ الرَّسِّ وَثَمُودُ**

لە پێشیاندا قەومی نوح و یاوەرانی ڕەس و ثەمود نکۆڵیان کرد.

**١٣-وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَانُ لُوطٍ**

وە عاد و فیرعەونن و براکانی لوط.

**١٤-وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ**

وە خاوەنانی ئەیکە و قەومی توبەع، هەر هەموویان نکۆڵیان لە پێغەمبەران کرد، ئینجا بەڵێنەکانم بەسەریاندا هاتە دی.

**١٥-أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الْأَوَّلِ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ**

ئایا بێدەرەتان بووین لە یەکەم دروستکردن، وەیان ئەوان لە شکووگومانن لە دروستکردنێکی نوێ؟

**١٦-وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ**

وە ئێمە مرۆڤمان درووست کردووە و دەزانین کە لە ناخیدا چ خەیاڵێك دەکات، وە ئێمە لێیەوە نزیکترین لە لوولەی خوێنبەری.

**١٧-إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ**

کە جووتێك (فریشتە) بەیەك دەگەن، لە ڕاستە و لە چەپەی دانیشتوون.

**١٨-مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلاَّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ**

هەر ورتەیەك دەربِبڕێت ئەوا لایەتی ڕەقیب و عەتید.

**١٩-وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ**

وە ئازاری مەرگ بە هەق هات، ئەوە بوو کە خۆت لێی لادەدا.

**٢٠-وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ**

وە فوو بە کەڕەنا دەکرێت، ئەوە ڕۆژی بەڵێنپێدراوە.

**٢١-وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ**

وە هەموو خودێك لەگەڵیدا لێخوڕێك و شایەتێك هەیە.

**٢٢-لَقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءَكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ**

تۆ لەمە بێ ئاگا بوویت، ئەوەبوو سەرپۆشمان لەسەرت لادا، وە بینایت لە ئیمرۆدا تیژە و بڕ دەکات.

**٢٣-وَقَالَ قَرِينُهُ هَذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ**

وە هاوەڵەکەی (فریشتە) گوتی، ئەوەی لای منە ئامادەیە.

**٢٤-أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ**

وە هەموو کافرێکی سەرسەختمان خستە دۆزەخەوە.

**٢٥-مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ**

ڕێگری لە چاکە دەکرد و دەستدرێژی دەکرد و شکووگومانی دەهێنایە ئاراوە.

**٢٦-الَّذِي جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ**

ئەوەی کە لەگەڵ الله خودایەکی تری هێنابووە ئاراوە، ئەوەبوو فڕێمان دایە ناو ئەشکەنجەیەکی توند.

**٢٧-قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِن كَانَ فِي ضَلالٍ بَعِيدٍ**

هاوەڵەکەی گوتی، خوداکەمان من توشی سەرپێچیم نەکردووە، بەڵکو خۆی لە گومڕاییەکی دوور بوو.

**٢٨-قَالَ لا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِالْوَعِيدِ**

(الله) گوتی، مشتومڕ لە لای من مەکەن، وە من پێشووتر ئەم بەڵێنەم پێتان ڕاگەیاندبوو.

**٢٩-مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ**

قسە لای من ناگۆڕدرێت، وە من ستەم لە کۆیلە ناکەم.

**٣٠-يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ**

ڕۆژێك بە دۆزەخ دەڵێین ئایا پڕ بوویت؟ دەڵێت ئایا زیاتر هەیە؟

**٣١-وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ**

وە بەهەشت لە خوداپەرستان نزیك بۆتەوە، وە دوور نییە.

**٣٢-هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ**

ئەمە ئەو بەڵێنەیە کە پێتان دراوە، بۆ هەموو گەڕاوەیەك (بۆ لای الله) و خۆپارێزێك.

**٣٣-مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ وَجَاءَ بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ**

ئەوەی بە نادیار لە ڕەحمان ترساوە، وە بە دڵێکی پاکەوە هاتووە.

**٣٤-ادْخُلُوهَا بِسَلامٍ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ**

بە ئاشتیەوە بڕۆنە ناویەوە (بەهەشت)، ئیمڕۆ ڕۆژی نەمریە.

**٣٥-لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ**

هەرچیەکیان بوێت تیایدایە، وە زیاترمان لا دەست دەکەوێت.

**٣٦-وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي الْبِلَادِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ**

وە چەند نەوەمان پێش ئەوانە لەناوبرد و قڕ کرد، ئایا ئەوانە لەوان بەزەبر و توانا تر بوون؟ دە سەیری وڵاتان بکەن هیچ ئاسەوارێکیان ماوە؟

**٣٧-إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ**

لە ڕاستیدا لەمەدا وەبیرهێنانەوە هەیە، بۆ هەر کەسێك دڵی هەبێت، وە یان گوێ بگرێت، وە ئەو شایەتە.

**٣٨-وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ**

وە ئێمە ئاسمانەکان و زەویمان وە ئەوەی نێوانیانمان بە شەش ڕۆژ درووست کردووە، وە تووشی ماندووبوون نەهاتین.

**٣٩-فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ**

(ئەی محمد) ئارام بگرە سەبارەت بەوەی دەیڵێن، وە درووود بۆ شکۆمەندی خوداکەت بکە بەر لە خۆر هەڵاتن و پێش خۆر ئاوابوون.

**٤٠-وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ**

وە لە شەودا و لە کۆتایی کڕنۆشەکانت شکۆمەندیی بکە.

**٤١-وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ**

وە گوێبگرە کە ڕۆژێك بانگیشێك بانگ دەکات لە شوێنێکی نزیك.

**٤٢-يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَٰلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ**

وە ڕۆژێك کە بە ڕاستی گوێیان لە گرمەکە دەبێت، ئەوا ئەو ڕۆژە ڕۆژی دەرچوونە.

**٤٣-إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ**

له ڕاستیدا ئێمه زیدووتان دەکەینەوە و دەتانمرینین، وە گەڕانەوەت بۆ لای ئێمەیە.

**٤٤-يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ**

ڕۆژێك کە زەوی بە هەژان بەسەریاندا لەت دەبێت، ئەوە کۆکردنەوەیە (حەشر) وە بۆ ئێمە ئەم کارە ئاسانە.

**٤٥-نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ**

ئێمە باشتر دەزانین بەوەی دەیلێن، وە تۆ بەسەریاندا زۆرلێکەر نیت، وە هەر کەسێك کە لە بەلێن (ڕۆژی قیامەت) دەترسێت ئەوا تۆ (ئەی محمد) بە قورئان وەبیری بهێنەوە.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١

ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ

سوێند بە قاف و قورئانی پیرۆز.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە پیتی (ق) پێنج بۆچوون هەیە:

یەکەم: سوێندێکە و الله سوێندی پێی خواردووە(ابن عباس).

دووەم: چیایەکە لە لؤلؤی سەوز.

ابن عباس گوتوویەتی: الله چیایەکی درووستکردووە پێی دەگوترێت (قاف)، کە دەورەی زەوی داوە و ڕەگەکانی ڕۆچۆتە ناو ئەو بەردەی زەوی لەسەرە، ئەگەر الله بیەوێت بوومەلەرزە لە گوندێك بهێنێتە ئاراوە، فەرمان بە ڕەگی ئەو چیایە دەکات کە لە تەنیشت گوندەکەیە بجولێت، وە بەم شێوەیە بوومەلەرزە درووست دەبێت.

وە مجاهد گوتوویەتی، چیایەکە دەورەی زەوی داوە.

وە الضحاك گوتوویەتی، چیایەکە لە لۆلۆێکی سەوز کە لێوارەکانی قوبەی ئاسمانی لەسەر وەستاوە، وە سەوزایی ئاسمان بە هۆی ئەم چیایانەوەیە.

سێهەم: چیایەکە لە ئاگر لە ناو دۆزەخ (ابن عباس).

چوارەم: ناوێکە لە ناوەکانی قورئان (قتادة).

پێنجەم: پیتی وشەیەکە، وە ئەمە پێنج قسەی لەسەر هەیە:

١-یەکەم پیتی وشەی "القدير"، "القاهر" و "القريب"ە

٢-یەکەم پیتی وشەی"القدير"ە

٣-یەکەم پیتی وشەی"قضى الامر"ە واتە " بڕیارەکە جێبەجێ بوو"

٤-یەکەم پیتی وشەی"قف عند امرنا ونهينا و لا تَعْدُهُما"واتە لە ئاستی فەرمان و نەهیەکانمان بوەستە و سنووریان مەبەزێنە.

٥-یەکەم پیتی وشەی"قُلْ يا محمد" بڵێ ئەی محمد.

امهات التفاسير (دایکی شرۆڤەکان):

الطبرى لە جامع البيان، القرطبى لە الجامع لاحكام القران، الرازى لە مفاتيح الغيب، ئاماژەیان بەو فەرموودەیەی سەرەوەی ابن عباس کردووە.

الشوكانى لە فتح القدير دەڵێت:

فقال الواحدي قال المفسرون هو اسم جبل يحيط بالدنيا من زبرجد، والسماء مقببة عليه

الواحدى النيسابورى گوتوویەتی، شرۆڤەکەران گوتوویانە (قاف) ناوی چیایەکە لە لۆلۆ کە دەورەی جیهانی داوە، وە قوبەی ئاسمانی لەسەر وەستاوە.

تفاسير اهل السنة (شرۆڤەکانی ئەهلی سونە)

ئەم موفەسیرانە: الفيروزابادى لە "تفسير القران" و السمرقندى لە "بحر العلوم" و الماوردى لە "النكت و العيون" و البغوى لە "معالم التنزيل" ، و ابن عطية لە "المحرر الوجيز"، و ابن عبدالسلام لە "تفسير القران"، الخازن لە "لباب

التأويل"، و الثعالبی له" الجواهر الحسان"، و ابن عادل له "اللباب في علوم الكتاب"، مقاتل بن سليمان له "تفسير القران"، الثعلبی له "الكشف و البيان"، الطبرانی له"التفسير الكبير"، الماتريدی له "تأويلات اهل السنة"، و "تفسير حاشية الصاوی"، و همام الصنعانی له "تفسير عبدالرزاق"، و محمد جمال الدين القاسمی له "محاسن التأويل"، ابن ابي زمنين له "تفسير القران العزيز"، ابي بكر السجستانی له "نزهة القلوب" و الرسعنی الحنبلی له "رموز الكنوز" يەكێك لە شرۆڤەكانيان بۆ (قاف) چيايێكە كە دەورەی زەوی داوە:

هُوَ اسْمُ جَبَلٍ مُحِيطٍ بالدُّنْيَا مِنْ زُبُرْجُدٍ أَخْضَرٍ اخْضَرَّتِ السَّمَاءُ مِنْهُ، وَهُوَ وَرَاءَ الْحِجَاب الَّذِي فِيهِ تَغِيبُ الشَّمْسُ مِنْ وَرَائِهِ بمَسِيرَةِ سَنَةٍ، وَلَيْسَ فِي الأَرْضِ بَلَدٌ إلاَّ وَتَحْتَهَا عِرْقٌ مِنْ عُرُوقِ ذلِكَ الْجَبَلِ، فَإذا أرَادَ اللهُ أنْ يُزَلْزِلَ تِلْكَ الأَرْضَ حَرَّكَ عِرْقَهُ ذلِكَ فَزَلْزَلَ، وَإذا أرَادَ اللهُ بأَهْلِ مَدِينَةٍ هَلاَكاً أمَرَهُ فَحَرَّكَ عِرْقَهُ فَخُسِفَ بهِمْ

ناوی چيايێكە لە لؤلؤی سەوز كە دەورەی دونيای داوە، وە ئاسمان بەهۆيەوە سەوز بووە، وە ئەم چيايانە لە پشت ئەو پەردەيەن كە خۆر لە پشتيەوە ئاوا دەبێت بە دووری ٦٠٠ ساڵ، وە هيچ وڵاتێك لە زەويدا نييە كە ڕەگێك لە ڕەگەكانی ئەم چيايەی لە ژێر نەبێت، وە ئەگەر الله بيەوێت ئەو پارچە زەويە تووشی بوومەلەرزە بكات، ئەوا ڕەگەكەی دەجووڵێنێت بەم شێوەيە بوومەلەرزە ڕوودەدات، وە كاتێك الله بيەوێت خەڵكی شارێك قڕ بكات، فەرمانی پێ دەكات بجووڵێت وە زەويەكە ڕۆدەچێت و لەناو دەچن.

السيوطی لە الدر المنثور دەڵێت : ابن ابي حاتم فەرموودەيەكی ابن عباسی اخراج كردووە كە گوتوويەتی:

خلق الله تعالى من وراء هذه الأرض بحراً محيطاً بها ثم خلق من وراء ذلك جبلاً يقال له { ق } السماء الدنيا مترفرفة عليه، ثم خلق من وراء ذلك الجبل أرضاً مثل تلك الأرض سبع مرات، ثم خلق من وراء ذلك بحراً محيطاً بها، ثم خلق من وراء ذلك جبلاً يقال له ق السماء الثانية مترفرفة عليه حتى عد سبع أرضين وسبعة أبحر وسبعة أجبل وسبع سموات، قال: وذلك قوله{ والبحر يمده من بعده سبعة أبحر } [ئايەتی ٢٧ سورەتی لقمان]

الله له دەورەی ئەم زەویەمان دەریای درووست کردووە، کە دەورەی زەوی داوە. ئینجا له دەورەی ئەم دەریایانه چیای درووست کردووە، پێی
دەگوترێت(قاف)کە ئاسمانی دونیا لەسەری وەستاوە، ئینجا له دەورەی ئەم چیایانه زەویەکی ٧ بە قەد ئەم زەویەمان درووست کردووە، ئینجا له دەورەیدا دەریای درووست کردووە، ئینجا له دەرەوەی ئەم دەریایانه چیای (قاف)ی درووست کردووە کە ئاسمانی دووەمی لەسەر وەستاوە، وە بەم شێوەیە ٧ زەوی هەیە و ٧ دەریا هەیە و ٧ چیا هەیە و ٧ ئاسمان هەیە، وە ئەوە مانای ئایەتی ٢٧ سوورەتی لقمانه کە دەڵێت:وە دەریایەک٧ دەریا پاکپشتی بکەن و ئاوەکەیان برژێننه ناویەوە.

تفسیری شیعەکان( شیعەی ١٢ ئیمامی)

ابراهیم القمي له "تفسیر القران"، و الطبرسی له "مجمع البیان"، الطوسی له "التبیان الجامع"، الفیض الکاشانی له"تفسیر الصافي"، الجنابذی له "بیان السعادة"، و هاشم الحسین البحرانی له "البرهان في تفسیر القران" دەڵێن، چیایەکە کە دەورەی زەوی داوە و ئاسمانی له سەر وەستاوە.

تفسیری شیعه (الزیدیة):

الاعقم له "تفسیر الاعقم" دەڵێت، چیایەکە دەورەی زەوی داوە.

الاباضیة :

الهواری له"تفسیر کتاب الله العزیز"، و اطفیش له "همیان الزاد" باس له هەمان چیا دەکەن کە ناوی (قاف)ە و دەورەی زەوی داوە و قوبەی ئاسمانی لەسەر وەستاوە.

واتە: موفەسیرەکانی سونه  له "امهات التفاسیر" و موفەسیرەکانی"اهل السنة" و موفەسیرەکانی شیعەی(دوانزە ئیمامی و یزیدی) و موفەسیرەکانی اباضی، زۆربەی زۆریان دان بەوەدا دەنێن کە چیایەك هەیە دەورەی زەوی داوە و قوبەی ئاسمانی لەسەر ڕاوەستاوە.

من دەوێت بچم دەستێك لەم چیایە بدەم.کێ هەیە بمانبات؟

## ئایەتی ٢

بَلْ عَجِبُوا أَن جَاءَهُمْ مُنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا شَيْءٌ عَجِيبٌ

بەڵکو خەڵکی عەرەب بەلایەنەوە سەیرو سەمەرە بوو، کە ئاگادارکەرەوەیەکیان (واتە محمد) لە خودی خۆیان (لە عەرەب) بۆ هاتووە، کافرەکان گوتیان ئەوە شتێکی سەیروسەمەرەیە.

بە گوێرەی ئەم ئایەتە بەر لە هاتنی محمد، لە ناو خەڵکی دورگەی عەرەب ئیماندار هەبووە، چونکە دەڵێت کافرەکان (نەك باوەڕدارەکان) گوتیان.

بە گوێرەی ئەم دەقە و دەیەها دەقی تری قورئان، محمد تەنها بۆ ئاگادارکردنەوەی عەرەب هاتووە، وە بۆ هیچ میللەتێکی تر نەهاتووە.

## ئایەتی ٣

أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ذَلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ

ئایا ئەگەر مردین و بووین بە خۆڵ،(ئایە زیندوو دەبینەوە؟) ئەمە دوورە لە ڕاستی؟

سەیرکەن ئایەتەکە تەواو نییە.

دەبێت ئایەتەکە بەم شێوەیە بێت، بۆ ئەوەی ماناکەی تەواو بێت:

أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا فنبعث ذَلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ

بەم شیوەیە ماناکەی دەبێت: ئایا ئەگەر مردین و بووین بە خۆڵ، زیندوو دەکرێینەوە؟ ئەمە دوورە لە ڕاستی.

## ئایەتی ٤

قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِندَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ

لە وەڵام بە قسەی موشریکەکان، اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

خۆ ئێمە دەزانین کە زەوی لاشەیان دەخوات، بەڵام ئێمە پەرتووکێکی پارێزراومان هەیە کە هەموو شتێکی تێدایە.

ئەم دەقە زۆر گاڵتەجاریە: الله دەڵێت دەزانم کە کاتێك دەمرن و لە گۆڕ دەنرێن، زەوی لاشەیان دەخوات و دەبن بە خۆڵ.

ئینجا الله پێمان دەڵێت چۆن دەزانێت: دەڵێت چونکە پەرتووکی پارێزراوم لایە و هەموو شتێکی تێدایە.

واتە: اللەی عەرەب و ئیسلام نەیدەزانی ئەگەر پەرتووکی پارێزراوی لا نەبوایە کە ئەمەی تێدانووسراوە؟!!!!

بە ڕاستی ئەم دەقە گاڵتەجاریە و لە ڕووی لاهوتیەوە کارەساتە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

أَيْ : مَا تَأْكُلُ مِنْ أَجْسَادِهِمْ فِي الْبِلَى ، نَعْلَمُ ذَلِكَ وَلَا يَخْفَى عَلَيْنَا أَيْنَ تَفَرَّقَتِ الْأَبْدَانُ ؟ وَأَيْنَ ذَهَبَتْ ؟ وَإِلَى أَيْنَ صَارَتْ ؟ ( وَعِنْدَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ ) أَيْ : حَافِظٌ لِذَلِكَ ، فَالْعِلْمُ شَامِلٌ، وَالْكِتَابُ أَيْضًا فِيهِ كُلُّ الْأَشْيَاءِ مَضْبُوطَةٌ

واتە: ئەوەی کە لاشەیان دەخورێت و هەڵدەوەشێتەوە، ئەوە دەزانین، وە لە ئێمە شاراوە نییە کە لاشە چۆن هەڵدەوەشێتەوە و بۆ کوێ دەڕوات؟ وە (نووسراوی پارێزراومان لایە)، واتە هەموو شتێك سەبارەت بەمە پارێزراوە، وە زانستەکە گشتگیرە، وە ئەم نووسراوە هەموو شتێکی بە مەزبووتی تێدایە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

قَدْ عَلِمْنَا مَا تَأْكُلُ الْأَرْضُ مِنْ أَجْسَامِهِمْ بَعْدَ مَمَاتِهِمْ، وَعِنْدَنَا كِتَابٌ بِمَا تَأْكُلُ الْأَرْضُ وَتُفْنِي مِنْ أَجْسَامِهِمْ، وَلَهُمْ كِتَابٌ مَكْتُوبٌ مَعَ عِلْمِنَا بِذَلِكَ، حَافِظٌ لِذَلِكَ كُلِّهِ.

زانیوومانە کە لاشەیان لە دوای مەرگ زەوی دەیخوات، وە ئێمە نووسراومان لایە کە ئاماژەی بەوە کردووە کە زەوی لاشەکەیان دەیخوات و لەناو دەبات، وە پەرتووکی نووسراومان لایە لەگەڵ زانیاریمان سەبارەت بەوە، هەر هەمووی پارێزراوە.

وە سەبارەت بە (وَعِندَنَا كِتَـٰبٌ حَفِيظٌ) واتە (وە پەرتووکێکی پارێزراومان لایە) الرازی و الطبری دەڵێن واتە، "ولا يتغير ولا يتبدل" ناگۆڕدێت و دەستکاریی ناکرێت"

القرطبی دەڵێت:" محفوظ من الشياطين أو محفوظ فيه كل شيء" لە شەیتانەکان پارێزراوە، یان هەموو شتێکی تیادا پارێزراوە.

البغوی دەڵێت: "محفوظ من الشياطين ومن أن يدرس ويتغير"واتە لە شەیتانەکان پارێزراوە، وە لەوەی دیراسەت بکرێت و بگۆڕدرێت.

پرسیار ئایا الله دەستکاریی ئەو شتانە ناکات کە لە پەرتووکەکەی ئاسماندا نووسیویەتی سەبارەت بە چارەنووسی  درووستکراوەکانی؟

ئایەتی ٣٩ سوورەتی الرعد، پێچەوانەکەی دەڵێت:

يَمْحُو اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ

الله ئەوەی خۆی ئارەزوو بکات دەیسڕێتەوە و جێگیری دەکات، وە دایکی پەرتووکانی لایە.

ئێستا خەڵک ئیمان بەکامە بهێنێت؟

بەوەی کە ٥٠ هەزار ساڵ بەر لە درووست کردنی گەردوون بە پێنووست گوت، بنووسە؟

پێنووس چارەنووسی هەموو شتێکی نووسی لە تابلۆی پارێزراو تا ڕۆژی قیامەت.

کەچی لەم ئایەتە دەڵێیت، هەر شتیک لە تابلۆکە بە دڵم نەبێت دەیسڕمەوە، وە ئەوەی خۆشم بەدڵم بیت جێگیری دەکەم، واتە هەر خۆت دەسکاریی ئەو قەدەرە دەکەیت کە بەر لە درووست کردنی ئاسمانەکان و زەوی بڕیارت لەسەر دابوو، کەواتە خاوەنشکۆ بە بڕیارەکانیدا دەچێتەوە، تۆ بڵێی خاوەنشکۆ تەختەسڕی هەبیت؟

## ئایەتی ٥

بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَّرِيجٍ

بەڵکو نکۆڵیان لە هەق(قورئان) کرد کاتێك بۆیان هات، وە لە باروودۆخێکی تێکەڵ و ناجێگیرن (واتە ناتوانن هەق و باتڵ لەیەك جیابکەنەوە).

ابن الجوزی لە زاد المسير دەڵێت:

قال المفسرون: ومعنى اختلاط أمرهم: أنهم كانوا يقولون للنبي صلى الله عليه وسلم: مَرَّة: ساحر، ومرة شاعر، ومرة مُعَلمَّ، ويقولون للقرآن مرة: سحر، ومرة: مُفْتَرى، ومرة: رَجَز.

شرۆڤەکەران دەڵێن: وە مانای "تێکەڵوپێکەڵی حاڵیان" واتە: جارێکیان بە محمدیان دەگوت ساحر، وە جارێك شاعیر، وە جارێك فێرکار، وە بە جارێك بە قورئانیان دەگوت، سیحرە، وە جارێك درۆیە، وە جارێك سجع و شیعر

الجلالین دەڵێن: سەبارەت بە پێغەمبەر و قورئان سەرلێشێواو بوون، جارێکیان دەیانگوت ساحیر و سیحر، وە جارێکیان دەیانگوت شاعیر و شیعر، وە جارێکیان دەیانگوت جادوگەر و جادوو.

## ئایەتی ٦-١١

أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاء فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ

وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ، تَبْصِرَةً وَذِكْرَى لِكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ

وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاء مُّبَارَكًا فَأَنبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ، وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ، رِزْقًا لِّلْعِبَادِ وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ الْخُرُوجُ

ئینجا اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، باس لە هەندێك لە فەزڵ و نیعمەتەکانی دەکات کە بە مرۆڤی بەخشیووە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە کافر و موشریکەکان بهێنێت کە ئیمان بە محمد و قورئان بهێنن، وە دەڵێت:

ئایا سەیری ئاسمانی سەرەوەی خۆیان نەکردووە کە چۆن درووستمان کردووە و ڕازاندوومانەتەوە (بە چراخان)، وە هیچ کونێکی تێدا نییە؟

وە زەویمان پاندرێژ کردۆتەوە و چیامان لەسەریدا چەقاندووە، وە تیایدا (لە زەویدا) لە هەموو جۆرێك جووتێکمان تیادا ڕواندووە کە جوانن و نایابن بۆ سەیرکردن، وە وەك وەبیرهێنانەوەیەك بۆ هەر بەندەیەك بگەڕێتەوە بۆ لای اللّٰە،

وە ئاوێکی پیرۆزمان لە ئاسمان دابەزاندووە،کە بە هۆیەوە باخچە و دانەوێڵە کە درەوی دەکرێت، وە دارخورمای بەرزی هێشوودارمان ڕواندووە وەك رزقێك بۆ

بەندەکان، وە بەم ئاوە زێدێکی مردوومان زیندووکردۆتەوە، وە دەرکردن بەم شێوەیە دەبێت (واتە دەرکردنی ڕووەك و دانەوێڵە و دارخورما بەم شێوەیە دەبێت).

ئەم دەقانە چەند هەڵەیەکی زانستیان تێدایە:

یەکەم: ئاسمان بنمیچ نییە تاوەکو کونی تێدا بێت یان تێیدا نەبێت، ئاسمان بۆشاییە، وە هەرچی توخم و وزە و ژیان و تەن هەن لە بۆشاییدان.

وە  ئاسمان دەروازە و دەرگای هەیە کە فریشتە دەرگاوانەکان دەیپارێزن. لە صحيح البخاری و مسلم هاتووە، محمد صلعم، باسی سەرکەوتنی دەکات بۆ ئاسمانەکان و دەڵێت کاتێك جبرایل گەیشتە ئاسمانی دونیا:

فَاسْتَفْتَحَ قِيلَ مَنْ هَذَا قَالَ جِبْرِيلُ قِيلَ وَمَنْ مَعَكَ قَالَ مُحَمَّدٌ

لە دەرگایدا، (پاسەوانەکە) گوتی ئەوە کێیە؟ جبرایل گوتی: جبرایلە. پاسەوانەکە گوتی کێت لەگەڵە؟ گوتی محمد.

وە محمد دەڵێت بەهەمان شێوە لە هەموو ئاسمانەکان دەرگا هەبوو و جبرایل لە دەرگای دەدا و پاسەوانی دەرگاکە هەمان پرسیاری دەکرد، ئینجا دەرگای لێ دەکرایەوە.

وە تەنانەت محمد دەڵێت، بەهەشت دەرگای هەیە، لە صحيح مسلم فەرمودەیەك هاتووە، محمد دەڵێت:

آتي باب الجنة يوم القيامة فأستفتح فيقول الخازن: من أنت؟ فأقول: محمد فيقول: بك أمرت أن لا أفتح لأحد قبلك

دێم بۆ لای دەرگای بەهەشت و لە دەرگا دەدەم، پاسەوانی دەرگاکە دەڵێت تۆ کێیت؟ دەڵێم محمد. دەڵێت: فەرمانم پێکراوە کە تەنها دەرگا بۆ تۆ بکەمەوە و بۆ هیچ کەسێك نەکەمەوە.

وە لە مسند احمد فەرمووودەیەك هاتووە، محمد صلعم دەڵێت:

آتِي بَابَ الْجَنَّةِ فَآخُذُ بِحَلْقَةِ بَابِ الْجَنَّةِ فَأَقْرَعُ الْبَابَ فَيُقَالُ مَنْ أَنْتَ فَأَقُولُ مُحَمَّدٌ فَيُفْتَحُ لِي فَأَرَى رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ وَهُوَ عَلَى كُرْسِيِّهِ أَوْ سَرِيرِهِ فَأَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا

دێم بۆ لای دەرگای بەهەشت دەرگاکوتەکە (تەقولباب) دەگرم و لە دەرگا دەدەم، پاسەوانی دەرگاکە دەڵێت تۆکێیت؟ دەڵێم من محمدم، دەرگاکەم بۆ دەکرێتەوە، یەکسەر خوداکەم دەبینم لەسەر کورسیەك یان قەرەوێلەیەك دانیشتووە، یەکسەر کڕنۆشی بۆ دەبەم.

ئایەتی ٨-٩ سوورەتی جنۆکە تەئکید دەکاتەوە کە ئاسمان بنمیچە، وە تەنانەت کورسی لێیە، وەك پارکی شانەدەر، بۆ دانیشتن.

وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاء فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا

وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا

(جنۆکەکان دەڵێن) لە ڕاستیدا ئێمە دەستمان لە ئاسمان دا، بینیمان پڕ بووە لە پاسەوانی توندووتۆڵ و شوهوب (تۆپەڵەی ئاگرین)

وە ئێمە لە پێشوو لەسەر کورسیەك بۆ خۆمان دادەنیشتین و گوێمان (لە فریشتەکان) دەگرت، بەڵام ئێستا (لەوەتای محمد وەك پێغەمبەر نێردراوە) هەر کەسێك گوێ بگرێت ئەوا بە تۆپەڵەی ئاگر بەرپەرچی دەدرێتەوە.

واتە بەر لە هاتنی محمد وەك پێغەمبەر، هێزی بەرگری ئاسمانی الله زۆر پتەو نەبوو.

وە ئایەتی ٣ سوورەتی الملك دەڵێت:

فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ

دەچاوێك بە ئاسماندا بخشێنەوە بزانە درزێك دەبینیت.

دووەم:ئەستێرەکان وەك چراخان بە بنمیچی ئاسمان شۆڕبوونەوەتەوە

ئایەتی ٦ سوورەتی الصافات دەڵێت:

إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ

لە راستیدا ئێمە ئاسمانی دونیامان ڕازاندۆتەوە بە ئەستێرەکان.

لە قورئاندا کوکب و نجم بە مانای ئەستێرە دێن.

ئایەتی ٢ سوورەتی التکویر دەڵێت:

وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ

وە کاتێك ئەستێرەکان غلۆربوونەوە و کەوتن.

القرطبی ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات، کە ابن عباس گێڕاویەتیەوە کە محمد گوتویەتی:

لَا يَبْقَى فِي السَّمَاءِ يَوْمَئِذٍ نَجْمٌ إِلَّا سَقَطَ فِي الْأَرْضِ، حَتَّى يَفْزَعَ أَهْلُ الْأَرْضِ السَّابِعَةِ مِمَّا لَقِيَتْ وَأَصَابَ الْعُلْيَا

لە ڕۆژی قیامەت، ئەستێرەیەك لە ئاسمان نامینێت کە بەرنەبێتەوە سەر زەوی، تاوەکو خەڵکی حەوتەم دەتۆقن بە هۆی ئەوەی خەڵکی زەوی تووشی بوون.

وە القرطبی دەڵێت، لە فەرموودەیەکدا ابن عباس گوتوویەتی:

تَسَاقَطَتْ، وَذَلِكَ أَنَّهَا قَنَادِيلُ مُعَلَّقَةٌ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ بِسَلَاسِلَ مِنْ نُورٍ، وَتِلْكَ السَّلَاسِلُ بِأَيْدِي مَلَائِكَةٍ مِنْ نُورٍ، فَإِذَا جَاءَتِ النَّفْخَةُ الْأُولَى مَاتَ مَنْ فِي الْأَرْضِ وَمَنْ فِي السَّمَاوَاتِ، فَتَنَاثَرَتْ تِلْكَ الْكَوَاكِبُ وَتَسَاقَطَتِ السَّلَاسِلُ مِنْ أَيْدِي الْمَلَائِكَةِ، لِأَنَّهُ مَاتَ مَنْ كَانَ يُمْسِكُهَا

واتە کە ئەستێرەکان کەوتن: چونکە ئەستێرەکان چران و بە زنجیرەك لە ڕووناکی لە نێوان ئاسمان و زەوی هەڵواسراون، وە ئەم زنجیرانە بە دەستی فریشتەکانەوەن. کاتێك فووی یەکەم کرایە کەڕەناکەوە، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوییە دەمرێت، ئەوکات ئەستێرەکان پەرشوبڵاو دەبنەوە، وە زنجیرەکان لە دەستی فریشتەکان دەکەون، چونکە فریشتەکان مردوون.

نزیکترین ئەستێرە لە زەوی، ئەلفا و بێتا سێنتۆریە، کە نزیك بە ٤ و نیو ساڵی ڕووناکی دوورن.

ساڵی ڕوناکی= ٣٠٠ هەزار کەڕەت ٦٠ کەڕەت ٦٠ کەڕەت٢٤ کەڕەت ٣٦٥ = کیلۆمەتر لێمان دوورن.

وە ئەلفا سێنتۆری لە خۆر گەورەترە، ئەگەر بزانیت کە یەك ملیۆن زەوی لە ناو خۆردا جێگای دەبێتەوە.

بەڵام ئەوەی سەیرە  قورئان لە سوورەتی الكهف دەڵێت، خۆر لە گۆماوێكی قوڕاوی گەرمی زەویدا ئاوا دەبێت.

ئایەتی ٨٦ سوورەتی الكهف:

حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ

كاتێك ذی القرنین گەیشتە شوێنی ئاوابوونی خۆر، بینی لە كانیاوێكی قوڕاوی گەرم ئاوا دەبێت.

لەبەر ئەوە بەلاتانەوە ئاسایی بێت، ئەگەر گوتیان لە ئیسلامدا فیلێك دەچێتە ناو كونە لووتی مێرووەیەكەوە.

سێهەم: زەوی تەختە و جێگیرە و اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، چیای فڕێ داوەتە سەری بۆ ئەوەی لەنگەر بگرێت و بەلادا نەچێت. ئایەتی ١٥ سوورەتی النحل دەڵێت:

وَأَلْقَىٰ فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ

وە چیای فڕێ داوەتە سەر زەوی بۆ ئەوەی زەوی لارتان نەكاتەوە.

وە لە ڕاستیدا اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، ئاسمان و زەوی گرتووە بۆ ئەوەی ڕوونەچن و نەجولێن. ئایەتی ٤١ سوورەتی فاطر دەڵێت:

إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِهِۦٓ

لە ڕاستیدا اللّٰه، ئاسمانەكان و زەوی گرتووە كە لە شوێنی خۆیان نەجووڵێن، خۆ ئەگەر بجووڵێن و ڕۆچوون ئایا كەسێك هەیە لە  دوای اللّٰه بیانگرێتەوە؟

لە سوورەتەكانی دواتر، درێژتر قسە لەسەر گەردوون دەكەین لە ڕوانگەی قورئان و محمدەوە.

چوارەم: لە هەموو ڕوەكێك و درەختێك جووتێكمان (نێرینە و مێینە) لە زەویدا ڕواند. ئەوە هەڵەیە و هەموو ڕوەكێك نێرینە ومێینەی نییە.

پێنجەم: لە قورئاندا دەورەی باران بارین بوونی نییە، بەڵکو ئاوی باران هەیە لە ئاسمانەکانەوە دادەبەزێت ،(لە سوورەتەکانی دواتر بە درێژتر قسە و باسی لەسەر دەکەین).

لە صحيح مسلم و مسند احمد و سنن ابي داود، ڕیوایەتێك هاتووە انس دەڵێت:

أَصَابَنَا وَنَحْنُ مع رَسولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ مَطَرٌ، قالَ: فَحَسَرَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ ثَوْبَهُ، حتَّى أَصَابَهُ مِنَ المَطَرِ، فَقُلْنَا: يا رَسولَ اللهِ، لِمَ صَنَعْتَ هذا؟ قالَ: لأنَّهُ حَديثُ عَهْدٍ برَبِّهِ تَعَالَى

جارێکیان لەگەڵ پێغەمبەر بووین باران باری، پێغەمبەر جلەکانی هەڵکرد تاوەکو باران بەری کەوێت، گوتمان ئەی پێغەمبەری الله بۆچی واتکرد؟ گوتی ئەم بارانە تازە لای خوداکەی هاتووە.

وە لە صحيح البخاری، فەرموودەیەك هاتووە، انس بن مالك دەڵێت، پێغەمبەر لەسەر مینبەر بوو و باران باری.

لَمْ يَنْزِلْ عَنْ مِنْبَرِهِ حَتَّى رَأَيْتُ الْمَطَرَ يَتَحَادَرُ عَلَى لِحْيَتِهِ

ئینجا دەڵێت: لە سەر مینبەر دانەبەزی تاوەکو بینیم ئاوی باران لە ڕیشی دەچۆڕی.

ئایەتەکە دەڵێت وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُّبَارَكًا (لە ئاسمان ئاوێکی پیرۆزمان دابەزاند)، وە محمد پێی وابووە کە ئاوی باران ئاوێکی تایبەتە و جیایە لە هەموو ئاوێکی تر.

امام النووي لە شرح مسلم دەڵێت:

هذا الحديث دليل لقول أصحابنا أنه يستحب عند أول المطر أن يكشف غير عورته لينالە المطر

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ قسەی یاوەرەکانمان کە موستەحەبە مرۆڤ لە سەرەتای باران بارین خۆی ڕووتکاتەوە، تەنها نێوگەڵی نەبێت، بۆ ئەوەی باران لێی بدات.

امام أبو العباس بن عمر القرطبي الحنبلی له "المفهم لما أشكل من تلخيص صحيح مسلم" دەڵێت خۆ پیرۆزکردن "تبرك" و شیفادان بە باران دەکرێت، چونکە اللّٰه لە قورئاندا ناوی لە باران ناوە "رحمة' و "مبارك" و "طهور"وە کردوویەتی بە هۆکاری ژیان.

لە "المصنف" لابن ابي شيبە و "الادب المفرد"للبخاری و صحيح ابن حبان، بابێك هەیە لە ژێر ناوی "کێ خۆی دەدایە بەر باران لە سەرەتای باران بارین".

وە دەڵێن:

ابن عباس لە سەرەتای باران بارین جلەکانی دەخستە ژێر بارانەوە.

عثمان بن عفان خۆی دەدایە بەر باران لەسەرەتای باران بارین.

علی کوڕی ابي طالب: کاتێك باران دەباری خۆر ڕووت دەکردەوە، لە ژێر باران دادەنیشت و دەیگوت: ئەم بارانە لە ژێر عرشی اللّٰەوە هاتووە.

البيهقی لە السنن الكبری، ڕیوایەتێکی اخراج کردووە، کە دەڵێت کاتێك باران دەباری پێغەمبەر دەیگوت:

اخْرُجُوا بِنَا إِلَى هَذَا الَّذِي جَعَلَهُ اللَّهُ طَهُورًا، فَنَتَطَهَّرُ مِنْهُ، وَنَحْمَدُ اللَّهَ عَلَيْهِ

با دەرچین بۆ ژێر ئەو بارانە کە اللّٰه کردوویەتی بە پاککەرەوە، وە بە هۆیەوە پاك ببینەوە، وە سوپاسی اللّٰه بکەین بۆ دابەزاندنی.

## ئایەتی ١٢-١٤

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَابُ الرَّسِّ وَثَمُودُ، وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَانُ لُوطٍ، وَأَصْحَابُ الْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام لەم ٣ دەقەدا، ئاماژە بە قڕکردنی چەند هۆزێك و نەتەوەیەك دەکات، بە هۆی ئەوەی ئیمانیان بە خودی خۆی یان پێغەمبەرەکانی نەهێناوە و دەڵێت:

پێش ئەوان (پێش عەرەبەکانی دورگەی عەرەبی) قەومی نووح و یاوەرانی ڕەس و ثمود و عاد و فیرعەون و براکانی لوط و یاوەرانی ئەیکە و هۆزی توبەع نکۆڵیان

کرد، هەر هەموویان نکۆڵیان لە نێردراوەکان کرد، ئەوەبوو بەڵێنەکەمان (سەبارەت بە قڕ کردن و لەناوبردنیان) هاتە دی.

نازانم بۆچی ناوی لە هاوڕەگەزخوازەکانی سۆدۆم و عمورة ناوە "اخوان لوط" واتە"براکانی لوط"؟ لە کاتێکدا "الرس" و "الایکة"ی بە اصحاب واتە یاوەر و "نوح" و "تبع"ی بە "قوم" ناوبردووە.

ناکۆکی هەیە سەبارەت بە " أَصْحَابُ الرَّسِّ".کێ بوون  و لە کوێ دەژیان؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، پێنج چیرۆك هەیە:

یەکەم: خەڵکانێك بوون درەختیان دەپەرست، الله پێغەمبەرێکی بۆیان نارد لە کوڕەکانی یهوذا بن یعقوب، بیرێکیان بۆی هەڵکەند و فڕێیان دایە ناو بیرەکەوە، بەهۆی ئەم کارەیان الله قڕی کردن (علی بن ابي طالب).

دووەم: خەڵکانێك بوون پێغەمبەرێکیان بۆ نێردرا بە ناوی حنظلة بن صفوان، پێغەمبەرەکەیان کوشت ئەوەبوو الله قڕی کردن (ابن عباس).

سێهەم: خەڵکانێك بوون کە بیرێکیان هەبوو، الله پێغەمبەر" شُعیب"ی بۆیان نارد، بەردەوام بوون لە سەرکێشیان، ئەوەبوو بیرەکەیان ڕوخا و الله خۆیان و ماڵەکانیانی خزاندە ژێر زەوییەوە (وهب بن منبه).

چوارەم: خەڵکانێك بوون کە "حبیب النجار"یان خستە بیرێکەوە و کوشتیان (السدی).

پێنجەم: خەڵکانێك بوون کە پێغەمبەرەکەیان کوشت و گۆشتەکەیان خوارد، وە ژناکەنیان یەکەم کەس بوون کە سیحریان کرد (ابن السائب).

وە ابن کثیر لە البدایة و النهایة لە بەشی " ذِكْرِ أُمَمٍ أُهْلِكُوا بِعَامَّةٍ" باس لە چەند چیرۆکێك دەکات سەبارەت بە " أَصْحَابُ الرَّسِّ":

یەکەم: " أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ" کە سوورەتی البروج ئاماژەی پێیان کردووە (الطبری).

دووەم: خەڵکی گوندێك بوون لە گوندەکانی ثمود (ابن عباس).

سێهەم: ابن عساكر لە "تأريخ دمشق" دەڵێت لە " حَضُور"بوون و الله پێغەمبەرێکی بۆیان نارد بە ناوی حنظلة بن صفوان، بڕوایان پێ نەکرد و کوشتیان.

چوارەم: " إِرَمُ ذَاتُ الْعِمَادِ"ن ( بگەڕێوە بۆ سوورەتەکانی پێشوو).

پێنجەم: "الرَّسُّ بِئْرٌ بِأَذْرَبِيجَانَ" ، ڕەس بیرێك بوو لە ئازەربیجان، پیغەمبەرەکەیان خستە ناو بیرەکە و کوشتیان (ابن عباس و عكرمة).

شەشەم: " أَصْحَابُ الرَّسِّ بِفَلْجَ، وَهُمْ أَصْحَابُ يَاسِينَ" یاوەرانی ڕەس لە ناوچەیەك بە ناوی"فەلەج" بوون، وە ئەوانە یاوەرانی "یاسین"ن ( عكرمة)،

"فەلەج" گوندێکە لە یەمامە ( قتادة)،

حەوتەم: چیرۆکێکی سەیروسەمەرە

أَنَّ أَصْحَابَ الرَّسِّ كَانَتْ لَهُمْ بِئْرٌ تَرْوِيهِمْ، وَتَكْفِي أَرْضَهُمْ جَمِيعَهَا، وَكَانَ لَهُمْ مَلَكٌ عَادِلٌ حَسَنُ السِّيرَةِ، فَلَمَّا مَاتَ وَجَدُوا عَلَيْهِ وَجْدًا عَظِيمًا، فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ أَيَّامٍ تَصَوَّرَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ فِي صُورَتِهِ، وَقَالَ: إِنِّي لَمْ أَمُتْ، وَلَكِنْ تَغَيَّبْتُ عَنْكُمْ حَتَّى أَرَى صَنِيعَكُمْ . فَفَرِحُوا أَشَدَّ الْفَرَحِ، وَأَمَرَ بِضَرْبِ حِجَابٍ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَهُ، وَأَخْبَرَهُمْ أَنَّهُ لَا يَمُوتُ أَبَدًا، فَصَدَّقَ بِهِ أَكْثَرُهُمْ، وَافْتَتَنُوا بِهِ، وَعَبَدُوهُ

یاوەرانی ڕەس بیرێکیان هەبوو کە سەرچاوەی ئاوخواردنەوەیان و زەوی و کێڵگەکانیان بوو، وە پادشایەکی دادپەروەریان هەبوو، کاتێك مرد تووشی نیگەرانیەکی مەزن بوون، چەند ڕۆژێك تێپەڕ بوو، شەیتان لەسەر شێوەی پادشاکە بۆیان بەدیارکەوت و گوتی من نەمردووم، بەڵام ماوەیەك خۆم لێتان ون کرد بۆ ئەوەی بزانم چی دەکەن، ئەوەبوو دڵیان زۆر خۆش بوو، شەیتان فەرمانی کرد کە پەردەیەك دابنێت لە نێوان خۆی و خەڵکەکە، و پێیانی گوت کە هەرگیز نامرێت، زۆربەیان بڕوایان کرد و کەوتنە داویەوە و پەرستیان.

ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێت: اللّەی عەرەب و ئیسلام شەیتانە. چۆن؟

ئایەتی ٥١ سوورەتی الشورى دەڵێت:

وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ

وە بۆ هیچ مرۆڤێك نییە كە الله قسەی لەگەڵدا بكات تەنها لە ڕێگای وەحی نەبێت، وە یان لە پشت پەردەوە نەبێت.

شەیتان لە پشت پەردەوە قسە دەكات و خەڵك فریو دەدات

الله اكبر لە پشت پەردەوە قسە دەكات.

هەشتەم: الطبری ئاماژەی بە فەرموودەیەكی محمد كردووە كە دەڵێت:

إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْعَبْدُ الْأَسْوَدُ; وَذَلِكَ أَنَّ اللَّهَ تَعَالَى بَعَثَ نَبِيًّا إِلَى أَهْلِ قَرْيَةٍ ، فَلَمْ يُؤْمِنْ بِهِ مِنْ أَهْلِهَا إِلَّا ذَلِكَ الْأَسْوَدُ ، ثُمَّ إِنَّ أَهْلَ الْقَرْيَةِ عَدَوْا عَلَى النَّبِيِّ ، فَحَفَرُوا لَهُ بِئْرًا ، فَأَلْقَوْهُ فِيهَا ، ثُمَّ أَطْبَقُوا عَلَيْهِ بِحَجَرٍ أَصَمَّ

یەكەم كەس لە خەڵك كە دەچێتە بەهەشتەوە كۆیلەیەكی ڕەش دەبێت، چونكە الله پێغەمبەرێكی بۆ خەڵكی گوندێك نارد، هیچ كەسێك باوەڕی پێی نەهێنا تەنها ئەو پیاوە ڕەشە نەبێت، ئینجا خەڵكی گوندەكە دەستدرێژیان كردە سەر پێغەمبەرەكە و بیرێكیان بۆ هەڵكەند و فڕێیان دایە ناویەوە و بە بەردێك سەری بیرەكەیان داخست. ( چیرۆكەكە درێژە و محمد دەڵێت ئەو كۆیلە ڕەشە یارمەتی پێغەمبەرەكەی دەدات، هتد،،).

القرطبی لە الجامع لاحكام القران، دوای ئەوەی ئاماژە بە كۆمەڵێك چیرۆك دەكات كە ابن كثیر ئاماژەی پێیان كردووە، ئاماژە بە چەند چیرۆك و تێروانینێكی جیا دەكات و دەڵێت:

یەكەم: السدی دەڵێت، رەس ،بیرێكە لە انطاكیة، كە تیایدا حبیب النجاریان كوشت.

دووەم: علی كوڕی ابي طالب دەڵێت، خەڵكانێك بوو درەختی سنۆبەریان دەپەرست.

سێهەم: ڕەس و نێوگەڵ

أَصْحَابُ الرَّسِّ قَوْمٌ كَانُوا يَسْتَحْسِنُونَ لِنِسَائِهِمُ السَّحْقَ ، وَكَانَ نِسَاؤُهُمْ كُلُّهُمْ سَحَّاقَاتٍ . وَرُوِيَ مِنْ حَدِيثِ أَنَسٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : إِنَّ مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ أَنْ يَكْتَفِيَ الرِّجَالُ بِالرِّجَالِ وَالنِّسَاءُ بِالنِّسَاءِ وَذَلِكَ السَّحْقُ

یاوەرانی رەس، خەڵكانێك بوون كە هاوڕەگەزی ژنەكانیان بەلاوە كارێكی نایاب بوو، وە هەموو ژنەكانیان هاورگەز بوون. انس فەرموودەیەك لە پێغەمبەر دەگێڕێتەوە كە گوتوویەتی: یەكێك لە نیشانەكانی رۆژی قیامەت ئەوەیە كە پیاو پیاوی بەس بێت و ژنانیش ژنانیان بەس بێت بۆ سێكس وە ئەوە پێی دەگوترێت "السحق".

بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەكان سەبارەت بە یاوەرانی رەس، بەلامەوە زۆر سەیربوو كە باسی نێوگەڵی تیادا نەبوو، چونكە لە ئیسلامدا بابەتەكە مێشوولەیەك تاوەكو فیلێك دەبێنیت تێكەڵ بكرێت بە سێكس، تاوەكو القرطبیم بینی ئاماژەی بەم چیرۆكە كردووە، ئینجا گوتم نەدەبوو و نەدەكرا باسی سێكس لە كەلتی "قتل و نكاح و فرج"دا نەبێت.

هەر موفەسیرێك و یاوەرەرێك لە یاوەرەكانی محمد چەندەها چیرۆكیان دروست كردووە بۆ ئەم دەقە. بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی؟

چونكە قورئان تەنها دووجار گوتوویەتی " أَصْحَابُ الرَّسِّ" جارێكیان لە ئایەتی ١٢ سوورەتی ق، وە جارێكیان لە ئایەتی ٣٨ سوورەتی الفرقان كە دەڵێت:

وَعَادًا وَثَمُودَ وَأَصْحَابَ الرَّسِّ وَقُرُونًا بَيْنَ ذَٰلِكَ كَثِيرًا

وە عاد و ثمود و یاوەرانی ڕەس، وە نەوەی زۆر لە نێوانیاندا.

خودی ئەم چیرۆكە و دەیەها چیرۆكی تر، وە ئەم دەقە و سەدەها دەقی تر پێمان دەڵێن، كە ئیدعای قورئان " بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ" (بە زمانێكی عەرەبی ڕوون) وە "كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ" ( قورئان پەرتووكێكە ئایەتەكانی ڕوونكراونەتەوە، قورئانێكی عەرەبیە بۆ نەتەوەیەك كە عەرەبی دەزانن). قسەیەكی بێ بنەماو هیچ و پووچە.

وە " أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ" لە قورئاندا لە ٣ سوورەتدا ئاماژەیان پێكراوە:

ئایەتی ١٤ سوورەتی "ق ' و ئایەتی ١٣ سوورەتی "ص" و ئایەتی ٧٨و ١٧٦ سوورەتی الحجر

ئایەتی ٧٨ سوورەتی الحجر دەڵێت:

وَإِن كَانَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ لَظَالِمِينَ

وە یاوەرانی ئەیکە لە ستەمکاران بوون.

ئایەتی ١٧٦-١٧٨ سوورەتی الحجر دەڵێت:

كَذَّبَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ الْمُرْسَلِينَ، إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ، إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ

خاوەنانی ئەیکە نکۆڵیان لە پێغەمبەران کرد، کە شوعەیب پێی گوتن، ئایا ناترسن؟ من پێغەمبەرێکی دەستپاك و ڕاستگۆم بۆ ئێوە.

لەم ٣ دەقە دیارە کە پێغەمبەرێکیان بۆ نێردراوە بە ناوی شوعەیب.

( لە سوورەتی الحجر بە درێژی قسەی لەسەر دەکەین).

"قَوْمُ تُبَّعٍ" دووجار لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، بێ ئەوە هیچ ئاماژەیەك بە چیرۆکیان بکات، جاری یەکەم لە ئایەتی ١٤ ئەم سوورەتە وە جاری دووەم لە ٣٧ سوورەتی الدخان کە دەڵێت:

أَهُمْ خَيْرٌ أَمْ قَوْمُ تُبَّعٍ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ أَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا مُجْرِمِينَ

ئایا ئەوان خێرتر بوون یان قەومی توبەع، وە ئەوانەی پێشیان کە قڕمان کردن، چونکە تاوانبار بوون؟

هەردوو سوورەتەکە دەڵێن "قوم تبع"مان قڕ کرد، بەڵام باس لە چیرۆکیان ناکات.

وە وەك "اصحاب الرس" چەندەها چیرۆکی بۆ دارێژراوە.

خۆ ئەگەر موسڵمانان و زاناکانیان بڵێن، قورئان ئاماژەی پێ نەکردووە، چونکە چیرۆکیان باوبووە لە دورگەی عەرەبی.

ئەوا منیش دەڵێم

یەکەم: چیرۆکی نووح و ئیبراهیم و یوسف و موسا، هتد،، لە ناو هەموو میللەتان باوبووە، وە پێویست نەبووە قورئان ئاماژەی پێبکات، چونکە تەورات بە شێوەیەکی ورد تر و ڕێکوپێکتر ئاماژەی پێیان کردووە.

دووەم: ئەم قسەی موسڵمانان دەیسەلمێنێت کە قورئان تەنها بۆ خەڵکی دوورگەی عەرەبە، بە واتایەکی تر، ئەگەر قورئان بۆ هەموو میللەتان بێت ئەوا دەبووایە قورئان ئاماژەی بە چیرۆکی " اصحاب الرس" و "قوم تبع"بکردایە.

## ئایەتی ١٥

أَفَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الأَوَّلِ بَلْ هُمْ فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ

هەموو موفەسیرەکان هەوڵیان داوە ئەم دەقە پینە بکەن، چونکە زۆر بێ مانایە و دەقێکی کرچوکاڵ و پرووپووچە.

دەڵێن (أَفَعَيِينَا) واتە (أفأعجزنا)، واتە بێ دەرەتان بووین. بەڵام ئەگەر وابێت ئەوا پیتی (ف) زیادە، دەبێت (أَعَيِينَا) بێت، نەك (أَفَعَيِينَا).

(أ) بۆ پرسیارە، واتە (ئایا)، ئینجا (عَيِينَا)، واتە بێ دەرەتان بووین (بِالْخَلْقِ الأَوَّلِ)، بەرامبەر بە خەلقی یەکەم (پێشینان).

ئینجا دەڵێت، بەڵکو ئەوان لە شکووگوماندان بەرامبەر بە خەلقێکی نوێ.

لەگەڵ ئەو پینەوپەڕۆیەی موفەسیرەکان ئایەتەکە مانادار نابێت: ئایا بێ دەرەتان بووین بەرامبەر بە دروستکردنی یەکەم، بەڵکو ئەوان لە شکووگوماندان لە درووست کردنی نوێ.

واتە دەبێت ئایەتەکە بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی ماندار بکرێت:

أَعَيِينَا بِالْخَلْقِ الأَوَّلِ حتى هُمْ يكونوا فِي لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ

واتە ئایا بێ دەرەتان بووین لە درووستکردنی یەکەم (ئادەم) تاوەکو ئەوان شکووگومان بکەن سەبارەت بە تواناکانمان لە درووستکردنێکی نوێ (لە دوای مەرگ دروستیان بکەینەوە)؟

واتە اللە، دەیەوێت بەو کافرانە بڵێت کە گوتوویانە چۆن ئێمە زیندوودەبینیەوە لە کاتێکدا دەبین بە خۆڵ:

ئایا ئێمە نەمانتوانی یەکەم جار درووستیان بکەین تاوەکو لە شکووگوماندا بن سەبارەت بە درووستکردنەوەیان لە دوای مەرگ؟

الله قەسدی شەریفە، بەڵام ئاخ تعبیرەکەی ضعیفە.

## ئایەتی ١٦-١٨

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ

إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ

مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلاَّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ

واتە: ئێمە مرۆڤمان درووست کردووە، وە دەزانین کە لە ناخیدا چ خەیاڵێك و چرپەچرپێك لە ئارادایە، چونکە ئێمە لێی نزیکترین لە لوولەی خوێن، کە دووانەکە (فریشتە) بەیەك دەگەن، دانەیەکیان لە لای ڕاستە و دانەیەکیان لە لای چەپە (مرۆڤەکە) دانیشتووە، وە هەر چرپەیەك و بزەیەك لە دەمیەوە (دەمی مرۆڤەکە) دەربچێت ئەوا چاودێرێك (رقیب) و ئامادەباشێك (عتید) لەلایەتی.

دووتێبینی و پرسیارێك سەبارەت بەم ٣ ئایەتە:

یەکەم: (حبل الورید) "حبل" واتە پەتك، "الورید" واتە خوێنبەر واتە لوولەی خوێنبەر.

لوولەکانی خوێنبەر و خوێنهێنەر لە سەرتاپای لەشی مرۆڤ تۆڕبەندیان درووست کردووە، جا نازانم الله اکبر مەبەستی کامە لە خوێنبەرەکانە؟

دووەم: شوێنی بیرکردنەوە و بڕیاردان و جووڵە و هەست و سۆز و خەیاڵ مێشکە نەك دڵ. بەڵام قورئان دەڵێت شوێنی هەموو ئەوانە دڵە. وە تەنانەت لە قورئاندا بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە مێشك نەکراوە. لە دەیەها دەقی قورئاندا هاتووە کە دڵ شوێنی بیرکردنەوە و تێگەیشتنە.

چەند نموونەیەك:

ئایەتی ٤٦ سوورەتی الحج دەڵێت:

أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا

ئەی بە زەویدا نەڕۆیشتوون بۆ ئەوەی دڵێکیان هەبێت کە بەهۆیەوە تێبگەن.

واتە: دڵ شوێنی تێگەیشتنە.

ئایەتی ٢٤ سوورەتی محمد:

أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا

ئایا لە قورئان تێناگەن وە یاخود قوفڵ لە دڵەکانیان دراوە؟

واتە لە قورئان تێناگەن چونکە قوفڵ لە دڵەکانیان دراوە.

ئایەتی ١٦٧ سوورەتی ال عمران:

يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ

بە دەمەکانیان قسەیەك دەڵێن، کە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە دڵەکانیاندایە.

واتە، دڵ شوێنی شاردنەوەی نهێنییە.

ئایەتی ١١ سوورەتی الفتح:

يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ

ئەوەی بە زمانەکانیان دەیڵێن، هەمان شت نییە کە لە دڵەکانیاندایە.

هەر لەبەر ئەوە لە سوورەتی الناس هاتووە، کە شەیتانی بەرپرس لە چرپەکردن، الخناس، لە سینەی مرۆڤدا چرپە دەکات (واتە لە دڵ).

وەك ئایەتی ٤٦ سوورەتی الحج دەڵێت:

فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَٰكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ

لە ڕاستیدا چاوەکان کوێر ناکات بەڵکو ئەو دڵانە کوێر دەکات کە لە سینەکانن.

وە وەك لە سوورەتەکانی تر ئاماژەمان کرد، کاتێك سینگی محمد شەق دەکرێت، بەشە کڵۆی شەیتان لە دڵیدا دەردەهێنرێت.

وە لە صحیح مسلم فەرموودەیەکی محمد هاتووە دەڵێت: شەیتان لە ناخی مرۆڤ جرتووفرت دەکات وەك چۆن خوێن هاتووچۆ دەکات.

وە ئەگەر ئەم فەرموودەیە لەگەڵ ئایەتی ١٦ بەیەکەوە ببەستینەوە، دەبینین کە شەیتان لە ناو ناخی مرۆڤ جرتووفرت دەکات، وە لە ناو دڵیدا چرپەچرپ دەکات، بەڵام توانایيەکانی الله اکبر کەمترە لە توانایيەکانی شەیتان، چونکە الله دەڵێت ئێمە لە مرۆڤ نزیکترین لە خوێنبەر.

بەڵام الله چۆن نزیکە؟ وە ئایا بە ڕاستی نزیکترە؟ ئایەتی ١٧ دەڵێت لە ڕێگای دوو فریشتە بە ناوی رقیب و عتید، یەکەمیان لە لای دەستەڕاستی مرۆڤەوە دانیشتووە وە دووەمیان لە لای دەستەچەپیەوە دانیشتووە.

شەیتان لە ناخی مرۆڤ دێت و دەچێت و جار جارێکیش دێت بۆ ناو دڵ و چرپەچرپ دەکات، بەڵام الله هەواڵی مرۆڤ دەزانێت لە ڕێگای دوو فریشتە کە لە دەستەڕاست و دەستەچەپی مرۆڤ دانیشتوون.

امام المناوی لە فیض القدیر، اخراجی فەرموودەیەکی کردووە بە اسنادێکی صحیح کە محمد صلعم گوتوویەتی: فریشتەی دەستەڕاست ئەمیری فریشتەی دەستەچە، ئەگەر بەندەیەك کارێکی باشی کرد، ئەوە بە ١٠ کەڕەت بۆی دەنووسێت، خۆ ئەگەر کارێکی خراپی کرد، وە فریشتەکەی دەستەچەپ ویستی بنووسێت، ئەوا فریشتەکەی دەستەڕاست پێی دەڵێت جارێك مەنووسە ٦ کاتژمێر مۆڵەتی بدەرێ، خۆ ئەگەر الله لێیبووری ئەوا نانووسرێت.

واتە ئەو فریشتەیەی لە دەستەڕاستی مرۆڤ دانیشتووە، بەرپرسە لە نووسینی چاکە و ئەوەی دەستەچەپ بەرپرسە لە نووسینی خراپە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم دوو فریشتەیە لەگەڵمان دێن بۆ حمام و ئاودەست و ژووری خەوتن؟؟؟

## ئایەتی ١٩-٢١

وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ

وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ

وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ

دوای ئەوە الله اكبر دەڵێت، دوو سیخورم بە ناوی رقیب(چاودێر) و عتید (ئامادەباش) بۆ هەر كەسێكتان دیاری كردووە كە لێتانەوە نزیكترن لە لوولەی خوێن، دێتە سەر باسی مەرگ و ڕۆژی قیامەت و دەڵێت:

وە ئازاری مەرگ بە ڕاستی هات، ئەوەبوو كە خۆت لێی لادەدا، ئینجا فوو كرایە كەڕەناكەوە، ئەوە ڕۆژی بەڵێنپێدراوە (قیامەت)، وە هەموو خودێك هێنرا، ڕاپێچكەرێك و شایەتێكی لەگەڵدایە.

دەبوایە لە نێوان پیتی (و) و (جاءت) وشەی (اذا) واتە كاتێك هەبوایە، بۆ ئەوەی ماناكە تەواو و ڕێك بووایە.

وَاذا جَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ

وە كاتێك ئازاری مەرگ بە ڕاستی هات

لەم حالەتەدا (اذا) بۆ هەر كەسێك ئایەتەكە دەگەڕایەوە، وە دەبوو بە (وە كاتێك ئازاری مەرگ هات ) وە (كاتێك فوو كرایە كەڕەناكەوە) و (وە كاتێك هەموو خودێك هێنرا).

شرۆڤەكاران و یاوەرەكان و تابعین نانكۆكیان هەیە سەبارەت بە (سَائِقٌ وَشَهِيدٌ).

وەك ابن الجوزی دەڵێت: سەبارەت بە (سائق)واتە ڕاپێچكەر دوو تێڕوانین و بۆچوون هەیە:

یەكەم: فریشتە كە ڕاپێچی دەكات بۆ گۆڕەپانی مەحشەر.

دووەم: هاوەڵەكەی لە شەیتانەكان.

وە سەبارەت بە (شهید) ٣ تێڕوانین و بۆچوون هەیە:

یەكەم: فریشتەیە كە شایەتی دەدات لەسەر كارەكانی.

دووەم: كارەكانیەتی كە شایەتی لەسەر دەدات.

سێهەم: دەست و پێكانیەتی كە شایەتی لەسەر دەدەن.

من دەڵێم (سائق) واتە فریشتەی (چاودێر-رقیب) وە (شهید) واتە پەڕاوی كارەكانی، وەك ئایەتی ١٣ سوورەتی الاسراء دەڵێت:

وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ ۖ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا

وە نوشتەیەك بە ملی هەر مرۆڤێکەوە دەبێت، لە ڕۆژی قیامەت نووسراوەکە دەردەهێنین و دەیکەینەوە.

## ئایەتی ۲۲

لَقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءَكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ

(بێباوەڕ لە ڕۆژی قیامەت دەڵێت)، من بێئاگابووم لەوە (لە زیندووبوونەوە و ڕۆژی قیامەت)، (اللە دەڵێت)، پەردەکەتمان لەسەر لابردیت، وە ئێمڕۆ بیناکانت زۆر تیژن و بڕەو دەکەن.

ناکۆکی هەیە سەبارەت بە (فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءَكَ)، بەڵام ابن عباس دەڵێت، واتە ژیانی دوای مەرگ.

ابن الجوزی دەڵێت: لابردنی ئەو پەردەیەی کە دڵ و بیستن و بینینی داپۆشیبوویت.

واتە وەك ئایەتی ۷ سوورەتی البقرة دەڵێت:

خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ وَعَلَىٰ أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ

اللە پەردەی داوە بەسەر دڵیان و گوێچکەیان و چاوەکانیان.

من پێم وایە بە مانای لابردنی پەردەی کوفر دێت و ئایەتەکە ماناکەی بەم شێوەیەی لێ دێت:

بێباوەڕ دەڵێت من بێئاگا بووم لە ڕۆژی زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە. پەردەی کوفرمان لەسەرت لابرد، ئیمڕۆ بیناییت تیژە و بڕەو دەکات.

## ئایەتی ۲۳

وَقَالَ قَرِينُهُ هَذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ

وە هاوەڵەکەی (فریشتە) دەڵێت، ئەوە (ئەم نووسینە سەبارەت بە کارو کردەوەکانی) لای من ئامادەیە.

# ئایەتی ٢٤-٢٦

أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ، مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ، الَّذِي جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ

فڕێمان دایە دۆزەخەوە هەموو کافرێکی سەرسەخت، کە ڕێگریکەرە لە چاکە و سنووربەزێنە (حلال و حرام) و شکووگومانکەرە (سەبارەت بە الله و ئیمان)، کە لەگەڵ الله خودایەکی تری هێناوەتە ئاراوە، فڕێمان دایە ناو ئازارێکی قورسەوە، (دۆزەخ).

# ئایەتی ٢٧-٢٩

قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِن كَانَ فِي ضَلالٍ بَعِيدٍ

قَالَ لا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِالْوَعِيدِ

مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ

هاوەڵەکەی (شەیتان) گوتی، خوداکەمان من سەرکێشیم پێ نەکردووە، بەڵکو خۆی لە گومڕابوونێکی دوور بوو.

(الله) گوتی، لای من مشتومڕ مەکەن، و بەڵێنی ئەم ڕۆژەم (قیامەت) پێتان دابوو.

وە قسە لای من ناگۆڕدرێت وە من ستەم لە کۆیلە ناکەم.

معروف الرصافی شاعیری ناوداری عیراق، لە پەرتووکی الشخصية المحمدية، ڕاستی گوتووە کە دەکرێت بە قورئان بگوترێت پەرتووکی "قل" وە دەڵێت هیچ پەرتووکێکی ئاسمانی و مرۆڤی بەقەد قورئان "قال و قل" (گوتی و بڵێ)ی تێدا نییە.

لە زۆربەی سوورەتەکانی قورئان دەبینیت کە لە ئایەتێکەوە بۆ ئایەتێکی تر ئاڵووگۆڕی بە سەر کەسایەتی الله دا دێت، مەبەستم لە قسەکەر دەبێت بە کەسی سێهەم، وە لە کەسی سێهەم دەبێت بە کەسی یەکەم.

بۆ نموونە ئایەتی ٢٦ دەڵێت، ( فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ) ئێمە فڕێمان دایە دۆزەخەوە.

واتە قسەکەرە (کەسی یەکەمە).

لەکتووپڕێکدا لە ئایەتی ٢٨ ( واتە دوو ئایەت دواتر)، دەبێت بە کەسی سێهەم:

قَالَ لا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ

الله گوتی لای من مشتوومڕ نەکەن.

وەك ئەوەی کەسێکی تر چیرۆکەکە بگێڕێتەوە و بڵێت کافرەکە گوتی، ئینجا بڵێت، الله گوتی هتد،،

دەبوایە دەقەکە بڵێت:

قلنا لا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ (لدينا)

گوتمان لای من (ئێمە) مشتومڕ نەکەن.

سەبارەت بە (قَالَ قَرِينُهُ) ناکۆکی هەیە: ئایا فریشتەیە یان شەیتانە؟

لە ئایەتی ٢٣ بەمانای فریشتە بوو، بەڵام لە ئایەتی ٢٧ بە مانای کێ دێت؟ وە هاوەڵەکەی کێیە؟

من پێم وایە لە ئایەتی ٢٧ بە مانای (شەیتان دێت)، کە دەڵێت خوداکەمان من تووشی سەرکێشیم نەکرد، بەڵکو خۆی لە گوومڕاییەکی دووردا بوو.

بەڵگە بۆ ئەم قسەیەم ئایەتی ١٦ سوورەتی "الحشر"ە کە دەڵێت:

كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ

وەك نموونەی شەیتان کە بە مرۆڤ گوت کوفر بکە، وە کاتێك کوفری کرد گوتی من لە تۆ بێبەریم، لە راستیدا من لە الله دەترسم خوداوەندی جیهانەکان.

لە راستیدا شەیتان لە ئیسلامدا نەك تەنها توحیدیە (یەکتا پەرستە) بەڵکو موسڵمانیشە.

لەم ئایەتەی سەرەوەدا ڕوونە کە شەیتان دان دەنێت کە لە الله دەترسێت، وە الله بە خودای جیهانەکان دەزانێت.

وە لە ئایەتی ٨٢ سوورەتی ص، سوێند بە عیزەتی الله دەخوات و دەڵێت:

قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ

شەیتان گوتی، دەسا سوێند بە عیزەتت دەبێت هەموویان لە خشتە ببەم.

وە شەیتان بە شایستەی نەزانیووە کە کڕنۆش بۆ هیچ شتێك ببات جگە لە الله.

لە صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە محمد دەڵێت، شەیتانەکەی ئیسلام بووە، وە تەنها فەرمانی چاکەی پێ دەکات.

أَنَّ اللَّه أَعَانَنِي عَلَيْهِ فَأَسْلَمَ فَلا يَأْمُرنِي إِلاَّ بِخَيْرٍ

لە ڕاستیدا الله کۆمەکی کردم تاوەکو شەیتان ئیسلام بوو، وە فەرمانی هیچم پێ ناکات، تەنها باشە نەبێت.

ابن ابي الحديد لە شرح نهج البلاغة دەڵێت، ابو الفتوح الغزالی (برای امام حامد الغزالی)، وتارێکی لە یەکێك لە مزگەوتەکانی بغدا پێشکەش کرد و لە وتارەکەی گوتی:

من لم يتعلم التوحيد من إبليس فهو زنديق، أمر أن يسجد لغير سيده فأبى ولست بضارع إلا إليكم وأما غيركم حاشا وكلا

هەر کەسێك لە شەیتان فێرە تەوحید نەبێت ئەوا زندیق و کافرە، فەرمانی پێ کرا کڕنۆش ببات بۆ کەسێکی دیکە جگە لە الله ، ڕەتی کردەوە کڕنۆش ببات و (بە اللەی) گوت من ملکەچی هیچ کەسێك نابم تەنها ئێوە نەبن، من تەنها کڕنۆش بۆ ئێوە دەبەم، بەڵام شتانێکی دیکە حاشا.

وە لە صحیح البخاری و مسلم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

فإن الله حرَّم على النار مَنْ قال: لا إله إلا الله، يَبْتَغِي بذلك وجهَ الله

الله ئاگری (دۆزەخ) حرام کردووە لەسەر کەسێك کە گوتبێتی هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە بەمە ویستبێتی ڕەزامەندی سیمای الله بەدەست بێنێت.

وە لە صحیح مسلم، فەرمودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:

من مات وهو يعلم أنه لا إله إلا الله دخل الجنة

هەر کەسێك بمرێت وە بزانێت کە هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، دەچێتە بەهەشتەوە.

وە ئایەتەکان زۆرن لە قورئاندا کە دەڵێن:

إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ

الله لە کەسێك نابوورێت کە شرکی پێ کردبێت.

هەموو ئەوانە بەڵگەن کە شەیتان توحیدیە و لە الله دەترسێت و دەزانێت و دان بەوەدا دەنێت کە هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە شرکی بە الله نەکردووە، کەواتە بە مسۆگەری بەهەشتیە.

## ئایەتی ٣٠-٣٥

يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ

وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ

هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ

مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ وَجَاءَ بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ

ادْخُلُوهَا بِسَلامٍ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ

لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ

الله اکبر دەڵێت: ئەو ڕۆژەی کە بە دۆزەخ دەڵێین ئایا پڕ بوویت (لە جنۆکە و مرۆڤ)، وە دۆزەخ دەڵێت: ئایا زیاتر هەیە؟

وە کە بەهەشت بۆ خوداپەرستان نزیك بۆوە، وە ئەم ڕۆژە دوور نییە.

ئەوە بەڵێن پێدراون، بۆ هەموو کەسێکی گەڕاوە بۆ لای الله کە خۆی لە گوناه دەپارێزێت.

ئەوی لە ڕەحمان بە غەیب ترسا، وە بە دڵێکی پاك هات.

(پێیان دەگوترێت) بە ئاشتی بڕۆنە ناویەوە (ناو بەهەشت)، ئیمڕۆ ڕۆژی نەمرییە (نەمر دەبن و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە).

وە هەر شتێك ئارەزوو بكەن تیایدایە، وە زیاتریشمان لایە.

چەند خاڵێك سەبارەت بەم ٦ ئایەتە:

یەكەم: (غَيْرَ بَعِيدٍ) الله دەڵێت ئەم ڕۆژەی كە دۆزەخ و بەهەشت دەهێنرێت دوو نییە. "غیر بعید" دوور نییە.

دووەم: دۆزەخ قسە دەكات لەگەل الله، الله دەڵێت لەم ڕۆژەدا پرسیار لە دۆزەخ دەكەین: ئایا پڕ بوویت؟ دۆزەخ لە وەڵامدا دەڵێت: زیاتر هەیە؟

الله اكبر لە ئایەتی ١٣ سوورەتی السجدة دەڵێت:

وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَـٰكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ

ئەگەر بمانوویستایە ئەوا ڕێنمایی هەموو گیانێكمان دەدا، بەڵام ڕاستی و درووستی قسەكەم دەبێت بێتە دی، كە دەبێت دۆزەخ پڕ بكەم لە جنۆكە و مرۆڤ بەیەكەوە.

واتە الله اكبر سوێندی خواردووە، كە دەبێت دۆزەخ پڕ بكات لە جنۆكە و مرۆڤ، لەبەر ئەوە هیدایەتی هەموو كەسێك نادات. وە هەر دەبێت سوێندەكەی بێتە دی.

كاتێك ئیبلیس كڕنۆشی بۆ ئادەم نەبرد، قسەو باسێك لە نێوان الله و ئیبلیس ڕوویدا، ئەوكات الله، وەك ئایەتی ٨٤-٨٥ سوورەتی ص دەڵێت، الله بەڵێنی بە خۆی دا و گوتی:

قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ، لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ

(الله بە ئیبلیسی گوت)، ڕاستی ڕاستی دەڵێم، بە دڵنیاییەوە دەبێت دۆزەخ لە تۆ و لەوانەی بەدوات دەكەون پڕ بكەم.

الله ئەم بەڵێنەی داوە و ناتوانێت پەشیمان ببێتەوە، وە دەبێت بەڵێن و سۆزەكەی بێتەدی.

له صحيح البخاری و مسلم، فەرموودەیەك هاتووە كە محمد صلعم گوتوویەتی:

لَا تَزَالُ جَهَنَّمُ تَقُولُ هَلْ مِنْ مَزِيدٍ ، حَتَّى يَضَعَ رَبُّ الْعِزَّةِ فِيهَا قَدَمَهُ ، فَتَقُولُ قَطْ قَطْ وَعِزَّتِكَ

دۆزەخ بەردەوام دەبێت و دەڵێت:ئایا زیاتر هەیە؟ تاوەكو الله قاچێكی دەخاتە ناو دۆزەخەوە، ئینجا دۆزەخ دەڵێت سوێند بە شكۆت پڕبووم پڕبووم.

بەڵێ بەڕێزان خودا پاك و بێگەردە بەڵام قاچی دەخاتە ناو ئاگرەوە.

وە اللهی عەرەب و ئیسلام لە شێوەی مرۆڤە، وەك مرۆڤ هەموو ئەندامێكی لەشی هەیە.

ئینجا الله دەڵێت، ئەوەیە بەڵێنتان پێدراوە (دۆزەخ و بەهەشت) بۆ هەموو كەسێك كە:

یەكەم: بیەوێت و ئارەزوو بكات بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی الله و پارێزگاری لە خۆی بكات لە گوناە.

دووەم: ئەوەی لە الرحمن (الله) بترسێت (بالغیب).

سێهەم: بە دڵێكی پاكەوە بێت.

(مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ)، مەبەست چییە؟ ئایا مەبەست ئەوەیە كە بە نهێنی لە الرحمن بترسێت؟ وە یان لە زانستی غەیبی الرحمن بترسێت؟

الله اعلم

ئینجا بە خوداترسان دەڵێت بە ئاشتیەوە بڕۆنە بەهەشتەوە، ئیمڕۆ ڕۆژی نەمریتانە، وە لە بەهەشتدا هەر شتێك ئارەزوو دەكەن هەیە وە (وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ) واتە زیاتریشمان لا دەستدەكەوێت.

( وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ) واتە شتی زیاترمان لا دەستدەكەوێت لە دەرەوەی ئەم شتانەی لە قورئان ئاماژەمان پێكردووە.

ابن الجوزی، سەبارەت بەم دەقە دەڵێت ٣ بۆچوون هەیە:

یەكەم: سەیركردنی الله

دووەم: هەور بە ئاسمانی بەهەشتدا دەڕوات و حۆریە دەبارێنێت، حۆریەکان دەڵێن ئێمە ئەوانەین کە الله گوتوویەتی (وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ).

سێهەم: هەرچیەك زیاتر داوا بکەن و خۆزگەی بۆ بکەن کە گوێچکەکان نەیانبیستووە و بە دڵی مرۆڤدا نەهاتووە.

لە مسند احمد و ابو يعلى الموصلى فەرموودەیەك بە اسنادێكی حسن هاتووە محمد گوتویەتی:

إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَّكِئُ فِي الْجَنَّةِ سَبْعِينَ سَنَةً قَبْلَ أَنْ يَتَحَوَّلَ ... فَتُسَلِّمُ عَلَيْهِ " . قَالَ: " فَيَرُدُّ السَّلَامَ، وَيَسْأَلُهَا: مَنْ أَنْتِ؟ وَتَقُولُ: أَنَا مِنَ الْمَزِيدِ

پیاو بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ لە بەهەشت لە سەر تەنیشتێکی پاڵ کەوتووە، پێش ئەوەی تەنیشتەکەی بگۆڕێت.... ئینجا حۆریەکی زۆر جوان دێت و سڵاو لە پیاوەکە دەکات، پیاوەکە سڵاوەکە وەڵام دەداتەوە و لێی دەپرسێت تۆ کێیت؟ حۆریەکە دەڵێت من لە زیادەکانم.

ابن مردوية، ئاماژەی بە فەرموودەیەکی هاوچەشن کردووە، بەڵام تیایدا هاتووە کە حۆریەکە دەڵێت:

أنا من اللواتي قال الله (ولدينا مزيد).

من لەوانەم کە الله گوتوویەتی (وە زیاترما لا دەستدەکەوێت).

لە جامع الترمذى و "صفة الجنة"لابي نعيم، فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:

إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ يَدْخُلُونَ كُلَّ يَوْمٍ مَرَّتَيْنِ عَلَى الْجَبَّارِ تَعَالَى فَيَقْرَأُ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنَ

خەڵکی بەهەشت ڕۆژانە دوو جار سەردانی الله دەکەن ، الله قورئانیان بۆ دەخوێنێتەوە.

## ئایەتی ٣٦-٣٧

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي الْبِلَادِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ

ئینجا دەڵێت، وە چەندەها نەوەمان لە پێشیان (کافرانی سەردەم) لەناوبرد و قڕ کرد، لەگەڵ ئەوەش ئەوان بە زەبرووزەنگتر و بەتواناتر بوون لەم کافرانە، با بچن وڵاتەکان بپشکنن و هەڵبکەنن، بۆ ئەوەی بزانن کە ئایا هیچ کەسێکیان ڕزگاریان بووە؟

لە ڕاستیدا لەمەدا وەبیرهێنانەوە هەیە بۆ کەسانێك کە دەیانەوێت لە بێباوەڕی بگەڕێنەوە و ئیمان بهێنن، وە یان گوێکانیان شل بکەن، وە با خۆی ببێت بە شایەت بۆ خۆی.

## ئایەتی ٣٨

وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ

وە ئێمە ئاسمانەکان و زەویمان بە شەش ڕۆژ درووست کرد، وە بە هیچ شێوەیەك تووشی ماندووبوون نەبووین.

(لە سوورەتی فصلت بە درێژی قسە دەکەین سەبارەت بە قورئان و درووست بوونی گەردوون).

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت: جووەکان دەیانگوت خودا ئاسمانەکان و زەوی لە ٦ ڕۆژ درووست کردووە، وە لە ڕۆژی حەوتەم پشووی داوە کە ڕۆژی شەمەیە، ئەوەبوو الله ئەم دەقەی دابەزاند .

بە گوێرەی ئەم هۆکاری دابەزینە بێت، ئەم سوورەتە سوورەتێکە لە مەدینە دابەزیووە.

## ئایەتی ٣٩-٤١

فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ

وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ

وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ

اللەی عەرەب و ئیسلام ئەم ئایەتانە فەرمان بە محمد دەکات و دەڵێت:

ئارام بگرە سەبارەت بەوەی دەیڵێن، وە خوداکەت شکۆمەند بکە و تسبیحات بکە پێش خۆرهەڵاتن و پێش خۆرئاوا بوون، لە شەودا و لە کۆتایی کڕنۆش بردنەکانت.

وە گویێ بگرە و گوێچکەکانت شل بکە، بۆ ئەو ڕۆژەی بانگدەرێک بانگ دەکات لە شوێنێکی نزیك.

لە ئایەتی ٤١ الله اکبر بە محمد دەڵێت، ڕۆژی قیامەت لە ژیانی تۆدا ڕوودەدات،

چونکە دەڵێت، ئەی محمد گویێ بگرە بۆ بانگدەرێك لە شوێنێکی نزیک بانگ دەکات، بۆ کۆبوونەوە لە گۆڕەپانی مەحشەر.

ئەم ٣ ئایەتە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، چونکە ئایەتی دووەم و سێهەم بە پیتی (و)ی (لکێنەر) بەسراونەتەوە بە ئایەتی یەکەم کە فەرمانکردنە بە محمد .

واتە الله لەم چەند ئایەتەدا فەرمان بە محمد دەکات و دەڵێت:

یەکەم: (اِصْبِرْ) ئارام بگرە سەبارەت بەم قسانەی کافرەکان دەیڵێن.

دووەم: (وَسَبِّحْ) وە تسبیحات بکە: پێش خۆرهەڵاتن و پێش خۆرئاوابوون، وە لەشەو و لە کۆتایی کڕنۆشەکانت.

سێهەم:( وَاسْتَمِعْ) وە گوێبگرە بۆ ئەو ڕۆژەی بانگدەرێك بانگ دەکات، لە سوێنیکی نزیک.

ئەم ئایەتە کافییە بۆ ڕەتکردنەوەی قورئان، چونکە دەیسەلمێنیت کە نووسەری قورئان بە محمد دەڵیت، ڕۆژی قیامەت و گردبوونەوە لە گۆڕەپانی مەحشەر لە ژیانی محمد ڕوودەدات.

محمد مرد و ١٤٠٠ ساڵ تێپەڕی و ڕۆژی قیامەتیش نەهات.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، شرۆڤەکاران دەڵێن، ئەوەی بانگ دەکات ئیسرافیلە، لەسەر بەردەکەی قودس دەوەستێت و هاوار دەکات: ئەی خەڵکینە وەرن بۆگۆڕەپانی مەحشەر بۆ لێپرسینەوە، الله فەرمان دەکات کۆببنەوە بۆ ڕۆژی دادگایی.

محمد، هەمیشە لەو بڕوایەدا بووە کە لەژیانیدا ڕۆژی قیامەت ڕوودەدات، لێرەدا ئامادە بە دوو فەرموودە دەکەین، کە ڕاستی و درووستی ئەمە دەسەلمێنن:

1- لە صحیح البوخاری و موسلیم، فەرموودەیەک هەتووە محمد وتوویەتی:

بُعِثْتُ أَنَا وَالسَّاعة هكذا، ويشير بأصبعيه فيمدُّ بهما، واتە من و ڕۆژی قیامەت وەک ئەو دوو پەنجەی تەک یەک واین، واتە لە ژیانی من ڕۆژی قیامەت ڕوودەدات. وە پێغەمبەر دوو پەنجەی جووت دەکرد و نیشانی دەدا.

2- وە لە صحیح البخاری و موسلم، ریوایەتێک هاتووە، کە پیاوێک پرسیار لە محمد دەکات و دەپرسێت، کەی ڕۆژی قیامەت ڕوودەدات؟ منداڵیک لە کاتەدا لەوێ دەبیت، محمد دەڵیت، ئەو منداڵە پیرنابێت ڕۆژی قیامەت ڕوودەدات.

کەواتە ئایەتی ژمارە ٤١، وە ئەم دوو فەرموودەیە، وە چەندەها فەرموودەی هاوچەشن هەن، کە دەیسەلمێنن محمد شکووگومانی نەبووە کە ڕۆژی قیامەت لە ژیانیدا ڕوودەدات.

زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ بەسەر مردنی محەمەد تیپەری و ڕۆژی قیامەت ڕووی نەدا.

بۆ هەر مرۆڤیک کەمێک عەقڵ و لۆژیکی هەبێت، بەسە بۆ ئەوەی بۆی ڕوون بێتەوە کە قورئان لە نووسینی مرۆڤە و هیچ پەیوەندیی بە خوداوە نییە.

ئاخۆ دەبیت کەی موحەمەد لە گۆڕەکەی بێتە دەرەوە و پەرچەمێکی سووری بە دەستەوە بێت؟

لە صحیح موسلم ڕیوایەتێک هاتووە، ابن عباس دەڵیت، جُعِلَ في قبر النبي صلى الله عليه وآله وسلم قطيفةٌ حمراء، واتە، پارچە پەڕۆیەکی سوور خرایە ناو گۆڕەکەی پێغەمبەرەوە، وە لە سنن ابی داود وە لە جامع الترمزی، ڕیوایەتێک هاتووە ابن عباس دەڵێت، ئایەتی ١٦١ سوورەتی ال عمران دابەزیی سەبارەت بە پارچە پەڕۆیەکی سوور، کە لە غەنیمەی شەری بەدر ون ببوو، یاوەرەکان وتیان پێغەمبەر بردوویەتی.

ڕەنگ بێت ئەم پەڕۆ سوورەی خراوەتە ناو گۆڕەکەی محمدەوە هەر ئەو پەڕۆ سوورەبێت کە لە دەسکەوتەکانی شەری بەدر ون ببوو، وە لە صحیح البخاری و مسلم فەرموودەیەک هاتووە، محمد دەڵێت، یەکەم کەس دەبم کە لە ڕۆژی قیامەت لە گۆڕەکەم دێمە دەرەوە و ئاڵایەکم بە دەستەوەیە.

ئەی موسڵمانان چاوەڕێی مردوویەک بکەن لە دوورگەی عەرەبی کە لە گۆڕەکەی دێتە دەرەوە، ئیزارێکی لە بەرە تا سەر ئەژنۆکانیەتی، سمیڵی قوتە و ڕیشی درێژە قژی بۆ سەر شانەکانی شۆڕ بۆتەوە، چوار کەزیی هەیە، چاوەکانی پر لە کلن، وەئاڵایەکی سووری بەدەستەوەیە، بەڵام ئاگادار بن ئاڵا سوورەکە داس و چەکوش و درووشمی ئازادی و یەکسانیی لەسەر نییە، بەڵکو لە سەر ئاڵاکە دوو شمشێر هەیە، وە نووسرەوە انا القتال الضحوک، بانگدەرێک هاوار دەکات و دەڵێت، کێ بوون بڕوایان بە پەیامی قتل و نیکاح هەبوو لە دەوری ئەم ئاڵایە کۆ ببنەوە ،

موسڵمانان چاوەڕی بکەن کەی پیاویک بەم سیفاتانە لە گۆڕەکەی دیتە دەرەوە.

# ئایەتی ٤٢

يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە الله فەرمان بە محمد دەکات گویێ بگرێت بۆ بیستنی. دەڵێت:

ڕۆژێك کە بە ڕاستی گوێبیستی گرمەیەك دەبن، لەم ڕۆژەدا دەردەچن.

گرمەکە گرمەی ڕۆژی قیامەتە، وە دەرچوونەکە بۆ گۆڕەپانی مەحشەرە.

# ئایەتی ٤٣

إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ

ئینجا دەڵێت، لە ڕاستیدا ئێمە زیندوودەکەینەوە و دەمرێنین، وە گەڕانەوە بۆ لای ئێمەیە.

# ئایەتی ٤٤

يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ

ئینجا سەبارەت بەوانەی کە مردوون و لە گۆڕدان: زەوی بەسەریاندا شەق دەبات (سراعا) ئەم حەشرە (کۆکردنەوەیە) بۆ ئێمە کارێکی ئاسانە.

( سراعا) بە خێرایی، بۆ زەوی شەق بوونەوەکە دەگەڕێتەوە، وە یان کاتیك گۆڕ بەسەر مردووەکان شەق دەبێت و دێنە دەرەوە، بەخێرایی دەڕۆن بۆ مەحشەر؟

چۆن مردووەکان زیندوو دەبنەوە؟ فەرموودەیکی صحیح لە المستدرك على الصحيحين للحاكم و مجمع الزوائد و منبع الفوائد للهيثمی وە جامع البيان للطبری هاتووە، کە ابن مسعود دەڵێت:

فَيُرْسِلُ اللَّهُ مَاءً مِنْ تَحْتِ الْعَرْشِ كَمَنِيِّ الرِّجَالِ ، فَتَنْبُتُ لُحْمَانُهُمْ وَجُثْمَانُهُمْ مِنْ ذَلِكَ الْمَاءِ ، كَمَا يُنْبِتُ الْأَرْضُ مِنَ الثَّرَى " ، ثُمَّ قَرَأَ عَبْدُ اللَّهِ : وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَلِكَ النُّشُورُ(ئايەتی ٩٠ سوورەتی فاطر).

الله ئاوێك لە ژێر عرشەکەی دەنێرێت کە وەك تۆواوی پیاوە، بەم ئاوە گۆشت و لاشەیان درووست دەبێتەوە، هەروەك چۆن زەوی بە باران دەبووژێتەوە. ئینجا عبدالله بن مسعود، ئەو ئایەتەی خوێندەوە کە دەڵێت: (با) پەرشووبڵاوە بە هەورەکان دەکات، ئینجا هەورەکانمان ڕاپێچ کرد بۆ وڵاتێکی مردوو، بەم شێوەیە خاکێکمان بووژاندەوە دوای ئەوەی مردبوو، وە زیندکردنەوەی مرۆڤ بەهەمان شێوە.

## ئایەتی ٥٠

نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ

ئەی محمد ئێمە باشتر دەزانین کە کافر و موشریکەکان چ شتێك دەڵێن، بەڵام زۆ تۆ بەسەریاندا زۆردار نیت تاوەکو زۆریان لێ بکەیت، بە قورئان ئەوکەسانە وەبیربهێنەوە کە لە ڕۆژی قیامەت دەترسن.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٣٥)

## سوورەتی البلد (زێد)

**١-لا أُقْسِمُ بِهَذَا الْبَلَدِ**

سوێند دەخۆم بەم زێدە.

**٢-وَأَنتَ حِلٌّ بِهَذَا الْبَلَدِ**

وە تۆ تیایدا نیشتەجێیت.

**٣-وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ**

وە سوێند بە باوك و نەوەكانی.

**٤-لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي كَبَدٍ**

مرۆڤمان لەگەڵ تەنگەژەیی درووست كردووە.

**٥-أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ**

ئایا وادەزانێت هیچ كەسێك توانایی بەسەریدا ناشكێت.

**٦-يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالا لُّبَدًا**

دەڵێت سامانێكی زۆرم لە دەست داوە.

**٧-أَيَحْسَبُ أَن لَّمْ يَرَهُ أَحَدٌ**

ئایا وادەزانێت كە كەس نەیبینیووە.

**٨-أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ**

ئەی دوو چاومان بۆی نەكردووە.

**٩-وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ**

وە زمانێك و دوو لێو.

**١٠-وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ**

وه ڕێنمایمان کردووه بۆ دوو بەرزایی.

**١١-فَلا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ**

دەسا بەربەست "عقبة" دەبڕم.

**١٢-وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ**

وه تۆ چوزانیت بەربەست "عقبة" چییه؟

**١٣-فَكُّ رَقَبَةٍ**

گەردەن ئازادکردن.

**١٤-أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ**

وه یان نان دانه له ڕۆژی قاتووقڕی.

**١٥-يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ**

به هەتیوێکی نزیکت.

**١٦-أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ**

یان هەژارێکی دەستکورت.

**١٧-ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ**

ئینجا یەکێك بێت لەوانەی باوەڕیان هێنابێت و ڕاسپارده به زۆڕاگری و ئامۆژگاری به بەزەییهاتنەوه بکەن.

**١٨-أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ**

ئەوانه یاوەرانی دەسته ڕاستن.

**١٩-وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا هُمْ أَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ**

وه ئەوانەی کوفریان کرد ئەوانه یاوەرانی دەسته ڕاستن.

٢٠-**عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌ**

ئاگرێکی گڕاویان لەسەرە.

# شرۆڤە و تێبینی

وشەی (بلد) واتە "زێد" لە ئایەتی یەك و (انت)واتە "تۆ" لە ئایەتی دوو هاتووە.

قورئان کەم تا زۆر ڕوونی نەکردۆتەوە کە ئەم "زێدە" کوێیە وە 'تۆ" کێیە؟

بەڵام شرۆڤەکاران دەڵێن "بلد" واتە مەککە و "انت" واتە محمد.

## ئایەتی ١-٢

لا أُقْسِمُ بِهَذَا الْبَلَدِ

وَأَنتَ حِلٌّ بِهَذَا الْبَلَدِ

دەڵێت، سوێند دەخۆم بەم زێدە کە تۆ تیادا نیشتەجێیت.

## ئایەتی ٣

وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ

وە سوێند بە باوك و ئەوەی کوڕیەتی.

واتە سوێند بە باوك و کوڕ.

محمد لە سەرەتای پەیامەکەی بڕوای بە سیانەکی پیرۆز هەبووە ( باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز). لەم ئایەتە خوداوەندی ئیسلام سوێند بە باوك و کوڕ دەخوات.

زانایانی ئیسلام سەریان سوڕماوە، نازانن ئەم باوك و کوڕە کێیە کە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام سوێندی پێی خواردووە. ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت ٣ قەول هەیە:

یەکەم: ئادەم و منداڵەکانی

دووەم:ابراهیم و وەچەکانی

سێهەم: گشتییە و هەموو باوك و منداڵەکانی دەگرێتەوە

# ئایەتی٤-٥

لَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ فِي كَبَدٍ

أَيَحْسَبُ أَن لَّن يَقْدِرَ عَلَيْهِ أَحَدٌ

له وەڵامی سوێندەکان، اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

مرۆڤمان بە لاوازی درووست کردووە.

ئینجا دەڵێت:

ئایا وادەزانێت هیچ کەسێك توانایی بەسەریدا ناشکێت؟

# ئایەتی ٦-٧

يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالا لُّبَدًا

أَيَحْسَبُ أَن لَّمْ يَرَهُ أَحَدٌ

سامانێکی زۆرم لە دەستداوە.

ئایا وادەزانێت هیچ کەسێك نەیبینیووە؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە ( يَقُولُ أَهْلَكْتُ مَالا لُّبَدًا) دوو بۆچوون هەیە:

یەکەم: کافر و موشریکە و دەڵێت: سامانێکی زۆرم لە دەست داوە بۆ دژایەتی کردنی محمد.

ئەم تێڕوانینە زۆر بێ بنەما و پڕووپووچە چونکە ئەم سوورەتە مەککییە، وە ئەو کات محمد سوپای نەبووە، تاوەکو کافرێك پارە خەرج بکات بۆ دژایەتیکردنی محمد.

دووەم: ئیماندارە و دەڵێت: سامانێکی زۆرم لە پێناو اللە و بۆ کەفارەتی گوناە سەرف کردووە.

ئەم تێڕوانینەش پڕووپووچ و بێ بنەمایە، لە ماوەی مەککە جیهاد بوونی نەبووە. وە دەقەکانی تایبەت بە کەفارەت لە سوورەتەکانی مەدینە دابەزیوون.

من پێم وایە مەبەست لەم دوو دەقە ئەوە بێت:

کاتێك داوای لێ دەکرێت کۆمەك بە هەژاران و هەتیوان بکات، دەڵێت پارەیەکی زۆرم لە دەست داوە، لەبەر ئەوە ناتوانم.

وە الله دەڵێت: ئایا وادەزانێت کە کەس نەیبینیوە و نایبینێت لە کاتێکدا ئەم درۆیە دەکات.

هەڵبەتە من ناهەقی موفەسیرەکان ناگرم، کە لێکدانەوەی جیا و بێبنەمایان بۆ ئەم دەقانە کردووە، چونکە دەقی زۆر لێڵ و نارۆشنن، وە یان دەبێت دەقێك لە پێشتر هەبووبێت بەڵام لە قورئاندا نەماوە.

## ئایەتی ٨-٩

أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ، وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ

ئەی دوو چاو و زمانێك و دوو لێومان بۆی نەکردووە.

## ئایەتی ١٠

وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ

وە ڕێنمایمان کردووە بۆ دوو ڕێگا.

(نجد)، لە زمانی عەرەبی واتە شوێنێکی بەرز و سەخت.

ابن الجوزی دەڵێت، سەبارەت بەم ئایەتە ٣ بۆچوون هەیە:

یەکەم: ڕێگای باشە و خراپە.

دووەم:ڕێگای هیدایەت و گومڕایی (ابن عباس).

سێهەم: دوو مەمك بۆ ئەوەی شیریان لێ بخوات(ابن عباس و ابن المسیب و قتادة و الضحاك).

من پێم وایە ئەم دەقە واتە: ئیلهامی ڕێگای باشە و خراپەمان پێی داوە.

ئایەتی ٦-٧ سوورەتی الشمس دەڵێت:

وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا، فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا

وە هەر گیانێك درووستی كردووە و سەرووسیمای پێی داوە، ئیلهامی خراپە و باشەی پێی داوە.

## ئایەتی ١١-١٢

فَلا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ

بە دڵنیاییەوە بەربەست (عقبة) دەبڕم.

وە تۆ چوزانیت بەربەست (عقبة) چییە؟

واتە ئەو كەسە دەڵێت: بە دڵنیاییەوە "عقبة" دەبڕم

الله وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: تۆ چوزانیت "عقبة" چییە؟ كە وا بە ئاسانی دەڵێیت دەیبڕم.

السیوطی لە الدر المثور، ئاماژە بە بیرووبۆچوونی جیای یاوەرەكان و تابعین دەكات سەبارەت بە "عقبة"، وەك: دۆزەخ و ناوچەیەكە لە نێوان دۆزەخ و بەهەشت، و چیایەكە لە دۆزەخ ( بۆ ئەوەی بگەیت بە لوتكەی، پێویستیت بە ٧٠ هەزار ساڵ هەیە).

## ئایەتی ١٣-١٦

فَكُّ رَقَبَةٍ، أَوْ إِطْعَامٌ فِي يَوْمٍ ذِي مَسْغَبَةٍ، يَتِيمًا ذَا مَقْرَبَةٍ، أَوْ مِسْكِينًا ذَا مَتْرَبَةٍ

لەم چەند ئایەتەدا اللەی عەرەب و ئیسلام بە موسڵمانان دەڵێت، كە لە ڕێگای یەكێك لەم كارانە دەتوانن "عقبة" ببڕن:

یەكەم: گەردەن ئازادكردن (ئازادكردنی كۆیلە).

دووەم: یان خواردندانی هەتیوێكی نزیك لە خۆت لە ڕۆژێكی سەخت و قاتووقڕی.

سێهەم: یان خواردندانی هەژارێكی دەست كورت.

هەر یەکێك لەمانە، واتە مەرج نییە ئازادکردنی کۆیلە بێت، کە موسڵمانان دەڵێن لە سوورەتی بلد ئاماژە کراوە بە ئازادکردنی کۆیلە.

وە کاتێك ئەم سوورەتە دابەزیووە، محمد سوپای نەبووە خەڵك بکات بە کۆیلە.

وە هەروەها زۆربەی ئەوانەی لە ماوەی مەککە ئیمان بە محمد دەهێنن، کۆیلە بوون، محمد ئەم دەقەی دابەزاندووە، بۆ ئەوەی کۆیلە ئیماندارەکانی ئازاد بکرێن.

لە المستدرك على الصحيحين للحاكم فەرموودەیەك هاتووە بە اسنادێکی صحيح عائيشە دەڵێت، کاتێك ( فَلَا اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ ، وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ) دابەزی، لە پێغەمبەر پرسیار کرا؟

مَا عِنْدَنَا مَا نُعْتِقُ إِلَّا أَنَّ أَحَدَنَا لَهُ جَارِيَةٌ سَوْدَاءُ تَخْدُمُهُ ، وَتَسْعَى عَلَيْهِ ، فَلَوْ أَمَرْنَاهُنَّ فَزَنَيْنَ ، فَجِئْنَ بِالْأَوْلَادِ فَأَعْتَقْنَاهُمْ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ - : " لَأَنْ أُمَتَّعْ بِسَوْطٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ آمُرَ بِالزِّنَا ، ثُمَّ أُعْتِقَ الْوَلَدَ

ئێمە کۆیلەمان نییە ئازادی بکەین تەنها ئەوە نەبێت ژنە کۆیلەی ڕەشمان هەیە ، ئەگەر فەرمانیان پێ بکەین زینا بکەن، منداڵیان ببێت و دواتر منداڵەکە ئازاد بکەین، چۆنە؟ پێغەمبەر گوتی قامچیەك بەکاربهێنم لە پێناو ڕێگای الله خۆشەویسترە لەوەی فەرمان بکەم بە زینا، ئینجا منداڵی زیناکەرێك ئازاد بکەم.

بە گوێرەی ئەم فەرموودەیە بێت، سوورەتی البلد سوورەتێکی مەدینەیە.

## ئایەتی ١٧

ثُمَّ كَانَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ وَتَوَاصَوْا بِالْمَرْحَمَةِ

ئینجا ئەو کەسە دەبێت یەکێك بێت لەوانەی کە ئیمانی هێنابێت بە الله و محمد، وە ڕاسپاردە بکات بە خۆڕاگری و ئامۆژگاری بکات بە دلۆڤانی.

واتە ناتوانێت "عقبة" ببڕێت ئەگەر ئیمانداران نەبێت بە الله و محمد.

لێرە ڕوون دەبێتەوە کە "عقبة" بە مانای ڕۆژی قیامەت دێت.

# ئایەتی ١٨

أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْمَيْمَنَةِ

دەڵێت: ئەوانە یاوەرانی دەستە ڕاستی اللەن (بەهەشتیەکانن).

# ئایەتی ١٩-٢٠

وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا هُمْ أَصْحَابُ الْمَشْأَمَةِ

عَلَيْهِمْ نَارٌ مُّؤْصَدَةٌ

دەڵێت: بەڵام ئەوانەی کوفریان کرد بە ئایەتەکانمان، ئەوانە یاوەرانی دەستە چەپن (دۆزەخین).

وە ئاگری دۆزەخ بەسەریاندا کراوەتەوە.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٣٦)

# سوورەتی الطارق (شەوگەڕ)

١-وَالسَّمَاء وَالطَّارِقِ

سوێند بە ئاسمان و تارق.

٢-وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ

وە تۆ چوزانیت تارق چییە؟

٣-النَّجْمُ الثَّاقِبُ

ئەستێرەی کونکەرە.

٤-إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ

هەموو گیانێك پارێزەری لەسەرە.

٥-فَلْيَنظُرِ الإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ

با مرۆڤ سەیربکات لە چی دروست کراوە؟

٦-خُلِقَ مِن مَّاء دَافِقٍ

لە ئاوێکی پرژاو درووست کراوە.

٧-يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ

لە نێوان پشت و تەختەی سینگ دەردەچێت.

٨-إِنَّهُ عَلَى رَجْعِهِ لَقَادِرٌ

لە ڕاستیدا ئەو (اللە) توانایی هەیە بیگەڕێنێتەوە.

٩-يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ

لەو ڕۆژەدا نهێنیەکانی دەردەکەون.

١٠-**فَمَا لَهُ مِن قُوَّةٍ وَلا نَاصِرٍ**

كه نه هێزێكی هەیه وه نه هاریكار.

١١-**وَالسَّمَاء ذَاتِ الرَّجْعِ**

وه سوێند به ئاسمان كه دەیگێڕێتەوه.

١٢-**وَالأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ**

وه زەوی كه درز و قڵیشی هەن.

١٣-**إِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ**

به دڵنیایی ئەوه قسەیەكی یەكلاكەرەوەیه.

١٤-**وَمَا هُوَ بِالْهَزْلِ**

وه ئەو قسانه گاڵته نین.

١٥-**إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا**

ئەوان به فێڵكردن فێڵ دەكەن.

١٦-**وَأَكِيدُ كَيْدًا**

وه منیش فێڵێك دەكەم.

١٧-**فَمَهِّلِ الْكَافِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا**

ده ماوه به كافرەكان بده ماوەیەكی كەم.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٣

وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ، وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ، النَّجْمُ الثَّاقِبُ

سوێند بە ئاسمان و طارق.

ئینجا دەڵێت:وە تۆ چوزانیت طارق چییە؟

ئینجا لە ئایەتی ٣ وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: (طارق) ئەستێرەیەکی کونکەرە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

أَقْسَمَ رَبُّنَا بِالسَّمَاءِ وَبِالطَّارِقِ الَّذِي يَطْرُقُ لَيْلًا مِنَ النُّجُومِ الْمُضِيئَةِ ، وَيَخْفَى نَهَارًا، وَكُلُّ مَا جَاءَ لَيْلًا فَقَدْ طَرَقَ

خوداکەمان سوێندی خواردووە بە ئاسمان وە بە طارق کە شەوانە دەگەڕێت، لە ئەستێرە پڕشنگدارەکانە، بە ڕۆژ ون دەبێت، وە هەر شتێك کە بەشەو دێت پێی دەگوترێت شەوگەڕ.

وە دەڵێت (النَّجْمُ الثَّاقِبُ) واتە ئەو ئەستێرەیە کە ڕووناکیەکەی پڕشنگدارە و دەدرەوشێتەوە.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت: بە ئەستێرە دەگوترێت طارق، چونکە بە شەو بەدیار دەکەوێت و بەڕۆژ ون دەبێت، وە فەرموودەیەکی صحیحی پێغەمبەر پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکات کە نهی کردووە.

أن يَطْرُقْ الرجل أَهْلَهُ لَيْلًا، واتە پیاو بە شەو بەسەر ژنەکەیدا بێت.

وە دەڵێت واتە بە شەو لە کتوو پڕێکدا بگەڕێتەوە ماڵەوە.

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت: بەڵام طارق ئەوا هەموو شتێکە کە بەشەو دێت جا ئەگەر ئەستێرە (هەسار) بێت وە یان شتێکی تر بێت، طارق (شەوگەڕ) بە ڕۆژ نابێت، وە بەڵگە بۆ ئەمە قسەی موسڵمانانە کە لە نیزاکانیان دەڵێن: پەناگە دەبەینە بەر الله لە شەوگەڕ (طوارق اللیل)، وە لە پێغەمبەر دەگێڕنەوە کە نەهی کردووە پیاو بە شەو بگەڕێتەوە ماڵەکەی.

الزمخشرى له الكشاف، و البيضاوى له انوار التنزيل دەڵێن (النجم الثاقب) واته پڕشنگدار وەك ئەوەی بە ترووسکاییەکەی تاریکایی ئاسمان کون بکات.

الجلالين (السيوطى و المحلى) دەڵێن: هەموو شەوگەڕێك بە ئەستێرەوە پێی دەگوترێت طارق، چونکە بەشەو بەدیار دەکەوێت.

القرطبى له جامع لاحكام القران دەڵێت: "الطارق" واتە ئەستێرە، وە ئەم ناوەی لێنراوە چونکە لە شەو بەدیار دەکەوێت، وە عەرەب بە هەموو شەوگەڕێك دەڵێت طارق.

وە لە صحيح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە کە جابر دەڵێت:

نَهَى نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَطْرُقَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ لَيْلًا يَتَخَوَّنُهُمْ أَوْ يَطْلُبُ عَثَرَاتِهِمْ

پێغەمبەر نەهی کرد کە پیاو شەوانە بەسەر خانەوادەکەیدا بچێت، (بۆ ئەوەی بزانێت) خیانەتی لێ دەکەن یان بۆ دۆزینەوەی کەموکوورِیان.

وە لە صحيح البخارى و مسلم فەرموودەیەك هاتووە ،کە محمد نەهی کردووە پیاوان ئەگەر لە سەفەر گەڕانەوە، بەسەر ماڵەوەدا بچن.

نهى النبي صلى الله عليه وسلم أن يطرُق المسافر أهلَه ليلاً لِكَيْ تَمْتَشِطَ الشَّعِثَةُ وَتَسْتَحِدَّ الْمُغِيبَةُ (بۆ ئەوەی ژنان مۆڵەتیان پێ بدرێت قژیان چاك بکەن و بەریان بتاشن و لووس بکەن).

(الثَّاقِبُ) واتە کونکەر، لە (ثقب) کونەوە هاتووە، (النَّجْمُ الثَّاقِبُ) واتە ئەستێرەی کونکەر، کە شەیتانەکان کون دەکەن کاتێك لە ئاسمانەکان نزیك دەبنەوە، وەك ئایەتی ١٠ سوورەتی الصافات دەڵێت:

إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ

تەنها ئەو شەیتانانە نەبێت کە چرپەیەك دەرفێنن، ئەوا تۆپەڵەیەکی کونکەر بەدوایانەوە دەکەوێت.

وە ابن منظور لە لسان العرب سەبارەت بە وشەی"ثاقب" دەڵێت:

وَقَوْلُهُ تَعَالَى: وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ قِيلَ: هُوَ النَّجْمُ الَّذِي يُقَالُ لَهُ كَوْكَبُ الصُّبْحِ، وَمِنْهُ قَوْلُ هِنْدِ بِنْتِ عُتْبَةَ، قَالَتْ يَوْمَ أُحُدٍ تَحُضُّ عَلَى الْحَرْبِ

نَحْنُ بَنَاتُ طَارِقْ نَمْشِي عَلَى النَّمَارِقْ

وَالدُّرُّ فِي الْمَخَانِقْ إِنْ تُقْبِلُوا نُعَانِقْ

أَوْ تُدْبِرُوا نُفَارِقْ فِرَاقَ غَيْرِ وَامِقْ

وه الله دەڵێت، (سوێند بە ئاسمان و بە طارق)، دەڵێن ئەو ئەستێرەیەیە کە پێی دەگوترێت ئەستێرەی بەرەبەیان، وە هیند کچی عتبة (ژنی ابو سفیان) لە شەڕی ڕۆژی ئوحد هانی (موشریکەکانی ) دەدا بۆ شەڕ و دەیگوت:

ئێمە کچانی"طارق"ین لەسەر فەرش دەڕۆین

دورڕ لە گەردەنمانە ئەگەر هێرش بکەن لەباوەشتان دەگرین

ئەگەر ڕابکەن لێتان جیادەبینەوە جیابوونەوەیەکی ناخۆشەویستانە

ابن منظور دەڵێت "طارق" " أَيْ أَنَّ أَبَانَا فِي الشَّرَفِ وَالْعُلُوِّ كَالنَّجْمِ الْمُضِيءِ"، واتە باوکانمان خاوەن شەرەف و پایەی بەرزن، وەك ئەستێرەی پڕشنگدار.

هۆکاری دابەزین: الواحدی لە اسباب النزول و القرطبی لە الجامع لاحكام القران و الزمخشری لە الکشاف، الرازی لە مفاتيح الغيب، دەڵێن:

جارێکیان پێغەمبەر لەگەڵ ابو طالب دانیشتبوو، ئەستێرەیەك نزم بۆوە، زەوی پڕ کرد لە ڕووناکی، ابو طالب ترسا و گوتی ئەوە چی بوو؟ پێغەمبەر گوتی: ئەوە ئەستێرە بوو گیرایە شەیتان، وە ئەوە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی الله، ابو طالب سەرسام بوو ،وە ئەم ٣ ئایەتە دابەزین.

پوختە:

یەکەم : "طارق" واتە شەوگەڕ

دووەم: بە هەموو ئەستێرەیەك کە بەشەو بەدیار دەکەوێت دەگوترێت"طارق"

سێهەم: طارق لە سەردەمی جاهیلی و پێش ئیسلام بەکارهاتووە، هەروەك چۆن هیندی ژنی ابی سفیان، بەکاریهێناوە بۆ هاندانی کافرەکان کە شەڕ بکەن دژ بە موسڵمانان، لە شەڕی ئوحد.

چوارەم: فەرموودەکانی محمد پێمان دەڵێن "طارق" واتە شەوگەڕ

پێنجەم: لە ئایەتی ٣، قورئان پێمان دەڵێت، کە طارق واتە "النجم الثاقب" واتە ئەستێرەی کونکەر کە شەیتانەکان کون دەکات.

شەشەم: هۆکاری دابەزینی ئەم دەقە پێمان دەڵێن کە "طارق" واتە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و کونکەر.

پرسیاری من ئەوەیە: موسڵمانان شەرم ناکەن درۆ دەکەن و ئەم ٣ ئایەتەیان کردووە بە ئیعجازی زانستی، کە گوایە ئەستێرەیەکە لە ئاسمان، دەنگێکی لێوە دێت هەروەك چۆن لە دەرگا دەدەیت و دەنگ درووست دەکات.

هەی جاهیل و نەزانینە، بۆ ئەوەی دەنگ درووست بێت و بگوێزرێتەوە پێویست بە ناوەند دەکات. دەنگ لە بۆشایی ناگوێزرێتەوە چونکە هەوای تێدا نییە.

## ئایەتی ٤

إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ

واتە: هەموو خودێك ئەوەی لەسەریەتی پارێزەرێك.

(ما) زیادەیە و ماناکەی تێك داوە، ئایەتەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّعَلَيْهَا حَافِظٌ

ماناکەی دەبێت: لە سەر هەموو خودێك پارێزەرێك هەیە.

(حافظ) (پارێزەرێك) واتە فریشتەیەکی پارێزەر.

# ئایەتی ٥-٧

فَلْيَنظُرِ الإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ، خُلِقَ مِن مَّاء دَافِقٍ، يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ

دەبا مرۆڤ سەیربکات لە چی درووستکراوە، لە ئاوێکی پڕژاو درووستکراوە، لە نێوان پشت و تەختە سینگەوە دەردەچێت.

وای لەم کارەساتە زانستیە وای لەم گاڵتەجاریە.

ئەم ٣ ئایەتە دان پیانانێکی ڕوون و یەکلاکەرەوەیە، کە لە ڕوانگەی قورئانەوە:

یەکەم: تەنها پیاو بەرپرسە لە درووستکردنی منداڵ ( لە سوورەتەکانی پێشوو ئاماژەمان بەم ڕاستیە کرد)، چونکە دەڵێت لە ئاوێکی پڕژاو. تەنها پیاو ئاوی هەیە کە دەپڕژێت و فیچقە دەکات.

دووەم: ئاوی پیاو لە نێوان پشت و تەختە سینگەوە دەردەچێت (نەك لە گون)

لە قورئاندا بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە گون نەکراوە.

ئەوەی سەیرە الله اکبر دەڵێت، ئادەمم لە خۆڵ بە هەردووك دەستەکانم درووستکردووە، وەك ئایەتی ٧٠ سوورەتی ص دەڵێت:

قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ

(الله) گوتی ئەی ئیبلیس ئەوە بۆ کڕنۆشت نەبرد بۆ ئەوەی بە دوو دەستەکانم درووستم کردووە.

کەواتە دەبێت هەر خۆی بە دەستە پیرۆزەکانی کیسەی گون و دوو هێلکە گونی بۆ ئادەم کردبێت، وەك ئایەتی ٢٩ سوورەتی الحجر دەڵێت:

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ

هەرکە شێوەم پێیدا و ڕۆحی خۆم فوو کردە ناویەوە، کڕنۆشی بۆ ببەن.

تۆ بڵێی الله گونی پیاوی بۆ جوانی درووست نەکردبێت؟ یان تۆ بڵێی بۆ ئەوە درووستی نەکردبێت کە ڕێڕەوی میز لەنگەر بگرێت وە ڕاستە و چەپە نەکات؟ بەتایبەتی چونکە زۆربەی ئازارەکانی گۆڕ بە هۆی دڵۆپە میزەوەن.

الله گیان پەناگە بە تۆ لە ئازاری گۆڕ.

مرۆڤ سەدەها ساڵ بەر لە محمد زانیویەتی کە گون بەرپرسە لەدرووست کردنی تۆواو و سیفاتەکانی نێرینە، بەڵام محمد و خوداکەی ئەم ڕاستیەیان نەزانیووە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{ خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ } واتە تۆواو، کەدەردەچێت دەپرژێت لە پیاو و ژندا، منداڵیان لێ درووست دەبێت، بە مۆڵەتی الله، وە لەبەر ئەوە دەڵێت { يَخْرُجُ مِن بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ } واتە پشتی پیاو، و تەختە سینگی ژن، کە سینگی دەکات.

امام البیضاوی لە انوار التنزیل دەڵێت:

شکووگومانی تێدا نییە کە مێشك مەزنترین ئەندامە لە درووست کردنی تۆواو، وە لەبەر ئەوە ئەو پیاوانەی زۆر جووت دەبن و دەپەڕن مێشکیان لاواز دەبێت.

الجلالین دەڵێن، تۆواوی پیاو لە پشتیەوە و تۆواوی ژن لە سینگیەوە دەردەچێت.

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت: سەبارەت بەم ئایەتە دوو تێڕوانین هەیە:

یەکەم: منداڵ درووست دەبێت لەو ئاوەی لە پشتی پیاو و سینگی ژنەوە دەردەچێت.

دووەم: منداڵ درووست دەبێت تەنها لە ئاوی پیاو کە لە پشت و سینگەوە دەردەچێت.

ئینجا دەڵێت بەڵگەی دووەمیان ئەوەیە: الله ڕوونی کردۆتەوە کە مرۆڤ (مِن مَّآءٍ دَافِقٍ- لە ئاوێکی پرژاو) درووست بووە، وە ئەوەی بەمە وەسف دەکرێت تۆواوی پیاوە، ئینجا ئەم ئایەتە لکێنراوە بە فەرمانی (یخرج- دەردەچێت)واتە ئەم ئاوە پرژاوە دەردەچێت لە نێوان پشت و سینگ، وە ئەوە بەڵگەیە کە منداڵ تەنها لە ئاوی پیاو درووست دەبێت.

ئینجا الرازی دەڵێت: وەڵامی یەکەمیان بۆ دووەمیان ئەوەیە کە منداڵ لە ئاوی پیاو و ئاوی ژن درووست دەبێت، چونکە ئاوی پیاو بەتەنها کەمە و بەش ناکات بۆ منداڵ درووستکردن، وە پێغەمبەر لە فەرموودەیەکدا گوتوویەتی: ئەگەر ئاوی پیاو بەسەر ئاوی ژن زاڵ بوو، منداڵەکە کوڕ دەبێت و لە پیاوەکە یان کەسوکاری نزیکی پیاوەکە دەچێت، وە ئەگەر ئاوی ژنەکە زاڵ بوو بەسەر ئاوی پیاوەکە، ئەوا منداڵە لە ژنەکە و کەسوکاری ژنەکە دەچێت.

وە الرازی لە وەڵام بە مولحیدەکان دەڵێت: تۆواو لە مێشك درووست دەبێت، لەبەر ئەوە دەبینیت شێوەی تۆواو لە مێشك دەچێت (لە ڕووی ڕەنگ و خەستیەوە)

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

إِنَّا نَعْلَمُ أَنَّ النُّطْفَةَ مِنْ جَمِيعِ أَجْزَاءِ الْبَدَنِ وَلِذَلِكَ يُشْبِهُ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ كَثِيرًا . وَهَذِهِ الْحِكْمَةُ فِي غَسْلِ جَمِيعِ الْجَسَدِ مِنْ خُرُوجِ الْمَنِيِّ . وَأَيْضًا الْمُكْثِرُ مِنَ الْجِمَاعِ يَجِدُ وَجَعًا فِي ظَهْرِهِ وَصُلْبِهِ وَلَيْسَ ذَلِكَ إِلَّا لِخُلُوِّ صُلْبِهِ عَمَّا كَانَ مُحْتَبِسًا مِنَ الْمَاءِ

بە دڵنیاییەوە ئێمە دەزانین کە تۆواو لە هەموو بەشەکانی لەشەوەیە، وە لەبەر ئەوە مرۆڤ زۆر لە دایك و باوکی دەچێت. وە حیکمەتی شۆرینی هەموو لەش لە دوای دەرچوونی تۆواو لەوەدایە (تۆواو لە هەموو لەشەوە دەردەچێت). وە هەروەها پیاوێك کە زۆر جووت دەبێت و دەپەڕێت، هەست بە ئازار دەکات لە پشتی، وە ئەم ئازارە بە هۆی هیچ شتێکەوە نییە تەنها بەتاڵ بوونەوەی پشت نەبێت لەم تۆواوەی کە تیایدا قەتیس ببوو.

وە الطبری لە جامع البیان و الزمخشری لە الکشاف، هەمان شت کەم تا زۆر وەك ابن کثیر دەڵێن.

القرطبی و الزمخشری دەڵین: لە تۆواوی پیاو ئێسك و دەمار درووست دەبێت وە لە ئاوی ژن گۆشت و خوێن.

وە لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

ماء الرجل أبيض وماء المرأة أصفر، فإذا اجتمعا فعلا مني الرجل مني المرأة أذكرا بإذن الله، وإذا علا مني المرأة مني الرجل أنثا بإذن الله

ئاوی پیاو سپیە وە ئاوی ژن زەردە، ئەگەر کۆبوونەوە و ئاوی پیاو زاڵ بوو بەسەر ئاوی ژن، ئەوا منداڵەکە نێرینە دەبێت بە مۆڵەتی الله، خۆ ئەگەر ئاوی ژنەکە زاڵ بوو بەسەر ئاوی پیاوەکە، ئەوا منداڵەکە کچ دەردەچێت بە مۆڵەتی الله.

چەند خاڵێك:

یەکەم: لە ڕوانگەی قورئانەوە، ژن دوو ڕۆڵی هەیە لە درووستکردنی منداڵ:

١-خوێنی سووڕی مانگانه: تۆواوی پیاو (نطفة) تێکەڵ بە خوێنی سووڕی مانگانەی ژن دەبێت و دەیکات بە کڵۆیەك خوێن (علقة)، وەك چۆن هەوێن شیر دەکات بە ماست.

ئایەتی ٢ سوورەتی الانسان:

إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ (لە ڕاستیدا ئێمە مرۆڤمان لە بڕێك شلەی تێکەڵ درووست کرد).

واتە بڕێك ئاوی پیاو + بڕێك خوێنی سووڕی مانگانەی ژن= کڵۆخوێن (علقة).

وەك ئایەتی ١٤ سوورەتی المؤمنون دەڵێت:

ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً (ئینجا لە بڕێك ئاوەکە کڵۆخوێنێکمان درووستکرد).

ابن منظور لە لسان العرب، سەبارەت بە مانای وشەی (نطفة) دەڵێت:

وَالنُّطْفَةُ: الْمَاءُ الْقَلِيلُ يَبْقَى فِي الدَّلْوِ (النطفة واتە بڕێك ئاوی کەم کە لە ناو دەلو دەمینێت).

وە سەبارەت بە وشەی (علقة-علق) دەڵێت:

وَالْعَلَقُ: هُوَ الدَّمُ الْجَامِدُ الْغَلِيظُ، وَقِيلَ: الْجَامِدُ قَبْلَ أَنْ يَيْبَسَ ("العلق" واتە خوێنێکی مەیوی پەیت، وە دەڵێن وشك، بەر لەوەی وشك بێتەوە)

لە ڕووی زانستیەوە (نطفة و علقة) هەڵەن، چونکە مرۆڤ لە یەك سپێرم و یەك هێلکۆکە درووست دەبێت، نەك لە بڕێك ئاو و کڵۆخوێنێك.

ابن کثیر سەبارەت بە (علقة) دەڵێت: (نطفة) دەبێت بە (علقة)واتە، کڵۆخوێنێکی سووری لوولەیی.

٢-ژن کێڵگەیە: وەك چۆن کێڵگە تۆو دەدرێت و بەرهەمەکەی دانەوێڵە دەبێت، ژن بە هەمان شێوەیە، کێڵگەیەکە کە پیاو تۆوی دەدات و بەرهەمەکەی منداڵ دەبێت.

ئایەتی ٢٢٣ سوورەتی البقرة :

نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ (ژنەکانتان کێڵگەتانن چۆن ئارەزوو دەکەن وابیانکێڵن).

٣- لە قورئاندا بە هیچ جۆرێك باس لە هێلکۆکەی ژن نەکراوە.

٤-فەرموودەکەی محمد، کە باسی ئاوی ژن دەکات.

دووەم: نە تۆواوی پیاو لە پشت درووست دەبێت وە نە ئاوی ژن لە سینگ.

تۆواوی پیاو لە گون درووست دەبێت، وە کۆرپەلە درووستدەبێت کاتێك هێلکۆکەی ژن کە لە هێلکەدانەوە دەردەچێت، دەپیتێنرێت بە تۆواوی پیاو.

سێهەم: ڕەگەزی منداڵ هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئایا ئاوی پیاو زاڵ دەبێت بەسەر ئاوی ژن، وە یان ئاوی ژن زاڵ دەبێت بەسەر ئاوی پیاو. چونکە لە بنەڕەتەوە، ئاوی ناو زێی ژن، هیچ پەیوەندی نییە لە درووستکردنی پێکهاتەی کۆرپلە، بەڵکو سپێرمی هەڵگری کرۆمۆسۆمی" ئێکس" کاتێك هێلکە دەپیتێنێت دەبێتە هۆی درووستبوونی کۆرپلەیەکی مێینە، وە کاتێك سپێرمی هەڵگری کرۆمۆسۆمی "وای" هیلکۆکە دەپیتێنیت، ئەوا کۆرپەلەیەکی ڕەگەز نێرینە درووست دەبێت.

پرسیار: محمد چۆن زانیویەتی تۆواوی پیاو سپیە، وە لە فەرموودەیەك هاتووە گوتوویەتی سپی و خەستە، ئەگەر پێغەمبەر نەبووبێت و ئەو زانیاریەی وەك وەحی بۆ نەهاتبێت؟!!!!!! سبحان الله.

چوارەم: ئەم ٣ ئایەتە زۆر ڕۆشنن کە دەڵێن:

١-(مرۆڤ) لە ئاوێکی (ماء) پڕژاو (دافق) درووستبووە، واتە یەك ئاو کە دەپڕژێت وە نەیگوتووە لە دوو ئاو، ئەگەر ئایەتەکە مەبەستی ئاوی پیاو و ژن بوایە ئەوا دەبوایە بڵێت:

خُلِقَ مِن مَّآءِين دَافِقين

واتە: (مرۆڤ) دروستکراوە لە دوو ئاوی پڕژاو.

ئەگەر گریمانەی ئەوەمان کرد کە، ژن ئاوی هەیە و ئاوەکەی ژنیش وەك پیاو دەپڕژێت.

٢- ئینجا ئایەتەکەی دواتر دەڵێت (يَخْرُجُ مِن بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ) واتە ئەو ئاوە لە نێوان پشت و سینگ دەردەچێت.

(يَخْرُجُ- دەردەچێت) بۆ ئاوەکە کە ئاوی پیاوە دەگەڕێتەوە. ئەگەر مەبەستی دەرچوونی دوو ئاو بووایە ( ئاوی پیاو و ئاوی ژن)  ئەوا دەبوا ئایەتەکە بڵێت:

يَخْرُجان مِن بَيْنِ ٱلصُّلْبِ وَٱلتَّرَآئِبِ

واتە: دەردەچن لە نێوان پشت و سینگ.

وە یان

يخرج ماءه من الصلب و ماءها من الترائب.

واتە: ئاوەکەی(پیاو) لە پشت و ئاوەکەی(ژن) لە سینگەوە دەردەچێت.

لە زمانی عەرەبی، (يخرج) بۆ تاك و (يخرجان) بۆ دوو دانە و ( يخرجون) بۆ ٣ دانە و زیاتر دێت.

پوختە: هەموو ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە کۆرپەلە هەڵەن.

گالینس کە زانایەکی تۆنانی بووە و لە سەدەی دووەم ژیاوە، تێڕوانینەکانی زۆر لۆجیکترن لە چاو قورئان سەبارەت بە کۆرپەلە. گالینیس دەڵێت:

هەروەك چۆن پیاو تۆواوی هەیە، ژنیش لە توخمی کۆرپەلەدا بەشدارە، بەڵام گالینس هەمان هەڵە دەکات کە دەڵێت خوێنی سووری مانگانە لە پرۆسەی درووستبوونی کۆرپەلە بەشدارە.

ئەو کەسانەی کە دەڵێن بە شێوەیەکی زانستی باسی کۆرپەلەزانی لە قورئاندا کراوە، چۆن دەتوانن درۆی شاخداری لەم چەشنە بکەن؟ ئامۆژگاری من بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە: لەهەر شوێنێك باسی زانست کرا، پابەندی ئەم ئایەتەی قورئانەکەت ببە کە دەڵێت" فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ"

"بەجێیان بێلە تاوەکو باسی بابەتێکی دیکە دەکەن".

# ئایەتی ٨

إِنَّهُ عَلَى رَجْعِهِ لَقَادِرٌ

(الله) دەتوانێت بیگێڕێتەوە

مەبەستی اللهی عەرەب و ئیسلام ئەوەیە: ئەو خودایەی کە مرۆڤی لە بڕێك ئاو، کە لە نێوان پشت و سینگەوە دەردەچێت، دروستکردووە، ئەوا دەتوانێت، لە ڕۆژی قیامەت دروستیبکاتەوە.

# ئایەتی ٩-١٠

یَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ، فَمَا لَهُ مِن قُوَّةٍ وَلا نَاصِرٍ

الله دەڵێت، لە ڕۆژی قیامەت مرۆڤ زیندوو دەکرێتەوە، و نهێنیەکانی دەردەخرێن، وە ئەوکات نە هێزی هەیە وە نە هاریکار.

وشەکە دەبێت (تُبْدَى) بێت، کە بە مانای دەرخستن دێت، نەك (تُبْلَى) کە بە مانای تاقیکردنەوە دێت. واتە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

یَوْمَ تُبْدى السَّرَائِرُ، فَمَا لَهُ مِن قُوَّةٍ وَلا نَاصِرٍ

ڕۆژێك کە نهێنیەکانی بەدیاردەخرێت، ئەوا هیچ هێزێك و هاریکارێکی نابێت.

ابن کثیر لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت، لە هەردوو صحیحەکە (البخاری و مسلم) فەرموودەیەك هاتووە کە پێغەمبەر گوتوویەتی:

یرفع لکل غادر لواء عند استه یقال: هذه غدرة فلان بن فلان

لە ڕۆژی قیامەت لای سمتی هەر ستەمکارێك، ئاڵایەك هەڵدەکرێت و لەسەری دەنووسرێت ئەوە فلان کوڕی فلانە.

وە لە صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە دەڵێت، بەرز و نزمی ئاڵەکە بە گوێرەی ئاستی ستەمەکەی دەبێت.

# ئایەتی ١١-١٤

وَالسَّمَاء ذَاتِ الرَّجْعِ، وَالأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ، إِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ، وَمَا هُوَ بِالْهَزْلِ

سوێند بە ئاسمان کە دەگەڕێتەوە، وە سوێند بە زەوی کە کەلێندارە، ئەوە بە دڵنیاییەوە قسەیەکی یەکلاکەرەوەیە، وە گاڵتە نییە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، (وَالسَّمَاء ذَاتِ الرَّجْعِ) واتە سوێند بە ئاسمان کە خاوەن بارانە، وە بە باران گوتراوە (الرجع) چونکە باران تیایدا دێت و دەگەڕێتەوە و دووبارە دەبێتەوە، (وَالأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ) واتە خاوەن درز، چونکە زەوی بە گژ و گیا و ڕوەك کون دەبێت و درز دەبات. وە ئەوە قسەی شرۆڤەکەران و زمانزانانە.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، عبد الرزاق والفريابي وعبد بن حميد والبخاري لە " التأريخ الكبير" وابن جريرالطبری وابن المنذر وابن أبي حاتم والحاكم (وە بە صحیحی داناوە) وابن مردويه، دەڵێن ابن عباس گوتوویەتی:

{ والسماء ذات الرجع } گوتوویەتی باران لە دوای باران )والأرض ذات الصدع( گوتوویەتی ڕوەك زەوی شەق دەکات.

واتە (والارض ذات الصدع)، هەمان مانای ئایەتی ٢٦-٢٧ سوورەتی عبس دەدات کە دەڵێت: ثُمَّ شَقَقْنَا الأَرْضَ شَقًّا فَأَنْبَتْنَا فِيهَا حَبًّا

ئینجا زەویمان بە شەقکردن شەق کرد و دانەوێڵەمان تیادا ڕواند.

لە وەڵامی ئەم دوو سوێندە، الله دەڵێت: ئەم قسانە یەکلاکەرەوەن و گاڵتە نین.

# ئایەتی ١٥-١٧

إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا، وَأَكِيدُ كَيْدًا، فَمَهِّلِ الْكَافِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا

الله دەڵێت: بێباوەڕان پیلان دادەڕێژن بۆ فێڵکردن وە منیش بە فێڵکردن فێڵ دەکەم، دەسا ئەی محمد مۆڵەت بە کافرەکان بدە، مۆڵەتێکی کورت ماوە.

ابن الجوزی دەڵێت "مۆڵەتدان" بە کافرەکان بە ئایەتی شمشێر لە کار خراوە.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٣٧)

# سوورەتی القمر (مانگ)

١-**اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ**

کاتەکەی نزیك بۆتەوە و مانگ دوولەت دەبێت.

٢-**وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ**

وە هەرکە نیشانەیەك ببینن بڕوا ناکەن و دەڵێن جادووە و بەردەوام هەبووە.

٣-**وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ**

وە نکۆڵیان کردووە و بە دوای هەوەسەکانیان کەوتوون، وە هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە.

٤-**وَلَقَدْ جَاءهُم مِّنَ الْأَنبَاء مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ**

وە لەم هەواڵانەی بۆیان هاتووە ئەوەندەی تێدایە کە ڕایانچڵەکێنێت.

٥-**حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ فَمَا تُغْنِ النُّذُرُ**

ئەوپەڕ ژیرمەندیان تێدایە، بەڵام ئاگاداری بۆیان سوودی نییە.

٦-**فَتَوَلَّ عَنْهُمْ يَوْمَ يَدْعُ الدَّاعِ إِلَى شَيْءٍ نُّكُرٍ**

دەتۆ وازیان لێ بێنە بۆ ڕۆژێك کە بانگدەر بانگیان دەکات بۆ شتێکی ناخۆش.

٧-**خُشَّعًا أَبْصَارُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ الْأَجْدَاثِ كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ**

چاوشۆڕ لە گۆڕەکانیان دەردەکەون، وەك ئەوەی کوللە بن بڵاوببنەوە.

٨-**مُّهْطِعِينَ إِلَى الدَّاعِ يَقُولُ الْكَافِرُونَ هَذَا يَوْمٌ عَسِرٌ**

بە شڵەژان و خێرایی دەڕۆن بۆ لای بانگدەرەکە، کافرەکان دەڵێن ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختە.

٩-**كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا عَبْدَنَا وَقَالُوا مَجْنُونٌ وَازْدُجِرَ**

پێش لەمانەش میللەتی نووح نکۆڵیان لە بەندەکەمان کرد و گوتیان شێتە و گرفتار کرا.

١٠-**فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانتَصِرْ**

بانگی خوداکەی کرد، لە ڕاستیدا من شکستم هێناوە، دە پشتیوانی بکە.

١١-**فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاء بِمَاء مُّنْهَمِرٍ**

ئینجا هەموو دەروازەکانی ئاسمانمان کردەوە بۆ ئاوێکی بەخوڕ.

١٢-**وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاء عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ**

وە لە زەویدا کانیاوەکانمان تەقاندەوە، ئاوەکان بەیەك گەیشتن، بەو بڕەی بۆی دیاریکرابوو.

١٣-**وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ**

وە هەڵمانگرت لەسەر ئەوەی لە تەختەدار و بزمار بوو.

١٤-**تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاء لِّمَن كَانَ كُفِرَ**

لە ژێر چاودێریمان دەڕۆیشت، سزایەك بۆ ئەوانەی کوفریان کرد.

١٥-**وَلَقَد تَّرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ**

وە وەك نیشانەیەك جێمان هێشت، ئاخۆ بیرەوەرێك هەیە؟

١٦-**فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ**

ئاخۆ چۆن بوو ئەشکەنجە و هەڕەشەکانم؟

١٧-**وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ**

وە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ بیرلێکردنەوە، ئاخۆ بیرەوەرێك هەیە؟

**١٨-كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ**

عاد نكۆڵی کرد، ئاخۆ چۆن بوو ئەشکەنجە و هەڕەشەکانم؟

**١٩-إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ**

ئێمە ڕەشەبایەکی ساردی بەردەواممان  ناردە سەریان لە ڕۆژێکی شووم.

**٢٠-تَنزِعُ النَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ**

خەڵکەکەی هەڵدەگرت، وەك ئەوەی کۆتەرەی دارخورمای هەڵکێشراو بن.

**٢١-فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ**

ئاخۆ چۆن بوو ئەشکەنجە و هەڕەشەکانم؟

**٢٢-وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ**

وە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ بیرلێکردنەوە، ئاخۆ بیرەوەرێك هەیە؟

**٢٣-كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِالنُّذُرِ**

وە ثمود نکۆڵیان لە هەڕەشەکانم کرد.

**٢٤-فَقَالُوا أَبَشَرًا مِّنَّا وَاحِدًا نَّتَّبِعُهُ إِنَّا إِذًا لَّفِي ضَلَالٍ وَسُعُرٍ**

ئەوەبوو گوتیان ئایا مرۆڤێك لە خۆمان و پیادەی بکەین؟ گەر وابکەین دە کەواتە ئێمە لە گومڕایی و دەبەنگیداین.

**٢٥-أَؤُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ**

ئایا لە نێوانماندا پەیام تەنها بۆ ئەو دابەزیووە؟ بەڵکو ئەو درۆزنێکی خۆسەپێنەرە.

**٢٦-سَيَعْلَمُونَ غَدًا مَّنِ الْكَذَّابُ الْأَشِرُ**

دواڕۆژ دەزانن کە کێ درۆزن و خۆسەپێنەرە.

**٢٧-إِنَّا مُرْسِلُوا النَّاقَةِ فِتْنَةً لَّهُمْ فَارْتَقِبْهُمْ وَاصْطَبِرْ**

ئێمە مێینەوشترێك دەنێرین بۆ تاقیکردنەوەیان، تۆش چاودێریان بکەن و خۆڕاگربە.

**٢٨-وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَاء قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ**

وە پێیان ڕابگەیەنە کە ئاوەکە لە نێوانیان دابەش کراوە،هەر یەکێکیان کە نۆرەیان هات دەخۆنەوە.

**٢٩-فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَى فَعَقَرَ**

بانگی هاوڕێیەکیان کرد، ئەوەبوو وەڵامی دانەوە و وشترەکەی هەڵزراند.

**٣٠-فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ**

ئاخۆ چۆن بوو ئەشکەنجە و هەڕەشەکانم ؟

**٣١-إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ**

ئێمە تەنها یەك گرمەمان ناردە سەریان، ئەوەبوو بوون بە پووشوویەڵاش.

**٣٢-وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ**

وە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ بیرلێکردنەوە، ئاخۆ بیرەوەرێك هەیە؟

**٣٣-كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ بِالنُّذُرِ**

میللەتی نوح نکۆڵیان لە هەڕەشەکان کرد.

**٣٤-إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلاَّ آلَ لُوطٍ نَّجَّيْنَاهُم بِسَحَرٍ**

ئێمە بەردمان ناردە سەریان تەنها خانەوادەی نووح نەبێت ڕزگارمان کردن لە بەرەبەیانێکدا.

**٣٥-نِعْمَةً مِّنْ عِندِنَا كَذَلِكَ نَجْزِي مَن شَكَرَ**

وەك چاکەیەك لە لای ئێمە، بەم شێوەیە پاداشتی کەسانێك دەدەینەوە کە سوپاسگوزارن.

**٣٦-وَلَقَدْ أَنذَرَهُم بَطْشَتَنَا فَتَمَارَوْا بِالنُّذُرِ**

وە لە زەبرووزەنگی ئێمە ئاگاداری کردنەوە، بەڵام شکووگومانیان کرد لە هەڕەشەکان.

**٣٧-وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِ فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ**

نیازیان بوو سواری میوانەکانی بن، چاوەکانیانم نابینا کرد، دە تام بکەن ئەشکەنجەم و هەڕەشەکانم.

٣٨-**وَلَقَدْ صَبَّحَهُم بُكْرَةً عَذَابٌ مُّسْتَقِرٌّ**

لە بەرەبەیانێکدا ئەشکەنجەیەکی بەردەوام هاتە سەریان.

٣٩-**فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ**

دە بچێژن ئەشکەنجە و هەڕەشەکانم.

٤٠-**وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ**

وە قورئانمان ئاسان کردووە بۆ بیرلێکردنەوە، ئاخۆ بیرەوەرێك هەیە؟

٤١-**وَلَقَدْ جَاءَ آلَ فِرْعَوْنَ النُّذُرُ**

وە خانەوادەی فیرعەون هەڕەشەکانیان بۆ هات.

٤٢-**كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كُلِّهَا فَأَخَذْنَاهُمْ أَخْذَ عَزِيزٍ مُّقْتَدِرٍ**

نکۆڵیان لە هەموو نیشانەکانمان کرد، ئەوەبوو ئێمە گرتمانن بە گرتنی دەسەڵاتداری بەتوانا.

٤٣-**أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِّنْ أُوْلَئِكُمْ أَمْ لَكُم بَرَاءَةٌ فِي الزُّبُرِ**

ئایا کافرەکانی ئێوە چاکترن لەوانەی پێشووتان، وە یان پاکانەتان لە تەختەی نوسراودا هەیە.

٤٤-**أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ**

وە یان دەڵێن ئێمە گشتمان سەردەکەوین؟

٤٥-**سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ**

گشتیان شکست دێنن، وە پشت دەکەن و ڕادەکەن.

٤٦-**بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ**

بەڵکو کاتەکە (قیامەت) وادەیانە، وە کاتەکە( قیامەت) سەختتر و تاڵترە.

٤٧-**إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي ضَلالٍ وَسُعُرٍ**

له ڕاستیدا تاوانباران له گومرایی و ئاگردان.

٤٨-**يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ**

ئەو ڕۆژە لەسەر چاو لە ناو ئاگر ڕادەکێشرێن، (پێیان دەگوترێت) بچێژن ئازاری (سقر) دۆزەخ.

٤٩-**إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ**

لە ڕاستیدا هەموو شتێکمان بە برِو چارەنووسی دیاریکراو درووستکردووە.

٥٠-**وَمَا أَمْرُنَا إِلاَّ وَاحِدَةٌ كَلَمْحٍ بِالْبَصَرِ**

وە فەرمانی ئێمە تەنها یەکجارەیە وەك چاوتروکانێکە.

٥١-**وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا أَشْيَاعَكُمْ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ**

زۆری هاوچەشنی ئێوەمان قڕ کردووە، ئاخۆ کەسێك وەبیری دێت؟

٥٢-**وَكُلُّ شَيْءٍ فَعَلُوهُ فِي الزُّبُرِ**

وە هەر کارێك کردوویانە لە تەختە دایە.

٥٣-**وَكُلُّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ مُسْتَطَرٌ**

وە هەموو بچووکیك و گەورەیەك نووسراوە.

٥٤-**إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ**

لە راستیدا خوداترسان لە باخچەکان و ڕووبارن.

٥٥-**فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍ**

لە جێنشینی پەسند لای پادشایەکی بەتوانا.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١

اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ

کاتەکە نزیك بۆوە و مانگ دوولەت بوو.

لە ٤٨ ئایەتی قورئاندا وشەی (الساعة/ساعة) هاتووە، لە هەر هەموویان بە مانای ڕۆژی زیندووبوونەوە هاتووە.

لەم دەقەدا اللّٰهی عەرەب و ئیسلام ئاماژە بە یەکێك لە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت دەکات و دەڵێت: هەرکە کاتەکە (ڕۆژی قیامەت) نزیك بۆوە، مانگ دوولەت دەبێت.

موسڵمانان دەڵێن محمد مانگی دوولەت کردووە. ئایا ئەم ئیدعایە هیچ بنەمایەکی هەیە؟

من دەڵێم بە ڕاستی شەرمە مرۆڤ پێی وابێت کە مانگ دوولەت بووە. وە شەرمی گەورەتر ئەوەیە کە درۆ بە ناوی ناسا دەکەن و دەڵێن ناسا سەلماندوویەتی، وە یان کاتێك ئارمسترۆنگ چوو بۆ سەرمانگ ئاسەواری دوولەت بوونی مانگی بینی.

لێرە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەم:

یەکەم:موسڵمانان پێیان وایە مانگ دوولەت بوون، یاریەکی پلەی ستێیشن ئاساییە، دەکرێت دیاردەکە ڕوویدات، ئینجا بگەڕێتەوە بارودۆخی جارانی خۆی.

ئەگەر مانگ دوو لەت بێت ژیان لە زەویدا ئەستەم دەبێت، بە هۆی گۆڕانکاری بەسەر دیاردەی "مد و جزر"ی دەریاکان و سەرهەڵدانی بەردەوامی سونامی و بوومەلەرزە و بووركان و کۆبوونەوەی گازە زیانبەخشەکان و گۆرانکاری بەسەر پلەی گەرمای زەوی، هتد،، ئەگەر، وە تەنها ئەگەر، گریمان کە لەتێك لە لەتەکانی مانگ یان هەردوو لەتەکان بەرزەوی ناکەون.

دووەم: ئەگەر لە شوێنێك دوو لەتبوونی مانگ ببینرێت، ئەوا دەبێت لە هەموو ئەو شوێنانە ببینرێت کە تیایدا شەوە. هیچ بەڵگەیەك لە دەرەوەی سەرچاوە

ئیسلامیەکان بوونی نییە کە بڵێت مانگ دوولەت بووە: وەك سەرچاوە  یۆنانی و ڕۆمی و یەهوودی و ئەرمەنی و ساسانیەکان، بەتایبەتی ئەو شارستانیەتیانە مێژوونووس و فەلەکناسی بلیمەتیان هەبووە لەو سەردەمەی محمدی تیادا ژیاوە.

الشوکانی لە فتح القدیر دەڵێت:

لأنه لو انشق في زمن النبوّة لم يبق أحد إلاّ رآه لأنه آية والناس في الآيات سواء

ئەگەر مانگ دوولەت بووبێت لە سەردەمی پێغەمبەر، ئەوا هیچ کەسێك نەدەما کە نەیبینێت، چونکە نیشانەیە، وە خەڵك بۆ بینینی نیشانەکان (دیاردەکان) وەك یەك وان.

سێهەم: لە ٤٨ ئایەتی قورئاندا وشەی (الساعة/ساعة) هاتووە، لە هەر هەموویان بە مانای ڕۆژی زیندووبوونەوە هاتووە. بۆچی ئەم دەقەیان جیاوازبێت و بە مانای ئان و ساتی محمد بێت؟

تەنانەت لە خودی سوورەتی القمر دوو جاری تر وشەی(الساعة) هاتوو لە ئایەتی ٤٦ کە دەڵێت:

بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ

واتە کاتەکە وادەیانە، وە کاتەکە سەختر و تاڵترە بۆیان.

کاتەکە واتە کاتی زیندووبوونەوە (قیامەت).

من تحدای موسڵمانان دەکەم، یەك ئایەتی قورئانم بۆ بێنن کە (الساعة) بە مانایەکی جیاواز لە مانای ( قیامەت) هاتبێت.

چوارەم: تاوەکو دابەزینی ئەم سوورەتە، (سەیری سوورەتەکانی پێشوو بکەن) هیچ کام لە کافر و موشریکەکان داوای ئەنجامدانی موعجیزەیان لەم محمد نەکردووە.

پێنجەم: الله اکبر لە دەیەها ئایەت ڕەت دەکاتەوە کە موعجیزە بە محمد بدات، وە دەڵێت تاکە موعجیزە قورئانە و تەواو.

له ئایەتی ٥٠ سوورەتی الکهف کافر و موشریکەکان داوای موعجیزە لە محمد دەکەن و دەڵێن:

وَقَالُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَاتٌ مِّن رَّبِّهِ ۖ قُلْ إِنَّمَا الْآيَاتُ عِندَ اللَّهِ وَإِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ

گوتیان: ئەگەر محمد موعجیزەیەکی لە لایەن خوداکەیەوە بۆ دانەبەزێت (ئەوا ئیمان ناهێنین)، ئەی محمد بڵێ بەڵکو موعجیزە لای اللّٰهیە، وە من تەنها هۆشیاردەرێکی ڕۆشنم.

ئینجا لە ئایەتی ٥١ دەڵێت:

أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ

ئەی بەسیان نییە کە ئێمە پەرتووکێکمان (قورئان) دابەزاندووە بۆیان دەگوترێتەوە، ڕاستی لەمەدا ڕەحمەت و وەبیرهێنانەوە هەیە بۆ خەڵکانێك کە ئیمان دەهێنن

اللّٰهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: تاکە موعجیزە بۆ محمد قورئانە و تەواو.

شەشەم: وە محمد صلعم، خۆی پشتڕاستی دەکاتەوە، کە تاکە موعجیزە پێی درابێت، وەحی و قورئانە.

فەرموودەیەك لە صحیح البخاری و مسلم و صحیح الجامع للالبانی هاتووە، ابو هریرة دەڵێت پێغەمبەری الله گوتی:

مَا مِنَ الأَنْبِيَاءِ مِنْ نَبِيٍّ إِلاَّ قَدْ أُعْطِيَ مِنَ الآيَاتِ مَا مِثْلُهُ آمَنَ عَلَيْهِ الْبَشَرُ، وَإِنَّمَا كَانَ الَّذِي أُوتِيتُ وَحْيًا أَوْحَى اللَّهُ إِلَيَّ فَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَكْثَرَهُمْ تَابِعًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ

هیچ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران نەبووە کە موعجیزەی پێ نەدرابێت و خەڵك بەهۆیەوە ئیمانی نەهێنابێت، بەڵام ئەوەی بە من دراوە تەنها وەحیە لە لایەن اللەوە، وە هیوادارم کە لە ڕۆژی قیامەت زۆرترین شوێنکەوتووم هەبێت.

حەوتەم: شایەتەکان و ناوەڕۆکی ڕیوایەتەکانی دوولەت بوونی مانگ:

هەشتەم: السیوطی لە الاتقان في علوم القران ، لە پێناسەی موعجیزە دەڵێت:

اعْلَمْ أَنَّ الْمُعْجِزَةَ أَمْرٌ خَارِقٌ لِلْعَادَةِ مَقْرُونٌ بِالتَّحَدِّي سَالِمٌ مِنَ الْمُعَارَضَةِ

واتە: موعجیزە کارێکە لە دەرەوەی عادەت، و تەحەدایە و سەلامەتە لە بەرهەڵستی.

لەم پێناسەیەدا السیوطی ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکات:

یەکەم: موعجیزە ڕووداوێکە ڕوودەدات کە لە دەرەوەی یاساکانی سرووشتە.

دووەم: موعجیزەکە ئەنجام دەدرێت وەك تەحەدایەك بۆ نەیاران.

سێهەم: وە دەبێت زۆرێك خەڵك، بەتایبەتی لە نەیاران، موعجیزەکە ببینن، وە موعجیزەکە شکووگومان هەڵنەگرێت.

تاکە کەس کە ئیدعا دەکات موعجیزەی دوولەت بوونی مانگی بینیبێت عبدالله بن مسعودە. بەڵام شایەتەکان چوار شایەتن (عبدالله بن مسعود و عبدالله بن عمر و عبدالله بن العباس و انس بن مالك).

یەك کافر و موشریك نەیانبینیووە، وە بڕیار وایە موعجیزە بۆ ئەوە بێت کە نەیاران ببینن بۆ ئەوەی بڕوا بکەن و ئیمان بهێنن.

ڕیوایەتەکانی صحیح البخاری کە ابن مسعود باس لە ڕووداوی دوولەت بوونی مانگ دەکات:

١-انشقَّ القمر على عهد رسولِ الله صلى الله عليه وسلم شقَّين، فقال النبيُّ صلى الله عليه وسلم: اشهَدوا

واتە مانگ کەرت بوو بۆ دوو لەت لەسەردەمی پێغەمبەر، پیغەمبەر گوتی شایەت بن.

-٢انْشَقَّ الْقَمَرُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فِرْقَتَيْنِ، فِرْقَةً فَوْقَ الْجَبَلِ وَفِرْقَةً دُونَهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم اشْهَدُوا

مانگ بوو بە دوولەتەوە لە سەردەمی پێغەمبەر، لەتێکیان لە سەر چیاکە بوو، وە لەتێکیان لە پشت چیاکە، وە گوتی شایەت بن.

وە لە صحیح مسلم هاتووە، ابن مسعود دەڵێت:

انْشَقَّ الْقَمَرُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فِلْقَتَيْنِ فَسَتَرَ الْجَبَلُ فِلْقَةً وَكَانَتْ فِلْقَةٌ فَوْقَ الْجَبَلِ

مانگ لەت بوو لە سەردەمی پێغەمبەر بۆ دوو لەت، بەشێکیان لە پشت چیاکە دیار نەبووە، بەشێکیان لەسەر چیاکە بوو.

لە مسند امام احمد ریوایەتێك هاتووە، بە اسنادێکی صحیح ابن مسعود دەڵێت:

انشق القمر على عهد رسول الله صلى الله عليه وسلم حتى رأيت الجبل بين فرجتي القمر

مانگ لە سەردەمی پێغەمبەر دوولەت بوو، تەنانەت چیاکەم بینی لە نێوان دوو لەتەکەی مانگ.

-٣انْشَقَّ الْقَمَرُ وَنَحْنُ مَعَ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم بِمِنًى فَقَالَ " اشْهَدُوا ". وَذَهَبَتْ فِرْقَةٌ نَحْوَ الْجَبَلِ وَقَالَ أَبُو الضُّحَى عَنْ مَسْرُوقٍ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ انْشَقَّ بِمَكَّةَ

لەگەڵ پێغەمبەری الله بووین، مانگ دوو لەت بوو لە ناوچەی"منی" و لەتێکیان چوو بەرەو چیاکە، پێغەمبەر گوتی شایەت بن.

وە لە ڕیوایەتێك ابن مسعود گوتوویەتی لە "مەککە" دوولەت بوو.

الحاكم لە المستدرك على الصحيحين، ڕیوایەتێکی اخراج کردووە (صحيح على شرط الشيخين)، عبدالله بن مسعود گوتوویەتی:

رَأَيْتُ الْقَمَرَ مُنْشَقًّا بِشِقَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ بِمَكَّةَ قَبْلَ مَخْرَجِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ ، شِقَّةٌ عَلَى أَبِي قُبَيْسٍ ، وَشِقَّةٌ عَلَى السُّوَيْدَاءِ

مانگم بینی دوو جار لە مەککە دوولەت بوو، پێش ئەوەی پێغەمبەر کۆچ بکات (بۆ مەدینە)، لەتێکی لەسەر کێوی ابي قوبەیس بوو، وە لەتێکی لەسەر کێوی سوەیدا بوو.

ابو نعیم لە دلائل النبوة، ڕیوایەتی فەرموودەیەکی ابن مسعود دەکات، کە گوتوویەتی:

انشق القمر ونحن بمكة، فلقد رأيت أحد شقيه على الجبل الذي بمنى ونحن بمكة

مانگ دوولەت بوو وە ئێمە لە مەککە بووین، هەردووك لەتەکەیم بینی لەسەر ئەو چیایەی لە "منی"یە وە ئێمە لە مەککە بووین.

وە هەروەها لە "دلائل النبوة" لابی نعیم فەرموودەیەکی تر هاتووە، ابن مسعود سوێند دەخوات و دەڵێت:

رأيت القمر والله منشقاً باثنتين بينهما حراء

سوێند بە الله، مانگم بینی لەت بوو بۆ دوو لەت لە نێوانیان کێوی "حراء" هەبوو.

قسەکانی ابن مسعود سەرتاپای ناکۆکین، بە واتەیەکی تر فەرموودەکە درۆیە و درووست کراوە، وە یان خودی ابن مسعود، ئەم چیرۆکەی، چیرۆکی دوولەت بوونی مانگی، داتاشیووە.

ناکۆکیەکان:

١-شوێنی دوولەت بوونی مانگ: مینا بوو یان مەکە بوو؟

٢-هەردوو لەتەکە دیار بوون و کێو لە نیوانیان بوو. یان لەتێك دیاربوو، وە لەتێك لە پشت کێوەکە بوو؟

٣-کامە کێو بوو: ابي قبيس یان سويداء یان حراء.

بەر لە دابەزینی سوورەتی النجم (کە بە گوێرەی ڕیزبەندی دابەزین، ژمارە بیست و سێ یە)، کۆمەڵێك موسڵمانان کە ابن مسعود یەکێکیان دەبێت، بە سەرۆکایەتی عوسمانی کوڕی عفان کۆچ دەکەن بۆ لای نجاشی لە حەبەشە، لە مانگی رەجەبی ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی محمد.

ابن كثير لە البداية و النهاية دەڵێت، یەکێك لەو کەسانەی کە کۆچی کرد بۆ حەبەشە ابن مسعود بوو، لەگەڵ براکەی کە ناوی عتبة بوو.

ابن اثیر لە اسد الغابة و الذهبی لە سیر اعلام النبلاء دەڵێن، ابن مسعود کۆچی کرد بۆ حەبەشە.

وە لە مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، ابن مسعود دەڵێت:

بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى النَّجَاشِيِّ، وَنَحْنُ نَحْوٌ مِنْ ثَمَانِينَ رَجُلًا

ئینجا دەڵێت: ثُمَّ تَعَجَّلَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْعُودٍ حَتَّى أَدْرَكَ بَدْرًا

پێغەمبەر ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی، وە ئێمە ٣٨ پیاو بووین.

ئینجا دەڵێت: عبدالله بن مسعود لە گەڕانەوەی لە حەبەشە پەلەپەلی کرد تاوەکو توانی فریای شەڕی بدر بکەوێت.

واتە: عبدالله بن مسعود ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتی محمد کۆچی کردووە بۆ حەبەشە (بەر لە دابەزینی سوورەتی النجم)، ئینجا لە ساڵی دووەمی کۆچی لە حەبەشەوە گەڕاوەتەوە بۆ مدینة (ساڵی پانزەهەمی پێغەمبەرایەتی محمد).

واتە لە نێوان ساڵی ٥-١٥ پێغەمبەرایەتی محمد لە حەبەشە بووە.

بە گوێرەی ڕیزبەندی دابەزین، سوورەتی القمر سوورەتی ژمارە سی و حەوتە، واتە چواردە سوورەت لە دوای سوورەتی النجم دابەزیووە.

واتە: کاتێك سورەتی القمر دابەزیووە، عبدالله بن مسعود لە دوورگەی عەرەبی نەبووە، بەڵکو لە حەبەشە بووە.( شاهد ماشفش حاجة) شایەتە، بەڵام هیچی نەبینیووە.

شایەتەکانی تر: انس بن مالك و عبدالله بن الخطاب و عبدالله بن العباس

لە ماوەی ١٣ ساڵی پێغەمبەرایەتییەکەی لە مەککە ، محمد ٨٦ سوورەت دادەبەزێنێت، یەکەم سوورەت العلق  و دوا سوورەت المطففین دەبێت.

سوورەتی القمر، بەگوێرەی ڕیزبەندی دابەزینەوە ژمارە سی و حەوتە

ابن عاشور لە التحریر و التنویر سەبارەت بە سوورەتی القمر دەڵێت:

وَكَانَ نُزُولُهَا فِي حُدُودِ سَنَةِ خَمْسٍ قَبْلَ الْهِجْرَةِ فَفِي الصَّحِيحِ أَنَّ عَائِشَةَ قَالَتْ : أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ بِمَكَّةَ وَإِنِّي لَجَارِيَةٌ أَلْعَبُ بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ

(سوورەتی القمر)، نزیك بە پێنج ساڵ بەر لە کۆچکردن بۆ مەدینە دابەزی، لە فەرموودەیەکی صحیحدا هاتووە، عائیشة دەڵێت: (بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ)( ئایەتی ٤٦ سوورەتی القمر) لە مەککە بۆ محمد دابەزی، وە ئەوکات من منداڵ بووم و یاریم دەکرد.

وه دەڵێت: وَذَكَرَ بَعْضُ الْمُفَسِّرِينَ أَنَّ انْشِقَاقَ الْقَمَرِ كَانَ سَنَةَ خَمْسٍ قَبْلَ الْهِجْرَةِ وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ كَانَ بَيْنَ نُزُولِ آيَةِ سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ وَبَيْنَ بَدْرٍ سَبْعُ سِنِينَ

هەندێك لە شرۆڤەكەران دەڵێن، دوولەت بوونی مانگ، پێنج ساڵ بەر لە كۆچ كردن بۆ مەدینە بوو، وە ابن عباس دەڵێت، لە نێوان دابەزینی (سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ) (ئایەتی ٤٥ سوورەتی القمر) و شەڕی بدر ٧ ساڵ بوو.

واتە سوورەتی القمر لە ساڵی حەوتەمی پێغەمبەرایەتی محمد دابەزیووە، وە ئەوكات ابن مسعود لە حەبەشە بوو.

ئەی انس بن مالك و عبدالله بن عمر و عبدالله بن العباس؟

انس بن مالك:

لە سیر اعلام النبلاء للذهبی هاتووە، انس بن مالك دەڵێت:

قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - الْمَدِينَةَ وَأَنَا ابْنُ عَشْرٍ

كاتێك پێغەمبەر كۆچی كرد بۆ مەدینە، من تەمەنم ١٠ ساڵ بوو.

واتە كاتێك مانگ دوو لەت بووە، انس تەمەنی پێنج ساڵ بووە، وە انس خەڵكی مەدینە و خەڵكی مەككە نییە.

عبدالله بن عمر:

لە سیر اعلام النبلاء للذهبی هاتووە، عبدالله بن عمر دەڵێت:

عُرِضْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - يَوْمَ أُحُدٍ وَأَنَا ابْنُ أَرْبَعَ عَشْرَةَ سَنَةٍ ، فَلَمْ يُجِزْنِ

لە ڕۆژی شەڕی ئوحد، بە پێغەمبەر نیشان درام، وە ئەوكات تەمەنم ١٤ ساڵ بوو بەڵام ڕێگای نەدام بەشدار بم.

شەڕی ئوحد لە ساڵی سێهەمی كۆچیی بوو، وە سوورەتی القمر پێنج ساڵ پێش كۆچیی دابەزی.

واتە کاتی دوولەت بوونی مانگ، عبدالله بن عمر تەمەنی ٥-٦ ساڵ بووە.

ئایا لە ئیسلامدا، شایەتی منداڵێکی پێنج ساڵی قبووڵ دەکرێت؟

عبدالله بن العباس:

سیر اعلام النبلاء للذهبی دەڵێت:

مَوْلِدُهُ بِشِعْبِ بَنِي هَاشِمٍ قَبْلَ عَامِ الْهِجْرَةِ بِثَلَاثِ سِنِينَ

لە دایکبوونی لە بنی هاشم ٣ ساڵ بەر لە کۆچی بوو.

واتە ئەوکاتەی مانگ دوولەت بوو، عبدالله بن العباس لە گونی، ببوورن لە پشتی باوکی بوو و هێشتا لە دایك نەببوو.

هەر هەموویان "شاهد ماشفش حاجة"ن.

نۆهەم: وە بۆچی موسڵمانان ئەم درۆیەیان کردووە و فەرموودەیان بۆ دارشتووە؟ چونکە لە ڕوانگەی دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی محمد، مانگ و خۆر چراخانن، وە وەك چرا بچووکن یان تۆزێك گەورەترن.

ئەگەر خۆر بە گەورەیی خۆی لە گۆماوێکی گەرمی قوراوی زەوی نوقم بێت لە کاتی ئاوا بوون، هەڵبەتە لای موسڵمان ئاساییە کە مانگیش دوولەت بێت.

ئایەتی ٨٦ سوورەتی الکهف دەڵێت:

حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ

تاوەکو ذالقرنین گەیشتە شوێنی ئاوابوونی خۆر، بینی لە کانیاوێکی قوڕاوی گەرم نوقم دەبێت

لە صحیح سنن ابی داود (للالبانی)، ڕیوایەتێك هاتووە، ابي سعيد الخدری دەڵێت، من و پێغەمبەری الله بە سواری کەر بووین کاتی خۆرئاوابوون، پێغەمبەر لێی پرسیم دەزانیت لە کوێ ئاوا دەبێت؟ گوتم الله و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن. گوتی:

فَإِنَّهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَامِيَةٍ

خۆی لە کانیاوێکی گەرم ئاوا دەبێت.

وە لە السيرة النبوية لابن هشام هاتووە محمد بە ابي طالبی مامی دەڵێت:

وَاَللَّهِ لَوْ وَضَعُوا الشَّمْسَ فِي يَمِينِي، وَالْقَمَرَ فِي يَسَارِي عَلَى أَنْ أَتْرُكَ هَذَا الْأَمْرَ حَتَّى يُظْهِرَهُ اللَّهُ، أَوْ أَهْلِكَ فِيهِ، مَا تَرَكْتُهُ

سوێند بە الله، ئەگەر خۆر لە دەستەچەپم دابنێن و مانگ لە دەستە ڕاستم، ئەوا دەستبەرداری پێغەمبەرایەتی نابم تاوەکو الله سەری دەخات، وە یان خۆم تیابچم، دەستبەرداری نابم.

لە ڕوانگەی محمدەوە، خۆر و مانگ وەك گلۆپی ١٠٠ و ٦٠ واتی وابوون.

لە صحيح مسلم و صحيح الجامع للالبانی، فەرموودەیەك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

تُدْنَى الشَّمْسُ يَومَ القِيامَةِ مِنَ الخَلْقِ، حتَّى تَكُونَ منهمْ كَمِقْدارِ مِيلٍ. قالَ سُلَيْمُ بنُ عامِرٍ: فَواللَّهِ ما أدْرِي ما يَعْنِي بالمِيلِ؟ أمَسافَةَ الأرْضِ، أمِ المِيلَ الذي تُكْتَحَلُ به العَيْنُ. قالَ: فَيَكونُ النَّاسُ علَى قَدْرِ أعْمالِهِمْ في العَرَقِ، فَمِنْهُمْ مَن يَكونُ إلى كَعْبَيْهِ، ومِنْهُمْ مَن يَكونُ إلى رُكْبَتَيْهِ، ومِنْهُمْ مَن يَكونُ إلى حَقْوَيْهِ، ومِنْهُمْ مَن يُلْجِمُهُ العَرَقُ إلْجامًا. قالَ: وأَشارَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ بيَدِهِ إلى فِيهِ.

لە ڕۆژی قیامەت خۆر لە مرۆڤ نزیك دەبێتەوە تاوەکو تەنها یەك میل لێیەوە دوور دەبێت، سليم بن عامر دەڵێت، نازانم مەبەست لە میل، میلی کلدانە، وە یان میلی دووری. وە مرۆڤ بە گوێرەی کارەکانیان ئەرەقە دەکەن، مرۆڤ هەیە ئەرەقە تاوەکو ئاستی پاژنەی پێکانیەتی، وە مرۆڤ هەیە ئەرەقە تاوەکو ئاستی ئەژنۆکانیەتی، وە مرۆڤ هەیە ئەرەقە تاوەکو نێوقەدیەتی، وە مرۆڤ هەیە ئەرەقە دایدەپۆشێت، وە پێغەمبەر بە دەست هێمای بۆ دەمی کرد.

هەروەك ڕوونە محمد پێی وابووە خۆر لامپا و فانۆسە.

لەبەر ئەوە بەلای موسڵمانان ئاسایی بووە کە چەندەها ڕیوایەتی درۆزنانە دابڕێژن بۆ ئەوەی بڵێن پێغەمبەرەکەیان موعجیزەی هەبووە. لە کاتێکدا خودی ئەم ئیدعا درۆزنەیە، ئیدعاکانی قورئان ڕەت دەکاتەوە، کە دەڵێت محمد موعجیزەی نابێت.

جا ئێستا نازانم ئێوە و فەرموودەکانتان درۆ دەکەن؟ یان دەقەکانی قورئان درۆ دەکەن و محمد موعجیزەی هەبووە؟

بەڵام ئەوە هەموو بابەتەکە نییە بەڵکو محمد ئەم ئایەتەی لە شاعیری ناوداری جاهیلی امروء القيس وەرگرتووە. امام المناوى لە فيض القدير شرح الجامع الصغير دەڵێت:

وقد تكلم امرؤ القيس بالقرآن قبل أن ينزل، فقال:

دَنَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ القَمَر

عَن غَزَالٍ صَادَّ قلبِي وَنَفَر

محمد تەنها وشەی (دَنَتِ)ی گۆڕیووە بە ( اقْتَرَبَتِ)، کە هەمان مانایان هەیە.

شیعرەکەی امرؤء القيس، شیعرێکی ڕۆمانتیکی زۆر نایابە و ئەوپەڕ ڕەوانبێژی تێدایە. لەم بەیتە شیعرەدا امروء القيس دەڵێت:

کاتەکە نزیك بۆوە و مانگ دوولەت بوو.

لە ئاسکێك کە دڵی ڕاوکردم ئینجا وون بوو.

بە کوردی و کورتی ئایەتەکە دەڵێت: هەرکە ڕۆژی قیامەت نزیك بۆوە مانگ دوولەت دەبێت.

بۆ نموونە: ئایەتی ١٣ سوورەتی التكوير دەڵێت:

الجَنَّةُ أُزْلِفَتْ

(أُزْلِفَتْ)، واتە ( اقْتَرَبَت)، واتە نزیك بۆوە.

واتە بەهەشت نزیك بۆوە.

ئایا بەهەشت هەر ئێستا لەبەر چاوی ئیماندارانە؟ هەرگیز.

بەهەمان شێوە: (اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ)، واتە هەرکە قیامەت نزیك بۆوە، (وَانشَقَّ الْقَمَرُ) ئینجا مانگ شەق دەبێت.

القرطبى لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

قَوْلُهُ تَعَالَى : اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ اقْتَرَبَتْ : أَيْ قَرُبَتْ مِثْلُ أَزِفَتِ الْآزِفَةُ عَلَى مَا بَيَّنَّاهُ . فَهِيَ بِالْإِضَافَةِ إِلَى مَا مَضَى قَرِيبَةٌ : لِأَنَّهُ قَدْ مَضَى أَكْثَرُ الدُّنْيَا كَمَا رَوَى قَتَادَةُ عَنْ أَنَسٍ قَالَ : خَطَبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَقَدْ كَادَتِ الشَّمْسُ تَغِيبُ فَقَالَ : مَا بَقِيَ مِنْ دُنْيَاكُمْ فِيمَا مَضَى إِلَّا مِثْلُ مَا بَقِيَ مِنْ هَذَا الْيَوْمِ فِيمَا مَضَى وَمَا نَرَى مِنَ الشَّمْسِ إِلَّا يَسِيرًا

(اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ): ( اقتربت)، واته (قَرُبَتْ)، واته نزيك بۆتەوە، وەك ئايەتی (أَزِفَتِ الْآزِفَةُ)، ڕۆژی قیامەت، بە زیادە بۆ ئەو زەمانەی تێپەڕ بووە، ئەوا نزیکە، چونکە زۆربەی دونیا تێپەڕ بووە، هەروەك قتادە لە انس دەیگێڕێتەوە و گوتوویەتی: پێغەمبەری الله وتاری پێشکەش کرد، وە خۆر لەسەروبەندی ئاوابوون بوو، پێغەمبەر گوتی: لە دونیاتان هیچ نەماوە تەنها وەك ئیمرۆ نەبێت، کە زۆربەی ڕۆیشتووە، وە لە ئیمرۆدا تەنها بۆ ماوەیەکی کەم خۆر دەبینین ئینجا ئاوا دەبێت.

وە چەند ژمارەیەکی کەم و دیاریکراو لە موفەسیرەکان و صحابە و تابعین دەڵێن: مانگ دوولەت نەبووە، بەڵکو لە ڕۆژی قیامەت لەت دەبێت.

## ئایەتی ٢

وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ

وە هەر کاتێك نیشانەیەك ببینن، بڕوا ناکەن و دەڵێن ئەوە جادووە و هەر هەبووە.

(آيَةً) نیشانەیەک (دیاردەیەك لە دیاردەکانی گەردوون)، وەك خۆرگیران و مانگگیران و هتد

ئینجا دەڵێت کاتێك دیاردەیەك دەبینن، بێ باکن.

(سحر)، ڕەنگ بێت (ساحر) بووبێت، چونکە بەر لەوەی پیتەکانی قورئان خاڵی لەسەر دابنرێت و (الف) المد دابهێنرێت، (سحر) و (ساحر) هەردووکیان بە (سحر) دەنووسران.

نموونە :

ئایەتی ٢ سوورەتی یونس دەڵێت:

قَالَ الْكَافِرُونَ إِنَّ هَـٰذَا لَسَاحِرٌ مُبِينٌ

کافرەکان گوتیان ئەوە ساحیرێکی ئاشکرایە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

فقرأته عامة قراء أهل المدينة والبصرة: ( إِنَّ هَذَا لَسِحْرٌ مُبِينٌ )، بمعنى: إن هذا الذي جئتنا به، يعنون القرآن، لسحر مبين

زۆربەی قورئانخوێنانی مەدینە و بەسرە دەیانخوێندەوە (ئەوە سیحرێکی ئاشکرایە)، واتە ئەوەی محمد هێناویەتی، مەبەستیان قورئانە، سیحرێکی ئاشکرایە.

لەبەر ئەوە زۆر ڕێی تێدەچێت کە دەقەکە بەم شێوەیە بووبێت:

وَيَقُولُوا سِاحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ، واتە محمد ساحیرێکی پڕووپووچ و بەتاڵە.

واتە، بەشی یەکەم و دووەمی ئایەتەکە باس لە دوو شتی جیا دەکەن.

(وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا) کاتێك دیاردەیەك لە دیاردەکانی سرووشت دەبینن، بێباکی نیشان دەدەن. چونکە محمد ویستویەتی بەم دیاردانە بیانترسێنێت و پێیانی گوتووە تورەیی اللهیە. وەك ئایەتی ٤ الانعام دەڵێت:

وَمَا تَأْتِيهِمْ مِنْ آيَةٍ مِنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ

وە نیشانە نییە (وەك خۆرگیران و مانگگیران و ڕەشەبا، هتد،،) کە لە لایەن خوداکەیانەوە بۆیان بێت، تەنها بێ باکیان نیشان داوە.

وە ئایەتی ١٤ سوورەتی الصافات دەڵێت:

وَإِذَا رَأَوْا آيَةً يَسْتَسْخِرُونَ

وە هەرکە نیشانەیەك (دیاردەیەك) دەبینن، ئەوا گاڵتەی پێ دەکەن.

(ایة)، لە قورئان بە چەند مانایەك دێت، وەك موعجیزە و دیاردەی سروشتی و ئایەتەکانی قورئان. بۆ نموونە ئایەتی ١٢ سوورەتی الاسراء دەڵێت:

وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ

شەو و ڕۆژمان کردووە بە دوو نیشانە (دیاردە)بەڵام نیشانەی شەومان سڕیوەتەوە.

ئایەتی ٩١ سوورەتی الانبیاء دەڵێت:

فَنَفَخْنَا فِيهَا مِنْ رُوحِنَا وَجَعَلْنَاهَا وَابْنَهَا آيَةً لِلْعَالَمِينَ

فوومان کردە نێوگەڵی مریەمەوە، وە خۆی و کوڕەکەیمان کرد بە موعجیزەیەك بۆ جیهانەکان.

ئایەتی ٩٩ سوورەتی البقرة دەڵێت:

وَلَقَدْ أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ

وە ئایەتی ڕوونمان بۆت دابەزاند، (واتە ئایەتەکانی قورئان).

لەبەر ئەوە بەشی یەکەمی ئایەتەکە کە دەڵێت، (وَإِن يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا) کاتێك ئایەتێك دەبینن، ئەوا خۆیان لێی لادەدەن و بێباکی نیشان دەدەن.

( ئایەتی قورئان ،دیاردەی سرووشتی یان موعجیزە)؟

بەشی دووەمی ئایەتەکە، (وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُّسْتَمِرٌّ)، واتە (وە دەڵێن سیحر یان ساحیرێکی بێبنەمایە).

وەك لە سوورەتەکانی پێشوو، بینیمان بە محمدیان گوتووە ساحیر، وە بە قورئانیان گوتووە سیحر.

## ئایەتی ٣

وَكَذَّبُوا وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءهُمْ وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ

ئەم ئایەتە تەواوکەری ئایەتی دووە، دەڵێت:

وە نکۆڵیان کردووە و بەدوای هەوەسەکانیان کەوتوون، وە هەموو شتێك سنووری هەیە (واتە تەحەمولکردنیان سنووری هەیە).

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

)وَكُلُّ أَمْرٍ مُسْتَقِرٌّ) أَيْ: إِلَى الْآنَ، لَمْ يَبْلُغِ الْأَمْرُ غَايَتَهُ وَمُنْتَهَاهُ، وَسَيَصِيرُ الْأَمْرُ إِلَى آخِرِهِ، فَالْمُصَدِّقُ يَتَقَلَّبُ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ، وَمَغْفِرَةِ اللَّهِ وَرِضْوَانِهِ، وَالْمُكَذِّبُ يَتَقَلَّبُ فِي سُخْطِ اللَّهِ وَعَذَابِهِ، خَالِدًا مُخَلَّدًا أَبَدًا

واته تاوەکو ئێستا مەسەلەکە نەگەیشتۆتە لوتکە و ئەوپەڕەکەی، وە مەسەلەکە هەر بەرەو کۆتایی دێت، ئەوەی بڕوا دێنێت ئەوا کۆتاییەکەی بەهەشتی خۆشی و لێبووردەیی الله و ڕەزامەندیەکەی دەبێت، وە ئەوەی باوەڕ ناهێنێت ئەوا کۆتاییەکەی زەبروزەنگی الله و ئەشکەنجەکەیەتی، کە بۆ هەمیشە تێیدا دەمینێتەوە.

## ئایەتی ٤-٥

وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّنَ الأَنبَاء مَا فِيهِ مُزْدَجَرٌ، حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ فَمَا تُغْنِ النُّذُرُ

وە لەم هەواڵانەی کە بۆیان هاتووە ئەوەندەی تێدایە کە بیانتۆقێنێت، وە ئەوپەڕِ حیکمەتی تێدایە بەڵام ئاگاداری بۆیان سوودی نییە.

ابن کثیر لە تفسیرالقران العظیم دەڵێت:

(وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّنَ ٱلۡأَنۢبَآءِ) واتە هەواڵ سەبارەت بە چیرۆکی ئەو میللەتانەی کە نکۆڵیان لە پێغەمبەرەکانیان کرد و بڕوایان پێیان نەهێنا، وە ئەوەی تووشی بوون لە سزاو زەبرووزەنگ وئەشکەنجە (مَا فِيهِ مُزۡدَجَرٌ)، واتە ئەوەی تیایەتی لە ئامۆژگاری و ڕاسپاردە بۆ دوورکەوتنەوەیان لە شیرك و بەردەوام بوون لە نکۆڵیکردن، (حِكۡمَةُۢ بَٰلِغَةٌ) لە ڕێنمایی الله بۆ کەسانێك کە ڕێنماییان دەکات، وە گومڕاکردنیان لە لایەن اللهوە بۆ کەسانێك کە هەر خۆی گومڕایان دەکات، (فَمَا تُغۡنِ ٱلنُّذُرُ) واتە چ شتێك لەوە ئاگادارکەرترە کە الله سەرکێشی لەسەری نوسیووە و دڵی داخستووە، لە دوای ئەوە جگە لە الله کێ ڕێنمایی دەکات؟ وە ئەم ئایەتە وەك ئەو ئایەتە(ئایەتی ١٤٩ سوورەتی الانعام) وایە کە دەڵێت:

قُلۡ فَلِلَّهِ ٱلۡحُجَّةُ ٱلۡبَٰلِغَةُ فَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ

ئەی محمد بڵێ، الله خاوەن بەرزترین بەڵگەیە، ئەگەر الله ئارەزووی لەسەر بوایە هەر هەمووتانی ڕێنمایی دەکرد.

وە ئایەتی ١٠١ سوورەتی یونس کە دەڵێت:

وَمَا تُغْنِى ٱلْآيَـٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ

وە ئایات و ئاگادارکردنەوەی سوودی نابێت بۆ خەڵکانێك کە بڕوا ناهێنن.

## ئایەتی ٦-٨

فَتَوَلَّ عَنْهُمْ يَوْمَ يَدْعُ الدَّاعِ إِلَى شَيْءٍ نُّكُرٍ

خُشَّعًا أَبْصَارُهُمْ يَخْرُجُونَ مِنَ الأَجْدَاثِ كَأَنَّهُمْ جَرَادٌ مُّنتَشِرٌ

مُّهْطِعِينَ إِلَى الدَّاعِ يَقُولُ الْكَافِرُونَ هَذَا يَوْمٌ عَسِرٌ

دەڵێت: ئەی محمد وازیان لێ بێنە، بۆ ئەو ڕۆژەی (ڕۆژی زیندووبوونەوە) کە بانگدەرێك بانگیان دەکات بۆ شتێکی خراپ و ناخۆش (دۆزەخ).

چاوەکانیان شۆڕە، لە گۆڕەکانیان دەردەچن، وەك ئەوەی کوللەی پەرشوبڵاوبن،

بە شپرزەیی و بەپەلە ڕێچکە دەکەن بەرەو بانگدەرەکە، کافرەکان دەڵێن: ئەوە ڕۆژێکی سەختە.

## ئایەتی ٩-١٤

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا عَبْدَنَا وَقَالُوا مَجْنُونٌ وَازْدُجِرَ، فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانتَصِرْ، فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانتَصِرْ، فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاء بِمَاء مُّنْهَمِرٍ، وَفَجَّرْنَا الأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاء عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ، وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ، تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاء لِّمَن كَانَ كُفِرَ

لەم ٦ ئایەتە اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، وەك هەڕەشەیەك بۆ خەڵکی مەککە، نموونەی میللەتی نووح دەهێنێتەوە، کە چۆن بەلافاو قڕی کردوون، دەڵێت:

لە پێش خەڵکی مەککە، میللەتی نووح نکۆڵیان لە نووح کرد، وە گوتیان شێتە، وە گرفتاریان کرد.ئەوەبوو نووح بانگێشەی خوداکەی کرد و گوتی، لە ڕاستیدا من شکستم هێنا کە باوەڕیان پێ بێنم، پشتیوانیم لێ بکە و بەسەریاندا سەرکەوە. ئەوەبوو دەرگاکانی ئاسمانمان کردەوە و بە لێشاو و خوڕ ئاومان دابەزاند، وە کانیاومان لە زەوی تەقاندەوە، هەردوو ئاوەکە (ئاوی ئاسمان و ئاوی زەوی) بەیەك گەیشتن، سەبارەت بە بابەتێك کە بڕیاری لەسەر درابوو، وە نووحمان لە

(کەشتیەك هەڵگرت) کە لە تەختە دار و بزمار بوو. کەشتیەکە لەبەر چاوی ئێمە و چاودێری ئێمە، جرتووفرتی دەکرد، ئەوە سزا بوو بۆ ئەوەی کافر بوون و بڕوایان نەهێنا.

(فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاء بِمَاء مُّنْهَمِرٍ)، دەڵێت، دەرگاکانی ئاسمانمان بۆ ئاوێکی بەخوڕ کردەوە.

ئاسمان بنمیچە و کون و درزی تێدانییە، بەڵام دەرگای هەیە بۆ دابەزینی فریشتەکان و سەرکەوتنی ڕۆحەکان و باران وسەرما و سۆڵ بارین و دابەزینی نەفرەت و ئەشکەنجەی الله. بە گوێرەی محمد ئاسمان ٨ دەرگای هەیە.

ئایەتی ٢٧-٢٨ سوورەتی النازعات دەڵێت:

أَأَنْتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ بَنَاهَا، رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا

ئایا ئێوە درووستکەرێکی لێهاتووترن یان ئەوەی ئاسمانی درووست کردووە ،وە ئەستورایی ئاسمانی بەرزکردۆتەوە و ڕێکی خستووە؟

ئایەتی ٣٢ سووڕەتی الانبیاء دەڵێت:

وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا

وە ئاسمانمان کردووە بە بنمیچێکی پارێزراو.

ئایەتی ٣ سوورەتی الملك دەڵێت:

فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ

چاو بە ئاسمان بخشێنەوە، ئایا درزی تێدا دەبینیت؟

ئایەتی ٦ سووڕەتی ق دەڵێت:

أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ

ئەی سەیری ئاسمانی سەرەوەی خۆیانیان نەکردووە، کە چۆن درووستمان کردووە و ڕازاندوومانەتەوە، وە هیچ کونێکی تێدا نییە.

اللەی عەرەب و ئیسلام، وشەی (فرج)ی بۆ ئایەتەکانی گەردوونیش بەکارهێناوە (کثر خیرك یا ارحم الراحمین).

وە لە ئایەتی ٦ سوورەتی المرسلات دەڵێت:

وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتْ

وە کاتێك ئاسمان کون بوو، (هەڵبەتە لە ڕۆژی قیامەت).

ئایەتی ٤٠ سووڕەتی الاعراف دەڵێت:

إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ

ئەوانەی نکوڵیان لە ئایەتەکانمان کرد و زۆیان لەبەرامبەریدا بەزل زانی، دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە و ناچنە بەهەشتەوە، تاوەکو وشتر بەکونە دەرزی تێپەڕ نەبێت.

وە لە صحیح البخاری و مسلم، ڕیوایەتی خورافی ئیسرا و میعراج هاتووە، کە محمد دەڵێت:

فَاسْتَفْتَحَ قِيلَ: مَنْ هَذَا؟ قَالَ: جِبْرِيلُ، قِيلَ: وَمَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: مُحَمَّدٌ

جبرایل لە دەرگای ئاسمانی دا، پاسەوانی دەرگاکە گوتی کێیە؟ گوتی منم جبرایل، گوتی کێت لەگەڵە، گوتی محمد.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، کە محمد گوتوویەتی:

فِي الْجَنَّةِ ثَمَانِيَةُ أَبْوَابٍ

لە بەهەشت هەشت دەرگا هەیە.

بەهەشت لە ئاسمانی دونیاوە دەست پێدەکات.

ئەوەی مەبەستمە بڵێم ئەوەیە، کە الله لە کاتی لافاوەکەی نووح هەر هەشت دەرگا دەکاتەوە و ئاو بە خوڕ دێنە خوارەوە.

وە بە گوێرەی قورئان و ئیسلام، هەورەکان تەنها وەك بارگرێك وان، ئاو لە دەرگایەك لە دەرگاکانی ئاسمان دەڕژێتە سەر هەور، ئینجا هەورەکە هەڵی دەگرێت بۆ ئەو شوێنەی الله دەیەوێت بارانی لێ ببارێت.

الطبری لە جامع البیان لە تەفسیری ئایەتی ٥٧ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

إِنِ اللَّهَ يُرْسِلُ الرِّيحَ فَتَأْتِي بِالسَّحَابِ مِنْ بَيْنِ الْخَافِقَيْنِ ، طَرَفَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ مِنْ حَيْثُ يَلْتَقِيَانِ ، فَيُخْرِجُهُ مِنْ ثَمَّ ، ثُمَّ يَنْشُرُهُ فَيَبْسُطُهُ فِي السَّمَاءِ كَيْفَ يَشَاءُ ، ثُمَّ يَفْتَحُ أَبْوَابَ السَّمَاءِ ، فَيَسِيلُ الْمَاءُ عَلَى السَّحَابِ ، ثُمَّ يُمْطِرُ السَّحَابَ بَعْدَ ذَلِكَ

الله با دەنێرێت و هەور لەم لێوارانەی کە تیایدا ئاسمان و زەوی بەیەك گەیشتوون دەهێنێت، ئینجا هەورەکان لە ئاسمان بڵاودەکاتەوە و پان دەکاتەوە، بە جۆرێك کە الله خۆی بیەوێت، ئینجا دەرگاکانی ئاسمان دەکاتەوە، ئاو دەڕژێتە سەر هەورەکان، ئینجا هەورەکان باران دەبارێنن.

هەورەکان ڕۆڵی ئیسفەنج دەبینن.

سبحان الله ئەوە کافرە مولحیدەکان بۆچی ئەو زانستە موحکەمە لە خەڵك دەشارنەوە، هەی بە نەفرەت بن.

لە ساتە وەختی لافاوەکەی نووح، پێویست بە هەور نەبووە، بەڵکو ئاو بە خوڕ لە دەرگاکانی ئاسمان هاتوونەتە خوارەوە.

# ئایەتی ١٥-١٧

وَلَقَد تَّرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ

فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ

واتە: وە (کەشتیەکەمان) وەك نیشانەیەك جێهێشت، ئاخۆ بیرەوەرێك هەیە؟ ئەشکەنجە و هەڕەشەکانم چۆن بوون؟ وە قورئانمان سانا کردووە بۆ یادکرنەوە، ئاخۆ بیرەوەرێك هەیە؟

ئایەتی ٤٤ سوورەتی هود دەڵێت:

وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ

کەشتیەکە لەسەر چیای جوودی نیشتەوە.

وە ئایەتی ١٥ دەڵێت، وەك نیشانەیەك جێمان هێشت، واتە کەشتیەکە.

ئینجا دەڵێت، (فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ)، واتە ئایا کەسێك هەیە وانە و عیبرەت لەمە وەربگرێت، واتە ڕووداوەی میللەتی نووح.

وە دەڵێت، چۆن بوو ئەشکەنجە و هەڕەشە و ئاگاداریەکانم؟

وە ئەم قورئانەمان سانا کردووە بۆ بەبیرهێنانەوەتان سەبارەت بەم چیرۆک و ڕووداوانە، ئایا کەسێك هەیە وانە و عیبرەت لەم چیرۆك و ڕووداوانە وەربگرێت؟

## ئایەتی ١٨-٢٠

كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ

إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ

تَنزِعُ النَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُّنقَعِرٍ

ئینجا اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، باسی قڕکردنی هۆزی عاد دەکات و دەڵێت:

عاد نکۆڵی (لە هوود) کرد، چۆن بوو ئەشکەنجە و هەڕەشەکانم؟ ئەوەبوو ڕەشەبایەکی ساردی بێوچانمان ناردە سەریان لە ڕۆژێکی شووم، کە خەڵکی هەڵدەتەکاند، وەك ئەوەی قەدی دارخورمای هەڵتەکاندراو بن.

ئایەتی ٧ سوورەتی الحاقة دەڵێت:

سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومًا فَتَرَى الْقَوْمَ فِيهَا صَرْعَىٰ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ

حەوت شەو و هەشت ڕۆژی بەردەوام (ڕەشەبای) بەسەریاندا هێنا، خەڵکەکەت دەبینی بە مردوویی کەوتبوونە سەر زەوی، کە وەك قەدی دارخورمای هەڵتەکێنراو بوون.

لە صحیح البخاری و مسلم، فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە، دەڵێت:

نُصِرْتُ بِالصَّبَا وَأُهْلِكَتْ عَادٌ بِالدَّبُورِ

من بە ڕەشەبای "صەبا" سەرکەوتم، وە خەڵکی عاد بە ڕەشەبای "دەبوور" لەناوچوون.

مەبەستی محمد لە ڕەشەبای "صەبا"، ئەو ڕەشەبایە بوو کە لە شەڕی خەندەق هەڵیکرد، ئەوەبوو کافر و موشریکەکان نەیانتوانی هیچ بکەن و گەڕانەوە مەککە.

وەك ئایەتی ١٠ سوورەتی الاحزاب دەڵێت:

إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا

کە سەربازەکان هاتنە سەرتان، ئەوەبوو با و سەربازانێکمان(فریشتە) ناردە سەریان کە نەتان دەبینین.

ئەو بایە بای صەبا بووە.

ابن کثیر دەڵێت، ابن ابي حاتم فەرموودەیەکی اخراج کردووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

مَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَى عَادٍ مِنَ الرِّيحِ الَّتِي أُهْلِكُوا فِيهَا إِلَّا مِثْلَ مَوْضِعِ الْخَاتَمِ ، فَمَرَّتْ بِأَهْلِ الْبَادِيَةِ فَحَمَلَتْهُمْ وَمَوَاشِيَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ ، فَجَعَلَتْهُمْ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ، فَلَمَّا رَأَى ذَلِكَ أَهْلُ الْحَاضِرَةِ الرِّيحَ وَمَا فِيهَا قَالُوا : هَذَا عَارِضٌ مُمْطِرُنَا ، فَأَلْقَتْ أَهْلَ الْبَادِيَةِ وَمَوَاشِيَهُمْ عَلَى أَهْلِ الْحَاضِرَةِ

ئەو بڕە بایەی الله هەڵیکرد بەسەر هۆزی عاد و بەهۆیەوە قڕیکردن، بە قەد شوێنی ئەم ئەنگوستیلەیە بوو، بایەکە بەسەر خەڵکی کۆچەر تێپەڕی، خۆیان و مەڕومالاتەکانیان و کەلوپەلەکانیانی هەڵگرت و بەرزی کردنەوە بۆ نێوان ئاسمان و زەوی، کاتێك خەڵکی گوندەکە بایەکەیان بینی و ئەوەی تیایەتی گوتیان، بەسەرماندا دەبارێنێت، ئەوەبوو خەڵکە کۆچەرەکە و مەڕومالەتەکەیانی فڕێ دایە سەر خەڵکی گوندەکە و تیاچوون.

## ئایەتی ٢١-٢٢

فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ

بگەڕێوە بۆ ئایەتی ١٦-١٧ (دووبارەیە).

# ئایەتی ٢٣-٣٢

كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِالنُّذُرِ، فَقَالُوا أَبَشَرًا مِّنَّا وَاحِدًا نَّتَّبِعُهُ إِنَّا إِذًا لَّفِي ضَلالٍ وَسُعُرٍ، أَؤُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ، سَيَعْلَمُونَ غَدًا مَّنِ الْكَذَّابُ الأَشِرُ، إِنَّا مُرْسِلُوا النَّاقَةِ فِتْنَةً لَّهُمْ فَارْتَقِبْهُمْ وَاصْطَبِرْ، وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَاء قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ، فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَى فَعَقَرَ، فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ، إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ.

لەم چەند ئایەتەدا، اللە‌ی عەرەب و ئیسلام، نموونەی هۆزی ثمود دەهێنێتەوە کە چۆن قڕیانی کردووە، بە هۆی ئەوەی نکۆڵیان لە پێغەمبەرایەتی صالح کردووە و وشترەکەیان کوشتووە. دەڵێت:

هۆزی ثمود باوەڕیان نەهێنا بە ئاگادارکەرەوەکە (صالح)، گوتیان ئایا پیادەی دوای تاکە مرۆڤێك کە لە خۆمانە بکەین؟ گەر وابکەین دەکەواتە ئێمە گومڕا و دەبەنگین. ئایا لە نێو ئێمەدا، تەنها وەحی بۆ ئەو هاتووە؟ لە ڕاستیدا صالح پیاوێکی درۆزان و خۆسەپێنەرە.

ئینجا اللە وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: بەیانی دەزانن کە کێ درۆزان و خۆسەپێنەرە. (بە صالحمان گوت) ئێمە وشترێکی مێینە دەنێرین بۆ تاقیکردنەوەیان، تۆ چاودێریان بکە و ئارام بگرە، وە بە خەڵکی ثمود ڕابگەیەنە کە ئاوەکان دابەش کراوە لە نێوان وشترەکە و خەڵکی ئاوایی (ڕۆژێك بۆ وشترەکە و ڕۆژێك بۆ خەڵکی ئاوایی).

ئینجا دەڵێت: خەڵکی ثمود پیاوێکی خۆیان بانگ کرد (بۆ کوشتنی وشترەکە)، ئەوەبوو بە دەنگ بانگەکەیانەوە هات و وشترەکەی کوشت.

ئینجا اللە دەڵێت: دە توخوا چۆن بوو ئەشکەنجە و هەڕەشەکانم؟

ئینجا دەڵێت: ئەوەبوو یەك گرمەمان نارده سەریان، قڕ بوون، وەك پووشووپەڵاشیان لێ هات.

ابن کثیر دەڵێت: { إِنَّا مُرۡسِلُواْ ٱلنَّاقَةِ فِتۡنَةً لَّهُمۡ }، واتە وەك تاقیکردنەوەیەك بۆ هۆزی ثمود، اللە وشترێکی مێینەی مەزنی "عشراء"، لە بەردێکی پتەو دەرهێنا.

الطبری دەڵێت: { ونَبِّئْهُمْ أنَّ الماءَ قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ }، الله بە صالحی گوت: بە هۆزەکەت ثمود ڕابگەیەنە ئەو ئاوە (ئاوی ئاوایی) دەبێت لە نێوان وشترەکە و ئێوە دابەش بکرێت، ڕۆژێك بۆ وشترەکە و ڕۆژێك بۆ خەڵکی ئاوایی.

الطبری دەڵێت (فَنَادَوْاْ صَاحِبَهُمْ فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ) هۆزی ثمود، "قدار بن سالف"یان بانگ کرد، کە سەربڕی وشتر بوو، گوتیان ئەم وشترەی صالحمان بۆ سەربڕە. ئەوەبوو ورگی وشترەکەی هەڵدڕاند و کوشتی.

ابن کثیر دەڵێت، { فَنَادَوْاْ صَـٰحِبَهُمْ فَتَعَاطَىٰ فَعَقَرَ } شرۆڤەکاران دەڵێن، بکوژی وشترەکە، ناوی قدار بن سالف بوو، کە خوێڕیترین و سەرکێشترین کەس بوو لە ناو هۆزی ثمود.

القرطبی دەڵێت { إِنَّآ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً } واتە بە یەك هاواری جبرائیل لە ناوچوون.

سوورەتی هوود بە شێوەیەکی درێژتر باسی هۆزی ثمود و صالح دەکات. ئایەتی ٦١ سوورەتی هوود دەڵێت:

وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ

وە بۆ ثمود، براکەیان صالحمان نارد، وگوتی : ئەی هۆزەکەم الله بپەرستن، هیچ خودایەکتان نییە جگە لە ئەو، هەر ئەو ئێوەی لە زەوی درووستکردووە و تیایدا نیشتەجێی کردوون، داوای لێبوردەیی لێ بکەن، ئینجا تۆبەی لێ بکەن، لە راستیدا خوداکەم نزیکە (لە بەندەکانی) و وەڵام بە تۆبەکاران دەداتەوە.

ئایەتی ٦٢ دەڵێت:

قَالُواْ يَا صَالِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ

هۆزی ثمود گوتیان: ئەی صالح تۆ تاوەکو ئێستا جێگای ئومێدی ئێمە بوویت، ئایا ڕێگریمان لێ دەکەیت کە ئەوە بپەرستین کە باوکانمان دەیانپەرست؟وە ئێمە شکووگومانمان هەیە سەبارەت بەوەی کە بانگمان بۆ دەکەیت.

ئایەتی ٦٤-٦٥ دەڵێت:

وَيَا قَوْمِ هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ

فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلاثَةَ أَيَّامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ

ئەی هۆزەکەم ئەوە وشترە مێینەی اللەیە وەك موعجیزەیەك بۆ ئێوە هاتووە، دە وازی لێبێنن با بۆخۆی لە زەوی الله بخوات، وە نەکەن خراپەی لەگەڵدا بکەن، ئەگینا الله بە زووترین کات سزاتان دەدات.

ئەوەبوو سکیان هەڵدڕی (کوشتیان)، ئەوەبوو (صالح) گوتی، لە ماڵەکانتان بۆ خۆتان ٣ ڕۆژ خۆشی بکەن، وە ئەوە بەڵێنێکی درۆ نییە.

ئایەتی ٦٦-٦٧ دەڵێت:

فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ

وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ

واتە :کاتێك وادەی بڕیارەکەمان گەیشت، وەك بەزەییەك لە ئێمەوە، صالح و ئەوانەی لەگەڵیدا باوەڕیان هێنابوو، لە ڕیسوایی ئەو ڕۆژە ڕزگار کرد، خوداکەت هەر خۆی بەهێز و دەسەلاتە.

وە گرمەیەکی ئەوانە گرت کە ستەمیان کرد، ئەوەبوو لە ماڵەکانیان بوون بە مردارەوەبوو.

## ئایەتی ٣٢

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ

(بگەڕیوە بۆ ئایەتی ١٧) دووبارەیە.

## ئایەتی ٣٣-٣٨

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ بِالنُّذُرِ، إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلاَّ آلَ لُوطٍ نَّجَّيْنَاهُم بِسَحَرٍ، نِعْمَةً مِّنْ عِندِنَا كَذَلِكَ نَجْزِي مَن شَكَرَ، وَلَقَدْ أَنذَرَهُم بَطْشَتَنَا فَتَمَارَوْا بِالنُّذُرِ،

وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِ فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ، وَلَقَدْ صَبَّحَهُم بُكْرَةً عَذَابٌ مُّسْتَقِرٌّ

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام، نموونەی میللەتی لوط دەهێنێتەوە کە چۆن قڕی کردوون و دەڵێت:

میلەتی لوط باوەڕیان نەهێنا بە ئاگادارکردنەوە، ئەوەبوو بەردمان نارده سەریان، تەنها خانەوادەی لوط نەبێت، وەك چاکەیەك لە ئێمەوە، لە بەرەبەیانێکدا ڕزگارمان کردن، بەم شێوەیە ئێمە چاکەی کەسانێك دەدەینەوە کە سوپاسگوزارن، (لوط) ئاگاداری کردنەوە لە زەبروزەنگی ئێمە، بەڵام شکووگومانیان کرد لە ئاگاداریەکەمان، وە میللەتەکەی لە میوانەکانی دوورخستنەوە (میوانەکانی فریشتە بوون و میللەتەکەی دەیانویست سواریان بن)، بەڵام ئێمە بینایمان سڕینەوە و گوتمان دەبچێژن ئەشکەنجە و ئاگاداریەکانم، لە بەرەبەیانیەکدا ئەشکەنجەیەکی بەردەوام هاتە سەریان.

ابن کثیر دەڵێت: { وَلَقَدْ رَاوَدُوهُ عَن ضَيْفِهِ} شەوێکیان جبرائیل و میکائیل و ئیسرافیل لە شێوەی گەنجی بێ تووکی جوان هاتن بۆ لای لوط، وە لوط سڵاوی لێبێت میوانداری کردن، وە ژنە پیرەکەی لوط هەواڵی نارد بۆ خەڵکەکە کە لوط میوانی جوانی هاتووە، ئەوەبوو پیاوان لە هەموو شوێنێکەوە بەپەلە دەهاتن بۆ ماڵی لوط، ئەوەبوو لوط دەرگای ماڵەکەی داخست، وە خەریك بوو دەرگاکە بشکێنن، وە کاتەکە شەو بوو، وە لوط سڵاوی لێبێت بەرگری لە میوانەکانی دەکرد و دەیگوت، { هَٰؤُلَاءِ بَنَاتِي- ئەوانە کچەکانم} (ئایەتی ٧٨ سوورەتی هود)

{ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ- ئەگەر دەتانەوێت کاری وابکەن}، (ئایەتی ٧٨ سوورەتی هود} لە وەڵامدا پیاوانی ئاواییەکە گوتیان { قَالُواْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ- خۆت دەزانیت کە ئێمە هیچ پەیوەندیمان بە کچەکانتەوە نییە}، (ئایەتی ٧٩ سوورەتی هود) واتە زەوقمان لە کچەکانت هەڵناستێت، { وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ- وە تۆ خۆت باش دەزانیت ئێمە چیمان دەوێت}، (ئایەتی ٧٩ سوورەتی هود) کاتێك بارودۆخەکە دژوار بوو، وە بە هیچ رازی نەبوون، تەنها ئەوە نەبێت بێنە ژوورەوە، جبرائیل لێیان هاتە دەرەوە { فَطَمَسْنَا أَعْيُنَهُمْ -چاوەکانیانمان سڕیەوە} بە تەنیشتی باڵێکی لە چاوەکانی دان و چاوەکانیانی نەهێشت و سڕیەوە.

ئایەتی ٨١ سوورەتی الاعراف دەڵێت، میللتی لوط هاوڕەگەزویست بوون.

إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاءِ ۚ

ئێوە شەهوەتتان بۆ پیاو هەڵدەستێت و پیاوان دەگێن، نەك ژنان.

هەر بە راستی میللەتێکی بێنامووس بوون، معقولە بتەوێت فریشتە بگێیت؟ جنۆکە کێشەیەك نییە. لە ئیسلام جنۆکە دەتوانێت مرۆڤ بگێت و مرۆڤ دەتوانێت جنۆکە بگێت. بەڵام فریشتە؟ خودایە تۆبە.

من زۆر لە ژنەکەی لوط توڕەم. معقولە ژنی پێغەمبەر بیت و خەریکی کاری گەوادی بیت؟ بە ڕاستی معقول نییە. بەڵام بە سزای خۆی گەیشت. اللّٰه گیان لە ناوی برد. الی جهنم و بئس المصیر.

# ئایەتی ٣٩-٤٠

فَذُوقُوا عَذَابِي وَنُذُرِ

وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ

(بگەڕێوە بۆ ئایەتی ١٦-١٧) دووبارەیە.

# ئایەتی ٤١-٤٢

وَلَقَدْ جَاءَ آلَ فِرْعَوْنَ النُّذُرُ

كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا كُلِّهَا فَأَخَذْنَاهُمْ أَخْذَ عَزِيزٍ مُّقْتَدِرٍ

ئینجا اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، نموونەی فیرعەون و قەومەکەی دەهێنێتەوە کە چۆن قڕی کردوون و دەڵێت:

وە ئاگادارکردنەوە بۆ خانەوادەی فیرعەون نێردرا.

ئەوەبوو نکۆڵیان لە گشت نیشانەکانمان (موعجیزەکانی موسا) کرد، ئەوەبوو ئێمە گرتمانن گرتنێکی بەهێزو توانادار.

( لە سوورەتەکانی داهاتوو تایبەت بە موسا و فیرعەون بە درێژی باسی ئەم ڕوداوە دەکەین)

# ئایەتی ٤٣-٤٤

أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِّنْ أُوْلَئِكُمْ أَمْ لَكُم بَرَاءَةٌ فِي الزُّبُرِ

أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ

ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام پرسیار لە کافر و موشریکەکانی مەککە دەکات و دەڵێت:

ئایا کافرەکانی ئێوە باشترن لەوانەی ئاماژەم پێیان کرد، وە یان ئێوە پاکانەتان هەیە لە تەختەی نووسراو؟ وە یان دەڵێن ئێمە کۆمەڵین سەردەکەوین؟

الشوكاني لە فتح القدير دەڵێت، { أَمْ لَكُم بَرَاءَةٌ فِي ٱلزُّبُرِ } "الزبر" ،ئەو پەرتووکانەن کە دابەزیوون بۆ پێغەمبەران.

ئایەتی ١٩٦ سوورەتی الشعراء دەڵێت:

وَإِنَّهُ لَفِي زُبُرِ الْأَوَّلِينَ

وە (قورئان) لە "زبر"ی پێشوو دایە.

"الزبر" تاکە و "الزبور" کۆیە. وە الزبور پەرتووکی داود بووە.

زەبوورەکان کە پەرتووکی داودە، ١٥١ بەش لە خۆی دەگرێت.

اللەی ئیسلام بە موشریکەکان دەڵێت، ئایا ئێوە پاساوتان هەیە و پاساوەکەتان لە زەبوورەکانی داود نوسراوە.

( أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ)، لەم ئایەتە لە شوێنی (جميع-گشت) دەبێت (جمع- کۆمەڵ) بێت.

بەڵگەش بۆ ئەوە، جگە لە ماناکەی، ئایەتی ٤٥ کە دەڵێت ( سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ) واتە کۆمەڵەکە دەشکێت و پشت دەکەن و ڕادەکەن.

# ئایەتی ٤٥

سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ

دەڵێت :کۆمەڵەکە دەشکێن(واتە کافرەکان ) و پشت دەکەن و ڕادەکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: ابن عباس گوتی { سَيُهْزَمُ الجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ } ئەم ئایەتە لە شەڕی بدر دابەزی. قورەیشەکان گوتیان، (نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ- ئێمە کۆمەڵێن سەردەکەوین)، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی(سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ).

الجلالین دەڵێن، کاتێك ابو جهل لە شەڕی بەدر گوتی (نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ)، ئەو ئایەتە دابەزی کە دەڵێت (سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ)

واتە ئایەتی ٤٤-٤٥ لەم سوورەتە لە مەدینە، لە کاتی شەڕی بەدر دابەزیوون.

# ئایەتی ٤٦-٤٨

بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ، إِنَّ الْمُجْرِمِينَ فِي ضَلالٍ وَسُعُرٍ

يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ

واتە: بەڵکو قیامەت وادەیانە، وە قیامەت دژوارتر و تاڵترە ( لە شکستی دونیایان)، (چونکە) تاوانباران لە گومڕایی و سوتاندان، لە (قیامەت) لە ناو دۆزەخ و ئاگر لەسەر چاوەکانیان ڕادەکێشرێن، وە پێیان دەگوترێت: دە ئەشکەنجەی دۆزەخ(سقر) بچێژن.

ابن الجوزی دەڵێت، سەبارەت بە وشەی (سُعُرٍ) ٣ قەول هەیە:

یەکەم:شیت بوون.

دووەم:ئەشکەنجە.

سێهەم:ئاگر و سووتان.

ئایەتی ٧ سوورەتی الشوری دەڵێت:

فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ

فەریقێك لە بەهەشتن و فەریقێك لە "سعیر"، واتە لە ناو ئاگر.

وە (سَّعِيرِ) و (سُعُرٍ) هەمان ڕەگیان هەیە کە (سعر)، کەواتە دەبێت ماناکەیان لەیەك نزیك بێت، وە بە مانای شتێك دێن کە لە ئاگر نزیکە.

کەواتە دەقە دەڵێت  تاوانباران لە گومڕایی و سووتاندان.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە (إِنَّ المجرمينَ فِي ضلالٍ وسُعُرٍ)، دوو قەول هەیە:

یەکەم: لە صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، کە ابي امامة دەڵێت، پێغەمبەر گوتی:

إن هذه الآية نزلت في القَدَرِيَّة

ئەم ئایەتە سەبارەت بە قەدەریەکان دابەزیووە.

تێبینی: قەدەریەکان، هەرتەقەیەکی ئیسلامی بوون، کە بڕوایان بە قەزاو قەدەر نەبووە و ڕەتیان کردۆتەوە، هەروەها بڕوایان بەوە نەبوو کە الله بڕیاری دابێت سەبارەت بە چارەنووسی مرۆڤ و مرۆڤ "مسیر" کردبێت، بەڵکو دەیانگوت مرۆڤ "مخیر"ە

دووەم: پیاوانی ئاینی مەسیحی لە نەجرانەوە هاتن بۆ لای پێغەمبەر ،وە گوتیان ئەی محمد تۆ دەڵێیت سەرپێچی و سەرکێشی مرۆڤەکان لە لایەن اللهوە دیاری کراوە، بەڵام وانییە (واتە مرۆڤ مخیرە)، پێغەمبەر گوتی ئێوە دژایەتی الله دەکەن، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

ڕەنگ بێت، ئەم هۆکارە دابەزینانە درووست کرابێت بۆ پێنەوپەڕۆ کردنی ئایەتەکە، چونکە ئایەتەکە دەڵێت: تاوانباران لە گومڕایی و سووتاندان.

(ضَلالٍ- گومڕایی) کاتێك لە ناو دۆزەخیت، زۆر بێ مانایە.

یان وشەی (سُعُرٍ) هەڵەیە و بۆ نموونە دەبێت (سُکْر) بێت واتە مەستی.

واتە تاوانباران لە گومڕایی و مەستیدان.

## ئایەتی ٤٩-٥٠

إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ

وَمَا أَمْرُنَا إِلاَّ وَاحِدَةٌ كَلَمْحٍ بِالْبَصَرِ

واتە: ئێمە هەموو شتێکمان بە چارەنووسێکی دیاریکراوەوە درووست کردووە.

وە فەرمانی ئێمە شتێك نییە، تەنها چاوترووکانێکە بۆ هاتنە دی.

مەبەست لە ئایەتی ٥٠ (كن فیكون)ە، وەك ٨٢ سوورەتی یس دەڵێت:

إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ

بەڵكو فەرمان ئەكەی كاتێك شتێكی بوێت، بە شتەكە دەڵێت ببە و دەبێت.

## ئایەتی ٥١

وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا أَشْيَاعَكُمْ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ

وە هاوچەشنەكانیانمان ( هاوچەشنی خەڵكی مەككە) قڕ كردووە، ئاخۆ بیرەوەرێك هەیە؟

واتە كەسێك هەیە عیبرەت و دەرس لەوە وەربگرێت؟

## ئایەتی ٥٢-٥٣

وَكُلُّ شَيْءٍ فَعَلُوهُ فِي الزُّبُرِ

وَكُلُّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ مُّسْتَطَرٌ

وە دەڵێت: هەرشتێك كردوویەتی (واتە الله)، لە زەبوور (زەبووری داود) دایە.

وە هەموو شتێكی بچووك و گەورە نووسراوەتەوە (لە زەبوور).

هەڵبەتە داود باوكی سلێمان شەڕ و جەنگێكی زۆری كردووە. ڕەنگ بێت الله مەبەستی ئەو جەنگانە بێت.

## ئایەتی ٥٤-٥٥

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ

فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍ

واتە خوداپەرستان لە نێوباخچەكان و كەناری ڕووبارن (لە بەهەشت).

لە مەجلیسێكی ڕاستگۆیین لای پادشایەكی بەتوانا (واتە الله).

كۆتایی سوورە

# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

نوسین : دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا



بەرگی دووەم

# قورئان وەك خۆی

# وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

## بەرگی دووەم

نوسینی

**دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا**

پیاچوونەوەی نوسین

**جبار حەمەد**

لە بلاوكراوەكانی

**دەزگای ڕێنیسانسی كوردی**

# (٣٨)

# سوورەتی ص (صاد)

**١-ص وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ**

صاد و سوێند بە قورئانی وەبیرهێنەرەوە.

**٢-بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ**

بەڵام بێباوەڕان لە شكۆ و لووتبەرزیدان.

**٣-كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوْا وَلاتَ حِينَ مَنَاصٍ**

چەندمان بەرلەوانە لە نەوەكان قڕكرد، بانگیانكرد بەڵام دەرفەتی ڕەتكردنەوەی بەسەرچووبوو.

**٤-وَعَجِبُوا أَن جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ**

وە بەلایانەوە سەیربوو كە هوشیاردەرێك لە خۆیانەوە بۆیان هات، وە بێباوەڕان گوتیان ئەوە ساحیرێكی درۆزنە.

**٥-أَجَعَلَ الآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ**

ئایا خوداوەندەکانی کردووە بە یەك خوداوەند، لە ڕاستیدا ئەوە شتێکی سەمەرەیە.

**٦-وَانطَلَقَ الْمَلأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ**

پیاوماقووڵانیان ڕۆیشتن (گوتیان) بەردەوام بن و خۆڕاگر بن لەسەر خوداوەندەکانتان، ئەوە شتێکی باشە.

**٧-مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الآخِرَةِ إِنْ هَذَا إِلاَّ اخْتِلاقٌ**

شتی ئاوامان نەبیستووە لە دوا ئاین، ئەوە تەنها شتێکی هەڵبەستراوە.

**٨-أَأُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّن ذِكْرِي بَلْ لَمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ**

ئایا لە نێوانماندا هوشیاردەرەوە تەنها بۆ ئەو دابەزیووە، بەڵکو ئەوان لە شکوگومانن لە هۆشیاریدان، بەڵکو کاتێك ئەشکەنجە دەچێژن.

**٩-أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ الْعَزِيزِ الْوَهَّابِ**

وە یان گەنجینەکانی بەزەیی خودای بەدەسەڵات و پێدەری تۆیان لایە.

**١٠-أَمْ لَهُم مُّلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَلْيَرْتَقُوا فِي الأَسْبَابِ**

وە یان خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان دەکەن، دەکەواتە با بە پەیژە سەرکەوتن.

**١١-جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ الأَحْزَابِ**

سەربازانێك كە لەوێدان، نەیارەکان تێك دەشكێنن.

**١٢-كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو الأَوْتَادِ**

پێش ئەوان میللەتی نوح و عاد و فیرعەونی خاوەن توانا، نکۆڵیان کرد.

**١٣-وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَابُ الأَيْكَةِ أُوْلَئِكَ الأَحْزَابُ**

وە هەروەها ثمود و میللەتی لوط و یاوەرانی ئەیکە، ئەم کۆمەڵانە.

**١٤-إِن كُلٌّ إِلاَّ كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ**

لە ڕاستیدا هەر هەموویان تەنها نکۆڵیان لە پێغەمبەران کرد، وە شایستەبوون بە سزا.

**١٥-وَمَا يَنظُرُ هَؤُلاءِ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ**

وە ئەوانە چاوەڕوانی هیچ ناکەن تەنها یەك گرمە نەبێت، کە هاوچەشنی نییە.

**١٦-وَقَالُوا رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ**

وە گوتیان خوداکەمان لە پێدانی بەشەکانمان پەلەپەل بکە، بەر لە ڕۆژی لێپرسینەوە.

**١٧-اصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ**

خۆڕاگر بە، بەرامبەر بەوەی دەیڵێن، وە بیری بەندەمان داودی خاوەن هێز بکە کە  تۆبەکار بوو.

**١٨-إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالإِشْرَاقِ**

ئێمە چیاکانمان لەگەڵیدا دەستەمۆ کردبوو، (لە کاتی) ئێواران و خۆرهەڵاتندا بە خودا هەڵبدەن.

**١٩-وَالطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَّهُ أَوَّابٌ**

وە باڵندە گردبووەکانیش، هەر هەموویان ملکەچی ئەو بوون.

**٢٠-وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وَفَصْلَ الْخِطَابِ**

وە پادشایەتیەکەیمان بەهێز کرد، وە حیکمەت و وتەی یەکلاکەرەوەمان پێی بەخشی.

**٢١-وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ**

وە ئایا هەواڵی ناکۆکیکەرەکانت پێگەیشت کە بە دیواری میحراب سەرکەوتن؟

**٢٢-إِذْ دَخَلُوا عَلَى دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ قَالُوا لا تَخَفْ خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُنَا عَلَى بَعْضٍ فَاحْكُم بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلا تُشْطِطْ وَاهْدِنَا إِلَى سَوَاء الصِّرَاطِ**

کە لە داود هاتنە ژوورەوە، لێیان تۆقی، گوتیان مەترسە، دووکەسین ناکۆکیمان هەیە، یەکێکمان ستەمی لەوەی تریان کردووە، بە ڕەوایی حوکم لەنێوانمان بکە و ستەم مەکە، وە وەك یەك بۆ ڕاستی ڕێنماییمان بکە.

**٢٣-إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ**

ئەوە براکەمە و نەوەد و نۆ مەڕی هەیە، وە من مەڕێکم هەیە، (براکەم) گوتی مەڕەکەت بە من بدە و من کەفالەتی دەکەم، وە لە قسەکردن لە منی بردۆتەوە.

**٢٤-قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنْ الْخُلَطَاء لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ**

(داود) گوتی ستەمی لێتکردووە بەوەی ویستوویەتی مەڕەکەت بخاتە سەر مەڕەکانیەوە، لە ڕاستیدا زۆربەی ئەوانەی تێکەڵن ستەم لەیەکتر دەکەن تەنها ئەوانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، وە ئەوانەش کەمن، وە داود پێیوابوو کە لە ڕاستیدا تاقیمانکردۆتەوە، داوای

لێبووردەیی لە خوداکەی کرد، وە خۆی خستە سەر چاو و کڕنۆشی برد و پەشیمان بۆوە.

٢٥-**فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ**

ئەوەبوو لەوە لێیخۆش بووین، وە لای ئێمە لە نزیکانن و جێگای چاکمان بۆی ئامادە کردووە.

٢٦-**يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ**

ئەی داود لە ڕاستیدا تۆمان کردووە بە جێنشین لە زەویدا، دە فەرمانڕەوایی بە ڕەوایی بکە لە نیوان خەڵك، وە بە دوای هەوەسەکان مەکەوە، چونکە لە ڕێگای الله ونت دەکات، لە ڕاستیدا ئەوانەی لە ڕێگای الله گومڕا دەبن، ئەشکەنجەیەکی توونديان دەبێت، بە هۆی ئەوەی ڕۆژی لێپرسینەوەیان لە بیر کردووە.

٢٧-**وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاء وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلا ذَلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ**

وە ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی نێوانیانمان بێبنەما درووست نەکردووە، ئەمە تێڕوانینی کافرەکانە، واوەیلا لە کافرەکان کە شوێنیان ئاگرە.

**٢٨-أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ**

وه یان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە وەك ئەوانە لێبکەین کە خراپەکارن لە زەویدا وە یان خوداپەرستان وەك خوێڕیەکان لێ بکەین؟

**٢٩-كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ**

پەرتووكێكی پیرۆزە بۆ تۆ دامانبەزاندووە، بۆ ئەوەی لە ئایەتەكانی تێبگەن وە بۆ ئەوەی خاوەن هۆشەكان بیربكەنەوە.

**٣٠-وَوَهَبْنَا لِدَاوُودَ سُلَيْمَانَ نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ**

وە سلێمانمان بە داود بەخشی، کەچەند بەندەیەکی باش بوو، هەمیشە بۆ لای ئێمە دەگەڕایەوە.

**٣١-إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ**

کە ئێواران ئەسپی ڕەسەنیان نیشانیدەدا.

**٣٢-فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي حَتَّى تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ**

گوتی لە ڕاستیدا من خۆشەویستی خێرم بە سەر خۆشەویستیم بۆ وەبیرهێناوەوەی خوداکەم هەڵبژاردووە تاوەکو بە پەردەوە دادەپۆشرا.

**٣٣-رُدُّوهَا عَلَيَّ فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالأَعْنَاقِ**

بۆ لای من بیانگێڕنەوە ئینجا بە تیخ قاچەکان و ملیانی پەڕاندن.

**٣٤-وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَانَ وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ**

وە سلێمانمان تاقیکردەوە و لاشەیەکمان خستە سەر کورسیەکەی ئینجا تۆبەی کرد و بۆ لای ئێمە گەڕایەوە.

**٣٥-قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنْ بَعْدِي إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ**

گوتی خوداکەم لێم ببورە، وە دەسەڵاتێکم پێببەخشە کە نابێت هیچ کەسێك لە دوای من هەیبێت، هەر خۆت دەبەخشیت.

**٣٦-فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ**

ئەوەبوو بامان بۆی دەستەمۆ کرد، بە فەرمانی ئەو، بەشێنەیی هەڵیدەکرد، بۆ هەرکوێیەك بیویستایە بەرێدەکەوت.

**٣٧-وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاء وَغَوَّاصٍ**

وە شەیتانەکان لە هەموو بیناسازێك و مەلەوانزانی قووڵی ژێر دەریا.

**٣٨-وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الأَصْفَادِ**

وە شەیتانەکانی ترمان کۆت و بەند کردبوو.

**٣٩-هَذَا عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ**

ئەوە بەخشینەکانی ئێمەیە، دەتۆش ئەگەر ببەخشیت وە یان بیگریتەوە ئەوا لێپرسینەوەت لەسەر نییە.

**٤٠-وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ**

وە لە ڕاستیدا لای ئێمە نزیکایەتی و شوێنی چاکی هەیە.

**٤١-وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ**

وە بەندەمان ئەیوبت لە یادبێت کە بانگی خوداکەی کرد و گوتی لە ڕاستیدا شەیتان دەستی لێم وەشاندووە و تووشی دەرد و ئازاری کردووم.

**٤٢-ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ**

زەوی بکوتە بە قاچت، ئەوە جێشۆرێکی ساردە وە بۆ خواردنەوە.

**٤٣-وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَى لِأُوْلِي الأَلْبَابِ**

وە خانەوادە و ئەوەندەی ترمان پێبەخشی وەك بەزەییەك لە ئێمەوە، وە وەك بیرەوەریەك بۆ خاوەن هۆشەکان.

**٤٤-وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلا تَحْنَثْ إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ**

گورزێك بەدەستەوە بگرە و پێی لێیبدە (لە ژنەکەت) وە سوێندەکەت مەشکێنە، لە ڕاستیدا ئێمە بینیمان خۆڕاگرە، بەندەیەکی زۆر باش بوو، وە تۆبەکار بوو و دەگەڕایەوە لای ئێمە.

٤٥-**وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ أُولِي الأَيْدِي وَالأَبْصَارِ**

وە بەندەکانمان، ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبت لە یاد بێت کە خاوەن هێز و دوورنما بوون.

٤٦-**إِنَّا أَخْلَصْنَاهُم بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى الدَّارِ**

لە ڕاستیدا ئێمە ئەوانەمان بە هەڵبژاردن هەڵبژاردووە، وەبیرهێنانەوەی خانەوادە.

٤٧-**وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ الْمُصْطَفَيْنَ الأَخْيَارِ**

وە ئەوانە لای ئێمە لە باشترینی هەڵبژێردراوەکانن.

٤٨-**وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنْ الأَخْيَارِ**

وە ئیسماعیل و یەسع و زەلکیفل یادبکەوە، وە هەر هەموویان لە باشەکان بوون.

٤٩-**هَذَا ذِكْرٌ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ**

ئەوە وەبیرهێنانەوەیەکە، وە بۆ لە خوداترسان جێگایەکی باش هەیە.

**٥٠-جَنَّاتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ الأَبْوَابُ**

بەهەشتی عەدن دەرگاکانی بۆیان ئاوالا دەکات.

**٥١-مُتَّكِئِينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ**

تیایدا پاڵیان داوەتەوە، تیایدا داوای میوەیە و خواردنەوەیەکی زۆر دەکەن.

**٥٢-وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ**

وە حۆریەی هاوتەمەنی کورتبینیان لایە.

**٥٣-هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ الْحِسَابِ**

ئەوە ئەو شتانەن بەڵێنتان پێدراوە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە.

**٥٤-إِنَّ هَذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُ مِن نَّفَادٍ**

لە ڕاستیدا ئەوە ڕزق و ڕۆزیمانە کە هەرگیز تەواو نابێت.

**٥٥-هَذَا وَإِنَّ لِلطَّاغِينَ لَشَرَّ مَآبٍ**

ئەوە ئاوا وە لە ڕاستیدا بۆ سەرپێچکەران خراپترین شوێن هەیە.

**٥٦-جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمِهَادُ**

دۆزەخ تیایدا دەسووتێنن، کە خراپترین مۆڵگەیە.

**٥٧-هَذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ**

ئەوە دەبا تامی بکەن گەرماو و کێماو.

**٥٨-وَآخَرُ مِن شَكْلِهِ أَزْوَاجٌ**

وە چەند جووت شتانێکی هاوچەشن.

**٥٩-هَذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ لا مَرْحَبًا بِهِمْ إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ**

ئەو کۆمەڵە لەگەڵتان پاڵدەنرێنە ناویەوە (ناو دۆزەخ) (پێیان دەگوترێت) دەك بەخێر نەیەن، ئەوانە ڕیسوا دەبن لە ئاگردا.

**٦٠-قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لا مَرْحَبًا بِكُمْ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا فَبِئْسَ الْقَرَارُ**

گوتیان بەڵکو ئێوە بەخێر نەیەن، ئێوە ئەوەتان(دۆزەخ) بۆ ئێمە پێش هێنا، کە خراپترین جێگایە.

**٦١-قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ**

گوتیان خوداکەمان، ئەوەی ئەمەی بۆ ئێمە هێنا ئەوا ئەشکەنجەکەی چەند کەڕەت زیاد بکە لە ئاگردا.

**٦٢-وَقَالُوا مَا لَنَا لا نَرَى رِجَالا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الأَشْرَارِ**

وە گوتیان بۆچی پیاوانێك نابینین كە ئێمە بە شەڕانگێزمان دادەنان.

**٦٣-أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الأَبْصَارُ**

بە گاڵتەجارمان دادەنان، وە یان چاوەكانمان لە ئاستیاندا لێڵن؟

**٦٤-إِنَّ ذَلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ النَّارِ**

ئەوە ڕاستیە، خەڵكی دۆزەخ مشتومڕ، دەكەن.

**٦٥-قُلْ إِنَّمَا أَنَا مُنذِرٌ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلاَّ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ**

بڵێ لە ڕاستیدا من تەنها هۆشیاردەرم، وە هیچ خودایەك نییە تەنها اللەی تاك و سەركەوتكەر نەبێت.

**٦٦-رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ**

خودای ئاسمانەكان و زەوی وە ئەوەی نێوانیان، بەهێزە و لێبووردەیە.

**٦٧-قُلْ هُوَ نَبَأٌ عَظِيمٌ**

بڵێ ئەوە هەواڵێكی مەزنە.

**٦٨-أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ**

ئێوە گوێی پێنادەن.

**٦٩-مَا كَانَ لِي مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الأَعْلَى إِذْ يَخْتَصِمُونَ**

هیچ زانیاریەکم نەبوو بە ڕاوێژکارانی باڵا (فریشتە) کە مشتومڕیان بوو.

**٧٠-إِن يُوحَى إِلَيَّ إِلاَّ أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ**

وەحیم بۆ دێت تەنها لەبەرئەوەی هۆشیاردەرێکی ڕۆشنم.

**٧١-إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِن طِينٍ**

کە خوداکەت بە فریشتەکانی گوت، من مرۆڤ درووستدەکەم لە قوڕ.

**٧٢-فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ**

هەر کاتێك سەروسیمام پێیبەخشی و ڕۆحی خۆم کردە ناویەوە ئەوا کڕنۆشی بۆ ببەن.

**٧٣-فَسَجَدَ الْمَلائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ**

ئەوەبوو هەموو فریشتەکان کڕنۆشیان بۆ برد.

**٧٤-إِلاَّ إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنْ الْكَافِرِينَ**

تەنها ئیبلیس نەبێت خۆی بەگەورە زانی، وە لە کافرەکان بوو.

**٧٥-قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ**

(الله )گوتی ئەی ئیبلیس چی قەدەغەی کردیت کە کڕنۆش بەریت بۆ ئەو شتەی کە بە هەردوو دەستەکانم درووستمکردووە، ئایا خۆت بە زل زانی وە یان تۆ لە بەرزەکان بوویت؟

٧٦-**قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ**

(ئیبلیس) گوتی من لە ئەو (ئادەم) باشترم، منت لە ئاگر درووستکردووە، وە ئەوت لە قوڕ درووستکردووە.

٧٧-**قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ**

(الله) گوتی دە لێرە بڕۆ دەرەوە، لە ڕاستیدا تۆ تڕۆکراویت.

٧٨-**وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَى يَوْمِ الدِّينِ**

وە نەفرەتی من لەسەرتە تاوەکو ڕۆژی لێپرسینەوە.

٧٩-**قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ**

(ئیبلیس) گوتی خوداکەم مۆڵەتم بدە تاوەکو ڕۆژی زیندووبوونەوەیان.

٨٠-**قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ**

(الله) گوتی دە ئەوە تۆ لە مۆڵەت پێدراوانیت.

٨١-**إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ**

تاوەکو ڕۆژی کاتی دیاریکراو.

٨٢-**قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ**

(ئیبلیس) گوتی سوێند بە شکۆ و دەسەڵاتت دەبێت سەرتاپایان لە خشتە ببەم.

٨٣-**إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ**

تەنها ئەو بەندانەت نەبێت کە پاك و دڵسۆزن.

٨٤-**قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ**

(اللە) گوتی ڕاستی ئەمەیە و هەر ڕاستی دەڵێم.

٨٥-**لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ**

سوێند بێت، دەبێت دۆزەخ لە تۆ و لە گشت ئەوانە پڕ بکەم کە بەدوات دەکەون.

٨٦-**قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ**

بڵێ من داوای هیچ کرێیەکتان لێناکەم، وە من لەوانەش نیم درۆ هەڵببەستم.

٨٧-**إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ**

ئەوە تەنها وەبیرهێناوەیەکە بۆ جیهانەکان.

**٨٨-وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ**

وە بە دڵنیاییەوە هەواڵەکەی دەزانن دوای ماوەیەك.

## شرۆڤە و تێبینی

### ئایەتی ١

ص وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ

سوێند بە (صاد) و قورئانێك کە وەبیرهێنانەوەی بۆ مرۆڤەکان تێدایە سەبارەت بە سزا و زەبروزەنگی اللە، دەرهەق بەو میللەت و هۆزانەی کە لە ڕابردوو باوەڕیان بە پێغەمبەران نەهێنا و اللە قڕی کردن.

سەبارەت بە مانای پیتی (صاد) ابن الجوزی لە زاد المسیردەڵێت، حەوت قەول هەیە:

یەکەم: سوێندێکە و اللە سوێندی پێخواردووە، وە (صاد) ناوێکە لە ناوەکانی اللە.

دووەم: واتە "صدق محمد" واتە محمد ڕاستی گوتووە.

سێهەم: واتە "صدق اللە" واتە اللە ڕاستی گوتووە.

چوارەم: صاد، ناوێکە لە ناوەکانی قورئان و اللە سوێندی پێخواردووە.

پێنجەم:(صاد)، ناوی مارێکە کە سەری لە ژێر عەرشە و کلکی لە ژێر زەوی حەوتەمدایە.

شەشەم: واتە قورئان بدوێنە و سەیری بکە. وە هەروەها بە مانای "صادِ بِعَمَلِكَ القرآن، أي: عارِضْه" قورئان ڕەوابکە بە کارەکانت، وە یان دژایەتی بکە.

حەوتەم:واتە محمد دڵی خەڵکی ڕاوکرد و بەلای خۆیدا ڕایکێشا، تاوەکو باوەڕییان پێیهێنا و خۆشیانویست.

ڕەنگ بێت ئەو مارەی کە سەرەکەی لە ژێر عەرشە، هەمان ئەو مارە بێت کە چواردەوری عەرشی اللەی داوە.

ڕیوایەتێکی صحیح، عبداللە بن احمد لە "السنة" و الذهبی لە "مجمع الزوائد" و الالبانی لە "المختصر العلو"، ئاماژەیان پێکردووە، کە عبداللە بن عمرو دەڵێت:

إِنَّ الْعَرْشَ مطوَّقٌ بحيَّةٍ، وإِنَّ الْوَحِي لَيَنْزِلُ فِي السَّلاسِلِ

عەرشی اللە دەورە دراوە بە مار، وە وەحی بە پلیکان دادەبەزێت.

ڕەنگ بێت ئەم مارە، کە خۆی لوول داوە لە دەورەی عەرشی الله، ئەوا سەرەکەی لە ژێر عەرشدا بێت.

لە ڕاستیدا ژێر عەرشی الله لە باخچەی ئاژەڵان دەچێت، جگە لەو مارە چەند مخلووقاتێکی تری لە ژێردایە، وەك: هەشت بزنە کێوی و کەڵەشێر.

لە سووڕەتەکانی داهاتوو باسیان دەکەین.

ابن الجوزی سەبارەت بە (ذِي الذِّكْرِ) دەڵێت، ٣ قەول هەیە:

یەکەم: قورئان خاوەن شەڕەفە.

دووەم: قورئان خاوەن ڕاگەیاندنە.

سێهەم: قورئان خاوەن ( التذكير) وەبیرهێنانەوەیە.

## ئایەتی ٢

بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ

لە وەڵامی سوێند خواردن بە (صاد) و بە (قورئان)، اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

بەڵکو کافرەکان بە هۆی عیزەتی نەفس (شکۆ) و لووتبەرزیان، باوەڕ بە قورئان ناهێنن.

هەرچەندە شرۆڤەکاران و یاوەرەکانی محمد و تابعین ناکۆکن سەبارەت بەوەی کامە ئایەتی دواتر وەڵام بە سوێندەکەی اللّٰهیە.

ابن الجوزی دەڵێت پێنج قەول هەیە:

یەکەم: (ص) وەڵامە بۆ سوێند بە قورئان. واتە وەڵامی سوێندەکە پێش سوێندەکە هاتووە. وەك ئەوەی اللّٰه گوتبێتی :

وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ (سوێند بە قورئانی خاوەن وەبیرهێنانەوە) ئینجا (ص).

دووەم: وەڵام بە "سوێند بە صاد" ئایەتی ژمارە ٣ یە، کە دەڵێت (كَمْ أَهْلَكْنا مِنْ قَبْلِهِم مِنْ قَرْنٍ)، واتە چەندەها نەوە و میللەتمان لە پێشیاندا قڕ کرد).

سێهەم: وەڵام بە سوێندەکە، ئایەتی ژمارە ١٤ یە، کە دەڵێت، (إِنْ كُلٌّ إِلاَّ كَذَّبَ الرُّسُلَ)، واتە هەر هەموویان نکۆڵیان لە پێغەمبەران کرد .

چوارەم: وەڵام بە سوێندەکە، ئایەتی ژمارە ٦٤، کە دەڵێت، (إِنَّ ذلكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ النّارِ)، واتە ئەم هەواڵە ڕاستە کە خەڵکی دۆزەخ مشتومڕ دەکەن.

پێنجەم: وەڵامی سوێندەکە سڕدراوەتە، واتە ماناکەی دەبێت بە (والقرآنِ ذي الذِّكْر ما الأَمْرُ كما يقول الكُفَّار)، وە سوێند بە قورئانی خاوەن وەبیرهێنانەوە، شتەکە وانییە کە کافرەکان دەیڵێن.

اللّٰه اعلم

هەموویان دەزانن کە ئایەتی ژمارە دوو وەڵامە بە سوێندەکە، بەڵام بۆچی ئەم هەموو ناکۆکیە لە ئارادایە؟ چونکە ئایەتی ژمارە ٢ ناتەواوە.

(بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ)، واتە، بەڵکو بێباوەڕان لە عیزەت و لووتبەرزیدان، مانای چییە؟

بۆ ئەوەی مانادار بێت، دەبێت وشەی بۆ زیاد بکرێت، وە ئایەتەکە بەم شێوەی لێبکرێت:

بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا بە فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ

واتە: بەڵام ئەوانەی کوفریان پێیکرد (باوەڕیان پێینەهێنا واتە بە قورئان)، لە عیزەت و لووتبەرزیدان.

واتە، بە هۆی عیزەت و لووتبەرزیان بڕوایان بە قورئان نەهێنا.

## ئایەتی ٣

كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوْا وَلاتَ حِينَ مَنَاصٍ

چەند میللەتمان پێش ئێوە قڕکرد و لەناوبرد، (کاتێك سزامان بەسەریاندا دابەزاند)، هاواریان کرد (لە الله پارانەوە و تۆبەیان کرد)، بەڵام کاتی ڕاکردن لە سزاکە (مۆڵەتییان) بەسەرچووبوو.

اللهی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەتە دەڵێت: چەندەها میللەت و هۆزمان بەر لە کافر و موشریکەکانی دووڕگەی عەرەبی لەناوبرد، بەهۆی ئەوەی

باوڕیان نەهێنا، وە کاتێك سزام بەسەریان دابەزاند، ئەو میللەت و هۆزانە هاوار و نیزا و تۆبەیان کرد، بەڵام کاتی پەشێمان بوونەوە و تۆبە بۆ ڕاکردن لە سزای الله بەسەرچووبوو.

## ئایەتی ٤-٥

وَعَجِبُوا أَن جَاءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ

أَجَعَلَ الآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:وە (خەڵكی مەككە) بەلایەنەوە سەیربوو كە هۆشیاردەرێك لە خۆیانەوە بۆیان هات، ئەوەبوو كافرەكان گوتیان: محمد ساحیرێكی درۆزنە.

ئایا هەموو خوداوەندەكانی(بت و خوداوەندەكان) كردووە بە یەك خوداوەند(الله اكبر)، لە ڕاستیدا ئەوە شتێكی سەیرەیە.

ڕیوایەتێك لە جامع الترمذی و سنن النسائی و مسند احمد و المستدرك للحاكم و الدلائل للبیهقی و القران العظیم لابن كثیر و جامع البیان للطبری و جامع لاحكام القران للقرطبی هاتووە، ابن عباس دەڵێت:

كاتێك ابو طالب نەخۆشكەوت، كۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی قورەیش هاتن بۆ لای ابو طالب كە "ابوجهل"یان لەگەڵدا بوو و گوتی: محمدی برازات جوێن بە خوداوەندەكانمان دەدات، وە وادەكات و وادەكات، وە وادەڵێت و وادەڵێت، ئەگەر بتوانیت بە دوایدا بنێرێت و ئامۆژگاریی بكەیت. ئەوەبوو

پێغەمبەر هات و ابو طالب گوتی: ئەوەچییە هۆزەکەت سکاڵایان هەیە؟ وە دەڵێن جوێن بە خوداوەندەکانیان دەدەیت و دەیڵێیت و دەڵێیت (يَزْعُمُونَ أَنَّكَ تَشْتُمُ آلِهَتَهُمْ، وَتَقُولُ وَتَقُولُ). پێغەمبەر گوتی ئەی مام ( إِنِّي أُرِيدُهُمْ عَلَى كَلِمَةٍ وَاحِدَةٍ يَقُولُونَهَا تَدِينُ لَهُمْ بِهَا الْعَرَبُ وَتُؤَدِّي إِلَيْهِمْ بِهَا الْعَجَمُ الْجِزْيَةَ) من دەمەوێت یەك وشە بڵێن کە عەرەب قەرزارباریان بێت و عەجەم سەرانەیان پێبدات. گوتیان ئەو وشەیە چییە؟ گوتی هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، ئەوەبوو هەڵسان و ڕۆیشتن، وە گوتیان (أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ – ئایا خوداوەندەکانی کردووە بە یەك خوداوەند، هەر بەڕاستی ئەوە شتێکی سەمەرەیە، ئەوەبوو (ص وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ) تاوەکو ( بَلْ لَمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ) دابەزی.

سەبارەت بە ئایەتی ٤-٥، چەند تێبینییەك:

یەکەم: توحید واتە یەکانگیرکردن، واتە کۆمەڵێك شت بکەیت بە یەك شت، کۆمەڵێك دەستە بکەیت بە یەك دەستە، کۆمەڵێك خوداوەند و بت بکەیت بەیەك خوداوەند و بت.

ئەوەی محمد کردی هەڵبژاردنی یەك بتی مەزن بوو و کردی اللەی عەرەب و ئیسلام کە، هەروەك لە سوورەتەکانی پێشوو باسمان کرد، هوبەل بوو، وە ناوی بتەکانی تری دوورگەی عەرەبی کرد بە سیفاتەکانی الله اکبر.

دووەم: بە محمدیان گوتووە ساحیرێکی درۆزن. جا نازانم موسڵمانان درۆ و دەلەسەی نازناوی "صادق الامین"یان لە کوێ هێناوە، کە گوایە قورەیش محمدیان ناوبردووە بە "صادق الامین" واتە "ڕاستگۆی دەستپاك"، یەك

دەقی قورئان نییە کە بڵێت قورەیشەکان بە محمدیان گوتووە "الامین" ،وە یان "صادق".

ابن اسحاق کە السیرة النبویة دەنووسێت، نزیك بە ١٤٠ ساڵ لە دوای مردنی محمد، وە بە حوکمی ئەوەی باوك و باپیری مەسیحی بوون، نازناوی یسوع المسیح (عیسا) کە "الصادق" و "الامین"ە لە پەرتووکی پیرۆز دەدزێت و دەیکات بە نازناوی محمد.

سێیەم: محمد هەر لە سەرەتاوە جوێنفرۆش بووە، وە لە ڕیواتەکە دیارە کە گەورە پیاوانی قورەیش زۆر لێبووردە بوون بەرامبەر بە سووکایەتی و جوێنەکانی محمد.

## ئایەتی ٦-٨

وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ

مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الآخِرَةِ إِنْ هَذَا إِلاَّ اخْتِلاقٌ

أَأُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّن ذِكْرِي بَلْ لَمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

گەورە پیاوانیان ڕۆیشتن، (گوتیان)، خەڵکینە لەسەر خوداوەندەکانتان بەردەوام بن و بەرگریان لێبکەن، وە ئەوە شتێکە داوا دەکرێت.

وە گوتیان: شتی وامان نەبیستووە (کە خوداوەندەکان بکرێن بە یەك خوداوەند) لە دوا میللەت، ئەوە شتێکە تەنها محمد هەڵیبەستووە.

وە گوتیان: ئایا (وەحی و قورئان) لە ناو ئێمەدا تەنها بۆ ئەو (محمد) دابەزیووە؟

ئینجا الله وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: تەنانەت شکوگومانیان هەبوو کە شتێك هەبێت بە ناوی هوشیارییدان. بەڵکو تا ئەوکاتەی ئەشکەنجە دەچێژن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە (وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ- گەورەپیاوانایان ڕۆیشتن) دەڵێت:

واتە گەورە پیاوانی قورەیش ڕۆیشتن بۆ لای ابي طالب، بۆ سکاڵاکردن لە محمد. (أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ- بڕۆن و خۆڕاگر بن لەسەر خوداوەندەکانتان)، واتە پێداگر بن لە سەر پەرستنی خوداوەندەکانتان.

(إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ) بە دڵنیاییەوە دەبێت بەرگری لە خوداوەندەکانمان، ویستمان بێت.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە { إِنَّ هَذَا لَشْيءٌ يُرَادُ }: واتە ئەم قسەیەی محمد دەیکات (خوداوەندەکان بکەین بە یەك خوداوەند) و بانگێشەمان بۆ دەکات ( هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت)، شتێکە محمد داوامان لێدەکات بۆ ئەوەی دەستی خۆیمان بەسەردا بەرزبکاتەوە و بەسەرماندا زاڵ بێت و ئێمە ببین بە شوێن هەڵگری.

سەبارەت بە ئایەتی (مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الآخِرَةِ إِنْ هَذَا إِلاَّ اخْتِلاقٌ- لە دوا میللەت (ئاین) گوێمان لەمە نەبووە، بەڵکو ئەوە شتێکە تەنها محمد هەڵیبەستووە).

ابن کثیر دەڵێت واتە: لە دوا میللەت (ئاین) گوێمان لە "توحید" نەبووە کە محمد بانگێشەی بۆ دەکات.

الطبری دەڵێت، شرۆڤەکاران ناکۆکیان هەیە سەبارەت بە شرۆڤەی ئەم ئایەتە، هەندێکیان دەڵێن واتە: گوێمان لەو شتە نەبووە کە محمد بانگێشەیمان بۆ دەکات، کە دەستبەرداری هەموو خوداوەندەکان بین و تەنها الله بپەرستین. وە مەبەست لە (میللەت) واتە مەسیحیەکان.

اللەی عەرەب و ئیسلام، بەوپەڕ جهل و نەزانیی سەبارەت بە عەقیدەی مەسیحیەکان (سیانەکی پیرۆز) قسەی کردووە، چونکە مەسیحیەکان بڕوایان بە  بوونی٣ خودا نییە، بەڵکو بڕوایان بە یەك خودا هەیە کە ٣ لایەن (اقنوم)ی هەیە.

قورئان پێی وایە کە ثالوث واتە ٣ خودا، وەك ئایەتی ١١٦ سوورەتی المائدة دەڵێت:

وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ

وە کە الله بە عیسا کوڕی مریەمی گوت: ئایا تۆ بە خەڵکت گوتووە من و دایکم وەك دوو خودا جگە لە الله بە خۆتانەوە بگرن؟

واتە لە ڕوانگەی قورئانەوە مەبەست لە سیانەکی پیرۆز ٣ خودایە: اللّٰه و مریەم و عیسا.

وە ئەوە جگە لە دەبەنگی و نەشارەزایی بوون سەبارەت بە عەقیدەی مەسیحیەکان و پەرتووکی پیرۆز بە هەردوو سەردەمەکەی شتێکی تر نییە.

لە چەندەها شوێن لە پەرتووکی پیرۆز، پەیمانی نوێ (ئینجیل) هاتووە، کە خودا یەکە. بۆ نموونە، لە سفر الرؤيا هاتووە: لأن اللّٰه واحد هو (چونکە خودا یەکە).

واتە اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، هەمان تێڕوانینی موشریك و کافرەکانی هەبووە کە پێیان وابووە مەسیحیەکان بڕوایان بە فرە خودایی هەیە.

سەبارەت بە ئایەتی (أَأُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِن بَيْنِنَا بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّن ذِكْرِي بَلْ لَمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ- ئایا لە نیوانماندا قورئان تەنها بۆ محمد دابەزیووە بەڵکو ئەوانە لە شکوگومانن سەبارەت بە قورئان، بەڵکو (بڕوا بهێنن) کاتێك ئەشکەنجە دەچێژن).

هەروەك دەبینن زۆربەی ئایەتەکان بەم شێوەن، ناڕۆشن و لێڵن.

الجلالين (السيوطى و المحلى)، سەبارەت بە (بَلْ لَمَّا يَذُوقُوا عَذَابِ) دەڵێن: واتە بروا بە محمد بهێنن کاتێك ئەشکەنجە دەچێژن، بەڵام ئەوکات بڕواهێنان سوودی نابێت.

القرطبی لە جامع البیان، سەبارەت بە (بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ) دەڵێت، وە ئەگەر ئەشکەنجەی من ببینن و بچێژن ئەوا ئەوکات ئیمان دەهێنن، بەڵام ئەوکات ئیمانهێنان سوودی نابێت.

## ئایەتی ٩-١١

أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ الْعَزِيزِ الْوَهَّابِ

أَمْ لَهُم مُّلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَلْيَرْتَقُوا فِي الأَسْبَابِ

جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ الأَحْزَابِ

یان گەنجینەکانی بەزەیی خودای بەدەسەڵات و پێدەری تۆیان لایە ئەی محمد.

وە یان خۆیان خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانە دەکەن؟ (گەر وایە و خاوەندارێتی دەکەن) دەبا بە پلیکان بۆ ئاسمانەکان سەرکەون.

بەڵام با ئاگادار بن، سەربازانێك لە ئاسمانەکانن (هێزی بەرگری ئاسمانی الله کە فریشتەن)، کۆمەڵە نەیارەکان تێك دەشکێنن و پاشەکشەیان پێ دەکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد ئایا ئەو موشریکانە، کە نکوڵی دەکەن وەحیت لە لایەن اللهوە بۆ هاتبێت، گەنجینەکانی بەزەیی اللهیان لایە؟ ئەو اللهی کە قودرەتمەنەدە

له دەسەڵاتەکەی وەحی بە هەر کەسێك دەبەخشێت کە هەر الله خۆی دەیەوێت؟

وە سەبارەت بە {فَلْيَرتَقُوا فِي الأسْبابِ}، دەڵێت، ئەگەر خۆیان خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیانە دەکەن، دەبا بە دەرگاکانی ئاسمان و ڕێگاکانی سەرکەون.

الرازی لە مفاتيح الغيب و الزمخشری لە الكشاف و الشوكانی لە فتح القدير والبيضاوی لە انوار التنزيل، سەبارەت بە{فَلْيَرتَقُوا فِي الأسْبابِ} دەڵێن: واتە ئەگەر ئیدعا دەکەن کە ئاسمانەکان و زەوی خۆیان خاوەندارێتی دەکەن، دەکەواتە با بە پلیکان سەرکەون تاوەکو دەگەنە لای عەرشی الله.

القرطبی لە جامع لاحكام القران، سەبارەت بە {فَلۡيَرۡتَقُواْ فِي ٱلۡأَسۡبَابِ} دەڵێت، واتە: دەبا بۆ ئاسمانەکان سەرکەون، وە ڕێگا لەو فریشتانە بگرن کە وەحی بۆ محمد دادەبەزێنن.

(سبب) واتە (ڕێگا) و (اسباب) ڕێگاکان.

بۆ نموونە لە ئایەتی ٨٥ سوورەتی الكهف سەبارەت بە ذالقرنین هاتووە،

فَأَتۡبَعَ سَبَبًا

ئەوەبوو (ذالقرنین) ڕێگایەکی گرت.

هەر لەبەر ئەوە اللهی عەرەب و ئیسلام، لە ئایەتی٣٣ سوورەتی الرحمن، دەڵێت:

يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانفُذُوا ۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ

ئەی کۆمەڵی جنۆکە و مرۆڤ، ئەگەر توانیتان کە تەوەرەی ئاسمانەکان و زەوی ببڕن ئەوا ببڕن، بەڵام ناتوانن تەنها بە مۆڵەت و دەسەڵاتی الله نەبێت.

چونکە ئاسمان بنمیچە، وە دەرگاکانی ئاسمان پاسەوانیان هەیە، ئەوا اللهی ئیسلام دەڵێت، ناتوانن بنمیچی زەوی کە قوبەی ئاسمانە ببڕن.

وە لە ئایەتی ٣٥ سوورەتی الانعام دەڵێت:

وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي الْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاءِ فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ

وە ئەی محمد، ئەگەر داواکاری (موشریك و کافرەکانت) بەلاوە سەختە، ئەگەر دەتوانیت ئەوا تونێلێك لە زەویدا هەڵبکەنە وە یان پەیژەیەك بە ئاسمان هەڵپەسێرە بۆ ئەوەی موعجیزەیەکیان بۆ بێنیت.

لە ڕوانگەی اللەی ئیسلام، ئەگەر مۆڵەت بە کەسێك بدات بۆ ئاسمان سەرکەوێت، ئەوا دەتوانێت بە پەیژە و پلیکان سەرکەوێت.

ئەوەندە داوای موعجیزەیان لە محمد کردووە، محمد لە ترسا ویستویەتی خۆی بشارێتەوە لەبەر ئەوە خوداکەی پێی دەڵێت: ئەی محمد موعجیزە بۆ تۆ نییە، وە ئەگەر داواکاری کافرەکان بەلاتەوە سەختە ئەوا بچۆرە ژێر

زەوی، وە یان بە پلیکان بۆ ئاسمانەکان سەرکەوە بۆ ئەوەی موعجیزەیەکیان بۆ بێنیت.

ناسای کافر ئەم زانیاریە گرنگەی لە خەڵك شاردۆتەوە، خۆیان بە پلیکان بۆ ئاسمانەکان سەردەکەون، بەڵام وایان لە خەڵك گەیاندووە کە بە موشەك سەردەکەون. الله اکبر

سەبارەت بە ئایەتی (جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ الأَحْزَابِ)، واتە(سەبازانێك لە ئاسمانەکانن، تێکشکێندراون لە کۆمەڵەکان).

ئەم دەقە سەرتاپای کارەساتە و لە ڕووی ماناوە هەڵەیە، لەبەر ئەوە شرۆڤەکاران لە مانا ڕاستەقینەکەی ڕایان کردووە و دەڵێن ئەم دەقە سەبارەت بە شەڕی بەدرە، کاتێك سوپای موشریکەکان تێکشکان و ڕایان کرد.

بەڵام ئەگەر سەیری ئەم ٣ ئایەتەی دوایی بکەین، دەبینن کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، وە کۆتایی ئایەتی ١٠ و ئایەتی ١١ دەڵێن:

فَلْيَرْتَقُوا فِي الأَسْبَابِ، جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ الأَحْزَابِ

دەڵێت: دە با بە ڕێگاکان (بۆ ئاسمانەکان) سەرکەون، سەربازانێك لەوێن، تێکشکاون بە دەستی کۆمەڵی نەیاران.

لە زمانی عەرەبی (هنا) ناوی ئیشارەیە بە مانای (ئێرە)، واتە بۆ شوێنێکی نزیك دێت، (هنالك) ناوی ئیشارەیە بۆ شوێنێکی دوور دێت.

واتە "لەوێ" لە ئاسمانەکان، چونکە ئاسمانەکان (دوورن لە زەوی) سەربازانێك هەن (فریشتە کە پاسەوانی دەرگاکانی ئاسمانن).

(مَهْزُومٌ) واتە تێکشکاون و دۆڕاون.

(مِّنَ الأَحْزَابِ) لە حیزەبەکان یان بە دەستی حیزبەکان (نەیارەکان).

واتە ئەم دەقە دەڵێت: دەبا موشریکەکان سەرکەون بە ڕێگاکانی ئاسمان، بەڵام ئاگاداربن، کە لە ئاسمانەکان سەربازانێك لە فریشتە هەن کە تێکشکاون و دۆڕاون لە ململانێی نەیارەکان.

بەڵێ زۆر ڕوونە کە فریشتەکانی الله تیکشکاون.

یان دەبێت ئەم دەقە بەم شیوەیە بووبێت:

فَلْيَرْتَقُوا فِي الأَسْبَابِ، جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مُنْهَزِمٌون مِّنَ الأَحْزَابِ

واتە: دەبا کافرەکان بە ڕێگاکانی ئاسمان سەرکەون، سەبازانێك لەوێدان کە لە نەیارانیان تێکشکاندووە.

## ئایەتی ١٢-١٤

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو الأَوْتَادِ

وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَابُ الأَيْكَةِ أُوْلَئِكَ الأَحْزَابُ

إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ الرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام، باسی ئەوە دەکات کە چۆن چەندەها میللەتی پێشووی لەناوبردووە، چونکە ئیمانیان بە پێغەمبەرەکانی نەهێناوە و دەڵێت:

پێش کافر و موشریکەکانی مەککە، میللەتی نوح و عاد و فیرعەونی خاوەن میخەك (ڕەنگ بێت مەبەستی هەڕەمەکان بێت)، ثمود و میللەتی لوط و یاوەرانی ئەیکە، وە ئەو کۆمەڵانە، هەر هەموویان نکۆڵیان لە پێغەمبەرەکان کرد ئەوەبوو شایستە بوون بە سزای ئێمە.

( بگەڕێوە بۆ سوورەتەکانی پێشوو سەبارەت بە چۆنیەتی قڕکردنی ئەو هۆز و میللەتانە لە لایەن اللهوە).

ابن الجوزی سەبارەت بە (وَفِرْعَوْنُ ذُو الأَوْتَادِ) دەڵێت، شەش قەول هەیە:

یەکەم: فیرعەون خەڵکی لە نێوان چوار ستوون ئەشکەنجە دەدا، لەم چوار ستوونەدا کەسەکەی دەبەستایەوە، ئینجا بەردێکی بەسەر تەپڵی سەریدا بەردەدایەوە و دەیکوشت.

دووەم: واتە فیرعەونی خاوەن باڵەخانەی بەرز و پتەو.

سێهەم: واتە فیرعەونی خاوەن سەرباز.

چوارەم: فیرعەون شوێنێکی بەرزی دروستکردبوو خەڵکی لەسەر سەردەبڕی.

پێنجەم: فیرعەون چوار ستوونی لوولەیی هەبوو،کە مرۆڤی  پێیانەوە کۆت و بەند دەکرد، ئینجا ستوونەکانیان لە یەکتر دوور دەخستەوە بۆ ئەوەی مرۆڤەکە ئازار بچێژێت.

شەشەم: شوێنی یاریی و تەراتێنی فیرعەون.

## ئایەتی ١٥

وَمَا يَنظُرُ هَؤُلاء إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً مَّا لَهَا مِن فَوَاقٍ

کافرەکانی مەککە چاوەڕێی هیچ ناکەن تەنها یەك گرمە نەبێت، کە بە شیوەیەکی کتوپڕ ڕوودەدات و هیچ گرمەیەك وەك ئەو گرمەیە نییە.

مەبەست لە (صَيْحَةً وَاحِدَةً) گرمەی کۆتایی جیهانە.

الطبری لە جامع البیان، ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات، کە الطبرانی العجم الکبیر، لە ژێر ناوی "حدیث الصور" ئاماژەی پێکردووە، محمد صلعم دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمَّا فَرَغَ مِنْ خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ خَلَقَ الصُّورَ، فَأَعْطَاهُ إِسْرَافِيلَ، فَهُوَ وَاضِعُهُ عَلَى فِيهِ شَاخِصًا بَصَرَهُ إِلَى الْعَرْشِ يَنْتَظِرُ مَتَى يُؤْمَرُ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا الصُّورُ؟ قَالَ: الْقَرْنُ

کاتێك الله لە درووستکردنی ئاسمانەکان و زەوی دەستی بەتاڵ بوو، کەڕەنای درووستکرد و دای بە ئیسرافیل کە خستوویەتیە سەرلێوەکانی و

له هەمان کاتدا چاوەکانی خستۆتە سەر عرش بۆ ئەوەی بزانێت کەی الله فەرمانی پێ دەکات، کە فوو بەکەڕەناکە بکات؟

(ابو هريرة ) دەڵێت گوتم ئەی پێغەمبەری الله کەڕەنا چییە؟ گوتی قۆچی ئاژەڵ.

لەم ئایەتە اللەی ئیسلام بە کافرەکانی مەککە دەڵێت: ڕۆژی قیامەت نزیکی ڕوودانە.

## ئایەتی ١٦

وَقَالُوا رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ

وە کافر و موشریکەکان دەڵێن، خوداکەمان، هەر سزایەك بۆمانت داناوە پەلەپەلی تێدا بکە بەر لە ڕۆژی لێپرسینەوە.

(قِطَّنَا): (قِط) واتە پشیلە.

هەڵە کراوە لە کاتی نووسیندا، دەبێت (قِسط) واتە (بەش) بێت.

واتە ئایەتەکە دەبێت بەم شیوەیە بێت:

وَقَالُوا رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِسطنا قَبْلَ يَوْمِ الْحِسَابِ

واتە، پەلە بکە لە بەشەکەمان.

وشەی(قسط) لە قورئان هاتووە:

ئایەتی ٤٧ سوورەتی الانبیاء:

وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ

ئێمە بەشەکان لە تای تەرازوو دادەنێین لە ڕۆژی قیامەت.

## ئایەتی ١٧

اصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاذْكُرْ عَبْدَنَا دَاوُودَ ذَا الأَيْدِ إِنَّهُ أَوَّابٌ

دەڵێت: ئەی محمد، ئارام بگرە سەبارەت بەو قسانەی کافر و موشریکەکان دەیکەن و دەیڵێن، وە بەندەی ئێمە، داودت لە یاد بێت کە خاوەن دەسەڵات و تۆبەکار بوو.

## ئایەتی ١٨-٢٠

إِنَّا سَخَّرْنَا الْجِبَالَ مَعَهُ يُسَبِّحْنَ بِالْعَشِيِّ وَالإِشْرَاقِ

وَالطَّيْرَ مَحْشُورَةً كُلٌّ لَّهُ أَوَّابٌ

وَشَدَدْنَا مُلْكَهُ وَآتَيْنَاهُ الْحِكْمَةَ وَفَصْلَ الْخِطَابِ

ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام، باس لەو ئیمتیازاتانە دەکات کە داویەتی بە داود و دەڵێت:

لەڕاستیدا ئێمە چیاکانمان لەگەڵ داود دەستەمۆ کرد، کە ئێواران کاتی خۆرهەڵاتن تەسبیحاتیان دەکرد (بە خودایان هەڵدەدا).

وە باڵندە گردبووەکانیش، لەگەڵ داود تەسبیحاتیان دەکرد، وە هەر هەموویان ملکەچی الله بوون.

وە پادشایەتی داودمان بەهێز کرد و ژیری و حیکمەت و توانایی بڕیارو گوفتارمان پێی دا.

واتە: چیاکان و باڵندەکان لەگەڵ داود سروودیان بۆ شکۆیی خودا دەگوتەوە.

وە ئایەتی ٧٩ سوورەتی الانبیاء تەئکید دەکاتەوە و دەڵێت:

وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ

وە چیاکان و باڵندەکانمان لەگەڵ داود دەستەمۆ بوو و لەگەڵیدا تەسبیحاتیان دەکرد.

وە ئایەتی ١٨ سوورەتی الحج دەڵێت:

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ

ئەی نابینیت کە بۆ اللە کڕنۆش دەبەن ئەوانەی لە ئاسمانەکان و ئەوانەی لە زەویدان و خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و چیاکان و درەختەکان و ئاژەڵەکان و زۆریك لە خەڵك.

واتە ئاژەڵ و درەخت و شتە جامدەکان نەك تەنها تەسبیحات دەکەن، بەڵکو کڕنۆشیش بۆ اللە دەبەن.

ئایەتی ٤٤ سوورەتی الاسراء دەڵێت:

وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَـٰكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ

وە هیچ شتێك نییە کە تسبیحات بۆ شکۆمەندی اللە نەکات، بەڵام ئێوە لە تسبیحاتیان تێناگەن.

هەڵبەتە دەبێت داود تێگەیشتبێت.

تەسبیحات، واتە هەڵدان بە اللە، وەك: سبحان اللە.

واتە چیاکان و باڵندەکان لەگەڵ داود ئێواران و بەیانیان تەسبیحاتیان کردووە و گوتوویانە: سبحان اللە.

بۆ ماوەی چەند؟ اللە اعلم

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە واتای وشەی (أَوَّابٌ) دەڵێت ١٠ قەول هەیە:

یەکەم: موسڵمان.

دووەم: تۆبەکار.

سێهەم:کەسێك کە تەسبیحات بکات.

چوارەم: ملکەچی فەرمانی الله.

پێنجەم: ئەوەی کە کاتێك تەنهایە ئاماژە بە گوناهەکانی دەکات بۆ الله و الله لێی دەبوورێت.

شەشەم: ئەوەی بە دڵ و کار و کردەوەکانی ڕوو دەکاتە الله.

حەوتەم بۆ نۆیەم: نوێژکەر

دەیەم: ئەوەی بە نهێنی گوناه دەکات و بە نهێنی داوای لێبووردەیی لە الله دەکات.

(وَفَصْلَ الْخِطَابِ) واتە بڕیار سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی خەڵك. بەڵگە بۆ ئەمە ئایەتی دواترە کە دەڵێت:

وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ

وە ئەی محمد ئایا هەواڵی ناکۆکیەکەت پێگەیشتووە، کە بەسەر دیواری میحراب سەرکەوتن (بۆ ئەوەی بگەنە لای داود).

# ئایەتی ٢١-٢٣

وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ

إِذْ دَخَلُوا عَلَى دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ قَالُوا لا تَخَفْ خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُنَا عَلَى بَعْضٍ فَاحْكُم بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلا تُشْطِطْ وَاهْدِنَا إِلَى سَوَاء الصِّرَاطِ

إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ

واتە ئەی محمد هەواڵی ئەو ناکۆکیەت پێگەیشتووە. کە بەسەر دیواری میحراب هەڵگەڕان.

کە لە داود چوونە ژوورەوە، داود لێیان تۆقی، گوتیان مەترسە، ئێمە دوو کەسین ناکۆکیمان هەیە، یەکێکمان دەستدرێژی کردۆتە سەر مافی ئەوەی تریان، دە بە هەق و ڕەوایی حوکم لە نێوانمان بکە و لایەنگری لایەکمان مەکە، بەڵکو ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوان بۆ هەردووکمان وەك یەك دیاری بکە.

(دانەیەکیان گوتی) ئەوە براکەمە، ٩٩ مەڕی هەیە بەڵام من یەك مەڕم هەیە، کەچی دەستی بەسەر مەڕەکەمدا گرتووە و لە دەسەڵاتدا لە من بە تواناترە و ستەمی لێم کردووە.

ئایەتی ٢١ ، دوو هەڵەی تێدایە و دەبێت بەم شێوەیە بێت:

وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمين إِذْ تَسَوَّرا الْمِحْرَابَ

واتە ئەی محمد هەواڵی ئەو دوو کەسەت بۆ هاتووە کە کێشەیان هەبوو کاتێك بە سەر دیواری میحراب هەڵگەڕان؟

(الخصم) بە مانای ناکۆکی دێت، بەڵام (الخصمين) واتە دووکەس کە ناکۆکیان هەیە.

ئایەتی ٢٢ پێمان دەڵێت، دوو برا بوون ناکۆکیان هەبوو، (تَسَوَّرُوا) بە کۆ هاتووە، واتە بۆ ٣ کەس و زیاتر، لەبەر ئەوە دەبێت ( تَسَوَّرا) بێت کە بە مانای دوو کەس دێت کە بەسەر دیوار هەڵگەڕان.

گرنگ دوو برا دەبن، دانەیەکیان ٩٩ مەڕی دەبێت (سبحان الله، لەم ئیعجازە ژمارەییە، الله ٩٩ ناوی هەیە لە ئیسلام، وە یەکێك لەم دوو برایە ٩٩ مەڕی هەیە) وە ئەوەی تریان یەك مەڕی دەبێت، براکەی یەکەم دەیەوێت ئەو دانە مەڕەش لە براکەی زەوت بکات. وە براکەی دووەم کە خاوەن یەك مەڕە بە داود دەڵێت: دادپەروەرانە حوکم بکە و لایەنگری کەس مەکە.

## ئایەتی ٢٤-٢٥

قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنْ الْخُلَطَاء لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ

فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ

(داود گوتی) براکەت ستەمی لێتکردووە کە داوات لێدەکات مەڕەکەی بدەیتێ و بیخاتە سەر مەڕەکانیەوە، وە زۆرێك لەوانەی بەیەکەوە کار دەکەن و شریکن ستەم لەیەك دەکەن، تەنها ئەوانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، وە مرۆڤانێکی لەم چەشنە کەمن.

ئینجا دەڵێت: داود وایزانی کە تاقیمان کردۆتەوە، ئەوەبوو داوای لێبووردەیی لە خوداکەی کرد و کڕنۆشی بۆ برد و تۆبەی کرد.

ئینجا دەڵێت: ئێمەش لە گوناهەکەی خۆشبووین، وە بۆ داود لە لای ئێمە نزیکە، وە جێگایەکی باشی دەبێت.

چەندەها هەڵە و سەرنج سەبارەت بەم چەند ئایەتە:

یەکەم: پاش و پێش لە وشەی (لە عندنا) لەم ئایەتە هەیە کە ماناکەی تێك داوە، وە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

وَإِنَّه لَزُلْفَى و لَهُ ِعِندَنَا حُسْنَ مَآبٍ

وە ئەو (داود) لە ئێمە نزیکە، وە لە لای ئێمە جێگایەکی باشی دەبێت.

دووەم: ئایەتی ٢٤-٢٥ دەڵیت، (وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ، فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ) واتە:

وە داود پێیوابوو کە لە ڕاستیدا ئێمە تاقیمانکردۆتەوە، ئەوەبوو داوای لێبووردەیی لە خوداکەی کرد و کەوتە سەر زەوی و کڕنۆشی برد و تۆبەی کرد، وە ئێمەش لەوەدا لێی خۆشبووین).

ئەم داوای لێبووردنەی داود لە چوار چێوەی چیرۆکی کێشەی نێوان دوو کەسدا هاتووە، کە دانەیەکیان لەگەڵ ئەوەش ٩٩ مەڕی هەبووە ستەمی لە پیاوێك کردووە کە یەك مەڕی هەبووە و مەڕەکەی لێی زەوتکردووە.

کەواتە مەبەست لەم چیرۆکە چییە؟ بەتایبەتی لە حوکمی نێوان ئەم دوو کەسە داود ستەمی نەکردووە، وەك ئایەتی ٢٤ دەڵێت:

لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ

داود گوتی: ستەمی لێکردوویت کە مەڕەکەی تۆی خستۆتە سەر مەڕەکانیەوە.

بەڵام دەقە تەئکید دەکاتەوە کە داود ستەمی کردووە، لەبەر ئەوە داوای لێخۆشبوونی لە گوناهەکەی کردووە و خوداکەی لێی خۆشبووە.

مەسەلەکە مەڕ نییە، مەسەلەکە دەستگرتن بەسەر ژنە. وە قورئان مەڕی وەك کینایە بۆ ژن بەکارهێناوە، چونکە لە ڕوانگەی قورئان ژن وەك ئاژەڵ و مەڕ وماڵاتن.

سێهەم: القرطبی لە جامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان و الرازی لە مفاتیح الغیب، دەڵێن:

به خوێندنەوەی ابن مسعود دەقەکە بەم شێوەیە بوو:

إِنَّ هَذَا أخي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً أُنْثَى

(انثى) واتە مێینە، واتە مەڕوماڵاتی مێینە. واتە کێشەکە لەسەر مێینە بووە.

البغوی لە معالم التنزيل، دەڵێت:

وحقيقة المعنى: وهذا كله تمثيل لأمر داود مع أوريا زوج المرأة التي تزوجها داود حيث كان لداود تسع وتسعون امرأة ولأوريا امرأة واحدة فضمها إلى نسائه.

حەقیقەتی مانای ئەم ئایەتانە: تەمسیلی ئەو شتە دەکەن کە داود لەگەڵ ئەوریا کردی کە مێردی ئەو ژنە بوو کە داود هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد، ئەوکات داود ٩٩ ژنی هەبوو و ئەوریا تەنها یەك ژنی هەبوو، بەڵام داود دەستی بەسەر ژنەکەی ئەوریادا داگرت.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

وَإِنَّمَا كُنِّيَ بِالنَّعْجَةِ هَاهُنَا عَنِ الْمَرْأَةِ، وَالْعَرَبُ تَفْعَلُ ذَلِكَ

لەم دەقەدا ژن بە مەڕ ئاماژەی پێکراوە، چونکە عەرەب ئەم کارە دەکات (واتە ژن بە مەڕوماڵات ناودەبات).

وه الطبری دەڵێت:

وَهَذَا مَثَلٌ ضَرَبَهُ الْخَصْمُ الْمُتَسَوِّرُونَ عَلَى دَاوُدَ مِحْرَابَهُ لَهُ، وَذَلِكَ أَنَّ دَاوُدَ كَانَتْ لَهُ فِيمَا قِيلَ: تِسْعٌ وَتِسْعُونَ امْرَأَةً، وَكَانَتْ لِلرَّجُلِ الَّذِي أَغْزَاهُ حَتَّى قُتِلَ امْرَأَةٌ وَاحِدَةٌ، فَلَمَّا قُتِلَ نَكَحَ دَاوُدُ امْرَأَتَهُ.

وە ئەوە نموونەیەکە هێنراوەتەوە سەبارەت بەم دوو پیاوەی کێشەیان هەبوو و بەسەر دیواری میحراب هەڵگەڕان و لە داود چوونە ژوورەوە، وە نموونەکە سەبارەت بە داودە، هەروەك دەڵێن، داود ٩٩ ژنی هەبوو، وە ئەو پیاوەی کە ژنێکی هەبوو داود ناردی بۆ شەڕ و جەنگ بۆ ئەوەی بکوژرێت، کاتێك کوژرا داود ژنەکەی لە خۆی مارە کرد.

لەبەر ئەوە ابن الجوزی، لە زاد المسیر دەڵێت: ئەوە نموونەیە هێنراوەتەوە، وە لە ڕاستیدا دووپیاوەکە دوو پیاو نەبوون بەڵکو فریشتە بوون، هاتوون ئەم نموونەیان بۆ داود هێناوەتەوە بۆ ئەوەی بزانێت کە ستەمی کرد لە ئەوریا.

وە لەم دەقە ڕوونە کە ئەوریا خەمی ژنەکەی بووە، داود پێیگوتووە خەمت نەبێت من ئاگاداری ژنەکەت دەبم.

لە ڕاستیدا باش ئاگاداری بوو.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بەم ئایەتە (وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ- وە داود پێیوابوو کە تاقیمان کردۆتەوە)، دەڵێت:

(ظن داود) واته دڵنیابوو و زانی، ( أَنَّما فَتَنَّاه) دوو مانا لە خۆیەوە دەگرێت:

یەکەم: تاقیمانکردەوە.

دووەم:هەڵمانسەنگاند (ابتلاء).

وە دەڵێت، سەبارەت بە (ابتلاء) سێ قەول هەیە:

یەکەم: دوو فریشتەکە ئەوەیان بۆ داود دەربڕی کە خوداکەی هەڵیسەنگاند.

دووەم: کاتێك دوو فریشتەکە بۆ ئاسمان بەرزبوونەوە گوتیان داود خۆی حوکمی لەسەر خۆیدا (کە هەندێك لە شریکەکان و ئەوانەی تێکەڵن ستەم لە یەکتر دەکەن ئایەتی ٢٤).

سێهەم:کاتێك حوکمی لە نێوانیاندا، یەکێکیان سەیری ئەوەکەی تری کرد و پێکەنی، ئینجا بۆ ئاسمان سەرکەوتن، وە داود سەیری دەکردن، وە زانی کە اللە تاقیکردۆتەوە و هەڵیسەنگاندووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

وَالْعَرَبُ تُكَنِّي عَنِ الْمَرْأَةِ بِالنَّعْجَةِ وَالشَّاةِ، لِمَا هِيَ عَلَيْهِ مِنَ السُّكُونِ وَالْمَعْجِزَةِ وَضَعْفِ الْجَانِبِ. وَقَدْ يُكَنَّى عَنْهَا بِالْبَقَرَةِ وَالْحِجْرَةِ وَالنَّاقَةِ; لِأَنَّ الْكُلَّ مَرْكُوبٌ

وە عەرەب بە مەڕ و بزن تەعبیر لە ژن دەکات، بە هۆی ئەوەی ژن لایەنی ئارامی و بێ دەسەڵاتی و لاوازی تێدایە، وە تەنانەت بە مانگا و وشتر ئاماژە بە ژن دەکات، چونکە هەر هەموویان بۆ سوار بوونن.

السعدی لە تفسیرکلام المنان دەڵێت:

لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً أَيْ: زَوْجَةٌ

(٩٩ مەڕی هەیە)، واتە ژن.

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت:

النعجة الأنثى من الضأن والبقرة الوحشية والشاة الجبلية، والجمع النعجات، والعرب جرت عادتهم بجعل النعجة والظبية كناية عن المرأة

(النعجة) واتە مێینەی بزن و مانگای کێوی و مەڕی چیایی و کۆیەکەی دەبێت بە (نعجات) وە دابونەریتی عەرەب وایە کە تەعبیر لە ژن دەکەن بە مەڕومالات.

الشوکانی لە فتح القدیر دەڵێت:

لە ڕاستیدا مەبەست لە (هذا-ئەو) داودە چونکە ٩٩ ژنی هەبووە. مەبەست لە (وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ- وە من یەك مەڕم هەیە) ئەوریایە کە مێردی ئەو ژنە بوو کە داود ویستی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.

الجلالين دەڵێن:

{إِنَّ هَذآ أَخِى} أي على ديني {لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً} يعبر بها عن المرأة {وَلِىَ نَعْجَةٌ وٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا} أي اجعلني كافلها.

(ئەوە برامە) واتە لەسەر ئاینەکەمە (٩٩ مەڕی هەیە)، تعبیری لێ دەکرێت بە ژن، (وە من یەك مەڕم هەیە گوتی من ئاگاداری دەبم).

هەر هەموو شرۆڤەکاران هاوڕان کە ژن لە ئیسلامدا بە مەڕومالاٚت دادەنرێت.

الرازی لە مفاتیح الغیب، سەبارەت بە ئایەتی ٢١ سوورەتی الروم، (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً)، دەڵێت:

(خَلَقَ لَكُمْ) دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ النِّسَاءَ خُلِقْنَ كَخَلْقِ الدَّوَابِّ وَالنَّبَاتِ وَغَيْرِ ذَلِكَ مِنَ الْمَنَافِعِ، كَمَا قَالَ تَعَالَى (خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ ) (البقرة ٢٩).

واتە: (بۆ ئێوەی پیاوانی درووستکردووە) بەڵگەیە کە ژنان، وەك مەڕومالاٚت و ڕوەك و شتانێکی دیکە بۆ سوودی پیاوان درووستکراون. هەروەك اللہ لە ئایەتی ٢٩ سوورەتی البقرة دەڵێت، (ئەی پیاوان اللہ هەموو ئەوانەی زەوی بۆتان درووستکردووە).

چیرۆکەکە بەم شێوەیە هاتووە، لە پەرتووکی پیرۆزی جووەکان (صموئیل الثانی): داود پادشای بنی ئیسرائیل، زینا دەکات لەگەڵ ژنی سەرکردەیەکی سوپاکەی، کە ناوی (اوریا الحثی) دەبێت، وە ژنەکەی ناوی (بثشبع)

دەبێت، داود پلان دادەڕێژێت بۆ بە کوشتدانی ئەوریا و دەینێرت بۆ پێشەوەی جەنگ و بە کوشتی دەدات، دواتر خۆی هاوسەرگیری لەگەڵ (بثشبع) ژنەکەی ئەوریا دەکات.

واتە داود زینا دەکات.

قورئان بۆ ئەوەی بڵێت پێغەمبەران "معصوم"ن و لە گوناه پارێزراون . هاتووە بە شێوەیەکی تعبیری و بە کینایە ئاماژەی بە چیرۆکەکە کردووە.

وە هەر هەموو شرۆڤەکەرانی قورئان لە پەیوەست بەم ئایەتانە، ئاماژەیان بە ڕووداوی داود و ئەوریا و بثشبع کردووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: ابن عباس گوتوویەتی:

کاتێك داود لە میحراب بوو، کۆترێکی ئاڵتوونی لە میحراب نیشتەوە، داود ویستی بیگرێت، بەڵام کۆترەکە فڕی و لە پەنجەرە نیشتەوە، داود بۆی چوو بیگرێت، بەڵام کۆترەکە فڕی، وە کاتێك داود لە پەنجەرەکە سەیری کرد، ژنێکی بە ڕووتی بینی خۆی دەشۆری، ئەوەبوو داودی پێغەمبەری الله بە دوای ئەم ژنەی نارد و ژنەکە هات، داود لەم ژنەی پرسی سەبارەت بە مێردی، ژنەکە گوتی مێردەکەی لە شەڕە، داود نامەیەکی نووسی بۆ سەرکردەیەکی سەربازی کە مێردی ئەم ژنە بە کوشت بدات، ئەوە بوو وایکرد و مێردی ژنەکە کوژرا.

وە داود هاوسەرگیری لەگەڵ ژنەکە کرد، وە ئەم ژنەی داود دواتر سلێمانی بوو.

له ڕاستیدا محمد هەمان کاری کرد لەگەڵ زید بن حارثة: کاتێك محمد پەیوەندی خۆشەویستی درووستکرد لەگەڵ زەینەب کە ئەوکات ژنی زید بن حارثة (کوڕی تەبەنا کراوی محمد و پێیان دەگوت زید کوڕی محمد) محمد چەندەها جار زەید دەنێرێت بۆ غەزو، بەڵام زەید ناکوژرێت، وە محمد ئۆقرەی نامینێت، ئەوەبوو بە دەقێکی قورئان کە لە سوورەتی الاحزاب هاتووە، زەینەب لە زید دەسێنێت و دەیکات بە ژنی خۆی.

فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا (الاحزاب ٣٧)

هەر کاتێك زەید خۆی لە زەینەب خاڵی کردووە، ئەوا ئەی محمد زەینەبمان کرد بە ژنی تۆ.

لە دوای ئەوەی محمد لەگەڵ زەینەب هاوسەرگیریی دەکات، بەردەوام دەبێت لە ناردنی زید بۆ غزو، تاوەکو لە شەڕی مؤتە بە کوشتنی دەدات.

انا لله وانا الیه لراجعون

بەڵام دەبێت یەك شت بزانرێت: کە بە گوێرەی قورئان داود پێغەمبەرە، بەڵام بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆزی جووەکان، داود تەنها پادشایەك بووە و پێغەمبەر نەبووە. وە پیاوێك بووە دەستی بە خوێن سوور بووە.

وە بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆزی جووەکان، خودای بنی ئیسرائیل "یهوەی" ڕێگا نادات بە داود کە ماڵی پیرۆزی "هیکل"ی بۆ درووست بکات، لە سفر الاخبار الاول هاتووە، خودای بنی ئیسرائیل بە داود دەڵێت:

ماڵ بە ناوی من و بۆ من درووستنەکەیت، چونکە تۆ پیاوی جەنگیت و دەستت سوورە بە خوێن ڕشتن.

'معصوم" بوونی پێغەمبەران لە گوناە یەکێکە لە درۆ گەورەکان کە زانایانی ئیسلام کردوویانە و دەیکەن، ئەگەر چاوێك بە قورئان و فەرموودەکانی محمد بخشێنیتەوە دەبینیت دانە بە دانەی پێغەمبەران گوناهیان کردووە، وە گوناهی گەورە، وە محمد بە تەنها بە قەد سەرتاپای پێغەمبەران گوناە و تاوانی کردووە.

لە ڕاستیدا تاکە پیغەمبەر بێگوناهە بە گوێرەی قورئان و ئینجیل یسوعی المسیحە (عیسا)یە.

هەوڵ دەدەین ئاماژە بە دانە بە دانەی گوناهەکانی پێغەمبەران بکەین، کاتێك لە سوورەت و ئایەتەکان ئاماژە بە ناویان دەکرێت.

## ئایەتی ٢٦

يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ

ئەی داود ئێمە تۆمان کردووە بە جێگرەوە لە زەویدا، دە بە ڕاستی و درووستی حوکم لە نێوان خەڵکدا بکە، وە بە دوای هەوەس و ئارەزووەکانت مەکەوە، ئەگینا گومڕات دەکات لە ڕێگای اللە، ئەوانەی کە

گومڕا دەبن لە ڕێگای اللە، ئەوانە ئەشکەنجەیەکی توونديان دەبێت لە ڕۆژی لێپرسینەوە (قیامەت)، بە هۆی ئەوەی لە بیریان کردووە.

ئەم دەقە لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە زۆر کرچوکاڵە، ئەگەر سەیر بکەیت دەبینیت، کە (عَن سَبِيلِ اللَّهِ) دووجار هاتووە، لە کاتێکدا دەکرا تەنها یەك جار بێت، بێئەوەی مانای دەقەکە بگۆڕێت. واتە:

يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ

واتە: ئەی داود ئێمە تۆمان کردووە بە جێگرەوە لە زەویدا، دە حوکم بە ڕاستی و درووستی بکە لە نێوان خەڵکدا، وە بە دوای هەوەس و ئارەزووەکانت مەکەوە، ئەگینا گومڕا دەبیت لە ڕێگای اللە، لە ڕاستیدا ئەوانەی گومڕا دەبن، ئەشکەنجەیەکی توونديان دەبێت لە ڕۆژی قیامەت، بە هۆی ئەوەی لە بیریان کردووە.

لەم دەقەدا، اللەی عەرەب و ئیسلام، تەئکید دەکاتەوە لە داود کە بە دوای هەوەسبازی و ئارەزووەکانی نەکەوێت، ئەگینا ڕێبازی اللە ون دەکات.

ابن الجوزی لە زاد المسير، سەبارەت بە ( بما نَسُوا يومَ الحساب- بەوەی لە بیریان کردووە لە ڕۆژی لێپرسینەوە)، دەڵێت، دوو قەول هەیە:

یەکەم: واتە بە هۆی ئەوەی دەستبەرداری کاری باش بوون بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە.

دووەم: واتە ئەشکەنجەیەکی توونديان دەبێت لە ڕۆژی لێپرسینەوە، بە هۆی ئەوەی کاری باشیان لە بیر کردووە.

واتە، دەقەکە دەبێت جارێکی دیکە دەستکاریی بکرێت بۆ ئەوەی مانای تەواو بدات، دەبێت بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا لِيَوْمِ الْحِسَابِ

(ليوم الحساب) واتە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە.

## ئایەتی ٢٧-٢٨

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاء وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلا ذَلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ

أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ

وە ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەوەی نێوانیانمان بێ هۆکار درووستنەکردووە، وەك بێباوەڕەکان پێیان وایە، واوەیلا لەوانەی باوەڕیان نەهێنا لە ئاگر.

وە یان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، وەك ئەوانە لێبکەین کە خراپەکاری لە زەویدا دەکەن؟ وە یان خوداپەرستان وەك (کافرە) خوێڕیەکان لێ بکەین؟

## ئایەتی ٢٩

كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الأَلْبَابِ

پەرتووکێك (قورئان) کە پیرۆزە بۆتۆمان (محمد) دابەزند، بۆ ئەوەی لە ئایەتەکانی تێبگەن، وە خاوەن هۆشەکان وەبیریان بێتەوە.

ئەم ئایەتە زۆر ڕوونە کە دەڵێت، قورئان بۆ ئەوەیە لە ئایەتەکانی تێبگەیت. (خەڵکیان گەوجاندووە بە خوێندنەوەی قورئان بۆ حەسەنات). (یەك ئایەتی قورئان بوونی نییە کە بڵێت موسڵمان لە ڕێگای خوێندنەوەی قورئان حەسەنات بە دەست دەهێنێت).

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: (كِتَابٌ أَنزلْنَاهُ إِلَيْكَ)، واتە ئەی محمد، ئەم قورئانەمان بۆت دابەزاند (لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ)، بۆ ئەوەی لە بەڵگەکانی الله و شەریعەتەکانی تێبگەن کە تیایدا ئاماژەی پێکراوە، ئینجا ئامۆژگاری و کاری پێ بکەن.

## ئایەتی ٣٠-٤٠

ئایەتی ٣٠-٤٠ باسی سلێمان دەکات و دەڵێت:

وَوَهَبْنَا لِدَاوُودَ سُلَيْمَانَ نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ

وە سلێمانمان بە داود بەخشی، یەکێك بوو لە بەندە هەرە چاکەکان، لە ڕاستیدا سلێمان بۆ لای ئێمە دەگەڕایەوە و تۆبەی دەکرد.

ئایەتی ٣١-٣٣ دەڵێت:

إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ، فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي حَتَّى تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ، رُدُّوهَا عَلَيَّ فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالأَعْنَاقِ

کە بە ئێواران ئەسپی ڕەسەنیان نیشانی دەدا، (سلێمان گوتی) لە ڕاستیدا من خۆشەویستیم بۆ خێر زیاترە لە خۆشەویستیم بۆ ئامازەکردن بە خوداکەم ، تاوەکو (خۆر) بە پەردە دادەپۆشرا، (گوتی) ئەسپەکانم بۆ بێننەوە، تیغێکی گرت و مل و قاچەکانی بڕین.

ئەم ٣ ئایەتە تێکەڵ کراون لەبەر ئەوە ماناکە شێوێندراوە، وە قسەی سلێمان دوولەت بووە. دەبێت ئەم ٣ ئایەتە بەم شێوەیە بن

إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِالْعَشِيِّ الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ حَتَّى تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ، فَقَالَ إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْل عَن ذِكْرِ رَبِّي، رُدُّوهم عَلَيَّ فَطَفِقَ بالمَسْح السُّوقِ وَالأَعْنَاقِ

واتە: لە ئێواران تاوەکو خۆر بە پەردە دادەپۆشرا ئەسپەکانی بۆ نمایش دەکرا، ئەوەبوو (سلێمان) گوتی، وا دیارە من خۆشەویستیم بۆ ئەسپ زیاترە لە خۆشەویستیم بۆ زیکری(پیاهەڵدان) بە خوداکەم،ئینجا،گوتی

ئەسپەکانم بۆ بگێڕنەوە، ئەوەبوو سلێمان بە تیغێك قاچەکانیان و ملیانی بڕی.

دەقەکان کەم نین نووسەری قورئان (اللهی عەرەب و ئیسلام) هەڵەی زمانەوانیی تێدا نەکردبێت، بەڵام بە حوکمی ئەوەی میللەتێکی وەك کورد عەرەبی نازانێت، ئەوا گەوجێندراوە و پێی گوتراوە قورئان موعجیزەیە.

چەند تێبینیەك سەبارەت بەم هەڵانە:

یەکەم: بەم شێوەیەی ئەو ٣ ئایەتەم دارِشتۆتەوە، لە ڕووی بەلاغیەوە ڕێك و پێکتر و جوانترە، چونکە بەم شێوەیە ئایەتەکان دەبن بە دوو بەش، بەشی یەکەمیان هەواڵیە و دەڵێت( سلێمان لە ئێواران تاوەکو خۆر هەڵاتن سەرقاڵ بوو بە ئەسپە ڕەسەنەکانی)، وە بەشی دووەم قسەکانی سلێمانن کە بە (فقال) واتە (سلێمان گوتی) دەستپێدەکات.

بەڵام ئەگەر ئایەتەکان وەك خۆی بمینێت ئەوا پچر پچڕ دەبێت و دەبێت بە چوار بەشەوە: هەواڵ، ئینجا سلێمان قسە دەکات، هەواڵ، ئینجا سلێمان قسە دەکات.

واتە (کە بە ئێواران ئەسپە ڕەسەنەکانی نیشان دەدرا) ئەوە هەواڵییە، ئینجا سلێمان دەڵێت( من خۆشەویستیم بۆ خێر زیاترە لە خۆشەویستیم بۆ ئاماژە کردن بە خوداکەم) ئینجا هەواڵییە و دەڵێت (تاوەکو خۆر ون دەبوو) ئینجا سلێمان قسە دەکاتەوە و دەڵێت ( بیگێڕنەوە، بە تیغ قاچەکانی و ملیانی بڕی).

دووەم: (إِنِّي أَحْبَبْتُ حُبَّ الْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّي) لەم دەقەدا نووسەرانی قورئان هەڵەیان کردووە، بە هەڵە پیتی (ل) یان کردووە بە (ر) چونکە (خیل) واتە ئەسپ، وە جیایە لە (خیر) کە بەمانای خێر و چاکە دێت.

وە ئایەتەکان باس لە ئەسپ دەکەن کەواتە  وشەکە دەبێت (خیل) بێت نەك (خیر).

بەڵام موفەسیرەکان هەوڵیان داوە کە ئەم هەڵەیە پینە بکەن، بۆ نموونە البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

وە مەبەست لە (الخیر) لەم ئایەتە (الخیل)ە وە عەرەب ئاڵوگۆڕی دەکات لە نێوان پیتی (ر) و (ل).

السعدی لە کلام المنان دەڵێت، مەبەست لە (الخیر) لەم دەقەدا (الخیل)ە

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت: مەبەست لە (الخیر) لەم دەقەدا (الخیل)ە، وە عەرەب بەم شێوەیە ناوی دەبات- واتە عەرەب بە ئەسپ دەڵێت خێر- وە هەروەها عەرەب ئاڵوگۆڕی دەکات لە نێوان (ر) و (ل).

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، مەبەست لە (الخیر) ئەسپە.

سێهەم: (رُدُّوهَا عَلَيَّ فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالأَعْنَاقِ)

(رُدُّوهَا) واتە بیگێڕنەوە، بە تاك هاتووە ، بەڵام دەقەکە دەڵێت (الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ) واتە کۆمەڵێك ئەسپی ڕەسەن، وە هەروەها هاتووە دەڵێت،

ملەکانیان(الأَعْنَاقِ) واتە چەندەها ئەسپ، لەبەر ئەوە لە جیاتی (رُدُّوهَا) دەبێت (رودوهم) بۆ خیل و (ردوهن) بۆ صافیات بەکاربهێنرێت.

چوارەم: ( فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالأَعْنَاقِ) ئەم دەقە زۆر بێمانایە، چونکە دەڵێت، دەستیکرد بە پێداهێنانی قاچەکان و ملەکان.

وە بۆ ئەوەی مانای تەواو بدات، دەبێت بەم شێوەیە بێت:

فَطَفِقَ بالمَسْح السُّوقِ وَالأَعْنَاقِ

واتە تیغی گرت و دایهێنا بە قاچەکانیان و ملیان.

ئەوەبوو موعجیزەی قورئانەکەتان یا اولی الالباب؟

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت: زیاتر لە کەسێك لە ئەهلی سلف و موفەسیرەکان دەڵێن، سلێمان سەرقال ببوو بە بینینی ئەسپەکان تاوەکو نوێژی عەسری لە کیس دەچوو. چونکە دواتر دەقەکە دەڵێت: (بیهێننەوە، وە بە تیغ قاچەکان و ملیانی بڕی)، سلێمان گوتی، سوێند بە الله، هیچیتر سەرقاڵم ناکەن لە خوداپەرستی خوداکەم، ئەوەبوو فەرمانی کرد ئەسپەکانیان کوشت.

السعدى لە كلام المنان و البغوى لە معالم التنزيل دەڵێن: ئەوەبوو سلێمان قاچیان و ملیانی بە شمشێر بڕی.

وە البغوى دەڵێت، ئەوە قسەی ابن عباس و الحسن و قتادة و مقاتل و زۆربەی موفەسیرەکانە.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت، دوو قەول هەیە:

یەکەم: سلێمان دەستی بە قاچ و ملی ئەسپەکان دادەهێنا وەك ڕێزێك بۆ یان.

دووەم: بە تیغ ئەسپەکانی کوشت، بۆ ئەوەی لە اللە نزیك بێتەوە.

وە دەڵێت، علی کوڕی ابي طالب گوتوویەتی: سلێمان سەرقاڵ بوو بە ئەسپەکانی بۆ جیهاد لە پێناو اللە، تاوەکو خۆرئاوا دەبوو لە پشت پەردە.ئەوبوو بە فەرمانی اللە، سلێمان فەرمانی بە فریشتەکانی بەرپەرس لە خۆر کرد کە خۆر بگێڕنەوە بۆ ئەوەی نوێژی عەسر بکات، ئەوەبوو فریشتەکان خۆریان لە پشت پەردە هێنایەوە، سلێمان نوێژی کرد.

القرطبی دەڵێت، من دەڵێم زۆربەی موفەسیرەکان دەڵێن، (أن الذی تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ- ئەوەی بە پەردە داپۆشرا) خۆرە.

القرطبی دەڵێت: وَالْحِجَابُ جَبَلٌ أَخْضَرُ مُحِيطٌ بِالْخَلَائِقِ، واتە، پەردەکە بریتییە لە چیایەکی سەوز کە دەورەی دونیای داوە (خۆری لە پشت ون دەبێت).

وە القرطبی دەڵێت:

خَرَّجَ الطَّحَاوِيُّ فِي مُشْكِلِ الْحَدِيثِ عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ عُمَيْسٍ مِنْ طَرِيقَيْنِ أَنَّ النَّبِيَّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - كَانَ يُوحَى إِلَيْهِ وَرَأْسُهُ فِي حِجْرِ عَلِيٍّ ، فَلَمْ يُصَلِّ الْعَصْرَ حَتَّى غَرَبَتِ الشَّمْسُ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

- : أَصَلَّيْتَ يَا عَلِيُّ قَالَ : لَا . فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - : اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَ فِي طَاعَتِكَ وَطَاعَةِ رَسُولِكَ فَارْدُدْ عَلَيْهِ الشَّمْسَ . قَالَتْ أَسْمَاءُ : فَرَأَيْتُهَا غَرَبَتْ ثُمَّ رَأَيْتُهَا بَعْدَمَا غَرَبَتْ طَلَعَتْ عَلَى الْجِبَالِ وَالْأَرْضِ ، وَذَلِكَ بِالصَّهْبَاءِ فِي خَيْبَرَ . قَالَ الطَّحَاوِيُّ : وَهَذَانَ الْحَدِيثَانِ ثَابِتَانِ ، وَرُوَاتُهُمَا ثِقَاتٌ

الطحاوی له مشکل الحدیث، دوو ڕیوایەتی اخراج کردووە، کە اسماء کچی عمیس دەڵێت، پێغەمبەر وەحی بۆ هات، وە سەری لەسەر کۆشی عەلی بوو، لەبەر ئەوە علی نەیتوانی نوێژی عەسر بکات تاوەکو خۆر ئاوا بوو، ئەوەبوو پێغەمبەر گوتی: ئەی عەلی نوێژی عەسرت کرد؟ گوتی نەخێر، ئەوەبوو پیغەمبەر نیزای کرد و گوتی: الله گیان علی گوێڕایەڵ و ملکەچی پیغەمبەرەکەت بوو، تکایە خۆری بۆ بگێڕەوە بۆ ئەوەی نوێژی عەسری بکات. اسماء دەڵێت من بە چاوەکانم بینیم کە خۆر ئاوابوو ئینجا گەڕایەوە دوای ئەوەی ئاوا ببوو، خۆر هەڵهاتەوە بەسەر چیاکان و زەوی وە ئەوە لە صبهاء لە خەیبەر بوو. الطحاوی دەڵێت، ئەم دوو فەرموودەیە جێگیرن و ئەوانەی گێڕاویەنەتەوە جێگای متمانەن.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە، باسی پێغەمبەرێك لە پیغەمبەرانی بنی ئیسرائیل دەکات و دەڵێت:

فَقَالَ لِلشَّمْسِ إِنَّكِ مَأْمُورَةٌ وَأَنَا مَأْمُورٌ اللَّهُمَّ احْبِسْهَا عَلَيْنَا فَحُبِسَتْ حَتَّى فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ

به خۆری گوت، ئەی خۆر، تۆ ڕاسپێردراویت، وە من راسپێردراوم، الله خۆر بەند بکە، ئەوەبوو الله خۆری بەند کرد تاوەکو فەتحی شوێنەکەی کرد.

سەبارەت بە ئەسپەکانی سلێمان (الصَّافِنَاتُ الْجِيَادُ) یاوەرەکان و تابعین دەڵێن ئەسپی باڵدار بوون (دوو باڵیان هەبوو).

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

الحسن و الضحاك و ابن زید و علی بن ابي طالب و ابراهیم التیمی گوتوویانە: ئەسپەکان باڵیان هەبوو (ذات أجنحة).

الحسن و ابن زید دەڵێن، شەیتانەکانی سلێمان ئەسپەکانیان لە دەریا دەردەهێنا، واتە ئەسپی دەریا بوون.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە ژمارە ئەسپەکان چوار قەول هەیە:

یەکەم:١٣ هەزار ئەسپ.

دووەم: بیست هەزار ئەسپ بوون.

سێهەم:هەزار ئەسپ بوون.

چوارەم: بیست هەزار ئەسپ.

وە ئەم خورافەیە سلێمان و ئەسپی باڵدار لە دوورگەی عەرەبی بوونی هەبووە. لە صحیح سنن ابو داود و غاية المرام للالبانی، ریوایەتێك هاتووە کە عائیشە دەڵێت، پێغەمبەری الله لە تبوك یان خەیبەر گەڕایەوە، وە با هەڵی کرد و پەردەی هەڵماڵی لەسەر یاریەکانم.

فقال : ما هذا يا عائشةُ ؟ قالت : بناتي  ورأى بينَهُنَّ فرسًا له جَناحانِ مِن رِقاعٍ، فقال: ما هذا الذي أرى وَسَطَهُنَّ؟ قالت: فَرَسٌ. قال: وما هذا الذي عليه؟ قالت: جَناحان. قال: فرسٌ له جَناحانِ؟ قالت: أما سَمِعْتَ أن لسليمانَ خيلًا لها أجنحةً؟ قالت: فضَحِكَ حتى رَأَيْتُ نواجذَه

ئینجا پێغەمبەر گوتی، ئەی عائیشە ئەوانە چین؟ گوتم بووکەکانم. ئەسپێکی باڵداری لە نێوانیان بینی و گوتی، ئەی ئەوەیان چییە؟ گوتم ئەسپە، گوتی ئەوە چییە هەیەتی؟ گوتم دووباڵ؟ گوتی ئەسپ و دووباڵ؟ گوتم نەتبیستووە کە سلێمان ئەسپی دووباڵی هەبووە؟ دەڵێت پێغەمبەر پێکەنی تاوەکو مەڵاشوەکانی بەدیار کەوت.

محمد بە ڕادەیەك سەرسامی ئەسپ بووە کە لە فەرموودەیەکدا کە لە صحیح البخاری هاتووە، گوتویەتی:

مَنْ احْتَبَسَ فَرَسًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ إِيمَانًا بِاللَّهِ وَتَصْدِيقًا بِوَعْدِهِ فَإِنَّ شِبَعَهُ وَرِيَّهُ وَرَوْثَهُ وَبَوْلَهُ فِي مِيزَانِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ

هەر کەسێك ئەسپێك بۆ ڕێبازی الله  (جیهاد) تەرخان بکات، لە ڕوانگەی ئیمانی بە الله و بڕوا بوون بە بەڵێنەکەی (قیامەت)، ئەوا الله لە ڕۆژی

قیامەت ئالیك و ئاو و پیسایی و میزی ئەسپەکە دەخاتە تای تەرازووی چاکەکانیەوە.

وە لە فەرموودەیەکی ترکە لە صحیح البخاری و مسلم و سنن الترمذی هاتووە، محمد صلعم، گوتوویەتی:

الخيلُ ثلاثةٌ: هي لرجلٍ أجرٌ، وهي لرجلٍ سترٌ، وهي على رجل وِزرٌ. فأما الذي هي له أجرٌ فالذي يتخذُها في سبيلِ اللهِ فيعدُّهَا له هي له أجرٌ لا يغيبُ في بطونِها شيئا إلا كتبَ اللهُ له أجرا

ئەسپ سێ جۆرن، دانەیەکیان پاداشتە بۆ خاوەنەکەی، دانەیەکیان سەترە، وە دانەیەکیان لەسەر خاوەنەکەی بارە. بەڵام ئەوەی پاداشتە بۆ خاوەنەکەی، ئەوەیانە کە لە پێناو ڕێبازی اللە (جیهاد) بەکاردەهێنرێت، وە ئەوە کە پاداشتی بۆ بەدەست دەهێنێت، وە هەر شتێك لە سکی ئەسپەکە ون دەبێت (واتە دەیخوات)، ئەوا اللە بە پاداشت بۆ خاوەن ئەسپەکەی دەنووسێت.

وە لە صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

ليسَ علَى المُسْلِمِ في عَبْدِهِ ولا فَرَسِهِ صَدَقَةٌ

موسڵمان زەکاتی ناکەوێت نە لە کۆیلەکەی وە نە لە ئەسپەکەی.

وەك لە صحیح مسلم هاتووە، محمد دوو بەش غەنیمەی دەدا بە ئەسپ و تەنها بەشێکی دەدا بە پیادە.

سووره‌تی (العادیات)، واته سووره‌تی ئه‌سپی هێرشبه‌ر كه له ئایه‌تی یه‌كدا، اللّه‌ی عه‌ره‌ب و ئیسلام، سوێند به حیله‌ی ئه‌سپ ده‌خوات و ده‌ڵێت:
وَالْعادِياتِ ضَبْحاً

وه ئایه‌تی ٨ سووره‌تی النحل ده‌ڵێت:

وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ

وه ئه‌سپ و هێستر و كه‌رمان بۆ ئه‌وه دروستكردووه كه سواری بن، وه وه‌ك جوانی بۆتان، وه الله شتانێك دروستده‌كات كه ئێوه نایزانن.

له‌م ئایه‌ته، اللّه‌ی عه‌ره‌ب و ئیسلام، ده‌ڵێت من هێسترم دروستكردووه. توو ویژدانتان خودا هیستری دروستكردووه یان هیستر له ئاكامی جووت بوونی ئه‌سپ و كه‌ر دروستده‌بێت؟

عبداللطیف عاشور له په‌رتووكی "موسوعة الطیر و الحیوان في الحدیث النبوی"، ئاماژه به ژماره و ناوی ئه‌سپه‌كانی محمد ده‌كات:

اللّحیف، السّكب، الورد، الملاوح، البحر، سبحة، الظرب، اللزاز، المرتجز (أشهب).

وه ابن قیم له زاد المعاد ده‌ڵێت، امام ابو عبداللّه محمد بن اسحاق بن جماعة الشافعی، ناوی ئه‌سپه‌كانی پێغه‌مبه‌ری كردووه به به‌یتێك شیعر و گوتوویه‌تی:

والخَيْلُ سَكْبٌ لُحَيْفٌ سَبْحَة ظَرِبٌ لِزَاز مُرْتَجز وَرْدٌ لهَا أسْرَار

# ئایەتی ٣٤

وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَانَ وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ

وە سلێمانمان لە خشتە برد و تاقیکردەوە، لاشەیەکمان خستە سەر تاج و تەختەکەی، ئینجا تۆبەی کرد.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

(فَتَنَّا)، واتە سلێمانمان تاقیکردەوە و سزامان دا.

وە دەڵێت، سلێمان بیست ساڵ لە دوای دەسەڵاتەکەی لەخشتەبرا و بیست ساڵ دوای لە خشتەبردنەکەی فەرمانڕەوایی کرد.

وە وهب بن منبە گوتوویەتی: سلێمان کچی پادشای" صیدون" کە ناوی "خرادة" بوو و کچێکی جوان بوو، لە یەکێك لە غەزەواتەکانی بە کۆیلە گرت و کردی بە کەنیزەی خۆی، ئینجا جرادة داوای لە سلێمان کرد کە پەیکەرێکی بۆ درووستبکات لە سەر شێوەی باوکی بۆ ئەوەی سەیری بکات، ئەوەبوو سلێمان فەرمانی کرد و پەیکەرەکەی بۆ درووستکرا، جرادة و خزمەتکارەکانی کرنۆشیان بۆ ئەم پەیکەرە دەبرد، تاوەکو وایلێهات بوو بە بتێك کە لە ماڵەکەی سلێمان دەپەرسترا بۆ ماوەی چل ڕۆژ، سلێمان بەوە ئاگادار نەبوو. ئەوەبوو سلێمان سزا درا.

(أَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا- لاشەیەکمان فڕێ دایە سەر تاج و تەختەکەی) زۆربەی شرۆڤەکاران دەڵێن، ئەم لاشەیە شەیتان بوو کە الله فڕێی دایە

سەر تاج و تەختی سلێمان، وە الله شێوەی ئەم شەیتانەی وەك شێوەی سلێمان لێکرد.

شرۆڤەکاران هاوڕان کە ئەو لاشەیەی الله فڕێی دایە سەر تاج و تەختی حوکمرانی سلێمان شەیتانێك بوو لەسەر شێوەی سلێمان، بەڵام ناکۆکن سەبارەت بە ناوی شەیتانەکە.

ابن کثیر، لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بە ناوی شەیتانەکە، وە چوار ناو هەیە:

یەکەم: صخر (صخر کوڕی عمیر کە خاوەنی دەریاکان بوو).

دووەم: آصف

سێهەم: آصر

چوارەم: حبقیق

الطبری، لە جامع البیان دەڵێت:

يَقُولُ تَعَالَى ذِكْرُهُ: وَلَقَدِ ابْتَلَيْنَا سُلَيْمَانَ وَأَلْقَيْنَا عَلَى كُرْسِيِّهِ جَسَدًا شَيْطَانًا مُتَمَثِّلًا بِإِنْسَانٍ، ذَكَرُوا أَنَّ اسْمَهُ صَخْرٌ. وَقِيلَ: إِنَّ اسْمَهُ آصِفُ. وَقِيلَ: إِنَّ اسْمَهُ آصِرُ وَقِيلَ: إِنَّ اسْمَهُ حِبْقِيقُ

الله لەم ئایەتەدا دەڵێت: وە سلێمانمان تاقیکردەوە و لە خشتە برد، وە لاشەی شەیتانێکمان لە شێوەی مرۆڤ خستە سەر تاج و تەختی

فەرمانڕەوایی سلێمان. وە دەڵێن شەیتانەکە ناوی صخر بوو، وە دەڵێن ناوی آصف بوو، وە دەڵێن ناوی آصر بوو، وە دەڵێن ناوی حبقیق بوو.

هەروەك لە ناوەکان دیارە شەیتانەکەی سلێمان عەرەب بووە. الله اکبر تکبیر الله اکبر

وە الطبری و ابن کثیر و القرطبی و هتد دەڵێن:

کاتێك سلێمان دەچوو بۆ ئاودەست،ئەنگوستیلەکەی پەنجەی دەدا بە یەکێك لە ژنەکانی، ڕۆژێکیان چوو بۆ ئاودەست و ئەنگوستیلەکەی دا بە یەکێك لە ژنەکانی، ئەوەبوو الله شێوەی شەیتانێکی گۆڕی بۆ شێوەی سلێمان، وە شەیتانەکە هات و داوای ئەنگوستیلەکەی سلێمانی لە ژنەکەی سلێمان کرد، وە ژنەکە وایزانی سلێمان خۆیەتی، شەیتان ئەنگوستیلەکەی وەرگرت و فرِێی دایە دەریاوە، وە شەیتان بۆ ماوەی چل شەو و ڕۆژ حوکمی کرد لە مەملەکەتەکەی سلێمان، وە سلێمان ئاوارەو دەربەدەر بوو.

وە دەڵێن ڕۆژێکیان سلێمان ماسیەك لە کەنار دەریا دەکڕێت و دەیکوڵێنێت دەبینیت ئەنگوستیلەکەی تێدایە، ئەنگوستیلەکە دەکاتە دەستیەوە و فەرمانڕەوایی بۆ دەگەڕێتەوە.

الطبری دەڵێت، لە ڕیوایەتێك ابن عباس گوتوویەتی، ناوی ئەم ژنەی سلێمان (جرادة) بوو، وە لە ڕیوایەتێکی تر کە القرطبی ئاماژەی پێکردووە، ابن عباس گوتوویەتی، ناوی ئەم ژنەی سلێمان (الْأَمِينَةُ) بووە.

ئەوەی سەیرە نەك تەنها شەیتانەکە عەرەب بووە یان ناوی عەرەبی هەبووە، بەڵکو ژنەکانی سلێمانیش ناوەکانیان عەرەبی بووە.لەگەڵ ئەوەش سلێمان عیبری بووە و زمانی عەرەبی نەزانیووە.

القرطبی دەڵێت، جابر بن عبدالله گوتوویەتی، پێغەمبەر صلعم گوتی:

كَانَ نَقْشُ خَاتَمِ سُلَيْمَانَ بْنِ دَاوُدَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ

لەسەر ئەنگوستیلەکەی سلێمان نووسرابوو: هیچ خودایەك نییە تەنها اللّٰە نەبێت، وە محمد پێغەمبەری اللّٰەیە.

دیارە ئەنگوستیلەکەی سلێمان بە عەرەبی لەسەر نووسرا بوو.

زاناکانی ئاسەوار تا ئێستا ڕەتی دەکەنەوە کەسایەتیەك لە مێژوودا بە ناوی سلێمان بوونی هەبووبێت. وە ئەوەی سەیرە سەرتاپای دەقەکانی قورئان لە پەیوەست بە سلێمان خورافی و ئەفسانەن.

کاتێك پەرتووکی پیرۆزی جووەکان دەخوێنیتەوە، دەبینیت کە سلێمان پادشایەك بووە وەك هەر پادشایەکی ئەو سەردەمە. سلێمان تا بڵێیت ئاشتیخواز بووە، وە ناوی سلێمان بە زمانی عیبری واتە پیاوی ئاشتی. بۆ ماوەی چل ساڵی حوکمرانییەکەی یەك شەڕ و جەنگ ناکات. وە بە حوکمی ئەوەی ئاشتیخواز بووە، "یەهوەی-ئیلۆهیم" خودای بنی ئیسرائیل مۆڵەتی پێ دەدات پەرستگای خودا "هەیکەل"ی بۆ درووست بکات. سلێمان کەسێکی خاوەن ژیری و حیکمەت بووە (پەرتووکێکی هەیە لە پەرتووکی پیرۆز، بەناوی پەندەکانی سلێمان کە ٣١ بەشە)، وە پەرتووکێکی تری هەیە

به ناوی (سروودی سروودەکان). سلێمان بۆ بەرقەراکردنی ئاشتی وە بە هۆی ئەوەی مێبازێکی پلەیەك بووە، ژن لە میللەتە بتپەرستەکان دەهێنێت.

یەکێك لە ژنەکانی کچی فیرعەون دەبێت، وە سلێمان ٧٠٠ ژن و ٣٠٠ کەنیزەی دەبێت ( پەرتووکی ملوك الاول)

وە بۆ ماوەیەك "بعل" کە خودای کەنعانیەك بوو، دەپەرستێت. وە لە ناو مەمللەکەتەکەی پەرستگا بۆ خوداوەند و بتی میللەتە بتپەرستەکان دەکاتەوە.

بەڵام لە پەرتووکی پیرۆز سلێمان پیغەمبەر نییە، بەڵکو تەنها پادشایەکە. لە سەردەمی داود و سلێمان،کەسێك بە ناوی ناثان پێغەمبەر بوو.

وە ئەوەی لە قورئان هاتووە، سەبارەت بەوەی سلێمان شەیتانی و جنۆکە کاریان بۆی کردووە و پەپوو سلیمانە(هدهد) و مێرووله قسەیان لەگەڵیدا کردووە، وە هێنانی تاج و تەختی ژنە پادشای سبأ لە لایەن عفریتێکەوە و ڕام هێنانی با و، هتد،، سەرتاپای خورافەن کە لە تەوراتدا بوونی نییە. بەڵکو لە چیرۆکی خورافی یەهوودیەکانەوە وەرگیراوە کە لە دورگەی عەرەبی بوونی هەبووە.

وەك ئەوەی ئیمڕۆ پێغەمبەرێك سەرهەڵبدات و دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکەی سەبارەت بە محمد، لە پەرتووکی خورافی موسڵمانان کە نووسیوویانە سەبارەت بە ئیسرا و میعراج وەربگرێت. وە لە پەرتووکەکەی ئاماژە بەوە بکات کە محمد بە کەرێکی باڵدار بۆ قودس و لەوێوە بۆ ئاسمانەکان فڕیووە.

محمد زۆر سەرسامی سلێمان بووە، وە لە زۆر شتدا لاسایی سلێمانی کردۆتەوە،وەک:

یەکەم: سلێمان مێبازێك و گانکەرێکی نەقۆڵا بووە. لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

قَالَ سُلَيْمَانُ لَأَطُوفَنَّ اللَّيْلَةَ عَلَى تِسْعِينَ امْرَأَةً، كُلُّهُنَّ تَأْتِي بِفَارِسٍ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، فَقَالَ لَهُ صَاحِبُهُ: قُلْ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، فَلَمْ يَقُلْ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، فَطَافَ عَلَيْهِنَّ جَمِيعًا فَلَمْ تَحْمِلْ مِنْهُنَّ إِلَّا امْرَأَةٌ وَاحِدَةٌ جَاءَتْ بِشِقِّ رَجُلٍ

سلێمان گوتی، دەبێت ئەم شەوگان لەگەڵ ٩٠ ژن بکەم، وە هەر هەموویان کوڕێکی سوارچاکیان ببێت کە جیهاد لە پێناو اللە بکەن، هاوڕێکەی (فریشتە) پێی گوت: بڵێ ان شاء اللە، ئەوەبوو سلێمان نەیگوت. گانی لەگەڵ هەموو ژنەکان کرد، وە هیچیان دووگیان نەبوون، تەنها دانەیەکیان نەبێت کە ئەویش منداڵێکی بوو نیوەی مرۆڤ بوو.

وە لە فەرموودەیەك هاتووە، دەڵێت ١٠٠ ژن.

نیووە مرۆڤێکی دەبێت، دیارە نیووەکەی تری جنۆکە بووە. فەرموودەیەك لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە، محمد گوتوویەتی:

لَوْ أَنَّ أَحَدَهُمْ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ قَالَ بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا، فَإِنَّهُ إِنْ يُقَدَّرْ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ فِي ذَلِكَ لَمْ يَضُرَّهُ شَيْطَانٌ أَبَدًا

هۆی پیاوانی موسڵمان ئەگەر ژنەکانتان گا، ئەوا بڵێن، بە ناوی اللە، اللە شەیتان، لە ئێمە و ئەوەی لە ئاکامی ئەو گانە پێمان دەبەخشیت بە دووربگرە، وە ئەگەر هاتوو کوڕێکیان بوو، ئەوا شەیتان ناتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت

واتە هەرکە پیاو چووکی خستە زێی ژنەکەی، دەبێت بڵێت بسم اللە و دوعاکە بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر ژنەکە دووگیان بوو شەیتان زیان بە منداڵەکە نەگەیەنێت.

ئەی ئەگەر نەیگوت بسم اللە و نیزاکەی نەکرد؟

ابن حجر لە فتح الباری دەڵێت، مجاهید گوتوویەتی:

أن الذي يجامع ولا يسمي يلتف الشيطان على إحليله فيجامع معه

ئەو پیاوەی کە لەگەڵ ژنەکەی جووت دەبێت و ناڵێت بسم اللە، ئەوا شەیتان خۆی لە چووکی لوول دەدات و لەگەڵ ژنەکەی جووت دەبێت.

وە لە سنن ابی داود، ڕیوایەتێك هاتووە، عائشة دەڵێت، پێغەمبەر گوتی:

هَلْ رُئِيَ أَوْ كَلِمَةً غَيْرَهَا فِيكُمْ الْمُغَرِّبُونَ قُلْتُ وَمَا الْمُغَرِّبُونَ قَالَ الَّذِينَ يَشْتَرِكُ فِيهِمْ الْجِنُّ

ئایا نامۆکان (دوورەگەکان) لە نێوانتان دەبینرێت؟ گوتم ئەی پێغەمبەر "نامۆکان" چین؟ گوتی ئەوانەی جنۆکە تیایاندا بەشدارە.

واتە، مرۆڤ و جنۆکەن.

العظیم آبادی لە عون المعبود، بۆ لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیەی ابو داود،ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکات، کە گوتوویەتی:

هل تحس منکن امرأة أن الجن تجامعها

واتە، ئەی ژنان هەست دەکەن کە جنۆکە لەگەڵتاندا جووت دەبن؟

وە شیخی سەلەفیەکان، ابن تیمیة، لە مجموع فتاوی، دەڵێت:

قَدْ يَتَنَاكَحُ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ وَيُولَدُ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ وَهَذَا كَثِيرٌ مَعْرُوفٌ وَقَدْ ذَكَرَ الْعُلَمَاءُ ذَلِكَ وَتَكَلَّمُوا عَلَيْهِ.

وە مرۆڤ و جنۆکە یەکتر دەگێن، وە منداڵ لە نێوانیان دەبێت، وە ئەوە شتێکی ناسراوە و زانراوە، وە زانایانی ئیسلام ئاماژەیان بەم ڕاستیە کردووە ،وە قسەیان لەسەری کردووە.

السیوطی لە الدر المنثور و البغوی لە معالم التنزیل و السمعانی لە تفسیر السمعانی هتد:

ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك کردووە، کە پیاوێك هاتووە بۆ لای ابن عباس، پرسیاری لێی کردووە و گوتوویەتی:

إِن امْرَأَتِي استيقظت وَكَأَن فِي فرجهَا شعلة نَار قَالَ ذَاك من وطء الْجِنّ قَالَ فَمن أَوْلَادهم؟ قَالَ هَؤُلَاءِ المخنثون

ژنەکەم لە خەو هەڵسا، وەك ئەوەی نێوگەڵی گڕێك بوو لە ئاگر، ابن عباس گوتی ئەوە جنۆکە گاویانە، پیاوەکە گوتی: ئەی کێن منداڵەکانیانن؟ ابن عباس گوتی: نێرەمووکەکان.

کەواتە دەبێت سلێمان نێرەمووکێکی بووبێت بە هۆی ئەوەی نەیگوتووە بسم الله و ان شاء الله.

وە محمد بە هەمان شێوەی سلێمان لە شەوێکدا (وە لە فەرموودەیەکدا هاتووە دەڵێت، لە یەك کاتژمێری شەوێکدا) گانی لەگەڵ هەموو ژنەکانیدا کردووە. لە صحیح البخاری و مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، کە انس بن مالك (خزمەتکاری محمد بوو) دەڵێت:

أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَطُوفُ عَلَى نِسَائِهِ فِي اللَّيْلَةِ الْوَاحِدَةِ وَلَهُ يَوْمَئِذٍ تِسْعُ نِسْوَةٍ

پێغەمبەر لە شەوێکدا گانی لەگەڵ هەموو ژنەکانی دەکرد، وە ئەوکات نۆ ژنی هەبوو.

وە لە صحیح البخاری، ڕیوایەتێکی تر هاتووە، کە قتادة دەڵێت، انس بن مالك گوتی:

كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدُورُ عَلَى نِسَائِهِ فِي السَّاعَةِ الْوَاحِدَةِ مِنْ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُنَّ إِحْدَى عَشْرَةَ قَالَ قُلْتُ لِأَنَسٍ أَوَكَانَ يُطِيقُهُ قَالَ كُنَّا نَتَحَدَّثُ أَنَّهُ أُعْطِيَ قُوَّةَ ثَلَاثِينَ وَقَالَ سَعِيدٌ عَنْ قَتَادَةَ إِنَّ أَنَسًا حَدَّثَهُمْ تِسْعُ نِسْوَةٍ

پێغەمبەر بە سەر ژنەکانیدا دەسووڕایەوە (بۆ گانکردن) لە یەك کاتژمێری شەو و ڕۆژێکدا، وە ئەوکات ژمارەی ژنەکانی یانزدە ژن بوون، قتادە دەڵێت، لە ئەنەسم پرسی ئایا پێغەمبەر دەیتوانی و ئەو توانایەی هەبوو؟ انس لە وەڵامدا گوتی، ئێمە پێمان وابوو کە پێغەمبەر هێزی سی پیاوی پێدرابوو.

وە لە فەرموودەیەك هاتووە، کە هێزی ٤٠ پیاوی پێدرابوو.

ابن حجر لە فتح الباری، دەڵێت پیغەمبەر گوتوویەتی:

أعطيت قوة أربعين في البطش والجماع " وعند أحمد والنسائي وصححه الحاكم من حديث زيد بن أرقم رفعه " إن الرجل من أهل الجنة ليعطى قوة مائة في الأكل والشرب والجماع والشهوة " فعلى هذا يكون حساب قوة نبينا أربعة آلاف

هێزی چل پیاوم پێدراوە لە زەبروزەنگ و گانکردندا، وە هەروەها فەرموودەیەك کە لە احمد و النسائی هاتووە، وە الحاکم بە صحیحی داناوە هاتووە، کە پیغەمبەر گوتوویەتی: پیاوی بەهەشت هێزی ١٠٠ پیاوی پێ دەدرێت لە خواردن و خواردنەوە و شەهوەت و گانکردن.

وە ابن حجر دەڵێت، لەسەر بنەمای ئەوە ئەوا هێزی گانکردنی پێغەمبەرمان هێزی چوار هەزار پیاو بووە.

واتە محمد وەك سلێمان گانکەرێکی نەقۆڵا بووە.

دووەم: جنۆکە و شەیتان و عفریت.

سەبارەت بە سلێمان قورئان لە چەندەها سوورەت دەڵێت، کە جنۆکەکان و شەیتانەکان و عفریتەکان بۆ سلێمان دەستەمۆ بوون و کاریان بۆ سلێمان دەکرد.

ئایەتی ١٢ سوورەتی سبأ دەڵێت:

وَمِنَ الْجِنِّ مَنْ يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِ

وە لە جنۆکەکان هەبوو کە کاریان بۆ سلێمان دەکرد بە مۆڵەتی خوداکەی.

ئایەتی ١٣ سوورەتی السبأ دەڵێت:

يَعْمَلُونَ لَهُ مَا يَشَاء مِن مَّحَارِيبَ وَتَمَاثِيلَ وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ

وە سلێمان هەرشتێکی لە مینبەری بەرز و پەیکەر و لەگونی (حەوز) گەورە و مەنجەڵی زەبەلاح بویستایە جنۆکەکان بۆیان درووستدەکرد.

ئایەتی ٨٢سوورەتی الانبیاء دەڵێت:

وَمِنَ الشَّيَاطِينِ مَنْ يَغُوصُونَ لَهُ وَيَعْمَلُونَ عَمَلًا دُونَ ذَلِكَ

وە لە شەیتانەکان هەبوو قووڵە مەلەیان بۆی دەکرد بۆ ژێر دەریاکان، وە هەندێکیان کاری دیکەیان بۆی دەکرد.

ئایەتی ١٧ سوورەتی النمل دەڵێت:

وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ

وە بۆ سلێمان سەربازەکانی لە جنۆکە و مرۆڤ کۆدەکرایەوە.

ئایەتی ٣٩ سوورەتی النمل دەڵێت:

قَالَ عِفْرِيتٌ مِنَ الْجِنِّ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ تَقُومَ مِنْ مَقَامِكَ وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ

عفریتێك لە جنۆکەکان (واتە جنۆکەیەکی زەبەلاح)، بە سلێمانی گوت من تاج و تەختی ژنەپادشای سەبەئت بۆ دێنم پێش ئەوەی لە جێگاکەت هەڵسیتەوە، وە من بەهێزم و دەستپاکم.

وە زۆر دەقی تر کە هیچی لەم ترِوهات و خورافانە لە پەرتووکی پیرۆزی جووەکاندا نییە، لە پەیوەست بە سلێمان. نووسەری قورئان سەرتاپای ئەم خورافاتانەی لە خورافەی باوی دوورگەی عەرەب و جووەکانی دوورگەی عەرەب وەرگرتووە.

محمد بە هۆی ئەوەی سەرسامی  ئەم چیرۆکە خورافیانەی سلێمان بووە، خۆی کردووە بە پێغەمبەری جنۆکە و شەیتانەکان و مرۆڤ.

هەر لەبەر ئەوە یەك سوورەتی کامل و تەواو لە قورئاندا هەیە بە ناوی سوورەتی جنۆکە، کە ئایەتی ١-٢ دەڵێت:

قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا

يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا

ئەی محمد بڵێ وەحیم بۆ هاتووە کە کۆمەڵێك لە پیاوانی جنۆکە گوێیان لە قورئان خوێندنم بوو، گوتیان هەر بە ڕاستی گوێمان لە قورئانێکی سەمەرە بوو.

کە ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست، ئەوەبوو باوەڕمان پێیهێنا (بە محمد و قورئان) وە هیچیتر شرك بە الله ناکەین.

ئەوەی ڕاستی بێت محمد تەنها لە ماوەی مەککە بۆ دڵدانەوەی خۆی ئاماژەی بە جنۆکە و ئیمانهێنانی جنۆکە کردووە، کاتێك کۆچ دەکات بۆ مەدینە و سوپای دەبێت و غنیمە و ژن بەدەست دەهێنێت، لە کولەکەی تەڕیش ئاماژە بە جنۆکە ناکات و ئاگای لە جنۆکە نامینێت.

لە صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە ابو درداء دەڵێت:

قَامَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَمِعْنَاهُ يَقُولُ أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ ثُمَّ قَالَ أَلْعَنُكَ بِلَعْنَةِ اللَّهِ ثَلَاثًا وَبَسَطَ يَدَهُ كَأَنَّهُ يَتَنَاوَلُ شَيْئًا فَلَمَّا فَرَغَ مِنْ الصَّلَاةِ قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدْ سَمِعْنَاكَ تَقُولُ فِي الصَّلَاةِ شَيْئًا لَمْ نَسْمَعْكَ تَقُولُهُ قَبْلَ ذَلِكَ وَرَأَيْنَاكَ بَسَطْتَ يَدَكَ قَالَ إِنَّ عَدُوَّ اللَّهِ إِبْلِيسَ جَاءَ بِشِهَابٍ مِنْ نَارٍ لِيَجْعَلَهُ فِي وَجْهِي فَقُلْتُ أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ قُلْتُ أَلْعَنُكَ بِلَعْنَةِ اللَّهِ التَّامَّةِ فَلَمْ يَسْتَأْخِرْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ أَرَدْتُ أَخْذَهُ وَاللَّهِ لَوْلَا دَعْوَةُ أَخِينَا سُلَيْمَانَ لَأَصْبَحَ مُوثَقًا يَلْعَبُ بِهِ وِلْدَانُ أَهْلِ الْمَدِينَةِ

پێغەمبەری الله دەستی بە نوێژکردن کرد، وە گوێمان لێبوو لە کاتی نوێژکردن دەیگوت:"پەناگە دەبەم بۆ الله لە تۆ"، ئینجا گوتی" نەفرەتت لێ دەکەم بە نەفرەتی الله" سێ جار وایگوت، ئینجا دەستی درێژ کرد وەك ئەوەی

بیەوێت شتێك بگرێت. کاتێك لە نوێژەکە تەواو بوو گوتمان ئەی پێغەمبەری اللە گوێمان لێبوو لە کاتی نوێژکردن قسەیەکت دەکرد پێشوو گوێمان لێت نەببوو وابڵێیت، وە بینیمان دەستت درێژ کرد، گوتی دوژمنی اللە، ئیبلیس، بە بڵێسەیەك ئاگرەوە هات، ویستی بیخاتە نزیك دەموچاوم، منیش سێ جار گوتم پەناگە دەبم بۆ اللە لە تۆ، ئینجا گوتم نەفرەتت لێ دەکەم بە نەفرەتی اللە، ئەوەبوو سێ جار وام گوت، بەڵام نەڕۆیشت و پاشەکشەی نەکرد، ویستم بیگرم، سوێند بە اللە ئەگەر داواکەی سلێمانی برام نەبوایە ئەوا دەمگرت و لە یەکێك لە ستوونەکانی مزگەوت دەمبەستەوە بۆ ئەوەی منداڵانی مەدینە یاریان لەگەڵدا بکردایە.

لە کاتێکدا قورئان دەڵێت شەیتانەکان لە ژێر فەرمانی سلێمان کاریان دەکرد، محمد دەڵێت شەیتانەکەم ئیمانی پێمهێنا و بوو بە موسڵمان و فەرمانی باشەی پێم دەکرد.

لە صحیح مسلم، فەرمودەیەك هاتووە، محمد دەڵێت:

ما مِنكُم مِن أحَدٍ، إلَّا وقدْ وُكِّلَ به قَرِينُهُ مِنَ الجِنِّ قالوا: وإيَّاكَ؟ يا رَسولَ اللهِ، قالَ: وإيَّايَ، إلَّا أنَّ اللَّهَ أعانَنِي عليه فأسْلَمَ، فلا يَأْمُرُنِي إلَّا بخَيْرٍ

هیچ کەسێکتان نییە کە یاوەرێکی جنۆکەی نەبێت، یاوەرەکان گوتیان تۆش ئەی پێغەمبەری اللە؟ گوتی منیش، بەڵام اللە پشتیوانی کرد و یارمەتی دام تاوەکو کردمان بە ئیسلام، وە فەرمانی هیچم پێناکات تەنها چاکە نەبێت.

وە لە صحیح مسلم،ڕیوایەتێك هاتووە، عائیشة دەڵێت:

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَقَدْ جَاءَكِ شَيْطَانُكِ قَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَوْ مَعِيَ شَيْطَانٌ قَالَ نَعَمْ قُلْتُ وَمَعَ كُلِّ إِنْسَانٍ قَالَ نَعَمْ قُلْتُ وَمَعَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ نَعَمْ وَلَكِنْ رَبِّي أَعَانَنِي عَلَيْهِ حَتَّى أَسْلَمَ

پێغەمبەر پێیگوت ئەی عائیشە، ئەوە شەیتانەکەت هاتۆتە لات؟ گوتم ئەی پێغەمبەری الله ئایا شەیتان لەگەڵمدایە؟ گوتی بەڵێ. گوتم شەیتان لەگەڵ هەموو مرۆڤێکە؟ گوتی بەڵێ، گوتم لەگەڵ تۆش؟ گوتی بەڵێ، بەڵام خوداکەم پشتیوانی کردم تاوەکو بوو بە ئیسلام.

هەروەك ڕوونە محمد، وەك هەر کەسێکی تر شەیتانێك یاوەری بووە، بەڵام دواتر شەیتانەکەی محمد، بە یارمەتی الله، شایەتمانی هێناوە و ئیسلام بووە، وە تەنها فەرمانی باشەی بە محمد کردووە.

قورئان لە ئایەتی ٢٧ سوورەتی ق، دەڵێت:

قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِنْ كَانَ فِي ضَلالٍ بَعِيدٍ

یاوەرەکەی لە شەیتانەکان گوتی خوداکەمان من تووشی سەرکێشیم نەکرد بەڵکو خۆی تووشی گومڕاییەکی دوور هاتبوو.

الطبری لە شرۆڤەی ئەم دەقە دەڵێت:

قَالَ قَرِينُ هَذَا الْإِنْسَانِ الْكَفَّارِ الْمَنَّاعِ لِلْخَيْرِ، وَهُوَ شَيْطَانُهُ الَّذِي كَانَ مُوَكَّلًا بِهِ فِي الدُّنْيَا

واتە، یاوەری ئەو مرۆڤە کافرە کە ڕێگری چاکەیە، ئەو شەیتانەیە کە لە دونیا بۆی دانرابوو.

واتە مرۆڤی کافر شەیتانێکیان لەگەڵدا دەبێت لە دونیا.

دیارە محمد، کافر بووە، تا ئەوکاتەی شەیتانەکەی کردووە بە ئیسلام، لەبەر ئەوە "قرین" یاوەرێکی لە شەیتان لەگەڵدابووە. تکبیر اللّٰه اکبر.

فەرموودە و ڕیوایەتەکان سەبارەت بە شەیتان ئێجگار زۆرن، وە ئەگەربمەوێت لەسەری بنووسم ئەوا دەبێت چەند بەرگێك بنووسم.

سێهەم: سلێمان و ئاژەڵ ( هد هد و مێروو)

لە قورئاندا هاتووە، کە سلێمان قسەی لەگەڵ پەپووسلێمانی "هدهد" و مێروو کردووە.

ئایەتی ١٦ النمل، دەڵێت:

يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنْطِقَ الطَّيْرِ

(سلێمان) گوتی، ئەی خەڵکینە ئێمە فێرە زمانی باڵندەکان کراوین.

ئایەتی ١٧ سوورەتی النمل:

وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِنِّ وَالإنسِ وَالطَّيْرِ

وە بۆ سلێمان کۆدەکرایەوە سەربازەکانی لە جنۆکە و مرۆڤ و باڵندە.

له ئایەتی ٢٣-٢٤ سوورەتی النمل، هودهود قسە لەگەڵ سلێمان دەکات و دەڵێت:

إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ

وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ اللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ فَهُمْ لا يَهْتَدُونَ

له ڕاستیدا من ژنێکم دۆزیەوە کە فەرمانڕەواییان دەکات، وە هەموو شتێکی بۆ فەراهەم کراوە، وە تاج و تەختێکی مەزنی هەیە.

بینیم کە ئەو ژنە و میللەتەکەی جگە لە الله، خۆر دەپەرستن، وە شەیتان کارەکانیانی ڕازاندۆتەوە بە شێوەیەك کە دووری خستونەتەوە لە ڕێگای الله، لەبەر ئەوە ڕێنمایی نەکراون.

له ئایەتی ،٢٧ سلێمان وەڵامی هودهود دەداتەوە و دەڵێت:

قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْكَاذِبِينَ

چاوەڕێ دەکەین ئەی هودهود، بزانین ڕاستدەکەیت یان تۆ لە درۆزنەکانی.

هەروەك ڕوونە گفتووگۆ لە نێوان هودهود و سلێمان ڕوویداوە.

ئەوەی سەیرە هودهود زمانی عیبری زانیووە، وە زمانی خەڵکی سبأی زانیووە، واتە فرەزمان بووە.

ئایەتی١٦ سوورەتی النمل، دەڵێت: سلێمان بە خەڵکەکەی گوت ئەی خەڵکینە ئێمە فێرە زمانی باڵندە کراوین.

بەڵام دوو ئایەت دواتر (ئایەتی ١٨-١٩)، نووسەری قورئان ئایەتی ١٦ لەبیردەکات و دەڵێت سلێمان لە قسەی مێروو تێگەیشتووە، دەڵێت:

حَتَّى إِذَا أَتَوْا عَلَى وَادِي النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لا يَشْعُرُونَ

فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا

تاوەکو سلێمان و سوپاکەی هاتن بۆ دۆڵی مێروو، مێroویەکیان گوتی، ئەی مێرووەکان بڕۆنەوە لانەکانتان، نەکا سلێمان و سەربازەکانی پانتان کەنەوە لە کاتێکدا هەست ناکەن.

ئەوەبوو سلێمان بەم قسەی مێرووەکە پێکەنی.

واتە، سلێمان لە قسەی مێروو تێگەیشتووە.

ئەوە ناکۆکیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە. چونکە لە ئایەتی ١٦ دەڵێت، سلێمان تەنها لە زمانی باڵندە تێدەگەیشت، بەڵام لە ئایەتی ١٨ دەڵێت، لە زمانی مێروو تێگەیشتووە.

کەواتە ئەوە یان فەڵتەیەکی نووسەری قورئانە، وە یان لە ڕوانگەی قورئانەوە مێروو باڵندەیە.

ئەی موسڵمانان هەر کامیان لەم دوو هەڵبژاردەیە هەڵدەبژێرن هەڵیبژێرن و ئازاد بن ، بەڵام وەڵامەکەی هەر کامێکیان بێت کارەساتە.

لە سوورەتی النمل، وەڵام بە گاڵتەجاڕی ئیعجازی مێروو دەدەمەوە.

لەگەڵ ئەوەش کە قورئان نەفی ئەوە دەکاتەوە کە محمد موعجیزەی هەبووبێت، بەڵام سەرچاوە ئیسلامیەکان هەزارەها موعجیزەیان بۆ محمد خولقاندووە، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند دانەیەك دەکەم:

لە صحیح البخاری و مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

بيْنَا رَجُلٌ يَسُوقُ بَقَرَةً إذْ رَكِبَهَا فَضَرَبَهَا، فَقالَتْ: إنَّا لَمْ نُخْلَقْ لِهذا، إنَّما خُلِقْنَا لِلْحَرْثِ فَقالَ النَّاسُ: سُبْحَانَ اللَّهِ بَقَرَةٌ تَكَلَّمُ، فَقالَ: فإنِّي أُومِنُ بهذا، أنَا وأَبُو بَكْرٍ، وعُمَرُ، - وما هُما ثَمَّ - وبيْنَما رَجُلٌ في غَنَمِهِ إذْ عَدَا الذِّئْبُ، فَذَهَبَ منها بشَاةٍ، فَطَلَبَ حتَّى كَأنَّهُ اسْتَنْقَذَهَا منه، فَقالَ له الذِّئْبُ هذا: اسْتَنْقَذْتَهَا مِنِّي، فمَن لَهَا يَومَ السَّبُعِ، يَومَ لا رَاعِيَ لَهَا غيرِي فَقالَ النَّاسُ: سُبْحَانَ اللَّهِ ذِئْبٌ يَتَكَلَّمُ، قالَ: فإنِّي أُومِنُ بهذا أنَا وأَبُو بَكْرٍ وعُمَرُ

پیاوێك سواری مانگایەك بوو و لێیدەدا، مانگا گوتی ئێمە بۆ ئەوە دروستنەکراوین، بەڵکو بۆ جووت و کێڵان درووستکراوین، خەڵکەکە گوتیان سبحان الله مانگا قسە دەکات؟ پێغەمبەر گوتی لە ڕاستیدا من بڕوام بەوە هەیە کە مانگا قسە بکات، وە هەروەها ابو بکر و عومەریش.

وە هەروەها کاتێك پیاوێك لە لای مەڕەکانی بوو، گورگێك هات و پەلاماری مەڕێکی دا و بردی، شوانەکە بەدوای کەوت و ویستی مەڕەکە لە گورگەکە

بسێنێتەوە، گورگەکە گوتی ئیمرۆ تۆ لە دەستم ڕزگاریدەکەیت ئەی لە دەشتودەر کاتێك شوانی لێنییە کێ لە دەستم ڕزگاریدەکات؟ یاوەرەکان گوتیان سبحان الله گورگ قسە دەکات؟ پێغەمبەر گوتی من و ابوبکر و عمر بڕوا دەکەین کە گورگ قسە بکات.

لە مسند احمد ڕیوایەتێك هاتووە، کە گورگێك دان بە پێغەمبەرایەتی محمد دەنێت. ڕیوایەتەکە دەڵێت، گورکێك مەڕێك لە شوانێك دەبات، شوانەکە مەڕەکە لە گورگەکە دەسێنێتەوە، گورگەکە لەسەر کلکی دادەنیشێت و بە زمانێکی عەرەبی ڕەوان قسە لەگەڵ شوانەکە دەکات، شوانەکە دەڵێت:

کە سەیرە گورگ وەك مرۆڤ قسە دەکات! گورگەکە گوتی: ئەی لەوە سەیرترت پێ بڵێم؟ ئەوە محمد وا لە یثریب (مدینة) هەواڵی نەوەکانی پێشوو بە خەڵك ڕادەگەیەنێت. ئەوەبوو شوانەکە بە مەڕەکانیەوە گەیشتە مەدینە و مەڕەکانی لە لایەکی مەدینە دانا و هات بۆ لای پێغەمبەر، ڕواداوەکەی بە پێغەمبەر گوت. پێغەمبەر بە بانگدەری گوت خەڵك لە مزگەوت بۆ نوێژکردن بانگ بکات. کاتێك خەڵك کۆبوونەوە، پێغەمبەر بە شوانەکەی گوت ڕووداوەکە بۆ خەڵك بگێڕێتەوە، کاتێك گێڕایەوە پێغەمبەر گوتی ڕاستدەکات، وە سوێند بەوەی گیانی محمدی بەدەستە ڕۆژی قیامەت نایەت تاوەکو گورگ وەك مرۆڤ قسە نەکەن.

وە ابو نعیم لە دلائل النبوة و ابن کثیر لە البداية و النهاية، ڕیوایەتێکی درێژ دەگێڕنەوە کە محمد ئاسکێکی مێینە لە دەستی خانەوادەیەکی کۆچەر ڕزگار دەکات، خانەوادەکە ئاسکەکەیان گرتووە و دەیانەوێت سەریببڕن،

ئاسکەکە داوا لە محمد دەکات کە داوایان لێبکات بە شێوەیەکی کاتی ئازادی بکەن، بۆ ئەوەی بچێت شیر بە بێچووەکانی بدات. ئینجا ڕیوایەتەکە دەڵێت:

فَأَطْلَقَهَا فَخَرَجَتْ تَعْدُو فِي الصَّحْرَاءِ فَرَحًا، وَهِيَ تَضْرِبُ بِرِجْلَيْهَا فِي الْأَرْضِ وَتَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّكَ رَسُولُ اللَّهِ

پێغەمبەر ئازادی کرد، وە ئاسکەکە بە بیاباندا بە خۆشیەوە ڕایدەکرد و جووتکەی دەهاویشت و دەیگوت:

هیچ خودایەك نییە تەنها اللە نەبێت، وە تۆ ئەی محمد، پێغەمبەری اللەیت.

وە هەروەها ڕیوایەت هەیە کە وشتر کڕنۆشی بۆ محمد بردووە.

وە محمد و یعفور، ابن كثير لە البداية و النهاية، بەشێکی تایبەتی تەرخان کردووە لە ژێر ناوی "حديث الحمار"واتە "فەرموودەی کەرەکە" کە ناوی یعفور بووە و محمد قسەی لەگەڵدا کردووە، ڕیوایەتەکە دەڵێت:

کاتێك اللە فەتحی یەکێك لە شوراکانی خەیبەری بۆ پێغەمبەرەکەی کرد، بەشە غەنیمەی پێغەمبەر، چوار جووت نەعل و چوار جووت گۆرەوی و دە ئۆقیە زێڕ و زیو و کەرێکی ڕەش و خاکەنازێك بوو.

پێغەمبەر قسەی لەگەڵ کەرەکە کرد و کەرەکە قسەی لەگەڵ پێغەمبەر کرد. پێغەمبەر لە کەرەکەی پرسی: ناوت چییە؟

کەرەکە گوتی: یزید کوڕی شەهاب، اللە شەشت نەوەی لە باپیرە گەورەمەوە هێناوەتە ئاراوە، هەر هەموویان پێغەمبەران سواریان بوو، لە نەوەکانی باپیرەم کەس نەماوە تەنها من نەبم، وە لە پێغەمبەران کەس نەماون تەنها تۆ نەبێت، لەبەر ئەوە پێموابێت دەبێت سوارم بیت، لە پێش تۆ من کەری پیاوێکی جوو بووم، بە مەبەستەوە ساتمەم دەکرد و بەرم دەدایەوە، وە پیاوە جووەکە لێی دەدام و برسی دەکردم.

پێغەمبەر گوتی ئەوە ناوم کردی بە یعفوور. کەرەکە گوتی، بەخوڵامت بم.

پێغەمبەر گوتی، ئەی یەعفوور، دڵت  بۆ ماکەر ناچێت؟

یعفوور گوتی، نەخێر ئەی پێغەمبەری اللە.

وە هەر کاتێك پێغەمبەر پیویستی بەکەسێك بووایە ئەوا یعفووری بەدوای کەسە دەنارد و یعفوور بە کەلەسەری لە دەرگای کەسەکەی دەدا، کاتیک کەسەکە دەرگای دەکردەوە، یعفوور سەری دەلەقاند، کە وەرە بۆ لای پێغەمبەر پیویستی پێتە و داوات دەکات.

کاتێك پێغەمبەر مرد، یعفوور زۆر  نیگەران بوو، چوو لە بیری ابي هیثم کوڕی نبهان، خۆی فڕێ دایە بیرەکەوە و مرد ، بیرەکە بوو بە گۆڕی.(تەواو)

هەڵبەتە یعفوور ناچێتە بەهەشتەوە و دۆزەخی دەبێت، چونکە بە فەرموودەی صحیح هاتووە، هەر کەسێك خۆی بکوژێت ئەوا دۆزەخی دەبێت.

انا لله وانا اليه راجعون.

تەنانەت اللّەی عەرەب و ئیسلام، لە ئایەتی ٨٢ سوورەتی النمل، دەڵێت، لە سەرووبەندی ڕۆژی قیامەت ئاژەڵێك لە زەوی دەردەکەین کە قسە لەگەڵ خەڵك بکات. ئایەتەکە دەڵێت:

وَإِذَا وَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَابَّةً مِّنَ الْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ النَّاسَ كَانُوا بِآيَاتِنَا لَا يُوقِنُونَ

وە کاتێك کاتی بڕیارەکەمان هاتە دی ئەوا ئاژەڵێکیان لە زەوی بۆ دەردەکەین و قسەیان لەگەڵدا دەکات و دەڵێت: خەڵك بە نیشانەکانی ئێمە نەدەترسان.

ئەو دەعبایە (دڕندەیە) دڕندەیەکی زۆر سەیروسەمەرەیە (لە بابەتی سوورەتی النمل، گفتووگۆی لەسەر دەکەین)

ئەوەی سەیرە ئەو درەندەیە بە خەڵك دەڵێت: خەڵك بە نیشانەکانی ئێمە نەدەترسان.

واتە ئەم دڕندەیە، وەك اللّە قسە دەکات، چونکە دەڵێت، نیشانەکانی ئێمە.

پرسیارێك: کە اللّە شێوەی شەیتانی گۆڕی بۆ شێوەی سلێمان و دەسەڵاتی مەملەکەتی کەوتە دەست، ئایا شەیتان لەگەڵ ژنەکانی سلێمان جووت دەبوو؟ چونکە ٧٠٠ ژن و ٣٠٠ کەنیزەی هەبوو.

## ئایەتی ٣٥

قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَهَبْ لِي مُلْكًا لَّا يَنبَغِي لِأَحَدٍ مِّنْ بَعْدِي إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ

دوای ئەوەی الله سلێمان لە خشتە دەبات و تاقیدەکاتەوە بە فڕێدانی لاشەی شەیتانێك لەسەر تاج و تەختەکەی، سلێمان نیزا دەکات و دەڵێت:

خوداکەم دەسەڵاتم پێ ببەخشە کە هیچ کەسێك لە دوای من ئەم دەسەڵاتەی نەبێت، تۆ هەر خۆت پێدەریت.

## ئایەتی ٣٦-٤٠

الله اكبر، وەڵام بە نیزا و داواکەی سلێمان دەداتەوە و چەند دەسەڵاتێکی پێ دەبەخشێت:

فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ رُخَاءً حَيْثُ أَصَابَ، وَالشَّيَاطِينَ كُلَّ بَنَّاء وَغَوَّاصٍ، وَآخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِي الْأَصْفَادِ، هَذَا عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ،وَإِنَّ لَهُ عِندَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ.

واتە: بای شێنەییمان بۆ سلێمان دەستەمۆکرد، کە بەفەرمانی سلێمان هەڵیدەکرد بۆ ئەو شوێنەی کە سلێمان بویستایە بۆی بچێت، وە هەروەها شەیتانەکانمان بۆی دەستەمۆ کرد،کە هەموو جۆرە بینایەکیان بۆی درووستدەکرد، وە هەندێکی شەیتان مەلەیان بۆی دەکرد بۆ ژێر دەریاکان، وە شەیتانەکانی ترمان کۆتووبەند و زنجیر کرد.

ئینجا دەڵێت: ئەی سلێمان ئەوە بەخشین و پێدانی ئێمەیە بۆ تۆ، جا تۆش بیبەخشە، وەیان دەستی پێوە بگرە بە بێ حیساب.

ئینجا دەڵێت: سلێمان لە ئێمەوە نزیکە، وە جێگایەکی باشی لە بەهەشت دەبێت.

لەم پێنج ئایەتەدا، اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، چەند ئیمتیازاتێکم داوە بە سلێمان، وەك:

یەکەم: بای شێنەییمان بۆ سلێمان دەستەمۆ کرد، هەر کاتێك سلێمان بیەوێت فەرمان بە با دەکات، وە با هەڵدەکات، وە سلێمان بۆ ئەو شوێنە دەبات کە دەیەوێت.

دووەم: کۆمەڵێك شەیتانی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی سلێمانەوە، وە ئەو شەیتانانە لە دوو جۆر کاردا لێهاتوون: بیناسازی و مەلەی قووڵ بۆ ژێر دەریا.

سێهەم: هەندێك لە شەیتانە ساختەچیەکانی بۆ سلێمان کۆت و بەند کردووە.

وە هەروەك قسەمان لەسەر کرد، سلێمان وەك میرات لە داودی باوکیەوە هەندێك توانایی و ئیمتیازاتی بۆ مابۆوە، وەك:

یەکەم: ئاخاوتن لەگەڵ باڵندە.

دووەم: ئاخاوتن لەگەڵ مێروو.

سێهەم: بەشێك لە سەربازەکانی جنۆکە بوون.

چوارەم : عفریت کە جنۆکە و شەیتانی زەبەلاحن لە ژێر فەرمانی سلێمان بوون.

پێنجەم: هەندێك لە جنۆکەکان، ستوونی بەرز و پەیکەر و لەگەنی گەورە و دەفری گەورەیان بۆ سلێمان درووستکردووە.

وە اللّٰەی عەرەب و ئیسلام کۆمەڵێك ئیمتیازاتی تری بە سلێمان بەخشیووە، وەك:

ئایەتی ٨١ سوورەتی الانبیاء دەڵێت:

وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِي بِأَمْرِهِ إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَكُنَّا بِكُلِّ شَيْءٍ عَالِمِينَ

وە بۆ سلێمان بای بەهێزمان (ڕەشەبا) دەستەمۆکرد، کە بە فەرمانی سلێمان بۆ ئەو خاکە هەڵیدەکرد کە پیرۆزمان کردووە، وە ئێمە بە هەموو شتیك ئاگادار بووینە.

وە ئایەتی ١٢ سوورەتی سبأ دەڵێت:

وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ وَأَسَلْنَا لَهُ عَيْنَ الْقِطْرِ

وە بۆ سلێمان بامان دەستەمۆ کرد، کە ڕێگای ڕۆیشتنی مانگێکی بە نیوە ڕۆژێك و ڕێگای گەڕانەوەی مانگێکی بە نیوە ڕۆژێك دەبڕی، وە هەروەها کانیاوی مسمان بۆی تواندبۆوە.

دەرەنجام، الله اکبر، بای شێنەیی و بای بەهێز و ڕەشەبای بۆ سلێمان دەستەمۆ کردبوو.

هەموو ئەو خورافانە تەنها لە قورئاندا بوونیان هەیە، وە موسڵمان دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی سلێمان لە پەرتووکی پیرۆز، دەبینێت کە ئەم ئەفسانە تڕووهاتانە لە پەیوەست بە چیرۆکی سلێمان لە پەرتووکی پیرۆزی جووەکان بوونی نییە. واتە قورئان دەقەکانی لە چیرۆکی خورافی باوی دوورگەی عەرەبی و یەهوودیەکان وەرگرتووە.

وە ئەم خورافانە لای زۆرێك لە شاعیرەکانی سەردەمی جاهیلی بوونیان هەبووە، وە محمد وەریگرتووە و کردوویەتی بە دەقەکانی قورئان.

## ئایەتی ٤١-٤٤

اللهی عەرەب و ئیسلام لەم چوار ئایەتەدا باسی چیرۆکی ئەیوب دەکات و دەڵێت:

وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ

ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ

وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنَّا وَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ

وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلا تَحْنَثْ إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ

واتە: ئەی محمد، ئەیوبی بەندەمانت لە یاد بێت کە بانگی خوداکەی کرد و گوتی: لە ڕاستیدا شەیتان بە فێڵ دەستی لێم وەشاندووە و ئازاری داوم.

(پێمان گوت) بە قاچت لە زەوی بدە، وە ئەوە جێشۆرێكی ساردە و بۆ خواردنەوەیە.

وە وەك بەزەییەك لە ئێمەوە، خانەوادەكەی و ئەوەندەی تریشمان (كە لە دەستی دابوو) پێی بەخشی، ئەمە (چیرۆكی ئەیوب) وەبیرهێنانەوەیەكە بۆ كەسانێكی خاوەن هۆش.

وە گورزەیەك چیلكە دار بەدەستەوە بگرە (لە ژنەكەت بدە)، وە سوێندەكەت مەشكێنە، لە ڕاستیدا ئێمە ئەیوبمان بینی خۆڕاگرە، بەندەیەكی باش بوو، لە ڕاستیدا ئەیوب تۆبەكار بوو.

وە سەبارەت بە ئەیوب، دوو ئایەتی تر، ئایەتی ٨٣-٨٤ لە سوورەتی الانبیاء هاتووە، كە دەڵێت:

وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ

فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِنْ ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنَا وَذِكْرَى لِلْعَابِدِينَ

واتە: وە ئەیوب کە بانگی خوداکەی کرد (گوتی)، لە ڕاستیدا زیانم بەرکەوتووە، وە خۆت لەوانەی بە بەزەیین بەبەزەییتریت.

ئەوەبوو وەڵاممان دایەوە، وە ئەو زیانەی بەریکەوتبوو لەسەرمان لابرد، وە خانەوادەکەی و ئەوەندەی ترمان  پێی بەخشی، وەك بەزەییەك لە ئێمەوە، وە وەك وەبیرهێنانەوەیەك بۆ ئەوانەی ئێمە دەپەرستن.

ئەم دوو ئایەتەی سوورەتی الانبیاء، دووبارە بوونەوەی ئایەتی ٤١ و ٤٣ سوورەتی "ص"ە.

واتە سوورەتی ئەیوب لە قورئاندا تەنها ٤ ئایەتە. لە کاتێکدا چیرۆکی ئەیوب لە پەرتووکی پیرۆز ٤٢ بەشە (سووڕەت)، وە زیاتر لە هەزار دەقە (ئایەتە)، وە چیرۆکی ئەیوب لە سەرەتاوە باس دەکات تاوەکو کۆتایی.

لەبەر ئەوە شرۆڤەکارانی قورئان، بۆ ماناداركردنی ئەو ٤ ئایەتە گەڕاونەتەوە بۆ پەرتووکی پیرۆز، لە کاتێکدا زاناکانی ئیسلام درۆ دەکەن و دەڵێن ئەم پەرتووکانەی پێش قورئان لە کارخراون، وە نەك هەر ئەمە، بەڵکو دەڵێن تەورات و ئینجیل دەستکاری کراون.

باشە گریمان دەستکاری کراوە، بەڵام ئەوە چەندی بە چەند کە موفەسیرەکانتان بۆ ئەو پەرتووکە دەستکاری کراوە گەڕاونەتەوە بۆ ئەوە بزانن ئەیوب کێیە و چیرۆکەکەی چییە؟

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، شرۆڤەکاران دەڵێن:

ئەیوب ڕۆمی بوو، خەڵکی "بثنية"، نازناوی ابوعبدالله بوو، الله کردی بە پێغەمبەر و سامان و منداڵێکی زۆری پێ بەخشی، وە هەمیشە سوپاسگوزاری الله بوو، وە بەندەیەکی چاك و بە بەزەیی بوو، وە تەنها ٣ کەس ئیمانیان پێی هێنا. وە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئیبلیس چوو بۆ ئاسمانی حەوتەم، الله بە ئیبلیسی گوت: ئایا دەسەڵاتت بەسەر ئەیوبی بەندەکەم دەشکێت؟ ئیبلیس گوتی، خوداکەم،جا چۆن دەسەڵاتم بەسەریدا بشکێت لەکاتێکدا تۆ سامانێکی زۆر و منداڵێکی زۆرت پێی بەخشیووە؟ جا ئەگەر سامان و منداڵەکانی لێبسێنیتەوە و هەژار و ماڵوێرانی بکەیت، ئەوکات لە ژێر فەرمان و گوێڕایەڵی تۆ دەردەچێت. الله بە ئیبلیسی گوت، ئەوا دەسەڵاتت زاڵ دەکەم بە سەر منداڵەکانی و سامانەکەی. ئەوەبوو ئیبلیس لە ڕێگای عفریت و جنۆکەکانی بایەکی ئاگرینی هەڵکرد، هەرچی سامانی ئەیوب هەبوو لەناوچوو. ئەیوب گوتی زۆر سوپاس بۆ الله کە سامانی پێم بەخشی وە هەر خۆی بردیەوە. ئینجا ئیبلیس هات و کۆشکوتەلارەکەی ئەیوبی ڕووخاند بەسەر منداڵەکانی و خانەوادەکەی و هەموویانی کوشت. ئینجا ئیبلیس هات بۆ لای داود و پێیگوت، کە منداڵەکانی تیاچوون، ئەیوب دەستی کرد بە خۆڵ کردنە سەری. ئیبلیس بەرزبۆوە بۆ ئاسمانەکان، تاوەکو ئیبلیس گەیشت، ئەیوب تۆبەی کردبوو، وە تۆبەکەی گەیشتبووە الله. ئەوەبوو ئیبلیس گوتی، ئەی خوداکەم زاڵم بکە بەسەر لاشەی ئەیوب، الله گوتی، ئەوە زاڵم کردیت بەسەر لاشەی، تەنها زمان و دڵ و بینینی نەبێت. ئیبلیس فووی کردە لاشەی ئەیوب، وە لەشی ئەیوب تووشی گەڕی بوو. لەشی دەخوراند بە نینۆکەکانی تاوەکو خوێنی لێدەهات، لێرە ایوب دەڵێت، (مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ).

وە ئەیوب بەم شێوەیە بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ، کاتێك ئیبلیس نەیتوانی بەسەر ئەیوب زاڵ بێت، ئەوا لە شێوەی مرۆڤێکی جوان بۆ ژنەکەی ئەیوب بەدیار کەوت و گوتی، من خودای زەویم، وە من بووم کە ئەیوبی مێردتم تووشی ئەو هەمووکارەساتە کرد، ئەگەر یەك کڕنۆشم بۆ ببەیت ئەوا هەرچی لەدەستی داوە، لە سامان و منداڵ، بۆی دەگێڕمەوە. ژنەکەی ئەمەی بۆ ئەیوب باس کرد، ئەوەبوو ئەیوب سوێندی خوارد هەر کاتێك الله چاکی کردەوە لە ژنەکەی بدات.

القرطبی دەڵێت: ئینجا الله داوای لە ئەیوب کرد قاچی لە زەوی بدات (ارْكُضْ بِرِجْلِكَ- قاچت لە زەوی بدە)، ئەوەبوو کانیاوێك تەقیەوە، وە پێیگوت، خۆت بەو ئاوە ساردە بشۆ و بخۆوە (هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ- ئەوە جێشۆرێکی ساردە وە خواردنەوە).

وە القرطبی دەڵێت:

(وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ- وە خانەوادەکەی و ئەوەندەی ترمان بە ئەیوب بەخشی)، الله بە ئەیوبی گوت، ئەگەر دەتەوێت منداڵەکانت بۆ لەم دونیایە زیدوو دەکەمەوە، وە یان ئەگەر ئارەزوو دەکەیت ئەوا با لەبەهەشت بمێنن، وە بە قەد ژمارەی منداڵەکانت منداڵی ترت پێ دەبەخشم، ئەوەبوو گوتی، با لە بەهەشت بمێنن، وە الله منداڵی تری لە دونیا پێبەخشی.

ئینجا لە ئایەتی٤٤، الله فەرمان بە ئەیوب دەکات لە ژنەکەی بدات و سوێندەکەی نەشکێنێت، بە ئەیوب دەڵێت، گورزە چیلکەیەك بهێنە و لە ژنەکەت بدە.

ابن الجوزی دەڵێت: ئەیوب ١٠٠ چیلکە داری کرد بە گورزەیەك لە ژنەکەی دا، بەڵام یەك جار لێیدا، وە وەك ئەوە وایە ١٠٠ قامچی لێدابێت، چونکە گورزەکە لە ١٠٠ چیلکە پێکهاتبوو.

ئینجا ابن الجوزی باس لە بابەتێکی فیقهی دەکات و دەڵێت:

زاناکانی فیقهی ئیسلامی ناکۆکن سەبارەت بە کەسێك کە سوێندی خواردووە ١٠ قامچی لە کۆیلەکەی بدات، ئایا دەکرێت ١٠ دار بێنێت و بەیەکەوە بیکات بە گورزێك و یەك جار لێی بدات؟ وە ئایا ئەوە یەکسانە بە ١٠ جار لێدان؟ امام مالك و اللیث بن سعد، دەڵێن، نابێت (واتە دەبێت ١٠ قامچی لێ بدات)، بەڵام امام ابو حنیفة و الشافعی دەڵێن، دەبێت، بە مەرجێك کۆتایی هەر ١٠ دارەکەی بەرکەوێت. وە ئەم دەقەی چیرۆکی ئەیوبیان کردووە بە بەڵگە.

وە لە کاتێکدا القرطبی، خودی خۆی چیرۆکەکەی ئەیوبی لە پەرتووکی پیرۆز وەرگرتووە ، دەڵێت:

قَالَ ابْنُ الْعَرَبِيِّ الْقَاضِي أَبُو بَكْرٍ: وَلَمْ يَصِحَّ عَنْ أَيُّوبَ فِي أَمْرِهِ إِلَّا مَا أَخْبَرَنَا اللَّهُ عَنْهُ فِي كِتَابِهِ فِي آيَتَيْنِ، الْأُولَى قَوْلُهُ تَعَالَى( سورة الانبياء) وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَالثَّانِيَةُ فِي ( سورة ص) أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ. وَأَمَّا النَّبِيُّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فَلَمْ يَصِحَّ عَنْهُ أَنَّهُ ذَكَرَهُ

بِحَرْفٍ وَاحِدٍ إِلَّا قَوْلُهُ: بَيْنَا أَيُّوبُ يَغْتَسِلُ إِذْ خَرَّ عَلَيْهِ رِجْلٌ مِنْ جَرَادٍ مِنْ ذَهَبٍ . . . الْحَدِيثُ .

ابن العربی گوتوویەتی، وە سەبارەت بە ئەیوب هیچ شتێك ڕاست نییە تەنها ئەوە نەبێت کە الله پێیڕاگەیاندووین لە سوورەتی الانبیاء، کە دەڵێت، (وە کە ئەیوب بانگی خوداکەی کرد و گوتی تووشی مەینەتی هاتووم)، وە ئایەتی دووەم لە سوورەتی ص، کە دەڵێت، لە ڕاستیدا شەیتان بە فێڵ دەستی لێم وەشاندووە و ئازاری داوم، بەڵام سەبارەت بە پێغەمبەر هیچ شتێك ڕاست نییە تەنها یەك فەرموودە نەبێت کە گوتوویەتی: کاتێك ئەیوب خۆی دەشۆری کۆمەڵێك کوللەی زێڕین دابەزینە سەری ..

لە صحيح البخاری، لە فەرموودەیەکدا محمد گوتوویەتی:

بَيْنَمَا أَيُّوبُ يَغْتَسِلُ عُرْيَانًا خَرَّ عَلَيْهِ رِجْلُ جَرَادٍ مِنْ ذَهَبٍ، فَجَعَلَ يَحْثِي فِي ثَوْبِهِ، فَنَادَى رَبُّهُ يَا أَيُّوبُ، أَلَمْ أَكُنْ أَغْنَيْتُكَ عَمَّا تَرَى قَالَ بَلَى يَا رَبِّ، وَلَكِنْ لاَ غِنَى لِي عَنْ بَرَكَتِكَ

کاتێك ئەیوب ڕووت بوو و خۆی دەشۆری، کۆمەڵێك کوللەی زێڕین کەوتنە سەر لەشی، ئەیوب دەستی کرد بە کۆکردنەوەیان لە جلەکانیدا، الله بانگی ئەیوبی کرد و گوتی: هۆی ئەیوب ئەی دەوڵەمەندم نەکردیت؟ ئەیوب گوتی، بەڵێ خوداکەم، بەلام ناکرێت دەستبەرداری بەرەکەتت بم.

پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە:

یەکەم :ئەی موفەسیرەکان و مەلا دەجالەکان چیرۆکی ئەیوبتان لە کوێ هێناوە؟

دووەم: ئەی نالێن پەرتووکی پیرۆز لە لایەن اللەوە بەتاڵ کراوەتەوە و لە کار خراوە؟

سێهەم: ئەی نالێن پەرتووکی پیرۆز دەستکاری کراوە؟

چوارەم: ئەو هاوپەیمانییەی الله و شەیتان مانای چییە؟

پێنجەم: دەڵێن الله فەرمانی کردووە بە سیواك لە ژن بدرێت، بەڵام ئایەتی ٤٤ سوورەتی ص، الله فەرمان بە ئەیوب دەکات، بە گورزە چیلکە لە ژنەکەی بدات و سوێندەکەی نەشکێنێت.

وەك زانایانی ئیسلام و مەلاکان وکەڵتەکەتان، گاڵتەجارم نەبینیوە.

## ئایەتی ٤٥-٤٩

وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ أُولِي الْأَيْدِي وَالْأَبْصَارِ

إِنَّا أَخْلَصْنَاهُم بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى الدَّارِ

وَإِنَّهُمْ عِندَنَا لَمِنَ الْمُصْطَفَيْنَ الْأَخْيَارِ

وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنْ الأَخْيَارِ

هَذَا ذِكْرٌ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ

اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، دەڵێت:

وە ئەی محمد، بەندەکانمان، ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبت لە یاد بێت، کە کەسانێکی خاوەن دەست (توانا) و دووربینا بوون.

وە لە ڕاستیدا ئێمە پاکمان ڕاگرتن، بە پاکیەك بۆ یادەوەری (ڕۆژی) ماڵەکە (بەهەشت).

وە ئەوانە لای ئێمە لە باشترین هەڵبژێردراوەکانن.

وە ئیسماعیل و یەسع و ذالکفل و هەموو لە (پیاو) چاکەکانت لە یاد بێت.

ئەوە وەبیرهێنانەوەیە، وە بۆ خوداپەرستان باشترین جێگا هەیە (لە بەهەشت).

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە (أُولِي الأَيْدِي وَالأَبْصَارِ-خاوەن دەست و دووربینا)، دەڵێت، {أُولي الأيدي}، واتە هێز لە گوێڕایەڵی، {والأبصارِ}، دووربینی لە زانست و ئاین.

واتە دەقەکە دەڵێت: ابراهیم و اسحاق و یعقوب گوێڕایەڵی باش بوون بۆ اللّٰه، وە خاوەن دووربینی بوون لە زانستی (خودایی) و ئاین.

ئینجا دەڵێت، ئەو ٣ کەسەمان (ئیبراهیم و ئیسحاق و یعقوب)، بە پاك و بێگەری هەڵبژاردووە بە پاك و بێگەردی دوا ماڵ (بەهەشت).

ئایەتی ٤٨ دەڵێت:

وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنْ الْأَخْيَارِ

ئەی محمد، ئیسماعیل و یەسع و ذالکفلت لە یاد بێت، وە هەر هەموویان لە پیاو چاکەکان بوون.

(ذا الکفل) تەنها وەك ناو دووجار لە قورئان ئاماژەی پێکراوە، جارێکیان لەم ئایەتە، وە جاری دووەم، لە ئایەتی ٨٥ سوورەتی الانبیاء، کە دەڵێت:

وَإِسْمَاعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا الْكِفْلِ كُلٌّ مِنَ الصَّابِرِينَ

وە ئیسماعیل و ئیدریس و ذالکفل هەر هەموویان لە خۆڕاگرەکان بوون.

پرسیاری من ئەوەیە : ذا الکفل کێیە؟ کە الله بە محمد دەڵێت، لە یادت بێت و بیری بکەرەوە.

نووسەری قورئان زیندوویێتەوە، نازانێت کێیە.

یانی چۆن محمد لە یادی بێت ئەگەر نەزانێت کێ بووە و چ بەسەرهاتێکی هەبووە؟

وە ئەوەی کەسێك بە من بڵێت پشتیوان، حسن پەنجاو پێنجت لە یاد بێت. باشە بە چاوان بەڵام حسب پەنجاوپێنج کێیە؟

یان پیاوێك بە ژنەکەی بڵێت، هۆی، ژنەکە هەرامەت لە بیربێ. بە چاوان پیاوەکە، بەرام هەرامە چییە؟ هەی مارم بە قور نەگرتبی ئەتوو لۆ ئەوەندە سوعالان دەکەی؟ هەرامە و تەواو. دەباشە پەکوو چەند تورەی دەرێی سماقت خواردیە.

ئەوەیە گاڵتەجاری قورئان و ئیسلام، لە کتوپڕێکدا ناوێك دەخاتە ناو دەقەکانەوە، بێئەوەی بڵێت کێیە.

ڕەنگ بێت، الله لە بیری کردبێت باسی "ذا الکفل"مان بۆ بکات.

## ئایەتی ٤٩

هَذَا ذِكْرٌ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَآبٍ

ئینجا دەڵێت: ئەوە وەبیرهێنانەوەیە، وە بۆ خوداپەرستان باشترین ڕێگا و جێگا لە بەهەشت هەیە.

لە ئایەتەکانی دواتر باسی ئەو ڕێگا و جێگایانەی بەهەشت دەکات بۆ خوداپەرستان.

## ئایەتی ٥٠

جَنَّاتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ الْأَبْوَابُ

باخچەکانی عەدن دەرگاکانی ئاوالا کردووە بۆ ئەو خوداپەرستانە.

لە سوورەتەکانی پێشوو ئاماژەمان کرد، کە ئاسمان (بەهەشت) هەشت دەرگایان هەیە، واتە هەموو دەرگاکان ئاواڵایە بۆ خوداپەرستان، جا بە کەیفی خۆیان لە کامەی دەچنە ژوورەوە با بچن.

## ئایەتی ٥١-٥٢

مُتَّكِئِينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ، وَعِندَهُمْ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ أَتْرَابٌ

(پیاوان) لە باخچەی عەدن پاڵیان داوەتەوە و تیایدا داوای میوە و مەی زۆر دەکەن، وە لە لایانە حۆریەی هاوتەمەنی کورتبین، (واتە دوور نابینن و چاو هەڵنابڕنە پیاوانێکی تر).

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە (اتراب) دەڵێت:

والأتراب: اللواتي أسنانُهُنَّ واحدةٌ وهُنَّ في غاية الشباب والحُسْن

الاتراب، واتە ژنانێکی یەك تەمەن، کە لەوپەڕ گەنجێتی و جوانیدان.

لە ڕاستیدا (فیها)ی دووەم زیادەیە، چونکە مادام دەڵێت، (مُتَّكِئِينَ فِيهَا) تیایدا پاڵکەوتوون، کەواتە بۆ جاری دووەم پێویست بە (فیها) ناکات.

واتە لە رووی رەوانبێژییەوە، ئایەتەکە باشتر دەبوو ئەگەر بەم شێوەیە بوایە:

مُتَّكِئِينَ فِيهَا و يَدْعُونَ فَاكِهَة كَثِيرَة وَشَرَاب

## ئایەتی ٥٣-٥٤

هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ الْحِسَابِ

إِنَّ هَذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُ مِن نَّفَادٍ

ئەوە ئەمەیە کە بەڵێنتان پێدراوە بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە.

لە ڕاستیدا ئەوە ڕزقمانە، وە هەرگیز تەواو نابێت.

الله دەڵێت میوە و خواردنەوەکانمان لە بەهەشت تەواو نابێت، وەك دوورگەی عەرەبی نییە، خواردن نەمینێت و ئاو نەبێت، نا نا هەرگیز لە بەهەشت شتی وا نییە. لە بەهەشت خواردن و خواردنەوە نەبڕاوە دەبێت و بۆگەنیش نابێت. وەك لە ئایەتی ٣١-٣٣ سوورەتی الواقعة هاتووە، دەڵێت:

وَمَاءٍ مَّسْكُوبٍ، وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ، لَّا مَقْطُوعَةٍ وَلَا مَمْنُوعَةٍ

واتە: ئاوێکی فرە زۆر (لە سەری دەڕوات) و میوەیێکی زۆر کە نە دەبڕێت وە نە قەدەغەیە.

# ئایەتی ٥٥-٥٨

هَذَا وَإِنَّ لِلطَّاغِينَ لَشَرَّ مَآبٍ، جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمِهَادُ، هَذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ، وَآخَرُ مِن شَكْلِهِ أَزْوَاجٌ

ئینجا دەڵێت، بەڵام بۆ سەرپێچکەران (کافرەکان) خراپترین مۆڵگە هەیە، کە دۆزەخە و تیایدا دەسووتێنرێن، وە ئەوە خراپترین شوێنە، وە جگە لەمە بەڵکو دەبێت گەرماو و کێماو تام بکەن، وە شتانێکی تری هاوچەشنی گەرما و کێماو.

ابن الجوزی، سەبارەت بە مانای (غَسَّاقٌ) دەڵێت، چوار قەول هەیە:

یەکەم: الزمهریر،واتە بەستەڵەك، کە بەهۆی ساردیەوە ناتوانن کێماوەکە تام بکەن.

دووەم: (غساق)، واتە کێماو، کە لە لەشی خەڵکی دۆزەخ دێتە خوارەوە و دەڕوات.

سێهەم: (غساق)،کانیاوێکە لە دۆزەخ، کە مار و دووپشکی پیادا دەڕوات.

چوارەم: (غساق)، فرمێسکی خەڵکی دۆزەخ.

خەڵکی بەهەشت زۆر سەرما و سۆڵ نابینن، وەك ئایەتی ١٣ سوورەتی الانسان دەڵێت:

مُّتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ ۖ لَا يَرَوْنَ فِيهَا شَمْسًا وَلَا زَمْهَرِيرًا

لەسەر قەنەفە پاڵیان داوەتەوە، نە خۆر دەبینن نە بەستەڵەك.

واتە جەوەکەی و ئاوهەواکەی بەهاریە، خۆ ئەگەر بەهاریش نەبێت هەر بەهاریە، چونکە موسڵمانان دەیەها حۆریە و هەزارەها غلمان و ولدانی لەگەڵدا دەبێت، وەك شاعیر دەڵێت بەهار بوو فەسلی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بوایە.

بە پێچەوانەی ئەهلی بەهەشت، دۆزەخ دوو بەشە، بەشێکی ئاگر و زۆر گەرم، بەشێکی زۆر سارد و بەستەڵەك کە پێیدەگوترێت، زمهریر.

جا ئەگەر کافر، لە ڕۆژی حیساب داوای بەشە ساردەکەی کرد، ئەوا الله دەینێرێت بۆ بەشە گەرمەکە، وە ئەگەر داوای بەشە گەرمەکەی کرد، ئەوا الله دەینێرێت بۆ بەشە ساردەکەی. خوا پەنامان بدات و بە بەهەشت و حۆریە و غلمان و ولدانمان شاد بکات. امین یا رب العالمین.

## ئایەتی ٥٩-٦٢

هَذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ لا مَرْحَبًا بِهِمْ إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ

قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لا مَرْحَبًا بِكُمْ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا فَبِئْسَ الْقَرَارُ

قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ

وَقَالُوا مَا لَنَا لا نَرَى رِجَالا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الأَشْرَارِ

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەوە کۆمەڵێکن لەگەڵ ئێوە پاڵدەنرێنە ناویەوە (ناو دۆزەخ)، دەك بەخێرنێن، ئەوانە ڕیسوای ئاگر دەبن.

گوتیان: بەڵکو ئێوە بەخێر نەیەن، ئێوە ئەوەتان بۆ ئێمە پێشهێناوە، کە خراپترین مۆڵگەیە.

گوتیان: خوداکەمان، ئەوەی ئەمەی بۆ ئێمە پێشهێناوە، چەندەها جار ئەشکەنجەکەی لە ئاگردا زیاد بکە.

گوتیان: هۆکار چییە پیاوانێك نابینین کە ئێمە بە پیاوانێکی شەڕانگێزمان دادەنان؟

دەك ڕۆحت ئاسودە و شاد بێت معروف الرصافی، کە گوتوویەتی، قورئان پەرتووکی "قال"یە

ئاخر ئەو هەموو"قال"ەیە چییە؟ موسڵمانان، مەبەست لە "قال"ە چیرۆکی تەمسیلی "قالە لە خەتا گیراوە نییە" نا نا، بەڵکو ئەم ئایەتانەیە هەر هەمووی دەڵێت، "گوتیان" و "گوتیان" و "گوتیان".

ئایەتی ٥٩ دەڵێت: هَذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ لا مَرْحَبًا بِهِمْ إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ

(هَذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ- ئەوە کۆمەڵێکن کە لەگەڵ ئێوە پاڵ دەنرێنە ناویەوە واتە ناو دۆزەخ)، دیارە ئەمە قسەی پاسەوانانی دۆزەخە.

وەك ئایەتی ٣٠ سوورەتی المدثر، دەڵێت:

عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ

واتە، دۆزەخ نۆزدە فریشتەی جەلادی لەسەرە.

ئەم فریشتانە، کاتێك کۆمەڵی دووەمی کافرەکان دەهێنن بۆ بەردەم دەرگایەك لە دەرگاکانی دۆزەخ (چونکە دۆزەخ ٧ دەرگای هەیە)، دەڵێن، ئەم کۆمەڵە لەگەڵ ئێوە پاڵدەنرێنە ناو دۆزەخەوە. گرووپی یەکەم لە کافرەکان دەڵێن، (لا مَرْحَبًا بِهِمْ- دەك بەخێر نەیەن)، ئینجا فریشتەکان دەڵێن، (إِنَّهُمْ صَالُوا النَّارِ)، ئەوانە ڕیسوای ئاگر دەبن.

ئینجا کۆمەڵەی دووەم وەڵامی کۆمەڵەی یەکەم دەدەنەوە و دەڵێن:

قَالُوا بَلْ أَنتُمْ لا مَرْحَبًا بِكُمْ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا فَبِئْسَ الْقَرَارُ

بەڵکو ئیوە بەخێر نەیەن، ئێوە هۆکار بوون کە ئێمە هاتینە ناو دۆزەخەوە، وە دۆزەخ خراپترین شوێنە.

ئینجا کۆمەڵەی یەکەم، وەڵامی کۆمەڵەی دووەم دەدەنەوە و دەڵێن:

قَالُوا رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِي النَّارِ

خوداکەمان، هەر کەسێك ئەوەی بۆ ئێمە پێشهێنا، واتە دۆزەخ، ئەوا ئەشکەنجەکەی لەئاگر چەند کەڕەت زیاد بکە.

# ئایەتی ٦٢-٦٣

وَقَالُوا مَا لَنَا لا نَرَى رِجَالا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ الأَشْرَارِ

أَتَّخَذْنَاهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ الأَبْصَارُ

ئینجا گوتیان: بۆچی پیاوانێك نابینین، كە ئێمە بە كەسانێكی شەڕانگێزمان دادەنان و بەگاڵتە وەرمانگرتبوون، وە یان چاوەكانمان كز بووە و نایانبینین؟

واتە كافرەكان دەڵێن، چۆنە هەندێك كەس نابینین كە ئێمە لە ژیانی دونیا بە مرۆڤی شەرانگێزمان دادەنان و گاڵتەمان پێیان دەكرد؟ مەبەست لە موسڵمانانە.

كوره بابی بابم، هەی مارە باب، پیاوە شەرانگیزەكان لە بەهەشتن، لە ژێر عەرشی ڕەحمان، شڵپە دەكەن، ئەما شڵپە لە سەر حۆریە و غلمانەكان.

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە، محمد دەڵێت:

إنَّ اللهَ ليُؤيِّدُ هذا الدِّينَ بالرجلِ الفاجرِ

الله، بە دڵنیاییەوە ئەم ئاینە (ئیسلام) بە پیاوێكی خوێڕی سەردەخات.

هەڵبەتە دەبێت ئەم پیاوە خوێڕیە لە بەهەشت بێت.

وە لە تخریج الاحیاء و النسائی، فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

إنَّ اللهَ ليُؤيِّدُ هذا الدِّينَ بقومٍ لا خلاقَ لهم

الله، ئەم ئاینە (ئیسلام)، بە خەڵکانێك سەردەخات کە ئەخلاقیان نییە.

واتە، بێ ئەخلاقەکان دەچن بۆ بەهەشتی خەیاڵی اللهی عەرەب و ئیسلام.

## ئایەتی ٦٤

إِنَّ ذَلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ النَّارِ

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام، دەڵێت: ئەوەی باسم کرد ڕاستیە،کە خەڵکی دۆزەخی مشتومڕ لە نێوانیان درووستدەبێت.

## ئایەتی ٦٥-٦٦

قُلْ إِنَّمَا أَنَا مُنذِرٌ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلاَّ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ

رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ

ئینجا دەڵێت: ئەی محمد، بڵێ لە ڕاستیدا من هوشیاردەرم، وە هیچ خودایەك نییە تەنها اللهی یەك و داپلۆسینەر نەبێت.

خودای ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیانە کە بەهێزە و لێبووردەیە.

# ئایەتی ٦٧-٧٠

قُلْ هُوَ نَبَأٌ عَظِيمٌ، أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ، مَا كَانَ لِي مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الأَعْلَى إِذْ يَخْتَصِمُونَ، إِن يُوحَى إِلَيَّ إِلاَّ أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ

ئەی محمد بڵێ ئەوە هەواڵێکی مەزنە، کە ئێوە لێی بێئاگان، وە منیش هیچ ئاگاداریەکم نەبوو، کاتێك دەستەی باڵای فریشتەکان مشتومڕیان بوو، بەڵام من بە وەحی بۆم هات، لە ڕاستیدا من تەنها هۆشیاردەرێکی ڕوونم.

لە ئایەتی ٧٠ (إِن يُوحَى إِلَيَّ إِلاَّ أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ)، (إِلاَّ) مانای دەقەکەی تێك داوە و زیادەیە.

بەم شێوەیە ماناکەی دەبێت بە: وەحیم بۆ دێت، ئەوە نەبێت کە لە ڕاستیدا من هۆشیاردەرێکی ڕوونم).

ئەگەر (الا) لابرێت (إِن يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُّبِينٌ) ماناکەی ڕوونتر دەبێت و دەبێت بە: من وەحیم بۆ دێت، وە لە ڕاستیدا من هۆشیاردەرێکی ڕوونم.

گرنگ اللهی ئیسلام بە محمد دەڵێت: ئەی محمد بڵێ ئەوە هەواڵێکی مەزنە کە ئێوە (کافرەکان)، لێی بێئاگان و بەلاشتانەوە گرنگ نییە.

ئینجا ئایەتی٦٩-٧٠ دەڵێت:

مَا كَانَ لِي مِنْ عِلْمٍ بِالْمَلَإِ الأَعْلَى إِذْ يَخْتَصِمُونَ

من وەك محمد، ئاگاداری ئەو زانیاریە نەبووم کە فریشتە باڵاکان مشتومڕیان بوو، وە من بە وەحی ئاگادار کرامەوە چونکە من هۆشیاردەرم (پێغەمبەرم).

المبارکفوری، لە تحفة الاحوذی، دەڵێت:

الملأ الأعلى: الملائكة المقربون، والملأ: هم الأشراف الذين يملأون المجالس والصدور عظمة وإجلالاً، ووصفوا بالأعلى إما لعلو مكانتهم عند الله تعالى، وإما لعلو مكانهم

(الملأ الاعلى) فریشتە نزیکەکانن (لە الله)، وە (الملأ) شەرافەتمەند و خانەدانەکانن کە دانیشتەکان و ڕیزەکانی پێشەوە پڕ دەکەن و داگیردەکەن بە هۆی مەزنیان و پلە و پایەیان، وە بە (الاعلى) وەسف کراون، یان بە هۆی پلەی بەرزیان لای الله، وە یان بە هۆی بەرزی جێگا و شوێنیان.

واتە، (الملأ الاعلى)، دەستەی باڵای فریشتەکان کە الله ڕاوێژیان پێدەکات.

سەیری ئەم گاڵتەجاریە بکە، فریشتەکان شەڕ و مشتومڕیان بووە. ئایا فریشتە مشتومڕ دەکەن؟ دەیەها دەقی قورئان هەیە دەڵێت، نەخێر، تەنها ئەوکارە دەکەن کە الله فەرمانیان پێدەکات. بەڵام ئەم ئایەتە دەڵێت، فریشتە باڵاکان مشتومڕیان بووە. عجیب غریب امور قضیة.

ئایەتی ٢٦-٢٧ سوورەتی الانبیاء، دەڵێت:

عِبَادٌ مُكْرَمُونَ لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُمْ بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ

فریشتەکان خوداپەرستی ڕێزدارن، هەرگیز لە قسە پێش الله ناکەون، وە بە فەرمانەکانی الله کاردەکەن.

ئایەتی ٦ سوورەتی التحریم، دەڵێت:

لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ

(فریشتەکان)، سەرپێچی ئەو شتانە ناکەن کە الله فەرمانیان پێدەکات، وە ئەو شتە دەکەن کە فەرمانیان پێ دەکرێت.

ئایەتی ٢١ سوورەتی التکویر:

مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ

(جبرائیل) گوێرایەڵی اللهیە، ئینجا دەستپاکیشە.

ئەم ئایەتانە پێمان دەڵێت،کە فریشتەکان بە هیچ جۆرێك سەرپێچی بڕیاری الله ناکەن، وە تەنها ئەو کارە دەکەن کە الله فەرمانیان پێ دەکات (واتە فریشتەکان ١٠٠٪ موسەیەرن) وەك ڕۆبۆت وان.

بەڵام ئەوەی سەیرە، ئایەتی ٦٩ ئەم سوورەتە، دەڵێت:

مشتومڕ ڕوویداوە لە نیوان دەستەی باڵا و ڕاوێژکاری فریشتەکان.

دەبێت بەزووترین کات نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەك بکات بۆ دیراسەکردنی کێشەی دەستەی باڵای فریشتەکان.

ئاخۆ دەبێت کێشەیان چی بووبێت؟

الطبری، لە جامع البیان دەڵێت: مشتومڕو ناکۆکی فریشتەکان سەبارەت بە درووست کردنی ئادەم بوو.

کاتێك الله بە فریشتەکانی گوت ( إِنِّي جاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً)، واتە (لە ڕاستیدا من جێگرەوەیەك لە زەویدا دادەنێم )، (ئایەتی ٣٠ سوورەتی البقرة).

فریشتەکان لە وەڵامدا گوتیان ( أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ)، واتە (ئایا کەسێك لە زەویدا دادەنێیت کە خراپەکاری تیادا بکات و خوێن بڕێژێت؟)، ( ئایەتی ٣٠ سوورەتی البقرة).

السیوطی لە الدر المنثور، دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی، کاتێك الله ویستی ئادەم درووستبکات، فریشتەکان مشتومڕیان کرد و گوتیان دەتەوێت کەسێك لە زەویدا دابنێیت کە خراپەکاری تێدا بکات و خوێن بڕێژێت؟

بەڵام ئەگەر سەیری ئەم ئایەتە بکەین دەبینین مشتومڕەکە لە نیوان الله و فریشتەکان بووە.

گرنگ مشتومڕ لە نیوان الله و فریشتەکانی ڕوویداوە سەبارەت بە درووستکردنی ئادەم و بارودۆخەکە قڵیشاوەتەوە. لە ئاکامدا کۆنگرەی ئاسمان دوولەت بووە و انشقاق ڕوویداوە و دوو حیزبی لێ کەوتۆتەوە: حیزبی الله و حیزبی شەیتان.

ئایەتی ١٩ سوورەتی المجادلة دەڵێت:

أُولَـٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ

ئەوانە حیزبی شەیتانن.

ئایەتی ٢٢ سوورەتی المجادلة، دەڵێت:

أُولَـٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ

ئەوانە حیزبی اللّٰەن.

ئایەتی ١٩ سوورەتی المجادلة، دەڵێت:

أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ

ئەی لە ڕاستیدا حیزبی شەیتان لە دۆڕاوەکان نین.

ئایەتی ٢٢ سوورەتی المجادلة، دەڵێت:

أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ

ئەی لە ڕاستیدا حیزبی الله سەرکەوتوو نین.

هەروەك ڕوونە کە بەرەی ئاسمان لەو ساتەوەی ئەم مشتومڕە ڕوویدا، دوولەت بوو.

ئەی تۆ لە کامە حیزبیت؟

## ئایەتی ٧١-٨٥

ئەم ١٥ ئایەتە هەواڵەکەمان پێدەڵێت، هەواڵی مشتومڕی نێوان الله و ئیبلیس، کاتیك الله ئادەم دروستدەکات.

## ئایەتی ٧١-٧٤

إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِن طِينٍ، فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ، فَسَجَدَ الْمَلائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ، إِلاَّ إِبْلِيسَ اسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنْ الْكَافِرِينَ

ئەی محمد، کە خوداکەت بە فریشتەکانی گوت، لە ڕاستیدا من مرۆڤێك لە قوڕ دروستدەکەم، ئینجا هەرکاتێك ڕێکوپێکم کرد و ڕۆحی خۆم فوو کردە ناویەوە، ئێوە کڕنۆشی بۆ ببەن، ئەوەبوو گشت فریشتەکان کڕنۆشیان برد، تەنها ئیبلیس نەبێت لووتبەرزی کرد و لە کافرەکان بوو.

چەند تێبینیەك سەبارەت بەم چوار ئایەتە:

یەکەم: الله فەرمان بە فریشتەکان دەکات، وە ئیبلیس فریشتە نییە.

کەواتە، ئیبلیس سەرپێچی فەرمانەکەی اللهی نەکردووە، بەڵام الله شەڕی بە ئیبلیس فرۆشتووە.

لە صحیح مسلم و صحیح الجامع، فەرموودەیەك هاتووە، محمد دەڵێت:

خُلِقَتِ الملائكةُ من نُّورٍ، و خلق الجانَّ من مارِجٍ من نارٍ، و خلق آدمَ مِما وُصِفَ لكمْ

فریشتەکان لە ڕووناکی درووستکراون، وە جنۆکە لە کڵپەی ئاگر درووستکراوە، وە ئادەم لەوە درووستکراوە کە بۆتان لە قورئان وەسف کراوە.

واتە فریشتە و جنۆکە دوو مەخلوقاتی جیاوازن.

ئایا ئیبلیس فریشتە بووە؟

ئایەتی ٥٠ سوورەتی الكهف دەڵێت:

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ

وە کە بە فریشتەکانمان گوت کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت کە لە جنۆکەکان بوو.

واتە ئیبلیس جنۆکەیە.

کەواتە فەرمانەکەی الله تەنها فریشتەکانی گرتۆتەوە و ئیبلیسی نەگرتۆتەوە، چونکە ئیبلیس جنۆکەیە.

دووەم: چ خودایەکی محترم و ڕێزدار فەرمان بە شرك دەكات؟

چونکە کڕنۆش بردن بۆ هەر شتێك جگە لە خودا ئەوا شرکە، بەڵام چەندەها ئایەت تەئکید دەکەنەوە، کە الله فەرمانی بە فریشتەکان کردووە کە کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، وە ئەوە شرکە، واتە الله خۆی فەرمانی بە شرك کردووە.

سێهەم: ئایا سەرپێچیکردنی بڕیارێکی الله دەتکات بە کافر؟ ئەگەر دەتکات، ئەوا هیچ موسڵمانێك نییە کافر نەبێت، چونکە موسڵمان نییە ڕۆژانە سەرپێچی بڕیارێك لە بڕیارەکانی اللهکەی نەکات.

چوارەم: اللهی ئیسلام دەڵێت، تەنها شرك لێبووردنی لەسەر نییە، باشە، ئیبلیس نەك شرکی نەکردووە، بەڵکو ڕەتیکردۆتەوە کە شرك بکات.

ئایەتی ٤٨ سوورەتی النساء، دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ

الله لە کەسێك خۆش نابێت کە شرکی پێ دەکات، بەڵام لە کەسانیك خۆش دەبێت کە خۆی دەیەوێت بۆ شتانێکی بچووکتر لە شرك.

ئەو ناکۆکیانە پێمان دەڵێن، کە لاهووت و ڕێباز بە تەواوی لە ئیسلام و قورئاندا غائیبە و بوونی نییە.

پێنجەم : الله ڕۆحی هەیە، چونکە دەقەکە دەڵێت (نَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي) وە ڕۆحی خۆم فووکردە ناویەوە. وە ڕۆحی خودا دەبێت پیرۆز بێت، کەواتە

(الروح القدوس) دەبێت بوونی هەبێت. نازانم چۆ دەتوانن ئینکاری ئەم دەقانە بکەن؟

## ئایەتی ٧٥-٧٦

قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَيَّ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْعَالِينَ

قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ

لێرەوە (قال و قل)، دەست پێدەکات.

(الله) گوتی: ئەی ئیبلیس، چی ڕێگای لێ گرتیت کە کڕنۆش ببەیت بۆ ئەوەی بە هەردوو دەستەکانم درووستمکرد؟ ئایا لووتبەرزیت کرد یان لەوانە بوویت کە خۆت پێ بەرز بوو؟

(ئیبلیس) گوتی: من لە ئەو (ئادەم) باشترم، تۆ منت لە ئاگر درووستکردووە، وە ئەوت (ئادەم) لە قوڕ درووستکردووە.

( بِيَدَيَّ)  واتە بە هەردوو دەست، وە ئەوە مەجازی نییە، ئەگەر بیگوتبایە (بيد) بە دەست، ئەوکات دەکرا بگوترێت ئەوە مجازیە و بە مانای هێز دێت.

بەڵام اللهی عەرەب و ئیسلام، دەڵێت، بە هەردوو دەستەکانم درووستمکرد. چۆن قوتبەدین لە لانەوازان دەیگوت بە هەردوو دەستەکانم پەروەردەم کرد.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، ابن ابي دنیا لە "صفة الجنة" و ابو الشیخ لە "العظمة" و البیهقی لە "الاسماء و الصفات"، فەرموودەیەکیان اخراج کردووە، کە محمد گوتوویەتی:

خلق الله ثلاثة أشياء بيده: خلق آدم بيده، وكتب التوراة بيده، وغرس الفردوس بيده.

الله سێ شتی بە دەستەکانی درووستکردووە: ئادەمی بە دەستەکانی درووستکردووە، وە تەوراتی بە دەستی خۆی نووسیووە، وە فیردەوسی بە دەستەکانی کێڵاوە.

وە لە صحیح البخاری و مسلم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە، کە بە فەرموودەی شفاعة ناسراوە، محمد گوتوویەتی، خەڵك دەچن بۆ لای ئادەم بۆ ئەوەی شەفاعەتیان بۆ لای الله بکات و دەڵێن:

يَا آدَمُ أَنْتَ أَبُو الْبَشَرِ خَلَقَكَ اللَّهُ بِيَدِهِ وَنَفَخَ فِيكَ مِنْ رُوحِهِ وَأَمَرَ الْمَلَائِكَةَ فَسَجَدُوا لَكَ وَأَسْكَنَكَ الْجَنَّةَ

ئەی ئادەم تۆ باوکی مرۆڤیت و الله بە دەستەکانی تۆی دروووستکردووە و لە ڕۆحی خۆی فووی کردۆتە ناوتەوە و فەرمانی بە فریشتەکان کردووە کڕنۆشتت بۆ ببەن.

له صحيح سنن ابي داود، فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

إن اللهَ خلَقَ آدمَ مِن قبضةٍ قَبَضَها مِن جميعِ الأرضِ، فجاءَ بنو آدمَ على قَدْرِ الأرضِ: جاء منهم الأحمرُ، والأبيضُ، والأسودُ، وبينَ ذلك، والسَّهْلُ، والحَزْنُ، والخبيثُ، والطيِّبُ

الله ئادەمی درووستکرد لە مشتێك خۆڵ لە هەموو زەوی هەڵیگرتەوە، وە نەوەکانی ئادەم بە گوێرەی شوێنی خۆڵەکەن، هەیانە سوور و هەیانە سپی و هەیانە ڕەش و هەیانە لە نێوان ئەم ڕەنگانە، وە هەیانە دڵخۆش و دڵتەنگ و پیس و پاك.

سەیری ئەم گاڵتەجاریە بکەن، محمد پێمان دەڵێت، مرۆڤی سوور، سوورە، چونکە لە خۆڵی سوور درووستکراوە، مرۆڤی پێست ڕەش، ڕەشە، چونکە لە خۆڵی ڕەش درووست راوە، هتد،،

وە ئەوەی مرۆڤی پیسە، ڕەنگ بێت لە گواو درووستکرابێت.

سبحان الله ئەوە عیلمی جینۆلۆجیە، ئەوە لۆ کافرە ملعوونەکان ئەو عیلمەیان لە ئێمە شاردۆتەوە؟

## ئایەتی ٧٧-٧٨

قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ

وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَى يَوْمِ الدِّينِ

واته (الله) گوتی، ئەی ئیبلیس، دە لە بەهەشت برۆ دەرەوە تۆ رەجم کراویت (نەفرەت لێکراویت)، وە تاوەکو ڕۆژی لێپرسینەوە نەفرەتی منت لەسەر بێت.

(رجیم)، لە (رجم) واتە بەردباران هاتووە، واتە تۆ بەردباران کراوویت.

ڕەنگ بێت ئەوە هۆکار بێت موسڵمانان لە کاتی حەجدا بەرد لە شەیتان دەگرن، بە شێوەیەك بەردی تێدەگرن هەر دەڵێی باوکە کوشتەیانە و شەڕی عەشائیری و بنەماڵەییان لەگەڵ شەیاتن هەیە.

پرسیارێك تۆ کاری خراپە دەکەیت شەیتان چی بکات؟ ئەی ناڵێن الله پەنجا هەزار ساڵ بەر لە درووست کردنی گەردوون چارەنووسی هەموو شتێکی دیاری کردووە ؟

ئایەتی ٧٨ زۆر سەیرو سەمەرەیە، (وَإِنَّ عَلَيْكَ لَعْنَتِي إِلَى يَوْمِ الدِّينِ)، واتە (نەفرەتی منت لێبێت تاوەکو ڕۆژی لێپرسینەوە، واتە قیامەت).

پرسیار: نەفرەتی الله لە شەیاتان کۆتایی دێت لە قیامەت؟ دەبنەوە بە هاوڕێ، وەك ئەوەی نە بای بێت و نە باران؟

## ئایەتی ٧٩-٨١

قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ

قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ

إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ

(ئیبلیس) گوتی، خوداکەم مۆڵەتم بدە تاوەکو ئەو ڕۆژەی زیندوو دەبنەوە.

(الله) گوتی، ئەوا تۆ مۆڵەت پێدراویت تاوەکو ڕۆژی کاتی دیاریکراو، (قیامەت).

لێرەدا، الله و ئیبلیس پەیمانێك واژۆ دەکەن.

پرسیاری من ئەوەیە: تازە ئادەم درووستکراوە، وە هێشتا حەوا درووستنەکراوە، چۆن ئیبلیس زانی کە مەرگ بوونی دەبێت؟ وە دوای مەرگ زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە بوونی دەبێت؟ چونکە ئیبلیس دەڵێت:

رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ

خوداکەم مۆڵەتم پێ بدە تاوەکو ڕۆژێك کە زیندوو دەبنەوە.

بە تایبەتی هێشتا ئادەم لە درەختەکەی نەخوارد بووە، تاوەکو لە بەهەشت دەربکرێت و مەحکوم بێت بە مەرگ.

دەیەها دەقی قورئان هەیە کە دەڵێت، هیچ کەسێك غەیب نازانێت تەنها الله نەبێت. بۆ نموونە ئایەتی ٦٥ سوورەتی النمل:

لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ

هیچ کەسێك لەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان غەیب نازانن، تەنها اللە نەبێت.

ئێ ئیبلیس یەکێك بوو لەوانەی لە ئاسمانەکان بوو، کەواتە نابێت غەیب بزانێت کە ئادەم دەمرێت و نەوەکانی ئادەم دەمرن و ڕۆژی زیدووبوونەوە و لێپرسینەوە بوونی دەبێت؟

## ئایەتی ٨٢-٨٣

قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ، إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ

(ئیبلیس) گوتی، سوێند بە شکۆت دەبێت هەر هەموویان لە خشتە ببەم تەنها بەندە دڵسۆزەکانت نەبێت.

دوو تێبینیی:

یەکەم: ئیبلیس سوێند دەخوات بە شکۆی اللە، واتە ئیبلیس کەسێکی توحیدیە.

دووەم: چۆن ئیبلیس زانی کە ئادەم منداڵی دەبێت بە تایبەتی ئەوکات هیشتا حواء دروستنەکرابوو؟ چونکە دەڵێت دەبێت  هەموو مرۆڤەکان لە خشتە ببەم تەنها بەندە دڵسۆزەکانت نەبێت؟

لە ئایەتی ٣٩ سوورەتی الحجر هاتووە، ئیبلیس بە خودا دەڵێت:

قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ

(ئیبلیس) گوتی، خوداکەم بە هۆی ئەوەی تۆ منت لە خشتە برد، ئەوا دەبێت زەویان بۆ برازێنمەوە و هەر هەموویان لە خشتە ببەم.

لێرەدا تێبینەك و پرسیارێك دێتە پێشەوە:

ئیبلیس بە خودا دەڵێت، خوداکەم تۆ منت لە خشتە برد، لەبەر ئەوە دەبێت تۆڵە بکەمەوە، منیش مرۆڤ لە خشتە ببەم.

واتە مرۆڤ قوربانی ململانێی نێوان الله و ئیبلیسە.

وە ئیبلیس دەزانێت کە الله لە خشتەی بردووە، چۆن؟

الله فەرمانی بە فریشتە کرد کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، وە نەیگوت ئەی فریشتە وئیبلیس. وە لێرەدا ئیبلیس هەر کامێکی هەڵبژاردایە ئەوا تووشی کێشە دەبوو.

مەبەستم:

ئەگەر ئیبلیس کڕنۆشی ببردایە، ئەوا الله دەیگوت تۆ سەرپێچی بڕیارەکەی منت کرد، من تەنها گوتم ئەی فریشتەکان کڕنۆش ببەن، خۆ تۆ فریشتە نیت و جنۆکەیت.

وە کاتێك کڕنۆشی نەبرد، ئەوا الله تڕۆی کرد.

واتە، لە هەردوو حاڵەتەکە بۆ ئیبلیس وەك یەك بوو، دەیزانی کە قوڕێکە و بۆی گیراوەتەوە، لەبەر ئەوە ئیبلیس دەڵێت، (رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي)، واتە (خوداکەم بە هۆی ئەوەی تۆ منت لە خشتە برد).

## ئایەتی ٨٤-٨٥

قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ

لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ

(اللّٰه) گوتی، هەق هەقە، وە من هەق دەڵێم، بە دڵنیاییەوە دەبێت دۆزەخ پڕ بکەم لە تۆ و لەوانەی بەدوات دەکەون، گشتتان بەیەکەوە.

دوای ئەوەی اللّٰه ئیتفاق دەکات لەگەڵ ئیبلیس: سوێند دەخوات دەبێت دۆزەخ پڕ بکات لە شوێنکەوتوانی ئیبلیس لە جنۆکە و مرۆڤ، وەك ئایەتی ١٣ سوورەتی السجدة، دەڵێت:

وَلَوْ شِئْنَا لَآتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَاهَا وَلَـٰكِنْ حَقَّ الْقَوْلُ مِنِّي لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ

وە ئەگەر ئارەزوومان بکردایە ئەوا ڕێنمایی هەموو کەسێکم دەدا، بەڵام دەبێت قسەکەم بێتە دی: کە دەبێت دۆزەخ پڕ بکەم لە جنۆکە و مرۆڤ بەیەکەوە.

# ئایەتی ٨٦-٨٨

قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ

إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ

وَلَتَعْلَمُنَّ نَبَأَهُ بَعْدَ حِينٍ

واتە: ئەی محمد بڵێ، من داوای کرێتان لێ ناکەم بۆ قورئان، وە من لەوانە نیم کە لە خۆمەوە ڕاتانسپێرم وفەرمانتان پێ بکەم، (بەڵکو ئەوە فەرمانی اللّەیە).

بەڵکو ئەوە تەنها وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ جیهانەکان، (جیهانی جنۆکە و مرۆڤ).

وە دوای ماوەیەك، (لە دوای مەرگ و ڕۆژی زیندووبوونەوە)، بە دڵنیاییەوە هەواڵەکەی دەزانن.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٣٩)

## سوورەتی الاعراف(تەپۆڵكە)

**١-المص**

سوێند بە مژین.

**٢-كِتَابٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلاَ يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ**

پەرتووكێك دابەزیووە بۆ تۆ، (بۆ ئەوەی) لە سینەتدا بە هۆیەوە تەنگژەیەك نەیەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای (قورئان) هوشیاری بدەیت، وە وەك وەبیرهێنانەوەیەك بۆ باوەڕداران.

**٣-اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ**

پیادەی ئەوە بكەن كە بۆتان دابەزیووە لە لایەن خوداكەتانەوە، وە جگە لە ئەو (الله) پیادەی هیچ شتێكی تر مەكەن، (بەڵام) تەنها كەمێك خەڵك بڕوادێنن.

**٤-وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا فَجَاءَهَا بَأْسُنَا بَيَاتًا أَوْ هُمْ قَائِلُونَ**

وە چەند لە گوندەکانمان وێران کرد، کە زەبر و سزای ئێمەیان بەسەردا جێبەجێ کرا، کە لە ماڵەکانیان خەوتبوون، وە یان بەئاگا بوون و قسەیان دەکرد.

**٥-فَمَا كَانَ دَعْوَاهُمْ إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا إِلاَّ أَن قَالُواْ إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ**

کاتێك زەبر و سزای ئێمە بەسەریان جێبەجێ بوو، گوفتاریان تەنها ئەوە بوو: لە ڕاستیدا ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد.

**٦-فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْأَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ**

وە بە دڵنیاییەوە پرسیار لەوانە دەکەین کە بۆمان ناردوون، وە بە دڵنیاییەوە پرسیار لە نێردراوەکان دەکەین.

**٧-فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَائِبِينَ**

وە بە دڵنیاییەوە لەسەر بنەمای زانیاریمان بۆیان دەگێڕینەوە، وە ئێمە بێ ئاگا نەبووین.

**٨-وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**

وە تەرازوو لەم ڕۆژەدا هەقە، وە هەرکەسێك تای تەرازووەکەی قورس بوو، ئەوا ئەوانەن کە سەرکەوتوون.

**٩-وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَظْلِمُونَ**

وە هەر کەسێك تای تەرازووەکەی سووك بوو، ئەوا ئەوانەن کە  خۆیان دۆڕاندووە، بە هۆی ئەوەی ستەمیان لە نیشانەکانمان دەکرد.

**١٠-وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ قَلِيلاً مَّا تَشْكُرُونَ**

ئێوەمان لە زەویدا نیشتەجێ کرد و تیایدا بژێویمان بۆ سازاندوون، بەڵام کەمێکتان سوپاس گوزارن.

**١١-وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلائِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ**

وە ئێمە ئێوەمان درووستکردووە، ئینجا شێوەمان پێتان داوە، ئینجا بە فریشتەکانمان گوت، کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، ئەوەبوو کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت، لە کڕنۆش بەران نەبوو.

**١٢-قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلاَّ تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَاْ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ**

(اللە) گوتی چی وایکرد کە کڕنۆش نەبەیت کاتێك فەرمانم پێت کرد؟ (ئیبلیس) گوتی من لە ئەو باشترم، منت لە ئاگر درووستکردووە و ئەوت لە قوڕ درووستکردووە.

**١٣-قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ**

(الله) گوتی، ده لێی دابەزە (لە بەهەشت)، بۆت نییە تیایدا لووتبەرزی بکەیت، دەی، دەرچە لە ڕاستیدا تۆ لە ڕیسواو بچووکەکانیت.

**١٤-قَالَ أَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ**

(ئیبلیس گوتی)، مۆڵەتم بدە تاوەکو ڕۆژی زیندووبوونەوەیان.

**١٥-قَالَ إِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ**

(الله) گوتی، تۆ لە مۆڵەت پێدراوانیت.

**١٦-قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ**

(ئیبلیس) گوتی، چونکە تۆ منت لە خشتە برد ئەوا منیش بۆیان دادەنیشم لە سەر ڕێگای ڕاستت.

**١٧-ثُمَّ لآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَائِلِهِمْ وَلاَ تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ**

ئینجا لە پێشیان و لە دواوەیان و لە دەستە ڕاستیان و لە دەستە چەپیانەوە بۆیان دێم، وە دەبینیت کە زۆربەیان سوپاس گوزارت نابن.

**١٨-قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْؤُومًا مَّدْحُورًا لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ**

(الله) گوتی، به لۆمەکراوی و ترۆکراوی لێی دەرچە، وە هەر کەسێك بەدوات کەوێت ئەوا بە دڵنیاییەوە دۆزەخ لە گشتتان پڕ دەکەم.

**١٩-وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلاَ مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ**

وە ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشت بژین، وە هەرچیەك ئارەزوو دەکەن بخۆن بەڵام لەم درەختە نزیك مەبنەوە ئەگینا دەبن بە یەکێك لە ستەمکاران.

**٢٠-فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ**

ئەوەبوو شەیتان چرپەچرپی بۆیان (ئادەم و حواء) کرد بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی نێوگەڵیان بەدیار کەوێت کە داپۆشرابوو، وە (شەیتان) پێیانی گوت: خوداکەتان نەهی لێتان کردووە (نزیك) ئەم درەختە بکەون بۆ ئەوەی نەبن بە دوو فریشتە، وە یان نەبن بە نەمر.

**٢١-وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ**

وە سوێندی بۆیان خوارد، کە لە ڕاستیدا من  بۆ ئێوە لە دڵسۆزەکانم.

**٢٢-فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَآنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ**

به فێڵبازی سەرکێشیانی کرد، کاتێك تامی درەختەکەیان کرد، نێوگەڵیان بۆ یەکتر بەدیارکەوت، وە هەوڵیاندا کە لە گەڵای باخچەکە بخەنە سەر نێوگەڵیانەوە، ئینجا خوداکەیان بانگیانی کرد: ئەی من نەهیم لێتان نەکردبوو لەم درەختە، وە پێم نەگوتبوون کە شەیتان بۆ ئێوە دووژمنێکی ئاشکرایە.

**٢٣-قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ**

(ئادەم و حوا) گوتیان خوداکەمان ستەممان لە خۆمان کرد، وە ئەگەر لێمان نەبووریت و بەزەییت پێمان نەیەتەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە لە دۆڕاوەکان دەبین.

**٢٤-قَالَ اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ**

(اللّٰه) گوتی، لە بەهەشت دابەزن، هەندێکتان بۆ هەندێکی تر وەك دووژمن، وە لە زەوییدا شوێنی ئۆقرەگرتنتان دەبێت، وە خۆشی بکەن بۆ کاتێکی دیاریکراو.

**٢٥-قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ**

(اللە) گوتی تیایدا (لە زەوی) دەژین و تیایدا دەمردرێن، وە تیایدا دەردەهێنرێن(لە گۆڕ لە ڕۆژی قیامەت).

**٢٦-يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ**

ئەی نەوەکانی ئادەم، پۆشاك و پەڕمان بە ئێوە داوە بۆ ئەوەی نێوگەڵتان دابپۆشێت، وە پۆشاکی خۆپاریزی ئەوە چاکترە، وە ئەوە لە نیشانەکانی اللەیە، ڕەنگ بێت وانە وەربگرن.

**٢٧-يَا بَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ**

ئەی نەوەکانی ئادەم ئاگاداربن شەیتان فریووتان نەدا، هەروەك چۆن باوکانی ئێوەی لە بەهەشت بەدەرکردن دا،کاتیک جلەکانیانی داکەند بۆ ئەوەی نێوگەڵی یەکتر ببینن، شەیتان خۆی و وەچەکانی بە جۆریک دەتان بینن کە ئێوە نایان بینن، ئێمە لە ڕاستیدا شەیتانەکانمان کردووە بە یاوەر و پشتیوانی ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن.

**٢٨-وَإِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً قَالُواْ وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاء أَتَقُولُونَ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ**

وە کاتێك ناپەسندەیەك دەکەن دەڵێن، باوکانمان بینی لەسەر ئەوە بوون و اللە فەرمانی پێمان کردووە، (ئەی محمد) بڵێ، اللە فەرمان بە ناپەسەندی ناکات، ئایا شتانێك سەبارەت بە اللە دەڵێن کە نایزانن؟

**٢٩-قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ**

(ئەی محمد) بڵێ، خوداکەم فەرمانی بە ڕەوایی کردووە، وە ڕووتان ئاڕاستەی (اللە)بکەن لای هەموو شوێنێکی کڕنۆشبردن (پەرستگا)، بە دڵسۆزیی لێی بپارینەوە (بۆ ئەوەی لێتان ببورێت)، هەر وەک چۆن لە سەرەتا ئێوەی دروستکردووە بۆ ئەویش دەگەڕێنەوە.

**٣٠-فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلاَلَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ**

کۆمەڵێکتان ڕێنمایی کراون و کۆمەڵێکتان گومڕایی بەسەردا سەپێنراوە، ئەوانە شەیتانیان وەك یاوەر جگە لە اللە گرتووە، وە پێیان وایە کە ڕێنمایی کراون.

**٣١-يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ**

ئەی نەوەکانی ئادەم جلەکانتان لە گەڵ خۆتان ببەن بۆ لای هەموو شوێنێکی کڕنۆشبردن( پەرستگا)، وە بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیادەڕۆیی مەکەن چونکە اللە ئەوانەی خۆش ناوێت کە زیادەڕۆیی دەکەن.

**٣٢-قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِي لِلَّذِينَ آمَنُواْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ**

(ئەی محمد) بڵێ، کێ ئەو جوانکاریەی اللەی حرام کردووە، کە بۆ بەندەکانی دەرهێناوە، وە هەروەها ڕزقە نایابەکان؟ بڵێ ئەوە بۆ ئەوانەیە کە لە ژیانی دونیا بە پاکی باوەڕیان هێناوە بۆ ڕۆژی قیامەت، وە بەم شیوەیە ئایەتەکانمان بە درێژی باس دەکەین بۆ خەڵکانێك کە دەزانن.

**٣٣-قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ**

(ئەی محمد) بڵێ، لە ڕاستیدا خوداکەم ناپەسەندیی بەوەی بەدیار دەکەوێت و بەوەی شاراوەیە، قەدەغە کردووە. وە هەروەها گوناه و سەرکێشی بە ناهەق، وە شرك کردن بە اللە بە شتانێك کە اللە هیچ دەسەڵاتێکی پێیان نەداوە، وە قسەیەك بکەن سەبارەت بە اللە کە لێی نازانن.

**٣٤-وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ**

وە بۆ هەموو میللەتێك کاتێکی دیاریکراو (چارەنووس) هەیە، کە نە کاتژمێرێك دوا دەکەوێت وە نە پێش دەکەوێت.

**٣٥-يَا بَنِي آدَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي فَمَنِ اتَّقَى وَأَصْلَحَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**

ئەی نەوەکانی ئادەم یان پێغەمەبەرانێك لە خۆتانەوە بۆتان دێت کە نیشانەکانی منتان بۆ دەگێڕنەوە، ئینجا هەرکەسێك ترسا و خۆی چاککرد، ئەوا نە ترسیان لەسەرە وە ،ئەوانە با دڵتەنگ نەبن.

**٣٦-وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُواْ عَنْهَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

بەڵام ئەوانەی کە نکۆڵیان لە نیشانەکانمان کرد و لووتبەرزیان لەبەرامبەریدا کرد، ئەوانە یاوەرانی ئاگر دەبن، وە ئەوانە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

**٣٧-فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ أُوْلَئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ حَتَّى إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُواْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا وَشَهِدُواْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَافِرِينَ**

وە کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە ناوی اللهوە دەکات، وە یان نکۆڵی لە ئایەتەکانی دەکات، ئەوانە بەشی خۆیان لە پەرتووك بەدەست هێناوە، تاوەکو کاتێك نێردراوەکانی ئێمە (فریشتەکان) دێت بۆلایان بۆ ئەوەی بیانمرێنن، (فریشتەکان) دەڵێن: ئایا لە کوێ بوون کاتێك بانگتان بۆ شتانێك دەکرد جگە لە الله، دەڵێن: لە ئێمە گومڕا بوو، وە شایەتیان دا بەسەر خودی خۆیان، وە ئەوانە لە کافرەکان بوون.

**٣٨-قَالَ ادْخُلُواْ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّن الْجِنِّ وَالإِنسِ فِي النَّارِ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا حَتَّى إِذَا ادَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لأُولاهُمْ رَبَّنَا هَؤُلاء أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَكِن لاَّ تَعْلَمُونَ**

گوتی، (وەك) میللەتانی پێش خۆتان، لە جنۆکە و مرۆڤەوە، بڕۆنە ناو ئاگرەوە، هەرچەند جارێك میللەتێك دەچێتە ناو ئاگرەوە، خوشکەکەی (میللەتەکەی تر) نەفرەتی لێ دەکات تاوەکو هەموویان دەخرێنە ناویەوە، دوا میللەتیان بە یەکەم میللەتیان دەڵێت: خوداکەمان ئەوانە ئێمەیان گومڕا کرد، دە چەند کەڕەت ئەشکەنجەی ئاگریان بدە، (اللە) گوتی، بۆ هەر هەمووتان ئەشکەنجە چەند کەڕەتە، بەڵام ئێوە نازانن.

**٣٩-وَقَالَتْ أُولاهُمْ لأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ**

وە ئەوەی یەکەمیان بەوەی دواییان دەڵێت: ئێوە فەزل و چاکەتان بەسەر ئێمەوە نییە، دەبچێژن ئەشکەنجە بە هۆی ئەوەی بەدەستتان دەهێنا.

**٤٠-إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُواْ عَنْهَا لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاء وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ**

لە ڕاستیدا ئەوانەی نکۆڵیان لە ئایەتەکانمان کرد و لە بەرامبەریدا لووتبەرزیان کرد، دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە تاوەکو وشتر بە ناو کونە دەرزیدا تێپەڕ نەبێت، وە بەم شێوەیە سزای تاوانباران دەدەین.

**٤١-لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ**

له دۆزەخ بۆیان شوێنی ڕاکشان هەیە، وە لە سەریان دوکەڵ، وە بەم شێوەیە سزای ستەمکاران دەدەین.

**٤٢-وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێنا و کاری چاکەیان کرد،ئەرکێك بە خودێك نادەین کە نەتوانێت هەڵیبگرێت، ئەوانە یاوەرانی بەهەشتن، وە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێیننەوە.

**٤٣-وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ وَقَالُواْ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ وَنُودُواْ أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ**

وە هەر ڕق و قینێك کە لە سینەکانیان بوو دەرهێنا، ڕووبارەکان لە ژێریانەوە دەڕوات، وە گوتیان سوپاس بۆ اللە کە ڕێنمایی کردن بۆ ئەوە، وە ڕێنمایی نەدەکراین ئەگەر اللە ڕێنمایی نەکردباین، وە بە دڵنیاییەوە پێغەمبەرانی خودەکەمان بە هەق هات وە بانگ درا: ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە بەدەستتان هێناوە بە هۆی ئەو کارانەی دەتانکرد.

**٤٤-وَنَادَى أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابَ النَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا قَالُواْ نَعَمْ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ**

وە یاوەرانی بەهەشت بانگی یاوەرانی دۆزەخیان کرد: ئێمە ئەوەمان بینی کە خوداکەمان بە هەق بەڵێنی پێمان دابوو، ئایا ئێوە ئەوەتان بینی کە خوداکەتان بەڵێنی پێتان دابوو؟ گوتیان بەڵێ. لە نێوانیان بانگدەرێك بانگی کرد: نەفرەتی اللە لە ستەمکاران.

**٤٥-الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِالآخِرَةِ كَافِرُونَ**

ئەوانەی بەرپەرچی ڕێگای اللە دەدەنەوە، وە بە خواری کاری لەسەر دەکەن، وە ئەوانە لە کۆتاییدا کافرەکانن.

**٤٦-وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَن سَلامٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ**

وە لە نێوانیان پەردەیەك (بەربەستێك) هەیە، وە لەسەر تەپۆڵکەکە پیاوانێك هەن، کە هەردووکیان بە سیماکانیان دەناسنەوە، وە بانگی یاوەرانی بەهەشتیان کرد: سڵاوتان لێبێت، وە نەهاتوونەتە ناویەوە، وە ئارەزوو دەکەن بێنە ناویەوە.

**٤٧-وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاء أَصْحَابِ النَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ**

وە کاتێك چاوەکانیان وەسوڕاند بە ئاراستەی یاوەرانی دۆزەخ گوتیان: خوداکەمان لەگەڵ خەڵکانێکی ستەمکارمان دامەنێ.

**٤٨-وَنَادَى أَصْحَابُ الأَعْرَافِ رِجَالاً يَعْرِفُونَهُمْ بِسِيمَاهُمْ قَالُواْ مَا أَغْنَى عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ**

وە یاوەرانی تەپۆڵکە بانگی پیاوانێکیان کرد کە دەیانناسین بە سیماکانیان، گوتیان کۆمەڵەکەتان چ سوودێکی بۆتان هەبوو، وە ئێوە خۆتان پێ لووت بەرز نەبوو.

**٤٩-أَهَؤُلاء الَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لاَ يَنَالُهُمُ اللّهُ بِرَحْمَةٍ ادْخُلُواْ الْجَنَّةَ لاَ خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلاَ أَنتُمْ تَحْزَنُونَ**

ئایا سوێندتان بەسەر ئەوانەوە دەخوارد کە ڕەحمەتی اللە بەدەست ناهێنن؟ (پێیان دەگوترێت) بڕۆنە بەهەشتەوە نە ترس لەسەرتان هەیە وە نە ئێوە نیگەران بن.

**٥٠-وَنَادَى أَصْحَابُ النَّارِ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُواْ عَلَيْنَا مِنَ الْمَاء أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى الْكَافِرِينَ**

وە یاوەرانی دۆزەخ بانگی یاوەرانی بەهەشتیان کرد کە لە ئاومان بەسەردا بڕێژن یان ئەو ڕزقەی اللە پێتانی داوە، گوتیان اللە لە کافرەکانی حەرام کردووە.

**٥١-الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَاء يَوْمِهِمْ هَذَا وَمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ**

ئەوانەی ئاینەکەیان بە گاڵتە و یاری وەرگرتووە، وە ژیانی دونیا بێئاگای کردوون. (اللە دەڵێت)، ئێمەش ئیمرۆ فەرامۆشیان دەکەین، هەروەك چۆن ئەوان ئەم ڕۆژەیان فەرامۆش کردبوو و بە ئایەتەکانی ئێمە بروایان نەدەهات.

**٥٢-وَلَقَدْ جِئْنَاهُم بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَى عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ**

وە پەرتووكێكمان بۆیان هێناوە كە ڕوونمان كردۆتەوە و خۆمان پێی دەزانین كە ڕێنمایی و بەزەییە  بۆ خەڵكانێك كە ئیمان دەهێنن.

**٥٣-هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ تَأْوِيلَهُ يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَاء فَيَشْفَعُواْ لَنَا أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ قَدْ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ**

ئایا تەنها چاوڕێی شرۆڤەكەی دەكەن كە ڕۆژێك شرۆڤەكەی دێت، وە ئەوانەی كە پێشووتر فەرامۆشیان كردبوو دەڵێن نێردراوی خوداكەمان بە هەق هاتبوو، ئایا كەسێك هەیە لە تكاكەران كە تكامان بۆ بكات وە یان بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی كارێك بكەین جیا بێت لەوەی دەمانكرد، ئەوانە خۆیان دۆڕاند و بە هۆی درۆكانیان خۆیان گومڕا كرد.

**٥٤-إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ**

خوداكەتان الله، ئاسمانەكان و زەوی لە شەش ڕۆژدا درووستكردووە، ئینجا بۆ سەر عرش بەرزبۆوە و لەسەریدا دانیشت، شەو ڕۆژ دادەپۆشێت و بەدوای یەكەوە دێن، وە خۆر و مانگ و ئەستێرەكان بە فەرمانی ئەو سازێندراون، ئەی هەر بۆ ئەو نییە درووستكردن و فەرمان، پیرۆزە الله خودای جیهانەكان.

**٥٥-ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ**

بانگی خوداكەتان بكەن بە ترس و نهێنیەوە، لە ڕاستیدا ئەو (الله) سنووربەزێنەرانی خۆش ناوێت.

**٥٦-وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ**

وە خراپەکاری لە زەویدا مەکەن دوای ئەوەی سازێندرا، وە بانگی بکەن بە ترس و ویستەوە، لە ڕاستیدا بەزەیی اللە نزیکە لە چاکەکەران.

**٥٧-وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ حَتَّى إِذَا أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالاً سُقْنَاهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ الْمَاء فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ كَذَلِكَ نُخْرِجُ الْمَوْتَى لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ**

وە هەر ئەو با وەک مژدەیەک لە نێوان هەردوو دەستەکانی ڕەحمەتی خۆیدا دەنێرێت، تاوەکو هەوری قورس هەڵدەگرێت و دەیبەین بۆ خاکێکی مردوو، لە ڕێگایەوە ئاو دادەبەزێنین، ئینجا لە ڕێگایەوە هەموو بەرووبومێك دەهێنینە ئاراوە، وە بە هەمان شێوە مردوەکان لە گۆڕەکان دەردێنین، بەشکو یادبکەنەوە.

**٥٨-وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَالَّذِي خَبُثَ لاَ يَخْرُجُ إِلاَّ نَكِدًا كَذَلِكَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ**

وە خاکی نایاب ڕوەکەکانی دەردەهێنێت بە مۆڵەتی خوداکەی، وە ئەوەی پیسە هیچی لێ دەرناچێت تەنها کەمێکی بێسوود نەبێت، بەم جۆرە ئایەتەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ خەڵکانێك کە سوپاس دەکەن.

**٥٩-لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ**

وە بە دڵنیاییەوە نوحمان بۆ قەومەکەی نارد و گوتی: ئەی قەومەکەم اللە بپەرستن، جگە لە ئەو هیچ خودایەکی ترتان نییە، لە ڕاستیدا من لێتان دەترسم لە ئەشکەنجەی ڕۆژێکی مەزن.

**٦٠-قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلالٍ مُّبِينٍ**

پیاوماقلێك لە قەومەكەی گوتی: لە ڕاستیدا ئێمە تۆ لە گومراییەكی ڕووندا دەبینین.

**٦١-قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلالَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ**

(نوح) گوتی ئەی قەومەكەم من لە گومڕاییدا نیم بەڵكو لە ڕاستیدا من نێردراوم لە لایەن خودای جیهانەكان.

**٦٢-أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ**

پەیامەكانی خوداكەمتان پێ ڕادەگەیەنەم و ئامۆژگاریتان دەكەم، وە من لە اللهوە دەزانم كە ئێوە نازانن.

**٦٣-أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**

ئایا بەلاتانەوە سەیرە كە لە وشیاردەرێك لە لایەن خوداكەتانەوە بۆ پیاوێكتان هاتووە، بۆ ئەوەی ئاگادارتان بكاتەوە و بترسن، وە بەشكە ڕەحمتان پێدەكرێت.

**٦٤-فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْمًا عَمِينَ**

نكۆڵیان لێی كرد، ئینجا خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە كەشتیدا ڕزگار كرد، وە ئەوانەمان نوقم كرد كە نكۆڵیان لە ئایەتەكانمان كرد، ئەوانە خەڵكانێكی كوێر بوون.

**٦٥-وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ**

وە بۆ عاد، براکەیان هودمان نارد، گوتی ئەی قەومەکەم اللە بپەرستن، هیچ خودایەکتان جگە لە ئەو نییە، ئەرێ ناترسن؟

٦٦-**قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي سَفَاهَةٍ وِإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ**

پیاوماقووڵیك لە کافرەکانی قەمەکەی گوتی: لە ڕاستیدا ئێمە دەبینین کە تۆ لە دەبەنگیدایت، وە ئێمە پێمان وایە کە تۆ لە درۆزنەکانیت

٦٧-**قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ**

گوتی ئەی قەومەکەم دەبەنگی لە مندانییە بەڵکو لە ڕاستیدا من نێردراوم لە لایەن خودای جیهانەکان.

٦٨-**أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنَاْ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ**

(هاتوم) پەیامەکانی خوداکەمتان پێرابگەیەنم، وە من بۆ ئێوە ئامۆژگاریکەرێکی دەستپاکم.

٦٩-**أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُواْ آلاء اللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**

ئەوە بەلاتانەوە سەیر بوو کە هۆشیاردەرێك لە خوداکەتانەوە بۆ پیاوێك لە ئێوە هات بۆ ئەوەی ئاگادارتان بکاتەوە؟ و لە یادتان بێت کە (اللە) ئێوەی کرد بە جێنشین لە دوای قەومی نوح، وە لە باڵاتان زیادی کرد، دە چاکەکانی اللەتان لە بیربێت بەشکو سەردەکەون.

٧٠-**قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ**

گوتیان هاتویت بۆ لامان بۆ ئەوەی تەنها الله بپەرستین و دەستبەرداری ئەوە بین کە باوکانمان دەیانپەرست، دە بۆمان بێنە ئەوەی بەڵێنت دەدا پێمان ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆکانیت.

**٧١-قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا نَزَّلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ فَانتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ**

گوتی ئەوە کەوتە سەرتتان سزایەك و تورەییەك لە خوداکەتان، ئایا مشتومڕم لەگەڵدا دەکەن سەبارەت بەو ناوانەی کە خۆتان و باوکانتان ناوتان لێیان ناوە، وە الله هیچ دەسەڵاتێکی پێیان نەداوە، دە چاوەڕێ بکەن، وە من لەگەڵ ئێوەدا لە چاوەڕوانیدا دەبم.

**٧٢-فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ**

ئەوەبوو خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، وەك ڕەحمەتێك لە خۆمانەوە، ڕزگارمان کرد، وە ڕەگ و ریشەی ئەوانەمان دەرهێنا کە نکۆڵیان لە ئایەتەکانمان دەکرد وە باوەڕدار نەبوون.

**٧٣-وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ**

وە بۆ ثمود، براکەیان صاڵحمان نارد، گوتی، ئەی قەومەکەم الله بپەرستن، وە جگە لە ئەو هیچ خودایەکی تر نییە، ئەوە بەڵگە لە لایەن خوداکەتانەوە بۆتان هاتووە، ئەوە وشترە مێینەی اللهیە بۆ ئێوە، وازی

لێبێنن با بۆخۆی لە زەوی الله بخوات، وە خراپەی لەگەڵ مەکەن، ئەگینا ئەشکەنجەیەکی ئازاربەخش دەتانگرێت.

**٧٤-وَاذْكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُواْ آلاء اللَّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ**

وە لە یادتان بێت کە ئێوەی کرد بە جێنشین لە دوای عاد، وە لە زەویدا دایمەزراندن، لە دەشتاییەکانی کۆشکوتەلارتان هەیە و لە چیاکان خانووەکان دەتاشن، دە چاکەکانی اللهتان لە یاد بێت وە هانی خراپەکاری مەدەن لە خاکەکە.

**٧٥-قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ قَالُواْ إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ**

پیاوماقووڵیك لەوانەی خۆبەزلزان بوون لە قەومەکەی گوتی بەوانەیان چەوسێنرابوونەوە کە باوەڕیان هێنابوو: ئایا (دڵنیان) کە صالح لە لایەن خوداکەیەوە نێردراوە؟ گوتیان لە ڕاستیدا ئێمە بەوەی پێی نێردراوە باوەڕدارین.

**٧٦-قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ إِنَّا بِالَّذِيَ آمَنتُمْ بِهِ كَافِرُونَ**

ئەوەی لە خۆبەزلزانەکان بوو گوتی، لە ڕاستیدا من کافرم بەوەی ئێوە باوەڕتان پێی هێناوە.

**٧٧-فَعَقَرُواْ النَّاقَةَ وَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُواْ يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ**

وشترە مێینەکەیان کوشت و پێشێلی فەرمانی خوداکەیان کرد، وە گوتیان ئەی صالح ئەوەمان بەسەر بهێنە کە بەڵێنت پێمان داوە ئەگەر تۆ یەکێکیت لە نێردراوەکان.

٧٨-**فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ**

ئەوەبوو هەژانێك گرتنی، و لە ماڵەکانیان مردار بوونەوە.

٧٩-**فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ**

صاڵح پشتی لێیانکرد و گوتی ئەی قەومەکەم پەیامی خوداکەم بە ئێوە گەیاند، وە ئامۆژگاریم کردن بەڵام ئێوە کەسانێکی دڵسۆزتان خۆش ناوێت.

٨٠-**وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ**

وە لوطمان نارد کە بە قەومەکەی گوت: کاری ناپەسەند دەکەن، وە هیچ کەسێك لە جیهانەکان لە پێش ئێوە ئەم کارەی نەکردووە.

٨١-**إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاء بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ**

ئێوە، جگە لە ژنان، بە شەهوەتەوە پیاوان دەگێن، لە ڕاستیدا ئێوە خەڵکانێکی زێدەڕۆن

٨٢-**وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَن قَالُواْ أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ**

وە وەڵامی قەومەکەی شتێك نەبوو جگە لەوەی گوتیان دەریانکەن لە گوندەکەتان، ئەوانە خەڵکانێکن بە پاکی خۆیان ڕاگرتووە.

٨٣-**فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلاَّ امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ**

ئەوەبوو خۆی و خانەوادەکەیمان ڕزگار کرد تەنها ژنەکەی نەبێت لە بەجێماوەکان بوو.

**٨٤-وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ**

وە بارانێکمان بەسەریاندا باراند، دە سەیرکەن چۆن بوو ئاکامی تاوانبارەکان.

**٨٥-وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاحِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ**

وە بۆ میدیەن براکەیان شوعەیبمان نارد گوتی، ئەی قەومەکەم اللە بپەرستن، هیچ خوداکەکتان نییە جگە لە ئەو، بەڵگەتان لە خوداکەتانەوە بۆ هاتووە، دە پابەندی پێوان و تەرازوو بن، وە شتەکانی خەڵک بە سووك مەبینن، وە لە خاکەکەدا خراپەکاری مەکەن دوای سازاندنی، ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بە ڕاستی باوەڕدارن.

**٨٦-وَلاَ تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا وَاذْكُرُواْ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلاً فَكَثَّرَكُمْ وَانظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ**

وە لەسەر هەموو ڕێگایەك دامەنیشن هەڕەشەبکەن و بەرپەرچی ڕێبازی اللە و ئەوانە بدەنەوە کە باوڕیان پێی هێناوە، وە دەتانەوێت ڕێگاکە لار و خواروخێچ بکەنەوە ، وە لە یادتان بێت کە ئێوە کەم بوون، ئەوەبوو زۆری کردن، دە سەیرکەن چۆن بوو ئاکامی خراپەکاران.

**٨٧-وَإِن كَانَ طَائِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُواْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَائِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُواْ فَاصْبِرُواْ حَتَّى يَحْكُمَ اللّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ**

وە لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵێك لە ئێوە باوەڕی هێنا بەوەی کە پێیم ناردبوو، وە کۆمەڵێك باوەڕیان نەهێنا، دانبەخۆتانا بگرن تاوەکو اللّٰه حوکم دەکات لە نێوانمان وە هەر خۆی باشترینی فەرمانڕەواکانە.

**٨٨-قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ**

وە پیاوماقووڵێك لەوانەی خۆبەزلزان بوون لە قەومەکەی گوتی، ئەی شوعەیب سوێند بێت تۆ و ئەوانەی لەگەڵتن کە باوەڕیان هێناوە دەربکەین، یان دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئاینەکەمان، گوتی تەنانەت ئەگەر ئارەزووش ناکەین.

**٨٩-قَدِ افْتَرَيْنَا عَلَى اللّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِي مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّانَا اللّهُ مِنْهَا وَمَا يَكُونُ لَنَا أَن نَّعُودَ فِيهَا إِلاَّ أَن يَشَاء اللّهُ رَبُّنَا وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا عَلَى اللّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ**

بە دڵنیاییەوە کەواتە درۆمان لە سەر اللّٰه کردووە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئاینەکەتان دوای ئەوەی کە اللّٰه لێی ڕزگاری کردین، وە بۆ ئێمە نییە بۆ ناوی بگەڕێینەوە مەگەر اللّٰه خوداکەمان ویستی لەسەر بێت، خوداکەمان زانستی کشاوە بەسەر هەموو شتێك، پشتمان بە اللّٰه بەستاوە، خوداکەمان نێوانمان و نێوان قەومەکەمان بە هەق بکە، وە هەر خۆت باشترین یەکلاکەرەوەیت.

**٩٠-وَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذاً لَّخَاسِرُونَ**

وە پیاوماقووڵێك لەوانەی کافر بوون لە قەومەکەی گوتی، ئەگەر شوێنکەوتەی شوعەیب بن ئەوا ئێوە بە دڵنیاییەوە لە دۆڕاوەکان دەبن.

**٩١-فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ**

ئەوەبوو هەژانێك گرتنی و لە ماڵەکانیان مردار بوونەوە.

**٩٢-الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا فِيهَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَانُواْ هُمُ الْخَاسِرِينَ**

وە ئەوانەی نکۆڵیان لە شوعەیب کرد هیچ سوودێکیان نەبوو بۆ ئەوانەی نکۆڵیان لە شوعەیب کرد، وە ئەوانە لە دۆڕاوەکان بوون.

**٩٣-فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ فَكَيْفَ آسَى عَلَى قَوْمٍ كَافِرِينَ**

ئەوەبوو پشتی لێیان کرد، وە گوتی ئەی قەومەکەم من پەیامەکانی خوداکەم بە ئێوە گەیاند، وە ئامۆژگاریم کردن، ئەی چۆن بوو تۆڵەکەم لە خەڵکانێکی کافر.

**٩٤-وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّبِيٍّ إِلاَّ أَخَذْنَا أَهْلَهَا بِالْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ**

وە لە هیچ نێردراوێك نەبووە کە بۆ گوندێك ناردبێتمان مەگەر خەڵکەکەیمان تووشی دەردەسەری و زیان نەکردبێت، بۆ ئەوەی بەشکو بترسن.

**٩٥-ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ السَّيِّئَةِ الْحَسَنَةَ حَتَّى عَفَوْا وَّقَالُواْ قَدْ مَسَّ آبَاءَنَا الضَّرَّاء وَالسَّرَّاء فَأَخَذْنَاهُم بَغْتَةً وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ**

ئینجا شوێنی خراپەکانمان گۆڕیەوە بە چاکە تاوەکو وازیان لێهێنرا، وە گوتیان باوکانمان تووشی دەردەسەری و زیان بوون، لە کتوپڕێکدا گرتمانن لە کاتێکدا هەستیان نەدەکرد.

**٩٦-وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ وَلَكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ**

وە خۆ ئەگەر خەڵکی گوندەکان باوەڕ بێنن و بترسن ئەوا دەرگایەکی چاکە و خۆشیان لە ئاسمان و زەوی بۆ دەکەینەوە بەڵام نکۆڵیان کرد، ئەوەبوو بەوکارانەی بەدەستیان هێنابوو ئەوانمان گرت.

**٩٧-أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا بَيَاتًا وَهُمْ نَائِمُونَ**

ئایا خەڵکی گوندەکان متمانەیان هەیە کە زەبروزەنگی ئێمەیان بەسەردا نایەت کاتێك  لە شەودا لەماڵەکانیانن و خەوتوون.

**٩٨-أَوَ أَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ**

وە یان خەڵکی گوندەکان متمانەیان هەیە کە زەبروزەنگی ئێمەیان بەسەردا نایەت لە دەمەو نیوەڕۆ کاتیك یاری دەکەن.

**٩٩-أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ اللّهِ فَلاَ يَأْمَنُ مَكْرَ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْخَاسِرُونَ**

ئای متمانەیان کرد بە فرتوفێڵی الله؟ لە ڕاستیدا هیچ کەسێك متمانە بە فرتوفێڵی الله ناکات تەنها خەڵکانێکی دۆڕاو نەبێت.

**١٠٠-أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ الأَرْضَ مِن بَعْدِ أَهْلِهَا أَن لَّوْ نَشَاء أَصَبْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَنَطْبَعُ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ**

ئایا بۆ ئەوانەی کە بوون بە میراتگری زەوی لە دوای خەڵکەکەی ڕوونەبۆتەوە ئەگەر بمانەوێت بە گوناهەکانیان تووشیان دەکەین و مۆر لەسەر دڵەکانیان دەدەین کە ئەوکات نەتوانن ببیسن.

**١٠١-تِلْكَ الْقُرَى نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَائِهَا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ مِن قَبْلُ كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللّهُ عَلَى قُلُوبِ الْكَافِرِينَ**

هەواڵی ئەو گوندانەت بۆ دەگێڕینەوە کە پێغەمبەرانیان بە بەڵگەوە بۆ هات، وە نەبێت بڕوا بێنن بەوەی کە پێشوو نکۆڵیان لێ دەکرد، وە بەم شێوەیە اللە مۆر لە دڵی کافرەکان دەدات.

**١٠٢-وَمَا وَجَدْنَا لأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ وَإِن وَجَدْنَا أَكْثَرَهُمْ لَفَاسِقِينَ**

وە بەدیمان نەکرد کە زۆربەیان پەیمانێکیان هەبێت، وە بینیمان کە زۆربەیان خراپەکارن.

**١٠٣-ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَظَلَمُواْ بِهَا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ**

ئینجا لە دواییان موسامان بە موعجیزەوە نارد بۆ لای فیرعەون و داروەستەکەی، ستەمایان لێی کرد، دە سەیرکەن چۆن بوو ئاکامی خراپەکاران.

**١٠٤-وَقَالَ مُوسَى يَا فِرْعَوْنُ إِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ**

وە موسا گوتی ئەی فیرعەون لە ڕاستیدا من نێردراوم لە لایەن خودای جیهانەکان.

**١٠٥-حَقِيقٌ عَلَى أَن لاَّ أَقُولَ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِي إِسْرَائِيلَ**

وە پێداگرم لەسەر ئەوەی هیچ شتێك نەڵێم لەسەر اللە تەنها ڕاستی نەبێت، بە موعجیزەوە لە لایەن خوداکەتانە هاتووم، دەکەواتە نەوەی ئیسرائیلم لەگەڵدا بنێرە.

**١٠٦-قَالَ إِن كُنتَ جِئْتَ بِآيَةٍ فَأْتِ بِهَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ**

گوتی ئەگەر بە بەڵگەوە هاتوویت بیخەرە ڕوو ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆکانیت.

**١٠٧-فَأَلْقَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ**

گۆپاڵەکەی فڕێدا، ئەوەبوو یەکسەر بوو بە مارێکی گەورەی ئاشکرا.

**١٠٨-وَنَزَعَ يَدَهُ فَإِذَا هِيَ بَيْضَاء لِلنَّاظِرِينَ**

وە دەستی دەرهێنا کە سپی بوو بۆ تەماشاکەران.

**١٠٩-قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ**

یەکێك لە پیاوەکانی فیرعەون گوتی ئەوە ساحیرێکی لێزانە.

**١١٠-يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ**

دەیەوێت لە خاکەکەتان وەدەرتان بنێت، دەسا فەرمان بەچی دەکەن؟

**١١١-قَالُواْ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ**

گوتیان خۆی و براکەی دەستبەسەر بکە و ئەو پیاوانەت کە خەڵك کۆدەکەنەوە بۆ شارەکان بنێرە.

**١١٢-يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ**

بۆ ئەوەی هەموو ساحیرێکی لێزانت بۆ بێنن.

**١١٣-وَجَاءَ السَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالُواْ إِنَّ لَنَا لأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ**

وە ساحیرەکانی فیرعەون هاتن گوتیان ئایا پاداشتمان دەبێت ئەگەر هاتوو ئێمە براوە بین؟

**١١٤-قَالَ نَعَمْ وَإَنَّكُمْ لَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ**

گوتی بەڵێ، وە لە ڕاستیدا ئێوە دەبن بە نزیکەکانم.

**١١٥-قَالُواْ يَا مُوسَى إِمَّا أَن تُلْقِيَ وَإِمَّا أَن نَّكُونَ نَحْنُ الْمُلْقِينَ**

گوتیان ئەی موسا یان تۆ فڕێبدە، وە یان ئێمە لەوانە دەبین کە فڕێدەدەین.

**١١٦-قَالَ أَلْقُواْ فَلَمَّا أَلْقَوْا سَحَرُواْ أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاؤُوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ**

گوتی فڕێبدەن، وە کاتێک فڕێیاندا، سیحریان لە چاوەکانی خەڵك کرد و تۆقاندیانن، وە سیحرێکی مەزنیان ئەنجام دا.

**١١٧-وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ**

ئەوەبوو ئێمەش وەحیمان بە موسا دا کە گۆپاڵەکەی فڕێ بدات، (هەرکە فڕێیدا) یەکسەر درۆ و جادوییانی هەڵلوشی.

**١١٨-فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ**

هەق زاڵ بوو، وە ئەوە پوچەڵ بۆوە کە دەیانکرد.

**١١٩-فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَانقَلَبُواْ صَاغِرِينَ**

هەر لەوێ دۆڕان، وە ڕیسوا بوون.

**١٢٠-وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ**

وە ساحیرەکان کڕنۆشیان برد.

١٢١-**قَالُواْ آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ**

گوتیان باوەڕمان هێنا بە خودای جیهانەکان.

١٢٢-**رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ**

خودای موسا و هارون.

١٢٣-**قَالَ فِرْعَوْنُ آمَنتُم بِهِ قَبْلَ أَن آذَنَ لَكُمْ إِنَّ هَذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُواْ مِنْهَا أَهْلَهَا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ**

فیرعەون گوتی باوەڕتان هێنا بەر لەوەی من مۆڵەتتان بدەم، ئەوە فرتوفێڵێکە لە ناو شارەکەدا کردووتانە بۆ ئەوەی خەڵکەکەی تیادا دەربکەن، ئینجا هەر دەزانن.

١٢٤-**لأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلافٍ ثُمَّ لأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ**

سوێند بێت دەبێت دەست و پێکانتان ڕاستوچەپ ببڕم ئینجا سوێند بێت لە خاچتان بدەم.

١٢٥-**قَالُواْ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ**

گوتیان لە ڕاستیدا (گەر وابکەیت) ئەوا ئێمە بۆ لای خوداکەمان دەگەڕێینەوە.

١٢٦-**وَمَا تَنقِمُ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِآيَاتِ رَبِّنَا لَمَّا جَاءَتْنَا رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ**

وە تۆڵەمان لێناکەیتەوە تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە ئێمە باوەڕمان هێنا بەو بەڵگە و موعجیزانەی خوداکەمان بۆ ئێمەی هێنا، خۆڕاگریت بەسەرماندا بڕێژە، وە وەك موسڵمان بمانمرێنە.

**١٢٧-وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ**

وە یەکێك لە پیاوەکانی قەومی فیرعەون گوتی واز لە موسا و قەومەکەی دەهێنیت بۆ ئەوەی خراپەکاریی لە خاکەکەدا بکەن، وە دەستبەرداری تۆ و خوداوەندەکانت بن، گوتی کورەکانیان دەکوژین و ژنەکانیان دەهێڵینەوە، وە (بەم شێوەیە) ئێمە بەسەریاندا باڵادەست دەبین.

**١٢٨-قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللَّهِ وَاصْبِرُواْ إِنَّ الأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ**

موسا بە قەومەکەی گوت پشت بە اللە ببەستن و خۆڕاگربن، زەوی موڵکی اللەیە ، دەیدات بە کەسێك کە خۆی دەیەوێت، وە داهاتوو بۆ خوداپەرستانە.

**١٢٩-قَالُواْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِيَنَا وَمِن بَعْدِ مَا جِئْتَنَا قَالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ**

گوتیان: ئازار دراوین پێش ئەوەی تۆ بێیت، وە دوای ئەوەی تۆ هاتیت، گوتی بەشکو خوداکەتان دوژمنەکەتان لەناوببات و بتانکات بە جێنشین لە خاکەکە، با سەیربکەین بزانین چی دەکەن.

**١٣٠-وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَوْنَ بِالسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّن الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ**

وە خانەوادەی فیرعەونمان بۆ چەندەها ساڵ سزادا، وە بە کەم بوونەوەی بەرووبووم، بۆ ئەوەی بەشکو بیربکەنەوە.

**١٣١-فَإِذَا جَاءَتْهُمُ الْحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَذِهِ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَى وَمَن مَّعَهُ أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللَّهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ**

کاتێك چاکەیەکیان بۆ دەهات دەیانگوت ئەوەی بە هۆی خۆمانەوەیە، وە کاتێك خراپەیەکیان تووش دەبوو، دەیانخستە ئەستۆی موسا و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، ئەی لە ڕاستیدا هەر هەمووی لە ئەستۆی اللە نییە، بەڵام زۆربەیان نازانن.

**١٣٢-وَقَالُواْ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِ مِن آيَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ**

وە گوتیان هەرچیەك لە بەڵگە و موعجیزەکانی ئەو بۆ بێنیت کە بە هۆیانەوە سیحرمان لێ بکەیت، ئەوا ئێمە بەتۆ باوەڕ ناهێنین.

**١٣٣-فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ آيَاتٍ مُّفَصَّلاتٍ فَاسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ**

ئەوەبوو لافاو و کولله و ئەسپێ و بۆق و خوێنمان وەك موعجیزەی ڕوون بەسەریاندا هێنا، ئەوانە خۆبەزلزان بوون، وە خەڵکانێکی تاوانبار بوون.

**١٣٤-وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ الرِّجْزُ قَالُواْ يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا الرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِي إِسْرَائِيلَ**

وە کاتێك سزاکەیان بەسەرداهات گوتیان ئەی موسا بۆ ئێمە خوداکەت بانگ بکە بەوەی کە پەیمانی بە تۆ داوە، ئەگەر ئەو سزایە لەسەرمان لابەرێت ئەوا بڕوات پێدێنین، وە لەگەڵتدا بنی ئیسرائیل دەنێرین.

**١٣٥-فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الرِّجْزَ إِلَى أَجَلٍ هُم بَالِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ**

وە هەر کە سزاکەمان بۆ ماوەیەك لەسەر لابرد، گەڕانەوە دۆخی جاران و پەیمانەکەیان شکاند.

**١٣٦-فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ**

ئەوەبوو تۆڵەمان لێیان کردەوە و لە دەریا نوقممان کردن بەهۆی ئەوەی نکۆڵیان لە بەڵگە و موعجیزەکانمان کرد، وە لێی بێئاگا بوون.

**١٣٧-وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُواْ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُواْ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُواْ يَعْرِشُونَ**

وە لە خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوای ئەو خاکەی کە بە پیت و بەرەکەتمان کردبوو بە میرات دامان بەو قەومەی کە دەچەوسێنرانەوە، وە بەڵێنی نایابی خوداکەت بەسەر بنی ئیسرائیل هاتە دی بە هۆی ئەوەی خۆڕاگربوون، وە ئەوانەمان وێران کرد کە فیرعەون و قەومەکەی دروستیان دەکرد، وە ئەو کۆشکوتەلارانەی ئاوەدانیان کردبۆوە.

**١٣٨-وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتَوْا عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَّهُمْ قَالُواْ يَا مُوسَى اجْعَل لَّنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ**

وە بنی ئیسرائیلمان لە دەریا پەڕاندەوە، ئەوەبوو هاتن بە لای خەڵکانێك کە لە دەورەی بتەکانیان خەڵوەتیان کردبوو، گوتیان ئەی موسا خوداوەندێکمان بۆ بهێنە ئاراوە هەروەك چۆن ئەوانە خوداوەندیان هەیە، گوتی هەر بە ڕاستی ئێوە خەڵکانێکی نەزانن.

**١٣٩-إِنَّ هَؤُلاء مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ**

له ڕاستیدا ئەوەی ئەوانە تیایدان بێهودەیە ، وە ئەو کارەی دەیکەن پڕوپووچە.

**١٤٠-قَالَ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَهًا وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ**

گوتی ئایا جگە لە اللە خوداوەندێکی ترتان بۆ بێنمە ئاراوە لە کاتێکدا ئەو بەسەر جیهانەکان پەسندی کردوون و هەڵیبژاردوون.

**١٤١-وَإِذْ أَنجَيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ يُقَتِّلُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَلاء مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ**

وە لە یادتان بێت کە لە خانەوادەی فیرعەون ڕزگارمان کردن کە بە خراپترین شێوە ئازاری دەدان، کورەکانتانی دەکوشت و ژنەکانتانی لە ژیاندا دەهێشتەوە، وە لەمەتاندا بەڵایەکی مەزن لە خوداکەتانەوە هەبوو.

**١٤٢-وَوَاعَدْنَا مُوسَى ثَلاثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً وَقَالَ مُوسَى لأَخِيهِ هَارُونَ اخْلُفْنِي فِي قَوْمِي وَأَصْلِحْ وَلاَ تَتَّبِعْ سَبِيلَ الْمُفْسِدِينَ**

وە ژوانی سی شەوەمان بە موسا دا ئینجا دە ڕۆژمان خستە سەری و تەواومان کرد، لە دیدەنی خوداکەی بوو بۆ چل شەو، وە موسا بە هارونی برای گوت: لە جێگای من بە لە ناو قەومەکەم، وە چاك بە، وە نەکەیت پیادەی ڕێگای خراپەکاران بکەیت.

**١٤٣-وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ**

وە کاتێك موسا هات بۆ دیدەنمان، وە خوداکەی قسەی لەگەڵدا کرد گوتی خوداکەم مۆڵەتم بدە سەیرت بکەم، گوتی ناتوانیت بمبینیت بەڵام سەیری ئەو چیایە بکە، ئەگەر لە شوێنەکەی مایەوە ئەوا دەمبینیت، کاتێك خوداکەی خۆی بەدیارخست، چیاکە وردوخاش بوو، وە موسا بورایەوە، کاتێك بەئاگا هاتەوە گوتی شکۆمەندیت، تۆبەم کرد بۆ تۆ، وە لە ڕاستیدا من لە یەکەم باوەڕداران دەبم.

**١٤٤-قَالَ يَا مُوسَى إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ عَلَى النَّاسِ بِرِسَالاتِي وَبِكَلامِي فَخُذْ مَا آتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ**

گوتی ئەی موسا من تۆم بەسەر خەڵکدا هەڵبژاردووە بە پەیامەکەم و بە قسەکردنم لەگەڵتدا، دەست بەوە بگرە کە بە تۆم داوە، وە  لەوانە بە کە سوپاسگوزارن.

**١٤٥-وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُواْ بِأَحْسَنِهَا سَأُرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ**

وە هەموو شتێکمان بۆی نووسی لە تابلۆکان لە ڕاسپاردە و ڕوونکردنەوە سەبارەت بە هەموو شتێك، دە بە هێز بیگرە، وە فەرمان بە قەومەکەت بکە کە پیادەی باشترینیان بکەن، لە داهاتوو شوێن و زێدی خراپەکارانتان نیشان دەدەم

**١٤٦-سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لاَّ يُؤْمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الرُّشْدِ لاَ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ**

لە بەڵگە و نیشانەکانم ڕووی ئەوانە وەردەچەرخێنم کە خۆبەزلزانن بە بێ هەق لە زەویدا، وە هەموو بەڵگە و نیشانەیەکیش ببینن، خۆ هەر بڕوای

پێناهێنن، وه ئهگهر ڕێگای ڕاست ببینن ئهوا وهك ڕێبازێك نایگرن، وه ئهگهر ڕێگای سهرکێشی ببینن ئهوا دهیگرنه بهر، چونکه ئهوانه نکۆڵیان له نیشانهکانمان کرد، وه لێی بێ ئاگا بوون.

**١٤٧-وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَلِقَاء الآخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلاَّ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ**

وه ئهوانهی نکۆڵیان له نیشانهکانمان و دیدهنی ڕۆژی قیامهت کرد، کارهکانیان بهفیڕۆ چووه، ئهی مهگهر پاداشت ناکرێنهوه تهنها بۆ ئهو کارانهی دهیانکرد.

**١٤٨-وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِن بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلاً جَسَدًا لَّهُ خُوَارٌ أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لاَ يُكَلِّمُهُمْ وَلاَ يَهْدِيهِمْ سَبِيلاً اتَّخَذُوهُ وَكَانُواْ ظَالِمِينَ**

وه قهومی موسا له دوای خۆیدا له خشڵهکانیان لاشهی گوێرهکهیهکیان (وهك خوداوهند) به خۆیانهوه گرت که بۆڕهی دههات، ئهی نهیاندهبینی که قسهیان لهگهڵدا ناکات و ڕێنماییان ناکات بۆ ڕێگایهك، بهڵام ههر به خۆیانهوه گرت، وه ستهمکار بوون.

**١٤٩-وَلَمَّا سُقِطَ فِي أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْاْ أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّواْ قَالُواْ لَئِن لَّمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ**

وه کاتێك ئهم کاره له دهستیان دهرچوو وه بینیان که گومڕا بوون گوتیان ئهگهر خوداکهمان بهزهییمان پێ نهکات و لێمان نهبوورێت ئهوا به دڵنیایهوه له دۆڕاوهکان دهبین.

**١٥٠-وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِن بَعْدِيَ أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ وَأَلْقَى الأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ قَالَ**

**ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُواْ يَقْتُلُونَنِي فَلاَ تُشْمِتْ بِيَ الأعْدَاء وَلاَ تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ**

وە كاتيك موسا گەرايەوە بۆ ناو قەومەكەی تورە و دڵتەنگ بوو گوتی بە خراپترین شێوە لە دوای خۆم جێنشینی منتان كرد، ئەوە پەلەتان كرد لە بڕیاری خوداكەتان؟ ئەوەبوو تابلۆكانی فڕیدا و سەری براكەی گرت و بۆ لای خۆی ڕایكێشا گوتی ئەی كوڕی دایكم لە ڕاستیدا قەومەكە تەنگیان پێ هەڵچنیم وە خەریك بوو بمكوژن، دەسا دڵی دووژنمان بە من خۆش مەكە وە لەگەڵ خەڵكانێكی ستەمكارم دامەنێ.

١٥١-**قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ**

گوتی خوداكەم لە خۆم و براكەم خۆش بە وە بمانخەرە ژێر بەزەییەكەت، وە هەر خۆت لە هەمووان بە بەزەییترینیت.

١٥٢-**إِنَّ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُفْتَرِينَ**

هەڵبەتە ئەوانەی گوێرەكەكەیان بە خۆیانەوە گرت ئەوا تورەییەكی خوداكەیان و ڕیسواییەك لەم ژیانەی دونیایان بەدەست دەهێنن، وە بەم شێوەیە پاداشتی ئەوانە دەدەینەوە كە شت هەڵدەبەستن.

١٥٣-**وَالَّذِينَ عَمِلُواْ السَّيِّئَاتِ ثُمَّ تَابُواْ مِن بَعْدِهَا وَآمَنُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ**

وە ئەوانەی كاری خراپیان كردووە ئینجا لە دوای ئەوە تۆبەیان كردووە و باوەڕیان هێناوە ئەوا لە دوای ئەوە لە ڕاستیدا خوداكەت لێبووردە و بە بەزەییە.

**١٥٤-وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ أَخَذَ الأَلْوَاحَ وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ**

وە کاتێك تورەیی موسا دامرکایەوە تابلۆکانی گرت، وە لە نووسینەکانیدا هیدایەت و ڕەحمەتی تیدابوو بۆ ئەوانەی لە خوداکەیان دەتۆقن.

**١٥٥-وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلاً لِّمِيقَاتِنَا فَلَمَّا أَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ السُّفَهَاء مِنَّا إِنْ هِيَ إِلاَّ فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَاء وَتَهْدِي مَن تَشَاء أَنتَ وَلِيُّنَا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الْغَافِرِينَ**

وە موسا لە قەومەکەی حەفتا پیاوی هەڵبژارد بۆ دیدەنمان، وە کاتیك هەژان گرتنی، گوتی، خوداکەم ئەگەر بتویستایە ئەوا پێشووتر ئەوان و منت دەگرت، ئایا لە ناومان دەبەیت بە هۆی ئەوەی هیچ و پووچەکانمان کردیان؟ وە ئەوە شتێك نییە تەنها ئاژاوەیەکی خۆت نەبێت کە بەهۆیەوە کەسانێك گومڕا دەکەیت کە خۆت دەتەوێت، وە کەسانێك ڕێنمایی دەکەیت کە خۆت دەتەوێت، تۆ گەورەی ئێمەیت، دە لێمان ببورە و بەزەییت پێمان بێتەوە، وە هەر خۆت چاکترینی ئەوانەیت کە دەبوورن.

**١٥٦-وَاكْتُبْ لَنَا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَا إِلَيْكَ قَالَ عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاء وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ**

وە چاکەمان لەم دونیایە و لە ڕۆژی دوایی بۆ بنووسە، ئێمە ڕێبازی تۆمان گرتووە، گوتی ئەشکەنجەکەم تووشی کەسێك دەبێت کە خۆم ویستم لەسەرە، وە بەزەییەکەم هەموو شتێکی گرتۆتەوە، دەسا دەینووسم بۆ ئەوانەی خوداترسن و زەکات دەدەن و ئەوانەی بڕوایان بە نیشانە و بەڵگەکانمان هەیە.

**١٥٧-الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُواْ بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**

ئەوانەی شوێنکەوتووی پێغەمبەرێکی هەواڵدەری نائاشنابووی بە پەرتووکە، کە دەبینین لە لایان لە تەورات و ئینجیل نووسراوە، کە فەرمانیان پێ دەکات بە چاکە و ڕێگریان لێ دەکات لە خراپە و نایابەکانیان بۆ حلال دەکات و پیسەکانیان لێ حرام دەکات، وە بارگرانەکانیان لەسەر لادەبات، وە ئەوکۆتوبەندانەی کە لەسەریان بوو، دەسا ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن و پشتیوانی و پاڵپشتی دەکەن و شوێنکەوتووی ئەو ڕووناکیەن کە لەگەڵیدا دابەزیووە، ئەوانە لە سەرکەوتووەکانن.

**١٥٨-قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ**

بڵێ ئەی خەڵکینە لە ڕاستیدا من پێغەمبەری اللهم بۆ گشتتان، ئەوەی کە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی بۆ ئەوە، هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، هەر ئەو دەژیێنێت و دەمرێنێت، دە باوەڕ بە الله و بەوپێغەمبەرە هەواڵدەرە نائاشنابووە بە پەرتوکە بێنن کە باوەڕی بە الله و وتەکانی هەیە، وە شوێنکەوتەی بن بەشکو هیدایەت دەدرێن.

**١٥٩-وَمِن قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ**

وە لە میللەتی موسا کۆمەڵێکیان ڕێنمایی خەڵك بە ڕاست و درووستی دەکەن و ڕاستیش دادوەری دەکەن.

**١٦٠-وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى إِذِ اسْتَسْقَاهُ قَوْمُهُ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ**

ئەوانمان کرد بە دوانزە بەش و کۆمەڵ، وە وەحیمان بۆ موسا نارد کە قەومەکەی داوای ئاوی خواردنەوەیان لێی کرد، کە بە گۆپاڵەکەی لە بەردەکە بدات، ئەوەبوو دوانزە کانیاو لە بەردەکە هەڵقولان، وە هەر کۆمەڵێك لە خەڵکەکە زانیان کە کامە کانیاو شوێنی ئاو خواردنەوەیەتی، هەوریشمان بەسەریاندا کرد بە سێبەر، گەزۆ و شیلاقەشمان بۆیان دابەزاند، (گوتمان) دەبخۆن لەم شتە نایابانەی کە کردوومانە بە ڕۆزیتان وە ستەممان لێیان نەکرد بەڵکو خۆیان بوون کە ستەمیان لە خۆیان کرد.

**١٦١-وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ اسْكُنُواْ هَذِهِ الْقَرْيَةَ وَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ وَقُولُواْ حِطَّةٌ وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّدًا نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطِيئَاتِكُمْ سَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ**

وە لە یادت بێت کە پێیان گوترا بۆخۆتان لەم گوندە بژین و تیایدا هەرچیەك ئارەزوو دەکەن بخۆن، وە بڵێن "حطة"(واتە هەڵوەشێنێک)، وە لە دەرگاکە بە کڕنۆشەوە بڕۆنە ژوورەوە، لە گوناهەکانتان دەبوورین، وە زیادەش بە چاکەکەران دەدەین.

**١٦٢-فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِّنَ السَّمَاء بِمَا كَانُواْ يَظْلِمُونَ**

ئینجا ئەوانەی ستەمیان کرد ئەو قسەیەی کە پێیان گوترابوو گۆڕییان بە قسەیەکی دیکە، ئەوەبوو سزایەکمان لە ئاسمان بۆیان دابەزاند بە هۆی ئەو ستەمەی دەیانکرد.

**١٦٣-وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعاً وَيَوْمَ لاَ يَسْبِتُونَ لاَ تَأْتِيهِمْ كَذَلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ**

ئەی محمد پرسیار لە جووەکان بکە سەبارەت بەو گوندەی کە لە قەراغ دەریا بوو، کە خەڵکەکەی پێشێلی ڕۆژی ساباتیان دەکرد کاتێك ماسیەکان لە ڕۆژی شەممە سەرئاو دەکەوتن، وە لە ڕۆژانێك کە ساباث نەبوو، ماسیەکان دەرنەدەکەوتن، بەم جۆرە تاقیان دەکەینەوە بە هۆی ئەوەی خراپەکار بوون.

**١٦٤-وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُواْ مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ**

وە کە کۆمەڵێك لە خۆیان گوتیان بۆچی ئامۆژگاری خەڵکانێك دەکەن کە الله هەر لەناویان دەبات، وە یان سزایەکی کوشندەیان دەدات؟ گوتیان لێبووردنێك بۆ خوداکەتان، وە بەشکو بترسن.

**١٦٥-فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ**

وە کاتێك فەرامۆشی ئەو ئامۆژگارییەیان کرد کە پێیان کرابوو، ئەوانەمان ڕزگارکرد کە نەهیان لە خراپە دەکرد، وە ئەوانەمان بە خراپترین شێوە ئازاردا بە هۆی ئەوەی کاری خراپیان دەکرد.

**١٦٦-فَلَمَّا عَتَوْا عَن مَّا نُهُواْ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ**

کاتێك پێشێلی ئەوەیان کرد کە نەهیان لێکرابوو پێمان گوتن ببن بە مەیموونی ڕیسوا.

**١٦٧-وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ**

وە کە خوداکەت مۆڵەتیدا کە تاوەکو ڕۆژی قیامەت کەسێك بنێرێتە سەریان کە بە خراپترین شێوە ئازاریان بدات، لە ڕاستیدا خوداکەت لە سزادان خێرایە، وە هەر ئەو لێبووردە و بە بەزەییە.

**١٦٨-وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الأَرْضِ أُمَمًا مِّنْهُمُ الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَلِكَ وَبَلَوْنَاهُمْ بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ**

وە لە زەویدا بەشبەشمان کردن بۆ کۆمەڵەی جیاواز، هەیانە چاکن، وە هەیانە لە ئاستێکی نزمترە، بە چەندەها چاکە و خراپە تاقیمان کردوونەتەوە، سا بەشکو بگەڕێنەوە.

**١٦٩-فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُواْ الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَذَا الأَدْنَى وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُ يَأْخُذُوهُ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَاقُ الْكِتَابِ أَن لاَّ يِقُولُواْ عَلَى اللَّهِ إِلاَّ الْحَقَّ وَدَرَسُواْ مَا فِيهِ وَالدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ**

ئینجا لە دوایان جێگرەوەیەکی تر جێگایان گرتنەوە کە پەرتووکیان بە میرات وەرگرت، کە شتەکانی ئەم دونیایەیان وەردەگرت و دەیانگوت لێمان دەبووردرێت، وە تەنانەت ئەگەر شتانێکی هاوچەشنیشیان پێ بدرێت وەریدەگرن، ئەی پەیمانی پەرتووکیان لێ وەرنەگیرا کە جگە لە قسەی هەق لەسەر الله هیچ شتێکی تر نەڵێن، وە ئەوەی تیایدایە خوێندوویەتیانەوە ، وە ماڵی کۆتایی (بەهەشت) چاکترە بۆ ئەوەی دەترسن، ئایا هێشتا تێناگەن؟

**١٧٠-وَالَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ إِنَّا لاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ**

وە ئەوانەی پابەند دەبن بە پەرتووك و نوێژ دەكەن، ئەوا لە ڕاستیدا ئێمە پاداشتی چاكسازكەران ون ناكەین.

**١٧١-وَإِذ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّواْ أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ**

وە كە چیاكەمان هەڵتەكاند و بەسەریاندا وەك هەورێك بەرزمان كردەوە، كە وایانزانی بەسەریاندا دەكەوێت، (ئینجا پێمان گوتن) توند دەست بەوە بگرن كە بە ئێوەمان داوە، وە یادی ئەوە بكەنەوە كە تێیدایە، سا بەشكو پارێزراو دەبن.

**١٧٢-وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ**

وە لە یادت بێت كە خوداكەت لە پشتی كوڕەكانی ئادەم وەچەكانی دەرهێنا و كردنی بە شایەت بەسەر خودی خۆیان و گوتی ئەی من خوداتان نیم؟ گوتیان بەڵێ شایەتیماندا. نەكەن لە ڕۆژی قیامەت بڵێن لە ڕاستیدا ئێمە سەبارەت بەوە بێئاگا بووین.

**١٧٣-أَوْ تَقُولُواْ إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّن بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ**

یان بڵێن باوكانمان لە پێش ئێمە شركیان كرد، وە ئێمە دوای ئەوان وەچە بووین، ئایا بە هۆی كارێك كە پێشێلكەران كردوویانە لەناومان دەبەیت؟

**١٧٤-وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ**

وە بەم جۆرە ئایەتەكان ڕووندەكەینەوە بەشكو دەگەڕێننەوە

**١٧٥-وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِيَ آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ**

وه هەواڵی ئەو کەسەیان پێ بڵێ کە نیشانەکانی خۆمان پێیدا، ئەوەبوو خۆی لێی داماڵاند، ئینجا شەیتان شوێنی کەوت، وە یەکێك بوو لە چەنەباز و سەرلێشێواوەکان.

**١٧٦-وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ**

وە ئەگەر بمانویستایە ئەوا بە هۆی نیشانەکانمان بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆی پابەندی زەوی کرد، وە شوێنکەوتەی ئارەزووەکانی بوو، نموونەی ئەو کەسە وەك سەگێکە کە ئەگەر فشاری بخەیتە سەر ئەوا زمان دەردێنێت، وە ئەگەر وازی لێبهێنێت ئەوا هەر زمان دەردەهێنێت، ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە نکۆڵیان لە نیشانەکانی ئێمە کرد، تۆ لەم چیرۆکانەیان بۆ بگێڕەوە، بەشکو بیردەکەنەوە.

**١٧٧-سَاء مَثَلاً الْقَوْمُ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُواْ يَظْلِمُونَ**

نموونەیەکی خراپە ئەو خەڵکانەی کە نکۆڵی لە ئایەتەکانمان دەکەن، وە خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە.

**١٧٨-مَن يَهْدِ اللّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي وَمَن يُضْلِلْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ**

هەر کەسێك الله هیدایەتی بدات ئەوا هیدایەت کراوە، وە هەر کەسێك الله گومڕای بکات ئەوا ئەوانە دۆڕاوەبن.

**١٧٩-وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ**

ئێمە زۆر لە جنۆکە و مرۆڤمان بۆ دۆزەخ درووستکردووە، ئەوانە دڵێکیان هەیە کە لە ڕێگایەوە تێناگەن، وە چاویشیان هەیە بەڵام لە ڕێگایەوە نابینن، وە گوێیان هەیە بەڵام لە ڕێگایەوە نابیسن، ئەوانە وەك ئاژەڵ وان بەڵکو لە ئاژەڵ گومڕاترن، ئەوانە بێئاگان.

**١٨٠-وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ**

وە بۆ اللە ناوی جوان و نایاب هەیە، بەو ناوانە بانگی بکەن، وە واز لەوانە بێنن کە ناهەقی بەرامبەر بە ناوەکانی دەکەن، ئەوانە سزای خۆیان بۆ ئەو کارانەی دەیانکرد وەردەگرنەوە.

**١٨١-وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ**

وە لەوانەی درووستمان کردوون، میللەتێکە کە ڕینمایی بە هەق دەکەن، وە بە هەق دادپەروەری دەکەن.

**١٨٢-وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لاَ يَعْلَمُونَ**

وە ئەوانەی نکۆڵیان لە ئایەتەکانمان کرد ئەوا هیواش هێواش بۆیان دەچین لە شوێنکدا کە خۆشیان نەزانن.

**١٨٣-وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ**

وە ماوەیەك مۆڵەتیان دەدەم بەڵام لە خشتەبردندا پتەوم.

**١٨٤-أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ**

ئەی ئەوانە بیریان نەکردۆتەوە کە یاوەرەکەیان جنۆکەی تێدا نییە بەڵکو لە ڕاستیدا تەنها هۆشیاردەرێکی ڕوونە.

١٨٥-**أَوَلَمْ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَى أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ**

ئایا ئەوانە لە شانشینی ئاسمانەکان و زەوی و هەر شتێك کە الله دروستیکردووە ڕانەماون؟ وە ڕەنگ بێت کە کۆتاییان نزیك بووبێتەوە، دەسا بە کامە قسە لە دوای ئەوە بڕوا دەکەن؟

١٨٦-**مَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَيَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ**

ئەوەی الله گومرای بکات ئەوا ڕێنیشاندەری نابێت، وە وازیانلێبێنە لە سەرکێشیاندا بێن و بچن.

١٨٧-**يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لاَ يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلاَّ هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لاَ تَأْتِيكُمْ إِلاَّ بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ**

پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە کاتی سەرهەڵدانی قیامەت، کەی بەرپا دەبێت؟ بڵێ لە ڕاستیدا زانستەکەی لای خوداکەمە، خۆی نەبێت هیچ کەسێك ناتوانێت کاتەکەی بەدیاربخات، بەرپابوونی (قیامەت) بۆ ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان گرانە، ڕۆژی قیامەت ڕوونادات تەنها بە کتوپڕی نەبێت، پرسیارت لێ دەکەن وەك ئەوەی تۆ لێی بزانیت، بڵێ لە ڕاستیدا زانستەکەی لای اللهیە، بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن .

١٨٨-قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ

بڵێ من ناتوانم هیچ سوودێك یان زیانێكم بۆ خۆم هەبێت مەگەر ویستی اللهی لەسەر بێت، وە ئەگەر لە غەیبم بزانیایە ئەوا بە دڵنیاییەوە چاكەی زۆرم ئەنجام دەدا و هیچ ناخۆشیەكیشم تووش نەدەهات، لە ڕاستیدا من هیچ نیم تەنها هۆشیاردەرێك و مژدەدەرێكم بۆ خەڵكانێك كە باوەڕ دێنن.

**١٨٩-هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلاً خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ فَلَمَّا أَثْقَلَت دَّعَوَا اللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ**

هەر خۆی ئێوەی لە یەك خود(ئادەم) درووستكردووە، وە لەم خودە هاوسەرەكەی (حەوا) هێناوەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بژیێت، وە كاتێك (ئادەم لە حەوای) بڕی و دووگیان بوونێكی سووك دووگیان بوو، وە بەم حاڵەوە تێپەڕی كرد، ئینجا باری گران بوو، هەردووكیان (ئادەم و حەوا) بانگی الله خوداكەیان كرد: ئەگەر منداڵێكی باشمان پێ ببەخشیت ئەوا لە سوپاسگوزارەكانت دەبین.

**١٩٠-فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحًا جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا فَتَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ**

وە كاتێك منداڵێكی چاكیان بوو، ئەوا هەوەڵیان بۆ الله دانا لەوەی كە پێیانی دابوو، الله بەرزە دەكەواتە چۆن هاوەڵی بۆ دێینە ئاراوە.

**١٩١-أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ**

ئایا شرك دەكەن بەوەی كە هیچ شتێك درووستناكات وە خۆیانیش دروستكراون.

**١٩٢-وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلاَ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ**

له كاتێكدا كه ناتوانن نه یارمەتیان بدەن و نه یارمەتی خۆشیان بدەن.

**١٩٣-وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَى لاَ يَتَّبِعُوكُمْ سَوَاء عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَامِتُونَ**

وه ئەگەر ئێوەش بانگیان بكەن بۆ هیدایەت ئەوا شوێنتان ناكەون، جا ئەگەر بانگیان بكەن، وه یان بێدەنگیان لێ بكەن، وەك یەك وایه.

**١٩٤-إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ**

له ڕاستیدا ئەوانەی جگه له الله، ئێوه بانگیان دەكەن، بەندەیەكن وەك ئێوه، ده بانگیان بكەن، وه با وەڵامتان پێ بدەنەوه ئەگەر بەڕاستی ئێوه ڕاستگۆن.

**١٩٥-أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا قُلِ ادْعُواْ شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلاَ تُنظِرُونِ**

ئایا ئەو بتانه قاچیان هەیه كه پێی دەڕۆن یان دەستیان هەیه بۆ ڕاوەشاندن یان چاویان هەیه پێیەوه دەبینن یان گوێچكەیان هەیه پێیەوه دەبیستن؟ پێیان بڵێ بانگی پەرستراوەكانتان بكەن ئینجا پیلانگێڕی خۆتان بكەن و دەرفەتم مەدەن.

**١٩٦-إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ**

وه له ڕاستیدا پشتیوانی من اللەیه كه پەرتووكی دابەزاندووه، وه هەر خۆی سەرپەرشتی چاكەكاران دەكات.

**١٩٧-وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ**

وە ئەو بتانەی کە ئێوە، جگە لە اللە، بانگیان دەکەن، ناتوانن سەرتان بخەن، وە تەنانەت ناتوانن خودی خۆشیان سەربخەن.

**١٩٨-وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَى لاَ يَسْمَعُواْ وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ**

وە ئەگەر بانگیان بکەیت بۆ هیدایەت گوێیان لێ نابێت، وە تۆ دەبینیت کە سەیرت دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان نابینن.

**١٩٩-خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ**

چاو بپۆشە و فەرمان بە دابونەریت بکە و واز لە نەزانەکان بێنە.

**٢٠٠-وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**

وە هەرکە هاندانێکت لە شەیتانەوە بۆ پێشهات و ویستی هانتبدات، ئەوا پەناگە بگرە بە اللە، ئەو هەر خۆی بیستەر و زانایە.

**٢٠١-إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ**

ئەوانەی کە خواترسن، ئەگەر شەوگەڕێك لە شەیتان دەستیان لێ بوەشێنێت، جا کاتێك یادی اللە دەکەنەوە، ئەوا ئەوانە بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە.

**٢٠٢-وَإِخْوَانُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِي الْغَيِّ ثُمَّ لاَ يُقْصِرُونَ**

وە براکانیان هانیان دەدەن بۆ سەرکێشی کردن ئینجا لە هەوڵەکانیان کۆڵ نادەن.

**٢٠٣-وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِآيَةٍ قَالُواْ لَوْلاَ اجْتَبَيْتَهَا قُلْ إِنَّمَا أَتَّبِعُ مَا يُوحَى إِلَيَّ مِن رَّبِّي هَذَا بَصَائِرُ مِن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ**

وە ئەگەر موعجیزەیەکیان بۆ نەهێنێت ئەوا دەڵێن دەی بۆچی بۆ خۆت دانەیەکت هەڵنەبەستا؟ بڵێ لە ڕاستیدا من تەنها پیادەی ئەو وەحیە دەکەم کە لە لایەن خوداکەمەوە بۆم دێت، ئەوە (قورئان) چاورۆشەنکەر لە لایەن خوداکەتانەوەیە، وە هیدایەت و ڕەحمەتە بۆ خەڵکانێك کە بڕوا دێنن.

**٢٠٤-وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**

وە کاتێك قورئان خوێندرایەوە ئەوا گوێی لێ بگرن و بێدەنگ بن بەشکو بەزەییتان پێ دەکرێت.

**٢٠٥-وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ**

وە یادی خوداکەت بکەوە لە ناختدا بە ترس و نهێنی و بێدەنگ هەڵبڕین و بەرزکردنەوە لە بەیانیان و ئێواران، وە لە وانە مەبە کە بێئاگان

**٢٠٦-إِنَّ الَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيُسَبِّحُونَهُ وَلَهُ يَسْجُدُونَ**

لە ڕاستیدا ئەوانەی لای خودای تۆن خۆبەزلزان نین بۆ پەرستنی و ستایشکردنی، وە بۆ ئەو کڕنۆش دەبەن.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١

المص

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، لە سەرەتای سوورەتی الاعراف سوێند دەخوات و دەڵێت، (المص) واتە سوێند بە مژین.

ابن منظور لە لسان العرب سەبارەت بە وشەی (مصص) دەڵێت:

(المَصُّ) واتە مژین، مژینی شتێك كە بمژرێت، بۆ نموونە كاتێك منداڵ گۆی مەمك دەمژێت. وە ئەو شیرینیەی كە دەمژرێت پێی دەگوترێت (مصاصة). وە (مَصَصْتُ الرّمانَ أَمُصُّ) هەنارەكەم مژی بە مژین.

وە (ومَصّان) وەك سووكایەتی بە پیاوێك دەگوترێت كە حەزی لە مژینە، وە (مَصّانة) وەك سووكایەتی بە ژنێك دەگوترێت كە حەزی لە مژینە.

لە صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە، عائیشە دەڵێت، پێغەمبەر گوتی:

لَا تُحَرِّمُ الْمَصَّةُ والْمَصَّتَانِ

مژینێك وە یان دوو مژین (مەمك)، پیاو و ژن لێك حرام ناكات.

بۆ ڕاكردن لە مانای ئەم وشەیە، ابن الجوزی لە زاد المسیر
دەڵێت،سەبارەت بە مانا و مەبەستی اللہ لە (المص) حەوت قەول هەیە:

یەکەم: واتە اللّٰه زاناترین و جیاکارترینە (أنا اللّٰه أعلم وأفصل).

دووەم: سوێندێکە و اللّٰه سوێندی پێی خواردووە.

سێهەم: یەکێکە لە ناوەکانی اللّٰه.

چوارەم: (الف) واتە اللّٰه، (لام) واتە لطیف، (میم) واتە مجید، وە (صاد) واتە صادق.

پێنجەم: "المص" ناوی سوورەتەکەیە.

السیوطی لە الاتقان لعلوم القران دەڵێت: ئەم سورەتە، لە سەرەتا ناوی"المص" بوو، ئینجا دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "الاعراف".

شەشەم: ناوێکە لە ناوەکانی قورئان.

حەوتەم: هەندێك وشەیە.

بیروڕای دووەم دەڵێت سوێندە، ئەم بیرووبۆچونە زۆر ڕاستە، چونکە دەگمەنن ئەو سوورەتانەی مەککە کە اللّٰه لە سەرەتای سوورەتەکە سوێندی نەخواردبێت. لەبەر ئەوە (المص) سوێندە، بەڵام سوێند بە چی؟ سوێند بە مژین؟

لە صحیح مسلم و موطأ مالك، فەرموودەیەك هاتووە عائیشة دەڵێت:

كَانَ فِيمَا أُنْزِلَ مِنَ الْقُرْآنِ عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ، ثُمَّ نُسِخْنَ بِخَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ، فَتُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ فِيمَا يُقْرَأُ مِنَ الْقُرْآنِ

ئەوەی وەك قورئان دابەزی، دە جار مەمك مژین بوو، كە پیاوی لە ژن حرام دەكرد، ئینجا لە كارخرا (نسخ بوو) و بوو بە پێنج جار مژین، ئەوەبوو كاتێك پێغەمبەر مرد، لە قورئاندا دەخوێندرایەوە.

وە لە مسند احمد و سنن ابن ماجة، فەرموودەیەك هاتووە عائشة گوتوویەتی:

لَقَدْ أُنْزِلَتْ آيَةُ الرَّجْمِ، وَرَضَعَاتُ الْكَبِيرِ عَشْرٌ، فَكَانَتْ فِي وَرَقَةٍ تَحْتَ سَرِيرٍ فِي بَيْتِي، فَلَمَّا اشْتَكَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَشَاغَلْنَا بِأَمْرِهِ، وَدَخَلَتْ دُوَيْبَةٌ لَنَا فَأَكَلَتْهَا

ئایەتی رەجم و دە جار مەمك مژین دابەزی، لە پەڕاوێك نووسرابوو لە ژێر قەرەوێلەكەم كاتێك پێغەمبەر نەخۆش كەوت و بەهۆیەوە سەرقاڵ بووین، ئاژەڵێكی خۆماڵی هاتبوو و خواردبووی.

واتە ئایەتی (رضاع الكبیر)، (مەمكە مژەی زڕتە زەلامان) دوو جار دابەزیووە، جاری یەكەم، دە جار مژین بووە، وە دواتر نسخ كراوە و بووە بە پێنج جار مژین.

وە لە صحیح مسلم، لە بابی"مەمكە مژەی گەوران" فەرموودەیەك هاتووە عائیشە دەڵێت:

جَاءَتْ سَهْلَةُ بِنْتُ سُهَيْلٍ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أَرَى فِي وَجْهِ أَبِي حُذَيْفَةَ مِنْ دُخُولِ سَالِمٍ وَهُوَ حَلِيفُهُ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْضِعِيهِ قَالَتْ وَكَيْفَ أُرْضِعُهُ وَهُوَ رَجُلٌ كَبِيرٌ فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَقَالَ قَدْ عَلِمْتُ أَنَّهُ رَجُلٌ كَبِيرٌ زَادَ عَمْرٌو فِي حَدِيثِهِ وَكَانَ قَدْ شَهِدَ بَدْرًا

سهلة کچی سهیل هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: ئەی پێغەمبەری اللە، لە سیمای حذیفەی مێردم نیگەرانی دەبینم کاتێك سالم (هاوپەیمانی ابو حذیفة بوو) بەسەرمدا دێتە ژوورەوە، پێغەمبەر گوتی با گۆی مەمکت بمژێت، گوتم: چۆن گۆی مەمکم بمژێت، وە سالم پیاوێکی گەورەیە، پێغەمبەر پێکەنی و گوتی دەزانم گەورەیە. وە سالم لە شەڕی بەدر بەشدار ببوو

وە ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ دوای دابەزینی ئایەتی تەحریمی تەبەنی (سوورەتی الاحزاب)، کە ٣ ساڵ لە دوای شەڕی بەدر دابەزیووە.

وە لە صحیح مسلم، فەرمودەیەکی تر هاتووە، کە سهلة کچی سهیل بە محمد دەڵێت:

فَقالَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ: أَرْضِعِيهِ، فَقالَتْ: إنَّه ذُو لِحْيَةٍ

گۆی مەمکتی بدەرێ بیمژێت، سهلة گوتی: سالم ڕیشی هەیە.

محمد گوتی، بیدەرێ.

وه له سير اعلام النبلاء للذهبى، سەبارەت (ابو حذيفة) مێردی سهلة دەڵێت:

وَهَاجَرَ إِلَى الْحَبَشَةِ مَرَّتَيْنِ. وَوُلِدَ لَهُ بِهَا مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي حُذَيْفَةَ، وَلَدَتْهُ لَهُ سَهْلَةُ بِنْتُ سُهَيْلِ بْنِ عَمْرٍو، وَهِيَ الَّتِي أَرْضَعَتْ سَالِمًا، وَهُوَ كَبِيرٌ، لِتَظْهَرَ عَلَيْهِ

دەڵێت ابو حذيفة دووجار کۆچی کرد بۆ حەبەشە (ساڵی پێنجی پێغەمبەرایەتی محمد)، وە لە حەبەشە لە سهلەی ژنی محمد بن حذيفەی بوو، وە سهلة ئەو ژنە بوو کە سالم گۆی مەمکی مژی، وە سالم گەورە بوو، بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەریدا بێتە ژوورەوە.

ڕوونە کە ئەو کاتەی سهلة گۆی مەمکی خستۆتە دەمی سالم، کە پیاوێکی گەورە بووە، سهلة شیری نەبووە چونکە منداڵی شیرەخۆری نەبووە. دوا منداڵی لە حبشە دەبێت کە ناوی محمد دەبێت، واتە ئەو کاتەی سهلة مەمکی دەخاتە ناوی دەمی سالم، کوڕە بچووکەکەی لایەنی کەم تەمەنی ١٣ ساڵ دەبێت.

وە لە زمانی عەرەبی "رضاعة" واتە مژینی مەمك، جا گرنگ نییە شیر هەبێت وە یان نەبێت.

دایك هەیە گۆی مەمکی دەخاتە دەمی منداڵەکەی بۆ ئەوەی ژێر بێتەوە لەگەڵ ئەوەش کە شیری نییە، بەڵام پێی دەگوترێت (رضاعة).

له زمانی عەرەبی، (الرضاعة)، واته (التقاط فم الطفل للثدي) گەیشتنی دەمی منداڵ بە مەمك.

ڕیوایەتێك لە سنن ابی داود هاتووە، کە دەڵێت، عائشة کاری بە فەرموودەی مەمکە مژەی زڕتە زەلامان دەکرد. فەرموودەکە دەڵێت:

فَبِذَلِكَ كَانَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا تَأْمُرُ بَنَاتِ أَخَوَاتِهَا وَبَنَاتِ إِخْوَتِهَا أَنْ يُرْضِعْنَ مَنْ أَحَبَّتْ عَائِشَةُ أَنْ يَرَاهَا وَيَدْخُلَ عَلَيْهَا وَإِنْ كَانَ كَبِيرًا خَمْسَ رَضَعَاتٍ ثُمَّ يَدْخُلُ عَلَيْهَا

وە عائیشە کاری بەم فەرموودەیە دەکرد، وە فەرمانی دەکرد بە کچی خوشك و براکانی کە مەمکیان بدەن بە پیاوانێك کە عائیشة ئارەزووی دەکرد بیانبینێت و سەردانی بکەن، ئەگەر کەسەکە گەورە بووایە ئەوا پێنج جار دەیانمژی، ئینجا لە عائیشە دەهاتنە ژوورەوە.

وە لە موطأ مالك، فەرمودەیەك هاتووە، سالم بن عبدالله بن عمر دەڵێت:

أَنَّ عَائِشَةَ أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ أَرْسَلَتْ بِهِ إِلَى أُخْتِهَا أُمِّ كُلْثُومٍ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ فَقَالَتْ أَرْضِعِيهِ عَشْرَ رَضَعَاتٍ حَتَّى يَدْخُلَ عَلَيَّ قَالَ سَالِمٌ فَأَرْضَعَتْنِي أُمُّ كُلْثُومٍ ثَلَاثَ رَضَعَاتٍ ثُمَّ مَرِضَتْ فَلَمْ تُرْضِعْنِي غَيْرَ ثَلَاثِ رَضَعَاتٍ فَلَمْ أَكُنْ أَدْخُلُ عَلَى عَائِشَةَ مِنْ أَجْلِ أَنَّ أُمَّ كُلْثُومٍ لَمْ تُتِمَّ لِي عَشْرَ رَضَعَاتٍ

عائیشەی دایکی ئیمانداران، منی نارد بۆ لای ام کلثومی خوشکی، کچی ابوبکر، وە گوتی با دە جار مەمکت بمژێت تاوەکو بتوانێت لێم بێتە ژوورەوە، سالم دەڵێت ٣ جار مەمکیم مژی بەڵام دواتر نەخۆش کەوت و

نەمتوانی دە جارەکە تەواو بکەم، لەبەر ئەوە نەمتوانی سەردانی عائیشە بکەم

وە موسا شاهین لە فتح المنعم لشرح صحيح مسلم بابی رضاع الكبير دەڵێت:

وكانت عائشه ترى ارضاع الكبير يحرمه وارضعت غلاما فعلا وكان يدخل عليها

وە عائیشە وایدەبینی کە مەمکە مژەی زرتە زەلامان، ژن و پیاو لەیەك حرام دەکەن، وە عائیشة بە فیعلی خۆی مەمکە مژەی بۆ هەرزەکارێك کرد، وە هەرزەکارەکە لێی دەچووە ژوورەوە.

ئایا عائیشة منداڵی بچووک و شیرە خۆری هەبوو تاوەکو بتوانێت شیر بدات بە هەرزەکارێك؟

پوختە:

یەکەم: اللهی عەرەب و ئیسلام، لە ئایەتی ژمارە یەکی سوورەتی الاعراف، سوێند دەخوات بە مژین.

کامە جۆر لە مژین؟ الله اعلم

دووەم: مژین لە ئیسلامدا پیرۆزە، بە تایبەتی مەمکە مژە، بە منداڵان و پیاوان هەردوو جۆر لە مەمکە مژە، ژن و پیاو لیك حەرام دەکەن.

سێهەم: مەمکە مژە بە مانای ئەوە نایەت کە ژنەکە دەبێت شیری هەبێت.

لێرە من پرسیارێکم هەیە: چ خودا و پێغەمبەرێکی موحتەرم فەرمان بە ژنان دەکەن کە مەمکیان لە ستیان دەربهێنن و بیخەنە دەمی زرتە زەلامێکەوە بۆ ئەوەی لێی حەرام بن؟

وە چ خودایەك و پێغەمبەرێکی موحتەرەم هەیە کە تەبەنی حەرام بکەن؟ وە مەمکە مژە بکەن بە بەدیل بۆ حەرام کردنی ئەو کەسانەی منداڵیان بەخۆوە گرتووە و تبنی کردووە؟

## ئایەتی ٢-٣

كِتَابٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلاَ يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ

اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ

لە وەڵامی سوێندەکەی، اللهی عەرەب و ئیسلام، دەڵێت:

سوێند بە مژین ئەی محمد ،ئەوە (قورئان) پەرتووکێکە بۆ تۆت دابەزیووە بۆ ئەوەی لە سینەتتدا هیچ نیگەرانیەك بوونی نەبێت، وە بۆ ئەوەی بەم پەرتووکە خەڵك ئاگادارکەیتەوە، وە ئەم پەرتووکە وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ ئیمانداران.

ئینجا فەرمان دەکات و دەڵێت: شوێنکەوتەی ئەوە بن کە لە لایەن خوداکەتانەوە بۆتان دابەزیووە، وە شوێنکەوتەی کەسانێك مەبن جگە لە الله، بەڵام تەنها هەندێک خەڵك وانە لە بیرهێنانەوە وەردەگرن.

لە ئایەتی ژمارە دوو (مِّنْهُ) زیادەیە و بێ مانایە، چونکە بەم شێوەیە دەقەکە دەبێت:

پەرتووکێك دابەزیووە بۆ تۆ، جا نابێت لە سینەتتدا نیگەرانییەك هەبێت لێی (واتە لەم پەرتووکە)

زۆر بێ مانایە، دەڵێت قورئانمان دابەزاندووە بۆت بۆ ئەوەی بە هۆی قورئانەوە نیگەرانیت نەمینێت.

زۆر بێ مانایە، چونکە کافیە دەقە بڵێت، ئەی محمد قورئانمان بۆت دابەزاندووە بۆ ئەوەی نیگەرانی لە سینەتتدا نەمینێت. تەواو

ئایەتی ٣ واتە: ئەی خەڵکی مەککە شوێن کەوتووی ئەو قورئانە بن کە بۆ ئێوە دامانبەزاندووە، وە شوێنکەوتەی شتانێکی تر جگە لە الله مەبن.

( وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء- وە شوێنکەوتەی کەسانێك جگە لە الله مەبن)، وەك الطبری دەڵێت، واتە گەورەکانتان کە فەرنتان بە شرك و پەرستنی بتەکان پێ دەکەن.

واتە بە دوای محمد و قورئان بکەون و بە دوای گەورە پیاوانی موشریك مەکەون.

## ئایەتی ٤-٥

وَكَم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا فَجَاءَهَا بَأْسُنَا بَيَاتًا أَوْ هُمْ قَائِلُون

فَمَا كَانَ دَعْوَاهُمْ إِذْ جَاءَهُمْ بَأْسُنَا إِلاَّ أَن قَالُواْ إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ

دەڵێت: وە چەند لە گوندەکانمان کاول کرد، زەبرو سزای ئێمەیان بەسەردا جێبەجێ کرا، کە شەو بوو و لە ماڵەکانیان بوون، وە یان ڕۆژ بوو.

وە کاتێك زەبروزەنگی ئێمە بەسەریاندا جێبەجێ کرا، گوفتاریان ئەوەبوو: ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد (چونکە باوەڕمان نەهێنا).

## ئایەتی ٦-٧

فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْأَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ

فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَائِبِينَ

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: وە بە دڵنیاییەوە پرسیار لەوانە دەکرێت کە پێغەمبەرانیان بۆ نێردراوە، وە پرسیار لەو پێغەمبەرانە دەکرێت کە نێردراون. وە بە دڵنیاییەوە لەسەر بنەمای زانیاریمان بۆیان دەگێڕینەوە، وە ئێمە بێ ئاگا نەبووین.

ئەم دوو ئایەتە زۆر گاڵتەجارین:

یەکەم: دەڵێت (فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ)، واتە لەوانە پرسیار دەکرێت کە پێغەمبەرانیان بۆ نێردرا.

ئایەتی ٣٩ سوورەتی الرحمن دەڵێت:

فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْأَلُ عَن ذَنبِهِ إِنسٌ وَلَا جَانٌّ

لە ڕۆژی قیامەت پرسیار لە مرۆڤ و جنۆکە ناکرێت سەبارەت بە گوناهەکانیان.

ئایەتی ٧٨ سوورەتی القصص:

وَلَا يُسْأَلُ عَن ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ

وە پرسیار لە تاوانباران ناکرێت سەبارەت بە گوناهەکانیان.

ئێستا نەمانزانی کە پرسیار دەکرێت، وە یان پرسیار ناکرێت؟

بۆ دەرچوون لەم تەنگەژەیە، شرۆڤەکەرەکان ڕۆڵی خۆیان بینیووە لە پینەکردنی دەقەکە. بۆ نموونە:

الجلالین دەڵێن: {فَلَنَسْئَلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ} أي الأمم عن إجابتهم الرسل وعملهم فيما بلغهم {وَلَنَسْئَلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ} عن الإبلاغ

{بە دڵنیاییەوە پرسیار لەوانە دەکرێت کە بۆیان نێردراوە}، واتە میللەتەکان سەبارەت بە وەڵامیان بە پێغەمبەران و کارەکانیان بەوەی پێغەمبەران پێیان

ڕاگەیاندوون، {وە بە دڵنیاییەوە پرسیار لە نێردراوەکان دەکرێت} سەبارەت بە پەیام.

ابن الجوزی لە زاد المسير دەڵێت: قوله تعالى: {فلنسألنَّ الذين أُرسل إليهم} يعني: الأمم يُسأَلون: هل بلَّغكم الرُّسُلُ، وماذا أجبتم؟ ويسأل الرسل: هل بَلَّغتم، وماذا أُجبتم؟.

{بە دڵنیاییەوە پرسیار لەوانە دەکرێت کە بۆیان نێردراوە} واتە میللەتەکان پرسیاریان لێ دەکرێت: ئایا پێغەمبەران پەیامەکەیان پێتان ڕاگەیاندووە؟ وە وەڵامتان چی بووە؟ وە  پرسیار لە نێردراوەکان دەکرێت: ئایا پەیامەکەتان گەیاند، وە وەڵامیان چی بوو؟

ابن کثیر لە تفسير القران العظيم دەڵێت: ابن عباس في تفسير هذه الآية {فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ} قال يسأل الله الناس عما أجابوا المرسلين، ويسأل المرسلين عما بلغوا

ابن عباس لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە، (بە دڵنیاییەوە لەوانە پرسیار دەکرێت کە بۆیان نێردراوە، وە بە دڵنیاییەوە پرسیار لە نێردراوەکان دەکرێت) گوتوویەتی: خەڵك چ وەڵامێکیان بە نێردراوەکان داوەتەوە، وە پرسیار لە نێردراوەکان دەکرێت ئایا پەیامەکەتان گەیاندووە؟

دووەم: دەڵێت {فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ}، وە بە دڵنیاییەوە لەسەر بنەمای زانیاریمان بۆیان دەگێڕینەوە وە ئێمە بێ ئاگا نەبووین.

ئەگەر تۆ وەك خودایەك دەزانیت، ئەم میللەتانە، بە پێغەمبەرەکان وەڵامیان چی بوو، دەکەواتە بۆ پرسیاریان لێ دەکەیت؟

## ئایەتی ٨-٩

وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ، وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُم بِمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَظْلِمُونَ

وە تەرازوو لەم ڕۆژەدا هەقە، وە هەر کەسێك تای تەرازووەکەی قورس بێت ئەوا ئەوانە سەرکەوتوون، وە هەر کەسێك تای تەرازووی سووك بوو ئەوا ئەوانە خۆیان دۆڕاندووە، بە هۆی ئەوەی کە ستەمیان لە ئایەتەکانمان دەکرد.

اللهی عەرەب و ئیسلام تەرازوی هەیە بۆ کێشانی چاکە و خراپە. بەڵام هەڵبەتە ئەم تەرازووە بۆ کافرەکان نییە، چونکە کەسێکی کافر، چەند باشیش بێت و چاکەش بکات، بە مسۆگەری دەچێت بۆ دۆزەخ. جا سەبارەت بە موسڵمانان، ئەگەر چاکەیان قورستر بوو لە خراپەیان ئەوا دەچن بۆ بەهەشت، وە ئەگەر خراپەیان قورستر بوو لە چاکەیان ئەوا، لایەنی کەم بۆ ماوەیەك دەنێردرێن بۆ دۆزەخ.

ئایەتی ٧ سوورەتی الرحمن دەڵێت:

وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ

وە (الله) ئاسمانی بەرزکردەوە و تەرازووی دانا.

دوای ئەوەی بنمیچی ئاسمانی بەرزکردۆتەوە، تەرازووی داناوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:" وَالْمُرَادُ بِالْوَزْنِ وَزْنُ أَعْمَالِ الْعِبَادِ بِالْمِيزَانِ" مەبەست لە کێشان، کێشانی کاروکردەوەی بەندەکانە بە تەرازوو.

ئینجا ئاماژە بە چەند فەرموودەیەکی محمد دەکات، کە لە پەیوەست بە تەرازووی الله هاتووە:

یەکەم: إِذَا خَفَّتْ حَسَنَاتُ الْمُؤْمِنِ أَخْرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِطَاقَةً كَالْأُنْمُلَةِ فَيُلْقِيهَا فِي كِفَّةِ الْمِيزَانِ الْيُمْنَى الَّتِي فِيهَا حَسَنَاتُهُ فَتَرْجَحُ الْحَسَنَاتُ فَيَقُولُ ذَلِكَ الْعَبْدُ الْمُؤْمِنُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي ! مَا أَحْسَنَ وَجْهَكَ وَمَا أَحْسَنَ خَلْقَكَ فَمَنْ أَنْتَ ؟ فَيَقُولُ أَنَا مُحَمَّدٌ نَبِيُّكَ

ئەگەر تای تەرازووی چاکەی موسڵمان لە ڕۆژی قیامەت سووك بوو پێغەمبەر کارتێك دەردەهێنێت بە قەد کۆتایی پەنجەیەکە و فرێی دەداتە تای تەرازووی ڕاستەوە کە چاکەکانی تێدایە، بەم شێوەیە تای تەرازووی چاکەکانی قورس دەبێت، وە بەندە ئیماندارەکە بە پێغەمبەر دەڵێت: دایکم و باوکم بەخوڵامت بن، سیماکەت چەند جوانە و ئەخلاقت چەند باشە، تۆ کێیت؟ دەڵێت من محمدم پێغەمبەرەکەت.

دووەم: فَتُخْرَجُ لَهُ بِطَاقَةٌ فِيهَا أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ فَيَقُولُ يَا رَبِّ مَا هَذِهِ الْبِطَاقَةُ مَعَ هَذِهِ السِّجِلَّاتِ فَيَقُولُ إِنَّكَ لَا تُظْلَمُ فَتُوضَعُ السِّجِلَّاتُ فِي كِفَّةٍ وَالْبِطَاقَةُ فِي كِفَّةٍ. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: فَطَاشَتِ السِّجِلَّاتُ وَثَقُلَتِ الْبِطَاقَةُ. زَادَ التِّرْمِذِيُّ فَلَا يَثْقُلُ مَعَ اسْمِ اللَّهِ شَيْءٌ

دەڵێت، کاتێك تای تەرازووی چاکەی موسڵمان سووك دەبێت، کارتێکی بۆ دەردەهێنرێت کە تیایدا نووسراوە "هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە محمد بەندە و پێغەمبەریەتی" بەندەکە دەڵێت خوداکەم ئەو کارتە چییە؟دەڵێت تۆ ستەمت لێ ناکرێت. ئینجا تۆماری کاروکردەوەکانی دەخرێتە تایەکی تەرازووەکە و کارتەکە دەخرێتە تایەکەی تریەوە،پێغەمبەر گوتی: ئینجا تای کاروکردەوەکانی بەرز دەبنەوە و کارتەکە تای تەرازووەکە قورس دەکات. وە الترمذی، ئاماژەی بە زیادەیەك کردووە بۆ ئەم ڕیوایەتە و دەڵێت: هیچ شتێك لە ئاستی قورسایی ناوی الله نییە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە ( الْوَزْنُ- تەرازوو) ئاماژە بە سێ بۆچوون دەکات:

یەکەم: الله کار و کردەوەکان دەگۆڕێت بۆ جەستە بۆ ئەوەی بتوانێت بیانکێشێت. وە سێ بەڵگە بۆ ئەم تێڕوانینە دەهێنێتەوە:

١-لە ڕیوایەتێکی صحیحدا هاتووە، کە محمد گوتوویەتی سوورەتی البقرة و سوورەتی ال عمران، لە ڕۆژی قیامەت وەك دوو هەور یان دوو کۆمەڵ باڵندەی باڵکراوە لە گۆڕەپانی مەحشەر ئامادە دەبن.

سەرچاوە: صحیح مسلم

٢- وە لە ڕیوایەتێکی صحیحدا هاتووە، کە محمد گوتوویەتی، قورئان لە ڕۆژی قیامەت لە شێوەی گەنجێکی ڕەنگ زەرد ئامادە دەبێت. لێی پرسیار دەکرێت : تۆ کێیت؟ دەڵێت من ئەو قورئانەم کە شەونخوینیت بە هۆی منەوە کرد.

سەرچاوە: صحیح ابن ماجة و مسند احمد و التذکرة للقرطبی

٣-وە لە چیرۆکی پرسیاری گۆڕ فەرموودەیەك هاتووە، کە دەڵێت، گەنجێکی ڕەنگ جوان و بۆن خۆش لە گۆڕدا دێت بۆ لای ئیماندار. پرسیاری لێ دەکرێت: تۆ کێیت؟ دەڵێت من کارە باشەکانتم

ئەم فەرموودەیە لە مسند احمد هاتووە و الالبانی لە احکام الجنائز ئاماژەی پێکردووە و بە صحیحی داناوە.

دووەم: پەرتووکی کارەکانی ئیماندار دەکێشرێت هەروەك لە فەرموودەی کارتەکە هاتووە (لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە) ابن کثیر دەڵێت، ئەم فەرموودەیە الترمذی ئاماژەی پێکردووە، وە بە صحیحی داناوە.

سێهەم: خاوەن کاروکردەوەکە دەکێشرێت.

لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:

يُؤْتَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِالرَّجُلِ السَّمِينِ، فَلَا يَزِنُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ " ثُمَّ قَرَأَ : (فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا)

له ڕۆژی قیامەت پیاوی قەڵەو دەهێنرێت، کە کێشی مێشوولەیەکی نییە لای اللە، ئینجا ئایەتی ١٠٥ سوورەتی "الكهف"ی خوێندەوە کە دەڵێت، {ڕۆژی قیامەت هیچ کێشێکیان پێ نادەین}.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، لە ڕوانگەی منەوە ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە "المیزان" بۆ کێشە. وە اللە لە ڕۆژی قیامەت کارە باشەکان و کارە خراپەکان دەکێشێت.

وە دەڵێت تەنها مرۆڤی جاهیلە کە ئینکاری ئەو ڕاستیە دەکات، چونکە نەك تەنها قورئان ئاماژەی پێکردووە بەڵکو پێغەمبەریش لە ڕێگای فەرموودەکانیەوە ئاماژەی پێکردووە.

بەڵگەیەکی زۆر، وە تانەنەت مەتنی ئایەتەکە پێمان دەڵێت، اللە تەرازووی هەیە بۆ کێشانی حسنات و سیئات.

وە چەندەها دەق لە قورئاندا هەن کە اللە ئاماژە بە تەرازوو دەکات لە ڕۆژی قیامەت وەك ئایەتی ٤٧ الانبیاء:

وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ

وە تەرازووی ڕەوایی دادەنێین لە ڕۆژی قیامەت، وە ستەم لە هیچ کەسێك ناکەین، وە تەنانەت ئەگەر تۆزقاڵێك لە خەردەل بێت.

سەیرە خودا تەرازووی هەبێت. ئەوە خورافە و ئەفسانەیەکی ئاینە فیرعەونیەکان بوو، کە خوداوەند (أوزوریس) بە تەرازوو باشە و خراپەی مردووەکان دەکێشێت بۆ ئەوەی بزانێت شایستەیە بە ئازار و ئەشکەنجە یان نا.

## ئایەتی ١٠

وَلَقَدْ مَكَّنَّاكُمْ فِي الأَرْضِ وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ قَلِيلاً مَّا تَشْكُرُونَ

ئێوەمان لە زەویدا نیشتەجێ کرد و تیایدا بژێویمان بۆ سازاندوون، بەڵام تەنها کەمێکتان سوپاس گوزارن.

## ئایەتی ١١

وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلائِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ

وە ئێوەمان درووستکرد، ئینجا شێوەمان پێتان دا، ئینجا بە فریشتەکانمان گوت کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت لە کڕنۆش بەران نەبوو.

هەروەك لە سوورەتی (ص) ئاماژەمان پێکرد کە اللە لە دوای درووستکردنی ئادەم فەرمان بە فریشتەکان دەکات کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن.

وە ئەم ئایەتە لە بەشی دووەمیدا تەئکید دەکاتەوە کە الله فەرمانی بە فریشتەکان کردووە کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن. وە ئادەم کەسێك بووە، وە بە باوکی مرۆڤایەتی دادەنرێت. وەك ئایەتی ٢٣ سوورەتی الحجر دەڵێت:

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ

وە هەرکە (ئادەم)م ڕێکوپێك کرد و ڕۆحی خۆم فوو کردە ناویەوە ئەوا کڕنۆشی بۆ ببەن.

ئەم دەقە تەئکید دەکاتەوە کە الله یەك کەسی دروستکردووە.

بەڵام بەشی یەکەمی ئەم ئایەتە دەڵێت، (وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ) واتە، (وە ئێوەم دروستکرد ئینجا شێوازم پێتان دا) لە دوای ئەوە وشەی (ثم) دێت کە بە مانای (ئینجا) دێت.

لە زمانی عەرەبیدا، وە لە ڕێزمانی هەموو زمانێکدا، (ثُمَّ- ئینجا)، ئامرازی ڕیزبەندیە لە ڕووی کاتەوە.

بۆ نموونە ئایەتی ٧-٩ سوورەتی السجدة، دەڵێت:

وَبَدَأَ خَلْقَ الْإِنسَانِ مِن طِينٍ ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ

واتە: وە مرۆڤی سەرەتا لە قوڕ دروستکرد، ئینجا زنجیرەی وەچەکانی لە ئاوێکی قێزەوەن هێنایە ئاراوە، ئینجا ڕێکوپێکی کرد و ڕۆحی فوو کردە ناویەوە.

واتە ئینجا بۆ ڕیزبەندی ڕووداوەکان لە ڕووی کاتەوە بەکاردێت.

ئایەتی ١١ دەڵێت ئێوەمان (لە یەکەم نەوەی ئادەمەوە بەدواوە)دروستکرد، ئینجا شێوەم پێتان دا، ئینجا بە فریشتەکانمان گوت کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن.

مەبەستی اللهی عەرەب و ئیسلام چییە؟ مەبەستی ئەوەیە هەموو مرۆڤەکانی لە شێوەی پێکهاتەیەکی بچووك دروستکردووە، ئینجا شێوازی پێیان داوە، ئینجا خستوویەتیە پشتی ئادەمەوە.

وە بەڵگە بۆ ئەمە ئایەتی ١٧٢ ئەم سوورەتەیە (الاعراف)، کە دەڵێت:

وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَا ۛ أَن تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَافِلِينَ

وە کە خوداکەت لە پشتی کوڕەکانی ئادەم وەچەکانی دەرهێنا و کردنی بە شایەت بەسەر خودی خۆیان، (الله لێیانی پرسی) ئەی من خوداکەتان نیم؟ (وەچەکان) گوتیان، بەڵێ شایەتی دەدەین. (الله گوتی) نەکەن ڕۆژی قیامەت بڵێن ئێمە لەوە بێ ئاگا بووین.

دەقە زۆر ڕوونە، الله هەموو مرۆڤایەتی لە شێوەی منداڵی قەزەمی بچووك لە پشتی کوڕەکانی ئادەم دەرهێناوە و کردوونی بە شایەت.

وە ئەوە بەڵگەیەکی ترە کە بە گوێرەی قورئان، تەنها پیاو ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی منداڵ، وە ژن تەنها کێڵگەیەکە بۆ گەورەکردنی قەزەمەکە بۆ منداڵ.

ئەی ئیعجازتاشان لە کوێن؟ کەی لە درۆ کردن دەکەون؟

## ئایەتی ١٢-١٨

لەم ٧ ئایەتە، ئایەتەکانی "قال و قیل"ن لە نێوان الله و شەیتان.ئەم دەقانە هاوار دەکەن کە محمد یان مامۆستاکانی نووسیویانە. ئەگەر لە نووسین و وەحی خودا بوایە، ئەوا دەبوو خودا ڕۆڵی کەسی قسەکەر ببینێت و بڵێت قلنا یان قلت نەک بڵێت قال.

چونکە قلنا وە قلت بۆ کەسی قسەکەر واتە کەسی یەکەم بەکار دێت، بەڵام قال بۆ کەسی نادیاری سێیەم بەکاردێت.

لە سەدەها دەقی قورئاندا، قسەی الله اکبر بە قال هاتووە.

قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلاَّ تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَاْ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِي مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ

قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ

قَالَ أَنظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ

قَالَ إِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ

قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ، ثم لآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَائِلِهِمْ وَلاَ تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ

قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْؤُومًا مَّدْحُورًا لَّمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمْ أَجْمَعِينَ

سەیری ئەو هەموو "قال"ەتان کردووە.ئەگەر قسەی خودا بوایە دەیگوت "قلنا" گوتمان یان "قلت" گوتم بەڵام کاتێك دەڵێت "قال" واتە گوتی واتە الله دەبێت بە کەسی سێهەم، وەك ئەوە وایە کەسێك چیرۆکەکە بگێڕێتەوە.

گرنگ ئەم دەقانە باسی مشتومڕی نێوان الله و ئیبلیس دەکەن و دەڵێن:

(الله) گوتی چی ڕێگای لێگرتیت کە کڕنۆش نەبەیت کە فەرمانم پێت کرد، (ئیبلیس) گوتی، من باشترم لە ئەو (ئادەم) منت لە ئاگر درووست کردووە وە ئەو (ئادەم)ت لە قوڕ درووست کردووە.

(الله) گوتی، لێی (لە ئاسمانەکان) دابەزە، بۆت نییە تیایدا لووتبەرزی بکەیت، دەرچۆ، لە ڕاستیدا تۆ لە ڕیسوا و بچووکەکانیت.

(ئیبلیس) گوتی، مۆڵەتم بدە تاوەکو ڕۆژی زیندووبوونەوەیان.

(الله) گوتی، ئەوە مۆڵەتم پێت دا.

(ئیبلیس) گوتی، بە هۆی ئەوەی تۆ منت لە خشتە برد، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە سەر ڕێگای ڕاستت بۆیان دادەنیشم، ئینجا لە پێشیان و لە دواوەیان و

لە ڕاستیان و لە چەپیانەوە بۆیان دێم، وە دەبینیت کە زۆربەیان سوپاسگوزارت نابن.

(الله) گوتی، بە لۆمەکراوی و ترۆکراوی لێی دەرچۆ، هەرکەسێك لەوان بەدواتەوە کەوێت ئەوا دەبێت لە گشتیان دۆزەخ پڕ بکەم.

چەند تێبینیی و سەرنج و پرسیارێك سەبارەت بەم حەوت ئایەتە:

یەکەم: هەروەك گوتمان ئەگەر الله قسەی بکردایە ئەوا دەبوایە بڵێت، "قلنا" واتە گوتمان یان "قلت" واتە گوتم.

دووەم: تازە ئادەم درووست کراوە و الله فەرمان دەکات کڕنۆشی بۆ ببرێت، وە تەنها ئیبلیس کڕنۆش نابات.

ئیبلیس چۆن زانی؟

١-مرۆڤ مەحکوم دەبێت بە مەرگ و دەمرێت (چونکە دەڵێت مۆڵەتم پێ بدە تاوەکو ڕۆژی زیدووبوونەوە)؟

٢-ئیبلیس چۆن زانی ئادەم نەوەی دەبێت؟ بەتایبەتی ئەوکات هێشتا حەوا درووستنەکرابوو (چونکە ئیبلیس دەڵێت، دەبێت بۆ مرۆڤ دانیشم لە سەر ڕێگای ڕاستت).

سێهەم : لەم ئایەتانە الله سێ فەرمان بە ئیبلیس دەکات، (فَاهْبِطْ - دابەزە) و (فَاخْرُجْ- دەرچۆ) و (اخْرُجْ- دەرچۆ).

وە وەك ئایەتی ٨٢ سوورەتی یس، فەرمانی اللە دەستبەجێ جێبەجێ دەبێت:

إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ

لە ڕاستیدا فەرمانەکەی ئەگەر شتێکی بوێت، پێی دەڵێت ببە، وە دەبێت.

(کن فیکون)، واتە ( دابەزە) و (دادەبەزی).

(کن فیکون)، واتە ( دەرچۆ) و (دەرچوو).

بەڵام دەبینین دوای ئەوەی شەیتان لە بەهەشت و ئاسمانەکان دادەبەزێت و دەچێتە دەرەوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە (ئایەتی ١٩-٢٠ سوورەتی الاعراف)

چوارەم: ئایەتی ١٢ دەڵێت:

قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ

(ئەی ئیبلیس) چی ڕێگای لێگرتیت کە کڕنۆش نەبەیت؟

ئایەتی ٧٥ ص دەڵێت:

قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ

ئەی ئیبلیس چی ڕێگای لێگرتیت کە کڕنۆش ببەیت؟

ئەم دوو ئایەتە پێچەوانەی یەکن، یەکەمیان دەڵێت (شتێك ڕێگای لە ئیبلیس گرت کە کڕنۆش نەبات)، بەڵام ئەوەی دووەمیان دەڵێت (شتێك ڕێگای لە ئیبلیس گرت کە کڕنۆش ببات).

ئێستا کامەیان ڕاستن: ئیبلیس کڕنۆشی برد بۆ ئادەم، وە یان کڕنۆشی نەبرد بۆ ئادەم؟

دوای ئەوەی الله ئیبلیس لە بەهەشت و ئاسمانەکان دەردەکات، حەوا لە پەراسوویەکی خواری ئادەم دروستدەکات، وەك ئایەتی ١٨٩ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

هو الذي خلقكم من نفس واحدة وجعل منها زوجها ليسكن إليها

وە هەر ئەو (الله) بوو کە لە یەك خود (کەس) ئێوەی دروستکردووە، وە لەم خودە (کەسە) هاوسەرەکەی(ژنەکەی) هێناوەتە ئاراوە بۆ ئەوەی لەتەکیدا بژیێت.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە الله، حەوا و نەوەکانی ئادەمی لە ئادەم هێناوەتە ئاراوە.

وە ئایەتی ١ سوورەتی النساء دەڵێت:

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا

ئەی خەڵکینە لە خوداکەتان بترسن کە ئێوەی لە یەك خود(ئادەم) دروستکردووە، وە لەو خودە (ئادەم) ژنەکەی دروستکردووە.

ئایەتی ٦ سوورەتی الزمر دەڵێت:

خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا

ئێوەی لە یەك خود درووستکردووە، ئینجا لەم خودە ژنەکەی هێناوەتە ئاراوە.

لە صحیح البخاری و مسلم، فەرموودەیەك هاتووە محمد دەڵێت:

فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ

لە ڕاستیدا ژن لە پەراسوو درووست کراوە.

## ئایەتی ١٩

وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلاَ مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ

دوای دەرکردنی ئیبلیس لە بەهەشت و ئاسمانەکان، الله بە ئادەم دەڵێت:

وە ئەی ئادەم تۆو ژنەکەت لە بەهەشت بژین، وە هەرچیەك ئارەزوو دەکەن بخۆن، بەڵام لەم درەختە نزیك مەبنەوە ئەگینا دەبن بە یەکیك لە ستەمکارەکان.

ابن الجوزی، سەبارەت بەو درەختە کە الله لە ئادەم و حەوای نەهی کردبوو لێی نزیك نەبنەوە دەڵێت، حەوت قەول هەیە:

یەکەم: فەریکە گەنم.

دووەم: گەڵا مێو.

سێهەم: هەنجیر.

چوارەم: درەختی زانست.

پێنجەم: درەختی کافوور.

شەشەم: دارخورما.

حەوتەم: درەختی نەمریی

نووسەری قورئان چیرۆکی ئادەم و حەوای لە پەرتووکی پیرۆز دەرهێناوە بە ناتەواوی، هەر لەبەر ئەوە شرۆڤەکەرانی ئیسلام نازانن کە ئەم درەختە چی بووە.

لە تەورات، لە پەرتووکی درووستبوون بەشی دووەم هاتووە و دەڵێت:

درەختی ژیان، وە درەختی زانینی چاکە و خراپە لە ناوەڕاستی باخچەی عەدەن بوون .

خودا فەرمانی بە ئادەم دا و گوتی: تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە

بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی دەیخۆیت ئەوا بە مردن دەمریت، (واتە مردن دەبێت بە بەشێك لە سروشتت).

لە تەورات زۆر ڕۆشنە کە درەختەکە درەختی زانینی چاکە و خراپە بووە. وە هەروەها کە مەرگ بەشێك نەبووە لە سروشتی ئادەم، بەڵام کاتێك لەم درەختە دەخوات، مەرگ دەبێت بە بەشێك لە سروشتی ئادەم و نەوەکانی.

وە هەروەها خودای بنی ئیسرائیل و تەورات: یەك ڕاسپاردە بە ئادەم دەدات کە نەکەیت لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت.

دەقەکانی قورئان بە هیچ جۆرێك ئاماژە بەم خاڵانە ناکەن کە لە تەوراتدا هاتووە.

وە لە قورئاندا نەهاتووە کە اللهی عەرەب و ئیسلام، بە ئادەم بڵێت هەرکە لەم درەختەت خوارد ئەوا مەرگ دەبێت بە بەشێك لە سروشتت، دیارە بۆ نەمری ئادەمی درووست نەکردبوو.

ڕیوایەتێك لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە، محمد دەڵێت:

ئادەم و موسا مشتومڕیان کرد، موسا بە ئادەمی گوت:

أنْتَ الذي أخْرَجْتَ النَّاسَ مِنَ الجَنَّةِ بذَنْبِكَ وأَشْقَيْتَهُمْ، قالَ: قالَ آدَمُ: يا مُوسَى، أنْتَ الذي اصْطَفاكَ اللَّهُ برِسالَتِهِ وبِكَلامِهِ، أتَلُومُنِي علَى أمْرٍ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيَّ قَبْلَ أنْ يَخْلُقَنِي - أوْ قَدَّرَهُ عَلَيَّ قَبْلَ أنْ يَخْلُقَنِي

ئەی ئادەم تۆ بە هۆی گوناهەکەت خەڵکت بە دەرکردندا لە بەهەشت و سەرەڕۆییت کردن، ئادەم گوتی: ئەی موسا، الله تۆی هەڵبژارد بە پەیامەکەی و قسە کردن لەگەڵتدا، لۆمەم دەکەیت سەبارەت بە شتێك کە الله لەسەری نووسیبووم پێش ئەوەی درووستم بکات.

واتە، الله نووسیبووی کە دەبێت ئادەم لە بەهەشت دەربکات پێش ئەوەی درووستی بکات.

## ئایەتی ٢٠-٢١

فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلاَّ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ

وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ

شەیتان بۆیان (ئادەم و حەوا) چرپە چرپی کرد بۆ ئەوەی ئەو بەشەی نێوگەڵیان بەدیار کەوێت کە داپۆشرابوو، وە (شەیتان) گوتی خوداکەتان نەهی لێتان نەکردووە کە ئەم درەختە بخۆن تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە نەبن بە دوو فریشتە، وە یان نەمر نەبن.

وە سوێندی بۆیان خوارد کە ئامۆژگاریکەرێکی باشیانە.

چەند تێبینییەك:

یەکەم: هەروەك لە ئایەتەکانی پێشوو ڕوونمان کردەوە، (ئیبلیس) لە بەهەشت و ئاسمانەکان بە فەرمانی اللە دەرکرا، کەچی ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت شەیتان گەڕاوەتەوە بەهەشت.

ئەی (کن فیکون) چی لێهات، کاریگەری نەبوو، وە یان نسخ کرا؟

دووەم: ئەم دەقە پێمان دەڵێت کە اللە بە ئادەم و حوای نەگوتووە نەمرن، بەڵام ئەگەر لەم درەختە بخۆن ئەوا نەمری لەدەست دەدەن، لەبەر ئەوە شەیتان توانیوویەتی لە خشتەیان ببات لە ڕێگای ئەوەی بڵێت ئەم درەختە بخۆن نەمر دەبن.

وە ئەوەی سەیرە شرۆڤەکەران و زانایانی ئیسلام ناویان لەم درەختە ناوە "شجرة الخلد" واتە درەختی نەمری.واتە هەمان ناویان بۆ ئەو درەختە هەڵبژاردووە کە شەیتان ناوی لێ ناوە. ئایەتی ١٢٠ سوورەتی طه دەڵێت:

قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لا يَبْلَى

(شەیتان) گوتی، ئەی ئادەم درەختی نەمری و سامانێک کە هەرگیز تەوا نەبێت پێت نیشان بدەم؟

وە لە مسند احمد، فەرموودەیەکی محمد هاتووە، کە گوتوویەتی:

إن في الجنة شجرة يسير الراكب في ظلها مائة عام، ما يقطعها وهي شجرة الخلد

لە بەهەشت درەختێك هەیە کە سوارچاك لە ژێر سێبەرەکەی دەڕوات بۆ سەد ساڵ، وە ناتوانێت بیبڕێت، وە ناوی درەختی نەمرییە.

سێیەم: ئادەم بینی کە ئیبلیس کڕنۆشی بۆی نەکرد، کاتێك شەیتان هاتەوە بەهەشت، چۆن بڕوای بە سوێندەکەی شەیتان کرد کە دڵسۆزیانە؟

بۆ دەرچوون لەم ناکۆکیەی قورئان، کە چۆن ئیبلیس جارێکی تر گەڕاوەتەوە بەهەشت لە دوای ئەوەی بە فەرمانی اللّٰه دەرکراوە، شرۆڤەکاران وەك هەمیشە ڕۆڵی خۆیان بینیووە لە پینەکردنی ئەم فەڵتەیەی قورئان، بۆ ئەم مەبەستە چەند چیرۆکێکی ئەفسانەییان دارِشتووە کە من بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم:

یەکەم: لە جامع البیان للطبری و القران العظیم لابن کثیر و الجامع لاحکام القران للقرطبی، چیرۆکێك هاتووە کە دەڵێت:

مار خزمەتکاری ئادەم بوو لە بەهەشت بەڵام خیانەتی لە ئادەم کرد و ڕێگای دا شەیتان بچێتە ناویەوە، بەم شێوەیە شەیتان گەڕایەوە بەهەشت و ئادەم و حەوای لە خشتە برد.

دووەم: لە جامع البیان للطبری، چیرۆکێك هاتووە دەڵێت:

ئیبلیس داوای لە هەموو ئاژەڵانی زەوی کرد کە بچێتە ناویانەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگایانەوە بچێتە ناو بەهەشتەوە، هەموو ئاژەڵەکان ڕەتیان کردووە تەنها مار نەبێت قبووڵی کرد، ئەوەبوو شەیتان چووە ناو مارەکە و چووە بەهەشتەوە.

# ئایەتی ٢٢-٢٥

فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ

قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ

قَالَ اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ

قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ

دەڵێت: شەیتان بە فێڵ زەلیلی کردن، وە کاتێك هەردووکیان (ئادەم و حەوا) درەختەکەیان تام کرد، نێوگەڵیان بۆ یەکتر بەدیار کەوت، ئەوەبوو گەڵای بەهەشتیان دەخستە سەر نێوگەڵیان، خوداکەیان بانگی کردن: ئەی نەهیم نەکرد کە لەم درەختە نزیك نەبنەوە؟ وە پێتانم نەگوت کە شەیتان دووژمنێکی ئاشکراتانە؟

گوتیان (ئادەم و حەوا) ستەممان لە خۆمان کرد، وە ئەگەر لێمان نەبووریت و بەزەیت پێمان نەیەتەوە ئەوا لە دۆڕاوەکان دەبین.

(اللە) گوتی، دابەزن وەك دووژمنی یەکتر، وە لە زەویدا جێگیر بن و خۆشی بکەن بۆ ماوەیەك.

(اللّٰه) گوتی، له زەویدا دەژین و تیایدا دەمرن، وە لێیدا دەردەچن (دوای مەرگ له ڕۆژی قیامەت).

چەند تێبینیەك سەبارەت ئەم  چوار ئایەتە:

یەکەم: (فَدَلاَّهُمَا بِغُرُورٍ)، واته (نیشانی دان به فێڵ) هەڵەیە و دەبێت (فَذَلَّاهما بغرور) بێت، واته "زەلیلی کردن و دەستەمۆکردن به فێڵ".له دەیەها ئایەتی قورئاندا وشەی (ذل) هاتووە، بۆ نموونه ئایەتی ٧٢ سوورەتی یس:

وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ، واته، بۆیان دەستەمۆمان کردوون.

دووەم: کێشەی هەرە سەرەکی اللّٰهی عەرەب و ئیسلام نێوگەڵە.

ئایەتی ٢٠ دەڵێت شەیتان چرپە چرپی بۆ ئادەم و حەوا کرد بۆ ئەوەی نێوگەڵیان بەدیار کەوێت و نێوگەڵی یەکتر ببینن.

لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِن سَوْآتِهِمَا

الزبیدی له تاج العروس و ابن منظور له لسان العرب و ابن اثیر له النهایة في غریب الحدیث و الاثر، سەبارەت به وشەی (سَّوْأَةُ) دەڵێن:

السَّوْأَةُ فِي الْأَصْلِ الْفَرْجُ ، ثُمَّ نُقِلَ إِلَى كُلِّ مَا يُسْتَحْيَا مِنْهُ إِذَا ظَهَرَ مِنْ قَوْلٍ أَوْ فِعْلٍ

(السَّوْأَةُ) له بنەڕەتدا واته نێوگەڵ (چووك و زێ) ئینجا دواتر گۆڕدراوه بۆ هەموو شتێك كه مرۆڤ شەرمی لێ دەكات له قسه و كردار.

ئایەتی ٢٦ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا

ئەی نەوەكانی ئادەم پۆشاك و پەراموو‌چەمان پێتان داوه بۆ ئەوەی نێوگەڵتان داپۆشن.

واته، ئەگەر شەیتان نەبووایه ئەوا مرۆڤایەتی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەندامی زاوزێی خۆی و ڕەگەزی بەرامبەر پەیدا نەدەكرد و زاوزێ نەدەهاته ئاراوه.

وه له بەهەشت جگه له بوونی ئادەم و حەوا مرۆڤێكی دیكه بوونی نەبووه، وه خۆت دەڵێیت ژنانت بۆ پیاوان درووست كردووه  بۆ ئەوەی "لِتَسْكُن إِلَيْهَا- لەگەڵیدا بژیێت"، وه دەڵێیت " هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ- ژنان پۆشاكتانن و وه ئێوەی پیاوان پۆشاكی ژنانن"

بەڵام اللّٰهی عەرەب و ئیسلام تەئكید دەكاتەوه له ئایەتی ١١٨ سوورەتی طه، كه نابێت ئادەم ڕووت بێت.

إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَى

(ئەی ئادەم) تۆ له بەهەشت برسیت نابێت وه نابێت ڕووت بیت.

ئەی حەوا؟ قورئان ئاماژە ناكات كە اللەی عەرەب و ئیسلام هەمان فەرمانی بە حەوا كردبێت.

ابن كثير و الطبری دەڵێن، وهب بن منبە گوتوویەتی:

كان لباسهما نورًا على فرجه وفرجها

پۆشاكی ئادەم و حەوا نووری اللە بوو لەسەر نێوگەڵیان.

شەیتان بە چرپەیەك ئەم ڕووناكییە لەسەر نێوگەڵیان لادەبات. تۆ بڵێی چرپەیەكی شەیتان بەهێزتر بێت لە نووری اللە؟

پرسیاری من ئەوەیە بۆچی نابێت لە بەهەشت ڕووت بن؟ وە دەبێت نێوگەڵیان داپۆشرابێت؟ لە كاتێكدا لە بەهەشت هەموو شتێك ڕێگا پێدراوە، وە شەرم و ڕق و قین بوونی نییە؟ وە جگە لە ئادەم و حەوا كەسێكی تر لە بەهەشت بوونی نەبووە؟

ڕەنگ بێت جاهیل و جەهوولێك بڵێت:

یەكەم: لەبەر فریشتەكان

منیش دەڵێم: ئەی خوداكەتان دوو فریشتەی( رقیب وعتید) وەك چاودێر لەسەر شانی هەر مرۆڤێك دانەناوە بۆ نووسینی كار و كردەوەكانی؟ وە ئەم دوو فریشتەیە هەرگیز لە مرۆڤەكان دانابڕێن تاوەكو مرۆڤەكە دەمرێت.

ئەم دوو فریشتەیە بەردەوام لەگەڵ مرۆڤن و لێی دانابڕێن، تەنانەت کاتێك مرۆڤ لە ئاودەست و حەمام و ژووری خەوتنە.

لە صحیح مسلم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَلَمْ تَأْتِهِ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ

ئەگەر پیاوێك ژنەکەی بانگ کرد بۆ سەرجێیکردن، وە ژنەکە نەهات، وە پیاوەکە بە تووڕەیی خەوت، ئەوا فریشتەکان تاوەکو بەیانی دەبێتەوە نەفرەت لە ژنەکە دەکەن.

وە لە صحیح مسلم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا مِنْ رَجُلٍ يَدْعُو امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهَا فَتَأْبَى عَلَيْهِ إِلاَّ كَانَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ سَاخِطًا عَلَيْهَا حَتَّى يَرْضَى عَنْهَا

سوێند بەوەی کە گیانی منی بەدەستە، هەر پیاوێك داوای ژنەکەی بکات بۆ سەرجێی، وە ژنەکە سەرجێی لەگەڵ نەکات، ئەوا هەرچی فریشتەی ئاسمانە لە ژنەکە تووڕە دەبن تاوەکو پیاوەکە لە ژنەکە ڕازی دەبێت.

واتە، فریشتەکان دەبینن کە کامە ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی دەبێت و سەرجێی لەگەڵدا دەکات.

دووەم: لەبەر خودا.

ئەی خودا خۆی ئەندامی زاوزێی نێرینەی ئادەمی بەدەستەکانی خۆی دروستنەکرد، وە نێوگەڵی ژنانی بەدەستەکانی خۆی دروستنەکرد؟

سەبارەت بە ئایەتی ١٦٦ سوورەتی الشعراء، کە دەڵێت (وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُم- وە دەستبەرداری ئەوە دەبن کە خوداکەتان لە ژنەکانتان دروستی کردووە) القرطبی دەڵێت:

يَعْنِي فُرُوجَ النِّسَاءِ فَإِنَّ اللَّهَ خَلَقَهَا لِلنِّكَاحِ

واتە زێی ژنان کە الله دروستیکردووە بۆ گان.

الطبری دەڵێت: وَتَدَعُونَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ مِنْ فُرُوجِهِنَّ

واتە، دەستبەرداری زێ دەبن کە خوداکەتان لە ژنەکانتان دروستیکردووە.

ابن تیمیة لە "المستدرك علی مجموع الفتاوی"، ئاماژەی بە فەرموودەیەکی محمد کردووە کە گوتوویەتی:

مَكْتُوبٌ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ ناكِحَه

لەسەر هەموو قوزێك نووسراوە ناوی ئەوکەسەی دەیگێت.

هەرچەندە ابن تیمیة دەڵێت، ناکرێت ئەم فەرموودەیە پێغەمبەر گوتبێتی.

سێهەم: لەبەر شەیتان و جنۆکەکان.

محمد له فەرموودەیەکدا کە لە بخاری و مسلم هاتووە، دەڵێت، شەیتان وەك خوێن لە لەشی مرۆڤدا دێت و دەچێت.

جا مرۆڤ ڕووت بێت وە یان جلی لەبەردا بێت شەیتان هەر لە ناخیدا دێت و دەچێت.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە (أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ- ئەی نەهیم لێتان نەکرد کە نزیك ئەو درەختە نەکەون، وە پێم نەگوتن کە لە ڕاستیدا شەیتان دووژمنێکی ئاشکراتانە؟) دەڵێت:

الله بە ئادەمی گوت: بۆچی خواردت لەکاتێکدا کە نەهیم لێت کردبوو؟ گوتی ئەی خوداکەم حەوا دەرخواردی دام، وە بە حەوای گوت: بۆچی دەرخواردت دا؟ گوتی: مارەکە فەرمانی پێم کرد. بە مارەکەی گوت: بۆچی فەرمانت پێی کرد؟ گوتی ئیبلیس فەرمانی پێم کرد؟ الله گوتی ئەی ئیبلیس تۆ نەفرەتلێکرا و دۆڕاو دەبیت، بەڵام تۆ ئەی حەوا، هەروەك چۆن واتکرد درەختەکەم خوێنی لەبەر بڕوات، ئەوا وادەکەم هەموو مانگێك خوێنت لەبەر بڕوات، بەڵام تۆ ئەی مار، دەبێت قاچەکانت ببڕم و دەبێت لەسەر سکت بخشێیت، وە هەر کەسێك بتبینێت ئەوا دەبێت سەرت پان بکاتەوە، دابەزن لەبەهەشت هەندێکتان ببن بە دووژمنی هەندێکی تر.

وە الطبری دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

کاتێك ئادەم لە درەختەکەی خوارد، پێی گوترا: بۆچی لەم درەختەت خوارد کە نەهیم لێت کردبوو؟ گوتی حەوا فەرمانی پێم کرد. گوتی من حەوام

سزادا کە دەبێت بە ناخۆشی و ئازارەوە دووگیان بێت، وە نابێت منداڵی ببێت تەنها بە ئازار و ناخۆشی نەبێت. گوتی حەوا دەستی کرد بە گریان و نوزە نووز. پێی گوترا ژیانت گریان و نوزە نووز دەبێت.

البغوی لە معالم التنزیل، ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکات، کە گوتوویەتی:

كَانَ آدَمُ رَجُلًا طِوَالًا كَأَنَّهُ نَخْلَةٌ سُحُوقٌ كَثِيرُ شَعْرِ الرَّأْسِ، فَلَمَّا وَقَعَ فِي الْخَطِيئَةِ بَدَتْ لَهُ سَوْأَتُهُ، وَكَانَ لَا يَرَاهَا فَانْطَلَقَ هَارِبًا فِي الْجَنَّةِ، فَعَرَضَتْ لَهُ شَجَرَةٌ مِنْ شَجَرِ الْجَنَّةِ فَحَبَسَتْهُ بِشَعْرِهِ، فَقَالَ لَهَا: أَرْسِلِينِي، قَالَتْ: لَسْتُ بِمُرْسِلَتِكَ، فَنَادَاهُ رَبُّهُ: يَا آدَمُ أَمِنِّي تَفِرُّ؟ قَالَ: لَا يَا رَبِّ، وَلَكِنِ اسْتَحْيَيْتُكَ

ئادەم پیاوێکی باڵابەرز بوو وەك دارخورمایەکی درێژ وابوو، وە قژی زۆر بوو، کاتێك تووشی گوناهەکە بوو و نێوگەڵی بەدیارکەوت، وە نێوگەڵی خۆی نەدەبینی، لە ناو بەهەشت ڕایکرد، درەختێك لە درەختەکانی بەهەشت ئادەمی گرت بە قژی، ئادەم گوتی: بەرمدە، درەختەکە گوتی بەرت نادەم، خوداکەی بانگی کرد و گوتی: ئەی ئادەم ئەوە لە دەست من ڕادەکەیت؟ گوتی نەخێر خوداکەم بەڵام شەرمت لێ دەکەم.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە (وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ- وە گەڵایەکی بەهەشتیان گرت و خستانە سەر نێوگەڵیان)، دەڵێت، سەبارەت بەم گەڵایە دوو قەول هەیە:

یەکەم: گەڵای هەنجیر بوو.

دووەم: گەڵای مۆز بوو.

ئایەتی ٢٣ دەڵێت:

قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ

ئادەم و حەوا گوتیان ئەی خوداکەمان ستەممان لە خۆمان کرد، وە ئەگەر هاتوو لێمان نەبووریت وە بەزەییمان پێ نەکەیت ئەوا بە دڵنیاییەوە لە دۆڕاوەکان دەبین.

ئایەتی ٣٧ سوورەتی البقرة دەڵیت:

فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ

ئادەم لە خوداکەیەوە وشەی بۆ هات و لێی بووری، ئەو (الله) هەمیشە تۆبە قبوڵکەر و بە بەزەییە.

واتە، الله تەنها تۆبەی ئادەمی قبووڵ کردووە، لە کاتێکدا ئایەتی ٢٣ الاعراف دەڵێت، ئادەم و حەوا داوای لێبوردەییان کرد.

بۆچی؟

چونکە لە ئیسلامدا ژن بە کائینێکی شەیتانی دادەنرێت.

ئایەتی ٢٤ دەڵێت:

قَالَ اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ

(الله) گوتی، دابەزن هەندێکتان وەك دووژمن بۆ هەندێکتان، وە لە زەویدا شوێنتان دەبێت بۆ سرەوتن، وە خۆشیکردن بۆ ماوەیەك.

چەند تێبینیەك سەبارەت بەم دەقە:

یەکەم: الله دەڵێت، (اهْبِطُواْ)، واتە (دابەزن)، واتە لە بەهەشت (لە ئاسمان) دابەزن بۆ زەوی.

(هَبَطَ) واتە دابەزین لە شوێنێکی بەرز بۆ شوێنێکی نزم.

القرطبی دەڵێت: وَالْهُبُوطُ : النُّزُولُ مِنْ فَوْقٍ إِلَى أَسْفَلَ

واتە: (الهبوط -دابەزین) دابەزین لە سەرەوە بۆ خوارەوە.

الله دەڵێت هەندێکتان لە زەویدا ببن بە دووژمنی هەندێکی ترتان، وە ئەوە فەرمانە. واتە الله اکبر تۆوی دووژمنایەتی نێوان مرۆڤەکانی بە تایبەتی نیوان ژن و پیاوی لە ناخیاندا چاندووە.

وە القرطبی، لە تفسیری ئایەتی ٣٦ سوورەتی البقرة، دەڵێت:

وَالْخِطَابُ لِآدَمَ وَحَوَّاءَ وَالْحَيَّةِ وَالشَّيْطَانِ

وە قسەکەی الله بۆ ئادەم و حەوا و مارەکە و شەیتانە.

نانەوەی ڕق و قین کارێکی سەرەکی اللەی عەرەب و ئیسلامە، بۆ نموونە لە ئایەتی ١٤ سوورەتی المائدة، سەبارەت بە مەسیحیەکان دەڵێت:

فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ

دووبەرەکی و دژایەتی و ڕق و قینمان خستە نێوانیانەوە تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

الحاكم لە المستدرك على الصحيحين و الذهبی لە مجمع الفوائد، ئاماژەیان بە فەرموودەیەکی ابن عباس کردووە کە گوتوویەتی:

مَا أُسْكِنَ آدَمُ الْجَنَّةَ إِلا مَا بَيْنَ صَلاةِ الْعَصْرِ إِلَى غُرُوبِ الشَّمْسِ

ئادەم تەنها ماوەی نێوان نوێژی عەسر بۆ ئاوابوونی خۆر لە بەهەشت ژیا، (واتە نیو ڕۆژ و دەرکرا).

ئایەتی ٢٥ دەڵێت:

قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ

اللّٰه گوتی، لە زەویدا دەژین و تیایدا دەمرن و لەوێدا لە گۆڕەکانتان دەردەچن لە ڕۆژی قیامەت.

لە صحيح مسلم و البخاری، فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە گوتوویەتی:

خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ وَطُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعًا..فَكُلُّ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ آدَمَ، فَلَمْ يَزَلِ الْخَلْقُ يَنْقُصُ حَتَّى الآنَ

کاتێك الله ئادەمی درووست کرد، درێژیەکەی ٦٠ گەز بوو، ..، وە هەریەکێك بچێتە بەهەشتەوە لە سەر شیوەی ئادەم دەبێت، بەڵام دوای ئادەم باڵای مرۆڤ لە کەمبووندایە تاوەکو ئێستا.

واتە ئادەم باڵای ٣٧ مەتر بووە.

چی؟

پرسیار دەکەیت، ئەی درێژی و ئەستووری چووکی؟ الله اعلم

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، دەڵێت:

وَكَانَ السَّحَابُ يَمْسَحُ رَأْسَهُ فَأَصْلَعَ، فَأَوْرَثَ وَلَدَهُ الصَّلَعَ

(کاتێك ئادەم دابەزی بە هۆی ئەوەی باڵای درێژ بوو) هەورەکان لە سەری ئادەمیان دەدا ئەوەبوو کەچەڵ بوو، وە منداڵەکانی ئادەم کەچەڵیان بە میراتی لە ئادەمەوە بۆ ماوەتەوە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا هەموویان (ئادەم و حەوا و مارەکە و شەیتان) بەیەکەوە دابەزین یان بە جیا دابەزین؟ وە دەڵێت، دوو قەول هەیە:

یەکەم: بەیەکەوە دابەزین بەڵام هەر یەکێکیان کەوتە وڵاتێکەوە.

دووەم: بە جیا دابەزین، ئیبلیس پێش هەمووان لە الأبلة (دەکەوێتە عیراق) دابەزی، ئینجا ئادەم لە هیندستان دابەزی و حەوا لە جدة (سعودیة) دابەزی ئینجا مارەکە لە نصیبین (کوردستان) دابەزی.

وە ابن الجوزی دەڵێت: اللە فەرمانی بە جبرائیل کرد ئادەم بگرێت، ئەوەبوو جبرائیل قاقۆلی ئادەمی گرت و لە درەختەکە ڕزگاری کرد و ئینجا فڕێی دایە سەر زەوی.

بۆچی حەوا لە جدة (سعودیە) کەوتۆتە خوارەوە؟

چونکە لە صحیح البخاری و مسلم فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

الْفِتْنَةُ هَا هُنَا، الْفِتْنَةُ هَا هُنَا، مِنْ حَيْثُ يَطْلُعُ قَرْنُ الشَّيْطَانِ

ئاژاوە لێرەیە، ئاژاوە لێرەیە، لێرە قۆچەکانی شەیتان سەرهەڵدەدەن.

وە ئاماژەی کرد بۆ نجد (سعودیة).

وە بە حوکمی ئەوەی لە ئیسلامدا ژن مەخووقاتێکی شەیتانیە، وە شەیتان لە نجد سەرهەڵدەدات، ئەوا کاتێك حەوا دەرکراوە لە بەهەشت، لە نجد (سعودیە) کەوتۆتە خوارەوە.

ابن اثیر الجزیری لە الکامل في التاریخ، وە ابن عساکر لە تاریخ دمشق، ئاماژە بە ڕیوایەتێکی ابن عباس دەکەن کە گوتوویەتی:

فَجَاءَ فِي طَلَبِهَا فَكَانَ كُلَّمَا وَضَعَ قَدَمَهُ بِمَوْضِعٍ صَارَ قَرْيَةً، وَمَا بَيْنَ خُطْوَتَيْهِ مَفَاوِزُ فَسَارَ حَتَّى أَتَى جَمْعًا فَازْدَلَفَتْ إِلَيْهِ حَوَّاءُ، فَلِذَلِكَ سُمِّيَتِ الْمُزْدَلِفَةَ، وَتَعَارَفَا بِعَرَفَاتٍ فَلِذَلِكَ سُمِّيَتْ عَرَفَاتٍ، وَاجْتَمَعَا بِجَمْعٍ فَلِذَلِكَ سُمِّيَتْ جَمْعًا

ئادەم (لە هیندەوە) بە دوای حەوا هات، هەر کاتێك قاچی دەختە سەر شوێنێك، ئەوا شوێنەکە دەبوو بە گوندێك، وە نێوان هەنگاوەکانی دەبوو بە دەشتایی، کاتێک ئادەم لەو شوێنە نزیک بۆوە کە حەوای لێبوو، حەواش لە ئادەم نزیک بۆوە، (ئەم شوێنە ئێستا پێی دەوترێت (مزدلفة) کە دەکەوێتە نێوان مینا و عەرەفە، وە یەکێکە لە ڕێوڕەسمەکانی حەج)، ئینجا ئادەم و حەوا لە ناوچەی جمع بەیەکگەیشتن و کۆبوونەوە، (وە ئێستا جمع شوێنێکە لە مەککە و ڕیوڕەسمێکی گرنگی حەجە، کە حاجیەکانی تێدا کۆدەبێتەوە)، ئینجا دوای ئەوە ئادەم و حەوا لەو شوێنەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت عەرەفە کە دابوونەریتێکی حەجە، جووت بوون.

ابن منظور لە لسان العرب سەبارەت بە یەکێك لە ماناکانی وشەی (عرف) دەڵێت:

فَلَقِيَهَا فِي ذَلِكَ الْمَوْضِعِ عَرَفَهَا وَعَرَفَتْهُ

ئادەم لەم شوێنەدا لەگەڵ حەوا "عرف"ی کرد، وە حەوا لەگەڵ ئادەم "عرف"ی کرد.

یەکێك لە ماناکانی وشەی(عرف) واتە(جامع) واتە جووت بوو.

واتە لەو شوێنەی کە پێی دەگوترێت (عرفات) ئادەم و حەوا جووت بوون.

وە ڕاستە (عرف) بە مانای یەکترناسینیش دێت، بەڵام خۆ حەوا لە بەهەشت ژنی ئادەم بوو، وە لەگەڵ یەك بوون، کەواتە لەم شوێنەدا بە مانای (تعارف-یەکتر ناسین) نایەت بەڵکو بە مانای جووتبوون دێت.

وشەی مزدلفە، لە ازدلفە وە زلفی هاتووە ،کە لە چەندەها دەقی قورئان ئاماژەیان پێکراوە، بەمانای نزیکبوونەوە دێت.

وە وشەی جمع بە مانای کۆبوونەوە و گردبوونەوە دێت لە نێوان دوو کەس و زیاتر.

ئەگەر سەیر بکەین هەموو دابوونەریتیکی حەج لە ئیسلامدا دابوونەریتێکی بتپەرستانەیە.

وە موسڵمانان لە شوینێک نیزا بۆ خوداکەیان دەکەن کە عەرەفەیە و ئادەم و حەوا لەوێدا جووت بوون.

جبرائیل ئادەم فێرە سێکس دەکات:

ابن عساکر لە تاریخ مدینة دمشق و المتقی الهندی لە کنز العمال، ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکەن کە محمد گوتوویەتی:

هَبَطَ آدَمُ وَحَوَّاءُ عُرْيَانَيْنِ جَمِيعًا عَلَيْهِمَا وَرَقُ الْجَنَّةِ، فَأَصَابَهُ الْحُرُّ حَتَّى قَعَدَ يَبْكِي وَيَقُولُ لَهَا: يَا حَوَّاءُ قَدْ آذَانِي الْحَرُّ، فَجَاءَهُ جِبْرِيلُ بِقُطْنٍ وَأَمَرَهَا أَنْ تَغْزِلَ وَعَلَّمَهَا، وَأَمَرَ آدَمَ بِالْحِيَاكَةِ وَعَلَّمَهُ وَكَانَ لَمْ يُجَامِعِ امْرَأَتَهُ فِي الْجَنَّةِ

حَتَّى هَبَطَ مِنْهَا، وَكَانَ كُلٌّ مِنْهُمَا يَنَامُ عَلَى حِدَةٍ، حَتَّى جَاءَهُ جِبْرِيلُ فَأَمَرَهُ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ، وَعَلَّمَهُ كَيْفَ يَأْتِيهَا، فَلَمَّا أَتَاهَا جَاءَهُ جِبْرِيلُ فَقَالَ:كَيْفَ وَجَدَتِ امْرَأَتَكَ؟ قَالَ : صَالِحَةً

ئادەم و حەوا کاتێك دابەزین ڕووت بوون، وە تەنها گەڵای درەختیان بەسەرەوە بوو، ئەوەبوو گەرما کاری کرد لە ئادەم و دەستی بەگریان کرد، وە دەیگوت: ئەی حەوا گەرما ئازاری دام، ئەوەبوو جبرائیل لۆکەی لەگەڵ خۆی هێنا و فەرمانی بە حەوا کرد بیرێسێت، ئەوەبوو حەوا ڕێسایی، وە ئادەمی فێرە چنین کرد و فەرمانی بە ئادەم کرد ریسەکە بچنێت، وە ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووت نەببوو تاوەکو دابەزی بۆ سەر زەوی، وە هەر یەکێکیان بە تەنها دەخەوت، تاوەکو جبرایل هات و فەرمانی بە ئادەم کرد کە لەگەڵ حەوا جووت بێت، وە فێری کرد کە چۆن لەگەڵیدا جووت بێت. کاتێك ئادەم لەگەڵ حەوا جووت بوو، جبرائیل هات و پرسی: چۆن بوو؟ ئادەم گوتی باش بوو.

ابن عساکر دەڵێت، لە ڕیوایەتێك هاتووە کە دوای جووت بوونی یەکەمی ئادەم لەگەڵ حەوا، حەوا بە ئادەمی گوتووە: کورە ئادەم ئەوە گەلەك خۆش بوو، دەکرێت زیاتر بکەین.

مثل ما یقولون : بالهناء و البنین

# ئایەتی ٢٦-٢٧

يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ

يَا بَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: ئەی نەوەکانی ئادەم پۆشاك و پەڕەمووچەمان بۆتان دابەزاند بۆ ئەوەی نێوگەڵتان دابپۆشێت، وە پۆشاکی خۆپارێزی، ئەوە چاکترە، ئەوە لە نیشانەکانی اللّٰەیە بە هیوای ئەوەی وەبیرتانبێتەوە.

ئەی نەوەکانی ئادەم شەیتان فریووتان نەدات هەروەك چۆن باوك و دایکی ئێوەی لە بەهەشت دەرکرد، پۆشاکەکانی پێ داکەناندن بۆ ئەوەی نێوگەڵیان بۆیەکتر بەدیار کەوێت، ئەو (شەیتان)، خۆی و داوودەستەکەی بە شێوەیەك دەتانبینن کە ئێوە نایانبینن، لە ڕاستیدا ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە یاوەری ئەوانەی باوەڕ ناهێنن.

لە صحيح مسلم، فەرموودەیەکی ابن عباس هاتووە کە دەڵێت:

كَانَتِ الْمَرْأَةُ تَطُوفُ بِالْبَيْتِ وَهِيَ عُرْيَانَةٌ فَتَقُولُ مَنْ يُعِيرُنِي تِطْوَافًا تَجْعَلُهُ عَلَى فَرْجِهَا وَتَقُولُ الْيَوْمَ يَبْدُو بَعْضُهُ أَوْ كُلُّهُ فَمَا بَدَا مِنْهُ فَلاَ أُحِلُّهُ

ژن بە ڕووتی بە دەورەی کەعبە تەوافی دەکرد و دەیگوت: کێ پارچەیەك پەڕۆم دەداتێ بیخەمە سەر نێوگەڵم؟ وە دەیگوت:

ئیمڕۆ هەندێکی وە یان گشتی لە دەرەوەیە.

ئەوەی ئیمڕۆ بەدیارکەوتووە حەڵاڵی ناکەم.

الطبری، لە جامع البیان سەبارەت بە (يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا- ئەی نەوەکانی ئادەم ئێمە پۆشاك و پەڕەمووچەمان بۆتان دابەزاند بۆ ئەوەی نێوگەڵتان داپپۆشێت) دەڵێت: الله لەم ئایەتە بە عەرەبی دوورگەی عەرەبی، کە بە ڕووتی بە دەورەی کەعبەدا تەوافیان دەکرد، دەڵێت، پۆشاك لەبەر بکەن و نێوگەڵتان داپۆشن و بە ڕووتی تەواف مەکەن و لە الله بترسن.

(رِيش) لە زمانی عەرەبی واتە پەرەمووچەی پەلەوەڕ و باڵندە.

واتە، الله دەڵێت پۆشاك و پەڕەمووچەم بە ئێوە داوە بۆ ئەوەی لەبەری بکەن و نێوگەڵتانی پێ داپۆشن.

الطبری، سەبارەت بە (وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ- پۆشاکی خۆپارێزی باشترە)، دەڵێت، ناکۆکی هەیە، وە یاوەرەکان دابەش بوون بەسەر ئەم قەولانە:

یەکەم: ئیمان (واتە پۆشاکی ئیمان باشترە).

دووەم: شەرم (واتە پۆشاکی شەرم باشترە).

سێهەم: کاری چاك ( واتە پۆشاکی کاری چاك باشترە).

چوارەم: شێوە و ویقار (واتە پۆشاکی ویقار چاکترە).

پێنجەم: خواترسی  (واتە پۆشاکی خواترسی چاکترە).

شەشەم: داپۆشینی نێوگەڵ (واتە پۆشاکی داپۆشینی نێوگەڵ چاکترە).

بەگویرەی مەتنی دەقەکە وشەی (تقوی) لەم ئایەتە، بە مانای خۆپارێزی دێت،کەواتە ئایەتەکە دەڵێت:

ئەی نەوەکانی ئادەم ئێمە پۆشاك و پەڕەمووچەمان پێتان بەخشیووە، وەک پۆشاکی خۆپارێزی کە ئەوەیان چاکترە، ئەوە لە نیشانەکانی اللهیە، بە هیوای ئەوە وەبیرتان بێتەوە.

چونکە دەقە دەڵێت، (ذَلِكَ خَيْرٌ- ئەوە چاکترە)، واتە پۆشاك لە بەرکردن بۆ خۆپاراستن لە ڕووتی باشترە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، باسێکی دوور و درێژ دەکات سەبارەت بە عەورەت و دەڵێت، زانایانی ئیسلام ناکۆکن سەبارەت بەوەی کە عەورەت چییە و کوێی لەشی مرۆڤ دەگرێتەوە.

دەڵێت: ابن ابي ذئب و داود و ابن ابي علبة و الطبری و اهل الظاهر دەڵێن: عەورەت پێش و پاشی نێوگەڵ دەگرێتەوە، چونکە الله گوتوویەتی " پۆشاکێك نێوگەڵتان دابپۆشێت"، وە گوتوویەتی" نێوگەڵیان بۆ یەکتر بەدیارکەوت".

وە دەڵێت امام الشافعی گوتوویەتی ناوك و ئەژنۆ لە عەورەت نین، (واتە عەورەت دەكەوێتە نێوان ناوك و ئەژنۆكان).

چەندەها فەرموودە هەیە كە پێغەمبەری ناسكۆڵە و نازدار ڕان و نێوگەڵی خۆی نیشان داوە:

یەكەم:ڕانی محمد سپی بوو.

لە صحیح البخاری، ڕیواتێك هاتووە انس بن مالك دەڵێت:

فأجْرَى نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ في زُقَاقِ خَيْبَرَ، وإنَّ رُكْبَتِي لَتَمَسُّ فَخِذَ نَبِيِّ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، ثُمَّ حَسَرَ الإزَارَ عن فَخِذِهِ حتَّى إنِّي أنْظُرُ إلى بَيَاضِ فَخِذِ نَبِيِّ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ

پێغەمبەر (لە سەر پشتی وڵاغ) بە ناو كۆڵانە تەسكەكانی خەیبەر تێپەڕی، وە ئەژنۆم بە ڕانی كەوت، ئەوەبوو ئیزارەكەی لەسەر ڕانی هەڵماڵی تاوەكو من ڕانی پێغەمبەرم بینی كە سپی بوو.

دووەم: ڕانی محمد بە پاڵكەوتوویی.

لە صحیح مسلم، فەرموودەیەك هاتووە عائیشە دەڵێت:

انَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم مُضْطَجِعًا فِي بَيْتِي كَاشِفًا عَنْ فَخِذَيْهِ أَوْ سَاقَيْهِ

پێغەمبەر لە ماڵەكەم پاڵكەوتبوو و ڕانی یان قاچی ڕووت كردبوو.

ئینجا دەڵێت، باوکم (ابوبکر)، وە دواتر (عمر) هاتنە ژوورەوە ، پێغەمبەر خۆی تێك نەدا و لەسەر هەمان حاڵەتدا مایەوە، بەڵام بەر لەوەی عوسمانی کوڕی عەفان بێتە ژوورەوە، دانیشت و ڕانەکانی داپۆشی. عائیشە دەڵێت لێم پرسی بۆچی کاتێك باوکم و عمر هاتنە ژوورەوە خۆت دانەپۆشی بەڵام کاتێك عوسمان هاتە ژوورەوە دانیشت ڕانت داپۆشی. دەڵێت پێغەمبەر گوتی:

أَلاَ أَسْتَحِي مِنْ رَجُلٍ تَسْتَحِي مِنْهُ الْمَلاَئِكَةُ

ئەی شەرم لە کەسێك نەکەم کە فریشتەکان شەرمی لێ دەکەن.

واتە: محمد شەرمی لە ابوبکری خەزووری و عمر نەکردووە کاتێك ڕانی ڕووت بووە.

سێهەم: محمد جلی دایکە عائیشەی لەبردایە و ڕانی ڕووتە.

لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە عائیشة دەڵێت:

پێغەمبەر لە سەر جێگاکەی پاڵ کەوتبوو و جلی منی لەبەردابوو( وَهُوَ مُضْطَجِعٌ عَلَى فِرَاشِهِ لاَبِسٌ مِرْطَ عَائِشَةَ)، دەڵێت ابوبکر وە دوای ئەو عمر داوای مۆڵەتیان کرد و هاتنە ژوورەوە، پێغەمبەر خۆی تێکنەدا،کاتێك عومەر ڕۆیشت، عوسمان داوای مۆڵەتی کرد بێتە ژوورەوە، دەڵێت پێغەمبەر جلەکەی منی داکەناند و خۆی ڕێکخست و گوتی بابێتە ژوورەوە. عائیشە دەڵێت کاتێك عوسمان ڕۆیشت لێم پرسی کە بۆچی بۆ ابوبکر و

عمر خۆی تێکنەدا بەڵام بۆ عوسمان جلەکانی منی داکەناند و خۆی ڕێکخست،ئینجا مۆڵەتی پێیدا بێتە ژوورەوە، دەڵێت پێغەمبەر گوتی

إِنَّ عُثْمَانَ رَجُلٌ حَيِيٌّ وَإِنِّي خَشِيتُ إِنْ أَذِنْتُ لَهُ عَلَى تِلْكَ الْحَالِ أَنْ لاَ يَبْلُغَ إِلَيَّ فِي حَاجَتِهِ

واتە، عوسمان پیاوێکە مرۆڤ شەرمی لێ دەکات، وە من ترسام کە بەم حالەتەوەم لێم بێتە ژوورەوە شەرم بکات، وە نەتوانێت ئەوە بگەیەنێت کە بۆی هاتبوو.

چوارەم: پێغەمبەر نێوگەڵی ڕووت دەبێت باوەش دەکات بە زید بن حارثة

لە جامع الترمذی، ڕیوایەتێك هاتووە عائیشە دەڵێت، زید بن حارثة گەرایەوە مەدینە و هات بۆ ماڵمان و لە دەرگای دا.

فَقَامَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ عُرْيَانًا يَجُرُّ ثَوْبَهُ، وَاللَّهِ مَا رَأَيْتُهُ عُرْيَانًا قَبْلَهُ وَلَا بَعْدَهُ، فَاعْتَنَقَهُ وَقَبَّلَهُ

پێغەمبەر هەڵسایەوە و پۆشاکەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا، سوێند بە ﷲ نە پێشووتر وە نە دواتر بە ڕووتی نەمبینیبوو، باوەشی کرد بە زەید و ماچی کرد.

تێبینی: زەید بن حارثة لە کوشتنی ام قرفة دەگەڕێتەوە.

هەر لەبەر ئەوە ئەهلی علم ناکۆکن کە ئایا ڕانی پیاو عەورەتە یان عەورەت نییە، بەڵام زۆربەیان دەڵێن ڕان عەورەتە.

بەڵام بۆ ژن جیاوازە، وە ژنان دەبن بە دوو بەش:

یەکەم: ژنانی ئیمانداری ئازاد هەموو لەشیان وە تەنانەت دەنگیشیان عەورەتە.

القرطبی دەڵێت: وَأَمَّا الْمَرْأَةُ الْحُرَّةُ فَعَوْرَةٌ كُلُّهَا إِلَّا الْوَجْهَ وَالْكَفَّيْنِ. عَلَى هَذَا أَكْثَرُ أَهْلِ الْعِلْمِ

زۆربەی ئەهلی عیلم دەڵێن، کە هەموو لەشی ژنانی ئازادی موسڵمان عەورەتە تەنها دەموچاو و دوو ناو لەپی نەبێت.

دووەم: ژنانی کەنیزە و کۆیلە، عەورەتیان وەك عەورەتی پیاوە، واتە تەنها نێوان ناوك و ئەژنۆ دەگرێتەوە.

القرطبی دەڵێت وَأَمَّا الْأَمَةُ فَالْعَوْرَةُ مِنْهَا مَا تَحْتَ ثَدْيَيْهَا

بەڵام عەورەتی ژنە کۆیلە لە ژێر مەمکەکانیەوە بۆ خوارەوەیە.

ابن العثیمین لە "الممتع على زاد المستنقع" دەڵێت:

الأَمَةُ -ولو بالغة- وهي المملوكة، فعورتها من السُّرَّة إلى الرُّكبة، فلو صلَّت الأَمَةُ مكشوفة البدن ما عدا ما بين السُّرَّة والرُّكبة، فصلاتها صحيحة؛ لأنَّها سترت ما يجب عليها سَتْرُه في الصَّلاة

ژنە کۆیلە ئەگەر باڵغ بوو (واتە تەمەنی سەروو ٩ ساڵی بوو) وە خاوەنی هەبوو، عەورەتی لە نێوان ناوك بۆ ئەژنۆکانیەتی، وە تەنانەت ئەگەر نوێژی

کرد و لەشی ڕووت بوو تەنها ئەو شوێنە نەبێت کە دەکەوێتە نێوان ناوك و ئەژنۆ، نوێژەکەی قبووڵە، چونکە ئەو شوێنەی داپۆشیووە کە لەسەری پێویستە دایپۆشێت.

وە لە سنن الکبری للبیهقی و حجاب المرأة للالبانی، ڕیوایەتێك هاتووە کە انس بن مالك دەڵێت:

كنَّ إماءُ عمرَ رضيَ اللهُ عنه يخدُمْنَنا كاشفاتٍ عن شعورهنَّ تضطربُ ثُدِيُّهُنَّ

ژنە کۆیلەکانی عومەر خزمەتیان دەکردین قژیان ڕووت بوو و مەمکەکانیان بەریەك دەکەوتن.

شیخ الاسلام ابن تیمیة لە مجموع الفتاوی دەڵێت:

والحجابُ مختصٌّ بالحرائر دون الإماء، كما كانت سُنّةُ المؤمنين في زمن النبي وخلفائه: أن الحُرَّةَ تحتَجِبُ، والأَمَة تبرُز. وكان عمر إذا رأى أَمَةً مُختَمِرة، ضرَبها وقال: أتتشبهين بالحرائر

وە باڵاپۆش کردن تایبەتە بە ژنانی ئازاد نەك ژنانی کۆیلە، هەروەك چۆن سونەت بوو لە سەردەمی پێغەمبەر و سەردەمی خەلیفەکان، ژنانی ئازاد خۆیان باڵاپۆش دەکرد وە ژنە کۆیلەکان خۆیان نیشان دەدا. وە ئەگەر عومەر ژنێکی کۆیلەی ببینیایە کە خۆی داپۆشیوە، لێی دەدا، وە دەیگوت: دەتەوێت لە ژنانی ئازاد بچیت؟

ئایەتی ٢٧ دەڵێت:

ئەی نەوەکانی ئادەم شەیتان فریووتان نەدات، هەروەك چۆن باوك و دایکتانی (ئادەم و حەوا) لە بەهەشت بەدەرکردن دا، جلەکانی لەبەریان داکەناند بۆ ئەوەی نێوگەڵی یەکتر ببینن (واتە ئادەم نێوگەڵی حەوا ببینێت و حەوا نێوگەڵی ئادەم ببینێت)، شەیتان خۆی و دارودەستەکەی دەتانبینێت، لە شوێنێك کە ئێوە نایبینن، وە لە ڕاستیدا ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە یاوەر و پشتیوانی ئەوانەی کە ئیمان ناهێنن.

دوو خاڵ سەبارەت بەم ئایەتە:

یەکەم: شەیتان خۆی و دارودەستەکەی (هُوَ وَقَبِيلُهُ)

الطبری لە جامع البیان دەڵێت (قَبِيلُهُ) واتە هاوشێوە و ڕەگەز و وەچەکانی.

واتە شەیتان وەچەکانی لە جنۆکە.

البیهقی لە شعب الایمان و الطبرانی، فەرموودەیەکیان اخراج کردووە کە محمد گوتوویەتی:

لَا تَكُنْ أَوَّلَ مَنْ يَدْخُلُ السُّوقَ وَلَا آخِرَ مَنْ يَخْرُجُ مِنْهَا فَبِهَا بَاضَ الشَّيْطَانُ وَفَرَّخَ

یەکەم کەس مەبە دەچیتە ناو بازاڕەوە، وە دوا کەس مەبە کە لە بازاڕ دێیتە دەرەوە، چونکە شەیتان هێلکەی تیادا کردووە و بێچوو هەڵدێنێت.

شەیتان هێلکە دەکات و لە ڕێگای هێلکەکانیەوە بێچووی دەبێت!!!!

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، لە تفسیری ئایەتی ٥٠ سوورەتی الکهف دەڵێت:

الشعبی گوتی: پیاوێك پرسیاری لێ کردم ئایا ئیبلیس ژنی هەیە؟ گوتم ئەم زەماوەندە من تیایدا بەشدار نەبووم، ئینجا بە بیرم هاتەوە کە اللّٰه گوتوویەتی" أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ- ئایا ئیبلیس و وەچەکانی دەکەن بە یاوەر و پشتیوانی؟)، ئەوسا زانیم کە ناکرێت وەچە هەبێت بە بێ بوونی هاوسەر، ئەوەبوو گوتم بەڵێ.

وە مجاهد گوتی: شەیتان چووکی خستە ناو زێی خۆیەوە، پێنج هێلکەی کرد، وە ئەمە بنچینەی وەچەکانیەتی. وە دەڵێن، اللّٰه لە ڕانی ڕاستەی شەیتان چووک و لە ڕانی چەپەی زێی درووستکردووە، ئینجا شەیتان چووکی دەخاتە زێیەوە لە ئاکامدا پێنج هێلکە دادەنێ، وە کاتێک هەر هێلکەیەک دەترووکێ ٧٠ شەیتانی نێرینە و ٧٠ شەیتانی مێینە دێنە دەرەوە،

واتە، شەیتان وەچەی هەیە (هُوَ وَقَبِيلُهُ- خۆی و وەچە و دارودەستەکەی) واتە، (ذُرِّيَّتَهُ).

دووەم: ئایەتەکە دەڵێت (لە ڕاستیدا ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە یاوەر و پشتیوانی کەسانێك کە ئیمان ناهێنن).

واتە اللّٰه شەیتانی کردووە بە یاوەری کەسانێك کە کافرن. وە ئەوە ویست و ئیرادەی اللّٰهی عەرەب و ئیسلامە.

بەڵام لە ئایەتی ٥٠ سوورەتی الكهف دەڵێت:

أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ

ئایا ئیبلیس و وەچەکانی لە جیاتی من وەك یاوەر و پشتیوانی خۆتان دەگرن، وە ئەوانە دووژمنتانن؟

ئەم دوو ئایەتە زۆر سەیرن!!!! خۆی شەیتان و وەچەکانی کردووە بە یاوەری و پشتیوانی ئەو کەسانەی ئیمان ناهێنن، دواتر گازاندە دەکات و دەڵێت: ئایا ئێوە شەیتان و وەچەکانی دەکەن بە و یاوەر و پشتیوانی خۆتان؟

تۆ بڵێیت ئیرادەی مرۆڤ لە ئیرادەی الله بەهێزتر بێت، بۆ ئەوەی ئەو یاوەرەی شەیتان ڕەت کاتەوە، کە الله بۆی داناوە؟

سێهەم: ئایەتەکە دەڵێت، (ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە یاوەری ئەو کەسانەی ئیمان ناهێنن).

بەگوێرەی ئەم دەقە بێت موسڵمانان و محمد ئیمانیان نەبووە، چونکە هەر هەموویان یاوەرێکی شەیتانیان هەبووە.

لە صحيح مسلم، باب (تَحْرِيشِ الشَّيْطَانِ وَبَعْثِهِ سَرَايَاهُ لِفِتْنَةِ النَّاسِ وَأَنَّ مَعَ كُلِّ إِنْسَانٍ قَرِينًا- هەڵاواردنی شەیتان و ناردنی سەربازەکانی بۆ لە خشتەبردنی خەڵك، وە لەگەڵ هەموو مرۆڤێك شەیتانێك هەیە)، فەرموودەیەك هاتووە کە محمد گوتوویەتی:

مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ وَقَدْ وُكِّلَ بِهِ قَرِينُهُ مِنَ الْجِنِّ " . قَالُوا وَإِيَّاكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ " وَإِيَّاىَ إِلاَّ أَنَّ اللَّهَ أَعَانَنِي عَلَيْهِ فَأَسْلَمَ فَلاَ يَأْمُرُنِي إِلاَّ بِخَيْ

هیچ کەسێکتان نییە کە یاوەرێکی لە جنۆکەکان بۆ دیاری نەکرابێت، گوتیان تۆش ئەی پێغەمبەری الله؟ گوتی منیش، بەڵام الله یارمەتی دام تاوەکو بوو بە موسڵمان، وە فەرمانی هیچم پێ ناکات تەنها چاکە نەبێت.

وە هەروەها لە صحیح مسلم لە هەمان باب فەرموودەیەك هاتووە محمد بە عائیشە دەڵێت:

أَقَدْ جَاءَكِ شَيْطَانُكِ قَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَوْ مَعِيَ شَيْطَانٌ قَالَ نَعَمْ قُلْتُ وَمَعَ كُلِّ إِنْسَانٍ قَالَ نَعَمْ قُلْتُ وَمَعَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ نَعَمْ وَلَكِنْ رَبِّي أَعَانَنِي عَلَيْهِ حَتَّى أَسْلَمَ

ئەوە شەیتانەکەت هاتۆتە لات؟ گوتم ئەی پێغەمبەری الله ئایا من شەیتانم هەیە؟ گوتی بەڵێ. گوتم وە لەگەڵ هەموو مرۆڤێك؟ گوتی بەڵێ. گوتم، وە لەگەڵ تۆش ئەی پێغەمبەری الله؟ گوتی بەڵێ بەڵام الله یارمەتی دام تاوەکو بوو بە موسڵمان.

محمد پشتڕاستی ئەکاتەوە کە خۆی و هەموو موسڵمانێك یاوەرێکی شەیتانیان هەیە. کەواتە بە گوێرەی ئەم ئایەتە بێت، محمد کافر بووە، وە هەموو موسڵمانان کافرن.

جا دواتر الله اکبر یارمەتی محمد دەدات، تاوەکو شەیتانەکەی محمد موسڵمان دەبێت، وە شەیتانەکەی فەرمانی چاکە بە محمد دەکات.

بەڵێ موسڵمانانی ئازیز شەیتان موسڵمان بووە.

چوارەم: ئایەتەکە دەڵێت(شەیتان و داروودەستەکەی ئێوە دەبینین لە شوێنێك کە ئێوە ئەوان نابینن).

پرسیار؟ چۆن محمد و عومەر و ابوهریرە، هتد،، شەیتانیان بینیووە؟

کامەیان درۆ دەکەن؟ الله و قورئان وە یان محمد؟

چەند فەرموودە و ڕیوایەتێك کە محمد و یاوەرەکانی جنۆکە و شەیتانەکانیان بینیوە:

یەکەم: شەوی جنۆکە.

لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە کە شەوێکیان محمد لە دۆڵەکانی دەوروبەری حراء ون دەبێت، بەرەبەیانیەکی بەدیار دەکەوێتەوە و لێی دەپرسن کە لە کوێ بووە؟ لە وەڵامدا محمد دەڵێت:

أَتَانِي دَاعِي الْجِنِّ فَذَهَبْتُ مَعَهُ فَقَرَأْتُ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنَ

بانگێشەری ئیسلامی جنۆکەکان هات و لەگەڵی چووم و قورئانم بۆ جنۆکەکان خوێندەوە.

وە محمد دەڵێت، جنۆکەکان لێیان پرسیم کە چی حەلالە بۆیان کە بیخۆن؟ محمد دەڵێت پێم گوتن ئێسقان و پیسایی ئاژەڵ.

ئینجا محمد به یاوەرەکانی دەڵێت: فَلاَ تَسْتَنْجُوا بِهِمَا فَإِنَّهُمَا طَعَامُ إِخْوَانِكُمْ

نەکەن لە دوای پیسایکردن خۆتان بە ئێسق و پاشەڕۆی ئاژەڵ پاك بکەنەوە چونکە ئەم دوو شتە خواردنی براکانتانن لە جنۆکە.

دووەم: پیاوانێکی ڕووتی پێست ڕەشی جنۆکە سواری پێغەمبەر دەبن.

لە مجمع الزوائد و منبع الفوائد للهیثمی، ڕیوایەتێك هاتووە بە اسنادێکی صحیح کە ابن مسعود دەیگێڕیتەوە و دەڵێت:

شەوێکیان لەگەڵ پێغەمبەر دەرچووم، هێڵێکی بە دەورەمدا کێشا و گوتی لەم هێلە مەیە دەرەوە ئەگینا تیا دەچیت، دواتر پێغەمبەر گەڕایەوە، ئینجا ابن مسعود دەڵێت کۆمەڵێك پیاو بەدیار کەوتن

كَأَنَّهُمُ الزُّطُّ لَيْسَ عَلَيْهِمْ ثِيَابٌ وَلَا أَرَى سَوْآتِهِمْ طِوَالًا قَلِيلٌ لَحْمُهُمْ ، قَالَ: فَأَتَوْا فَجَعَلُوا يَرْكَبُونَ رَسُولَ اللَّهِ وَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ يَقْرَأُ عَلَيْهِمْ، قَالَ عَبْدُ اللَّهِ: فَأُرْعِبْتُ مِنْهُمْ رُعْبًا شَدِيدًا، ثُمَّ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ جَاءَ ثَقِيلًا وَجِعًا أَوْ يَكَادُ أَنْ يَكُونَ وَجِعًا مِمَّا رَكِبُوهُ ، قَالَ : إِنِّي أَجِدُنِي ثَقِيلًا

واتە، کۆمەڵێك پیاوی "زط" ئەفریقی کە جلیان لەبەردانەبوو، وە نێوگەڵیانم نەدەبینی، وە درێژ بوون و گۆشتیان کەم بوو، هاتن سواری پێغەمبەری ﷲ بوون، وە پێغەمبەر قورئانی بۆیان دەخوێندەوە، وە من زۆر ترسام، ئینجا پێغەمبەر قورس ببوو و ئازاری هەبوو بە هۆی ئەوەی سواری ببوون، وە گوتی هەست دەکەم لەشم قورس بووە.

سێیهەم: محمد عفریت دەگرێت:

لە صحیح البخاری فەرموودەیەك هاتووە محمد دەڵێت:

إِنَّ عِفْرِيتًا مِنَ الْجِنِّ تَفَلَّتَ عَلَيَّ الْبَارِحَةَ لِيَقْطَعَ عَلَيَّ الصَّلَاةَ فَأَمْكَنَنِي اللهُ مِنْهُ فَأَرَدْتُ أَنْ أَرْبِطَهُ إِلَى سَارِيَةٍ مِنْ سَوَارِي الْمَسْجِدِ حَتَّى تُصْبِحُوا وَتَنْظُرُوا إِلَيْهِ كُلُّكُمْ فَذَكَرْتُ قَوْلَ أَخِي سُلَيْمَانَ: رَبِّ هَبْ لِي مُلْكًا لا يَنْبَغِي لِأَحَدٍ مِنْ بَعْدِي (ئايەتی ٣٥ سوورەتی ص)

عفریتێك لە جنۆكە دوێنێ بە پێشمدا ڕەت بوو بۆ ئەوەی نوێژەکەم ببڕێت، اللە دەسەڵاتمی بەسەریدا شکاند و گرتم، ویستم لە یەکێك لە ستوونەکانی مزگەوتی ببەستمەوە تاوەکو بەیانی بۆ ئەوەی هەر هەمووتان بیبینن، بەڵام وتەکەی سلێمانی برامم بیرهاتەوە: خوداکەم دەسەڵاتێکم پێ ببەخشە کە هیچ کەسێك لە دوای من ئەو دەسەڵاتەی نەبێت (ئایەتی ٣٥ سوورەتی ص)

چوارەم : شەیتان لە عومەری کوڕی خەتاب دەترسێت.

لە صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد بە عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت:

إيهًا يا ابْنَ الخَطَّابِ، والذي نَفْسِي بيَدِهِ ما لَقِيَكَ الشَّيْطَانُ سَالِكًا فَجًّا قَطُّ، إلَّا سَلَكَ فَجًّا غيرَ فَجِّكَ

ئەی کوڕی خەتاب، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە، شەیتان لە هەر ڕێگایەك تووشت بێت ئەوا ڕێگای خۆی دەگۆڕێت و ڕێگایەکی تر دەگرێت.

شەیتان لە الله نەترساوە و ملکەچی فەرمانی الله نەبووە، بەڵام لە عومەری کوڕی خەتاب دەترسێت.

بەڵام عومەر عومەرە خۆ فشە نییە. سبحان الله.

وە لە ئیسلامدا شەیتان و جنۆکە دەتوانن خۆیان بەرجەستە بکەن و نیکاحی ژنان و پیاوانی موسڵمان بکەن.

ئەم بابەتە دەکرێت چەندەها بەرگ پەرتووکی لەسەر بنووسرێت، بەڵام من لێرەدا تەنها ئاماژە بە قسەیەکی ابن تیمیة شێخی سەلەفیەکان و شێخ الاسلام دەکەم، کە لە مجموع الفتاوی گوتوویەتی:

وَصَرْعُهُمْ لِلْإِنْسِ قَدْ يَكُونُ عَنْ شَهْوَةٍ وَهَوًى وَعِشْقٍ كَمَا يَتَّفِقُ لِلْإِنْسِ مَعَ الْإِنْسِ وَقَدْ يَتَنَاكَحُ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ وَيُولَدُ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ وَهَذَا كَثِيرٌ مَعْرُوفٌ

وە زاڵبوونی جنۆکە بەسەر مرۆڤدا دەکرێت بە هۆی شەهوەت و خۆشەویستی و ئیشقەوە بێت، هەروەك چۆن لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ ڕوودەدات، وە بەهەمان شێوە دەکرێت مرۆڤ و جنۆکە یەکتر بگێن، وە منداڵیان ببێت، وە ئەوە زۆر ناسراو و زانراوە.

تۆ بڵێی موسڵمانان سرووشتی کەریان نەبێت؟ لە ئیسلامدا کەر شەیتان دەبینێت، وە تەنانەت ئەوەیان کردووە بە ئیعجازی زانستی، وە دەڵێن

شەپۆلی بینایی کەر جیاوازە لە شەپۆلی بینایی مرۆڤ، لەبەر ئەوە کەر دەبینێت و مرۆڤ نابینێت.

واتە شەپۆلی بینایی چاوەکانی محمد لە شەپۆلی بینایی کەری کردووە.

لە صحیح البخاری و مسلم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

إِذَا سَمِعْتُمْ نَهِيقَ الْحِمَارِ فَتَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِنَّهُ رَأَى شَيْطَانًا ".

ئەگەر گوێتان لە زەڕینی کەر بوو ئەوا پەناگە ببەنە بەر الله چونکە شەیتانی بینیووە.

## ئایەتی ٢٨-٣٠

وَإِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً قَالُواْ وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاء أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ

وە کاتێك ناپەسندەیەك دەکەین دەڵێن باوک و باپیرانمان هەمان ڕێبازیان هەبووە، وە الله فەرمانی پێمان کردووە کە وابکەین، (ئەی محمد) بڵێ لە ڕاستیدا الله فەرمان بە ناپەسەندی ناکات، ئایا قسەیەك لەسەر الله دەکەن کە لێی نزانن؟

قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ

(ئەی محمد) بڵێ خوداکەم فەرمان بە ڕاستڕەوی دەکات، وە سیماکانتان ئاڕاستەی هەموو شوێنێکی کڕنۆشبردن بکەن، وە بە پاکی بانگی (الله) بکەن، و ئاین (ڕۆژی قیامەت) هەر بۆ ئەوە (الله). هەروەك چۆن ئێوەی دەست پێ کردووە، دەگەڕێنەوە.

فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ

کۆمەڵێك هیدایەتکراو، وە کۆمەڵێك گومڕایی هەق بووە بەسەریان، ئەوانە شەیتانیان جگە لە الله وەك یاوەر و پشتیوان بەخۆوە گرتووە، وە پێیان وایە کە ڕێنمایی کراون.

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

القرطبی دەڵێت" فَاحِشَة" لەم ئایەتەدا، بە قسەی زۆربەی شرۆڤەکاران بەمانای تەواف کردنیان بە ڕووتی بە دەورەی کعبە دێت.

الطبری دەڵێت" فَاحِشَة" لەم ئایەتەدا بە مانای ئەوە دێت:

كَانُوا يَطُوفُونَ بِالْبَيْتِ عُرَاةً ، يَقُولُونَ : " نَطُوفُ كَمَا وَلَدَتْنَا أُمَّهَاتُنَا "  فَتَضَعُ الْمَرْأَةُ عَلَى قُبُلِهَا النِّسْعَةَ أَوِ الشَّيْءَ، فَتَقُولُ

الْيَوْمَ يَبْدُو بَعْضُهُ أَوْ كُلُّهُ فَمَا بَدَا مِنْهُ فَلَا أُحِلُّهُ

عەرەب بە ڕووتی بە دورەی کعبەدا تەوافیان دەکرد، وە دەیانگوت " بە ڕووتی تەواف دەکەین، هەروەك چۆن بەڕووتی لە دایك بووین" کاتیک

تەوافەکەیان تەواو دەکرد، پارچە پەڕۆیەکی سپییان پێدەدرا و نێوگەڵیان پێ دادەپۆشی.

ئیمڕۆ هەندێکی یان گشتی بەدیارکەوتووە، ئەوەی ئیمڕۆ دیارە  هیچیتر حەلالی ناکەین.

وە الطبری بەردەوام دەبێت و دەڵێت: دەیانگوت باوك و باپیرانمان بە ڕووتی تەوافیان کردووە وە ئێمەش وەك ئەوان بە ڕووتی تەواف دەکەین و لە سەر ڕێگای ئەوان دەڕۆین و کار بە سونەتەکەیان دەکەین، وە الله فەرمانی پێمان کردووە وابکەین و ئێمە فەرمانی الله جێبەجێ دەکەین.

لە وەڵامدا الله پێیان دەڵێت: الله فەرمان بەم کارە ناکات کە ئێوە بە ڕووتی بە دەورەی کەعبە تەواف بکەن لە کاتی عومرە و حەجدا.

پرسیار؟ بۆچی بە ڕووتی بە دەورەی بەردە ڕەشکە و کەعبە تەوافیان کردووە؟

الشهرستانی لە الملل و النحل دەڵێت:

لە کاتی حەجدا، خەڵکی دورگەی عەرەب، تقوساتێکی سەیریان دەکرد کە خۆیان لە بەردە ڕەشەکە دەخشاند.

سيد القمني لە "الاسطورة و التراث" دەڵێت:

بەردە ڕەشەکە لە بنەڕەتەوە سپی بوو، بەڵام بەهۆی بەریەککەوتنی بە خوێنی سووڕی مانگانەی ژنان ڕەش بوو، واتە لە سەردەمی جاهیلی

تقوساتێك هەبوو كە ژنان بە بەردەكە ئەنجامیان دەدا كە بەركەوتنی بەردە ڕەشكە بوو بە خوێنی سووڕی مانگانە.

واتە ژنان و پیاوان بە ڕووتی دەسوڕانەوە بە دەورەی كەعبە و بەردە ڕەشەكە، ئینجا نێوگەڵیان لە بەردە ڕەشەكە دەخشاند بۆ ئەوەی لەو گوناهانە پاكیان بكاتەوە كە بەهۆی نێوگەڵیانەوە ئەنجامیان دابوو.

لە صحیح الترغیب و صحیح الترمذی، فەرموودەیەكی محمد هاتووە كە گوتوویەتی:

الحجرُ الأسودُ من الجنَّةِ، وكان أشدَّ بياضًا من الثّلجِ، حتى سوَّدَتْه خطايا أهلِ الشِّركِ

بەردە ڕەشەكە لە بەهەشتەوەیە، وە سپیتر بوو لە بەفر، بەڵام گوناهەكانی خەڵكی موشریك ڕەشیان كرد.

ئایا ئەوە لە ڕووی زانستیەوە مومكینە؟ بەڵێ.

توخمەكانی بەرد بە ئاسانی كارلێك دەكەن لەگەڵ هیمۆگلۆبینی خوێن، چونكە هیمۆگلۆبین ئاسنی تێدایە، وە كاتێك ئاسن لەگەڵ توخمەكانی بەرد كارلێك دەكات ژەنگاوی و دواتر ڕەش دەبێت.

پرسیار؟ ئایا چۆن دەكرێت ژنان نێوگەڵی خۆیان لە ٧-٨ بەردی بچووك خشاندبێت كە هەر دانەیەكی بە قەد پشقلێكە؟

له سەرەتا بەردە ڕەشەکە گەورە بوو، تاوەکو طاهر القرمطی له ساڵی ٣١٧ لەکاتی حەجدا هێرش دەکاتەسەر کەعبە و بەردە ڕەشەکە لێ دەکاتەوە و بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ لەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ بەحرێن.

له السيرة الحلبية و تاريخ الخلفاء للسيوطی، هاتووە کە کاتێك لە ساڵی ٣٣٩ بەردە ڕەشەکە دەگێڕنەوە بۆ مەککە، محمد بن غزاعة بەردەکە دەبینێت و دەڵێت:

تأملت الحجر الاسود وهو مقلوع، فإذا السواد في رأسه فقط، وسائره ابيض، وطوله قدر ذراع

سەیری بەردە ڕەشەکەم کرد بە لێکراوەیی، تەنها پۆپەکەی ڕەش بوو، بەڵام قەدەکەی سپی بوو، وە درێژیەکەی باسکێك بوو.

واته درێژ بوو ، سبحان الله.

الحاكم لە المستدرك على الصحيحين، ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات کە محمد گوتوویەتی:

الْحَجَرُ الْأَسْوَدُ يَمِينُ اللَّهِ فِي الْأَرْضِ فَمَنْ صَافَحَهُ وَقَبَّلَهُ فَكَأَنَّمَا صَافَحَ اللَّهَ وَقَبَّلَ يَمِينَهُ

بەردە ڕەشەکە دەستە ڕاستی اللّٰهیە لە زەویدا، هەرکەسێك تەوقەی لەگەڵدا بکات و ماچی بکات وەك ئەوە وایە لەگەڵ اللّٰه تەوقەی کردبێت و دەستی ڕاستەی اللّٰهی ماچ کردبێت.

واتە، بەردە ڕەشەکە لە سەردەمی محمد گەورە بووە، وە موسڵمانان توانیوویانە بەدەست بیگرن.

وە لە صحيح الجامع فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە گوتوویەتی:

إنَّ مسحَ الحجرِ الأسودِ، و الركنَ اليمانيَّ، يحُطَّان الخطايا حطًّا

دەست پیا هێنان بە بەردە ڕەشەکە و زاویەی یەمەنی گوناه لە ناو دەبەن بە لەناوبردن (واتە گوناه ناهێڵن).

بەردپەرستی کتوومت وەك خۆی هاتۆتە ناو ئیسلامەوە، جاران نێوگەڵ لێخشاندن بوو بەڵام ئێستا دەست لێدانە.

وە تەنانەت ئەوپەڕۆ سپیەی موسڵمانان لە کاتی حەج و عومرە لە خۆیان لوول دەدەن، هەمان پەڕۆیە کە "حمس" لە سەردەمی جاهیلی بەو خەڵکانەیان دەدا کە بە ڕووتی دەسوڕانەوە دوای تەواو کردنی ٧ جار سوڕانەوە.

ئایەتی ٢٨-٢٩ دەڵێت:

قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ، فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلاَلَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ

چەند بەشێکە:

یەکەم: ئەی محمد بڵێ خوداکەم فەرمان بە ڕاستڕەوی دەکات.

دووەم: سیماکانتان ئاڕاستەی هەموو شوێنێکی کڕنۆشبردن(پەرستگا) بکەن و ئینجا بە پاکی و دڵسۆزی بانگی الله بکەن چونکە ڕۆژی قیامەت هەر بۆ اللهیە.

سێهەم: هەر وەك چۆن الله لەسەرەتا ئێوەی درووست کردووە بەهەمان شێوە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە لە ڕۆژی قیامەت، جا کۆمەڵێکتان بە هیدایەتکراوی، وە کۆمەڵێکتان بە گومڕایی،کە بەهەق بەسەریدا جێبەجێ کراوە، چونکە ئەوانە جگە لە الله شەیتانیان بە یاوەر و پشتیوانی خۆیان گرتبوو، وە پێیان وایە کە هیدایەت دراون.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە (وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ- وە سیماکانتان ئاڕاستەی هەموو شوێنێکی کڕنۆشبردن{پەرستگا} بکەن) ناکۆکی هەیە سەبارەت بە ماناکەی، وە دەڵێت دوو قەول هەیە:

یەکەم: بە ئاڕاستەی کەعبە.

دووەم: تەنها بۆ الله نەك بۆ بت و خوداوەندەکانی دیکە.

دەقەکە دەڵێت، (کل مسجد- واتە هەموو شوێنێکی کڕنۆشبردن{پەرستگا})، وە کاتێك ئەم سوورەتە دابەزیووە کە سوورەتی ژمارە ٣٩ یە:

١- نوێژ کردن بۆ موسڵمانان فەرز نەکرابوو.

٢- اللهی عەرەب و ئیسلام ئەم ئایەتانەی لە پەیوەست بە موشریك و بتپەرستەكان دابەزاندووە. واتە فەرمان بە موشریك و بتپەرستەكان دەكات كە ڕووی خۆیان بكەنە هەموو شوێنێكی كڕنۆشبردن(پەرستگا)، وە كڕنۆش بۆ بتەكان ببەن.

سێهەم: "كل مسجد" واتە هەموو شوێنێكی كڕنۆشبردن(پەرستگا)، وە پێش ئیسلام بە كەعبە گوتراوە"مسجد"، واتە شوێنی كرنۆشبردن(پەرستگا) بۆ خوداوەندەكان. ئەگەر مەبەست تەنها لە كەعبە بووایە ئەوا دەبوایە دەقە بلێت:

وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ المَسْجِد، نەك) عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ.(

كەواتە مەبەست لە (وَأَقِيمُواْ وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ) چییە؟

مەبەست هەموو ئەو كەعبانەیە كە لە دوورگەی عەرەب بوونیان هەبوو.

٢٣ كەعبە لە دوورگەی عەرەب بوونی هەبوو، كە ٧ دانەیان لە یەمەن بوو.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، اللهی عەرەب و ئیسلام، لە سەرەتا دانیناوە بە هەموو كەعبەكانی دوورگەی عەرەب.

ابن كثیر، سەبارەت بە (كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ) دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی پیغەمبەر گوتوویەتی خەڵك لە ڕۆژی قیامەت بۆ لای الله حەشر دەكرێن بە پێی پەتی و ڕووتی و بێ خەتەنەكراوی، ئینجا (ئایەتی ١٠٤ سوورەتی الانبیاء) ی خوێندەوە كە دەڵێت، (كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُ )، واتە

هەروەك چۆن لە سەرەتای درووستکردن دەستمان پێکرد ئەوا وەك جارانی لێ دەکەینەوە.

وە ئەم فەرموودەیە، لە صحيح البخاری و صحيح مسلم هاتووە، کە محمد گوتوویەتی:

يُحْشَرُ النَّاسُ يَومَ القِيامَةِ حُفاةً عُراةً غُرْلًا قُلتُ: يا رَسولَ اللهِ، النِّساءُ والرِّجالُ جَمِيعًا يَنْظُرُ بَعْضُهُمْ إلى بَعْضٍ، قالَ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: يا عائِشَةُ الأمْرُ أشَدُّ مِن أنْ يَنْظُرَ بَعْضُهُمْ إلى بَعْضٍ.

واتە، خەڵك لە ڕۆژی قیامەت بە پێی پەتی و ڕووتی و بێ خەتەنەکراوی حەشر دەکرێن. عائیشة دەڵێت، گوتم ئەی پێغەمبەری الله ژنان و پیاوان بەیەکەوە، سەیری یەکتر دەکەن؟ پێغەمبەر گوتی ئەی عائشة مەسەلەکە زۆر لەوە دژوارترە کە سەیری یەکتر بکەن.

واتە بەم شێوەیە بۆ لای الله دەگەڕێنەوە هەروەك چۆن لە سەرەتاوە درووستی کردوون.

وە ئایەتی ٣٠ دەڵێت، ( فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلالَةُ- کۆمەڵێك بە هیدایەت کراوی وە کۆمەڵێك بە هەق گومرایی کراون)، واتە هەندێك ئیماندار و کۆمەڵێك کافرن لە ڕۆژی قیامەت.

وەك ئایەتی ٢ سوورەتی الطغابن دەڵێت:

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ

ئەو (اللە) درووستی کردوون، هەتانە کافرە و هەتانە ئیماندار.

# ئایەتی ٣١

يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی نەوەکانی ئادەم جوانکاریەکانتان لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ لای هەموو شوێنێکی کڕنۆشبردن(پەرستگا)، وە بخۆن و بخۆنەوە و زێدەڕۆیی مەکەن، لە ڕاستیدا ئەو (اللە) ئەوانەی خۆش ناوێت کە زێدەڕۆیی دەکەن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

عەرەب بە ڕووتی تەوافیان دەکرد، وە اللە فەرمان دەکات پێیان کە "زینة" واتە پۆشاکەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ داپۆشنی نێوگەڵیان.

وە دەڵێت: زیاتر لە کەسێك لە ئەهلی سەلەف سەبارەت بە شرۆڤەکەی گوتوویانە کە ئەم ئایەتە دابەزی لەسەر موشریکەکان کە بە ڕووتی تەوافیان دەکرد.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت: ابن عباس گوتوویەتی، کە خەڵکی عەرەب بە ڕووتی بە دەورەی کەعبەدا تەوافیان دەکرد، وە شتێکی پێچە ئاسایان بە نێوگەڵیانەوە دەبەست.

وە دەڵێت، (وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ- بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیا لە پێویست نا) واتە لای کەعبە بخۆن و بخۆنەوە.

## ئایەتی ٣٢

قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِي لِلَّذِينَ آمَنُواْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ.

ئەی محمد، بڵێ کێ زینەتی اللەی حرام کردووە؟ وە ڕزقە نایابەکان کە بۆ بەندەکانی فەراهەم کردووە؟ ئەی محمد بڵێ، ئەم زینەت و ڕزقە نایابانە بۆ ئەوانە کە ئیمانیان هێناوە لە ژیانی دونیا، وە تەنها بۆ ئەوانە لە ڕۆژی قیامەت، وە بەم شیوەیە ئایەتەکانمان ڕووندەکەینەوە بۆ خەڵکانێك کە دەزانن.

ابن الجوزی، سەبارەت بە (زِينَةَ اللَّهِ) دەڵێت، یەکێك لە دوو شت دەگرێتەوە:

یەکەم: داپۆشینی نێوگەڵ.

دووەم: پۆشاك.

وە سەبارەت بە (وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ- ڕزقی نایاب) الطبری دەڵێت: موشریکەکان لە کاتی حەج و عومرە هەندێك خواردنیان لە خۆیان حرام

دەكرد. كە یاوەرەكان و شرۆڤەكاران ناكۆكن سەبارەت بە جۆری ئەو خواردنانە:

یەكەم: گەنمە شامی.

دووەم: شیرو چەوری و گۆشی مەڕ.

سێهەم: خواردنی دەریایی.

اللهی عەرەب و ئیسلام، وەڵام دەداتەوە و دەڵێت هیچ خواردنێك حەرام نییە تەنها گۆشی بەراز و خوێن و ئاژەڵی مردوو نەبێت.

وەك ئایەتی ٥٩ سوورەتی یونس دەڵێت:

قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَالًا قُلْ آللَّهُ أَذِنَ لَكُمْۖأَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ

ئەی محمد بڵێ، دەبینین كە ئەو ڕزقەی الله بە ئێوەی داوە، ئەوا هەندێكتان حەرام و هەندێكتان حەڵال كردووە؟ ئەی محمد بڵێ، كێ مۆڵەتی پێتان داوە (كە هەندێك حرام بكەن)، وە یان درۆ بە ناوی اللهەوە دەكەن؟

وە سەبارەت بە (قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُواْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ- ئەی محمد بڵێ، ئەو خورادنە نایاب و پۆشاكانە بۆ ئیماندارانە لە ژیانی دونیا، وە تەنها بۆ ئیماندارانە لە قیامەت)

واتە، الله هەرچی خۆشی دونیا هەیە بۆ ئیماندارانی درووستکردووە، نەك بۆ کافرەکان، وە هەموو ئەو خۆشیانە لە ڕۆژی قیامەت بۆ ئیمانداران دەبێت، چونکە کافرەکان دەچن بۆ دۆزەخ.

هەر لەبەر ئەوە موسڵمانان پێیان وایە هەموو زەوی، هی خۆیانە وە کافرەکان شایستە نین بە ژیان. وە ك ابن کثیر دەڵێت:

ئەی محمد، بە موشریکەکان بڵێ کە بە ئارەزووی بۆگەنیان شتانێك حەرام دەکەن، بڵی ئەو شتانە الله درووستیکردوون بۆ کەسانێك کە لە دونیا باوەڕ بە الله و پێغەمبەرەکەی دەهێنن، وەلە ڕۆژی قیامەت تەنها بۆ ئیماندارانە، وە هیچ کافرێك تیایدا بەشدار نابێت چونکە بەهەشت لە کافرەکان حرام کراوە.

## ئایەتی ٣٣

قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ

ئەی محمد بڵێ، خوداکەم کاری ناپەسەندی حەرام کردووە جا ئەوەی ئاشکرایە و ئەوەی نهێنییە، وە گوناە وە دەستدرێژی بە بێ هەق، وە کاتیك شرك دەکەن بە الله بە شتانێك کە هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ دانەبەزیووە، وە قسەیەك بکەن لەسەر الله کە لێی نازانن.

ابن الجوزی، سەبارەت بە (قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ- بڵێ خوداکەم ناپەسەندی حەرام کردووە)، دەڵێ ٦ قەول هەیە:

یەکەم: زینا، جا چ بە ئاشکرا بێت چ بە نهێنی بێت.

دووەم: دایك نکاحکردن.

سێهەم: کوڕ ژنی باوکی نکاح بکات.

چوارەم: بە ئاشکرا واتە زینا، بە نهێنی واتە تۆواوت لە دەرەوە بێتەوە.

پێنجەم: بە ئاشکرا تەواف بە ڕووتی، بە نهێنی واتە زینا.

شەشەم: گشتیە سەبارەت بە هەموو سەرپێچیەکان.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت، ئەم ئایەتە واتە: تەواف بە ڕووتی (ئەوەی بە ئاشکرا) تەوافی پیاوان بە ڕۆژ، (ئەوەی بە نهێنی) تەوافی ژنان بە شەو.

وە ئاماژە بە فەرموودەیەکی صحیح البخاری دەکات، کە محمد گوتوویەتی:

لا أَحَدَ أَغْيَرُ مِنْ اللَّهِ فَلِذَلِكَ حَرَّمَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا أَحَدَ أَحَبُّ إِلَيْهِ الْمِدْحَةُ مِنْ اللَّهِ فَلِذَلِكَ مَدَحَ نَفْسَهُ

هیچ کەسێك بە قەد الله هەست بە غیرە ناکات، هەر لەبەر ئەوە ناپەسەندی حەرام کردووە، جا ئەوەی بە ئاشکرا دەکرێت یان ئەوەی بە شاراوەیی دەکرێت، وە هیچ کەسێك بە قەد الله ئارەزوو ناکات کە پیایدا هەڵبدرێت، لەبەر ئەوە الله بە خۆیدا هەڵیداوە.

(وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ)، واتە بۆت هەیە بە هەق دەستدرێژی بکەیت، وە لە ئیسلامدا، بە هەموو شێوەیەك بۆت هەیە دەستدرێژی بکەیتە سەر کەسێك کە ناموسڵمانە، تەنها ئەو کاتانە نەبێت کە لەگەڵ ئیسلام پەیمانی هەیە.

(وَأَن تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا)، وە شرك کردنتان بە الله بە شتانێك کە هیچ دەسەڵاتێکیان بۆ دانەبەزیووە وەك بت.

## ئایەتی ٣٤

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌۖ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةًۖ وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ

وە بۆ هەموو میللەتێك کاتێکی دیاریکراو هەیە، وە هەرکە کاتەکەیان هات ئەوا نە کاتژمێرێك دوادەکەوێت، وە نە کاتژمێرێك پێش دەکەوێت.

ابن الجوزی لە زاد المسیردەلێت، سەبارەت بە (أَجَلٌ) دوو قەول هەیە:

یەکەم: سزادان

دووەم: ژیان

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، لەم ئایەتە الله هەڕەشە دەکات لە موشریکەکان و دەڵێت ئەگەر لەسەر کاری ناپەسەندیتان بەردەوام بن و لەسەر شرکتان بەردەوام بن، ئەوا وەك ئەو میللەتانەتان لێ دەکەم کە قڕم

کردن، جا ئەگەر کاتی سزادانتان هات ئەوا نە کاتژمێرێك دوا دەکەوێت وە نە کاتژمێرێك پێش دەکەوێت.

## ئایەتی ٣٥-٣٦

يَا بَنِي آدَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي ۙ فَمَنِ اتَّقَىٰ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ

وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا أُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

ئەی نەوەکانی ئادەم، یان پێغەمبەرانێك لە خۆتانەوە بۆتان دێت کە ئایەتەکانی منتان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوسا هەرکەسێك لە خوا ترسا و خۆی چاك کرد، نە ترسی لەسەر هەیە وە نە نیگەرانی.

بەڵام ئەوانەی کە نکوڵیّ لە ئایەتەکانمان دەکەن و لە ئاستیدا لووتبەرزی دەکەن ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، وە ئەوانە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

هەڵەیەکی بەرچاوی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە دەڵێت (إِمَّا) واتە (یان) بەڵام لە ئایاتەکە هەڵبژاردەی تر بوونی نییە.

کاتێك (اما) واتە (یان) لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕستەکە یان قسەکە دەبێت هەڵبژاردەی تێدابێت. بەڵام لەم ئایەتە هەڵبژاردە نییە. وە مادام هەڵبژاردەی تێدا نییە ئەوا دەبوایە ئایەتەکە بەم شێوەیە بوایە:

يَا بَنِي آدَمَ  سيَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي، نەك (إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ(

واتە ئەی نەوەكانی ئادەم پێغەمبەرانێكتان بۆ دێت كە ئایاتەكانی منتان بۆ دەگێڕنەوە.

وە یان دەبێت لە شوێنی (إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ)، واتە (یان بۆتان دێت) وشەی ( أَلَمْ يَأْتِكُمْ) ،واتە (ئەی بۆتان نەهات) بێت. كەواتە ئایەتەكە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي

واتە ئەی پێغەمبەرانتان بۆ نەهات لە خۆتان كە ئایەتەكانی منیان بۆ ئێوە دەگێڕایەوە؟

وە لە ڕاستیدا بەم شێوەیەی دوایی ئایەتی ١٣٠ سوورەتی الانعام هاتووە كە دەڵێت:

أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي

وە هۆیەكی تر كە ئایەتی ٣٥ هەڵەیە ئەمەیە:

ئەم قورئانە بڕیار وایە بۆ محمد دابەزیێت، وە محمد دوا پێغەمبەرە، بەڵام ئایەتەكە دەڵێت:

ئەی نەوەكانی ئادەم یان پێغەمبەرانتان لە خۆتان بۆ دێت ئایەتەكانی منتان بۆ دەگێڕنەوە.

واتە چەندەها پیغەمبەری تر لە دوای محمد دێن؟

وە هەروەها بەکارهێنانی ( يَقُصُّونَ) هەڵەیە و بۆ چیرۆك بەکاردێت.

بۆ نموونە لە ئایەتی ٣ سوورەتی یوسف هاتووە:

نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ (ئێمە باشترین چیرۆکت بۆ دەگێڕینەوە)، دەبێت لە شوێنی (یقصون) فەرمانی ( يَتْلُونَ) بێت کە بە مانای گوتنەوە دێت. هەوەك لە ئایەتی ٧١ سوورەتی الزمر هاتووە کە دەڵێت:

أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَتْلُونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِ رَبِّكُمْ

ئەی پێغەمبەرانتان لە خۆتان بۆ نەهات کە ئایەتەکانی منیان بۆتان دەگوتەوە.

گرنگ ئەو ئایەتە بەم شێوەیە، پێمان دەڵێت کە محمد دوا پیغەمبەر نییە.

سەڵاوات لە دیداری محمد

ئینجا دەڵێت ( فَمَنِ اتَّقَىٰ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ- هەرکەسێك لە خوا ترسا و خۆی چاك کرد ئەوا نە ترسی لەسەرە وە نە نیگەرانی).

واتە هەر کەسێك کە ئیمانی هێنا بە الله و پێغەمبەرەکەی ئەوا با لە سزای ڕۆژی قیامەت نەترسێت و پێویست ناکات نیگەران بێت.

# ئایەتی ٣٧

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ ۚ أُولَـٰئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ.

واتە، کێ لەم کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە ناوی اللەوە دەکات، وە یان نکۆڵی لە ئایەتەکانی الله دەکات؟ ئەوانە بەشی خۆیان لە پەرتووك بەدەست هێناوە، تاوەکو کاتێك نێردراوەکانمان (فریشتە) دێن بۆ لایان دەیانمرێنن دەڵێن : لە کوێ بوون کاتێك جگە لە الله بانگیشەتان بۆ شتانێکی دیکە دەکرد، دەڵێن لە دەستمان چوو. ئەوانە شایەتیاندا لەسەر خودی خۆیان کە لە ڕاستیدا کافر بوون.

سەبارەت بە (أُولَـٰئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ- ئەوانە بەشی خۆیان لە پەرتووکەکە بەدەستهێناوە) ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، ٧ قەول هەیە:

یەکەم: ئەوەی لە چارەنووس بۆیان نووسراوە لە خراپە و چاکە.

دووەم: بەشیان لە کاروکردەوە.

سێهەم: ئەوەی لە سەریان نووسراوە لە ڕێنمایی و گومڕایی.

چوارەم: ئەوەی لەسەریان نووسراوە لە بژێوی و کار و تەمەن.

پێنجەم: ئەو ئەشکەنجەیەی لەسەریان نووسراوە.

شەشەم: ئەوەی الله ڕایگەیاندووە لە هەموو پەرتووکەکان.

حەوتەم: ئەوەی لە پەرتووك ئاماژەی پێکردووە سەبارەت بە سزادانیان.

ئینجا ابن الجوزی دەڵیت، سەبارەت بە مانای (الْكِتَابِ)، پێنج قەول هەیە:

١-:تابلۆی پارێزراو.

٢-: هەموو پەرتووکەکانی الله (کە دابەزاندووە).

٣-: قورئان.

٤-: پەرتووکی کاروکردەوەکانیان.

٥-: قەزا و قەدەر.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ئەو بەشەی کە الله بۆیانی نووسیووە لە تابلۆی پارێزراو پێیان دەگات (لە کاتی مەرگدا).

وە سەبارەت بە (حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِۖقَالُوا ضَلُّوا عَنَّا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ) الطبری دەڵێت:کاتێك فریشتەکان دێن بیانمرێن و ڕۆحیان بکێشن لێیان دەپرسن: ها لەکوێ بوون، کاتێك بانگی شتێکی ترتان جگە لە الله دەکرد و دەتانپەرست؟ لە وەڵامدا دەڵێن، ڕێگای اللهمان ون کردبوو.

ئینجا الله دەڵێت: ئەوانە شایەتیان لە سەر خۆیاندا کە ئەوانە کافرن.

## ئایەتی ٣٨-٣٩

قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ فِي النَّارِۖكُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَاۖحَتَّىٰ إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِّنَ النَّارِۖقَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَٰكِن لَّا تَعْلَمُونَ، وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ

(فریشتەکە) دەڵێت: وەکو میللەتانی تر لە جنۆکە و مرۆڤ بڕۆنە ناو ئاگرەوە، وە هەر چەند جارێك میللەتێك دەچێتە ناو ئاگرەوە، میللەتی

خوشکی (واتە ئەو میللەتەکەی لە دۆزەخدایە)، نەفرەتیان لێ دەکەن، تاوەکو هەموویان بەیەکەوە لە دۆزەخ  کۆدەبنەوە، ئینجا دوا میللەت کە چۆتە دۆزەخەوە بەوەی کە یەکەمیان چۆتە دۆزەخەوە دەڵێت:
خوداکەمان ئەوانە ئێمەیان گومڕا کرد، ئازارەکەیان لە ئاگر چەند قات بکەوە، پێیان دەگوترێت بۆ هەر هەمووتان ئازارەکە چەند قاتە بەڵام ئێوە نازانن، وە ئەو میللەتەی یەکەمجار لە ناو ئاگر بوو بەوەی کە لە کۆتایدا چۆتە ئاگرەوە دەڵێت، ئێوە هیچ چاکەیەکتان بەسەر ئێمە نەبووە، دە ئێوەش تامی ئازار بکەن بە هۆی ئەوکارانەی بەدەستتان هێناوە.

ڕەوانت شاد معروف الرصافی، لە خۆڕایی نەتگوتووە قورئان پەرتووکی "قال"یە.

دەقەکە ڕوونە پێویست بە تفسیر ناکات. جوێن و مشتومڕ لە نیوان میللەتانی ناودۆزەخ درووست دەبێت. هەر یەکێکیان لۆمەی ئەوەی تر دەکات. هەرچەندە دەقەکە جگە لە گاڵتەجاری شتێکی تر نییە.

## ئایەتی ٤٠-٤١

إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّىٰ يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ

لَهُم مِّن جَهَنَّمَ مِهَادٌ وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ

واتە: ئەوانەی نکۆڵیان لە ئایەتەکانی ئێمە کرد و لە ئاستیدا لووتبەرز بوون، نە دەرگاکانی ئاسمانیان لێ دەکرێتەوە، وە نە دەچنە بەهەشتەوە، تاوەکو وشتر بە کونە دەرزیدا تێپەڕ دەبێت، وە بەم شێوەیە  پاداشتی تاوانباران دەدەینەوە. بۆیان لە دۆزەخ  پێخەف و لەسەریان دوکەڵ و ئاگر هەیە، وە بەم شێوەیە سزای ستەمکاران دەدەین.

ئایەتی ٤٠ وتەیەکی یسوع المسیحە، کە لە ئینجل مرقس هاتووە و نووسەرانی قورئان دزیویانە. یسوع المسیح (عیسا) دەڵێت:

مُرُورُ جَمَل مِنْ ثَقْبِ إِبْرَةٍ أَيْسَرُ مِنْ أَنْ يَدْخُلَ غَنِيٌّ إِلَى مَلَكُوتِ اللهِ

واتە: تێپەڕبوونی وشتر بە کونە دەرزی ئاسانترە لەوەی کە دەوڵەمەندێك بچێتە شانشینی خوداوە.

نووسەرانی قورئان تەنها وشەی "دەوڵەمەند"یان گۆڕیووە بۆ "تاوانبار".

وە قورئان سەدەها دەقی دزیووە لە شاعیرانی جاهیلی کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان پێ دەکەین.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، نووسین و خوێندنەوەی جیا سەبارەت بەم ئایەتە هەبووە:

ابن مسعود لە قورئانەکەی نووسیبووی:

حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ الأَصْفَرُ

تاوەکو وشتری زەرد بە کونە دەرزی تێپەڕ دەبێت.

وە ابن عباس و ابي بن کعب و سعید بن جبیر، بەم شێوەیە دەیانخوێندەوە:

حَتَّى يَلِجَ الْجُمَّلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ

واتە: تاوەکو گوریس بە ناوکونە دەرزی تێپەڕ دەبێت.

الطبری، سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێت: الله گوتوویەتی ئەوانەی کە بڕوا بە بەڵگەکانمان ناهێنن و پیادەی پێغەمبەرەکانمان ناکەن و لەبەرامبەر بە ئایەتەکانمان لووتبەرز بوون ، ئەوانە کاتێك دەمرن دەرگاکانی ئاسمان بۆ ڕۆحەکانیان ناکرێتەوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم بۆ شرۆڤەی ئەم ئایەتە ئاماژە بە فەرموودەیەکی درێژی محمد دەکات، کە لە مسند احمد و سنن ابن ماجة و سنن النسائی هاتووە کە دەڵێت:

کاتێك فریشتەکان ڕۆحی کافر دەکێشن، بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان، وە کاتێك بەلای هەر فریشتەیەك تێپەڕی دەکەن، دەڵێن: ئەم ڕۆحە پیسە کێیە؟ دەڵێن فولانی کوڕی فولان، وە بە ناشیرینترین ناو لە ناوەکانی دونیای بانگی دەکەن، تاوەکو ڕۆحەکەی دەگەیەنن بە ئاسمانی دونیا، ئینجا لە دەرگا دەدەن، بەڵام دەرگا ناکرێتەوە، ئینجا پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە، (نە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ دەکرێتەوە وە نە دەچنە بەهەشتەوە تاوەکو وشتر بە کونە دەرزیدا تێپەر دەکات)، ئینجا اللّٰه دەڵێت، لە "سجین-دۆزەخ" کە لە چینی خوارەوەی زەویە پەرتووکەکەی بنووسن. فریشتەکان ڕۆحەکەی بە فڕیدان فڕێ دەدەنە سجینەوە،(تەواو).

لە ئیسلامدا قەرارگەی ڕۆحی کافرەکان لە چینی خوار خوارەوەی زەویە، (سجین) و لە وێدا ئازار دەدرێن. ئەمە هەمان تێڕوانینی ئاینی فیرعەونیەکانە، کە پێیان وابوو مردووەکان بۆ "العالم السفلی" جیهانی ژێرەوە دەچن.

ئینجا ئایەتی ٤١ دەڵێت: ئەو کافرانە دۆزەخ پێخەفیان دەبێت و ئاگرەکەی داپۆشەر (لێفە) یان دەبێت.

ئیمام الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە (وَمِن فَوْقِهِمْ غَوَاشٍ) دەڵێت، ٣ قەول هەیە:

یەکەم: داپۆشەر (لێفە و بەتانی).

دووەم: پۆشاك.

سێهەم: سێبەر.

وە دەڵێت، مەبەست لەم ئایەتە: لە سەریان ئاگر دەبێت و لە ژێرەوی دۆزەخن.

بەڵام ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، ٣ قەول سەبارەت بە (غَوَاشٍ) هەیە: لێفە و دوکەڵ و ئاگر.

نووسەری قورئان هەر بە ڕاستی هونەربازی کردووە لە وەسفی دۆزەخ.

## ئایەتی ٤٢-٤٣

وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ وَقَالُواْ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ وَنُودُواْ أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێنا و کاری چاکەیان کرد، ئەرکێك بە هەر خودێك دەسپێرین کە لە تواناییدا بێت، ئەوانە یاوەرانی بەهەشتن،

وە ڕق و کینەمان لە سینەکانیان لابرد، لە ژێریەوە چەندەها ڕووبار دەڕۆن وە گوتیان سوپاس بۆ اللە کە ئێمەی ڕێنمایی کرد بۆ ئەمە، وە ئێمە ڕێنمایی نەدەکراین ئەگەر اللە ڕێنمایی نەکردینایە، وە نێردراوەکانی اللە بە هەق هاتن، وە بانگ دەکرێن: ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە بە میراتی بەدەستتان هێناوە، بە هۆی ئەو کارانەی دەتانکردن.

ئەم دوو ئایەتە لە ئیزارەکەی عومەری کوڕی خەتاب دەچن، وەك سەرچاوە ئیسلامیەکان پێمان دەڵێن، لە ساڵی الرمادة، عومەری کوڕی خەتاب ئیزارێکی لەبەردابووە کە لە ١٠ پارچەی جیاواز پێك هاتبوو.

ئەم دوو ئایەتەش بە هەمان شێوەن، لە ١٠ پارچەی جیاواز پێك هاتوون:

پارچەی یەکەم: وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ

ئەوانەی باوەڕیان هێناو کاری چاکەیان کرد.

پارچەی دووەم: لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا

ئێمە ئەرکێك بە خودێك ناسپێرین مەگەر لە توانایی بێت.

پارچەی سێهەم: أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ

ئەوانە یاوەرانی بەهەشتن.

پارچەی چوارەم: هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

ئەوانە تیایدا نەمرن.

پارچەی پێنجەم: وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ

وە لە سینەکانیان هەر ڕق و کینێك هەبوو لامان برد.

پارچەی شەشەم: تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ

لە ژێریانەوە ڕووبارەکان دەڕۆن.

پارچەی حەوتەم: وَقَالُواْ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَذَا

وە گوتیان سوپاس بۆ اللە کە ئێمەی هیدایەتدا بۆ ئەمە.

پارچەی هەشتەم: وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ

وە ئێمە هیدایەت نەدەدراین ئەگەر اللّٰە ئێمەی هیدایەت نەکردایە.

پارچەی نۆیەم: لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ

نێردراوەکانی خوداکەمان بە هەق هات.

پارچەی دەیەم: وَنُودُواْ أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

وە بانگکران: ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە بە میرات بە هۆی کارەکانتانەوە بە دەستتان هێناوە.

وای لەم گاڵتەجاریە، ئینجا ئیدعاش دەکەن کە قورئان بەلاغەیە.

دەکرێت ئەم دوو ئایەتە بەم شێوەیە کە پوختتر و جوانترە دابڕێژرێنەوە:

لاَ نُكَلِّفُ نَفْس الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ إِلاَّ وُسْعَهَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ وتَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

وَنَنزع مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ وَ يقولون الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَذَا و لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ فهدانا وَنُودُواْ أَن تِلْكُمُ الْجَنَّةُ أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

واتە: ئێمە ئەرکێك بە خودی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و کاری چاکەیان کردووە ناسپێرین مەگەر لە توانایيدا بێت، ئەوانە یاوەرانی بەهەشت و ڕووبارانێك بە ژێریاندا دەڕوات وە تیایدا نەمرن.

وە ڕق و کینە لە سینەکانیان لادەبەین ، وە دەڵێن سوپاس بۆ اللّٰە کە هیدایەتی داین بۆ ئەمە، وە نێردراوانێکی بە هەق بۆمان نارد و هیدایەت دراین، وە بانگ دەکرێن ئەوە ئەم بەهەشتەیە کە بە میرات لە ڕێگای کارەکانتان بە دەستتان هێناوە.

سەبارەت بە (لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا- وە ئەركێك بە كەسە ئیماندارەكان دەسپێرین كە بتوانن لە ئەستۆی بگرن)، الشوكانی لە فتح القدیر دەڵێت، واتە ئەركێك بە بەندەكان ناسپێرین تەنها ئەوەیان نەبێت كە دەتوانن لە ئەستۆی بگرن و دەتوانن ئەنجامی بدەن.

ئەم ئایەتە وەك ئایەتی ١٨٥ سوورەتی البقرة وایە كە دەڵێت:

يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ

اللە ئاسانكاری بۆ ئێوە دەوێت، وە نایەوێت (ئەرك و خوداپەرستیتان) لەسەر قورس و گران بكات.

وە ئایەتی ٧٨ سوورەتی الحج دەڵێت:

وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ.

واتە: وە لە ئایندا هیچ تەنگژەیەك و گرانیەكی لەسەر دانەناون.

لە شرۆڤەی ئەم دەقەدا، الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

خوداكەتان لەم ئاینەی كە خوداپەرستی پێ دەكەن هیچ تەنگژەیەكی لەسەرتان دانەناوە، وای نەكردووە كە دەرچوونتان نەبێت لەم شتانەی كە لە ڕێگایەوە تاقیدەكرێنەوە، بەڵكو بۆتانی فراوان كردووە، بە تەوبەكردن لە هەندێكیان ڕزگارتان دەبێت، و بە كەفارەت لە هەندێكیان و بە سزا لە هەندێكیان، لەبەر ئەوە لە ئیسلامدا هیچ گوناهێك نییە كە موسڵمان دەیكات، ڕێگایەكی نەبێت بۆ دەرچوون و ڕزگار بوون لە گوناهەكە.

وە سەبارەت بە (وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ- ڕق و كینەمان لە سینەكانیان لابرد)، الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت:

(نزع) واتە دەركێشانی شتێك لە شوێنەكەی، وە (غل) واتە ڕق و كین

وە بۆ ئەم ئایەتە دوو شرۆڤە هەیە:

یەکەم: واتە ئەو ڕق و کینەمان لابرد کە بەرامبەر بە یەك هەیانبوو لە ژیانی دونیا.

وە دەڵێت، هەروەك علی کوڕی ابي طالب گوتوویەتی: هیوادارم من و عثمان و طلحة و الزبیر،لەوانە بین کە الله لە قورئاندا لەسەریان گوتوویەتی: وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلّ

دووەم: مەبەست لەم ئایەتە ئەوەیە کە پلەکانی بەهەشت جیاوازن بە گوێرەی تەواوی یان کەموکوڕی کارەکانی ئیمانداران، وە الله حەسوودی لە دڵەکانیان ناهێڵێت بە شێوەیەك کە ئەو کەسەی پلەیەکی نزمتری هەیە لە بەهەشت حەسوودی بە کەسێك نەبات کە پلەیەکی بەرزتری هەیە (تەواو).

وە لە صحیح البخاری، فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە کە گوتوویەتی:

إِذَا خَلَصَ الْمُؤْمِنُونَ مِنَ النَّارِ حُبِسُوا بِقَنْطَرَةٍ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ، فَيَتَقَاصُّونَ مَظَالِمَ كَانَتْ بَيْنَهُمْ فِي الدُّنْيَا، حَتَّى إِذَا نُقُّوا وَهُذِّبُوا أُذِنَ لَهُمْ بِدُخُولِ الْجَنَّةِ

واتە: کاتێك باوەڕداران لە ئاگر ڕزگاریان بوو، لە قەنتەرە بەند دەکرێن کە دەکەوێتە نێوان بەهەشت و دۆزەخەوە، ئینجا تۆڵەی ئەو ستەمە لە یەکتر دەکەنەوە کە لە دونیا لەیەکیان کردووە، تاوەکو پاکوبێگەرد دەبنەوە ، ئینجا مۆڵەتیان دەدرێت بچنە بەهەشتەوە.

ئەم ئایەتە بە هەمان مانای ئایەتی ٤٧ سوورەتی الحجر دێت، کە دەڵێت:

وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ

ڕق و کینەمان لە سینەکانیان لابرد، بران و ڕوولەیەك (بەرامبەر بە یەک)، لەسەر قەرەوێلە دانیشتوون.

سەبارەت بەم ئایەتە ابن كثير و الطبرى و القرطبى ئاماژە بە ڕیوایەتێکی على کوڕی ابي طالب دەکەن، کە لە السنن الكبرى للبيهقى هاتووە کە دەڵێت:

دوای تەواوبوونی شەڕی وشتر "جمل" عمرانی کوڕی طلحة هات بۆ لای على کوڕی ابي طالب، ئەوەبوو على بەخێر هاینی کرد و لای خۆی داینا و گوتی: هیوادارم کە الله من و باوکت وەك ئەوانە لێ بکات کە لەسەریان گوتوویەتی: وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِمْ مِنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُتَقَابِلِينَ (ڕق و کینەمان لە سینەکانیان لابرد و بوون بە برا و لەسەر قەرەوێڵە ڕووبەڕووی یەك دانیشتوون).

لە شەری جمل کە لە نێوان عائشة و طلحة و الزبير لە لایەك وە على کوڕی ابي طالب لە لایەکی تر ڕوویدا، هەزارەها موسڵمانی تێدا کوژرا، یەکێك لەوانەی کوژرا طلحة بوو.

طلحة و الزبير و عائیشة خەوارج بوون، چونکە دژ بە على،کە وەك خەلیفە بەیعەتی پێدرابوو، شەڕیان کرد.

وە هەروەها ئەم ئایەتە دەڵێت (تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ) ئەوکەسانەی ئیمانداران و دەچنە بەهەشت و الله ڕقوقین لە سینەکانیان لادەبات، چەندەها ڕووبار بە ژێر پێکانیاندا دەڕوات.

ئینجا لە ئایەتەکە هاتووە، ئەو ئیماندارانە دەڵێن: زۆر سوپاس بۆ الله کە هیدایەتی داین بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت، خۆ ئێمە خۆمان هیدایەت نەدەکراین ئەگەر الله پێغەمبەری نەناردایە و هیدایەتی نەدابایین.

ئینجا دەنگێك دێت و پێیان دەڵێت: ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە بە هۆی کار و کردەوە چاکەکانتان بە میرات بۆتان ماوەتەوە.

خەیاڵ بکەن: علی کوڕی ابي طالب و عثمانی کوڕی عفان و طلحة بن عبيدالله و الزبير بن عوام و معاوية بن ابي سفيان بەیەکەوە دێنە بەهەشتەوە، وە پاسەوانی دەرگای بەهەشت پێیان دەڵێت:

سَلَامٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ (ئایەتی ٧٣ الزمر)

سڵاوتان لێبێت و یاخودا بەخێر بێن، بڕۆنە ناو بەهەشتەوە و بۆ هەمیشە تیایدا خۆشی بکەن.

وە الطبری، ئاماژەی بە فەرموودەیەك کردووە کە دەڵێت:

ئینجا "ولدانەکان" دەورەیان دەدەن و بەگەرمی و شۆڕوشەوقەوە باوەشیان پێدا دەکەن. ئینجا چەند ولدانێك ڕادەکەن و مژدە دەدەن بە حۆریەکان.

وە ڕیوایەتەکە دەڵێت: ولدانەکان ناوی دوانەی پیاوەکانیان دەهێنن کە هاتوونەتە بەهەشتەوە، واتە:

ولدانەکانی علی بە حۆریەکانی علی دەڵێن:

هۆی کچێ مژە کچێ مژدە.

حۆریەکە دەڵێت: کورە قوون لووس چی بووە؟

ولدانەکە دەڵێت: کچێ مارە باب علی کوڕی ابي طالب هاتە ناو بەهەشتەوە.

حۆریەکە دەڵێت: بە چاوەکانی خۆت بینیت (انت رأيته؟)

ولدانەکە دەرێ ئەدی کوو، خۆ درۆت لەگەر ناکەم، وەلاهی وە بالاهی و تیلاهی بە چاوەکانی خۆم دیتم، ئەها ئەتوو ببینە ببینە، وادەزانی درۆیانی لەگەر دەکەم.

ئینجا ڕیوایەتەکە دەڵێت: حۆریەکان لە خۆشیانە خەریکە بفڕن بەڵام ناتوانن لە ڕەشماڵەکانیان دەربچن و خۆیان بێن بیانبینن. چونکە اللّٰہ گوتوویەتی:

حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ(ئایەتی ٧٢ سوورەتی الرحمن)

حۆریەکان قەتیسن لە ڕەشماڵەکان.

جا ڕیوایەتەکە دەڵێت: دێن لە پشت دەرگای ڕەشماڵەکە لە دیوی ژوورەوە دەوەستن و لە درزێکدا سەیر دەکەن (فیجئن حتی یقفن علی أُسْکُفَّة الباب).

ئینجا علی بۆ لای حۆریەکانی و عثمان بۆ لای حۆریەکانی و هتد،، دێن.

ڕیوایەتەکە دەڵێت لە ڕەشماڵەکانیان دەچنە ژوورەوە.

ئینجا کاتیك دێنە ژوورەوە ئەبڵەق و دەبینن:

وسُرُر مرفوعة، وأکواب موضوعة، ونمارق مصفوفة، وزرابِيُّ مبثوثة(ئایەتی ١٣-١٦ سوورەتی الغاشیة).

قەڵەوێرەی بەرز و پێکی دانراو و سەرینی ڕیزکراو حۆریە لەسەر جێگای نەرم پاڵی داوەتەوە.

دەڵێت: لەباوەشیان دەگرن و لەگەڵ یەك لەسەر قەرەوێڵەکان دادەنیشن ئینجا دەڵێن:

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَـٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ ۖ لَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ

سوپاس بۆاللە کە هیدایەتی داین بۆ ئەمە، وە ئێمە هیدایەت نەدەدراین ئەگەر اللە هیدایەتی نەدابووواین لە ڕێگای ناردنی پێغەمبەران بە هەق.

## ئایەتی ٤٤-٤٥

وَنَادَىٰ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابَ النَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا قَالُواْ نَعَمْ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ، الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِالآخِرَةِ كَافِرُونَ

وە یاوەرانی بەهەشت بانگی یاوەرانی دۆزەخ دەکەن (و پێیان دەڵێن), ئێمە ئەوەمان بە ڕاستی بەدەست هێنا کە خوداکەمان بەڵێنی پێمان دابوو، ئایا ئێوە ئەوەتان بە ڕاستی بەدەست هێنا کە خوداکەتان بەڵێنی پێتان دابووی؟ (دۆزەخیەکان) دەڵێن بەڵێ. لە نێوانیان بانگدەرێك بانگ دەکات و دەڵێت: نەفرەتی اللە لە ستەمکاران بێت، ئەوانەی کە بەرپەرچی ڕێگای اللەیان داوەتەوە و ڕێبازەکەیان بە خواروخێچی دەوێت، وە ئەوانە لە ڕۆژی کۆتایی کافرن.

ئەم دوو ئایەتە دەڵێن کە گفتوگۆ ڕوودەدات لە نێوان ئەو خەڵکانەی لە دۆزەخن وە ئەو خەڵکانەی لە بەهەشتن.

بەهەشتیەکان بانگی دۆزەخیەکان دەکەن و دەڵێن ئێمە ئەو بەهەشتەمان بەدەست هێنا کە اللە بەڵێنی پێمان دابوو، ئەی ئێوە ئەو دۆزەخەتان بەدەست هێنا کە اللە بەڵێنی پێتان دابووی؟ دۆزەخیەکان دەڵێن بەڵێ. ئینجا دەنگێك دێت و دەڵێت نەفرەتی اللە لە کافرەکان.

ئەوەی لە قورئان و سونەدا هاتووە، دۆزەخ زۆر گەورەیە و پەنجەرەی نییە، وە ئاگرەکەی بەڕادەیەك بەهێزە کە کڵپ دەدات، چۆن پیاوانی بەهەشت و پیاوانی دۆزەخ توانیان پەیوەندی بگرن و قسە لەگەڵ یەکدا بکەن؟

لە صحیح مسلم، فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:

يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لَهَا سَبْعُونَ أَلْفَ زِمَامٍ مَعَ كُلِّ زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا

دۆزەخ لە ڕۆژی قیامەت دەهێنرێت ٧٠ هەزار قوڵپی هەیە، وە هەر قوڵپێك ٧٠ هەزار فریشتە ڕایدەکێشن.

واتە چوار بلیۆن و نۆسەد ملیۆن فریشتە دۆزەخ ڕادەکێشن.

وە لە صحیح سنن ابي داود، فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە دەڵێت:

أُذِنَ لِي أَنْ أُحَدِّثَ عَنْ مَلَكٍ مِنْ مَلاَئِكَةِ اللَّهِ مِنْ حَمَلَةِ الْعَرْشِ إِنَّ مَا بَيْنَ شَحْمَةِ أُذُنِهِ إِلَى عَاتِقِهِ مَسِيرَةُ سَبْعِمِائَةِ عَامٍ

مۆڵەتم پێدرا کە بۆتان باسی فریشتەیەك لە فریشتەکانی الله بکەم کە عەرشیان هەڵگرتووە، دووری نێوان گوێچکەکەی بۆ سەر شانی ٥٠٠ ساڵ ڕۆیشتنە.

ئێستا دەتوانن پێم بڵێن چۆن پیاوانی بەهەشت بانگی پیاوانی دۆزەخیان کرد و قسەیان لەگەڵیان کرد؟

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، لە تفسیری (يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا)، واتە خەڵك دوور دەخەنەوە لە پیادەکردنی ڕێبازی الله و شەریعەتەکەی، وە ئەوەی پێغەمبەران هێناویەتی، وە دەیانەوێت کە

ڕێبازی اللە خواروخێچ بێت و ڕێك و ڕاست نەبێت بۆ ئەوەی هیچ کەسێك بەدوای نەکەوێت.

## ئایەتی ٤٦-٤٩

ئەم چەند ئایەتە باسی خەڵکانێك دەکات کە چاکە و خراپەیان بەرامبەرە وە لە ڕۆژی قیامەت لەسەر تەپۆڵکەیەك لە چاوەڕوانیدان، ئەم تەپۆڵکەیە دەکەوێتە نێوان دۆزەخ و بەهەشت. وە لە کۆتاییدا اللە ڕێگایان دەدات بچنە بەهەشتەوە.

ئایەتی ٤٦ دەڵێت:

وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى الأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ وَنَادَوْا أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَن سَلامٌ عَلَيْكُمْ لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ

وە لە نێوانیان (بەهەشتی و دۆزەخیەکان) بەربەستێك هەیە، وە لەسەر تەپۆڵکە پیاوانێك هەن، کە هەردووکیان (بەهەشتیەکان و دۆزەخیەکان) بە سیماکانیان دەناسنەوە، وە بانگی یاوەرانی بەهەشتیان کرد: سڵاوتان لێ بێت. پیاوانی تەپۆڵکە هێشتا نەچوونەتە بەهەشتەوە بەڵام ئارەزوو دەکەن.

ئایەتی ٤٧-٤٨ دەڵێت:

وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاء أَصْحَابِ النَّارِ قَالُواْ رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ

وَنَادَى أَصْحَابُ الأَعْرَافِ رِجَالاً يَعْرِفُونَهُمْ بِسِيمَاهُمْ قَالُواْ مَا أَغْنَى عَنكُمْ جَمْعُكُمْ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ

وە کاتێك چاوەکانیان وەرچەرخایە سەر یاوەرانی دۆزەخ، گوتیان خوداکەمان لەگەڵ خەڵکانێکی ستەمکارمان دامەنێ.

وە یاوەرانی تەپۆڵکە بانگی پیاوانێکیان (کافرەکان) کرد کە بە سیماکانیان دەیانناسن ، پێیان گوتن: زۆریتان و لووتبەرزیتان سوودی نەبوو بۆتان.

## ئایەتی ٤٩

أَهَـٰؤُلَاءِ الَّذِينَ أَقْسَمْتُمْ لَا يَنَالُهُمُ اللَّهُ بِرَحْمَةٍ ۚ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمْ وَلَا أَنتُمْ تَحْزَنُونَ

ئایا (ئێوەی کافر) سوێندتان بۆ ئەوانە(پیاوانی تەپۆڵکەکە) دەخوارد کە بەزەیی الله بەدەست ناهێنن؟ (بە پیاوانی تەپۆڵکە دەگوترێت) بڕۆنە بەهەشتەوە، نە ترستان لەسەر هەیە، وە نە نیگەران بن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە وشەی (أَعْرَافِ) دەڵێت:

ئەم سوورەتە ناوی لێنراوە" الاعراف" بە هۆی بەرزی شوێنەکەوە. ابن عباس گوتوویەتی: "الاعراف" دیوارێکە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ کە پۆپەیەکی هەیە وەك پۆپنەی کەڵەشێڕ، وە ابو هریرة گوتوویەتی "الاعراف" چیایەکە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ، وە خەڵکانێك لە سەر لوتکەی چیاکەن کە بە شێوەیەکە لە پۆپنەی کەڵەشێر دەچێت. وە زمانزانان گوتوویانە "الاعراف" لای عەرەب بە مانای هەموو شوێنێکی زەوی دێت کە بەرزە. تاکەکەی" عُرف"ە و کۆیەکەی"اعراف"ە.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، چەند بۆچوونێك هەیە سەبارەت بە وشەی "الاعراف":

یەکەم: پێی دەگوترێت"الاعراف" چونکە خەڵکەکەی خەڵکی بەهەشت و خەڵکی دۆزەخ دەناسنەوە.

دووەم: "الاعراف" دیوارێکە لە نیوان بەهەشت و دۆزەخ.

سێیەم: "الاعراف" شوێنێکە کە باڵ دەکێشێت بەسەر دۆزەخ و بەهەشت.

چوارەم:"الاعراف" بەربەستێکە لە نیوان بەهەشت و دۆزەخ.

پێنجەم: "الاعراف" تەپۆڵکەیە لە شێوەی پۆپنەی کەڵەشێر.

ئیمام الماوردی لە النکت و العیون دەڵێت:

قَالَ أُمَيَّةُ بْنُ أَبِي الصَّلْتِ

وَآخَرُونَ عَلَى الْأَعْرَافِ قَدْ طَمِعُوا بِجَنَّةٍ حَفَّهَا الرُّمَّانُ وَالْخُضَرُ

وَهَذَا وَإِنْ كَانَ شِعْرًا جَاهِلِيًّا وَحَالُ الْأَعْرَافِ مَنْقُولٌ عَنْ خَبَرٍ يُرْوَى فَيَحْتَمِلُ أَمْرَيْنِ: أَحَدُهُمَا: أَنْ يَكُونَ أُمَيَّةُ قَدْ وَصَلَ إِلَى عِلْمِهِ مِنَ الصُّحُفِ الشَّرْعِيَّةِ. وَالثَّانِي: أَنْ يَكُونَ اللَّهُ قَدْ أَنْطَقَ بِهِ أُمَيَّةَ إِلْهَامًا لِتَصْدِيقِ مَا جَاءَ بِهِ الْقُرْآنُ.

دەڵێت، ئومەیە کوڕی الصلت لە شیعرێکدا گوتوویەتی:

وە هەندێکی دیکە لەسەر "الاعراف"ن و ئارەزوو دەکەن بە بەهەشتێك کە دەورە دراوە بە درەختەکانی هەنار و بە سەوزەن.

وە ئەمە لەگەڵ ئەوەش شیعرێکی جاهیلیە، وە چۆنیەتی گوێزانەوەی هەواڵی "الاعراف" دوو ئەگەر لە خۆیەوە دەگرێت:

یەکەمیان: ئومەیە بەم زانستە گەیشتووە لە پەرتووکە شەرعیەکان.

دووەمیان: اللە ئیلهامی بە ئومەیە داوە کە قسە لەسەر شتێك بکات کە دواتر لە قورئان دایبەزێنێت.

واتە: بە کوردی و بە کورتی محمد و نووسەرانی قورئان لە شیعری شاعیرێکی جاهیلیان وەرگرتووە. وە محمد دەیەها وە بگرە سەدەها دەقی قورئانی لە شیعرەکانی ئومەیە کوڕی الصلت وەرگرتووە.

له صحيح مسلم و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە كە الشريد دەڵێت:

قَالَ رَدِفْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَوْمًا فَقَالَ " هَلْ مَعَكَ مِنْ شِعْرِ أُمَيَّةَ بْنِ أَبِي الصَّلْتِ شَيْئًا ". قُلْتُ نَعَمْ قَالَ " هِيهِ " . فَأَنْشَدْتُهُ بَيْتًا فَقَالَ " هِيهِ " . ثُمَّ أَنْشَدْتُهُ بَيْتًا فَقَالَ " هِيهِ " . حَتَّى أَنْشَدْتُهُ مِائَةَ بَيْتٍ .

ڕۆژێكیان لەگەڵ پێغەمبەر بووم بە سواری وڵاغ، پێغەمبەر گوتی: هیچ شیعرێكی ئومەیە كوڕی الصلت لایە؟ گوتم بەڵێ، گوتی بڵێ، دەڵێت ئەوە بوو بەیتێكم بۆی گوت، پێغەمبەر گوتی زیاتر، ئینجا بەیتێكی ترم بۆ خوێندەوە، گوتی زیاتر، تاوەكو سەد بەیتم بۆی خوێندەوە.

وە ابن حجر له الاصابة دەڵێت: وە هاتووە كاتیك الشريد شیعری ئومەیەی بۆ پێغەمبەر خوێندەوە، پێغەمبەر گوتوویەتی:

آمنَ شِعْرُهُ وَكَفَرَ قَلْبُهُ

شیعرەكانی ئیمانیان هێناوە بەڵام دڵی كافر بووە.

وە له صحيح البخاری فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:

وَكَادَ أُمَيَّةُ بْنُ أَبِي الصَّلْتِ أَنْ يُسْلِمَ

ئومەیە كوڕی ابي الصلت خەریك بووە موسڵمان بێت.

بەڵام ئەو كەسەی كە محمد سەرسامی شیعرەكانی بووە و شیعری لێی بردووە و كردوویەتی بە ئایەتی قورئان، هۆكاری دابەزینی ئایەتی ١٧٠ ئەم سوورەتە پێمان دەڵێت، كە كەسێكی شەیتانی بووە:

وە ئایەتی ١٧٠ سوورەتی الاعراف دەڵێت (وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانْسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ- وە ئەی محمد هەواڵی ئەو

کەسەیان پێ بڵێ کە ئایەتەکانی خۆمان پێی گەیاند بەڵام خۆی لێی بەدوور گرت، وە شەیتان بە دوای کەوت ئینجا لە سەرلێشیواوان بوو).

الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە القران العظیم و الواحدی لە اسباب النزول دەڵێن:

ابن مسعود و عبدالله بن عمرو و ابن عباس گوتوویانە ئەم ئایەتە سەبارەت بە ئومەیە کوڕی ابي الصلت دابەزیووە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، جابر بن عبدالله گوتوویەتی:

پرسیار لە پێغەمبەری الله کرا سەبارەت بەو کەسانەی کە چاکە و خراپەیان بەرامبەرە؟ پێغەمبەر گوتی " أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْأَعْرَافِ ، لَمْ يَدْخُلُوهَا وَهُمْ يَطْمَعُونَ" ئەوانە یاوەرانی تەپۆڵکەن، وە نەچوونەتە ناو بەهەشتەوە، بەڵام ئارەزوو دەکەن بچن.

واتە کەسانێك کە موسڵمانن و چاکە و خراپەیان بەرامبەرە، الله لە ڕۆژی قیامەت لەسەر تەپۆڵکەیان دادەنێت کە دەکەوێتە نێوان بەهەشت و دۆزەخ. وە ئەو خەڵکانە دەتوانن پیاوانی بەهەشت ببینن کە لە چ خۆشیەکدا دەژین: حۆریە و غلمان و ولدان و شراب و میوە و هتد

وە هەروەها خەڵکانی دۆزەخیش دەبینن کە لە ناو ئاگر چ ئەشکەنجەیەك دەبینن.

وە ئایەتەکە دەڵێت (يَعْرِفُونَ كُلاًّ بِسِيمَاهُمْ – هەردووکیان بە سیماکانیان دەناسنەوە)، واتە پیاوانی تەپۆڵکە، ئیماندارانی بەهەشت و کافرەکانی دۆزەخ بە سیماکانیان دەناسنەوە. وەك ئایەتی ١٦٠ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ ۚ

له ڕۆژی قیامەت هەندێك سیما سپی دەبن (بەهەشتییان)، وە هەندێك سیما ڕەش دەبن (كافرەكان).

## ئایەتی ٥٠-٥١

وَنَادَى أَصْحَابُ النَّارِ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُواْ عَلَيْنَا مِنَ الْمَاء أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى الْكَافِرِينَ، الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَاء يَوْمِهِمْ هَذَا وَمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ

اللەی عەرەب و ئیسلام لە گاڵتەجاریەكەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

وە پیاوانی دۆزەخ بانگی پیاوانی بەهەشت دەكەن و دەڵێن: توخوا هەندێك ئاو یان هەندێك لەو ڕزقەی اللە پێی داون بماندەنێ، لە وەڵامدا پیاوانی بەهەشت دەڵێن: اللە لە كافرەكان حرامی كردووە، ئەوانەی ئاینەكەیان بە گاڵتە و گەپ وەرگرتبوو وە ژیانی دونیا بێئاگای كردبوون. (اللە دەڵێت)، ئێمەش ئیمرۆ فەرامۆشیان دەكەین، هەروەك چۆن ئەوان ئەم ڕۆژەیان فەرامۆش كردبوو و بە ئایەتەكانی ئێمە بڕوایان نەدەهات.

چەند تێبینیەك سەبارەت بەم دوو ئایەتە:

یەكەم: ئەم دوو ئایەتە پێمان دەڵێن كە لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ دیوارێك هەیە، وە دیوارەكە دەلاقەی كونی تێدایە، وە لە ڕێگای دەلاقەكەوە، پیاوانی بەهەشت و پیاوانی دۆزەخ گفتوگۆ دەكەن.

پیاوانی دۆزەخ دەڵێن ترلم برلم ترلم برلم حول حول، پیاوانی بەهەشت دەڵێن برلم ترلم برلم ترلم حول حول: ئەرێ تۆزێك ئاومان بدەنێ بیخۆینەوە، وە تۆزێك لە میوە و گۆشتی باڵندەی بەهەشت بیخۆین، خۆ ئەگەر كرا بە دەلاقەكە حۆریەكمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی سەمامان بۆ بكات و

گۆرانیمان بۆ بڵێت، گوێمان لە دەنگیانە کە گۆرانی دەڵێن دەنگیان گەلەك خۆشە.

لە وەڵامدا پیاوانی بەهەشت دەڵێن بڕۆن نانەجیی نارەسەن، نییە، چونکە الله لە کافرەکانی حەرام کردووە.

ئەی مرۆڤ بڕوات بەم گاڵتەجاریە بێت!

دووەم: ئایەتی دووەم وەسفی ئەو کافرە دۆزەخیانە دەکات و دەڵێت:

الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَاء يَوْمِهِمْ هَذَا وَمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ

ئەو کافرانەی کە دینەکەیان (ئیسلام) بە گاڵتە و گەپ وەرگرتبوو.

ئایا ئیسلام ئاینی کافرەکانە؟ چونکە دەقەکە دەڵێت کافرەکان دینەکەیان بە گاڵتە و گەپ وەرگرتبوو؟

ئەوە هەڵەیەکی کوشندەی قورئانە. دەقەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت

الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُ لَهْوًا وَلَعِبًا وە یان الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَكم لَهْوًا وَلَعِبًا

واتە ئەو کافرانەی کە دینەکەی(الله) یان بە گاڵتە و گەپ وەرگرتبوو، وە یان ئاینەکەی ئێوەیان (موسڵمانان) بە گاڵتە و گەپ وەرگرتبوو.

وە مەتنی ئایەتەکە پێمان دەڵێت کە مەبەست لە ئاین لەم دەقەدا، ئاینی ئیسلامە، چونکە دواتر دەڵێت(وَمَا كَانُواْ بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ- وە بە ئایەتەکانمان بڕوایان نەدەهات).

وە هەروەها ئایەتی ٥١ تەواوکەری کۆتایی ئایەتی ٥٠ یە کە پیاوانی بەهەشت بە کافرەکانی دۆزەخ دەڵێن:

قَالُواْ إِنَّ اللّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى الْكَافِرِينَ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا

گوتیان: له ڕاستیدا الله له کافرەکانی حەرام کردووە، ئەوانەی که ئاینەکەیان بە گاڵتە و گەپ وەرگرتبوو.

وە ابن کثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئینجا الله وەسفی کافرەکان دەکات که چۆن ئاینەکەیان بە گاڵتە و گەپ وەرگرتبوو.

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُواْ لِقَاء يَوْمِهِمْ هَذَا

ئێمەش ئیمرۆ ئەو کافرانه فەرامۆش دەکەین هەروەك چۆن ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان فەرامۆش کردبوو.

له صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە محمد صلعم گوتوویەتی، له ڕۆژی قیامەت کاتێك کافر له دیداری خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەبێت، پێی دەڵێت:

فَيَقُولُ أَيْ فُلْ أَلَمْ أُكْرِمْكَ وَأُسَوِّدْكَ وَأُزَوِّجْكَ وَأُسَخِّرْ لَكَ الْخَيْلَ وَالْإِبِلَ وَأَذَرْكَ تَرْأَسُ وَتَرْبَعُ فَيَقُولُ بَلَى قَالَ فَيَقُولُ أَفَظَنَنْتَ أَنَّكَ مُلَاقِيَّ فَيَقُولُ لَا فَيَقُولُ فَإِنِّي أَنْسَاكَ كَمَا نَسِيتَنِي

ئەی فولان ئایا ڕێزم لێت نەگرت و نەمکردیت بە کوێخوا و ژنم بۆت نەهێنا و ئەسپ و وشترم بۆت دەستەمۆ نەکرد و وام نەکرد کە ببیت بە گەورە پیاوی خێڵەکەت؟ کافرەکە دەڵێت: بەڵێ، الله دەڵێت ئایا پێت وابوو کە له دیدارم دەبیت؟ کافرەکە دەڵێت: نەخێر، الله دەڵێت: منیش فەرامۆشت دەکەم هەروەك چۆن تۆ منت فەرامۆش کرد.

# ئایەتی ٥٢-٥٣

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

وَلَقَدْ جِئْنَاهُم بِكِتَابٍ فَصَّلْنَاهُ عَلَى عِلْمٍ هُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ تَأْوِيلَهُ يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَاء فَيَشْفَعُواْ لَنَا أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ قَدْ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ

وە پەرتووکێکمان بۆیان هێناوە کە ڕوونمان کردۆتەوە و خۆمان پێی دەزانین کە ڕێنمایی و بەزەییە بۆ خەڵکانێك کە ئیمان دەهێنن.

ئایا تەنها چاوڕێی شرۆڤەکەی دەکەن کە ڕۆژێك شرۆڤەکەی دێت، وە ئەوانەی کە پێشووتر فەرامۆشیان کردبوو دەڵێن نێردراوی خوداکەمان بە هەق هات، ئایا کەسێك هەیە لە تکاکەران کە تکامان بۆ بکات، وە یان بمانگێڕنەوە بۆ ئەوەی کارێك بکەین جیا بێت لەوەی دەمانکرد، ئەوانە خۆیان دۆڕاند و بە هۆی درۆکانیان خۆیان گومڕا کرد

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە ئایەتی ٥٢ دەڵێت:

واتە: قورئانمان بۆیان هێناوە کە تیایدا هەق و باتڵمان ڕوونکردۆتەوە، وە تیایدا حەڵال و حەرامەمان جیاکردۆتەوە.

وە سەبارەت بە (عَلَى عِلْمٍ- لە سەر بنەمای زانین) دەڵێت، دوو قەول هەیە:

یەکەم: بە زانینی ئێمە ڕوونکراوەتەوە.

دووەم: بە ئاگاداری و زانینی ئێمە دابەزیووە.

ئیمام الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە (فصَّلْنَاهُ عَلَى عِلْمٍ- جیامان کردۆتەوە لەسەر بنەمای زانین) دەڵێت، دوو قەول هەیە:

یەکەم: حەڵال و حەراممان تیایدا ڕوونکردۆتەوە.

دووەم: تیایدا هیدایەت و گومڕاییمان جیاکردۆتەوە لەسەر بنەمای پاداشت و سزا.

ابن کثیر سەبارەت بە (فَصَّلْنَاهُ عَلَىٰ عِلْمٍ) دەڵێت، واتە بە ئاگاداری ئێمە تیایدا جیاکراوەتەوە، وە دەڵێت، هەروەك الله لە ئایەتی ١٦٦ سوورەتی النساء گوتوویەتی: اللَّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ ۖ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ واتە الله شایەتی دەدات بەوەی بۆت دابەزیووە، وە بە ئاگاداری خۆی دایبەزاندووە.

وە وەك ئایەتی ١ سوورەتی هود دەڵێت:

كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ

پەرتووكێك ئایەتەكانی موحكەم كراون، ئینجا لە لایەن ژیرمەندی شارەزاوە (واتە اللّٰه) ئایاتەكانی ڕوونكراونەتەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

واتە بە ئاگەداری ئێمە ئایەتەكانی ڕوون كراونەتەوە.

سەبارەت بە ئایەتی ٥٣ الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأْوِيلَهُ)، واتە ئایا ئەو موشریكانە كە نكۆڵی لە نیشانەكانی الله دەكەن و دیداری لە ڕۆژی قیامەت ڕەت دەكەنەوە، چاوەڕێ دەكەن تاوەكو ئازار و ئەشكەنجەی الله دەبینین و لە دۆزەخدا دەسووتێنرێن.

(يَوْمَ يَأْتِي تَأْوِيلُهُ يَقُولُ الَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبْلُ)، الطبری دەڵێت، واتە ئەو ڕۆژەی كە سزاكەی دێت ئەوانەی پێشوو كە ڕۆژی قیامەتیان فەرامۆش

کردبوو و بڕوایان پێی نەبوو دەڵێن (قَدْ جَاءَتْ رُسُلُ رَبِّنَا بِالْحَقِّ) نێردراوەکانی خوداکەمان لە دونیا بە هەق هاتن ( بەڵام ئێمە بروامان پێیان نەهێنا)، ئینجا دەڵێن (فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَاء فَيَشْفَعُواْ لَنَا أَوْ نُرَدُّ فَنَعْمَلَ غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ)، واتە ئایا کەسێك لە تکاران هەیە تکامان بۆ بکات لای الله کە لێمان خۆش بێت، وە یان بمانگێڕێتەوە بۆ ژیانی دوونیا، وە کاروکردەوەیەك بکەین کە جیا بێت لەوەی کردوومانە؟ الله دەڵێت (قَدْ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ)، ئەوانە خۆیان دۆڕاند، وە بە هۆی درۆکانیان خۆیان تووشی گومڕایی کرد.

## ئایەتی ٥٤

إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ

ئەوە خوداکەتانە الله، کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا درووست کردووە، ئینجا لەسەر تاج و تەخت دانیشت، ڕۆژ بە شەو دادەپۆشێت، بە ڕێکوپێکی بەدوایدا دێت، وە خۆر و مانگ و ئەستێرەکان ڕامهاتوون بە فەرمانەکەی، ئایا ئەی درووستکردن و بڕیاردان بۆ ئەو نییە؟ الله پیرۆزە خودای جیهانەکان.

سەبارەت (سِتَّةِ أَيَّامٍ- شەش ڕۆژ) موفەسیرەکان دەڵێن:

السعدی لە تفسیر کلام المنان دەڵێت، یەکەم ڕۆژ یەکشەممە بوو و شەشەم ڕۆژ هەینی بوو.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، الله پێمان ڕادەگەیەنێت، کە ئەو جیهانەی بە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیان بە شەش ڕۆژ درووست

کردووە، هەروەك چۆن لە چەندەها ئایەتی قورئان هەمان شتی پێمان ڕاگەیاندووە، وە شەش ڕۆژەکە بریتین لە یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە و پێنجشەممە و هەینی، وە لەم شەش ڕۆژەدا هەموو مەخلووقات درووست کران بە ئادەمیشەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژ درووست کردووە : ڕۆژەکان یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە و پێنجشەممە و هەینی.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و البغوی لە معالم التنزیل هەستیان بە فەڵتەی ئەم دەقەی قورئان و دەقەکانی هاوچەشن کردووە، لەبەر ئەوە دەڵێن:

بەر لە درووستکردنی گەردوون نە خۆر هەبووە وە نە ئاسمان، کەواتە الله مەبەستی ڕۆژی خۆیەتی، وە ڕۆژێك لای الله بەقەد هەزار ساڵی ئێمەیە. وەك ئایەتی ٤٧ سوورەتی الحج گوتوویەتی:

وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ

وە ڕۆژێك لای خوداکەت وەك هەزار ساڵە کە ئێوە دەیژمێرن.

واتە اللهی ئیسلام لە کاتدا دەژیێت.

وە هەر شتێك لە کات و شوێندا بوونی هەبێت ئەوا درووست کراوە و ناکرێت درووستکەر بێت.

الرازی لە مفاتیح الغیب ٣١ لاپەڕەی سەبارەت بە شرۆڤەی ئەم ئایەتە نوسیووە، وە زۆر هەوڵی داوە پینەی بکات بەڵام بۆی نەکراوە، وە لە کۆتاییدا گوتوویەتی:

بەڵام لەسەر مەزهەبی ئێمە" الاشاعرة" مەسەلەکە لە گشتدا ئاسانە و ڕوونە،چونکە اللە شتێك دەکات کە خۆی دەیەوێت و حوکمێك دەکات کە خۆی ویستی لەسەرە، وە هیچ ڕێگریەك نایەتە ڕێی لە هەر بابەتێك لە بابەتەکان.

واتە اللە بە شەش ڕۆژ جیهانی دروستکردووە.

الجلالين دەڵێن، شەش ڕۆژ لە ڕۆژەکانی دونیا، بەڵام بە هۆی ئەوەی خۆر نەبووە ئەوا بەقەد ڕۆژەکانی دونیا.

الشوكاني لە فتح القدير دەڵێت، ڕۆژی یەکەم یەکشەممە بوو و ڕۆژی شەشەم هەینی بوو.

محمد لە فەرموودەیەکی صحيح کە لە مسلم و مسند احمد و صحيح ابن خزيمه هاتووە دەڵێت:

خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ التُّرْبَةَ يَوْمَ السَّبْتِ وَخَلَقَ فِيهَا الْجِبَالَ يَوْمَ الأَحَدِ وَخَلَقَ الشَّجَرَ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَخَلَقَ الْمَكْرُوهَ يَوْمَ الثُّلاَثَاءِ وَخَلَقَ النُّورَ يَوْمَ الأَرْبِعَاءِ وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَوْمَ الْخَمِيسِ وَخَلَقَ آدَمَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ بَعْدَ الْعَصْرِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فِي آخِرِ الْخَلْقِ وَفِي آخِرِ سَاعَةٍ مِنْ سَاعَاتِ الْجُمُعَةِ فِيمَا بَيْنَ الْعَصْرِ إِلَى اللَّيْلِ

واتە اللە لە ڕۆژی شەممە خۆڵی (زەوی) دروستکرد، وە ڕۆژی یەکشەممە چیای تیادا دروستکرد، وە لە ڕۆژی دووشەممە درەختی تیادا دروستکرد، وە لە ڕۆژی سێشەممە زیانبەخشەکانی تیادا دروستکرد، و لە ڕۆژی چوارشەممە ڕووناکی دروستکرد، وە ڕۆژی پێنجشەممە زیندەوارانی تیادا بڵاوکردەوە، وە ئادەمی لە ڕۆژی هەینی لە دوای عەسر، لە نێوان عەسر و شەو لە دوا کاتژمێرەکانی هەینی دروستکرد.

بە گوێرەی ئەم فەرموودەیە هەموو مەخلووقات بە ٧ ڕۆژ درووستبوون، بەڵام لە ئیسلامدا ئاساییە کە فەرموودە پێچەوانەی ئایەتی قورئان بێت .

وە ئەوەی سەیرە لەم فەرموودەیە درەخت دوو ڕۆژ پێش ڕووناکی درووستکراوە، وە درەخت ناژی ئەگەر ڕووناکی بوونی نەبێت.

بۆ محمد درەختی کردۆتە ڕۆژی سێهەم لە دوای خۆڵ و چیا، وە خستویەتیە پێش زیندەوەر و گیاندار درووستکردن؟

زانیوویەتی کە ئاژەڵ بۆ خواردن پێویستیان بە گژ و گیا هەیە .

بەڵام الله ئادەمی بە پەلە پەل درووستکردووە، وەك ئایەتی ٣٧ سوورەتی الانبیاء دەڵێت:

خُلِقَ الْإِنسَانُ مِنْ عَجَلٍ

مرۆڤ بە پەلەپەل درووست کراوە.

لە سوورەتی فصلت بە درێژی باسی درووستبوونی گەردوون دەکەم لە ڕوانگەی قورئانەوە.

ئینجا دوای ئەوەی الله ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا درووستدەکات، دەست بە سەر تاج و تەختتدا (عرش) دەگرێت و لەسەری دادەنیشێت وەك ئایەتەکە دەڵێت، (ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ) ئینجا لەسەر عەرش دانیشت.

پێش درووستکردنی گەردوون عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو وەك ئایەتی ٧ سوورەتی هود دەڵێت:

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ

وە هەر ئەو بوو ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژ درووستکرد، وە پێشووتر عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو.

( اسْتَوَىٰ) بە مانای بەرزبوونەوە و نیشتنەوە و دانیشتن دێت.

واتە کاتێك لەسەر کورسی دادەنیشیت دەبێت هەڵسێتەوە و سمتت بگاتە ئاستی کورسیەکە بۆ ئەوەی لەسەری دابنێیت.

لە ئایەتی ٥ سوورەتی النجم، بە مانای بەرزبوونەوە دێت، کە دەڵێت:

ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَىٰ

خاوەن هێزە بەرزبۆوە (مەبەستی جبرائیلە).

وە لە ئایەتی ٢٨ سوورەتی المؤمنون بە مانای"نیشتن" دێت:

فَإِذَا اسْتَوَيْتَ أَنْتَ وَمَنْ مَعَكَ عَلَى الْفُلْكِ

ئەی نووح هەر کاتێك خۆت و ئەوانەی لەگەڵتدان چوونە سەر کەشتیەکە.

وە لە ئایەتی ٤٤ سوورەتی هود بە مانای "نیشتنەوە" دێت.

وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ

(کەشتیەکە) لەسەر چیای جوودی نیشتەوە.

واتە بە گوێرەی قورئان، "استوى" بە مانای بەرزبوونەوە و نیشتنەوە و نیشتن دێت.

بەڵێ الرحمن (اللّٰه) بەرزبۆتەوە و لەسەر تاج و تەختەکەی دانیشتووە، وەك ئایەتی ٥ سوورەتی طه دەڵێت:

الرَّحْمَـٰنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَىٰ

وه لە ڕاستیدا الله قاچەکانی لەسەر کورسی دادەنێت، عرش بۆ سمت و کورسی بۆ قاچ.

ئایەتی ٢٥٥ سوورەتی البقرة ئاماژە بە کورسیەکەی الله دەکات و دەڵێت:

وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ

کورسیەکەی جێگای ئاسمانەکان و زەوی دەبێتەوە.

لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە الطبری دەڵێت، الضحاك گوتوویەتی:

كُرْسِيُّهُ الَّذِي يُوضَعُ تَحْتَ الْعَرْشِ، الَّذِي يَجْعَلُ الْمُلُوكُ عَلَيْهِ أَقْدَامَهُمْ

کورسیەکەی ئەوەیە کە لە ژێر عەرش دایدەنێت، ئەها ئەوەی پادشاکان قاچیان دەخەنە سەری.

الطبری ئاماژە بە فەرمودەیەکی صحیحی محمد دەکات کە گوتویەتی:

مَا الْكُرْسِيُّ فِي الْعَرْشِ إِلَّا كَحَلْقَةٍ مِنْ حَدِيدٍ أُلْقِيَتْ بَيْنَ ظَهْرَيْ فَلَاةٍ مِنَ الْأَرْضِ

کورسی لە چاو عەرش شتێك نییە تەنها وەك ئەو ئەنگوستیلە ئاسنینە کە فڕێی دەدەیەتە دەشتاییەك لە زەویدا.

واتە عەرش و کورسی وەك فیل و مێروو وان لە ڕووی قەبارەوە.

وە محمد لە فەرموودەیەکی تری صحیحدا گوتوویەتی، کاتێك الله لەسەر عرش دادەنیشێت، ئەوا عرش وەك وڵاغێك کە بۆ یەکەم جار سواری سەر پشتی دەبیت، بە هۆی قورسایی سوارەکەوە، نوزە نووزی دێت.

وَإِنَّ لَهُ أَطِيطًا كَأَطِيطِ الرَّحْلِ الْجَدِيدِ، إِذَا رُكِبَ مِنْ ثِقَلِهِ

واته کاتیك خوای گەورە لەسەر عرش دادەنیشێت عەرشەکە دەنگی لیوە دێت چونکە الله گەورە و قورسە.

ئەی کورسی؟

له مجمع الزوائد و منبع الفوائد للهيثمى و المستدرك على الصحيحين للحاكم، فەرموودەیەکی صحیح هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

وَإِنَّ لَهُ أَطِيطًا كَأَطِيطِ الرَّحْلِ الْجَدِيدِ مِنْ ثِقَلِهِ

کورسیەکە بە هۆی قورسایی قاچەکانی الله قرچە قرچی دێت کاتێك الله قاچەکانی دەخاتە سەری.

ئینجا الله دەڵێت: ڕۆژ بە شەو دادەپۆشم و خۆر و مانگ و ئەستێرەکانم دەستەمۆ کردووە. وە درووستکردن و بڕیاردان بۆ منە.

لە سوورەتەکانی پێشوو ئاماژەم بەوە کرد کە لە ڕوانگەی قورئانەوە شەو وەك پەردەیەکی ڕەش وایە، ڕۆژ و خۆر دادەپۆشێت، وە لە ئایەتی سوورەتەکانی دواتر زیاتر قسەی لەسەر دەکەم.

ابن الجوزی لە زاد المسير دەڵێت:

وە ئاماژەکردن بە عرش لای عەرەب لە سەردەمی جاهیلی و ئیسلام زۆر بەناوبانگ بووە، ئومەیە کوڕی ابي الصلت لە شیعرێکدا ئاماژەی بە عەرشی الله کردووە و گوتوویەتی:

مَجِّدوا اللهَ فَهوَ لِلمَجدِ أَهلُ

رَبُّنا في السَماءِ أَمسى كَبيرا

ذَلِكَ المُنشِئُ الحِجارَةَ

وَالموتى وَأَحياهُمُ وَكانَ قَديرا

الأَعلى الَذي سَبَقَ الناسَ

وَسَوَّى فَوقَ السَماءِ سَريرا

اللّٰه شكۆمەند بکەن هەر خۆی شایستەیە بە شکۆمەندیی

خوداکەمان لە ئاسمانە خاوەن شکۆیەکی مەزنە

هەر ئەو درووستکەری بەردەکانە

وە لە زیندووکرنەوەی مردووەکان بە توانایە

لە بەرزیدایە لە سەرەوەی خەڵکە

وە لەسەرەوەی ئاسمان تاج و تەختی داناوە

لە دوا دێردا دەڵێت وە لە سەر ئاسمان عەرشی داناوە.

"سرير" لە زمانی عەرەبی بە مانای جێگای دانیشتنیش دێت.

## ئایەتی ٥٥

ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ

لەبەر خوداکەتان بە سەرشۆڕی وە بە نهێنی، لە ڕاستیدا ئەو دەستدرێژکەرانی خۆش ناوێت.

ئایەتی ٢٠٥ سوورەتی الاعراف هەمان مانا دەبەخشێت کە دەڵێت:

وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ

ئەی محمد، یادی خوداکەت بکە لە ناخی خۆتدا بە ملکەچی و نهێنیەوە، وە بێ ئەوەی دەنگت ببیسرێت یان بەرزیکەیتەوە.

# ئایەتی ٥٦

وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ

وە خراپەکاری لە خاکەکەدا مەکەن دوای چاککردنی، وە بە ترس و ویستەوە بانگی (اللە) بکەن، لە ڕاستیدا ڕەحمەتی اللە نزیکە لە پیاوچاکەکان.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە (وَلاَ تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا- وە خراپەکاریی لە خاکەکەدا مەکەن لە دوای چاککردنی)، دەڵێت، ٦ قەول هەیە:

یەکەم: بە کوفر خراپی مەکەن دوای ئەوەی بە ئیمان چاك بووە.

دووەم: بە ستەم خراپی مەکەن دوای ئەوەی بە دادپەروەریی چاك بووە.

سێهەم: بە سەرکێشی خراپی مەکەن دوای ئەوەی بە ملکەچبوون بۆ اللە چاك بووە.

چوارەم: سەپێچی اللە مەکەن، ئەگینا باران دەگرێتەوە و کشتوکاڵ و کێڵگەکانتان بە سەرکێشیتان تیا دەچێت، دوای ئەوەی بە باران و پیت و بەرەکەتی چاکی کرد.

پێنجەم: خراپی مەکەن بە کوشتنی ئیماندار، دوای ئەوەی بە هێشتنەوەی ئیمانداران چاکی کرد.

شەشەم: خراپی مەکەن لە ڕێگای نکۆڵیکردن لە پەیامبەران، دوای ئەوەی بە وەحی چاکی کرد.

وە سەبارەت بە (وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا- بانگی بکە لە ترسان و بۆ داواکردن) دەڵێت، واتە لە ترسی سزا و بۆ داواکردنی پاداشت.

## ئایەتی ٥٧-٥٨

وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ حَتَّى إِذَا أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالاً سُقْنَاهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ الْمَاء فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ كَذَلِكَ نُخْرِجُ الْمَوْتَى لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ

وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَالَّذِي خَبُثَ لاَ يَخْرُجُ إِلاَّ نَكِدًا كَذَلِكَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ

وە هەر ئەو (اللە) بای مژدەبەخش لە نێوان دوو دەستەکانی بەزەیی دەنێرێت تاوەکو هەوری قورس هەڵدەگرێت، ڕاپێچمان کرد بۆ زێدێکی مردوو کە ئاومان پێی دابەزاند، ئەوسا لە هەموو بەرووبوومێکمان وەدەرهێنا، وە بەهەمان شێوە مردوو لە گۆڕەکانیان وەدەردێنین، بەهیوای ئەوەی بیربکەنەوە.

وە زێدی نایاب ڕوەکەکانی بە مۆڵەتی خوداکەی دەردەکات، وە ئەوەی پیس بووە دەرناچێت تەنها کەمێکی بێ سوود نەبێت، وە بەم شێوەیە ئایەتەکانمان دەخەینە ڕوو بۆ خەڵکانێك کە سوپاس دەکەن.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت، مانای ئەم ئایەتە بەم شێوەیە:اللە شنە بایەکی نەرم و نیان دەنێرێت بۆ تۆپەڵەکردنی هەورەکان، ئینجا بە بایەکە ڕاپێچیان دەکات بۆ بوژاندنەوەی خاکێکی مردوو، ئینجا باران دەبارێنێت کە لە ڕێگایەوە هەموو بەرووبوومێك لە خاکەکە دەردەکات.

وە سەبارەت بە (كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ الْمَوْتَىٰ- وە بە هەمان شێوە مردوو لە گۆڕەكان دەردێنین) الطبری لە جامع البیان و البغوی لە معالم التنزیل دەڵێن: ابو هریرە گوتوویەتی:

كاتێك خەڵك لەگەڵ فووتێكردنی یەكەم بە كەڕەناكە دەمرن، اللە ئاوێك لە ژێر عەرش بۆ ماوەی چل ڕۆژ دەبارێنێت كە پێی دەگوترێت"ماء الحیوان" واتە "تۆواو" مرۆڤەكان زیندوودەبنەوە هەروەك چۆن سەوزایی بە ئاو دەڕوێتەوە.

وە لە صحیح البخاری و مسلم فەرموودەیەكی محمد هاتووە كە گوتوویەتی:

اللە ئاوێك لە ئاسمان دادەبەزێنێت، ئێوە زیندوودەبنەوە هەروەك چۆن سەوزە دەڕوێتەوە، وە لە مرۆڤدا هیچ نەماوە تەنها یەك ئێسك نەبێت كە ئەویش ئێسكی كلێنجەیە، وە لە ڕۆژی قیامەت لەم ئێسكە مرۆڤەكان درووست دەبنەوە.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم سەبارەت بە (فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ ۚ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ الْمَوْتَىٰ- هەموو بەرووبوومێكمان بە بارانەكە دەرهێنا، وە بە هەمان شێوە مردووەكان) واتە: هەروەك چۆن ئەم زەوییەمان، دوای ئەوەی مردوو بوو، بوژاندەوە، بەهەمان شێوە لە ڕۆژی قیامەت، لەگەڵ ئەوەش لاشەی مردووەكان بوون بە خاكوخۆڵ ئەوا زیندوویان دەكەینەوە. اللە ئاوێك لە ئاسمان بۆ ماوەی چل ڕۆژ دادەبەزێنێت كە بەهۆیەوە لاشەكان لە گۆڕەكانیان زیندوودەبنەوە، هەروەك چۆن دانەوێڵە لە زەویدا دەڕوێتەوە.

وە ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی:

الله بارانێك دەبارێنێت وەك تۆواوی پیاوانە "كمني الرجال" لە ڕێگایەوە مرۆڤەكان لە گۆڕەكانیان دەبوژێنەوە هەروەك چۆن لە سكی دایكیان ڕوان.

الطبری دەڵێت السدي گوتوویەتی:

الله با دەنێرێت كە هەورەكان لە هەردوو جەمسەر- ئەو شوێنەی كە ئاسمان و زەوی بەیەك دەگەن- دەهێنیت، ئینجا لە ژێر ئاسمان هەورەكان پەرشوبڵاو و پان دەكەنەوە ، ئینجا دەرگاكانی ئاسمان دەكرێنەوە، ئاو دەڕژێتە سەر هەورەكان، ئینجا دوای ئەوە هەورەكان ئاوەكە دەبەن بۆ شوێنێك كە الله دەیەوێت بارانی لێ ببارێت، وە باران دەبارێن.

واتە هەروەك چۆن ئیسفەنج ئاو دەمژێت و كاتێك دەیگوشیت ئاوی لێ دەچۆڕێت، ئەوا هەورەكان هەمان ڕۆڵیان هەیە.

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ٥٨ دەڵێت:

ئینجا بەم بارانە، زێدی نایاب بە مۆڵەتی خوداكەی، ڕووەكەكانی لە خاكەكەی دەردەهێنێت، وە ئەو زێدەی پیس بووە، هیچی لێ ناڕوێت تەنها شتێكی كەم و بێ كەڵك نەبێت.

ئینجا دەڵێت: بەم شێوەیە ئایەتەكانمان دەخەینە ڕوو بۆ كەسانێك كە بیردەكەنەوە.

## ئایەتی ٥٩-٦٤

اللهی عەرەب و ئیسلام  چیرۆكی نوح و قەومەكەی و لافاوە گەورەكە دەهێنێتەوە بۆ ترساندنی كافرەكانی دوورگەی عەرەب و دەڵێت:

لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ

قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلالٍ مُّبِينٍ

قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلالَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ

أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ

أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ

فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْمًا عَمِينَ

دەڵێت:

وە بە دڵنیاییەوە نوحمان بۆ قەومەکەی نارد و گوتی: ئەی قەومەکەم اللّٰه بپەرستن، جگە لە ئەو هیچ خودایەکی ترتان نییە، لە ڕاستیدا من لێتان دەترسم، لە ئەشکەنجەی ڕۆژێکی مەزن.

پیاوماقووڵیك لە قەومەکەی گوتی: لە ڕاستیدا ئێمە لە گومڕاییەکی ڕووندا دەتبینین.

نوح گوتی، ئەی قەومەکەم من گومڕا نیم، لە ڕاستیدا من نێردراوی خودای جیهانەکانم.

من پەیامەکانی خوداکەمتان پێ ڕادەگەیەنم و دڵسۆزتانم  و من لە اللّٰهوە شتێك دەزانم، کە ئێوە نایزانن.

وە یان بەلاتانەوە سەیرە کە لە خوداکەتانەوە وەبیرهێنانەوەیەك بۆ پیاوێکتان هاتووە بۆ ئەوەی ئاگادارتان بکاتەوە وبترسن، ڕەنگ بێت بەزەییتان پێ بکرێت.

نکۆڵیان لێی کرد ، ئێمەش نوح و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە کەشتیدا ڕزگار کرد، وە ئەوانەمان نوقم کرد کە نکۆڵیان لە ئایەتەکانی ئێمە کرد، لە ڕاستیدا ئەوان خەڵکانێکی کوێر بوون.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

لە ئادەمەوە بۆ سەردەمی نووح، ١٠ سەدەیە، هەر هەموویان ئیسلام بوون (موسڵمان بوون).

(عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ- ئەشکەنجەی ڕۆژێکی مەزن) واتە ڕۆژی قیامەت.

ئایەتی ٦٠ دەڵێت:

پیاوماقووڵیك لە قەومەکەی نوح گوتی: ئەی نوح ئێمە دەبینین کە تۆ لە گومڕایی ڕوون دایت.

وە لە ئایەتی ٢٧ سوورەتی هود هاتووە:

فَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلاَّ بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاَّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ

پیاوماقووڵیك لە کافرەکانی قەومەکەی نوح گوتی: ئێمە ناتبینین تەنها مرۆڤێکی وەك ئێمە نەبێت، وە نابینین کە کەسانێك شوێنکەوتەت بن تەنها ئەوانە نەبێت کە خاوەن بڕیاری خراپن، وە نابینین کە ئێوە هیچ چاکەیەکتان بەسەر ئێمەوە هەبێت، بەڵکو پێمان وایە ئێوە درۆزن بن.

وە نوح لە ئایەتی ٦١-٦٣ وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

ئەی قەومەکەم من گومڕا نیم بەڵکو من نێردراوی خودای جیهانەکانم، پەیامەکانی خوداکەم بە ئێوە ڕادەگەیەنم و من دڵسۆزتانم، وە من شتێك لە اللهوە دەزانم کە ئێوە نازانن، ئایا سەرتان سوڕماوە کە لە لایەن

خوداکەتانەوە وەبیرهێنانەوەیەك بۆ پیاوێك لە خۆتانەوە هاتووە بۆ ئەوەی ئاگادارتان بکاتەوە و بترسن، بەڵکو اللە لێتان دەبوورێت و بەزەییتان پێ دەکات.

ئایەتی ٦٤ دەڵێت:

بڕوایان پێی نەهێنا ئەوەبوو نوحمان ڕزگارکرد لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا بوون (فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ) لە کەشتیەك، وە ئەوانەمان نوقم کرد کە نکۆڵیان لە نیشانەکانی ئێمە کرد، چونکە ئەوانە خەڵکانێکی کوێر بوون، واتە ڕاستیەکانیان و نیشانەکانی اللەیان نەدەبینی.

لە سوورەتی هود و نوح بە درێژی قسە لەسەر چیرۆکی نوح دەکەین.

## ئایەتی ٦٥-٧٢

اللەی عەرەب و ئیسلام، لەم چەند ئایەتە چیرۆکی قڕکردنی هۆزی عاد دەهێنێتەوە، بۆ ترساندنی کافر و موشریکەکانی دوورگەی عەرەب. ئەگەر لەم ئایەتانە وردبینەوە و بەراوردێك لەگەڵ ئایەتەکانی چیرۆکی نوح بکەین، دەبینین کە هەمان ئایەتەن تەنها وشەی نوح گۆڕاوە بۆ عاد. ئایەتەکان دەڵێن:

وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ

وە بە دڵنیاییەوە بۆ عاد، براکەیان" هود"مان نارد،کە گوتی: ئەی قەومەکەم اللە بپەرستن، خودایەکتان نییە جگە لە ئەو، ئایا ناترسن؟

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي سَفَاهَةٍ وَإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ

پیاوماقووڵیك لە کافری قەومەکەی گوتیان: لە ڕاستیدا ئێمە تۆ دەبینین لە دەبەنگیدایت، وە ئێمە پێمان وایە تۆ درۆزنیت.

قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ

هود گوتی ئەی قەومەکەم من دەبەنگ نیم بەڵکو لە ڕاستیدا من نێردراوی خودای جیهانەکانم.

أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنَاْ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ

پەیامەکانی خوداکەم بە ئیوە ڕادەگەیەنم وە من بۆ ئێوە دڵسۆزێکی دەستپاکم

أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءَكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُواْ آلاء اللَّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ

ئایا بەلاتانەوە سەیرە کە وەبیرهێناوەیەك بۆ یەکێك لە پیاوەکانتان هاتووە بۆ ئەوەی ئاگادارتان بکاتەوە؟ دەسا لە یادتان بێت کە ئێوەی کردووە بە جێنشین لە دوای قەومی نوح وە لە شێوە بۆ ئێوەی زیاد کردووە کە چوارشانەن، دە ئاماژە بکەن بە چاکەکانی الله، بەڵکو ڕزگارتان دەبێت.

قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ

گوتیان، ئایا بۆ ئەوە هاتوویت کە تەنها الله بپەرستین، وە دەستبەرداری ئەوە بین کە باوکانمان دەیانپەرستن؟ دە ئەوەمان بەسەردا بێنە کە بەڵێنت پێمان داوە ئەگەر لە ڕاستیدا تۆ ڕاستگۆیت.

قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا نَزَّلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ فَانتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ

هود گوتی، دە ئەوە سزا و تورەیی خوداکەتان دابەزیە سەرتان، ئایا مشتومڕم لەگەڵدا دەکەن سەبارەت بە ناوانێك کە ئیوە و باوکانتان ناوتان لێیان ناوە، وە اللە هیچ دەسەڵاتێکی بۆیان دانەبەزاندووە، چاوەڕێ بکەن، لە ڕاستیدا منیش لەگەڵ ئێوە لە چاوەڕوانیم.

فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ

ئەوەبوو وەك بەزەییەك لە ئێمەوە خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ڕزگارمان کردن، وە ئەوانەمان لە ڕیشەوە دەرهێنا کە نکۆڵیان لە نیشانەکانی ئێمە دەکرد، وە ئیماندار نەبوون.

چیرۆکی عاد و هود لە شەش سوورەتی قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، لە الشعراء و هود و الاعراف بە درێژی و لە القمر و فصلت و الحاقة بە کورتی.

لە سوورەتی القمر ئاماژەمان کرد بە چیرۆکی عاد و ثمود، وە بە پێویستی نازانم کە دووبارەی بکەمەوە. بەڵام هەندێك لەم دەقانە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە، کە لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشکیان بخەمە سەر:

یەکەم: لە ئایەتی ٦٩ هود ئاماژە بەو چاکانە دەکات کە اللە بە هۆزی عادی بەخشیووە.

یەکەم: (جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ- ئێوەی کردووە بە جێنشین لە دوای لە ناوبردنی قەومی نوح).

دووەم: (زَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً- وە اللە لە باڵاتان زیادی کردووە).

ئینجا دەڵێت، (فَاذْكُرُواْ آلاء اللَّهِ- دە یادی چاکەکانی اللە بکەنەوە).

له ئایەتی ٢٤٧ سوورەتی البقرة وشەی "بسطة" هاتووە لە پەیوەست بە طالوت، دەڵێت:

وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ

وه الله له زانست و لاشه بۆی زیاد کرد.

واته پیاوێکی قەبە و چوارشانه بوو.

ابن كثير له تفسیری (زَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً) دەڵێت، واته الله درێژتری کردن له چاو خەڵکانێکی تر.

الطبرى دەڵێت: واته ئەو چاکه و فەزڵەی اللهتان له یاد بێت که به ئێوەی بەخشیوە له لاشه و هێز.

الطبرى دەڵێت، سەبارەت به له ناوبردنی قەومی عاد دەڵێت:

قيل بن عنز(که گەورە پیاوی عاد بوو)، نیزای کرد و گوتی:ئەی خوداکەمان ئەگەر هود ڕاستگۆیه ئەوا بارانمان بۆ ببارێنەوە، ئێمه تیاچووین(به هۆی بێبارانی). ئەوەبوو الله ٣ جۆر هەوری بۆیان درووستکرد: سپی و ڕەش و سوور، ئینجا بانگدەرێك له ناو هەورەکان بانگی کرد و گوتی: ئەی قيل بۆ خۆت و قەومەکەت یەکێك لەم هەورانه هەڵبژێره. قيل گوتی، ڕەشەکەم هەڵبژارد چونکه ئاوی زۆرتره. ئەوەبوو بانگدەرێك بانگی کرد و گوتی

اخترت رَمَادًا، رِمْدِدًا

لا تُبقي مِن آل عاد أحدًا

لا والدًا تترك ولا ولدًا

إلا جعلته هَمِدًا

واتە: سوتێنەرێك هەڵبژارد کە دەکات بە خۆڵەمێش، هیچ کەسێك ناهێڵێت لە هۆزی عاد، نە باوك وە نە منداڵەکانی دەهێڵێتەوە، تەنها دەیکەم  بە مردوو.

ئەگەر سەیری دەقەکانی قورئان بکەیت دەبینیت جیاوازیەکی نییە لەگەڵ ئەم سەجەعە. ئەم شێوازە لە دەربرین پێی دەگوترێت سەجەع کە شێوازێکی تایبەت بووە بە جادووگەرەکان.

وە السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، الترمذی لە "نوادر الاصول" ڕیوایەتێکی اخراج کردووە کە ابن عباس گوتوویەتی:

درێژی هەر پیاوێك لە قەومی عاد ٨٠ باع بوو، وە دەنکە هەنارێکیان بە قەد گورچیلەی مانگایەك بوو وە هەنارێکیان ١٠ کەس لەسەری دادەنیشت.

١ باع = ٢ مەتر

واتە باڵای هەر پیاوێکی قەومی عاد ١٦٠ مەتر بووە

وە السیوطی دەڵێت، ابن عساکر لە تأریخ مدینة دمشق اخراجی ڕیوایەتێکی کردووە کە وهب گوتوویەتی، هەر پیاوێکیان ٦٠ باسك بووە بە باسکی خۆیان، وە لە ناو چاوی یان کونە لووتی پیاوێکیان گورگ دەیتوانی بێچووی تیادا ببێت.

ئەوە ئەقلی موسڵمانانە. دەڵێت ٦٠ باسك بە باسکی خۆیان!!!!!

جا ئەگەر نەزانین خۆیان چەند بوون، ئەوا چۆن بزانین باسکیان چەند بووە؟

واتە ئەگەر گریمان باڵا= ن

وە ئەگەر گریمان باسك= ج

کەواتە "ن" = ٦٠ ج

وە ج = ن دابەش ٦٠

لەبەر ئەوە ١٤٠٠ ساڵە وەك میزی وشتر بۆ دواوە گەڕاونەتەوە.

ئایەتی ٧١ دەڵێت هود گوتی، (أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاءٍ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا نَزَّلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ)، واتە مشتومڕم لەگەڵدا دەکەن سەبارەت بە ناوی ئەوبتانە، کە ناوێکن تەنها خۆتان و باوکانتان ناوتان لێیان ناوە ئەگینا هیچ دەسەڵاتێکیان لە لایەن اللّٰەوە بۆ دانەبەزیوە.

ابن کثیر دەڵێت، ٣ بتیان دەپەرست بە ناوی "صمد" و "صمود" و "هباء"

کە محمد لە سوورەتی الاخلاص یەکێك لە سیفاتەکانی اللّٰەی کردووە بە "صمد" کاتێك دەڵێت، الله صمد. (بگەڕێوە بۆ سوورەتی الاخلاص).

ئینجا هود بە قەومەکەی دەڵێت، (فَانتَظِرُوا إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ) چاوڕێ بکەن منیش لەگەڵ ئێوە لە چاوەڕوانی بڕیاری اللّٰە دەبم.

لە ئایەتی ٧٢ اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وەك ڕەحمەتێك لە لایەن ئێمەوە هود و ئەوانەی ئیمانیان پێی هێنابوو ڕزگار کرد، وە بێباوەڕانمان لە قەومی عاد لە ڕیشەوە دەرهێنا و تۆومان بڕینەوە.

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، وەك لە ئایەتی ٦-٧ سوورەتی الحاقة هاتووە دەڵێت، بە ڕەشەبایەکی سارد لە ناومان برد.

عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ سَخَّرَهَا عَلَيْهِمْ سَبْعَ لَيَالٍ وَثَمَانِيَةَ أَيَّامٍ

عاد قڕکران بە ڕەشەبایەکی سارد کە ٧ شەو و ٨ ڕۆژ بەسەریاندا هەڵکرا.

وە لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە محمد گوتوویەتی:

نُصِرْتُ بِالصَّبَا، وَأُهْلِكَتْ عَادٌ بِالدَّبُورِ

من به ڕەشەبای سەبا سەرکەوتم و عاد به ڕەشەبای دەبور لەناوچوو.

(ڕەشەبای سەبا) ئەو ڕەشەبایەیە کە هەڵی کرد کاتێك موشریکەکانی مەککە هاتنە سەر مەدینە لە شەڕی خندق.

لەبەر چیرۆکی قەومی عاد، محمد زۆر لە با ترساوە، لە صحیح البخاری و مسلم فەرموودەیەك هاتووە عائیشة گوتوویەتی:

كانَ رَسولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ إذَا كانَ يَوْمُ الرِّيحِ وَالْغَيْمِ، عُرِفَ ذلكَ في وَجْهِهِ، وَأَقْبَلَ وَأَدْبَرَ، فَإِذَا مَطَرَتْ سُرَّ به، وَذَهَبَ عنْه ذلكَ، قالَتْ عَائِشَةُ: فَسَأَلْتُهُ، فَقالَ: إنِّي خَشِيتُ أَنْ يَكونَ عَذَابًا سُلِّطَ علَى أُمَّتِي، ويقولُ، إذَا رَأَى المَطَرَ: رَحْمَةٌ

ئەگەر ڕۆژێك باو و هەور بووایە، لە دەم و چاوی پێغەمبەر نیگەرانی بەدیار دەکەوت، وە دەهات و دەچوو (نە دەسرەوت)، وە کە باران دەباری ئەوا تەنگەژەکەی نەدەما و ئاسایی دەبۆوە، عائیشة دەڵێت: لێم پرسی ، ئەوەبوو گوتی: ئەی عائیشە ترسام کە سزا و ئەشکەنجەیەك بێت دابەزێتە سەر میللەتەکەم، وە هەروەها کاتێك بارانی دەبینی دەیگوت ئەوە ڕەحمەتە.

ئەم فەرموودەیە پێمان دەڵێت، محمد جۆریك لە خەمۆکی هەبووە، ئەو کەسانەی کە خەمۆکیان هەیە لە کاتی هەور و هەڵکردنی با ، زۆر بە ڕوونی لە سیمایان بەدیار دەکەوێت.

# ئایەتی ٧٣-٧٩

ئینجا، اللّٰەی عەرەب و ئیسلام بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی مەککە ئاماژە بە چیرۆکی قڕکردنی هۆزی ثمود دەکات و دەڵێت:

وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ هَذِهِ نَاقَةُ اللّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللّهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ

وە بۆ هۆزی ثمود براکەیان صالحمان نارد، صالح گوتی ئەی هۆزەکەم اللّٰە بپەرستن، خودایەکی ترتان نییە جگە لە ئەو، بەڵگەتان لە خوداکەتانەوە بۆهاتووە، ئەوە وشترە مێینەی اللّٰەیە، موعجیزەیەکە بۆ ئێوە، دە وازی لێبێنن لە خاکی اللّٰە بلەوەڕێت، وە خراپەی لەگەڵدا مەکەن، ئەگینا اللّٰە ئەشکەنجەیەکی ئازاربەخشتان دەدات.

وَاذْكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ

وە لە یادتان بێت کە لە دوای قڕکردنی عاد، ئێوەی کردووە بە جێنشین و لە زەویدا جێگای بۆ دیاری کردوون، کە کۆشکوتەلار لە دەشتەکانی درووست بکەن و لە چیاکانی خانوو بتاشن، دە چاکەی اللّٰەتان لە یادبێت وە لە زەویدا هانی کاری خراپەکاریی مەدەن .

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ قَالُواْ إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ

پیاوماقووڵێکی خۆبەزلزان لە هۆزەکەی بەوانەی گوت کە دەچەوسێنرانەوە و باوەڕیان هێنابوو: ئایا ئێوە دەزانن کە صالح لە لایەن خوداکەیەوە

نێردراوە؟ گوتیان لە ڕاستیدا ئێمە باوەڕمان هێناوە بەو  پەیامەی کە بە ئەودا نێردراوە.

قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ إِنَّا بِالَّذِيَ آمَنتُمْ بِهِ كَافِرُونَ

ئەوانەی لووتبەرزبوون گوتی: لە ڕاستیدا ئێمە کوفرمان کرد بەوەی ئێوە باوەڕتان پێی هێناوە.

فَعَقَرُواْ النَّاقَةَ وَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُواْ يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ

وشترەکەیان کوشت و لە فەرمانی خوداکەیان دەرچوون، وە گوتیان ئەی صالح ئەوەمان بۆ بێنە (سزا) کە بەڵێنت پێمان دابوو ئەگەر بە ڕاستی تۆ لە نێردراوەکانیت

فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ

ئەوەبوو هەژانێك گرتنی و لە ماڵەکانیان مردار بوونەوە.

فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ

پشتی لێیان کرد و گوتی ئەی هۆزەکەم، من پەیامی خوداکەم پێتان گەیاند، وە ئامۆژگاریم کردن، بەڵام ئێوە ئامۆژگاریکەرانتان خۆش نەدەویست.

لە سوورەتی القمر ئاماژەمان کرد بە چیرۆکی ثمود و صالح (بگەڕێوە بۆ سوورەتی القمر).

چەند تێبینیەك:

یەکەم: ئایەتی ٧٦ دەڵێت(قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا بِالَّذِي آمَنتُم بِهِ كَافِرُونَ) واتە: ئەوانەی لووتبەرزبوون گوتی: لە ڕاستیدا ئێمە کوفر دەکەین بەوەی ئێوە باوەڕتان پێی هێناوە.

لە زمانی عەرەبی "اسم موصول" واتە "ناوی بەیەکەوە گرێدان" هەیە کە بۆ نێرینە: (الذی) بۆ تاك و (اللذان) بۆ دوو دانە و (الذین)بۆ کۆمەڵ بەکاردێت.

ئەم ئایەتە دەڵێت: الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا واتە ئەوانەی خۆبەزلزان یان لووتبەرز بوون، واتە کۆمەڵێك.

کەواتە دەبێت بڵێت "قالوا" گوتیان، نەك "قال"گوتی چونکە کۆمەڵێکن و یەك کەس نییە.

دووەم: لە مسند احمد و مسند البزار و الدر المنثور للسیوطی و المستدرك للحاكم فەرموودەیەکی صحیح هاتووە کە جابر بن عبدالله دەڵێت:

کاتێك پێغەمبەری الله لە "الحجر" دابەزی، وتاری پێشکەش بە خەڵك کردوو و گوتی: ئەی خەڵکینە، داوای موعجیزە لە پێغەمبەرەکەتان مەکەن، هۆزی صالح داوایان لە پێغەمبەرەکەیان کرد کە موعجیزەیەکیان بۆ بهێنێت، ئەوەبوو الله وشترێکی مێینەی بۆیان نارد.لە فەرمانی خوداکەیان دەرچوون و وشترەکەیان کوشت، ئەوەبوو الله بەڵێنی پێیاندا کە دوای ٣ ڕۆژ سزایان دەدات، ئەوەبوو گرمەیەك (الصَّيْحَةُ) هات و هەموویان تیاچوون تەنها پیاوێکیان نەبێت کە ئەویش لە کەعبە بوو. گوتیان: ئەی پێغەمبەری الله ئەو پیاوە کێ بوو؟ گوتی ابو رغال، بەڵام کاتیك لە کەعبە دەرچوو، ئەویش تیاچوو.

له مصنف عبدالرزاق ڕیوایەتێك هاتووە كە محمد بە یاوەرەكانی دەڵێت: گۆڕەكەی ابو رغال ئاڵتوونی تێدایە و فەرمان بەیاوەرەكانی دەكات هەڵیكۆڵن

فَبَحَثُوا عَنْهُ حَتَّى اسْتَخْرَجُوا الْغُصْنَ (غُصْنٌ مِنْ ذَهَبٍ).

دەڵێت، گۆڕەكەیان هەڵكۆڵی و ئاڵتوونەكەیان دەرهێنا.

سێهەم: هۆزی ثمود بە چی قڕكران و لە ناوبران؟

قورئان ئاماژە بە ٣ هۆكاری جیاواز دەكات:

"١-الرَّجْفَةُ" واتە"هەژان" و "لەرزان".

ئایەتی ٧٨ سوورەتی الاعراف: فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ

"٢-الصَّيْحَةُ" واتە "دەنگێكی گەورە".

ئایەتی ٦٧ سوورەتی هود: وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ

ئایەتی ٣١ سوورەتی القمر: إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً

"٣-الصَّاعِقَةُ"واتە "گرمە".

ئایەتی ٤٤ سوورەتی الذاریات: فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ

جیاوازیەكی ئەوتۆ نییە لە نێوان (الصَّيْحَةُ) لەگەڵ (الصَّاعِقَةُ)، بەڵام (الرَّجْفَةُ) جیاوازە بە مانای لەرزین و هەژین دێت، وەك زەوی هەژین و لەرزین.

چوارەم: كاتێك محمد دەچێت بۆ غەزووی تبوك، خۆی و یاوەرەكانی لە زێدی ثمود كە ناوی "حجر"ە لادەدەن. لە صحیح البخاری، فەرموودەیەكی محمد هاتووە كە بە یاوەرەكانی دەڵێت:

نەکەن بچنە زێدەکانیانەوە تەنها بە گریان نەبێت، ئەگەر نەگرین ئەوا مەچنە کەلاوەکانیانەوە ئەگینا اللە تووشی هەمان کارەساتتان دەکات کە تووشیانی کرد.

وە لە مسند احمد ڕیوایەتێك هاتووە کە دەڵێت، کاتێك پێغەمبەری اللە بۆ غەزووی تبوك چوو ، یاوەرەکانی لە "حجر" لای خانوەکانی ثمود دابەزاند، یاوەرەکانی محمد، لەو بیرانەی کە ثمود بەکاریان دەهێنان، ئاویان بەکارهێناو خواردەوە و ئاردیان بە ئاوەکە کرد بە هەویر و مەنجەڵیان ئامادەکرد بۆ خواردن درووستکردن. پێغەمبەر فەرمانی پێیان کرد کە خواردنی ناو مەنجەڵەکە فڕێ بدەن و هەویرەکە بدەن بە وشترەکانیان، ئینجا یاوەرەکانی برد بۆ لای ئەو بیرەی کە وشترەکەی صالح ئاوی لێ دەخواردەوە، وە نهی لێیان کرد کە بچنە زیدی ئەوکەسانەی کە اللە سزایانی داوە، وە گوتی لە ڕاستیدا دەترسم کە اللە هەمان کارەساتتان بەسەردا بهێنێت هەروەك چۆن بەسەر ئەوانیدا هێنا.

## ئایەتی ٨٠-٨٤

ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام باسی قڕکردنی قەومی لوط دەکات و دەڵێت:

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ

إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاء بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ

وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَن قَالُواْ أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ

فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلاَّ امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ

وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ

دەڵێت:

وە لوطمان نارد کە بە قەومەکەی گوت: کاری ناپەسەندی دەکەن، وە لە پێش ئێوەدا هیچ  خەڵکێك ئەم کارەی نەکردووە، ئێوە شەهوەتی خۆتان لە پیاوان نەك لە ژنان بەتاڵ دەکەنەوە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئێوە خەڵکانێکی زێدەڕۆن.

وە وەڵامی قەومەکەی هیچ نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت کە گوتیان دەریان بکەن لە گوندەکەتان ئەوانە خەڵکانێکن خۆیان بە پاکی ڕاگرتووە

ئەوەبوو خۆی و خانەوادەکەیمان ڕزگار کرد تەنها ژنەکەی نەبێت کە لە لەناوچووەکان بوو.

وە بارانێکمان بەسەریاندا باراند، دە سەیرکەن کە چۆن بوو ئاکامی تاوانبارەکان.

لە ئایەتی ٨٠ لوط بە قەومەکەی دەڵێت:

ئایا کاری ناپەسەندی ئەنجام دەدەن، کە هیچ کەسێك لە جیهانەکان پێش ئێوە ئەم کارەی نەکردووە

( أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ- ئایا کاری ناپەسەندی ئەنجام دەدەن) کۆدەنگی لەسەرە، واتە: کاری نێربازی

بۆ نموونە ابن كثير لە تفسير القران العظيم و القرطبی لە الجامع لاحكام القران و الطبری لە جامع البيان، دەڵێن، واتە: " إِتْيَانُ الذُّكُورِ" نێربازی.

(مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ الْعَالَمِينَ- هیچ کەسێك لە جیهانەکان پێش ئێوە ئەم کارەی نەکردووە) ئەمە هەڵەیە و ڕاست نییە. کاری نێربازی لە جیهانی ئاژەڵ و مرۆڤدا هەر لە دێر زەمانەوە بوونی هەبووە. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە نێربازی کۆنە بە قەد کۆنی جیهانی ئاژەڵ و مرۆڤ.

له دەیەها ئایەتی قورئان چەمکی "رب العالمین" بەکارهاتووە، وە موفەسیرەکان کۆکن کە "العالمین" واتە هەموو مەخلوقاتێك کە الله درووستی کردووە. واتە خودای هەموو مخلوقاتێك.

الجلالین لە تفسیرەکەیان دەڵێن"،رب العالمین" واتە خودای هەموو مەخلوقاتێك لە مرۆڤ و جنۆکە و فریشتە و ئاژەڵ و هتد،،

سەدەها جۆر لە ئاژەڵ و زیندەوەری ئاوی و وشکایی هەن کە هاوڕەگەزبازن.

وە لوط لە ئایەتی ٨١ پێیان دەڵێت:

(إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاءِ) واتە: بە ڕاستی ئێوەی پیاوان هەوەسی گانکردنتان لە پیاوان بەتاڵ دەکەنەوە لە جیاتی ژنان.

وە کاتێك فریشتەکانی الله میوانی لوط دەبن، پیاوانی قەومەکەی بە پەلە دێنە بەردەم ماڵەکەی لوط و دەیانەوێت فریشتەکانی الله بگێن، لە سوورەتی الحجر هاتووە، لوط پێیان دەڵێت:

إِنَّ هَـٰؤُلَاءِ ضَيْفِي فَلَا تَفْضَحُونِ، وَاتَّقُوا اللَّهَ وَلَا تُخْزُونِ، هَـٰؤُلَاءِ بَنَاتِي إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ

ئەوانە میوانی منن، وازبێنن و ئابڕووم مەبەن، لە الله بترسن و ڕیسوام مەکەن، ئەوە کچەکانم ئەگەر دەتانەوێت (گان) بکەن.

لە ئایەتی ٧٩ هود هاتووە، نێربازەکان وەڵامی لوط دەدەنەوە و دەڵێن:

لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ

خۆت باش دەزانیت کە ئێمە بەلای کچانەوە ناچین، وە خۆت باش دەزانێت کە ئێمە چیمان دەوێت.

ابن كثير له تفسير القران العظيم، له شرۆڤەی ئەم دەقە دەڵێت: واتە ئەی لوط خۆت باش دەزانیت کە ئێمە هەوەسمان لە ژنان هەڵناستێت، وە خۆت باش دەزانیت کە ئێمە نێرینەمان دەوێت.

نێربازەکان لە ئایەتی ٨٢ دەڵێن:

أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ

لوط و خانەوادەکەی شاربەدەر بکەن، لە ڕاستیدا ئەوانە خەڵکانێکن خۆیان پاك ڕادەگرن.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە (إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ- ئەوانە خەڵکانێکن خۆیان پاك ڕادەگرن) دەڵێت، واتە: لوط و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون خۆیان پاك ڕادەگرن لەوەی ئێمە دەیکەن، کە گاینی نێرینە لە کۆمەوە. (إِنَّ لُوطًا وَمَنْ تَبِعَهُ أُنَاسٌ يَتَنَزَّهُونَ عَمَّا نَفْعَلُهُ نَحْنُ مِنْ إِتْيَانِ الرِّجَالِ فِي الْأَدْبَارِ).

لە ئایەتی ٨٣ اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەوەبوو لوط و خانەوادەکەیمان ڕزگار کرد تەنها ژنەکەی نەبێت، کە یەکێك بوو لەوانەی مایەوە (فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلَّا امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ)

وەك لە ئایەتی ٨١ سوورەتی هود هاتووە، کە اللهی عەرەب و ئیسلام فەرمان بە لوط دەکات و دەڵێت:

فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ اللَّيْلِ وَلاَ يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ إِلاَّ امْرَأَتَكَ إِنَّهُ مُصِيبُهَا مَا أَصَابَهُمْ

خانەوادەکەت لە بەشێکی شەودا دەربکە، وە هیچ کەسێکتان ئاوڕ نەداتەوە تەنها ژنەکەت نەبێت، چونکە هەمان سزای خەڵکەکە ئەویش دەگرێتەوە.

نێربازیی تایبەتە بە پیاوان، بۆچی ژنەکەی لەگەڵ خەڵکەکە سزا درا؟

لە ئایەتی ١٠ سوورەتی التحریم هاتووە دەڵێت، خیانەتی لە لوط دەکرد.

ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَتَ نُوحٍ وَامْرَأَتَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا

الله نموونە بۆ کافرەکان دەهێنێتەوە: ژنەکەی نوح و ژنەکەی لوط، کە هاوسەری دووبەندەی چاکی ئێمە بوون، ئەوەبوو خیانەتیان لێیان کرد.

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ٨٤ دەڵێت:

( وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًاۖ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ)، واتە، ئینجا بارانمان بەسەریاندا باراند، دەسەیربکەن ئاکامی تاوانباران چۆن بوو.

نووسەری قورئان لە ئایەتی ٨٤ الاعراف و ١٧٣ الشعراء و ٥٨ النمل دەڵێت: أَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا واتە بارانمان بەسەریاندا باراند.

وە لە ئایەتی ٣٤ سوورەتی العنکبوت دەڵێت: رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ، واتە سزایەك لە ئاسمان.

وە لە ئایەتی ٨٢ سوورەتی هود دەڵێت:

جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ

واتە: گوندەکەمان سەرەو ژێر کرد، وە بەردی دۆزەخمان یەك لە دوای یەك بەسەر گوندەکە باراند.

وە لە ئایەتی ٧٤ سوورەتی الحجر دەڵێت:

فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ

واتە: گوندەکەمان سەراوژێر کرد، ئینجا بەردمان لە دۆزەخ بەسەر خەڵکەکەدا باراند.

ابن الجوزی، سەبارەت بە وشەی (سِجِّيلٍ) دەڵێت، ٧ قەول هەیە:

یەکەم: "سجیل" فارسیە، واتە سەنگ.

دووەم: "سجیل" دەریایەکی هەڵواسراوە لە نیوان زەوی و ئاسمان، لەم دەریایەوە بەردەکان دابەزین.

سێهەم: "سجیل" ناوی ئاسمانی دونیایە و بەردەکان لەوێوە دابەزیوون.

چوارەم: "السجیل" بەردی زۆر پتەو.

پێنجەم: "سجیل" واتە لەسەر بەردەکان نووسرابوو کە دەبێت بەم شێوەیە سزا بدرێن.

شەشەم: "سجیل" واتە نێردراو.

حەوتەم: "سجیل" واتە پێدراو.

وە دەڵێت سەبارەت بە وشەی "مَّنضُودٍ" ٣ قەول هەیە:

یەکەم: یەك لە دوای یەك دادەبەزین.

دووەم: ڕیزکراو.

سێهەم: کۆمەڵکراو.

وە دەڵێت، سەبارەت بە شێواز و سیفاتی بەردەکان شەش قەول هەیە:

یەکەم: سپیەکەی سوور بوو.

دووەم: مۆرکراو بوون، سپی بوون و خاڵێکی ڕەشیان تێدابوو، وە یان ڕەش بوون و خاڵێکی سپیان تێدا بوو.

سێهەم: بە ڕەش و سوور هێڵیان پێدا هاتبوو.

چوارەم: هێڵی سووریان پێدا هاتبوو.

پێنجەم: نیشانەیەکی لەسەر بوو کە ئەمە بەردی دونیا نییە.

شەشەم: لەسەر هەر بەردێك ناوی ئەو کەسە نووسرابوو کە پێی دەکەوێت.

وە سەبارەت بە (جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا- گوندەکەی سەروژێر کرد)، شرۆڤەکاران هاوڕان کە جبرائیل بە باڵێك گوندەکانی قەومی لوطی سەراوژێر کرد.

بەیامنێری شرۆڤەکاران، القرطبی لە ئان و ساتی کاولکاریەکە لە شوێنی ڕوداوەکە ئامادە بوو، دەڵێت:

گوندەکان پێنج گوند بوون: سدوم کە گەورەترینیانە، عامورا، دادوما، ضعوە و قتم.

ئینجا جبرائیل باڵێك لە باڵەکانی خستە ژێریانەوە، لە زەوی دایبڕاندن و بەرزی کردنەوە تاوەکو نزیك ئاسمانی دونیا، تاوەکو فریشتەکانی ئاسمان گوێیان لە زەڕەزەڕی کەرەکانیان و قوقەقووقی کەڵەشێرەکانیان و حەپەحەپی سەگەکانیان بوو، وە نە جەڕەیەك، وە نە قاپێك نەکەوت. ئینجا سەرەوژێری کرد و لەگەڵ زەوی تەختی کرد، ئینجا بەرد لە ئاسمانەوە بەسەریاندا باری.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت، کۆدەنگی هەیە کە هاوڕگەزی حەرامە، بەڵام ناکۆکی هەیە سەبارەت بە شێوازی سزادانی.

فەرموودەیەکی محمد صلعم لە صحیح الترمذی(للالبانی) و سنن ابوداود و سنن ابن ماجة هاتووە کە دەڵێت:

مَنْ وَجَدْتُمُوهُ يَعْمَلُ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ فَاقْتُلُوا الْفَاعِلَ وَالْمَفْعُولَ بِهِ

هەر کەسێکتان بینی کە کاری قەومی لوط دەکات، ئەوا بکەرەکە و ئەوەی لەسەری دەکرێت بکوژن.

القرطبی دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی دەبێت ڕەجم بکرێن.

ابو بکر سووتاندوویەتی وەك لە ڕیواتەکان هاتووە کە پیاوێکی بە ناوی الفجاءة سووتاندووە کە کاری هاوڕەگەزبازی کردووە.

علی کوڕی ابو طالب گوتوویەتی دەبێت بسووتێنرێن.

عبدالله بن الزبیر هەندێکی سووتاندووە و هەندێکی ڕەجم کردووە.

خالد القسری سووتاندوویەتی.

وە شیخ الاسلام ابن تیمیة لە مجموع الفتاوی دەڵێت:

وە هەندێك لە اهلی سلف گوتوویانە، کە دەبێت لەسەر دیوارێکی بەرز فڕێ بدرێتە خوارەوە، ئینجا بەردباران بکرێت، هەروەك چۆن الله هەمان کاری بە قەومی لوط کردووە.

وە محمد زۆر ترساوە کە میللەتەکەی هاوڕەگەزباز دەرچن، لە فەرموودەیەکی حسن صحیح لە صحیح الترغیب و الترهیب للمنذری و صحیح الجامع للترمذی فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:

إنَّ أخوَفَ ما أخافُ على أمَّتي من عملِ قومِ لوطٍ

ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر لێی دەترسێم ئەوەیە کە میللەتەکەم کاری قەومی لوط بکەن.

ئینجا القرطبی باسی ئاژەڵگاین دەکات و دەڵێت: ناکۆکی هەیە، هەندێك دەڵێن نە بکەرەکە دەکوژرێت وە نە ئاژەڵەکە، وە هەیە دەڵێت بکەرەکە ناکوژرێت بەڵام ئاژەڵەکە دەکوژرێت، وە هەیە دەڵێت بکەرەکە و ئاژەڵەکە دەکوژرێت.

ابن عباس ئاماژەی بە دوو فەرموودە کردووە سەبارەت بە کەسێك کە دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەر ئاژەڵ.

لە فەرموودەیەك کە لە جامع الترمذی هاتووە ابن عباس دەڵێت، محمد صلعم گوتوویەتی:

مَنْ وَجَدْتُمُوهُ وَقَعَ عَلَى بَهِيمَةٍ فَاقْتُلُوهُ وَاقْتُلُوا الْبَهِيمَةَ

هەر کەسێکتان بینی کە ئاژەڵ دەگێت ئەوا بیکوژن، وە ئاژەڵەکە بکوژن.

وە لە فەرموودەیەك هاتووە کە ابن عباس دەڵێت، محمد صلعم گوتویەتی:

ليسَ على الذي يأتِي البَهيمةَ حَدٌّ

هیچ سزایەك لەسەر کەسێك نییە کە ئاژەڵ دەگێت.

التمذی گوتوویەتی ئەم فەرموودەیەی دووەم ڕاسترە لە فەرموودەکەی یەکەم، وە ئەهلی عیلم کار دەکەن بە فەرموودەکەی دووەم.

واتە زاناکان کار دەکەن بە فەرموودەکەی دووەم: کە هیچ سزایەك نییە لەسەر کەسێك کە ئاژەڵ دەگێت.

بەڵام دەڵێن، دەبێت ئاژەڵەکە بکوژرێت. وە کوشتنی ئاژەڵەکە بۆ چەند هۆکارێك دەگێڕنەوە، هەروەك السیوطی لە حاشیة السندی على ابن ماجة ئاماژەی پێکردووە:

یەکەم: بۆ ئەوەی گۆشتەکەی نەخورێت، ئەگەر ئاژەڵێك بوو لەو ئاژەڵانەی کە خواردنی گۆشتەکەی حەلال بوو

دووەم: بۆ ئەوەی خاوەن ئاژەڵەکە لەکەدار نەکرێت.

سێهەم: لە ترسی ئەوەی نەوەك بێچوویەکی ببێت نیوەی مرۆڤ و نیوەی ئاژەڵ بێت.

ابن قیم لە بدائع الفوائد دەڵێت:

وإن كانت امرأة لا زوج لها واشتدت غلمتها فقال بعض أصحابنا يجوز لها اتخاذ الاكرنبج وهو شيء يعمل من جلود على صورة الذكر فتستدخله المرأة أو ما أشبه ذلك من قثاء وقرع صغار

وە ئەگەر ژنێك مێردی نەبوو، وە شەهوەتی تینی بۆی هێنا، ئەوا هەندێك لە یاوەرەکانمان شیاویان کردووە کە ژنەکە ئیکرینبج یان شتێك لە شیوازەکەی وەك خیار و کودوی بچووك بەکار بهێنێت.

وە ابن قیم دەڵێت: ئیکرینبج شتێکە لە پێست درووستدەکرێت لە شێوەی چووك.

وە هەروەها دەڵێت:

وإن قور بطيخة أو عجينا أو أديما أو نجشا في صنم إليه فأولج فيه فعلى ما قدمنا من التفصيل قلت وهو أسهل من استمنائه بيده

وە ئەگەر پیاو چووکی بخاتە کونێك لە گندۆرە یان هەویر یان پێست یان پەیکەر، ئەوا من دەڵێم ئەوە ئاسانترە لە دەستپەڕ بە دەست.

## ئایەتی ٨٥-٩٣

ئینجا اللّٰه‌ی عەرەب و ئیسلام باس لە خەڵکی مەدیەن و پێغەمبەرەکەیان شوعەیب دەکات و دەڵێت:

وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاحِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

واتە: وە بۆ مەدیەن براکەی "شوعەیب"مان نارد و گوتی ئەی قەومەکەم اللّٰه بپەرستن، جگە لە ئەو هیچ خودایەکی ترتان نییە، بەڵگە لە خوداکەتانەوە بۆ ئێوە هاتووە، دە پابەندی کێش و تەرازوو بن، وە شتی خەڵك بێبەها مەکەن و لە خاکەکە خراپەکاری مەکەن دوای چاککردنی، ئەوە بۆ ئێوە چاکترە، ئەگەر بە ڕاستی ئێوە ئیماندارن.

وَلاَ تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجًا وَاذْكُرُواْ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلاً فَكَثَّرَكُمْ وَانظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ

وە لەسەر هەموو ڕێگایەك دامەنیشن بۆ بەڵێن دان و بەرپەرچ دانەوەی هەر کەسێك کە باوەڕی بە ڕێگای اللّٰه هێناوە، وە بتانەوێت لاری بکەنەوە، وە لە یادتان بێت کە ئێوە کەم بوون ئینجا زۆری کردن، وە سەیرکەن کە چۆن بوو ئاکامی خراپەکاران.

وَإِن كَانَ طَائِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُواْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَائِفَةٌ لَّمْ يُؤْمِنُواْ فَاصْبِرُواْ حَتَّى يَحْكُمَ اللَّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ

وە  ئەگەر کۆمەڵێکتان باوەڕیان هێنابێت بەوەی کە پێی نێردراوم، وە کۆمەڵێکتان باوەڕی نەهێنابێت، ئەوا خۆڕاگر بن تاوەکو الله حوکم دەکات لە نێوانمان، وە هەرخۆی باشترین حوکمدەرە.

قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ

پیاوماقووڵێك لەوانەی خۆبەزلزان بوون لە قەومەکەی گوتی، ئەی شوعەیب بە دڵنیاییەوە تۆ و ئەوانەی ئیمانیان لەگەڵتدا هێناوە لە گوندەکەمان دەردەکەین، وە یان بگەڕێننەوە سەر ئاینەکەمان، گوتی تەنانەت ئەگەرئارەزووش نەکەین؟

قَدِ افْتَرَيْنَا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا إِنْ عُدْنَا فِي مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّانَا اللَّهُ مِنْهَا وَمَا يَكُونُ لَنَا أَن نَّعُودَ فِيهَا إِلاَّ أَن يَشَاء اللَّهُ رَبُّنَا وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ

کەواتە ئێمە درۆمان بە ناوی اللهوە کردووە ئەگەربگەڕێینەوە ناو ئاینەکەتان، دوای ئەوەی الله ئێمەی لێی ڕزگار کرد، وە ئێمەی بۆمان نییە بگەڕێینەوە بۆ ئاینەکەتان مەگەر خوداکەمان الله ویستی لەسەر بێت، زانستی خوداکەمان فراوانە و هەموو شتێکی گرتۆتەوە، پشتمان بە الله بەستوە، خوداکەمان لە نێوان ئێمە و قەومەکەمان بە هەق بکە، وە هەر خۆت باشترینیت لە کردنەوە (نێوان کردن).

وَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذاً لَّخَاسِرُونَ

وە پیاوماقووڵانی ئەوانەی کافر بوون لە قەومەکەی گوتی ئەگەر بەدوای شوعەیب بکەون، ئەوا ئێوە لە دۆڕاوەکان دەبن.

فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ

ئەوەبوو هەژانێك گرتنی، وە لە ماڵەكانیان مردار بوونەوە.

الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا فِيهَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَانُواْ هُمُ الْخَاسِرِينَ

ئەوانەی نكۆڵیان لە شوعەیب كرد وەك ئەوەی كە ئەوانەی نكۆڵیان لە شوعەیب كرد تیایدا سوودیان نەبوو، لە ڕاستیدا ئەوان لە دۆڕاوەكان بوون

فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ فَكَيْفَ آسَى عَلَى قَوْمٍ كَافِرِينَ

پشتی لێیان كرد، وە گوتی ئەی قەومەكەم من پەیامەكەنای خوداكەم بە ئێوە ڕاگەیاند، وە ئامۆژگاریم كردن، ئیتر من چۆن نیگەران بم بۆ خەڵكانێكی كافر.

چەند تێبینیەك:

یەكەم: سەرتاپای دەقەكان لە ڕووی زمانەوانی و ڕەوانبێژیەوە گەڵتەجارین. لە نووسینی خوێندكارێكی تەمبەڵی پۆلی سێی ناوەندی دەچێت. ئەم دەقانە هەر بە ڕاستی كارەساتن لە ڕووی ڕەوانبێژی و دارشتنەوە. لێرەدا چەند نموونەیەك دەهێنمەوە:

ئایەتی ٨٦ :

وَلاَ تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِهِ

دەقەكە جوان دەبوو، وە مانادارتر دەبوو، ئەگەر بەم شێوەیە دابرێژرا بووایە:

وَلاَ تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ الذين امنوا بااللَّهِ

ئایەتی ٨٩

چوار جار ناوی "الله" و سێ جار ناوی "ربنا" هاتووە، وە ئەمە دەقەکەی زۆر ناشیرین کردووە.

وَمَا يَكُونُ لَنَا أَن نَّعُودَ فِيهَا إِلاَّ أَن يَشَاء اللَّهُ رَبُّنَا وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا

واتە: وە بۆ ئێمە نییە بگەڕێینەوە سەر ئاینەکەتان مەگەر الله ویستی لەسەر بێت خوداکەمان، زانیاری خوداکەمان فراوانە و هەموو شتێکی گرتۆتەوە، وە پشت بە الله دەبەستین.

"ربنا" کە سوور کراوە زیادەیە و پێویستی نەدەکرد، چونکە دەقەکانی پێشوو پێمان دەڵێن کە خوداکەی شوعەیب الله بووە.

وە دەکرا ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێت

وَمَا يَكُونُ لَنَا أَن نَّعُودَ فِيهَا إِلاَّ أَن يَشَاء اللَّهُ وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا وعَلَيه تَوَكَّلْنَا

واتە: وە بۆ ئێمە نییە بگەڕێینەوە سەر ئاینەکەتان مەگەر الله ویستی لەسەر بێت، زانیاری خوداکەمان فراوانە و هەموو شتێکی گرتۆتەوە، وە پشت بە ئەو دەبەستین.

وە هەروەها لە هەمان ئایەت هاتووە:

رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ

خوداکەمان لە نێوان ئێمە و قەومەکان بە هەق بکەوە، وە خۆت باشترینیت لە کردنەوە.

یانی الله چی فتح بکات؟ ئەگەر مەبەست لە یەکلاکردنەوە بێت ئەوا باشتر بوو وشەی" اسْتَفْتَح" بەکاربێت، وە ئەگەر مەبەست لە حوکم دان بێت ئەوا باشتر بوو بڵێت "احکم"

رَبَّنَا استفْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ

رَبَّنَا احكم بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ

ئایەتی ٩٢:

الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا فِيهَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا كَانُواْ هُمُ الْخَاسِرِينَ

ئەوانەی نکۆڵیان لە شوعەیب کرد وەك ئەوەی لە گوندەکە ئەوانەی نکۆڵیان لە شوعەیب کرد سوودێکیان نەگەیاند، وە ئەوانە لە دۆڕاوەکان بوون.

لەم ئایەتە کورتەدا برگەی (الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا- ئەوانەی نکۆڵیان لە شوعەیب کرد) دووجار هاتووە، وە زۆر بێ مانایە.

دەکرا ئایەتە بەم شێوەیە بووایە:

كَأَن الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْبًا لَّمْ يَغْنَوْا فِيهَا كَانُواْ هُمُ الْخَاسِرِينَ

وەك ئەوەی کە ئەوانەی لە گوندەکە نکۆڵیان لە شوعەیب کرد سوودێکیان نەگەیاند، وە ئەوانە لە دۆڕاوەکان بوون.

چۆنیەتی قڕکردنی خەڵکی مەدیەن:

لە ئایەتی ٩١ هاتووە دەڵێت:

فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ

ئەوەبوو هەژانێك تووشیان هات، وە لەماڵەکانیان مردار بوونەوە.

بەڵام

ئایەتی ٣٧ سوورەتی العنكبوت دەڵێت:

فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ

نكۆڵیان لێ کرد ئەوەبوو هەژانێك تووشیان هات، وە لە ماڵەکانیان مردار بوونەوە.

ئایەتی ٩٤ سوورەتی هود دەڵێت:

وَأَخَذَتِ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ

ئەوانەی کە ستەمیان کرد گرمەیەك تووشیان بوو و لە ماڵەکانیان مردار بوونەوە.

## ئایەتی ٩٤-٩٥

وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّبِيٍّ إِلاَّ أَخَذْنَا أَهْلَهَا بِالْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء لَعَلَّهُمْ يَضَّرَّعُونَ

ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ السَّيِّئَةِ الْحَسَنَةَ حَتَّى عَفَوْا وَّقَالُواْ قَدْ مَسَّ آبَاءَنَا الضَّرَّاء وَالسَّرَّاء فَأَخَذْنَاهُم بَغْتَةً وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ

وە هیچ پێغەمبەرێکمان بۆ هیچ گوندێك نەناردووە مەگەر خەڵکی ئەو شوێنەمان تووشی تەنگەژەیی و گرفتاری نەکردبێت بۆ ئەوەی ملکەچ بن.

ئینجا شوێنی خراپەکانمان گۆڕی بە چاکە تاوەکو وازیان لێهێنرا، ئینجا گوتیان بە ڕاستی گرفتاری و خۆشی تووشی باوباپیرانمان بووە، ئەوەبوو ئێمەش لە کتوپڕێکدا گرتمانن، وە ئەوان هەستیان پێ نەدەکرد.

# ئایەتی ٩٦-٩٩

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ وَلَكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ

وە ئەگەر خەڵکی گوندەکە باوەڕ بێنن و بترسن ئەوا دەرگایەکی بەرەکەتیان لە ئاسمان و زەوی بۆ دەکەینەوە ، بەڵام (ئەگەر) نکۆڵی بکەن ئەوا بەوە دەیانگرین کە بەدەستیان هێناون.

أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا بَيَاتًا وَهُمْ نَائِمُونَ

ئایا خەڵکی گوندەکە متمانەیان کرد لەوەی کە زەبروزەنگی ئێمەیان بەسەردا بێت کاتێك بە شەو لە ماڵەکانیانن و خەوتوون.

أَوَ أَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ

یان خەڵکی گوندەکە متمانەیان کرد کە زەبروزەنگی ئێمەیان بەسەردا بێت لە بەرەبەیانێکدا کاتێك یاری دەکەن.

أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ اللَّهِ فَلاَ يَأْمَنُ مَكْرَ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْخَاسِرُونَ

ئایا متمانەیان کرد بە فرتوفێڵی اللە، هیچ کەسێك متمانە بە فرتوفێڵی اللە ناکات مەگەر خەڵکانێکی دۆڕاو نەبێت.

لە ئایەتی ٩٦ اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەگەر خەڵکی ئەو گوندانەی پێغەمبەرانمان بۆیان نارد ئیمانیان بهێنایە ئەوا دەرگای بەرەکەتمان لە ئاسمان و زەویدا بۆیان دەکردەوە، بەڵام ئیمانیان نەهێنا، ئەوەبوو ئێمەش گرتمانن بەهۆی ئەو کارەکانیان و قڕمان کردن.

ئینجا لە ئایەتی ٩٧-٩٨ اللەی عەرەب و ئیسلام بە شێوەی پرسیار دەڵێت: نەکەن متمانە بە فرتوفێڵەکانم بکەن و دەڵێت:

(أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى) ئایا خەڵکی گوندەکان دڵنیان لەوەی کە من زەبروزەنگ لە بەرامبەریاندا بەکار ناهێنم، کاتێك شەوە و لە ماڵەکانیانن و خەوتوون، وە یان ڕۆژە و لە دەرەوەن و یاری دەکەن؟

لە ئایەتی ٩٩ دەڵێت، تەنها مرۆڤانێکی دۆڕاو متمانە بە فرتوفێڵی الله دەکەن، وە دەڵێت:

ئایا متمانە دەکەن بە فرتوفێڵی الله (أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ اللَّه)؟

ئینجا لە وەڵامدا هەر خۆی دەڵێت، (فَلاَ يَأْمَنُ مَكْرَ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْخَاسِرُونَ) هیچ کەسێك متمانە ناکات بە فرتوفێڵی الله تەنها خەڵکانێکی دۆڕاو نەبن.

دەڵێن گوتراوە: کورد بدوێنە شەرحی خۆی دەکات، بەڵام من دەڵێم قورئان بە تێگەیشتنەوە بخوێنەوە بۆت ڕووندەبێتەوە الله اکبر شەیتانە.

خودا چ پێویستیەکی بە فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی هەیە؟ مەگەر فرتوفێڵ و تەلەکەبازی لە کارەکانی شەیتان نییە؟

وە ئەوەی سەیرە اللەی ئیسلام وەسفی خۆی دەکات و بە خۆیدا هەڵدەدات و دەڵێت، (وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ- الله چاکترینە لە فرتوفێڵ کردن)، ئایەتی ٥٤ سوورەتی ال عمران.

ئایا الله لە پەیوەست بە چ موناسەباتێکدا گوتوویەتی (وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ)؟

ئایەتی ٥٤-٥٥ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

وَمَكَرُوا وَمَكَرَ اللَّهُ ۖ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ، إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَىٰ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا

واتە: (یەهودیەکان) فرتوفێڵیان کرد، وە الله فرتوفێڵی کرد، وە الله چاکترینە لە فرتوفێڵ کردن، کە بە عیسای گوت من دەتمرێنم و بەرزت دەکەمەوە بۆ لای خۆم و لە کافرەکان پاکت دەکەمەوە.

لە ئایەتی ٥٥ دا زۆر ڕوونە کە یهوودیەکان فرتوفێڵیان لە عیسا کردووە، وە بە فرتوفێڵ گرتوویانە، وە الله دەڵێت منیش فرتوفێڵم لێیان کرد، وە من چاکترینیانم لە فرتوفێڵ کردن. چۆن؟ دەڵێت کاتێك بە عیسام گوت دەتمرێنم و بەرزت دەکەمەوە بۆ لای خۆم، بەم شێوەیە لە کافرەکان ڕزگارت دەکەم.

وە ئایەتی ١٥٧ سوورەتی النساء زیاتر ڕوون دەکاتەوە کە الله چۆن فرتوفێڵی لە یەهوودیەکان کردووە. ئایەتەکە دەڵێت:

وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ

یەهوودیەکان دەڵێن: لە ڕاستیدا ئێمە المسیح عیسای کوڕی مەریەممان کوشت. الله لە وەڵامدا دەڵێت: نەیانکوشت، وە لە خاچیان نەدا، بەڵکو پێیان وابوو عیسا بوو کە کوشتیان و لە خاچیان دا.

یانی چۆن پێیان وابوو عیسا بوو کە کوشتیان و لە خاچیان دا؟

هەموو موفەسیرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە الله فێڵێکی کرد: شێوەی یەکێك لە یاوەرەکانی عیسای گۆڕی بۆ شێوەی عیسا، عیسای بۆ لای خۆی بەرزکردەوە بۆ ئاسمانەکان، وە ئەو کەسەی کە الله شێوەی گۆڕی بۆ شێوەی عیسا لە خاچ درا و کوژرا.

واتە الله فێڵی کردووە.

وە الله لە ئایەتی ٢١ یونس دەڵێت، فرتوفێڵی من زۆر خێرایە:

قُلِ اللَّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا

ئەی محمد بڵێ فرتوفێڵی الله خێراترینه.

وه ئایەتی ٤٢ سوورەتی الرعد دەڵێت:

فَلِلَّهِ الْمَكْرُ جَمِيعًا

الله به قەد هەمووان فرتوفێڵی هەیه.

السيوطی له الدر المنثور، ئاماژه به ڕیواتەێك دەكات كه دەڵێت، الله به فریشتەكانی گوت:

ئەو ترسه چییه گرتووتانه له كاتێكدا من پله و پایەیەكم به ئێوه داوه كه به هیچ كەسێكم نەداوه؟ فریشتەكان گوتیان: خوداكەمان متمانه به فرتوفێڵەكانت ناكەین، هیچ كەسێك متمانه به فرتوفێڵەكانت ناكات تەنها خەڵكانێكی دۆڕاو نەبن.

عطية بن محمد سالم، له شرح الاربعين النووية، ئاماژەی به ڕیوایەتێكی ابو بكر الصديق كردووه، كه گوتوویەتی:

لو كانت إحدى قدمي داخل الجنة والأخرى خارجها ما أمنت مكر الله

واته: ئەگەر قاچێكم له ناو بەهەشت بێت، وه قاچەكەی ترم له دەرەوەی بێت،ئەوا متمانه به فرتوفێڵی الله ناكەم.

واته: تاوەكو به تەواوی نەچمه ناوبەهەشتەوه ئەوا متمانه به الله ناكەم.

لەبەر ئەوه محمد صلعم گوتوویەتی، بەهەشت و دۆزەخ بەكاری باش و كاری خراپ نییه، بەڵكو به مەزاج و ڕەحمەتی اللەیه.

له صحيح البخاری و مسلم فەرموودەیەكی محمد هاتووه، گوتوویەتی:

لَنْ يُدْخِلَ أحَدًا عَمَلُهُ الجَنَّةَ. قالوا: ولا أنْتَ يا رَسولَ اللَّهِ؟ قالَ: لا، ولا أنا، إلَّا أنْ يَتَغَمَّدَنِي اللَّهُ بفَضْلٍ ورَحْمَةٍ

هیچ كەسێكتان لە ڕێگای كارە باش و چاكەكانی ناچێتە بەهەشتەوە، یاوەرەكان گوتیان: وە تۆش ناچیت ئەی پێغەمبەری الله؟ گوتی نەخێر منیش ناچم مەگەر الله من بخاتە ژێر ڕەحمەت و فەزڵی خۆیەوە.

وە هەروەها لە صحيح البخاری و صحيح مسلم فەرموودەیەكی تر هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

لَنْ يُنْجِيَ أَحَدًا مِنْكُمْ عَمَلُهُ قَالَ رَجُلٌ وَلَا إِيَّاكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ وَلَا إِيَّايَ إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ مِنْهُ بِرَحْمَةٍ

هیچ كەسێكتان بە هۆی كارە باش و چاكەكانی لە دۆزەخ ڕزگاری نابێت، پیاوێك گوتی، وە تۆش ڕزگارت نابێت ئەی پێغەمبەر؟ گوتی، وە منیش ڕزگارم نابێت، مەگەر الله من بخاتە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە.

## ئایەتی ١٠٠

أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ الأَرْضَ مِن بَعْدِ أَهْلِهَا أَن لَّوْ نَشَاء أَصَبْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَنَطْبَعُ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ

ئەی بۆ ئەوانەی خاكەكەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە لە دوای(قڕكردنی) خەڵكەكەی ڕوون نەبۆتەوە كە ئەگەر بمانەوێت ئەوا بە گوناهەكانیان تووشمان دەكردن (تووشی سزا) و لەسەر دڵەكانیان مۆرمان دەدا، جا خۆ ئەوانە نابیستن.

مەبەست لە (أَوَلَمْ يَهْدِ لِلَّذِينَ يَرِثُونَ الأَرْضَ)، واتە ئەی بۆ ئەوانەی خاكەكەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە ڕوون نەبۆتەوە (مِن بَعْدِ أَهْلِهَا)، واتە لە دوای قڕكردنی خەڵكەكەی، وەك ئایەتی ٢٦ سوورەتی السجدة دەڵێت:

أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْقُرُونِ

ئەی بۆیان ڕووننەبۆتەوە چەند نەوەمان لە پێش ئەوان قڕ کرد؟

وە هەروەها ئایەتی ١٢٨ سوورەتی طه کە دەڵێت:

أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ الْقُرُونِ

ئەی بۆیان ڕوننەبۆتەوە کە چەند نەوەمان لە پێش ئەوان قڕ کرد؟

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت، (أَن لَّوْ نَشَاء أَصَبْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ) واتە: کە ئەگەر بمانەوێت ئەوا بە گوناهەکانیان دەیانگرین و سزایان دەدەین، (وَنَطْبَعُ عَلَى قُلُوبِهِمْ)، واتە: وە مۆر لە سەر دڵەکانیان دەدەین، ( فَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ)، ئینجا ناتوانن ببیستن.

ئەگەر سەیری ئەم ئایەتە بکەین دەبینین کە لە ڕوانگەی اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، دڵ نەك تەنها شوێنی بیرکردنەوە و بڕیاردانە، بەڵکو دڵ بەرپرسیشە لە بیستن.

لە قورئاندا بە هیچ جۆرێك وە تەنانەت بۆ یەك جاریش ئاماژە بە مێشك نەکراوە، لە ڕوانگەی اللّٰەی عەرەب و ئیسلام، دڵ شوێنی بیرکردنەوەو تێگەیشتنە. دەیەها ئایەت لە قورئاندا هەن کە باسی دڵ دەکەن وەك ناوەندی بیرکردنەوە، بۆ نموونە ئایەتی ٤٦ سوورەتی الحج دەڵێت:

فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا

دڵێکیان دەبێت کە بە هۆیەوە بیردەکەنەوە.

# ئایەتی ١٠١-١٠٢

تِلْكَ الْقُرَى نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَائِهَا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ مِن قَبْلُ كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَىَ قُلُوبِ الْكَافِرِينَ

وَمَا وَجَدْنَا لأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ وَإِن وَجَدْنَا أَكْثَرَهُمْ لَفَاسِقِينَ

واتە: ئەی محمد، هەواڵی ئەو گوندانەت بۆ دەگێڕینەوە، وە پێغەمبەرانیان بە بەڵگەوە بۆ هات، وە نەبێت بڕوا بێنن بەوەی کە پێشوو نکۆڵیان لێ دەکرد، وە بەم شێوەیە الله مۆر لە دڵی کافرەکان دەدات.

وە بەدیمان نەکرد کە زۆربەیان پەیمانێکیان هەبێت، وە بینیمان کە زۆربەیان خراپەکارن.

(تِلْكَ الْقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَائِهَا ۚ وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ)، ئەو گوندانە کە هەواڵەکانیانمان بۆت گێڕایەوە، وە پێغەمبەرانیان بە بەڵگەوە بۆ هات: مەبەست لەو گوند و پێغەمبەرانە، ئەوانەن کە لە ئایەتەکانی پێشوو ئاماژەی پێکردن: قەومی نوح ،عاد و صالح، ثمود و هود، مەدیەن و شوعەیب، قەومی لوط.

(فَمَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا بِمَا كَذَّبُوا مِن قَبْلُ- وە نەبێت بڕوا بێنن بەوەی کە پێشوو نکۆڵیان لێی دەکرد)، ئەم دەقە زۆر ناڕۆشنە و قەولی جیا و جیاواز هەیە سەبارەت بە شرۆڤەکەی.

ئەو شرۆڤەی کە زۆرترین شرۆڤەکاران و ئەهلی علم لەسەری کۆکن ئەوەیە: الله بە هۆی زانستی پێشوەختەی دەیزانی کە باوەڕ ناهێنن. وە دەڵێن کاتێك الله لە پشتی ئادەم دەریهێنان و کردنی بە شایەت بە سەر

خودی خۆیان ئەوا بە زۆر ئیمانیان بە الله هێنا، بەڵام لە دڵەوە ئیمانیان نەهێنا، وەك ئایەتی ١٧٢ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ

وە كە خوداكەت لە پشتی كوڕەكانی ئادەم وەچەكانیانی دەرهێنا و كردنی بە شایەت بەسەر خودی خۆیان، (الله) گوتی ئەی من خوداكەتان نیم؟ گوتیان بەڵێ شایەتی دەدەین. الله گوتی دە نەكەن ڕۆژی قیامەت بڵێن ئێمە لەوە ئاگادار نەبووین.

شرۆڤەكاران دەڵێن: كاتێك الله هەموو مرۆڤایەتی لە پشتی كوڕەكانی ئادەم دەرهێناوە و كردوونی بەشایەت، هەندێكیان بە دڵ و بە گیان شایەتیان نەداوە كە الله خوداكەیانە.

ڕەنگ بێت ئەم شرۆڤەیە تا ڕادەیەكی زۆر ڕاست بێت، چونكە ئایەتی ١٠٢ دەڵێت، (وَمَا وَجَدْنَا لأَكْثَرِهِم مِّنْ عَهْدٍ)، وە بینیمان كە زۆربەیان هیچ پەیمانێكیان نییە، واتە دانیان نەناوە بە الله.

بەڵام پرسیار ئەوەیە: مادام دەتزانی ئیمان ناهێنن بۆچی پێغەمبەرت بۆیان دەنارد؟

هەرچەندە لە ئایەتی٥٩ سوورەتی القصص دەڵێت:

وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا ۚ وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ

وە ئەی محمد، خوداكەت گوندەكان وێران و قڕ ناكات تاوەكو پێغەمبەرێك بۆ گوندی دایكی (سەرەكیەكەی) نەنێرێت كە ئایەتەكانی ئێمەیان بە سەر

بخوێنێتەوە، وە بۆ ئێمە نەبووە گوندەکان قڕ بکەین مەگەر خەڵکەکەی ستەمکار بووبن.

واتە لەگەل ئەوەش الله بە هۆی زانستی پێشوەختەی زانیویەتی کە ئیمان ناهێنن، بەڵام پێغەمبەری هەر ناردووە بۆ ئەوەی بەڵگەیەکی بەدەستەوە بێت بۆ قڕکردنیان.

## ئایەتی ١٠٣-١٥٦

ئەم ٥٤ ئایەتە باسی موسا و فیرعەون و بنی ئیسرائیل دەکەن.

سەرگوزشتەی موسا لە ٢٩ سوورەتی قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، وە ناوی موسا ١٣٦ جار لە ٣٤ سوورەتدا هاتووە.

ئەگەر چیرۆکی موسا و بنی ئیسرائیل، وە پێغەمبەرانی بنی ئیسرائیل لە قورئان دەربهێنیت، ئەوا قورئان دەبێت بەناملیکەیەك.

## ئایەتی ١٠٣

ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَظَلَمُواْ بِهَا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ

ئینجا (دوای نوح و هود و صالح و لوط و شوعەیب) موسامان بە موعجیزەوە نارد بۆ لای فیرعەون و داردەستەکەی، ستەمیان لێ کرد، دە سەیرکەن چۆن بوو ئاکامی خراپەکاران.

"ها" لەم برگەیە (فَظَلَمُواْ بِهَا) بۆ مێینە بەکار دێت نەك بۆ نێرینە، وە (فَظَلَمُواْ) واتە "ستەمیان کرد"، موفەسیرەکان دەڵێت (ها) بۆ (ایات) کە مێینەیە دەگەڕێتەوە، بەڵام:

یەکەم: "ایات" کۆیە و تاك نییە تاوەکو (ها) بەکاربێت.

دووەم: ئەگەر مەبەست لە (ایات) بوایە ئەوا دەبوایە بڵێت(فَظَلَمُواْ بِهن) نەك (فَظَلَمُواْ بِهَا.)

سێهەم: ستەم لە موعجیزە "اية و ايات" ناکرێت بەڵکو نکۆڵی "تكذيب" دەکرێت، کەواتە ئەگەر مەبەستی لە ڕەتکردنەوەی موعجیزە بووایە، دەبوایە ئایەتەکە بڵێت" كَذَّبُواْ بها" یان " كَذَّبُواْ بهن".

کەواتە مەبەست لە ستەم، ستەمکردن لە موسایە، لە بەر ئەوە دەبوایە بڵێت " فَظَلَمُواْ بِه"، واتە ستمەیان لە موسا کرد.

## ئایەتی ١٠٤-١٠٥

وَقَالَ مُوسَى يَا فِرْعَوْنُ إِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ، حَقِيقٌ عَلَى أَن لاَّ أَقُولَ عَلَى اللَّهِ إِلاَّ الْحَقَّ قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِي إِسْرَائِيلَ

وە موسا گوتی ئەی فیرعەون، لە ڕاستیدا من نێردراوم لە لایەن خودای جیهانەکان، وە پێداگرم لەسەر ئەوەی هیچ شتێك نەڵێم لەسەر الله تەنها ڕاستی نەبێت، بە موعجیزەوە لە لایەن خوداکەتانەوە هاتووم، دەکەواتە نەوەی ئیسرائیلم لەگەڵدا بنێرە.

## ئایەتی ١٠٦

قَالَ إِن كُنتَ جِئْتَ بِآيَةٍ فَأْتِ بِهَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ

فیرعەون گوتی: ئەگەر بە ڕاستی بەڵگەیەکت (موعجیزەیەکت) هێناوە، دە بیخەڕوو، ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیەکانیت.

# ئایەتی ١٠٧-١٠٨

فَأَلْقَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ، وَنَزَعَ يَدَهُ فَإِذَا هِيَ بَيْضَاء لِلنَّاظِرِينَ

ئەوەبوو موسا گۆپاڵەکەی فڕێدا، یەکسەر بوو بە مارێکی گەورەی ئاشکرا، وە دەستی دەرهێنا، یەکسەر سپی بوو بۆ تەماشاکەران.

وەك هەموو شرۆڤەکاران دەڵێن (ثُعْبَانٌ) واتە مارێکی گەورەی نێرینە.

پێش ئەوەی موسا بگەڕێتەوە میسر و فیرعەون ببینێت، لە دۆڵێك ئاگرێك دەبینێت، وەك لە ئایەتی ٧ سوورەتی النمل هاتووە دەڵێت:

إِذْ قَالَ مُوسَى لِأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَارًا سَآتِيكُمْ مِنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ آتِيكُمْ بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ

کە موسا بە خانەوادەکەی گوت من ئاگرێکم بینیوە، هەواڵێکتان لە ئاگرەکە بۆ دێنم، یان بڵێسەیەکتان لە ئاگرەکە بۆ دێنم، بۆ ئەوەی خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە.

ئایەتی ٨-٩ دەڵێت:

فَلَمَّا جَاءَهَا نُودِيَ أَنْ بُورِكَ مَنْ فِي النَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا وَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، يَا مُوسَى إِنَّهُ أَنَا اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

کاتێك موسا هات بۆ لای ئاگرەکە دەنگێك هات و گوتی: پیرۆزە ئەوەی لە ناو ئاگرەکەیە و لە دەورووبەریەتی، وە شکۆمەندە اللە خودای جیهانەکان، (اللە گوتی)، ئەی موسا ئەوە منم لە ناو ئاگرەکە، لە ڕاستیدا من اللەی بە توانا و ژیرمەندم.

بەڵێ الله لە ئاگردا خۆی بەرجەستە کردووە.

لە ئایەتی ٣٠ سوورەتی القصص هاتووە:

فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ مِنْ شَاطِئِ الْوَادِ الْأَيْمَنِ فِي الْبُقْعَةِ الْمُبَارَكَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ أَنْ يَا مُوسَى إِنِّي أَنَا اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ

وە کاتێك موسا هات بۆ لای ئاگرەکە، لە کەناری ڕاستەی دۆڵەکە لە پارچەیەکی پیرۆز لە درەختێکدا بانگ کرا: ئەی موسا لە ڕاستیدا من اللهم خودای جیهانەکان.

ئەم دەقە پێمان دەڵێت الله اکبر لە درەختدا خۆی بەرجەستە کردووە.

وە شرۆڤەکاران دەڵێت، خۆی درەختێك بوو ئاگری گرتبوو بەڵام ئاگرەکە نەدەسوتا.

وە لە ئایەتی ١١-١٢ سوورەتی طه هاتووە:

فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ يَا مُوسَى، إِنِّي أَنَا رَبُّكَ فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى

وە کاتێك موسا هات بۆ لای ئاگرەکە، بانگ کرا ئەی موسا، ئەوە منم خوداکەت، نەعلەکانت داکەنە، لە ڕاستیدا تۆ لە دۆڵێکی پیرۆزیت.

ئینجا الله اکبر دوو موعجیزە بە موسا دەدات پێش ئەوەی بینێرێت بۆ لای فیرعەون.

یەکەم: گۆپاڵەکەی دەبێت بە مار، وەك لە ئایەتی ١٩-٢٠ سوورەتی طه هاتووە:

قَالَ أَلْقِهَا يَا مُوسَى، فَأَلْقَاهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَى

الله گوتی ئەی موسا گۆپاڵەکەت فڕێ بدە، هەرکە فڕێیدا بوو بە مارێك و دەجووڵا

دووەم: دەست سپی بوون.

ئایەتی ٢٢ سوورەتی طه دەڵێت:

وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ

وە دەستت بنووسێنە بە تەنیشتت بە سپێتی دێتە دەرەوە.

ئایەتی ١٢ سوورەتی النمل دەڵێت:

وَأَدْخِلْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ

وە دەستت بخەرە ناو گیرفانت بە سپێتی دێتە دەرەوە.

پرسیار ئایا الله فەرمانی بە موسا کردووە دەستی بە تەنیشتیەوە بنووسێنێت، وە یان دەستی بخاتە گیرفانیەوە؟

ئینجا الله اکبر فەرمان بە موسا دەکات بچێت بۆ لای فیرعەون، وەك لە ئایەتی ٢٤ سوورەتی طه هاتووە:

اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى

موسا بڕۆ بۆ لای فیرعەون یاخی بووە.

بەڵام لە ئایەتی ٤٢ سوورەتی طه هاتووە، کە الله اکبر فەرمان بە موسا و هارون دەکات بچن بۆ لای فیرعەون:

اذْهَبْ أَنْتَ وَأَخُوكَ بِآيَاتِي

ئەی موسا خۆت و براکەت(هارون) بە نیشانەکانم بڕۆن(بۆ لای فیرعەون).

ئایەتی ١٠٦-١٠٧ سوورەتی الاعراف دەڵێت، موسا لە پێش چاوی فیرعەون و پیاوەکانی ئەم دوو موعجیزەی ئەنجام داوە:

یەکەم: گۆپاڵەکەی فڕێداوە و یەکسەر بووە بە مارێکی گەورە.

دووەم: دەستی دەرهێناو یەکسەر سپی بوو.

الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێن، موسا پیاوێکی ئەسمەر بوو، کاتێك دەستی دەرهێنا، دەستی سپی بوو.

## ئایەتی ١٠٩-١١٠

قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ

يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ

یەکێك لە داروودەستەکەی فیرعەون گوتی: لە ڕاستیدا موسا ساحیرێکی زانایە، دەیەوێت لە خاکەکەتان دەرتان بکات، ئێوە فەرمان بە چی دەکەن؟

موفەسیرەکان نازانن کێ گوتوویەتی (يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ)، وە کێن ئەوانەی کە موسا دەیەوێت لە خاکەکەیان دەریان بکات؟

الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و البغوی لە معالم التنزیل و الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێن، (يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُمْ) واتە ئەی قیبتیەکان موسا دەیەوێت لە خاکەکەتان لە میسر دەرتان بکات.

وە دەڵێت، (فَمَاذَا تَأْمُرُونَ) فیرعەون گوتوویەتی فەرمان بە چی دەکەن؟

## ئایەتی ١١١- ١١٢

قَالُواْ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَأَرْسِلْ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ، يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ

دارودەستەکەی فیرعەون گوتیان، موسا و هارونی برای دەستبەسەر بکە، وە بۆ شارەکان بنێرە کە لە هەموو ساحیرێکی لێزان و لێهاتووت بۆ بێنن.

الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە {وَأَرْسِلْ فِي المَدَائِنِ حَاشِرِينَ} دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی: ئەوانە پۆلیس بوون کە فیرعەون ناردنی بۆ کۆکردنەوە و هێنانی ساحیرەکان، وە ژمارەیان ٧٢ کەس بوو.

## ئایەتی ١١٣-١١٤

وَجَاءَ السَّحَرَةُ فِرْعَوْنَ قَالُواْ إِنَّ لَنَا لأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ

قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ لَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ

دەڵێت: ساحیرەکانی فیرعەون هاتن و گوتیان: ئایا بە دڵنیاییەوە پاداشتمان دەبێت ئەگەر هاتوو ئێمە بەسەر موسا سەرکەوتین؟

فیرعەون گوتی: بەڵێ، ئەوسا ئێوە بە دڵنیاییەوە لە من نزیك دەبن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە ژمارەی ساحیرەکانی فیرعەون ١٣ قەول هەیە:

یەکەم: ٧٢ ساحیر بوون (ابن عباس).

دووەم: ٧٢ هەزار ساحیر بوون (ابن عباس).

سێهەم: ٧٠ ساحیر بوون (ابن عباس).

چوارەم: ١٢ هەزار (كعب).

پێنجەم: ٧٠ هەزار بوون بەڵام فیرعەون ٧ هەزاری هەڵبژارد.

شەشەم: ٧٠٠ هەزار ساحیر بوون بەڵام فیرعەون ٧٠ هەزاری هەڵبژارد.

حەوتەم: ٢٥ هەزار ساحیر بوون.

هەشتەم: ٩٠٠ ساحیر بوون.

نۆیەم: ٨٠ هەزار ساحیر بوون.

دەیەم: ٣٠ هەزار و هەندێك بوون.

یانزەم: ١٥ هەزار ساحیر بوون.

دوانزەم: ١٩ هەزار ساحیر بوون.

سێنزەم: ٤٠٠ ساحیر بوون.

وە دەڵێت، گەورە ساحیرەكەیان ناوی شمعون بوو.

## ئایەتی ١١٥-١١٦

قَالُواْ يَا مُوسَى إِمَّا أَن تُلْقِيَ وَإِمَّا أَن نَّكُونَ نَحْنُ الْمُلْقِينَ

قَالَ أَلْقُواْ فَلَمَّا أَلْقَوْا سَحَرُواْ أَعْيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ وَجَاؤُوا بِسِحْرٍ عَظِيمٍ

دەڵێت:

ساحیرەکان گوتیان: ئەی موسا یان تۆ فرێ بدە، وە یان ئێمە لەوانە دەبین کە فرێ دەدەن،

موسا گوتی: ئێوە فرێ بدەن. هەرکە فرێیان دا سحریان لە چاوی خەڵك کرد و خەڵکیان ترساند، وە سیحرێکی مەزنیان کرد.

## ئایەتی ١١٧-١٢٢

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ، فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ، فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ وَانقَلَبُواْ صَاغِرِينَ، وَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ، قَالُواْ آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ، رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ

الله اكبر دەڵێت: وەحیمان نارد بۆ موسا کە گۆپاڵەکەی فرێ بدات، (هەرکە فرێیدا) دەستی کرد بە هەڵلوشینی ئەو فرتوفێڵانەی کە دەیانکرد، ئەوەبوو ڕاستی جێگیر بوو ، وە ئەو شتانەی دەیانکرد بەتاڵ بۆوە، هەر لەوێ شکستیان هێنا و بە ڕیسوایی گەڕانەوە، وە ساحیرەکان کڕنۆشیان برد و گوتیان باوەڕمان هێنا بە خودای جیهانەکان، خودای موسا و هارون.

لە ئایەتی ٦٦ سوورەتی طه هاتووە دەڵێت:

قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى

موسا گوتی، بەڵکو ئێوە فرێ بدەن، (ئەوەبوو پەت و دارەکانیان فرێدا)، وە وا خەیاڵیان دەکرد لەو سیحرانەی کە کردیان، پەت و دارەکانیان دەجولێن.

واتە ساحیرەکانی فیرعەون پەت و داریان بەکارهێناوە.

ابن الجوزی لە زاد المسير دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی، ساحیرەکان باوەڕیان هێنا و ٦٠٠ هەزار لە نەوەکانی ئیسرائیل بە دوای موسا کەوتن.

ساحیرەکانی فیرعەون لەبەر چاوی فیرعەون کڕنۆشیان بردووە و گوتویانە: باوەڕمان هێنا بە خودای جیهانەکان، خودای موسا و هارون.

ئایەتی ٧٠ سوورەتی طە تەئکید دەکاتەوە کە ساحیرەکانی فیرعەون ئیمانیان هێناوە بە خودای بنی ئیسرائیل:

فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى

ساحیرەکان کڕنۆشیان کرد و گوتیان باوەڕمان هێنا بە خودای هارون و موسا.

وە هەروەها ئایەتی ٤٦-٤٨ سوورەتی الشعراء:

فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ، قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ، رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ

ساحیرەکان کڕنۆشیان برد و گوتیان باوەڕمان هێنا بە خودای جیهانەکان، خودای موسا و هارون.

پرسیار: ئایا ساحیرەکان گوتیان: باوەڕمان هێنا بە خودای جیهانەکان، خودای موسا و هارون، یان گوتیان باوەڕمان هێنا بە خودای هارون و موسا؟

ڕاستە لە رووی مەتنەوە جیاوازی نییە بەڵام ئەوە قسەی ساحیرەکانە، وە دەبێت کتوومت وەك خۆی بێت.

## ئایەتی ١٢٣-١٢٤

قَالَ فِرْعَوْنُ آمَنتُم بِهِ قَبْلَ أَن آذَنَ لَكُمْ إِنَّ هَذَا لَمَكْرٌ مَّكَرْتُمُوهُ فِي الْمَدِينَةِ لِتُخْرِجُواْ مِنْهَا أَهْلَهَا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ

لأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلافٍ ثُمَّ لأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ

فیرعەون بە ساحیرەکانی گوت: ئیمانتان بە خودای موسا و هارون هێنا پێش ئەوەی من مۆڵەتتان پێ بدەم؟ لە ڕاستیدا ئەوە فرتوفێڵێکە لە شارەکەدا کردووتانە بۆ ئەوەی خەڵکەکەی لێ دەربکەن، جا لە داهاتوو دەزانن (کە چیتان لێ دەکەم).

ئینجا فیرعەون بە ساحیرەکان دەڵێت: سوێند بێت دەست و قاچتان ڕاست و چەپ دەبڕم، ئینجا سوێند بێت دەبێت هەمووتان لە خاچ بدەم.

چەند تێبینیەك سەبارەت بە ئایەتی ١٢٤:

لأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلافٍ ثُمَّ لأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ

سوێند بێت دەست و قاچتان ڕاست و چەپ ببڕم، ئینجا سوێند بێت دەبێت هەمووتان لە خاچ بدەم، لە ئایەتی ٧١ سوورەتی طه دووبارە بۆتەوە و دەڵێت:

فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ

سوێند بێت دەست و قاچتان ڕاست و چەپ ببڕم و سوێند بێت لە قەدی دارخورما لە خاچتان بدەم.

وە ئایەتی ٤٩ سوورەتی الشعراء دەڵێت:

لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ

سوێند بێت دەست و قاچتان ڕاست و چەپ ببڕم، ئینجا سوێند بێت دەبێت هەمووتان لە خاچ بدەم.

یەکەم: بەڵگە مێژوویی و ئارکیۆلۆجیەکان پێمان دەڵێن کە لە خاچدان لە سەردەمی فیرعەونیەکان بە هیچ جۆرێك بوونی نەبووە.

لە خاچدان، بۆ یەکەم جار لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ئاشووری نوێ و بابلیەکان بەکارهاتووە، دواتر ڕۆمەکان بەکاریان هێناوە بۆ سزادانی تاوانباران.

محمد و نووسەرانی قورئان بینیوویانە کە ڕۆمەکان تاوانباران لە خاچ دەدەن، وایان زانیووە کە میسریە کۆنەکان و فیرعەونیەکان هەمان کاریان کردووە.

وە تەنانەت نووسەری قورئان لە ئایەتی ١٥٧ سوورەتی النساء، تووشی هەڵەیەکی کوشندە بووە، کاتێك سەبارەت بە المسیح دەڵێت:

وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ

وە نە کوشتیان و نە لە خاچیان دا.

نووسەری قورئان وایزانیووە کە مرۆڤ دەکوژرێت ئینجا لە خاچ دەدرێت، وایزانیووە کە فەرهەنگی ڕۆمەکان وەك فەرهەنگی عەرەب و صعالیکەکان بووە، کە خەڵك دەکوژن و هەتکی دەکەن ئینجا لە خاچی دەدەن.

وە نەیزانیووە کە ڕۆمەکان مرۆڤیان بە ساغی لە خاچ داوە تاوەکو مردووە.

دووەم: لەگەڵ ئەوەش قورئان فیرعەون وەك کەسێکی فاسد و بەدئەخلاق و سەرکێش ناوزەند دەکات، بەڵام اللهی عەرەب و ئیسلام فەرمان بە هەمان شێوازی سزا دەکات، کە فیرعەون بەکاری هێناوە دژ بە نەیارەکانی.

لە ئایەتی ٣٣ سوورەتی المائدة، اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ

بە دڵنیاییەوە سزای ئەو کەسانەی کە دژایەتی اللّٰه و پێغەمبەرەکەی دەکەن و خراپەکاری لە زەویدا بڵاودەکەنەوە، ئەوەیە کە دەبێت پارچەپارچە بکرێن یان لە خاچ بدرێن، وە یان دەست و پێکانیان ڕاست و چەپ ببڕدرێت.

واتە اللّٰهی ئیسلام فەرمان بە سزادانی نەیارەکانی دەکات بە شێوەیەك کە فیرعەونی فاسد و بەدئەخلاق بەکاری هێناوە.

## ئایەتی ١٢٥- ١٢٦

قَالُواْ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ

وَمَا تَنقِمُ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِآيَاتِ رَبِّنَا لَمَّا جَاءَتْنَا رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ

ساحیرەکان گوتیان: لە ڕاستیدا ئێمە بۆ لای خوداکەمان دەگەڕێینەوە، وە تۆ تۆڵەمان لێ ناکەیتەوە، تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە ئێمە باوەڕمان بە نیشانەکانی خوداکەمان هێناوە کاتێك بۆمان هات، ئەی خوداکەمان خۆڕاگریمان بەسەردا بپڕژێنە، و بە موسڵمانی بمانمرێنە.

بە گوێرەی ئایەتی ٧٢-٧٦ سوورەتی طه، ساحیرەکان بە فیرعەونیان گوتوە:

قَالُوا لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَاءَنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالَّذِي فَطَرَنَا ۖ فَاقْضِ مَا أَنتَ قَاضٍ ۖ إِنَّمَا تَقْضِي هَٰذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا، إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَايَانَا وَمَا أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ ۗ وَاللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ، إِنَّهُ مَن يَأْتِ رَبَّهُ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ، وَمَن يَأْتِهِ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُولَٰئِكَ

لَهُمُ الدَّرَجَاتُ الْعُلَىٰ،جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَاءُ مَن تَزَكَّىٰ

واته: (ساحیرەکان) گوتیان، سوێند بەوەی ئێمەی درووست کردووە، هەرگیز بۆ تۆ دەستبەرداری ئەوە نابین کە وەك نیشانە بۆمان هاتووە، جا هەرچیەکت لە دەست دێ بیکە، تۆ تەنها دەتوانیت بڕیاردەر بیت لە ژیانی دونیا، ئێمە بڕوامان بە خوداکەمان هێنا بۆ ئەوەی لە گوناهەکانمان و ئەو سیحرەمان کە تۆ بەسەر ئێمەت سەپاند خۆش بێت، وە الله چاکترە و هەر دەشمینێ، وە هەر کەسێك بە تاوانباری بێت بۆ لای خوداکەی، ئەوا دۆزەخی بۆ دەبێت کە تیایدا نە دەمرێت وە نە دەژیێت، وە هەر کەسێك بە باوەڕداری بێت بۆی لای و کاری چاکی کردبێت، بۆ ئەوانە پلەی باڵا هەیە، کە باغاتی عەدنە چەندەها ڕووبار لە ژێریەوە دەڕوات، وە ئەوە پاداشتە بۆ کەسانێك کە خۆیان لە گوناە پاك دەکەنەوە.

ئەو دەقانە پێمان دەڵێن، ساحیرەکان نەك تەنها ئێمان بە خودای بنی ئیسرائیل هێناوە بەڵکو ئەوا تێگەیشتنی تەواویان هەبووە سەبارەت بە لێپرسینەوە لە دوای مەرگ و سزاو پاداشت و دۆزەخ و بەهەشت.

بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز( تەورات):

یەکەم: هیچ کام لە ساحیرەکان ئیمانیان نەهێناوە.

دووەم: کاری موسا و هارون قەناعەت هێنان بە فیرعەون و دارودەسەتەکەی نەبووە کە ئیمان بە "یەهوەی- ئیلۆهیم" خودای بنی ئیسرائیل بێنن.

سێهەم:لە تەورات تەنانەت بۆ یەك جاریش ئاماژە بە دۆزەخ نەکراوە.

چوارەم: باغی عەدن کە لە تەورات ئاماژەی پێکراوە، ئەو شوێنە بووە ئادەم و حەوای تێدا درووست کراوە و ژیاوە، وە لە زەویدا بووە.

پێنجەم: بە هیچ جۆرێك لە تەورات ئاماژە بە ژیانی دوای مەرگ و بەهەشت نەکراوە.

نووسەری قورئان ئەم قسانەی لەسەر زمانی ساحیرەکانی فیرعەون کردووە، کە وێنای بەهەشتێکە کتوومت لە بەهەشتی ئیسلام دەچێت.

## ئایەتی ١٢٧

وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَوْنَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ

هەندێك لە دارودەستەکەی فیرعەون گوتیان: ئایا ڕێگا بە موسا و قەومەکەی (بنی ئیسرائیل) دەدەیت کە لە خاکەکە خراپەکاری بکەن؟ وە دەستبەرداری تۆ و خوداوەندەکانت بێت؟ (فیرعەون) گوتی، کوڕەکانیان دەکوژین و ژنەکانیان دەهێڵینەوە، وە ئێمە بەسەریاندا باڵادەستین.

دوو تێبینی و سەرنج سەبارەت بەم ئایەتە:

یەکەم: فیرعەون گوتوویەتی (سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ)، واتە، (کوڕەکانیان دەکوژین و ژنەکانیان لە ژیاندا دەهێڵینەوە).

وە لە ئایەتی ٦ سوورەتی ابراهیم دووبارە بۆتەوە، کە دەڵێت:

وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ

کوڕەکانی ئێوەی سەردەبڕی و ژنەکانتانی لە ژیاندا دەهێشتنەوە.

وه له ئایەتی ٢٥ سوورەتی غافر هاتووه:

قَالُوا اقْتُلُوا أَبْنَاءَ الَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ وَاسْتَحْيُوا نِسَاءَهُمْ

گوتیان کوڕەکانی ئەوانە بکوژن کە ئیمانیان لەگەڵیدا هێناوه، وه ژنەکانیان لە ژیاندا بهێڵنەوه.

هەڵبەتە نووسەری قورئان مەبەستی کوشتنی "کوڕو نێرینە" و هێشتنەوەی "کچ ومێینە"یە واتە "بنات و اناث"ە. لەبەر ئەوه دەبوایە ئایەتەکە بڵێت:

سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِي بَنَاتهم یان سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءَهُمْ وَنَسْتَحْيِي إِنَاثًهم

چونکە (نساء) لە زمانی عەرەبی بە مانای ژن دێت.

دووەم: ئایا فیرعەون خوداوەندی هەبووه وه یان ئیدعای خوداوەندی کردووه و گوتوویەتی من خودام؟

له ئایەتی ٣٨ سوورەتی القصص هاتووه:

وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَٰهٍ غَيْرِي

فیرعەون گوتی: ئەی داروودەستەکەم ئایا بە خودایەکتان زانیووه جگە لە خۆم؟

له ئایەتی ٢٣-٢٤ سوورەتی النازعات هاتووه:

فَحَشَرَ فَنَادَىٰ، فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ

(فیرعەون) خەڵکی کۆکردەوه و هاواری کرد و گوتی: لە ڕاستیدا من خودای هەرە مەزنتانم.

بەڵام ئایەتی ١٢٧ سوورەتی الاعراف دەڵێت فیرعەون خوداوەندی هەبووە.

وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ
ئایا ڕێگا دەدەیت کە دەستبەرداری تۆ و خوداکانت بێت؟

پرسیار: ئایا فیرعەون ئیدعای خوداوەندی دەکرد و دەیگوت من خوداوەندی هەرە مەزنم، وە یان فیرعەون خوداوەندی هەبوو؟

## ئایەتی ١٢٨

قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللَّهِ وَاصْبِرُواْ إِنَّ الأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ.

موسا بە قەومەکەی گوت، پشت بە الله ببەستن و خۆڕاگر بن، لە ڕاستیدا خاکەکە موڵکی اللهیە، بە میرات دەیدات بەو بەندانەی کە هەر خۆی ویستی لەسەرە، و سەرەنجام بۆ خوداپەرستانە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران سەبارەت بە (إِنَّ الأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ)دەڵیت، واتە خاکی میسر. واتە الله خاکی میسر دەدات بە جووەکان.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، موسا بە قەومەکەی گوت، ئەگەر پشت بە الله ببەستن و خۆڕاگر بن ئەوا ڕەنگ بێت الله خاکی فیرعەون و قەومەکەی بە ئێوە بدات.

## ئایەتی ١٢٩

قَالُواْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِيَنَا وَمِن بَعْدِ مَا جِئْتَنَا قَالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ

نەوەکانی ئیسرائیل بە موسایان گوت : پێش ئەوەی تۆ بێیت و دوای ئەوەی تۆ هاتیت هەر ئازار دراوین، (موسا) گوتی، بە هیوای ئەوەی خوداکەتان دوژمنەکەتان لەناوببات و قڕ بکات، وە لە خاکەکەیان بتانکات بە جێنشین، ئینجا (اللە) سەیرتان دەکات کە ئێوە چ کارێك دەکەن.

ئەگەر ئایەتی ١٢٨-١٢٩ بە یەکەوە بخوێنینەوە دەبینن قسەوباسێکە سەبارەت بە پێدانی خاکی فیرعەونیەکان بە جووەکان.

وە لە ئایەتی ٢٥-٢٨ سوورەتی الدخان، اللەی عەرەب و ئیسلام تەئکید دەکاتەوە کە لە دوای لەناوبردنی فیرعەون و قەومەکەی خاکی میسری داوە بە جووەکان.

كَمْ تَرَكُوا مِنْ جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ، وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ، وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ، كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْمًا آخَرِينَ

چەندەها باغ و کانیاویان لە دوای خۆیان جێهێشت، وە چەندەها کێڵگە وکۆشکوتەلاری بەنرخ، خێروبەرەکەتێکیش کە تیادا لەوپەڕ خۆشیدا بوون، وە بەم شێوەیە دامان بە گەلێکی دیکە.

واتە جووەکانمان کرد بە میراتگری خاکی فیرعەونیەکان، وە ئەوکات خاکی فیرعەونیەکان تەنها میسر نەبوو، بەڵکو بەشی باکووری سودانیشی لەخۆوە دەگرت.

لە ئایەتی ٥٧-٥٩ سوورەتی الشعراء اللەی عەرەب و ئیسلام تەئکید دەکاتەوە کە خاکی فیرعەونیەکانی داوە بە جووەکان.

فَأَخْرَجْنَاهُم مِّن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ، وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ، كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا بَنِي إِسْرَائِيلَ

له باغات و کانیاوەکان دەرمانکردن، وە گەنجینەکان و کۆشکوتەلارە بەنرخەکان، وە بەم جۆرە بنی ئیسرائیلمان (جووەکان) کرد بە میراتگرەوەی.

وە ئایەتی ١٣٧ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُوا يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا ۖ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَىٰ عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُوا ۖ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُوا يَعْرِشُونَ

ئینجا ئێمە، ئەو میللەتەی کە لە خۆرهەڵاتەکان و خۆرئاواکانی ئەو زەویەی پیرۆزمان کرد،کە دەچەوسێنرانەوە، کرد بە میراتگری خاکەکە، وە بەڵێنی هەرە چاکی خوداکەت بەسەر بنی ئیسرائیل (جووەکان) هاتە دی، بە هۆی ئەوەی خۆڕاگر بوون، وە هەرچیەك فیرعەون و قەومەکەی دروستیاندەکرد وە لە کۆشکوتەلارەکانیان وێرانمان کرد.

ئەم ئایەتە تەئکید دەکاتەوە کە اللهی عەرەب و ئیسلام خاکی فیرعەونیەکانی بە جووەکان داوە.

## ئایەتی ١٣٠

وَلَقَدْ أَخَذْنَا آلَ فِرْعَوْنَ بِالسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّن الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ

وە ئێمە خانەوادەی فیرعەونمان چەندەها ساڵ گرت، وە کەمبوونەوە لە بەرووبوومەکان، بۆ ئەوەی بیربکەنەوە.

ئەم ئایەتە زۆر نارێك و پێکە، وە لە ڕووی داڕشتنەوە زۆر ناتەواوە، ئەم ئایەتە بۆ ئەوەی مانا ببەخشێت دەبێت بەم شێوەیە بێت:

وَلَقَدْ أَخَذْنَا فِرْعَوْنَ و قومه بِنَقْصٍ مِّن الثَّمَرَاتِ سنينا لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ

واتە: فیرعەون و قەومەکەیمان گرت بە کەمکردنەوە لە بەرووبوومەکانیان بۆ چەندەها ساڵ.

## ئایەتی ١٣١

فَإِذَا جَاءَتْهُمُ الْحَسَنَةُ قَالُواْ لَنَا هَذِهِ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَطَّيَّرُواْ بِمُوسَى وَمَن مَّعَهُ أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللَّهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ

جا ئەگەر باشەیان بۆ دەهات ئەوا دەیانگوت ئەوە کاری خۆمانە، وە ئەگەر خراپەیەکیان تووشدەهات ئەوا دەیانگوت ئەوە شوومی موسا و ئەوانەیە کە لەگەڵیدان، ئەی مەگەر لە ڕاستیدا باشە و شووم لە لایەن اللەوە نییە؟ بەڵام زۆربەیان نازانن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، (فَإِذَا جَاءَتْهُمُ الْحَسَنَةُ) لە پیت و بەرەکەتی و ڕزق (قَالُواْ لَنَا هَذِهِ)، دەیانگوت، ئەوە بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە وە ئێمە شایستەین(وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ)، وە کە ناخۆشیەکیان تووشدەبوو، لە نەهاتی و وشکە ساڵی (يَطَّيَّرُوا بِمُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُ)، ئەوە بە هۆی موسایە و ئەوانەی لەگەڵیدان، وە ئەوەی هێناویانە.

(أَلا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِندَ اللَّهُ)، واتە هەموو ئەوانە بە باشە و بە خراپە لە لایەن اللەوەیە.

## ئایەتی ١٣٢

وَقَالُواْ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِ مِن آيَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ

وە (فیرعەون و دارودەستەکەی) گوتیان، ئەی موسا هەر نیشانەیەکمان بۆ بێنێت بە نیازی جادوولێکردن، ئەوا ئێمە باوەڕت پێناهێنین.

# ئایەتی ١٣٣

فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ آيَاتٍ مُّفَصَّلاتٍ فَاسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ

ئینجا ئیمە نیشانەی ئاشکرامان لە لافاو و کوللە و ئەسپێ و خوێن و بۆقمان ناردە سەریان، (چونکە) ئەوان خۆبەزلزان و خەڵکانێکی تاوانبار بوون.

بە گوێرەی تەورات موسا ١٠ موعجیزەی ڕوون و ئاشکرای بە فیرعەون و قەومەکەی نیشانداوە.

بەڵام ئایەتی ١٠١ سوورەتی الاسراء دەڵێت:

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ

وە نۆ موعجیزەی ئاشکرامان بە موسا دا.

یەکەم: گۆپاڵەکەی

دووەم: دەستی

سێهەم: تۆفان

چوارەم: کوللە

پێنجەم: ئەسپێ

شەشەم: بۆق

حەوتەم: خوێن

هەشتەم: کەمبوونەوەی بەرووبووم

بەڵام قورئان ئاماژەی بە هەشت موعجیزە کردووە.

وە لە ئیسلام: کولله و ئەسپێ و بۆق سەربازێکن لە سەربازەکانی الله.

یەکەم: کولله

الطبرانی لە معجم الاوسط و السیوطی لە الدر المنثورو البیهقی لە شعب الایمان، ئاماژەیان بە فەرموودەیەکی محمد کردووە کە گوتوویەتی:

لا تقتُلوا الجَرادَ فإنَّه جُندُ اللهِ الأعظَمُ

نەکەن کولله بکوژن چونکە مەزنترین سەربازەکانی اللەن.

دووەم: بۆق

محمد ڕێگای گرتووە لە کوشتنی بۆق:

لە صحیح سنن ابي داود (للالبانی)، فەرمودەیەك هاتووە کە دەڵێت:

أنَّ طبيبًا سأل النبيَّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ، عن ضُفدعٍ يجعلها في دواءٍ، فنهاه النبيُّ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ عن قتلِها

پزیشکێك پرسیاری لە پێغەمبەر کرد سەبارەت بە بۆق کە بیکات بە دەرمان، ئەوەبوو پێغەمبەر نەهی کرد لە کوشتنی بۆق.

وە لە صحیح ابن ماجة (للالبانی)، فەرموودەیەك هاتووە دەڵێت، محمد صلعم نەهی کردووە لە کوشتنی چوار زیندەوەر کە دانەیەکیان بۆقە.

الصُّرَدُ وَالضِّفْدَعُ و النَّمْلَةُ وَالْهُدْهُدُ

وە لە مصنف عبدالرزاق فەرمودەیەك هاتووە، عائیشە دەڵێت:

كَانَتِ الضُّفْدَعُ تُطْفِئُ النَّارَ عَنْ إِبْرَاهِيمَ، وَكَانَ الْوَزَغُ يَنْفُخُ فِيهِ، فَنُهِيَ عَنْ قَتْلِ هَذَا، وَأُمِرَ بِقَتْلِ هَذَا

بۆق ئاگەرەکەی ئیبراهیمی دەکوژراندەوە بەڵام مارمێلکە فووی پیادا دەکرد، لەبەر ئەوە (پێغەمبەر) نەهی کردووە لە کوشتنی بۆق و فەرمانی کردووە بە کوشتنی مارمێلکە.

وە لە سنن الکبری للبیهقی فەرموودەیەك هاتووە، کە دەڵێت:

لَا تَقْتُلُوا الضَّفَادِعَ فَإِنَّ نَقِيقَهَا تَسْبِيحٌ

بۆق مەکوژن چونکە دەنگەکەی تسبیحات و پیاهەڵدانە بە الله.

سێهەم : ئەسپێ

کوشتنی ئەسپێ، لە حاڵەتی حرام (لە شوێنە پیرۆزەکان و لە مانگە حرامەکان و لە کاتی حەج و عومرە) حرامە.

اما النووی لە المجموع دەڵێت: ناپەسەندە کە لە قژت یان لە ڕیشت بە دوای ئەسپێدا بگەڕێیت، وە ئەگەر ئەم کارەت کرد و ئەسپێیەکی لێ دەرچوو، ئەوا دەبێت سەدەقە (خێرێك) بکەیت تەنانەت ئەگەر بە لوقمە نانێکیش بێت.

ئایا ئیمام الشافعی (وە ئیمامەکانی تریش) لە خۆیانەوە نەهیان کردووە لە کوشتنی ئەسپێ لە حاڵەتی ئیحرام؟ هەرگیز، چونکە ئایەتی ١٩٦ سوورەتی البقرة دەڵێت:

وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ ۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ

له حەج و عومرە سەرتان مەتاشن تاوەکو قوربانیەکە بە شوێنی خۆی نەگات، ئەگەر کەسێك نەخۆش بوو یان دەردێك لە سەریدا بوو، (ئەوا بۆی هەیە قژی بتاشێت)، بەڵام دەبێت بەلاگێڕی (فیدية) بدات: بەرۆژووبوون یان سەدەقەیەك یان قوربانییەک بکات.

له صحيح البخاری و مسلم فەرموودەیەك هاتووە، کە کعب بن عُجْرَة گوتوویەتی، ئەم ئایەتە {فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ} لەسەر من دابەزی، دەڵێت منیان برد بۆ لای پێغەمبەری الله، وە ئەسپێ بەردەبۆوە سەر دەموچاوم، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی و پێغەمبەر گوتی قژت بتاشە، بەڵام دەبێت ٣ ڕۆژ بەڕۆژوو بیت، یان ٦ هەژار خواردن بدەیت یان مەڕێك بکەیت بە قوربانی.

وە محمد خۆی ئەسپێی هەبووە، بە گوێرەی فەرموودە صحیحەکان ٣ ژن لە قژی محمد بە دوای ئەسپێدا گەڕاون.

یەکەم: ام حرام بنت ملحان ژنی عبادة بن الصامت

له صحيح البخاری و مسلم ڕیوایەتێك هاتووە، کە انس بن مالك دەڵێت: پێغەمبەر سەردانی ام حرامی دەکرد، ام حرام خواردنی دەدا بە پێغەمبەر و قژی دەپشکنی بۆ ئەسپێ.

دووەم: زينب بنت جحش (ژنێك لە ژنەکانی محمد).

له سنن ابي داود ڕیوایەتێك هاتووە، کە زینب قژی محمدی دەپشکنی بۆ ئەسپێ.

سێهەم: ام سلمة (ژنێک لە ژنەکانی محمد).

لە المعجم الکبیر للطبرانی ڕیوایەتێك هاتووە، کە ام سلمة قژی محمدی دەپشکنی بۆ ئەسپێ.

وە لە المستدرك علی الصحیحین للحاکم و مسند احمد ڕیوایەتێك هاتووە، کە ابو سعید الخدری دەڵێت: کاتیك پێغەمبەر نەخۆش بوو سەردانیم کرد، وە پارچەیەك پەڕۆی پێدا درابوو، دەستم لە پەڕۆکەدا، بینیم تای پێغەمبەر زۆر گەرمە، ئەوەبوو گوتم ئەی پێغەمبەری اللّٰه تایەکەت زۆر گەرمە، دەڵێت پێغەمبەر گوتی ئێمەی پێغەمبەران بەم جۆرەین، دەردەکانمان چەند جارە دەبێتەوە لە چاو خەڵکانی تر بۆ ئەوەی پاداشتەکانمان چەند جارە بێتەوە، وە محمد دەڵێت، هەندێك لە ئێمەی پێغەمبەران بە ئەسپێ تووشی دەرد دەبینن تاوەکو دەمانکوژێت.

## ئایەتی ١٣٤

وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ الرِّجْزُ قَالُواْ يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا الرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِي إِسْرَائِيلَ

وە کاتێك سزاکانی ئێمەیان بەسەردا هات، گوتیان ئەی موسا لە خوداکەت داوا بکە، بەوەی کە پەیمانی بە تۆ داوە، ئەگەر ئەم سزایەمان لەسەر لابەرێت، سوێند بێت باوەڕت پێ بێنین، وە سوێند بێت بنی ئیسرائیلت لەگەڵدا بنێرین( واتە ڕێگا بە جووەکان بدەین لەگەڵتدا لە میسر دەربچن).

## ئایەتی ١٣٥

فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الرِّجْزَ إِلَى أَجَلٍ هُم بَالِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ

وە هەرکە سزاکەمان لە سەریان بۆ ماوەیەك لابرد ئەوا پەیمانەکەیان دەشکاند.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، { إِلَى أَجَلٍ هُم بَالِغُوهُ }، واتە: تاوەکو لە دەریا نوقوممان کردن { إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ } واتە: پەیمانەکەیان دەشکاند.

## ئایەتی ١٣٦

فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ

ئەوەبوو تۆڵەمان لێیان کردەوە و لە دەریا نوقوممان کردن، بە هۆی ئەوەی نکۆڵیان لە ئایەتەکانمان کرد، وە لەبەرامبەریدا بێباك بوون.

شرۆڤەکاران وەك الطبری و القرطبی و ابن کثیر دەڵێن، (الْيَمِّ) واتە دەریا.

" الْيَمِّ " وشەیەکی عیبریە و بە مانای دەریا دێت.

## ئایەتی ١٣٧

وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُواْ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُواْ وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُواْ يَعْرِشُونَ

ئینجا ئێمە ئەو میللەتەی کە لە خۆرهەڵاتەکان و خۆرئاواکانی ئەو زەویەی پیرۆزمان کرد،کە دەچەوسێنرانەوە، کرد بە میراتگری خاکەکە، وە بەڵێنی هەرە چاکی خوداکەت بەسەر بنی ئیسرائیل (جووەکان) هاتە دی، بە هۆی ئەوەی خۆڕاگر بوون، وە هەرچیەك فیرعەون و قەومەکەی دروستیاندەکرد، وە لە کۆشکوتەلارەکانیان وێرانمان کرد.

ابن الجوزی له زاد المسیر دەڵێت:

{وأورثنا القوم} واته بنی ئیسرائیلمان کرد به میراتگر. {الذین کانوا یُستَضعفون} واته: زەلیل کرابوون به سەربڕینی کوڕەکانیان و بەکارهێنانی ژنەکانیان و به کۆیلەکردنی پیاوەکانیان {مشارق الأرض ومغاربها} واته: خۆرهەلاتەکان و خۆرئاواکانی خاکەکە، ٣ قەول هەیە:

یەکەم: خۆرهەڵاتەکان و خۆرئاواکانی شام.

دووەم: خۆرهەڵاتەکانی خاکەکانی شام و میسر.

سێهەم: به شێوەیەکی ڕەها خۆرهەڵات و خۆرئاوای خاکەکە.

الطبری له جامع البیان دەڵێت، ( مَشَارِقَ الْأَرْضِ- خۆرهەڵاتەکانی خاکەکە) واته شام. وه دەڵێت (وَأَوْرَثْنَا) واته به میرات دامان به بنی ئیسرائیل.

القرطبی دەڵێت، ئایەتەکە ڕوونه که بنی ئیسرائیل خاکی قیبتیەکانیان وەك میرات پێدراوە. وه دەڵێت (مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا- خۆرهەڵاتەکانی خاکەکە و خۆرئاواکانی) واته شام و میسر.

ابن کثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت، الله ئاگادارمان دەکاتەوە که خاکەکەی داوە بەو میللەتەی که دەچەوسێنرانەوە – که بنی ئیسرائیلە- خۆرهەڵاتەکان و خۆرئاواکانی خاکەکەی پێیان داوە.

وه دەڵێت، (خۆرهەڵاتی خاکەکە) واته شام.

البغوی له معالم التنزیل دەڵێت، (مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا) واته شام و میسر.

السعدی له تفسیر کلام المنان دەڵێت، واته خاکی میسر.

الزمخشری له الکشاف دەڵێت: وە خاکەکە خاکی میسر و شامە کە الله داویەتی بە بنی ئیسرائیل، لە دوای فیرعەونیەکان و عمالقەکان.

الرازی له مفاتیح الغیب دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بەو خاکە. هەندێك دەڵێن، خاکی شامە، وە هەندێك دەڵێن میسر و خۆرئاواکەیەتی.

البیضاوی له انوار التنزیل دەڵێت، واتە خاکی شام، کە الله داویەتی بە بنی ئیسرائیل لە دوای فیرعەونیەکان و عمالقەکان.

الجلالین دەڵێن، واتە خاکی شام (تێبینی ئەم دوو جلالە ، السیوطی و المحلی میسری بوون، لەبەر ئەوە گوتوویانە میسر نییە و شامە).

الشوکانی لە فتح القدیر دەڵێت، واتە خاکی میسر و شام.

زۆر ڕوونە کە اللهی عەرەب و ئیسلام هەموو خاکی شام و میسری داوە بە جووەکان، کەچی ئێستا دەیانەوێت جووەکان لە ئیسرائیل (فەلەستین) دەربکەن بە دروشمی:

خیبر خیبر یا یهود جیش محمد سوف یعود

واتە: ئەی یهود خەیبەر خەیبەرتان لە یاد بێت،

سوپای محمد هەر دەگەڕێتەوە.

پرسیاری من لە مەلاکان ئەوەیە: هەر بە ڕاستی ئێوە بڕواتان هەیە کە قورئان وتەی خودایە؟ ئەگەر بڕواتان هەیە کە قورئان لە لایەن خوداوە بۆ محمد دابەزیووە، کێشەیەك نییە. بەڵام ڕوونە کە اللهکەتان میسر و شامی داوە بە جووەکان. کەواتە ئەو شیرە شیرِ و شیوەنەتان کە مینبەرەکانتان دەیکەن بۆ قودس و فەلەستین لە پای چییە؟

وە شام سوریا و لوبنان و فەلەستین و ئوردون دەگرێتەوە، وە خاکی فیرعەونیەکان سینا و میسر و باکووری سودان دەگرێتەوە.

ئەوەی ئێستا لە ژێر کۆنترۆلی جووەکانە زۆر زۆر کەمترە لەوەی الله اکبر پێیانیداوە. لە ڕاستیدا دەبێت موسڵمانان کۆشش بکەن بۆ ئەوەی هەموو ئەو خاکانە بکەوێتە ژێر کۆنترۆلی جووەکانەوە بۆ ئەوەی قسەی خوداکەیان بێتە دی، چونکە ئایەتەکە دەڵێت:

وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ

وە ئەی محمد، بەڵێنی جوانی خوداکەت بەسەر بنی ئیسرائیل هاتە دی.

بەڵام لە ڕاستیدا نەهاتۆتە دی، لەبەر ئەوە موسڵمانان دەبێت کاربکەن کە بێتەدی، ئەویش لە ڕێگای ئەوەی هەوڵ بدەن کە باکووری سودان و میسر و سینا و هەموو شام ببێت بە بەشێك لە خاکی جووەکان.

## ئایەتی ١٣٨-١٤٠

وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتَوْا عَلَى قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَى أَصْنَامٍ لَّهُمْ قَالُواْ يَا مُوسَى اجْعَل لَّنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ، إِنَّ هَؤُلاء مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ

قَالَ أَغَيْرَ اللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَهًا وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ

وە بنی ئیسرائیلمان لە دەریاکە پەڕاندەوە، ئەوەبوو هاتن بە سەر خەڵکانێك کە پابەندی بتەکانیان بوون، بنی ئیسرائیل بە موسایان گوت:
خوداوەندێکمان بۆ بێنە ئاراوە وەك چۆن ئەو خەڵکە خوداوەندیان هەیە،

موسا گوتی بەڕاستی ئێوە خەڵکانێکی نەزانن، ئەو حاڵەتەی ئەوانەی تێدایە تیاچوونە و هەر کارێك دەیکەن پووچەڵە.

وە موسا گوتی:ئایا ئێوە دەتانەوێت جگە لە الله خودایەکی ترتان بۆ بێنمە ئاراوە؟ لە کاتێکدا ئەو ئێوەی هەڵبژاردووە و پەسند کردووە بە سەر جیهانەکان.

قورئان لە چەندەها شوێندا دەڵێت: الله بنی ئیسرائیلی هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە بە سەر هەموو جیهانەکان.

وەك ئایەتی ٤٧ و ١٢٢ سوورەتی البقرة:

اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ

ئەی جووەکان ئەو چاکەی منتان لە یاد بێت کە بە ئێوەم بەخشی، وە لە ڕاستیدا من ئێوەم هەڵبژاردووە و پەسەند کردووە بەسەر جیهانەکان.

وە ئایەتی ١٦ سوورەتی الجاثية

وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ

وە ئەوانمان (جووەکان) هەڵبژاردووە و پەسەندمان کردوون بە سەر جیهانەکان.

واتە الله اکبر جووەکانی هەڵبژاردووە و پەسەند کردووە بە سەر موسڵمانانیش.

وە مەلاکان و زانایانی ئاینی ئیسلام درۆ لەگەڵ خەڵکدا دەکەن کە دەڵێن لە ئایەتی ١١٠ سوورەتی البقرة هاتووە کە موسڵمانان باشترین و چاکترین میللەتن.

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ

ئێوە باشترین و چاکترین میللەت بوون بۆ خەڵك هاتنە ئاراوە، فەرمان بە باشە دەکەن و ڕێگری لە خراپە دەکەن و بڕواتان بە الله هەیە.

لە شرۆڤەی سوورەتی البقرة، دەیسەلمێنم کە ئەم دەقە باس لە جووەکان دەکات و باس لە موسڵمانان ناکات.

## ئایەتی ١٤١

وَإِذْ أَنجَيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ يُقَتِّلُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَلاء مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ

الله دەڵێت: وە کە ئێوەمان لە خانەوادەی فیرعەون ڕزگار کرد کە بە خراپترین شێوە سزای دەدان، کە کوڕەکانی دەکوشتن و ژنەکانی دەژیاندن، وە لەمەدا تاقیکردنەوەیەکی مەزن هەبوو لە اللهوە بۆ ئێوە.

الطبری سەبارەت بە (وَفِي ذَلِكُم بَلاء مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ) دەڵێت، لە ئازاردانتان بە خراپترین شێوە، تاقیکردنەوەی و نیعمەتێکی مەزنی الله بوو بۆ ئێوە.

## ئایەتی ١٤٢

وَوَاعَدْنَا مُوسَى ثَلاثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً وَقَالَ مُوسَى لأَخِيهِ هَارُونَ اخْلُفْنِي فِي قَوْمِي وَأَصْلِحْ وَلاَ تَتَّبِعْ سَبِيلَ الْمُفْسِدِينَ

وە ژوانی سی شەوەمان لەگەڵ موسا دانا و دە شەوی تریشمان بۆی زیاد کرد، بەم جۆرە دیداری لەگەڵ خوداکەی چل شەو بوو، وە موسا بە

هارونی برای گوت، تۆ لە ناو قەومەکەم لە جێی من بە، و کاری چاك بکە و پیادەی ڕێگای خراپەکاران مەکە.

واتە الله اکبر ژوانی دیداری لەگەڵ موسا داناوە، وە لە سەرەتا بڕیار وابووە کە دیدارەکەیان تەنها سی شەو بێت، بەڵام کاتێك موسا دەچێت بۆ لای الله و لە دوای تەواوکردنی سی شەوەکە، دە شەوی تری بۆ زیاد دەکەن و ماوەی دیدارەکەیان دەبێت بە چل شەو.

ئاخۆ دەبێت بۆ دە شەویان زیاد کردبێت؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

صَامَ تِلْكَ الثَّلَاثِينَ لَيْلَهُنَّ وَنَهَارَهُنَّ، فَلَمَّا انْسَلَخَ الشَّهْرُ، كَرِهَ أَنْ يُكَلِّمَ رَبَّهُ وَرِيحُ فَمِهِ رِيحَ فَمِ الصَّائِمِ، فَتَنَاوَلَ شَيْئًا مِنْ نَبَاتِ الْأَرْضِ فَمَضَغَهُ، فَأَوْحَى اللَّهُ تَعَالَى إِلَيْهِ: لَا كَلَّمْتُكَ حَتَّى يَعُودَ فُوكَ عَلَى مَا كَانَ عَلَيْهِ، أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ رَائِحَةَ فَمِ الصَّائِمِ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ؟ وَأَمَرَهُ بِصِيَامِ عَشَرَةِ أَيَّامٍ

واتە: سی شەو و ڕۆژ موسا بەردەوام بەرۆژووبوو کاتێك لە دیداری الله بوو، کاتێك مانگەکە تەواو بوو، موسا بەلایەوە شیاو نەبوو کە قسە لەگەڵ خوداکەی بکات لە کاتێکدا بە هۆی بەرۆژووبوونیەوە بۆنی دەمی دەهات، ئەوەبوو ڕوەکێکی هەڵگرتەوە و خستیە دەمیەوە (بۆ ئەوەی بۆنەکە نەمینێت) ئەوەبوو الله وەحی بە موسا دا و گوتی:ئەی موسا  قسەت لەگەڵدا ناکەم تاوەکو دەمت وەك پێشووی لێنەیەتەوە، ئەی نازانیت کە بۆنی دەمی بەڕۆژوەوان لە لای من خۆشەویسترە لە بۆنی مسك؟ ئەوەبوو الله فەرمانی بە موسا کرد دە ڕۆژی تر بەرۆژوو بێت.

واتە بەم جۆرە دیداری الله و موسا بوو بە چل شەو و ڕۆژ.

القرطبی له الجامع لاحكام القران و البغوی له معالم التنزيل و الزمخشری له الكشاف و الرازی له مفاتيح الغيب و البيضاوی له انوار التنزيل و الجلالين له تفسير الجلالين والالوسی له روح المعانی هتد دەڵێن:

أَمَرَهُ أَنْ يَصُومَ الشَّهْرَ وَيَنْفَرِدَ فِيهِ بِالْعِبَادَةِ، فَلَمَّا صَامَهُ أَنْكَرَ خَلُوفَ فَمِهِ فَاسْتَاكَ. فَقَالَتِ الْمَلَائِكَةُ: إِنَّا كُنَّا نَسْتَنْشِقُ مِنْ فِيكَ رَائِحَةَ الْمِسْكِ فَأَفْسَدْتَهُ بِالسِّوَاكِ. فَزِيدَ عَلَيْهِ عَشْرُ لَيَالٍ مِنْ ذِي الْحِجَّةِ. وَقِيلَ : إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى أَوْحَى إِلَيْهِ لَمَّا اسْتَاكَ: يَا مُوسَى لَا أُكَلِّمُكَ حَتَّى يَعُودَ فُوكَ إِلَى مَا كَانَ عَلَيْهِ قَبْلُ، أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ رَائِحَةَ الصَّائِمِ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ. وَأَمَرَهُ بِصِيَامِ عَشَرَةِ أَيَّامٍ

الله فەرمانی بە موسا كرد كە مانگێك بەرۆژوو بێت، وە بەتەنها ئەم خوداپەرستيە بكات، كاتێك بەرۆژووبوو، بۆنی دەمی بەلاوە ناپەسەند بوو، ئەوەبوو سيواكی بەكارهێنا، فريشتەكان بە موسايان گوت: ئێمە كە بۆنی دەمی تۆمان هەڵدەمژی بۆنی مسكمان دەكرد، بەڵام تۆ بە سيواك بۆنەكەت تێكدا، ئەوەبوو داوای لێكرا دە شەو لە مانگی ذي الحجة بەرۆژوو بێت، وە دەڵێن كاتێك موسا سيواكی بەكارهێنا، وەحی نارد بۆ موسا: ئەی موسا قسەت لەگەڵدا ناكەم تاوەكو بۆنی دەمت وەك جارانی لێ نەيەتەوە، ئەی تۆ نازانيت كە بۆنی دەمی بەڕۆژوەوان لای من خۆشترە لە بۆنی مسك؟ ئەوەبوو الله فەرمانی پێی كرد دە شەوی تر بەڕۆژوو بێت.

واتە كردی بە چل شەو و ڕۆژ.

لە صحيح البخاری و مسلم فەرموودەيەكی محمد هاتووە، كە گوتوويەتی:

فَوَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بيَدِهِ، لَخُلْفَةُ فَمِ الصَّائِمِ، أَطْيَبُ عِنْدَ اللهِ مِن رِيحِ المِسْكِ

سوێند بەوەی گیانی محمدی بەدەستە، بۆنی دەمی ڕۆژوەوان لای الله خۆشترە لە بۆنی مسك.

کاتێك محمد کۆچ دەکات بۆ مەدینە، لە جووەکانی مەدینە پێی ڕادەگەیەنرێت کە لە سەرەتاوە وادە و دیداری "یهوە"ی خودای بنی ئیسرائیل لەگەڵ موسا چل شەو بووە، نەك سی شەو، محمد لە یەکەم سوورەتی مەدینە کە سوورەتی البقرەیە ئایەتی ٥١ دادەبەزێنێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکە. ئایەتەکە دەڵێت:

وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَى أَرْبَعِينَ لَيْلَةً

وە کە ژوانمان لەگەڵ موسا دانا بۆ چل شەو.

ئێستا نەمانزانی وادەکە و ژوانەکە ٣٠ یان چل شەو بوو؟

"واعد" واتە دوو کەس یان زیاتر وادە بۆ یەکتر دادەنێن کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و لە شوێنێکی دیاریکراو یەکتر ببینن. ئایا الله و موسا پێشئەوەی بەیەك بگەن بڕیاریان دابوو ٣٠ شەو یان ٤٠ شەو لەگەڵ یەکدا بن؟

تەنانەت الله اکبر، لە ئایەتی ٢ی لە سوورەتی الفجر، سوێند بەو ١٠ شەوە دەخوات کە درێژیکردۆتەوە بۆ دیدەنی موسای ئازیز و خۆشەویستی، دەڵیت، وَلَيَالٍ عَشْرٍ، (وە سوێند بە ١٠ شەوەکە).

شرۆڤەکارە درۆزانەکان، لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە دەڵێن، الله سوێند دەخوات بە ١٠ شەوی یەکەمی مانگی ذای الحجە.

# ئایەتی ١٤٣

وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَن تَرَانِي وَلَكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ

وە کە موسا بۆ دیدەنمان هات، وە خوداکەی قسەی لەگەڵدا کرد، موسا گوتی: خوداکەم خۆتم نیشان بدە با بتبینم، (اللە) گوتی هەرگیز ناتوانیت بمبینیت، بەڵام سەیری ئەو چیایە بکە، ئەگەر لە شوێنەکەی خۆی مایەوە، ئەوکات دەتوانیت بمبینیت، کاتێك خوداکەی بۆ چیاکە بەدیار کەوت، چیاکە وردوخاش بوو، وە موسا کەوت و بورایەوە، کاتێك بەئاگا هاتەوە، گوتی شکۆمەندیت، تۆبەم لە تۆ کرد، وە من یەکەم باوەڕدارم

سەرنج و تێبینی:

یەکەم: هەڵەی زمانەوانی دەقەکە:

لەسەرەتا اللە وەك قسەکەرێك قسە دەکات و دەڵێت، (وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا)،واتە، وە کە موسا هات بۆ دیدەنمان. ئینجا یەکسەر دەڵێت، (وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ) خوداکەی قسەی لەگەڵدا کرد.

وەك ئەوەی دوو خودا بوونیان هەبێت، لەسەرەتا خودای ژمارە یەك وەك قسەکەر قسە دەکات، ئینجا دەڵێت خوداکەی موسا قسەی لەگەڵ موسا کرد.

واته، لەم دەقەدا "خودا" لە قسەکەر و کەسی یەکەم یەکسەر دەبێت بە کەسی سێهەم. بۆ ئەوەی خودا وەك قسەکەر و کەسی یەکەم بمینێتەوە دەبێت بڵێت، (وَكَلَّمَناهُ (قسەمان لەگەڵیدا کرد، لە جیاتی (وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ).

ئینجا دەڵێت، (قَالَ لَن تَرَانِي)، واتە گوتی ناتوانیت بم بینیت. دەبێت بڵێت ( قلت لَن تَرَانِي) واتە گوتم ناتوانیت بمبینیت، وە یان (قلنا لَن تَرَانِي) گوتمان ناتوانیت بمبینیت.

ئینجا دەڵێت (فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا) وە هەرکە خوداکەی خۆی بە چیاکە نیشاندا چیاکە وردوخاش بوو. ئەم بڕگەیەش دەبێت بەم شیوەیە بێت: (فَلَمَّا تَجَلَّينا لِلْجَبَلِ جَعَلْناه دَكًّا)، وە هەرکە بۆ چیاکە بەدیارکەوتین چیاکەمان وردوخاش کرد.

ئەگەر دەقەکە دابڕێژینەوە ئەوا دەبێت بەم شێوەیە بێت:

وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكلَّمناهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ قلنا لَن تَرَانِي وَلَكِنِ انظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا تَجَلَّينا لِلْجَبَلِ جَعلناهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ

دووەم: چەندەها فەرموودە هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی وردوخاشبوونی چیاکان کاتێك الله خۆی نیشان دان.لێرەدا هەندێکیان ئاماژە پێدەکەین.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، ابو الشیخ لە "العظمة" فەرموودەیەکی اخراج کردووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

لَمَّا تَجَلَّى اللَّهُ لِمُوسَى كَانَ يُبْصِرُ دَبِيبَ النَّمْلَةِ عَلَى الصَّفَا فِي اللَّيْلَةِ الظَّلْمَاءِ مِنْ مَسِيرَةِ عَشَرَةِ فَرَاسِخَ

کاتێك الله خۆی به موسا نیشاندا، له دووری ١٠ فرسەخ له شەوێکی تاریکدا، مێرووله دەبینرا له سەر سەفا.

یەك "فرسخ" نزیك به ٦ کیلۆمەترە. واتە مێروولەیەك له دوری ٦٠ کیلۆمەتر دەبینرا.

وه السیوطی له الدر المنثور دەڵێت، ابن ابي حاتم و ابن مردوية و ابو الشيخ و الديلمي و ابو نعيم له "الحلية" فەرموودەیەکیان اخراج کردووە کە محمد صلعم گوتوویەتی:

مَّا تَجَلَّى اللَّهُ لِلْجَبَلِ طَارَتْ لِعَظَمَتِهِ سِتَّةُ أَجْبُلٍ، فَوَقَعَتْ ثَلَاثَةٌ بِالْمَدِينَةِ، أُحُدٌ وَوَرِقَانُ وَرَضْوَى، وَبِمَكَّةَ حِرَاءٌ وَثَبِيرٌ وَثَوْرٌ

کاتێك الله خۆی به چیاکه نیشاندا، بەهۆی مەزنی اللهوه ٦ چیا فڕین، ٣ دانەیان کەوتنە مەدینە، کە بریتین له ئوحد و وەریقان و ڕەزوا، وه ٣ دانەیان کەوتنە مەککە کە بریتین له حیرا و ثەبیر و ثور.

وه فەرموودەیەك له صحیح البخاری و مسلم و مسند احمد هاتووه، کە محمد گوتوویەتی:

فَإِنَّ النَّاسَ يُصْعَقُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَأَكُونُ أَوَّلَ مَنْ يُفِيقُ، فَإِذَا مُوسَى آخِذٌ بِقَائِمَةٍ مِنْ قَوَائِمِ الْعَرْشِ

خەڵك له ڕۆژی قیامەت دەبوورێنەوە، من یەکەم کەس دەبم بەئاگا دێمەوە، کاتێك به ئاگا دێمەوە دەبینم موسا پێچکەیەك له پێچکەکانی عەرشی اللهی گرتووه.

سێهەم: لە پەرتووکی پیرۆز خودا رۆحە و نابینرێت بەڵام دەتوانێت وتەی بەرجەستە بکات، بەڵام لە ئیسلامدا الله اکبر لە مرۆڤ دەکات و ئەندامەکانی لەشی هەیە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك بەڵگە دەکەم:

قورئان:

یەکەم: دانیشتن لە سەر عرش ( بگەڕێوە بۆ شرۆڤەی ئایەتی ٥٤ ئەم سوورەتە سوورەتی الاعراف).

دووەم: دوو دەستی هەیە (بگەڕێوە بۆ شرۆڤەی ئایەتی ٧٥ سوورەتی ص).

لە صحیح مسلم دوو فەرموودەی محمد هاتووە، کە لە یەکێکیان دەڵێت:

وَكِلْتَا يَدَيْهِ يَمِينٌ، واتە هەردوو دەستەکانی الله ڕاستەن.

وە لە فەرموودەکەی تردا دەڵێت:

طْوِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ السَّمَوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِيَدِهِ الْيُمْنَى ثُمَّ يَطْوِي الأَرَضِينَ بِشِمَالِهِ

الله لە ڕۆژی قیامەت ئاسمانەکان لوول دەدات، ئینجا بە دەستی ڕاستە دەیانگرێت، ئینجا چینەکانی زەوی لوول دەدات و بەدەستی چەپە دەیانگرێت.

سێهەم: قاچی الله (يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ) بگەڕێوە بۆ شرۆڤەی ئایەتی ٤٢ سوورەتی القلم.

چوارەم: قاچی الله

له صحيح مسلم و البخاری فەرموودەیەك هاتووە، كە دۆزەخ داوای زیاتر لە جنۆكە و مرۆڤ دەكات:

لا تَزالُ جَهَنَّمُ تَقُولُ: هلْ مِن مَزِيدٍ، حتَّى يَضَعَ فيها رَبُّ العِزَّةِ، تَبارَكَ وتَعالَى، قَدَمَهُ فَتَقُولُ: قَطْ قَطْ

تاوەكو الله قاچی دەخاتە ناو دۆزەخەوە، ئینجا دۆزەخ دەڵێت، بەس بەس،

وە هەروەك پێشوو گوتمان، كورسی شوێنی پێكانی اللهیە.

پێنجەم: چاوەكانی الله كوێر نین.

له صحيح البخاری فەرموودەیەك هاتووە محمد دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ لاَ يَخْفَى عَلَيْكُمْ، إِنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِأَعْوَرَ. وَأَشَارَ بِيَدِهِ إِلَى عَيْنِهِ.. وَإِنَّ الْمَسِيحَ الدَّجَّالَ أَعْوَرُ الْعَيْنِ الْيُمْنَى

الله لێتان شاراوە نابێت، الله كوێر نییە، وە پێغەمبەر بە دەستی نیشانەی كرد بۆ چاوەكانی، بەڵام مسیحی دەجال چاوی ڕاستەی كوێرە.

شەشەم: الله خاوەن لاشەیە.

وە له صحيح البخاری فەرموودەیەكی درێژی محمد هاتووە لە پەیوەست بە ڕۆژی قیامەت، لە فەرموودەكەدا دەڵێت:

فَيَأْتِيهِمْ اللَّهُ فَيَقُولُ أَنَا رَبُّكُمْ فَيَقُولُونَ هَذَا مَكَانُنَا حَتَّى يَأْتِيَنَا رَبُّنَا فَإِذَا جَاءَنَا رَبُّنَا عَرَفْنَاهُ فَيَأْتِيهِمْ اللَّهُ فِي صُورَتِهِ الَّتِي يَعْرِفُونَ فَيَقُولُ أَنَا رَبُّكُمْ فَيَقُولُونَ أَنْتَ رَبُّنَا فَيَتْبَعُونَهُ

الله دێت بۆ لای موسڵمانان و دەڵێت من خوداکەتانم، موسڵمان دەڵێن ئەوە شوێنمان دەبێت تاوەکو خوداکەمان دێت، هەرکاتێك خوداکەمان هات ئەوا ئێمە دەیناسینەوە، ئینجا الله لەم شیوەیە دێتەوە کە موسڵمانان دەیناسنەوە، وە دەڵێت من خوداتانم، موسڵمان دەڵێن وایە تۆ خودامانیت، ئینجا موسڵمان بە دوای الله دەکەون.

وە شیخ الاسلام ابن تیمیة لە بیان تلبیس الجهمیة ئاماژە بە فەرموودەیەکی صحیحی محمد دەکات کە گوتوویەتی:

رأيتُ ربِّي في صورةِ شابٍّ أمرَدَ له وَفرةٌ جعدٌ قططُ

واتە: خوداکەم بینی لە شێوەی گەنجێکی لووسی بێتووك، قژێکی زۆری لوولی هەبوو.

دەکرێت پێمان بڵێن ئەو لاشەیە لاشەی کێیە کە الله تیایدا بەدیار دەکەوێت؟

حەوتەم: مەڵاشو و ددان.

الطبری لە جامع البیان و ابن مندە لە الایمان و الدارقطنی لە رؤیة الله و ابي یعلی لە ابطال التأویلات، ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکەن کە گوتوویەتی:

فَيَضْحَكُ حَتَّى تَبْدُوَ لَهَوَاتُهُ وَأَضْرَاسُهُ

الله بە قاقا پێدەکەنێت تاوەکو مەڵاشو و ددانەکانی بەدیار دەکەوێت.

هەشتەم: دەم و چاوی الله

لە صحیح مسلم و البخاری فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە دەڵێت:

خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ طُولُهُ سِتُّونَ ذِرَاعًا

الله ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی درووستکردووە، درێژیەکەی ٦٠ گەز بووە.

وە لە صحیح مسلم فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:

إِذَا قَاتَلَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيَجْتَنِبِ الْوَجْهَ فَإِنَّ اللَّهَ خَلَقَ آدَمَ عَلَى صُورَتِهِ

ئەگەر لەگەڵ براکەت بە شەڕ هاتیت ئەوا خۆت لە لێدانی دەموچاوی بەدوور بگرە چونکە الله ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی درووستکردووە.

وە سەدەها فەرموودەی تر هەن کە دەیسەلمێنن اللەی عەرەب و ئیسلام لاشە و ئەندامەکانی لەشی هەیە.

## ئایەتی ١٤٤

قَالَ يَا مُوسَى إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ عَلَى النَّاسِ بِرِسَالاتِي وَبِكَلامِي فَخُذْ مَا آتَيْتُكَ وَكُن مِّنَ الشَّاكِرِينَ

(الله) گوتی ئەی موسا من تۆم بەسەر خەڵکدا هەڵبژاردووە، بە پەیامەکانمەوە وە ئاخاوتنم لەگەڵ تۆ، جا دەستبەوەبگرە کە بە تۆم داوە، وە لە سوپاسگوزاران بە.

ئەم دەقە ئاماژە بە دوو خاڵ دەکات:

یەکەم: الله لە ناو هەموو مرۆڤایەتیدا موسای هەڵبژاردووە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی.

دووەم: ڕاستەوخۆ بە ئاخاوتن قسەی لەگەڵ موسادا کردووە.

وە لە ئایەتی ٤١ سوورەتی طە هاتووە کە اللە بە موسا دەڵێت:

وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي

وە تۆم بۆ خۆم درووستکردووە.

وە ئایەتی ١٦٤ سوورەتی النساء دەڵێت:

وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا

وە اللە بە قسەکردن قسەی لەگەڵ موسا کرد.

لە صحیح البخاری فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە دەڵێت:

قَالَ لَهُ آدَمُ يَا مُوسَى اصْطَفَاكَ اللَّهُ بِكَلَامِهِ وَخَطَّ لَكَ بِيَدِهِ

ئادەم بە موسای گوت: ئەی موسا اللە تۆی هەڵبژارد بە قسەکردن لەگەڵتدا و بە دەستەکانی خۆی (تەوراتی) بۆت نووسی.

## ئایەتی ١٤٥

وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُواْ بِأَحْسَنِهَا سَأُرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ

وە هەموو شتێکمان لە ڕاسپاردە و لە ڕوونکردنەوە بۆ هەموو شتێك بە درێژی لە تابلۆکان بۆ موسا نووسی، دەکەواتە ئەی موسا بە توندی پابەندیان ببە و بیانگرە، وە فەرمان بە قەومەکەت بکە کە پابەندی باشترینیان ببن، وە لە ئاینده شوێنی خراپەکارانتان نیشان دەدەم.

لەم دەقەدا اللە دەڵێت:

یەکەم: لە" الأَلْوَاحِ" واتە تابلۆکان( واتە ٣ تابلۆ و زیاتر) هەموو شتێکمان بۆ موسا نووسی لە:

١-ڕاسپاردە، (١٠ ڕاسپاردەکە).

٢-ڕوونکردنەوە بە شێوەیەکی درێژ سەبارەت بە هەموو شتێك (تەورات).

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە (مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ) ڕوونکردنەوە سەبارەت بە هەموو شتێك لە فەرمانی اللە و نەهیەکانی.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:( وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الْأَلْوَاحِ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ)، واتە تەورات.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، وە ئەو تابلۆیانەی اللە بە موسایدا تەوراتیشیان تیا بوو.

البیضاوی لە انوار التنزیل دەڵێت، ئەو تابلۆیانە تەوراتیان تێدابوو.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن، {وَكَتَبْنَا لَهُ فِى ٱلأَلْوَاحِ}، واتە تابلۆکانی تەورات.

الشوکانی لە فتح القدیر دەڵێت: وە ئەو تابلۆیانە تەورات بوون.

وە تفسیر المیسر دەڵێت: واتە بۆ موسا لە تەورات هەموو شتێکمان نووسی کە لە ئاینەکەی پێویستی پێیەتی، لە حوکمەکان و ڕاسپاردە و لە حەرام و حەڵال و فەرمان و نەهی و چیرۆك و عەقیدە و هەواڵ و نادیارەکان (غیب).

السعدی لە کلام المنان دەڵێت: وە لە تابلۆکان هەموو شتێکمان لەو شتانەی کە بەندەکان پێویستیان پێیەتی لە ڕاسپاردە بۆ ئارەزوومەندکردنیان بۆ کاری چاکە و ترساندنیان لە کاری خراپە، وە ڕوونکردنەوە بە درێژی سەبارەت بە ئەحکامە شەرعیەکان و عەقیدە و ئەخلاق و ئادابمان بۆ موسا نووسی.

الطنطاوی لە تفسیر الوسیط دەڵێت (وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ)، واتە تەورات.

واتە الله تەوراتی بە دەستکانی خۆی نووسیوە و داویەتی بە موسا.

هەرچەندە بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆزی جووەکان ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نییە  و درۆیەکە نووسەری قورئان کردوویەتی.

لە تەورات هاتووە: کە ١٠ ڕاسپاردە کە لە دوو تابلۆدا بوون "یهوەی-ئیلۆهیم" خودای بنی ئیسرائیل بۆ موسا دەنووسێت. تابلۆی یەکەم چوار ئامۆژگاری و ڕاسپاردە لە خۆی دەگرێت، کە باس لە پەیوەندی جووەکان لەگەڵ یەهوەی دەکات:

یەکەم: من خوداتم و نابێت هیچ خودایەکی ترت هەبێت.

دووەم: نابێت بۆ هیچ پەیکەرێك و وێنەیەك نە لە ئاسمان و نە لە زەوی و نە لە ژێر دەریا کڕنۆش ببەیت و بیپەرستیت.

سێهەم: نابێت ناوی خوداکەتان بە درۆ و بۆ شتی پوچ بهێنن.

چوارەم: ڕۆژی ساباثت لە یاد بێت و بە پیرۆزی ڕایبگرە.

تابلۆی دووەم شەش ڕاسپاردە لە خۆی دەگرێت، کە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ ڕێکدەخات.

یەکەم: ڕێزی دایك و باوکتان بگرن.

دووەم: مەکوژن.

سێهەم: داوێنپیسی مەکەن.

چوارەم:دزی مەکەن

پێنجەم: درۆ مەکە و بە درۆ شایەتی لەسەر کەس مەدە.

شەشەم: چاو مەبڕنە ژن و ماڵ و سامانی خەڵک.

وە موسا خۆی تەورات دەنووسێتەوە، وەك تەورات و پەرتووکەکانی دوای تەورات پشڕاستی دەکەنەوە کە موسا خۆی تەوراتی نووسیوە. بۆ نموونە، لە سفر الخروج (کە یەکێکە لە پێنج پەرتووکەکەی تەورات) لە اصحاحی ٢٤ هاتووە:

فَكَتَبَ مُوسَى جَمِيعَ أَقْوَالِ الرَّبِّ

موسا هەموو قسەکانی خودای نووسی.

وَأَخَذَ كِتَابَ الْعَهْدِ وَقَرَأَ فِي مَسَامِعِ الشَّعْبِ

ئینجا موسا پەرتووکی پەیمانەکەی هەڵگرت و بۆ گەلی ئیسرائیلی خوێندەوە.

ئەوەی جێگای پێکەنینە لەم ئایەتە ئەم دەقەیە کە دەڵێت، (وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُواْ بِأَحْسَنِهَا)، واتە ئەی موسا فەرمان بە قەومەکەت بکە پابەندی ئەو بەشەی تەورات بن کە باشترینیانە.

پرسیار: قسەی خودا خراپترین و خراپ و باش و باشترینی تێدایە؟ یان هەر هەمووی باشن؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بەم بڕگەیەی ئەم ئایەتە دەڵێت:

(كأن فيها ما ليس بحسن) وەك ئەوەی بڵێت كە هەندێك شتی باشی تیدا نییە.

(سَأُرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ)، واتە (لە داهاتوو شوێن و خاكی خراپەكارانتان نیشاندەدەین) واتە خاكی جبابرة و عمالقەكان لە شام.

ئیمام الماوردی لە النكت و العیون دەڵێت، ئەم برگەیە بە شیوەیەكی تریش دەخوێندرایەوە:

سَأُوْرِثُكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ، واتە دەتانكەم بە میراتگری خاكی خراپەكاران.

ئەم بڕگەیە مەبەستی خاكی پیرۆزە، هەروەك لە ئایەتی ٢١ سوورەتی المائدة هاتووە موسا بە بنی ئیسرائیل دەڵێت:

يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ

ئەی قەومەكەم بڕۆنە ناو خاكی پیرۆزەوە كە الله لەسەرتانی نووسیوە.

دوای ئەو هەموو بەڵگەیە، چۆن موسڵمانان شەرم ناكەن كاتێك دەڵێن، محمد " اشرف الخلق و سید ولد ادم"ە

لێرەدا بە پێویستی دەزانم كە بەراوردێك لە نێوان موسا و محمد بكەم لە ڕوانگەی قورئانەوە:

یەكەم: موسا ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ خوداكەی كردووە. یەك دەقی قورئان نییە بڵێت كە خوداكەی موسا لە ڕێگای جبرائیلەوە یان فریشتەوە قسەی لەگەڵ موسادا كردبێت. بەڵكو هەموو دەقەكانی قورئان ئاماژە بەوە دەكەن كە خودای موسا ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ موسادا كردووە.

ئەی محمد؟

یەك دەقی قورئان نییە کە بڵێت محمد ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ خوداکەی کردبێت. محمد لە ڕێگای نێوەندێك گوایە وەحی بۆ دابەزیوە، کە لە سەرەتا خودی خۆی پێیوادەبێت شەیتان بووبێت. وە ناوی جبرائیل تەنها ٣ جار لە قورئاندا هاتووە، ئەویش لە سوورەتەکانی مەدینە

سورەتی البقرة ئایەتی ٩٧ و ٩٦ وە سوورەتی التحریم ئایەتی٤.

دووەم: خودای موسا، وادە و ژوان لەگەڵ موسادا دادەنێت، وە بۆ ماوەی چل شەو لەگەڵ یەکدا دەبن.

محمد خەون و ڕوئیای بەوە بینیوە.

سێهەم: خودای موسا خۆی لە درەختێك کە گڕی گرتووە بۆ موسا بەرجەستە دەکات.

چوارەم: خودای موسا بە دەستەکانی خۆی تەورات بۆ موسا دەنووسێت. بەڵام قورئانەکەی محمد، نووسەرانی وەحی دەینووسن.

پێنجەم: خودای موسا، موسا بە درووستکردن بۆ خۆی درووستدەکات.

هتد،،

زانایانی ئیسلام شەرم ناکەن کە دەڵێن "محمد اشرف الخلق و سید ولد ادم"ە؟

وە بە چ ئەقل و مەنتقێك دەڵێن ئەو پەرتووکە تحریف و دەستکاریکراوە، کە خودا بە دەستکانەی خۆی نووسیویەتی، لەکاتێکدا ئەو پەرتووکە تحریف و دەستکارینەکراوە کە مرۆڤ نووسیویەتی؟

له سوورەتەکانی داهاتوو وەڵام بە درۆی دەستکاریکردنی تەورات دەدەمەوە، وە دەیسەلمێنم کە ئەوە قورئانەکەتانە دەستکاریکراوە.

## ئایەتی ١٤٦

سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَإِن يَرَوْا كُلَّ آيَةٍ لاَّ يُؤْمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الرُّشْدِ لاَ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً وَإِن يَرَوْا سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ

ئەو کەسانەی کە بە ناهەق لە زەویدا فیز دەنوێنن، وە ئەگەر هەموو نیشانەیەك ببینن ئەوا باوەڕی پێ ناهێنن، وە ئەگەر ڕێگای ڕاست ببینن ئەوا نایگرنە بەر، وە ئەگەر ڕێگای سەرکێشی ببینن ئەوا دەیگرنە بەر، بە هۆی نکۆڵیکردنیان لە نیشانەکانمان و بێباك بوونیان لێی، ئەوا منیش لە نیشانەکانی خۆم وەریاندەسوڕێنم.

امام الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە { سَأَصْرِفُ عَنْ ءَاياتي الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ} دەڵێت، ٣ تێڕوانین هەیە:

یەکەم: الله دەڵێت وادەکەم لە قورئان تێنەگەن.

دووەم: گومڕایان دەکەم لە ڕینمایی وەك سزایەك بۆ کوفریان.

سێهەم: چاوی خۆم دەگرم لە ئاست تۆڵەکردنەوە لێیان.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:واتە ڕێگا دەگرم لە دڵی بەفیزەکان کە لە بەڵگەکانی مەزنیم و شەریعەتم و ئەحکامەکانم تێبگەن بە هۆی ملکەچ نەبوونیان بۆ من و لووتبەرزیان لە ئاست خەڵکدا بەبێ هەق. واتە: هەروەك چۆن بێ هەق لووتبەرز بوون ئەوا الله ڕیسوایان دەکات بە نەزانی.

هەروەك الله لە ئایەتی ١١٠ سوورەتی الانعام دەڵێت:

وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُوا بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ

واتە، وە دڵتەكانیان و گوێچكەكانیان ئاوەژووده‌كەین هەروەك ئەوەی یەكەم جار ئیمانیان نەهێنابێت، وە وەك ئایەتی ٥ سوورەتی الصف دەڵێت: فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ، واتە كاتێك دڵەكانیان بەلارێدا چوو ئەوا الله دڵەكانیانی بەلارێدا برد.

# ئایەتی ١٤٧

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَلِقَاء الآخِرَةِ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلاَّ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ

وە ئەوانەی نكۆڵیان لە ئایەتەكانمان و ڕۆژی دوایی كرد، كارەكانیان بەفیڕۆچووە، ئایا هیچ پاداشتێكیان دەدرێتەوە جگە لەوەی كە دەینكرد؟

# ئایەتی ١٤٨-١٤٩

وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِن بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلاً جَسَدًا لَّهُ خُوَارٌ أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لاَ يُكَلِّمُهُمْ وَلاَ يَهْدِيهِمْ سَبِيلاً اتَّخَذُوهُ وَكَانُواْ ظَالِمِينَ

وَلَمَّا سُقِطَ فِي أَيْدِيهِمْ وَرَأَوْا أَنَّهُمْ قَدْ ضَلُّواْ قَالُواْ لَئِن لَّمْ يَرْحَمْنَا رَبُّنَا وَيَغْفِرْ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ

وە قەومی موسا لە دوای موسا (كاتێك موسا چوو بۆ دیداری خوداكەی) لە خشڵەكانیان پەیكەری گوێرەكەیەكیان دروستكرد كە بۆڕەی دەهات. ئایا نەیاندەبینی كە قسەیان لەگەڵدا ناكات و بۆ ڕێگای (ڕاست) ڕێنماییان

ناکات؟ بەڵام هەر (وەك خوداوەند) بەخۆیانەوە گرت، وە ئەوانە ستەمکار بوون.

وە کاتێك لە دەستەکانیان دەرچوو (واتە کارێکە بە هەڵە کردوویانە و لە دەستیان دەرچووە) وە بینیان کە گومڕا بوون گوتیان ئەگەر خوداکەمان بەزەییمان پێ نەکات و لێمان نەبوورێت ئەوا بە دڵنیاییەوە لە دۆڕاوەکان دەبین.

وە ئایەتی ٥١ سوورەتی البقرة دەڵێت:

وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَىٰ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ

وە کە ژوانمان لەگەڵ موسا دانا بۆ ماوەی چل شەو ئینجا ئێوە ئەی بنی ئیسرائیل، لە دوای موسا، گوێرەکەیەکتان وەك خوداوەند بە خۆوە گرت وە ئێوە ستەمکار بوون

وە ئایەتی ٨٧-٨٨ سوورەتی طه دەڵێت:

قَالُوا مَا أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَكِنَّا حُمِّلْنَا أَوْزَارًا مِنْ زِينَةِ الْقَوْمِ فَقَذَفْنَاهَا فَكَذَلِكَ أَلْقَى السَّامِرِيُّ، فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ فَقَالُوا هَذَا إِلَهُكُمْ وَإِلَهُ مُوسَى فَنَسِيَ

بنی ئیسرائیل بە موسایان گوت: ئێمە سەرپێچی بەڵێنەکەی تۆمان نەکردووە، بەڵام ئێمە بارێکی زۆری جوانکاریەکانی قەومی فیرعەونیەکانمان هەڵگرتبوو، ئەوەبوو ئێمە فڕێماندا، وە بەهەمان شێوە السامری فڕێیدا، ئەوەبوو(السامری) بۆیان لاشەی گوێرەکەیەکی هێنایە ئاراوە کە بۆڕەی دەهات، ئەوەبوو گوتیان ئەوە خوداکەتانە و خودای موسایە، وە موسا لە بیری کردووین.

ئەم ئایەتانە پێمان دەڵێن کە دوای ئەوەی موسا دەڕوات بۆ دیداری خوداکەی و چل ڕۆژ و شەو ون دەبێت، بنی ئیسرائیل ئەو خشڵ و زێڕ و زیوانەی لەگەڵ خۆیان لە میسرەوە هێنابوویان کۆدەکەنەوە و دەیکەن بە پەیکەری گوێرەکەیەك کە بۆڕەی دێت، و دەیپەرستن، وە دەڵێن موسا زۆری پێچوو و ئێمەی لە بیرکردەوە.

بەڵام ئەوەی سەیرە لۆجیکی اللەی عەرەب و ئیسلامە کە دەڵێت: أَلَمْ يَرَوْا أَنَّهُ لاَ يُكَلِّمُهُمْ، واتە ئایا بنی ئیسرائیل نەیاندەبینی کە گوێرەکە قسەیان لەگەڵدا ناکات؟

پرسیاری من ئەوەیە: بۆ خودا قسە لەگەڵ خەڵك دەکات؟ لایەنی کەم گوێرەکەکە بۆڕەی هاتووە.

تەنانەت اللەی عەرەب و ئیسلام، قسەی لەگەڵ حبیبەکەی، خۆشەویستەکەی کە محمدە نەکردووە.

## ئایەتی ١٥٠-١٥١

وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ بِئْسَمَا خَلَفْتُمُونِي مِن بَعْدِيَ أَعَجِلْتُمْ أَمْرَ رَبِّكُمْ وَأَلْقَى الأَلْوَاحَ وَأَخَذَ بِرَأْسِ أَخِيهِ يَجُرُّهُ إِلَيْهِ قَالَ ابْنَ أُمَّ إِنَّ الْقَوْمَ اسْتَضْعَفُونِي وَكَادُواْ يَقْتُلُونَنِي فَلاَ تُشْمِتْ بِيَ الأعْدَاء وَلاَ تَجْعَلْنِي مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ

قَالَ رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلأَخِي وَأَدْخِلْنَا فِي رَحْمَتِكَ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ

دەڵێت:

وە کاتێك موسا گەڕایەوە بۆ لای قەومەکەی، بە توڕەیی و غەمباریەوە گوتی: بە ڕاستی لە دوای من جێنشینێکی (خراپ بوون)، ئەوە پەلەتان کردن لە بڕیاری خوداکەتان؟ وە تابلۆکانی فڕێدا، قژی براکەی(هارون) گرت و بۆ لای خۆی رایکێشا، (هارون) گوتی، کوڕی دایکم بە ڕاستی قەومەکە تەنگیان پێ هەڵچنیم، وە خەریك بوو بمکوژن، دڵی دووژمنان بە من خۆش مەکە، وە من لەگەڵ خەڵکانێکی ستەمکار دامەنێ.

موسا گوتی: خوداکەم لە من و لە براکەم (هارون) خۆشبە، وە بمانخە ژێر بەزەییەکەت، وە هەر خۆت بە بەزەیترینی بە بەزەییەکانیت.

ئایەتی ٩٢-٩٤ سوورەتی طه، سەبارەت بە هەمان ڕووداو دەڵێت:

قَالَ يَا هَارُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوا، أَلَّا تَتَّبِعَنِۖأَفَعَصَيْتَ أَمْرِي، قَالَ يَا ابْنَ أُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِيۖإِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي

موسا گوتی، ئەی هارون چی وای لێکردیت ڕێگایان لێ نەگریت کاتێك بینیت گومڕابوون؟ وە چی وای لێکردیت کە پیادەی ڕاسپاردەکانم نەکەیت؟ ئایا سەرپێچی فەرمانەکانی منت کرد؟ هارون گوتی، ئەی کوڕی دایکم نە ڕیشم بگرە وە نە قژم بگرە، من ترسام کە بڵێیت تۆ هۆکاری دووبەرەکی بنی ئیسرائیل بوویت و گوێت بە قسەی من نەدا.

پرسیار: ئایا موسا تەنها قژی هارونی گرت، وە یان ڕیش و قژی گرت؟

لە سوورەتی البقرة ئاماژە بەوە دەکەین کە چۆن نووسەری قورئان فەلتەیەکی گەورەی داوە و هەڵەیەکی مەزنی کردووە کاتێك ئاماژەی بە السامری کردووە. چونکە السامری لەسەردەمی موسا بوونی نەبووە.

## ئایەتی ١٥٢-١٥٣

إِنَّ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ سَيَنَالُهُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَذِلَّةٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُفْتَرِينَ

وَالَّذِينَ عَمِلُواْ السَّيِّئَاتِ ثُمَّ تَابُواْ مِن بَعْدِهَا وَآمَنُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ

ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

لە ڕاستیدا ئەوانەی کە گوێرەکەکەیان وەك خوداوەند بەخۆوە گرت، تووڕەییەك لە خوداکەیان بە دەست دەهێنن، وە ڕیسواییەکیش لە ژیانی دونیا، وە ئێمە ئەوها سزای ئەو کەسانە دەدەین کە درۆ بە دەمی خوداوە هەڵدەبەستن.

وە ئەوانەی کاری خراپیان کرد ئینجا دواتر تۆبەیان کرد و ئیمانیان هێنا، ئەوا خوداکەت (ئەی محمد) دوای ئیمانهێنانیان بە دڵنیاییەوە لێبووردە و بە بەزەییە.

## ئایەتی ١٥٤

وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ أَخَذَ الأَلْوَاحَ وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ

وە کاتێك تووڕەیی موسا دامرکایەوە تابلۆکانی گرت، لە نووسینەکانیدا ڕێنمایی و بەزەیی هەبوو بۆ ئەوانەی کە لە خوداکەیان دەتۆقن.

بە گوێرەی تەورات، کاتێك موسا دەبینێت بنی ئیسرائیل خەریکی پەرستنی گوێرەکەیەکی دروستکراون، تووڕە دەبێت و تابلۆکان فڕێدەدات، وە

تابلۆکان دەشکێن، وە جارێکی تر یەهوەی خودای بنی ئیسرائیل بۆ موسا دەنووسێتەوە.

بەڵام هەڵبەتە نووسەری قورئان و محمد ئاشنایەتی تەواویان بە تەورات نەبووە، لەبەر ئەوە دەبینیت کە لە کاتێکدا زۆربەی چیرۆکەکانیان لە توراسی یهودی وەرگرتووە بەڵام ناتەواو و ناکامڵن، وە هەڵەی زۆریان تێدایە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، زۆرێك لە شرۆڤەکاران دەڵێن، کاتێك موسا تابلۆکانی فڕێدا، تابلۆکان شکان، ئینجا دوای ئەوە کۆیکردنەوە. وە دەڵێت تابلۆکان لە گەوهەری بەهەشت بوون.

## ئایەتی ١٥٥

وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلاً لِّمِيقَاتِنَا فَلَمَّا أَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ قَالَ رَبِّ لَوْ شِئْتَ أَهْلَكْتَهُم مِّن قَبْلُ وَإِيَّايَ أَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ السُّفَهَاء مِنَّا إِنْ هِيَ إِلاَّ فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَاء وَتَهْدِي مَن تَشَاء أَنتَ وَلِيُّنَا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الْغَافِرِينَ

الله دەڵێت: ئینجا موسا لە قەومەکەی ٧٠ پیاوی هەڵبژارد بۆ دیدەنمان، کاتێك تووشی (زەوی) هەژانەکە بوون (موسا) گوتی، خوداکەم ئەگەر پێشوو بتویستایە ئەوا من و ئەوانت لەناوبەریت، ئایا لەناومان دەبەیت بە هۆی ئەو کارەی هیچ و پووچەکانمان کردیان؟ وە ئەوە تەنها تاقیکردنەوەیەکی خۆتە، لە رێگایەوە خەڵکانێك کە هەر خۆت دەتەوێت گومڕا دەکەیت، وە هیدایەتی کەسانێك دەکەیت کە هەرخۆت دەتەوێت، تۆ گەورەی ئێمەیت، دە لێمان خۆشبە و بەزەییت پێمان بێتەوە وە تۆ چاکترینیت لە لێخۆشبوون.

ابن الجوزی له زاد المسير سه‌باره‌ت به (وَاخْتَارَ مُوسَى قَوْمَهُ سَبْعِينَ رَجُلاً لِّمِيقَاتِنَا -موسا ٧٠ پیاوی له قه‌ومه‌که‌ی هه‌ڵبژارد بۆ دیده‌نمان) ده‌ڵێت، چوار قه‌ول هه‌یه:

یه‌که‌م: ئه‌و دیده‌نیه که الله بۆ موسای دیاریکردبوو بۆ ئه‌وه‌ی ته‌وراتی لێ وه‌ربگرێت.

دووه‌م : دیده‌نێك بوو الله بۆ موسای دیاریکردبوو چونکه هه‌ندێك له بنی ئیسرائیل ده‌یانگوت، موسا ڕاست ناكات و قسه له‌گه‌ڵ خودا ناكات.

سیهه‌م: دیده‌نێك بوو الله بۆ موسا و كۆمه‌ڵێك له بنی ئیسرائیل دیاری کردبوو بۆ ئه‌وه‌ی داوای لێبووردنی لێ بکه‌ن.

چواره‌م: دیده‌نێك بوو الله بۆ موسا و ٧٠ پیاوی بنی ئیسرائیل دیاری کردبوو.

گرنگ زوو زوو موسا دیده‌نی هه‌بووه له‌گه‌ڵ خوداکه‌ی.

## ئایه‌تی ١٥٦

وَاكْتُبْ لَنَا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَا إِلَيْكَ قَالَ عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاء وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ

وه له‌م دونیایه و له ڕۆژی دوایی چاکه‌مان بۆ بنووسه، له ڕاستیدا ئێمه هیدایه‌ت کراوین بۆلای تۆ، (الله) گوتی، ئه‌شکه‌نجه‌که‌م تووشی که‌سانێك ده‌بێت که خۆم ویستم له‌سه‌ره، وه به‌زه‌ییه‌که‌م هه‌موو شتێکی گرتۆته‌وه،

وە بۆ ئەوانە دەنووسم کە خوداپەرستن و زەکات دەدەن، وە بروا بە نیشانەکانمان دەهێنن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ئەم بەشەی ئایەتە (وَاكْتُبْ لَنَا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَا إِلَيْكَ- لەم دونیایەو لە ڕۆژی دوایی چاکەمان بۆ بنووسە، وە لە ڕاستیدا ئێمە هیدایەت کراوین بۆ لای تۆ)، نیزای موسایە.

الله لە وەڵامدا دەڵێت: هەر کەسێك خۆم ئارەزوو بکەم ئازار و ئەشکەنجەی دەدەم، وە ڕەحمەتەکەم هەموو شتێکی گرتۆتەوە بۆ کەسانێك کە خوداپەرستن و زەکات دەدەن و ئیمانیان بە نیشانەکانمان هەیە.

لە صحیح البخاری و مسلم فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:

جَعَلَ اللَّهُ الرَّحْمَةَ مِائَةَ جُزْءٍ فَأَمْسَكَ عِنْدَهُ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ جُزْءًا وَأَنْزَلَ فِي الْأَرْضِ جُزْءًا وَاحِدًا فَمِنْ ذَلِكَ الْجُزْءِ يَتَرَاحَمُ الْخَلْقُ حَتَّى تَرْفَعَ الْفَرَسُ حَافِرَهَا عَنْ وَلَدِهَا خَشْيَةَ أَنْ تُصِيبَهُ

الله بەزەیی کردووە بە سەد بەش، ٩٩ بەشی لای خۆی گڵداوەتەوە، وە تەنها یەك بەشی دابەزاندووە بۆ سەر زەوی، وە بە هۆی ئەم بەشەوە هەموو مەخلوقات بەزەییان بەیەکتر دێتەوە، تەنانەت بە هۆی ئەم بەشەوە ئەسپ سمەکانی بەرز دەکاتەوە نەکا بە بێچوەکەی بکەوێت.

وە لە صحیح البخاری فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:

إنَّ اللَّهَ كَتَبَ كِتابًا قَبْلَ أنْ يَخْلُقَ الخَلْقَ: إنَّ رَحْمَتي سَبَقَتْ غَضَبِي، فَهو مَكْتُوبٌ عِنْدَهُ فَوْقَ العَرْشِ

اللّٰه بەر لەوەی مخلوقات درووستبكات، لە سەرەوەی عەرشەكەی نووسیویەتی: ڕەحمەتم پێش تووڕەییم كەوت.

وە لە صحيح الجامع (للالبانی) هاتووە كە دەڵێت:

إِنَّ رحمتي غلبتْ غضَبِي

ڕەحمەتم بەسەر تووڕەییم زاڵ بوو.

وە بە گوێرەی فەرموودەیەك كە لە السيرة الحلبية للحلبي و كنز العمال للمتقى الهندى و المصنف للعبدالرزاق هاتووە، اللّٰهی عەرەب و ئیسلام یۆگا دەكات بۆ ئەوەی كۆنترۆلی توڕەییەكەی بكات:

محمد دەڵێت كاتیك لەگەڵ جبرائیل بۆ ئاسمانەكان سەركەوتم و گەیشتینە ئاسمانی شەشەم، جبرائیل گوتی، ئەی محمد جارێك بوەستە چونكە اللّٰه نوێژ دەكات. دەڵێت گوتم:

اهو يصلي؟ قال: نعم، قال: وما صلاته؟ قال: يقول: سبوح قدوس، رب الملائكة والروح، سبقت رحمتي غضبي.

ئایا اللّٰه نوێژ دەكات؟ گوتی بەڵێ، گوتم نوێژەكەی چۆنە؟ گوتی دەڵێت "سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ، رَبُّ الْمَلَائِكَةِ وَالرُّوحِ، رَحْمَتِي سَبَقَتْ غَضَبِي"

واتە اللّٰه نوێژ دەكات و لە كاتی نوێژكردن ئەم وشانە دەڵێتەوە: تسبیحات دەكەم و پیرۆزە، خودای فریشتەكان و ڕۆح، ڕەحمەتم پێش تووڕەییم كەوت.

وه ابن كثير له تفسيرى (إِنَّ اللَّه وَمَلَائِكَته يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيّ- له ڕاستیدا الله و فریشتەکانی نوێژ لەسەر پێغەمبەر دەکەن)، دەڵێت، عطاء بن ابي رباح گوتوویەتی واتە:

نوێژەکەی الله واتە: سُبُّوح قُدُّوس سَبَقَتْ رَحْمَتِي غَضَبِي

گرنگ الله یۆگا دەکات بۆ ئەوەی تووڕەیی دابمرکێتەوە و ڕەحمەتی بەسەر توڕەییەکەی زاڵ بێت.

وه له صحیح البخاری، فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە دەڵێت، ڕەحم خۆی بە دۆخینی ئیزاری اللهوە گرت و گوتی بەرت نادەم.

خَلَقَ اللَّهُ الخَلْقَ، فَلَمَّا فَرَغَ مِنْهُ قَامَتِ الرَّحِمُ، فَأَخَذَتْ بِحَقْوِ الرَّحْمَنِ، فَقَالَ لَهُ: مَهْ، قَالَتْ: هَذَا مَقَامُ العَائِذِ بِكَ مِنَ القَطِيعَةِ، قَالَ: أَلاَ تَرْضَيْنَ أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ، وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ، قَالَتْ: بَلَى يَا رَبِّ، قَالَ: فَذَاكِ

کاتێك الله له درووستکردنی مەخلوقاتەکانی تەواو بوو، ڕەحم دۆخینی ئیزاری ڕەحمانی (الله) گرت، الله گوتی چی بووە؟ بەرمدە، ڕەحم گوتی ئەوە ئەو شوێنەیە کە من پەناگەی بۆ دەبەم لە هەر کەسێك کە پەیوەندی نزیکایەتی دەبرێت. الله بە ڕەحمی گوت: ئایا ڕازی نابیت کە پەیوەندیم هەبێت لەگەڵ کەسێك کە پێت دەگات؟ وە پەیوەندی ببڕم لەگەڵ کەسێك کە پەیوەندیت لەگەڵ دەبڕیت؟ ڕەحم گوتی، بەڵێ ئەی خوداکەم. الله گوتی ئەوە بۆ تۆ.

الفيومي له المصباح المنير في غريب الشرح الكبير دەڵێت: الْحَقْوُ مَوْضِعُ شَدِّ الْإِزَارِ وَهُوَ الْخَاصِرَةُ

(الحقو) شوێنی توندکردنی ئیزارە، واتە نێوقەد.

الله ئیزار لەبەر دەکات و نێوقەدی هەیە. سبحان الله.

## ئایەتی ١٥٧

الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُواْ بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ

ئەوانەی شوێنکەوتووی ئەو پێغەمبەرە هەواڵدەرەن کە نەیخوێندووە دەبینن کە لە لایەن لە تەورات و ئینجیل ناوی نووسراوە، فەرمانیان پێ دەکات بە چاکە و نەهیان لێ دەکات لە خراپە، وە شتە نایابەکانیان بۆ حەلال دەکات و پیسەکانیان لێ حەرام دەکات. وە ئەو بارگرانی و کۆتانەی کە لە سەریان بوو، لە ئەستۆیان لادەبات، وە ئەوانەی باوەڕیان پێی هێنا و پشتیوانی و پاڵشتیان کرد و پیادەی ئەو ڕووناکیەیان کرد کە لەگەڵیدا دابەزی، ئەوا ئەوانە لە براوەکانن.

ئەم ئایەتە ئیدعای چەند شتێك دەکات:

یەکەم: کە ئاماژە بە ناوی پێغەمبەرێکی هەواڵدەری کراوە کە " أُمِّيَّ"یە.

دووەم: وە دەڵێت ناوی ئەم پێغەمبەرە هاتووە لە ئینجیل و تەورات.

سێهەم: دەڵێت ئەم پێغەمبەرە فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە دەکات. وە شتانێکی باش حەلال دەکات و شتانێکی خراپ حەرام دەکات.

چوارەم: بارگرانی و گوناهی ئەو کەسانە ناهێڵێت کە ئیمانی پێ دەهێنن.

پێنجەم: ئەو پێغەمبەر کاتێك دابەزیووە لەگەڵیدا ڕووناکی دابەزیووە.

الجلالين له تفسير الجلالين دەڵێن:

{ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلأُمِّيَّ}، واته محمد صلعم {ٱلَّذِى يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرِىٰةِ وَٱلإِنجِيلِ}، به ناوی و سیفاتەکانی {يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ}، ئەوەی حەرام کراوە لە شەریعەتیان {وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ}، وەك مرداربوو و شتی هاوچەشن {وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ} بارگرانیەکانیان {وَٱلأَغْلَٰلَ}، سەختیەکانیان {ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ} وەك تۆبە قبوڵکردن ئەگەر بکوژیت، وە نەهێشتنی پاشماوەی پیسی {فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ}، له یهودی و مەسیحیەکان{وَعَزَّرُوهُ} پشتیوانی و پاڵپشتیان کرد {وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ}، واته قورئان {أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ}.

ئەگەر ئەوە پوخت بکەینەوە بۆ تێگەیشتن: دەڵێت:

مەبەست له پێغەمبەر و هەواڵدەرێك که نەیخوێندۆتەوە، محمدە، وە مەبەست دەبینین له لایەن له تەورات و ئینجیل ئاماژەی پێکراوە، واته به ناو و سیفاتەکانیەوە، مەبەست له فەرمانیان پێ دەکات به چاکه و نەهیان لێ دەکات له خراپە، وە شتانێکی نایابیان بۆ حەلال دەکات، واته ئەوەی حەرام کراوە له شەریعەتی یهودی و مەسیحیەکان، وە مەبەست له شتانێکی پیسیان لێ حەرام دەکات، وەك گۆشتی ئاژەڵی مردارەوەبوو، وە مەبەست له بارگرانی و سەختەکانیان لەسەر لادەبات، واته گوناه، مەبەست لەوانەی که لەسەریان بوو، واته قبووڵکردنی تۆبه ئەگەر کەسێکت به ناهەق کوشتبێت، مەبەست له ئەوانەیان که ئیمانیان پێی هێناوە، واته مەسیحی و یهودی.

تێبینی و سەرنج:

"ٱلْأُمِّىَّ" لەم ئایەتە و لە ئایەتەکانی هاوچەشن "ٱلْأُمِّىَّ" بە مانای نەخوێنەوار نایەت بەڵکو بە مانای کەسێك یان خەڵکانێك دێت کە پێشووتر پەرتووکی ئاسمانیان بۆ دانەبەزیبێت، یان پەرتووکی ئاسمانیان نەخوێندبێتەوە.

وەك ئایەتی ١٥٥-١٥٦ سوورەتی الانعام دەڵێت:

وَهَـٰذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ

أَن تَقُولُوا إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَىٰ طَائِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ

وە ئەوە پەرتووکێکە دامانبەزاند (قورئان) پیرۆزە، پیادەی بکەن، وە بترسن بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێبکرێت.

وە نەکەن هیچیتر بڵێن لە ڕاستیدا لە پێش ئێمە پەرتووك بۆ دوو تائیفە (یهودی و مەسیحی) دابەزی، وە ئێمە لە ڕاستیدا لە خوێندنەوەی ئەم دوو پەرتووکە تێنەدەگەیشتین.

(الأُمِّيَّ) واتە کەسێك یان خەڵکانێك پێشووتر پەرتووکیان نەخوێندبێتەوە وە یان پەرتووکی ئاسمانیان بۆ دانەبەزیبێت.

وە (الأُمِّيَّ)، چەمکێکە کە جووەکان بۆ هەموو ئەو میللەتانە بەکاریان هێناوە کە یهودی نەبوون، هەروەك چۆن عەرەب چەمکی عەجەم بەکاردەهێنێت بۆ هەموو ئەو میللەتانەی عەرب نین.

محمد خوێندەوار بوو، هەم بە بەڵگەی قورئان هەم بە بەڵگەی سونە و توراسی ئیسلامی.

ئایەتی ٢ سوورەتی الجمعة دەڵێت:

هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ

ئەو بوو (الله) بوو کە لە ناو " الْأُمِّيِّينَ" پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردن،(بۆ ئەوەی) ئایەتەکانی بۆیان بلێتەوە، وە لە گوناه پاکتان بکاتەوە و فێرە نووسین و حیکمەتیان بکات لەگەڵ ئەوەش لە پێشوودا لە گومڕاییەکی ڕووندا بوون.

بزانە ئەم ئایەتە عەرەبی بە " الْأُمِّيِّينَ" واتە ئەوانەی کە پێشوو پەرتووکی ئاسمانیان بۆ دانەبەزیووە یان نەخوێندۆتەوە.

وە محمدی ناردووە بۆیان بۆ چەند مەبەستێك:

یەکەم: قورئانیان بۆ بلێتەوە (یتلو)

دووەم: لە گوناه پاکیان بکاتەوە (يُزَكِّيهِمْ)

سێهەم: فێرە نووسین و حیکمەتیان بکات (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ)

وە ئەوکاتەی ئەم ئەم ئایەتانە دابەزیون قورئانێکی نووسراو لەبەردەست نەبووە بۆ ئەوەی بلێن (وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ) بە مانای فێرکردنی پەرتووك بێت.

(کتاب) لە قورئاندا بە مانای نووسین، وە بە مانای پەرتووك هاتووە.

ئایەتی ١٥١ سوورەتی البقرة تەئکید دەکاتەوە لەو ڕاستیەی ئاماژەمان پێکرد:

كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِنْكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُمْ مَا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ

ئەم ئایەتە تەئکید دەکاتەوە کە محمد نێردراوە بۆ ئەوەی ئایەتەکان بۆ خەڵکی دوورگەی عەرەب بڵێتەوە و لە گوناە پاکیان بکاتەوە و فێرە نووسین و حیکمەتیان بکات.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت: وە محمد فێرە شتانێکتان دەکات کە پێشووتر نەتاندەزانی.

وە لە ئایەتی ١٦٤ سوورەتی ال عمران هەمان شت دووبارە بۆتەوە کە دەڵێت:

لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ

موسڵمان ئاماژە بە ئایەتی ٤٨ سوورەتی العنكبوت دەکەن بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن کە بیسەلمێنن محمد نەخوێنەوار بووە. ئایەتەکە دەڵێت:

وَمَا كُنتَ تَتْلُواْ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَـٰبٍۢ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَ

وە ئەی محمد تۆ پێش قورئان هیچ پەرتووکێکت نەدەخوێندەوە، وە نە بە دەستی ڕاستەت دەتنووسی.

ئەگەر کەسێك پەرتووك نەخوێنێتەوە و نەنووسێت ئایا مانای ئەوەیە کە خوێنەوارە؟ هەرگیز

هەیە دەزانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت بەڵام پەرتووك ناخوێنێتەوە، وە نووسەر نییە بۆ ئەوەی وتار یان پەرتووك بنووسێت.

الطبری لە جامع البیان لە تفسیری ئایەتی ٢٠ سوورەتی ال عمران (وَقُلْ لِلَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ) دەڵێت:

ئەی محمد بە یەهودی و مەسیحیەکان وە بە "الأُمِّيِّينَ" واتە ئەوانەی پەرتووکی -ئاسمانیان بۆ دانەبەزیووە- لە موشریکەکانی عەرەب بڵێ ئایا ئیسلام بوون؟

وە الطبری دەڵێت: محمد بن جعفر بن الزبیر سەبارەت بە " وقل للذين أوتوا الكتاب والأميين " گوتوویەتی واتە " الذين لا كتاب لهم" ئەوانەی پەرتووکیان- پەرتووکی ئاسمانیان- نییە.

الطبری شرۆڤەکارێکی بلیمەت بووە، وە زانیویەتی "الأُمِّيِّينَ" واتە خەڵکانێك کە پێشوو پەرتووکی ئاسمانیان بۆ دانەبەزیووە.

وە چەندەها بەڵگەی سونە هەیە کە محمد خوێنەوار بووە. کە بە پیویستی نازانم ئاماژەیان پێبکەم چونکە بەڵگەکانی قورئان کافین.

{جِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ}، واتە ناوی محمد لە تەورات و ئینجیل ئاماژەی پێکراوە.

ئیمام الشافعی لە "الام" و البیهقی لە السنن الكبرى ئاماژەیان بە فەرموودەیەکی صحیحی محمد کردووە کە گوتوویەتی:

البيِّنةِ على المدَّعي

بەڵگە لەسەر ئەو کەسەیە کە ئیدعای شتێك دەکات.

واتە محمد و اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەبێت بەڵگەیان بهێنایە کە لە کوێی تەورات و ئینجیل ئاماژە بە محمد و سیفاتەکانی کراوە.

به تایبەتی ئیسلام ئیدعا دەکات کە اللّٰەی ئیسلام هەمان خودای یهودی و مەسیحیەکانە، وە هەمان خودا قورئان و ئینجیل و تەورات و زەبووری دابەزاندووە.

لە قورئان شتی زۆر هیچ و پوچ و بێکەڵك ئاماژەی پێکراوە، وە پڕیەتی لە دووبارە، بۆ نموونە لە سوورەتی الرحمن ٣١ جار ئەم ئایەتە دووبارە بۆتەوە کە دەڵێت:

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ( دە بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکوڵیی دەکەن)

وە قورئانەکەتان هونەربازی کردووە لە ئازار و ئەشکەنجەکانی دۆزەخ و لە وەسفی حۆریەکان و ولدان و غلمانەکان.

بۆچی اللّٰە اکبر بەڵگەی نەدەهێنایەوە کە لە تەورات و ئینجیل ئاماژە بە محمد کراوە. دەیتوانی بڵێت لە فولانە اصحاح و لە فولانە پەرتووکی تەورات و ئینجیل ئاماژە بە محمد کرابوو، وە دەقەکە بەم شێوەیە ئاماژەی بە محمد دەکرد.

محمد و اللّٰە ٢٣ ساڵ دەرفەتیان هەبوو، ئەم کارە بکەن، بۆچی نەیانکرد؟

وە ئەگەر بڵێن تەورات و ئینجیل تحریف کراوە، کە لە سوورەتەکانی دواتر دەرژێمە سەر ئەو بابەتە و دەیسەلمێنم کە ئەوە درۆیەکی زاناکانی ئیسلامە و قورئان ئیدعا ناکات کە تەورات و ئینجیل تحریف کرابن.

بەڵام ئەگەر گریمان تحریف کرابن، بۆچی اللّٰە اکبر نەیدەگوت بەم شێوەیە و لە فولانە شوێنی تەورات و ئینجیل ئاماژە بە محمد کرابوو.

ئەی هەر خۆی تەوراتە ئەسلیەکە و ئینجیلە ئەسلیەکەی لە تابلۆی پارێزراوی ئاسمان لانییە؟

{أْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ} واته له تەورات و ئینجیل نووسراوە کە محمد فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە دەکات، وە شتە نایابەکان حەلال دەکات و خراپەکان حەرام دەکات.

تاوەکو دابەزینی ئەم ئایەتە (ئایەتی ١٥٧ سوورەتی الاعراف) نەمبینی کە اللەی عەرەب و ئیسلام شتێکی حەرام کربێت، وە یان شتێکی حەڵاڵ کردبێت. وە دواتر ئایەتەکە دەڵێت، محمد حەرام و حەلال دەکات؟ ئایا لە ئیسلام الله حەرام و حەلال دەکات، وە یان محمد حەرام و حەلال دەکات؟

وە قورئانەکەتان سەبارەت بە خۆراك جگە لە گۆشی بەراز شتێکی تری حەرام نەکردووە. تەنانەت بە گوێرەی قورئانەکەتان باربیکیوی(برژاندن) سیسارك و چەلاوی مشك و سەروپێی جورج حەلالە. (لە سوورەتەکانی دواتر دەرژێمە سەر ئەو بابەتە).

محمد هەر ١٠ دانە لە ڕاسپاردەکانی موسای خستۆتە ژێر پێکانیەوە، ئەو ڕاسپاردانەی کە بە دانپێدانانی قورئان خوداوەندی بۆ موسای نووسیوە.

خوداکەی محمد جیایە لە خودای بنی ئیسرائیل واتە "یهوەی-ئیلۆهیم" جیایە لە الله اکبر کە خوداوەندی عەرەبە.

لە ١٠ ڕاسپاردەکە هاتووە کە نابێت کڕنۆش بۆ هیچ پەیکەرێکی ئاسمانی و زەوی و دەریایی ببردرێت، موسڵمانان کڕنۆش بۆ بەردێکی ڕەش دەبەن.

وە محمد کوشتوویەتی و تاڵانیی کردووە و زینا و داوێنپیسی کردووە و چاوی بڕیوەتە ژن و ماڵی خەڵك.

{وَاتَّبَعُواْ النُّورَ الَّذِيَ أُنزِلَ مَعَهُ} پیادەی ئەو ڕووناکییە بکەن کە لەگەڵ محمد دابەزی.

مەبەست لە ڕووناکی، وەك شرۆڤەکاران دەڵێن قورئانە.

ئەم دەقە پێمان دەڵێت قورئان و محمد بەیەکەوە لە ئاسمانەکان دابەزیوون.

پرسیار ئایا محمد لە ئاسمانەکان دابەزیووە؟

وە ئەوەی لە هەمووی سەیرترە لەم ئایەتە ئەوەیە کە دەڵێت: ئەوانەی بوون بە ئیسلام دەڵێن لە تەورات و ئینجیل ئاماژە بە ناوی محمد کراوە

واتە:

یانی خوداوەندی ئیسلام بێئاگایە لەوەی ئاماژە بە ناوی محمد کرابێت لە تەورات و ئینجیل.

وە ئەم ئایەتە لە مەککە دابەزیووە. ئایا هیچ یەهودی و مەسیحیەك هەبوو کە لە ماوەی مەککە ببێت بە موسڵمان؟

بە کورتی نەخێر نەبووە.

## ئایەتی ١٥٨

قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ

ئەی محمد بڵێ، ئەی خەڵكینە لە ڕاستیدا من پێغەمبەری اللهم بۆ ئێوە گشتتان، ئەو اللهیەی کە هەر بۆ ئەوە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی، هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، هەر ئەو دەژیێنێت و دەمرێنێت، دە باوەڕ بێنن بە الله و پێغەمبەرەکەی هەواڵدەرە ئومیەکەی، کە خۆی باوەڕ بە الله و وتەکانی دەهێنێت، وە پیادەی بکەن، ڕەنگ بێت هیدایەت بدرێن

ئەوەی زۆر گاڵتەجاریە لەم ئایەتە ئەوەیە کە دەڵێت،(إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ- لە ڕاستیدا من پێغەمبەری اللهم)، ئینجا دەڵێت، (الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ – ئەو پێغەمبەرەی باوەڕی بە الله هەیە).

هەڵبەتە ئەگەر تۆ پیغەمبەری الله بیت و وەحیت بۆ بێت، دەبێت باوەڕت بە الله هەبێت، قابیلە وەحی بۆ کافرو خوانەناسێك بێت کە بروای بە بوونی خوا نییە؟

## ئایەتی ١٥٩

وَمِن قَوْمِ مُوسَىٰ أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ

وە لە میللەتی موسا (جووەکان) کۆمەڵێکیان ڕێنمایی خەڵك بە ڕاست و درووستی دەکەن و ڕاستیش دادوەری دەکەن.

واتە کۆمەڵێك لە جووەکان خەڵکی باشن.

## ئایەتی ١٦٠

وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى إِذِ اسْتَسْقَاهُ قَوْمُهُ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ

مَّشْرَبَهُمْ وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ

دەڵێت:

ئەوانمان کرد بە دوانزە بەش و کۆمەڵ، وە وەحیمان بۆ موسا نارد کە قەومەکەی داوای ئاوی خواردنەوەیان لێیکرد، کە بە گۆپاڵەکەی لە بەردەکە بدات، ئەوەبوو دوانزە کانیاو لە بەردەکە هەڵقوڵان، وە هەر کۆمەڵێك لە خەڵکەکە زانیان کە کامە کانیاو شوێنی ئاو خواردنەوەیەتی، هەوریشمان بەسەریاندا کرد بە سێبەر، گەزۆ و شیلاقەشمان بۆیان دابەزاند، (گوتمان) دەبخۆن لەم شتە نایابانەی کە کردوومانە بە رۆزیتان وە ستەممان لێیان نەکرد بەڵکو خۆیان بوون کە ستەمیان لە خۆیان کرد.

ئەم ئایەتە ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکاتە:

یەکەم: کە اللە بنی ئیسرائیلی دابەش کردووە بەسەر دوانزە تیرە و کۆمەڵ،

هەلبەتە نووسەری قورئان نازانێت بۆچی بنی ئیسرائیل ١٢ تیرە بوون.

ئەگەر بیزانیایە ئەوا نەیدەگوت (وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا).

یعقوب باوکی یوسف کە یهوەی خودای بنی ئیسرائیل نازناوی "ئیسرائیل"ی پێبەخشیووە ١٢ کوڕی هەبووە، وە لە هەر کوڕێك تیرەیەك یان هۆزێك سەرهەڵدەدات.

لە پەرتووکی پیرۆز -تەورات- سفر الخروج هاتووە کە بە یعقوب دەگوترێت:

لەمەودوا ئیتر ناوت بە یعقوب ناهێنرێت، بەڵکو بە ئیسرائیل چونکە لەگەڵ خودا و پیاوان تێکۆشاویت و سەرکەوتوویت.

لەبەر ئەوە بە جووەکان دەگوترێت "بنی ئیسرائیل" واتە منداڵەکانی ئیسرائیل واتە یعقوب.

وە لەهەر کوڕێکی یعقوب تیرە یان هۆزیك سەرهەڵدەدات و دەبن بە ١٢ تیرە یان هۆز.

دووەم: دوانزە کانیاو هەر کانیاوێك بۆ تیرەیەك.

{اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا} موسا بە گۆپاڵەکەی لە بەردێك دەدات، دوانزە کانیاو لە بەردەکە هەڵدەقوڵێت.

خەڵکی دوورگەی عەرەب بەم موعجیزەی موسایان زانیووە لەبەر ئەوە داوایان لە محمد کردووە کانیاوێکیان بۆ بتەقێنێتەوە، وەك لە ئایەتی ٩٠ سوورەتی الاسراء هاتووە دەڵێت:

وَقَالُوا لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الْأَرْضِ يَنبُوعًا

وە خەڵکی مەککە گوتیان ئیمانت پێناهێنین تاوەکو بۆمان کانیاوێك لە زەویدا نەتەقێنیتەوە.

سێهەم: سێبەر {وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ} کاتێك بنی ئیسرائیل لە میسر دەردەچن زۆربەی کاتەکان لە بیابانی سینا بە سەر دەبەن، لێرەدا موسا موعجیزەیەکی تریان بۆ ئەنجام دەدات کە ئەیش بە هەور وەك چەتر سێبەریان بەسەردا درووستدەکات و لە گەرمی خۆر دەیانپارێزێت.

چوارەم: گەزۆ و شیلاقە { وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى} خودای بنی ئیسرائیل لە بیابانی سینا گەزۆ و شیلاقە( باڵندەیەکە) بە بنی ئیسرائیل دەدات.

پێنجەم : هەڵەیەکی زۆر ئاشکرا و ڕوون {وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ}

الله دەیەوێت بڵێت: وە ستەممان لێیان نەکرد بەڵام خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

بەڵام (ظَلَمُونَا) واتە ستەمیان لێمان نەکرد، نەك ستەممان لێیان نەکرد.

واتە ئەم دەقە دەڵێت، ستەمیان لێمان نەکرد بەڵام خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

ئەوە هەڵەیە، ئەو دەقە دەبێت بەم شێوەیە بێت، بۆ ئەوەی مانای ڕاستی خۆی بدات:

وَمَا ظَلَمناهم وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ

واتە، ستەممان لێیان نەکرد بەڵام خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

بۆ نموونە لە ئایەتی ١١٨ سوورەتی النحل  هەمان دەق هاتووە کە دەڵێت:

وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَـٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ

وە ستەممان لێیان نەکرد بەڵام خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد.

# ئایەتی ١٦١

وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ اسْكُنُواْ هَذِهِ الْقَرْيَةَ وَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ وَقُولُواْ حِطَّةٌ وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّدًا نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطِيئَاتِكُمْ سَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ

وە هەرکە پێیان دەگوترێت لەم گوندە نیشتەجێبن و بژین، وە هەرچیەك ئارەزوو دەکەن تیایدا بخۆن، وە نیزایەك بڵێن (پاکببنەوە) وە لە دەرگاکە بڕۆنە ژوورەوە بە کڕنۆشبردن، لە گوناهەکانتان خۆش دەبین، وە (پاداشتی زیاتریش دەدەین بە چاکەکەران.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد هەڵەی ئەو قەومەت (بنی ئیسرائیل) لە یاد بێت لە پابەندنەبوونیان بە فەرمانی خوداکەیان و سەرپێچی کردنیان بۆ موسا، الله پێیانی گوت، لەم گوندە بژین و نیشتەجێبن کە قودسە، وە بە ئارەزووی خۆتان لە بەرووبوومەکەی و دانەوێڵەکەی و ڕوەکەکانی بخۆن.

(وَقُولُوا حِطَّةٌ) ئەم کارەتان گوناهەکانتان هەڵدەوەرێنێت و لە ناودەبات و ئێمەش لە گوناهەکانتان خۆشدەبین.

وە هەمان ئایەت لە ئایەتی ٥٨ سوورەتی البقرة دووبارە بۆتەوە:

وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُوا هَـٰذِهِ الْقَرْيَةَ فَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ ۚ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ

لە ئایەتی ١٦٠ سوورەتی الاعراف دەڵێت،(وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ)، وە کە پێیانگوترا.

لە ئایەتی ٥٨ سوورەتی البقرة دەڵێت، (وَإِذْ قُلْنَا)، وە کە گوتمان، واتە الله گوتی و فەرمانی کرد.

( وَقُولُواْ حِطَّةٌ) محمدیش له گۆڕ زیندوو بێتەوە نازانێت ئەوە مانای چییە.

(حط) واتە لەناوبردن و هەڵوەرین وە (حِطَّةٌ) واتە لەناوبردنێك یان هەڵوەرینێك. ( وَقُولُواْ حِطَّةٌ) واتە "بڵێن لەناوبردێنێك" یان "بڵێن هەروەرینێك".

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە مانای (وَقُولُواْ حِطَّةٌ) دەڵێت ٣ بۆچوون هەیە:

یەکەم:واتە، داوای لێبووردەیی بکەن، واتە (حط عنا ذنوبنا)، واتە گوناهەکانمان هەڵوەرێنە.

دووەم: واتە، "بڵێن ئەوە هەقە هەروەك فەرمانمان پێکراوە".

سێهەم: واتە، لا اله الا الله، هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت.

بەڵام لە صحیح البخاری فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە دەڵێت:

قِيلَ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ {ادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا حِطَّةٌ نَغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ} فَبَدَّلُوا فَدَخَلُوا يَزْحَفُونَ عَلَى أَسْتَاهِهِمْ وَقَالُوا حَبَّةٌ فِي شَعَرَةٍ

بە بنی ئیسرائیل گوترا (لە دەرگاکە بچنە ژوورەوە بە کڕنۆشبردن، وە بڵێن "حطة" بۆ ئەوەی لە گوناهەکانتان خۆش بین) ئەوەبوو فەرمانەکەیان گۆڕی لە سەر سمتیان دەخشان و دەچوونە ژورەوە، وە دەیانگوت ئەوە هیچ نییە دەنکێکە لە داوە موێك.

## ئایەتی ١٦٢

فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِّنَ السَّمَاء بِمَا كَانُواْ يَظْلِمُونَ

ئینجا ئەوانەی ستەمیان کرد ئەو قسەیەی کە پێیان گوترابوو گۆڕیان بە قسەیەکی دیکە، ئەوەبوو سزایەکمان لە ئاسمان بۆیان دابەزاند بە هۆی ئەو ستەمەی دەیانکرد.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: جووەکان فەرمانەکەی اللهیان دەگۆڕی بۆ شتێکی دیکە لەبەر ئەوە الله سزا و بەڵایەکی لە ئاسمان بۆیان دابەزاند.

## ئایەتی ١٦٣

وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعاً وَيَوْمَ لاَ يَسْبِتُونَ لاَ تَأْتِيهِمْ كَذَلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ

ئەی محمد پرسیار لە جووەکان بکە سەبارەت بەو گوندەی کە لە قەراغ دەریا بوو، کە خەڵکەکەی سنووری ڕۆژی ساباتیان دەشکاند کاتێک ماسیەکان لە ڕۆژی شەممە سەرئاو دەکەوتن، وە لە ڕۆژانێک کە ساباث نەبوو، ماسیەکان دەرنەدەکەوتن، بەم جۆرە تاقیاندەکەینەوە بە هۆی ئەوەی خراپەکار بوون.

ساباث = هەموو ڕۆژێکی شەممە و هەر ڕۆژێك و بۆنەیەکی پیرۆزی یەهودیەکانە.

لەم ئایەتە اللهی عەرەب و ئیسلام فەرمان بە محمد دەکات کە پرسیار لە جووەکانی دوورگەی عەرەب بکات.

واتە دەقەکانی قورئان کە پەیوەستن بە جووەکان لەسەر بنەمای قسە و ئەفسانەی جووەکانی دوورگەی عەرەب بنیات نراون.

ئەگەر خودای عەرەب و ئیسلام هەمان خودای بنی ئیسرائیل بێت، ئەوا دەبێت بزانێت، وە پێویست ناکات فەرمان بە محمد بکات پرسیار لە جووەکانی دوورگەی عەرەب بکات.

وە ئەم سوورەتە سوورەتێکی مەککەیە، وە جووەکان تەنها لە یثریب و خەیبەر و یەمەن بوونیان هەبووە، کەواتە محمد پرسیار لە کێ بکات؟

ئەم ئایەتە تا سەر ئێسقان چیرۆکێکی خورافەیە، وە لە پەرتووکی پیرۆزی جووەکان بە هیچ جۆرێك بوونی نییە.

ئەم ئایەتە دەڵێت: گوندێکی جووەکان لە قەراغ دەریا بووە، وە ئەو شەش ڕۆژەی هەفتە ( یەکشەممە بۆ هەینی) کە بۆیان بووە ڕاوەماسی بکەن، الله ماسیەکانی لە دەریا نەهێشتووە، وە یان وایکردووە بچنە قوڵایی دەریاوە، بەڵام لە ڕۆژانی شەممە کە حەرامە بۆ یەهودیەکان کار بکەن، الله وایکردبوو کە دەریا پڕ بێت لە ماسی، وە ماسیەکان سەر ئاو بکەون.

ئینجا الله دەڵێت بەم جۆرە خراپەکاران دەخەینە ئەزموونەوە و تاقیان دەکەینەوە.

وە ئەم دەقە وەك هەر هەموو دەقەکانی قورئان، ئاماژە بە ناو و شوێن ناکات. چونکە خورافەیە.

وە  دەقەکە زۆر ڕوونە و هیچ شرۆڤەکارێك نییە کە کێشەی هەبووبێت لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله لەم ئایەتە دەڵێت ئەی محمد پرسیار لەو جووانە بکە کە دراوسێتن، سەبارەت بە بابەتی ئەو گوندەی کە قەراغ دەریا بوو.

ئینجا الطبری دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەم گوندە لە کوێ بووە. وە دەڵێت هەندێك دەڵێن أيلة و هەندێك دەڵێن لە نیوان مەدیەن و الطور و هەندێك دەڵێن مقنا بووە کە دەکەوێتە نێوان مەدیەن و عەینونی.

وە الطبری سەبارەت (إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ- پێشێلی ڕۆژی شەممەیان دەکرد) دەڵێت، واتە خەڵکی ئەو گوندە پێشێلی فەرمانی اللهیان دەکرد لە ڕۆژی شەممە، و سنووری ئەوەیان دەبەزاند کە الله حەرامی کردبوو.

وە دەڵێت: پێشێلکردنیان بۆ ڕۆژی شەممە ئەوەبوو: کە الله لە جووەکانی حەرام کردبوو کە ڕۆژی شەممە کار بکەن، بەڵام جووەکانی ئەم گوندە لە ڕۆژی شەممە ماسیان ڕاودەکرد.

ئینجا دەڵێت، ماسیەکان لە ڕۆژەکانی هەفتە تەنها شەممە نەبێت نەدەهاتن و بەدیار نەدەکەوتن، بەڵام کاتێك دەبوو بە شەممە (ساباث) ئەوا ماسیەکان دەهاتن و سەرئاو دەکەوتن و دەمییان دەردەهێنا.

وە دەڵێت، الله تاقیکردنەوە بەوەی ئەو ڕۆژانەی بۆیان هەبوو ماسی راوبکەن ، ئەوا ماسی لە دەیا دیار نەدەما، بەڵام ڕۆژی شەممە کە بۆیان نەبوو ڕاوبکەن، ئەوا ماسی لە دەریا دەردەکەوتن.

ابن كثير له تفسير القران العظيم، كۆكه لەگەڵ شرۆڤەکەی الطبری

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ئەی محمد پرسیار بکه لەو جووانەی که دراوسێتن سەبارەت به هەواڵی باپیرانیان که الله مەسخی کردن بۆ مەیمون و بەراز.

## ئایەتی ١٦٤

وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُواْ مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ

وه که کۆمەڵێك له خۆیان گوتیان بۆچی ئامۆژگاری خەڵکانێك دەکەن که الله هەر لەناویان دەبات، وه یان سزایەکی کوشندەیان دەدات؟ گوتیان لێبووردنێك بۆ خوداکەتان، وه ڕەنگ بێت بترسن.

ئەم ئایەته باسی خەڵکی گوندەکه دەکات، بەڵام دەبێت ئایەتی تر هەبووبێت، بەڵام له قورئاندا نەماوه.

له مەتنەکه پێدەچێت که کۆمەڵێك له خەڵکی گوندەکه ئامۆژگاری ڕاوچیەکانیان کردبێت که له ڕۆژی شەممه ڕاونەکەن، وه له وەڵامدا کۆمەڵێکی تر گوتوویانه ئامۆژگاریان مەکەن چونکه الله یان له ناویان دەبات وه یان ئەشکەنجەیەکی توندیان دەدات. کۆمەڵەی یەکەم له وەڵامدا به کۆمەڵەی دووەم دەڵێن:بەڵکو داوای لێبووردنێك له خوداکەیان بکەن و بترسن، وه خوداکەیان ئازاریان نەدات، وه یان له ناویان نەبات.

ئەوه ئەو قورئانەتانه که دەڵێن هیچ کەسێك ناتوانێت دەقی هاوچەشنی بهێنێت؟ ئەوەیه ڕەوانبێژی قورئانەکەتان؟

هەڵبەتە من ناتوانم دەقی لەم چەشنە بێنم. دەزانن بۆ؟ چونکە شەرم دەکەم بەم شێوەیە بنووسم و قسە بکەم. قسە دەکرێت بۆ ئەوەی هەموو کەسێك لێی تێبگات، وە دەنووسرێت بۆ ئەوەی هەموو خوێنەرێك تێیبگات.

قورئانەکەتان وەك قسەی شێتوشوارێك نارۆشنە.

ابن الجوزی دەڵێت، شرۆڤەکاران دەڵێن بە گوێرەی ئەم ئایەتە خەڵکی گوندەکە ببوون بە سێ کۆمەڵەوە: کۆمەڵێك لە شەممە ڕاویان دەکرد، وە کۆمەڵێك نەهیان کرد و ئامۆژگاریان کرد، وە کۆمەڵێك ڕاوی نەدەکرد، وە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ڕاویان نەدەکرد بەو خەڵکانەیان گوت کە نەهیان دەکرد {لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ- بۆچی ئامۆژگاری خەڵکانێك دەکەن کە الله هەر لەناویان دەبات، وە یان سزایان دەدات) لە وەڵامدا ئەو کۆمەڵەی نەهیان دەکرد گوتیان {مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ- داوای لێبووردنێك لە خوداکەیان، وە ڕەنگ بێت بترسن}.

## ئایەتی ١٦٥

فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ

وە کاتێك فەرامۆشی ئەو ئامۆژگارییەیان کرد کە پێیان کرابوو، ئەوانەمان ڕزگارکرد کە نەهیان لە خراپە دەکرد، وە ئەوانەمان بە خراپترین شێوە ئازاردا بە هۆی ئەوەی کاری خراپیان دەکرد.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێن کە ڕاوچیەکان بەردەوام بوون لە ڕاوکردنی ماسی لە ڕۆژی شەممەدا. وە اللە سزایانی داوە. ئایەتی دواتر ئاماژە بە سزاکەی اللە دەکات.

## ئایەتی ١٦٦

فَلَمَّا عَتَوْا عَن مَّا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ

کاتێك بەردەوام بوون لەو کارەی کە نەهیان لێکرابوو بیکەن، ئەوا پێمان گوتن ببن بە مەیموونی هیچ و پووچ و ڕیسوا.

واتە اللە کۆمەڵێك جووی کردووە بە مەیموون، تەنها لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی شەممەدا بە ناچاری ماسیان ڕاوکردووە. بە ناچاری بووە، چونکە اللە ماسی لە دەریا نەهێشتووە لە شەش ڕۆژەکەی تری هەفتە، وە دەریاکانی پڕ کردووە لە ماسی لە ڕۆژی شەممە.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الطبری لە جامع البیان دەڵێن، السدی گوتوویەتی: ڕاوچیەکان لەو ڕۆژانەی کە ڕێگا پێدراو بوو، ڕاوچیەکان چاڵێکیان لە تەك دەریا هەڵدەکەنی و ڕێڕەوێکیان لە دەریاکەوە بۆ چاڵەکە درووستدەکرد. کاتێك دەبوو بە ڕۆژی شەممە، شەپۆلی دەریاکە ماسیەکانی دەهێنا بۆ ناو چاڵەکە، وە ماسیەکان لە چاڵەکە گیریان دەخوارد و نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە بۆ دەریاکە، ئینجا ڕاوچیەکان ڕۆژی یەکشەممە (کە ڕێگا پێدراوە) دەهاتن و ماسیەکانی ناو چاڵەکانیان دەگرت.

وە ڕاوچیەکان دەیانگوت ئێمە ماسیمان لە ڕۆژی یەکشەممە ڕاوکردووە، بەڵام زاناکانیان دەیانگوت نەخێر ئێوە لە ڕۆژی شەممە ماسیتان ڕاوکردووە چونکە ماسیەکان ڕۆژی شەممە هاتوونەتە ناو چاڵەکەوە.

الله لێیان قبووڵ ناكات و دەیانكات بە مەیموونی هیچ و پووچ.

وە لە ئایەتی ٦٥ سوورەتی البقرة هاتووە كە دەڵێت:

وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَوْا مِنكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ

وە ئەی جووەكان خۆتان زانیتان ئەوانەتان كە پێشێلی ڕۆژی شەممەیان كرد چیان بەسەر هات، ئەوەبوو پێمان گوتن ببن بە مەیموونی هیچ و پووچ.

ابن كثير لە تفسیر القران العظیم سەبارەت بە (فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ- پێمان گوتن ببن بە مەیموونی هیچ و پووچ)، ابن عباس گوتوویەتی، الله كردنی بە مەیموون و بەراز، گەنجەكانیان بوون بە مەیموون، وە پیرەكانیان بوون بە بەراز.

بۆچی ابن عباس دەڵێت مەیموون و بەراز؟ لە كاتێكدا دەقەكە دەڵێت مەیموون؟ چونكە لە ئایەتی ٦٠ سوورەتی المائدة هاتووە دەڵێت:

وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ

واتە، الله كردنی بە مەیموون و بەراز.

الطبری لە جامع البیان و ابن كثير لە القران العظیم دەڵێن، ابن عباس گوتوویەتی:

خەڵك بەیانی لە خەو هەڵسان بینیان كۆمەڵێك لە خەڵك ونن و دیار نین، ئەوەبوو گوتیان با بچین بە دوایان بگەڕێین، كاتێك چوونە ماڵەكانیان بینیان دەرگاكانیان بەسەردا داخراوە. ئەوەبوو چوونە ژوورەوە، بینیان پیاوە و بووە بە مەیموون، ژنە و بووە بە مەیموون، وە منداڵە و بووە بە مەیموون.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت: ابن عباس گوتوویەتی، له ٣ ڕۆژ زیاتر نەژیان، چونکه ئەوانەی مەسخ دەبن هەرگیز له ٣ ڕۆژ زیاتر ناژین، وە ناخۆن و ناخۆنەوە و زاوزێ ناکەن.

وە دەڵێت، ابن عطية ئاماژەی به فەرموودەیەکی پێغەمبەر کردووه که گوتوویەتی: ئەوەی مەسخ دەبێت، زاوزێ ناکات و ناخواتەوە و ناخوات، وە له ٣ ڕۆژ زیاتر ناژی.

له تأريخ الطبری و البداية والنهاية لابن كثير هاتووه، که کاتێك محمد ئابڵوقەی بنی قريظة دەدات، هاوار دەکات و پێیان دەڵێت:

يا إخوان القردة والخنازير

ئەی برایانی مەیموون و بەراز.

وە محمد له فەرموودەیەك، که له صحيح البخاری هاتووه گوتوویەتی:

فُقِدَتْ أُمَّةٌ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ لاَ يُدْرَى مَا فَعَلَتْ، وَإِنِّي لاَ أُرَاهَا إِلاَّ الْفَارَ إِذَا وُضِعَ لَهَا أَلْبَانُ الإِبِلِ لَمْ تَشْرَبْ، وَإِذَا وُضِعَ لَهَا أَلْبَانُ الشَّاءِ شَرِبَتْ

کۆمەڵێك خەڵك له بنی ئیسرائیل ون بوون، وە کەس نازانێت چیان بەسەر هات، وە من وایدەبینم که بوون به مشك، چونکه کاتێك شیری وشتریان بۆ دادەنێیت ناخۆنەوە، بەڵام کاتیك شیری مەڕیان بۆ دادەنێیت دەخۆنەوە.

بۆچی شیری وشتر ناخۆنەوە؟ چونکه له شەریعەتی موسا گۆشتی وشتر حەرام کراوە.

وە له صحيح البخاری ڕیوایەتێك هاتووه که عمرو بن میمون گوتوویەتی:

رَأَيْتُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ قِرْدَةً اجْتَمَعَ عَلَيْهَا قِرَدَةٌ قَدْ زَنَتْ فَرَجَمُوهَا فَرَجَمْتُهَا مَعَهُمْ

له سەردەمی جاهیلی مەیموونێکی مێینەم بینی کە زینای کردبوو مەیموونەکان لەسەری کۆبونەوە و بەردبارانیان کرد، وە منیش لەگەڵ مەیموونەکان بەردبارانم کرد.

واتە مەیمونیش شەریعەتی اللهاکبریان جێبەجێ کردووە. شەریعەتی ئیسلامی تەنها بۆ موسلمانان دانەبەزیووە بەڵکو بۆ مەیمون و سەرجەم ئاژەڵەکانیش.

چونکە ئایەتی ٣٨ الانعام (ئاژەڵان) دەڵێت

وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ

وە هیچ ئاژەڵێك لە زەویدا و باڵندەیەك کە بە دوو باڵ دەفڕێت نییە کە وەك ئێوە میلەت نەبن ئەی موسلمانان وە لە پەرتوك هیچ شتێكمان فەرامۆش نەکردووە ئینجا بۆ لای خوداکەیان کۆدەکرێنەوە.

واتە ئاژەڵ و باڵندەش لە ڕۆژی قیامەت لە گۆڕەپانی حەشر کۆدەکرێنەوە.

## ئایەتی ١٦٧

وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ

وە کە خوداکەت مۆڵەتیدا کەسێك بنێرێتە سەریان کە تاوەکو ڕۆژی قیامەت بە خراپترین شێوە ئازاریان بدات، لە ڕاستیدا خوداکەت لە سزادان خێرایە، وە هەر ئەو لێبووردە و بە بەزەییە.

سەیری ئەم گاڵتەجاریە: خوداکەت لە سزادان بە پەلەیە بەڵام لێبووردە و بە بەزەییە.

ابن کثیر لە القران العظیم دەڵێت: الله کەسانیك دەنێرێتە سەر جووەکان، تاوەکو ڕۆژی قیامەت ئازار و ئەشکەنجە بدرێن، بە هۆی سەرکێشییان و سەرپێچیکردنیان بە فەرمانەکانی الله و شەریعەتەکەی و فرتووفێڵیان لە محارم.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی، الله بە دەستی میللەتی محمد تاوەکو ڕۆژی قیامەت ئازار و ئەشکەنجەی یەهودەیەکان دەدات.

## ئایەتی ١٦٨

وَقَطَّعْنَاهُمْ فِي الْأَرْضِ أُمَمًا مِّنْهُمُ الصَّالِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ وَبَلَوْنَاهُمْ بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ

وە (جووەکانمان) لە زەویدا دابەش کرد بۆ کۆمەڵەی جیاواز، هەیانە چاکن وە هەیانە لە ئاستێکی نزمترە، بە چەندەها چاکە و خراپە تاقیمان کردوونەتەوە، سا بەشکو بگەڕێنەوە.

لەم ئایەتە الله دەڵێت، بنی ئیسرائیلمان کردووە بە گرووپ و کۆمەڵی جیاواز و دووبەرەکیمان خستۆتە نێوانیانەوە. وەك ئایەتی ٦٤ سوورەتی المائدة دەڵێت:

وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ

وە دووبەرەکی و ڕقوقینمان خستۆتە نێوانیانەوە تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

وە لە فەرمووده‌یەکی صحیح کە لە سنن ابي داود و جامع الترمذی و سنن ابن ماجة و السلسلة الصحيحة للالبانی و الحاكم لە المستدرك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

افْتَرَقَتِ الْيَهُودُ عَلَى إِحْدَى وَسَبْعِينَ فِرْقَةً وَافْتَرَقَتِ النَّصَارَى عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَتَفْتَرِقَنَّ أُمَّتِي عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً فَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ وَثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ

جووەکان بوون بە ٧١ کۆمەڵ، مەسیحیەکان بوون بە ٧٢ کۆمەڵ، وە سوێند بەوەی گیانی محمدی بەدەستە میللەتەکەم دەبن بە ٧٣ کۆمەڵ، تەنها کۆمەڵێکیان دەچنە بەهەشت، وە ٧٢ کۆمەڵیان دەچنە دۆزەخ.

وە ئایەتەکە دەڵێت (وَبَلَوْنَاهُمْ بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ- بنی ئیسرائیلمان بە چەندەها چاکە و چەندەها خراپە تاقیکردەوە، سا بەشکو بگەڕێنەوە سەر ڕێگای الله).

## ئایەتی ١٦٩

فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُواْ الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَذَا الأَدْنَى وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا وَإِن يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِّثْلُهُ يَأْخُذُوهُ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَاقُ الْكِتَابِ أَن لاَّ يَقُولُواْ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ وَدَرَسُواْ مَا فِيهِ وَالدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ

ئینجا لە دوایان جێگرەوەیەکی تر جێگایان گرتنەوە کە پەرتووکیان بە میرات وەرگرت، کە شتەکانی ئەم دونیایەیان وەردەگرت و دەیانگوت لێمان دەبووردرێت، وە تەنانەت ئەگەر شتانێکی هاوچەشنیشیان پێبدرێت وەریدەگرن، ئەی پەیمانی پەرتووکیان لێ وەرنەگیرا کە جگە لە قسەی هەق

لەسەر الله هیچ شتێکی تر نەڵێن، وە ئەوەی تیایدایە خوێندوویەتیانەوە، وە ماڵی کۆتایی (بەهەشت) چاکترە بۆ ئەوەی دەترسن، ئایا هێشتا تێناگەن؟

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

دوای ئەو نەوەیەی کە چاك و خراپیان تێدابوو، نەوەیەك جێگایان گرتنەوە کە هیچ خێرێکیان تێدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەش تەوراتیان خوێندبۆوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله دەڵێت خەڵکانێکی خراپ جێگای ئەوانەی گرتووە کە چیرۆکەکەیانم باسکرد لە ئایەتەکانی پێشوو.

ئەوانە گۆڕدران بە خەڵکانێکی خراپتر، وە پەرتووکی اللهیان بۆمایەوە و فێری بوون، بەڵام کاریان پێی نەکرد و پێچەوانەی حوکمەکانی الله کاریان کرد، وە ڕەشوەیان وەردەگرت، وە کاتیك ڕەشوەیان وەردەگرت دەیانگوت الله لە گوناهەکانمان دەبوورێت. هەروەك الله لە ئایەتی ٧٩ سوورەتی البقرة دەڵێت:

فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلا فَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَهُمْ مِمَّا يَكْسِبُونَ

واوەیلا لەوانەی پەرتووك بە دەستەکانیان دەنووسن، ئینجا دەڵێن ئەوە لە لایەن اللهوەیە بۆ ئەوەی نرخێکی کەم بەدەست بهێنن، واوەیلایان لێبێت بە هۆی ئەوەی بەدەستەکانیان نووسیویانە، وە واوەیلا لەوەی بەدەستیان هێناوە.

وە دەڵێت، گوناهێکی وەك وەرگرتنی ڕەشوەیان حەلال کرد و وەریاندەگرت.

ئینجا دەقەکە دەڵێت {أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِم مِّيثَاقُ الْكِتَابِ أَن لاَّ يَقُولُواْ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ وَدَرَسُواْ مَا فِيهِ- ئەی پەیمانی پەرتووکیان لێ وەرنەگیرا کە هیچ شتێك نەڵێن سەبارەت بە الله تەنها حەق نەبێت، وە ئەی ئەوەی لە پەرتووك-تەورات-داهاتووە نەیانخوێندۆتەوە؟}

الطبری سەبارەت بەم بڕگەیە دەڵێت:

واتە الله پەیمانی لە بنی ئیسرائیل وەرگرتووە کە کار بە تەورات و ئەوەی تێیدایە دەکەن.

## ئایەتی ١٧٠

وَالَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ إِنَّا لاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ

بەڵام ئەوانەی کە پابەند بە پەرتووك دەبن و نوێژ دەکەن، ئەوا لە ڕاستیدا ئێمە پاداشتی ئاکارچاکان ون ناکەین.

مەبەست لە {کتاب} تەوراتە.

## ئایەتی ١٧١

وَإِذ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّواْ أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

وە کە چیاکەمان هەڵکەناند و بەسەریاندا وەك هەورێك بەرزمان کردەوە، کە وایان زانی بەسەریاندا دەکەوێت، (ئینجا پێمان گوتن) توند دەست بەوە بگرن کە بە ئێوەمان داوە، وە یادی ئەوە بکەنەوە، کە تێیدایە سا بەشکو پارێزراو دەبن،

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە الله چیای هەڵتەکاندووە و بەسەر بنی ئیسرائیل بەرزی کردۆتەوە وەك هەڕەشەیەك، ئینجا پێیانی گوتووە پابەندی پەیمانەکەم دەبن یان ئەم چیایەتان بەسەردا بەردەمەوە؟

الرازی لە مفاتیح الغیب و القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێن:

ابو عبیدة گوتوویەتی، ئەسڵی وشەی(النتق) واتە دەرکێشانی شتێك لە شوێنی خۆی و فڕێدانی. وە دەگوترێت (امرأة ناتق و منتاق) واتە ژنێك کە منداڵی زۆر دەبێت و منداڵەکانی بە فڕێدان فڕێدەدات کەواتە {نَتَقْنَا ٱلْجَبَلَ} واتە چیاکەمان لە ڕیشەوە دەرکێشا و خستمانە سەریانەوە.

تێبینی (امرأة ناتق و منتاق)، لە کوردەواری بە ژنێك کە منداڵی زوو زوو دەبێت دەگوترێت، دەڵێی پشیلەیە زوو زوو منداڵ فڕێدەدات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله بە پێغەمبەرەکەی محمد دەڵێت، وە ئەی محمد لە یادت بێت کە ئێمە چیاکەمان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرکێشا و لەسەر جووەکان بەرزمان کردەوە، وە چیاکە وەك هەور وابوو سێبەری کردبوو بەسەریاندا، وە پێمان گوتن " یەڵە بە توندی پابەندی ئەوە بن کە بە ئێوەمان داوە" لە فەریزە و ئەحکامەکانی تەورات، وە قبووڵی بکەن.

وە الطبری و ابن کثیر دەڵێن:

الله فەرمانی کرد بە چیاکە کە لە ڕەگ و ڕیشەوە بێتە دەرەوە و لە ئاسمان بەرزبێتەوە، تاوەکو چیاکە لە نێوان ئاسمان و تەپڵی سەری جووەکان بوو، ئینجا موسا پێی گوتن: ئەی نابینن خوداکەم چی دەڵێت؟ دەڵێت ئەگەر تەورات و ئەوەی تێیدایە قبووڵ نەکەن ئەوا ئەو چیایەتان تێدەگرم.

الجلالین له تفسیر الجلالین دەڵێن:

{ وَ } له یادت بێت {إِذْ نَتَقْنَا ٱلْجَبَلَ} چیاکەمان له ڕەگوڕیشەوە بەرزکردەوە، {فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّوٓاْ}، بەسەریاندا وەك هەورێك وابوو بۆ ئەوەی بترسن، {أَنَّهُ وَاقِعٌۢ بِهِمْ}، بەردەبێتەوە بەسەریاندا بە بەڵێنی الله بۆیان ئەگەر تەورات و ئەحکامەکانی تەورات قبووڵ نەکەن، ئەوەبوو ترسان و قبووڵیان کرد، ئینجا پێمان گوتن، {خُذُواْ مَآ ءَاتَيْنَـٰكُم بِقُوَّةٍ} بە جدی و بە اجتهادەوە وەریبگرن، {وَٱذْكُرُواْ مَا فِيهِ}، وە کار بەوە بکەن کە تیایدا هاتووە { لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ }.

وە لە ئایەتی ٦٣ سوورەتی البقرة هاتووە دەڵێت:

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

وە کە پەیمانمان لێیان وەرگرت و چیامان بەسەریاندا بەرزکردەوە و پێمان گوتن، بە توندی پابەندی ئەوەبن کە بە ئێوەمان داوە، وە ئەوەتان لە یاد بێت کە تیایدا هاتووە، بەشکو پارێزراو دەبن.

بۆ زانیاری ئەم خورافەیە لە تەوراتدا بوونی نییە.

لە ئیسلامدا چیاکان وەك مێخن، الله اکبر لە دوای پانکردنەوەی زەوی فڕێیداوەنتە سەری بۆ ئەوەی لەنگەر بگرێت و بەلادا نەچێت.

ئایەتی ١٩ سوورەتی الحجر دەڵێت:

وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ

وە زەویمان پانکردۆتەوە، وە چیامان فڕێداوەتە سەریەوە.

بۆ چیای فڕێداوەتە سەر زەوی؟

ئایەتی ١٥ سوورەتی النحل، وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

وَأَلْقَىٰ فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ

وە چیای فڕێداوەتە سەر زەوی بۆ ئەوەی زەوی لارتان نەکاتەوە.

ئاخۆ دەبێت چەند لە دەرچووی زانکۆی جیۆلۆجی و پزیشکی و ئەندازیاری ئەم دەقە بە گریانەوە بخوێننەوە بۆ ئەوەی حەسانتی پێ وەربگرن.

وە صحيح البخاری و مسلم ڕیوایەتێکی محمد هاتووە، گوایە دوای ئەوەی محمد لە تائیف دەردەکەن، الله اکبر فریشتەی چیا دەنێرێت و بە محمد دەڵێت:

قَالَ يَا مُحَمَّدُ إِنَّ اللَّهَ قَدْ سَمِعَ قَوْلَ قَوْمِكَ لَكَ وَأَنَا مَلَكُ الْجِبَالِ وَقَدْ بَعَثَنِي رَبُّكَ إِلَيْكَ لِتَأْمُرَنِي بِأَمْرِكَ فَمَا شِئْتَ إِنْ شِئْتَ أَنْ أُطْبِقَ عَلَيْهِمْ الْأَخْشَبَيْنِ

ئەی محمد، الله گوێی لەو قسانە بوو کە قەومەکەت بە تۆیان گوت، وە من فریشتەی چیام، وە الله منی بۆ لای تۆ ناردووە، کە کار بکەم بە فەرمان و ویستی تۆ، ئەگەر ئارەزوو بکەیت ئەوا ئەم دوو چیایەیان لەسەر تەبق دەکەم.

محمد دەڵێت:

فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللَّهُ مِنْ أَصْلَابِهِمْ مَنْ يَعْبُدُ اللَّهَ وَحْدَهُ لَا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا

نەخێر، بەڵکو ئاواتەخوازم کە لە پشتی باوکەکانیان خەڵکانێك بێنە ئاراوە کە تەنها الله بپەرستن و بە هیچ شتێك شرك بە الله نەکەن.

زۆر سوپاس سەیرکەن ناسکۆڵە و نازدار چەند بە ڕەحمەت بووە !!!

## ئایەتی ١٧٢-١٧٤

وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ

أَوْ تَقُولُواْ إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّن بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ

وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ وَلَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ

ئەم ٣ ئایەتە دەڵێن:

وە کە خوداکەت لە پشتاوپشتی نەوەکانی ئادەمی لە پشتیان دەرهێنا و کردنی بە شایەت بەسەر خودی خۆیاندا، (الله) پێیانی گوت: ئەی من خوداتان نیم؟ (وەچەکان) گوتیان بەڵێ شایەتیماندا، (الله گوتی) نەکەن لە ڕۆژی قیامەت بڵێن لە ڕاستیدا ئێمە ئاگاداری ئەوە نەبووین.

وە یان بڵێن لە ڕاستیدا باوکانمان لە پێشوو شرکیان کردبوو، وە ئێمە لە دوایان وەچە بووین، دەسا لە ناومان دەبەیت بە هۆی ئاکاری کەسانێکی ناهەق؟

بەم شێوەیە ئایەتەکان ڕووندەکەینەوە، بەشکو دەگەڕێنەوە.

ئەم دەقە پێمان دەڵێت، دوای ئەوەی الله ئادەم درووستدەکات، هەرچی وەچە و نەوە هەیە کە تاوەکو ڕۆژی قیامەت دروستدەبن لە پشتی ئادەم دەریاندەهێنێت و ئەو وەچانە دەکات بە شایەت بەسەر خۆیان کە الله خودایە.

وە ئەم ئایەتە دەڵێت: اللە قسەی لەگەڵ ئەو تۆواوە کردووە کە لە پشتی ئادەم دەریهێناوە {أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَ، واتە ئەی من خوداتان نیم، وەچەکان گوتیان بەڵێ شایەتی دەدەین}. ئەم ئایەتە بەتەنها دەیسەلمێنێت کە لە ڕوانگەی قورئانەوە تۆواوی پیاو بریتیە لە منداڵێکی کامل و تەواو بەڵام بچووك و مایکرۆسکۆپییە.

لێرەدا دەمەوێت گریمانەیەك بکەم: ئەگەر گریمان تاوەکو ئێستا ١٠٠ بلیۆن مرۆڤ هاتبێتە بوون، وە هەر سپێرمێکی مرۆڤ درێژیەکەی ٠،٠٠٢ ئینجە. کەواتە دەبێت بە دووری ٥٠٨٠ کم سپێرم لە پشتی ئادەم بوونی هەبووبێت. وە واز لەم مرۆڤانە بێنە کە تاوەکو کۆتایی دونیا لە دایك دەبن.

وە وەك دەزانین درێژی ئادەم ٦٠ گەز واتە ٣٢ مەتر بووە. ئەی مەلاکان و موسڵمانان ئەم ترِەکەرەکە چۆن سەردەگرێت؟

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

وَهَذِهِ آيَةٌ مُشْكِلَةٌ، واتە ئەم ئایەتە کێشەیە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

اللە ڕایدەگەیەنێت کە وەچەکانی مرۆڤی لە پشتیان دەرهێناوە و کردوونی بەشایەت بە سەر خودی خۆیان کە اللە خودایانە و پادشایەنە، وە هیچ خودایەك نییە تەنها اللە نەبێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

اللە بە پێغەمبەرەکەی، محمد دەڵێت: وە ئەی محمد یادبکەوە کە خوداکەت نەوەکانی ئادەم لە پشتی باوکەکانیان دەرهێنا و پابەندی کردن بە یەکتایی، وە کردنی بەشایەت بەسەر خودی خۆیان.

له جامع الترمذي و المستدرك على الصحيحين فەرموودەیەکی صحیح هاتووە محمد گوتوویەتی:

مَّا خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ مَسَحَ ظَهْرَهُ فَسَقَطَ مِنْ ظَهْرِهِ كُلُّ نَسَمَةٍ هُوَ خَالِقُهَا مِنْ ذُرِّيَّتِهِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَجَعَلَ بَيْنَ عَيْنَيْ كُلِّ إِنْسَانٍ مِنْهُمْ وَبِيصًا مِنْ نُورٍ ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى آدَمَ فَقَالَ أَيْ رَبِّ مَنْ هَؤُلَاءِ قَالَ هَؤُلَاءِ ذُرِّيَّتُكَ فَرَأَى رَجُلًا مِنْهُمْ فَأَعْجَبَهُ وَبِيصُ مَا بَيْنَ عَيْنَيْهِ فَقَالَ أَيْ رَبِّ مَنْ هَذَا فَقَالَ هَذَا رَجُلٌ مِنْ آخِرِ الْأُمَمِ مِنْ ذُرِّيَّتِكَ يُقَالُ لَهُ دَاوُدُ فَقَالَ رَبِّ كَمْ جَعَلْتَ عُمْرَهُ قَالَ سِتِّينَ سَنَةً قَالَ أَيْ رَبِّ زِدْهُ مِنْ عُمْرِي أَرْبَعِينَ سَنَةً فَلَمَّا قُضِيَ عُمْرُ آدَمَ جَاءَهُ مَلَكُ الْمَوْتِ فَقَالَ أَوَلَمْ يَبْقَ مِنْ عُمْرِي أَرْبَعُونَ سَنَةً قَالَ أَوَلَمْ تُعْطِهَا ابْنَكَ دَاوُدَ.

کاتێك الله ئادەمی دروستکرد، دەستێکی بە پشتیدا هێنا، هەرچی وەچە هەیە کە الله لە ئادەم دروستیاندەکات تاوەکو ڕۆژی قیامەت لە پشتی ئادەم هاتنە دەرەوە، وە لە نێوان دووچاوەکانی هەر یەکێکیان تروسکایەك لە ڕووناکی دانابوو، ئینجا الله بە ئادەمی نیشاندان، ئادەم گوتی ئەی خوداکەم ئەوانە کێن؟ الله گوتی ئەوانە نەوەکانت دەبن، ئەوەبوو ئادەم پیاوێکیان بینی زۆر سەرسامی بوو و گوتی خوداکەم ئەم پیاوە کێیە؟ الله گوتی، ئەوە یەکێکە لە نەوەکانت کە لە میللەتانی دواتر دەبێت و ناوی داودە. ئادەم گوتی، الله چەند تەمەنت بۆی داناوە؟ الله گوتی شەست ساڵ. ئادەم گوتی چل ساڵ لە تەمەنی من بخە سەر تەمەنی.کاتێك تەمەنی ئادەم تەواو بوو و فریشتەی مەرگ هات ڕۆحی بکێشێت، ئادەم گوتی ئەی هێشتا چل ساڵ لە تەمەنم نەماوە؟ فریشتەی مەرگ گوتی، ئەی نەتبەخشی بە داودی کوڕت؟

وە ابن کثیر دەڵێت، ابن ابي حاتم فەرموودەیەکی اخراج کردووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى آدَمَ فَقَالَ: يَا آدَمُ، هَؤُلَاءِ ذَرِّيَّتُكَ. وَإِذَا فِيهِمُ الْأَجْذَمُ وَالْأَبْرَصُ وَالْأَعْمَى، وَأَنْوَاعُ الْأَسْقَامِ، فَقَالَ آدَمُ: يَا رَبِّ، لِمَ فَعَلْتَ هَذَا بِذُرِّيَّتِي؟ قَالَ: كَيْ تُشْكَرَ نِعْمَتِي. وَقَالَ آدَمُ: يَا رَبِّ، مِنْ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ أَرَاهُمْ أَظْهَرَ النَّاسِ نُورًا؟ قَالَ: هَؤُلَاءِ الْأَنْبِيَاءُ يَا آدَمُ مِنْ ذُرِّيَّتِكَ

ئینجا الله وەچەکان "تۆواوەکانی" بە ئادم نیشاندا و گوتی ئەی ئادەم ئەوانە وەچەکانتن، کاتێك ئادەم سەیری کرد, بینی کەسانێکی تێدایە کە گەڕ و بەڵەك و کوێرن، وە جۆرەها نەخۆشیان هەیە، ئادەم گوتی ئەی خوداکەم بۆچی وات لە وەچەکانم کردووە؟گوتی بۆ ئەوەی نیعمەتەکانم سوپاس بکرێن.

وە لە صحیح سنن ابي داود ڕیوایەتێك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

إنَّ اللهَ عز وجل خلق آدمَ، ثم مسح ظهرَه بيمينِه، فاستخرج منه ذريةً، فقال: خلقتُ هؤلاءِ للجنةِ وبعمل أهلِ الجنةِ يعملون، ثم مسح ظهرَه فاستخرج منه ذريةً، فقال: خلقتُ هؤلاءِ للنارِ وبعمل أهل اِلنارِ يعملون

الله دەستی ڕاستەی بە پشتی ئادەم داهێنا و هەندێك وەچەی دەرهێنا ئینجا گوتی: ئەوانەم بۆ بەهەشت درووستکردووە، وە کار بە کاری خەڵکی بەهەشت دەکەن، ئینجا دەستێکی تری بە پشتی ئادەم داهێنا و هەندێکی تری لە وەچەکانی دەرهێنا، ئینجا گوتی ئەوانەم بۆ دۆزەخ درووستکردووە، وە کار بە کارەکانی خەڵکی دۆزەخ دەکەن.

السیوطی لە الدر المنثور و الطبری لە جامع البیان، ئاماژەیان بە فەرمودەیەکی محمد صلعم کردووە، کە گوتویەتی:

أَخَذَ مِنْ ظَهْرِهِ، كَمَا يُؤْخَذُ بِالْمُشْطِ مِنَ الرَّأْسِ، فَقَالَ لَهُمْ: (أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى) قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ  شَهِدْنَا

الله له پشتی ئادەم وەچەكانی دەرهێنا، هەروەك چۆن بە شانە لە قژ دەردەهێنرێت، ئینجا الله پێی گوتن: ئەی من خوداتان نیم؟ گوتیان بەڵێ، وە فریشتەكان گوتیان ئێمە شایەتین كە شایەتیان دا.

وە لە مسند احمد، فەرموودەیەكی محمد صلعم هاتووە، گوتوویەتی:

خَلَقَ اللَّهُ آدَمَ حِينَ خَلَقَهُ فَضَرَبَ كَتِفَهُ الْيُمْنَى فَأَخْرَجَ ذُرِّيَّةً بَيْضَاءَ كَأَنَّهُمُ الذُّرُّ، وَضَرَبَ كَتِفَهُ الْيُسْرَى فَأَخْرَجَ ذُرِّيَّةً سَوْدَاءَ كَأَنَّهُمُ الْحُمَمُ، فَقَالَ لِلَّذِي فِي يَمِينِهِ: إِلَى الْجَنَّةِ وَلَا أُبَالِي. وَقَالَ لِلَّذِي فِي كَتِفِهِ الْيُسْرَى: إِلَى النَّارِ وَلَا أُبَالِ

الله ئادەمی دروستكرد ئەوكاتەی دروستیكرد، ئینجا بە ناولەپی لە شانی ڕاستەی ئادەمیدا و وەچەی سپی دەرهێنا وەك دوڕ وابوون، ئینجا بەناولەپی لە شانی چەپەی ئادەمیدا و وەچەی ڕەشی دەرهێنا وەك قەتران بوون، ئینجا الله بەوانەی ڕاستەی گوت: بۆ بەهەشت و گوێنادەم چی دەكەن، وە بەوەی چەپەی گوت: بۆ دۆزەخ و گوێنادەم كە چی دەكەن.

ڕەنگ بێت پرسیار بكرێت: ئایا لە كوێ الله دەستی بە سمتی یان پشتی ئادەمدا هێناوە؟

لە مسند احمد و سنن النسائی و المستدرك للحاكم، فەرموودەیەكی صحيح هاتووە، محمد گوتوویەتی:

أَخذ الله الْمِيثَاق من ظهر آدم بنعمان يَعْنِي عَرَفَة

الله پەیمانی لە پشتی ئادەم (واتە نەوەكانی ئادەم) وەرگرت لە نعمان، واتە عرفة.

وە لە صحيح مسلم و سنن النسائى فەرموودەیەك هاتووە، کە عائشة دەڵێت، من و پێغەمبەر بانگکراین بۆ جەنازەی منداڵێکی انصار لە مدینة، عائشة دەڵێت گوتم:

يا رَسُولَ اللهِ، طُوبَى لِهذا، عُصْفُورٌ مِن عَصَافِيرِ الجَنَّةِ لَمْ يَعْمَلِ السُّوءَ وَلَمْ يُدْرِكْهُ، قالَ: أَوَ غيرَ ذلكَ، يا عَائِشَةُ إنَّ اللَّهَ خَلَقَ لِلْجَنَّةِ أَهْلًا، خَلَقَهُمْ لَهَا وَهُمْ في أَصْلَابِ آبَائِهِمْ، وَخَلَقَ لِلنَّارِ أَهْلًا، خَلَقَهُمْ لَهَا وَهُمْ في أَصْلَابِ آبَائِهِمْ

ئەی پیغەمبەری الله خۆزگە بەم منداڵە بخوازە، باڵندەیەکە لە باڵندەکانی بەهەشت، هەرگیز کارێکی خراپی نەکردووە چونکە گەورە نەببوو بۆ ئەوەی کاری خراپ بکات. دەڵێت پێغەمبەر گوتی: وانییە ئەی عائشة الله خەڵکانێکی بۆ بەهەشت درووستکردووە، وە کاتێك لە پشتی باوکەکانیان بوون بۆ بەهەشتی درووستکردوون، وە خەڵکانێکی بۆ دۆزەخ درووستکردووە، کاتێك لە پشتی باوکەکانیان بوون بۆ دۆزەخ درووستکراون.

وە لە مسند احمد و مجمع الزوائد للهيثمى و مرقاة المفاتيح للقاري، ڕیوایەتێکی صحيح هاتووە، کە دەڵێت:

أَنَّ رَجُلًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَالُ لَهُ أَبُو عَبْدِ اللَّهِ دَخَلَ عَلَيْهِ أَصْحَابُهُ يَعُودُونَهُ وَهُوَ يَبْكِي فَقَالُوا لَهُ مَا يُبْكِيكَ أَلَمْ يَقُلْ لَكَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خُذْ مِنْ شَارِبِكَ ثُمَّ أَقِرَّهُ حَتَّى تَلْقَانِي قَالَ بَلَى وَلَكِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَبَضَ بِيَمِينِهِ قَبْضَةً وَأُخْرَى بِالْيَدِ الْأُخْرَى وَقَالَ هَذِهِ لِهَذِهِ وَهَذِهِ لِهَذِهِ وَلَا أُبَالِي فَلَا أَدْرِي فِي أَيِّ الْقَبْضَتَيْنِ أَنَا

یەکێك لە یاوەرەکانی پێغەمبەر کە ناوی عبداللە(بن رواحة) بوو، نەخۆش بوو، هاوڕێکانی سەردانیان کرد، وە بینیان دەگریی، لێیانپرسی بۆچی دەگرییت؟ عبداللە گوتی ئەی پێغەمبەر پێینەگوتوون: سمێڵت قوت بکە و پابەندیبە تاوەکو بە من دەگەیت، گوتیان بەڵێ. عبداللە گوتی بەڵام گوێشم لە پێغەمبەر بوو کە  گوتی اللە مشتێك بە دەستی ڕاستەی و مشتێك بە دەستی چەپەی لە پشتی ئادەم دەرهێناوە و گوتوویەتی ئەم مشتەیان بۆ دۆزەخ و ئەم مشتەیان بۆ بەهەشت، وە گوێپێنادەم (چ کاروکردەوەیەك دەکەن). ئێستا  من نازانم لە کامە مشتیانم.

## ئایەتی ١٧٥-١٧٦

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِيَ آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ

وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ

ئەی محمد، هەواڵی ئەوکەسەیان پێبڵێ کە نیشانەکانی خۆمان پێیدا، ئەوەبوو خۆی لێی داماڵاند، ئینجا شەیتان شوێنیکەوت، وە یەکێك بوو لە چەنەباز و سەرلێشێواوەکان.

وە ئەگەر بمانویستایە ئەوا بە هۆیەوە (نیشانەکان) بەرزمان دەکردەوە، بەڵام ئەو(کەسە) خۆی پابەندی زەوی کرد، وە شوێنکەوتەی ئارەزووەکانی بوو، نموونەی ئەوکەسە، وەك سەگێکە کە ئەگەر فشاری بخەیتە سەر ئەوا زمان دەردێنێت، وە ئەگەر وازی لێبهێنێت ئەوا هەر زمان

دەردەهێنێت، ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە نکۆڵیان لە نیشانەکانی ئێمە کرد، تۆ لەم چیرۆکانەیان بۆ بگێڕەوە، بەشکو بیردەکەنەوە.

لەم دوو ئایەتە، الله اکبر چەند خاڵێك دەخاتە ڕوو:

یەکەم: کەسێك کە الله ویستوویەتی بەرزی بکاتەوە، بەڵام کەسەکە بە دوای ئارەزووەکانی خۆی کەوتووە.

دووەم: شەیتان شوێنکەوتەی بووە و کەسێکی چەنەباز و سەلێشێواو بووە.

سێهەم: نکۆڵی لە نیشانەکانی الله کردووە.

چوارەم: نموونەی ئەو کەسە، وەک سەگێك وایە کە ئەگەر فشاری بخەیتە سەر زمان دەردەهێنێت، وە ئەگەر وازی لێبهێنیت ئەوا هەر زمان دەردەهێنێت.

پێنجەم: الله دەڵێت هەموو ئەوانەی نکۆڵی لە نیشانە و ئایەتەکانمان دەکەن وەك ئەو سەگە وان.

اسباب النزول للواحدی النیسابوری دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی، ئەو کەسە ناوی بلعم بن باعورا لە بنی ئیسرائیل بووە.

بەڵام عبد الله بن عَمْرو بن العاص وزید بن أسْلَم گوتوویانە، ئەم ئایەتە لەسەر أمَيّة ابن أبي الصَّلْت الثَّقفي دابەزی.

(لە سوورەتەکانی ڕابردوو ئاماژەمان کرد بە امية بن ابي الصلت، وە محمد دەیەها دەقی قورئانی لە شیعرەکانی امية بن ابي الصلت وەرگرتووە).

ابن الجوزی له زاد المسير دەڵێت، شەش قەول هەیە سەبارەت به ناسنامەی ئەو کەسە:

یەکەم: پیاوێك بوو له بنی ئیسرائیل به ناوی بلعم بن أبر(عبدالله بن مسعود)، بەڵام ابن عباس گوتوویەتی، ناوی بلعم بن باعورا، وه له ڕیوایەتێکی دیکه گوتوویەتی، ناوی بلعم بن باعور بووه.

وه ابن عباس له ڕیوایەتێکدا گوتوویەتی، بلعم خەڵکی یەمەن بووه.

دووەم:أمية بن ابي الصلت (عبد الله بن عمرو بن العاص، وسعيد بن المسيب، وأبو روق، وزيد بن أسلم)، چونکه ئیمانی به محمد نەهێنا.

سێهەم: أبو عامر الراهب، (که قەشەیەکی مەسیحی بووه)، به گوێرەی ڕیوایەتێکی ابن عباس.

چوارەم: پیاوێك بووه له بنی ئیسرائیل (ابن عباس).

پێنجەم: کەسێکی مونافیق (الحسن).

شەشەم: هەر کەسێك که خۆی له هەق دادەماڵێت (قتادة).

وه ابن کثیر دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

١-ناوی ئەو کەسه "صيفي بن الراهب"ه.

٢-ناوی "بلعم"ه و خەڵکی یەمەنه.

٣-واته امية بن ابي الصلت.

ئەگەر قسەکانی ابن عباس ڕەت کەینەوە چونکە هەر جارەی قسەیەکی کردووە، ئەوا دەگەین بەم دەرەنجامەی کە ئەم ئایەتە مەبەستی أمية بن ابي الصلتە.

## ئایەتی ١٧٧

سَاء مَثَلاً الْقَوْمُ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُواْ يَظْلِمُونَ

نموونەیەکی خراپە ئەو خەڵکانەی کە نکۆڵی لە ئایەتەکانمان دەکەن، وە خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردووە.

## ئایەتی ١٧٨

مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي وَمَن يُضْلِلْ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ

هەر کەسێك الله هیدایەتی بدات ئەوا هیدایەت کراوە، وە هەر کەسێك الله گومڕای بکات ئەوا ئەوانە دۆڕاو دەبن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ئەو ئایەتە دەڵێت: هیدایەت و گومڕایی بەدەست اللەیە.

جا ئەوەی سەیرە، لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدەست مرۆڤی خراپەکار و ستەمکار دەناڵێنێت، بەڵام اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، من هیدایەتی خراپەکار و ستەمکار و کافر نادەم!

لە پێنج ئایەتدا هاتووە کە الله هیدایەتی خەڵکانێکی خراپەکار نادات، (ئایەتی ٦ سوورەتی المنافقون، ئایەتی ١٠٨ سوورەتی المائدة، ئایەتی ٣٤ و ٨٠ سوورەتی التوبة، ئایەتی ٤ سوورەتی الصف):

إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ

له ڕاستیدا الله هیدایەتی خەڵکانێکی خراپەکار نادات.

وه له چوار ئایەتدا هاتووه که الله هیدایەتی خەڵکانێکی کافر نادات.
(ئایەتی٢٦٤ سوورەتی البقرة، ئایەتی ٦٧ سوورەتی المائدة، ئایەتی ١٠٧ سوورەتی النحل و ئایەتی ٣٧ سوورەتی التوبة):

أَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ

له ڕاستیدا الله هیدایەتی خەڵکانێکی کافر نادات.

وه له ١٠ئایەتدا هاتووه که الله هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.
(ئایەتی ٢٥٨ البقرة، ٨٦ ال عمران ، ١٩ و ١٠٩ التوبة، ١٧ الصف، ٥ الجمعة، ٥١ المائدة، ١٤٤ الانعام، ٥٠ القصص، ١٠ الاحقاف).

وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ

وه الله هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

پرسیاری لۆجیکی ئەوەیە: ئەی بۆ کێ ١٢٤ هەزار پێغەمبەرت ناردووه؟

## ئایەتی ١٧٩

وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئێمە زۆر لە جنۆکە و مرۆڤمان بۆ دۆزەخ درووستکردووە، ئەوانە دڵێکیان هەیە کە لە ڕێگایەوە تێناگەن، وە چاویشیان هەیە بەڵام لە ڕێگایەوە نابینن، وە گوێیان هەیە بەڵام لە ڕێگایەوە نابیسن، ئەوانە وەك ئاژەڵ وان، بەڵکو لە ئاژەڵ گومڕاترن، ئەوانە بێئاگان.

اللهی عەرەب و ئیسلام کەلتووری جوێندانی لە دوورگەی عەربی وەرگرتووە و جوێن دەدات و سوکایەتی دەکات، وە بەوانەی کە بڕوای پێناهێنن دەڵێت:

سەگ ( وەك لە ئایەتی ١٧٦ بینیمان) و ئاژەڵ.

بەڵام سەیرەکە لەوەدایە لە ئایەتی پێشووتر دەڵێت، {مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِي وَمَن يُضْلِلْ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ- ئەوەی الله هیدایەتی بدات ئەوا هیدایەت کراوە، وە ئەوەی گومڕای بکات ئەوا لە دۆڕاوەکانە).

واتە هیدایەت و گومڕا بوون بە دەست خۆیەتی.

یا أولی الالباب، ئەی دەجال و مەلاکان، ئەی موسڵمانانی کاڵفام و جاهیل، ئێستا دەتوانن پێمان بڵێن کێ سەگ و ئاژەڵە؟ هەڵبەتە لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ سەگ و ئاژەڵ. ئەوەندەی ئاژەڵ و سەگ خزمەتی مرۆڤایەتیان کردووە، ملیۆنەها ئەوەندە خودا کاڵفام و جاهیلەکەتان زیانی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە.

وە هەروەك ڕوونە لەم دەقە کە اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، مرۆڤ بە دڵ بیردەکاتەوە.{ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا- دڵێکیان هەیە کە پێیەوە بیر ناکەنەوە}.

وه له ڕاستیدا {قلوب}، (کۆیه، واته ٣ دڵ و زیاتر) هەڵەیه و دەبێت (قلب)، واته دڵ بێت. چونکه مرۆڤ یەك دڵی هەیه و چەندەها دڵی نییه. لەبەر ئەوه دەبێت ئایەتەکە بەم شێوەیه بێت:

لَهُمْ قلبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا

له سنن ابن ابي عاصم و جامع البيان للطبرى و الدر المنثور للسيوطى فەرموودەیەک هاتووه ،محمد كه گوتوویەتی:

لَمَّا ذَرَأَ اللَّهُ تَعَالَى لِجَهَنَّمَ مَنْ ذَرَأَ كَانَ وَلَدُ الزِّنَا مِمَّنْ ذرا لجهنم

کاتێك الله ئەوانەی بۆ دۆزەخ دروستکرد کە درووستیکردن، ئەوا مناڵانی زینا یەکێك بوون لەوانەی بۆ دۆزەخ درووستیکردن.

ئەوەی سەیرە محمد خۆی منداڵی زینا بووە و کەس نەیزانیووە باوکی کێیە.من لە پەرتووکی ئەخلاقی پێغەمبەری ئیسلام بە درێژی باسی ئەو بابەتەم کردووە کە محمد نە کوڕی عبدالله بووە وە نە قورەیشی، بە پێویستی نازانم لێرە دووبارەی بکەمەوە. بەڵام چەند پرسیارێك دەکەم:

سەرچاوە ئیسلامیەکان دەڵێن:

یەکەم: ئامینە جگە لە محمد هیچ منداڵێکی تری نەبووە.

دووەم: محمد نەوەی عبدالمطلب بووە، وە عبدالمطلب بە سەرکردەی قورەیش ناسراو بووە و پیاوێکی دەوڵەمەند بووە.

سێهەم: شێوەزمانی قورەیش پاراوترین زمان بووە و قورئان بە شێوەزاری قورەیش دابەزیووە.

پرسیارەکان:

یەکەم: بۆچی محمد نێردرا بۆ هوازن بۆ لای حلیمة السعدیة بۆ دایەنکردنی؟ ئەی لە سەرچاوە ئیسلامیەکان نەهاتووە کە ئامینە خەونی بینی کە محمد دەبێت بە پێغەمبەری عەرەب؟ ئەی کاری ئامینة چی بوو کاتێك محمد چوو بۆ لای حلیمة السعدیة؟

دووەم: ئەی سەرچاوەکانتان ناڵێن چەندەها نیشانە ڕوویدا کاتێك محمد لە دایك بوو، بۆچی محمد نێردرا بۆ لای حلیمة السعدیة؟

سێیەم: سەرچاوەکانتان دەڵێن هەموو کوڕو نەوەکانی عبدالمطلب لە مەککە دایەنیی دەکران، ژنە کۆیلە شیریان دەدانێ، بۆچی محمد نێردرا بۆ لای حلیمة السعدیة؟

چوارەم: سەرچاوەکانتان دەڵێن، هەموو کوڕ و نەوەکانی عبدالمطلب خوێنەوار بوون، بۆچی محمد نەخوێنەوار دەرچوو؟

پێنجەم: سەرچاوەکان دەڵێن، عبدالمطلب کۆیلەی زۆری هەبوو کە کاریان بۆی دەکرد، وەك شوانکاری و وشتروانی، بۆچی محمد کاری وشتروانی و شوانکاری کردووە؟

شەشەم: لە سنن الترمذی فەرموودەیەکی العباس (کە گوایە مامی محمدە) هاتووە، کە بە محمد دەڵێت، قورەیشەکان گوتیان.

فَجَعَلُوا مَثَلَكَ مَثَلَ نَخْلَةٍ فِي كَبْوَةٍ مِنْ الْأَرْضِ

نموونەی محمد وەك دارخورمایەك وایە کە لە زبڵدانێك سەرهەڵدەدات.

لەم فەرموودەیەدا العباس لای قورەیشەکان بەرگری لە محمد نەکردووە.

"زبڵدان" بە ژنێك دەگوترێت كە هەر ڕۆژەی پیاوێك خۆی تیایدا خاڵی دەكاتەوە، وە كاتێك منداڵی دەبێت پێی دەگوترێت منداڵی زبڵدان.

زۆر پرسیاری تریش، بەڵام ئەوەندە پرسیارە كافیە بۆ كەسێك تۆزێك بیربكاتەوە.

## ئایەتی ١٨٠

وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ

وە بۆ الله ناوی جوان و نایاب هەیە، بەو ناوانە بانگی بكەن، وە واز لەوانە بێنن كە ناهەق بەرامبەر بە ناوەكانی دەكەن، ئەوانە سزای خۆیان بۆ ئەو كارانەی دەیانكرد وەردەگرنەوە.

اللەی عەرەب و ئیسلام خودایەكی سەیروسەمەرەیە ، ناوی نایاب و ناوی خراپی هەیە.

بۆ نموونە وەك محمود و خولە، قادر و قالە، هتد،،

لە صحیح البخاری فەرموودەیەكی محمد صلعم هاتووە، گوتوویەتی:

إنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وتِسْعِينَ اسْمًا مِئَةً إلَّا واحِدًا، مَن أحْصَاهَا دَخَلَ الجَنَّةَ

الله سەد كەم یەك (واتە ٩٩) ناوی هەیە، هەر كەسێك ئەو ناوانە بژمێرێت دەچێتە بەهەشتەوە.

لە صحیح البخاری و مسلم، ئاماژە بە ناوەكان كراوە، كە بریتین لە:

هو الله الذي لا إله إلا هو الرحمن الرحيم، الملك، القدوس، السلام، المؤمن، المهيمن، العزيز، الجبار ،المتكبر، الخالق، البارئ، المصور، الغفار، القهار، الوهاب، الرزاق، الفتاح، العليم، القابض، الباسط، الخافض، الرافع، المعز، المذل، السميع، البصير، الحكم، العدل، اللطيف، الخبير، الحليم، العظيم، الغفور، الشكور، العلي، الكبير، الحفيظ، المقيت، الحسيب، الجليل، الكريم، الرقيب، المجيب، الواسع، الحكيم، الودود، المجيد، الباعث، الشهيد، الحق، الوكيل، القوي، المتين، الولي، الحميد، المحصي، المبدئ، المعيد، المحيي، المميت، الحي، القيوم، الواجد، الماجد، الواحد، الأحد، الفرد، الصمد، القادر، المقتدر، المقدم، المؤخر، الأول، الآخر، الظاهر، الباطن، الوالي، المتعالي، البر، التواب، المنتقم، العفو الرؤوف، مالك الملك، ذو الجلال والإكرام، المقسط، الجامع، الغني، المغني، المانع، الضار، النافع، النور، الهادي، البديع، الباقي، الوارث، الرشيد، الصبور.

هەندێك لەم ناوانە جوان و نایابانەی: "الضار" واتە زیانبەخش، "المنتقم" تۆڵەسێنەر، "المميت" بکوژ، "المذل" ڕیسواکەر، "المتكبر" خۆبەزلزان ، "القهار"چەوسێنەر، "الجبار" بە زەبروزەنگ.

نازانم بۆچی"المكار"یان نەخستۆتە لیستی ئەم ناوانە، چونکە خۆی بە شانازیەوە دەڵێت: "خير الماكرين"م.

جگە لەم ناوە نایاب و جوانانە، هەندێك ناوی هەیە کە لە ئاستێکی نزمترن: وەك "الدهر" و "الشیء".

"الدهر" واتە زەمانە:

فەرموودەیەکی صحیح لە فتح الباری لابن حجر هاتووە، محمد گوتوویەتی:

لا تسبُّوا الدهرَ فإنَّ اللهَ قال: أنا الدهرُ

سووکایەتی بە زەمانە مەکەن، چونکە الله گوتی من زەمانەم

ئاخ زەمانە!

وە لە صحیح  البخاری ومسلم، فەرمودەیەکی محمد هاتووە، گوتوویەتی

قالَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ: يُؤْذِينِي ابنُ آدَمَ يقولُ: يا خَيْبَةَ الدَّهْرِ فلا يَقُولَنَّ أحَدُكُمْ: يا خَيْبَةَ الدَّهْرِ فإنِّي أنا الدَّهْرُ

الله گوتی: نەوەکانی ئادەم ئازارم دەدەن و دەڵێن ئای لە دەست زەمانە، نەکەن بڵێن ئای لە زەمانە چونکە من زەمانەم.

ئاخ لە دەست زەمانە!

"الشیء" واتە شت. شت یەکێکە لە ناوەکانی الله.

ئایەتی ١٩ الانعام دەڵێت:

قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةًۖ قُلِ اللَّهُ

ئەی محمد بڵێ، کامە شت گەورەترین شایەتییە، بڵێ الله.

واتە الله شتە!

ئاخ لە دەست شت، ئەی شت فریام کەوە.

وە ئایەتی ٨٨ سوورەتی القصص دەڵێت:

كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ

هەموو شتێك لەناودەچێت، تەنها سیماکەی الله نەبێت.

واتە سیمای الله شتە.

وە لە صحيح البخاری کتاب التوحيد بابێك هەیە بە ناوی:

بَاب قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً قُلْ اللَّهُ فَسَمَّى اللَّهُ تَعَالَى نَفْسَهُ شَيْئًا وَسَمَّى النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْقُرْآنَ شَيْئًا وَهُوَ صِفَةٌ مِنْ صِفَاتِ اللَّهِ وَقَالَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ

باب: بڵێ کامە شت گەورەترین شایەتییە بڵێ الله، الله ناوی لە خۆی ناوە شت. وە پێغەمبەر ناوی لە قورئان ناوە شت، وە ئەوە سیفەتێکە لە سیفاتەکانی الله، وە الله گوتوویەتی: هەموو شتێك لە ناودەچێت تەنها سیماکەی نەبێت.

البخاری دەڵێت، الله ناوی لە خۆی ناوە شت.

وە بە قسەی ئێوە قورئان وتەی اللەیە، بەڵام محمد ناوی لە وتەی الله ناوە شت.

واتە الله شتە و وتەکەی شتە.

وە بە حوکمی ئەوەی شتە، کەواتە مخلوقە و درووستکراوە، واتە لە زەمان و شوێندایە، کەواتە ناکرێت خودا بێت.

واتە دەکرێت نیزا بۆ الله بکەیت و بڵێت یا شیء واتە ئەی شت.

بەڵام ئاگاداربن الله گەورەترین شتە.

# ئایەتی ١٨١

وَمِمَّنْ خَلَقْنَا أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ

وە لەوانەی کە درووستمانکردوون، کۆمەڵێك هەن کە بە هەق ڕێنیشاندەرن، وە بە هەق دادوەری دەکەن.

ابن کثیر لە تفسير القران العظيم و الطبری لە جامع البيان دەڵێن، مەبەست لەم کۆمەڵە میللەتی محمدە.

وە لە ئایەتی ١٥٩ الاعراف ئاماژە بەوە دەکات، کە کۆمەڵێك لە میللەتی موسا بە هەق ڕێنیشاندەرن و بە هەق دادوەری دەکەن.

وَمِنْ قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ

# ئایەتی ١٨٢

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لاَ يَعْلَمُونَ

وە ئەوانەی نکۆڵیان لە نیشانەکانمان کرد، ئەوا هێواش هێواش ڕایاندەماڵین (لە ناویان دەبەین)، بە شێوەیەك کە خۆشیان نەزانن.

الجلالين لە تفسير الجلالين دەڵێن:

{وَٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِئَايَـٰتِنَا- وە ئەوانەی نکۆڵیان لە نیشانەکانمان کرد}، واتە قورئان کە خەڵکی مەککە نکۆڵیان لێی کرد، {سَنَسْتَدْرِجُهُم} کەم کەمە دەیانگرین، {مِّنْ حَيْثُ لاَ يَعْلَمُونَ} بە شێوەیەك کە خۆشیان نەزانن.

# ئایەتی ١٨٣

وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ

ماوەیەك مۆڵەتیان دەدەین، لە ڕاستیدا لە خشتەبردنم پتەوە.

# ئایەتی ١٨٤

أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُواْ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ

ئایا بیریان نەکردۆتەوە کە هاوڕێکەیان (محمد) جنۆکەی تێدانییە، بەڵکو ئەو (محمد) تەنها هۆشیاردەرێکی ئاشکرایە.

الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و القرطبی لە الجامع لاحکام القران، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێن:

پێغەمبەر لەسەر تەپۆڵکەی سەفا بوو، بانگی قورەیشەکانی کرد، دەستی کرد بە بانگکردنی تیرە بە تیرە و دەیگوت" ئەی بنی فولان، ئەی بنی فولان" ئاگاداری کردنەوە لە زەبروزەنگی الله و سزای الله، یەکێکیان گوتی: لە ڕاستیدا هاوڕێکەتان -محمد- شێتە، ئەوە لە بەیانیەوە بانگدەکات، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند، وە گوتی محمد شێت نییە.

# ئایەتی ١٨٥

أَوَلَمْ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَى أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ

ئایا ئەوانە لە سەروەری ئاسمانەکان و زەوی و هەر شتێك کە اللە درووستیکردووە ڕانەماون؟ وە ڕەنگ بێت کە کۆتاییان نزیك بوو بێتەوە، دەسا بە کامە قسە لە دوای ئەوە بڕوا دەکەن؟

یەکێك لە سەیروسەمەرەکانی اللەی عەرەب و ئیسلام ئەوەیە بە "ئەگەر" نەك "یەقین" قسە دەکات.

قورئان پڕیەتی لە وشەی "عسی" و "لعل" واتە ڕەنگ بێت، یان ئەگەر.

واتە اللەی عەرەب و ئیسلام نازانێت، لەبەر ئەوە بە ئەگەر و ڕەنگە قسە دەکات.

وە وشەی "ملکوت" وشەیەکی ئارامی سریانی عیبرییە، وە بە مانای شانشینی خودا دێت.

کەچی نووسەری قورئان وشەی "ملکوت"ی بەکارهێناوە، بێئەوەی بزانێت ماناکەی چییە، وە یاخود وایزانیووە بە مانای ئاسمان دێت.

چونکە "ملکوت" بە مانای شانشینی خودا دێت. پرسیار: ئایا مومکینە مرۆڤ شانشینی خودا واتە میتافیزیك ببینێت؟ هەرگیز

ئەی کەواتە چۆن ئەم دەقە دەڵێت، ئایا لە شانشینی ئاسمانەکان و زەوی ڕانەماون؟

بۆ نموونە لە ئایەتی ٧٥ سوورەتی الانعام هاتووە، دەڵێت:

وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ

بەم شێوەیە شانشینی (ملکوت) ئاسمانەکان و زەویمان بە ئیبراهیم نیشاندا بۆ ئەوەی لە دڵنیاکان بێت.

ئەم دەقە پێمان دەڵێت کە شانشینی ئاسمانەکان نیشان بە ئیبراهیم دراوە. واتە شانشین شتێك نییە هەموو کەسێك ببیبنێت، چونکە شانشین لە میتافیزیکە، لە دەرەوەی کات و شوێنە.

کەچی اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، ئەریّ لە ملکوت( شانشینی) ئاسمانەکان و زەوی ڕانەماون؟

وە تەنانەت لەم ئایەتە اللّٰەی عەرەب و ئیسلام  دەڵێت، زەویش مەلەکوتی هەیە.

(فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ- دەسا بە کامە قسە لە دوای ئەمە بڕوادێنن)، واتە قورئان.

## ئایەتی ١٨٦

مَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلاَ هَادِيَ لَهُ وَيَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ

هەر کەسێك اللّٰە گومڕای بکات ئەوا ڕێنیشاندەری نابێت، وازیان لێ دێنێت کە لە سەر سەرگەردانیان بێن و بچن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

هەر کەسێك اللّٰە گومڕایی لەسەر نووسیبێت، ئەوا هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێنمایی بکات.

# ئایەتی ١٨٧

يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي لاَ يُجَلِّيهَا لِوَقْتِهَا إِلاَّ هُوَ ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لاَ تَأْتِيكُمْ إِلاَّ بَغْتَةً يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ

ئەی محمد، پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە کاتی سەرهەڵدانی قیامەت، کەی بەرپا دەبێت؟ بڵێ لە ڕاستیدا زانستەکەی لای خوداکەمە، خۆی نەبێت هیچ کەسێك ناتوانێت کاتەکەی بەدیاربخات، بەرپابوونی (قیامەت) بۆ ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان گرانە، ڕۆژی قیامەت ڕوونادات تەنها بە کتوپڕی نەبێت، پرسیارت لێ دەکەن وەك ئەوەی تۆ لێی بزانیت، بڵێ لە ڕاستیدا زانستەکەی لای اللەیە، بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی، جَبَل بن أبي قُشير وشَمْوال بن زيد کە دوو پیاوی جوو بوون، پرسیاریان لە پیغەمبەر کرد سەبارەت بە ڕۆژی قیامەت، کە کەی بەرپا دەبێت؟

قتادة دەڵێت، قورەیشەکان پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد، کە کەی ڕۆژی قیامەت بەرپا دەبێت؟

ئەم سوورەتە سوورەتێکی مەکیيە، وە یهود لە مەکە بوونیان نەبووە، کەواتە قسەکەی ابن عباس ڕاست نییە.

ئەم ئایەتە دەڵێت:

یەکەم: هیچ کەسێك نازانێت کۆتایی دونیا کەیە تەنها الله نەبێت. وە دوو جار ئەم بڕگەیە لەم ئایەتدا هاتووە.

قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي (بڵێ لە ڕاستیدا زانستەکەی لای خوداکەمە).

قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ اللَّهِ (بڵێ لە ڕاستیدا زانستەکەی لای اللەیە).

ئەم دووبارەبوونەوەیە پێویست ناکات، وە زۆر بێمانایە، مەگەر خوداکەی محمد جیا بێت لە الله.

دووەم: وە دەڵێت لە کتوپڕێکدا بەرپا دەبێت.

سێهەم: {ثَقُلَتْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ- بەرپابوونی قیامەت لە ئاسمانەکان و زەوی قورسە}.

ئەگەر مەبەست لەم دەقە ئەوە بێت کە ڕوودانی قیامەت لەسەر دانیشتوانی ئاسمانەکان و زەوی قورس بێت، ئەوا دەبوایە لە جیاتی (فِي) وشەی(على) بەکاربێت.

ئەم دەقە بەم شێوەیەی ئێستا ماناکەی دەبێت بە: بەرپابوونی قیامەت لە ئاسمانەکان و زەوی قورسە.

بەڵام ئەگەر ببێت بە (على): ثَقُلَتْ على السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ

ئەوا ماناکەی گونجاو دەبێت: بەرپابوونی قیامەت لەسەر خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی قورس دەبێت.

قورس دەبێت چونکە خەڵك لە ڕۆژی حیساب و لێپرسینەوە دەترسن.

ئەی فریشتەکان بۆ؟ بە گوێرەی فەرموودەکان، الله اکبر فریشتەکان دانە بە دانە لەناودەبات، دوا دانەیان کە الله لە ناوی دەبات جبرائیلە.

لە ڕاستیدا نازانم بۆ تا ئێستا جبرائیل ماوەتەوە، ئەی ناڵێن محمد دوا پێغەمبەربوو، وە پێغەمبەری تر نایەت؟ ئیش و کاری جبرائیل چییە؟

بەڵام ئەوەی سەیرە کاتێك سەیری دەقەکانی قورئان دەکەیت سەبارەت بە بەهەشت، دەبینیت فریشتەکان بەخێرهاتنی پیاوانی موسڵمان دەکەن کاتێك دەچنە بەهەشتەوە. وە فریشتەکان پاسەوانی دۆزەخن.

یانی الله دەیامرێنێت و دواتر زیندوویان دەکاتەوە؟ ئەی لە دەقی قورئاندا نەهاتووە کە الله لەگەڵ فریشتەکان دادەبەزێت لە ڕۆژی قیامەت؟

وەك ئایەتی ٢٢ سوورەتی الفجر دەڵێت:

وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا

وە خوداکەت هات و فریشتەکان پۆل بە پۆل لەگەڵیدا.

وە هەروەها لە ئایەتی ١٦-١٧ سوورەتی الحاقة هاتووە:

وَانشَقَّتِ السَّمَاءُ فَهِيَ يَوْمَئِذٍ وَاهِيَةٌ

وَالْمَلَكُ عَلَىٰ أَرْجَائِهَا ۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ

ئاسمان شەق بوو، وە لەم ڕۆژەدا کراوەیە، فریشتەکان لەسەر لێواری ئاسمانەکانن، وە ٨ فریشتە عرشی اللهیان هەڵگرتووە.

# ئایەتی ١٨٨

قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللَّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ

ئەی محمد بڵێ، من ناتوانم هیچ سوودێك یان زیانێکم بۆ خۆم هەبێت مەگەر ویستی اللّٰەی لەسەر بێت، وە ئەگەر لە غەیبم بزانیایە ئەوا بە دڵنیاییەوە چاکەی زۆرم ئەنجام دەدا و هیچ ناخۆشیەکیشم تووش نەدەهات، لە ڕاستیدا من هیچ نیم تەنها هۆشیاردەرێك و مژدەدەرێکم بۆ خەڵکانێك کە باوەڕ دێنن.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

خەڵکی مەککە گوتیان: ئەی محمد، ئایا خوداکەت ئاگادارت ناکاتەوە سەبارەت بە نرخی هەرزان پێش ئەوەی گران بێت، بۆ ئەوەی بۆ خۆت بکڕیت و قازانجێکی زۆر بکەیت؟ ئەوەبوو اللّٰە ئەم ئایەتەی دابەزاند.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە شرۆڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت:

اللّٰە بە پێغەمبەرەکەی محمد دەڵێت: ئەی محمد بەو کەسە بڵێ کە پرسیاری لێت کردووە، سەبارەت بە کات و ساتی ڕۆژی قیامەت بڵێ: من خۆم ناتوانم سوودێك بەخۆم بگەیەنم، وە ناتوانم زیانێك لە خۆم دوور بخەمەوە، وە ئەگەر لە غەیبم بزانیایە، ئەوەی بووە و ئەوەی لە داهاتوو دەبێت، ئەوا چاکەیەکی زۆرم ئامادە دەکرد.

ئایەتی١٨٧-١٨٨ ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەن:

یەکەم: تەنها اللّٰە غەیب دەزانێت.

دووەم: محمد لە غەیب نازانێت و نازانێت لە داهاتوو چی ڕوودەدات.

لەگەڵ ئەوەش دەیەها فەرموودەی هەیە سەبارەت بە داهاتوو.

سێهەم: تەنانەت محمد ناتوانێت سوود یان زیان بەخۆی بگەیەنێت، چونکە ئەوە ڕوودەدات کە الله لەسەری نووسیوە.

وەك ئایەتی ٥١ سوورەتی التوبة دەڵێت:

قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا

ئەی محمد بڵێ، هیچ شتێك تووشمان نابێت تەنها ئەوەیان نەبێت کە الله لەسەرمانی نووسیوە.

وە ئایەتی ٥٦ سوورەتی الاسراء کە دەڵێت:

قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا

ئەی محمد بڵێ، دە بانگ و هاوار بۆ ئەوانە بکەن کە جگە لە الله دەتانپەرستن، نە دەسەڵاتیان هەیە زیان لەسەرتان لابەرن، وە نە دەتوانن بیگۆڕن.

لە صحیح الترمذی ڕیوایەتێکی محمد هاتووە کە دەڵێت:

وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ، وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ ، رُفِعَتِ الأَقْلَامُ وَجَفَّتْ الصُّحُفُ

وە بزانە ئەگەر میللەت هەمووی کۆبێتەوە بۆ ئەوەی سوودێکت بە شتێك پێبگەیەنێت ناتوانن سوودت پێبگەیەنن، تەنها بەو شتە نەبێت کە الله

لەسەرتی نوسیووە، وە ئەگەر کۆببنەوە زیانت بە شتێك پێبگەیەنن ئەوا ناتوانن زیانت پێبگەیەنن، تەنها بەوە نەبێت کە الله لە سەرتی نووسیوە. پێنووسەکان لابران و لاپەڕەکان وشك بوون.

## ئایەتی ١٨٩-١٩٠

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلاً خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ فَلَمَّا أَثْقَلَت دَّعَوَا اللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ

فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحًا جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا فَتَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ

هەر خۆی (الله) ئێوەی لە یەك خود(ئادەم) درووستکردووە، وە لەم خودە هاوسەرەکەی (حوا) هێناوەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بژی، وە کاتێك (ئادەم لە حەوای) بڕی (جووت بوو) و دووگیان بوونێکی سووك دووگیان بوو، وە بەم حاڵەوە تێپەڕیکرد، ئینجا باری گران بوو، هەردووکیان (ئادەم و حوا) بانگی الله خوداکەیان کرد: ئەگەر منداڵێکی باشمان پێببەخشیت ئەوا لە سوپاسگوزارەکانت دەبین.

وە کاتێك منداڵێکی چاکیان بوو، ئەوا هەوەڵیان بۆ الله دانا لەوەی کە پێیانی دابوو، الله بەرزە، دەکەواتە چۆن هاوەڵی بۆ دێینە ئاراوە.

ئەم دوو ئایەتە پێمان دەڵێت، کە ئادەم و حەوا شرکیان کردووە.

دوای ئەوەی ئادەم لە بەهەشت دەرکرا و داوای لێبووردەیی لە الله کرد، وە الله تۆبەکەی قبووڵ کرد.

قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي فَغَفَرَ لَهُ

ئادەم گوتی، خوداکەم من ستەمم لە خۆم کرد و لێم خۆشبە، ئەوەبوو الله لێی خۆش بوو.

بەڵام لە دوای دەرکردنیان لە بەهەشت باوکە ئادەم و دایکە حەوا شرك بە الله دەکەن.

لە زۆر ئایەتی قورئاندا هاتووە کە الله لە شرك خۆش نابێت، وە ئەوەی شرك بکات ئەوا بە دڵنیاییەوە دەچێتە دۆزەخەوە.

بۆ نمونە ئایەتی١١٦ سوورەتی النساء:

إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ

لە ڕاستیدا الله لە کەسێك نابوورێت کە شرکی پێ دەکات.

لە صحیح البخاری و مسلم فەرموودەیەکی درێژ هاتووە، کە ناسراوە بە فەرموودەی الشفاعة کە محمد گوتوویەتی، لە رۆژی قیامەت خەڵك لە گۆڕەپانی محشر لە ترسی الله تۆقیون، دەچن بۆ لای ئادەم بۆ ئەوەی شەفاعەتیان  لای الله بۆ بکات، ئادەم دەڵێت:

نَفْسِي، نَفْسِي، نَفْسِي، اذْهَبُوا إِلَى غَيْرِي، اذْهَبُوا إِلَى نُوحٍ

خواخوامە خۆم خۆم ڕزگارم بێت، بڕۆن بۆ لای کەسێکی تر، بڕۆن بۆ لای نوح.

واتە ئادەم خواخوای بووە خۆی لە دۆزەخ ڕزگاری بێت. بۆچی؟ چونکە شرکی کردووە. وە بە هۆی گوناهەکەی بەهەشتیەوە نییە، چونکە قورئان لە چەندەها شوێندا دەڵێت الله لەم گوناهەی ئادەم خۆشبوو، وەك ئایەتی ٣٧ سوورەتی البقرة دەڵێت:

فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ

ئادەم وتەیەکی لە لایەن خوداکەیەوە پێگەیشت و لە گوناهەکەی خۆشبوو.

ئادەم و حەوا چۆن شرکیان کردووە؟

لە جامع الترمذی و مسند احمد و المستدرك للحاكم ( وە دەڵێت صحیحە لەسەر شەرتی مسلم) فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە گوتوویەتی:

لَمَّا حَمَلَتْ حَوَّاءُ طَافَ بِهَا إِبْلِيسُ وَكَانَ لَا يَعِيشُ لَهَا وَلَدٌ فَقَالَ سَمِّيهِ عَبْدَ الْحَارِثِ فَسَمَّتْهُ عَبْدَ الْحَارِثِ فَعَاشَ وَكَانَ ذَلِكَ مِنْ وَحْيِ الشَّيْطَانِ وَأَمْرِهِ

دەڵێت، حەوا کوڕی بۆ نەدەژیا، کاتێك دووگیان بوو، ئیبلیس بە دەوریدا سوڕایەوە و گوتی ناوی لێ بنێ عبدالحارث ئەوا دەژی، ئەوەبوو کوڕەکەی ناونا عبدالحارث وە ژیا، وە ئەوە لە وەحی و فەرمانی شەیتان بوو.

المبارکفوری لە تحفة الاحوذی دەڵێت:

قال صاحب فتح البيان: قد استشكل هذه الآية (١٨٩ سورة الاعراف) جمع من أهل العلم، لأن ظاهرها صريح في وقوع الإشراك من آدم عليه السلام، والأنبياء معصومون عن الشرك، ثم اضطروا إلى التفصي من هذا الإشكال

خاوەنی "فتح البیان" گوتوویەتی ئەم ئایەتە (ئایەتی ١٨٩ سوورەتی الاعراف) سەرئێشەی ناوەتەوە بۆ هەموو ئەهلی عیلم، چونکە ئایەتەکە ڕوونە کە ئادەم شرکی کردووە، بەڵام پێغەمبەران پارێزراون لە شرك، لەبەر ئەوە ناچاربوون کە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم ئایەتە لەم کێشەیە ڕزگار بکەن.

بژی موفەسیرەکان کە پێنەوپەڕۆ دەکەن بۆ دەقەکانی قورئان، بە هیمەتی الله اکبر سەرۆکی شەیاتینەکان.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

قَوْلُهُ تَعَالَى هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ قَالَ جُمْهُورُ الْمُفَسِّرِينَ: الْمُرَادُ بِالنَّفْسِ الْوَاحِدَةِ آدَمُ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا يَعْنِي حَوَّاءَ لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا لِيَأْنَسَ بِهَا وَيَطْمَئِنَّ ، وَكَانَ هَذَا كُلُّهُ فِي الْجَنَّةِ

وە وتەی الله (هەر ئەو بوو کە لە یەك خود ئێوەی درووستکردووە) جەماوەرێك لە شرۆڤەکاران گوتوویانە: مەبەست(لە یەك خود) ئادەمە (هاوسەرەکەی لەم خودە هێناوەتە ئاراوە) واتە حەوا، بۆ ئەوەی لە تەکیدا بژی و دڵنەوایی بکات، وە ئەوە هەمووی لە بەهەشت بووە.

(فَلَمَّا تَغَشَّاهَا- کاتێك پیاوەکە لە ژنەکەی بڕی- واتە جووت بوو لەگەڵیدا) لە زەوی بووە دوای ئەوەی دابەزین، ئینجا دووگیان بوو، دووگیان بوونێکی سووك.

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی:

(هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ – هەر ئەوبوو ئێوەی لە یەك خود درووستکرد)، واتە خودی ئادەم، (وە لەم خودە هاوسەرەکەی درووستکرد)، واتە حەوا کە الله لە پەراسویەکی ئادەم درووستیکرد (کاتێك تێیبڕی – جووت بوو)، ئادەم لەگەڵ حەوا (دووگیان بوو دووگیان بوونێکی سووك، و تێپەڕی کرد بەم حاڵە، ئینجا کاتێك دووگیانبوونەکەی قورس بوو)، واتە کە کوڕەکەی قورس بوو لە سکیدا، ئیبلیس لە شێوەی پیاوێك هات بۆ لای حەوا و گوتی: ئەوە چییە ئەی حەوا! لە ڕاستیدا من دەترسم

سەگ بێت یان ئاژەڵ بێت، وە تۆ چوزانێت لە کوێتەوە دەردەچێت؟ ئایا لە کۆمتەوە دێتە دەرەوە و دەتکوژێت، وە یان سکت و سکت شەق دەکات؟ جا حەوا ترسا، و بە ئادەمی گوت، بە بەردەوامی ئادەم و حەوا خەمیان بوو و بیریان دەکردەوە، ئینجا ئیبلیس هات بۆ لای حەوا و گوتی: ئەگەر داوا لە اللە بکەیت کە بیکات بە منداڵێکی چاك و لە شێوەی تۆ بکات و دەرچوونی لە سکت ئاسان بکات ئەوا ناوی لێ بنێ عبدالحارث، وە کاتێك ئیبلیس فریشتە بوو ناوی حارث بوو، وە ئەوە مانای ئەو دەقەیە کە دەڵێت: (وە کاتیك اللە کوڕێکی چاکی پێیاندا -بە ئادەم و حەوا- هاوەڵیان بۆ اللە هێنایە ئاراوە سەبارەت بەوەی پێیانیدا، اللە بەرزە، چۆن هاوەڵی بۆ دەهێننە ئاراوە) واتە کاتێك اللە کوڕێکی چاك و ڕێکی پێیان بەخشی، هاوەڵیان بۆ اللە هێنایە ئاراوە، واتە ئادەم و حەوا شرکیان بە اللە کرد، مەبەست لە شرکەکە الحارثە واتە ئیبلیس.

وە الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، کەم تا زۆر هەمان چیرۆك دەگێڕنەوە، کە سعید بن جبیر و ابن عباس ڕیوایەتیان کردووە.

لە الدر المنثور للسیوطی و النکت والعیون للماوردی فەرمووەیکی محمد هاتووە، کە گوتوویەتی:

شەیتان دوو جار فێڵی لە ئادەم و حەوا کرد، جاری یەکەم لەبەهەشت و جاری دووەم لە زەوی.

بەڵێ بە گوێرەی قورئان باوك و دایکی هەرە گەورەمان، ئادەم و حەوا شرکیان کردووە. کورد گوتەنی ماڵ بە ماڵ خۆی نەچێت حەرامە.

# ئایەتی ١٩١-١٩٢

أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ

وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلاَ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ

ئایا شرك دەكەن بەوەی كە هیچ شتێك دروستناكات، وە خۆیانیش دروستكراون.

وە ناتوانن نە یارمەتیان بدەن و نە یارمەتی خۆشیان بدەن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

وتەی الله {أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئًا - ئایا شرك دەكەن بەوەی كە هیچ شتێك دروستناكات}؟ ابن زید گوتوویەتی: ئەوە ئادەم و حەوان كە ناویان لە كوڕەكەیان نا عبدشمس (بەندەی خۆر)، وە خۆر هیچ شتێك دروستناكات. وە هەندێكی تر گوتوویانە: ئەم دەقە دەگەڕێتەوە بۆ كافرەكان كە بە بتەكانیان شركیان بە الله دەكرد، وە بت هیچ شتێك دروستناكات، وە وتەی الله{وهم يُخلَقون- وە خۆیان دروستدەكرێن}، واتە بتەكان خۆیان دروستكراون.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

الله گوتوویەتی : (أَيُشْرِكُونَ مَا لاَ يَخْلُقُ شَيْئًا) واتە : ئیبلیس و بتەكان، (وَهُمْ يُخْلَقُونَ)، واتە ئەوانە خۆیان دروستكراون.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەوە ئینكارە لە الله بۆ موشریكەكان كە لەگەڵ الله شتی تریان وەك بتەكان دەپەسرت، وە ئەم بتانە درووستكراون، كە هیچ دەسەڵاتێكیان نیە وە نە زیانیان هەیە وە نە سوود.

{وَلاَ يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا}، واتە ئەم شتانەی كە دەیانپەرستن و شركیان پێ دەكەن ئەوا ناتوانن یارمەتیدان بدەن، {وَلاَ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ}، وە تەنانەت ناتوانن یارمەتی خۆشیان بدەن.

## ئایەتی ۱۹۳

وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَى لاَ يَتَّبِعُوكُمْ سَوَاء عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَامِتُونَ

وە ئەگەر ئێوەش بانگیان بكەن بۆ ڕێگای (الله) ئەوا شوێنتان ناكەون، جا ئەگەر بانگیان بكەن وە یان بێدەنگیان لێ بكەن، وەك یەك وایە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە { وَإِن تَدْعُوهُمْ- وە ئەگەر بانگیان بكەن} دەڵێت دوو قەول هەیە:

یەكەم: دەگەڕێتەوە بۆ بتەكان، واتە ئەی موشریكەكان ئەگەر بتەكانتان بانگ بكەن بۆ ڕێگای ڕاست، ئەوا بەدواتانەوە نایەن چونكە فام ناكەن.

ابن كثیر و الطبری و القرطبی لەگەڵ ئەم شرۆڤەیەن.

دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ كافرەكان، واتە ئەی محمد ئەگەر ئەو كافرانە بانگ بكەیت بۆ هیدایەت، ئەوا بە دوات ناكەون، لەبەر ئەوە بانگیان بكەیت وە یان بێ دەنگ بیت، وەك یەك وایە.

والله اعلم

# ئایەتی ١٩٤

إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

لە ڕاستیدا ئەوانەی جگە لە الله، ئێوە بانگیان دەکەن، بەندەیەکن وەك ئێوە، دە بانگیان بکەن، وە با وەڵامتان پێ بدەنەوە ئەگەر بەڕاستی ئێوە ڕاستگۆن.

لەم ئایەتە اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، بتەکان وەك ئێوە بەندەی اللهن. چونکە دەقە، ئاراستەی بتپەرست و موشریکەکانە و دەڵێت:

ئەی موشریك و بتپەرست، ئەو بتانەی کە ئێوە نیزایان بۆ دەکەن ئەوا وەك ئێوە بەندەی اللهن، دەبانگیان بکەن و وەڵامتان بدەنەوە ئەگەر ڕاستگۆن.

ئەمە هەڵەیەکی زۆر سەیروسەمەرەیە، چۆن بتەکان وەك مرۆڤ بەندەی اللهن؟ ئەگەر بیگوتبایە بتەکان وەك ئێوە درووستکراون ئەوە ئاسایی بوو، واتە دەقەکە بیگوتبایە:

إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مخلوقٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

واتە ئەوانەی، جگە لە الله، ئێوە بانگیان دەکەن، وەك ئێوە دروستکراون.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله بەو موشریکانە دەڵێت، کە بتیان دەپەرست {إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ- ئەوانەی بانگیان دەکەن} واتە موشریکەکان کە بتەکانیان بانگ دەکەن{ مِن دُونِ اللَّهِ- جگە لە الله}، واتە جگە لە الله دەیانپەرستن و بە هۆیانەوە شرك

و كوفر به الله دەكەن {عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ- بەندەن وەك ئێوە}، ئەو بتانە موڵكی اللەن هەروەك چۆن ئێوە موڵكی اللەن.

## ئایەتی ١٩٥-١٩٦

أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا قُلِ ادْعُواْ شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلاَ تُنظِرُونِ

إِنَّ وَلِيِّيَ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ

ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئایا ئەو بتانە قاچیان هەیە کە پێی دەڕۆن؟ یان دەستیان هەیە بۆ ڕاوەشاندن؟ یان چاویان هەیە پێیەوە دەبینن؟ یان گوێچکەیان هەیە پێیەوە دەبیسن؟ (ئەی محمد بە بتپەرستەکان) بڵێ، بانگی پەرستراوەکانتان بکەن، ئینجا پیلانگێڕی خۆتان بکەن و دەرفەتم مەدەن، وە لە ڕاستیدا پشتیوانی من اللەیە کە پەرتووکی دابەزاندووە، وە هەر خۆی سەرپەرشتی چاکەکەران دەکات.

ئەم دەقە زۆر پڕووپووچە، منداڵێکیش دەزانێت کە بەرد قاچ و دەست و گوێچکە و چاوی نییە. نازانم ئەگەر ئەوە لۆجیکی خودا بێت بۆ قەناعەتهێنان بە خەڵکانێك کە نایپەرستن، نەبوونی ئەم خودایە زۆر باشترە لە بوونی. ئەقڵ و لۆجیکی خوداوەندی بیابانی عەرەبی لە خوارەوەی ئەقڵ و لۆجیکی منداڵێکی تەمەن شەش ساڵەیە.

ئینجا بە بتپەرستەکان دەڵێت: دەی خۆتان و بتەکانتان پلانگێڕی بکەن، وە من لێتان بێمنەتم.

بۆ زانیاریتان بتپەرستی لە مێژوودا بوونی نەبووە، بەڵكو بتەكان تەنها سیمبوڵی خوداوەندە ئاسمانیەكان بوون، هەروەك چۆن لە ئیسلامدا هیلال و بەردە ڕەشەكە سیمبوڵی الله اكبرن ، هەروەك چۆن خاچ نیشانەی فیدایە لەناو هەڵگرانی ڕێبازی مەسیح، هتد.

## ئایەتی ١٩٧-١٩٨

وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلا أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ

وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدَى لاَ يَسْمَعُواْ وَتَرَاهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ

اللهی عەرەب و ئیسلام بەردەوام دەبێت لە قسەكردن لەسەر بتەكان و بتپەرستەكان و دەڵێت:

وە ئەو بتانەی كە ئێوە، جگە لە الله بانگیان دەكەن، ناتوانن سەرتان بخەن، وە تەنانەت ناتوانن خودی خۆشیان سەربخەن.

وە ئەگەر بانگیان بكەیت بۆ هیدایەت گوێیان لێ نابێت، وە تۆ دەبینیت كە سەیرت دەكەن بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان نابینن.

الله اكبر لەم چەند دەقەدا دەڵێت:

ئەی بتپەرستەكان ئەو بتانەی كە ئێوە دەیانپەرستن و هاواریان بۆ دەكەن، ئەوا ناتوانن سەرتان بخەن، وە تەنانەت ناتوانن خودی خۆشیان سەربخەن. وە ئەگەر بۆ ڕێگا بانگیان بكەن، ئەوا گوێیان لێ نابێت، وە تۆ دەبینیت كە سەیرت دەكەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بتانە نابینن.

جارێكی تر سەیری ئەم لۆجیكە هیچ وپوچ و نزم و بێمانایە بكەن.

ڕاستە بەرد نابینێت و قسە ناکات. بەڵام ئەی چۆن موسڵمانان پێیان وایە بەردە ڕەشەکە مرۆڤ لە گوناە پاك دەکاتەوە؟ مەگەر بەرد هەر بەرد نییە؟ ئەی چۆن پێتان وایە کە بەردە ڕەشەکە لە ڕۆژی قیامەت دوو چاو و دوو لێو و زمانێکی دەبێت و شایەتی دەدات بۆ کەسێك کە سەردانی کردووە؟ مەگەر بەرد هەر بەرد نییە؟ ئەی چۆن بەردێك بە ناوی شەیتان بە بەرد رەجم دەکەن؟ مەگەر بەرد هەر بەرد نییە؟

لۆجیك لە ئیسلامدا بوونی نییە.

الجلالین لە تفسیر الاجلالین دەڵێن:

{وَإِن تَدۡعُوهُمۡ – وە کە بانگیان دەکەیت}، واتە بتەکان {إِلَى ٱلۡهُدَىٰ لَا يَسۡمَعُواْ وَتَرَىٰهُمۡ- بۆ هیدایەت، ناتبینن، وە تۆ دەیانبینیت}، واتە بتەکان ئەی محمد {يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ- سەیرت دەکەن}، واتە ڕووت تێدەکەن بۆ ئەوەی بتبینن {وَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ- وە ئەوان ناتبینن}، لە کاتێکدا نابینن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

وە ئەم وتارە لە اللهوەیە بۆ پێغەمبەرەکەی، وە دەڵێت: وە ئەی محمد دەبینیت کە خوداوەندەکانیان- بتەکانیان- سەیرت دەکەن لە کاتێکدا ئەو بتانە نابینن.

## ئایەتی ١٩٩

خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ

چاو بپۆشە و فەرمان بە دابونەریت بکە و واز لە نەزانەکان بێنە.

(عُرْف) له زمانی عەرەبی به مانای دابونەریت دێت، وه ئەم وشەیه تەنانەت به کوردیش کراوه، وەك دەڵێن عورف و عادات.

جا اللّٰەی ئیسلام، لەم دەقەدا فەرمان به محمد دەکات که پابەندی دابونەریت بێت. چ دابونەریتێك؟ دابونەریتێکی بتپەرستانه.

شرۆڤەکاران مانای ئەم وشەیەیان گۆڕیووه بۆ (الْمَعْرُوفُ)، واته چاکه،

بەڵام ڕاست ناکەن، چونکه (عُرْف) جیایه له (مَعْرُوفُ).

یان دەبێت نووسەرانی قورئان پیتی (م) وشەی (مَعْرُوفُ)یان له بیرکردبێت و وشەکه بووبێت به (عُرْف)

ابن الجوزی له زاد المسیر دەڵێت:

وه لای زۆرینه، ئەم ئایەته گشتی موحکەمه، وه لای هەندێك تەنها ناوەڕاستەکەی موحکەمه {واته ئەو بەشەی که دەڵێت وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ}، وه دەڵێت، بەڵام سەرەتا و کۆتایی نسخ بووه{ واته " خُذِ الْعَفْوَ" و " وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ" له کارخراوه به ئایەتی شمشێر}.

## ئایەتی ٢٠٠

وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

وه ئەی محمد هەرکه هاندانێکت له شەیتانەوه بۆ پێشهات و ویستی هاندت بدات، ئەوا پەناگه بگره به اللّٰه، ئەو هەر خۆی بیستەر و زانایه.

اللّٰه اکبر ئامۆژگاری پێغەمبەرەکەی دەکات که ئەگەر شەیتان هانیدا و دەفعی کرد ئەوا پەناگه بباته بەر اللّٰه.

اللهی عەرەب و ئیسلام باش پێغەمبەرەکەی ناسیووە، کە شەیتان هەمیشە پێی فێربووە و هانیداوە و دفعی کردووە.

الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێن:

کاتێك ئایەتی { خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ} دابەزی، پێغەمبەر گوتی ئەی خوداکەم ئەدی تورە بوون؟ ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

الطبری دەڵێت:

مەبەستی الله لەم ئایەتە ئەوەیە (وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ- وە هەرکە هاندانێکت لە شەیتان بۆ پێشهات و ویستی هانتبدات) واتە وە هەرکە تورەبونێکت لە شەیتان بۆ پێشهات و ویستی تورەت بکات و واتلێبکات کە واز لە نەزانەکان نەهێنیت، ئەوا (فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ) دەڵێت: پەناگە ببە بەر الله لە هاندانی شەیتان.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە تورە بوون یەکێکە لە هاندانەکانی شەیتان. بەڵام بە حوکمی ئەوەی محمد بەردەوام شەیتان هاوەڵ و یاوەری بووە، ئەوا تورەبوون و جنێودان بەشێك بووە لە ژیانی محمد.

لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

إنَّما أَنَا بَشَرٌ، أَغْضَبُ كما يَغْضَبُ البَشَرُ

لە ڕاستیدا من مرۆڤم وەك هەر مرۆڤێکی تر توورە دەبم.

وە لە صحیح البخاری فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

اللَّهُمَّ فَأَيُّمَا مُؤْمِنٍ سَبَبْتُهُ فَاجْعَلْ ذَلِكَ لَهُ قُرْبَةً إِلَيْكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ

ﷲ ئەگەر سووکایەتیم بە هەر ئیماندارێك کرد، وە شایستە نەبوو بەم سووکایەتیە ئەوا بۆی بکە بە نزیکبوونەوە لێت لە ڕۆژی قیامەت.

وە لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

اللَّهُمَّ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ الْمُسْلِمِينَ سَبَبْتُهُ أَوْ لَعَنْتُهُ أَوْ جَلَدْتُهُ فَاجْعَلْهَا لَهُ زَكَاةً وَرَحْمَةً

ﷲ لە ڕاستیدا من مرۆڤم، ئەگەر سووکایەتیم بە هەر موسلمانێك کرد، وە یان نەفرەتم لێی کرد، وەیان بە قامچی لێمدا ئەوا بۆی بکە بە زەکات و ڕەحمەت.

وە لە مسند احمد فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:

إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ أَغْضَبُ كَمَا يَغْضَبُ الْبَشَرُ فَأَيُّمَا رَجُلٍ آذَيْتُهُ أَوْ جَلَدْتُهُ فَاجْعَلْهَا لَهُ زَكَاةً وَصَلَاةً

لە ڕاستیدا من مرۆڤم، توورە دەبم هەروەك چۆن مرۆڤ توورە دەبێت، وە ئەگەر هەر کەسێکم ئازاردا یان بە قامچی لێمدا، ئەوا بۆی بکە بە زەکات و نوێژ.

لە سنن الدارمي و مصنف ابن ابي شيبة فەرموەدەیەك هاتووە، محمد گوتوویەتی:

اللَّهُمَّ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ فَأَيُّ الْمُسْلِمِينَ لَعَنْتُهُ أَوْ شَتَمْتُهُ أَوْ جَلَدْتُهُ فَاجْعَلْهَا لَهُ صَلَاةً وَرَحْمَةً وَقُرْبَةً تُقَرِّبُهُ بِهَا إِلَيْكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ

الله له ڕاستیدا من مرۆڤم، ئەگەر نەفرەت یان جوێنم بە هەر موسڵمانێکدا وە یان بە قامچی لێمدا، ئەوا بۆی بکە بە نوێژ و ڕەحمەت و نزیکبوونەوە لێت لە ڕۆژی قیامەت.

وە زۆر سەرچاوەی تریش ئاماژەیان بەوە کردووە، کە محمد جوێنی داوە و سووکایەتی کردووە.

بەڵام ئاگادار بن محمد بە شەرت و مەرج پێغەمبەرایەتی بۆ الله کردووە، وەك لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە، محمد گوتوویەتی:

أَنِّي اشْتَرَطْتُ علَى رَبِّي فَقُلتُ: إنَّما أَنَا بَشَرٌ، أَرْضَى كما يَرْضَى البَشَرُ، وَأَغْضَبُ كما يَغْضَبُ البَشَرُ، فأيُّما أَحَدٍ دَعَوْتُ عليه، مِن أُمَّتِي، بدَعْوَةٍ ليسَ لَهَا بأَهْلٍ، أَنْ يَجْعَلَهَا له طَهُورًا وَزَكَاةً، وَقُرْبَةً يُقَرِّبُهُ بهَا منه يَومَ القِيَامَةِ

لە ڕاستیدا من مەرجم لەسەر خوداکەم داناوە و پێم گوتووە: لە ڕاستیدا من مرۆڤم، ڕازی دەبم هەروەك چۆن مرۆڤ ڕازی دەبێت، وە تووڕە دەبم هەروەك چۆن مرۆڤ تووڕە دەبێت، ئەگەر نیزام لە هەر کەسێکی میللەتەکەم کرد و شایستە نەبوو بە نیزاکەم ، ئەوا بۆی بکات بە پاکبوونەوە لە گوناە و زەکات و لە خۆی نزیکی بکاتەوە لە ڕۆژی قیامەت.

وە جوێنەکانی محمد زۆرن، وە تەنانەت هانی ژنەکانیشی داوە کە جوێن بدەن. هەوڵ دەدەم لە سوورەتەکانی داهاتوو قسەیان لەسەر بکەم.

## ئایەتی ٢٠١-٢٠٢

إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ

وَإِخْوَانُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِي الْغَيِّ ثُمَّ لاَ يُقْصِرُونَ

ئەوانەی کە خۆپاریزن، ئەگەر شەوگەڕێکی شەیتان دەستیان لێوەشێنێت، لەم ساتەدا یادی الله بکەنەوە، ئەوا ئەوانە بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە.

وە براکانیان هانیاندەدەن بۆ سەرکێشیکردن ئینجا لە هەوڵەکانیان کۆڵ نادەن.

وشەی (طَائِف) لەم ئایەتەکە دەکرێت بە چەند مانایەك بێت: شەوگەڕ، خەیاڵ، و شێتبوون، و تورەبوون دێت.

وە بە حوکمی ئەوەی ئایەتەکە دەڵێت (طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ- تائیفێك لە شەیتان)، وە دەڵێت، (إِذَا مَسَّهُمْ- ئەگەر بەریانکەوت یان دەستی لێیاندا) ئەوا زیاتر بە مانای شێتبوون و شەوگەڕ دێت، نەك بەمانای خەیاڵ.

وە " مَس الشَّيْاطين"، واتە دەستوەشاندنی شەیتانەکان لە ئیسلامدا بوونی هەیە، لەبەر ئەوە کارێك لە کارەکانی مەلا دەجالەکان، کاری جادووگەری و دەرکردنی جنۆکە و شەیتانەکانە.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە ئایەتی { وَإِخْوَانُهُمْ يَمُدُّونَهُمْ فِي الْغَيِّ ثُمَّ لاَ يُقْصِرُونَ} دەڵێت، الله دەڵێت: وە براکانیان لە شەیتانەکان هانیاندەدەن بۆ سەرکێشیکردن، ئینجا ئەوکەسانەی کە خوداترسن ئەوا خوداترسیەکەیان کەم ناکات کاتیك شەیتان دەستیان لێ دەوەشێنن.

وە دەڵێت، (ثُمَّ لاَ يُقْصِرُونَ- ئینجا کەمتەرخەمیی ناکەن)، واتە وە شەیتانەکانیش کەمتەرخەمیی ناکەن لە هاندانی براکانیان لە سەرکێشیکردن.

# ئایەتی ٢٠٣

وَإِذَا لَمْ تَأْتِهِم بِآيَةٍ قَالُواْ لَوْلاَ اجْتَبَيْتَهَا قُلْ إِنَّمَا أَتَّبِعُ مَا يُوحَى إِلَيَّ مِن رَّبِّي هَذَا بَصَائِرُ مِن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ

وە ئەگەر محمد موعجیزەیەکیان بۆ نەهێنێت، ئەوا دەڵێن دەی بۆچی بۆ خۆت دانەیەك هەڵنابەستیت؟ ئەی محمد، بڵێ لە ڕاستیدا من تەنها پیادەی ئەو وەحیە دەکەم کە لە لایەن خوداکەمەوە بۆم دێت، ئەوە (قورئان) چاوڕۆشنەکەر لە لایەن خوداکەتانەوەیە، وە هیدایەت و ڕەحمەتە بۆ خەڵکانێك کە بڕوا دێنن.

ئەوە یەکەم ئایەتە کە تیادا موشریکەکان داوای موعجیزەیان لە محمد کردووە، بەڵام کاتیك محمد نەیهێناوە، ئیتر بە محمدیان گوتووە: دەی بۆ خۆت موعجیزەیەك هەڵببەستە.

وە اللەی عەرەب و ئیسلام لە وەڵامدا دەڵێت، ئەی محمد بڵێ، من تەنها پیادەی ئەو وەحیە دەکەم کە لە لایەن خوداکەمەوە بۆم دێت، وە ئەو قورئانە چاوڕۆشنکەر و هیدایەت و ڕەحمەتە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

موشریکەکان بە محمدیان گوتووە: {لَوْلَا اجْتَبَيْتَهَا} دەی بۆچی بۆ خۆت موعجیزەیەکت هەڵنەدەبەستا؟

# ئایەتی ٢٠٤

وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ

وە کاتێك قورئان خوێندرایەوە ئەوا گوێی لێ بگرن و بێدەنگ بن بەشکو بەزەییتان پێ دەکرێت.

## ئایەتی ٢٠٥

وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ

وە یادی خوداکەت بکەوە لە ناختدا بە ترس و نهێنی و بێدەنگ هەڵبڕین و بەرزکردنەوە لە بەیانیان و ئێواران، وە لە وانە مەبە کە بێئاگان.

پرسیارێك بۆ مەلاکان: بۆچی لە مزگەوتەکان دەشیرێنن و دەنگ هەڵدەبڕن؟ وە بەهێزترین ئەمپلیفایەر بۆ مزگەوتەکان دادەنێن؟ یان الله ئەم ئایەتەی نسخ کردووە؟

## ئایەتی ٢٠٦

إِنَّ الَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيُسَبِّحُونَهُ وَلَهُ يَسْجُدُونَ

لە ڕاستیدا ئەوانەی لای خوداکەتن، لە پەرستنی و ستایشکردنیدا خۆبەزلزان نین، وە هەر بۆ ئەو کڕنۆش دەبەن.

مەبەستی لە فریشتەکانە.

(تەنها بۆ ئەو کڕنۆش دەبەن)؟ ئەی کڕنۆشیان نەکرد بۆ ئادەم؟

کەواتە فریشتەکان تەنها کڕنۆشیان بۆ الله نەکردووە.

کۆتایی سوورەتەکە

# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆکاری دابەزین

نوسین : دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا



## بەرگی سێیەم

## بەشی پێنجەم

# قورئان وەك خۆی

وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

بەشی پێنجەم بەرگی سێهەم

**نووسینی**

دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا

**پیاچوونەوەی نووسین**

جەبار حەمەد

**لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕێنسانسی كوردی**

# (٤٠)

# سوورەتی الرحمن (الرحمان)

**١-الرَّحْمَنُ**

الرحمان

**٢-عَلَّمَ الْقُرْآنَ**

وتنەوەی فێرکرد

**٣-خَلَقَ الإِنسَانَ**

مرۆڤی ئافراند

**٤-عَلَّمَهُ الْبَيَانَ**

مرۆڤی فێرە ڕەوانی کرد

**٥-الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ**

وە خۆر و مانگ بە ئەندازە

**٦-وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ**

وە ئەستێرە و درەخت کڕنۆش دەبەن

**٧-وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ**

وە ئاسمانەکەی بەرزکردۆتەوە و تەرازووەکەی داناوە.

**٨-أَلاَّ تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ**

فرتوفێڵ لە تەرازو مەکەن

**٩-وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ**

وە کێش بە ڕەوایی بکەن و تەرازوتان سووك مەکەن.

**١٠-وَالأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ**

وە زەوی داناوە بۆ گیانداران

**١١-فِيهَا فَاكِهَةٌ وَالنَّخْلُ ذَاتُ الأَكْمَامِ**

تێیدایە میوە و دارخورمای خونچەدار

**١٢-وَالْحَبُّ ذُو الْعَصْفِ وَالرَّيْحَانُ**

وە دانەوێڵەی کەپەکدار و ڕەیحانە

**١٣-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**١٤-خَلَقَ الإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ**

مرۆڤی دروستکردووە لە قوڕێکی وشکی فەخفووری ئاسا.

**١٥-وَخَلَقَ الْجَانَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ**

وە جنۆکەی دروستکردووە لە گڕێك لە ئاگر.

**١٦-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

١٧-**رَبُّ الْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ الْمَغْرِبَيْنِ**

خودای دوو خۆرهەڵاتەکە و خودای دوو ڕۆژئاواکە

١٨-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

١٩-**مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ**

شەپۆلی دوودەریا بەیەك دەگەن

٢٠-**بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ**

لە نێوانیان بەربەستێك هەیە کە بەیەك ناگەن.

٢١-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٢٢-**يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ**

لێیانەوە دەردەچێت مرواریی و مەرجان.

٢٣-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٢٤-**وَلَهُ الْجَوَارِ الْمُنشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالأَعْلَامِ**

وە کەشتیە گەڕۆکەکان لە دەریا کە وەك چیان، هەر هی خۆیەتی.

٢٥-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٢٦-**كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ**

وە هەر یەکێك لە سەریەتی نامینێت

٢٧-**وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ**

وە سیمای خودا خاوەن شکۆ و بەڕێزەکەت دەمینێت.

٢٨-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٢٩-**يَسْأَلُهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ**

ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەوین لێی دەپرسن، هەموو ڕۆژێك ئەو لە کارێکدایە.

٣٠-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٣١-**سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَا الثَّقَلانِ**

دەستمان بۆتان بەتاڵ دەکەین ئەی دوو ڕەزاقورسەکە.

٣٢-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەمان نکۆڵی دەکەن؟

**٣٣-يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالإِنسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ فَانفُذُوا لا تَنفُذُونَ إِلاَّ بِسُلْطَانٍ**

ئەی کۆمەڵی جنۆکە و مرۆڤ ئەگەر توانیتان لە تەوەرەی ئاسمانەکان و زەوی ببڕن، ئەوا ببڕن، ناتوانن مەگەر بە دەسەڵات نەبێت.

**٣٤-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٣٥-يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلا تَنتَصِرَانِ**

بڵێسەی بە دوکەڵ و بێ دوکەڵ بۆ سەرتان دەنێرێت، وە ناتوانن سەربکەون.

**٣٦-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٣٧-فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاء فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ**

وە ئەگەر ئاسمان قەڵشی برد، ئەوا دەبێت بە کاڵێك ڕۆن ئاسا.

**٣٨-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٣٩-فَيَوْمَئِذٍ لّا يُسْأَلُ عَن ذَنبِهِ إِنسٌ وَلا جَانٌّ**

لەو ڕۆژەدا هیچ کامێك لە مرۆڤ و جنۆکە پرسیاریان لێ ناکرێت سەبارەت بە گوناهەکانیان.

**٤٠-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٤١-يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَاهُمْ فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَاصِي وَالأَقْدَامِ**

تاوانبارەکان بە سیماکانیان دەناسرێنەوە، بە قاقۆڵ و پێکانیان دەگیرێن.

**٤٢-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٤٣-هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا الْمُجْرِمُونَ**

ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە تاوانبارەکان نکۆڵیان لێی دەکرد.

**٤٤-يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ**

لە نێوان (ئاگر) و ئاوی گەرم کە پیاندا دەکرێت دەخولێنەوە.

**٤٥-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٤٦-وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ**

وە بۆ هەر کەسێك کە لە پایەی خوداکەی دەترسێت دوو باخ هەن.

**٤٧-فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٤٨-ذَوَاتَا أَفْنَانٍ**

هەردوو باغەکە (درەختەکانیان) لقوپۆپدارە.

٤٩-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٥٠-**فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ**

تیایاندایە دوو کانیاو کە لەبەریان دەڕوات.

٥١-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٥٢-**فِيهِمَا مِن كُلِّ فَاكِهَةٍ زَوْجَانِ**

تیایاندایە لە هەموو میوەیەك دووجۆر

٥٣-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٥٤-**مُتَّكِئِينَ عَلَى فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ وَجَنَى الْجَنَّتَيْنِ دَانٍ**

لە سەر ڕاخەرێک پاڵکەوتوون کە سەرپۆشەکەی لە ئاوریشمی ئەستوورە، وە بەری باخەکان شۆربۆتەوە.

٥٥-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٥٦-**فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ**

تیایاندایە کچانێکی چاو کورتبین کە هەرگیز پێشووتر نە مرۆڤ نە جنۆکە نەیانگاون.

٥٧-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٥٨-**كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ**

ئەو مێیانە وەك یاقووت و مەرجانن.

٥٩-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٦٠-**هَلْ جَزَاء الإِحْسَانِ إِلاَّ الإِحْسَانُ**

ئەی پاداشتی چاکە مەگەر چاکە نییە؟

٦١-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٦٢-**وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ**

وە لە خوارەوەیان دوو باخ هەیە.

٦٣-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٦٤-**مُدْهَامَّتَانِ**

سەوزێکی تۆخن

٦٥-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٦٦-**فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ**

دوو کانیاویان تێدایە هەڵدەقوڵێن.

٦٧-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٦٨-**فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ**

تیایاندایە میوە و دارخورما و هەنار.

٦٩-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٧٠-**فِيهِنَّ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ**

تیایاندایە کچانێکی جوانکیلە و ئاکار باش هەن.

٧١-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

٧٢-**حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ**

حۆریەکان لە ناو ڕەشماڵەکان قەتیسن.

٧٣-**فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٧٤-لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ**

هەرگیز پێشووتر نە لە لایەن مرۆڤ و نە لە لایەن جنۆکە نەگاینراون.

**٧٥-فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٧٦-مُتَّكِئِينَ عَلَى رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ**

لە سەر ڕایەخی سەوز و سەرینی نایاب پاڵکەوتوون.

**٧٧-فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ**

دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

**٧٨-تَبَارَكَ اسْمُ رَبِّكَ ذِي الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ**

بە بەرەکەتە ناوی خودا خاوەن شکۆ و ڕێزدارەکەت.

## شرۆڤە و تێبینی

شرۆڤەکەران و یاوەرەکان و زاناکانی ئیسلام ناکۆن کە ئایا ئەم سوورەتە مەککییە یان مەدەنیە؟

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێن، مەککییە.

الشوکانی لە فتح القدیرو البغوی لە معالم التنزیل دەڵێن:

ئایەتی ژمارە ١ی سوورەتی الرحمن دابەزی، بۆ وەڵامدانەوەی خەڵكی مەككە كە دەیانگوت مرۆڤیک محمد فێر دەكات، وەک لە ئایەتی ١٠٣ النحل هاتووە،{إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ- لە ڕاستیدا مرۆڤێك محمد فێر دەكات} وە وەڵامێک بۆیان كە دەیانگوت الرحمن كێییە؟

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت ابن عباس و عبدالله بن الزبير و عائيشه گوتوویانە، سوورەتی الرحمن لە مەككە دابەزیووە.

هەندێك لە بەڵگەكان كە دەیسەلمێنن سوورەتی الرحمن سوورەتێكی مەككیە:

یەكەم: قورئان بە شێوەیەكی گشتی تەنها لە سوورەتەكانی مەككە ئاماژەی بە جنۆكە كردووە، وە لە چەندەها ئایەتی ئەم سوورەتە ئاماژە بە جنۆكە كراوە

دووەم: قورئان بە شێوەیەكی گشتی تەنها لە سوورەتەكانی مەككە بە قووڵی چۆتە ناو خۆشیەكانی بەهەشت و شێوازەكانی ئازار و ئەشكەنجەی دۆزەخ. وە ئەم سوورەتە باس لە خۆشیەكانی بەهەشت و ئەشكەنجەكانی دۆزەخ دەكات.

سێهەم: سوورەتێك لە سوورەتەكانی مەدینە نییە كە ئاماژەی بە كوشتوكوشتار نەكربێت. لەم سوورەتە بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە جیهاد و كوشتوكوشتار نەكراوە.

چوارەم: سوورەت نییە لە سوورەتەكانی مەدینە كە ئاماژەی بە حرام و حلال و فەرمان و نەهی وە یان بنەمایەك لە بنەماكانی شەریعەت نەكردبێت. وە بە هیچ جۆرێك لەم سوورەتە ئاماژە نەكراوە بە حلال و حرام، وە یان بەندێكی شەریعەت.

پێنجەم: السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، ڕیوایەتێك امام احمد و ابن مردویە ئاماژەیان پێكردووە، كە اسماء كچی ابوبكر گوتوویەتی:

سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقْرَأُ وَهُوَ يُصَلِّي نَحْوَ الرُّكْنِ: فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

گوێم لە پێغەمبەری الله بوو کە قورئانی دەخوێندەوە و لای ڕوکنی کەعبە نوێژی دەکرد و دەیگوت: بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن.

شەشەم: السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، هەر یەك لە الترمذي و ابن المنذر و ابو الشیخ لە "العظمة" والحاكم لە المستدرك (وە بە صحیحی داناوە)، ابن مردوية و البیهقی لە "الدلائل" ڕیوایەتێکیان ئاماژە پێکردووە کە جابر بن عبدالله گوتوویەتی:

خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى أَصْحَابِهِ فَقَرَأَ عَلَيْهِمْ سُورَةَ «الرَّحْمَنِ» مِنْ أَوَّلِهَا إِلَى آخِرِهَا، فَسَكَتُوا، فَقَالَ : «مَا لِي أَرَاكُمْ سُكُوتًا لَقَدْ قَرَأْتُهَا عَلَى الْجِنِّ لَيْلَةَ الْجِنِّ فَكَانُوا أَحْسَنَ مَرْدُودًا مِنْكُمْ، كُنْتُ كُلَّمَا أَتَيْتُ عَلَى قَوْلِهِ: فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ قَالُوا: وَلَا بِشَيْءٍ مِنْ نِعَمِكَ رَبَّنَا نُكَذِّبُ، فَلَكَ الْحَمْدُ

پێغەمبەری الله هات بۆ لای یاوەرەکانی، وە سورەتی "الرحمن"ی لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی بۆیان خوێندەوە، یاوەرەکان بێدەنگ بوون، پێغەمبەر گوتی: چییە بۆ وابێدەنگن، بۆ جنۆکەکانم خوێندەوە لە شەوی جنۆکە، وە جنۆکەکان وەڵامیان لە ئێوە باشتر بوو، هەر چەند جارێك دەگەیشتمە ئەو دەقەی کە دەڵێت: دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن، جنۆکەکان دەیانگوت:خوداکەمان بە هیچێك لە نیعمەتەکانت نکۆڵی ناکەین، سوپاس هەر بۆ تۆیە.

وە السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت: الْبَزَّارُ وَ ابْنُ جَرِيرٍ وَ ابْنُ الْمُنْذِرِ ، وَالدَّارَقُطْنِيُّ لە "الْأَفْرَادِ" وَ ابْنُ مَرْدُويَهْ ، وَالْخَطِيبُ لە "تأريخ بغداد" بِە سەنەدێکی صَحِيح ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك کردووە کە عبدالله بن عمر گوتوویەتی:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَرَأَ سُورَةَ الرَّحْمَنِ عَلَى أَصْحَابِهِ، فَسَكَتُوا، فَقَالَ : مَا لِي أَسْمَعُ الْجِنَّ أَحْسَنَ جَوَابًا لِرَبِّهَا مِنْكُمْ! مَا أَتَيْتُ عَلَى

قَوْلِ اللَّهِ : فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ إِلَّا قَالُوا: لَا شَيْءَ مِنْ نِعَمِكَ رَبَّنَا نُكَذِّبُ، فَلَكَ الْحَمْدُ
(هەمان ڕیوایەتەکە کە جابر بن عبدالله گێڕاویەتیەوە)،
هەموو ئەو بەڵگانە سەلمێنەرن کە سوورەتی الرحمن سوورەتێکی مەککیە و پێش سوورەتی جنۆکە دابەزیووە.

## ئایەتی ١-٤

الرَّحْمَنُ، عَلَّمَ الْقُرْآنَ، خَلَقَ الإِنسَانَ، عَلَّمَهُ الْبَيَانَ

دەڵێت: الرحمن (کە ناوێکە لە ناوەکانی اللەی عەرەب و ئیسلام) خوێندنەوەی فێرکرد، مرۆڤی دروستکرد و مرۆڤی فێرە ڕەوانی کرد.

)قُرْآنَ) بە ئەسڵ وشەیەکی سریانییە (قریانا- قیریانا) کە بە مانای خوێندنەوە و گوتنەوەی دەقی پیرۆز دێت.

وە "الرحمن" ناوێکە لە ٩٩ ناوە نایابەکانی اللەی عەرەب و ئیسلام. وەك لە ئایەتی ١١٠ سوورەتی الاسراء هاتووە:

قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَـٰنَ

ئەی محمد بڵێ بانگی الله بکەن یان بانگی الرحمن بکەن.

واتە الله و الرحمن هەمان شتن.

کەواتە ئەم چوار ئایەتە دەڵێن: الرحمن خوێندنەوەی فێرکرد، مرۆڤی دروستکرد ئینجا مرۆڤی فێرە ڕەوانی لە دەربڕین کرد.

## ئایەتی ٥

الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ

خۆر و مانگ به ئەندازە (دەجوولێن)

له زۆر دەق قورئاندا هاتووە کە خۆر وەك مانگ بە دەورەی زەویدا دەسوڕێتەوە، بۆ نموونە ئایەتی ٤٠ سوورەتی یس دەڵێت:

لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِي لَها أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَ لَا اللَّيْلُ سابِقُ النَّهارِ وَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ

وە نە خۆر بۆی هەیە کە فریای مانگ بکەوێت، وە نە شەو پێش ڕۆژ بکەوێت، وە هەر هەموویان (خۆر و مانگ و شەو و ڕۆژ) لە فەلەکێکدا دەسووڕێنەوە.

ابن کثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ } أَيِ: يَجْرِيَانِ مُتَعَاقِبَيْنَ بِحِسَابٍ مُقَنَّنٍ لَا يَخْتَلِفُ وَلَا يَضْطَرِبُ

ئەم ئایەتە واتە خۆر و مانگ بە دوای یەکەوە بە حیسابێکی ڕێك و ورد بە دوای یەکەوە دەڕۆن، ناکۆکی و سەرلێشێوان لە نێوانیان نایەتە ئاراوە.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

وَجَعَلَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ يَجْرِيَانِ بِحِسَابٍ

وە خۆر و مانگ بە حیساب دەڕۆن و دەجولێن.

القرطبی له الجامع الاحکام القران دەڵێت:

أَيْ يَجْرِيَانِ بِحِسَابٍ مَعْلُوم

واتە: خۆر و مانگ بە حیسابێکی دیاریکراو دەڕۆن.

ئایەتی ١٣ سوورەتی فاطر دەڵێت:

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى

شەو لە ڕۆژ دەبڕێت و ڕۆژ لە شەو دەبڕێت، وە خۆر و مانگی سازاندووە، هەر هەموویان (شە و ڕۆژ و خۆر ومانگ) دەڕۆن بۆ کاتێکی دەستنیشانکراو.

هەروەك لە سوورەتەکانی پێشوو ئاماژەم کرد، کە بە گوێرەی قورئان شەو و ڕۆژ دوو دیاردەی سەربەخۆن، کەم تا زۆر پەیوەندیان بە خولانەوەی زەویەوە نییە بە دەورەی خۆیدا. وە زەوی لە ڕوانگەی قورئانەوە تەختە و جێگیرە واتە ناجووڵێت.

الرازی لە مفاتیح الغیب لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە تەحدای فەیلەسوف و فەلەکناسان دەکات و دەڵێت:

أَنَّ بَعْضَ النَّاسِ إِنْ تَكُنْ لَهُ النَّفْسُ الزَّكِيَّةُ الَّتِي يُغْنِيهَا اللَّهُ بِالدَّلَائِلِ الَّتِي فِي الْقُرْآنِ، فَلَهُ فِي الْآفَاقِ آيَاتٌ مِنْهَا الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ، وَإِنَّمَا اخْتَارَهُمَا لِلذِّكْرِ لِأَنَّ حَرَكَتَهُمَا بِحُسْبَانٍ تَدُلُّ عَلَى فَاعِلٍ مُخْتَارٍ سَخَّرَهُمَا عَلَى وَجْهٍ مَخْصُوصٍ، وَلَوِ اجْتَمَعَ مَنْ فِي الْعَالَمِ مِنَ الطَّبِيعِيِّينَ وَالْفَلَاسِفَةِ وَغَيْرِهِمْ وَتَوَاطَئُوا أَنْ يُثَبِّتُوا حَرَكَتَهُمَا عَلَى الْمَمَرِّ الْمُعَيَّنِ عَلَى الصَّوَابِ الْمُعَيَّنِ وَالْمِقْدَارِ الْمَعْلُومِ فِي الْبُطْءِ وَالسُّرْعَةِ لَمَا بَلَغَ أَحَدٌ مُرَادَهُ إِلَى أَنْ يَرْجِعَ إِلَى الْحَقِّ وَيَقُولَ: حَرَّكَهُمَا اللَّهُ تَعَالَى كَمَا أَرَادَ

ئەگەر هەندێك کەس دڵێکی پاکیان هەبێت کە بەڵگەکانی اللهیان بەس بێت کە لە قورئاندا ئاماژەی پێیان کردووە، ئەوا لە ئاسۆ چەندەها بەڵگەی هەن لەوانە: خۆر و مانگ. لە ڕاستیدا الله هەڵیبژاردوون بۆ ئاماژە پێکردنیان چونکە جووڵەیان کە بە حیسابە، بەڵگەیە بۆ بکەرێك کە بەتایبەت سازی

داون، وە ئەگەر هەرکێیەك کە لە جیهاندا بوونی هەیە لە گەردونناسان و فەیلەسوفەکان و ئەوانی دیکە کۆببنەوە و بیانەوێت جووڵەی خۆر و مانگ لە ڕێڕەوێکی دیاریکراو بە راستی ودروستی وە بە بڕێکی دیاریکراو لە هێواشی و خێراپی بەدەست بهێنن، ئەوا ناتوانن بە مەبەستەکەیان بگەن، تاوەکو لە ئاکامدا دەگەڕێتەوە بۆ هەق و دەڵێن: لە ڕاستیدا الله خۆر و مانگ دەجووڵێنێت هەرچۆنێك خۆی ویستی لەسەر بێت.

تکبیر الله اکبر تکبیر الله اکبر

الجلالین لە تفیسر الجلالین دەڵێن، { ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ} یجریان، واتە دەڕۆن.

الشوکانی لە فتح القدیر دەڵێت:

{ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ بِحُسْبَانٍ } أي يجريان بحساب، ومنازل لا يعدوانها، ويدلان بذلك على عدد الشهور والسنين

واتە بە حیساب دەڕۆن، وە هەر یەکێکیان ڕێڕەوی خۆی هەیە کە نایبەزێنێت، وە لە ڕێگای جووڵەیان ژمارەی مانگەکان و ساڵەکان دەزانرێت.

بەڵێ لە قورئاندا خۆر دەجووڵێت و بە دەورەی زەویدا دەخولێتەوە.

## ئایەتی ٦

وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ

وە ئەستێرە و درەخت کڕنۆش دەبەن.

واتە ئەستێرەکان و درەختەکان کڕنۆش بۆ الله دەبەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

هەر شتێك لە سەر قاچ بوەستێت (درەخت)، وە ئەوەی لەسەر قاچ ناوەستێت (ئەستێرە)، ئەوا كرنۆش بۆ الله دەبەن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

{وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ } قَال ابن جرير: اخْتَلَفَ الْمُفَسِّرُونَ فِي مَعْنَى قَوْلِهِ: ( وَالنَّجْمُ ) بَعْدَ إِجْمَاعِهِمْ عَلَى أَنَّ الشَّجَرَ مَا قَامَ عَلَى سَاقٍ و عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: النَّجْمُ مَا انْبَسَطَ عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ - يَعْنِي مِنَ النَّبَاتِ .

واتە ابن جرير الطبرى گوتوویەتی، شرۆڤەكاران ناكۆكن سەبارەت بە مانای (وە ئەستێرە)، دوای ئەوەی كۆدەنگ بوون كە (الشَّجَرُ) واتە درەخت كە لەسەر قەدی دەوەستێت، وە ابن عباس گوتوویەتی، (ئەستێرە) ئەوەیە كە سەر زەوی پان بۆتەوە- واتە قەدی نییە- واتە ڕوەك.

واتە (النَّجْمُ- ئەستێرە) خۆی ڕاستە بە مانای ئەستێرە دێت بەڵام لەم ئایەتە بە مانای ڕوەك دێت كە قەدی نییە، وە (الشَّجَرُ- درەخت) ئەوە درەختە كە قەدی هەیە و لەسەری دەوەستێت.

القرطبى لە الجامع لاحكام القران باس لە چەند بۆچوونێك دەكات:

یەكەم: ئەستێرە ئەوەیە كە قاچی نییە، وە درەخت ئەوەیە كە قاچی هەیە.

دووەم:كڕنۆشیان ئەوەیە كە ڕوودەكەنە خۆر كاتێك خۆر هەڵدێت.

سێهەم:كڕنۆشیان خولانەوەی سێبەرە بە دەوریاندا.

ئەگەریرێك لە بۆچوونی دووەم بكەینەوە: كڕنۆشیان ئەوەیە كە ڕودەكەنە خۆر، بۆ نموونە وەك گولەبەڕۆژە، كەواتە خۆر اللهیە.

لە ئایەتی ١٥ سوورەتی الرعد هاتووە كە سێبەریش كڕنۆش بۆ الله دەبات:

وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَالُهُم بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ

واتە: وە ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەوین، ئارەزوومەندانە یان بە ناچاری، خۆیان و سێبەرەکانیان کڕنۆش بۆ الله دەبەن، بەیانیان و ئێواران.

# ئایەتی ٧

وَالسَّمَاء رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ

وە ئاسمانەکەی بەرزکردۆتەوە و تەرازوەکەی داناوە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

{ والسماءَ رفَعَها } وإِنما فعل ذلك ليحيا الحيوان وتمتدَّ الأنفاس، وأجرى الرِّيح بينها وبين الأرض، كيما يتروحَ الخَلق ولولا ذلك لماتت الخلائق كَرْباً

{وە ئاسمەنەکەی بەرزکردۆتەوە}، الله ئەم کارەی کردووە بۆ ئەوەی ئاژەڵەکان بتوانن بژین و هەناسە بدەن، وە هەوای جووڵە پێکردووە لە نێوان ئاسمان و زەوی، بۆ ئەوەی مەخلوقاتەکان دڵیان خۆش بێت، وە ئەگەر ئاسمانی بەرزنەکردایەوە بۆ مەخلوقاتەکان، ئەوا ماوەکە تەسك دەبوو بە هۆی تەنگژەوە دەمردن.

امام الماوردی لە النکت و العیون دەڵێت:

{ وَالسَّمَآءَ رَفَعَهَا } يعني على الأرض

واتە ئاسمانی لەسەر زەوی بەرزکردۆتەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{ والسَّماءَ رَفَعَها } يقول تعالى ذكره: والسماء رفعها فوق الأرض. وقوله: { وَوَضَعَ المِيزَانَ } يقول: ووضع العدل بين خلقه في الأرض. وذُكر أن ذلك في قراءة عبد الله «وخَفَضَ المِيزَانَ» والخفض والوضع

{وە ئاسمانەکەی بەرزکردۆتەوە } الله دەڵێت: وە ئاسمانی بەسەر زەویدا بەرزکردۆتەوە، { وە تەرازوی داناوە } دەڵێت: وە دادوەری لە نێوان خەڵقەکانی لە زەویدا داناوە. وە بە خوێندنەوەی ابن مسعود {وخَفَضَ المِيزَانَ} بوو، کە "الخفض" بە مانای "وضع" واتە دانان دێت.

الزمخشری له الكشاف دەڵێت، به خوێندنەوەی ابن مسعود ئایەتەکە دەیگوت، «وخفض الميزان» واته تەرازوی نزم کردۆتەوە.
ابن كثير له تفسير القران العظیم دەڵێت:
{ وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ } يعني العدل كما قال تعالى{ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَـٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَـٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِ } الحديد 25
{وە تەرازوی داناوە} واتە دادوەریی، هەروەك الله دەڵێت، {نێردراوەکانمان به بەڵگەکانەوە نارد، وە لەگەڵیاندا پەرتووك و تەرازوومان دابەزاند بۆ ئەوەی خەڵك به دادوەریی هەڵسوکەوت بکەن}، ئایەتی ٢٥ سوورەتی الحديد.
بەڵام، من پێموایە مەبەستی اللهی عەرەب و ئیسلام تەرازووی کێشانە، وە ئەم دەقە هیچ پەیوەندی به دادوەریەوە نییە. بەڵگەکان:
یەکەم: ئایەتی ٨-٩ دەڵێت فرتووفێڵ له کێشان مەکەن.

أَلاَّ تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ

وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ

دووەم: له قورئان تەرازو و کێشان بەیەکەوە هاتوون.
ئایەتی ١٥٢ الانعام، باس له تەرازوو و کێشان دەکات.
أَوْفُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ
واته له کێشان و تەرازوودا پابەندی ڕەوایی بن.
ئایەتی ٨٥ سوورەتی هود دەڵێت:
أَوْفُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ
له کێشان و تەرازوو پابەندی ڕەوایی بن، وە شتی خەڵك سووك مەکێشن.
ئایەتی ٣٥ سوورەتی الاسراء دەڵێت
وَأَوْفُوا الْكَيْلَ إِذَا كِلْتُمْ وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ
ئەگەرشتێکتان پێوا، ئەوا به ڕێکی بپێون، وە به ڕەوایی بکێشن.

سێهەم: قسط و العدل

ئایەتی ١٣٥ سوورەتی النساء دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بە ڕەوایی هەڵسوکەوت بکەن.

ئایەتی ٨٥ سوورەتی النساء دەڵێت:

وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ

وە ئەگەر حوکمتان کرد لە نێوان خەڵك ئەوا بە دادوەری حوکم بکەن.

ئایەتی ٢٩ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ

ئەی محمد بڵێ خوداکەم فەرمانی کردووە بە دادوەریی.

چوارەم: لە زمانی عەرەبی {میزان} واتە تەرازوو.

لە ڕۆشنایی ئەم بەڵگانەوە ئەوا اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئاسمانەکەم بەرزکردۆتەوە و تەرازووەکەم داناوە.

مەبەستی لە تەرازووە بۆ کێشانی چاکە و خراپە لە ڕۆژی قیامەت.

## ئایەتی ٨-٩

أَلاَّ تَطْغَوْا فِي الْمِيزَانِ

وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ

ئەم دوو ئایەتە ڕوونکردنەوەی بۆ ئایەتەکەی پێشوو {وە تەرازووەکەی داناوە}.

لەم دوو ئایەتە، کە اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

نەکەن سەرکێشی بکەن لە تەرازوو، وە کێشان بە ڕەوایی بکەن و فرتووفێڵ لە تەرازوو مەکەن.

الطبری له جامع البيان و القرطبی له الجامع لاحكام القران، ئاماژه به ڕیوایەتێك دەكات كه ابي المغيرة گوتوویەتی:
سَمِعْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ يَقُولُ فِي سُوقِ الْمَدِينَةِ : يَا مَعْشَرَ الْمَوَالِي، إِنَّكُمْ قَدْ بُلِيتُمْ بِأَمْرَيْنِ أُهْلِكَ فِيهِمَا أُمَّتَانِ مِنَ الْأُمَمِ: الْمِكْيَالُ وَالْمِيزَانُ
گوێم له ابن عباس بوو له بازاڕی مەدینة دەیگوت: ئەی خزمەتكارانی عەرەب، ئێوه به دوو شت تاقیكراونەتەوه كه به هۆیەوه دوو میللەت له میللەتان تیاچوون: پێوان و تەرازوو.

## ئایەتی ۱۰-۱۲

وَالأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ، فِيهَا فَاكِهَةٌ وَالنَّخْلُ ذَاتُ الأَكْمَامِ، وَالْحَبُّ ذُو الْعَصْفِ وَالرَّيْحَانُ

وه زەوی بۆ ئاژەڵان داناوه، تیایدایه میوه و دارخورمای خونچەدار، وه دانەوێلەی كەپەكدار و ڕەیحانه.

(أنام) هەموو گیاندارێكی سەر زەوی دەگرێتەوه، وەك الطبری له جامع البيان سەبارەت بەم ئایەته دەڵێت:

{ وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ } وَالْأَرْضَ وَطَّأَهَا لِلْخَلْقِ، وَهُمُ الْأَنَامُ

واته، وه زەوی پانوتەخت كردۆتەوه بۆ مەخلوقاتەكان، وه مەخلوقاتەكان (الأنام)ن.

وه دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی:

)وَالْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ ) قَالَ: كُلُّ شَيْءٍ فِيهِ الرُّوحُ

واته هەموو شتێك كه ڕۆحی تێدایه.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، الضحاك گوتوویەتی، هەموو شتێك کە لە سەر زەویدا دەڕوات و دەخشێت.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت، واتە هەموو ئەو مەخلوقاتانەی کە تیایدا بڵاوی کردۆتەوە.

{ذَاتُ الأَكْمَامِ} واتە خونچەدار، هەر درەختێك کە خونچەی هەیە، وەك ئایەتی ٤٧ سوورەتی فصلت دەڵێت:

وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَاتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا

وە ئەوەی لە میوەکان لە خونچەکانیان دەردەچن.

## ئایەتی ١٣

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

ئینجا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

واتە لەم چاکە و نیعمەتانەی لە ئایەتەکانی پێشوو ئاماژەی پێکردووە.

ئەم دەقە ٣١ جار  لەم سوورەتەدا هاتووە.

## ئایەتی ١٤-١٥

خَلَقَ الإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ

وَخَلَقَ الْجَانَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ

دەڵێت: مرۆڤی لە قوڕێکی وشکی وەك فەخفووری دروستکردووە

وە جنۆکەی لە گڕێك لە ئاگر دروستکردووە

واتە، هەروەك چۆن کورەچی لە قورِ مەرکانە و کوپە و جەڕە دروست دەکات، ئینجا دەیخاتە کورەوە بۆ ئەوەی وەك فەخفووری پتەو بێت و زرینگەی بێت، اللّٰەی عەرەب و ئیسلام بەهەمان شێوە مرۆڤی دروستکردووە.

بەڵام جنۆکەی لە گڕێك لە ئاگر دروستکردووە

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ} يَقُولُ : خَلَقَ اللَّهُ الْإِنْسَانَ وَهُوَ آدَمُ مِنْ صَلْصَالٍ: وَهُوَ الطِّينُ الْيَابِسُ الَّذِي لَمْ يُطْبَخْ، فَإِنَّهُ مِنْ يُبْسِهِ لَهُ صَلْصَلَةٌ إِذَا حُرِّكَ وَنُقِرَ كَالْفَخَّارِ، يَعْنِي أَنَّهُ مِنْ يُبْسِهِ - وَإِنْ لَمْ يَكُنْ مَطْبُوخًا كَالَّذِي قَدْ طُبِخَ بِالنَّارِ - فَهُوَ يُصَلْصِلُ كَمَا يُصَلْصِلُ الْفَخَّارُ ، وَالْفَخَّارُ : هُوَ الَّذِي قَدْ طُبِخَ مِنَ الطِّينِ بِالنَّارِ

واتە دەڵێت: اللّٰە مرۆڤی لە قوڕێکی وشك دروستکردووە کە ئادەمە، وە (الصلصال) قوڕێکی وشکە کە بە ئاگر نەکوڵاوە، وە بە هۆی وشکیەکەی وەك فەخفووری زرینگەی هەیە ئەگەر بجووڵێت و لێی بدرێت، واتە بە هۆی ئەوەی وشکە، لەگەڵ ئەوەش تەنانەت ئەگەر نەکوڵابێت بە ئاگر ئەوا وەك ئەوە وایە کە بە ئاگر کوڵابێت- زرینگەی دێت، هەروەك چۆن فەخفووری زرینگەی دێت، وە (الفخار- فەرخفووری)ئەو قورەیە کە بە ئاگر کوڵێندراوە.

وە دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی:

فَمَكَثَ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً جَسَدًا مُلْقًى، فَكَانَ إِبْلِيسُ يَأْتِيهِ فَيَضْرِبُهُ بِرِجْلِهِ فَيُصَلْصِلُ فَيُصَوِّتُ. قَالَ: فَهُوَ قَوْلُ اللَّهِ - تَعَالَى -: ( كَالْفَخَّارِ ) يَقُولُ: كَالشَّيْءِ الْمُنْفَرِجِ الَّذِي لَيْسَ بِمُصْمَتٍ .

دوای ئەوەی الله ئادەمی لە قوڕێکی وشکبوو دروستکرد، چل شەو مایەوە تەنها وەك لاشەیەکی فڕێدراو، ئیبلیس دەهات، بە قاچەکانی لێی دەدا زرینگەی دەهات و دەنگی دەدایەوە، وە ئەوە مانای ئەو قسەیەی اللهیە کە دەڵێت{وەك فەخفووری}، واتە شتێکی ناوبۆش نەك پتەو.

بەڵام عکرمة گوتویەتی: الصَّلْصَالُ: طِينٌ خُلِطَ بِرَمْلٍ فَكَانَ كَالْفَخَّارِ

واتە، قوڕێکە کە بە لم تێکەڵ کراوە، وەك فەخفووری لێهاتووە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

فتارة يقول:{ خَلَقه مِن تراب } [آل عمران: 59]، وتارة: «مِن صَلْصالٍ» وتارة:{ مِنْ طِينٍ لازِبٍ } [الصافات: 11] وتارة { كالفَخّار} [الرحمن: 14] وتارة:{ مِنْ حَمَأٍ مسنونٍ } [الحجر: 29]؛ فالجواب: أن الأصل التراب فجُعل طيناً، ثم صار كالحمإ المسنون، ثم صار صَلصالاً كالفَخّار.

الله جارێکیان دەڵێت، {لە خۆڵ دروستیکردووە} (ئایەتی ٥٩ سوورەتی ال عمران)، وە جارێکیان دەڵێت، {لە قوڕێکی وشك}، وە جارێکیان دەڵێت {لە قوڕێکی لینج}، (ئایەتی ١١ سوورەتی الصافات)، وە جارێکیان دەڵێت {لە فەخفووری ئاسا}(ئایەتی ١٤ سوورەتی الرحمن)، وە جارێکیان دەڵێت، {لە قوڕێکی بۆگەنی ڕەشهەڵگەڕاو}،(ئایەتی ٢٩ سوورەتی الحجر)، وەڵامەکە بەم جۆرەیە: ئەسڵەکە خۆڵە، ئینجا خۆڵەکە کرا بە قوڕ، ئینجا قوڕەکە بوو بە قوڕێکی بۆگەنی ڕەش، ئینجا بوو بە قوڕێکی وشك وەك فەخفوری.

واتە الله خەفتەی گرتۆتەوە.

وە سەبارەت بە {وَخَلَقَ الْجَانَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ- وە جنۆکەی لە گڕێك لە ئاگر دروستکردووە} الماوردی لە النکت و العیون دەڵێت، پێنج قەول هەیە:

یەکەم: بلێسەی ئاگر

دووەم:ئ اگرێکی تێکەڵ

سێهەم: گڕی زەرد و سەوز و سووری ئاگر کە بەرزدەبێتەوە.

چوارەم: ئاگری نێردراوە کە ڕێگای لێ ناگیرێت.

پێنجەم:ئاگرێکی ورووژاو کە هەڵدەچێت و دادەمرکێتەوە.

وە سەبارەت بە وشەی (الجان) دەڵێت، دوو بۆچوون هەیە:

١-: واتە باوکی جنۆکە، هەروەك چۆن ئادەم باوکی مرۆڤە.

٢-: واتە ئیبلیس

## ئایەتی ١٦

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەسا ئەی جنۆکە و مرۆڤ بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

## ئایەتی ١٧

رَبُّ الْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ الْمَغْرِبَيْنِ

خودای دوو خۆرهەڵاتەکە و خودای دووخۆرئاواکە.

الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و البغوی لە معالم التنزیل و الزمخشری لە الکشاف و الجلالین لە تفسیر الجلالین و الشوکانی لە فتح القدیر دەڵێن:

( رَبُّ المَشْرِقَينِ- خودای دوو خۆرهەڵاتەکە )، واتە شوێنی هەڵاتنی خۆر لە زستان و شوێنی هەڵاتنی لە هاوین.

( وَرَبُّ المَغْرِبَينِ- خودای دوو خۆرئاواکە )، واتە شوێنی ئاوابوونی خۆر لە زستان و شوێنی ئاوابوونی لە هاوین.

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت: ئەم ئایەتەکە بەڵگەیە کە خۆر دوو شوێنی هەڵاتن و دوو شوێنی ئاوابوونی هەیە.

بەڵێ قورئان دەڵێت، خۆر دوو شوێنی جیای هەیە بۆ هەڵهاتن، وە دوو شوێنی جیای هەیە بۆ ئاوابوون.

شوێنی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر لە هاوین و زستان جیایە.

چەند تێبینیەك سەبارەت بەم دەقە:

یەکەم: خودای عەرەب و ئیسلام بۆ جارێکی تر لە ڕێگای ئەم دەقە دەیسەلمێنێت کە زەوی جێگیرە و ناجوڵێت، وە ئەوە خۆرە کە دەجوڵێت و بە دەورەی زەویدا دەخولێتەوە.

دووەم: شوێنی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر لە هاوین و زستان جیایە.

سێهەم: ئەم دەقە پێمان دەڵێت، کە اللهی عەرەب و ئیسلام وای زانیووە کاتێك لە دوورگەی عەرەبی زستانە ئەوا لە هەموو شوێنێك زستانە، وە کاتێك هاوینە ئەوا لە هەموو شوێنێك هاوینە. واتە نەیزانیووە کە کاتێك لە نیوەی گۆی زەمین پلەی گەرما دادەبەزێت و وەرزی سارد دەستپیدەکات ئەوا لە نیوەکەی تر پلەی گەرما بەرزدەبێتەوە و وەرزی گەرم دەستپیدەکات.

محمد دەیەها فەرموودەی هەیە کە دەیسەلمێنێت خۆر دەڕوات. لێرەدا به پیویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێك لەم فەرموودانە بکەم:

یەکەم: صحیح البخاری و صحیح مسلم: ابو ذر دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر بووم لە کاتی خۆرئاوابوون، لیّی پرسیم و گوتی:

أيْنَ تَغْرُبُ الشَّمْسُ؟ قُلتُ: اللَّهُ ورَسولُهُ أعْلَمُ، قالَ: فإنَّهَا تَذْهَبُ حتَّى تَسْجُدَ تَحْتَ العَرْشِ، فَذلكَ قَوْلُهُ تَعَالَى: {وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذلكَ تَقْدِيرُ العَزِيزِ العَلِيمِ}.

دەزانیت خۆر لە کوێ ئاوادەبێت؟ گوتیم الله و پێغەمبەرەکەی دەزانن، گوتی، لە ڕاستیدا خۆر دەڕوات تاوەکو لە ژێر عەرش کڕنۆش دەبات، وەك الله دەڵێت، {وە خۆر دەڕوات بۆ شوێنی ئۆقرەگرتنی، ئەوە اللهی دەسەڵاتدار و زانا وایداناوە}.

دووەم: لە صحیح البخاری فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە گوتوویەتی، خۆر بەندکرا بۆ پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکانی بنی ئیسرائیل.

فحُبِسَتْ حتى فتحَ اللهُ عليهِ (خۆر بەند کرا تاوەکو الله فتحی بۆی کرد).

لە السلسلة الصحيحة للالبانی و فتح الباری لابن حجر فەرموودەیەك هاتووە، کە محمد گوتوویەتی، ئەو پێغەمبەرە یوشع بووە.

ما حُبِسَتِ الشمسُ على بَشَرٍ قطُّ، إلَّا على يُوشَعَ بنِ نُونَ لَيالِيَ سارَ إلى بَيتِ المَقْدِسِ

خۆرهەرگیز بۆ هیچ کەسێك بەند نەکراوە تەنها بۆ یوشع کوڕی نون نەبێت، ئەو شەوەی کە بۆ قودس ڕۆیشت.

وە ابن عثیمین لە مجموع الفتاوی، ئاماژە بە فەرموودەیەکی بەناوبانگی ابن عباس دەکات، کە سەبارەت بە ئایەتی ١٣ سوورەتی الانبیاء، {وَهُوَ

الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ- وه هەر الله بوو كه شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی دروستکرد، وه هەر هەموویان له فەلەکێدا دەخولێنەوه} گوتوویەتی:

یدورون في فلكةٍ كفلكةِ المِغزلِ. واته له فەلەكێك دەسوڕێنەوه هەروەك چۆن تەشی له فەلەكیدا دەسوڕێتەوه.

سێهەم: له صحیح البخاری فەرموودەیەکی محمد هاتووه گوتوویەتی:
فإنها تَطلُعُ بينَ قرني شيطانٍ ( کاتێك خۆر هەڵدێت به نێوان دوو قۆچەکەی شەیتاندا هەڵدێت).
وه له سنن ابی داود فەرمودەیەکی محمد هاتووه گوتوویەتی
فإنها تغربُ بين قَرْنَي شيطانٍ (کاتێك خۆر ئاوا دەبێت به نێوان قۆچەکانی شەیتاندا ئاوا دەبێت)
چوارەم: ابن كثير له البداية و النهاية(به اسنادێکی صحیح دەڵێت، پیاوەکان جێگای متمانەن) و له تفسير القران العظيم (به اسنادێکی باش) ئاماژه به ڕیوایەتێکی ابن عباس دەکات که گوتوویەتی:

أنَّ رسولَ اللهِ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ صدَّقَ أُمَيَّةَ في شيءٍ مِن شِعْرِه فقال:
والشَّمسُ تطلُعُ كلَّ آخرِ ليلةٍ  حمراءَ يُصبحُ لَونُها يتَورَّدُ
تأبَى فما تطلُعُ لنا في رِسْلِها، إلَّا مُعذَّبَةً وإلَّا تُجْلَدُ
فقال النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليْهِ وسلَّمَ: صدقَ
پێغەمبەری الله باوەڕی کرد به شتێك له شیعرەکانی ئومەیه بن ابي الصلت که له شیعرێکدا گوتوویەتی:
وه خۆر له کۆتایی هەموو شەوێکدا هەڵدێت.
ڕەنگی سووره ئینجا ڕەنگی کاڵ دەبێتەوه.
که خۆر دەنێردرێت ڕەتدەکاتەوه هەڵبێت،

تەنها دەبێت ئازار بدرێت وە یان جەلد بکرێت.
پێغەمبەر گوتی ڕاست دەکات.
پێنجەم: الالوسي البغدادی لە روح المعانی، ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکات کە ابن عساکر لە تأریخ مدینة دمشق اخراجی کردووە کە دەڵێت:
أَنَّ خزيمة بن حكيم السلمي سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ حَرِّ الْمَاءِ فِي الشِّتَاءِ وَبَرْدِهِ فِي الصَّيْفِ، فَقَالَ: إِنَّ الشَّمْسَ إِذَا سَقَطَتْ تَحْتَ الْأَرْضِ سَارَتْ حَتَّى تَطْلُعَ مِنْ مَكَانِهَا، فَإِذَا طَالَ اللَّيْلُ فِي الشِّتَاءِ كَثُرَ لُبْثُهَا فِي الْأَرْضِ، فَيَسْخَنُ الْمَاءُ لِذَلِكَ، فَإِذَا كَانَ الصَّيْفُ مَرَّتْ مُسْرِعَةً لَا تَلْبَثُ تَحْتَ الْأَرْضِ لِقِصَرِ اللَّيْلِ، فَثَبَتَ الْمَاءُ عَلَى حَالِهِ بَارِدًا
ابن خزيمة بن حكيم السلمي، پرسیاری لە پێغەمبەر کرد سەبارەت بە هۆکاری گەرم بوونی ئاو لە زستان و سارد بوونی لە هاوین، پێغەمبەر گوتی: کاتێك خۆر دەچێتە ژێر زەویەوە ئەوا بە ژێریەوە دەڕوات تاوەکو لە شوێنەکەی هەڵدێت، وە کاتێك لە زستان شەو درێژ دەبێت ئەوا خۆر زیاتر لە ژێر زەویدا دەمینێتەوە، وە دەبێتە هۆی گەرم بوونی ئاو، بەڵام لە هاویندا خۆر بە خێرایی بە ژێر زەویدا دەڕوات و زۆر نامینێتەوە بە هۆی کورتی شەو، بەم شێوەیە ئاو سارد دەبێت (مەبەستی ئاوی بیرە).
بۆ خۆر دەچێتە ژێر زەوی؟ بەڵێ قورئان. دەڵێت، لە کانیاوێکی قوڕاوی گەرم نوقم دەبێت، وەك لە ئایەتی ٨٦ سوورەتی الکهف هاتووە دەڵێت:
وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ
بینی خۆر لە کانیاوێکی قوڕاوی گەرم ئاوا دەبێت.
وە فەرموودەیەکی محمد لە ابن أبي شيبة وعبد بن حميد وابن المنذر وابن مردويه والحاكم (بە صحیحی داناوە)، وە سنن ابی داود (الالبانی بە حسنی داناوە) هاتووە، ابي ذر گوتوویەتی، لەگەڵ پێغەمبەری الله بووم لەسەر پشتی کەرێك کاتی خۆرئاوابوون، ئەوەبوو پێغەمبەر پرسی دەزانیت خۆر لە کوێ ئاوا دەبێت؟ گوتم الله و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، گوتی:

فإنها تغرب في عين حامية، واته، خۆر له كانیاوێكی گەرم ئاوا دەبێت.
وە دەیەها بەڵگەی تر هەیە. بەڵام ئەوەندە بەڵگە بەسە بۆ كەسێك كە تۆزێك بیردەكاتەوە و لۆجیكی لایە.

## ئایەتی ١٨

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
دەسا ئەی جنۆكە و مرۆڤەكان بە كامە چاكەكانی خوداكەتان نكۆڵی دەكەن؟

## ئایەتی ١٩-٢٢

مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ، بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ، يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

شەپۆلی دوو دەریاكە بەیەكدەگەن، لە نێوانیان بەربەستێك هەیە بەیەكناگەن، دەسا ئەی جنۆكە و مرۆڤەكان بە كامە چاكەكانی خوداكەتان نكۆڵی دەكەن؟ لە دوو دەریاكە مرواری و مەرجان دەردەهێنرێت، دەسا ئەی جنۆكە و مرۆڤەكان بە كامە چاكەكانی خوداكەتان نكۆڵی دەكەن؟

بە حوكمی ئەوەی دەجالە درۆزانەكان ئەم چەند ئایەتەیان كردووە بە ئیعجازی زانستی، ئەوا بە پێویستی دەزانم كە وەڵامێكی یەكلاكەرەوەیان پێ بدەمەوە.

وەڵامەكانم بۆ بەتاڵ و پووچەڵكردنەوەی درۆكانیان لە چەند ڕوویەكەوە دەبێت:

یەكەم: مانای وشەی "مَرَجَ"و "بَرْزَخٌ"

دووەم: شرۆڤەی قورئان بە قورئان

سێهەم: شرۆڤەی شرۆڤەكارانی قورئان

چوارەم: دەقی هاوچەشن لە پەرتووكەكانی پێشوو

پێنجەم:ئایا دوو ئاو تێكەڵ نابن؟

یەكەم: چەمك و وشەكان:

ابن منظور لە لسان العرب سەبارەت بە وشەی (مرج) دەڵێت چەند مانایەك دەبەخشێت، وە مانای وشەكە بە گوێرەی ڕستەكە دەگۆڕێت. وە دەڵێت وشەی مرج بە مانای "اخْتَلَطَ" تێكەڵ بوو اضْطَرَبَ شڵەژا.

وە دەڵێت: وَمَرَجَ اللَّهُ الْبَحْرَيْنِ الْعَذْبَ وَالْمِلْحَ: خَلَطَهُمَا حَتَّى الْتَقَيَا، واتە الله دوو دەریای شیرین و خوێاوی مرج كردووە واتە تێكەڵی كردوون تاوەكو بەیەك دەگەن.

ئینجا ابن منظور ئاماژە بە تێڕوانینی شارەزایانی زمانی عەرەبی دەكات و دەڵێت:

الْفَرَّاءُ گوتوویەتی، واتە أَرْسَلَهُمَا ثُمَّ يَلْتَقِيَانِ بَعْدُ، واتە بەرەڵای كردوون ئینجا دواتر بەیەكدەگەن.

الزَّجَّاجُ گوتوویەتی، واتە تێكەڵبوون.

ابْنُ الْأَعْرَابِيِّ گوتوویەتی، واتە أَجْرَاهُمَا: هەردوو دەریاكەی ڕۆیشتواندووە.

كەواتە ئایەتی ١٩ دەڵێت: شڵەژاوی- كە شەپۆلە- دوو دەریاكە بەیەك دەگەن.

وە ابن منظور سەبارەت بە وشەی "برزخ" دەڵێت:

الْبَرْزَخُ: مَا بَيْنَ كُلِّ شَيْئَيْنِ، الْحَاجِزُ بَيْنَ الشَّيْئَيْنِ. وَالْبَرْزَخُ: مَا بَيْنَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ قَبْلَ الْحَشْرِ مِنْ وَقْتِ الْمَوْتِ إِلَى الْبَعْثِ، فَمَنْ مَاتَ فَقَدْ دَخَلَ الْبَرْزَخَ

بەرزەخ: لە نێوان دوو شتە، بەربەستی نێوان دوو شت، وە بەرزەخ لە نێوان دونیا و ڕۆژی دواییە پێش ڕۆژی حەشر، لە كاتی مەرگەوە تاوەكو زیندووبوونەوە، هەر كەسێك بمرێت دەچێتە بەرزەخەوە.

دووەم: شرۆڤەی قورئان بە قورئان

لە قورئاندا چوار ئایەت هەیە كە ئاماژە بە وشەی'مرج' و "مارج" و مريج" دەكەن:

ئایەتی ١٥ سوورەتی الرحمن دەڵێت:

وَخَلَقَ الْجَانَّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ

واتە: جنۆکەکانی لە 'مارج"ێك لە ئاگر دروستکردووە.

"مارج"، واتە گڕێك یان کڵپەیەك.

ئایەتی ٥ سوورەتی ق:

فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَرِيجٍ

واتە ئەوان لە حاڵەتێکی شێوان و تێکەڵدان.

"مریج"، واتە شێوان و تێکەڵ.

ئایەتی ٥٣ سوورەتی الفرقان دەڵێت:

وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ، واتە، وە هەر اللە بوو کە دوو دەریاکەی بەیەکگەیاند.

وە ئایەتی ١٩ سوورەتی الرحمن دەڵێت:

مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ

"مارج من نار"، واتە کڵپەیەك لە ئاگر.

ئەگەر بۆ ئاگر "مرج" بە مانای کڵپە بێت ئەوا بۆ دەریا بە مانای شەپۆڵ دێت.

کەواتە ئایەتی ١٩ الرحمن ماناکەی دەکاتە: شەپۆڵی دوو دەریاکە بەیەك دەگەن.

وە لە ٣ ئایەتی قورئاندا وشەی "برزخ" هاتووە.

ئایەتی ١٠٠ المؤمنون کە دەڵێت:

وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ

لە پشتیانەوە بەرزەخێك هەیە تاوەکو ئەو ڕۆژەی زیندوودەبنەوە.

ئایەتی ٥٣ سوورەتی الفرقان:

وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَحْجُورًا

له نێوانیان بەرزەخ و بەربەستی ڕێگاگری هێناوەتە ئاراوە.

وە ئایەتی ٢٠ سوورەتی الرحمان کە دەڵێت:

بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ واتە بەرزەخێکیان لە نێوانە کە نایبڕن.

"برزخ" واتە بەربەست جا فیزیکی بێت یان متافیزیکی.

"بَغْي" واتە دەستدرێژی و ستەم.

"لا یبغیان" واتە ئەم دوو دەریایە دەستدرێژی ناکەنە سەر یەك واتە سنووری یەکتر نابڕن.

لە ڕوانگەی ئەو مانایانە کەواتە ئەم چەند ئایەتە دەڵێن:

شەپۆڵی دوو دەریاکە بە یەك دەگەن، بەربەستێك لە نێوانیانە کە نایبڕن، وە لە هەردووکیان مرواری و مەرجان دەردەهێنرێن.

ئایا لە زەویدا دوو دەریا هەیە کە شەپۆلیان بەیەك بگات و بەربەستێکی فیزیکی یان میتافیزیکی لە نێوانیاندا هەبێت، وە نەتوانن ئەم بەربەستە ببڕن؟ هەرگیز مەگەر مەبەستی ئەو دەریاچانە بێت کە وشکایی جیایانی کردۆتە لە دەریاکان.لێرەدا وشکایی ڕۆڵی بەرزەخ و بەربەست دەبینێت.

بۆ ئاگاداریتان قورئان دەڵێت "البحرین" بە {ال التعریف واتە الف و لامی ناسینەوە} کە ئێمە لە زمانی کوردی پاشگری (کە) بۆ ناسینەوە بەکاردەهێنین. واتە قورئان باس لە دوو دەریای دیارکراو و ناسراو دەکات، نەك هەموو دوو دەریایەك.

سێهەم:شرۆڤەکەرانی قورئان

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ئەهلی عیلم ناکۆکن سەبارەت بە دوو دەریاکە کە اللە لەم دەقەدا ئاماژەی پێکردووە، کامە دوو دەریان؟

هەندێك دەڵێن (ابن عباس و سعید بن جبیر) دەریایەکیان لە ئاسمانە، وە دەریایەکیان لە زەوییە.

هەندێك دەڵێن (الحسن و قتادة) دەیای فارس و دەریای ڕۆمە.

ئینجا الطبری ڕای خۆی بەیان دەکات و دەڵێت:

وَأَوْلَى الْأَقْوَالِ فِي ذَلِكَ عِنْدِي بِالصَّوَابِ قَوْلُ مَنْ قَالَ: عُنِيَ بِهِ بَحْرُ السَّمَاءِ، وَبَحْرُ الْأَرْضِ؛ وَذَلِكَ أَنَّ اللَّهَ قَالَ { يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ }، وَاللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ إِنَّمَا يَخْرُجُ مِنْ أَصْدَافِ بَحْرِ الْأَرْضِ عَنْ قَطْرِ مَاءِ السَّمَاءِ، فَمَعْلُومٌ أَنَّ ذَلِكَ بَحْرُ الْأَرْضِ وَبَحْرُ السَّمَاءِ

وە ئەو وتەیەی لای من ڕاستە ئەوەیانە کە گوتوویەتی: مەبەست لەمە دەریای ئاسمان و دەریای زەویە، چونکە الله گوتوویەتی، (لە دوو دەریاکە مرواری و مەرجان دەردەهێرێت)، وە لە ڕاستیدا مرواری و مەرجان لە سەدەفی دەریای زەوی دەردەهێنرێت کە بە بارانی ئاسمان دروست بووە، وە ئاشکرایە کە ئەم ئایەتە مەبەستی دەریای زەوی و دەریای ئاسمانە.

الطبری دەڵێت: ابن عباس گوتوویەتی:

إِذَا نَزَلَ الْقَطْرُ مِنَ السَّمَاءِ ، تَفَتَّحَتِ الْأَصْدَافُ فَكَانَ لُؤْلُؤًا

کاتێك باران لە ئاسمان باری، ئەوا سەدەفەکانی دەریا دەمیان دەکەنەوە و دەبێت بە مرواری.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن عباس و سعید بن جبیر و مجاهد گوتوویانە:دەریای ئاسمان و دەریای زەوی، وە لە ساڵێکدا جارێك بەیەك دەگەن.

الحسن و قتادة گوتوویانە: دەریای فارس و دەریای ڕۆمە.

ابن جریج گوتوویەتی: دەریای خوێاوی و ڕووباری شیرینە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

مەبەستی الله لە (البحرین) خوێاوی و شیرینە، شیرینەکە ئەو ڕووبارانەن کە لە نێو خەڵکدا دەڕۆن، هەروەك ئایەتی ٥٣ سوورەتی الفرقان دەڵێت:وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا

واتە، هەر الله بوو کە دوو دەریای بەیەك گەیاند، ئەوەیان شیرین و سازگارە وە ئەوەیان خوێاوی و تاڵە، وە لە نێوانیاندا بەرزەخێك و بەربەستێکی داناوە.

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت، دوو قەول هەیە:

یەکەم: دەریایەکی ئاسمان و دەریایەکی زەوی.

دووەم: دەریای شیرین و دەریای خوێاوی، هەروەك الله لە ئایەتی ١٢ سوورەتی فاطر گوتوویەتی: وَمَا يَسْتَوِي ٱلْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ

واتە، وە دوو دەریا وەك یەك نابن ئەوەیان شیرین و سازگارە خواردنەوەت بەلەزەتە، وە ئەوەیان خوێاوی و تاڵە.

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، دەریا هەیە ئاوەکەی شیرین و بەلەزەتە. نەیزانیووە کە ئاوی هەموو دەریایەك سوێر و تاڵە.

الزمخشری لە الکشاف و الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{ مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ } دەریای خوێاوی و دەریای شیرینی ناردووە کە لە تەك یەکن و بەریەك کەوتوون، وە هیچ جیاکەرەوەیەك لە نێوان دوو ئاوەکە نییە کە بە چاو ببینرێت { بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ } بەربەستێك بە توانایی الله هەیە {لاَّ يَبْغِيَانِ}، وە سنووری یەکتر نابڕن و دەستدرێژی ناکە سەریەك بە تێکەڵاوکردنی ئاوەکانیان.

ئەم شرۆڤەیە شرۆڤەیەکی زۆر لۆجیکە، واتە کاتێك ڕووبارەکان- کە ئاویان شیرینە- دەڕژێنە ناو دەریاکانەوە- کە ئاویان خوێاویە- نە ئاوی دەریاکە شیرین دەبێت، وە نە ئاوی ڕووبارەکە خوێاوی و تاڵ دەبێت.

وە اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، بەربەست هەیە لە نێوانیان،

وە هەموو مرۆڤێك بە درێژایی مێژوو ئەوەی زانیووە کە لەگەڵ ئەوەش ئاوی ڕووبار دەرژێتە ناو دەریاوە بەڵام نە ئاوی دەریا شیرین دەبێت، وە نە ئاوی ڕووبار تاڵ دەبێت. ئەوە لە کۆندا لای مرۆڤ پرسیار بووە.

هۆکارەکەی پەیوەندی بە چەند خاسیەتێکی فیزیکی ئاوەکانەوە هەیە وەك ڕێژە و چڕی خوێ و پلەی گەرمای ئاوەکەوە.

ئەو تفسیرانەی ئاماژەمان پێیان کرد، پێیان دەگوترێت، امهات التفاسیر. وە گشت موفەسیرەکانی تریش هەمان قسە دووبارە دەکەنەوە

ئەگەر تێڕوانینی موفەسیرەکان پوخت بکەینەوە، بینیمان کە ٣ بۆچوون هەیە:

یەکەم: دەریایەك لە ئاسمانە و دەریایەك لە زەوی کە بەربەست لە نێوانیانە و ئاوەکانیان تێکەڵ نابێت.

دووەم: دەریای ڕۆم(سپی ناوەراست) و دەریای فارسە (دەریای سوور و هیندی)، بەربەستەکە وشکاییە.

سێهەم: ڕووباری شیرین و دەریای خوێاوی.

وە لە ئایەتی ٦٠ سوورەتی الكهف هاتووە کە موسا بە یوشع دەڵێت:

لَا أَبْرَحُ حَتَّىٰ أَبْلُغَ مَجْمَعَ الْبَحْرَيْنِ

کۆڵ نادەم تاوەکو نەگەم بە شوێنی بەیەکگەیشتنی دوو دەریاکە.

واتە، قورئان قسە دەکات سەبارەت بە شوێنێك کە لە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە، نازانم چۆن شەرم ناکەن دەچن بۆ دەریاکانی ئالاسکا و کاریبیەن.

چوارەم: نووسەری قورئان ئەم ئایەتەی لە تەورات وەرگرتووە، لە یەکەم پەرتووکی تەورات- سفر التكوين- اصحاحی یەکەم دەقی ٦-٧ هاتووە:

یەهوەی-ئیلۆهیم فەرمووی با بەربەستێك لە نێوان ئاوەکاندا ببێت بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو، یەهوەی بەربەستەکەی درووست کرد، ئاوەکەی ژێر بەربەستەکەی لە ئاوەکەی سەر بەربەستەکە جیاکردەوە. یەهوەی بەربەستەکەی ناونا ئاسمان.

ڕێك ئەم دەقەیە کە قورئان وەریگرتووە، وە ئیمرۆ موسڵمانان دەهۆڵ و زوڕنای ئیعجازی قورئان بەم دەقە لێ دەدەن و دەژەنن.

پێنجەم: کارەساتی ئەم دەقە و دەقەکانی هاوچەشن:

١- ئەگەر بڵێن ئاوی دوو دەریا بەیەك دەگەن بەڵام بە هۆی ئەوەی بەربەست هەیە و تێکەڵ نابن، ئەوە ڕاست نییە و درۆیەکی شاخدارە. هەموو ئاوێك تێکەڵ دەبن، بەڵام هەروەك گوتم بە گوێرەی چری توخمەکان و پلەی گەرمیان ئەوا خێرایی تێکەڵ بوونەکەیان جیاوازە، بەڵام لە ئاکامدا تێکەڵ دەبن.

٢- ئەگەر بڵێن دەریایەك شیرینە و دەریایەك خوێاویە.

وەك ئایەتی ٥٣ سوورەتی الفرقان دەڵێت:

وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَـٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَـٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا

وە ئایەتی ١٢ سوورەتی فاطر:

وَمَا يَسْتَوِى ٱلْبَحْرَانِ هَـٰذَا عَذبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وهَـٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ

هەردوو ئایەتەکە دەڵێن، دوو دەریا هەیە کە دانەیەکیان ئاوی شیرینە و سازگارە، وە دانەیەکیان ئاوی سوێر و تاڵە.

ئەوا من پێتان دەڵێم ئەی ئۆمەتی محمد، من ئامادەم هەر هەمووتان ببەم بۆ سەر تاکە بە تاکی هەموو دەریاکانی زەوی لێیان ئاو بخۆنەوە، ئەگەر دەریایەکتان دۆزیەوە کە ئاوی شیرین بوو، ئەوا هەر لەوێ حوکمی ئایەتی ٣٣ سوورەتی المائدەم بەسەردا جێبەجێ بکەن کە دەڵێت:

إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ

له ڕاستیدا سزای ئەو کەسانەی کە دژایەتی اللە و پێغەمبەرەکەی دەکەن و لە زەویدا خراپەکاری بڵاودەکەنەوە، ئەوا دەبێت پارچەپارچە بکرێن یان لە خاچ بدرێن و یان دەست و پێکانیان ڕاست و چەپ ببڕدرێت، وە یان لە زەویدا نەفی بکرێن.

ئازاد بن کامەی هەڵدەبژێرن: پارچەپارچە کردن و یان لە خاچ دانم یان دەستوپابڕینم.

بەڵام حوکمی چوارەم کە نەفیکردنە بۆ من جێبهێڵن، واتە ئەگەر دەریایەك نەبوو کە ئاوی شیرین بێت، ئەوا هەر هەمووتان نەفی دەکەم بۆ ناو دەریا، ئینجا ئێوە نیزا بکەن بۆ خوای گەورەتان فریاتان بکەوێت.

٣- لە قورئان وشەی"بحر" بە مانای دەریا و "نهر و انهار" بە مانای ڕووبار و ڕووبارەکان، وە "عین" بە مانای کانیاوهاتووە. لەبەر ئەوە کاتێك دەقەکە دەڵێت "بحرین" واتە دوو دەریا، نەك دەریایەك و ڕووبارێك.

بەڵام اللەی عەرەب و ئیسلام وایزانیووە دەریا هەیە ئاوی شیرینە و دەخورێتەوە.

٤- وە ئەگەر بڵێن کە مەبەست لە دوو دەریا ئەوا دەریا و ڕووبارێکە وەك لە ئایەتی ٥٣ سوورەتی الفرقان و ١٢ سوورەتی فاطر هاتووە، ئەوا دەڵێم فەرموون، مروارییەك یان مەرجانێك بۆ لە ڕووباریك دەربهێنن.

مرواری و مەرجان تەنها لە قووڵایی دەریاکان واتە لە ئاوی خوێواوی بوونی هەیە.

ئەم دەقانەتان وەك هەموو دەقەکانی تری قورئانەکەتان کارەساتی زانستین، کەچی لە جیاتی ئەوەی بێدەنگی هەڵبژێرن هاتوون درۆ و دەلەسەی ئیعجازی زانستی دەکەن. هەر بە ڕاستی شەرم ناکەن؟

پرسیاری کۆتایی ئەوەیە: ئایا ابن عباس و سعد بن جبیر لە کوێ هێناویانە کە دەریایەك لە ئاسمان هەیە؟ ڕیوایەتێك لە مسند احمد و سنن ابوداود و النسائی و

الترمذی هاتووە کە محمد بۆ یاوەرەکانی باسی ٧ ئاسمانەکە دەکات و دەڵێت ماوەی نێوان ئاسمانێك و ئاسمانێکی تر پێنج سەد ساڵ ڕۆیشتنە. ئینجا دەڵێت:

وَفَوْقَ السَّمَاءِ السَّابِعَةِ بَحْرٌ بَيْنَ أَسْفَلِهِ وَأَعْلَاهُ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، ثُمَّ فَوْقَ ذَلِكَ الْعَرْشُ

وە لە سەر ئاسمانی حەوتەم دەریایەك هەیە کە قوڵاییەکەی بەقەد ماوەی نێوان زەوی و ئاسمانی دونیایە، (واتە پێنج سەد ساڵ)، ئینجا لە سەرەوەی ئەم دەریایە عەرش هەیە.

## ئایەتی ٢٤-٢٥

وَلَهُ الْجَوَارِ الْمُنشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالأَعْلامِ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی هاتووە، (الْجَوَارِ الْمُنشَآتُ)، واتە (مرفوعة الشُّرِع) واتە چارۆکەداری بەرز.

(لە) واتە هی ئەوە، واتە هی اللەیە.

واتە الله اكبر لەم دەقەدا دەڵێت: من خاوەنی ئەو کەشتیە چارۆکەدارە زەبەلاحانەم کە وەك شاخن و لە دەریا جرتوفرت دەکەن.

ئینجا دەڵێت: دەسا مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە چاکەپێدانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

( وَلَهُ الْجَوَارِ الْمُنْشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلَامِ )، يَقُولُ: وَلِرَبِّ الْمَشْرِقَيْنِ وَالْمَغْرِبَيْنِ الْجَوَارِي، وَهِيَ السُّفُنُ الْجَارِيَةُ فِي الْبِحَارِ

وە هی خودای هەردوو خۆرهەڵاتەکان و هەردوو خۆرئاواکانە کەشیە گەورەکانی دەریا.

ابن كثير له تفسير القران العظيم و القرطبى له الجامع الاحكام القران، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکەن کە ابن ابي حاتم گێراویەتیەوە، کە عميرة بن سعد گوتوویەتی:

كُنْتُ مَعَ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ عَلَى شَاطِئِ الْفُرَاتِ إِذْ أَقْبَلَتْ سَفِينَةٌ مَرْفُوعٌ شِرَاعُهَا، فَبَسَطَ عَلَى يَدَيْهِ ثُمَّ قَالَ: يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: (وَلَهُ الْجَوَارِي الْمُنْشَآتُ فِي الْبَحْرِ كَالْأَعْلَامِ). وَالَّذِي أَنْشَأَهَا تَجْرِي فِي [بَحْرٍ مِنْ] بِحَوَرِهِ مَا قَتَلْتُ عُثْمَانَ، وَلَا مَالَأْتُ عَلَى قَتْلِهِ .

لەگەڵ علی کوڕی ابوطالب بووم لە کەنارێکی ڕووباری فورات، کەشتیەك هات کە چارۆکەکەی بەرزکردبۆوە، ئەوەبوو هەردوو دەستەکانی پانکردەوە و گوتی الله دەڵێت، {وە هەر هی خۆیەتی کەشتیە چارۆکەدارە زەبەلاحە گەڕۆکەکانی ناو دەریا کە وەك چیان}، وە سوێند بەوەی کە ئەم کەشتیەی دروستکردووە و لە دەریایەك لە دەریاکانی دەڕوات، من نە عوسمانم کوشتووە، وە نە دەستم هەبووە لە کوشتنیدا.

الرازی لە مفاتیح الغیب پرسیار دەکات و دەڵێت:

مَا الْفَائِدَةُ فِي جَعْلِ الْجَوَارِي خَاصَّةً لَهُ وَلَهُ السَّمَاوَاتُ وَمَا فِيهَا وَالْأَرْضُ وَمَا عَلَيْهَا؟ نَقُولُ: هَذَا الْكَلَامُ مَعَ الْعَوَامِّ

فَقَالَ: لَا شَكَّ أَنَّ الْفُلْكَ فِي الْبَحْرِ لَا يَمْلِكُهُ فِي الْحَقِيقَةِ أَحَدٌ إِذْ لَا تَصَرُّفَ لِأَحَدٍ فِي هَذَا الْفُلْكِ وَإِنَّمَا كُلُّهُمْ مُنْتَظِرُونَ رَحْمَةَ اللَّهِ تَعَالَى مُعْتَرِفُونَ بِأَنَّ أَمْوَالَهُمْ وَأَرْوَاحَهُمْ فِي قَبْضَةِ قُدْرَةِ اللَّهِ تَعَالَى. وَهُمْ فِي ذَلِكَ يَقُولُونَ: لَكَ الْفُلْكُ وَلَكَ الْمُلْكُ، وَيَنْسِبُونَ الْبَحْرَ وَالْفُلْكَ إِلَيْهِ

چ سوودێك لەوەدا هەیە کە الله بڵێت، کەشتیەکان بە تایبەت بۆ منن لە کاتێکدا ئاسمانەکان و ئەوەی تیایاندایە و زەوی و ئەوەی لە سەریەتی خۆی خاوەنیەتی؟ دەڵێین: ئەو قسەیە بۆ خەڵکی عەوامە.

وە گومانی تێدا نییە کە کەشتیەکانی دەریا لە حەقیقەتدا هیچ کەسێك خاوەنداریێتی ناکات، وە بۆ هیچ کەسێك نییە کە مامەڵە بەم کەشتیەوە بکات.

بەڵکو هەر هەموویان چاوەڕێی ڕەحمەتی الله دەکەن و دان بەوە دەنێن کە سامان و ڕۆحیان لە ژێر دەستی اللّٰەیە. وە سەبارەت بەمە دەڵێن: هەر خۆت خاوەنی کەشتیت و هەر خۆت پادشایت، وە خاوەندارێتی کەشتی و دەریا بۆ اللّٰە دەگێڕنەوە.

وە دەڵێت، چونکە الله فەرمانی بە نوح کرد کە کەشتی درووست بکات کاتێك گوتی، (وَٱصۡنَعِ ٱلۡفُلۡكَ بِأَعۡيُنِنَا- وە کەشتی درووست بکە لە ژێر چاودێری ئێمە). ئایەتی ٣٧ سوورەتی هود.

امام الماوردی لە النكت و العيون دەڵێت، یەکێك لە شرۆڤەکان ئەوەیە کە ئەم کەشتیە گەورە چارۆکەدارانە الله خەلقی کردوون.

وە لە ئایەتی ٣٢ سوورەتی الشوری، اللّٰەی عەرەب و ئیسلام سەبارەت بە کەشتیەکانی دەریا دەڵێت:

وَمِنْ آيَاتِهِ الْجَوَارِ فِي الْبَحْرِ كَالأَعْلامِ

وە لە نیشانە و بەڵگەکانی اللّٰە، کەشتیە گەڕۆکەکانی دەریان کە وەك چیان.

ئینجا لە ئایەتی ٣٣ دەڵێت:

إِن يَشَأۡ يُسۡكِنِ ٱلرِّيحَ فَيَظۡلَلۡنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهۡرِهِ

ئەگەر الله بیەوێت بایەکە دادەمرکێنێتەوە، ئەوسا کەشتیەکان لە سەر ئاوەکە دەوەستن.

واتە اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: من خاوەنی کەشتیەکانم و کەشتیەکان نیشانەیەکن لە نیشانەکانی من.

وە لە ئایەتی ٣١ سوورەتی لقمان دەڵێت:

أَلَمْ تَرَ أَنَّ الْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِنِعْمَتِ اللَّهِ لِيُرِيَكُم مِّنْ آيَاتِهِ

ئەی نابینین کە کەشتیەکان لە دەریاکان جرتوفرت دەکەن بە نیعمەتی الله بۆ ئەوەی لە نیشانەکانی نیشانتان بدات؟

واتە، لە ڕێگای سەیرکردنی کەشتی بمناسن و باوەڕم پێبێنن، چونکە کەشتی نیشانەیەکە لە نیشانەکانی بوونی الله.

وە لە ئایەتی ١٦٤ سوورەتی البقرة دەڵێت:

إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ

لە  دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی شەو و ڕۆژ و ئەو کەشیەی کە لە دەریادا دەڕوات بەوەی کە سوود بە خەڵك دەگەیەنێت، و ئەوەی الله لە ئاو لە ئاسمان دایبەزاندووە،  کە زەوی پێیەوە بوژاندۆتەوە لە دوای مردنی و لە هەموو ئاژەڵێکی تیادا بڵاوکردۆتەوە و هەڵسوکەوت کردنی بە بایەکان و هەورە دەستەمۆکراوەکانی نێوان ئاسمان و زەوی، لە ڕاستیدا چەندەها نیشانەن بۆ خەڵکانێك کە تیدەگەن.

با ئەم دەقە خاڵبەندی بکەین، اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، ئەم نیشانانە بۆ خەڵکانێکن کە تێدەگەن:

١-دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی.

٢-جیاوازی شەو و ڕۆژ

٣-کەشتی کە لە دەریادا جرتوفرت دەکات و دەڕوات.

٤-باران کە زەوی پێ دەبوژێنێتەوە دوای ئەوەی وشك و مردوو بوو.

٥-بڵاوکردنەوەی ئاژەڵ و زیندەوەر لە زەویدا.

٦-هەڵسوکەوتکردن بە بایەکان.

٧-هەوری دەستەمۆکراوی نێوان ئاسمان و زەوی.

ئەوانەی کردووە بە بەڵگە بۆ ئەوەی خەڵك باوەڕی پێبێنن و بڵێن لا اله الا الله محمد رسول الله.

بەڵام ئەوەی سەیرترە ئەوەیە کە دەڵێت، من کەشتیەکانم درووست کردووە. لە ئایەتی ٤١-٤٣ سوورەتی یس سەبارەت بە نوح دەڵێت:

وَآيَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ

وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِ مَا يَرْكَبُونَ

وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلا صَرِيخَ لَهُمْ وَلا هُمْ يُنقَذُونَ

وە نیشانەیەك بۆ خەڵکی مەککە ئەوەیە کە لە ڕاستیدا ئێمە نەوەکانیانمان لە کەشتیەکە بارکرد، وە بۆ خەڵکی مەککە شتێکی هاوچەشنمان درووست کرد کە سواری بن، وە ئەگەر بمانەوێت ئەوا نوقمیان دەکەین، ئەوسا نە کەسێك دێت بە هاواریانەوە، وە نە کەسێك دەبێت کە ڕزگاریان بکات.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: هەروەك چۆن کەشتیەکەی نوحمان خلق کرد، ئەوا بە هەمان شێوە شتێکی هاوچەشنمان بۆ خەڵکی دوورگەی عەرەبی درووست کرد.

واتە کەشتی لە مخلوقاتی اللهیە.

وە ئەم ئایەتە هەڵەیەکی تری تێدایە، کە بە خەڵکی دوورگەی عەرەب دەڵێت: نەوەکانی ئێوەمان لە کەشتیەکە هەڵگرت. ئەگەر نوح و کوڕەکانی بە باپیرەی دووەمی مرۆڤایەتی دابنرێن ئەوا دەبوایە بڵێت باپیرانی ئێوەمان لە کەشتیەکە هەڵگرت، نەك نەوەکانی ئێوە.

القرطبی سەبارەت بە ئایەتی ٤٢ (وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِ مَا يَرْكَبُونَ- وە هاوچەشنی کەشتیەکەی نوحمان بۆیان خلق کرد)، دەڵێت، ٣ قەول هەیە:

یەکەم: هەروەك چۆن کەشتیەکەی نوحمان خلق کرد، ئەوا بۆ خەڵکی دوورگەی عەرەب وشترمان خلق کرد بۆ ئەوەی سواری بن، (ابن عباس و مجاهد و قتادة و کۆمەڵێك لە شرۆڤەکاران).

دووەم: وەك چۆن کەشتیەکەی نوحمان خلق کرد، ئەوا هەموو ئەو ئاژەڵانەی کە سواریان دەبن ، بۆیان خلق کرد.

سێهەم: کەشتی هاوچەشنی کەشتیەکەی نوحمان بۆیان خلق کرد.

واتە الله دەڵێت، من کەشتیم خەلق کردووە هەروەك چۆن وشترم خلق کردووە.

وە لەوە سەیرتر ئەوەیە کە دەڵێت خۆم شوفێری کەشتیەکانم. لە ئایەتی ٦٦ سوورەتی الاسراء، اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

رَّبُّكُمُ الَّذِي يُزْجِي لَكُمُ الْفُلْكَ فِي الْبَحْرِ

خوداکەتانە کە بۆتان کەشتیەکان لە دەریا لێدەخورێت.

(یزجی) واتە "ساقها" واتە لێخورین.

وەك ئایەتی ٤٣ سوورەتی النور دەڵێت:

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابً

ئەی نابینیت کە الله هەورەکان لێدەخورێت.

وە هەروەها لە ئایەتی ٦٥ سوورەتی الحج دەڵێت، من کەشتیم بۆتان دەستەمۆ کردووە:

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ

ئەی نابینیت کە اللە ئەوەی لە زەویدایە بۆتان دەستەمۆی کردووە، وە هەروەها کەشتی کە لە دەریا بە فەرمانی ئەو دەڕوات، وە ئاسمانی گرتووە بەسەرتاندا نەکەوێت، تەنها بە مۆڵەتی خۆی نەبێت، لە ڕاستیدا اللە بۆ خەڵك بەخشندە و میهرەبانە.

واتە کەشتی وەك وشتر و کەر و هێستر و ئەسپ بۆمان دەستەمۆ کردووە.

وە لە ئایەتی ١٢ سوورەتی الزخرف دەڵێت:

وَالَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْفُلْكِ وَالْأَنْعَامِ مَا تَرْكَبُونَ

وە ئەو اللەیەی کە هەموو جووتێکی دروستکردووە، وە بۆ ئێوە لە کەشتی و ئاژەڵەکانی هێناوەتە ئاراوە بۆ ئەوەی سواریان بن.

واتە دەڵێت، کەشتی و ئاژەڵم بۆتان دەستەمۆ کردووە، بۆ ئەوەی سواریان بن. وەك ئایەتی ٣٢ سوورەتی ابراهیم دەڵێت:

اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ الأَنْهَارَ

اللەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بۆتان دروستکردووە وە لە ئاسمان ئاوی دابەزاندووە، کە لە ڕێگایەوە میوەکانی وەك رزق بۆتان دەرهێناوە، وە کەشتی بۆتان دەستەمۆ کردووە، بۆ ئەوەی لە دەریا بە فەرمانی ئەو بڕۆن، وە ڕۆژیشی بۆتان دەستەمۆ کردووە.

اللەی عەرەب و ئیسلام زۆر سەرسام بووە بە کەشتی، زۆر بیری کردۆتەوە واقیوڕماوە کە چۆن ئەو کەشتیە گەورانە لە دەریا دەڕۆن بێ ئەوەی نوقم بن، لە کاتێکدا کە بەردێکی بچووك نوقم دەبێت.

## ئایەتی ٢٦-٢٨

كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ، وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

هەر کێیەك لە سەریەتی لە ناو دەچێت، وە سیمای خودا خاوەن شکۆ و هەرە بەڕێزەکەت دەمینێتەوە، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

(عليها) دەبێت بۆ (الْجَوَارِ الْمُنشَآتُ- کەشتی گەورەی گەڕۆك) بگەڕێتەوە چونکە ئایەتێکی پێشووتر ئاماژەی پێکردووە.

واتە هەر کێیەك لەسەر کەشتیەکە بێت لە ناودەچێت، تەنها سیمای الله نەبێت دەمینێتەوە. بەڵام شرۆڤەکاران دەڵێت (عليها) بۆ زەوی دەگەڕێتەوە.

واتە هەر کێیەك لە سەر زەوی بێت لە ناو دەچێت، تەنها سیمای الله نەبێت دەمینێتەوە.

ڕەنگ بێت کەسێك پرسیار بکات و بڵێت: ئایا الله دەم و چاوی هەیە؟ بەڵێ بە دڵنیاییەوە اللهی عەرەب و ئیسلام دەم و چاوی هەیە.

لێرەدا ئاماژە بە چەند بەڵگەیەك دەکەین:

یەکەم: هبة الله بن الحسن بن منصور الطبري اللالكائي الشافعي، لە پەرتووکی شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة دەڵێت:

ئەم یاوەرانە گوتوویانە کە لە ڕۆژی قیامەت ئیمانداران الله اكبر دەبینن:

عَنْ أَبِي بَكْرٍ، وَعَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ، وَابْنِ مَسْعُودٍ، وَمُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ، وَأَبِي مُوسَى، وَابْنِ عَبَّاسٍ، وَابْنِ عُمَرَ، وَأَبِي أُمَامَةَ، وَمُعَاوِيَةَ، وَأَبِي هُرَيْرَةَ، وَجَابِرٍ، وَحُذَيْفَةَ، وَأَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، وَعَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ، وَزَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ، وَفَضَالَةَ بْنِ عُبَيْدٍ، وە پیاوانێکی تر لە یاوەرەکانی پیغەمبەر

وە ئەم تابعینانە گوتوویانە، لە ڕۆژی قیامەت ئیمانداران الله اكبر دەبینن:

سَعِيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ ، وَطَاوُسٌ ، وَمُجَاهِدٌ ، وَعِكْرِمَةُ ، وَمُحَمَّدُ بْنُ كَعْبٍ الْقُرَظِيُّ ، وَكَعْبُ الْأَحْبَارِ ، وَأَبُو الْعَالِيَةِ ، وَالْحَسَنُ ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي لَيْلَى ، وَقَتَادَةُ

وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ سَابِطٍ ، وَأَبُو إِسْحَاقَ السَّبِيعِيُّ ، وَالرَّبِيعُ بْنُ أَنَسٍ ، وَإِبْرَاهِيمُ الصَّايِغُ ، وَيَزِيدُ بْنُ أَبِي مَالِكٍ ، وَعَبْدُ الْوَاحِدِ بْنُ يَزِيدَ النَّصْرِيُّ ، وَالضَّحَّاكُ بْنُ مُزَاحِمٍ ، وَعَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ عُمَرَ الزَّاهِدُ ، وَابْنُ الرَّبِيعِ السَّايِحُ ، وَأَبُو سِنَانٍ

وە ئەم زانایانەی ئیسلام گوتوویانە کە لە ڕۆژی قیامەت ئیمانداران الله اکبر دەبینن:

مَالِكُ بْنُ أَنَسٍ ، وَاللَّيْثُ بْنُ سَعْدٍ ، وَالْأَوْزَاعِيُّ ، وَعَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ أَبِي سَلَمَةَ الْمَاجِشُونُ ، وَسُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ ، وَسُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ ، وَشَرِيكُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ النَّخَعِيُّ ، وَحَمَّادُ بْنُ سَلَمَةَ ، وَحَمَّادُ بْنُ زَيْدٍ ، وَخَارِجَةُ بْنُ مُصْعَبٍ ، وَجَرِيرُ بْنُ عَبْدِ الْحَمِيدِ ، وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ ، وَوَكِيعٌ ، وَيَزِيدُ بْنُ هَارُونَ، وَمُحَمَّدُ بْنُ إِدْرِيسَ الشَّافِعِيُّ ،وَأَبُو نُعَيْمٍ الْفَضْلُ بْنُ دُكَيْنٍ ، وَسُلَيْمَانُ بْنُ حَرْبٍ ، وَأَبُو النَّضْرِ هَاشِمُ بْنُ الْقَاسِمِ ، وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ وَهْبٍ الْمِصْرِيُّ ، وَعَلِيُّ بْنُ الْحَسَنِ بْنُ شَقِيقٍ ، وَهِشَامُ بْنُ عُبَيْدِ اللَّهِ الرَّازِيُّ ، وَأَحْمَدُ بْنُ حَنْبَلٍ ، وَإِسْحَاقُ بْنُ رَاهَوَيْهِ ، وَأَبُو عُبَيْدٍ ، وَأَبُو ثَوْرٍ ، وَأَحْمَدُ بْنُ صَالِحٍ الْمِصْرِيُّ ، وَنُعَيْمُ بْنُ حَمَّادٍ الْمَرْوَزِيُّ ، وَأَبُو إِبْرَاهِيمَ الْمُزَنِيُّ ، وَمُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ الْحَكَمِ ، وَمُحَمَّدُ بْنُ جَرِيرٍ الطَّبَرِيُّ ، وَابْنُ خُزَيْمَةَ ، وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي حَاتِمٍ.

دووەم: لە صحیح البخاری و مسلم و مسند احمد و موطأ مالك، فەرموودەیەك هاتووە سەبارەت بە ڕۆژی قیامەت، محمد دەڵێت:

أَسْتَأْذِنَ عَلَى رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ فَيُؤْذَنَ لِي فَإِذَا رَأَيْتُ رَبِّي وَقَعْتُ أَوْ خَرَرْتُ سَاجِدًا إِلَى رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ

مۆڵەت لە خوداکەم وەردەگرم کە بچمە ژوورەوە، مۆڵەتم پێ دەدات، هەرکە بینیم ئەوا دەکەوم و کڕنۆش بۆ خوداکەم دەبەم.

ڕەنگ بێت کەسێك پرسیار بکات و بڵێت: بۆ الله لە کوێیە بۆ ئەوەی مۆڵەت وەربگرێت و بچێتە ژوورەوە؟

ترشیتان بێت و خۆشیتان بێت، الله لە ماڵەکەی خۆیەتی، بەڵێ الله ماڵ و پاسەوانی هەیە لە بەهەشت. لە صحیح البخاری فەرموودەیەك هاتووە محمد دەڵێت:

فأسْتَأْذِنُ علَى رَبِّي في دارِهِ فيُؤْذَنُ لي عليه، فإذا رَأَيْتُهُ وقَعْتُ ساجِدًا

مۆڵەت لە خوداکەم وەردەگرم لە ماڵەکەی، مۆڵەتم پێ دەدرێت کە بچمە لای، هەرکە بینیم ئەوا دەکەوم و کڕنۆشی بۆ دەبەم.

وە لە مسند احمد فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

ثُمَّ آتِي بَابَ الْجَنَّةِ فَآخُذُ بِحَلْقَةِ بَابِ الْجَنَّةِ فَأَقْرَعُ الْبَابَ فَيُقَالُ مَنْ أَنْتَ فَأَقُولُ مُحَمَّدٌ فَيُفْتَحُ لِي فَأَرَى رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ وَهُوَ عَلَى كُرْسِيِّهِ أَوْ سَرِيرِهِ فَأَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا وَأَحْمَدُهُ بِمَحَامِدَ لَمْ يَحْمَدْهُ بِهَا أَحَدٌ كَانَ قَبْلِي وَلَا يَحْمَدُهُ بِهَا أَحَدٌ بَعْدِي

لە ڕۆژی قیامەت دێم بۆ لای دەرگای بەهەشت و بە دەرگاکوتە (تەقولباب) لە دەرگای بەهەشت دەدەم، دەگوترێت کێیە؟ دەڵێم  منم محمد، دەرگام لێ دەکرێتەوە، و یەکسەر خوداکەم دەبینم لەسەر کورسیەك یان قەڵەوێرەیەك، من یەکسەر کڕنۆشی بۆ دەکەم و پیایدا هەڵدەدەم بە شێوەیەك کە هیچ کەسێك نە لە پێشوو وە نە دواتر بەم شێوەی من پیای هەڵنەدابێت.

سێهەم:  لە صحیح البخاری و صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە،کە یاوەرەکان پرسیار لە محمد صلعم دەکەن:

هلْ نَرَى رَبَّنَا يومَ القِيَامَةِ؟ قالَ: هلْ تُمَارُونَ في القَمَرِ لَيْلَةَ البَدْرِ ليسَ دُونَهُ سَحَابٌ قالوا: لا يا رَسولَ اللَّهِ، قالَ: فَهلْ تُمَارُونَ في الشَّمْسِ ليسَ دُونَهَا سَحَابٌ قالوا: لَا، قالَ: فإنَّكُمْ تَرَوْنَهُ كَذلكَ

ئایا لە ڕۆژی قیامەت خوداکەمان دەبینین؟ گوتی لە شەوێکی ساماڵ کە هەور بوونی نەبێت ئایا هیچ ڕێگریەك دەبێت کە مانگ نەبینن؟ گوتیان نەخێر ئەی پێغەمبەری الله، گوتی ئەی لە ڕۆژێکدا کە هەور لە ئاسماندا نییە، هیچ ڕێگریەك

دەبێت کە خۆر نەبینن؟ گوتیان نەخێر ئەی پێغەمبەری الله، گوتی دە بەم شێوەیە خوداکەتان دەبینن.

چوارەم: الله پێچەکەی لادەبات بۆ ئەوەی پیاوانی ئیماندار بیبینن

لە صحیح مسلم فەرموودەیەك هاتووە محمد دەڵێت:

فَيَكْشِفُ الْحِجَابَ عَزَّ وَجَلَّ، فَيَنْظُرُونَ إِلَيْهِ، فَوَاللَّهِ مَا أَعْطَاهُمُ اللَّهُ شَيْئًا هُوَ أَحَبُّ إِلَيْهِمْ مِمَّا هُمْ فِيهِ

الله پێچەکەی لادەبات و ئیمانداران سەیری دەکەن، سوێند بە الله، الله هیچ شتێکی پێ نەبەخشیوون بە قەد ئەوە لایانەوە خۆشتر و خۆشەویستر بێت.

پێنجەم : کاتێك لەگەڵ الله دادەنیشن پێویستیتان بە وەرگێڕ نییە چونکە الله عەرەبی دەزانێت.

لە صحیح البخاری و صحیح الجامع (للالبانی) فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:

مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا سَيُكَلِّمُهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ تَرْجُمَانٌ

هیچ کامێکتان نییە کە الله قسەی لەگەڵدا نەکات، وە وەرگێڕ لە نێوان خۆی و اللەدا نییە.

شەشەم: لە سنن ابن ماجة و مسند البزار، فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

بَيْنَا أَهْلُ الْجَنَّةِ فِي نَعِيمِهِمْ إِذْ سَطَعَ لَهُمْ نُورٌ فَإِذَا الرَّبُّ جَلَّ جَلَالُهُ قَدْ أَشْرَفَ عَلَيْهِمْ، فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ، وَهُوَ قَوْلُهُ تَعَالَى: سَلامٌ قَوْلا مِنْ رَبٍّ رَحِيمٍ

کاتێك پیاوانی بەهەشت خەریکی خۆشیەکانیانن، لە کتوپڕێکدا ڕووناکیەك بەسەریاندا هەڵدەدات، دەبینن کە اللەیە و سەیریان دەکات و دەڵێت: سڵاوتان

لێبێت ئەی پیاوانی خەڵکانی بەهەشت، هەروەك الله له قورئاندا دەڵێت:
سڵاوێك له خودایەکی رەحیم.

حەوتەم: پیاوانی ئیماندار سەردانی الله دەکەن و قورئانیان بۆ دەخوێنێتەوە.

الترمذی و النسائی و ابن ماجة فەرموودەیەکیان گێڕاوەتەوە کە محمد گوتوویەتی:

إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ نَادَى مُنَادٍ إِنَّ لَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ مَوْعِدًا قَالُوا أَلَمْ يُبَيِّضْ وُجُوهَنَا وَيُنَجِّنَا مِنْ النَّارِ وَيُدْخِلْنَا الْجَنَّةَ قَالُوا بَلَى قَالَ فَيَنْكَشِفُ الْحِجَابُ

کاتێك پیاوانی بەهەشت دەچنە بەهەشتەوە بانگدەرێك بانگ دەکات: ئەی پیاوانی بەهەشت دیدارتان هەیە لەگەڵ الله بۆ ئەوەی پاداشتان بداتەوە، پیاوانی بەهەشت دەڵێن ئەی سیمای سپی نەکردین و لە ئاگر ڕازگاری نەکردین و ئێمەی نەهێنایە بەهەشتەوە، دەڵێن بەڵێ، یەکسەر الله پێچەکەی لادەبات و خۆی پێیان پیشان دەدات.

وە فەرموودەیەکی متواتر لە جامع الترمذی و سنن الدیلمي هاتووە کە محمد گوتوویەتی، الله قورئان بۆ پیاوانی بەهەشت دەخوێنێتەوە:

كَأَنَّ النَّاسَ لَمْ يَسْمَعُوا الْقُرْآن حِينَ يَتْلوهُ الله عَلَيْهِمْ فِي الجَنَّةِ

وەك ئەوەی کە خەڵك پێشووتر گوێیان لە قورئان نەبووبێت کاتێك الله بۆیان دەخوێنێتەوە.

هەشتەم: الذهبي لە سير اعلام النبلاء ( له ژياننامەی عائشة) دەڵێت:

وَأَمَّا رُؤْيَةُ اللَّهِ عَيَانًا فِي الْآخِرَةِ ، فَأَمْرٌ مُتَيَقَّنٌ تَوَاتَرَتْ بِهِ النُّصُوصُ

بەڵام بە چاو بینینی الله لە قیامەت، شتێکی یەقینە و دەقەکان متواترن.

وە لە سورەتەکانی پێشوو ئاماژەمان بە چەندەها فەرموودە کرد و سەلماندمان کە اللەی عەرەب و ئیسلام لاشە و ئەندامەکانی لەشی هەیە.

وە چەند دەقێکی قورئان هەیە کە دەڵێت پیاوانی ئیماندار لە بەهەشت الله دەبینن:

ئایەتی ٢٣ سوورەتی المطففین:

عَلَى الْأَرَائِكِ يَنظُرُونَ

(پیاوانی بەهەشتی) لە سەر قەنەفەن و سەیری (اللّه) دەکەن.

ابن کثیر دەڵێت، سەیری الله دەکەن.

ئایەتی ١٥ المطففین دەڵێت:

كَلَّا إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ

نەخێر کافرەکان لە ڕۆژی قیامەت بەربەست کراون لە بینی خوداکەیان.

وە ئایەتی ٢٣ سوورەتی القیامة دەڵێت:

إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ

پیاوانی بەهەشتی سەیری خوداکەیان دەکەن.

## ئایەتی ٢٩-٣٠

يَسْأَلُهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ

فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

هەموو ڕۆژێك، ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەوین، داوای شتێك لە ئەو (اللّه) دەکەن، دەسا مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

واتە ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەوین لە فریشتە  و مرۆڤ و جنۆکە و مخلوقاتەکانی تر ڕوو دەکەنە الله بۆ پێداویستیەکانیان.

وە الطبری ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات کە عبدالله بن الأزدي پرسیار لە محمد دەکات و دەڵێت:

عبد الله الأزدي قال: تلا رسول الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّم هذه الآية ( كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ ) فقلنا: يا رسول الله، وما ذلك الشأن؟ قال: يَغْفِرُ ذَنْبًا، ويُفَرّجُ كَرْبا، ويَرْفَعُ أقْوَاما، وَيَضَعُ آخَرِينَ

پێغەمبەری الله ئەم ئایەتەی خوێندەوە (هەموو ڕۆژێك ئەو لە  بابەتێکدایە) گوتمان: ئەی پێغەمبەری الله ئەو بابەتە چییە؟ گوتی، لە گوناه دەبوورێت و تەنگەژەیی کۆتایی پێ دەهێنێت و خەڵکانێك لادەبات و خەڵکانێکی تر لە شوێنیان دادەنێت.

وە الطبری لە جامع البیان و الرازی لە مفاتیح الغیب و الحاکم لە المستدرك علی الصحیحین، ئاماژە بە فەرموودەیەکی صحیحی ابن عباس دەکەن کە گوتوویەتی:

إِنَّ مِمَّا خَلَقَ اللَّهُ لَوْحًا مَحْفُوظًا مِنْ دُرَّةٍ بَيْضَاءَ دَفَّتَاهُ مِنْ يَاقُوتَةٍ حَمْرَاءَ ، قَلَمُهُ نُورٌ ، وَكِتَابُهُ نُورٌ يَنْظُرُ فِيهِ كُلَّ يَوْمٍ ثَلَاثَمِائَةً وَسِتِّينَ نَظْرَةً ، أَوْ مَرَّةً فَفِي كُلِّ مَرَّةٍ مِنْهَا يَخْلُقُ وَيَرْزُقُ ، وَيُحْيِي وَيُمِيتُ ، وَيُعِزُّ وَيُذِلُّ ، وَيَفْعَلُ مَا يَشَاءُ فَذَلِكَ قَوْلُهُ : ( كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ )

یەکێك لەو شتانەی کە الله درووستی کردن، تابلۆی پارێزراو بوو لە دوڕڕێکی سپی، دوو لایەکەی لە یاقوتێکی سوور بوو، پێنووسەکەی لە نوور بوو، وە نووسینەکەی لە نوور بوو، هەموو ڕۆژێك الله ٣٦٠ جار سەیری دەکات، وە هەموو جارێك کە سەیری دەکات، دروست دەکات و رزق دەدات، دەژیێنێت و دەمرێنێت، سەربەز دەکات و ڕیسوا دەکات، وە هەر شتێك خۆی بیەوێت دەیکات، وە ئەوە مانای ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت، ( هەموو ڕۆژێك ئەو لە بابەتێکە).

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت مقاتل گوتوویەتی، هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە ئەوە بوو کە یەهودیەکان دەیانگوت: اللە لە ڕۆژانی شەممە هیچ شتێك ناکات، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

## ئایەتی ٣١-٣٢

سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَا الثَّقَلانِ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

اللەی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەتە هەڕەشەیەکی سەیر دەکات و دەڵێت:

دەستم بۆتان بەتاڵ دەکەم ئەی جنۆکە و مرۆڤەکان، دەسا بە کامە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

( فرغ) واتە بەتاڵ یان دەستبەتاڵ.

( سَنَفْرُغُ) بۆ داهاتوو بەکاردێت واتە با دەستم بەتاڵ بێت و سەرقال نەبم.

وەك کورد گوتەنی: بۆم بوەستن و با لە ناو دوو نانی گەرم بێت.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{ سَنَفْرُغُ لَكُمْ } سنقصد لحسابكم { أَيُّهَ ٱلثَّقَلاَنِ } الإِنس والجنّ

{دەستمان بۆتان بەتاڵ دەکەین} لە داهاتوو سزاتان دەدەین { ئەی دوو ئێسک گرانەکە} مرۆڤ و جنۆکە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی، {سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَا ٱلثَّقَلاَنِ} ئەوە بەڵێن و پەیمانی اللەیە بۆ بەندەکانی، وە اللە سەرقال نییە و دەستی بەتاڵە.

# ئایەتی ٣٣-٣٦

يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالإِنسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ فَانفُذُوا لا تَنفُذُونَ إِلاَّ بِسُلْطَانٍ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلا تَنتَصِرَانِ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەڵێت: ئەی کۆمەڵی جنۆکە و مرۆڤ ئەگەر توانیتان لێوارەکانی ئاسمانەکان و زەوی ببڕن ، ئەوا ببڕن، ناتوانن ببڕن تەنها بە دەسەڵاتی الله نەبێت.

دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی الله نکۆڵی دەکەن؟

ئاگری بێ دووکەڵ و دوکەڵدار دەنێرێت بۆ سەرتان، وە ناتوانن سەربکەون.

دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

{ أن تَنْفُذوا } واتە دەربچن، دەگوترێت شتێك لە شتێك دەرچوو: ئەگەر لێی دەرباز بوو، وەك تیر کە لە کەوان دەردەچێت و {أَقْطَارِ}: واتە لێوار و لایەکان. وە ٣ بۆچوون هەیە سەبارەت بە ماناکەی:

یەکەم: ئەگەر توانیتان بزانن کە چی لە ئاسمانەکان و زەوییە ئەوا بزانن، (ابن عباس).

دووەم: ئەگەر توانیتان لە مەرگ ڕابکەن بە دەرچوون لە لێوارەکانی ئاسمانەکان و زەوی، ئەوا ڕابکەن و لێی دەرچن. وە مەبەست ئەوەیە کە لە هەرکوێیەك بن ئەوا مەرگ فریاتان دەکەوێت، (الضحاك و مقاتل).

سێهەم: ئەگەر توانیتان ئەوا لێوارەکانی ئاسمانەکان و زەوی ببەزێنن بۆ ئەوەی خوداکەتان نەتوانێت دەسەڵاتی بەسەرتاندا بڕوات، ئەوا بیبەزێنن، وە ئەم قسەیان پێ دەگوترێت لە ڕۆژی قیامەت (ابن جریر الطبری)

وە سەبارەت بە {لا تنفُذونَ إلاّ بسُلطانٍ- ناتوانن تەنها بە دەسەڵات نەبێت}، دەڵێت ٣ قەول هەیە:

یەکەم: ناتوانن ببڕن تەنها بە دەسەڵاتی الله و خاوەنداریەتیەکەی نەبێت چونکە هەر خۆی خاوەنی هەموو شتێکە، (ابن عباس).

دووەم: ناتوانن ببڕن تەنها بە  بەڵگە و بیانویەك نەبێت، (مجاهید).

سێهەم: ناتوانن ببیبڕن تەنها بە خاوەندارێتی نەبێت، وە ئێوە خاوەندارێتیتان نییە، (قتادة).

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ئەو شرۆڤەیەی کە من بە ڕاستی دەزانم ئەوەیە:

ئەی جنۆکە و مرۆڤ ناتوانن لێوارەکانی ئاسمانەکان و زەوی ببڕن تەنها بە بەڵگە و پاساو نەبێت، چونکە ئەوە مانای (السلطان)ە لە زمانی عەرەبدا، وە خاوەندارێتیش دەگرێتەوە چونکە خاوەندارێتی بەڵگەیە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

واتە: ئەی جنۆکە و مرۆڤ ناتوانن لە فەرمان و چارەنووسی الله ڕابکەن، چونکە دەورەی گرتوون، ناتوانن خۆتان ڕزگار بکەن لە حوکمەکەی، وە ناتوانن دەرچن لەو حوکمەی بەسەر ئێوەی داوە، بۆ هەر کوێیەك بچن دەورەی گرتوون، وە ئەوە ڕۆژی مەحشەرە، فریشتەکان نیگایان لەسەر مەخلوقاتەکانە، حەوت ڕیز لە فریشتە لە هەموو لایەك هەیە، وە هیچ کەسێك ناتوانێت بڕوات  (إلا بسلطان)، واتە: تەنها بە فەرمانی الله نەبێت، {قول الإنسان یومئذ أین المفر کلا لا وزر إلی ربك یومئذ المستقر- وە مرۆڤ لەم ڕۆژەدا دەڵێت بۆ کوێ ڕابکەن،

نەخێر پەناگە نییە، ئۆقرەگرتن تەنها بۆ لای خوداکەتە}، ( ئایەتی ١٠-١٢ سوورەتی القیامة).

الجلالین دەڵێن:

{ يَـٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُواْ- ئەی کۆمەڵی جنۆکە و مرۆڤ ئەگەر توانیتان ببڕن }، دەرچن {مِنْ أَقْطَارِ- لە لێوارەکانی}، لێوار {ٱلسَّمَـٰوَاتِ وَٱلأَرْضِ فَٱنفُذُواْ- ئاسمانەکان و زەوی ئەوا ببڕن}، ناتوانن {لاَ تَنفُذُونَ إِلاَّ بِسُلْطَـٰنٍ- وە ناتوانن ببڕن تەنها بە مۆڵەت نەبێت}، بە هێز نەبێت، وە ئێوە هێزتان نییە.

ئینجا ئایەتی ٣٥ پێمان دەڵێت کە بۆچی جنۆکە و مرۆڤ ناتوانن لێواری ئاسمانەکان و زەوی ببڕن، وە دەڵێت:

يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلا تَنتَصِرَانِ

گڕی ئاگری بێ دووکەڵ و دووکەڵدار دەنێرێتە سەرتان، وە ناتوانن سەربکەون

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله دەڵێت، (يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا- دەنێرێتە سەرتان) ئەی جنۆکە و مرۆڤ لە ڕۆژی قیامەت (شُوَاظٌ مِنْ نَارٍ- گڕێك لە ئاگری بێ دوکەڵ) واتە بلێسەی ئاگر کە دووکەڵی نییە، (وَنُحَاسٌ فَلا تَنْتَصِرَانِ)، وە دووکڵدار، وە ناتوانن سەربکەون.

اللەی عەرەب و ئیسلام تحدای جنۆکە و مرۆڤ دەکات، کە ناتوانن ئاسمانەکان ببڕن. بۆ؟ چونکە لە ڕوانگەی قورئان ئاسمان بنمیچ و سەقفە، وەك سەقفی خانوو.

لە ئایەتی ٣٢ سوورەتی الانبیاء دەڵێت:

وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا

وە ئاسمانمان کردووە بە بنمیچێکی پاریزراو.

وە ئایەتی ٢٨ سوورەتی النازعات دەڵێت:

رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا

وە  بنمیچی ئاسمانی بەرزکردەوە و ڕێکیخست.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، واتە بنمیچی ئاسمانی بەرزکردەوە لە هەوادا.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت،  أي جعلها عالیة البناء، واتە  بنمیچی ئاسمانی بڵند کردووە.

وە لە ئایەتی ٦ سوورەتی ق دەڵێت:

أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ

ئەی سەیری ئاسمانی سەرەوەی خۆیان نەکردووە کە چۆن بنیاتی کردووە و ڕازاندوویەتیەوە وە هیچ کونێکی تێدا نییە.

وە لە ئایەتی ٣ سوورەتی الملك دەڵێت:

الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًاۖمَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَـٰنِ مِن تَفَاوُتٍۖفَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ

الله حەوت ئاسمانەکەی بە چین لەسەر چین دروستکردووە، وە لە دروستکردنی الرحمن (الله) هیچ نارێکو پێکیەك نابینرێت، دە چاو پیایدا بگێڕەوە، ئایا هیچ درزێك دەبینیت؟

وە لە ئایەتی ٦٥ سوورەتی الحج دەڵێت:

وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِۗإِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ

وە ئاسمانی گرتووە کە نەکەوێتە سەر زەوی تەنها بە مۆڵەتی خۆی نەبێت، لە ڕاستیدا الله بۆ خەڵك بە دڵنیاییەوە بەخشندە و میهرەبانە.

خەیاڵ بکەن بنمیچی ئاسمان بکەوێتە سەر زەوی، هەر دەپلیقێینەوە، ئەری وەڵاهی وە بیلاهی وەتیلاهی بەخشندە و میهرەبانە.

بەڵام ئاسمان ٨ دەرگای هەیە کە لە لایەن پاسەوانەکانی ئاسمانەوە پارێزراون.

(وەك لە فەرموودە و ڕیوایەتەکانی میعراج هاتووە، وە لە سوورەتەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکرد).

وە لە ئایەتی ٤٠ سوورەتی الاعراف هاتووە:

إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ

ئەوانەی نکۆڵیان لە ئایەتەکانمان کرد و خۆبەزلزان بوون لە بەرامبەریدا، ئەوا دەرگاکانی ئاسمانیان لێ ناکرێتەوە تاوەکو وشتر بە کونە دەرزی تێپەڕ دەبێت.

هەر لەبەر ئەوە موسڵمانان ئینکاری ئەوە دەکەن، کە مرۆڤ گەشتی ئاسمانی کردبێت و بیکات.

وە یان دەڵێن چونکە محمد بە کەری باڵدار (بوراق) بۆ ئاسمانەکان فڕیوە لە ئاست قودس، ئەوا هەموو موشەکێك و مانگێکی دەستکرد کە دەچێت بۆ ئاسمانەکان ئەوا دەبێت بەو کونەی ئاسمان تێپەڕ بێت کە لە ئاستی قودسە.

وە ئەوانە لە ڕێگای ئەو قسەیان بۆمان ئەو دەقانەی قورئان دەسەلمێنن کە ئاسمان قوبەیە بەسەر زەویدا.

## ئایەتی ٣٧-٤٠

فَإِذَا انشَقَّتِ السَّمَاء فَكَانَتْ وَرْدَةً كَالدِّهَانِ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

فَيَوْمَئِذٍ لّا يُسْأَلُ عَن ذَنبِهِ إِنسٌ وَلا جَانٌّ

فَبِأَيِّ آلاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

اللەی عەرەب و ئیسلام ئاماژە بە ڕۆژی قیامەت دەكات و دەڵێت:

جا هەر كاتێك ئاسمان قڵیشی برد، ئەوا پەمەیی دەبێت وەك ڕۆن.

دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆكەكان بە كامە لە چاكەكانی خوداكەتان نكۆڵی دەكەن؟

لەو ڕۆژەدا نە مرۆڤ وە نە جنۆكە پرسیاری لێ ناكرێت سەبارەت بە گوناهەكانی.

دەسا مرۆڤ و جنۆكەكان بە كامە لە چاكەكانی خوداكەتان نكۆڵی دەكەن؟

اللەی عەرەب و ئیسلام یان انفصام الشخصی (سكیزۆفرینیای) هەیە، وە یان زەهایمەری. چونكە لە هەندێک دەقی قورئاندا دەڵیت كافرەكان پرسیاریان لێدەكریت، وە لە هەندێک دەقی قورئاندا پرسیاریان لێ ناكرێت.

لێرەدا ئاماژە بە چەند ئایەتێک دەكەین:

ئایەتی ٩٢-٩٣ سوورەتی الحجر دەڵێت:

فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ، عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ

وە سوێند بە خوداكەت بە دڵنیاییەوە لە گشتیان پرسیار دەكەین، سەبارەت بەو كارانەی دەیانكرد.

وە ئایەتی ٩٣ سوورەتی النحل دەڵێت:

وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ

وە بە دڵنیاییەوە پرسیاریان لێ دەكرێت سەبارەت بەو كارانەی دەیانكرد.

بەڵام ئایەتی ١٣٤ و ١٤٥ سوورەتی البقرة دەڵێن:

وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ

وە پرسیاریان لێ ناكرێت سەبارەت بەوەی دەیانكرد.

ئایەتی ٧٨ سوورەتی القصص دەڵێت:

وَلَا يُسْأَلُ عَنْ ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ

وە پرسیار لە تاوانبارەکان ناکرێت سەبارەت بە گوناهەکانیان.

ئێستا نەمانزانی لە ڕۆژی قیامەت  پرسیار لە کافرەکان ئەکرێت یان ناکرێت؟

## ئایەتی ٤١-٤٥

يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَاهُمْ فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَاصِي وَالأَقْدَامِ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا الْمُجْرِمُونَ

يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەڵێت: لە ڕۆژی قیامەت تاوانباران بە سیماکانیان دەناسرێنەوە، بە قاقۆل و پێکانیان دەگیرێن، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟ ئەمە ئەو دۆزەخەیە کە تاوانبارەکان نکۆڵیان لێی دەکرد، لە نێوان  دۆزەخ  و نێوان ئاوی گەرم دەسوڕێنەوە، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

بە ڕاستی نووسەری قورئان هونەربازێکی لێهاتوو بووە لە ئازار و ئەشکەنجەی دۆزەخ.

{يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَاهُمْ- تاوانبارەکان بە سیماکانیان دەناسرێنەوە} چونکە سیماکانیان ڕەش دەبێت، وەك ئایەتی ١٠٦ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ

له ڕۆژی قیامەت هەندێك سیما (ئیمانداران) سپی دەبن و هەندێك سیما (کافرەکان) ڕەش دەبن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: فریشتەکان تاوانبارەکان بە نیشانەکانیان و سیماکانیان دەناسنەوە، چونکە اللە سیمایان ڕەش دەکات و چاوەکانیان شین دەکات.

{فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَاصِي وَالأَقْدَامِ- بە قاقۆل و قاچەکانیان دەگیرێن}.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران و الطبری لە جامع البیان دەڵێن، فریشتەکان کافرەکان بە قاقۆل و پێکانیان دەگرن و فڕێیان دەدەنە دۆزەخەوە.

وە سەبارەت بە ئایەتی (يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ- لە نێوان دۆزەخ و ئاوی گەرم دەخولێنەوە).

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: اللە دەڵێت، ئەو تاوانبارانە لە دۆزەخدا لە نێوان چینەکانی دۆزەخدا دەسوڕێنەوە (وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ) وە لە نیوان ئاوێك کە دەستبەجێ و تازە زۆر گەرمکراوە و کوڵاوە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

{وبين حميمٍ آنٍ} ابن قتيبة گوتوویەتی (الحميم) ئاوی گەرم، (الآني) ئەو ئاوەیە کە لە گەرمیدا گەیشتۆتە لوتکە. شرۆڤەکاران گوتوویانە: ماناکەی واتە دۆزەخیەکان لە نیوان ئەشکەنجەی دۆزەخ و ئاوی زۆر گەرم دەخولێنەوە، ئەگەر هاواریان کرد لە دەست ئاگر ئەوا بە ئاوی زۆر گەرم کە بە سەریاندا دەکرێت فریایان دەکەون.

السیوطی لە الدر المنثور دەلێت، ابْنُ مَرْدُوَيْهِ وَالضِّيَاءُ الْمَقْدِسِيُّ لە پەرتووکی "صِفَةِ النَّارِ" ،ئاماژەیان بە فەرموودەیەکی محمد صلعم کردووە کە گوتوویەتی:

وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ خُلِقَتْ مَلَائِكَةُ جَهَنَّمَ قَبْلَ أَنْ تُخْلَقَ جَهَنَّمُ بِأَلْفِ عَامٍ فَهُمْ كُلَّ يَوْمٍ يَزْدَادُونَ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِهِمْ حَتَّى يَقْبِضُوا عَلَى مَنْ قَبَضُوا بِالنَّوَاصِي وَالْأَقْدَامِ

سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، فریشتەکانی دۆزەخ دروستکراون بەر لە دروستکردنی دۆزەخ بە هەزار ساڵ، وە لە هەموو ڕۆژێکدا هێزیان زیاتر و زیاتر دەبێت، تاوەکو لە ڕۆژی قیامەت قاقۆڵ و پێکانی کەسانێك دەگرن کە دەیگرن.

# ئایەتی ٤٦-٧٧

لەم ٣٢ ئایەتەدا اللّٰهی عەرەب و ئیسلام باس لەو خۆشی و نیعمەتانە دەکات کە دەیدات بە پیاوانی ئیماندار.

# ئایەتی ٤٦-٤٨

وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

ذَوَاتَا أَفْنَانٍ

دەڵێت: وە بۆ ئەوەی لە پایەی خوداکەی دەترسێت دوو باخ هەیە، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟ درەختەکانی ئەم دوو باخە لقوپۆپدار و ڕەنگاوڕەنگن.

ابن الجوزی سەبارەت بە { ذَوَاتَ أَفْنَانٍ} دەڵێت، دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: لقوپۆپداری درێژ.

دووەم: ڕەنگاوڕەنگ.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت:

ابْنُ أَبِي شَيْبَةَ ، وَأَحْمَدُ ، وَابْنُ مَنِيعٍ، وَالْحَكِيمُ التِّرْمِذِيُّ لە «نَوَادِرِ الْأُصُولِ» وَالنَّسَائِيُّ ، وَالْبَزَّارُ ، وَأَبُو يُعْلَى، وَابْنُ جَرِيرٍ ، وَابْنُ الْمُنْذِرِ ، وَابْنُ أَبِي حَاتِمٍ ، وَالطَّبَرَانِيُّ ، وَابْنُ مَرْدُويَهْ، ڕیوایەتیکیان ئاماژە پێکردووە کە أَبِي الدَّرْدَاءِ گوتوویەتی: پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە، { وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ- وە بۆ ئەوەی

له پایەی خوداکەی بترسێت دوو باخ هەیە}، گوتم، وە ئەگەر زیناش بکات و دزیش بکات ئەی پێغەمبەری الله؟ پێغەمبەر بۆ جاری دووەم ئایەتەکەی خوێندەوە. گوتم وە ئەگەر زیناش بکات و دزیش بکات ئەی پێغەمبەری الله؟ پێغەمبەر بۆ جاری سێهەم ئایەتەکەی خوێندەوە. گوتم وە ئەگەر زیناش بکات و دزیش بکات؟ گوتی بەڵێ بە ناچاری لوتی ابي الدرداء.

بەهەشت مسۆگەرە مادام گوتبێتت، اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمد رسول الله. جا گرنگ نییە چی دەکەیت.

وە السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت

الطَّيَالِسِيُّ ، وَابْنُ أَبِي شَيْبَةَ وَ أَحْمَدُ ، وَالْبُخَارِيُّ ، وَمُسْلِمٌ ، وَالتِّرْمِذِيُّ ، وَالنَّسَائِيُّ، وَابْنُ مَاجَهْ، وَابْنُ الْمُنْذِرِ ، وَابْنُ أَبِي حَاتِمٍ ، وَابْنُ مَرْدُوَيْهْ ، وَالْبَيْهَقِيُّ لە «الْبَعْثِ» ڕیوایەتێکیان گێڕاوەتەوە، کە أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ گوتوویەتی، پێغەمبەری الله گوتی باخەکانی فیردەوس چوارن: دوو باخیان خشڵ و قاپوقاچاغ و پەرداخەکانی و ئەوەی تێیدایە لە زێڕە، وە دوو باخیان، خشڵ و قاپوقاچاخ و پەرداخەکانی و ئەوەی تێیدایە لە زیوە، وە ئەوەی لە نێوان خەڵکەکەی و لە نیوان اللەیە تەنها پۆشاکی کبریایە لە سەر سیمای الله لە بەهەشی عەدن.

## ئایەتی ٤٩-٥١

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ، فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن، لەم دوو باخە دوو کانیاو هەن ئاویان لەبەر دەڕوات، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر و القرطبی لە لاجامع الاحکام القران دەڵێن، ابن عباس گوتوویەتی کانیاوێك ناوی السلسبیلە، وە کانیاوێك ناوی التسنیمە.

# ئایەتی ٥٢-٥٣

فِيهِمَا مِن كُلِّ فَاكِهَةٍ زَوْجَانِ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەڵێت: لەم دوو باخە لە هەموو میوەیێك جووتێك هەیە، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە (زَوْجَانِ- جووتێك) دەڵێت، شرۆڤەکاران دەڵێن، واتە میوەی وشك و میوەی تەڕ.

# ئایەتی ٥٤-٥٥

مُتَّكِئِينَ عَلَى فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ وَجَنَى الْجَنَّتَيْنِ دَانٍ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

پیاوان پاڵیانداوەتەوە لەسەر ڕاخەرێک کە سەرچەفەکەی لە ئیستەبرەقە، وە لقوپۆپی درەختەکان شۆڕبوونەتەوە، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

لە ٣ دەقی تری قورئان وشەی {إِسْتَبْرَقٍ} هاتووە:

وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ، (ئایەتی ٣١ سوورەتی الكهف).

وە پیاوانی بەهەشت جلێکی سەوز لە سوندوس و ئیستەبرەق لەبەر دەکەن.

يَلْبَسُونَ مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ، (ئایەتی ٥٣ سوورەتی الدخان).

پیاوانی بەهەشت لە سوندوس ئیستەبرەق.

عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُنْدُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ، (ئایەتی ٢١ سوورەتی الانسان).

لەبەریانە جلێکی سوندوسی سەوز و ئیستەبرەق.

واتە (إِسْتَبْرَقٍ) وەك پۆشاك و جلوبەرگ پیاوانی بەهەشت لەبەری دەکەن، وە وەك چەرچەف  لە سەر ڕاخەر دانراوە.

الزركشي لە البرهان في علوم القرآن و السيوطي لە الاتقان في علوم القران دەڵێن:

الإِسْتَبْرَق، وشەیەکی فارسیە و بە مانای ئەستوور دێت.

ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت:

إسْتَبْرَق: بریتیە لە ئاورشمێکی نایابی ئەستوور، ئەسلی وشەکە اعجمی فارسیە.

ابن الجوزي لە المنتظم في تأريخ الملوك و الامم  لە بابەتی ابو الحسين الراوندي الملحد الزنديق – کە لە سەدەی سێهەمی کۆچی ژیاوە و چەندەها پەرتووکی ڕەخنەگرانەی لەسەر ئیسلام و قورئان نوسیووە- ئاماژە بە ڕەخنەکانی ابن الراوندي دەکات، کە لە قورئانی گرتووە و دەڵێت:

سوندوس ڕادەخرێت و لەبەر ناکرێت، وە هەروەها ئیستەبرەقی ئەستوورو دڕە، وە هەر کەسێك خەیاڵ بکات کە لە بەهەشت ئەم جلە ئەستورو دڕە لەبەر دەکات و شیر و زەنجەبیل دەخواتەوە ئەوا وەك زاوای کوردەکان و نەبەتیەکانی لێ دێت.

اللهی عەرەب و ئیسلام نەیزانیووە کە "استبرق" و "سندس" ڕاخەرن و ئەستوورن و لەبەر ناکرێن. "سوندوس" بەرماڵ و مافوور و ڕاخەرە. وە "استبرق" ئەستوور و دڕە.

وە قورئان لە ئایەتی ٥٤  الرحمن دەڵێت "استبرق" ڕادەخرێت، بەڵام لە ٣ دەقەکەی تردا دەڵێت پیاوانی بەهەشت لەبەری دەکەن.

الطبري لە جامع البيان دەڵێت:

{عَلَى فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ وَجَنَى الْجَنَّتَيْنِ}، يَقُولُ - تَعَالَى ذِكْرُهُ : بَطَائِنُ هَذِهِ الْفُرُشِ مِنْ غَلِيظِ الدِّيبَاجِ ، وَالْإِسْتَبْرَقُ عِنْدَ الْعَرَبِ : مَا غَلُظَ مِنَ الدِّيبَاجِ وَخَشُنَ

الله لەم ئایەتە دەڵێت: سەرچەفی ئەو ڕاخەرانە ئەستوورن، وە "الْإِسْتَبْرَقُ" لای عەرەب واتە هەر پۆشاکێك کە ئەستوور و دڕ بوو.

وە سەبارەت بە { وَجَنَى الْجَنَّتَيْنِ دَانٍ} دەڵێت، محمد لە فەرموودەیەکدا گوتوویەتی:

وَالَّذي نَفسي بيَدِهِ، لا يَقْطَعُ رَجُلٌ ثَمَرة مِنَ الجَنَّةِ، فَتَصِلُ إلى فِيهِ حتى يُبَدّلَ الله مَكانَها خَيْرا منْها

سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ، هیچ پیاوێك لە بەهەشتدا میوەیەك لێ ناکاتەوە، بەڵکو دەگاتە دەمیەوە، وە الله یەکسەر لە شوێنی ئەوەی کە دەیخوات دانەیەکی باشتر دادەنێت.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت "الاستبرق" هەر شتێك لە پۆشاك کە دڕ و ئەستوور بێت.

## ئایەتی ٥٦-٥٩

فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەڵێت: لەم دوو باخەدا، حۆرریەیان تیایە کە کورت بینن (تەنها پیاوەکانیان دەبینن)، وە پێشووتر نە لە لایەن مرۆڤەوە وە نە لەلایەن جنۆکەوە نەگاینراون، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟ وە

ئەم  حۆريانە وەك ياقووت و مەرجانن، دەسا بە كامە لە چاكەكانی خوداكەتان نكۆڵی دەكەن؟

ابن منظور لە لسان العرب سەبارەت بە وشەی "طمث" دەڵێت:

الْأَصْلُ الْحَيْضُ، ثُمَّ جُعِلَ لِلنِّكَاحِ، وَقَوْلُهُ تَعَالَى: لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ وَقَالَ ثَعْلَبٌ: مَعْنَاهُ لَمْ يَنْكِحْ

وَقَالَ الْفَرَّاءُ: الطَّمْثُ الِاقْتِضَاضُ، وَهُوَ النِّكَاحُ بِالتَّدْمِيَةِ
أَبُو الْهَيْثَمِ: طُمِثَتْ تُطْمَثُ أَيْ أُدْمِيَتْ بِالِاقْتِضَاضِ
واتە: ماناكەی لە ئەسڵدا واتە خوێنی سوورِی مانگانە، ئینجا دواتر بۆ گان بەكارهاتووە، وەك اللّٰه دەڵێت: نە مرۆڤ وە نە جنۆكە كچەكانیان نەگاوە
ثعلب گوتوویەتی: ماناكەی واتە نەگاینراوە.
الفراء گوتوویەتی: "الطمث"، واتە دڕاندنی پەردە، واتە خوێن لە نێوگەڵهێنان  لە ڕێگای گانكردن.
ابو الهيثم گوتوویەتی: خوێن لێهێنان بە دڕاندنی پەردەی كچێنی.
القرطبی لە الجامع لاحكام لاقران دەڵێت:
{لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ} أَيْ لَمْ يُصِبْهُنَّ بِالْجِمَاعِ قَبْلَ أَزْوَاجِهِنَّ هَؤُلَاءِ أَحَدٌ
واتە هیچ كەسێك پێش پیاوەكانیان لەگەڵیاندا جووت نەبوون.
وە دەڵێت:
فِي هَذِهِ الْآيَةِ دَلِيلٌ عَلَى أَنَّ الْجِنَّ تَغْشَى كَالْإِنْسِ، وَتَدْخُلُ الْجَنَّةَ وَيَكُونُ لَهُمْ فِيهَا جِنِّيَّاتٌ
وە لەم ئایەتە بەڵگە هەیە كە جنۆكەكان وەك مرۆڤ گان دەكەن، وە دەچنە بەهەشتەوە حۆریەی جنۆكەیان پێ دەدرێت.
وە دەڵێت:
يُعْلِمُكَ أَنَّ نِسَاءَ الْآدَمِيَّاتِ قَدْ يَطْمِثُهُنَّ الْجَانُّ
ئەم ئایەتە پێت دەڵێت، كە جنۆكە دەتوانن ژنانی مرۆڤ بگێن.
وە دەڵێت مجاهد گوتوویەتی:

إِذَا جَامَعَ الرَّجُلُ وَلَمْ يُسَمِّ انْطَوَى الْجَانُّ عَلَى إِحْلِيلِهِ فَجَامَعَ مَعَهُ
ئەگەر پیاو لەگەڵ ژنەکەی جووت بوو، وە ناوی اللّٰەی لێ نەهێنا ئەوا جنۆکە خۆی لە چووکی پیاوەکە لوول دەدات و لەگەڵ ژنەکە جووت دەبێت.
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
مەبەست لە (طمث) لەم ئایەتەدا ئەوەیە کە پێشووتر مرۆڤ و جنۆکە لەگەڵ حۆریەکان جووت نەبوون.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
(لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ) واتە بەڵکو ئەوانە پاکیزە و "عوروب' و هاوتەمەنن، هیچ کەسێك بەر لە پیاوەکانیان نەیانگاون، وە ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە جنۆکەی ئیماندار دەچنە بەهەشتەوە.
وە الطبری و ابن کثیر دەڵێن:
أرطاة بن المنذر گوتوویەتی، پرسیارم لە ضَمْرة بن حبیب کرد: ئایا جنۆکەکان پاداشتیان دەبێت؟ گوتی بەڵێ، وە ئەم ئایەتەی خوێندەوە ( لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنْسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ ) حۆریەی مرۆڤ بۆ پیاوانی مرۆڤ و حۆریەی جنۆکە بۆ پیاوانی جنۆکە.
وە سەبارەت بە وەسفی حۆریەکان و کچانی بەهەشت سەدەها فەرمووده هەیە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:
لە مسند احمد فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:
نِسَاءُ أَهْلِ الْجَنَّةِ يُرَى مُخُّ سُوقِهِنَّ مِنْ وَرَاءِ اللَّحْمِ
مۆخی ئیسکی ژنانی بەهەشت لەسەر گۆشت دەبینرێت.
وە لە صحیح البخاری فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:
لا يَبْصُقُونَ فِيهَا وَلَا يَمْتَخِطُونَ وَلَا يَتَغَوَّطُونَ، يُرَى مُخُّ سُوقِهِمَا مِنْ وَرَاءِ اللَّحْمِ
ژنانی بەهەشت نە تفیان هەیە، نە بەڵغەمیان هەیە، وە نە پیساییان هەیە، وە لە سەر گۆشت مۆخی ئێسکیان دەبینرێت.
لە صحیح مسلم هەمان فەرموودەکەی البخاری هاتووە بە زیادەیەك کە دەڵێت: میزکردنیش لە بەهەشت نییە.

وه له صحيح ابن حبان و مسند احمد (اسناده حسن بتحقيق شعيب الارناؤوط) فەرموودەیەك هاتووه كه یاوەرەكان سەبارەت بە بەهەشت پرسیار له محمد دەكەن و دەڵێن:

أَنَطَأُ فِي الْجَنَّةِ؟ قَالَ: نَعَمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، دَحْمًا دَحْمًا، فَإِذَا قَامَ عَنْهَا رَجَعَتْ مُطَهَّرَةً بكرا

ئایا له بەهەشت گان دەكەین؟ گوتی سوێند بەوەی گیانی منی بەدەسته دەكوتیت دەكوتیت، كاتێك لێی هەڵسایتەوە ئەوا دەبێتە به پەردەدار (پاكیزه).

وه فەرموودەیەك له المعجم الكبير للطبرانی و صفة الجنة لابي نعيم و البعث و النشور للبيهقی هاتووه، یاوەرەكان پرسیار له محمد دەكەن و دەڵێن:

أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمْ، سُئِلَ أَيُجَامِعُ أَهْلُ الْجَنَّةِ ؟ قَالَ: دَحَامًا دَحَامًا، وَلَكِنْ لَا مَنِيَّ، وَلَا مَنِيَّةَ

پیغەمبەر پرسیاری لێكرا: ئایا پیاوانی بەهەشت جووت دەبن؟ گوتی دەكوتیت دەكوتیت، بەڵام نه پیاو وه نه ژن تۆواویان هەیه.

وه فەرموودەیەك له صفة الجنة لابي نعيم و المعجم الكبير للطبرانی هاتووه كه یاوەرەكان پرسیار له محمد دەكەن و دەڵێن:

يَتَنَاكَحُ أَهْلُ الْجَنَّةِ؟ فَقَالَ: نَعَمْ، بِذَكَرٍ لَا يَمَلُّ، وَشَهْوَةٍ لَا تَنْقَطِعُ دَحْمًا دَحْمًا

ئایا خەڵكی بەهەشت گان دەكەن؟ گوتی بەڵێ به چووكێك كه خاو نابێتەوه، وه شەهوەتێك هەرگیز نابڕێت، دەكوتیت و دەكوتیت.

وه له سنن ابن ماجة فەرموودەیەك هاتووه محمد دەڵێت:

وَلَهَا قُبُلٌ شَهِيٌّ وَلَهُ ذَكَرٌ لَا يَنْثَنِي

وه ژنان قوزێكی خۆشیان دەبێت و پیاوانیش كێرێكیان دەبێت خاو نابێتەوه و ناچەمێتەوه.

له السلسلة الصحيحة للالبانی، فەرموودەیەك هاتووه یاوەرەكان پرسیار له محمد دەكەن و دەڵێن، ئایا لەگەڵ ژنەكانمان جووت دەبین؟ محمد له وەڵامدا دەڵێت:

نعم والذي بعثني بالحق، بذكر لايمل، وفرج لايحفى، وشهوة لاتنقطع

بەڵێ وە سوێند بەوەی کە منی بە هەق ناردووە، بە چووکێك کە خاو نابێتەوە وە نێوگەڵێك کە بێگان نابێت، وە شەهوەتێك کە نابڕێت.

## ئایەتی ٦٠-٦١

هَلْ جَزَاء الْإِحْسَانِ إِلاَّ الْإِحْسَانُ
فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەڵێت ئەی پاداشتی چاکە مەگەر هەر چاکە نییە، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

## ئایەتی ٦٢-٦٥

وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ
فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ
مُدْهَامَّتَانِ
فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەڵێت: وە لە خوارەوەی دوو باخەکە، دوو باخی تر هەن، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن، (درەختەکانی) سەوزێکی تۆخن، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بەکامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەم دوو باخە لە خوارەوەی دوانەکەی ترن لە پلە و فەزیلەت و پایە

وە دەڵێت، ابو موسی گوتوویەتی دوو دانەکەی یەکەم بۆ ئەوانەن کە لە اللە نزیکن، بەڵام ئەم دوو دانەیە ئەوا بۆ "اصحاب الیمین" واتە یاوەرانی دەستە ڕاستن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

چوار باخەکە بۆکەسانێکن کە لە پایەی خوداکەیان دەترسن، بەڵام ئەوانەی دەترسن پلەیان جیاوازە، دوو باخەکەی یەکەم بۆکەسانێکن کە پلەیەکی باڵاتریان هەیە لە  ترسیان لە اللە، وە دوو باخەکەی تر بۆکەسانێکە کە کەمتەرخەم بوون لە ترسانیان لە اللە.

{مُدْهامَّتانِ} واتە درەختەکانی ئەم دوو باخە سەوزێکی تۆخن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی، سەوزیەکەیان بە ڕادەیەك تۆخە کە لە ڕەش دەکات.

نوکتەیەکی خۆش سەبارەت بە {مُدْهامَّتانِ}

امام الغزالی لە پەرتووکی المنخول دەڵێت: امام ابو حنیفة النعمان گوتوویەتی:

ئەگەر موسڵمانێك خۆی لە گۆماوێك شراب نوقم بکات، ئینجا پێستی سەگ بپۆشێت و دەستنوێژ نەشوات، وە بە زمانی تورکی یان هیندی تکبیر بکات، و نوێژ بکات، وە لە کاتی نوێژکردن تەنها بڵی{مُدْهامَّتانِ}، ئینجا نە رکوع بکات، وە نە دانیشتن لە کاتی نوێژکردن تەنها دوو جار ملی بلەقێنێت، وە شایەتومان نەخوێنێتەوە، وە لە کۆتایی نوێژەکەی لە جیاتی تسلیم ترێك لێبدات ئەوا نوێژەکەی قبوڵە.

## ئایەتی ٦٦-٦٩

فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

فِيهِمَا فَاكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەڵێت: ئەو دوو باخە دوو کانیاویان تێدایە کە ئاوەکەیان هەڵدەقوڵێت، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بەکامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟ وە میوە و دارخورما و هەناریان تێدایە، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

{نضّاختان}، واته هەڵدەقوڵێن وەك نافورە، وە چوار وتەوت هەیە سەبارەت بەم شتەی کە هەڵیدەقوڵێن:

یەکەم: مسك و کافوور، (ابن مسعود).

دووەم: ئاو، (ابن عباس).

سێهەم: خێرو بەرەکەت، (الحسن).

چوارەم: میوەی جۆراو جۆر، (سعید بن جبیر).

تکبیر الله اکبر، نافوورە میوەی جۆراوجۆر فڕێ دەدات.

# ئایەتی ٧٠-٧٤

فِيهِنَّ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ، حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ، لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلا جَانٌّ

دەڵێت ئەم دوو باخەی خوارەوە حۆریەی چاك و قەشەنگیان تێدایە، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟
حۆریەکان لە ڕەشماڵەکان قەتیس کراون (بۆیان نییە بێنە دەرەوە)، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟ کە پێشووتر نە لە لایەن مرۆڤەوە وە نە لا لایەن جنۆکە نەگاینراون.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، لە ڕیوایەتێك هاتووە کە دەڵێت:

إِنَّ الْحُورَ الْعِينَ يَأْخُذُ بَعْضُهُنَّ بِأَيْدِي بَعْضٍ وَيَتَغَنَّيْنَ بِأَصْوَاتٍ لَمْ تَسْمَعِ الْخَلَائِقُ بِأَحْسَنَ مِنْهَا وَلَا بِمِثْلِهَا :

نَحْنُ الرَّاضِيَاتِ فَلَا نَسْخَطُ أَبَدًا  وَنَحْنُ الْمُقِيمَاتُ فَلَا نَظْعَنُ أَبَدًا

وَنَحْنُ الْخَالِدَاتُ فَلَا نَمُوتُ أَبَدًا وَنَحْنُ النَّاعِمَاتُ فَلَا نَبْؤُسُ أَبَدًا

وَنَحْنُ خَيْرَاتٌ حِسَانٌ حَبِيبَاتٌ لِأَزْوَاجٍ كِرَامٍ

حۆریەکان دەستی یەکدەگرن، وە بە دەنگێك گۆرانی دەڵێن کە هەرگیز هیچ کەسێك گوێی لە دەنگی لەم چەشنە نەبووە وە دەڵێن:

ئێمە رازین و هەرگیز توندوتیژ نابین، ئێمە نیشتەجێین و هەرگیز ون نابین.

وە ئێمە نەمرین و هەرگیز نامرین، وە ئێمە نەرمین هەرگیز مرۆمۆچ نابین.

ئێمە چاکەکەرانی قەشەنگین خۆشەویستین بۆ پیاوانێکی رێزدار.

## ئایەتی ٧٥-٧٧

فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ، مُتَّكِئِينَ عَلَى رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ، فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ

دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکەکان بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟ پشتان داوەتەوە لەسەر سەرینی سەوز و ڕاخەری نایاب، دەسا ئەی مرۆڤ و جنۆکە بە کامە لە چاکەکانی خوداکەتان نکۆڵی دەکەن؟

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن

{مُتَّكِئِينَ} واتە پیاوەکان پشتیان داوە {عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ} بە سەر سەرینی سەوز {وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ} ڕاخەری نایاب.

## ئایەتی ٧٨

تَبَارَكَ اسْمُ رَبِّكَ ذِي الْجَلالِ وَالإِكْرَامِ

بە بەرەکەتە ناوی خودا کە خاوەن شکۆ و هەرە بەرێزەکەت.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٤١)

# سوورەتی الجن (جنۆكە)

**١-قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا**

بڵێ وەحیم بۆ هاتووە كە لە ڕاستیدا چەند نەفەرێك لە جنۆكە گوێیان گرت، ئەوەبوو گوتیان لە ڕاستیدا قورئانێكی سەیرمان بیست.

**٢-يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا**

بۆ ڕێگای ڕاست ئاراستە دەكات و ئێمە بڕوامان پێی هێنا، وە هەرگیز بە هیچ كەسێك شرك بە خوداكەمان ناكەین.

**٣-وَأَنَّهُ تَعَالَى جَدُّ رَبِّنَا مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلا وَلَدًا**

وە ئەو بەرزە باپیرەی خودامانە، نە ژن وە نە كوڕی بەخۆوە گرتووە.

**٤-وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى اللَّهِ شَطَطًا**

وە هیچ و پووچەكەمان درۆ بۆ الله هەڵدەبەستێت.

**٥-وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن تَقُولَ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا**

وە لە ڕاستیدا ئێمە پێمان وابوو كە مرۆڤ و جنۆكە هەرگیز لەسەر الله قسەی درۆ ناكەن.

**٦-وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا**

وە پیاوانێك لە مرۆڤ پشتیان دەبەست بە پیاوانێك لە جنۆكە، سەركێشیان زیاتر دەكردن.

**٧-وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَبْعَثَ اللَّهُ أَحَدًا**

وە ئەوان پێیان وابوو هەروەك ئێوەش پێتان وابوو کە هەرگیز اللە هیچ کەسێك نانێرێت .

**٨-وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاء فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا**

وە لە ڕاستیدا ئێمە دەستمان لە ئاسمانی دونیا دا، وە بینیمان پڕ بووە لە پاسەوانی توندوتۆڵ و تۆپەڵەی ئاگر.

**٩-وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا**

وە لە ڕاستیدا ئێمە لە جێیەکی دانیشتن بۆخۆمان دادەنیشتین بۆ گوێگرتن، بەڵام هەر کەسێك ئێستا گوێبگرێت ئەوا دەبینێت بە تۆپەڵەی ئاگر بەرپەرچی دەدرێتەوە.

**١٠-وَأَنَّا لا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا**

وە لە ڕاستیدا ئێمە نازانین، ئایا دەیەوێت خراپەکاری بەسەر ئەوانە بێنێت کە لە زەویدان، یان خوداکەیان ویستویەتی ڕاستەڕێیان نیشان بدات.

**١١-وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَلِكَ كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا**

وە ئێمە هەمانە ئاکارچاکن وە هەمانە وانییە، وە ڕێگا و ڕێبازی جیاجیامان هەبوو.

**١٢-وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن نُّعْجِزَ اللَّهَ فِي الْأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُ هَرَبًا**

وە لە ڕاستیدا پێمان وابووە، ئەوانەی لە زەوین ناتوانن خۆیان لە دەسەڵاتی اللە بەدووربگرن، وە ناتوانن لێی ڕابکەن.

**١٣-وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا الْهُدَى آمَنَّا بِهِ فَمَن يُؤْمِن بِرَبِّهِ فَلا يَخَافُ بَخْسًا وَلا رَهَقًا**

وه به دڵنیاییەوە کاتێك گوێمان لە ڕێنمایی بوو باوەڕمان پێی هێنا، وه هەر کەسێك بڕوا بە خوداکەی بهێنێت، ئیتر ناترسێت کە بە سووکی سەیری بکات، وه یان ستەمی لێبکات.

**١٤-وَأَنَّا مِنَّا الْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا الْقَاسِطُونَ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُولَئِكَ تَحَرَّوْا رَشَدًا**

وه ئێمە هەمانە موسوڵمانە وه هەمانە لادەرە، وه هەر کەسێك ئیسلام بووە ئەوا ئەوانە ڕێگای ڕاستیان دۆزیوەتەوە.

**١٥-وَأَمَّا الْقَاسِطُونَ فَكَانُوا لِجَهَنَّمَ حَطَبًا**

بەڵام لادەرەکان ئەوا بوون بە دار بۆ سووتەمەنی دۆزەخ.

**١٦-وَأَلَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُم مَّاء غَدَقًا**

وه ئەگەر ئەوانە لە سەر ڕێبازەکە جێگیر بن ئەوا بە دڵنیاییەوە بە ئاوێکی زۆر تێریان دەکەین.

**١٧-لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا**

بۆ ئەوەی لەوێدا تاقیان بکەینەوە، وه هەر کەسێك خۆی لە یادی خوداکەی بەدوور بگرێت، ئەوا ئەشکەنجەیەکی ڕوولەسەری پێ دەچێژێت.

**١٨-وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا**

وه شوێنی کڕنۆشبردن بۆ اللهن، نەکەن لەگەڵ الله هاواری کەسێکی تر بکەن.

**١٩-وَأَنَّهُ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا**

وە کاتێك بەندەی اللە (محمد) هەڵسایەوە نیزای بۆ اللە بکات، خەریك بوو جنۆکەکان لەسەریدا کەڵەکەیان دەکرد.

٢٠-**قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا**

بڵێ لە ڕاستیدا من بانگی خوداکەم دەکەم، وە شرکی بە هیچ کەسێك پێ ناکەم.

٢١-**قُلْ إِنِّي لا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلا رَشَدًا**

بڵێ من هیچ دەسەڵاتێکم نییە تاوەکو زیانم بۆتان هەبێت، وە ڕێنماییتان بکەم.

٢٢-**قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا**

بڵێ لە ڕاستیدا هیچ کەسێك جگە لە اللە پەناگەم نادات، وە جگە لە ئەو کەسێکیش نادۆزمەوە.

٢٣-**إِلاَّ بَلاغًا مِّنَ اللَّهِ وَرِسَالاتِهِ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا**

جگە لە ڕاگەیاندنێك لە اللە و پەیامەکانی نەبێت، وە هەر کەسێك سەرپێچی اللە و پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە بۆ هەمیشە ئاگری دۆزەخی بۆ دەبێت.

٢٤-**حَتَّى إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا**

تاوەکو کاتێك دەبینن ئەوەی بەڵێنیان پێدراوە، ئەوسا دەزانن کە کێ پشتیوانی بێهێزترە و ژمارەی کەمترە.

٢٥-**قُلْ إِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ مَّا تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُ رَبِّي أَمَدًا**

بڵێ نازانم ئەوەی بەڵێنتان پێ دەدرێت، ئایا نزیکە، وە یان خوداکەم بۆی درێژ دەکاتەوە.

**٢٦-عَالِمُ الْغَيْبِ فَلا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا**

خۆی زانای نادیارەکانە، وە هیچ کەسیك ئاشنا ناکات بە نادیارەکارەکانی.

**٢٧-إِلاَّ مَنِ ارْتَضَى مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا**

مەگەر بۆ پێغەمبەرێکی کە لێی ڕازی بێت، ئەوسا لە پێشی و لە دواوەی بەرپەرچ دانەوە دەتەنێت.

**٢٨-لِيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُوا رِسَالاتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ وَأَحْصَى كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا**

بۆ ئەوەی بزانێت کە پەیامەکانی خوداکەیان گەیاندووە، وە دەورەی ئەوەی داوە کە لایانە، وە هەموو شتێکی بە ژمارە هەژمار کردووە.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-١٥

لەم ١٥ ئایەتەدا جنۆکەکان قسە دەکەن.

هۆکاری دابەزینی ئەم  ئایەتانە لە صحيح البخاری و مسند احمد و سنن البيهقی و سنن الترمذی هاتووە کە ابن عباس دەڵێت:

پێغەمبەر لەگەڵ کۆمەڵێك لە یاوەرەکانی بۆ بازاری عوکاز بەڕێکەوتن، لە هەمان کاتدا ڕێگری  بۆ شەیتانەکان لە ئاسمان هاتە ئاراوە، کە نەتوانن هەواڵی ئاسمانەکان بەدەست بهێنن، ئەوە بوو تۆپەڵەی ئاگر بەسەر شەیتانەکان نێرا، ئینجا  شەیتانەکان بۆ لای قەومەکەیان گەڕانەوە و لێیان پرسین: چیتانە؟ گوتیان ئاڵۆزی لە نێوان ئێمە و فریشتەکانی ئاسمان هاتە

ئاراوە و تۆپەڵەی ئاگرینیان تێگرتین، پێیان گوتن: هۆکاری ئەو ئاڵۆزیەی لە نێوان ئێوە و ئاسمان دروست بووە، دەبێت شتێك لە زەویدا ڕوویدابێت، برۆن بە خۆرهەڵات و خۆرئاوای زەویدا بگەڕێن و سەیر بکەن هۆکار بۆ ئەو ئاڵۆزیە چی بوو؟ ئەو کۆمەڵە شەیتانەی کە بە ئاراستەی تیهامە هاتن، بینیان پێغەمبەر لە ناوچەی نەخلە کە لەسەر ڕێگای عوکازە نوێژی بەیانی بە یاوەرەکانی دەکات، کاتێك گوێیان لە قورئان خوێندنەوە بوو گوتیان سوێند بە الله ئەوە هۆکاری ئاڵۆزی نێوان ئێمە و ئاسمانە، ئەوەبوو یەکسەر گەڕانەوە بۆ لای قەومەکەیان، و گوتیان:

قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا

يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَنْ نُشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا

ئەوسا الله بۆ پێغەمبەرەکەی دایبەزاند:

قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنْ الْجِنِّ، (ئەی محمد بڵێ چەند نەفەرێك لە جنۆکە گوێیان لە قورئان بوو).

ابن عباس دەڵێت: (وَإِنَّمَا أُوحِيَ إِلَيْهِ قَوْلُ الْجِنِّ) لە ڕاستیدا وتەی جنۆکەکان بۆ پێغەمبەر وەك وەحی دابەزی.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

خوێنەرانی قورئان لە ١٢ هەمزەی " ء" ئەم سوورەتە ناکۆکی و جیاوازیان هەیە کە ئەو وشانەن:

"وَأَنَّهُ تَعَالَى"، "وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ"، "وَأَنَّا ظَنَنَّا"، "وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ"، "وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا"، " وَأَنَّا لَمَسْنَا"، "وَأَنَّا كُنَّا"، " وَأَنَّا لَا نَدْرِي"، "وَأَنَّا مِنَّا"، " وَأَنَّا ظَنَنَّا أَنْ لَنْ نُعْجِزَ اللَّهَ"، "وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا"، "وَأَنَّا مِنَّا"

واتە هەندێك بە (إِنَّه) بە "كسرة" وە هەندێك بە (أَنَّهُ) بە "فتحة" خوێندوویەتیانەوە.

# ئایەتی ١-٢

قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا

يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا

ئەی محمد بڵێ وەحیم بۆ هاتووە کە کۆمەڵێك لە جنۆکە گوێیان گرت. ئەوەبوو گوتیان: لە ڕاستیدا گوێمان لە قورئانێکی سەیر بوو، دەتخاتە سەر ڕێگای ڕاست، وە ئێمە باوەڕمان پێی هێنا، وە هەرگیز بە هیچ کەسێك شرك بە خوداکەمان ناکەین.

{فَآمَنَّا بِهِ} باوەڕمان پێی هێنا، واتە بە قورئان.

{لَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا}، هەرگیز شرك بە خوداکەمان ناکەین، واتە باوەڕیان بە الله هێنا و بوون بە یەکتا پەرست.

واتە بوون بە باوەڕدار و موسڵمان.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

الله دەڵێت و فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە بە قەومەکەی (کافر و موشریکەکانی مەکە) هەواڵەکە ڕابگەیەنێت، کە جنۆکەکان گوێیان لە قورئان بوو و باوەڕیان پێی هێنا و بروایان پێکرد و کردیان بە ڕابەریان.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد بڵێ، وەحیم بۆ هاتووە کە چەند نەفەرێك لە جنۆکە گوێیان لەم قورئانە گرت، وە بە قەومەکەیان گوت لە ڕاستیدا گوێمان لە قورئانێکی سەیر بوو، واتە ڕێنیشاندەرە بۆ هەق و ڕێگای ڕاست، وە ئێمە باوەڕمان پێی هێنا و بڕوامان پێی کرد، وە هەرگیز بە هیچ کەسێك شرك بە خوداکەمان ناکەین.

# ئایەتی ٣

وَأَنَّهُ تَعَالَى جَدُّ رَبِّنَا مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلا وَلَدًا
جنۆکەکان بەردەوام دەبن لە قسەکردن بۆ قەومەکەیان و دەڵێن:
وە اللهی بەرز و بڵند باپیرەی خودامانە، وە نە ژنی هەبووە وە نە کوڕ.
چەند تێبینیەك:
یەکەم :جنۆکەکان لە ئایەتی ٢ گوتیان: {وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا}، هەرگیز بە هیچ کەسێك شرك بە خوداکەمان واتە الله ناکەین.
کەچی لەم ئایەتە یەکسەر، "الله"یان کردووە بە باپیرەی خوداکەیان.
دووەم: بەشی دووەمی ئەم ئایەتە دەڵێت، {مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلا وَلَدًا}، واتە الله نە ژنی هەبووە وە نە کوڕ.
ئەم بڕگەیە گوایە، وەڵامە بە مەسیحیەکان کە بڕوایان بە سیانەکی پیرۆز هەیە.
اللهی عەرەب و ئیسلام و محمد و جنۆکەکان پێیان وایە کە مەسیحیەکان بڕوایان بە بوونی ٣ خودا هەیە: الله و مریەم و عیسا.
ئەوە فەڵتەیەکی لاهوتی زۆر گەورەی اللهی عەرەب و ئیسلامە. وە لە چەندەها دەقی تر تەئکیدی لە سەر هەمان هەڵە کردۆتەوە. وەك ئایەتی ١٠١ سوورەتی الانعام کە دەڵێت:
أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ
چۆن دەکرێت الله کوڕی هەبێت لە کاتێکدا ژنی نەبووە.
واتە ئەگەر خودا بیەوێت کوڕێك بۆ خۆی بێنێتە ئاراوە ئەوا دەبێت ژنێکی هەبێت و سێکسی لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی کوڕێکی ببێت.
واتە اللهی عەرەب و ئیسلام ناتوانێت بە کون فیکون کوڕێك دروست بکات.
هەرچەندە کوڕ لە لاهوتی مەسیحی بە مانای کوڕێك نایەت کە لە ئاکامی زاوزێ دروست بووبێت، بەڵکو بە مانای 'كلمة" واتە وتەی خودا یان "کن فیکون" دێت، ئەو وتەیەی کە هەموو مخلوقاتی پێ دروست کردووە و دروست دەکات.
وە ئایەتی ٧٥ سوورەتی المائدة دەڵێت:
مَّا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ

مەسیحی کوڕی مریەم شتێك نییە تەنها پێغەمبەرێکە وەك پێغەمبەرانی پێش خۆی، وە دایکی ژنێکی ڕاستگۆیە.
مەبەستی اللهی عەرەب و ئیسلام لەم دەقە ئەوەیە، کە نەکەن بڵێن مسیح خودایەکە و مریەم خودایەکە.
وە ئایەتی ١١٦ سوورەتی المائدة دەڵێت:
وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ
وە کە الله گوتی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا تۆ بە خەڵکت گوت کە خۆت و دایکت وەك دوو خودا جگە لە الله بەخۆوە بگرن.
سەیرکەن لە ڕوانگەی اللهی عەرەب و ئیسلام سیانەکی پیرۆز واتە ٣ خودا: الله، مریەم و عیسا.
ئەوە پێمان دەڵێت کە اللهی عەرەب و ئیسلام لە لاهوتی مەسیحی تێنەگەیشتووە. چونکە مەسیحیەکان بڕوایان بە یەك خودا هەیە و بڕوایان بە ٣ خودا نییە.
{جَدُّ} لە زمانی عەرەبی واتە باپیرە.
شرۆڤەکاران هەموو ڕێگایەکیان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی مانایەکی تر بەم وشەیە بدەن.
الطبری لە جامع البیان، ئاماژە بە وتەی چەندەها کەس دەکات کە هەوڵیان داوە لە مانای وشەی (جد) لابدەن. ئینجا دەڵێت:
وە هەندێك، وەك ابو جعفر و مجاهید دەڵێن: مەبەست لە (جَدُّ) باپیرەیە، واتە باوکی باوك، وە دەڵێن ئەوەی قسەی جنۆکە نەزانەکان بوو.
وە الطبری باش بەم فەڵتەی قورئانەی زانیووە، هەروەك دەڵێت:
(الجد) لە زمانی عەرەب دوو مانا دەبەخشێت: یەکێکیان باپیرە کە دەکاتە باوکی باوك یان باوکی دایك، وە ناکرێت ئەم مانایە ببەخشێت چونکە ئەم جنۆکە گوتوویانە (فَآمَنَّا بِهِ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا- باوەڕمان پێی هێنا وە شرك بە الله ناکەین)، وە هەر کەسێك بڵێت الله کوڕی هەیە یان باپیرەیە، هیچ گومانی تێدانییە کە موشریکە.

وه دەڵێت، دەکرێت مانایەکی تری هەبێت: (الجَدّ) به مانای"الحظّ" بەخت بێت، وەك دەڵێن " فلان ذو جدّ في هذا الأمر" واته فولانه کەس خاوەن جەده لەم بابەته، وه به زمانی فارسی پێی دەگوترێت «البَخْت» واته بەخت.

باشه گریمان (جَدُّ) واته بەخت.

با ئایەتەکه دابڕێژینەوه و له شوێنی (جد- باپیره) بەخت دابنێین.

وَأَنَّهُ تَعَالَى جَدُّ رَبِّنَا

وَأَنَّهُ تَعَالَى حظُّ رَبِّنَا

واته: له ڕاستیدا اللهی بەرز بەختی خودامانه.

زۆر بێ مانایه. وه له ڕاستیدا هەر وشەیەکی تر له شوێنی وشەی "جد" دابنێیت ئەوا ئایەتەکه بێمانا دەکات. ابن الجوزی دەڵێت، سەبارەت به "تعالى جَدُّ رَبِّنا" حەوت وتەوت هەیه. من چەند نموونەیەك لەم وتانه دێنمەوه:

(ابن عباس) قُدْرَةُ ربنا، واته توانای خودامانه (له ڕاستیدا الله توانای خودامانه) واته دوو خودا هەیه.

(قتادة) عَظَمَةُ رَبِّنا، واته مەزنی خودامانه (له ڕاستیدا الله مەزنی خودامانه)، واته دوو خودا هەیه.

(السدي) أَمْرُ رَبِّنا، واته فەرمان و بڕیاردەری خودامانه. هەم دیسان واته دوو خودا هەیه.

لەبەر ئەوه ئەم ئایەته دەڵێت: اللهی بەرز باپیرەی خودامانه. واته دوو خودا هەیه.

جنۆکەکان هەرکه ئیمانیان هێناوه یەکسەر شرکیان کردووه.

## ئایەتی ٤

وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى اللَّهِ شَطَطًا

دەڵێت:

وه هیچ و پووچەکەمان قسەی ترۆهاتی لەسەر الله دەکرد.

من پێم وایه که ئەم ئایەته دەبێت له بنەڕەتەوه ئایەتی ژماره ٣ بووبێت و ئایەتی ژماره ٣ ئایەتی ژماره ٤ بووبێت. وه بەم شێوەیه ئایەتی ژماره ٣ مانای تەواوی

خۆی دەبەخشێت. بەتایبەتی لەم ئایەتە وشەی (یقول- واتە دەیگوت) هاتووە.
واتە ڕیزبەندیەکە بەم شێوەیە بێت:
٣-وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى اللَّهِ شَطَطًا
٤-وَأَنَّهُ تَعَالَى جَدُّ رَبِّنَا مَا اتَّخَذَ صَاحِبَةً وَلا وَلَدًا
واتە:
هیچ و پووچەکەمان درۆی بۆ الله هەڵدەبەست و دەیگوت: لە ڕاستیدا اللەی بەرز و بڵند باپیرەی خودامانە (نووسراوە بە سوور).
ئینجا جنۆکە ئیماندارەکەن لە دوا بەشی ئایەتی ژمارە ٤ وەڵامی دەدەنەوە و دەڵێن: الله نە ژنی هەبووە وە نە کوڕ (نووسراوە بە ڕەنگی شین).
لە ١٤ سەدەی ڕابردوو ملیۆنەها زانا لە ئیسلامدا هات و ڕۆیشت، هەر هەموویان کێشەیان لەگەڵ ئەم بڕگەیە هەبووکە دەڵێت (الله باپیری خودامانە)، وە ، بۆ پێنەوپەڕۆکردنی ئەم ئایەتە دەیەها درۆیان هێنا و کرد، بەڵام نەیانزانی کە دەبێت شوێنێ ئەم دوو ئایەتە ئاڵوگۆڕ پێ بکرێت.
سەبارەت بە " سَفِيهُنَا " دوو وتەوت هەیە:
یەکەم: هیچ وپووچ واتە "هیچ وپووچەکەمان دەیگوت الله باپیرەی خودامانە"
دووەم: ئیبلیس واتە "ئیبلیس دەیگوت الله باپیرەی خودامانە"
ئەوە تێڕوانینی هەندێك لە خەڵکی دوورگەی عەرەب بووە، وەك ئایەتی ١٠٠ سوورەتی الانعام دەڵێت:
وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ ۖ وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ
واتە: جنۆکەیان کردووە بە هاوبەشی الله، لە کاتێکدا الله دروستی کردوون، وە بێ هیچ زانیاریەك کوڕان و کچانیان بۆی هێناوەتە ئاراوە.
وە ئایەتی ٥٧ سوورەتی النحل دەڵێت:
وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ الْبَنَاتِ، واتە، وە کچان دەدەنە پاڵ الله.
واتە الله کچی هەیە کە فریشتەکانن.
وە هەروەها ئایەتی ١٤٩ سوورەتی الصافات کە دەڵێت:
أَلِرَبِّكَ الْبَنَاتُ وَلَهُمُ الْبَنُونَ. واتە: ئایا کچ بۆ خوداکەتان و کوڕ بۆخۆتان.
امام الشنقیطی لە اضواء البیان دەڵێت:

أَنَّ خُزَاعَةَ، وَكِنَانَةَ كَانُوا يَقُولُونَ: الْمَلَائِكَةُ بَنَاتُ اللَّه
هۆزی خوزاعة و كنانة دەیانگوت: فریشتەکان کچانی اللهن.
وە ئایەتی ١٥٨ سوورەتی الصافات دەڵێت:
وَجَعَلُوا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجِنَّةِ نَسَبًا، واتە، لە نێوان الله و جنۆکەکان نەسەبیان (خزمایەتی) بوونی هەیە.
لە لباب النقول للسیوطی، ڕیوایەتێك هاتووە كە دەڵێت:
قال كبار قريش: الملائكة بنات الله فقال لهم أبو بكر الصديق: فمن أمهاتهم؟ قالوا بنات سراة الجن
گەورە پیاوانی قورەیش گوتیان: فریشتەکان کچانی اللهن، ئەوە بوو ابوبکر گوتی: ئەی کێ دایکیانە؟ گوتیان: کچی گەورەی جنۆکەکان.
ئەو بەڵگانە پێمان دەڵێن کە ئەم ئایەتە { وَأَنَّهُ تَعَالَى جَدُّ رَبِّنَا} واتە الله باپیرەی خودامانە.

## ئایەتی ٥

وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن تَقُولَ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا
وە جنۆکە ئیماندارەکان بەردەوام دەبن و دەڵێن: وە لە ڕاستیدا ئێمە پێمان وابوو کە هەرگیز مرۆڤ و جنۆکە درۆ بە سەر اللهوە ناکەن.
وە ئەم ئایەتەش پشتڕاستی ئەو بۆ چوونەی من دەکاتەوە کە دەبێت شوێنی ئایەتی ٣ و ٤ بگۆڕدرێت، چونکە ئەم ئایەتە دەڵێت، جنۆکە ئیماندارەکان گوتوویانە: ئێمە هەرگیز پێمان وانەبوو کە مرۆڤ و جنۆکە درۆ بە بەسەر اللهوە بکەن. (وەك الله باپیرە و ژنی هەیە و کوڕی هەیە).
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
گوتوویانە{وَأَنَّهُ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا – هیچ و پووچەکانمان دەیانگوت}، واتە پێش ئیسلام بوونیان { عَلَى ٱللَّهِ شَطَطاً – لەسەر الله درۆ و دەلەسە}، واتە قسەی بێ بنەما و پڕوپووچ و درۆ، وە لەبەر ئەوە گوتوویانە {وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِباً – لە ڕاستیدا ئێمە پێمان وانەبوو کە مرۆڤ و جنۆکە درۆ لەسەر الله بکەن}، واتە پێمان وانەبوو کە مرۆڤ و جنۆکە مەیلی درۆیان هەبێت

به سەر اللهوە، کە بڵێن الله ژنی هەیە و کوڕی هەیە، وە کاتێك گوێمان لە قورئان بوو زانیامان کە درۆ دەکەن.

## ئایەتی ٦

وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا

دەڵیت:

وە لە ڕاستیدا پیاوانێك لە مرۆڤ پەناگەیان دەبردە بەر پیاوانێك لە جنۆکە، وە سەرکێشیان زیاد دەکردن.

جواد على لە المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام، لە بەشی تسخیر عالم الارواح دەڵێت:

بڕوابوون بە جنۆکە کارکردێکی ترسناکی هەبوو لەسەر عەقیدەی خەڵکی جاهیلی (پێش ئیسلام).

وە دەڵێت: بڕوایان هەبوو کە هەندێك لە ڕۆحەکان باش و چاکن وە هەندێکیان خراپ و پیسن. وە ڕۆحەکان بە فریشتە و جنۆکە و شەیتانەکان دەتوانن خۆیان بەرجەستە بکەن و بۆ مرۆڤ بەدیارکەون.

ڕۆحە پیس و خراپەکان وەك شەیتانەکان و هەندێك لە جنۆکەکان، وە ڕۆحە باش و چاکەکان وەك فریشتەکان و هەندێك لە جنۆکەکان.

وە پێیان وابوو کە شەیتانەکان و جنۆکە شەرانگێز و خراپەکان دەتوانن زیان و ئازار بە مرۆڤ بگەیەنن و لە هەموو ئان و ساتێکدا مرۆڤ دەبینن.

دەڵێت: پێیان وابوو کە سەگی ڕەش جنۆکەی شەرانگێزە.

وە دەڵێت، بەو جنۆکانەی کە لەگەڵ خەڵك دەژیان دەگوت، "عامر" وەك مار، وە بە جنۆکە هەرە بەهێزەکانیان دەگوت عفریت

دەڵێت، عەرەبە جاهیلیەکان پێیان وابوو دەکرێت جنۆکە لەگەڵ مرۆڤ جووت بێت و منداڵی ببێت، وە هەروەها پێیان وابوو کە جنۆکە دەتوانێت مرۆڤ بکوژێت.

هەروەها بڕوایان وابوو کە جنۆکە دەتوانێت ژن و منداڵ و پیاو بڕفێنێت، وە دەکرێت جنۆکە ئاشقی مرۆڤ بێت.

هەر لەبەر ئەوە عەرەب پێیان وابوو کە ژنە پادشای سبأ لە جنۆکە و مرۆڤ بوو، وە دەڵێت، لە ڕوانگەی خەڵکی جاهیلیەوە، شوێنی ژیانی جنۆکە دۆڵ و زبڵدان و شوێنی خۆشۆرین و پیساییکردن، گۆڕستان و کەلاوەکان و شوێنە تاریکەکان بوو.
دەڵێت کاتێك عەرەب گەشتیان دەکرد و دەگەیشتنە دۆڵێك ئەوا پەناگەیان دەبردە بەر گەورەی جنۆکەکانی ئەو دۆڵە بۆ ئەوەی سەلامەت بن. دەیانگوت
قد استعذنا بعظيم الوادي  من شر ما فيه من الأعادي
سوێند بێت پەناگەمان برد بۆ گەورەی ئەم دۆڵە، لە شەڕی هەر شتێکی زیانبەخش کە تێیدایە.
وە دەڵێت، شاعیرەکانیان دەچوونە دۆڵەکان بۆ ئەوەی جنۆکە ئیلهامیان پێ ببەخشن. (تەواو).
سەرتاپای ئەم ئەفسانە و خورافەنە لە ناو ئیسلامدا ڕەگ و ڕیشەیان هەیە.
ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:
پیاو لە سەردەمی جاهیلی کاتیك سەفەری دەکرد و ئێوارەی لە بیابان بەسەر دەبرد دەیگوت:
أعوذ بِسِّيدِ هذا الوادي من شَرِّ سُفَهَاءِ قومه
واتە: پەناگە دەبەمە بەر گەورەی ئەم دۆڵە لە شەڕی هیچ و پووچەکانی قەومەکەی. ئینجا تاوەکو بەیانی دەبۆوە لە دۆڵەکە دەمایەوە.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
واتە، جنۆکەکان وایان دەبینی کە  چاکەیان بەسەر مرۆڤەوە هەیە، چونکە مۆڤەکان کاتیک لە گەشتەکانیان لە چۆڵەوانیەک یان دۆڵیک دادەبەزین پەنایان دەبردە بەر گەورەکەیان بۆ ئەوەی هیچ و پووچەکانی جنۆکەکان ئازار و زیانیان پێنەگەیەنن. وە دابونەریتی عەرەب لە سەردەمی جاهیلی وابوو کە پەناگەیان دەبرد بۆ گەورەی پیاوی جنۆکەی شوێنەکە، ئینجا کاتیک جنۆکەکان بینیان کە مرۆڤ بەهۆی ترسیانەوە زیاتر پەنایان بۆ دەبەن، مرۆڤەکانیان زیاتر تووشی گومڕایی و بیباوەڕی کرد.
امام الماوردی لە النکت و العیون دەڵێت، سەبارەت بە {فَزَادُوهم رَهقاً} هەشت شرۆڤە بۆ ماناکەی هەیە:

یەکەم: سەرکێشی
دووەم: گوناه
سێهەم: ترس
چوارەم: کوفر
پینجەم: ئازار
شەشەم: سەرپێچی
حەوتەم: مەزنی
هەشتەم: دەبەنگی
بە کەیفی خۆت دانەیەك هەلبژێرە. وە بڕیار وایە قورئان بە زمانێکی عەرەبی ڕوون دابەزیبێت.
{ فزادوهم رهقاً } سەبارەت بە ماناکەی، ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، دوو وتەوت هەیە:
یەکەم: مرۆڤ لە گومڕایی و سەرکێشی جنۆکەکانیان زیاد کرد.
دووەم: جنۆکەکان لە گومڕایی و سەرکێشی مرۆڤیان زیاد کرد.
وە ئەم ئایەتە دەڵێت، {بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ} پیاوانێك لە جنۆکە، واتە جنۆکە ژن و پیاویان هەیە. وە هەروەك لە سوورەتی الرحمن دەڵێت، حۆریەکان پێشووتر لە لایەن پیاوانی مرۆڤ و پیاوانی جنۆکە نەگاینراون.

## ئایەتی ٧

وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَبْعَثَ اللَّهُ أَحَدًا
وە جنۆکەکان وەك ئێوەی مرۆڤ پێیان وابوو کە الله هەرگیز کەسێك وەك پێغەمبەر نانێرێت.
(لَّن يَبْعَثَ اللَّهُ أَحَدًا) واتە بە شێوەیەکی ڕەها، وە هەرگیز الله پێغەمبەرێك نانێرێت.
ئەوە چیمان پێ دەڵێت؟ پێمان دەڵێت، کە جنۆکەکان ئاگاداری هاتنی ١٢٤ هەزار پێغەمبەر نەبوون. چونکە لە زمانی عەرەبی (لن) بۆ " نفی و جزم" بەکاردێت.
واتە پیغەمبەرانی پێش محمد، هەروەك پەرتووکە ئاسمانیەکانی پێشوو پێمان دەڵێن، پیغەمبەری جنۆکە نەبوون.

وە ئەم دەقە پێمان دەڵێت: کە چیرۆکی سلێمان و جنۆکە درۆیە.
گرنگ محمد دەبێت بە پێغەمبەری جنۆکە بەر لەوەی ببێت بە پێغەمبەری مرۆڤ.

## ئایەتی ٨-١٠

وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاء فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا
وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا
وَأَنَّا لا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي الأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا

جنۆکە ئیماندارەکان دەڵێن:
وە لە ڕاستیدا ئێمە دەستمان لە ئاسمانی دونیادا، وە بینیمان کە پڕ بووە لە پاسەوانی توندوتۆڵ و تۆپەڵەی ئاگرین.
وە ئێمە پێشوو لە جێنشینێك لە ئاسمانی دونیا دادەنیشتین بۆ گوێگرتن لە فریشتەکان، کەچی ئێستا هەرکەسێك بچێت گوێبگرێت ئەوا دەبینیت بە تۆپەڵەی ئاگر بەرپەرچی دەدرێتەوە.
وە لە ڕاستیدا ئێمە نازانین لەمەدا مەبەست خراپەیە بۆ ئەوانەی لە زەویدا دەژین یان خوداکەیان مەبەستیەتی ڕێگای ڕاستیان نیشان بدات.

چەند تێبینیەك:
یەکەم: وشەی {لَمَسْ}، وەک ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت:
اللَّمْسُ الْمَسُّ بِالْيَدِ، واتە دەستلێدان بە دەست.
وە پەرتووکی معجم المصطلحات و الالفاظ الفقهية، سەبارەت بە وشەی (لمس) دەڵێت:
ابن درید گوتوویەتی: ئەسلی وشەی "اللمس" بە دەستە بۆ ئەوەی بزانیت شتەکە چییە.
الجوهري گوتوویەتی: واتە دەستلێدان بە دەست.
وە ئایەتی ٧ سوورەتی الانعام دەڵێت:
وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَابًا فِي قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ
وە ئەگەر پەرتووکێکت بۆ دابەزێنین لە قرتاسیە، ئینجا دەستی لێبدەن بە دەستەکانیان.

وە ئایەتی ٤٣ سوورەتی النساء دەڵێت:
أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً
وە یان دەستتان لە ژندا و ئاوتان دەستنەکەوت.
واتە جنۆکەکان دەستیان لە ئاسمان داوە. واتە ئاسمان ئاسمانێکی فیزیکە.
وە وشەی { مَقَاعِدَ}، واتە شوێنێك کە بۆ دانیشتن بێت، جا چ لەسەر زەوی بێت وە یان لەسەر کورسی یان قەنەفە، هتد.. ئەسڵی وشەکە (قعد) واتە دانیشتنە.
وەك ئایەتی ١٢١ سوورەتی ال عمران دەڵێت:
تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ
شوێنێت بۆ ئیمانداران دیاریکرد بۆ کوشتار.
ئایەتی ٨-٩ پێمان دەڵێت:
یەکەم: جنۆکەکان گەیشتونەتە ئاسمانی دونیا و دەستیان لێی داوە.
دووەم: لە شوێنێك لە ژێر ئاسمانی دونیا دانیشتوون.
ئەم دوو ئایەتە، جگە لە هەموو ئایەتەکانی تر کە باس لە ئاسمان دەکەن، بەڵگەی کافین کە دەیسەلمێنن لە ڕوانگەی قورئانەوە ئاسمان بنمیچە و فیزیکییە.
سێهەم: جنۆکەکان دەڵێن بەر لە ناردنی محمد وەك پێغەمبەر، هێزی بەرگری ئاسمانەکان فشۆڵ و لاواز بوون، چونکە بۆ خۆمان دەچووین لێی دادەنیشتین و گوێمان لە قسەی فریشتەکان دەگرت. ڕەنگ بێت قسەیان لەگەڵ یەکیش کردبێت و فستق و گوڵەبەڕۆژە و کێشکەی کوراشیان بەیەکەوە خواردبێت. و الله اعلم
بەڵام لەگەڵ ناردنی محمد، ئەوا الله هێزی ئاسمان پڕ دەکات لە پاسەوانی بە هێز و توندوتۆڵ، وەك جنۆکەکان دەڵێن: بەڵام ئێستا دەبینین کە ئاسمانەکان پڕ بوون لە پاسەوانی توندوتۆڵ، وە بە " شهب" و "ئەستیرە" بۆمببارانمان دەکەن.
وەك ئایەتی ٦-١٠ سوورەتی الصافات دەڵێت:
إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ، وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ، لا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الأَعْلَى وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ، دُحُورًا وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ، إِلاَّ مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ

ئێمە بە دڵنیاییەوە ئاسمانی دونیامان بە جوانی ئەستێرەکان ڕازاندۆتەوە، وە بۆ پاراستنی لە هەموو شەیتانێکی سەرکێش، هەرکە گوێدەگرن لە دەستەی باڵای فریشتەکان ئەوا لە هەموو لایەکەوە بۆمباران دەکرێن، پاشەکشە دەکەن و ئازارێکی مسۆگەر دەدرێن، تەنها ئەوەیان نەبێت کە چرپەیەك دەبات، ئەوەشیان تۆپەڵێکی ئاگرینی کونکەر بە شوێنیدا دەکەوێت.

وە هەروەها ئایەتی ١٦-١٨ سوورەتی الحجر دەڵێت:

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ، وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ، إِلاَّ مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ

وە بە دڵنیاییەوە ئاسمانەکانی دونیامان کردووە بە بورجی ئەستێرەکان و ڕازاندوومانەتەوە بۆ تەماشاکەران، وە بۆ پارستنی ئاسمان لە هەموو شەیتانێکی ترۆکراو، تەنها ئەوەیان نەبێت کە چرپەیەك دەفڕێنێت، ئەوا تۆپەڵێکی ئاگرینی ڕوون بەدوایەوە دەکەوێت.

واتە: بە گوێرەی ئەم دەقانەی سوورەتی الصافات و الحجر، الله ئەستێرەکانی لە ئاسمانی دونیا داناوە بۆ دوو مەبەست:

یەکەم: وەك هێزی بەرگری ئاسمانی دژ بە جنۆکە و شەیتانەکان بۆ ڕێگریکردنیان لە نزیك بوونەوە لە ئاسمان و دزینی چرپەی فریشتەکان.

دووەم: بۆ ڕۆمانتیك و جوانی.

وە ئایەتی ٩٧ سوورەتی الانعام پێمان دەڵێت، ئەستێرەکان کارێکی تریشیان هەیە:

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُوا بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ

وە هەر الله بوو ئەستێرەکانی بۆ ئێوە کرد بە ڕێنیشاندەر لە تاریکایی وشکایی و دەریاکان.

واتە بۆ ئەوەی ئاڕاستەکانتان پێ بلێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{ وشُهُباً } کۆی "شهاب" ە، وە ئەو ئەستێرانەیە کە شەیتانەکانی پێ بۆمباران دەکرێت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵیت:

الله ئاگادار دەکاتەوە سەبارەت بە جنۆکە کاتێك پیغەمبەرەکەی، محمدی نارد و قورئانی بۆ دابەزاند، وە بۆ پاراستنی محمد و قورئان، ئەوا ئاسمانی پڕ کرد لە پاسەوانی توندوتۆڵ، وە لە سەرتاپای ئاسمان فریشتەکانی بڵاوکردەوە و شەیتانەکانی، لەو شوێنەی کە پێشوو تیایدا دادەنیشتن دەرکرد، نەکا شتێك لە قورئان بدزن و بیدەن بە جادووگەرەکان (الكهنة)، وە پرسەکە لە خەڵك تێکەڵ و پێکەڵ بێت، وە کەس نەزانێت کە کێ ڕاستگۆیە، وە ئەوە یەکێکە لە چاکە و ڕەحمەتەکانی الله بەرامبەر بە بەندەکانی، وە بۆ پاراستنی پەرتووکە ئازیزەکەی واتە قورئان.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

و«مَقَاعِدَ» شوێنە بۆ دانیشتن بۆ گوێگرتن لە هەواڵەکانی ئاسمان، واتە جنۆکە سەرکێشەکان ئەم کارەیان دەکرد، بۆ گوێگرتن لە فریشتەکان بۆ بەدەستهێنانی هەواڵەکان، وە دەیانهێنا بۆ جادووگەرەکان، ئەوەبوو هەرکە الله پێغەمبەرەکەی نارد ئاسمانەکانی بە ئەستێرەی سووتێنەر پاراست.

جنۆکە و شەیتانەکان لە گڕی ئاگرن، وە الله بە گڕی ئاگر دەیانسووتێنێت.لایەنی کەم بتگوتبایە بە ئاو یان بە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یان ئۆکسجینمان لێیان دەبڕی. ئاخر چۆن ئاگر بە ئاگر دەسووتێت. و الله اعلم.

ابن الجوزی لە زاد المسير دەڵێت:

جنۆکەکان دەڵێن، {وأنا لمسنا السماء- وە ئێمە دەستمان لە ئاسماندا}، واتە هاتین بۆ ئاسمان { فوجدناها ملئت حَرَساً شديداً- بینیمان پڕ بووە لە پاسەوانی توندوتۆڵ }، وە پاسەوانەکان فریشتەن کە ئاسمان دەپاریزن لە دزینی چرپە، {وشُهُباً }، کۆی" شهاب"ە، کە ئەستێرەی پڕشنگدارە {وأنا كنا نقعد منها مقاعد للسمع- وە ئێمە پێشوو دادەنیشتین بۆ گوێگرتن}، واتە گوێماندەگرت، بەڵام ئێستا کاتێك هەوڵماندا گوێبگرین، لە دوای ناردنی محمد صلعم، ئەوا بۆمباران کراین بە ئەستێرە.

ئینجا جنۆکەکان دەڵێن:

وَأَنَّا لا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي الأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا

له ڕاستیدا ئێمه نازانین که ئایا مەبەست له ناردنی محمد چییه؟ ئایا ئەنجامدانی خراپەکاریە له زەویدا وە یان خوداکەی (عەرەب) دەیەوێت ڕێگای هیدایەتیان نیشان بدات؟

ابن الجوزی له زاد المسیر و القرطبی له الجامع لاحکام القران دەڵێن:

{وأنا لا ندري أَشَرٌّ أريدَ بمن في الأرض- وە له ڕاستیدا نازانین که ئایا مەبەستی خراپەکاریە بۆ ئەوانەی له زەویدان} به ناردنی محمد، ئینجا بڕوای پێ ناکەن و تیادەچن {أم أراد بهم ربـهم رشداً- یان خوداکەیان ویستویەتی ڕێگایان نیشان بدات}، یان ئیمان دەهێنین و هیدایەت دەدرێن.

# ئایەتی ١١

وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا

جنۆکه ئیمانداره‌کان دەڵێن:

له ڕاستیدا ئێمەی جنۆکه، تیاماندایه پیاوچاکه وە هەمانە وانییه، له پێشوودا ئێمه خاوەن ڕێباز و ڕێگای جیاواز بووین.

الطبری له جامع البیان و ابن کثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(وَأَنَّا مِنَّا الصَّالِحُونَ)، ئەوانە جنۆکه موسڵمانەکانن که کار دەکەن به گوێڕایەڵی بۆ الله، (وَمِنَّا دُونَ ذَٰلِكَ)، دەڵێت: وە هەمانە چاك نییه، (كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا)، دەڵێت: وە ئێمه ڕێباز و کۆمەڵی جیاواز بووین، هەمانە ئیماندار و هەمانە کافره.

امام الماوردی له النکت و العیون، سەبارەت به (كُنَّا طَرَائِقَ قِدَدًا) دەڵێت، ٣ وتەوت هەیه:

یەکەم: کۆمەڵی جیاواز

دووەم: ئاینی جیاواز

سێهەم: هەوەسی جیاواز

وە له فەرموودەیەکی له صحیح الترمذی (بتحقیق الالبانی)، فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:

وتفترقُ أمَّتي على ثلاثٍ وسبعينَ ملَّةً ، كلُّهم في النَّارِ إلَّا ملَّةً واحِدةً ، قالوا : مَن هيَ يا رسولَ اللَّهِ ؟ قالَ : ما أَنا علَيهِ وأَصحابي

میللەتەکەم دابەش دەبەن بۆ ٧٣ کۆمەڵ، هەر هەموویان لە دۆزەخ دەبن تەنها کۆمەڵێکیان نەبێت. گوتیان ئەو کۆمەڵە کێن ئەی پێغەمبەری الله؟ گوتی ئەوەن کە لەسەر ڕێبازی خۆم و یاوەرەکانمن.
پرسیار: هەڵبەتە جنۆکە موسڵمانەکانیش سەر بە میللەتەکەی محمدن، ئایا ئەوانیش بوون بە ٧٣ کۆمەڵ؟

## ئایەتی ١٢

وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن نُّعْجِزَ اللَّهَ فِي الأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُ هَرَبًا
جنۆکە ئیمانداره‌کان دەڵێن:
وە لە ڕاستیدا ئێمە پێمان وابوو کە  ناتوانین لە دەسەڵاتی الله دەربچین لە زەویدا، وە ناتوانین لێی ڕابکەین.
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
وە زانیمان کە ئێمە ناتوانین لە زەوی لە چەپەڵۆکی الله دەربچین ئەگەر ویستی خراپەمان لەگەڵدا بکات. وە ئەگەر ئێمەی بوێت ئەوا ناتوانین ڕابکەین.
القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت:
ئێمە لە ژێر چەپەڵۆك و دەسەڵاتی اللەین، ناتوانین لێی ڕابکەین.

## ئایەتی ١٣

وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا الْهُدَى آمَنَّا بِهِ فَمَن يُؤْمِن بِرَبِّهِ فَلا يَخَافُ بَخْسًا وَلا رَهَقًا
دەڵێن:
وە ئێمە کاتێك گوێمان لە قورئان بوو ئەوا باوەڕمان پێی هێنا، وە هەر کەسێك باوەڕ بە خوداکەی بهێنیت ئەوا ناترسێت کە چاکەکانی کەم بکرێتەوە ولەسەر گوناهەکانیشی سزا بدرێت.
الطبری و ابن کثیر و القرطبی دەڵێن، سەبارەت بە {فَلا يَخَافُ بَخْسًا وَلا رَهَقًا} ابن عباس گوتوویەتی؛ واتە:
با نەترسێت کە پاداشتەکانی کەم ببنەوە، وە یان خراپەکانی بۆ زیاد بکرێت.

# ئایەتی ١٤-١٥

وَأَنَّا مِنَّا الْمُسْلِمُونَ وَمِنَّا الْقَاسِطُونَ فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُولَئِكَ تَحَرَّوْا رَشَدًا
وَأَمَّا الْقَاسِطُونَ فَكَانُوا لِجَهَنَّمَ حَطَبًا
جنۆکەکان دەڵێن:
وە بە دڵنیاییەوە ئێمەی جنۆکە هەمانە موسڵمانە، وە هەمانە ستەمکارە، وە ئەوەی ببێت بە موسڵمان ئەوا ڕێگای ڕزگاری دۆزیوەتەوە.
بەڵام ستەمکارەکان ئەوا دەبن بە (داری) سووتەمەنی دۆزەخ.
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
اللّٰه ئاگادارمان دەکاتەوە سەبارەت بە وتەی نەفەرێك لە جنۆکەکان کە گوتوویەتی:
(وَأَنَّا مِنَّا الْمُسْلِمُونَ- وە لە ڕاستیدا هەمانە موسڵمانە)، ئەوانەی پابەند و ملکەچی اللّٰه بوون، (وَمِنَّا الْقَاسِطُونَ)، ئەوانەن کە سەرکێشن بەرامبەر بە ئیسلام.
(فَمَنْ أَسْلَمَ فَأُولَئِكَ تَحَرَّوْا رَشَدًا- وە ئەوەی بوو بە موسڵمان ئەوا ڕێگای ڕزگاری دۆزیوەتەوە) دەڵێت: ئەوەی بوو بە موسڵمان و ملکەچی اللّٰه بوو، ئەوانە ڕێگای ئاینی ڕاست و ڕێبازی ڕاستیان دۆزیوەتەوە. بەڵام ئەوانەی بەرامبەر بە ئیسلام سەرکێش بوون، ئەوانە دەبنە سووتەمەنی دۆزەخ.
پێغەمبەری ناسکۆڵە و نازدار بە شێوەیەك لە خەمی ئەو جنۆکە موسڵمانانە بووە کە تەنانەت فێرە قورئان خوێندنەوەی کردوون، وە خواردنی بۆیان دابین کردووە.
لە صحیح البخاری و مسلم، فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:
أَتَانِي دَاعِي الْجِنِّ فَذَهَبْتُ مَعَهُ فَقَرَأْتُ عَلَيْهِمْ الْقُرْآنَ،
فَقَالَ لَكُمْ كُلُّ عَظْمٍ ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ يَقَعُ فِي أَيْدِيكُمْ أَوْفَرَ مَا يَكُونُ لَحْمًا وَكُلُّ بَعْرَةٍ عَلَفٌ لِدَوَابِّكُمْ
فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلَا تَسْتَنْجُوا بِهِمَا فَإِنَّهُمَا طَعَامُ إِخْوَانِكُمْ
بانگێشەری ئسلامی جنۆکەکان هات بۆ لام ئەوەبوو لەگەڵی ڕۆیشتم و قورئانم بۆیان خوێندەوە.
ئینجا دەڵێت:

پێیانم گوت: هەموو ئێسقانێك كە ناوی اللّٰەی لەسەر هێنراوە و دەكەوێتە دەستتانەوە ئەوا بیخۆن، وە هەموو پیسایی و پاشەڕۆیەك وەك ئالیكی ئاژەڵەكانتان بەكاربهێنن.

ئینجا ناسكۆڵە و نازدار ئامۆژگاری موسڵمانانی مرۆڤ دەكات و دەڵێت:

نەكەن قونتان لە دوای پیساییكردن بە ئێسک و پاشەڕۆی ئاژەڵ پاك بكەنەوە.

چونكە ئەو دوانە خواردنی براكانتانن لە جنۆكەكان.

ئەم فەرموودەیە چەند خاڵێك دەخاتە ڕوو:

یەكەم: جنۆكە موسڵمانەكان برای موسڵمانانی مرۆڤن.

وەك ئایەتی ١٠ سوورەتی الحجرات دەڵێت:

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ

لە ڕاستیدا ئیمانداران برای یەكن.

وە ئایەتی ٢٩ سوورەتی الفتح دەڵێت:

مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ ۚ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ

محمد پێغەمبەری اللّٰە، وە ئەوانەی لەگەڵیدان توندوتیژن بەرامبەر بە كافرەكان و بە بەزەیین لە نێوان خۆیاندا.

وە لە صحیح البخاری و مسلم فەرموودەیەكی محمد هاتووە گوتوویەتی:

مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى شَيْئًا تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى.

نموونەی ئیمانداران لە مەحەبەت و ڕەحم و سۆز، وەك لاشەیەكە ئەگەر بەشێكی نەخۆش بوو، هەبوو ئەوا هەموو لاشەكە ناخەوێت و تای دەبێت.

دووەم: جنۆكە موسڵمانەكان وەك مرۆڤە موسڵمانەكان مەلا و پێشنوێژ و بانگیشەری ئیسلامیان هەیە، هەروەك محمدی ناسكۆڵە و نازدار گوتوویەتی، بانگیشەری (داعیة) جنۆكە هات و چووم قورئانم بۆیان خوێندەوە.

لەبەر ئەوە، دەبێت وەك ئێوەی موسڵمان، گروپ و تاقم و مەزهەبی جیاواز بن: وەك شیعة و سونە و اباضیة و مەزهەبەكانیان.

وە ژن لەسەر كامە مەزهەب مارە دەكەن؟ ئایا مارە بە جاشیان هەیە؟

پرسیار ئایا ئەوانیش داعش و بوکو حرام و شباب و الجماعة الاسلامیة، اخوان المسلمین و قاعدة و طالبان و جبهة النصرة و کۆمەڵەی دادوەری و بزوتنەوەی ئیسلامیان هەیە؟
سێهەم: ئێسک خواردنی برا جنۆکەکانتانە و پیسای و پاشەڕۆی ئاژەڵیش ئەوا ئالیکی ئاژەڵەکانیانە. وادیارە ئاژەڵیشیان هەیە.
چوارەم: لەبەر ئەوە پێغەمبەری ناسکۆڵە و نازدار فەرمانی بە موسڵمانان کردووە کە نەکەن ئێسک و پاشەڕۆی ئاژەڵ بەکاربهێنن بۆ قوون پاککردنەوە لە دوای پیساییکردن.
هەر لەبەر ئەوە پێغەمبەر، کۆمی تەنها بە ٣ بەرد پاککردۆتەوە لە دوایی پیساییکردن.
وەك لە صحیح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە، کە موشریك و کافرەکان بە سلمان الفارسی دەڵێن:
قدْ عَلَّمَكُمْ نَبِيُّكُمْ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ كُلَّ شيءٍ حتَّى الخِراءَةَ قالَ: فقالَ: أجَلْ لقَدْ نَهانا أنْ نَسْتَقْبِلَ القِبْلَةَ لِغائِطٍ، أوْ بَوْلٍ، أوْ أنْ نَسْتَنْجِيَ باليَمِينِ، أوْ أنْ نَسْتَنْجِيَ بأَقَلَّ مِن ثَلاثَةِ أحْجارٍ، أوْ أنْ نَسْتَنْجِيَ برَجِيعٍ، أوْ بعَظْمٍ
پێغەمبەرەکەتان ئێوەی فێرە هەموو شتێك کردووە، تەنانەت چۆنیەتی گووکردنیش. سەلمان گوتی: بەڵێ، نەهی لیمان کردووە کە بە ئاراستەی قیبلە گوو یان میز نەکەین، وە بە دەستی ڕاستە قوونمان پاك نەکەینەوە، وە خۆمان پاکنەکەینەوە بە کەمتر لە ٣ بەر وە یان بە پاشەڕۆی ئاژەڵ و ئێسک.
واتە: هەر شتێك بۆ خواردن و خواردنەوەی جنۆکە و مرۆڤ بێت نابێت قوونی پێ پاك بکرێتەوە، هەر لەبەر ئەوە پێغەمبەر هەرگیز کۆمی بە ئاو پاك نەکردۆتەوە، چونکە ئاو بە دەقی قورئان و بە گوێرەی فەرموودەکانی محمد پێی دەگوترێت: ماء طهور- ئاوێکی پاك.
وە بە حوکمی ئەوەی چاڵ و قوڵت شوێنی ژیانی جنۆکەیە، ئەوا محمدی ناسکۆڵە و نازدار نەهی کردووە کە میز لە چاڵ و قوڵتدا بکرێت.
لە صحیح ابن خزیمة و سنن ابوداود و سنن النسائی و البدر المنیر لابن الملقن، فەرموودەیەکی صحیح هاتووە کە دەڵێت:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى أَنْ يُبَالَ فِي الْجُحْرِ
پیغەمبەر نەهی کرد کە میز لە چاڵ و قوڵتدا بکرێت.
لە الموسوعة الفقهية هاتووە:
يُكْرَهُ التَّبَوُّل فِي ثَقْبٍ أَوْ سَرَبٍ ، وَهَذَا بِاتِّفَاقِ الْمَذَاهِبِ الأْرْبَعَةِ
کارێکی ناپەسەندە کە میز لە کون و قوڵت و زێراب بکرێت بە هاوڕایی هەرچوار مەزهەبەکە.
بۆچی نابێت میز لە قوڵت و چاڵ بکرێت؟
لە المستدرك على الصحيحين و سنن ابي داود هاتووە، کە پرسیار لە قتادة دەکرێت، کە بۆچی پێغەمبەر نەهی کردووە لە قوڵت و چاڵ میز بکرێت؟ لە وەڵامدا قتادة گوتوویەتی:
مإِنَّهَا مَسَاكِنُ الْجِنِّ
چونکەماڵی جنۆکەکانە.
وە ڕەنگ بێت جنۆکەی موسڵمانی تێدا بێت، وەك قورئان دەڵێت موسڵمانان برای یەکن و مەحەب و سۆز و ڕەحم دەبێت لە نێوانیان هەبێت. ئایا دەکرێت گو و میز بەسەر کەسێکدا فڕێ بدەیت کە براتە و خۆشت دەوێت؟
وە تەنانەت ئەگەر ئەو جنۆکانەی لە قوڵت و چاڵەکان دەژین کافر بن و موسڵمان نەبن، ئەوا خراپتر، چونکە تۆڵە دەکەنەوە و لە کونێك لە کونەکانتان دێنە ناو لەشتانەوە. ئەوسا دەبێت بچن بۆ لای مەلایەك ڕوقیەتان بۆ بکات بۆ دەرپەڕاندنی جنۆکە کافرەکە.
ڕەنگ بێت ئاودەستی ماڵان هۆکاری ئەوەبێت کە زۆربەی موسڵمانان جنۆکەی کافر دەچێتە لەشیانەوە.
ابن عثيميين لە الشرح الممتع على زاد المستقنع دەڵێت:
أنَّ سيِّدَ الخزرج سعدَ بنَ عبادة رضي الله عنه بَالَ في جُحر بالشَّام، وما إن فرغ من بوله حتى استلقى ميِّتاً، فسمعوا هاتفاً يهتف في المدينة يقول:
نحنُ قَتَلْنا سَيِّدَ الخَزْرَجِ سَعْدَ بْنَ عُبَادَهْ
وَرَمَيْنَاهُ بسَهْمَيْنِ فلم نُخْطِئ فُؤادَهْ

گەورەی هۆزی خزرج، سعد بن عبادة ڕەزای اللهی لێبێت، لە شام لە ئاودەست میزی کرد، وە هەرکە لە میزکردنەکەی تەواو بوو ، یەکسەر کەوت و مرد، خەڵك گوێیان لە جنۆکە بوو هاواریان دەکرد و دەیانگوت:
ئێمە گەورەی خەزرەج سعد بن عبادەمان کوشت.
دوو تیرمان تێ گرت و ڕێك لە دڵیماندا.
سەیرکەن موسڵمانان یاوەرێك لە یاوەرەکانی محمد، چونکە میزی کردووە لە ئاودەست، جنۆکەکان کوشتوویانە.
دە کەواتە موسڵمانان، ئاودەستی ماڵەکانتان تێکبدەن و پابەندی محمدی پێغەمبەرتان بن.
لە کوێ پیسایی بکەن؟ وەك محمد و ژنەکانی و یاوەرەکان و ژنەکانیان لە دەشت و دەر.
لە صحیح البخاری هاتووە، دایکە عائیشة ڕەزای الله لە خۆی و لە باوکی بێت دەڵێت:
فخرجت مع أم مسطح قبل المناصع، وكان متبرزنا
ناوچەی مناصع (ناوچەیەکی چۆڵەوانی بوو) شوێنی گووکردنمان بوو.
وە هەروەها پێغەمبەر خۆی میزی لە چاڵ نەکردووە بەڵکو لە قاپ کردوویەتی، لە صحیح سنن ابوداود و النسائی و ابن حبان، ڕیوایەتێك هاتووە کە دەڵێت:
كان للنبي صلى الله عليه وسلم قدح من عيدان تحت سريره يبول فيه بالليل
پیغەمبەر لە قاپێك میزی دەکرد و لە ژێر قەرەوێلەکەی دادەنا.
موسڵمانان تکایە ئاودەستەکانتان تێکبدەن، ماڵەکانتان مەکەن بە مۆڵگەی جنۆکەکان.
ئایەتی ١٥ دوا ئایەتەکە کە جنۆکەکان قسە دەکەن.

## ئایەتی ١٦-١٧

وَأَلَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُم مَّاء غَدَقًا
لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا
اللهی عەرەب  و ئیسلام دەڵێت:

جا ئەگەر لەسەر ڕێبازەکەی ئیسلام جێگیر بن ئەوا بارانێکی زۆریان بەسەردا دەبارێنین، بۆ ئەوەی تاقییان بکەینەوە، وە هەر کەسێك خۆی بەدوور بگرێت لە یادکرنەوەی خوداکەی، ئەوا ئازارێکی ڕولەزیادی پێ دەچێژین.
ئایەتی ١٦ پێمان دەڵێت: بارانێکی زۆر دەبارێنین بۆ ئەوانەی ڕێبازی ئیسلام دەگرنە بەر. جا نازانم ئەو هەموو نوێژە بە بارانە لە پای چی؟
لە وڵاتانی کافر و ناموسڵمان کێشەی وشکەساڵی و بارانبارین و کەم ئاوی بوونی نییە، بەڵام لە وڵاتانی ئیسلامی ناوە ناوە وشکەساڵییە.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
وە ئەگەر جنۆکە سەرکێشەکان ڕێبازی ئیسلام بگرنە بەر و لەسەری جێگیر بن و بەردەوام بن، ئەوا بارانێکی زۆریان بۆ دەبارێنین، وە مەبەست لە بارانی زۆر ڕزقێکی زۆرە، هەروەك الله لە ئایەتی ٦٦ سوورەتی المائدة دەڵێت:
{وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا التَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ لَأَكَلُوا مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم}، واتە {ئەگەر جوو و مەسیحیەکان تەورات و ئینجیل و ئەوەی لە لایەن خوداکەیانەوە بۆیان دابەزیووە جێبەجێ بکەن، ئەوا لەسەرەوەیان و لە ژێر پێکانیان دەخۆن}، وە وەك ئایەتی ٩٦ سوورەتی الاعراف دەڵێت:
{وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَىٰ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ}، واتە {وە ئەگەر خەڵکی گوندەکان باوەڕ بێنن و بترسن، ئەوا دەرگایەکیان لە ئاسمان و زەویدا بۆ دەکەینەوە}.
واتە: الله بە جنۆکە کافرەکان دەڵێت، ئەگەر ئیمان بهێنن ئەوا بارانێکی زۆرتان بۆ دەبارێنین و ڕزقێکی زۆرتان پێ دەدەین. واتە ئێسقانێکی زۆر بە ئێوە و پاشەڕۆیەکی زۆر بە ئاژەڵەکانتان دەدەین.
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
وە ئەگەر سەرکێشەکان جێگیر بن لەسەر ڕێگای هەق و ڕاستی ئەوا ڕزقیان بۆ زۆر دەکەین، وە ژیانیان لە دونیا ئاسان دەکەین، (لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ) بۆ ئەوەی تیایدا تاقیان بکەینەوە.
وە سەبارەت بە {يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا}، بیروڕاکان جیاوازن سەبارە بە وشەی {صَعَدًا} وەك:

یەکەم: سزایەکی توندوتیژ و سەخت.
دووەم: چیایەکە لە دۆزەخ کە دەبێت بە سەریدا سەرکەوێت، هەروەك لە ئایەتی ١٧ سوورەتی المدثر هاتووە: سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا، واتە هیلاك و ماندووی دەکەم بە سەرکەوتن بەسەریدا.
تێبینیەك: لە سەرەتای ئایەتی ١٦ نووسراوە (أَلَّوِ)، ئەوە هەڵەیە و دەبێت بنووسرێت (أَن لَّوِ).

## ئایەتی ١٨

وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا
وە مزگەوتەکان بۆ اللهن، جا نەکەن نیزا بۆ کەسێك بکەن جگە لە الله
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
الله بە پیغەمبەرەکەی دەڵێت: بڵێ وەحیم بۆ هاتووە کە کۆمەڵێك جنۆکە گوێیان لە قورئان بووە و گوتوویانە: ئەی خەڵکینە مزگەوتەکان بۆ اللهن، نەکەن بانگیشە بۆ کەسیك بکەن جگە لە الله، وە نەکەن شرك لە شتێکدا بە الله بکەن، بەڵکو پابەندی یەکتایی بن بۆ الله، وە تەنها الله بپەرستن.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، قتادة گوتوویەتی:
(وأن المساجد لله فلا تدعوا مع الله أحدا) کاتێك جووەکان و مەسیحیەکان دەچوونە کەلیساکانیانەوە شرکیان بە الله دەکرد، لێرەدا الله فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات کە تەنها الله بپەرستێت.
وە ابن عباس گوتوویەتی، کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی جگە لە مزگەوتەکەی کەعبە (مسجد الحرام) و مزگەوتی ئیلیا (بیت المقدس) مزگەوتێکی تر بوونیان نەبووە.
لە صحیح البخاری فەرموودەیەك هاتووە، کە ابي الذر پرسیار لە محمد صلعم دەکات، کە کام مزگەوت یەکەم مزگەوت بوو کە لە زەویدا دروست کرا:
الْمَسْجِدُ الْحَرَامُ قَالَ قُلْتُ ثُمَّ أَيٌّ قَالَ الْمَسْجِدُ الْأَقْصَى قُلْتُ كَمْ كَانَ بَيْنَهُمَا قَالَ أَرْبَعُونَ سَنَةً
محمد لە وەڵامدا دەڵێت: یەکەم مزگەوت مزگەوتی کەعبە بوو. ابو ذر دەڵێت گوتم ئینجا کامە مزگەوت بوو؟ محمد دەڵێت مزگەوتی الاقصی. دەڵێت گوتم چەند ساڵ نێوانیان بوو؟ دەڵێت پێغەمبەر گوتی چل ساڵ.

مزگەوتی ئەقسا کە لە قودسە، عبدالملك بن مروان لە ساڵی ٧٣ کۆچی دروستی دەکات واتە ٦٣ ساڵ لە دوای مردنی محمد. ئومەویەکان کێشەی دەسەڵاتیان لەگەل عبدالله بن الزبیر دەبێت کە خەلافەتی خۆی لە حیجاز ڕادەگەیەنێت و دژایەتی بنی ئومەیە دەکات.

عبدالملك بن مروان مزگەوتی ئەقسا لە قودس دروست دەکات بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی شام لە حەجکردن بۆ مەککە.

لەبەر ئەوە محمد هەڵەی کردووە.

خۆ ئەگەر محمد مەبەستی هەیکەلی سلێمان بووبێت، وە ئەگەر پێی وابووبێت کە ابراهیم کەعبەی دروست کردووە، ئەوا ابراهیم ١٢٠٠ ساڵ پێش سلێمان بووە، کەواتە هەم دیسان محمد هەڵە بووە.

## ئایەتی ١٩

وَأَنَّهُ لَمَّا قَامَ عَبْدُ اللَّهِ يَدْعُوهُ كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا

وە کاتێك بەندەی الله نوێژی دابەست و نیزای بۆی کرد، خەریك بوو لەسەریدا گردببنەوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

لَمَّا سَمِعُوا النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتْلُوا الْقُرْآنَ كَادُوا يَرْكَبُونَهُ

ابن عباس گوتوویەتی: کاتێك جنۆکەکان گوێیان لە خوێندنەوەی قورئانی پێغەمبەر بوو خەریك بوو سواری بن.

وە لە مسند احمد و مجمع الزوائد للهیثمی و دلائل النبوة لابي نعیم، ڕیوایەتێکی ابن مسعود هاتووە، کە باسی شەوێك دەکات کە لەگەڵ محمد دەبێت.

كَأَنَّهُمْ الزُّطُّ، لَيْسَ عَلَيْهِمْ ثِيَابٌ وَلَا أَرَى سَوْآتِهِمْ طِوَالًا قَلِيلٌ لَحْمُهُمْ قَالَ فَأَتَوْا فَجَعَلُوا يَرْكَبُونَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ وَجَعَلَ نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقْرَأُ عَلَيْهِمْ

دەڵێت: کۆمەڵێك پیاوی "زط – ڕەش" کە جلیان لەبەر نەبوو و نێوگەڵیانم نەدەبینی و گۆشتێکی کەمیان هەبوو، هاتن سواری پێغەمبەر بوون کاتێك قورئانی دەخوێندەوە.

وە لە الدر لمنثور للسیوطی هاتووە، کە دەڵێت ابن مسعود گوتوویەتی

فَإِذَا رِجَالٌ سُودٌ كَأَنَّهُمْ رِجَالُ الزُّطِّ وَكَانُوا كَمَا قَالَ اللَّهُ تَعَالَى : كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا

ئەوە مانای ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت: خەریك بوو جنۆکەکان لەسەریدا کەڵەکە بکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

سعید بن جبیر و ابن زید سەبارەت بە ( كَادُوا يَكُونُونَ عَلَيْهِ لِبَدًا ) واللبد: شتێك لە سەر شتانێکی تر کۆبێتەوە و کەڵەکە بکات.

## ئایەتی ٢٠-٢١

قُلْ إِنَّمَا أَدْعُو رَبِّي وَلا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا

قُلْ إِنِّي لا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلا رَشَدًا

ئەی محمد بڵێ، بەڵکو من بانگێشەی خوداکەم دەکەم، وە شرکی پێ ناکەم

ئەی محمد بڵێ : من بۆ ئێوە نە زیانێکم هەیە، وە نە ڕێگای هیدایەت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە ئایەتی ٢١ دەڵێت: واتە لە ڕاستیدا من مرۆڤێکم وەك ئێوە، وە بەندەیەکم لە بەندەکانی الله، هیچ شتێك لە هیدایەتتان و بەلاڕێدابردنتان بە دەست من نییە، بەڵکو هەر هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ الله.

## ئایەتی ٢٢-٢٤

قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا

إِلاَّ بَلاغًا مِّنَ اللَّهِ وَرِسَالاتِهِ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا

حَتَّى إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ أَضْعَفُ نَاصِرًا وَأَقَلُّ عَدَدًا

واتە:

ئەی محمد بڵێ: هیچ کەسێك پەناگەم نادات جگە لە الله، وە هیچ کەسێك جگە لە الله پشتیوانم نییە.

من تەنها پەیامەکانی الله ڕادەگەیەنم، وە هەر کەسێك سەرپێچی الله و پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە، بۆ هەمیشە ئاگری دۆزەخی بۆ دەبێت.

تاوەکو ئەوە دەبینین کە بەڵێنیان پێدراوە – واتە کاتیك دۆزەخ دەبینن- ئەوسا دەزانن کە کێ پشتیوانی لاوازتر و ژمارەی کەمتر بوو.
ابن کثیر سەبارەت بە ئایەتی ٢٤ دەڵێت:
کاتێك موشریکەکان لە جنۆکە و مرۆڤ، ڕۆژی قیامەت دەبینن، ئەوسا دەزانن کە کێ پشتیوانیەکەی لاوازترە و ژمارەکەی کەمترە، واتە ئەوسا دەزانن کە ئەوان بەهێزترن و ژمارەیان زیاترە یان ئیماندارە یەکتاییەکان؟، واتە موشریکەکان بە هیچ پشتیوانیان نابێت، وە ژمارەی سەربازەکانی الله زیاتر دەبێت لە موشریکەکانی جنۆکە و مرۆڤ.
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
کاتیك بە چاوی خۆیان ئازار و ئەشکەنجە و ڕۆژی قیامەت دەبینین کە الله بەڵێنی پێیانداوە، ئەوسا دەبینن کە سەربازەکانی الله زیاترن یان ئەوان.

## ئایەتی ٢٥-٢٧

قُلْ إِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ مَّا تُوعَدُونَ أَمْ يَجْعَلُ لَهُ رَبِّي أَمَدًا
عَالِمُ الْغَيْبِ فَلا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا
إِلاَّ مَنِ ارْتَضَى مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُ يَسْلُكُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ رَصَدًا
ئەی محمد بڵێ: ئەگەر نزیك بێت ئەوەی بەڵێنتان پێدەدرێت- واتە ڕۆژی قیامەت، یان خوداکەم ڕۆژی قیامەت درێژ دەکاتەوە (دووری دەخاتەوە) هەر خۆی لە نادیار-غەیب- دەزانێت، وە کەس لە نهێنیەکانی ئاگادار ناکات، مەگەر پێغەمبەرێك نەبێت کە خۆی لێی ڕازیە، ئەوسا الله فریشتە لە پێشیدا و لە دواوەیدا دەچنێت بۆ بەربەرچ دانەوە (بۆ پاراستنی)
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
ئەی محمد، بە موشریکەکانی قەومەکەت بڵێ: نازانم ئەو ئەشکەنجەیە و ڕۆژی قیامەتەی کە خوداکەم بەڵێنی پێتان داوە نزیکە، وە یان ماوەکەی دوورخستۆتەوە؟
چونکە هەر خۆی لە نادیارەکان و غەیب دەزانێت، وە ڕێگا بە هیچ کەسێك نادات کە ئاگاداری نهێنیەکانی بێت، مەگەر پێغەمبەرێك نەبێت کە الله خۆی لێی

رازیە، ئینجا الله فریشتەی پاسەوان لە پێشی و لە دواوەی ئەو پێغەمبەرە دادەنێت بۆ پاراستنی.
القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:
الله پێش و پاشی ئەو پێغەمبەرە دەتەنێت بە فریشتە بۆ پاراستنی بۆ ئەوەی شەیتان نەتوانێت لێی نزیك بێتەوە.
وە دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی: فریشتە لە پێش و لە پاش دەیپاریزن لە جنۆکە و شەیتانەکان.
چەند خاڵێك سەبارەت بەم ٣ ئایەتە:
یەکەم: محمد دەڵێت، من غەیب نازانم، کەواتە هەموو ئەو فەرموودانەی کە هاتوون و گوایە محمد ئاماژەی بە داهاتوو کردووە درۆن و دروست کراون.
وە ئایەتی ١٨٨ سوورەتی العراف تەئکید دەکاتەوە کە محمد لە غەیب نازانێت:
وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ
دەڵێت: ئەگەر لە نهێنیەکانم (غەیب) بزانیایە، ئەوا لە چاکەکانم زۆر دەکرد.
(بگەڕێوە بۆ سوورەتی الاعراف)
وە ئایەتی ٥٠ سوورەتی الانعام، تەئکید دەکاتەوە کە محمد لە غەیب نازانێت:
قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ
ئەی محمد بڵێ، پێتان ناڵێم کە گەنجینەکانی اللەم لایە و لە غەیب دەزانم
دووەم: الله پێغەمبەرێك بە غەیب ئاشنا دەکات کە لێی ڕازیە.
واتە: هەندێك پێغەمبەر هەن کە الله لێیان ڕازی نییە.جا دەبێت الله اکبر چ جۆرە خودایەك بێت کە پێغەمبەرانێك بنێرێت لە هەمان کاتدا خۆشی لێیان ڕازی نییە.
هەر بە ڕاستی سەیرە. کەچی دەیاننێرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ ئیمانیان پێ بێنن.
ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە الله لە محمد ڕازی نەبووە، هەر لەبەر ئەوەش بە غەیب ئاشنای نەکردووە.
بەڵام الله لە المسیح کوڕی مریەم ڕازی بووە، چونکە بە اعترافی قورئان، المسیح لە غەیبی زانیووە، وەك ئایەتی ٤٩ سوورەتی ال عمران سەبارەت بە المسیح (عیسا) دەڵێت:

وَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ
وە پێتان ڕادەگەیەنم کە چی دەخۆن و چیتان لە ماڵەکانتان کۆگایی کردووە.
واتە المیسح لە غەیبی زانیووە، بۆچی؟ چونکە اللە لێی ڕازیی بووە. محمد غەیبی نەزانیووە. بۆچی؟ چونکە اللە لێی ڕازیی نەبووە.
پرسیار: کەواتە چۆن محمد اشرف الانبیاءە؟
سێهەم: ئەم ئایەتانە دەڵێن، وە هەر پێغەمبەرێك اللە لێی ڕازیی بێت ئەوا فریشتە دەکات بە پاسەوانی لە پێش و لە دواوەی، بۆ بەرپەرچ دانەوەی شەیتانەکان لە جنۆکە و مرۆڤ.
اللە فریشتەی بۆ محمد دانەناوە. وە محمد بەردەوام گیرۆدەی دەستی شەیتان بووە.( بگەرێنەوە بۆ ئایەتی شەیتانی لە سورەتی النجم کە شەیتان دەق بۆ محمد دادەبەزێنێت و محمد وادەزانێت جبرایلە).
وە شەیتان واز لە محمد ناهێنێت تاوەکو اللە یارمەتی محمد دەدات و دەیکەن بە موسڵمان.
وە ئەگەر محمد فریشتە لە پێش و لە دواوەی بیانپاراستبایە ئەوا لە شەڕی ئوحد بریندار نەدەبوو.
وە ئەگەر فریشتە محمدیان بپاراستایە ئەوا ژنێکی جوو لە خەیبەر ژەهر خواردی نەدەکرد.
وە محمد بەردەوام چەندەها پاسەوانی مرۆڤی هەبووە. یەکێك لەو پاسەوانانە ابو ایوب الانصاری بووە.
وە دەیەها بەڵگەی تر کە لە شوێنی پێویستی ئەم پەرتووکە ئاماژەی پێ دەکەین.

# ئایەتی ٢٨

لِيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُوا رِسَالاتِ رَبِّهِمْ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيْهِمْ وَأَحْصَى كُلَّ شَيْءٍ عَدَدًا
اللەی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەتە دەڵێت:
وە پاسەوان لە پێش و لە دواوەی ئەو پێغەمبەر دادەنێنین بۆ ئەوەی بزانین کە پەیامەکانی خوداکەی گەیاندووە، وە دەورەی ئەوەی داوە کە دەیکەن، وە اللە هەموو شتێکی بە ژمارە هەژمار کردووە.

ئەم دەقە تەئکید دەکاتەوە کە کارێك لە کارەکانی فریشتە پارێزەرەکان ئەوەیە کە پێغەمبەرەکە پەیامی خوداکەی دەگەیەنێت. ئایەتی ٦٧ المائدة دەڵێت، محمد پەیامی خوداکەی نەگەیاندووە، هەڵبەتە، چونکە فریشتەی پارێزەری نەبووە، ئایەتەکە دەڵێت:
يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۖ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ ۚ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ
ئەی پێغەمبەر، ئەوە ڕابگەیەنە کە لە لایەن خوداکەتەوە بۆت دابەزیووە، وە ئەگەر ئەم کارە نەکەیت ئەوا پەیامی خوداکەت نەگەیاندووە، وە مەترسە الله لە خەڵك دەتپاریزێت.
واتە پەیامێك لە خوداکەی محمد بۆ محمد هاتووە، بەڵام محمد لە ترسی خەڵك نەوێراوە ڕایبگەیەنێت. بۆ لە ترسی خەڵك؟ چونکە فریشتەی پاریزەری نەبووە. بۆ نەیبووە؟ چونکە الله لێی ڕازیی نەبووە.
ئینجا گاڵتەجارێکی ئەم دەقە ئەوەیە، الله دەڵێت فریشتەی پاریزەرمان داناوە لە پێش و پاشی پێغەمبەر، بۆ ئەوەی بزانین کە ئەو پەیامانە دەگەیەنێت کە الله بۆی دادەبەزێنێت. واتە الله نازانێت
(ليعلم) واتە بۆ ئەوەی بزانێت. کەواتە الله نازانێت.
موفەسیرەکان هەموو هەوڵیکیان داوە بۆ پینەکردنی وشەی (ليعلم)، وەك ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، پێنج وتەوت هەیە:
یەکەم: (ليعلم)، واتە بۆ ئەوەی محمد بزانێت کە جبرائیل پەیامەکەی پێ گەیاندووە.
واتە ئایەتەکە بەم شێوەیەی لێ دێت: بۆ ئەوەی محمد بزانێت کە جبرائیل پەیامەکانی خوداکەی ڕاگەیاندووە.
کێشەکە گەورەتر دەبێت: واتە جبرائیل فریشتەیەکی "امين" نەبووە لە گەیاندنی پەیامی خوداکەی.
دووەم: (ليعلم)، بۆ ئەوەی محمد بزانێت کە پێغەمبەرانی پێش خۆی پەیامەکەیان گەیاندووە.
هەمان کێشە دێتە ئاراوە.

سێهەم: بۆ ئەوەی نکۆڵی کەران لە پیغەمبەرایەتی بزانن کە پیغەمبەر پەیامەکەی گەیاندووە.
چوارەم: بۆ ئەوەی الله بزانێت، بۆ ئەوەی پاداشتی بداتەوە.
پێنجەم: بۆ ئەوەی پێغەمبەر بزانێت کە نێردراوی الله (واتە جبرایل)هاتووە بۆ لای.
دەقەکە زۆر ڕۆشنە و دەڵێت:
لِيَعْلَمَ أَن قَدْ أَبْلَغُوا رِسَالاتِ رَبِّهِمْ
بۆ ئەوەی الله بزانێت کە پەیامەکانی خوداکەیان ڕاگەیاندووە.
ئیسلام لەسەر بنەمای درۆ و کوشتن و نیکاح بنیات نراوە و هەر لەسەر بنەمای درۆ و هەرەشە و کوشتن و نیکاح تا ئێستا بەردەوام بووە.
وە درۆکردن لە پێناو خودایەکی وەهمی و محمد و ئیسلام نەك هەر حەرام نییە، بەڵکو درۆکەر و درۆزان پاداشتیش بە درۆکردن وەردەگرێت.

کۆتایی سوورەتەکە.

# (٤٢)

# سوورەتی یس (یاسین)

١-**یس**

سوێند بە یاسین.

٢-**وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ**

وە سوێند بە قورئانی ژیرمەند.

٣-**إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ**

بە ڕاستی تۆ لە نێردراوەكانیت.

٤-**عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ**

لە سەر ڕێگای ڕاستیت.

٥-**تَنزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ**

العزیز الرحیم دایبەزاندووە.

٦-**لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ**

بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵكانێك كە باوكانیان ئاگادارنەكراونەتەوە لەبەر ئەوە ئەوانە بێئاگابوون.

٧-**لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ**

بەڵێنەكەی بەسەر زۆربەیان دێتە دی، چونكە ئەوانە بڕوا ناهێنن.

٨-**إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلالاً فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ**

لە ڕاستیدا ئێمە كۆتوبەندمان كردۆتە ملیانەوە كە تاوەكو چەناگەیان هاتووە، لەبەر ئەوە ئەوانە سەریان بەرزڕاگیراوە.

٩-**وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ**

وە لە پێشیان بەربەستێك و لە دواوەیان بەربەستێكمان داناوە، پەردەمان هێناوە بەسەریاندا، لەبەر ئەوە نابینن.

١٠-**وَسَوَاء عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ**

وە بۆیان وەك یەكە ئەگەر ئاگاداریان بكەیتەوە یان نەكەیتەوە ئەوا باوەڕ ناهێنن.

١١-**إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ وَخَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ**

لە ڕاستیدا ئەوەیان بێداردەكرێتەوە كە پیادەی زیكر دەكات و بە نهێنی لە الرحمان دەترسێت، جا مژدە بەوەیان بدە بە لێبوردەیی و پاداشتێكی نایاب.

١٢-**إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ**

لە ڕاستیدا هەر ئێمە مردوو زیندوودەكەینەوە و ئەوانەی پێشكەشیان كردووە و بەجێیان هێشتووە دەنووسین، وە هەموو شتێك لە تۆمارێكی ڕووندا هەژمار دەكەین.

١٣-**وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلاً أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءَهَا الْمُرْسَلُونَ**

وە نمونەی خەڵكی گوندەیان بۆ بێنەوە كە نێردراوانیان بۆ هات.

١٤-**إِذْ أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوا إِنَّا إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ**

كە دوو دانە نێردراومان بۆیان نارد، ئەوەبوو نكۆڵیان لێیان كرد، ئینجا یەكسەر بە سێهەم دانە پشتیوانیمان لە دوو دانەكە كرد، گوتیان ئێمە بۆ ئێوە نێردراوین.

١٥-**قَالُوا مَا أَنتُمْ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَا أَنزَلَ الرَّحْمَن مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ تَكْذِبُونَ**

گوتیان ئێوە شتێك نین جگە لەوەی وەك ئێمە مرۆڤن، وە الرحمان لە هیچ شتێكی دانەبەزاندووە، لە ڕاستیدا ئێوە تەنها درۆ دەكەن.

١٦-**قَالُوا رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّا إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ**

گوتیان خوداكەمان دەزانێت كە ئێمە بەڕاستی بۆ ئێوە نێردراوین.

١٧-**وَمَا عَلَيْنَا إِلاَّ الْبَلاغُ الْمُبِينُ**

وە هیچمان لەسەر نییە تەنها ئاگاداركردنەوەیەكی ڕوونی ئێوە نەبێت.

١٨-**قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِن لَّمْ تَنتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ**

گوتیان ئێمە بە ئێوە تووشی شوم دەبین، وە ئەگەر كۆتایی پێ نەهێنن، سوێند بێت بەردبارانتان بكەین و سوێند بێت لە ئێمەوە ئەشكەنجەیەكی ئازاربەخشتان پێ بگات.

**١٩-قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ أَئِن ذُكِّرْتُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ**

گوتیان شوم لەگەڵ خۆتاندایە، ئایا ئەگەر ( اللّٰەتان)بەیادتان بهێنرێتەوە (شومە)؟ لە ڕاستیدا ئێوە خەڵکانێکی لە خۆدەرچوون.

**٢٠-وَجَاءَ مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ**

وە لەوپەڕ شارەکە پیاوێك بە گورجی دەهات، گوتی: ئەی قەومەکەم شوێن نێردراوەکان بکەون.

**٢١-اتَّبِعُوا مَن لاَّ يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ**

شوێن ئەوە بکەون کە داوای کرێتان لێ ناکات، وە ئەوانە خۆیان ڕێنماییکراون.

**٢٢-وَمَا لِي لاَ أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ**

جا بۆچی ئەوە نەپەرستم کە منی بەدیهێناوە، وە هەر بۆ ئەو دەگەڕێنەوە.

**٢٣-أَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِ آلِهَةً إِن يُرِدْنِ الرَّحْمَن بِضُرٍّ لاَّ تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلاَ يُنقِذُونِ**

ئایا جگە لە ئەو خوداوەند بەخۆمەوە بگرم، ئەگەر الرحمان بیەوێت زیانێکم بەسەردا بهێنێت، شەفاعەتی ئەوانە هیچ سوودێکی نابێت و ناتوانن ڕزگارم بکەن.

**٢٤-إِنِّي إِذًا لَّفِي ضَلالٍ مُّبِينٍ**

دەکەواتە لە ڕاستیدا من لە گومڕاییەکی ڕووندام.

**٢٥-إِنِّي آمَنتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ**

لە ڕاستیدا من باوەڕم هێنا، جا ئێوە گوێ بگرن.

**٢٦-قِيلَ ادْخُلِ الْجَنَّةَ قَالَ يَا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ**

پێی گوترا: بڕۆ بەهەشتەوە، گوتی: خۆزگە قەومەکەم بیانزانیایە.

**٢٧-بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ**

بەوەی خوداکەم لێیبووریم، وە منی کردە یەکێك لە ڕێزدارەکان.

**٢٨-وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى قَوْمِهِ مِن بَعْدِهِ مِنْ جُندٍ مِّنَ السَّمَاء وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ**

وە لە دوای ئەو، هیچ سەربازێکمان لە ئاسمان بۆ قەمەکەی دانەبەزاند، وە هەر شتێك کە پێشوو داماندەبەزاند.

**٢٩-إِن كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ**

جا جگە لە گەرمیەك هیچی تر نەبوو، ئینجا یەكسەر دامركانەوە و مردن.

٣٠-**يَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِؤُون**

ئاخ لە دەست بەندەكانم، پێغەمبەر نییە بۆیان نەیەت كە گاڵتەیان پێ نەكردبێت.

٣١-**أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنْ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لاَ يَرْجِعُونَ**

ئەی نابینن كە چەندەها نەوەمان لە پێش ئەوان قڕكرد، وە ئەوانە بۆ لێیان ناگەڕێنەوە.

٣٢-**وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ**

وە هەر هەموو كۆمەڵێك لای ئێمە ئامادە دەكرێن.

٣٣-**وَآيَةٌ لَّهُمُ الأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ**

وە نیشانەیەك بۆیان، زەوی مردبوو، بووژاندمانەوە،ئینجا دانەوێڵەمان لێی دەركرد كە لێیەوە دەخۆن.

٣٤-**وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنْ الْعُيُونِ**

وە تیایدا باخاتمان لە دارخورما و مێو هێنایە ئاراوە، وە كانیاوەكانمان تیادا تەقاندەوە.

٣٥-**لِيَأْكُلُوا مِن ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلا يَشْكُرُونَ**

بۆ ئەوەی لە بەرووبوومەكەی و ئەوەی دەستەكانیان دروستی كردووە بخۆن، دەسا هێشتا سوپاسگوزار نابن؟

٣٦-**سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لا يَعْلَمُونَ**

شكۆمەندە ئەوەی هەموو ئەو جووتانەی دروستكردووە كە لە زەویدا دەڕوێن، وە لە خودی خۆیان، وە لەوانەی كە لێی بێئاگان.

٣٧-**وَآيَةٌ لَّهُمْ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ**

وە نیشانەیەك بۆیان شەوە، كە ڕۆژی لێ دادەماڵین، ئینجا یەكسەر بۆیان تاریك دەبێت.

٣٨-**وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ**

وە خۆر بۆ شوێنی جێگیربوونی دەڕوات، وە ئەوە بڕیاری(الله)ی دەسەڵاتدار زانایە.

**٣٩-وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ**

وە مانگ قۆناغمان بۆی دیاری کردووە تاوەکو وەك لقێکی کەوانەیی وشکی دارخورما دەگەڕێتەوە.

**٤٠-لا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ**

نابێت کە خۆر فریای مانگ بکەوێت، وە نابێت شەو پێش ڕۆژ بکەوێت،وە هەر هەموویان لە ئاسمانێك مەلە دەکەن.

**٤١-وَآيَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ**

وە نیشانەیك بۆیان؛ لە ڕاستیدا ئێمە وەچەکانیانمان لە کەشتیەکی بارکراو هەڵگرت.

**٤٢-وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِ مَا يَرْكَبُونَ**

وە شتی هاوچەشنی کەشتیەکەمان بۆیان دروستکرد کە سواری دەبن.

**٤٣-وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلا صَرِيخَ لَهُمْ وَلا هُمْ يُنقَذُونَ**

وە ئەگەر ئارەزوو بکەین ئەوا نوقمیان دەکەین، نە فریادڕەسیان دەبێت وە نە ڕزگار دەکرێن.

**٤٤-إِلاَّ رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ**

تەنها وەك ڕەحمەتێك لە ئێمەوە نەبێت، وە خۆشیکردن بۆ ماوەیەك.

**٤٥-وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّقُوا مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ**

وە کاتێك پێیان دەگوترێت، لەوەی لە پێشتانە و لەوەی لە دواتانە خۆتان بپارێزن، بەشکو ڕەحمتان پێ دەکرێت.

**٤٦-وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلاَّ كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ**

وە هیچ نیشانەیەك نییە لە نیشانەکانی خوداکەیان کاتێك بۆیان دێت، پشتی لێ نەکەن.

**٤٧-وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقَكُمْ اللَّهُ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَاءُ اللَّهُ أَطْعَمَهُ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ فِي ضَلالٍ مُّبِينٍ**

وە کاتێك پێیان دەگوترێت، لەو بژێویەی الله پێیداون ببەخشن، ئەوانەی کافرن بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە دەڵێن، ئایا خۆراك بەوانە بدەین کە ئەگەر الله بیویستایە خۆراکی پێیان دەدا؟ لە ڕاستیدا ئێوە لە گومڕاییەکی ڕوندان.

٤٨-**وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ**

وە دەڵێن کەی ئەم بەڵێنەیە، ئەگەر هاتوو ڕاستگۆن.

٤٩-**مَا يَنظُرُونَ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ**

چاوەڕێی هیچ ناکەن تەنها یەك گرمە نەبێت، دەیانگرێت کاتێك مشتومڕ دەکەن.

٥٠-**فَلا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلا إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ**

ئەوسا ناتوانن نە ڕاسپاردە بکەن، وە نە بۆ لای خانەوادەکانیان بگەڕێنەوە.

٥١-**وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ الأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ**

وە لە کەڕەناکە فوکرا، ئەوسا یەکسەر لە گۆڕەکانیانەوە بۆ لای خوداکەیان بە شڵەژاوی دەڕۆن.

٥٢-**قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ**

گوتیان ئەی هاوار لە خۆمان کێ ئێمەی لە گۆڕەکانمان زیندووکردۆتەوە، ئەوە (ئەو ڕۆژەیە) کە الرحمان بەڵێنی دابوو وە نێردراوەکانیان ڕاستیان کرد.

٥٣-**إِن كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ**

تەنها یەك گرمەیە، ئینجا هەر هەموویان لای ئێمە ئامادە دەکرێن.

٥٤-**فَالْيَوْمَ لا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَلا تُجْزَوْنَ إِلاَّ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ**

ئینجا لەم ڕۆژەدا هیچ خودێك بە هیچ شتێك ستەمی لێ ناکرێت، وە تەنها بەوە پاداشت دەکرێنەوە کە دەیانکردن.

٥٥-**إِنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ الْيَوْمَ فِي شُغُلٍ فَاكِهُونَ**

وە پیاوانی بەهەشت لەو ڕۆژەدا بە خۆشیەوە سەرقاڵن.

٥٦-**هُمْ وَأَزْوَاجُهُمْ فِي ظِلالٍ عَلَى الأَرَائِكِ مُتَّكِؤُونَ**

خۆیان و هاوسەرەکانیان لە سێبەردا لە سەر قەنەفە پاڵیان داوەتەوە.

٥٧-**لَهُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ**

تیایدا بۆیان میوە، وە هەر شتێك داوای بکەن هەیە.

**٥٨-سَلامٌ قَوْلا مِن رَّبٍّ رَّحِيمٍ**

له خودای میهرەبان سڵاوێکیان بۆ دێت.

**٥٩-وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ**

وە لەم ڕۆژەدا خۆتان دەرخەن ئەی تاوانباران.

**٦٠-أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ**

ئەی پەیمانم لێتان وەرنەگرت ئەی نەوەکانی ئادەم کە شەیتان نەپەرستن؟ ئەو بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە.

**٦١-وَأَنْ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ**

وە من بپەرستن، ئەوە ڕێگای ڕاستمە.

**٦٢-وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ**

وە نەوەیەکی زۆری لە ئێوە گومڕا کرد، ئەی بۆچی درکتان نەدەکرد؟

**٦٣-هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ**

ئەوە دۆزەخەکەیە کە بەڵێنیتان پێدرابوو.

**٦٤-اصْلَوْهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ**

ئیمڕۆ بیخەنە ناویەوە بەهۆی ئەوەی کوفرتان پێی دەکرد.

**٦٥-الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ**

ئیمڕۆ مۆر دەنێین بەسەر دەمیاندا، وە دەستەکانیان قسەمان بۆ دەکەن و قاچەکانیان شایەتیمان بۆ دەدەن سەبارەت بەوەی بەدەستیان دەهێنا.

**٦٦-وَلَوْ نَشَاء لَطَمَسْنَا عَلَى أَعْيُنِهِمْ فَاسْتَبَقُوا الصِّرَاطَ فَأَنَّى يُبْصِرُونَ**

جا خۆ ئەگەر بمانەوێت چاوەکانیشیان دەسڕینەوە، ئەوسا کە لە ڕێگاکە پێشبڕکێ دەکەن، چۆن دەتوانن ببینن؟

**٦٧-وَلَوْ نَشَاء لَمَسَخْنَاهُمْ عَلَى مَكَانَتِهِمْ فَمَا اسْتَطَاعُوا مُضِيًّا وَلا يَرْجِعُونَ**

وە ئەگەر ئارەزوو بکەین لە شوێنی خۆیان ڕەقیان دەکەینەوە، ئەوسا نەتوانن نە بێنە پێش و نە بچنە دواوە.

**٦٨-وَمَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ أَفَلا يَعْقِلُونَ**

وە هەر کەسێك کە تەمەنی زۆری پێ دەدەین، ئەوا نابودی دەکەین.

٦٩-**وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُّبِينٌ**
وە ئێمە محمدمان فێرە شیعر نەکردووە، وە بۆیشی نییە، لە ڕاستیدا ئەوە تەنها یادهێنانەوەیەك و قورئانێکی ڕوونە.
٧٠-**لِيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا وَيَحِقَّ الْقَوْلُ عَلَى الْكَافِرِينَ**
بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی زیندوون، وە بۆ هاتنە دی وتەکە بەسەر کافرەکان.
٧١-**أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُمْ مِمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَا أَنْعَامًا فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ**
ئەی نەیانبینیووە کە ئێمە لە ڕاستیدا بە کاری دەستەکانمان مەڕومالاتمان بۆیان دروستکردووە، وە ئەوان بوون بە خاوەنیان.
٧٢-**وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ**
وە بۆیان دەستەمۆمان کردوون، سواری هەندێکیان دەبن و لە هەندێکیان دەخۆن.
٧٣-**وَلَهُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَمَشَارِبُ أَفَلا يَشْكُرُونَ**
وە لێیان سوود دەبین و دەخۆنەوە، دەسا هێشتا سوپاسمان ناکەن؟
٧٤-**وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لَعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ**
وە جگە لە الله، خوداوەند بەخۆتانەوە دەگرن بەشکو سەریان بخەن؟
٧٥-**لا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ**
وە ناتوانن سەریان بخەن، وە خۆیان بۆیان بوون بە سەربازێکی ئامادەباش.
٧٦-**فَلا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ**
وتەکانیان دڵتەنگت نەکا، لە ڕاستیدا ئێمە دەزانین کە چی دەشارنەوە و چی ئاشکرا دەکەن.
٧٧-**أَوَلَمْ يَرَ الإنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ**
ئەرێ ئەوە مرۆڤ نابینێت کە لە ڕاستیدا ئێمە لە تۆواوێك دروستمانکردووە، کەچی ئێستا لێمان بووە بە دووژمنێکی ئاشکرا.
٧٨-**وَضَرَبَ لَنَا مَثَلا وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ**
وە نموونەمان بۆ دێنێتەوە لە کاتێکدا دروستکردنی خۆی لە بیرکردووە و گوتی: کێ ئەم ئێسقانە زیندوو دەکاتەوە لە کاتێکدا بوون بە خۆڵ؟

**٧٩-قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ**
بڵێ ئەوەیان زیندووی دەکاتەوە کە یەکەم جار دروستی کردووە، وە خۆی لە هەموو دروستکردنێك شارەزایە.
**٨٠-الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ**
ئەوەی کە لە درەختی سەوز ئاگری بۆتان هێناوەتە ئاراوە، کە ئێوە لە ئەو ئاگر هەڵدەگیرسێنن.
**٨١-أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُم بَلَى وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ**
ئایا ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، توانایی نییە کە وەك نموونەی ئەوان دروستکاتەوە؟ بەڵێ وە هەر خۆی لە دروستکردندا شارەزایە.
**٨٢-إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ**
هەڵبەتە هەر کاتێك شتێکی بۆ بێتە پێش و بیەوێت بیکات ئەوا پێی دەڵێت ببە وە یەکسەر دەبێت.
**٨٣-فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ**
دە شکۆمەندە ئەوەی شانشینی هەموو شتێکی بەدەستە، وە بۆ ئەو دەگەڕێنەوە.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١-٥

یس، وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ، إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ، عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ، تَنزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ

اللهی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ١-٢ سوێند دەخوات بە: یاسین و قورئانی ژیرمەند.

لە وەڵامی ئەو دوو سوێندەی دەڵێت:

بە دڵنیاییەوە ئەی محمد تۆ لە نێردراوەکانیت و لەسەر ڕێگای ڕاستیت.

ئینجا دەڵێت: دابەزێندراوە لە لایەن اللهی العزیز الرحیم.

لەگەڵ ئەوەش اللهی عەرەب و ئیسلام سوێند بە (یس) دەخوات، بەڵام یاوەرەکان و تابعین و شرۆڤەکاران، سەبارەت بە ماناکەی ناکۆکن. ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە مانای (یس) پێنج وتەوت هەیە:

یەکەم: ابن عباس،الحسن، وسعید بن جبیر، وعکرمة، ومقاتل گوتوویانە "یس" واتە ئەی مرۆڤ بە زمانی حەبەشی.

دووەم: ابن عباس گوتوویەتی "یس" ناوێکە لە ناوەکانی الله، وە الله سوێندی پێی خواردووە.

سێهەم: ابن الحنفیة، والضحاك گوتوویانە ناوێکە لە ناوەکانی پێغەمبەر واتە مەبەستی الله لە "یس"، واتە ئەی محمد.

چوارەم: الحسن گوتوویەتی"یس" واتە ئەی پیاو.

پێنجەم: قتادة گوتوویەتی"یس" ناوێکە لە ناوەکانی قورئان.

پوختە: واتە "یس" ناوی الله و ناوی محمدە و ناوی قورئانە.

من پێم وایە اللهی عەرەب و ئیسلام سوێند بە ئیلیاس "ئیلیا' دەخوات.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەرتووکی پیرۆزی جووەکان دەبینین" إلیا" کە عەرەب بە " إلیاس" ناوی دەبەن، پێغەمبەرێکی مەزنی بنی ئیسرائیل بووە و خاوەن چەندەها موعجیزە بووە.

وە هەروەها لە پەرتووکی ملاخی، کە دوا پەرتووکی پیرۆزی جووەکان هاتووە، دەڵێت:

بەرلەوەی ڕۆژی گەورە و ترسناکی یەزدان بێت، من ئەلیاسی پێغەمبەرتان بۆ دەنێرم.

وە لە پەرتووکی پیرۆز- پەیمانی نوێ هاتووە کە یوحنا معمدان (کە قورئان بە ناوی یحیا کوڕی زەکەریا ناوی دەبات) کە یوحنا بە ڕۆح و هێزی ئیلیاس پێش المسیح (عیسا) هاتووە.

وە لە ٣ ئایەتی قورئاندا ئاماژە بە " إلیاس" کراوە:

وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ، (ئایەتی ١٢٣ سوورەتی الصافات).

وە بە دڵنیاییەوە ئیلیاس لە نێردراوەکان بوو.

وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِنَ الصَّالِحِينَ، (ئایەتی ٨٥ سوورەتی الانعام).

وە زەکەریان و یحیا و عیسا و ئیلیاس، هەر هەموویان لە پیاوچاکەکان بوون.
ئایەتی ١٣٠ سوورەتی الصافات دەڵێت:
سَلَامٌ عَلَىٰ إِلْ يَاسِينَ
سڵاو لە خودای یاسین
(إِلْ) واتە خودا، (يَاسِينَ) واتە (یس) واتە (ئیلیاس).
وە "إِلْيَاسِ" واتە خوداکەم یەهوەیە، وە بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆزی جووەکان و زمانی عیبری "الیا" یان "الیاس" واتە خوداکەم یەهوەیە.
وە لە شرۆڤەی سوورەتەکانی پێشوو، گوتمان وشەی "قورئان" وشەیەکی سریانی ئارامیە کە لە "قریانە" واتە "خوێندنەوەی دەقی پیرۆز" وەرگیراوە.
واتە اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:
سوێند بە ئیلیاس و سوێند بە خوێندنەوەی دەقی پیرۆزی ژیرمەند.
ئینجا لە ئایەتی ٣-٤ دەڵێت:
ئەی محمد، هەر بە ڕاستی تۆ لە نێردراوەکانیت و لەسەر ڕێگای ڕاستیت.
ئینجا لە ئایەتی ٥ دەڵێت:
ئەم دەقانە (قورئان) دابەزینێکە لە الله العزیز الرحیم.
الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە شرۆڤەی ئایەتی ٥ دەڵێت:
ئەی محمد، تۆ یەکێکیت لە نێردراوانی خودای بەدەسەڵات بۆ تۆڵەسەندن لە کافرەکان، وە ڕەحمەتکردن بە کەسانێك کە تۆبە دەکەن و لە کوفرەکەیان و خراپەکاریەکەیان پەشیمان دەبنەوە.
القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:
" العزیز ": واتە تۆڵەسێنەرە لە کەسانێك کە ناکۆکن بە فەرمانەکانی" الرحیم ".
واتە بە ڕەحمەتە بەرامبەر بە کەسانێك کە ملکەچی دەبن.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
(تَنْزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ) واتە ئەم ڕێگا و ڕێباز و ئاینە کە من هێناومە لە لایەن خودای عەزیزەوە دابەزیووە بە ڕەحمەتە بۆ بەندە باوەڕدارەکانی.

# ئایەتی ٦

لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ

ئەم قورئانە دابەزێندراوە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکانێك کە پێشوو باوکانیان ئاگادار نەکراونەتەوە، لەبەر ئەوە خۆیان بێئاگان.

واتە: قورئان بۆ عەرەبە.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

لَمْ يُنْذَرْ آبَاؤُهُمْ، لِأَنَّ قُرَيْشًا لَمْ يَأْتِهِمْ نَبِيٌّ قَبْلَ مُحَمَّدٍ

باوکانیان ئاگادار نەکراونەتەوە، چونکە قورەیش پێش محمد پێغەمبەریان بۆ نەهاتبوو.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

( لِتُنْذِرَ قَوْمًا مَا أُنْذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ ) يَعْنِي بِهِمُ الْعَرَبَ، فَإِنَّهُ مَا أَتَاهُمْ مِنْ نَذِيرٍ مِنْ قَبْلِهِ

واتە عەرەب، چونکە پێشووتر نێردراویان بۆ نەهاتبوو.

وە زۆر دەق لە قورئاندا تەئکید دەکەنەوە کە قورئان و محمد تەنها بۆ عەرەبن.

ڕەنگ بێت کەسێك بڵێت، ئەی ئایەتی ١٥٨ سوورەتی الاعراف ناڵێت:

قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا

ئەی محمد بڵێ، ئەی خەڵکینە لە ڕاستیدا من پێغەمبەری اللهم بۆ ئێوە گشتتان.

مەبەست لەم دەقە ئەوەیە کە محمد تەنها بۆ قورەیش نەنێردراوە بەڵکو بۆ هەموو هۆز و خێڵ و تیرەکانی عەرەب نێردراوە.

چونکە قورئان پێمان دەڵێت کە پێغەمبەرانی عەرەبی زمان وەك صالح و هود و شعیب، تەنها بۆ هۆزەکانیان نێردرابوون.

صالح بۆ هۆزی ثمود نێردرابوو، هود بۆ هۆزی عاد نێردرابوو، شعیب بۆ ناوچەی مدین نێردرابوو. بەڵام محمد تەنها بۆ قورەیش نەنێردراوە بەڵکو بۆ هەموو تیرە و هۆز و خێڵەکانی عەرەب نێردراوە.

پرسیارێکی لۆجیکی:

ئەم دەقە دەڵێت، (مَا أُنْذِرَ آبَاؤُهُمْ- باوکانیان ئاگادار نەکرابوونەوە) ئەی عیسا پێغەمبەر نەبوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی؟ کەواتە چۆن ئاگادار نەکرابوونەوە. وە ئەو

کاتەی محمد خۆی وەك پێغەمبەرێك ڕاگەیاند، لە دوورگەی عەرەبی وە بەتایبەتی ناوچەی نجران، سەرتاپایان مەسیحی بوون.
جا شرۆڤەکاران نازانن بە چ پینەو پەڕۆیەك خۆیان لەم فەڵتەیەی قورئان ڕزگار بکەن. ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە {مَا أُنْذِرَ آبَاؤُهُمْ} دوو وتەوت هەیە:
یەکەم: (ما) نەفییە واتە باوکانیان ئاگادار نەکرابوونەوە.
دووەم: (ما) واتە (كمَا أُنْذِرَ آبَاؤُهُمْ- هەروەك چۆن باوکیانیان ئاگادار کرابوونەوە}.
بەڵام ئەگەر دەقەکە بە تەواوی بخوێنیتەوە ئەوا دەڵێت:
لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ
واتە: ئەم قورئانە دابەزیووە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکانێك کە باوکانیان ئاگادار نەکرابوونەوە ، لەبەر ئەوە خۆیان بێئاگان.
واتە: ئەوانەی سەردەمی محمد لە عەرەبەکان لۆمە ناکرێن کە بتپەرستیان کردووە، چونکە باوکان و باپیرانیان سەبارەت بە یەکتایی لە پێشوودا ئاگادار نەکرابوونەوە، چونکە پێغەمبەریان بۆ نەهاتبوو.
وە ئایەتی ١٥٦ سوورەتی الانعام دەڵێت:
أَنْ تَقُولُوا إِنَّما أُنْزِلَ الْكِتابُ عَلى طائِفَتَيْنِ مِنْ قَبْلِنا وَ إِنْ كُنَّا عَنْ دِراسَتِهِمْ لَغافِلِينَ
ئەی عەرەب ئیتر نەکەن بڵێن کە پێش ئێمە پەرتووك بۆ دوو تایفە (جوو و مەسیحی) دابەزیبوو، وە ئێمە بێئاگا بووین لە خوێندنەوەی ئەو دوو پەرتووکە.
وە ئەوە دەیسەلمێنێت کە عەرەب پێیان وابووە، دەبێت پێغەمبەرێك لە خۆیان بۆیان دابەزێت، وە پەرتووکێکی عەرەبیان بۆ دابەزێت.
وە هەروەها ئەم دەقە {لِتُنذِرَ قَوْماً مَّا أُنذِرَ ءَابَاؤُهُمْ} دەیسەلمێنێت کە قورئان و ئیسلام بۆ خەڵکانێك نییە کە پێشوو پێغەمبەر و نێردراویان بۆ هاتووە، بۆ نموونە وەك جوو و مەسیحی. چونکە دەڵێت، ئەم قورئانە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکانێکە کە پێشووتر باوکانیان ئاگادار نەکراونەتەوە.

## ئایەتی ٧

لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ
اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:
لەگەڵ ئەوەش قورئانێکی عەرەبیمان بۆ عەرەب دابەزاند و پێغەمبەرێکی عەرەبمان بۆیان نارد، بەڵام وتەکەی من بەسەر زۆربەیان هاتە دی چونکە زۆربەی عەرەب باوەڕ ناهێنن و لەسەر شرکی خۆیان بەردەوام دەبن.
{لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ – وتەکەم بە هەق هاتەدی} مانای چییە؟
اللە سوێندی خواردووە کە دەبێت دۆزەخ لە جنۆکە و مرۆڤ پڕ بکات، وەك لە ئایەتی ١٣ سوورەتی السجدة هاتووە دەڵێت:
وَلَوْ شِئْنَا لَءَاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا وَلَـٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ
ئەگەر ویستمان لەسەر بوایە ئەوا هەمووکەسێکمان هیدایەت دەدا، بەڵام دەبێت وتەکەم بێتە دی، سوێند بێت، دەبێت دۆزەخ لە گشت جنۆکە و مرۆڤ پڕ بکەم.
وە هەڵبەتە عەرەب باوەڕیان بە محمد نەهێنا، تەنها بە زەبر و تیغی شمشێر نەبێت، وە کاتێك محمد مرد، ئەوا زۆربەی زۆری خێڵ و هۆزەکانی دوورگەی عەرەب لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە.
الطبرى لە جامع البيان دەڵێت: {لَقَدْ حَقَّ القَوْلُ على أكْثَرِهِمْ فَهمْ لا يُؤْمِنُونَ}
اللە دەڵێت: سزای دۆزەخ پێویست دەکات لەسەر زۆربەیان چونکە اللە لە دایکی پەرتووکەکان- تابلۆی پارێزراو- نووسیویەتی کە زۆربەیان بڕوا بە اللە ناهێنن و بڕوا بە پێغەمبەرەکەی ناکەن.
جا هەر موسڵمانێك بڵێت لەسەر دەمی محمد زۆربەی عەرەب ئیمانیان هێنا، ئەوا ئەم دەقەی قورئان بە درۆ دەخاتەوە.
(فَهمْ لا يُؤْمِنُونَ) واتە زۆربەی عەرەب ئیمان ناهێنن.

## ئایەتی ٨

إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلالاً فَهِيَ إِلَى الأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ
ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

له ڕاستیدا ئێمه کۆتوبه‌ندمان کردۆته ملیانه‌وه، وه ئه‌م کۆتوبه‌نده تاوه‌کو چه‌ناگه‌یان هاتووه، له‌به‌ر ئه‌وه سه‌ریان به‌رز بۆته‌وه.
الجلالین له تفسیر الجلالین ده‌ڵێن:
{إِنَّا جَعَلْنَا فِيٓ أَعْنَٰقِهِمْ أَغْلَٰلاً- ئێمه کۆتوبه‌ندمان کردۆته ملیانه‌وه}، وه ده‌سته‌کان به مله‌وه کۆتوبه‌ند کراون، {فَهِىَ}، واته ده‌سته‌کان {إِلَى ٱلأَذْقَانِ- بۆ چه‌ناگه‌کان}، ده‌سته‌کانیان بۆ چه‌ناگه‌یان هاتووه، {فَهُم مُّقْمَحُونَ}، له‌به‌ر ئه‌وه سه‌ریان به‌رزبۆته‌وه و ناتوانن دایبه‌زێنن.
الطبری له جامع البیان و ابن کثیر له تفسیر القران العظیم ده‌ڵێن، ابن عباس گوتوویه‌تی:
{إِنَّا جَعَلْنا فِي أعْناقِهِمْ أغْلالاً فَهِيَ إلى الأَذْقان فَهُمْ مُقْمَحُونَ}، ئه‌م ئایه‌ته وه‌ك ئه‌و ئایه‌ته وایه که الله گوتوویه‌تی{وَلا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إلى عُنُقِكَ- نه‌که‌یت ده‌سته‌که‌ت کۆتوبه‌ند بکرێت به ملته‌وه}، واته ده‌سته‌کانیان به ملیانه‌وه به‌ستراوه‌ته‌وه و کۆتوبه‌ند کراوه.

# ئایه‌تی ٩

وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ
الله‌ی عه‌ره‌ب و ئیسلام ده‌ڵێت:
وه له پێش و له دواوه‌ی ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕ ناهێنن به‌ربه‌ستمان داناوه و دامانپۆشیون له‌به‌ر ئه‌وه نابینن.
سه‌یری ئه‌م هونه‌ربازیه و خه‌یاڵه سه‌یروسه‌مه‌ره‌یه‌ی الله‌ی عه‌ره‌ب بکه‌ن:
یه‌که‌م: ده‌ستیانی به‌و کۆتوبه‌نده‌وه کردووه که به ملیانه‌وه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی نه‌توانن ملیان بجووڵێنن.
دووه‌م: به‌ربه‌ستێکی له دواوه و پێشه‌وه‌یان داناوه.
سێهه‌م: ئینجا به شتێك دایپۆشیوون بۆ ئه‌وه‌ی نه‌بینن.
ئینجا وه‌ك له ئایه‌تی ٣٠-٣٢ سووره‌تی الحاقة هاتووه، فه‌رمان به فریشته‌کانی ده‌کات و ده‌ڵێت:
خُذُوهُ فَغُلُّوهُ، ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ، ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ، إِنَّهُ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ

بیبەن ئینجا لە دۆزەخ بیسووتێنن، ئینجا سکە زنجیرێکی ٧٠ باسکی تێببڕن، چونکە بڕوای بە اللّٰە مەزن نەدەهێنا.
سەبارەت بە تێبڕینی سکە زنجیرە ٧٠ باسکیەکە، شرۆڤەکاران ناکۆکن کە ئایا لە کۆمی دەبڕن و لە لووتی دێتە دەرەوە؟ یان لە کۆمی دەبڕن و لە دەمی دێتە دەرەوە؟ وە یان لە لووتی دەبڕن و لە کۆمی دێتە دەرەوە؟ وە یان لە دەمی دەبڕن و لە کۆمی دێتە دەرەوە؟

## ئایەتی ١٠

وَسَوَاء عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ
ئینجا اللّٰەی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:
ئەوانەی کە باوەڕ ناهێنن و بەربەستم لە پێش و لە دواوەیان داناوە و دامپۆشیون بۆ ئەوەی ڕێگای هەق نەبینن، ئەی محمد ئەگەر ئەوانە ئاگادار کەیتەوە وە یان ئاگادار نەکەیتەوە وەك یەك وایە، چونکە باوەڕ ناهێنن.
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
وە وەك یەك وایە ئەی محمد، بۆ ئەوانەی کە وتەی اللّٰەیان بەسەردا هاتۆتە دی، واتە ئەگەر ئاگاداریان کەیتەوە وە یان ئاگاداریان نەکەیتەوە، ئەوا باوەڕ ناهێنن، چونکە اللّٰە بەم شێوەیە بڕیاری لەسەریان داوە.
ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
{ وَسَوَآءُ عَلَيْهِمْ أَءَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ } واتە اللّٰە مۆری گومڕابوونی لەسەریان داوە، لەبەر ئەوە ئاگادارکردنەوە سوودی بۆیان نابێت و کاریان لێ ناکات.
سەیری ئەم گاڵتەجاریە:
اللّٰە بڕیاری داوە کە باوەڕ نەهێنن، بەڵام چونکە باوەڕتان نەهێناوە ئەوا سزا دەدرێن. ئەوە پێی دەگوترێت حوکمی قەرەقۆش.

# ئایەتی ١١

إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ وَخَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ

بەڵکو لە ڕاستیدا ئەوانە ئاگادار دەکرێنەوە کە شوێنکەوتەی قورئانن و بە نهێنی لە الرحمان (الله) دەترسن، جا تۆ ئەی محمد مژدەی لە گوناه خۆشبوون و پاداشتێکی نایاب بەم کەسانە بدە

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

{إنَّما تُنْذِرُ}، واتە ئەو کەسە سوود دەبینێت لە ئاگادار کردنەوەی تۆ ئەی محمد، کە {مَنِ اتَّبَعَ الذِّكْرَ} شوێنکەوتەی قورئانە و کاری پێ دەکات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{إنَّمَا تُنْذِرُ مَنِ اتَّبَعَ الذّكْرَ}، الله دەڵێت ئەی محمد، کەسانێك سوود لە ئاگادارکردنەوەکەت وەردەگرن کە باوەڕیان بە قورئان هێناوە و پیادەی ئەو حوکمانەی الله دەکەن کە تیایدا هاتووە {وَخَشِيَ الرَّحْمَنَ}، وە لە الله دەترسێت کاتێك خەڵك نایبینن، واتە وەك دووڕوویێك نییە کە گاڵتە بە ئاینی الله دەکات کاتێك بەتەنهایە، وە لەبەر چاوی خەڵك وانیشان دەدات کە باوەڕدارە، وە وەك موشریکێك نییە کە الله مۆری لە دڵی داوە.

{فَبشِّرْهُ بِمغْفِرَةٍ}، وە ئەی محمد مژدە بەو کەسە بدە کە پیادەی قورئان دەکات و بە نهێنی لە الله دەترسێت، کە الله لە گوناهەکانی دەبوورێت.

{وأجْرٍ كَرِيم}، وە پاداشتی نایابی کە الله لە بەهەشت پێی دەدات.

هەر بە ڕاستی لۆجیکێکی سەیرە:

دەڵێت: ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە ڕۆژی قیامەت و دۆزەخ تەنها بۆ کەسانێکە کە بڕوایان بە قورئان هێناوە.

ئای لەو لۆجیکە سەیرە. وەك ئەوەی مامۆستایەك بڵێت قوتابخانە تەنها بۆ کەسانێکە کە خوێنەوارن و نەخوێنەوار لە قوتابخانە وەرناگرین.

# ئایەتی ١٢

إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ

دەڵێت:

له ڕاستیدا هەر ئێمەین کە مردوو زیندوو دەکەینەوە و ئەو کارانەی کردوویانە کاتێك لە ژیاندا بوون و ئەوانەی لە دوای مەرگیان جێیان هێشتووە دەنووسین، وە هەموو شتێك هەژمار دەکەین لە تۆمارێکی ڕوون.
اللهی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەتە ئاماژە بە ٣ خاڵ دەکات:
یەکەم: کە هەر خۆی مردوو زیندوو دەکاتەوە.
دووەم: هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە مرۆڤ کاتێك لە ژیاندا دەیکات، وە کارکرد و کاریگەری کارەکانی لە دوای مردنی، الله تۆماریان دەکات و دەیاننووسێت. (هەڵبەتە لە ڕێگای فریشتەکانی رقیب و عتید).
سێهەم: وە هەموو کار و کردەوەکانی بە بچووك و گەورە هەژمارە و تۆمار کردووە.
الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ} دەڵێن، واتە الله هەموو شتێکی لای خۆی لە دایکی پەرتووکان واتە لە تابلۆی پارێزراو تۆمار کردووە.
من پێم وایە مەبەست لە {وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ} تۆماری فریشتەکانە کە کار و کردەوەی مرۆڤەکان دەنووسین، وەك لە ئایەتی ١٣ سوورەتی الاسراء هاتووە دەڵێت:
وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِۦ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا
وە هەموو مرۆڤێکمان پابەندی نوشتیەك کردووە کە بە ملیەوەیەتی، وە لە ڕۆژی قیامەت نووسینەکە دەردەهێنین و دەیکەینەوە.
وەك ئایەتی ٤٩ سوورەتی الکهف دەڵێت:
وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا
وە کاتیك پەرتووکەکەیان دادەنرێت، دەبینیت کە تاوانبارەکان نیگەرانن بەوەی کە تیایدایە و دەڵێن خۆمان ڕۆۆ، ئەم پەرتووکە چییە؟ خۆ نە بچووکێك و نە گەورەیەکی تێپەڕ نەکردووە بەڵکو هەمووی هەژمار کردووە.
کەواتە {وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ}، مەبەستی پەرتوکوی کار و کردەوەی مرۆڤەکانە کە فریشتەکانی عتید و رقیب دەینووسن.

ئایەتی ١٣-٢٩
باسی چیرۆكی گوندێك-شارێك دەكات كە ئەو پێغەمبەریان بۆ دەنێردرێت. لە سەرەتا دوو پێغەمبەر بەیەكەوە دەنێردرێن ئینجا سێهەم دانەشیان دەنێردێت بۆ پاڵپشتیی و پشتیوانی دوو دانەكەی تر.

# ئایەتی ١٣-١٩

وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلاً أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءَهَا الْمُرْسَلُونَ
إِذْ أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوا إِنَّا إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ
قَالُوا مَا أَنتُمْ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَا أَنزَلَ الرَّحْمَن مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ تَكْذِبُونَ
قَالُوا رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّا إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ
وَمَا عَلَيْنَا إِلاَّ الْبَلاغُ الْمُبِينُ
قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِن لَّمْ تَنتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ
قَالُوا طَائِرُكُم مَعَكُمْ أَئِن ذُكِّرْتُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ

واتە:
ئەی محمد، نموونەیەكیان بۆ بێنەوە: نموونەی خەڵكی گوندەكە كە پەیامبەرانیان بۆ هات.
لە سەرەتا دوو پەیامبەرمان بۆیان نارد، ئەوەبوو خەڵكی گوندەكە نكۆڵیان لێیان كرد. ئێمەش پەیامبەری سێهەممان نارد بۆ پشتیوانی كردن لە دوو پەیامبەرەكە، ئینجا هەرسێك پەیامبەرەكە بە خەڵكی گوندەكەیان گوت: ئێمە بۆ ئێوە نێردراوین.
خەڵكی گوندەكە گوتیان: ئێوە تەنها مرۆڤێكن وەك ئێمە، وە الرحمان(اللە) هیچ شتێكی دانەبەزاندووە، لە ڕاستیدا ئێوە تەنها درۆ دەكەن.
پەیامبەرەكان گوتیان: خوداكەمان دەزانێت كە ئێمە بە ڕاستی بۆ ئێوە نێردراوین، وە ئێمە هیچ شتێكمان لەسەر نییە تەنها پەیامێكی ڕوون نەبێت بۆ ئێوە.
خەڵكی گوندەكە گوتیان: ئێمە بە هۆی ئێوەوە تووشی شووم و نەگبەتی بووین، وە ئەگەر واز نەهێنن ئەوا سوێند بێت بەردبارانتان بكەین و سوێند بێت لە ئێمەوە ئازارێكی سەختتان پێ بگات.

پەیامنێرەکان گوتیان: شووم و نەگبەتی لەگەڵ خۆتاندایە. ئایا بە هۆی ئەوەی یادەوەری کراون؟ لە ڕاستیدا ئێوە خەڵکانێکی سەرەڕۆن.

القرطبی لە الجامع لاحاکم القران دەڵێت:

بە وتەی هەموو شرۆڤەکاران ئەم گوندە ئەنتاکیا بووە.

وە شرۆڤەکاران هاوڕان کە ئەو پەیامنێرانە لە لایەن المسیح (عیسا) نێردراون.

بەڵام ناکۆکی هەیە سەبارەت بە ناوەکانیان. ابن الجوزی سەبارەت بە ناوی دوو پەیامنێرەکەی یەکەم دەڵێت، ٣ وتەوت هەیە:

یەکەم: ناویان صادق و صدوق بووە.

دووەم: ناویان یوحنا و پوڵس بووە.

سێهەم: تۆمان و پوڵس بووە.

وە هاوڕان کە سێهەم دانەیان ناوی شمعون بووە.

## ئایەتی ٢٠-٢٥

وَجَاءَ مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ

اتَّبِعُوا مَن لاَّ يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ

وَمَا لِي لاَ أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ

أَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِ آلِهَةً إِن يُرِدْنِ الرَّحْمَن بِضُرٍّ لاَّ تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلاَ يُنقِذُونِ

إِنِّي إِذًا لَّفِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ

إِنِّي آمَنتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ

چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

وە پیاوێك لە ئەوپەڕی شارەکەوە بە گورجیەوە هات، بە خەڵکی گوندەکەی گوت: ئەی قەومەکەم شوێنکەوتەی پەیامنێرەکان بن، شوێنکەوتەی ئەو کەسە بن کە داوای کرێتان لێ ناکات، وە ئەو پەیامنێرانە خۆیان هیدایەت کراون، جا من بۆچی ئەو نەپەرستم کە منی هێناوەتە ئاراوە، وە (لە دوای مەرگ) بۆ لای ئەو(الله) دەگەڕێنەوە. ئایا جگە لە ئەو خوداوەند بەخۆمەوە بگرم، لە کاتێکدا ئەگەر الرحمان(الله) بیەوێت زیانێکم پێ بگەیەنێت، ئەو خوداوەندانە (بت) نە

دەتوانن تکام (لە لای الله) بۆ بکەن، وە نە دەتوانن (لە ئەشکەنجە) ڕزگارم بکەن. (ئەگەر وابکەن) دە کەواتە من لە گومڕاییەکی ڕووندام.
ئینجا ئەم پیاوە بە پەیامنێرەکان دەڵێت: لە ڕاستیدا من باوەڕم هێنا بە خوداکەتان.
تێبینیەك:
ئایەتی ١٣ دەڵێت، {أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ}، واتە گوندێك.
بەڵام ئایەتی ٢٠ دەڵێت، {وَجَاءَ مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ}، واتە شار.
ئێستا ئەو ٣ پەیامنێرە بۆ گوندێك یان بۆ شارێك نێردرابوون؟

# ئایەتی ٢٦-٢٧

قِيلَ ادْخُلِ الْجَنَّةَ قَالَ يَا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ
بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ
دەڵێت:
بەو پیاوە گوترا بڕۆ بەهەشتەوە، (پیاو چاکەکە) گوتی خۆزگە قەومەکەم دەیانزانی، کە خوداکەم لە گوناهەکانم خۆش بووە و منی کردووە لە ڕێزدارەکان
دیارە لەگەڵ ئیمان هێنانی، ئەو پیاوچاکە یەکسەر دەکوژرێت یان دەمرێت، ئینجا دەچێتە بەهەشتەوە.
موفەسیرەکان هاوڕان کە ئەو پیاوە ناوی حبيب النجار (حەبیبی دارتاش) بووە.
الالوسي البغدادی لە تفسير الروح المعانی دەڵێت:
وَالظَّاهِرُ أَنَّ الْأَمْرَ إِذْنٌ لَهُ بِدُخُولِ الْجَنَّةِ حَقِيقَةً، وَفِي ذَلِكَ إِشَارَةٌ إِلَى أَنَّ الرَّجُلَ قَدْ فَارَقَ الدُّنْيَا
وە لە ئایەتەکە ڕوونە کە بە ڕاستی مۆڵەتی پێدراوە بچێتە بەهەشتەوە، وە لەم ئایەتە ئاماژە هەیە کە ئەو پیاوە مردووە و دونیای جێهێشتووە.
ابن كثير لە تفسير القران العظيم و الوسي البغدادی لە تفسير الروح المعانی دەڵێن:
عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ أَنَّهُ بَعْدَ أَنْ قَالَ مَا قَالَ قَتَلُوهُ بِوَطْءِ الْأَرْجُلِ حَتَّى خَرَجَ قَصَبُهُ مِنْ دُبُرِهِ وَأُلْقِيَ فِي بِئْرٍ؛ وَهِيَ الرَّسُّ، ابن مسعود گوتوویەتی: دوای ئەوەی ئەم پیاوە

قسەکانی کرد، بە پێ خەڵك کەوتنە سەری و کوشتیان تاوەکو قامیشیان لە قوونی دەرهێنا، ئینجا فڕێیان دایە بیرێکە کە پێی دەگوترێت بیری "رەس".

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

وَالظَّاهِرُ مِنَ الْآيَةِ أَنَّهُ لَمَّا قُتِلَ قِيلَ لَهُ ادْخُلِ الْجَنَّةَ . قَالَ قَتَادَةُ : أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ وَهُوَ فِيهَا حَيٌّ يُرْزَقُ ، أَرَادَ قَوْلَهُ تَعَالَى : وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ

وە لە ئایەتەکە ڕوونە کە کاتێك (حبیب النجار) کوژرا، پێی گوترا برۆ بەهەشتەوە، وە قتادة گوتوویەتی: اللّٰه بردوویەتیە بەهەشتەوە و تیایدا زیندووە و دەخوات وەك اللّٰه دەڵێت:

پێتان وانەبێت ئەوانەی دەکوژرێن لە پێناو اللّٰه مردوون، بەڵکو لای خوداکەیان ڕزقیان پێ دەدرێت.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران، چیرۆکی ئەو ٣ پەیامنێرە لەگەڵ خەڵکی ئەنتاکیا دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

عیسا دوو پەیامنێری بۆ خەڵکی ئەنتاکیا نارد، ئەم دوو پەیامنێرە تووشی پیاوێکی شوانکارە هاتن کە ناوی حبیب النجار بوو، گوتیان ئێمە پەیامنێری اللّٰهین و داوایان لێیکرد کە باوەڕ بە اللّٰه بهێنێت، حبیب داوای موعجیزەی لێیان کرد، گوتیان ئێمە نەخۆش شیفا دەدەین، حبیب کوڕێکی هەبوو کە شێت بوو یان نەخۆش بوو و لە ناو جێگا کەوتبوو، ئەوەبوو ئەم دوو پەیامنێرە دەستیان لە کوڕەکەیدا، و یەکسەر بە مۆڵەتی اللّٰه چاکیان کردەوە ، حبیب یەکسەر باوەڕی هێنا.

حبیب ئەو پیاوە بوو کە بە گورجی لەوپەڕی شارەکەوە هات، ئەم دوو پەیامبەرە لە ئەنتاکیا نەخۆشێکی زۆریان شیفا دا و چاککردەوە، پادشای شارەکە کە بت پەرست بوو، بە دوای دوو پەیامنێرەکەی نارد، کاتێك هاتن گوتیان ئێمە پەیامنێری عیساین، پادشاکە گوتی بەڵگەتان چییە؟ گوتیان نەخۆش شیفا دەدەین و چاکی دەکەینەوە. دوو پەیامنێرەکە داوایان لە پادشا کرد کە واز لە بت پەرستی بهێنێت و باوەڕ بە اللّٰه بهێنیت. پادشا هەردووکیانی بەند کرد، وە ١٠٠

جەڵدی لەهەر دانەیەکیان دا. هەواڵەکە بە عیسا گەیشتەوە، ئەوەبوو عیسا پەیامنێری سێهەمی بۆ ئەنتاکیا نارد کە ناوی شمعون بوو.
وە دەڵێت، پادشا داوای لە شمعون کرد منداڵێك زیندوو بکاتەوە کە حەوت ڕۆژ بوو مردبوو، ئەوەبوو شمعون زیندووی کردەوە، لە ئاکامدا پادشا و خەڵکانێکی زۆر باوەڕ دەهێنن و دەڵێن:
شایەتی دەدەم کە هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە عیسا ڕۆحی الله و وتەکەیەتی.

## ئایەتی ٢٨-٢٩

وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى قَوْمِهِ مِن بَعْدِهِ مِنْ جُندٍ مِّنَ السَّمَاء وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ
إِن كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ
دەڵێت: دوای (حبیب النجار) لە ئاسمان هیچ سەربازێك و هەر شتێك کە پێشوو داماندەبەزاند بۆ سەر قەومەکەی، دامانەبەزاند.
تەنها یەك گرمە نەبێت کە بەهۆیەوە خامۆش و مردار بوونەوە.
ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:
کاتێك کوشتیان، الله بە پەلە ئازاری بەسەریاندا باراند، وە ئەوە مەبەستی اللەیە کە دەڵێت، {وما أنزَلْنا على قومه- وە بەسەر قەومەکەی دامانەبەزاند}، واتە قەومی حبیب النجار{مِنْ بَعْدِه- لە دوای ئەو}، واتە لە دوای کوشتنی {مِنْ جُنْدٍ مِنَ السَّماءِ- سەربازانێك لە ئاسمان}، واتە فریشتە. واتە ماناکەی: لە دوای ئەو هیچ پەیامنێرێکمان بۆیان نەنارد، وە هیچ پەیامێکمان بۆیان دانەبەزاندن.
{إنْ كانت إلاَّ صيحةً واحدةً} شرۆڤەکاران دەڵێن: جبرائیل هەردوولای چوارچێوەی دەرگای شارەکەی گرت و یەك هاواری کرد، هەر هەموویان خامۆش بوون و مردار بووەنەوە.
پرسیارێکی لۆجیکی:
پەیامنێران لە لایەن خوداوە دەنێردرێن، بەڵام ئەم چەند ئایەتە پێمان دەڵێن کە المسیح (عیسا) ئەو پەیامنێرانەی ناردووە. کەواتە دەبێت المسیح کێ بێت؟
وەڵامەکەی بۆ موسڵمانەکان جێدەهێڵم.

# ئایەتی ٣٠

اللهی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەتە ئاخ و حەسرەتێك هەڵدەكێشێت و دەڵێت:
یَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ مَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِؤُون
ئاخ و حەسرەت لە دەست بەندەكانم، هیچ پێغەمبەرێك نەبووە كە بۆیان بچێت، مەگەر گاڵتەیان پێ نەكردبێت.
جوانە، الله ناڵە و ئاخ و حەسرەت هەڵدەكێشێت.
ئاخ و حەسرەت نیشانەی پەشیمانییە. ڕەنگ بێت الله ئەم ئاخ و ناڵە و حەسرەتەی هەڵكێشابێت بە هۆی ئەوە پەشیمان بۆتەوە لە دروستكردنی مرۆڤ. واتە گوتوویەتی: ئاخ چیم كرد بە دەستی خۆم، ئەو تروهاتانەم بۆ دروستكرد، بزانە پێغەمبەر نەما گاڵتەی پێ نەكەن.
هەموو شرۆڤەكارەكان ئەوپەڕ هەوڵی خۆیان داوە، بۆ ئەوەی ئەم دەقە لە مەتن و مانای خۆی دەربكێشن.
ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:
{یا حَسْرَةً على العِبَاد}، الفراء، گوتوویەتی: ماناكەی: وای لەم پەشیمانیە لە بەندەكانم. الزجاج گوتوویەتی:" الحَسْرَةُ" حەسرەت ئەوەیە كاتێك مرۆڤ كارێكی كردووە كە ئەوپەڕ لێی پەشیمانە تاوەكو دڵی پڕ دەبێت لە ئاخ و ناڵە. وە سەبارەت بەوەی كە كێیە حەسرەتی كێشاوە لەم ئایەتە دوو وتەوت هەیە:
یەكەم: بەندەكان حەسرەت لە خودی خۆیان دەكەن.
وە هەروەها دەڵێت، بەندەكان حەسرەت لە پێغەمبەرەكان دەكەن.
دووەم: فریشتەكانن حەسرەت هەڵدەكێشن بۆ بەندەكان.
پرسیار: ئایا قورئان وتەی فریشتەكانە تاوەكو مانای ئایەتەكە ببێت بە حەسرەت و ئاخی فریشتەكان بۆ بەندەكان؟
دواتر بۆچی بەندەكان حەسرەت دەكەن، ئەوە نییە ئایەتەكە دەڵێت، گاڵتە بە پێغەمبەرەكان دەكەن.
وە ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم، درۆیەكی بێ بەڵگە دەكات و دەڵێت:
وَفِي بَعْضِ الْقِرَاءَةِ {يَا حَسْرَةَ الْعِبَادِ عَلَى أَنْفُسِهَا}.
وە لە هەندێك خوێندنەوەكانی قورئاندا ئەم ئایەتە بەم شێوەیە هاتووە:

ئاخ و حەسرەتی بەندەکانم بەسەر خودی خۆیان.
ابن کثیر، بۆ پینەکردنی ئەم دەقە درۆیەکی بێ بەڵگە دەکات، بەڵام بیری لەوە نەکردۆتەوە ئەم قسەیەی دەیسەلمێنێت کە قورئان دەستکاری کراوە.
وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:
وَفِي حَرْفِ أُبَيٍّ { يَا حَسْرَةَ الْعِبَادِ}.
وە ابي بن کعب دەیخوێندەوە {ئاخ و حەسرەتی بەندەکانم}، واتە بەندەکان ئاخ و ناڵە دەکەن.

# ئایەتی ٣١

أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنْ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لاَ يَرْجِعُونَ
ئەی نەیانبینووە کە چەند لە نەوەکانمان قڕکرد، وە ئەوانەی قڕمان کردن بۆ لایان ناگەڕێنەوە.
سەیری ئەم لۆجیکە هیچ و پووچەی اللهی عەرەب و ئیسلام بکەن، دەڵێت:
ئەی خەڵکی دوورگەی عەرەب ئەی نابینن چەند لە نەوەکانی پێش ئێوەمان قڕ کرد؟ وەك عاد و ثمود و قەومی نوح و لوط، هتد، وە ئەوانەی قڕمان کردن زیندوونابنەوە بۆ ئەوەی بۆلاتان بگەڕێنەوە.
ئەگەر کەسێك کافر بێت و بڕوای بە زیندووبوونەوە نەبێت، هەڵبەتە دەزانێت کاتێك کەسێك مرد ناگەڕێتەوە. منداڵیش ئەو ڕاستیە دەزانێت.
القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:
ئەم ئایەتە وەڵامێکە بۆ کەسانێك کە پێیان وایە بەر لە ڕۆژی قیامەت، ئەوانەی مردوون بۆ لایان دەگەڕێنەوە.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
لایەنگرانی عەقیدەی " الدَّهْرِيَّةِ"، پێیان وابوو کە مرۆڤ بە بازنەی دووبارە بوونەوەی ژیان و مەرگ تێپەڕ دەبێت، واتە دەژی ئینجا دەمرێت و ئینجا دەژی، هتد،، هەروەك لە ئایەتی ٣٧ سوورەتی المؤمنون هاتووە دەڵێت، {إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا- لە ڕاستیدا ئەوە شتێك بوونی نییە جگە لە ژیانی دونیامان، دەمرین و دەژینەوە}، لەم ئایەتە الله وەڵامیان دەداتە و دەڵێت { أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ- ئەوانەی قڕمان کردن بۆ لاتان ناگەڕێنەوە}.

## ئایەتی ٣٢

وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ
وە هەر هەموو کۆمەڵێکیان لامان کۆدەکرێنەوە.
لەم ئایەتە دوو هەڵە هەیە:
یەکەم: (لَّمَّا) بێمانایە و زیادەیە.
دووەم: لە شوێنی (جَمِيعٌ) واتە" گشت" دەبێت (جَمعٌ) واتە "کۆمەڵ" بێت. وە لە ڕاستیدا هەمان ئایەت لە ئایەتی ٥٣ ئەم سوورەتە دووبارە بۆتەوە، بەڵام بێ هەڵە :
فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ

## ئایەتی ٣٣-٤٤

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام ئاماژە بەو چاکە و نیعمەتانە دەکات کە مرۆڤی بەخشیووە.

## ئایەتی ٣٣-٣٥

وَآيَةٌ لَّهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ
وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنْ الْعُيُونِ
لِيَأْكُلُوا مِن ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلَا يَشْكُرُونَ
دەڵێت:
وە بەڵگەیەك بۆ مرۆڤ، زەویە، کە مردبوو و بووژاندمانەوە، وە دانەوێڵەمان لێ دەرهێنا کە لێی دەخۆن.
وە لە زەویدا باخاتمان لە دارخورما و داری مێو فەراهەم کرد، وە کانیاوەکانمان تیایدا هەڵقوڵاندووە.
بۆ ئەوەی لە بەرووبوومەکانی بخۆن، وە ئەوەی بە دەستەکانی خۆیان کردوویانن، دەسا هێشتا سوپاسگوزارم نابن؟
چەند تێبینیەك و پرسیارێك:
یەکەم: اللّٰە خۆی بە خوڵقێنەری دانەوێڵە و باخاتی دارخورما و ترێ دادەنێت.

دووەم: الله دەڵێت ئێمە کانیاوەکانمان لە زەویدا تەقاندەوە.
سێهەم: وە لە ئایەتی ٣٨ سوورەتی النور دەڵێت:
وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ
الله بژێوی زۆر و بێڕادە بە کەسێك دەدات کە خۆی دەیەوێت.
پرسیار: بۆچی رزقت  بە محمد نەدا؟ خۆشەویستەکەت، تاوەکو دەستی بۆ شمشێر نەبرد؟ یان ڕەنگ بێت مەبەستت لە (يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ) ئەوە بێت: يَرْزُقُ بالسيف و القتل مَن يَشَاءُ، واتە بە شمشێر و کوشتن ڕزقێکی بێسنوور بە کەسانێك دەدەیت کە خۆت دەتەوێت.
وەك محمد لە فەرموودەیەکی صحیحدا، کە لە زاد المعاد هاتووە گوتوویەتی:
بُعِثْتُ بالسيفِ بينَ يَدَيِ الساعةِ حتى يُعبَدَ اللهُ وَحدَه لا شَريكَ له، وجُعِلَ رِزْقِي تحتَ ظلِّ رُمْحي
لە سەرووبەندی ڕۆژی قیامەت بە شمشێر نێردرام تاوەکو تەنها الله بپەرسترێت وە بژێوەکەم خرایە ژێر سێبەری ڕمەکەم.
واتە، الله محمدی بە شمشێر ناردووە و بژێوی بۆی بەدەست هێناوە لە ژێر سێبەری ڕمەکەی.
وە محمد تێر جۆ و خورما نەبوو تاوەکو بە شمشێر یهودیەکانی قتل عام نەکرد.
لە صحیح مسلم و مسند احمد، فەرموودەیەکی عائشة هاتووە دەڵێت:
ما شبِع آلُ محمَّدٍ من خُبزِ الشَّعيرِ يومَيْن مُتتابعَيْن حتَّى قُبِض رسولُ اللهِ
خانەوادەی محمد تێر جۆ خواردن نەبوو بۆ دوو ڕۆژ لە دوای یەك تاوەکو پێغەمبەر مرد.
وە پێغەمبەر ئاوی بیرێکی خواردۆتەوە کە گووی تێدا فڕێ دراوە، وەك لە سنن ابو داود و جامع الترمذي و سنن النسائی و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە کە شعيب الارناؤوط دەڵێت، ( صحيح بطرقه و شواهده)، ابو سعيد الخدري دەڵێت:
قِيلَ لرسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: يا رسولَ اللهِ، كيف يُستَقَى لك من بِئْرِ بُضاعةَ -بِئْرِ بَني ساعِدَةَ- وهي بِئْرٌ يُطرَحُ فيها مَحائِضُ النِّساءِ ولَحمُ الكِلابِ وعَذِرُ

النَّاسِ؟ قال: فقال رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: إنَّ الماءَ طَهورٌ لا يُنجِّسُه شَيءٌ

به پێغەمبەری الله گوترا: ئەی پێغەمبەری الله تۆ چۆن ئاوی بیری بوزاعه دەخۆیتەوە، که بیرێکه پەڕۆی سووڕی مانگانەی ژنان و گۆشتی سەگ و گووی تیایدا فڕێ دەدرێت؟ پێغەمبەری گوتی ئاو پاکه و هیچ شتێك پیسی ناکات.

پرسیاری من اللەی عەرەب و ئیسلام ئەوەیە: لەم ئایەتانه و دەیەها ئایەتی تر دەڵێیت: خۆت باخ و باخاتی دارخورما و ترێت له زەویدا هێناوەته ئاراوە، خۆت کانیاوەکانت تەقاندۆتەوە، خۆت دانەوڵێتەت له زەویدا هێناوەته دەرەوە. بۆچی خورما و جۆی زیاترت نەدا به پێغەمبەرەکەت؟ بۆچی بیرێکت بۆی نەدەتەقاندەوە که ئاوی پاك بخواتەوە، نەك گووا و بخواتەوە؟

## ئایەتی ٣٦

سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لا يَعْلَمُونَ

شکۆمەنده ئەو اللەیەی که هەموو جووتەکانی دروستکردووە، ئەو جووتانەی که له زەویدا دەڕوێن، وه له خودی خۆیان وه له شتانێك که نایزانن و ئاگایان لێی نییه.

اللەی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەته دەڵێت، هەموو شتێکم به جووت (نێرینه و مێینه) دروستکردووە: له ڕوەك و مرۆڤ.

وه له ئایەتی ٤٩ سوورەتی الذاريات دەڵێت:

وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ

وه له هەموو شتێك جووتێکمان (نێرینه و مێینه) دروستکردووە بەشکو یادمان دەکەنەوە واته اللەیان بەبیردێتەوە.

له ڕوانگەی اللەی عەرەب و ئیسلام، هەموو شتێك نێرینه و مێینەی هەیه، وه ئەوە هەڵەیەکی زانستیه. زۆر زیندەوەر هەن که یەك ڕەگەزەن، واته نێرینه و مێینەیان نییه.

# ئایەتی ٣٧-٤٠

وَآيَةٌ لَّهُمْ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ
وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ
وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ
لا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ

دەڵێت:

وە بەڵگەیەکی تر بۆیان، شەوە، کە ڕۆژی لێ دادەماڵین، ئینجا تاریکیان بەسەردا دێت، واتە دەبێتە شەو.

وە خۆر دەڕوات بۆ شوێنی جێگیربوونی، وە ئەو پێوەرە اللەی بەدەسەڵات و زانا بۆی داناوە.

وە مانگ پێگەمان بۆی دیاری کردووە، تاوەکو (لە سەرەتای مانگ) وەك لقە دارخورمایەکی چەماوەی وشك دەگەڕێتەوە، واتە هیلال.

وە نابێت نە خۆر بە مانگ بگات، وە نە شەو پێش ڕۆژ بکەوێت، وە هەر هەموویان لە خۆر و مانگ و شەو و ڕۆژ لە فەلەکێکدا دەخولێنەوە.

سەرتاپای ئەم دەقانە پێچەوانەی زانستن:

یەکەم: اللەی عەرەب و ئیسلام باس لە شەو و ڕۆژ دەکات، وەکو دوو دیاردە کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندیان نەبێت بە خولانەوەی زەوی بە دەورەی خۆیدا.

چونکە لە قورئاندا زەوی تەختە و ناجوڵێت. وە ئەوە خۆرە کە بە دەورەی زەویدا دەخولێتەوە.

لە ئایەتی ١٣ سوورەتی فاطر دەڵێت:

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى

شەو لە ڕۆژ دەبڕێت و ڕۆژ لە شەو دەبڕێت، وە خۆر و مانگی دەستەمۆ کردووە، وە هەر هەموویان بە شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ دەڕۆن بۆ کاتێکی دیاریکراو.

وە ئایەتی ٥٤ سوورەتی الاعراف:

يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ

شەو ڕۆژ دادەپۆشێت.
دووەم: وە خۆر دەڕوات و دەڕوات تاوەکو لە کاتی ئاوابوون لە شوینێك ئۆقرە دەگرێت. محمد پێمان دەڵێت ئەو شوێنە ژێر عرشی اللەیە. لە صحیح مسلم و البخاری فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:
إِنَّ هَذِهِ تَجْرِي حَتَّى تَنْتَهِيَ إِلَى مُسْتَقَرِّهَا تَحْتَ الْعَرْشِ فَتَخِرُّ سَاجِدَةً فَلَا تَزَالُ كَذَلِكَ حَتَّى يُقَالَ لَهَا ارْتَفِعِي ارْجِعِي مِنْ حَيْثُ جِئْتِ فَتَرْجِعُ فَتُصْبِحُ طَالِعَةً مِنْ مَطْلِعِهَا
ئەم خۆرە دەڕوات تاوەکو دەگاتە شوێنی سرەوتنی کە ژێر عەرشە، لە ژێر عەرش کڕنۆش دەبات، وە بەردەوام لە حاڵەتی کڕنۆشدایە تاوەکو پێی دەگوترێت هەڵسەوە و بگەڕێوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی هاتوویت، ئینجا لە شوێنی هەڵهاتنی هەڵدێت.
القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت: ابن مسعود و ابن عباس، بە شێوەیەکی تر ئەم ئایەتەیان دەخوێندەوە:
وَالشَّمْسُ تَجْرِي لَا مُسْتَقَرَ لَهَا واتە خۆر دەڕوات سرەوتنی نییە.
القرطبی دەڵێت، واتە بەردەوام بە شەو و ڕۆژ دەخولێتەوە و وەستان و سرەوتنی نییە، تاوەکو لە ڕۆژی قیامەت اللە لوولی دەدات و دەیپێچێتەوە.
سێهەم : مانگ وەك شەمەندەفەر وێستگەی وەستان و سرەوتنی هەیە.
الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:
{وَٱلْقَمَرَ}، وە مانگ {قَدَّرْنَٰهُ}، ڕێڕەوەکەیمان دیاری کردووە، {مَنَازِلَ} وێستگەی هەیە کە بیست و هەشت وێستگەن لە ٢٨ شەودا، وە ئەگەر مانگ ٣٠ ڕۆژ بوو ، ئەوا لەم دوو ڕۆژەدا خۆی دەشارێتەوە، خۆ ئەگەر مانگ ٢٩ ڕۆژ بوو ئەوا تەنها یەك شەو خۆی دەشارێتەوە{حَتَّىٰ عَادَ} تاوەکو لە سەرەتای مانگ دەگەڕێتەوە و بە چاو دەبینرێت.
{كَٱلْعُرجُونِ ٱلْقَدِيمِ}، وەك چیلکەیەکی چەماوە و وشك، واتە وەك هیلال.
السیوطی لە الدر المنثور، ئاماژە بە ناوی ٢٨ وێستگەکانی مانگ دەکات و دەڵێت:

١٤ دانەیان شامین، ١٤ دانەیان یەمەنین. شامیەکان: السرطین، والبطین، والثریا، والدبران، والهقعة، والهنعة، والذراع، والنثرة، والطرف، والجبهة، والزبرة، والصرفة، والعواء، والسماك. وە یەمەنیەکان: والعقرب، والزبانین، والاکلیل، والقلب، والشولة، والنعائم، والبلدة، وسعد الذابح، وسعد بلع، وسعد السعود، وسعد الأخبیة، ومقدم الدلو، ومؤخر الدلو، والحوت. کاتێك ئەم ٢٨ وێستگەیەی تەواوکرد {عاد کالعرجون القدیم}، ئەوا لە یەکەم ڕۆژی مانگی قەمەری وەك هیلال دەگەڕێتەوە.

ئایەتی ٤٠ دەڵێت:

لا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ

نابێت خۆر بە مانگ بگات.

چونکە بەیەك گەیشتن تەنها لە ڕۆژی قیامەت ڕوودەدات، وە کاتێك خۆر یان مانگ گیران بووە، محمد زۆر ترساوە، وایزانیووە تەواو ڕۆژی قیامەتە.

(بگەڕێوە بۆ سوورەتەکانی پێشوو)

## ئایەتی ٤١-٤٤

وَآيَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ

وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِ مَا يَرْكَبُونَ

وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلا صَرِيخَ لَهُمْ وَلا هُمْ يُنقَذُونَ

إِلاَّ رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ

دەڵێت:

وە بەڵگەیەکی تر بۆیان (بۆ خەڵکی مەککە) بە دڵنیاییەوە، ئێمە وەچەکانیانمان لە کەشتیە بارکراوەکە هەڵگرت.

وە هاوچەشنی کەشتیەکەمان بۆیان دروستکرد کە سواری بن.

وە ئەگەر بمانویستایە نوقمیان بکەین، ئەوا نە فریاگوزاریان دەبوو وە نە ڕزگاریان دەبوو،

تەنها وەك ڕەحمەتێك لە ئێمەوە بوو، وە ژیانمان پێیان دا بۆ ماوەیەك.

اللهی عەرەب و ئیسلام، لەم چەند ئایەتە، وەك ئایەتەکانی پێشوو بەڵگە دەخاتە ڕوو بۆ کافرەکان و موشریکەکانی مەککە کە باوەڕ پێ بێنن، وە دەڵێت:

یەکەم: ئەی خەڵکی مەککە، ئێمە وەچەکانی ئێوەمان لە کەشتیەکەی نوح لە کاتی لافاوەکە هەڵگرت.
ئەم ئایەتە هەڵەیە دەبوایە بڵێت، باوکانی ئێوە، نەك نەوەکانی ئێوەمان لە کەشتیەکە هەڵگرت.
چونکە نوح و کوڕەکانی بە باوکانی دووەمی مرۆڤایەتی دادەنرێن. واتە دەبوایە بڵێت:
أَنَّا حَمَلْنَا آبَاؤُكُمْ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ
واتە: بە دڵنیاییەوە ئێمە باوکانی ئێوەمان لە کەشتیە بارکراوەکە هەڵگرت.
وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران، پشتڕاستی ئەم هەڵەیە دەکات، چونکە دەڵێت:
مِنْ أَشْكَلِ مَا فِي السُّورَةِ
ئەم ئایەتە بە کێشەترین ئایەتە لەم سورەتەدا.
دووەم: وە شتێکی هاوچەشنی کەشتیەکەی نوحمان بۆ ئێوە خلق کرد.
وە لە سوورەتەکانی ڕابردوو ئاماژەمان بەوە کرد، کە خوداوەندی قورئان زۆر سەرسامی کەشتی بووە، لەبەر ئەوە دەڵێت، من کەشتیم دروست کردووە.
وە لەم ئایەتە دەڵێت، شتێکی هاوچەشنی کەشتیم بۆ خەڵکی دوورگەی عەرەبی دروست کرد.
ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {وخَلَقْنا لهم مِنْ مِثْلِه- وە شتێکی هاوچەشنی کەشتیەکەی نوحمان بۆیان دروستکرد} دەڵێت، دوو وتەوت هەیە:
یەکەم: واتە کەشتیەکی هاوچەشنی کەشتیەکەی نوحمان بۆیان دروستکرد.
دووەم: واتە وشترمان بۆیان دروستکرد.

## ئایەتی ٤٥-٤٦

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّقُوا مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ
وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلاَّ كَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ
دەڵێت:

وە کاتێك بە بێباوەڕەکان دەگوترێت، لەوە بترسن کە لە پێشتانە و لە پشتتانە بەشکو ڕەحمتان پێ دەکرێت، وە هیچ بەڵگەیەك نەبووە لە بەڵگەکانی خوداکەیان کە بۆیان دێت، کە پشتی لێ نەکەن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {اتَّقُوا ما بين أيديكم وما خلفكم} دەڵێت، چوار وتەوت هەیە:

یەکەم: {ئەوەی لە پێشتانە} واتە گوناهەکانی ڕابردووتان، {وە ئەوەی لە پشتتانە}، واتە ئەو گوناهانەی لە داهاتوو دەیکەن (مجاهد).

دووەم: {ئەوەی لە پێشتانە}، ئەو میللەتانەی پێشوو کە الله ئەشکەنجە و ئازاری داون، {وە ئەوەی لە پشتتانە}، واتە ڕۆژی قیامەت (قتادة).

سێهەم: {لە پێشتانە}، واتە لە دونیا، {وە ئەوەی لە پشتتانە}، لە ئەشکەنجەی ڕۆژی قیامەت (سفیان).

چوارەم: {لە پێشتانە} لە کاروبارەکانی ڕۆژی قیامەت، {وە ئەوەی لە پشتتانە}، لە کاروبارەکانی دونیا (ابن عباس والکلبي).

## ئایەتی ٤٧

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقَكُمْ اللَّهُ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَاء اللَّهُ أَطْعَمَهُ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ فِي ضَلالٍ مُّبِينٍ

دەڵێت:

وە کاتێك پێیان دەگوترێت لەو بژێویەی الله پێتانی داوە ببەخشن، کافرەکان بە باوەڕداران دەڵێن: ئایا خۆراك بدەین بە کەسانێك کە ئەگەر الله بیوستایە خۆراکی پێیان دەدا. لە ڕاستیدا ئێوە تەنها لە گومراییەکی ڕووندان.

{إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ فِي ضَلالٍ مُّبِينٍ- لە ڕاستیدا ئێوە تەنها لە گومڕاییەکی ڕووندان)، دیار نییە کە کافرەکان وایان گوتوە، وە یان موسڵمانان وەڵامی کافرەکانیان داوەتەوە، وە یان اللەیە ئەم قسەیە دەکات.

ابن الجوزی دەڵێت، دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: وتەی کافرەکانە بۆ باوەڕداران.

دووەم: وتەی اللەیە بۆ کافرەکان.

# ئایەتی ٤٨

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ
وە کافرەکان بە ئیماندارەکان دەڵێن، کەیە ئەو بەڵێنە (ڕۆژی قیامەت) ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن؟

# ئایەتی ٤٩-٥٠

الله وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت:
مَا يَنظُرُونَ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ
فَلا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلا إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ
ئەوەی سەیری دەکەن تەنها یەك هاوارو گرمەیە کە دەیانگرێت لە کاتێکدا مشتومڕ دەکەن.
ئینجا ناتوانن نە ڕاسپاردە بکەن، وە نە بۆ لای خانەوادەکانیان بگەڕێنەوە.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
الله فەرمان بە ئیسرافیل دەکات کە فوو بکاتە کەڕەناکە، وە کە فووی پیادا دەکات، فووەکە درێژ دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەمووکەسێك لە زەویدا گوێی لێ بێت.
الطبری لە جامع البیان، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات کە ابو هریرە دەڵێت:
پێغەمبەر گوتویەتی:
إِنَّ الله لمَّا فَرَغَ مِنْ خَلْقِ السَّمواتِ والأرْضِ خَلَقَ الصُّورَ، فأعْطاهُ إسْرافِيلَ، فَهُوَ وَاضِعُهُ عَلى فِيهِ شَاخِصٌ بِبَصَرِهِ إلى العَرْش يَنْتَظِرُ مَتى يُؤْمَرُ ، قال أبو هريرة: يا رسول الله: وما الصور؟ قال: قَرْنٌ قال: وكَيْفَ هُوَ؟ قال: قَرْنٌ عَظِيمٌ يُنْفَخُ فِيهِ ثَلاثُ نَفَخاتٍ، الأولى نَفْخَةُ الفَزَعِ، والثَّانِيةُ نَفْخَةُ الصَّعْقِ، والثَّالِثَةُ نَفْخَةُ القِيام
کاتێك الله دەستی بەتاڵ بوو لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی، کەڕەنایەکی دروستکرد و دای بە ئیسرافیل، وە ئیسرافیل قۆچەکەی خستۆتە سەر لێوەکانیەوە و چاوی لەسەر اللهیە بۆ ئەوەی بزانێت کەی فەرمانی پێدەکات فووی پیادا بکات. ابو هریرە گوتی ئەی پێغەمبەری الله "الصور- کەرەنا" چییە؟ گوتی قۆچی ئاژەڵە. ابو هریرە گوتی ئەم قۆچە چۆنە؟ گوتی قۆچێکی مەزنە، وە

سێ فووی پیادا دەکرێت: یەکەم فووی تۆقاندنە، دووەم فووی مردنە، سیهەم فووی زیندووبوونەوەیە (قیامەت).

## ئایەتی ٥١-٥٣

وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ الْأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنسِلُونَ
قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَن بَعَثَنَا مِن مَّرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ
إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ

اللّٰهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

فوو دەکرێتە کەڕەناکە، مردووەکان لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە و بە خێرایی بۆ لای خوداکەیان ڕەو دەکەن.

وە کافرەکان دەڵێن: لەخۆمان ڕۆ، کێ ئێمەی لە گۆڕەکانمان زیندوو کردەوە؟

ئەوە ئەو بەڵێنە بوو کە الرحمن (اللّٰه) پێمانی دابوو- بەڵێنی ڕۆژی قیامەت- وە پیغەمبەران ڕاستیان کرد.

وە تەنها یەك گرمەیە، ئینجا هەر هەموو کۆمەڵەکان لامان کۆدەکرێنەوە.

ئەم ئایەتە دوو شت دەڵێت:

یەکەم: فوو دەکرێتە کەرەناکە.

دووەم: دەڵێت گرمەیەکە.

واتە دەبێت فووکردنە کەڕەناکە گرمە بێت.

ئەم گرمەیە گرمەی زیندوو بوونەوە و ڕۆژی قیامەتە.

خودا لەم ڕۆژە بمانپارێزێت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەو فووپیاکردنە، فووپیاکردنی سێهەمە، کە فووپیاکردنی زیندووبوونەوە و ڕۆژی قیامەتە.

## ئایەتی ٥٤

فَالْيَوْمَ لَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَلَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

دەڵێت:

لەم ڕۆژەدا، ڕۆژی قیامەت، هیچ کەسێك بە هیچ شتێك ستەمی لێناکرێت، وە پاداشت نادرێنەوە تەنها ئەو کارانە نەبێت کە دەتانکردن.

# ئایەتی ٥٥-٥٨

اللەی عەرەب و ئیسلام باسی هەندێك لەو پاداشتانە دەكات كە دەیدات بە پیاوانی ئیماندار.

إِنَّ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ الْيَوْمَ فِي شُغُلٍ فَاكِهُونَ
هُمْ وَأَزْوَاجُهُمْ فِي ظِلالٍ عَلَى الأَرَائِكِ مُتَّكِؤُونَ
لَهُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ
سَلامٌ قَوْلا مِن رَّبٍّ رَّحِيمٍ

واتە:

لەم ڕۆژەدا، پیاوانی بەهەشت بە خۆشحاڵیەوە سەرقاڵن، خۆیان و هاوسەرەكانیان لە ژێر سێبەر لەسەر قەنەفە پاڵ كەوتوون، وە لە بەهەشتدا میوەیان هەیە، وە هەر شتێك كە داوای دەكەن، وە خودای میهرەبان سڵاوێكیان بۆ دەنێرێت.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

عبد الله بن مسعود وابن عباس وسعيد بن المسيب وعكرمة والحسن وقتادة والأعمش وسليمان التيمي والأوزاعي، سەبارەت بە {إِنَّ أَصْحَـٰبَ ٱلْجَنَّةِ ٱلْيَوْمَ فِى شُغُلٍ فَـٰكِهُونَ- لەم ڕۆژەدا پیاوانی بەهەشت بە خۆشحاڵیەوە سەرقاڵن}.

گوتوویانە كاریان دڕاندنی پەردەی كچێنی دەبێت.

الطبرى لە جامع البيان دەڵێت، كۆمەڵێك وەك ابن مسعود و ابن عباس و سعيد بن المسيب، گوتوویانە، كاری پیاوانی بەهەشت دڕاندنی پەردەی كچێنی دەبێت.

ئینجا الطبرى، بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە شرۆڤەی ئایەتەكە دەڵێت:

ئەو شرۆڤەیەی من بە ڕاستری دەزانم ئەوەیە، وەك الله دەڵێت، {إنَّ أصحَابَ الجَنَّةِ}، یاوەرانی بەهەشت، {فِي شُغُلٍ فاكِهُونَ،} ئەم كارەیان بریتی دەبێت لەو خۆشیانەی تیایدان و دڕاندنی پەردەی كچێنی و هەوەس و لەزەت.

القرطبى لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ابن مسعود و ابن عباس و مجاهد و قتادة، گوتوویانە، كاریان دڕاندنی پەردەی كچێنی دەبێت.

الجلالين لە تفسير الجلالين دەڵێن:

خۆشی و لەزەت لە شتانێك دەكەن وەك دڕاندنی پەردەی كچێنی.
وە لە الدر المنثور للسیوطی و مسند البزار و معجم الصغیر للطبرانی و العظمة لابي الشیخ، فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتوویەتی:
أَهْلُ الْجَنَّةِ إِذَا جَامَعُوا نِسَاءَهُمْ عَادُوا أَبْكَارًا
پیاوانی بەهەشت هەر چەند جارێك لەگەڵ ژنەكانیان جووت دەبن، ژنەكانیان دەبنەوە بە پەردەدار (پاكیزە).
السیوطی لە الدر المنثور، ئاماژە بە فەرموودەیەكی محمد دەكات، كە لە لایەن یاوەرەكانیەوە پرسیاری لێكراوە:
أَنَطَأُ فِي الْجَنَّةِ؟ قَالَ : نَعَمْ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ دَحْمًا دَحْمًا، فَإِذَا قَامَ عَنْهَا رَجَعَتْ مُطَهَّرَةً بِكْرًا
ئایا گان دەكەین لە بەهەشت؟ گوتی بەڵێ، وە سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە دەكوتیت دەكوتیت، كاتێك تەواو بوویت پاك دەبێتەوە و دەبێتەوە بە پەردەدار.
القرطبی ئاماژە بە ڕیوایەتێكی ابن عباس دەكات، كە گوتوویەتی:
هەر چەند جارێك پیاو دەیەوێت لەگەڵ ژنەكەی جووت بێت شەهوەتی بۆ دەگەڕێتەوە و بە هێزی ٧٠ پیاو گانی لەگەڵدا دەكات.
ڕیوایەتێك لە سنن ابن ماجة و البعث و النشور للبیهقی و مجمع الزوائد للهیثمی و مسند البزار هاتووە، كە محمد گوتوویەتی:
بينما أهلُ الجنَّةِ في نعيمِهم إذا سطعَ لهم نورٌ فرفعوا رؤوسَهم فإذا الربُّ جلَّ جلالُه قد أشرَفَ علَيهم مِن فوقِهم فقالَ السَّلامُ علَيكم يا أهلَ الجنَّةِ فذلكَ قَولُه عزَّ وجلَّ سَلَامٌ قَوْلًا مِنْ رَبٍّ رَحِيمٍ
كاتێك خەڵكی بەهەشت لە خۆشیەكانیاندان ڕووناكیەك بەسەریاندا هەڵدێت، كاتێك سەریان بەرزدەكەنەوە دەبینین اللەیە لەسەرەوە سەیریان دەكات و پێیان دەڵێت سڵاوتان لێ بێت ئەی پیاوانی بەهەشت، وە ئەوە مانای ئەو ئایەتەیە كە دەڵێت، {سَلامٌ قَوْلا مِن رَّبٍّ رَّحِيمٍ- سڵاو وتەی خودایەكی بەخشندەیە}.

# ئایەتی ٥٩-٦٢

اللەی عەرەب و ئیسلام، لەم ئایەتانە باسی بارودۆخی کافرەکان دەکات لە رۆژی قیامەت و دەڵێت:

وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ
أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ
وَأَنْ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ
وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ

واتە:

دە ئیمڕۆ خۆتان دەرخەن ئەی تاوانبارەکان، ئەی نەوەکانی ئادەم، ئەی سۆزم پێتان نەدا کە شەیتان مەپەرستن، وە شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی ڕوونە؟
وە تەنها من بپەرستن، وە ئەوە ڕێگای ڕاستە، وە نەوەیەکی زۆری لە ئێوە گومڕا کرد، ئایا دەرکتان نەدەکرد؟ ئەوە ئەو دۆزەخەیە کە بەڵێنتان پێدرابوو.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{ وَ } دەڵێت، {وَٱمْتَازُواْ ٱلْيَوْمَ أَيُّهَا ٱلْمُجْرِمُونَ }، واتە تاوانبارەکان خۆتان لە ئیماندارەکان جیابکەنەوە و تێکەڵیان مەبن.

# ئایەتی ٦٣-٦٤

هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ
اصْلَوْهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ

واتە:

ئەوە دۆزەخە کە بەڵێنتان پێدرابوو، تیایدا بسووتێن بە هۆی ئەوەی کوفرتان پێی دەکرد.

تێبینی:

ئایەتی ٦٤ هەڵەیە.

وشەی (اصلوها) واتە دۆزەخ بسووتێنن. بەڵام دۆزەخ ناسووتێت بەڵکو دۆزەخ کافرەکان دەسووتێنێت. لەبەر ئەوە ئایەتەکە دەبێت بڵێت:

اصْلَوْا فيهَا الْيَوْمَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ

واتە: ئیمڕۆ تیایدا بسووتێن.

وە یان دەبێت بەم شێوەیە بێت:
ادْخُلُوهَا اليوم
واتە ئیمڕۆ بڕۆنە ناویەوە، واتە ناو دۆزەخ.

## ئایەتی ٦٥

الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ
دەڵێت:
ئیمڕۆ- ڕۆژی قیامەت- مۆر لەسەر دەمیان دەدەین و دەستەکانیان قسەمان لەگەڵدا دەکەن و قاچەکانیان شایەتی دەدەن لەسەر ئەو کاروبارانەی کە ئەنجامی دەدەن.
وە لە ئایەتی ٢٠-٢١ سوورەتی فصلت دەڵێت:
حَتَّىٰ إِذَا مَا جَاءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ،
وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَاۖقَالُوا أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ
کاتێك هاتن بۆ دۆزەخ، گوێچکەکانیان و چاوەکانیان و پێستەکانیان شایەتیان لەسەر دەدەن بەو کارانەی کە دەیانکرد، (کافرەکان) دەڵێن، بۆچی شایەتیتان لەسەرماندا؟ (گوێچکەکانیان و چاوەکانیان و پێستەکانیان) دەڵێن: ئەو اللهیە ئێمەی بە قسە هێنا کە هەموو شتێك بە قسە دێنێت.
القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:
السدي وعبيد الله بن أبي جعفر والفراء، گوتوویانە، مەبەست لە پێست واتە نێوگەڵ.
خەیاڵ بکەن، الله قوز و کێر بە قسە دەهێنیت و دەبن بە شایەت لەسەر خاوەنەکەیان.
القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الثعالبی لە جواهر الحسان ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك کردووە کە دەڵێت:
أَوَّلُ مَا خَلَقَ اللَّهُ تَعَالَى مِنَ الْإِنْسَانِ فَرْجَهُ وَقَالَ هَذِهِ أَمَانَةٌ اسْتَوْدَعْتُكَهَا ، فَلَا تَلْبَسْهَا إِلَّا بِحَقٍّ . فَإِنْ حَفِظْتَهَا حَفِظْتُكَ ، فَالْفَرْجُ أَمَانَةٌ

یەکەم شت کە اللە دروستیکرد ئەوا نێوگەڵ بوو، وە گوتی: ئەوە ئەمانەتی منە بە ئێوەی دەسپێرم، جا نەکەیت بە بێ هەق بەکاری بهێنیت. لەبەر ئەوە پاراستنی پاراستنی تۆیە، وە نێوگەڵ ئەمانەتە.
ئایەتی ٦٥ یس و ٢٠ فصلت دەڵێن:
یەکەم: اللە مۆر لەسەر دەمی کافرەکان دەدات و ناتوانن قسە بکەن.
دووەم: دەست و قاچ و گوێچکە و چاو و پێست قسە دەکەن و دەبن بە شایەت لەسەر خاوەنەکەیان.
ئایەتی ٢٤ سوورەتی النور دەڵێت:
يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ
ئەو ڕۆژەی کە زمانەکانیان و دەستەکانیان و پێکانیان شایەتیان لەسەر دەدەن لەسەر ئەو کارانەی دەیانکردن.
زمانیش شایەتی دەدات!
پرسیار: ئەگەر دەم بگیرێت، زمان دەتوانێت بجولێت و دەنگی بێت و شایەتی بدات؟
کاتێك نووسەری قورئان، سوورەتی النوری نووسیوە، کە سوورەتێکی مەدینەیە، لە یادی نەماوە کە چی گوتووە لە سورەتی یس و سورەتی فصلت.
وە لە صحیح مسلم فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە گوتوویەتی:
فَيُخْتَمُ عَلَى فِيهِ فَيُقَالُ لِأَرْكَانِهِ انْطِقِي قَالَ فَتَنْطِقُ بِأَعْمَالِهِ
اللە مۆر لەسەر دەمی کەسەکە دەدات، و بە دەستوپێکانی دەڵێت قسە بکەن، یەکسەر دەست دەکەن بە قسە کردن سەبارەت بە کاروکردەوەکانی کەسەکە.
امام احمد و مردوية و الطبری و ابن ابي حاتم و الطبرانی، ئاماژەیان بە فەرموودەیەکی محمد کردووە کە گوتوویەتی:
إِنَّ أَوَّلَ عَظْمٍ مِنَ الْإِنْسَانِ يَتَكَلَّمُ يَوْمَ يُخْتَمُ عَلَى الْأَفْوَاهِ، فَخِذُهُ مِنَ الرِّجْلِ الشِّمَالِ
یەکەم ئێسکی مرۆڤ کە قسە دەکات کاتێك اللە مۆر لەسەر دەمی دەدات، ئەوا ڕانی چەپەیە.

# ئایەتی ٦٦

وَلَوْ نَشَاء لَطَمَسْنَا عَلَى أَعْيُنِهِمْ فَاسْتَبَقُوا الصِّرَاطَ فَأَنَّى يُبْصِرُونَ
دەڵێت:
ئەگەر بمانەوێت ئەوا چاوەکانیان دەسڕینەوە ئینجا کاتێك پێشبرکێ دەکەن بە سەر ڕێگاکە (پرسی سیراط) ئەوکات چۆن دەبینن.
القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت:
کاتێك ڕۆژی قیامەتە و پرسی سیراط دادەنرێت بانگدەرێك بانگ دەکات و دەڵێت: با محمد و میللەتەکەی بەسەر پردەکەدا تێپەڕ بن، ئینجا بە باش و خراپ بەسەر پردەکە تێپەڕ دەبن، بەڵام ئەگەر چاوی خراپەکاران بسڕێندرێتەوە، ئەوا ئەوکات بە بێ چاو چۆن دەتوانن ببینن و بەسەر پردەکەدا تێپەڕ بن؟
بەڵام زۆرێك لە شرۆڤەکاران دەڵێن، مەبەست لە (سیراط) لەم ئایەتە ڕێگایەکی ئاساییە و مەبەست پردی سیراط نییە، وە الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:
{وَلَوْ نَشَآءُ لَطَمَسْنَا عَلَىٰٓ أَعْيُنِهِمْ}، ئەگەر چاوەکانیان بسڕینەوە {فَاسْتَبِقُوا}، دەستیان کرد {ٱلصِّرَٰطَ}، بە ڕۆیشتن لەسەر ڕێگا {فأَنَّىٰ}، ئەوکات چۆن {يُبْصِرُونَ} دەبینن؟ واتە نابینن.

# ئایەتی ٦٧

وَلَوْ نَشَاء لَمَسَخْنَاهُمْ عَلَى مَكَانَتِهِمْ فَمَا اسْتَطَاعُوا مُضِيًّا وَلا يَرْجِعُونَ
دەڵێت:
وە ئەگەر بمانەوێت لە شوێنی خۆیان متورەقیان دەکەین، کە نەتوانن نە بەرەو پێشەوە بڕۆن، وە نە بۆ دواوە بگەڕێنەوە.
ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، چوار وتەوت هەیە سەبارەت بە مانای (لَمَسَخْنَاهُمْ):
یەکەم: قڕیان دەکەین.
دووەم: دەیانکەین بە بەرد.
سێهەم:لەسەر قاچەکانیان دایاندەنیشێنن.
چوارەم: دەیانکەین بە مەیموون و بەراز.

## ئایەتی ٦٨

وَمَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ أَفَلا يَعْقِلُونَ
دەڵێت:
وە ئەوەی پیری دەکەین ئەوا لە شێوەدا نابووتی دەکەین، کەچی هێشتا تێناگەن؟
ئایەتی ٧٠ سوورەتی النحل، شتێکی هاوچەشن دەڵێت:
وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْ لَا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئًا
وە هەتانە کە دەگێڕدرێتەوە بۆ ڕیسواترین تەمەن، بۆ ئەوەی هیچ شتێك فێرنەبێت، دوای ئەوەی شت فێرببوو.
واتە ئەو کەسەی کە الله تەمەنی پێدەدات لە ڕووی ئەقڵ و شێوازەوە نابووت و ڕیسوای دەکات.

## ئایەتی ٦٩-٧٠

وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُّبِينٌ
لِيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا وَيَحِقَّ الْقَوْلُ عَلَى الْكَافِرِينَ
اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:
وە ئێمە محمدمان فێرە شیعر نەکردووە، وە بۆی نییە شیعر فێربێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەمە تەنها وەبیرهێناوە و قورئانێکی ڕوونە بۆ ئاگادارکردنەوەی کەسانێك زیندوون، وە بەڵێنەکە بە هەق لەسەر کافرەکان بێتە دی.
لەم ئایەتە ڕوونە کە کافر و موشریکەکان گوتوویانە، محمد شاعیرە، وە قورئان شیعرە.
وە لە چەند دەقێکی قورئاندا هاتووە کە کافر و موشریکەکان گوتوویانە محمد شاعیرە و قورئان شیعرە، وەك ئایەتی ٣٠ سوورەتی الطور:
أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ
یان دەڵێن محمد شاعیرە
ئایەتی ٤١ سوورەتی الحاقة دەڵێت:
وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ
وە قورئان قسەی شاعیرێك نییە.

گرنگ نییە محمد خۆی شاعیر بێت یان شاعیر نەبووبێت، بەڵام قورئان شیعر و پەخشانە، وە نووسەرانی قورئان زۆربەی دەقەکانی لە شاعیرانی جاهیلی و تەورات و ئینجیل و ئەفسانەکانی دووڕگەی عەرەبی و ئیسرائیلی وەرگرتووە.
لە سوورەتەکانی ڕابردوو ئاماژەمان کرد کە چۆن محمد بە دوای شیعرەکانی امیة بن ابي الصلت گەڕاوە، وە زۆرێك لە شیعرەکانی امیة کراون بە ئایەتی قورئان.
لە دائرة المعارف الاسلامية بەشی چوارەم هاتووە دەڵێت:
والآراء الدينية ومعالجة هذه الموضوعات فى كلام أمية مطابقة لما جاء فى القرآن إلى حد كبير. ويكاد الاتفاق يقع كلمة كلمة فى كثير من الأقوال. أن أشعار أمية بن أبى الصلت هى من المصادر الصحيحة التى استمد منها القرآن رأساً.
بیروباوەڕی ئانی و چارەسەری بابەتەکان لە وتەکانی ئومەیە کوڕی ابي الصلت تا سنوورێکی زۆر کتومت وەك قورئانە، وە تەنانەت لە زۆرێك لە دەقەکان وشە بە وشە لەگەڵیدا کۆکە. لە ڕاستیدا شیعرەکانی ئومەیە کوڕی ابي الصلت یەکێکە لەو سەرچاوە ڕاستانەی کە قورئان دەقی لێی وەرگرتووە.
هەوڵ دەدەم ئاماژە بە شیعرەکانی امیة بکەم لەو دەقانەی قورئان کە نووسەرانی قورئان لە شیعرەکانی امیەیان وەرگرتووە.
ئایەتی ٧٠ دەڵێت:
ئەم قورئانە بۆ کەسێکە کە زیندووە.
ئەی قابیلە خۆ بۆ مردووش نیە. خودایەکی سەیرە.
شرۆڤەکاران هاتوون دەڵێن، مەبەستی الله لە زیندوو کەسێکە کە دڵی زیندووە.
من دەڵێم بۆ الله نەیدەتوانی بڵێت:
لِّيُنذِرَ مَن كَانَ قَلْبُهُ حَيًّا
واتە بۆ کەسێکە کە دڵی زیندووە.

## ئایەتی ٧١-٧٣

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَا أَنْعَامًا فَهُمْ لَهَا مَالِكُونَ
وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ
وَلَهُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَمَشَارِبُ أَفَلَا يَشْكُرُونَ

لەم ٣ ئایەتەدا اللەی عەرەب و ئیسلام، باس لەو چاکانە دەکات کە بەرامبەر بە مرۆڤ (کافر و موشریکی) کردووە و دەڵێت:
ئەی نەیانبینیووە کە هەر ئێمە، لەو شتانەی کە بەدەستەکانمان کردوومانن، ئاژەڵن کە بۆیانمان دروستکردووە، وە ئەوان (مرۆڤ) بوون بە خاوەنیان، وە بۆیان دەستەمۆمان کردوون، هەندێکیان بۆ ئەوەی سواریان بن، وە هەیانە (گۆشتەکەیان) بخۆن.
وە هەیانە سوودی تریان هەیە و هەیانە لێی دەخۆنەوە، کەچی هێشتا سوپاسگوزار نابن؟
{مَشَارِبُ- خواردنەوە} وەك شیری ئاژەڵ و شیرو میزی وشتر.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
{وَلَهُمْ فِيهَا مَنَافِعُ- وە بۆیان تیایاندا سوود هەیە}، واتە خوری و تووك {وَمَشَارِبُ} واتە شیر و میزیان.
{وَذَلَّلْنَاهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ- وە هەندێکیانمان دەستەمۆ کردووە بۆ ئەوەی سواریان بن} مەبەستی لە ئەسپ و هێستر و کەرە، وەك لە ئایەتی٨ النحل هاتووە دەڵێت:
وَٱلْخَيْلَ وَٱلْبِغَالَ وَٱلْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً
وە ئەسپ و هێستر و کەرمان بۆ سواربوون وە وەك جوانی دروست کردووە.

## ئایەتی ٧٤-٧٥

وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لَعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ
لا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ
اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، لەگەڵ ئەوەش ئەو هەموو چاکە و نیعمەتەم پێیان بەخشیوە، کەچی موشریکەکان:
خوداوەندیان جگە لە اللە بە خۆوە گرتووە بەشکەم سەریان دەخەن و بیانپارێزن لە ئازار و ئەشکەنجەی اللە.
بەڵام ناتوانن سەریان بخەن لەگەڵ ئەوەش ئەو موشریکەکانە خۆیان بۆ خوداوەندەکانیان کردووە بە سەربازی ئامادەباش.

# ئایەتی ٧٦

فَلا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ
دیارە کە موشریك و کافرەکان دڵی محمدیان تەنگ کردووە، چونکە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت
ئەی محمد دڵتەنگ نەبیت بە قسەکانیان، لە راستیدا ئێمە بوە دەزانین کە دەیشارنەوە وە بەوەی ئاشکرای دەکەن.
الطبری لە جامع البیان دەڵێت:
( فَلا يَحْزُنْكَ قَوْلُهُمْ- قسەکانیان دڵت توند نەکات) الله بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: قسەی ئەو موشریکانەی قەومەکەت دڵت تەنگ و توند نەکات کە دەڵێن: تۆ شاعیریت، وە ئەوەی هێناوتە شیعرە.
ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:
(فَلا يَحْزُنْكَ قَوْلُهُمْ- قسەکانیان دڵت توند نەکات) واتە: نکوڵیکردنیان لە پێغەمبەرایەتیت و کوفریان بە الله.
القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت:
دڵتەنگ نەبیت بە قسەکانیان کە دەڵێن، محمد شاعیرێکی ساحیرە.

# ئایەتی ٧٧-٧٩

أَوَلَمْ يَرَ الإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ
وَضَرَبَ لَنَا مَثَلا وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ
قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ
دەڵێت:
ئەی مرۆڤ نەیبینیوە کە لە ئێمە لە تۆزێك ئاو (تۆواو) دروستمانکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دژایەتیەکی سەرسەختمان دەکات.
وە نموویەکی بۆمان هێناوەتەوە، وە دروستبوونی خۆی لە بیر کردووە، گوتی کێ ئەم ئێسقانە زیندوو دەکاتەوە لەکاتێکدا بووە بە پروسک و خۆڵ.
ئەی محمد بڵێ ئەوەیان زیندووی دەکاتەوە کە یەکەم جار دروستیکردووە، وە هەر ئەو بە هەموو دروستکردنێك شارەزایە.
هۆکاری دابەزینی ئەم دەقە:

الواحدی النیسابوری له اسباب النزول دەڵێت:
شرۆڤەکاران گوتوویانه: أُبَيِّ بْنِ خَلَفٍ هات بۆ لای پێغەمبەر بە ئێسقانێکی هەڵوەشاوە و گوتی: ئەی محمد ئایا الله ئەم ئێسقە زیندوو دەکاتەوە دوای ئەوەی هەڵوەشاوەتەوە و بووە بە پروسك؟ پێغەمبەری گوتی بەڵێ، وە تۆش زیندوودەکاتەوە و دەتخاتە دۆزەخەوە، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند:
{وَضَرَبَ لَنَا مَثَلاً وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَن يُحيِي ٱلْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ}
له المصنف للعبدرزاق الصنعانی و منهاج السنة النبوية لابن تيمية هاتووە، کە محمد بە دەستی خۆی لە شەڕی ئوحد أُبَيِّ بْنِ خَلَفٍ دەکوژێت.

## ئایەتی ٨٠

الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ
دەڵێت:
(ئەو اللهیە زیندووی دەکاتەوە) کە لە درەختی سەوز ئاگری بۆتان هێناوەتە ئاراوە، کە ئێوە لە درەختەکە ئاگر دەکەنەوە.
هاهاهاها کەس هەیە لە درەختی سەوز ئاگر بکاتەوە؟
گوایە دەیەوێت لە ڕێگای ئەم دەقە خودابوونی خۆی بسەلێنێت،
یەکەم: لە درەخت ئاگر ناکرێتەوە، بەڵکو لە لق و پۆپ و داری وشك.
دووەم: لەم سەردەمەدا، هەر کەسێك درەخت بسووتێنێت ئەوا سزا دەدرێت، چونکە بە کارێکی دژ بە ژینگە دادەنرێت.
سێهەم: بەڵام بە حوکمی ئەوەی اللهی عەرەب و ئیسلام خودایەکی تێکدەرە و دژ بە ژینگەیە، بەلایەوە ئاساییە درەختی سەوز بسووتێنرێت. وە تەنانەت وەك لە سورەتی الحشر هاتووە، فەرمان بە موسڵمانان دەکات دارخورماکانی بنی نضير ببڕنەوە و بسووتێنن، وەك لە ئایەتی ٥ سوورەتی الحشر هاتووە:
مَا قَطَعْتُمْ مِنْ لِينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَىٰ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَاسِقِينَ
وە هەر دارخورمایەك کە بڕیتانەوە، وە یان لە سەر قەدەکەی جێتان هێشت، ئەوا بە مۆڵەتی الله بوو، وە با خراپەکاران ڕیسوا بن.
جا نازانم کێ خراپەکارە؟ ئەوەی دارخورماکانی بڕیوەتەوە و سووتاندویەتی یان بنی نضير؟

له صحيح البخاری و مسلم هاتووه كه ابن عمر گوتوویەتی:
أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَطَعَ نَخْلَ بَنِي النَّضِيرِ وَحَرَّقَ وَلَهَا يَقُولُ حَسَّانُ
وَهَانَ عَلَى سَرَاةِ بَنِي لُؤَيٍّ حَرِيقٌ بِالْبُوَيْرَةِ مُسْتَطِيرُ
پێغەمبەری الله دارخورماكانی بنی نضیری بڕیەوە و سووتاندنی، وە سەبارەت بەم كارە حسان بن ثابت گوتی:
وە ئاگرێك گەورە پیاوانی بنی لؤي ڕیسوا كرد.
ئاگرەكە پڕیشكی دەكرد بە چواردەورەیدا.

# ئایەتی ٨١-٨٢

أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُم بَلَى وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ
إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ
دەڵێت:
ئەی ئەوەی كە ئاسمانەكان و زەوی دروستكردووە، لە تواناییدا نییە كە هاوچەشنیان دروستبكات؟ (الله هەر خۆی وەڵام دەداتەوە و دەڵێت)، بەڵێ، وە هەر ئەو دروستكەرێكی لێهاتوو و شارەزایە.
لە ڕاستیدا ئەگەر شتێكی بوێت (بهێنێتە ئاراوە) ئەوا بە شتەكە دەڵێت ببە، وە دەبێت.
ئایەتی ٨٢ هەڵەیەكی گەورەی تێدایە، چونكە دەڵێت، بە شتەكە دەڵێت، واتە شتەكە بوونی هەیە. {كن فيكون}، دەبێت خەلقكردن بێت لە هیچەوە نەك لە شتێكی ترەوە.
دەڵێت بە شتەكە دەڵێت ببە وە دەبێت.
ئەوە هەڵەیەكی لاهوتی گەورەیە، دەقەكە دەبێت بەم شێوەیە بێت:
إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا يَقُولَ كُنْ فَيَكُونُ
ئەگەر بیەوێت شتێك بهێنێتە ئاراوە، دەڵێت ببە، یەكسەت دەبێت.
ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت لە سەرتاپای قورئان نەمبینیوە، اللهی عەرەب و ئیسلام شتێكی لە هیچەوە هێنابێتە ئاراوە.

وە هەڵەیەکی تر کە لەم دەقەدا هەیە (فیکون) بۆ داهاتووە، واتە ماوەیەکی پێ دەچێت تاوەکو دەبێت. لەبەر ئەوە دەبێت بڵێت:

إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا يَقُولَ كُنْ فَكان

ئەگەر بیەوێت شتێك بهێنێتە ئاراوە، دەڵێت ببە، یەکسەر بوو.

## ئایەتی ٨٣

فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ

ئینجا لە دوا ئایەتدا اللهی عەرەب و ئیسلام بەخۆیدا هەڵدەدات و دەڵێت: دەسا شکۆمەندە ئەوەی خاوەندارێتی هەموو شتێکی بەدەستە، وە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

{مَلَكُوتُ}، بە مانای خاوەندارێتی نایەت، بەڵکو بە مانای شانشین دێت، وە ئەم وشەیە ئارامی- سریانیە. لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم دەقە مەبەستی خاوەندارێتی بێت، ئەوا دەبێت (مُلْكُ) بێت:

فَسُبْحَانَ الَّذِي بِيَدِهِ مُلْكُ كُلِّ شَيْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ

خۆ ئەگەر مەبەستیشی شانشین بێت، ئەوا شانشینی خودا لە ئاسمانە و لە هەموو شتێکدا نییە. چونکە هەموو شتێك زبڵدان و ئاودەستیش دەگرێتەوە.

کۆتایی سوورەتەکە

کۆتایی بەشی یەکەم بەرگی سێهەم

# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆکاری دابەزین

نوسین : دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا



## بەشی شەشەم

# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

## بەشی شەشەم

نووسینی

دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا

پیاچوونەوەی نووسین

جەبار حەمەد

لە بلاوكراوەكانی دەزگای ڕێنسانسی كوردی

# (٤٣)

# سوورەتی الفرقان (جیاکەرەوە)

**١-تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا**

بە بەرەکەتە ئەوەی فورقانی بۆ سەر بەندەکەی دابەزاند بۆ ئەوەی ببێت بە ئاگادارکەرەوە بۆ جیهانەکان.

**٢-الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا**

ئەوەی کە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە، وە نە کوڕی بەخۆوە گرتووە وە نە شەریکی لە خاوەندارێتی هەبووە، وە هەموو شتێکی دروستکردووە، ئینجا بڕ و چارەنووسیانی دیاری کردووە.

**٣-وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلا نَفْعًا وَلا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلا حَيَاةً وَلا نُشُورًا**

وە جگە لە ئەو خوداوەندیان بە خۆوە گرتووە کە هیچ شتێك دروستناکەن، وە دەسەڵاتیان، نە لە زیان وە نە لە سوود، بەسەر خۆیاندا نییە، وە نە خاوەنی مەرگن و نە ژیان و نە زیندووبوونەوە.

**٤-وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلاَّ إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاؤُوا ظُلْمًا وَزُورًا**

وە ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا گوتیان ئەوە تەنها درۆودەلەسەیەکە کە محمد خۆی هێنایەتیە ئاراوە، وە خەڵکانێکی تر یارمەتی داون، جا ئەوانە ستەم و ناڕاستیان کرد.

**٥-وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلا**

وە گوتیان ئەفسانەی پێشینانە، نووسیویەتیەوە، وە دەقەکان بەیان و ئێواران بۆی دەگوترێتەوە.

**٦-قُلْ أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا**

ئەی محمد بڵێ، ئەوە دایبەزاندووە کە لە نهێنی ئاسمانەکان و زەوی دەزانێت، وە لە ڕاستیدا ئەو هەمیشە لێبووردە بووە.

**٧-وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الأَسْوَاقِ لَوْلا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا**

وە گوتیان ئەو پێغەمبەرە چییە خواردن دەخوات و لە بازاڕەکان دەڕوات، ئەگەر فریشتەیەك لەگەڵیدا دانەبەزێت بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ببێت بە ئاگادارکەرەوە (باوەڕ ناهێنین).

**٨-أَوْ يُلْقَى إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ رَجُلا مَّسْحُورًا**

وە یان کەنزێکی پێ درێت، وە یان باخێکی هەبێت کە لێیەوە بخوات، وە ستەمکارەکان گوتیان ئێوە تەنها بە دوای پیاوێکی سحر لێکراو کەوتوون.

**٩-انظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا لَكَ الأَمْثَالَ فَضَلُّوا فَلا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلا**

سەیرکە چۆن نموونەیان بۆ تۆ هێناوەتەوە، گومڕا بوون، دەسا ناتوانن ڕێگا بگرن.

**١٠-تَبَارَكَ الَّذِي إِن شَاء جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَلِكَ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًا**

بە بەرەکەتە ئەوەی ئەگەر بیەوێت ئەوا باشترت پێ دەدات، باخێك کە لە ژێریدا ڕووبارەکان دەڕۆن، وە کۆشکوتەلارێك بۆ دێنێتە ئاراوە.

**١١-بَلْ كَذَّبُوا بِالسَّاعَةِ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِالسَّاعَةِ سَعِيرًا**

بەڵام ئەوانە نکۆڵیان کرد لە ڕۆژی قیامەت، وە بۆ ئەوانەی نکۆڵی دەکەن لە ڕۆژی قیامەت، دۆزەخمان بۆیان ئامادە کردووە.

**١٢-إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍ بَعِيدٍ سَمِعُوا لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا**

کاتیك دۆزەخ لە شوێنێکی دوور کافرەکان دەبینێت، لرفە و نێڵەی دێتە گوێیان.

**١٣-وَإِذَا أُلْقُوا مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُقَرَّنِينَ دَعَوْا هُنَالِكَ ثُبُورًا**

وە کاتێك بە کۆتووبەندکراوی فڕێدەدرێنە شوێنیکی تەسکی دۆزەخەوە، لەوێدا واوەیلا دەکەن.

**١٤-لا تَدْعُوا الْيَوْمَ ثُبُورًا وَاحِدًا وَادْعُوا ثُبُورًا كَثِيرًا**

ئیمڕۆ یەك جار واوەیلا مەکەن بەڵکو واوەیلاییکی زۆر بکەن.

**١٥-قُلْ أَذَلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ الْخُلْدِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ كَانَتْ لَهُمْ جَزَاء وَمَصِيرًا**

بڵی ئایا ئەمە باشترە یان بەهەشی نەمری کە خوداترسان بەڵێنیان پێدرابوو؟ وە ئەوە بۆیان پاداشت و ئاکام بوو.

**١٦-لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاؤُونَ خَالِدِينَ كَانَ عَلَى رَبِّكَ وَعْدًا مَسْؤُولا**

هەرچیەك ئارەزوو بکەن بۆیان هەیە، تیایدا نەمرن، ئەمە پەیمان و بەرپرسیاریەتی خوداکەت بوو.

**١٧-وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَقُولُ أَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِي هَؤُلاء أَمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبِيلَ**

لەو ڕۆژەدا خۆیان و ئەوانەی جگە لە الله دەیانپەرستن کۆیان دەکەینەوە، وە الله دەڵێت: ئایا ئێوە ئەو بەندانەی منتان گومڕا کرد وە یان خۆیان ڕێگاکەیان ون کرد؟

**١٨-قَالُوا سُبْحَانَكَ مَا كَانَ يَنبَغِي لَنَا أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَاء وَلَكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَآبَاءَهُمْ حَتَّى نَسُوا الذِّكْرَ وَكَانُوا قَوْمًا بُورًا**

دەڵێن شکۆمەندیت، بۆ ئێمە نەبووە جگە لە تۆ پشتیوانێکی دیکە بەخۆمانەوە بگرین، بەڵام تۆ خۆشیت بە خۆیان و باوکانیان بەخشیبوو تاوەکو یادەوەریان لە بیر کرد، و بوون بە خەڵکانێکی بێکەڵك.

**١٩-فَقَدْ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلا نَصْرًا وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا**

ئەوا ئێوەیان بە درۆ خستەوە سەبارەت بەم قسانەی دەیکەن، جا خۆ نە دەتوانن سزاتان لەسەر وەلاوە بنێن وە نە پشتیوانیتان بکەن، وە هەر کەسێکتان ستەمێکی کربێت ئەوا ئەشکەنجەیەکی گەورەی دەدەین.

**٢٠-وَمَا أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ إِلاَّ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِي الأَسْوَاقِ وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا**

وە پێش تۆ هیچ نێردراوێکمان نەناردووە کە خواردنیان نەخواردبێت و لە بازاڕەکان نەڕۆیشتبن، وە هەندێکتانمان کردووە بە تاقیکردنەوە بۆ هەندێکی تر: کە ئاخۆ خۆڕاگر دەبن؟ وە خوداکەت هەمیشە چاودێر بووە

**٢١-وَقَالَ الَّذِينَ لا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا لَوْلا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْمَلائِكَةُ أَوْ نَرَى رَبَّنَا لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا**

وە ئەوانەی ئاواتەخواز نین بە دیدەنمان گوتیان: ئەگەر فریشتەیەکی بۆ دانەبەزێت یان خوداکەمان نەبینن (ئەوا باوەڕ ناهێنین). ئەوانە لە خودیاندا خۆبەزلزان بوون، وە پێشێلیان کرد پێشێلیەکی مەزن.

**٢٢-يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلائِكَةَ لا بُشْرَى يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا**

وە ئەو ڕۆژەی فریشتە دەبینن، ئەوا لەم ڕۆژەدا مژدەدەیەك بۆ تاوانباران نابێت، وە دەڵێن: بۆ خانەیەکی قەتیس کراو.

**٢٣-وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا**

وە هەر کارێك کردوویانە بۆمان دێت، وە دەیکەین بە تۆزێکی پەرشوبڵاو.

**٢٤-أَصْحَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلا**

لەم ڕۆژەدا یاوەرانی بەهەشت لە چاکترین و باشترین جێگا نیشتەجێن.

**٢٥-وَيَوْمَ تَشَقَّقُ السَّمَاء بِالْغَمَامِ وَنُزِّلَ الْمَلائِكَةُ تَنزِيلا**

وە ڕۆژێ ئاسمان بە هەور وردوخاش دەبێت و فریشتەکان پۆل بە پۆل دادەبەزێنرێن.

**٢٦-الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ لِلرَّحْمَنِ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى الْكَافِرِينَ عَسِيرًا**

لەم ڕۆژەدا خاوەندارێتی بە ڕاستی بۆ ڕەحمانە، وە ئەو ڕۆژە زۆر سەخت دەبێت بۆ کافرەکان.

**٢٧-وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلا**

وە ئەو ڕۆژە ستەمکاران گاز لە دەستەکانیان دەگرن و دەڵێن: خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەر ڕێبازەکەم بگرتایە.

**٢٨-يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلانًا خَلِيلا**

وای لە خۆم خۆزگە فولانە کەسم نەکردبایە بە دۆست و هاوڕێم.

**٢٩-لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلإِنسَانِ خَذُولا**

لە دوای ئەوەی یادکەرەوەم بۆ هات، منی گومڕا کرد، وە شەیتان بۆ مرۆڤ هەمیشە لەکەدارکەر بووە

**٣٠-وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا**

وە پێغەمبەر گوتی، ئەی خوداکەم لە ڕاستیدا قەومەکەم ئەم قورئانەیان بە گاڵتە وەرگرتووە.

**٣١-وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا**

وە بەم جۆرە بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنێکمان لە تاوانباران هێناوەتە ئاراوە، جا خوداکەت بەسە بۆ ڕێنمایی و پشتیوانیکردن.

**٣٢-وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً كَذَلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلا**

وە ئەوانەی بڕوایان نەهێنا گوتیان: ئەگەر قورئان بە تەواوی و بەیەکجار بۆی دانەبەزێت (ئەوا باوەڕ ناهێنن). ئێمە بەم جۆرە دامانبەزاند بۆ ئەوەی لە دڵت جێگیری بکەین و بەش بەش بۆت بڵێینەوە.

**٣٣-وَلا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلاَّ جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا**

وە هاوچەشنیت بۆ ناهێنن بەڵام ئێمە ڕاستی و باشترین لێکدانەوەمان بۆت هێناوە.

**٣٤-الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَى وُجُوهِهِمْ إِلَى جَهَنَّمَ أُوْلَئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلا**

ئەوانەی لە سەر دەموچاویان بۆ دۆزەخ کۆدەکرێنەوە، ئەوانە خراپترین شوێن و گومراترین ڕێگایان دەبێت.

**٣٥-وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَجَعَلْنَا مَعَهُ أَخَاهُ هَارُونَ وَزِيرًا**

وە بە دڵنیاییەوە ئێمە پەرتووکمان بە موسا بەخشی و هارونی برایمان لەگەڵیدا کرد بە بریکار.

**٣٦-فَقُلْنَا اذْهَبَا إِلَى الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَدَمَّرْنَاهُمْ تَدْمِيرًا**

جا پێیانمان گوت بڕۆن بۆ لای ئەو قەومەی کە نکۆڵیان لە نیشانەکانمان کردووە، ئەوەبوو بە وێرانکردن وێرانمان کردن.

**٣٧-وَقَوْمَ نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُوا الرُّسُلَ أَغْرَقْنَاهُمْ وَجَعَلْنَاهُمْ لِلنَّاسِ آيَةً وَأَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا**

وە قەومی نوح کاتێك نکۆڵیان لە نێردراوەکانمان کرد، نوقممان کردن، وە کردمانن بە نیشانەیەك بۆ خەڵك، وە بۆ ستەمکاران سزایەکی ئازاربەخشمان ئامادە کردووە.

**٣٨-وَعَادًا وَثَمُودَ وَأَصْحَابَ الرَّسِّ وَقُرُونًا بَيْنَ ذَلِكَ كَثِيرًا**

وە عاد و ثەمود و خاوەنانی ڕەس، وە نەوەیەکی زۆر لە نێوانیاندا.

**٣٩-وَكُلا ضَرَبْنَا لَهُ الأَمْثَالَ وَكُلا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا**

وە بۆ هەر یەکێکیان چەندەها نموونەمان هێناوەتەوە، وە هەر هەموویانمان هەنجن بە هەنجن کرد.

**٤٠-وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى الْقَرْيَةِ الَّتِي أُمْطِرَتْ مَطَرَ السَّوْءِ أَفَلَمْ يَكُونُوا يَرَوْنَهَا بَلْ كَانُوا لا يَرْجُونَ نُشُورًا**

وە بە دڵنیاییەوە بەسەر ئەو گوندەدا تێپەڕیوون کە بارانێکی خراپی بەسەردا باریووە، ئایا نەیانبینیووە؟ بەڵکو خۆزگەیان دەکەن کە زیندووبوونەوە نەبێت؟

**٤١-وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلاَّ هُزُوًا أَهَذَا الَّذِي بَعَثَ اللَّهُ رَسُولا**

وە کاتێك تۆ دەبینن ئەوا تەنها گاڵەت پێ دەکەن، (دەڵێن) ئایا ئەوەیە کە اللە وەك پێغەمبەر ناردوویەتی؟

٤٢-**إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنَا لَوْلا أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ الْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلا**

وە خەریکە گومڕامان بکات لە خوداوەندەکانمان ئەگەر خۆڕاگر نەبین لەسەریاندا. وە هەر دەزانن کاتێك ئەشکەنجەکە دەبینن، کە کێ ڕێبازەکەی ون کردووە؟

٤٣-**أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلا**

ئەی ئەوەت بینیوە کە خوداکەی بە لافوگوزاف وەرگرتووە؟ دەسا تۆ لەسەری دەبیت بە بەرپرس؟

٤٤-**أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلاَّ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلا**

وە یان پێتوایە کە زۆربەیان دەبیستن یان تێدەگەن؟ لە ڕاستیدا ئەوانە تەنها وەك ئاژەڵن، بەڵکو لە ئاژەڵ خراپتر ڕێگاکەیان ون کردووە.

٤٥-**أَلَمْ تَرَ إِلَى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاء لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلا**

ئەی سەیری خوداکەتت نەکردووە کە چۆن سێبەری درێژ کردۆتەوە؟ خۆ ئەگەر ئارەزووی بکرایە ئەوا سێبەری جێگیر دەکرد، ئینجا خۆرمان لەسەریدا کردووە بە بەڵگە.

٤٦-**ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا**

ئینجا زۆر بە ئاسانی (سێبەرەکە) بۆ لای خۆمان دەگێڕینەوە.

٤٧-**وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا**

وە هەر ئەوە کە شەوی بۆتان کردووە بە پۆشاك و خەوتنی کردووە بە پشوو، وە ڕۆژی کردووە بۆ هەڵسانەوەتان.

**٤٨-وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاء طَهُورًا**

وە هەر ئەوە کە بای وەك مژدە لە نێوان دەستەکانی ڕەحمەتیەوە ناردووە، وە لە ئاسمان ئاوێکی پاکمان دابەزاندووە.

**٤٩-لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا**

بۆ ئەوەی پێیەوە زێدێکی مردوو زیندوو بێتەوە، وە ئاو بدەین بەو ئاژەڵانەی دروستمانکردوون، وە خەڵکانێکی زۆر.

**٥٠-وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلاَّ كُفُورًا**

وە لە نێوانیان دابەشمان کرد بۆ ئەوەی یاد بکەنەوە، بەڵام زۆربەی خەڵك ڕەتیان کردووە (یاد بکەنەوە) ، وە تەنها ناسوپاسگوزار بوون.

**٥١-وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَذِيرًا**

وە ئەگەر ئارەزوومان بکردایە ئەوا بۆ هەموو گوندێك ئاگادارکەرەوەیەکمان دەنارد.

**٥٢-فَلا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا**

دەسا نەکەیت گوێڕایەڵی کافرەکان بیت، وە ململانێیان لەگەڵدا بکە ململانێیەکی گەورە.

**٥٣-وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا**

وە هەر ئەو بوو کە شەپۆلی دوو دەریاکەی بەیەك گەیاند، ئەوە سازگار و شیرینە، وە ئەوە سوێر و تاڵە، وە لە نێوانیان بەربەستێکی داناوە، وە هەر یەکێکیان لە چاڵێکی قەتیسکراوە.

**٥٤-وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاء بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا**

وە هەر ئەو بوو کە لە تۆواو مرۆڤی دروستکرد، وە تۆواوی کرد بە بنەمای ڕەچەڵەك و خزمایەتی، وە خوداکەت بە توانا بوو.

**٥٥-وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لا يَنفَعُهُمْ وَلا يَضُرُّهُمْ وَكَانَ الْكَافِرُ عَلَى رَبِّهِ ظَهِيرًا**

وە شتانێك جگە لە الله دەپەرستن کە نە سوود وە نە زیانیان هەیە، وە کافر هەمیشە دژ بە خوداکەیەتی.

**٥٦-وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا**

وە تۆمان نەناردووە تەنها وەك مژدەبەخشێك و ئاگادارکەرەوەیەك نەبێت.

**٥٧-قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِلاَّ مَن شَاء أَن يَتَّخِذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلا**

بڵێ من بۆ ئاگادارکردنەوەتان داوای کرێکتان لێ ناکەم تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت کە ئارەزوو دەکات ڕێبازی خوداکەی بگرێت.

**٥٨-وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِ وَكَفَى بِهِ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا**

وە پشت بەو هەمیشە زیندوو بگرە کە هەرگیز نامرێت، وە بە ستایشکردن پێیادا هەڵبدە، وە ئەوە بەسە کە بە گوناهی بەندەکانی ئاگادارە.

**٥٩-الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا**

ئەوەی کە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانی لە شەش ڕۆژ دروستکرد، ئینجا الرحمان لە سەر عەرشەکەی بەرزبۆوە و دانیشت، دەسا دەتوانیت لە کەسێکی شارەزا بپرسیت.

**٦٠-وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا**

وە کاتێك پێیان دەگوترێت کڕنۆش بۆ ڕەحمان ببەن، گوتیان: الرحمان کێیە؟ کڕنۆش بۆ ئەوە ببەین کە فەرمانمان پێ دەکەیت؟ ئەوە سڵکردنەوەیانی زیاتر کرد.

**٦١-تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا**

بە بەرەکەتە ئەوەی لە ئاسمان تەلاری داناوە و تیایدا چرایەك و مانگێکی ڕوناکدەری داناوە.

**٦٢-وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا**

وە هەر ئەو بوو کە شەو و ڕۆژی هێناوەتە ئاراوە، وەك نیشانەیەك بۆ کەسێك کە بیەوێت یادبکاتەوە یان بیەوێت سوپاس بکات.

**٦٣-وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلامًا**

وە بەندەکانی ڕەحمان کە لە زەویدا بێ فیز دەڕۆن، وە کاتێك نەزانەکان لەگەڵیاندا دەئاخاوتن دەڵێن سڵاو.

**٦٤-وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا**

وە ئەوانەی شەو لە ماڵەکانیان بۆ خوداکەیان کڕنۆش و هەڵسانەوە دەکەن.

**٦٥-وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا**

وە ئەوانەی دەڵێن خوداکەمان ئەشکەنجەی دۆزەخمان لێ بەدوور بگرە، چونکە ئەشکەنجەکەی کۆتایی نایەت.

**٦٦-إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا**

دۆزەخ لە ڕاستیدا شوێن و پایەگایەکی خراپە.

**٦٧-وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا**

وە ئەوانەی کە دەبەخشن نە زێدەڕۆیی دەکەن، وە نە دەگرنەوە بەڵکو پابەندی نێوان ئەم دوانەن.

**٦٨-وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَلا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا**

وە ئەوانەی کە جگە لە الله بانگێشە بۆ خودایەکی دیکە ناکەن و ئەو کەسە ناکوژن کە الله قەدەغەی کردووە تەنها بە هەق نەبێت، وە زینا ناکەن، وە هەر کەسێك ئەوە بکات ئەوا گوناهی کردووە.

**٦٩-يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا**

ئەشکەنجەکەی لە ڕۆژی قیامەت چەند جار دەبێتەوە، وە بە ڕیسوایی بۆ هەمیشە تیایدا دەمێنێتەوە.

**٧٠-إِلاَّ مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا**

تەنها ئەوەیان نەبێت کە تۆبە دەکات و کاری چاك دەکات، اللە کارە خراپەکانی ئەوانە دەگۆڕێت بە کاری چاك، وە اللە هەمیشە لێبووردە و میهرەبان بووە.

**٧١-وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَابًا**

وە هەر کەسێك تۆبە بکات و کارێکی چاك بکات، ئەوا بە تۆبەکردن بۆ لای اللە دەگەڕێتەوە.

**٧٢-وَالَّذِينَ لا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا**

وە ئەوانەی شایەتی بە درۆ نادەن، وە کاتێك بەلای گاڵتەجاری تێپەڕدەبن ئەوا بەڕێزەوە تێپەڕ دەبن.

**٧٣-وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا**

وە ئەوانەی کە نیشانەکانی خوداکەیان بە بیردەهێنرێتەوە، بە کەڕی و کوێر کڕنۆشی بۆ نابەن.

**٧٤-وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا**

وە ئەوانەی دەڵێن: خوداکەمان ژنانێك و مناڵانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی چاوەڕوانیمان وە بۆ خوداناسان بمانکە بە پێشەوا.

**٧٥-أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلامًا**

ئەوانەن کە ژوورەکانی بەهەشتیان پێ دەدرێت بە هۆی ئەوەی خۆڕاگر بوون وە تیایدا بەخێرهاتن و سڵاویان ئاڕاستە دەکرێت.

**٧٦-خَالِدِينَ فِيهَا حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا**

بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، کە باشترین جێگە و پایەیە.

**٧٧-قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا**

ئەی محمد بڵێ، خوداکەم بارتان ناکات، ئەگەر نیزاکانتان نەبێت، دەسا درۆتان کرد، ئەوە لەسەرتان دەبێت بە ماڵ.

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١

تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا

بە بەرەکەتە ئەو اللهیەی کە فورقانی دابەزاند بۆ سەر بەندەکەی بۆ ئەوەی ببێت بە ئاگادارکەرەوە بۆ جنۆکە و مرۆڤەکان.

وشەی{ لْفُرْقَانَ}، ڕەگەکەی ' فَرَقَ"یە واتە جیاکردنەوە و بەشکردن.

{فُرْقَانَ}، واتە بەشکراو {الْفُرْقَانَ} بەش بەش کراوە کە. وەك ئایەتی ١٠٦ سوورەتی الاسراء دەڵێت:

وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ

وە قورئانێك بەش بەشمان کردووە، بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوە بەسەر خەڵکدا.

وە لە چەند ئایەتێکی قورئاندا هاتووە کە الله اکبر تەورات و فورقانی بە موسا داوە. وەك ئایەتی ٥٣ سوورەتی البقرة :

وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ

وە کە پەرتوك و فورقانمان بە موسادا.

وە ئایەتی ٤٨ سوورەتی الانبیاء کە دەڵێت:

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَىٰ وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ وَضِيَاءً وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ

وە بە دڵنیاییەوە فورقان و ڕووناکیمان وەك وەبیرهێناوەیەك بۆ خوداپەرستان بە موسا و هارون دا.

وە ئایەتی ٣-٤ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

وَأَنزَلَ التَّوْرَاةَ وَالْإِنجِيلَ، مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ الْفُرْقَانَ

وە پێشوو تەورات و ئینجیل و فورقانی دابەزاند، وەك هیدایەت بۆ خەڵك.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران، سەبارەت بە شرۆڤەی {تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا} دەڵێت:

هۆکاری ناولێنانی بۆ فرقان دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ:

یەکەم: چونکە جیاکاری کردووە لە نێوان هەق و باتڵ، وە ئیماندار و کافر.

دووەم: چونکە حلال و حرامی ڕاگەیاندووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

بە بەرەکەتە ئەوەی کە جیاکاری لە نێوان هەق و باتڵ دابەزاند، بەش لە دوای بەش و سوورەت لە دوای سوورەت بۆ سەر بەندەکەی محمد صلعم، بۆ ئەوەی ببێت بە ئاگادارکەرەوە بۆ جنۆکەکان و مرۆڤەکان.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

پەرتووکەکانی پێشوو بە یەکجار و بەتەواوی دادەبەزین، بەڵام قورئان بەش بەش، ئایەت لە دوای ئایەت، و حوکم لە دوای حوکم و سوورەت لە دوای سوورەت دابەزیووە، هەروەك الله لەم سوورەتەدا دەڵێت{وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً كَذَلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلا، وَلا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلاَّ جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا}، واتە {وە کافرەکان گوتیان ئەگەر قورئان بەیەکجار و بەتەواوی بۆی دانەبەزێت (ئەوا باوەڕ ناهێنین)، ئێمە بەم جۆرە دامانبەزاند بۆ ئەوەی لە دڵتدا جێگیری بکەین و بە ڕێکوپێکترین شێوە بۆت بخوێنینەوە، وە ناتوانن هاوچەشنی بهێنن، چونکە ئێمە بە هەق و باشترین لێکدانەوە بۆمان هێناویت}، وە لەبەر ئەوە الله ناوی لێی ناوە فورقان. چونکە جیاکاری دەکات لە نێوان هەق و باتڵ و هیدایەت و گومڕایی و سەرکێشی و ڕێگای ڕاست و حلال و حرام.

الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە {لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا} دەڵێت، مەبەست لە جنۆکە و مرۆڤە چونکە پێغەمبەر بۆ هەردووکیان نێردرابوو، وە ئاگادارکەرەوەی هەردووکیان بوو.

# ئایەتی ٢

الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا

دەڵێت:

(بە بەرەکەتە) ئەوەی خاوەنداریّتی ئاسمانەکان و زەوی بەدەستە، وە هیچ کوڕێکی بەخۆوە نەگرتووە و هیچ شریکێکی لە خاوەندارێتی نەبووە، وە هەر خۆی هەموو شتێکی دروستکردووە و بڕەکەیان و چارەنووسەکەیانی دیاریکردووە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ} لەم ئایەتەدا الله خۆی پاککردۆتەوە لەوەی کوڕ و شەریکی هەبێت.

ئینجا دەڵێت، {وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا}، واتە هەموو شتێك دروستکراوە و خاوەن خودایە، وە هەر خۆی هەموو شتێکی دروستکردووە و خاوەنیەتی و خودایەتی، وە هەموو شتێك لە ژێر دەسەڵات و هەڵسوڕان و چارەنووسیەتی.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت:

{الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ- خۆی خاوەنی ئاسمانەکان و زەوییە} لەم ئایەتەدا الله بەخۆیدا هەڵدەدات. {وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا- وە کوڕی نەبووە}، لەم دەقەدا خۆی پاککردۆتەوە لەو قسەیەی موشریکەکان کە دەیانگوت، فریشتەکان منداڵی اللهن واتە کچی اللهن، وە هەروەها لە قسەی جووەکان کە دەیانگوت: عوزەیر کوڕی اللهیە، وە لە قسەی مەسیحیەکان کە دەیانگوت المسیح کوڕی اللهیە. {وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ- وە هیچ شریکێکی نەبووە لە خاوەندارێتی} هەروەك بتپەرستەکان دەیانگوت.{وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ- وە هەموو شتێکی دروستکردووە}، وەڵام بە زەردەشتیەکان -مجووسیەکان و ثانەویەکان- دەداتەوە کە دەڵێن شەیتان یان تاریکی هەندێك شتی دروستکردووە.

تێبینی: الثانوية: ئەوانەن کە بروایان وایە دوو هێز هەیە: هێزی تاریکی و هێزی ڕووناکی، بە مانایەکی تر: ئاهورامازدا و ئەهریمەن.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا} دەڵێت، ٣ وتەوت هەیە:

یەکەم: ڕێکوپێك و چاکی کردووە بۆ ئەوەی بە کەڵک بەکارهێنان بێت، نە کەموکوڕی وە نە ناڕێکوپێکی تێدایە.

دووەم: ئەوەی بۆی دیارکردووە کە سوودی بۆی هەبێت.

سێهەم: چارەنووس و بژێوی دیاری کردووە.

# ئایەتی ٣

وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلا نَفْعًا وَلا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلا حَيَاةً وَلا نُشُورًا

دەڵێت:

وە جگە لە اللە خوداوەندیان بە خۆیانەوە گرتووە و دەیپەرستن کە هیچ شتێك دروستناکەن، وە خۆیان ئەو خوداوەندانە (بتانە) دروست دەکەن، وە ئەو خوداوەندانە نە دەسەڵاتی زیان گەیاندن وە نە سوود گەیاندنیان هەیە، وە نە دەسەڵاتی مەرگ، وە نە ژیانیان وە نە زیندووکردنەوەیان هەیە.

اللەی عەرەب و ئیسلام، وەك هەمیشە لۆجیك و بەڵگەکانی بۆ سەلماندنی خوداوەندێتی زۆر ساکارن و لە ئاستێکی نزمن، لەم ئایەتەدا خۆی بەراورد دەکات بە بتەکان و دەڵێت:

یەکەم: ئەو بت و خوداوەندانەی کە دەیانپەرستن هیچ شتێك دروست ناکەن و ئێوە خۆتان دروستیان دەکەن. لە کاتێکدا اللە ئێوەی دروستکردووە و خۆی دروستنەکراوە بەڵکو ئەزەلی و ئەبەدییە.

دووەم: وە ئەو بت و خوداوەندانە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە وەك زیان گەیاندن و سوود گەیاندن، لە کاتێکدا اللە زیان دەگەیەنێت و سوود دەگەیەنێت.

سێهەم: ئەو خوداوەند و بتانە نە دەتوانن بمرێنن وە نە دەتوانن ژیان ببەخشن، وە نە دەتوانن زیندووتان بکەنەوە.

# ئایەتی ٤-٥

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلاَّ إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاؤُوا ظُلْمًا وَزُورًا

وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلا

دەڵێت:

وە ئەوانەی بێباوەڕ بوون گوتیان ئەم قورئانە تەنها درۆودەلەسەیەکی محمد خۆیەتی و خەڵکانێك یارمەتیان داوە. لە ڕاستیدا ئەوانە ستەم و بوهتانیان کرد.

وە گوتیان قورئان تەنها ئەفسانەی پێشینانە کە محمد دەینووسێتەوە کاتێك بەیانیان و ئێواران کەسانێك بۆی دەخوێننەوە.

ئەم دوو ئایەتە پێمان دەڵێت، کە خەڵکی مەککە سەبارەت بە محمد و قورئان گوتوویانە:

یەکەم: محمد کەسێکی درۆزنە و قورئان لە لایەن خوداوە نییە، بەڵکو کۆمەڵێك خەڵك یارمەتی محمد دەدەن بۆ نووسینەوەی دەقەکان.

دووەم: قورئان تەنها ئەفسانیەکی پێشینانە. واتە چیرۆکەکانی قورئان لای خەڵکی دوورگەی عەرەبی زانراو بووە.

سێهەم: کۆمەڵێك خەڵك دەقەکانی قورئان بۆ محمد دەڵێنەوە، وە محمد دەیاننووسێتەوە. واتە محمد خوێنەوارە و دەزانێت بنووسێت.

{قَالَ- گوتی} کە لە سەرەتای ئایەتی ٤ هاتووە هەڵەیە و دەبێت {قَالُوا- گوتیان} بێت، وەك لە سەرەتای ئایەتی پێنج هاتووە. چونکە دەڵێت، {الَّذِينَ كَفَرُوا- ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا}، واتە کۆمەڵێك نەك یەك کەس.

ئەگەر یەك کەس وایگوتبێت ئەوا دەبوایە دەقەکە بڵێت:

وَقَالَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا

واتە: وە یەکێك لەوانەی کە بێباوەڕ بوو گوتی.

ئای کە خۆشە کاتێك هەڵەی زمانەوانی بۆ الله اکبر ڕاست دەکەیتەوە. ئای کە خۆشی لەوە دەبینم.

امام الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە {وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ- خەڵکانێکی تر یارمەتیان داوە} دەڵێن، مەبەستیان ئەو کەسانە بووە کە یارمەتی محمدیان داوە:

یەکەم: خەڵکانێك لە جووەکان

دووەم: عبدالله الحضرمی

سێهەم: عداس کۆیلەی عوتبە

چوارەم: ابو فکیهة الرومی

القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت: ابن عباس گوتوویەتی مەبەست لە {قَوْمٌ آخَرُونَ- خەڵکانێکی دیکە}، واتە: ابو فکیهة خزمەتکاری بنی الحضرمی و عداس و جبر، کە هەر سێکیان لە ئەهلی پەرتووك (جوو یان مەسیحی) بوون.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ)، ئاماژە کراوە کە دەیانگوت: لە ڕاستیدا ئەوەی محمد فێردەکات خەڵکانێکی جوولەکەن.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

(وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ) موجاهید گوتوویەتی واتە جووەکان . وە الحسن گوتوویەتی واتە عبید کوڕی الخضر الحبشي، (پیاوێکی ئاینی مسیحی بوو) .

وە دەڵێن : جبر، ویسار، عداس بن عبید کە لە مەککە دەژیان و لە ئەهلی پەرتووك (مەسیحی یان یهودی) بوون، قورەیشەکان دەیانگوت کە محمد لەوانە دەقەکانی قورئان وەردەگرێت.

وە لە ئایەتی ١٠٣ سوورەتی النحل ئایەتێکی هاوچەشن هاتووە کە دەڵێت:

وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ

وە ئێمە دەزانین کە دەڵێن لە ڕاستیدا ئەوەی محمد فێر دەکات مرۆڤە. زمانی ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکەن ئەعجەمییە (عەرەبی نییە)، وە ئەوە قورئانێکی عەرەبییە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ- لە ڕاستیدا مرۆڤێك فێری دەکات}، نۆ وتەوت سەبارەت بەو مرۆڤە هەیە:

یەکەم: ناوی "یعیش"بوو کە کۆیلەیەکی بنی المغیرة بوو، وە تەوراتی دەخوێندەوە (ابن عباس).

وە هەندێك دەڵێن، کە یعیش، بە ڕەچەڵەك ڕۆمی بوو.

دووەم: ناوی "بلعام" بوو کە گەنجێکی مەسیحی عەجەمی بوو و لە مەککە دەژیا. وە پێغەمبەر سەردانی دەکرد (ابن عباس).

سێهەم: نووسەرێکی وەحی بوو کە بۆ پیغەمبەر وەحی دەنووسی، کاتێك پێغەمبەر دەیگوت بنووسە "سمیع علیم" نووسەرەکە دەینووسی"عزیز حکیم" وە شتی لەم جۆرە.

چوارەم: ناوی"جابر" بوو کە کۆیلەیەکی عەجەمی ژنێکی قورەیشی بوو.

پێنجەم: سلمان الفارسی بوو، بەڵام ئەوە دوورە لە ڕاستی چونکە سلمان لە مەدینە پەیوەست بوو بە پێغەمبەر.

شەشەم: ناوی" بحُنّس" بوو کە کاری ئاسنگەری دەکرد و مەسیحی بوو.

حەوتەم: ناوی"یسار" بوو کە نازناوی"ابو فکیهة"بوو، پیاوێکی عەجەمی جوو بوو، کە کۆیلەی عامر بن الحضرمی بوو.

هەشتەم: ناوی"عایش" بوو کە کۆیلەی حویطب بوو، وە عەجەمی بوو.

نۆیەم: دوو کۆیلە بوون، کە خەڵکی "عین تمر" بوون، بە ناوی "یسار" و "جبر" کە شمشێریان لە مەککە دروست دەکرد و ئینجیلیان دەخوێندەوە.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {قَالُوا أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ- گوتیان ئەفسانەی پێشینانە} دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

النضر بن الحارث یەکێك بوو لە شەیتانەکانی قورەیش، وە ئازاری پێغەمبەری دەدا و دژایەتی دەکرد، وە النضر لە "الحیرة" گەڕابۆوە و لە "الحیرة" فێرە وتەکانی

پادشاکانی فارس و ڕوستەم و ئەسفەندیار ببوو. کاتێك پێغەمبەر لە شوێنێك دادەنیشت، وە اللە و ئەو بەڵایەنەی بە بیر خەڵك دەهێنایەوە کە میللەتانی پێشوو تووشی ببوون، ئینجا دەڕۆیشت. النضر دەهات و دەیگوت: سوێند بە اللە ئەی پیاوانی قورەیش وتەکانی من باشتر و چاکترن لە وتەکانی محمد. ئینجا سەبارەت بە پادشاکانی فارس و روستەم و ئەسفەندیار قسەی بۆیان دەکرد.

وە ابن عباس گوتوویەتی: ٨ ئایەت لە ئایەتەکانی قورئانی لەسەر النضر دابەزاندووە، هەموو ئەو ئایەتانەی کە ئاماژە بە" أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ- ئەفسانەی پێشینان" دەکەن.

الطبری دەڵێت، کەواتە مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە:

ئەو موشریکانە دەڵێن، ئەم قورئانە درۆو دەلەسەیەکە کە محمد خۆی هێناویەتیە ئاراوە، وە ئەوەی محمد دەیهێنێت تەنها ئەفسانەی پێشینانە، وە محمد لە جووەکان دەینووسێتەوە کە بەیانیان و ئێواران بۆی دەخوێندرێتەوە.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت:

واتە محمد نووسیویەتیەوە، وە بەیانیان و ئێواران بۆی دەگوترێتەوە و دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی لەبەری بکات.

# ئایەتی ٦

قُلْ أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا

اللەی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەتە فەرمان بە محمد دەکات، کە وەڵامی ئیدعای بێباوەڕەکانی مەککە بداتەوە و دەڵێت:

ئەی محمد بڵێ، ئەوە، دایبەزاندووە کە دەزانێت بە نهێنی لە ئاسمانەکان و زەوی، وە هەر ئەو بەخشندە و میهرەبان بووە.

واتە: قورئان لە وتەی اللەیە.

# ئایەتی ٧-٨

وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الأَسْوَاقِ لَوْلا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا

أَوْ يُلْقَى إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ رَجُلا مَّسْحُورًا

وە بێباوەڕەکان گوتوویانە ئەو پێغەمبەرە چییە خواردن دەخوات و لە بازاڕەکان دەڕوات، ئەگەر فریشتەیەك بۆی دانەبەزێت و لەگەڵیدا نەبێت بە ئاگادارکەرەوە،

یان گەنجینەیەکی پێ نەدرێت یان باخێکی نەبێت کە لێیەوە بخوات (ئەوا باوەڕی پێ ناهێنێن)،وە ستەمکارەکان گوتوویانە: لە ڕاستیدا (ئەی باوەڕداران) ئێوە تەنها شوێنکەوتووی پیاوێکی جادولێکراون.

لەم دوو ئایەتەدا بێباوەڕان چەند هەڵبژاردەیەك دەخەنە پێش محمد بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات، بۆ ئەوەی باوەڕی پێ بێنن:

یەکەم: فریشتەیەك بۆ محمد دابەزێت و لەگەڵیدا خەڵك ئاگادار بکاتەوە.

دووەم: خوداکەی گەنجینەیەکی پێ بدات.

سێهەم: خوداکەی باخێکی پێ بدات کە محمد لە بەرووبوومەکەی بخوات.

بێباوەڕان داوا لە محمد دەکەن کە یەکێك لەم موعجیزانە ئەنجام بدات. وە پێی دەڵێن،ئەگینا تۆ تەنها کەسێکیت وەك ئێمە دەخۆیت و لە بازاڕەکان پیاسە دەکەیت.

سەبارەت بە ئایەتی ٧ {وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الأَسْوَاقِ- بێباوەڕان گوتیان ئەو پێغەمبەرە چییە خواردن دەخوات و لە بازاڕەکان دەڕوات}. اللّٰەی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ٢٠ وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

وَمَا أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ إِلاَّ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِي الأَسْوَاقِ

ئەی محمد، پێش تۆ پیغەمبەرمان نەناردووە کە خواردنیان نەخواردبێت و لە بازاڕەکان پیاسەیان نەکردبێت.

وە سەبارەت بە دابەزینی فریشتە {لَوْلا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا- ئەگەر فریشتەی بۆ دانەبەزێت بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ئاگادارکردنەوە بکات}، اللّٰەی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ٢١-٢٢ وەڵامی داوەتەوە:

لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا

يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلائِكَةَ لا بُشْرَى يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا

واتە: بە دڵنیاییەوە ئەوانە لە ناخیاندا لوتبەرزن و سنووری خۆیان بە شێوەیەکی گەورە بەزاندووە، ئەو ڕۆژەی فریشتە دەبینن ڕۆژێکە کە هیچ مژدەیەکی تیدانییە بۆ تاوانباران و دەڵێن، خانەیەکی قەتیس کراو.

اللهی عەرەب و ئیسلام، خوداوەندێکی سەیرە، وە سەرتاپای دەقەکانی ناکۆکیە. لە وەڵامەکەیدا دەڵێت: تەنها لە ڕۆژی قیامەت فریشتە دادەبەزن، وە ئەوکات تاوانباران لە خانەیەکدا قەتیس دەکرێن.

دیارە نووسەری قورئان لە مەدینە کاتێك سوورەتی الانفالی نووسیوە، ئەم ئایەتەی لە یاد کردووە، چونکە لە شەڕی بدر هەزار فریشتە دادەبەزن بۆ ئەوەی لە تەك موسڵمانان شەڕ بکەن دژ بە کافرەکان.

وەك ئایەتی ٩ سوورەتی الانفال دەڵێت:

إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلائِكَةِ مُرْدِفِينَ

کە هاوارتان کرد بۆ خوداکەتان، ئەوەبوو وەڵامی بە هاوارەکەتان دایەوە: من پشتیوانیتان دەکەم بە هەزار فریشتەی لە دوای یەك دابەزیوو.

ئایەتی ١٢ سوورەتی الانفال دەڵێت:

إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ

کە خوداکەت وەحی نارد بۆ فریشتەکان کە من لەگەڵتانم، باوەڕداران جێگیر بکەن، وە من تۆقاندن دەخەمە دڵی کافرەکان، دە ئێوەش ئەی فریشتەکان لە سەرەوەی ملیان و لە هەموو پەنجەکانیان بدەن.

بە ٣١٣ موسڵمان و ١٠٠٠ فریشتەی دابەزیوو، ٧٠ کافر دەکوژن.

وە هەروەها لە سورەتی ال عمران هاتووە، کە الله لە شەڕی ئوحد، ٣ هەزار فریشتە بۆ پشتیوانی موسڵمانان دادەبەزێنێت و دواتر دەیکات بە ٥ هەزار، بەڵام موسڵمانان دەشکێن.

وه هەروەها لە سوورەتی الاحزاب هاتووە، کە الله فریشتە دادەبەزێنێت دژ بە موشریکەکان لە شەڕی خندق.

وە سەبارەت بە داواکاریەکی تری موشریکەکان کە لە ئایەتی ٨ هاتووە و گوتوویانە، {تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا- یان محمد باخێکی هەبێت و لێیەوە بخوات}، اللهی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ١٠ وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت، {تَبَارَكَ الَّذِي إِن شَاء جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَلِكَ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًا- بە بەرەکەتە ئەوەی کە ئەگەر بیەوێت چاکترت لەوەی بۆ دێنێتە ئاراوە، باخاتێك کە لە ژێریانەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، وە کۆشکوتەلارێکی پێ دەبەخشێت}.

الطبری لە جامع البیان لە شرۆڤەی ئایەتی ٧-٨ دەڵێت:

موشریکەکان گوتیان، ئەو پێغەمبەرە واتە محمد، چییە کە ئیدعا دەکات کە الله بۆ ئێمەی ناردووە، بەڵام وەك ئێمە خۆراك دەخوات و لە بازاڕەکان وەك ئێمە دەڕوات، {لَوْلا أُنزِلَ إِلَيْهِ- ئەگەر بۆی دانەبەزێت}، بۆچی فریشتەیەك بۆی دانەبەزێت لە ئاسمان ئەگەر ڕاستگۆیە، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا خەڵك ئاگادار بکاتەوە، وەك ڕاستیەك بۆ ئەو قسانەی دەیکات، وە یان گەنجینەیەك لە زیو یان زێڕ بۆی دابەزێت، ئەوکات پێویستی بەوە نابێت بە دوای دابینکردنی ژیان و بژێوی بکەوێت.

{وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ رَجُلا مَّسْحُورًا- وە ستەمکاران گوتیان لە ڕاستیدا ئێوە شوێنکەوتەی پیاوێکی جادوولێکراون}، واتە ستەمکارانی بێباوەڕ بە ئیماندارانیان گوت، کە ئێوە بە دوای پیاوێك کە محمدە کەوتوون کە جادووی لێکراوە.

{قَالَ} هەڵەیە و دەبێت {قالوا} بێت چونکە { الظَّالِمُونَ} (ستەمکاران) کۆیە و تاك نییە.

## ئایەتی ٩

انظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا لَكَ الأَمْثَالَ فَضَلُّوا فَلا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی محمد سەیرکە چ نموونەیەکیان بۆ تۆ هێناوەتەوە، دەسا ئەوانە گومڕا بوون، وە هەرگیز ناتوانن ڕێبازی (هیدایەت) بگرنە بەر.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

الله به پێغەمبەرەکەی دەڵێت: ئەی محمد سەیری ئەو موشریکانه بکه که پێت دەڵێن: سیحر و جادولێکراو، بەم قسەیەیان له گرتنەبەری ڕێبازی الله گومڕابوون، وه ڕێگای هیدایەت و ڕاستیان له دەستدا و ناتوانن ڕێگای هەق بدۆزنەوه.

# ئایەتی ١٠

تَبَارَكَ الَّذِي إِن شَاء جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَلِكَ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًا

دەڵێت:

به بەرەکەته ئەوەی ئەگەر بیەوێت شتێکی چاکترت بۆ دێنێته ئاراوه، که باخاتێك بێت له ژێریەوه چەندەها ڕووبار بڕوات، وه کۆشکوتەلارت پێ دەدات.

الطبری له جامع البیان و ابن کثیر له تفسیر القران العظیم و القرطبی له الجامع الاحکام القران، ئاماژه به ڕیوایەتێك دەکەن که خَيْثَمَةَ گوتوویەتی:

قِيلَ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : إِنْ شِئْتَ أَنْ نُعْطِيَكَ خَزَائِنَ الْأَرْضِ وَمَفَاتِيحَهَا مَا لَمْ يُعْطَ نَبِيٌّ قَبْلَكَ ، وَلَا يُعْطَى أَحَدٌ مِنْ بَعْدِكَ ، وَلَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِمَّا لَكَ عِنْدَ اللَّهِ؟ فَقَالَ : اجْمَعُوهَا لِي فِي الْآخِرَةِ ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي ذَلِكَ : ( تَبَارَكَ الَّذِي إِنْ شَاءَ جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِنْ ذَلِكَ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَيَجْعَلْ لَكَ قُصُورًا

به پێغەمبەریان گوت: ئەگەر ئارەزوو بکەیت ئەوا هەموو کۆگاکانی زەوی و کلیلەکانیانت پێ دەدەین که له پێشوو نەمانداوه به هیچ کەسێك، وه هیچێك له پاداشتەکانت که له لای اللهن لێ کەمناکەینەوه؟ ئەوەبوو پێغەمبەر گوتی بۆم کۆکەنەوه بۆ ڕۆژی قیامەت، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند.

هاهاهاها. یەکێك له خۆزگەکانی محمد ئەوەبوو که وەك پێغەمبەرانی تر موعجیزەیەکی پێ بدرێت.

بەڵام ئیسلام لەسەر بنەمای درۆ هاتووه، وه تاوەکو درۆی هەبێت بەردەوام دەبێت. بەڵگه بۆ ئەم قسەیه ئایەتی ٣٥ سوورەتی الانعامه که اللهی عەرەب و ئیسلام به محمد دەڵێت:

فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي الْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاءِ فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ

ئەی محمد، ئەگەر بتتوانایە ئەوا ڕێڕەوێکت لە ژێر زەوی دروست دەکرد، وە یان پلیکانێکت بەدەست دەهێنا بۆ ئەوەی بگەیتە ئاسمان بۆ ئەوەی موعجیزەیەکیان بۆ بهێنیت.

## ئایەتی ١١-١٢

بَلْ كَذَّبُوا بِالسَّاعَةِ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِالسَّاعَةِ سَعِيرًا

إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍ بَعِيدٍ سَمِعُوا لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا

دەڵێت:

بەڵکو ئەوانە نکۆڵیان لە ڕۆژی قیامەت کرد، وە بۆ ئەوانەی نکۆڵی دەکەن لە ڕۆژی قیامەت، ئەوا ئاگرمان ئامادە کردووە.

وە کاتێك لە شوێنێکی دوور ئەو ئاگرەی دۆزەخ دەبینن، گوێیان لە لرفە و هەناسەی ئاگرەکە دەبێت.

وەك ئایەتی ٧ سوورەتی الملك دەڵێت:

إِذَا أُلْقُوا فِيهَا سَمِعُوا لَهَا شَهِيقًا وَهِيَ تَفُورُ

کاتێك فڕێدەدرێنە ناو دۆزەخەوە، گوێیان لە دەنگی هەناسەی ئاگر دەبێت کە قوڵپ دەدات.

## ئایەتی ١٣-١٤

وَإِذَا أُلْقُوا مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُقَرَّنِينَ دَعَوْا هُنَالِكَ ثُبُورًا

لا تَدْعُوا الْيَوْمَ ثُبُورًا وَاحِدًا وَادْعُوا ثُبُورًا كَثِيرًا

دەڵێت:

وە کاتێك بەکۆتوبەندکراوی فڕێدەدرێنە شوێنێکی تەسکی دۆزەخەوە، لەوێدا واوەیلا دەکەن.

لەو ڕۆژەدا یەك جار واوەیلا مەکەن، بەڵکو واوەیلایەکی زۆر بکەن.

ابن الجوزی له زاد المسیر، سەبارەت بە { ثُبُورًا} دەڵێت: ابن عباس گوتووەتی واتە واوەیلا {واوەیلا دەکەن} وە الضحاك گوتوویەتی، واتە مەرگ {واتە خۆزگە بە مەرگ دەکەن}.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {لا تَدْعُوا الْيَوْمَ ثُبُورًا وَاحِدًا وَادْعُوا ثُبُورًا كَثِيرًا} دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی واتە: لەم ڕۆژەدا یەك جار واوەیلا مەکەن، بەڵکو زۆر واوەیلا بکەن}.

## ئایەتی ١٥-١٦

قُلْ أَذَلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ الْخُلْدِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ كَانَتْ لَهُمْ جَزَاء وَمَصِيرًا

لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاؤُونَ خَالِدِينَ كَانَ عَلَى رَبِّكَ وَعْدًا مَسْؤُولا

دەڵێت:

ئەی محمد، بڵێ ئەوەیان (دۆزەخ) باشترە یان بەهەشتی نەمری کە خوداپەرستان بەڵێنیان پێ دراوە، کە بۆیان بووە وەك پاداشت و ئاکام.

کە لە بەهەشتدا هەرچیەك ئارەزوو بکەن بۆیان هەیە، وە هەمیشە تیایدا دەبن، وە ئەوە پەیمانێکە کە الله لە بەرامبەریدا بەرپرسە و پابەندی دەبێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله دەڵێت، ئەی محمد بەوانە بڵێ کە نکۆڵی لە قیامەت دەکەن : ئایا ئەو ئاگرە باشترە کە الله بۆتان وەسفی کردووە یان بێستانەکانی نەمریی، کە خۆشیەکانی بەردەوامن و کۆتاییان نایەت، کە الله بۆ ئەوانە دایناوە کە لە دونیا ملکەچی نەهی و فەرمانەکانی دەبن؟

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە (كَانَ عَلَى رَبِّكَ وَعْدًا مَسْؤُولا- وە ئەوە لەسەر خوداکەت بەڵێنێکە کە خۆی لێی بەرپرسە)، واتە هەر دەبێت ڕووبدات و ببێت.

وەك لە ئایەتی ٨ سوورەتی غافرهاتووە فریشتەکان بە الله دەڵێن:

رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُمْ

خوداکەمان دە بیانبە ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنێت پێیان داوە.

## ئایەتی ١٧-١٩

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَقُولُ أَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِي هَؤُلَاء أَمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبِيلَ

قَالُوا سُبْحَانَكَ مَا كَانَ يَنبَغِي لَنَا أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَاء وَلَكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَآبَاءَهُمْ حَتَّى نَسُوا الذِّكْرَ وَكَانُوا قَوْمًا بُورًا

فَقَدْ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا نَصْرًا وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا

دەڵێت:

وە لەو ڕۆژەدا خۆیان و ئەو شتانەی کە جگە لە الله دەیانپەرستن کۆیاندەکەنەوە، ئینجا دەگوترێت: ئایا ئێوە بەندەکانی منتان گومڕا کرد یان خۆیان ڕێگاکەیان ون کردبوو؟

گوتیان: شکۆمەندیت بۆ ئێمە نەبووە کە جگە لە تۆ پشتیوانێك بە خۆوە بگرین، بەڵام هەر خۆت خۆشیت بە خۆیان و باوکانیان دا، تاوەکو یادەوەریان لە بیرکرد، وە خۆیان خەڵکانێکی بێکەڵك بوون.

دەسا ئێوەیان بە درۆ خستەوە سەبارەت بەوەی دەیڵێن، چونکە ئەو شتانە (کە دەتانپەرستن)، ناتوانن ئازارتان لەسەر لابەرن و پشتیوانیتان بکەن، وە هەر یەکێکتان ستەمێکی کردبێت ئەوا ئەشکەنجەیەکی گەورەی پێدەچێژین.

هەڵەکانی ئەم چەند دەقە لە ڕووی زمانەوانیەوە:

یەکەم: {وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ}، واتە لەو ڕۆژە کە کۆیاندەکاتەوە، ئەوەی کۆیان دەکاتەوە کەسی سێهەمە و نادیارە. کێ کۆیان دەکاتەوە؟ لەبەر ئەوە دەبێت ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە بێت

وَيَوْمَ نحْشُرُهُمْ واتە لەو ڕۆژەدا کۆیان دەکەینەوە.

واتە، الله کۆیان دەکاتەوە لە گۆڕەپانی مەحشەر.

دووەم:{ فَيَقُولُ} واتە دەڵێت. کێ دەڵێت؟ لەبەر ئەوە دەبێت دەقەکە بڵێت:

{فَنقُولُ} واتە دەڵێین.

واتە، ئایەتی ١٨ بەم دوو ڕاستکردنەوەیە بەم شێوەیەی لێ دێت:

وە لەو ڕۆژە خۆیان و ئەوەی جگە لە الله دەیانپەرستن کۆدەکەینەوە، ئینجا پێیان دەڵێین: ئایا ئێوە بەندەکانی منتان گومڕا کرد یان خۆیان ڕێگاکەیان ون کرد؟

وە بەڵگە بۆ ئەو ڕاستکردنەوەیە دوو شتە:

١-چونکە دەڵێت، ئێوە بوون بەندەکانی منتان گومڕا کرد؟ کەواتە دەبێت الله بێت قسەی کردبێت.

٢-ئایەتی دواتر دەڵێت وەڵامی الله دەدەنەوە: قَالُوا سُبْحَانَكَ: گوتیان شکۆمەندیت.

سێهەم: {قَالُوا سُبْحَانَكَ}، واتە گوتیان، کە بۆ ڕابردوو بەکاردێت. ناکرێت پرسیارەکە بە "یقول" ئێستا بێت و وەڵامەکە ڕابردوو بێت. لەبەر ئەوە دەبێت ئەم برگەیە بڵێت:

یقولوا سُبْحَانَكَ واتە دەڵێن، شکۆمەندیت.

چوارەم: {مَا كَانَ يَنبَغِي لَنَا أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَاءَ}، واتە بۆ ئێمە نەبووە کە جگە لە تۆ پشتیوانی بەخۆمانەوە بگرین.

بەم شێوەیەی نووسراوە بتەکان شتێکی تریان جگە لە الله وەك پشتیوانی بەخۆیانەوە گرتووە، وە ئەوە هەڵەیە. بەڵکو دەبێت دەقەکە بەم شێوەیە بێت:

مَا كَانَ يَنبَغِي أن نُتَّخَذ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَاءَ

واتە: نەدەبوایە موشریکەکان جگە لە تۆ-الله- ئێمە بپەرستن.

بە پێویستی دەزانم کە ئەم ٣ دەقە زیاتر ڕوون بکەمەوە، چونکە سەرتاپای تێکەڵوپێکەڵە.

الله دەڵێت، لە ڕۆژی قیامەت موشریکەکان و ئەو شتانەی کە دەیانپەرستن (وەك بتەکان) لە گۆڕەپانی مەحشەر کۆدەکەینەوە، ئینجا لەو شتانە دەپرسین کە

دەیانپەرستن: ئایا ئێوە بوون کە بەندەکانی منتان گومڕا کرد، وە یان خۆیان ڕێگای هیدایەتیان ون کردبوو؟

شتە پەرستراوەکان (بت)، لە وەڵامدا دەڵێن: الله گیان تۆ شکۆمەندیت هەرگیز نەدەبوایە جگە لە تۆ ئێمە بپەرستن، بەڵام خۆت خۆشیت بە خۆیان و باوکانیان دا، ئەوەبوو یادی تۆیان لە بیرکرد، وە خۆیان خەڵکانێکی بێکەڵك بوون.

ئینجا الله بە موشریکەکان دەڵێت: ئەوا شتە پەرستراوەکان ئێوەیان بەدرۆ خستەوە. ئەو شتە پەرستراوانە ناتوانن نە ئازارتان لەسەر لابەرن وە نە پشتیوانیتان بکەن، وە هەر کەسێکتان ستەمێکی کردبێت ئەوا ئەشکەنجەیەکی گەورەی پێدەچێژین.

## ئایەتی ٢٠

وَمَا أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ إِلاَّ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِي الأَسْوَاقِ وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا

لەم ئایەتەدا اللەی عەرەب و ئیسلام وەڵامی بێباوەڕەکانی مەککە دەداتە کە وەك لە ئایەتی ٧ هاتووە گوتوویانە، {مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الأَسْوَاقِ- ئەو پێغەمبەرە چییە خواردن دەخوات و لە بازاڕەکان دەڕوات}. الله اکبر لە لە وەڵامدا دەڵێت:

ئەی محمد، پێش تۆ پێغەمبەرمان نەناردووە کە خواردنیان نەخواردبێت و لە بازاڕەکان نەڕۆیشتبن، وە هەندێکتانمان کردووە بە تاقیکردنەوە بۆ هەندێکی ترتان: کە ئایا خۆڕاگر دەبن؟ وە خوداکەت هەمیشە دەیبنی.

ابن الجوزی لە زاد المسیر و الماوردی لە النکت و العیون دەڵێن:

{فِتْنَةً}، بە دوو مانا دێت:

یەکەم: بەڵا

دووەم: تاقیکردنەوە

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە (وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً- هەندێکتانمان بۆ هەندێکی ترتان کردووە بە بەڵا و تاقیکردنەوە) دەڵێت، الله دەڵێت:

وە ئەی خەڵکینە هەندێکتانمان بە هەندێکی دیکە تاقیکردۆتەوە، یەکێکمان کردووە بە پێغەمبەر و تایبەتمان کردووە بە پەیام، وە دانەیەکمان کردووە بە پادشا و تایبەتمان کردووە بە دونیا، وە دانەیەکمان هەژار کردووە و خۆشیەکانی دونیامان لێی حرام کردووە بۆ ئەوەی تاقیبکەینەوە بەوەی لێی بێبەش بووە و دراوە بە دەوڵەمەندان.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً}، واتە دەوڵەمەند بە هەژار، و لەش ساغ بە نەخۆش، وە شەرافەتمەند بە ئاست نزم تاقیدەکاتەوە.

{أَتَصْبِرُونَ}، بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا خۆڕاگر دەبن لەم تاقیکردنەوەیەدا؟

{وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا- وە خوداکەت سەیر دەکات}، ئینجا کاتێك بە دەرد و بەڵا تاقیمان دەکاتەوە، ئەوا خۆی لەسەر عرش دانیشتووە و سەیرمان دەکات.

وەك زانایەکی بایۆلۆجی چۆن لە مایکرۆسکۆپەوە سەیری بەکتریا دەکات، بە هەمان شێوە، اللە سەیرمان دەکات.

# ئایەتی ٢١-٢٣

وَقَالَ الَّذِينَ لا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا لَوْلا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْمَلائِكَةُ أَوْ نَرَى رَبَّنَا لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا

يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلائِكَةَ لا بُشْرَى يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا

وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا

دەڵێت:

وە ئەوانەی کە ئاواتەخواز نین بە دیدەنمان گوتیان: ئەگەر فریشتە بەسەرماندا دانەبەزێت یان خوداکەمان نەبینین، (ئەوا بڕوا بە محمد ناکەین).

ئینجا اللە دەڵێت: ئەو بێباوەڕانە خۆبەزلزانن لە خودی خۆیاندا، وە سنووری خۆیان بەزاندووە بە شێوەیکی گەورە و بەرچاو.

ئەو ڕۆژەی کە فریشتە دەبینن ئەو ڕۆژەیە کە هیچ مژدەیەکی (باش و چاك) بۆ تاوانباران نابێت، و دەڵێن خانەیەکی قەتیسکراو.

وە دێین بۆ لای هەر کارێك کە کردوویانە، ئینجا کارەکانیان دەکەین بە تەپوتۆز واتە، تری ژێر گۆم.

{قَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا- هاتین بۆ لای ئەو کارانەی کە کردبوویان}، هەڵەیە و لە ڕاستیدا دەبێت بڵێت:

قَدِمِ إِلَينَا مَا عَمِلُوامِنْ عَمَلٍ

واتە: ئەو کارانەی کە کردبوویان هێنران بۆ لامان.

چۆن دەکرێت شکۆمەند الله، خۆی بە قاچەکانیەوە بچێت بۆ لای کاری کافرەکان، دەبێت کارەکانیان بهێنرێت بۆ لای خاوەنشکۆ.

الطبری، سەبارەت بە (وَعَتَوْا عُتُوًّا كَبِيرًا ) دەڵێت:

بەم داواکاریەیان کە فریشتە دابەزێت، وە یان الله ببینین ئەوا سنووری خۆبەزلزانیان تێپەڕاندووە.

الماوردی لە النكت و العيون، سەبارەت بە {حِجْرًا مَّحْجُورًا- خانەیەکی قەتیسکراو} دەڵێت، دوو وتەوت هەیە کە کێ ئەم قسەیەی کردووە:

یەکەم: فریشتەکان بە کافرەکان دەڵێن.

دووەم: کافرەکان بە خودی خۆیان دەڵێن.

من پێم وایە فریشتەکان بە کافرەکان دەڵێن، یەڵا، بۆ خانەیەکی قەتیسکراو، واتە بۆ سجن الانفرادی، واتە بەندینخانەی تاك نەفەریی.

## ئایەتی ٢٤

أَصْحَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلا

دەڵێت:

لەم ڕۆژەدا، لە ڕۆژی قیامەت، یاوەرانی بەهەشت، لە شوێن و پایەگایەکی باش و چاکن.

ابن الجوزی له زاد المسير دەڵێت، ابن عباس و ابن مسعود گوتوویانه:

ڕۆژ ناگاته نیوه له ڕۆژی قیامەت، تاوەکو ئەهلی بەهەشت دەچنه ناو بەهەشتەوە، وە ئەهلی دۆزەخ دەچنه دۆزەخەوە.

## ئایەتی ٢٥-٢٦

وَيَوْمَ تَشَقَّقُ السَّمَاء بِالْغَمَامِ وَنُزِّلَ الْمَلائِكَةُ تَنزِيلا

الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ لِلرَّحْمَنِ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى الْكَافِرِينَ عَسِيرًا

دەڵێت:

وە ڕۆژێ ئاسمان بە هەور وردوخاش دەبێت و فریشتەکان پۆل بە پۆل دادەبەزێنرێن.

وە خاوەندارێتی لەم ڕۆژەدا بۆ ڕەحمان ڕاستیه، وە ڕۆژێك دەبێت که بۆ کافرەکان سەخت دەبێت.

واته بنمیچی ئاسمان که فیزیکه، له ڕۆژی قیامەت، وردوخاش و پارچه پارچه دەبێت.

به چی پارچه پارچه دەبێت؟ به هەور.

بۆ هەورەکه قورسه؟ بەڵێ، چونکه الله له هەوردا دادەبەزێت. وەك ئایەتی ٢١٠ سوورەتی البقرة دەڵێت:

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا أَن يَأْتِيَهُمُ اللَّهُ فِي ظُلَلٍ مِّنَ الْغَمَامِ وَالْمَلَائِكَةُ

ئایا بێباوەڕان چاوەڕێی ئەو ساته دەکەن که الله له سێبەری هەور و فریشتەکان دادەبەزن؟

الجلالين له تفسير الجلالين دەڵێن:

{وَيَوْمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ- وە ڕۆژێ که ئاسمان وردوخاش دەبێت}، واته هەموو ئاسمانەکان {بِٱلْغَمَـٰمِ- به هەور}، واته الله به هەور دادەبەزێت که هەورێکی سپییه، {وَنُزِّلَ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ- وە فریشتەکان دادەبەزێنرێن}، له هەموو ئاسمانێك {تَنْزِيلاً- به دابەزاندن}، له ڕۆژی قیامەت.

له صحیح الجامع (للالبانی) و مجمع الزوائد للهیثمی، ڕیوایەتێك هاتووە محمد صلعم گوتوویەتی:

يَطْوِي اللهُ السماواتِ يومَ القيامةِ ، ثم يَأْخُذُهُنَّ بيدِه اليُمْنَى ، ثم يقولُ : أنا المَلِكُ أين الجَبَّارُونَ ؟ أين المُتَكَبِّرُونَ ؟ ثم يَطْوِي الْأَرَضِينَ ، ثم يَأْخُذُهن بشمالِه ، ثم يقولُ : أنا المَلِكُ أين الجَبَّارُونَ ؟ أين المُتَكَبِّرُونَ؟

الله لە ڕۆژی قیامەت ئاسمانەکان لوول دەدات، ئینجا بە دەستی ڕاستەوە دەیانگرێت، ئینجا دەڵێت: من پادشام کوان بەتواناکان؟ کوان خۆبەزلزانەکان؟ ئینجا زەویەکان لوول دەدات و بە دەستی چەپە دەیانگرێت و دەڵێت: هەر خۆم پادشام کوان بە تواناکان؟ کوان خۆبەزلزانەکان؟

ئایا ئاسمان وردوخاش دەبێت؟ وە یان الله لوولیان دەدات؟ و الله اعلم.

# ئایەتی ٢٧-٢٩

وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلا

يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلانًا خَلِيلا

لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلإِنسَانِ خَذُولا

دەڵێت:

وە لەو ڕۆژەدا ستەمکار (کافر)، دەستی خۆی دەگەزێت و دەڵێت: خۆزگە لەگەڵ پێغەمبەر ڕێگام دەگرت.

وای لە خۆم، خۆزگە فولانە کەسم نەدەکرد بە دۆست و هاوڕێم.

لە دوای ئەوەی یادکردنەوەم(قورئان) بۆ هات، منی گومڕا کرد، وە شەیتان بۆ مرۆڤ لەکەدارکەر بووە.

القرطبی له الجامع لاحکام القران و الطبری له جامع البیان و الرازی له مفاتیح الغیب وابن الجوزی له زاد المسیر و الواحدی له اسباب النزول دەڵێن، ابن عباس گوتوویەتی، ئەم ٣ ئایەتە لە مەدینە لە دوای شەڕی بەدر سەبارەت بە عقبة بن أبي معيط دابەزیوون.

ابن عباس دەڵێت:

ئومەیە کوڕی خلف هاوڕێ و دۆستی عوقبە بوو، عوقبە لە شەڕی بەدر بە دیل گیرا، پێغەمبەر فەرمانی بە علی کرد بیکوژێت، عوقبە گوتی ئەی محمد تەنها من دەکوژیت؟ گوتی بەڵێ بە هۆی کوفر و سنوربەزاندنت. عوقبە گوتی ئەی کێ ئاگای لە منداڵە بچووکەکەم دەبێت؟ پێغەمبەر گوتی ئەویش بۆ دۆزەخ. ئەوەبوو علی کوشتی.

وە محمد خۆی ئومەیە کوڕی خەلەفی کوشت.

# ئایەتی ٣٠-٣١

وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا

دەڵێت:

پێغەمبەر گوتی، ئەی خوداکەم قەومەکەم ئەم قورئانەیان بە گاڵتە وەرگرتووە و سووکایەتی پێدەکەن.

وە بەم جۆرە بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنێکمان لە تاوانباران داناوە، وە ئەی محمد خوداکەت بەسە بۆ هیدایەت و پشتیوانی.

{مَهْجُورًا}، لە ڕەگی {هجر} هاتووە، کە بە مانای دەستبەردار بوون وە بە مانای سوکایەتی دێت. وە ماناکەی پەیوەستە بە مەتنی ڕستەکەوە.

{الهُجْرُ}: الهذَيانُ والقبيحُ من القول، واتە سوکایەتی و قێزەوەنی لە قسەدا.

وە ئایەتی ٦٧ سوورەتی المؤمنون دەڵێت:

مُسْتَكْبِرِينَ بِهِ سَامِرًا تَهْجُرُونَ

خۆیان لە ئاست قورئاندا بە گەورە دەزانن و لە شەوگارەکانیاندا سوکایەتی پێ دەکەن.

وە ئایەتی ٣٠ سوورەتی الفرقان، بە مانای دەستبەرداربوون نایەت، چونکە ئایەتەکە دەڵێت:

{اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ}، ئەم قورئانەیان گرتووە، ئینجا دەڵێت، {مَهْجُورًا}، واتە گاڵتە و سوکایەتی.

امام الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە شرۆڤەی ئەم دەقە دەڵێت ٣ وتەوت هەیە:

یەکەم: دەستبەرداری بوون.

دووەم: قسەی ناشیریان لەسەر کردووە.

سێهەم: قسەی سووك بە قسە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

دەیانگوت،{لا تَسْمَعُوا لِهَذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ- گوێ لەم قورئانە مەگرن و هۆیهای لێ بکەن}، (ئایەتی ٢٦ سوورەتی فصلت).

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە ئایەتی ٣١ دەڵێت:

(وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ- وە بەم جۆرە بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنێکمان لە تاوانباران هێناوەتە ئاراوە)، الله بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: هەروەك چۆن دوژمنێکمان لە موشریکەکانی قەومەکەت بۆ تۆ هێناوەتە ئاراوە، ئەوا پێغەمبەرانی پێش تۆش دوژمنیان لە موشریکی قەومەکەیان هەبووە.

وە ئایەتی ١١٢ سوورەتی الانعام شتێکی هاوچەشن دەڵێت:

وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الْإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ

وە بەم جۆرە بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمنێکمان لە شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە هێناوەتە ئاراوە کە وەحی بە وتەی جوان بەیەکتر دەدەن، خۆ ئەگەر خوداکەت ئارەزووی بکردایە نەیاندەتوانی وابکەن.

## ئایەتی ٣٢

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً كَذَلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلا

لەم ئایەتەدا بێباوەڕەکان داوای ئیعجازێکی تر لە محمد دەکەن و دەڵێن:

وە ئەوانەی بێباوەڕ بوون گوتیان: ئەگەر قورئان بە تەواوی و بەیەکجار بۆی دانەبەزێت (ئەوا باوەڕ ناهێنین). (اللّه دەڵێت)، بەم شێوەیەیە (بەش بەش) دایدەبەزێنین بۆ ئەوەی لە دڵتدا جێگیری بکەین، وە بە خوێندنەوە بۆت بخوێنینەوە.

چەند تێبینیەك سەبارەت بەم دەقە:

یەکەم: {قَالَ}، هەڵەیە یان دەبێت {قالوا} بێت چونکە {الَّذِينَ كَفَرُوا- ئەوانەی بێباوەڕ بوون} کۆمەڵێکن، یان دەبێت ئایەتەکە بڵێت:

وَقَالَ من الَّذِينَ كَفَرُوا

واتە وە یەکێك لەوانەی بێباوەڕ بوون گوتی.

دووەم: اللّەی عەرەب و ئیسلام، لە وەڵامدا دەڵێت بەش بەش، ئایەت بە ئایەت دایدەبەزێنین بۆ ئەوەی لە دڵی محمدا جێگیری بکەین.

ئەم دەقەش دەیسەلمێنێت کە بە گوێرەی قورئان شوێنی بیرکردنەوە و زاکیرە دڵە نەك مێشك.

سێهەم: بۆچی داوایان کردووە کە قورئان وەك یەك پەرتووکی کامل و تەواو دابەزێت؟

چونکە قورئان دەڵێت ئینجیل و تەورات لە سەرەتاوە وەك یەك پەرتووکی کامل و تەواو دابەزیووە

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

بۆچی محمد قورئانی وەك یەك پەرتووکی کامل و تەواو بۆ دانابەزێت، هەروەك چۆن پەرتووکەکانی پێشوو لە تەورات و ئینجیل و زەبوور و پەرتووکە ئاسمانیەکانی تر بە کاملی و یەکجار دابەزیوون؟ اللّه وەڵامی داونەتەوە و دەڵێت:بەڵکو بەش بەش لە میانەی ٢٣ ساڵ دابەزێندراوە بە گوێرەی ڕوداو و پێشهاتەکان، بۆ ئەوەی لە دڵی ئیمانداران جێگیری بکەین.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

دەیانگوت: بۆچی قورئان بەیەکجار و بە تەواوی هەروەك چۆن تەورات بۆ موسا و ئینجیل بۆ عیسا و زەبوور بۆ داود دابەزی، بۆ محمد دانابەزێت؟ الله دەڵێت: بۆ ئەوەی لە دڵی محمد جێگیری بکەین، چونکە پەرتووکەکانی پێشوو بۆ پێغەمبەرانێکی خوێنەوار دابەزی بەڵام قورئان بۆ پێغەمبەرێکی نەخوێنەوار دابەزیووە، چونکە قورئان ناسخ و منسوخی تێدایە.

الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە {وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلا} دەڵێت، پێنج وتەوت هەیە:

یەکەم: شتێك لە دوای شتێك دامانبەزاند (ابن عباس).

دووەم: بەش بەشمان کرد (إبراهيم).

سێهەم: بە دوورودرێژی (السدي).

الرابع: شرۆڤەمان کردووە ( بن زيد).

الخامس: ڕوونمان کردۆتەوە (قتادة).

# ئایەتی ٣٣-٣٤

وَلا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلاَّ جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا

الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَى وُجُوهِهِمْ إِلَى جَهَنَّمَ أُوْلَئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلا

دەڵێت:

وە ناتوانن شتێکی هاوچەشنی قورئان بهێنن، وەك ئەوەی کە ئێمە بە هەق و باشترین شرۆڤە بۆمان هێناویت.

ئەوانەی کە لەسەر دەموچاویان بۆ دۆزەخ کۆدەکرێنەوە، ئەوانە خراپترین شوێن و ونترین ڕێگایان دەبێت.

اللهی عەرەب و ئیسلام لەم دوو دەقەدا دەڵێت:

ئەوانەی کە لە ڕۆژی قیامەت لەسەر دەموچاویان حەشریان دەکەین بۆ دۆزەخ، کە خراپترین شوێنە و گومڕاترین ڕێگایە، ناتوانن هاوچەشنی قورئان بهێنن، وەك ئەوەی کە ئێمە بە هەق و باشترین شرۆڤە هێناومانە.

جا نازانم اللهی عەرەب و ئیسلام مەبەستی چییە لە شرۆڤەی قورئان؟ مەبەستت لە کامە شرۆڤەیە؟ لەو سەدەها شرۆڤەی قورئان؟

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە (وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا- باشترین شرۆڤە) دەڵێت: وە باشترین نموونەیان هێناوە لە بەیان و ڕوونکردنەوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

قورئان شەرافەتمەندترین پەرتووکە الله دایبەزاندبێت و محمد شەرافەتمەندترین و مەزنترین پێغەمبەرە الله ناردبێتی، وە الله لە قورئاندا دوو سیماتی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە: لە تابلۆی پارێزراو دایبەزاندووە بۆ ماڵی "العزة" لە ئاسمانی دونیا، ئینجا لە ئاسمانی دونیا بەش بەش بە گوێرەی ڕووداوەکان و پێشهاتەکان دایبەزاندووە.

لە صحیح البخاری و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە انس گوتوویەتی:

أنَّ رَجُلًا قالَ: يا نَبِيَّ اللَّهِ، كيفَ يُحْشَرُ الكَافِرُ علَى وجْهِهِ؟ قالَ: أليسَ الذي أمْشَاهُ علَى الرِّجْلَيْنِ في الدُّنْيَا قَادِرًا علَى أنْ يُمْشِيَهُ علَى وجْهِهِ يَومَ القِيَامَةِ

پیاوێك گوتی، ئەی پێغەمبەری الله چۆن کافرەکان لەسەر دەموچاویان حەشر دەکرێن؟ پێغەمبەر گوتی،ئەو اللەیەی کە وادەکات کە مرۆڤ لەم دونیایە لەسەر قاچەکانی بڕوات، دەتوانێت وابکات لە ڕۆژی قیامەت لەسەر چاوەکانی بڕوات.

## ئایەتی ٣٥-٣٦

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَجَعَلْنَا مَعَهُ أَخَاهُ هَارُونَ وَزِيرًا

فَقُلْنَا اذْهَبَا إِلَى الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَدَمَّرْنَاهُمْ تَدْمِيرًا

ئینجا اللەی عەرەب و ئیسلام، بێباوەڕان دەترسێنێت کە چۆن میللەتانی پێشووی قڕ کردووە. لەم دوو ئایەتەدا دەڵێت:

وە پەرتووکمان بە موسا دا و هارونی برایمان، لەگەڵیدا کرد بە بریکار، گوتمان بڕۆن بۆ لای قەومێك کە نکۆڵیان لە نیشانەکانمان کردووە، ئەوەبوو بە وێرانکردن وێرانمان کردن.

مەبەستی لە وێرانکردنی فیرعەون و قەومەکەیەتی.

ئایەتی ٧٥ سوورەتی یونس دەڵێت، موسا و هارونمان بەیەکەوە نارد بۆ لای فیرعەون:

ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ مُوسَى وَهَارُونَ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ بِآيَاتِنَا

ئینجا لە دوایان (لە دوای نوح) موسا و هارونمان بۆ لای فیرعەون و داروودەستەکەی نارد بە نیشانەکانمانەوە (موعجیزەکانمانەوە).

ئایەتی ٩٦-٩٧ سوورەتی هود دەڵێت، تەنها موسامان نارد:

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُبِينٍ، إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ

وە موسامان نارد بە نیشانەکانمان (موعجیزەکانمان)، بەڵگەی ڕوون بۆ لای فیرعەون و داروودەستەکەی.

## ئایەتی ٣٧

وَقَوْمَ نُوحٍ لَمَّا كَذَّبُوا الرُّسُلَ أَغْرَقْنَاهُمْ وَجَعَلْنَاهُمْ لِلنَّاسِ آيَةً وَأَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا

دەڵێت:

وە قەومی نوح کاتێك نکوڵیان لە پێغەمبەرەکانمان کرد، نوقممان کردن و کردمانن بە نیشانەیەك بۆ خەڵك، وە ئەشکەنجەیەکی ئازاربەخشمان بۆ ستەمکاران ئامادە کردووە.

ئەم دەقە هەڵەیەکی ڕوونی تێدایە، چونکە دەڵێت، (الرُّسُلَ- پێغەمبەران).

واتە چەندەها پێغەمبەری بۆ قەومی نوح ناردووە، بە ئیعترافی قورئان تەنها نوح بۆ قەومەکەی نوح چووە. لەبەر ئەوە ئەم دەقە هەڵەیە و دەبێت بڵێت: (الرَّسُولَ- پێغەمبەر) واتە یەك پێغەمبەر.

وَقَوْمَ نُوحٍ لَمَّا كَذَّبُوا الرَّسُولَ أَغْرَقْنَاهُمْ

هەڵبەتە هەموو شرۆڤەکاران هەستیان بەو هەڵەیە کردووە، بۆ نموونە القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

{ وَقَوْمَ نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُوا الرُّسُلَ}، مەبەست لە نوحە چونكە لەوكاتەدا هیچ پێغەمبەرێك نەبووە تەنها نوح نەبێت.

## ئایەتی ٣٨-٣٩

وَعَادًا وَثَمُودَ وَأَصْحَابَ الرَّسِّ وَقُرُونًا بَيْنَ ذَلِكَ كَثِيرًا

وَكُلًّا ضَرَبْنَا لَهُ الْأَمْثَالَ وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا

دەڵێت:

وە هەروەها عاد و ثەمود و خاوەنانی ڕەس، وە نەوەی زۆر لە نێوانیاندا (هەر هەموویانمان قڕ كرد)، وە بۆ هەر یەكێكیان نموونەمان هێناوەتەوە، وە هەر هەموویانمان هەنجن هەنجن كرد.

(لە سوورەتاكانی پێشوو بە درێژی باسی عاد و ثمود و خاوەنانی ڕەسمان كرد).

القرطبی لە جامع البیان، سەبارەت بە {اصحاب الرس} چەندەها ڕیوایەتی جیاواز دەهێنێتە، یەكێك لەو ڕیواتانە دەڵێت:

خاوەنانی الرس خەڵكانێك بوون كە هاوڕەگەزخوازی ژنانیان بەلاوە كارێكی باش بوو، وە هەموو ژنەكانیان هاورەگەزخواز بوون.

لە المستدرك للحاكم و شعب الایمان للبیهقی، ڕیوایەتێك هاتووە كە محمد صلعم هاتنی ڕۆژی قیامەتی پەیوەست كردووە بە هاوڕەگەزخوازیەوە و دەڵێت:

وَاسْتَغْنَى النِّسَاءُ بِالنِّسَاءِ، وَالرِّجَالُ بِالرِّجَالِ

ئەگەر ژن ژنی بەس بێت و پیاو پیاوی بەس بێت.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێكی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:

لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَضْطَرِبَ أَلَيَاتُ نِسَاءِ دَوْسٍ عَلَى ذِي الْخَلَصَةِ

ڕۆژی قیامەت نایەت تاوەكو سمتی ژنانی دەوس بە بتی ذی الخلصة نەكەوێت، (كاتێك بە دەوریدا دەسوڕێنەوە).

واتە هاتنی ڕۆژی قیامەت پەیوەستە بە نێوگەڵ و سمتی ژنانەوە.

تکبير الله اکبر تکبير الله اکبر تکبير الله اکبر.

# ئایەتی ٤٠

وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى الْقَرْيَةِ الَّتِي أُمْطِرَتْ مَطَرَ السَّوْءِ أَفَلَمْ يَكُونُوا يَرَوْنَهَا بَلْ كَانُوا لا يَرْجُونَ نُشُورًا

دەڵێت:

وە بێباوەڕان هاتوون بە سەر ئەو گوندەی کە بارانێکی خراپیان بەسەردا باری. ئەی خۆ ناکرێت نەیانبینیبێت؟بەڵام ئەوانە ئاواتەخواز نین کە زیندووبوونەوە هەبێت.

ابن کثیر لە تفسير القران العظيم، سەبارەت بە {وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى الْقَرْيَةِ الَّتِي أُمْطِرَتْ مَطَرَ السَّوْءِ} دەڵێت، واتە قەومی لوط کە الله بە بەردی دۆزەخی بەسەریاندا باراند و قڕی کردن.

{وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى الْقَرْيَةِ}، واتە بە دڵنیاییەوە هاتوون بۆ گوندەکەی قەومی لوط.

ئەگەر مەبەست لە بازرگانانی قورەیش بێت، بەڵێ دەکرێت ئەو گوندەی قەومی لوطیان بینیبێت. بەڵام ئەگەر مەبەست لە گشت بێباوەڕان بێت، ئەوا کەواتە قورئان لە مەککە دانەبەزیووە بەڵکو لە پێترا (ئوردن)دابەزیووە.

وە ئایەتی ١٣٧-١٣٨ سوورەتی الصافات دەیسەلمێنێت کە قورئان سەرەتاکەی لە پێترا بووە، چونکە دەڵێت:

وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ، وَبِاللَّيْلِ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ

وە ئێوە بە دڵنیاییەوە بەسەریاندا تێپەڕ دەبن بە بەیانیان و بە شەوان، کەچی هێشتا تێناگەن؟

بەسەر کێ تێپەڕ دەبن؟ بەسەر شوێن و گوندەکانی قەومی لوط کە لە ئوردنە.

وە قورئان قسە دەکات بۆ خەڵکانێك کە خزم و کەسوکاری محمد بوون.

ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای سوورەتی الصافات دەبینیت کە دەقەکان قسە بۆ بازرگانان ناکەن، بەڵکو قسە بۆ خەڵکی عەوام دەکات.

ئەم دەقە و دەیەها دەقی تری قورئان دەیسەلمێنن کە قورئان سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شام، وە بەتایبەتی ئوردن.

## ئایەتی ٤١

وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلاَّ هُزُوًا أَهَذَا الَّذِي بَعَثَ اللَّهُ رَسُولا

دەڵێت:

ئەی محمد، وە کاتێك دەتبینن ئەوا تەنها وەك گاڵتەجارێك دەتگرن و دەڵێن ئایا ئەوەیە کە الله وەك پێغەمبەر ناردوویەتی؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد تۆ ناگرن تەنها وەك گاڵتەجار نەبێت و گاڵتەت پێ دەکەن.

چەند دەقێکی لەم چەشنە لە قورئاندا هاتوون کە بێباوەڕان گاڵتەیان بە محمد کردووە، وەك ئایەتی ٣٦ سوورەتی الانبیاء کە دەڵێت:

وَإِذَا رَآكَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَـٰذَا الَّذِي يَذْكُرُ آلِهَتَكُمْ

وە کاتێك ئەوانەی بێباوەڕن دەتبینن ئەوا تەنها وەك گاڵتەجار دەتگرن و دەڵێن ئەوەیە کە ئاماژە بە خوداوەندەکانمان دەکات.

وە ئایەتی ١٠ سوورەتی الانعام دەڵێت:

وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ

وە ئەی محمد گاڵتەیان کردووە بە پێغەمبەرانی پێش تۆش.

هەروەك ڕوونە لەم ئایەتانە کە خەڵکی دوورگەی عەرەب گاڵتەیان بە محمد کردووە.

بەڵام زانایانی درۆزنی ئیسلام دەڵێن، کافرەکان بە محمدیان دەگوت "الصادق الامین" واتە ڕاستگۆی دەستپاك.

من تحدایان دەکەم کە یەك دەقی قورئان بهێنن کە بێباوەڕان بە محمدیان گوتبێت "الصادق" و "الامین" . لە ڕاستیدا بوونی نییە.

ئەم درۆیە دەجالێك كردوویەتی بە ناوی ابن اسحاق لە السیرة النبویة.

وە "الصادق" و "الامین" نازناوێكە لە نازناوەكانی المسیح كە لە پەرتووكی پیرۆز(ئینجیل) هاتووە و ابن اسحاق دزیویەتی و كردوویەتی بە نازناوی محمد.

ئەگینا ئەگەر سەیری قورئان بكەیت دەبینیت كە خەڵكی مەككە بە محمدیان گوتوە: شێت، جادووگەر، ساحیر، شاعیرێكی شێت، گاڵتەجار هتد.

# ئایەتی ٤٢

إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنَا لَوْلا أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ الْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلا

دەڵێت بێباوەڕەكان دەیانگوت:

محمد خەریكە لە خوداوەندەكانمان گومرامان بكات ئەگەر لەسەریان خۆڕاگر نەبین. (ئینجا الله اكبر دەڵێت)، لە داهاتوو دەزانن كاتێك ئەشكەنجە دەبینن، ئەوسا دەزانن كە كێ ڕێبازەكەی گومڕاتر بوو؟

{مَنْ أَضَلُّ سَبِيلا}، وەك القرطبی لە الجامع الاحكام القران دەڵێت، واتە ئاینی بێباوەڕەكان یان محمد گومڕاترە؟

# ئایەتی ٤٣

أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی محمد ئەی ئەوەیانت نەبینیوە كە هەوەس و ئارەزووەكانی كردووە بە خوداكەی؟ ئایا تۆ دەتوانیت بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ بگریت (بۆ ئەوەی ڕێگای هیدایەتی نیشان بدەیت)؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(أَرَأَيْتَ) ئەی محمد بینیووتە (مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ)، كە حەز و ئارەزوی كردووە بە خوداكەی؟ چونكە پیاوێك لە پیاوانی موشریكەكان بەردی دەپەرست، وە كاتێك بەردێكی باشتری دەدۆزیەوە، ئەوا كۆنەكەی فڕێ دەدا و بەردەكەی تری

دەپەرست، بەم شێوەیە خوداکەی شتێك بوو کە خۆی ئارەزووی دەکرد بیپەرستێت. لەبەر ئەوە الله دەڵێت (أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ)، وە دەڵێت (أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلا) واتە ئەی محمد تۆ دەتوانیت ببیت بە پارێزەر بەسەر کاروکردەوەکانی ئەو کەسە کە زۆر نەزان و جاهیلە؟

لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە کە ابا رجاء العطاردی گوتوویەتی:

كُنَّا نَعْبُدُ الْحَجَرَ فَإِذَا وَجَدْنَا حَجَرًا هُوَ أَخْيَرُ مِنْهُ أَلْقَيْنَاهُ وَأَخَذْنَا الْآخَرَ فَإِذَا لَمْ نَجِدْ حَجَرًا جَمَعْنَا  جُثْوَةً  مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ جِئْنَا بِالشَّاةِ فَحَلَبْنَاهُ عَلَيْهِ ثُمَّ طُفْنَا بِهِ

ئێمە بەردمان دەپەرست، وە کاتێك بەردێکمان دەدۆزیەوە کە باشتر بوو، ئەوا بەردە کۆنەکەمان فڕێ دەدا و ئەوەی ترمان بە خۆمانەوە دەگرت، خۆ ئەگەر بەردمان نەدۆزیبایەتەوە ئەوا تۆزێك خۆڵمان دەهێنا و شیری مەڕمان بەسەردا دەکرد (بۆ ئەوەی تۆپەڵ بکات و سپی بێت)، ئینجا بە دەورەیدا دەسووڕاینەوە.

محمد پێیان دەڵێت، نابێت بەرد بەردانێ بکەن، وەرن با یەك بەرد بپەرستین کە بەردە ڕەشەکەیە. وە بالفعل ١٤ سەدەیە موسڵمانان بەردێکی ڕەش دەپەرستن.

لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، کە عومەری کوڕی خەتاب بەردە ڕەشەکەی ماچ کردووە ئینجا گوتوویەتی:

أَنَّهُ جَاءَ إِلَى الْحَجَرِ الْأَسْوَدِ فَقَبَّلَهُ فَقَالَ إِنِّي أَعْلَمُ أَنَّكَ حَجَرٌ لَا تَضُرُّ وَلَا تَنْفَعُ وَلَوْلَا أَنِّي رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَبِّلُكَ مَا قَبَّلْتُكَ

دەزانم کە تۆ بەردێکیت نە زیانت هەیە وە نە سوود، وە ئەگەر نەمبینیایە کە پێغەمبەر ماچی دەکردیت ئەوا ماچم نەدەکردیت.

وە لە ئایەتی ٢٢ سوورەتی مریەم هاتووە کە ابراهیم بە باوکی دەڵێت:

يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا

ئەی باوکە بۆچی شتێك دەپەرستیت کە نە دەبیستێت و نە دەبینێت و نە بە هیچ شتێك سوودت پێدەگەیەنێت؟

وە لە ئایەتی ٢٣ سوورەتی النجم هاتووە کە دەڵێت:

إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاءٌ سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ

(بتەکان) تەنها ناوێکن کە خۆتان و باوکانتان ناویان لێیان ناوە، وە هیچ دەسەڵاتێکیان لە لایەن اللەوە بۆ دانەبەزیووە.

وە لە ئایەتی ٦٦ سوورەتی الانبیاء هاتووە کە ابراهیم دەڵێت:

أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لا يَنفَعُكُمْ شَيْئًا وَلا يَضُرُّكُمْ

ئایا جگە لە الله شتانێك (بت) دەپەرستن کە نە سوودتان پێدەگەیەنێت، وە نە زیان؟

بەڵام فەرموودەیەکی محمد لە صحیح الجامع (للالبانی) هاتووە، کە گوتوویەتی:

إنَّ مسحَ الحجرِ الأسودِ ، و الركنَ اليمانيَّ ، يحُطَّان الخطايا حطًّا

دەستدان لە بەردە ڕەشەکە و ڕوکنی یەمەنی کعبە، گوناه بە هەڵوەرین هەڵدەوەرێنن.

بەڵێ بەردە ڕەشەکە ڕۆڵی خودا دەبینێت و گوناه هەڵدەوەرێنێت.

وە لە صحیح الجامع و صحیح الترمذی، فەرموودەیەکی محمد هاتووە کە سەبارەت بە بەردە ڕەشەکە گوتوویەتی:

واللهِ ليبعثنَّه اللهُ يومَ القيامةِ ، له عينانِ يبصرُ بهما ، ولسانٌ ينطقُ به ، يشهدُ علَى مَنْ استلمَه بحقٍّ

سوێند بە اللە، اللە لە ڕۆژی قیامەت بەردە ڕەشەکە زیندوو دەکاتەوە، دوو چاوی دەبێت پێیەوە دەبینێت، وە زمانێک پێیەوە قسە دەکات، وە شایەتی بۆ کەسانێك دەدات کە بە هەق سەردانیان کردووە.

ئیسلام کەڵتێکە تا سەر ئێسقان بتپەرستیە.

# ئایەتی ٤٤

أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلاَّ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلا

اللەی عەرەب و ئیسلام لەم دەقەدا سوکایەتی دەکات و دەڵێت:

ئەی محمد، یان پێت وایە کە زۆربەی ئەو بێباوەڕانە دەبیستن یان تێدەگەن؟ لە ڕاستیدا ئەوانە وەك ئاژەڵ وان، بەڵکو لە ئاژەڵ خراپتر ڕێگاکەیان ون کردووە.

الزمخشری له الکشاف دەڵێت:

ئەگەر بڵێیت چۆن بێباوەڕان گومڕاترن له ئاژەڵان؟ دەڵێم چونکه ماڵات پابەندی خاوەنەکەی دەبێت که ئالیکی دەداتێ، وه دەزانێت کێ لەگەڵیدا باشه و کێ لەگەڵیدا خراپه، وه داوای ئەوه دەکات که بۆی باشه و خۆی لەوه بەدوور دەگرێت که خراپه بۆی، وه ڕێگای لەوەڕگا و ئاودانی دەگرێت، بەڵام بێباوەڕەکان پابەندی خوداکەیان نابن، وه به چاکەکانی نازانن له خراپەکاریەکانی شەیتان که دووژمنیانه، وه داوای ئەو پاداشته ناکەن که مەزنترین سووده، وه خۆیان له سزا ناپارێزن که زیانی هەیه بۆیان و به هۆیەوه تیادەچن، وه ڕێگای ئەو هەقه ناگرن.

## ئایەتی ٤٥-٤٦

أَلَمْ تَرَ إِلَى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاء لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلا ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام، دوای بابەتی قڕکردن و جوێندان و سوکایەتی، له کتوپڕێکدا باسی سێبەرمان بۆ دەکات و دەڵێت:

ئەی محمد، ئەی سەیری خوداکەت نەکردووه که چۆن سێبەری درێژ کردۆتەوه، خۆ ئەگەر بیوستایه ئەوا جێگیری دەکرد، ئینجا خۆرمان بەسەر سێبەرەکەوه کردووه به بەڵگه.

ئینجا سێبەرەکه زۆر به ئاسانی بۆ لای خۆمان دەگێڕینەوه.

وەك کورد گوتەنی، تڕ له کوێ تەورداس له کوێ؟

ئاخر چی وایکرد له بابەتی کوشتوکوشتار و سوکایەتی و ئازاری دۆزەخ و قڕکردن، له کتوپڕێکدا بێیت باسی ئەو زانسته گرنگەمان بۆ بکەیت؟ زانستی سێبەر.

ئەوەی سەیره، لەم دوو دەقه:

یەکەم: الله سێبەری خەلق کردووه، وه سێبەر هیچ پەیوەندی به بەربەست بۆ ڕووناکی و تیشکەوه نییه.

دووەم: به پێغەمبەرەکەی دەڵێت ئەی محمد، ئەی نەتیبینیوه سێبەرم چۆن درێژ کردۆتەوه؟

سێهەم: دەڵێت، خۆرم لەسەر سێبەر کردووە بە بەڵگە، نەك ئەوەی سێبەر دروست بێت بە هۆی بەربەست بۆ تیشکی خۆر.

چوارەم: پێمان دەڵێت، بۆچی هەندێك کات سێبەر بوونی نامینێت؟ الله دەڵێت چونکە من بۆ لای خۆم دەیگێڕمەوە و گلی دەدەمەوە، ئەوەی راستی بێت وە ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین، دەڵێت زۆر بە ئاسانی سێبەرەکە بۆ لای خۆم دەگێڕمەوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

لەم ئایەتەدا الله بەڵگەی بوونی و بەڵگە بۆ توانایی تەواوی خۆی بۆ دروستکردنی شتە جیاواز و دژەکان دەخاتە ڕوو، دەڵێت، {أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ- ئەی نابینیت کە خوداکەت چۆن سێبەری درێژ کردۆتەوە}، ابن عباس و ابن عمر و ابو العالیة و ابو مالك، مسروق، مجاهید و سعید بن جبیر، ابراهیم النخعی، الضحاك، الحسن البصری، قتادة، السدی و ئەوانیتر گوتوویانە: سێبەر لە نێوان هەڵاتنی بەیانی بۆ هەڵاتنی خۆر ڕوودەدات، {وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا- وە ئەگەر بیویستایە جێگیری دەکرد} واتە سێبەری هەمیشەیی دەکرد کە ون نەبووایە. {ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا- ئینجا خۆرمان کردووە بە بەڵگە لەسەر سێبەرەکە}، واتە ئەگەر خۆر بەسەر سێبەرەکەدا هەڵنەیەت، ئەوا سێبەر نەدەزانرا، چونکە دژ تەنها بە دژەکەی دەناسرێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(أَلَمْ تَرَ)، ئەی محمد نابینیت (كَيْفَ مَدَّ) کە چۆن خوداکەت درێژی کردۆتەوە(الظِّلَّ ) سێبەر؟ وە سێبەر لە نێوان هەڵهاتنی بەرەبەیان بۆ هەڵهاتنی خۆرە، (وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا)، وە ئەگەر خوداکەت بیویستایە ئەوا سێبەری هەمیشەیی و بەردەوام دەکرد تا ون نەبێت، واتە لەگەڵ ونبوونی خۆر ون نەبێت و کەم نەبێتەوە. (ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا)، ئینجا سێبەرەکە بۆ لای خۆمان دەگێڕینەوە لە دوای ئاوابوونی خۆر.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

واتە ئەی نابینیت کە خوداکەت چۆن سێبەری درێژ کردۆتەوە، وە سێبەر لە نێوان دەرکەوتنی بەرەبەیان بۆ هەڵهاتنی خۆرە، وە درێژی کردۆتەوە چونکە سێبەرە و خۆری لەگەڵدا نییە.

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت:

الله دەڵێت، {ثُمَّ جَعَلْنَا ٱلشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلاً}، واتە سێبەرمان بەوەی هەیەتی لە سوود و خۆشیەکانی یەکەم جار خەلق کرد، ئینجا وامان کرد کە ئەقل دەرك بە ناسینی سێبەر بکات بەوەی کە خۆرمان بەسەریدا وەك بەڵگە و نیشانەیەك هەڵهێنا، ئینجا سێبەرەکەمان نەهێشت، بەڵام نەك بەیەکجار و بەیەکەوە بەڵکو هێواش هێواش.

الجلالین لە تفسیر الجلالین:

{أَلَمْ تَرَ}، ئەی سەیری {إِلَىٰ}، کاری {رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ ٱلظِّلَّ} خوداکەت نەکردووە؟ لە بەرەبەیان تاوەکو کاتی هەڵهاتنی خۆر {وَلَوْ شَآءَ} ئەگەر خوداکەت بیویستایە {لَجَعَلَهُ سَاكِناً} جێگیری دەکرد. وە بە هەڵهاتنی خۆر نەدەڕۆیشت {ثُمَّ جَعَلْنَا ٱلشَّمْسَ عَلَيْهِ}، ئینجا خۆرمان بە سەر سێبەرەکەوە کردووە بە نیشانە و بەڵگە {دَلِيلاً}، ئەگەر خۆر نەبوایە ئەوا سێبەر نەدەزانرا.

امام الماوردی لە النکت و العیون دەڵێت، سەبارەت بە {قَبْضاً يَسِيراً}، سێ تێروانین هەیە:

یەکەم: بە خێرایی (ابن عباس).

دووەم: بە ئاسانی (ابو مالك).

سێهەم: بە هێواشی (مجاهید).

خالقی گەردوونە بەڵام نەیزانیووە کە سێبەر چۆن دروست دەبێت، وە دەڵێت سێبەرم وەك خۆر و مانگ و زەوی هتد خەلق کردووە.

وە محمد نەهی کردووە کە مرۆڤ بەشێکی لەشی لە سێبەر بێت و بەشێکی لە ژێر خۆردا بێت، وەك لە صحیح ابن ماجة (تحقیق الالبانی) و المصنف لابن ابي شيبة، ڕیوایەتێك هاتووە دەڵێت:

أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ عليْهِ وسلَّمَ نَهى أن يُقعَدَ بينَ الظِّلِّ والشَّمسِ

پێغەمبەر نەهی کرد کە کەسێك لە نێوان سێبەر و خۆردا دابنیشێت.

ئاخۆ دەبێت هۆکارەکەی چی بێت؟

لە مسند احمد و المستدرك للحاكم و سنن ابوداود و السنن الكبرى للبيهقى ڕیوایەتێك هاتووە کە محمد گوتوویەتی:

چونکە ئەم جۆرە دانیشتنە (أنه مجلس الشيطان) دانیشتنی شەیتانە.

## ئایەتی ٤٧

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا

دەڵێت:

وە ئەوە، کە بۆ ئێوە، شەوی کردووە بە پۆشاك و خەوتن بە پشوو، وە ڕۆژی کردووە بە هەڵسانەوە.

پێویست بە شرۆڤە ناکات و ئایەتەکە زۆر ڕوونە.

## ئایەتی ٤٨

وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا

دەڵێت:

وە ئەوە کە بای وەك مژدەیەك لە نێوان دەستەکانی ڕەحمەتی نارد،وە لە ئاسمان ئاوێکی پاکمان دابەزاند.

(هو) واتە "ئەو"، ئینجا لە کتوپڕێکدا دەڵێت (أَنزَلْنَا) واتە ئێمە دامانبەزاند.

واتە ئایەتەکە بە کەسی سێهەم دەستپێدەکات، لە کتوپڕێکدا دەبێت بە کەسی یەکەم. ئایەتەکە دەبوایە بە یەکێك لەم دوو شێوەیە بوایە:

وَأَنَّا أَرْسَلنا الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِي وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا

واتە: ئێمە بامان وەك مژدەیەك لە نێوان دەستەکانی ڕەحمەتم نارد و ئاوێکی پاکم لە ئاسمان دابەزاند.

یان

وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنزَل مِنَ السَّمَاء مَاء طَهُورًا

واته: وە ئەوە کە بای وەك مژدەیەك لە نێوان دەستەکانی ڕەحمەتیدا نارد، وە ئاوێکی پاکی لە ئاسمان دابەزاند.

بڕگەی یەکەمی ئەو ئایەتە {وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ} پێشووتر لە ئایەتی ٥٧ سوورەتی الاعراف باس و شرۆڤەمان کرد.

بەشی کۆتایی ئەم ئایەتە دەڵێت:

{وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاء طَهُورًا} وە لە ئاسمان ئاوێکی پاکمان دابەزاند.

لە ڕوانگەی اللهى ئیسلام، هەموو ئاوێك کە لە ئاسمان دادەبەزێت ئەوا پاك و سازگار و بێگەردە (مَاء طَهُورًا) کە ئەوە هەڵەیە و ڕاست نییە. بە چەند هۆکارێك

یەکەم: کاتێك باران دادەبەزێت ئەوا تەپوتۆز و بەکتریای ژینگە لەگەڵ خۆیدا دەدەبەزێنێت.

دووەم: هەندێك باران، بارانی ترشەلۆکن (دووەم ئۆکسیدی کبریت و نایترۆجین ئۆکسایدیان تێدایە)، کە زیانیان بۆ ڕووەك و ئاژەڵ و مرۆڤ هەیە.

محمد صلعم، پێی وابووە کە ئاو پاکە و هیچ شتێك پیسی ناکات.بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند بەڵگەیەك بکەم:

یەکەم: بیرێك کە ئاوەکەی گواویە پاکە و پیس نییە.

١-ڕیوایەتێك بە اسنادێکی صحيح لە المجموع لامام النووی و مجموع الفتاوی لابن تيمية و شرح السنة للبغوی و اغاثة اللهفان لامام احمد و صحيح الترمذی (للالبانی) و صحيح سنن ابوداود و ارواء الغليل للالبانی هاتووە کە ابو سعيد الخدري دەڵێت:

قيلَ لِرسولِ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: أنَتوضَّأُ من بِئرِ بُضاعةَ وهي بِئْرٌ يُطرَحُ فيها الحَيضُ، ولَحمُ الكلابِ، والنَّتْنُ؟ فقال رسولُ اللَّهِ صلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ: الماءُ طَهورٌ لا يُنَجِّسُه شيءٌ

به پێغەمبەر گوترا: ئەی پێغەمبەری الله لە بیری بضاعة دەستنوێژ بگرین، بیرێکە پەڕۆی سووری مانگانە و گۆشتی سەگ و پیسایی فڕێ دەدرێتە ناویەوە؟ پێغەمبەر گوتی: ئاو پاکە، هیچ شتێك پیسی ناکات.

هەروەك لە فەرموودەکە دیارە ،یاوەرەکانی محمد زانیویانە کە ئاوی بیرەکە پیسە (سووری مانگانە و گۆشتی سەگ و پیسایی) لەبەر ئەوە پرسیاریان لە محمد کردووە. محمد لە وەڵامدا گوتوویەتی ئاو پاکە، خوێنی سووری مانگانە و گۆشتی سەگ و پیسایی مرۆڤ پیسی ناکات.

٢-ڕیوایەتێك لە صحيح النسائى (للالبانى) و مسند احمد (شعيب الارناؤوط)، بە اسنادێکی صحيح هاتووە کە ابو سعيد الخدرى دەڵێت:

مَرَرْتُ بِالنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَهُوَ يَتَوَضَّأُ مِنْ بِئْرِ بُضَاعَةَ ، فَقُلْتُ أَتَتَوَضَّأُ مِنْهَا وَهِيَ يُطْرَحُ فِيهَا مَا يُكْرَهُ مِنَ النَّتْنِ ؟ ، فَقَالَ : إِنَّ الْمَاءَ لَا يُنَجِّسُهُ شَيْءٌ

بە لای پێغەمبەر تێپەڕیم بینیم لە بیری بضاعة دەستنوێژ دەگرێت، گوتم ئەوە دەستنوێژ بە ئاوی ئەم بیرە دەشۆریت، وە بیرێکە کە پیسایی تێدا فڕێ دەدرێت؟ گوتی لە ڕاستیدا هیچ شتێك ئاو پیس ناکات.

وە لە تلخيص الحبير لابن حجر، ڕیواتێك بە اسنادێکی صحيح هاتووە، کە سهد بن سعد دەڵێت:

يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّك تَتَوَضَّأُ مِنْ بِئْرِ بُضَاعَةَ وَفِيهَا مَا يُنْجِي النَّاسُ وَالْمَحَائِضُ ، وَالْخَبَثُ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : الْمَاءُ لَا يُنَجِّسُهُ شَيْءٌ

ئەی پێغەمبەری الله لە بیری بضاعة دەستنوێژ دەشۆریت کە پاشەڕۆی مرۆڤ و پەڕۆی سووری مانگانە و پیسایی تێدا فڕێ دەدرێت؟ گوتی هیچ شتێك ئاو پیس ناکات.

(مَا يُنْجِي النَّاسُ) واتە گوو.

٣- لە مسند احمد (بە تحقيق شعيب الارناؤوط، کە دەڵێت ئەم فەرموودەیە بە هەموو ڕێگاکانیەوە صحيحە) و صحيح سنن ابي داود ڕیوایەتێك هاتووە ابو سعيد الخدرى دەڵێت، بە پێغەمبەر گوترا:

كيف يُستَقَى لك من بِئْرِ بُضاعةَ وهي بِئْرٌ يُطرَحُ فيها مَحائِضُ النِّساءِ ولَحمُ الكِلابِ وعَذِرُ النَّاسِ؟ قال: فقال رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: إنَّ الماءَ طَهورٌ لا يُنجِّسُه شَيءٌ

چۆن لە ئاوی بیری بضاعة دەخۆیتەوە کە بیرێکە پەڕۆی سووڕی مانگانە و گۆشتی سەگ و گووی مرۆڤی تێدا فڕێ دەدرێت؟ پێغەمبەر گوتی: لە ڕاستیدا ئاو پاکە، هیچ شتێك پیسی ناکات.

جا نازانم بیری بضاعة ئاوی تێدابووە یان گواو؟

بەڵام ژنان کە محمد بە ناقص العقل ناوی هێناون قێزیان بۆتەوە ئاوی بیری بضاعة بخۆنەوە. لە السنن الکبری للبیهقی ڕیوایەتێك هاتووە کە دایکی محمد بن یحیی گوتوویەتی:

دَخَلْتُ عَلَى سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ فِي نِسْوَةٍ فَقَالَ : لَوْ أَنِّي أَسْقِيكُمْ مِنْ بُضَاعَةَ لَكَرِهْتُمْ ذَلِكَ ، وَقَدْ وَاللَّهِ سَقَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - بِيَدِي مِنْهَا

لەگەڵ هەندێك ژن چووم بۆ لای سهل بن سعد الساعدی، سهل گوتی ئەگەر ئاوی بیری بضاعەتان بدەمێ بخۆنەوە ئەوا قێزتان دەبێتەوە، وە سوێند بە الله من بە دەستەکانی خۆم ئاوی بیری بضاعەم داوە بە پێغەمبەر و خواردیەوە.

دووەم: ئاوی غوسل پاکە.

لە مسند احمد (تحقیق احمد شاکر) و صحیح ابن حبان (تحقیق شعیب الارناؤوط) و صحیح ابن ماجة (للالبانی) و صحیح النسائی و ارواء الغلیل للالبانی، ڕیوایەتێك هاتووە کە ابن عباس گوتوویەتی:

أنَّ بعضَ أزواجِ النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم اغتسلت من الجنابةِ ، فتوضَّأ النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم بفضلِها ، فذكرَتْ ذلك له ؟ فقال : إنَّ الماءَ لا يُنجِّسُه شيءٌ

یەکێك لە ژنەکانی پێغەمبەر لە دوای سەرجێیکردن خۆی شۆری، پێغەمبەر بە ئاوی بەکارهێنراوی ژنەکەی دەستنوێژی شۆری. ژنەکەی پێی گوت ،بەم ئاوە خۆم شۆریوە . پێغەمبەر گوتی هیچ شتێك ئاو پیس ناکات.

له ڕوانگەی محمدەوە ئاو بە هیچ شتێك پیس نابێت. وە تەنانەت بۆ موسڵمان هەیە، ئەو ئاوە کۆبکاتەوە کە لە دوای پیسایيکردن کۆمی پێ پاك دەکاتەوە، ئینجا ئەو ئاوە بخواتەوە، چونکە هیچ شتێك ئاو پیس ناکات.

جا لەبەر ئەوە ئەی موسڵمانان لە هەر شوێنێك باسی پاك و خاوێنی کرا، ئەوا سەرتان دابگرن و شوێنەکە جێبهێڵن.نەکەن باسی پاکوخاوێنی بکەن.

## ئایەتی ٤٩

لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا

دەڵێت:

بە ئاوی باران زێدێکی مردوومان زیندوو کردەوە، وە لەو مەڕوماڵاتەی کە دروستمانکردوون و خەڵکانێکی زۆر ئاو دەدەین.

{أَنَاسِيَّ} هەڵەیە و دەبێت (أناسا) بێت.

## ئایەتی ٥٠

وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلاَّ كُفُورًا

دەڵێت:

لە نێوانیان وەردەچەرخێنین بۆ ئەوەی یادبکەنەوە، بەڵام زۆربەی خەڵك ڕەتی کردەوە (کە یادی الله بکاتەوە)، وە تەنها ناسوپاسگوزار بوون.

ابن کثیر لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

(وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا)، واتە لەم خاکە بارانمان باراند بێئەوەی لە خاکێکی تر باران ببارێنین، وە هەورەکانمان ڕاپێچ کرد بەسەر خاکێك بۆ خاکێکی تر کە بارانی تیادا ببارێت تاوەکو تێرباران بوو، بەڵام خاکەکەی تر یەك دڵۆپی تیادا نەباری.{لِيَذَّكَّرُوا}، بۆ ئەوەی بزانن کە هەروەك چۆن الله خاکێکی مردوو زیندوو دەکاتەوە ئەوا لە توانای دایە کە مردووەکان بە ئێسک و پروسکەوە زیندوو بکاتەوە، وە یان بۆ ئەوەی بزانن کە کاتێك باران نابارێت ئەوا ئەوە بە هۆی گوناهەکانیانەوەیە.

وە لە تفسیر ابن ابي حاتم ڕیوایەتێك هاتووە کە محمد پرسیار لە جبرایل دەکات سەبارەت بە هەور:

فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: يَا جِبْرِيلُ إِنِّي أُحِبُّ أَنْ أَعْلَمَ أَمْرَ السَّحَابِ. قَالَ: فَقَالَ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَامُ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ هَذَا مَلَكُ السَّحَابِ فَسَأَلَهُ قَالَ: تَأْتِينَا صِكَاكٌ مُخْتَمَةٌ اسْقِ بِلَادَ كَذَا وَكَذَا قَطْرَةً

پێغەمبەر بە جبرایلی گوت: ئەی جبرایل ئارەزوو دەکەم کە لە زانستی هەور بزانم.
جبرایل گوتی ئەی پێغەمبەری الله ئەوە فریشتەی هەورە پرسیاری لێ بکە.
فریشتەی هەور گوتی: نووسراوی داخراو و مۆرکراومان بۆ دێت، دەڵێت هەورەکە لێبخورە بۆ فولانە خاك، وە ئەوەندە بڕ لە باران ببارێنە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

وە ئەو ئاوە پاکەی کە لە ئاسمان دامانبەزاند بۆ زیندووکردنەوەی خاکێکی مردوو، لە نیوان بەندەکانم دابەشم کردووە، بۆ ئەوەی چاکە و نیعمەتی منیان لە یاد بێت {فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلا كُفُورًا}، بەڵام زۆربەی خەڵك بەرپەرچی چاکەکەم دەدەنەوە.

# ئایەتی ٥١

وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَذِيرًا

دەڵێت:

وە ئەگەر ئارەزوو بکەین ئەوا بۆ هەموو گوندێك ئاگادارکەرەوەیەك دەنێرین.

{نذیر} واتە بۆ هەموو گوندێك پێغەمبەرێك دەنێرین.

# ئایەتی ٥٢

فَلا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا

دەڵێت:

ئەی محمد گوێڕایەڵی کافرەکان نەبیت، وە بە قورئان ململانێیان لەگەڵدا بکە ململانێیەکی گەورە.

امام الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە{وَجَاهِدْهُم بِهِ} دەڵێت:

دوو تێڕوانین هەیە: یەکەم: بە قورئان، دووەم: بە ئیسلام

وە دەڵێت، مەبەست لە {جِهَاداً كَبِيراً- جیهادی گەورە} دوو شتە:

یەکەم: شمشێر

دووەم: توندوتیژی

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

ابن زيد سەبارەت بەم دەقە (وَجَاهِدْهُمْ بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا) گوتوویەتی، واتە ئیسلام. وە ئەم ئایەتەی خوێندۆتەوە کە دەڵێت، {وَاغْلُظْ عَلَيْهِمْ- لەگەڵیاندا توندوتیژ بە}، وە ئەم ئایەتەی خوێندۆتەوە کە دەڵێت، {وَلْيَجِدُوا فِيكُمْ غِلْظَةً- بۆ ئەوەی توندوتیژیت تیادا ببینن}، وە گوتوویەتی ئەوە جیهادی گەورەیە.

ابن عباس گوتوویەتی، واتە قورئان.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ئەم سوورەتە مەککیە، لەبەر ئەوە ناکرێت ئەم ئایەتە بە مانای کوشتار بێت، چونکە ئایەتەکانی کوشتار لە مەدینە دابەزیوون.

## ئایەتی ٥٣

وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا

وە ئەوە کە سنووری (شەپۆلی) دوو دەریای بەیەك گەیاند، ئەوە شیرین وسازگارە، وە ئەوە سوێر و تاڵە، وە لە نێوانیان بەربەستێکی داناوە (هەر یەکێکیان) لە چاڵێکی قەتیس کراون.

(بگەڕێوە بۆ سوورەتی الرحمن ئایەتی ١٩، بە درێژی باسمان کرد و ئاماژەمان بە شرۆڤەکان کرد).

ابن الجوزی لە زاد المسير، سەبارەت بە {وحِجْراً محجوراً} دەڵێت، الفراء گوتوویەتی: واتە قەدەغەیە هەر کامێکیان سنووری ئەوەی تریان ببەزێنێت.

# ئایەتی ٥٤

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاء بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا

دەڵێت:

وە ئەوە كە لە تۆواو مرۆڤی دروستكردووە، ئینجا كردوویەتی بە بنەما بۆ ڕەچەڵەك و خزمایەتی، وە خوداكەت بە توانا بووە.

الطبرى لە جامع البيان دەڵێت:

وە الله یە كە مرۆڤی لە تۆواو دروستكردووە، ئینجا كردوویەتی بە (نەسەب-پشت) ڕەچەڵەك كە ٧ دانەن، وە (صهر-بەر) خزم كە پێنج دانەن.

الطبرى دەڵێت، بە گوێرەی ئایەتی٢٣ سوورەتی النساء ٧ دانە لە پشتەوە حەرامن و ٥ دانە لە بەرێوە حرامن.

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ وَأَن تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ

ئەوانەی كە لە پشتن و حرامن ٧ دانەن:

دايك و كچ و خوشك و خوشكی دايك و خوشكی باوك و كچی برا و كچی خوشك.

ئەوانەی كە لە بەرن و حرامن ٥ دانەن:

دايكانی شیرەخۆری، خوشكی شیرەخۆری، خەسوو، كچی ژن (زڕكچ)، ژنی ئەو كوڕانەتان كە لە پشتتانن، خوشكی ژن.

(نسب) ئەوە دەكات كە دەگوترێت لە پشتێيە (نەوە لە دوای نەوەی پیاو)

(صهر) ئەوە دەكات كە دەگوترێت لە بەرێيە (لە ڕێگای ژن و ژن خوازيەوە دەبیت بە خزم).

القرطبى لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ابن العربی گوتوویەتی: (نسب- ڕەچەڵەك) بریتییە لە تێکەڵ بوونی ئاوی نێرینە و مێینە بە شیوەیەکی شرعی، ئەگەر هاتوو ئەم تێکەڵبوونە بە شیوەیەکی شەرعی نەبوو (واتە بە زینا بوو)، ئەوا ئەوەی لە دایك دەبێت خەلقێکی ڕەها دەبێت، وە نابێت بە (نسب) واتە ڕەچەڵەك، لەبەر ئەوە ئایەتی ٢٣ سوورەتی النساء نەیگوتووە کچانی زینا لێتان حرامە، چونکە بە گوێرەی ڕاسترین وتەی زاناکانمان کچی زینا نابێت بە کچی پیاو، وە ڕاسترین وتەیە بە گوێرەی ئاینی ئیسلام.

لەبەر ئەوە کچی زینا لە پیاو حرام نییە و نابێت، وە دایکی کچی زینا لە پیاو حەرام نابێت.

ڕونکردنەوە: واتە ئەگەر پیاوێك زینای لەگەڵ ژنێك کرد، وە لە ئاکامی ئەو کارە ژنەکە کچێکی بوو، ئەوا بۆ ئەو پیاوە هەیە کە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کچە بکات، چونکە لە ڕوانگەی ئەم ئایەتە و شەریعەتی ئیسلامی ئەو کچە بە کچی پیاوەکە دانانرێت.

وە القرطبی دەڵێت، بە تێڕوانینی امام الشافعی کچی زینا لە باوکە زیناکەرەکەی حرام نیە ئەگەر بیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.

## ئایەتی ٥٥

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لا يَنفَعُهُمْ وَلا يَضُرُّهُمْ وَكَانَ الْكَافِرُ عَلَى رَبِّهِ ظَهِيرًا

دەڵێت:

وە جگە لە اللە شتانێك دەپەرستن کە نە سوودیان بۆیان هەیە وە نە زیان، وە کافرەکان دژایەتی خوداکەیان کردووە.

ئەم دەقە ئاماژە بە دوو خاڵ دەکات:

یەکەم: موشریکەکان جگە لە اللە، بت دەپەرستن، کە ئەو بتانە نەسوودیان بۆیان هەیە وە نە زیان.

دووەم: کافرەکان هەمیشە سەنگەریان لە اللە گرتووە.

هەر بە ڕاستی شەرمە خالقی گەردوون بنوزێتەوە و بڵێت کافرەکان هەمیشە سەنگەریان لە خوداکەیان گرتووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ابن عباس سەبارەت بە {وَكَانَ الْكَافِرُ عَلَى رَبِّهِ ظَهِيرًا- كافر دژ بە خوداكەی بووە} گوتوویەتی، واتە ابا حکم کە پیغەمبەری ناوی کرد بە ابو جهل.

## ئایەتی ٥٦

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا

دەڵێت:

وە ئەی محمد تۆمان نەناردووە تەنها وەك مژدەبەخشێك و ئاگادارکەرەوەیەك نەبێت.

واتە مژدەدان بە باوەڕداران کە بەهەشتیان بۆ دەبێت و ئاگادارکەرکردنەوەی بێباوەڕەکان بە ئازار و ئەشکەنجەی دۆزەخ.

## ئایەتی ٥٧

قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِلاَّ مَن شَاء أَن يَتَّخِذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلا

دەڵێت:

ئەی محمد بڵێ، من بۆ ئەو مژدە و ئاگاداریە داوای کرێتان لێ ناکەم، تەنها کەسێك نەبێت کە ئارەزوو دەکات ڕێبازی خوداکەی بگرێتە بەر.

الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع الاحکام القران سەبارەت بە {إِلاَّ مَن شَاء أَن يَتَّخِذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلا} دەڵێن، واتە بەڵام ئەوەی لە ئیوە ئارەزووی کرد پارە ببەخشێت بۆ ئەوەی لە پێناو ڕێبازی خوداکەی خەرج بکرێت، ئەوا با بیبەخشێت.

## ئایەتی ٥٨-٥٩

وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِ وَكَفَى بِهِ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا

الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا

دەڵێت:

وە پشت بەو زیندووە ببەستە کە هەرگیز نامرێت، وە بە شکۆکەی هەڵبدە، ئەوت بەسە، وە خۆی بە گوناهی بەندەکانی شارەزایە.

ئەوەی کە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیانە لە شەش ڕۆژدا دروستکردووە، ئینجا الرحمان بەرزبۆوە و دانیشت لەسەر عەرشەکەی، جا لە ئەو بپرسە، هەر خۆی شارەزایە.

(لە سوورەتەکانی پێشوو بە پێی پیویست قسەمان کرد سەبارەت بە ئایەتەکانی دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی، بەڵام لە سوورەتی فصلت بە درێژی قسەی لەسەر دەکەین).

( وە هەروەها قسەمان کرد سەبارەت بە بەرزبوونەوە و دانیشتنی اللهی عەرەب و ئیسلام لەسەر عرش).

## ئایەتی ٦٠

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا

دەڵێت:

وە کاتێك پێیان دەگوترێت کڕنۆش بۆ ڕەحمان ببەن، گوتیان وە الرحمان چییە؟ ئایا کڕنۆش بۆ ئەوە ببەین کە فەرمانمان پێ دەکەیت؟ وە سڵکردنەوەیان زیاد دەکات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

وە کاتێك بەو کەسانەی کە جگە لە الله شتانێك دەپەرستن کە نە سوود وە نە زیانی بۆیان هەیە دەگوترێت، {اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ-کڕنۆش بۆ الرحمان ببەن} واتە: کڕنۆش تەنها بۆ الله ببەن و بۆ خوداوەندەکانتان و بتەکانتان مەبەن، گوتیان {أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا- ئایا کڕنۆش بۆ شتێك ببەین کە تۆ فەرمانمان پێ دەکەیت}؟ واتە: ئەی محمد ئێمە کڕنۆش بۆ شتێك ببەین کە تۆ فەرمانمان پێ دەکەیت کڕنۆشی بۆ ببەین؟ {وَزَادَهُمْ نُفُوراً- وە سڵکردنەوەیان زیاد بوو}، دەڵێت: وە دوورکەتنەوەی موشریکەکان زیاتر بوو.

وە الطبری دەڵێت:

نازناوی مسلیمة، "الرحمن" بوو، کاتێك پێغەمبەر پێیانی گوت: کڕنۆش بۆ الرحمان ببەن، گوتیان: کڕنۆش ببەین بۆ ئەوەی ڕەحمانی یەمامە فەرمانمان پێ دەکات؟ مەبەستیان لە کڕنۆشبردن بوو بۆ مسلیمة.

کورتە باسێك سەبارەت بە مسلم بن الحبيب، کە محمد وەك سوکایەتی ناوی دەکات بە "مسيلمة الكذاب" واتە موسەیلەمەی درۆزن.

دکتور جواد علی لە المفصل في تاريخ العرب، سەبارەت بە مسلم بن الحبيب دەڵێت:

بە تەمەن گەورەتر بوو لە محمد صلعم. وە ئیدعای پێغەمبەرایەتی کرد لە یەمامە و خەڵك بە دوای کەوت پێش ئەوەی وەحی بۆ محمد دابەزێت. وە خەڵکی مەککە ئاگاداری پێغەمبەرایەتی مسيلمة بوون.

وە مسلم بن الحبيب بانگێشەی دەکرد بۆ پەرستنی خودایەك بە ناوی الرحمن، لەبەر ئەوە مسلم (مسيلمة) بە ناوی "الرحمن" و "رحمانی یەمامە" ناسراو بوو، وە پەرستنی الرحمان، ئاینێکە کە کاریگەری یەکتاپی لەسەرە، وە بڕوای بە بوونی یەك خودا "الرحمان"ە هەیە کە خودای جیهانەکانە.

الثعالبي لە ثمار القلوب دەڵێت:

موسڵمانان ناویان لێ نا "مسيلمة الكذاب" وە ڕیسوایی و بچووکیان دەرخست.

واتە پێغەمبەرەکەی یەمامە، کە پێش محمد ئیدعای پێغەمبەرایەتی کردبوو ناوێکی تری هەبووە، بەڵام محمد و یاوەرەکانی وەك سووکایەتیەك ناویان کردووە بە "مسيلمة الكذاب"

لە ڕاستیدا پێغەمبەرەکەی یەمامە ناوی: "مسلم بن ثمامة بن كثير بن حبيب الحنفي"یە.

واتە نازناوەکەی "مسلم " و "الحنفي" بووە.

"الاحناف" خەڵکانێکی تەوحیدی بوون لەسەردەمی جاهیلی، کە بتیان نەدەپەرست، وەك زيد بن عمرو بن نفيل و ورقە کوڕی نەوفەل و امية بن ابي الصلت هتد.کە پێیان وابوو لەسەر ڕێبازی ئیبراهیمن.

محمد ئەم ٣ ناوەی مسیلمة " الرحمان، مسلم ، الحنفي" بۆ خۆی دەبات

وەك ئایەتی ٦٧ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

ما كانَ إِبْراهِيمُ يَهُودِيًّا وَ لا نَصْرانِيًّا وَ لكِنْ كانَ حَنِيفاً مُسْلِماً

ابراهيم نە جوو وە نە مەسیحی بووە، بەڵکو حەنیفێکی موسڵمان بووە.

وە محمد وەك سووکایەتی ناوی پێغەمبەرەکەی یەمامە لە "مسلم" دەکات بە "مسیلمة" و پاشگری "الکذاب"ی واتە درۆزنی بۆ زیاد دەکات.

"مسیلمة" هەم مێینەیە وە هەم بچووکراو.

وە مسیلمة بەر لە محمد مزگەوت و بانگدان و قورئانی هەبووە.

لە المصنف لابن ابي شيبة و مصنف للعبدالرزاق، ڕیوایەتێك هاتووە کە دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای ابن مسعود و گوتی:

من بە لای مزگەوتی بنی حنیفة تێپەڕ بووم ، گوێم لە پێش نوێژەکەیان بوو سورەتێکی دەخوێندەوە کە الله بۆ محمدی دانەبەزاندووە:

وَالطَّاحِنَاتُ طَحْنًا

فَالْعَاجِنَاتُ عَجْنًا

فَالْخَابِزَاتُ خَبْزًا

والثاردات ثردًا

واللاقمات لقمًا

وە لە المصنف لابن ابي شيبة ڕیوایەتێکی تر هاتووە، حارثة بن مضرب دەڵێت:

پیاوێك دەرچوو بە دوای ئەسپەکەیدا دەگەڕا، بە تەك مزگەوتی بنی حنیفة تێپەڕ بوو، نوێژی لە مزگەوتەکەیان کرد، وە وتارێژ و پێشنوێژی مزگەوتەکە، لە سوورەتەکانی "مسیلمة الکذاب"ی بۆیان خوێندەوە، ئەوەبوو پیاوەکە هات و ابن مسعودی ئاگادار کردەوە.

وە ابن کثیر لە الکامل في التأریخ دەڵێت، لە قورئانەکەی مسلم بن حبیب ئەم سوورەتە هەبووە:

والمُبذرات زرعًا

والحاصدات حصدًا

والذاريات قمحًا

والطاحنات طحنًا

والعاجنات عجنًا

والخابزات خبزًا

والثاردات ثردًا

واللاقمات لقمًا

إهالة وسمنا

لقد فضلتم على أهل الوبر

وما سبقكم أهل المدر

ريفكم فامنعوه

والمعتر فآووه

والباغي فناوئوه

وه دكتور جواد على له المفصل في تاريخ العرب دەڵێت:

بانگدەرەکەی مسلم بن حبیب ناوی عبدالله بن نواحة بوو.

ابن الاعثم الكوفي، له كتاب الفتوح دەڵێت، مسلم بن حبیب وتاری بۆ باوەڕدارانی پێشکەش کرد و گوتی:

جبرایل هەموو ڕۆژێك ئەوەم بۆ دێنێت کە دەمەوێت.

مسیلمة له شەڕی یەمامە دەکوژرێت.

ئەگەر لەو شەڕەی کە لە دوای مردنی محمد، لە نێوان سوپاکەی ابوبکر الصدیق و مسلم بن حبیب ڕوویدا، مسلم بن حبیب سەرکەوتبایە، ئەوا ئێستا موسڵمانان، وە بە تایبەتی موسڵمانانی کورد دەیانگوت:

اشهد ان لا اله الا الرحمان و اشهد ان مسلم بن حبيب رسول اللّه.

## ئایەتی ٦١

تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا

دەڵێت:

بە بەرەکەتە ئەوەی کە کۆشکوتەلاری چاودێری لە ئاسمان دروست کردووە، وە لە ئاسمان چرایەك و مانگێکی ڕوناکداری هێناوەتە ئاراوە.

الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە مانای{بُرُوجًا} دەڵێت، چوار وتەوت هەیە:

یەکەم: ئەستێرەی مەزن.

دووەم: کۆشکوتەلاری پاسەوانەکانی ئاسمانە.

سێهەم: شوێنی هەسارەکان.

چوارەم: وێستگەی خۆرە.

وە لە ئایەتی ١٦-١٧ سوورەتی الحجر، اللّهی عەرەب و ئیسلام تەئکید دەکاتەوە کە بورجی لە ئاسمان داناوە و دەڵێت:

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ، وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ

وە لە ئاسمان کۆشکوتەلارمان داناوە، وە ڕازاندوومانەتەوە بۆ تەماشاکەران، وە ئاسمانمان پاراستووە لە هەموو شەیتانێکی ترۆکراو.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت، سەبارەت بە (بُرُوجًا) سێ وتەوت هەیە:

یەکەم: ابن عباس و ابو عبیدة گوتوویانە: وێستگەی وەستان و سرەوتنی مانگ و خۆر، وە ابن قتیبة گوتویەتی ناوەکانیان ئەمانەن: الحَمَل، والثَّور، والجَوْزاء، والسَّرَطان، والأسد، والسُّنبلة، والميزان، والعقرب، والقوس، والجَدْي، والدلو، والحوت.

دووەم: ابن عباس و ابن عطية و ابن قتيبة گوتوویانە:كۆشكوتەلارن كە فریشتەكانی پاسەوانی تیادا دەكەن بۆ پاراستنی ئاسمان.

سێهەم: قتادة و مجاهد و مقاتل و ابو صالح گوتوویانە: هەسار و ئەستێرەكانن.

لە قورئان {بروج}، بە مانای كۆشكوتەلاری پۆلاین هاتووە، وەك ئایەتی ٧٨ سوورەتی النساء دەڵێت:

أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ

لە هەر كوێیەك بن مەرگ فریاتان دەكەوێت تەنانەت ئەگەر لە كۆشكوتەلارێكی پۆلاین بن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

الله لەم دەقەدا بە شكۆ و مەزنی خۆی هەڵدەدات سەبارەت بە جوانی ئەوەی لە ئاسمان دروستی كردووە لە {بروج}، كە ئەستێرەی مەزنن بە وتەی مجاهید و سعيد بن جبير و ابي صالح و الحسن و قتادة.

بەڵام على كوڕی ابي طالب و ابن عباس و محمد بن كعب و ابراهيم النخعی، سليمان بن مهران و الاعمش و ابي صالح گوتوویانە، {بروج} واتە كۆشكوتەلاری پاسەوانی لە ئاسمان.

الطبری لە جامع البيان ئاماژە بە بیروڕا جیاوازەكان دەكات ئینجا دەڵێت: ئەوەی من بە ڕاسترین شرۆڤەی دادەنێم ئەوەیانە كە دەڵێت:

واتە كۆشكوتەلاری لە ئاسمان چونكە (برج) لە زمانی عەرەب بە مانای كۆشكوتەلار دێت هەروەك الله گوتوویەتی:

{وَلَوْ كُنْتُمْ فِي بُرُوجٍ مُشَيَّدَةٍ} تەنانەت ئەگەر لە كۆشكوتەلارێكی پۆلاین بن.

وە سەبارەت بە (وَقَمَرًا مُنِيرًا) دەڵێت، مانای (المنير) واتە ڕوناككەرەوە.

السعدی لە تفسير كلام المنان دەڵێت:

{وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا} ڕووناكی و گەرمی هەیە كە خۆرە فيه النور، { وَقَمَرًا مُنِيرًا- مانگێكی ڕوناككەر}، ڕووناكی هەیە بەڵام گەرمی نییە.

الرازی له مفاتیح الغیب دەڵێت:

بەڵام {البروج} شوێنی هەسارە گەڕۆکەکانە، وە ئەوە بەناوبانگە، وە بە {بروج} ناونراوە کە کۆشکوتەلاری بەرزن چونکە ئەو ئەستێرە و هەسارانە ماڵیان هەیە هەروەك چۆن مرۆڤ ماڵی هەیە.

الزمخشری له الکشاف دەڵێت:

{بروج} ماڵی حەوت هەسارە گەڕۆکەکە (خۆر و مانگ و عەتارد و زوهرە و مریـخ و زحل و موشتەری)، وە ماڵەکانیان بریتن لە:

الحمل، والثور، والجوزاء، والسرطان، والأسد، والسنبلة، والميزان، والعقرب، والقوس، والجدي، والدلو، والحوت.

وە پێیان دەگوترێت (بروج) کە بریتین لە کۆشکوتەلاری بارز چونکە ماڵی ئەو هەسارانەیە هەروەك چۆن مرۆڤ ماڵی هەیە.

الجلالین له تفسیر الجلالین دەڵێن:

(برج) بریتییە لە ماڵی حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکان: مریـخ کە دوو ماڵی هەیە (کاوڕ و دووپشك)،زوهرە، دوو ماڵی هەیە (گا و تەرازوو)، عطارد دوو ماڵی هەیە (دووانە و فەریك)، مانگ یەك ماڵی هەیە (قرژاڵ)، خۆر یەك ماڵی هەیە (شێر)، موشتەری دوو ماڵی هەیە (کەوان و نەهەنگ) وە زوحەل دوو ماڵی هەیە (گیسك و سەتڵ).

واتە:

الله اکبر کۆشکوتەلاری لە ئاسمان داناوە بۆ دوو مەبەست:

یەکەم: وەك کۆشکوتەلاری فریشتەکان بۆ پاراستنی ئاسمان لە شەیتانە دەرکراوەکان.

دووەم: وەك وێستگەی پشوودانی هەسارەکان، هەروەك چۆن شەمەندەفەر وێستگەی وەستانی هەیە، ئەوا بە هەمان شێوە ٧ هەسارەکە وێستگەی پشوودان و وەستانیان هەیە.

# ئایەتی ٦٢

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا

دەڵێت:

وە ئەوە کە شەو و ڕۆژی بە دوای یەکدا هێناوەتە ئاراوە بۆ کەسێك کە دەیەوێت اللهی بە بیر بێتەوە یان بیەوێت سوپاسگوزار بێت.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً} واتە: شەو و ڕۆژی داناوە کە بە دوای یەکەوەی دێن.

وەك ئایەتی ٤٠ سوورەتی یس دەڵێت:

لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ

نە بۆ خۆر هەیە بگاتە مانگ وە نە بۆ شەو هەیە پێش ڕۆژ بکەوێت، وە هەر هەموویان (خۆر و مانگ و شەو و ڕۆژ) لە فەلەکێکدا دەسووڕێنەوە.

ئینجا هیچ شتێك وەك شەو نییە ئەگەر خوشك و برای موسڵمان بیەوێت داوای شتێک، جا گەورە بێت یان بچووك بێت، لە الله بکەن.

لە صحیح البخاری و مسلم ڕیوایەتێك هاتووە کە محمد گوتوویەتی:

يَنْزِلُ رَبُّنا تَبارَكَ وتَعالَى كُلَّ لَيْلَةٍ إلى السَّماءِ الدُّنْيا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ الآخِرُ، يقولُ: مَن يَدْعُونِي، فأسْتَجِيبَ له، مَن يَسْأَلُنِي فأُعْطِيَهُ، مَن يَستَغْفِرُنِي فأغْفِرَ له.

خوداکەمان هەموو شەوێك بۆ ئاسمانی دونیا دادەبەزێت، کاتێك سێیەکی کۆتایی شەو دەمینێت، وە الله دەڵێت: کێ نیزام بۆ بکات وەڵام بە نیزاکەی دەدەمەوە، ئەوەی پرسیاری شتێکم لێ بکات ئەوا پێی دەدەم، ئەوەی داوای لێبووردەییم لێبکات ئەوا لێی دەبوورم.

وە بە حوکمی ئەوەی بە بەردەوامی لە شوێنێك لە شوێنەکانی گۆی زەوی، سێیەکی کۆتایی شەوە، ئەوا الله بەردەوام لە ئاسمانی دونیایە و عەرشەکەی جێهێشتووە.

# ئایەتی ٦٣-٦٤

وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلامًا

وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا

دەڵێت:

وە بەندەکانی ڕەحمان ئەوانەی بێ فیز لە زەویدا دەڕۆن، وە کاتێك نەزانەکان ئاخاوتنیان لەگەڵدا دەکەن دەڵێن سلاو.

وە ئەوانەی کە لە شەو (لەماڵەکانیان) بۆ خوداکەیان کڕنۆش و هەڵسانەوە دەکەن

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَىٰ ٱلأَرْضِ هَوْناً}، واتە بە ئارامی و بێدەنگیی، {وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الجَـٰهِلُونَ}، بە قسەیەکی نابەجێ، {قَالُواْ سَلاَمًا}، واتە قسەیەك كە پێیەوە گوناهبار نابن.

# ئایەتی ٦٥-٦٦

وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا

إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا

دەڵێت:

وە ئەوانە بەندەی ڕەحمانن کە دەڵێن،خوداکەمان ئەشکەنجەی دۆزەخمان لەسەر وەرچەرخێنە، لە ڕاستیدا ئەشکەنجەی دۆزەخ کوشندەیە، وە لە ڕاستیدا دۆزەخ خراپترین مۆڵگە و پایەگایە.

الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە {غَرَاماً} دەڵێت، بە یەکێك لەم مانایانە دێت: پابەندە، توندە، قورسە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە {غَرَاماً} دەڵێت، چەند مانایەك دەبەخشێت: ئازاربەخش، بەردەوام، کوشندەیە.

## ئایەتی ٦٧

وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا

دەڵێت:

وە ئەوانە بەندەی ڕەحمانن، کاتێك سامانیان خەرج دەکەن، نە زێدەڕۆیی وە نە ڕەزیلی دەکەن، وە لە نێوان ئەم دوانەدا(لە نێوان زێدەڕۆیی و ڕەزیلیدا) ڕاستە.

## ئایەتی ٦٨-٧١

وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَلا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا

يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا

إِلاَّ مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا

وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَابًا

دەڵێت:

وە ئەوانە بەندەی ڕەحمانن کە لەگەڵ اللە بانگی خوداوەندێکی دیکە ناکەن، وە کەسانێك ناکوژن کە اللە حرامی کردووە تەنها بە هەق نەبێت. وە زینا ناکەن. وە ئەوەی ئەم کارە بکات ئەوا گوناهبار دەبێت

وە ئەشکەنجەکەی چەند بەرامبەر دەبێتە لە ڕۆژی قیامەت، وە بە ڕیسوایی لە دۆزەخدا دەمینێتەوە.

تەنها ئەوە نەبێت کە تۆبە دەکات و باوەڕ دەهێنێت و کارێك لە کاری چاك دەکات، ئەوانەن کە اللە کارە خراپەکانیان بە چاکە دەگۆڕێت، وە اللە هەمیشە لێبووردە و میهرەبان بووە.

وە کەسێك کە تۆبە دەکات و کاری چاك دەکات، ئەوا بۆ اللە تۆبە دەکات و بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە.

{وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ- کەسێك ناکوژن کە الله حەرامی کردووە تەنها بە هەق نەبێت}، لە ڕاستیدا ئەم دەقە کوشتنی هەموو کەسێکی حەڵاڵ کردووە تەنها کەسێکی موسڵمان نەبێت.

وە موسڵمان لە ٣ حاڵەتتدا کوشتنی ڕەواو حەڵاڵە:

یەکەم: ئەگەر لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە (چونکە دەبێت بە کافر، وە وەك هەر کافرێکی دیکە خوێنی حەڵاڵ دەبێت).

دووەم: ئەگەر موسڵمانێکی بە شێوەیەکی مەبەستدارانە بە بێ هەق کوشت.

سێهەم: پیاوێك و ژنێك کە هاوەڵیان هەیە، وە یان هاوسەرگیریان کردووە کە زینا دەکەن (بەرد باران تاوەکو دەمرن).

لە صحیح البخاری، فەرموودەیەکی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:

لا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ، يَشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأَنِّي رَسولُ اللَّهِ، إلَّا بإحْدَى ثَلاثٍ: النَّفْسُ بالنَّفْسِ، والثَّيِّبُ الزَّانِي، والمارِقُ مِنَ الدِّينِ التَّارِكُ لِلْجَماعَةِ

خوێنی مرۆڤێکی موسڵمان ،کە شایەتی دابێت هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت وە من پێغەمبەری اللهم، حلال نییە، تەنها بە یەکێك لەم سێ حاڵەتە نەبێت: کوشتن لەبەرامبەر بە کوشتن، زیناکەرێك کە هاوسەرگیری کردبێت، و دەستبەرداری ئاینەکەی و جەماعەت بووبێت.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم چەند ئایەتە دەڵێت:

ئاماژە کراوە کە ئەم ئایەتانە دابەزین بۆ پێغەمبەر لەسەر هەندێك خەڵکی موشریك کە دەیانویست ببن بە موسڵمان، وە گوناهیان هەبوو، وە ترسان کە ئیسلام بوونیان سوودی نەبێت بە هۆی گوناهەکانی پێشوویانەوە، ئەوەبوو پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد، وە پێغەمبەر ئەو ئایەتانەی بۆ دابەزی کە دەڵێت، الله تۆبەیان قبووڵ دەکات.

وە لە صحیح مسلم و البخاری و النسائی، ڕیوایەتێك هاتووە کە ابن عباس گوتوویەتی:

خەڵکانێک لە موشریکەکان زۆر خەڵکیان کوشتبوو و زینایان کردبوو، هاتن بۆ لای پێغەمبەر و گوتیان ئەوەی تۆ دەیڵێیت و بانگیشەی بۆ دەکەیت شتێکی باشە، بەڵام ئایا لەوە خۆش دەبین کە کردوومانە؟ ئەوەبوو ئەو ئایەتانە دابەزین.

وە لە ئایەتی ٣٢ سوورەتی النجم ئاماژەمان کرد کە لە ئیسلامدا، هەموو شتێك لە نێوان ژن و پیاوی بێگانە ڕێگا پێدراوە، وە بە زینا دانانرێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە پۆپکەی چووکی پیاو لە نێوگەڵی ژندا دەچێتە ژوورەوە. ئەگینا ماچوموچ و دەستلیدان و لە باوەشگرتن و مژین بۆ یەکتر و لێخشان هەر هەموو ڕێگا پێدراوە.

وە ئیسلام بە دەقی قورئان  زینای حەڵاڵ کردووە، وەك متعة (گانگانۆکێی خۆشی)، وە ملك اليمين، (کە لە ڕاستیدا دەستدرێژی سێکسیە)، لە سوورەتی النساء قسەیان لەسەر دەکەین.

وە وەك لە صحيح البخاری و مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە کە ابن مسعود لە محمد صلعم، پرسیار دەکات کە لە دوای شرك چ گوناهێك گەورەیە؟ محمد لە وەڵامدا گوتوویەتی:

أنْ تُزَانِيَ بحَلِيلَةِ جَارِكَ

کە زینا بکەیت بە ژنی دراوسێکەت.

وە لە السلسلة الاحاديث الصحيحة للالبانی، ڕیوایەتێك هاتووە محمد گوتوویەتی:

أَنْ يَزْنِيَ الرَّجُلُ بِعَشْرِ نِسْوَةٍ أَيْسَرَ عَلَيْهِ مِنْ أَنْ يَزْنِيَ بِامْرَأَةِ جَارِهِ

لەسەر پیاو سووکترە ئەگەر زینا لەگەڵ ١٠ ژن بکات، لەوەی زینا لەگەڵ ژنی دراوسێکەی بکات.

پرسیار: بۆچی محمد گوتوویەتی ژنی دراوسێ و نەیگوتوە هەموو ژنێك؟

چونکە کاتێك محمد و یاوەرەکانی بۆ (غزو) کوشتوکوشتار دەڕۆیشتن، هەندێك پیاو کە نەدەچوون و لە مەدینە دەمانەوە، خەریکی ژنانی ئەو پیاوانە بوون کە لەگەڵ محمد بۆ غەزو دەڕۆیشتن.

له صحيح مسلم و صحيح ابن حبان، ڕیوایەتێك هاتووە سەبارەت بە بەردبارانی ماعز بن مالك كە زینای كردبوو لەگەڵ ژنێك، محمد توڕە دەبێت و لەسەر مینبەری مزگەوت دەڵێت:

أمَّا بعدُ ما بالُ أقوامٍ إذا غزَوْنا تخلَّف أحدُهم في عيالِنا له نَبيبٌ كنَبيبِ التَّيْسِ أمَا إنَّ عليَّ ألَّا أُوتَى بأحدٍ فعَل ذلك إلَّا نكَّلْتُ به

ئەو پیاوانە چیانە كە هەر كاتێك ئێمە بۆ غەزو دەڕۆین، لە ناو منداڵ و ژنەكانمان جێدەمێنن، ئینجا وەك تەگە لوورە لوور دەكات، سوێند بێت هەر یەكێك لەوانە بگرم ئەوا دەبێت سزای بدەم.

{له نَبيبٌ كنَبيبِ التَّيْسِ}، دەنگێكە كە تەگەی بزنە نێر(خرت یان كوور)بەدەوری مێیەكە دروستی دەكات كاتێك ئارەزووی لە جووتبوون.

وە محمد زۆر ترساوە كە  ئەم دیاردەیە ببێتە هۆی ئەوەی پیاوان بۆ غەزو جیهاد نەچن، وە لە ترسی ژنەكانیان بمێننەوە.

لەبەر ئەوە محمد صلعم، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی داوە كە داپۆشین بكات بۆ زینا، وە چەند تاكتیكێكی گرتۆتە بەر، لەوانە:

یەكەم: ئەو فەرموودەیەی سەرەوە: كە زیناكردن لەگەڵ دراوسێ گوناهێكی گەورەیە، وە زیناكردن لەگەڵ ١٠ ژن گوناهەكەی سووكترە لە زیناكردن لەگەڵ ژنی دراوسێ.

دووەم: فەرمانی بە پیاوەكانی  كردووە كە ئەگەر دوای ماوەیەك ون بوون گەڕانەوە، ئەوا یەكسەر مەچوونەوەماڵەوە.

له صحيح البخاری كتاب النكاح بابێك هاتووە بە ناوی:

لَا يَطْرُقْ أَهْلَهُ لَيْلًا إِذَا أَطَالَ الْغَيْبَةَ

نابێت بچێتەوە ماڵەوە بە شەو ئەگەر بۆ ماوەیەك لە ماڵەوە دوور كەوتیتەوە.

وە جابر بن عبدالله دەڵێت: كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَكْرَهُ أَنْ يَأْتِيَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ طُرُوقًا

پێغەمبەر بە ناپەسەندی دەزانی کە پیاو یەکسەر بگەڕێتەوە ماڵەوە ئەگەر بۆ ماوەیەك لە ماڵەوە دوورکەوتەوە.

وە لە صحیح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە جابر بن عبدالله دەڵێت:

نهَى نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَطْرُقَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ لَيْلًا

پێغەمبەر قەدەغەی کرد کە پیاو بە شەو بگەڕێتەوە ماڵەوە ئەگەر بۆ ماوەیەك دوورکەوتبۆوە.

ئاخۆ دەبێت هۆکار چی بێت؟

محمد ئاماژە بە دوو هۆکار دەکات:

هۆکاری یەکەم: بۆ ئەوەی ژنەکان بەریان بتاشن و قژیان دابهێنن.

لە صحیح البخاری و مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە جابر بن عبدالله دەڵێت:

كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي غَزْوَةٍ ، فَلَمَّا قَدِمْنَا ذَهَبْنَا لِنَدْخُلَ ، فَقَالَ : أَمْهِلُوا حَتَّى نَدْخُلَ لَيْلًا أَيْ عِشَاءً لِكَيْ تَمْتَشِطَ الشَّعِثَةُ وَتَسْتَحِدَّ الْمُغِيبَةُ

لە غەزوێك لەگەڵ پێغەمبەر بووین، کاتێك گەیشتینەوە مەدینە، ویستمان بچینە ماڵەوە، پێغەمبەر گوتی: بوەستن تاوەکو شەو دێت بۆ ئەوەی ژنەکانتان بەریان بتاشن و قژیان دابهێنن.

واتە محمد ویستویەتی هەواڵەکە لە مەدینە بڵاوبێتەوە کە لە غەزوەکە گەڕاونەتەوە، بۆ ئەوەی ژنەکان ئاگاداری خۆیان وەربگرن.

برایانی موسڵمان پێغەمبەری ناسکۆڵە و نازداری خەمی بەری ژنەکانتانی بووە، وە حەزی کردووە کە کاتێك لەگەڵیاندا جووت دەبن بەریان لوسووپووس بێت.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە هۆکار نەبووە. هۆکاری سەرەکی هۆکاری دووەم بووە: بۆ ئەوەی ژنەکانیان لەگەڵ پیاوانی تر نەگرن.

ابن حجر لە فتح الباری ڕیوایەتێکی ابن عباس و عبدالله بن عمری گێڕاوەتەوە کە گوتوویانە:

نهى رسول الله صلى الله عليه وسلم أن تطرق النساء ليلا ، فطرق رجلان كلاهما وجد مع امرأته رجلا

پێغەمبەری الله قەدەغەی کرد کە پیاوان، دوای ماوەیەك لە دوورکەوتنەوەیان، یەکسەر لە شەودا بگەڕێنەوە ماڵەوە، دوو پیاو گەڕانەوە ماڵەوە، هەردووکیان ژنەکانیان بینی لەگەڵ پیاودا.

لە المصنف للعبدالرزاق، ڕیوایەتێك هاتووە دەڵێت: کاتێك بە پیغەمبەریان گوت کە دوو پیاو ژنەکانیان لەگەڵ دوو پیاو گرتووە ، پێغەمبەر گوتی:

ئەی نەمگوت یەکسەر مەچوونەوە ماڵەوە.

واتە محمد زانیویەتی کە چی لە شارە پیرۆزەکەی لە ئارادابووە، وە داپۆشینی کردووە بۆ زینا.

ئینجا محمد تاکتیکێکی سێهەم بەکاردەهێنێت: کاتێك خۆی و سوپاکەی نزیك مەدینە دەکەونەوە، پیاوێك دەنێرێت بە ناو مەدینە هاوار بکات کە سوپاکە لەسەروبەندی گەیشتنەوەن بۆ مەدینە.

لە صحيح ابن خزيمة ڕیوایەتێك هاتووە عبدالله بن عمر دەڵێت:

قدم النبي صلى الله عليه وسلم من غزوة فقال : لا تطرقوا النساء وأرسل من يؤذن الناس أنهم قادمون

پیغەمبەر لە غەزوێك گەڕایەوە گوتی: نەکەن یەکسەر بگەڕێنەوە بۆ لای ژنەکانتان، وە کەسێکی نارد بۆ مەدینە بانگ بدات، کە محمد و سوپاکەی نزیکن بگەنەوە مەدینە.

# ئایەتی ٧٢

وَالَّذِينَ لا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا

دەڵێت:

وە ئەوانە بەندەی ڕەحمانن کە شایەتی ناڕاست نادەن، وە کاتیك بەلای چەنەبازی تێپەڕ بوون ئەوا بە ڕێزەوە تێپەڕ دەبن.

لەگەڵ ئەوەش کە مانای ئەو دەقە ڕوونە بەڵام شرۆڤەکاران ناکۆکیان هەیە، ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە مانای {وَالَّذِينَ لا يَشْهَدُونَ الزُّورَ) دەڵێت: هەشت وتەوت هەیە:

یەکەم: بت

دووەم: گۆرانی

سێهەم: شرك

چوارەم: یاری

پێنجەم:درۆ

شەشەم: شایەتی ناڕاست

حەوتەم: جەژنی موشریکەکان

هەشتەم: چەنەبازی

# ئایەتی ٧٣

وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا

دەڵێت:

وە ئەوانە بەندەی ڕەحمانن کە کاتێك ئاماژە بە نیشانەکانی خوداکەیان دەکرێت بە لاڵی و کوێری کڕنۆشی بۆ ناکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

وە ئەوانەی کە کاتێك کەسێك ئاماژە بە بەڵگەکانی اللە دەکات، ئەوا لاڵ و کوێر نابن بەڵکو دڵ بە ئاگان، وە بە ئەقڵ درك دەکەن، وە لەو شتانە تێدەگەن کە اللە بە بیریان دەهێنێتەوە.

گەر وابێت میللەتانی موسڵمانی غەیرە عەرەب زۆربەی کەڕ و لاڵن، چونکە عەرەبی نازانن و نازانن قورئانەکەیان چی دەڵێت.

# ئایەتی ٧٤

وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا

وە ئەوانە بەندەی ڕەحمانن کە دەڵێن خوداکەمان لە ژنەکانمان و منداڵەکانمان چاوڕوونیمان پێببەخشە، وە بمانکە بە پێشەوای خوداپەرستان.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله دەڵێت: وە ئەوانەی داوا لە الله دەکەن کە لە نیزاکانیان دەڵێن: خوداکەمان لە ژنەکانمان و منداڵەکانمان ئەوەمان پێببەخشە کە ببێتە چاوڕوونیمان بە شێوەیەك کە ببینین ملکەچی فەرمان و کارەکانت دەبن.

وە بۆ خوداپەرستان، ئەوانەی لە سەرپێچیکردنت و سزاکانت دەترسن، بمانکە بە پێشەوا.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەوانەی کە داوا لە الله دەکەن لە پشتیان وەچەیەك بێنە دونیاوە کە ملکەچی الله بن، وە تەنها الله بپەرستن و شرکی پێ نەکەن.

# ئایەتی ٧٥-٧٦

أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلامًا

خَالِدِينَ فِيهَا حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، هەموو ئەوانەی کە لە ١٠ ئایەتی پێشوو ئاماژەم پێیان کرد (ئایەتی ٦٤-٧٤):

ئەوانە ژوورێك لە بەهەشت وەك پاداشت بەدەست دەهێنن، بە هۆی ئەوەی خۆڕاگر بوون، وە لە بەهەشتدا خۆشهاتن و سڵاویان پێ دەگات.

وە بۆ هەمیشە لەم ژوورەدا دەمێننەوە، کە چاکترین مۆڵگە و پایەیە.

امام الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە {أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ- ئەوانە پاداشتیان ژوور دەبێت} دەڵێت، دوو تێڕوانین هەیە:

یەکەم: الضحاك دەڵێت، واتە ژوورێك لە بەهەشت.

دووەم: ابن شجرة (کوڕی درەخت) گوتوویەتی (الغرفة)، پلەیەکە لە پلەکانی بەهەشت و باشترینیانە، هەروەك چۆن لە خانوو ژووری سەرەوە باشترینە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە {أولئك يُجْزَوْنَ الغُرْفَةَ} دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی، واتە بەهەشت، وە یاوەرەکانی تر گوتوویانە {الغرفة}، هەموو بینایەکی بەرز و بڵندە، وە مەبەست لە {الغرفة}، ژووری بەهەشتە کە لە گەوهەر و یاقوت و مرواریە.

## ئایەتی ٧٧

قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا

دەڵێت:

ئەی محمد بڵێ خوداکەم بارتان ناکات، ئەگەر نیزاکانتان نەبێت، دەسا درۆتان کرد، ئەوە لەسەرتان دەبێت بە ماڵ.

هەڵبەتە ئیشی شرۆڤەکاران درۆ و پێنەوپەڕۆکردنی دەقەکانە. ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە{قل ما يَعْبَأُ بكم ربِّي} دەڵێت، سێ وتەوت هەیە:

یەکەم: ما یصنع بکم (ابن عباس) واتە خوداکەم دروستتان ناکات؟

دووەم: أيّ وزن یکون لکم عند، واتە هیچ بەها و کێشێکتان نییە لای خوداکەم.

سێهەم: ما یعبأ بعذابکم، واتە باکی بە ئەشکەنجەتان نییە.

یانی چۆن هیچ کێش و بەهایەکمان نییە؟ ئەی لە ئایەتی ٧٠ سوورەتی الاسراء نەیگوتوە:

وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ

سوێند بێت ڕێزمان گرتووە لە نەوەکانی ئادەم.

وە هەروەها ئەگەر کێش و بەهامان نەبێت ئەی بۆچی ١٢٤ هەزار پێغەمبەری بۆ هیدایەتمان ناردووە؟

وە ابن الجوزی سەبارەت بە {فقد كذَّبْتُم} دەڵێت: ئەو وتەیە ئاراستەی خەڵكی مەككە كراوە كاتێك نكوڵیان لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر كرد.

{فسوف يكون}، واتە بە هۆی نكوڵی كردنەكەتان {لِزَاماً}، واتە ئەشكەنجەتان مسۆگەرە.

كۆتایی سوورەتەكە.

# (٤٤)

# سوورەتی فاطر (دەستپێکەر)

**١-الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلائِكَةِ رُسُلا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاء إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**

سوپاس بۆ اللهی دەستپێکەر و داهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، کە فریشتەکانی کردووە بە نێردراوی خاوەن دوو جووت و سێ جووت و چوار جووت باڵ، لە دروستکاری زیاد دەکات هەر شتێك بیەوێت، لە ڕاستیدا الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دێت.

**٢-مَا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلا مُمْسِكَ لَهَا وَمَا يُمْسِكْ فَلا مُرْسِلَ لَهُ مِن بَعْدِهِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ**

هەر ڕەحمەتێك الله بۆ خەڵك بیکاتەوە، هیچ کەسێك ناتوانێت بیگرێتەوە، وە هەر شتێك خۆی بیگرێتەوە ئەوا هیچ کەسێك لە دوای ئەو ناتوانێت بەریبدات، وە هەر خۆی بەدەسەڵات و دانایە.

**٣-يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ**

ئەی خەڵکینە چاکەی الله کە بە ئێوەی بەخشیوە لە یاد بێت، ئایا جگە لە الله هیچ دروستکەرێك هەیە بژێویتان بدات لە ئاسمان و زەوی، هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، دەسا چۆن ناهەقی دەکەن؟

**٤-وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الأُمُورُ**

وە ئەگەر نکۆڵیت لێ بکەن ئەوا نکۆڵیان لە پێغەمبەرانی پێش تۆش کرد، وە بڕیارەکان بۆ الله دەگەڕێنەوە.

**٥-يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ**

ئەی خەڵکینە بەدڵنیاییەوە بەڵێنی الله ڕاستە، نەکەن ژیانی دونیا هەڵتان بخەڵەتێنێت، وە لە خۆباییبوونتان بە الله هەڵتان نەخەڵەتێنێت.

**٦-إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ**

لە ڕاستیدا شەیتان بۆ ئێوە دووژمنە، دە ئێوەش ببن بە دووژمنی، بە دڵنیاییەوە دارودەستەکەی بانگ دەکات بۆ ئەوەی ببن بە یاوەرانی دۆزەخ.

**٧-الَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ**

ئەوانەی کوفریان کرد ئەوا ئەشکەنجەیەکی ئازاربەخش بۆیان هەیە، وە ئەوانەی باوەڕیان هێنا و کاری چاکەیان کرد، لێبووردەیی و پاداشتێکی مەزن بۆیان هەیە.

**٨-أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء فَلا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ**

ئایا ئەوەی کارە خراپەکانی بۆ ڕازێندراوەتەوە، بە چاکی دەیبینێت؟ جا الله کەسانێك گومڕا دەکات کە هەر خۆی دەیەوێت، وە ڕێنمایی کەسانێك دەکات کە هەر خۆی دەیەوێت، ئینجا نەکەیت بە ئاخ و ناڵە بۆیان خۆت بفەوتێنیت، الله خۆی ئاگادارە بەوەی دەیکەن.

**٩-وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَلِكَ النُّشُورُ**

وە اللهیە کە باکانی ناردووە، هەورەکان کۆدەکاتەوە، ئینجا بردمان بۆ زێدێکی مردوو، وە زەویمان پێی بوژاندەوە لە دوای ئەوەی مردبوو، وە زیندووکردنەوەی مرۆڤ بەهەمان شێوە دەکەین.

**١٠-مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَكْرُ أُوْلَئِكَ هُوَ يَبُورُ**

ئەوەی سەرفرازی بوێت ئەوا الله سەرفرازی هەمووانی هەیە، بۆ ئەوە وتەی نایاب و کاری چاك سەردەکەوێت، وە ئەوانەی فرتووفێڵ بۆ کاری خراپە دەکەن، ئەوا ئەشکەنجەیەکی توند بۆیان هەیە، وە فرتووفێڵی ئەوانە پووچەڵە.

**١١-وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَى وَلا تَضَعُ إِلاَّ بِعِلْمِهِ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلاَّ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ**

وە اللە لە خۆڵ دروستیکردوون، ئینجا لە تۆواو، ئینجا ئێوەی کردووە بە نێرینە و مێینە، وە هیچ مێینەك دووگیان نابێت و سکەکەی دانانێت تەنها بە ئاگاداری ئەو نەبێت، وە هیچ بە تەمەنێك تەمەن درێژ ناکات و تەمەنی کورت نابێتەوە، مەگەرلە پەرتووکدا نەبێت، ئەم کارە لای اللە ئاسانە.

**١٢-وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**

وە دوو دەریاکە وەك یەك نین، ئەوە شیرین و سازگار خواردنەوەکەی خۆشە، وە ئەوە سوێر و تاڵە، وە لە هەردووکیان گۆشتی تازە دەخۆن، وە خشڵ دەردەهێنن کە لەبەریان دەکەن، وە کەشتی دەبینیت تیایدا ئاوەکە دەبڕێت، بۆ ئەوەی لە چاکەکانی فەراهەم بن، وە بەشکو سوپاسمان دەکەن.

**١٣-يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ**

وە شەو لە ڕۆژ دەبڕێت، وە ڕۆژ لە شەو دەبڕێت، وە خۆر و مانگی دەستەمۆ کردووە، هەر هەموویان بۆ کاتێکی دیاریکراو دەڕۆن، ئەوە اللەیە خوداکەتان، خاوەندارێتی بۆ ئەوە، وە ئەوانەی جگە لە اللە نیزایان بۆ دەکەن تەنانەت خاوەن پەردە تەنکەکەی دەورەی ناوکی خورماش نین.

**١٤-إِن تَدْعُوهُمْ لا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ**

کە نیزایان بۆ دەکەن گوێیان لە نیزاکانتان نابێت، وە ئەگەر گوێشیان لێبێت ئەوا وەڵامتان نادەنەوە، وە لە ڕۆژی قیامەت کوفربە شرکەکەتان دەکەن، وە ناتوانن شتانێکتان پێ ڕابگەیەنن وەك اللەی شارەزا.

**١٥-يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاء إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ**

ئەی خەڵکینە ئێوە لە چاو اللەدا هەژارن، وە الله هەر خۆی دەوڵەمەندە و بە پیاهەڵدان شایستەیە.

**١٦-إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ**

خۆ ئەگەر بیەوێت ئەوا لەناوتان دەبات و خەلقێکی نوێ دێنێت.

**١٧-وَمَا ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ**

وە ئەمە لای الله کارێکی سەخت نییە.

**١٨-وَلا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى إِنَّمَا تُنذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلاةَ وَمَن تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ**

وە هیچ کەسێك باری گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت، وە ئەگەر بارگرانێك هاوار لە کەسێك بکات بارەکەی هەڵبگرێ، ئەوا ناتوانێت هیچی هەڵبگرێت، تەنانەت ئەگەر کەسوکاری نزیکیشی بێت، لە ڕاستیدا ئاگاداری ئەو کەسانە دەکاتەوە کە بە نهێنی لە خوداکەیان دەترسن و نوێژ دەکەن، وە هەر کەسێك یادبکاتەوە ئەوا بۆ خۆی یاد دەکاتەوە، وە ئاکام گەڕانەوەیە بۆ لای الله.

**١٩-وَمَا يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ**

وە کوێر و چاوساغ وەك یەك نین.

**٢٠-وَلا الظُّلُمَاتُ وَلا النُّورُ**

وە نە تاریکایی و نە ڕووکی.

**٢١-وَلا الظِّلُّ وَلا الْحَرُورُ**

وە نە سێبەر و نە گەرمی.

**٢٢-وَمَا يَسْتَوِي الأَحْيَاء وَلا الأَمْوَاتُ إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَاء وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ**

وە نە زیندوو وە نە مردوو وەك یەك نین، اللە گوێی لە کەسێك دەبێت کە خۆی دەیەوێت، وە تۆ ناتوانیت وابکەیت کە ئەوانەی لە گۆڕەکانن بتبیستن.

**٢٣-إِنْ أَنتَ إِلاَّ نَذِيرٌ**

چونکە تۆ تەنها ئاگادارکەرەوەیت.

**٢٤-إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خَلا فِيهَا نَذِيرٌ**

لە ڕاستیدا ئێمە تۆمان بە هەق وەك مژدەدەرێك و ئاگادارکەرەوەیەك ناردووە، وە هیچ میللەتێك نەبووە کە ئاگادارکەورەوەی تێدا نەبووبێت.

**٢٥-وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ الْمُنِيرِ**

وە ئەگەر تۆ بەدرۆ دەخەنەوە ئەوا ئەوانەی پێش خۆشیان بە درۆ خستۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش پێغەمبەرانیان بۆ هات بە بەڵگەکان و زەبوور و بە پەرتووکە ڕوناککەرەوەکە.

**٢٦-ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ**

ئینجا ئەوانەم گرت کە کوفریان کرد، دەسا چۆن بوو زەبروزەنگم؟

**٢٧-أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ**

ئەی نابینیت کە اللە لە ئاسمان ئاوی دابەزاندووە، لە ڕێگایەوە بەرووبوومی ڕەنگ جیاوازمان دەرهێناوە، وە لە چیاکان زنجیرەی سپی و سوور و ڕەنگ جیاواز و ڕەشی تۆخ.

**٢٨-وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ**

وە لە خەڵك و ئاژەڵ و ماڵاتی ڕەنگ جیاواز، لە ناو بەندەکانی، لە ڕاستیدا زاناکانن کە لە اللە دەترسن، لە ڕاستیدا اللە بەزەبر و لێبووردەیە.

**٢٩-إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُوا الصَّلاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ**

ئەوانەی کە پەرتووکی الله دەخوێننەوە و نوێژ دەکەن و لەوەی وەك بژێوی پێمان داون بە نهێنی و بە ئاشکرا دەیبەخشن، ئەوانە ئاواتەخوازی سەروسەودایەکن کە هەرگیز لەبرەو نایەت.

**٣٠-لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ**

بۆ ئەوەی پابەندی پێدانی پاداشتیان بێت، وە لە چاکەی خۆی زیاتریشیان پێ دەدات، لە ڕاستیدا ئەو لێبووردە و سوپاسگوزارە.

**٣١-وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ**

وە ئەوەی وەك وەحی لە پەرتووك بە تۆمان دا، ئەوە هەقە، وە پشتڕاستکەرەوەی ئەوانەیە کە لە نێوان دەستەکانیەتی، الله بە بەندەکانی ئاگادار و چاودێرە.

**٣٢-ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ**

ئینجا پەرتووکەکەمان کرد بە میراتی ئەوانەی هەڵمانبژاردن لە بەندەکانمان، هەیانە خۆی ستەمی لە خۆی کردووە، هەیانە مام ناوەندییە، وە هەیانە دەستپێشخەرە بە(کارە) چاکەکان بە مۆڵەتی الله، کە ئەمیان ئەمەکیکی گەورەیە.

**٣٣-جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ**

دەچنە باخاتی عەدنەوە، تیایدا خۆیان بە بازنە لە زێڕ و مرواری دەڕازێیننەوە، وە پۆشاکەکەیان تیادا لە ئاوریشم دەبێت.

**٣٤-وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ**

وە دەڵێن سوپاس بۆ الله کە خەمۆکی تیایدا نەهێشتین، لە ڕاستیدا خوداکەمان لێبووردەیە و سوپاسگوزارە.

**٣٥-الَّذِي أَحَلَّنَا دَارَ الْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِ لا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ**

که به چاکەی خۆی ئێمەی لە ماڵی نیشەجێبوون دانا، که تیایدا نە ناخۆشی دەبینن، وە تیایدا نە ماندووبوون دەبینین.

**٣٦-وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لا يُقْضَى عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا وَلا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ**

وە ئەوانەی کافر بوون ئاگری دۆزەخ بۆیان هەیە، نە لەناویان دەبات بۆ ئەوەی بمرن، وە نە ئازارەکەی لەسەریاندا کەم دەکاتەوە، وە بەم شێوەیە سزای هەموو کافرێك دەدەین.

**٣٧-وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ**

بە زوورەزوور تیایدا هاوار دەکەن: خوداکەمان دەرمان بکە، کارێکی چاك دەکەین کە جیا بێت لەوەی دەمانکرد. (الله دەڵێت) ئەی تەمەنمان پێتان نەدا بۆ ئەوەی هەرکەسێك بیوستایە بیربکاتەوە ئەوا دەیکردەوە؟ وە ئاگادارکەرەوەتان بۆ هات، دە ئازار بچێژن، وە بۆ ستەمکاران هیچ پشتیوانیەك نییە.

**٣٨-إِنَّ اللَّهَ عَالِمُ غَيْبِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ**

الله زانایە بە نادیارەکانی ئاسمانەکان و زەوی، وە هەر خۆی ئاگادارە بەوەی لە سینەکانە.

**٣٩-هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلائِفَ فِي الأَرْضِ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلاَّ مَقْتًا وَلا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلاَّ خَسَارًا**

ئەوە کە ئێوەی کرد بە جێگرەوە لە زەویدا، ئینجا هەر کەسێك کوفر بکات ئەوا کوفرەکەی لەسەر خۆی دەکەوێت، وە کوفری کافرەکان لای خوداکەیان هیچ شتێك زیاد ناکات تەنها رق و تووڕەیی نەبێت، وە زیاد بوونی کوفری کافرەکان تەنها دۆڕانی بەدواوەیە.

**٤٠-قُلْ أَرَأَيْتُمْ شُرَكَاءَكُمُ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا فَهُمْ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّنْهُ بَلْ إِن يَعِدُ الظَّالِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلاَّ غُرُورًا**

بلّێ ئایا ئەو شریکانەتان بینیوە کە جگە لە الله نیزایان بۆ دەکەن، دەپێم نیشان بدەن چیان لە زەویدا دروست کردووە؟ وە یان شریکێکیان لە ئاسمانەکان هەیە؟ یان پەرتووکێکمان بۆ هاتووە، بەڵگەیە بەدەستیانەوە؟ بەڵام ستەمکاران هیچ بەڵێنێك بەیەك نادەن تەنها یەکتر خەڵەتاندن نەبێت.

**٤١-إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ أَن تَزُولا وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا**

لە ڕاستیدا الله ئاسمانەکان و زەوی دەگرێت بۆ ئەوەی نەکەون، خۆ ئەگەر بکەون ئەوا کێ هەیە لە دوای الله بیانگرێتەوە؟ لە ڕاستیدا الله نەرموونیان و لێبووردە بووە.

**٤٢-وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِن جَاءَهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَى مِنْ إِحْدَى الأُمَمِ فَلَمَّا جَاءَهُمْ نَذِيرٌ مَّا زَادَهُمْ إِلاَّ نُفُورًا**

وە بە ڕاستەیان سوێندیان بە الله خوارد کە ئەگەر ئاگادارکەرەوەیەکیان بۆ بێت ئەوا بە دڵنیاییەوە پتر لە هەموو میللەتانی تر ڕێگای هیدایەت دەگرنە بەر، بەڵام کاتێك ئاگادارکەرەوەیەکیان بۆ هات، زیاتر دوورکەوتنەوە.

**٤٣-اسْتِكْبَارًا فِي الأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلاَّ بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ سُنَّتَ الأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلا**

خۆبەزلزان و فرتووفێڵی خراپ لە خاکەکەدا، وە فرتووفێڵی خراپ تەنها بەسەر ئەو کەسانەدا دەشکێتەوە کە ئەنجامی دەدەن، ئایا چاوەڕێی هیچ ناکەن تەنها ڕێچکەی ئەوانەی پێشوو، دەسا نابینن کە ڕێچکەی الله بە شتێکی تر بگۆڕدرێت؟ وە نابینن کە ڕێچکەی الله بگۆڕێت؟

**٤٤-أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِن شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلا فِي الأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا**

ئەی لە زەویدا نەڕۆیشتوون بۆ ئەوەی ببینن کە ئاکامی ئەو میللەتانەی پێشیان چۆن بوو؟ وە لەوانیش بەهێزتر بوون، وە هیچ شتێك الله دەستەوستان ناکات نە لەوانەی لە ئاسمانەکانن وە نە لەوانەی لە زەویدان، هەر ئەو زانایە و بە توانایە.

**٤٥-وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا مَا تَرَكَ عَلَى ظَهْرِهَا مِن دَابَّةٍ وَلَكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيرًا**

خۆ ئەگەر الله خەڵکی بە هۆی ئەو (گوناهانەی) بەدەستیان هێناوە بگرتایە، ئەوا زیندەوەرێك لەسەر پشتی زەوی نەدەما، بەڵام (الله) تۆڵەکەی دواخستووە بۆ کاتێکی دیاریکراو، جا هەر کاتێك ئەو ماوەیە گەیشت، جا لە ڕاستیدا الله بە بەندەکانی چاودێرە.

## شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١

الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

ئەم ئایەتە لە چەند بڕگەیەك پێك هاتووە:

یەکەم: سوپاس بۆ الله، دەستپێکەر و داهێنەری ئاسمانەکان و زەوی.

دووەم: فریشتەکانی کردووە بە پەیامنێر کە خاوەن دوو جووت و سێ جووت و چوار جووت باڵن.

سێهەم: وە لە دروستکراوەکانی زیاد دەکات ئەوەی الله هەر خۆی دەیەوێت.

چوارەم: الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە وشەی {فَاطِرِ} دەڵێن ابن عباس گوتوویەتی:

كُنْتُ لَا أَدْرِي مَا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ حَتَّى أَتَانِي أَعْرَابِيَّانِ يَخْتَصِمَانِ فِي بِئْرٍ ، فَقَالَ أَحَدُهُمَا : أَنَا فَطَرْتُهَا ، أَيْ أَنَا ابْتَدَأْتُهَا .

وَالْفَطْرُ حَلْبُ النَّاقَةِ بِالسَّبَّابَةِ وَالْإِبْهَامِ

نەمدەزانی {فاطر}ی ئاسمانەکان و زەوی چییە، تاوەکو دوو پیاوی کۆچەر ململانێیان بوو سەبارەت بە بیرێك، دانەیەکیان گوتی: من ئەو بیرەم (فطر) کردووە، واتە من دەستم  بە هەڵکۆڵینی کردووە.

{الفطر} دۆشینی وشترە مێینەیە بە پەنجەی گەورە و پەنجەی شایەتومانی.

وە القرطبی دەڵێت:

{فَاطِرٌ} وَتَفَطَّرَ الشَّيْءُ تَشَقَّقَ . وَسَيْفٌ فُطَارٌ ، أَيْ فِيهِ تَشَقُّقٌ

{فاطر} فاطرکردنی شتێك واتە دوولەتکردنی. شمشێرێکی فاطر واتە بەهۆیەوە دوولەت دەکەیت.

کەواتە {فاطر} ماناکەی دەبیتە، دەستپێکەر و دوولەتکەر.

کەواتە بڕگەی ژمارە یەك دەڵێت:

سوپاس بۆ الله کە دەستپێکەر و دوولەتکەری ئاسمانەکان و زەوییە.

دوولەتکەر وەك ئایەتی ٣٠ سوورەتی الانبیاء دەڵێت:

أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا

ئەی بێباوەڕان نەیانبینیووە کە ئاسمانەکان و زەوی بەیەکەوە نووسابوون، وە لێکمان جیاکردنەوە.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە شرۆڤەی ئەم دەقە دەڵێت:

سوپاسی تەواو بۆ ئەو پەرستراوەی کە هیچ شتێك شایستە نیە بە پەرستن تەنها خۆی نەبێت، وە ناکرێت کە هیچ شتێك جگە لە خۆی دروستکەری حەوت ئاسمانەکە و زەوی بێت.

سەبارەت بە شرۆڤەی بڕگەی دووەم {جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ}

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

واتە فریشتەکانی کردووە بە پەیامنێر لە نێوان خۆی-الله- و پێغەمبەرەکانی.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

فریشتەکانی کردووە بە پەیامنێر بۆ لای هەر بەندەیەك کە الله هەر خۆی دەیەوێت، وە هەر شتێك کە خۆی دەیەوێت لە فەرمان و نەهی.

سەبارەت بەم بڕگەیە{أُولِي أَجْنِحَةٍ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ}، شرۆڤەکاران کۆکن لەسەر مانای ئەم دەقە و دەڵێن، واتە:

فریشتەکان خاوەن دوو و سێ و چوار باڵن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

فریشتەکان خاوەن باڵن، کە بە هۆیەوە بە خێرایی دەفڕن بۆ ئەو شوێنەی بۆی بچن، کە فەرمانیان پێکراوە .

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الطبری لە جامع البیان دەڵێن:

(مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ) واتە: فریشتە هەیە دوو باڵی هەیە، وە هەیە سێ باڵی هەیە، وە هەیە چوار باڵی هەیە.

کەواتە باڵی فریشتەکان بۆ فڕینە.

پرسیار ئەوەیە: ئایا هیچ مەخلوقاتێك دەتوانێت بە ٣ باڵ لەنگەر بگرێت و بفڕێت؟ باڵێك لە لایەك و دوو باڵ لە لاکەی تریەوە؟

الزمخشری لە الکشاف وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە و دەڵێت:

بنەما دوو باڵە، چونکە وەك دوو دەستن، ئینجا باڵی سێهەم و چوارەم زیادەن، چونکە هێزی فڕینیان زیاد دەکات. وە ئەگەر لێم بپرسیت پێوەر ئەوەیە کە باڵەکان دەبێت وەك یەك بن لە هەردووك لاوە، کەواتە شێوەی باڵی سێهەم چۆنە؟ ئەوا دەڵێم: ڕەنگ بێت باڵی سێهەم لە ناوەڕاستی پشتی بێت لە نێوان دوو باڵەکەی تر کە هێزی زیاتری پێ دەدات.

هەموو شرۆڤەکاران لە مانای ڕاستەقینەی ( مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ) ڕادەکەن.

لە زمانی عەرەبی (اثنان و ثلاثة و اربعة) بە مانای دوو و سێ و چوار دێت.

بەڵام {مَثْنَىٰ} بە مانای دوو دوو- دوو جووت- و {ثُلَاثَ} واتە سێ سێ- سێ جووت- و {رُبَاعَ} واتە چوار چوار-چوار جووت- دێت.

وە هەموو فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی هاوڕان کە (مَثْنَىٰ وَثُلاثَ وَرُبَاعَ)بە مانای دوو جووت و سێ جووت و چوار جووت دێن.

پرسیار ئەوەیە: بۆچی شرۆڤەکاران لە مانای ڕاستەقینەی ئەم دەقە ڕایان کردووە؟

لەبەر ئایەتی ٣ سوورەتی النساء کە دەڵێت:

فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ

دەبگێن (هاوسەرگیری) هەرچەندێك لە ژنان بۆتان لوا دوو جووت و سێ جووت و چوار جووت.

واتە قورئان ڕێگای داوە کە پیاوان چوار ژن و شەش ژن و ٨ ژنیان هەبێت.

هەرلەبەر ئەوە کاتێك دەگەڕێیتەوە بۆ سەردەمی یاوەرەکان دەبینیت کە زۆربەیان لە هەمان کاتدا لە چوار ژن زیاتریان هەبووە.

برگەی سێهەمی ئایەتەکە دەڵێت:

يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ

ناکۆکی هەیە سەبارەت بە شرۆڤە و مانای ئەم دەقە. امام الماوردی لە النکت و العیون دەڵێت، پێنج وتەوت هەیە:

یەکەم: دەنگی خۆش

دووەم: قژی لوول

سێهەم: لە باڵی فریشتەکان زیاد دەکات.

چوارەم: ئەقڵ و جیاکاری.

پێنجەم: زانست و پیشە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، پێنج وتەوت هەیە:

یەکەم: لە باڵی فریشتەکان زیاد دەکات.

دووەم: جوانی و قەشەنگی بە مەخلوقاتەکانی دەدات.

سێهەم: دەنگخۆشیی.

چوارەم: چاوجوانی.

پێنجەم: باڵی بۆ فریشتەکان زیاد کردووە.

الزمخشری لە الکشاف دەڵێت:

ئەم ئایەتە ڕەهایە باسی هەموو زیادەیەك دەکات لە پێکهاتەی مخلوقات، لە درێژی باڵا و ڕێکی سیما و تەواوی ئەندامەکان و هێزی بازوو و توانایی ئەقڵ و تیژی بیروورِا و بوێری دڵ و لێبووردەیی ناخ و زمان شیرینی و ڕەوانی لە ئاخاوتن، هتد،،

بەڵام هەندێك فریشتەی تایبەت هەن کە لە ٣ باڵ زیاتریان هەیە. لە صحیح مسلم هاتووە کە ابن مسعود گوتوویەتی :

أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأَى جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَامُ لَهُ سِتُّمِائَةِ جَنَاحٍ

پێغەمبەر جبرایلی بینی، کە ٦٠٠ باڵی هەبوو.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الزمخشری لە الکشاف، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك کردووە، کە جبرایل بە محمدی گوتووە:

يَا مُحَمَّدُ ، لَوْ رَأَيْتَ إِسْرَافِيلَ إِنَّ لَهُ لَاثْنَيْ عَشَرَ أَلْفَ جَنَاحٍ مِنْهَا جَنَاحٌ بِالْمَشْرِقِ وَجَنَاحٌ بِالْمَغْرِبِ وَإِنَّ الْعَرْشَ لَعَلَى كَاهِلِهِ

ئەی محمد، ئەگەر ئیسرافیل ببینیت کە ١٢ هەزار باڵی هەیە، باڵی هەیە لە خۆرهەڵاتە و باڵی هەیە لە خۆرئاوایە، وە عرشی اللە لەسەر شانیەتی.

## ئایەتی ٢

مَا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلا مُمْسِكَ لَهَا وَمَا يُمْسِكْ فَلا مُرْسِلَ لَهُ مِن بَعْدِهِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

دەڵێت:

هەر ڕەحمەتێك كە الله بۆ خەڵك دەیكاتەوە ئەوا هیچ كەسێك ناتوانێت بیگرێت (دایبخات)، وە ئەوەی الله دەیگرێت (دایدەخات) ئەوا هیچ كەسێك، لە دوای الله ناتوانێت بەریبدات (بیكاتەوە)، وە هەر خۆی بە دەسەڵات و دانایە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

كردنەوەی دەرگاكانی چاكە و داخستنیان، هەر هەمووی بە دەستی خۆیەتی، هەر دەرگایەكی چاكە كە الله بەسەر خەڵكدا دەیكاتەوە، ئەوا هیچ كەسێك ناتوانێت دایبخات، چونكە ئەوە فەرمانی خۆیەتی، وە هیچ كەسێك ناتوانێت دژ بە فەرمانەكەی بوەستێت، وە هەروەها هەر دەرگایەكی چاكە بەسەر خەڵك دابخات، ئەوا هیچ كەسێك ناتوانێت بیكاتەوە، چونكە هەموو شتەكان بەدەست خۆیەتی.

(وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) دەڵێت: وە بە دەسەڵاتە لە زەبروزەنگەكەی بەرامبەر بە كەسێك كە دەیەوێت تۆڵەی لێ بكاتەوە بە لێگرتنەوەی ڕحمەت و چاكە، وە (حكیم)ە لە هەڵسوڕاندنی مەخلوقاتەكانی و كردنەوەی دەرگای ڕەحمەت لێیان، ئەگەر ئەم كردنەوەیە هۆكاری چاكبوونیان بێت، وە لێیان دەگرێتەوە ئەگەر لە گرتنەوەكەی حیكمەتێك هەبێت.

لە صحیح البخاری و مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە كە محمد لە نیزاكانی گوتوویەتی:

اللَّهُمَّ لا مَانِعَ لِما أعْطَيْتَ، ولَا مُعْطِيَ لِما مَنَعْتَ

الله هیچ كەسێك ناتوانێت ڕێگا بگرێت لەوەی تۆ دەیدەیت، وە هیچ كەسێك ناتوانێت شتێك بدات كە تۆ ڕێگری لێ دەكەیت.

وە لە صحیح الترمذي و صحیح الجامع، ڕیوایەتێك هاتووە محمد گوتوویەتی:

واعلَم أنَّ الأمَّةَ لو اجتَمعت علَى أن ينفَعوكَ بشَيءٍ لم يَنفعوكَ إلَّا بشيءٍ قد كتبَهُ اللَّهُ لَكَ ، وإن اجتَمَعوا على أن يضرُّوكَ بشَيءٍ لم يَضرُّوكَ إلَّا بشيءٍ قد كتبَهُ اللَّهُ عليكَ ، رُفِعَتِ الأقلامُ وجفَّتِ الصُّحفُ

ئەگەر هاتوو هەموو میللەت كۆبێتەوە بۆ ئەوەی بە شتێك سوودت پێبگەیەنن ئەوا ناتوانن، مەگەر شتێك بێت كە الله بۆتی نوسیبێت، وە ئەگەر كۆببنەوە و بیانەوێت زیانت بە شتێك پێبگەیەنن ئەوا ناتوانن مەگەر الله لەسەرتی نوسیبێت، چونكە پێنووس هەڵگیراوە و لاپەڕەكان وشك بوون.

مەبەست لە پێنووس، ئەو پێنووسەیە کە الله بەر لە دروستکردنی گەردوون فەرمانی پێی کرد، کە لە تابلۆی پارێزراو، هەرچی بووە و هەرچی دەبێت تاوەکو ڕۆژی قیامەت بنووسێت.

وە مەبەست لە لاپەڕە: ئەو تابلۆیەیە کە پێنووسەکە لەسەریدا چارەنووسی هەموو شتێکی نووسی.

## ئایەتی ٣

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ

ئەم ئایەتە لە ٣ بڕگە پێك هاتووە:

یەکەم: ئەی خەڵکینە، ئەو چاکەیەتان لە یاد بێت کە الله بە ئێوەی داوە.

لە بڕگەی دووەم پێمان دەڵێت کامە چاکە.

دووەم: ئایا هیچ دروستکەرێك جگە لە الله هەیە کە لە ئاسمان و زەوی بژێویتان بدات؟

سێهەم: هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو- الله- نەبێت، دەسا چۆن ناهەق دەکەن.

چەند تێبینیەك سەبارەت بەم ئایەتە:

یەکەم: {نِعْمَتَ}، بەم شێوەیە نووسینی لە زمانی عەرەبیدا هەڵەیە، وە دەبێت بنوەسرێت {نِعْمَة}

بۆ نمونە لە ئایەتی ٧ سوورەتی المائدة و ٦ سوورەتی ابراهیم بە ڕاستی نووسراوە:

وَاذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ

وە هەڵەی لەم چەشنە زۆرە لە قورئاندا وەك وشەی (صلاة) نووسراوە (صلوت)، وشەی (زكاة) نووسراوە (زكوت)، وشەی (رحمة) نووسراوە (رحمت)، هتد،،،

هۆکارەکەی چییە؟ چونکە ئەو قورئانەی کە ابوبکر و عمر کۆیان کردەوە و نووسیانەوە، بە پیتەکانی ئارامی-سریانی نووسرابۆوە، بەڵام عثمان دەستکاری قورئانی

کرد بۆ ئەوەی بیکات بە عەرەبی، ئیتر لە بیریان کردووە هەندێك وشە، لە چەشنی ئەو وشانەی ئاماژەم پێیان کرد بکەن بە عەرەبی.

دووەم: اللە دەڵێت، ئەو نیعمەتەی منتان لە یاد بێت کە لە ئاسمان و زەوی بژێویم بە ئێوە داوە.

پرسیار: ئەی ئەو سەدەها ملیۆن مرۆڤەی کە ڕۆژانە نانیان نییە بخۆن و ژیانێکی مەرگەسات دەژین؟ ئایا ئەوانیش نیعمەتی تۆیان لە یاد بێت؟ وە کامە نیعمەت؟ نیعمەتی برسیەتی؟

سێهەم: دواتر من چۆن دڵنیابم کە خالق هەیە یان نییە؟ وە ئەگەر گریمان هەیە، چۆن دڵنیابم کە یەك دانەیە و زیاتر نییە لە یەك دانە؟

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە (فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ) دەڵێت:

واتە، چۆن ڕووی خۆتان لە دروستکەر و بژێودەرەکەتان کە سوود و زیانی بەدەستە وەردەگێڕن.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت:

لە کوێوە نکۆڵی کردنتان بە یەکتایی اللە هێناوە؟

کارەساتە خودا بە بەندەکانی بپارێتەوە و بڵێت دە توخوا بمپەسرتن.

## ئایەتی ٤

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ

دەڵێت:

ئەی محمد، ئەگەر تۆیان بەدرۆ خستۆتەوە، ئەوا پێغەمبەرانی پێش تۆشیان بە درۆ خستۆتەوە، وە بڕیار و کاروبارەکان بۆ لای اللە دەگەڕێنەوە.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت:

وە ئەی محمد، کە بێباوەڕەکانی قورەیش تۆ بەدرۆ دەخەنەوە ، ئەوا پێغەمبەرانی پێش تۆشیان بە درۆ خستۆتەوە.

الله لەم دەقەدا دڵی پێغەمبەرەکەی دەداتەوە و نموونەی پێغەمبەرانی پێشووی بۆ دەهێنێتەوە کە وەك ئەوان خۆڕاگر بێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله بە پێغەمبەرەکەی محمد دەڵێت: وە ئەی محمد ئەگەر ئەو موشریکانەی قەومەکەت بەدرۆت دەخەنەوە، ئەوا پەست و غەمگین مەبە و بەلاتەوە شتێکی گەورە نەبێت، چونکە کافری میللەتانی تری پێشووش  ئەو پێغەمبەرانەیان بە درۆ خستۆتەوە کە پێش تۆ ناردوومانن.

(وَإِلَى اللَّهِ تُرْجعُ الأمُورُ)، الله دەڵێت: وە بۆ الله دەگەڕێتەوە جڵەوی کارەکانی تۆ و جڵەوی کاری موشریکەکان.

قتادة گوتوویەتی، لەم دەقەدا (وَإِنْ يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ)، الله دڵنەوایی پێغەمبەرەکەی دەداتەوە هەروەك دەبینن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە (وَإِلَى اللَّهِ تُرْجعُ الأمُورُ) دەڵێت: واتە سزایان دەدەین بە بەردەسترین سزا.

## ئایەتی ٥-٦

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ

إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ

دەڵێت:

ئەی خەڵکینە، بەدڵنیاییەوە بەڵێنی الله ڕاستە، نەکەن ژیانی دونیا هەڵتان بخەڵەتێنێت، وە لە خۆباییبوونتان بە الله هەڵتان نەخەڵەتێنێت.

لە ڕاستیدا شەیتان بۆ ئێوە دووژمنە، دە ئێوەش ببن بە دووژمنی، بە دڵنیاییەوە دارودەستەکەی بانگ دەکات بۆ ئەوەی ببن بە یاوەرانی دۆزەخ.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{يٰأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ- ئەی خەڵكینە بەڵێنی الله ڕاستە}، واتە زیندووبوونەوە و ڕۆژی قیامەت {حَقٌّ فَلاَ تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا – ژیانی دونیا هەڵتان نەخەڵەتێنێت}، لە باوەڕهێنان بە ڕۆژی قیامەت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(وَلا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ) دەڵێت: شەیتان فرتووفێڵتان لێ نەکات سەبارەت بە الله، هیوایەکتان پێ بدات، وە بەڵێنێکی درۆزنانەتان سەبارەت بە الله پێ بدات، وە واتان لێبکات پێداگر بن لەسەر کوفر بە الله.

ابن عباس، سەبارەت بە (وَلا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ)،دەڵێت، واتە شەیتان.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(ولا يغرنكم بالله الغرور)، ابن عباس گوتوویەتی، واتە شەیتان.

واتە شەیتان بە بەڵاتان نەبات و بەدوورتان بخاتەوە لەوەی شوێن پێغەمبەرانی الله بکەون و بڕوا بە پەیامەکەی بهێنن. وە {غرار}، واتە درۆ و قسەی ناهەق.

ابن کثیر دەڵێت، ئەم ئایەتە بە هەمان شێوە لە ئایەتی ٣٣ سوورەتی لقمان دووبارە بۆتەوە.

ئەم دەقە لە ڕووی داڕشتنەوە ناتەواوە :

وَلا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ

چونکە ماناکەی دەبێت بە: فریووتان نەدات بە الله فریووکارێك

واتە: فریوکارێك فریووتان نەدات بە الله

واتە الله فریوکارە. لەبەر ئەوە دەبێت دەقەکە بەم شێوەیە بێت:

وَلا يَغُرَّنَّكُمْ الشيطان بغَرُور

واتە: شەیتان بە فریوودانێك فریووتان نەدات.

وە بەڵگە بۆ ئەمە، ئایەتی دواترە (ئایەتی ٦) کە دەڵێت: لە ڕاستیدا شەیتان دووژمنتانە، دە ئێوەش بیکەن بە دووژمنی خۆتان.

هەرچەندە من جیاوازیەك نابینم، چونکە الله و شەیتان مەنجەڵ و سەرمەنجەڵن.

ابن کثیر له تفسیر القران العظیم سەبارەت بە ئایەتی ٦ دەڵێت:

(إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا)، واتە: شەیتان دووژمنتانە، دە ئێوەش زۆر بە سەختی و توندی دژایەتی بکەن، وە پێچەوانەی بکەن و بە درۆی بخەنەوە بەوەی کە فریووتان دەدات. (إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ)، واتە: بە دڵنیاییەوە دەیەوێت گومڕاتان بکات، تاوەکو لەگەڵیدا دەچنە دۆزەخەوە، وە ئەوەیە دووژمنی ئاشکرا. داوا لە اللهی بەهێز و دەسەڵات دەکەین کە بمانکات بە دووژمنی شەیتان، وە بمانکات بە شوێنهەڵگری پەرتووکەی و پابەند بوون بە ڕێگای پێغەمبەرەکەی، هەر خۆی بە سەر ئەو شتەی کە دەیەوێت توانایی هەیە، وە ئەوە وەك ئەم ئایەتە وایە (ئایەتی ٥٠ سوورەتی الکهف)، کە دەڵێت، (وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلائِكَةِ اسْجُدُوا لآدَمَ فَسَجَدُوا إِلاَّ إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاء مِن دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلا)، واتە: وە کە بە فریشتەکانمان گوت، کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، ئەوەبوو کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت کە لە جنۆکەکان بوو، وە سەرپێچی فەرمانی خوداکەی کرد، دەسا ئێوە جگە لە من، ئیبلیس و وەچەکانی دەکەن بە پشتیوانی خۆتان؟ لە کاتێکدا کە دووژمنی ئێوەن. ئای کە چ جێگرەوەیەکی خراپە بۆ ستەمکاران.

ئینجا ابن کثیر دەڵێت: هەندێك لە زانایان گوتوویانە لەم ئایەتەدا الله بە شێوەیەکی نەرم و نیان لۆمەی مرۆڤ دەکات، وەك ئەوەی بڵێت: من دژایەتی ئیبلیسم کرد لە پێناو ئادەمی باوکتان و ئێوەدا، کەچێ ئێوە دەستبەرداری من بوون و بە دوای ئیبلیس کەوتوون.

ئێ بۆ واتکرد بۆ؟ ئێ بۆ واتکرد بۆ؟ بۆ دووژمنت بۆ خۆت دروست کرد هەی خوای گەورە؟

## ئایەتی ٧

الَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ

دەڵێت:

ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا ئەشکەنجەیەکی توندیان دەبێت، وە ئەوانەی باوەڕیان هێنا و کاری چاکیان کرد، لێبووردەیی و پاداشتێکی گەورەیان دەبێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله دەڵێت: ئەوانەی باوەڕیان نەهێنا بە الله و پێغەمبەرەکەی، لە لایەن اللهوە ئەشکەنجەی دۆزەخ و ئاگر دەدرێن. بەڵام ئەوانەی باوەڕیان بە الله و پێغەمبەرەکەی هێنا و ئەو کارانەیان کرد کە الله فەرمانی پێیان کردووە بیکەن و دەستبەرداری ئەو کارانە بوون کە الله نەهی لێیان کردووە، الله لە گوناهەکانیان خۆش دەبێت و پاداشتیان بەهەشت دەبێت.

## ئایەتی ٨

أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء فَلا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ

ئەم ئایەتە لە چوار برگە پێك هاتووە:

یەکەم: ئایا ئەوەی کارە خراپەکانی بۆ ڕازێندراوەتەوە و بە جوانی دەیبینێت؟

دووەم: بە دڵنیاییەوە الله کەسانێك گومڕا دەکات کە خۆی -الله- دەیەوێت، وە کەسانێك ڕینمایی دەکات کە خۆی -الله- دەیەوێت.

سێهەم: ئەی محمد، بە خەفەتخواردن لێیان، نەکەیت خۆت بکوژیت.

چوارەم: بە دڵنیاییەوە الله ئاگادارە بەو شتانەی بێباوەڕەکان دەیکەن.

سەبارەت بە برگەی یەکەم {أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا}:

لەم برگەیەدا اللهی عەرەب و ئیسلام، پرسیارێکی گریمانە دەکات و دەڵێت:" ئایا ئەوەی کارە خراپەکانی بۆ ڕازێندراوەتەوە و بە جوانی دەیبینێت" وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئایەتەکەدا بوونی نییە. مەگەر دەستکاری ئایەتەکە بکەیت بەم شێوەیە:

فَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ أفَرَآهُ حَسَنًا

واتە: ئەوەی کارە خراپەکانی بۆ ڕازێندراوەتەوە، ئایا بە جوانی دەیبینێت؟

ابن الجوزی لە زاد المسیر پرسیارێك دەکات؟ دەڵێت:

ئەگەر پرسیار کرا، کوا وەڵامی پرسیارەکە؟ {أفَمَنْ زُيِّن لە- ئایا ئەوەی بۆ ڕازێندراوەتەوە}، ئەوا دەڵێین، وەڵامەکەی لە دوو ڕووەوەیە، کە الزجاج ئاماژەی پێکردووە:

یەکەم: وەڵامەکەی سڕدراوەتەوە، وە ماناکەی: ئایا ئەوەی کارە خراپەکانی بۆ ڕازێندراوەتەوە، وەك کەسێك وایە کە الله ڕێنمایی کردووە؟

دووەم: ماناکەی: ئایا ئەوەی کارە خراپەکانی بۆ ڕازێندراوەتەوە، ئەوا الله گومڕای کردووە، وە تۆ ئەی محمد بە خەفەتخواردن لێیان خەریکە خۆت بکوژیت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئایا ئەوەی شەیتان کارە خراپەکانی لە کوفرکردن بە الله و سەرپێچی کردنی، وە لە پەرستنی خوداوەند و بتەکان باش کردووە، ئەوا بە جوانی دەیانبینێت؟ پێی وایە کە خراپ باشە، وە پێی وایە خراپەکانی جوانن، بە هۆی ئەوەی شەیتان ئەو کارە خراپانەی بۆ ڕازاندۆتەوە.

سەبارەت بە بڕگەی دووەمی ئایەتەکە، {فإنَّ اللّهَ يُضِلُّ مَنْ يَشاءُ ويَهْدِي مَنْ يَشاءُ}، الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله کەسانێک ڕیسوا و گومڕا دەکات بۆ ئەوەی ڕیگای حەق نەدۆزنەوە و بڕوا بە پێغەمبەرایەتی محمد نەکەن، وە کەسانێك،ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگای ڕاست و باوەڕهێنان بە پێغەمبەرەکەی کە هەر خۆی دەیەوێت ڕێنماییان بکات.

لە صحیح الترمذی (للالبانی) ڕیوایەتێکی محمد صلعم هاتووە گوتوویەتی:

إنَّ اللَّهَ عزَّ وجلَّ خلقَ خلقَهُ في ظُلمةٍ ، فألقى علَيهم من نورِهِ ، فمَن أصابَهُ من ذلِكَ النُّورِ اهتدى ، ومن أخطأَهُ ضلَّ

الله مەخلوقاتەکانی لە تاریکاییەکدا دروستکرد، ئینجا ڕووناکی خستە سەریان، هەر کەسێك ئەو ڕووناکیەی بەرکەوتبێت ئەوا هیدایەت کراوە، وە هەر کەسێك بەری نەکەوتبێت ئەوا گومڕا کراوە.

سەبارەت بە بڕگەی سێهەمی ئایەتەکە {فَلا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَراتٍ} الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد، بە خەفەت خۆت تیانەبەیت بە هۆی گومڕایی و باوەڕ نەهێنانیان بە الله و نكۆڵیان لە تۆ.

القرطبی لە الجامع الاحكام القران دەڵێت:

الله نەهی لە پێغەمبەرەكەی كردووە كە زۆر خەفەت بخوات و دڵتەنگ بێت، لەوانەی كە باوەڕ ناهێنن، هەروەك الله لە ئایەتی ٦ سوورەتی الكهف دەڵێت، {فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَىٰ آثَارِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا- ئەی محمد خەریكە خۆت لەناوببەیت بە هۆی ئەوەی باوەڕ ناهێنن}.

وە نەك تەنها محمد، ئاخ و ناڵە و حەسرەتی كردووە بە هۆی ئەوەی باوەڕیان پێ نەهێناوە، بەڵكو اللهی عەرەب و ئیسلامیش ئاخ و ناڵە و حەسرەتی كردووە، وەك لە ئایەتی ٣٠ سوورەتی یس هاتووە دەڵێت:

يَا حَسْرَةً عَلَى الْعِبَادِ

ئاخ و ناڵە لە دەست بەندەكانم.

بڕگەی چوارەمی ئەم ئایەتە دەڵێت {إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ}

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد، الله ئاگادارە سەبارەت بەوەی ئەو بێباوەڕانە دەیكەن، كە شەیتان كارە خراپەكانیانی بۆ ڕازاندۆتەوە، وە الله سزایان دەدات.

# ئایەتی ٩

وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَلِكَ النُّشُورُ

ئەم ئایەتە لە دوو بڕگە پێك هاتووە:

یەكەم: وە اللهیە كە بایەكان دەنێرێت و هەورەكان دەورووژێنێت، ئینجا هەورەكانمان ڕاپێچكرد بۆ زێدێكی مردوو، وە خاكەكەمان پێی زیندوو كردەوە، دوای ئەوەی مردبوو.

دووەم: بە هەمان شێوە مردووەكان زیندوو دەكەینەوە.

یەکەم بڕگە چەند کێشەیەکی تێدایە:

١-{اللە} وەك کەسی سێهەمە لەم بڕگەیە {وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا}، واتە: وە اللّٰەیە کە بایەکان دەنێرێت و هەورەکان دەورووژێنێت.

٢-{فَسُقْنَاهُ}، واتە {ئێمە هەورەکانمان ڕاپێچکرد}، واتە اللە لە کەسی سێهەم دەبێت بە قسەکەر و کەسی یەکەم.

٣-{فَأَحْيَيْنَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا}، واتە ئێمە خاکێکمان پێی زیندوو کردەوە دوای ئەوەی مردبوو. واتە اللە کە کەسی سێهەم بوو لە بڕگەی یەکەم، لەم بڕگەیەدا دەبێت بە کەسی یەکەم و قسەکەر.

لەبەر ئەوە ئایەتەکە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

وَ إِنَّا نَحْنُ أَرْسَلنَا الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا

واتە: وە لە ڕاستیدا ئێمە بایەکانمان نارد و هەورەکان دەورووژێنێت، ئینجا ڕاپێچمان کردن بۆ زێدێکی مردوو و خاکێکمان پێی زیندوو کردەوە دوای ئەوەی مردوو بوو.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

وە اللە بایەکان بۆ وروژاندنی هەورەکان دەنێرێت بۆ ئەوەی باران ببارێنن، ئینجا هەورەکان بۆ خاکێکی وشکی بێ سەوزایی دەنێرێت، ئینجا بە بارانی ئەو هەورانە لە خاکە وشکەکە ڕوەك و سەوزایی دەڕوێنێت.

سەبارەت بە بڕگەی دووەمی ئایەتەکە {كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ- وە بە هەمان شێوە زیندووبوونەوە}.

الجلالین لە تفسیر الجلاین دەڵێت:

واتە بەهەمان شێوە زیندووبوونەوەی مردووەکان.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

کاتێك هەوری هەڵگری ئاوی بۆ نێردرا و بەسەریدا باری، هەروەك ئایەتی ٥ سوورەتی الحج دەڵێت، {فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ

بَهِيجٍ}، واته {كاتێك ئاومان بەسەریدا باراند، دەلەرێتەوە و چەكەرە دەكات، وە لە هەموو جووتێكی جوان دەڕوێت}، وە لاشەی مردووەكان بە هەمان شێوەیە، كاتێك الله بیەوێت زیندووی بكاتەوە و سەروسیمای پێبداتەوە، لە ژێر عەرش ئاوێك دەبارێنێت كە سەرتاپای زەوی دەگرێتەوە، كە بە هۆیەوە لاشەكان لە گۆڕەكان زیندوو دەبنەوە، هەروەك چۆن دانەوێڵە لە زەویدا دەڕوێت، هەر لەبەر ئەوە لە فەرمووده صحیحەكاندا(صحیح مسلم) هاتووە، كە محمد صلعم گوتوویەتی:" كُلُّ ابْنِ آدَمَ يَأْكُلُهُ التُّرابُ، إلَّا عَجْبَ الذَّنَبِ منه، خُلِقَ وفيهِ يُرَكَّبُ" واتە خۆڵ لاشەی هەموو مرۆڤێك دەخوات تەنها كلێنجەی نەبێت، كە لێیەوە دروست دەبێتەوە.
لەبەر ئەوە الله گوتوویەتی:

{كَذَلِكَ النُّشُورُ}.

وە لە مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، كە ابي رزين، پرسیار لە محمد دەكات و دەڵێت:

الله چۆن مردوو زیندوو دەكاتەوە؟ گوتی: ئەی ابا رزين، ئایا بە دۆڵی قەومەكەت تێپەڕ بوویت كە وشكایی بووبێت؟ ئینجا پیایدا تێپەڕ بوویت كە سەوزایی چەكەرەی كردبێت؟ گوتم بەڵێ. گوتی مردوو بە هەمان شێوە، الله مردووەكان زیندوو دەكاتەوە.

الطبری لە جامع البيان و ابن الجوزی لە زاد المسير و الزمخشری لە الكشاف، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەكەن كە عبدالله بن مسعود گوتوویەتی:

فَيُرْسِلُ اللَّهُ مَاءً مِنْ تَحْتِ الْعَرْشِ ، مَنِيًّا كَمَنِيِّ الرَّجُلِ ، فَتَنْبُتُ أَجْسَادُهُمْ وَلُحْمَانُهُمْ مِنْ ذَلِكَ ، كَمَا تَنْبُتُ الْأَرْضُ مِنَ الثَّرَى ، ثُمَّ قَرَأَ ( وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَيِّتٍ ) إِلَى قَوْلِهِ (كَذَلِكَ النُّشُورُ).

الله ئاوێك لە ژێر عەرەش دەنێرێت، كە تۆواوە وەك تۆواوی پیاو، كە لاشە و گۆشتی مرۆڤ دروستدەكاتەوە ، هەروەك چۆن ڕوەك لە زەویدا سەوز دەبێتەوە، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە.

# ئایەتی ١٠

مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَكْرُ أُوْلَئِكَ هُوَ يَبُورُ

ئەم ئایەتە چەند بڕگەیە:

یەکەم: هەر کەسێك شکۆی بووێت ئەوا الله شکۆی هەمووانی هەیە.

دووەم: وتەی ناپاب بۆ لای -الله- سەردەکەوێت.

سێهەم: وە کاری باش بەرزی دەکاتەوە.

چوارەم: وە ئەوانەی فرتووفێڵی خراپەکاری دەکەن، ئەشکەنجەیەکی توندیان دەبێت، وە فرتووفێڵی ئەوانە پووچەڵە.

سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ئەم ئایەتە، {مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ جَمِيعاً} ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

واتە: هەر کەسێك بیەوێت لە دونیا و قیامەت شکۆی هەبێت، دەبا پابەندی گوێڕایەڵی اللهی مەزن بێت، وە بە مەبەست و مەرامی خۆی دەگات، چونکە الله خاوەنی دونیا و قیامەتە و شکۆی هەمووانی هەیە، وەك الله لە ئایەتی ١٣٩ سوورەتی النساء گوتوویەتی{ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلعِزَّةَ للَّهِ جَمِيعاً}، واتە (ئەوانەی کافرەکان، جگە لە باوەڕداران، دەکەن بە یاوەر و پشتیوانیان، ئایا لە کافرەکان شکۆ بەدەست دەهێنن؟ لە ڕاستیدا الله شکۆی هەمووانی هەیە)، وە هەروەها لە ئایەتی ٦٥ سوورەتی یونس گوتوویەتی{وَلاَ يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّ ٱلْعِزَّةَ للَّهِ جَمِيعاً}، واتە (وتەکانیان نیگەرانت نەکات چونکە الله شکۆی هەمووانی هەیە)، وە لە ئایەتی ٨ سوورەتی المنافقون گوتوویەتی، {وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَـٰكِنَّ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ لاَ يَعْلَمُونَ}، واتە (وە شکۆ بۆ الله و پێغەمبەرەکەی و باوەڕدارانە، بەڵام دووڕووەکان نازانن).

سەبارەت بە بڕگەی دووەم و سێهەمی ئایەتەکە {إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ}:

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

(إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ) دەڵێت: بۆ لای الله سەردەکەوێت یادکردنەوە و پیاهەڵدانی بەندەکان بە الله، (وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ)، دەڵێت: وە کاری باشی بەندەکان بۆ لای الله بەرزدەبێتەوە، وەك پابەندبوون بە فەریزەکان و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی.

کەواتە بڕگەی دووەم و سێهەم دەڵێن: وتەی باش بۆ لای الله سەردەکەوێت، وە کاری چاك بەرزی دەکاتەوە.

ئەم دەقە زۆر نارێکوپێك و سەقەتە، چونکە، (يَرْفَعُهُ) واتە ئەو-الله- بەرزی دەکاتەوە.

پرسیار: الله کاری چاك بۆ کێ و بۆ کوێ بەرزدەکاتەوە؟ جا ئەگەر خودایەکی مەزنتر لە الله اکبر بوونی هەبێت، وە الله اکبر کاری چاك بۆلای خوداکەی تر بەرزبکاتەوە.

من دەڵێم (يَرْفَعُهُ) زیادەیە و دەبێت لەم ئایەتەدا بسرێتەوە. وە دەبێت ئایەتەکە بەم شێوەیە بێت:

إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ

بۆ لای ئەو-الله- وتەی باش و کاری چاك سەردەکەوێت.

بڕگەی چوارەمی ئەم ئایەتە دەڵێت، {وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ}، واتە، وە ئەو بێباوەڕانەی کە فرتووفێڵی خراپە دەکەن، ئەوا ئەشکەنجەیەکی توندیان دەبێت لە دۆزەخ.

الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە {وَمَكْرُ أُوْلَئِكَ هُوَ يَبُورُ} دەڵێت، ٣ تێڕوانین هەیە بۆ مانای ئەم دەقە:

یەکەم: بە خراپە دەچێت لای الله.

دووەم: بەتاڵ و پووچەڵ دەبێت.

سێهەم: لەناودەچێت و نامینێت.

بە کوردیەکەی واتە: کاری موشریك و بێباوەڕەکان لای الله دەبێت بە تڕی ژێر گۆم.

# ئایەتی ١١

وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَى وَلا تَضَعُ إِلاَّ بِعِلْمِهِ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلاَّ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ

ئەم ئایەتە لە چەند برگەیەك پێكهاتووە:

یەكەم: وە الله ئێوەی لە خۆڵ دروستكردووە، ئینجا لە تۆواو، ئینجا ئێوەی كردووە بە جووتەكان- نێرینە و مێینەكان.

دووەم: وە مێینەیەك دووگیان نابێت و نازێت مەگەر بە ئاگاداری ئەو-الله- نەبێت.

سێهەم: وە هیچ تەمەن درێژێك نە تەمەنی درێژ دەبێت، وە نە تەمەنی كورت دەبێتەوە، مەگەر لە پەرتووكدا نەبێت.

چوارەم: هەموو ئەو كارانە لای الله ئاسانن

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە برگەی یەكەم دەڵێت:

ئەی خەڵكینە الله ئێوەی لە خۆڵ دروستكردووە، واتە ئادەمی باوكتانی لە خۆڵ دروستكردووە، ئینجا ئێوەی لە تۆواوی پیاو و ژن دروستكردووە، ئینجا ئێوەی كردووە بە جووتەكان، واتە جووتێك لە نێرینە و مێینە.

(بگەڕێوە بۆ سوورەتی الطارق، بە درێژی قسەمان كرد سەبارەت بە هەندێك لە هەڵەكانی قورئان سەبارەت بە دروستبوونی كۆرپەلە).

سەبارەت بە برگەی دووەمی ئەم ئایەتە، {وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَى وَلا تَضَعُ إِلاَّ بِعِلْمِهِ} الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

وە ئەی خەڵكینە هەر مێینەیەكتان كە دووگیان دەبێت، الله بە دووگیانبوونەكەی دەزانێت، وە الله دەزانێت كە كۆرپەلەكە چییە؟ نێرینەیە یان مێینەیە؟ هیچ شتێك لەم شتانە لای شاراوە نییە.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

واتە: الله بەمە دەزانێت و هیچ شتێك لەمانە لای شاراوە نییە، بەڵكو وەك لە ئایەتی ٥٩ سوورەتی الانعام هاتووە، {وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ}، واتە (وە هیچ گەڵایەك ناكەوێت كە الله پێی نەزانێت، وە نە دەنكە تۆوێك، كە تەڕ بێت یان وشك بێت كە لە تاریكایی زەویدایە، هەر دەبێت لە پەرتووكی ڕووندا- تابلۆی پارێزراو- بێت). وە لە ئایەتی ٨-٩ سوورەتی الرعد هاتووە، {اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَىٰ وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ ۖ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ}، واتە (الله دەزانێت كە هەموو مێینەیەك بە چی دووگیانە، وە منداڵدانەكان چی فڕێ دەدەنە دەرەوە، وە چەند زیاد دەكات، هەموو شتێك لایەوە بە پێوانە و چارەنووسە، زانای نادیارەكانە، وە شایەتی مەزن و بەرزە).

سەبارەت بە بڕگەی سێهەم {وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلاَّ فِي كِتَابٍ}، الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ- وە تەمەن درێژێك كە تەمەنی درێژ دەبێت}، واتە ئەوەی زیاد دەكات لە تەمەنی كەسێكی تەمەن درێژ، {وَلاَ يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِ – وە كە لە تەمەنی كورت دەكاتەوە}، واتە ئەو تەمەن درێژە كە لە تەمەنی خۆی یان تەمەنی كەسێكی تر كورت دەبێتەوە، {إِلاَّ فِي كِتَـٰبٍ- دەبێت لە پەرتووكدا بێت}، كە تابلۆی پارێزراوە، {إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ}، واتە ئەم كارە لای الله ئاسانە.

الشوكانی لە فتح القدیر دەڵێت:

واتە: كاتێك تەمەنی كەسێك درێژ دەكات، وە یان تەمەنی كورت دەكات، ئەوا لە تابلۆی پارێزراو نووسراوە.

## ئایەتی ١٢

وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ

ئەم ئایەتە دەڵێت:

یەکەم: وە دوو دەریا وەك یەك نابن، ئەوە شیرین و سازگارە، خواردنەوەی بەتامە، وە ئەوە سوێر و تاڵە.

دووەم: وە لە هەردووك دەریاکە گۆشتێکی تەڕ دەخۆن، وە خشڵ دەردێنن کە لەبەری دەکەن.

سێهەم: وە کەشتی دەبینیت تیایدا (ئاوەکە) دەبڕێت، بۆ ئەوەی لە چاکە و نیعمەت و فەزڵی الله بەدەستبهێنن (بۆ بژێوی)، بەڵکو سوپاسم دەکەن.

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

دوو دەریا هەن کە دانەیەکیان ئاوەکەی سازگار و شیرینە، وە ئەوەی تریان ئاوەکەی سوێر و تاڵە، وە هەردووکیان مرواری و مەرجانیان تێدایە.

لە سوورەتی الرحمن، بە درێژی قسە و باسم کرد سەبارەت بەم دوو دەریایە و درۆی ئیعجازتاشانم بەتاڵ کردەوە.

لە ڕاستیدا ئەم دەقە و دەقەکانی تری هاوچەشن کە باس لە دوو دەریا دەکەن، کارەساتن، چونکە اللهی عەرەب و ئیسلام باس لە دەریایەك دەکات کە ئاوەکەی شیرینە و سازگارە، وە دەڵێت {سَائِغٌ شَرَابُهُ} واتە خواردنەوەی خۆش و بەلەزەتە.

لێرە پرسیارێك لە موسڵمانان، وە بە تایبەتی ئیعجازتاشان دەکەم: ئایا دەریا هەیە ئاوەکەی شیرین و سازگار بێت و ئاوەکەی بۆ خواردنەوە بە تام و بەلەزەت بێت؟

ئەم ئایەتە دەڵێت (الْبَحْرَانِ)، واتە دوو دەریا، {بحر} واتە دەریا، وە ناکرێت (بحر) بە مانای ڕووبار بێت. لە چەندەها دەقی قورئاندا ڕووبار بە (نهر و انهار) ئاماژەی پێکراوە.

خۆ ئەگەر بڵێن دانەیەکیان بە مانای ڕووبار دێت، ئەوا دەڵێم، دەقەکە دەڵێت، لە هەردووکیان مرواری و مەرجان دەردەهێنن، {تَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا- خشڵ تیایاندا دەردێن لەبەریان دەکەن}، ئایا لە ڕووبار مرواری و مەرجان هەیە؟

هەڵبەتە الطبری بەم هەڵە کوشندەیەی قورئانی زانیووە، لەبەر ئەوە لە جامع البیان دەڵێت:

(وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا) واته: مرواری و مەرجان لە ئاوە سوێرە تاڵەکە دەردێنن.

هەرچەندە دەقەکە دەڵێت، لە هەردووك دەریاکە گۆشتی تەڕ دەخۆن و خشڵ دەردێنن {وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا}

الطبری، باش زانیویەتی کە مرواری و مەرجان لە ئاوی شیریندا بوونیان نییە.

الطبری، زانیویەتی لە ئاوی شیرین مرواری و مەرجان بوونیان نییە بەڵام الله اکبر (خودای عەرەب و ئیسلام) نەیزانیووە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا – لە هەردووکیان گۆشتێکی تازە دەخۆن)، واتە ماسی (وتستخرجون حلیة تلبسونها- وە خشڵ دەردێنن لەبەری دەکەن) دەڵێت، وەك الله لە سوورەتی الرحمان گوتوویەتی (يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ)، واتە لە هەردووکیان مرواری و مەرجان دەردێنن.

الطبری سەبارەت بە {وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ} دەڵێت:

وە دەبینیت کە کەشتیەکە لەم دەریایانە بە پێشەوەی ئاوەکە دوولەت دەکات کاتێك دەیبڕێت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ- لە چاکەکانی الله بەدەست بهێنن) واتە: بە گەشتە بازرگانیەکانیان لە وڵاتێك بۆ وڵاتیك، وە لە هەرێمێك بۆ هەرێمێك (وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ- بەڵکو سوپاسمان بکەن)، واتە خوداکەتان سوپاس بکەن بۆ دەستەمۆکردنی ئەو شتە مەزنە، کە دەریایە، بەو شێوەیە تیایدا هەڵسوکەوت دەکەن کە ئارەزوو دەکەن، وە دەڕۆن بۆ شوێنێك کە دەتانەوێت، وە هیچ شتێك ڕێگاتان لێ ناگرێت.

# ئایەتی ١٣

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ

ئەم ئایەتە لە چوار بڕگە پێك هاتووە:

یەکەم: (الله) شەو لە ڕۆژ دەبڕێت و ڕۆژ لە شەو دەبڕێت.

دووەم: الله خۆر و مانگی ڕام هێناوە.

سێهەم: هەموویان- شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ- بۆ کاتێکی دیاریکراو دەڕۆن و دەجوولێن.

چوارەم: ئەوە اللهیە خوداکەتان کە خاوەندارێتی بۆ ئەوە

پێنجەم: وە ئەوانەی کە جگە لە الله نیزایان بۆ دەکەن، ئەوا خاوەن ئەو پەردەیە نین کە دەکەوێتە نێوان ناوك و توێکڵی خورما.

بڕگەی یەکەم و دووەم و سێهەم لە چەندەها سوورەت لە سوورەتەکانی پێشوو قسەمان لەسەریان کردووە.

لە ڕوانەگەی اللهەی عەرەب و قورئان شەو و ڕۆژ وەك دوو دیاردە خولقێندراون، هەروەك چۆن خۆر و مانگ و زەوی خولقێندراون.

وە لە ڕوانگەی قورئانەوە:

یەکەم : زەوی تەختە و جێگیرە.

دووەم: شەو و ڕۆژ دوو دیاردەن کە خولقێندراون.

سێهەم: کاتێك شەو لەسەرەوەی زەوی دەبێت ئەوا ڕۆژ لە ژێرەوەی دەبێت، وە کاتێك ڕۆژ لە سەرەوەی زەوی دەبێت ئەوا شەو لە ژێرەوەی زەوی دەبێت.

چوارەم: کاتێك خۆر لە سەرەوەی زەوی دەبێت ئەوا مانگ لە ژێرەوەی زەوی دەبێت، وە بە پێچەوانەوە.

پێنجەم: خۆر لە ڕۆژدا بەدیار دەکەوێت بۆ ئەوەی بزانین ڕۆژە، وە مانگ لە شەودا بەدیار دەکەوێت بۆ ئەوەی بزانین شەوە.

(بگەڕێنەوە بۆ سوورەتەکانی پێشوو، بۆ وردەکاری زیاتر)

اللهەی عەرەب و ئیسلام بۆ دیاردە سروشتیەکانیش چەمکی سێکسی بەکارهێناوە، چونکە (وَلَجَ) بە مانای تێبڕین دێت.

بۆ نموونە امام النووي له المجموع دەڵێت:

وَإِنْ أَوْلَجَ فِي فَرْجِ امْرَأَةٍ مَيِّتَةٍ وَجَبَ عَلَيْهِ الْغُسْلُ ، لِأَنَّهُ فَرْجُ آدَمِيَّةٍ ، فَأَشْبَهَ فَرْجَ الْحَيَّةِ ، وَإِنْ أَوْلَجَ فِي دُبُرِ امْرَأَةٍ أَوْ رَجُلٍ أَوْ بَهِيمَةٍ وَجَبَ عَلَيْهِ الْغُسْلُ ; لِأَنَّهُ فَرْجُ حَيَوَانٍ ، فَأَشْبَهَ فَرْجَ الْمَرْأَةِ ، وَإِنْ أَوْلَجَ فِي دُبُرِ خُنْثَى مُشْكِلٍ وَجَبَ عَلَيْهِ الْغُسْلُ ، وَإِنْ أَوْلَجَ فِي فَرْجِهِ لَمْ يَجِبْ ، لِجَوَازِ أَنْ يَكُونَ ذَلِكَ عُضْوًا زَائِدًا فَلَا يَجِبُ الْغُسْلُ بِالشَّكِّ

دەڵێت: وە ئەگەر پیاو چووکی بڕیە ناو زێی ژنێکی مردوو، ئەوا پیاوەکە دەبێت غوسل بکات، چونکە چووکی بردۆتە ناو زێی مرۆڤێکەوە، وە ئەم زێیە لە زێی ژنێکی زیندوو دەچێت، وە ئەگەر پیاوەکە چووکی بڕیە ناو کۆمی ژنێکەوە یان پیاوێکەوە یان ئاژەڵێکەوە، ئەوا دەبێت غوسل بکات، چونکە زێی ئاژەڵ لە زێی ژن دەچێت، وە ئەگەر چووکی بڕیە ناو کۆمی نێرەمووکێکی تێکەڵ (واتە ئەندامی زاوزێی نێرینە و مێینەی هەبێت)، ئەوا غوسل پێویست دەکات، بەڵام ئەگەر چووکی بڕیە ناو زێی نێرەمووکەکە ئەوا پێویست بە غوسل ناکات، چونکە ئەگەری هەیە زێی نێرەمووکەکە ئەندامێکی زیادە بێت، لەبەر ئەوە پێویست بە غوسل ناکات لە حاڵەتی شکوگومان.

هەروەك بینیتان (ولج) واتە تێبڕین، وە چەمکێکی سێکسیە. کەچی اللهی عەرەب و ئیسلام، بۆ دیاردە سروشتیەکان بەکاری هێناوە.

وە تەنانەت وشەی (فرج)ی بەکارهێناوە بۆ ئاسمان کاتێك لە ئایەتی ٦ سوورەتی ق دەڵێت:

أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ

ئەوە سەیری ئاسمانی سەرەوەی خۆیان نەکردووە کە چۆن دروستمان کردووە و ڕازاندوومانەتەوە و هیچ {فرج}ێکی تێدا نییە.

دەیتوانی لە جیاتی{فروج} وشەی {فتح-فتوح}، واتە (کون و کونەکان) یان {ثقب-ثقوب}، واتە (کون و کونەکان)کە لە قورئاندا هاتوون بەکاربهێنێت.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران سەبارەت بە {وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ} دەڵێت:

{الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ- وە ئەوانەی جگە لە اللە نیزایان بۆ دەکەن}، واتە بتەکان {مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ}، واتە دەسەڵاتیان بەسەریدا نییە، وە ناتوان دروستی بکەن. {قِطْمِيرٍ}، واتە پەردەیەکی تەنکی سپیە لە نێوان ناوك و توێکڵی خورما.

## ئایەتی ١٤

إِن تَدْعُوهُمْ لا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ

دەڵێت:

یەکەم: وە کاتێك نیزایان بۆ دەکەن (بۆ بتەکان) ئەوا گوێیان لە نیزاکانتان نابێت، خۆ ئەگەر گوێشیان لێ بێت ئەوا وەڵامتان نادەنەوە.

دووەم: (ئەو بتانە کە ئێوە نیزایان بۆ دەکەن)، ئەوا لە ڕۆژی قیامەت کوفر بە شرکەکانتان دەکەن.

سێهەم: وە هیچ شتێك وەك اللە کە شارەزایە هەواڵاکانت پێ ڕاناگەیەنێت.

اللەی عەرەب و ئیسلام، لەم ئایەتە بەراوردی خۆی دەکات بە بتەکان و دەڵێت:

ئەی موشریکەکان کاتێك نیزا بۆ بتەکان دەکەن ئەوا گوێیان لێیان نابێت، خۆ ئەگەر گوێشیان لێتان بوو ئەوا وەڵامتان نادەنەوە.

وە لە ئایەتی ١٩٨ سوورەتی الاعراف سەبارەت بە بتەکان دەڵێت:

وَ إِنْ تَدْعُوهُمْ إِلَى الْهُدى لا يَسْمَعُوا وَ تَراهُمْ يَنْظُرُونَ إِلَيْكَ وَ هُمْ لا يُبْصِرُونَ

وە تەنانەت ئەگەر بتەکان بانگ بکەن بۆ ڕینمایی، ئەوا گوێیان لێ نابێت، وە دەبینیت کە سەیرت دەکەن بەڵام نابینن.

واتە بتەکان سەیرتان دەکەن بەڵام نابینن.

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی موشریکەکان ئەو بتانە لە ڕۆژی قیامەت خۆیان بێبەری دەکەن لە شرکەکانتان.

ئینجا دەڵێت، {وَلا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ} واتە: ئەو بتانە وەك اللهی شارەزا ناتوانن پێت ڕابگەیەنن.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

ئەی خەڵکینە، ئەگەر بانگی ئەو خوداوەندانە بکەن کە جگە لە الله دەیانپەرستن، ئەوا گوێیان لە نیزاکانتان نابێت، چونکە جامدە، تێتان ناگەن کە چی دەڵێن، وە تەنانەت ئەگەر گوێیان لە نیزاکانتان بێت و تێگەیشتن لە قسەکانتان ئەوا ناتوانن وەڵامتان بدەنەوە، چونکە قسە ناکەن.

وەك ئەوەی موسڵمانان ڕۆژانە گوێیان لە قسەی الله اکبر بێت و لەگەڵیدا دابنیشن و ترێ بخۆن.

لۆجیکی خودای عەرەب و ئیسلام زۆر سەمەرەیە، ئەو بەڵگانەی لەسەر بتەکان هێناویەتیەوە، هەر هەمووی لەسەر خۆشی جێبەجێ دەبێت.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت، {وَلا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ}، ئەی محمد هیچ کەسێك وەك اللهی شارەزا ئاگادارت ناکاتەوە.

لە چی ئاگاداری دەکاتەوە؟ دیار نییە. الله اعلم.

## ئایەتی ١٥-١٧

يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاء إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ

إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ

وَمَا ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ

دەڵێت:

ئەی خەڵکینە ئێوە هەژارن لە بەراورد بە الله، وە الله هەر خۆی دەوڵەمەندە و بەپیاهەڵدان شایستەیە .

ئەگەر الله بیەوێت لەناوتان دەبات و خەڵکانێکی نوێ لە شوێنی ئێوە دەهێنێت،

وە ئەم کارە  لەسەر الله قورس نییە.

ابن کثیر سەبارەت بە شرۆڤەی ئایەتی ١٥ دەڵێت:

واته مرۆڤ پێویستی بە اللهیە لە هەموو جووڵان و وەستانەکان، وە الله لە خودی خۆیدا دەوڵەمەندە، وە لەبەر ئەوە گوتوویەتی{اللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ} واتە تەنها خۆی دەوڵەمەندە و هیچ شریکێکی نییە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی خەڵکینە، ئێوە خاوەن پێداویستین و هەژارن و پێویستیان بە خوداکەتان هەیە، وە هەر ئەو بپەرستن، وە پەلە بکەن لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیەکەی، دەوڵەمەندتان دەکات کە هەژارن، وە پێداویستیەکانتان بۆ دابین دەکات، وە الله خۆی پێویستی بە پەرستنتان و خزمەتی ئێوە و شتانێکی تر نییە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت

{يا أيُّها النَّاسُ أنتم الفقراء إلى الله} ئەی خەڵکینە ئێوە هەژارن بۆ الله، وە ئێوە پێویستیتان بە الله هەیە، {واللّهُ هو الغنيُّ}، وە ئەو دەوڵەمەندە لە پەرستنتان بۆی.

ئایەتی ١٦-١٧ دەڵێن:

ئەگەر الله ئارەزوو بکات ئەوا لە ناوتان دەبات و خەڵکانێکی نوێ دەهێنێتە شوێنتان، وە ئەم کارە بە لای اللهوە قورس نییە.

# ئایەتی ١٨

وَلا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى إِنَّمَا تُنذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلاةَ وَمَن تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ

ئەم ئایەتە لە سێ برگە پێك هاتووە:

یەکەم: هیچ کەسێك باری گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت وە ئەگەر کەسێك کەسێکی گوناهبار بانگ بکات- هەندێك لە گوناهەکانی بۆ هەڵبگرێت- ئەوا هیچی بۆ هەڵناگرێت، تەنانەت ئەگەر هاتوو کەسوکاری نزیکیشی بێت.

دووەم: لە ڕاستیدا ئەمە (قورئان) کەسانێك ئاگادار دەکاتەوە کە بە نهێنی لە خوداکەیان دەترسن و نوێژ دەکەن.

سێهەم: وە هەر کەسێك یادبکاتەوە، ئەوا لە ڕاستیدا بۆ خۆی یاد دەکاتەوە، وە گەڕانەوە بۆ لای خوداکەیانە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(وَلا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى- هیچ کەسێك باری گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت)، لە ڕۆژی قیامەت، (وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا)، واتە وە ئەگەر بانگی کەسێکی گوناهبار بکات کە یارمەتی بدات و بەشێك یان هەموو گوناهەکانی بۆ هەڵبگرێت، (لا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى- هیچی بۆ هەڵناگرێت تەنانەت ئەگەر کەسوکاری نزیکیشی بێت)، واتە ئەگەر کەسوکاری بن، تەنانەت ئەگەر باوك و کوڕی بن، هەر هەمووی سەرقاڵن بە خۆیان و بارودۆخیان، هەروەك الله لە ئایەتی ٣٤-٣٧ سوورەتی عبس دەڵێت، (يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ، وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ، وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ، لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ)، واتە (لە ڕۆژی قیامەت پیاو لە براکەی و دایکی و باوکی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی ڕادەکات، چونکە هەموو کەسێك لەم ڕۆژەدا شتێکی هەیە کە پێی سەرقاڵە).

القرطبی لە الجامع الاحکام القران دەڵێت:

الفضیل بن عیاض گوتوویەتی: ژن لە ڕۆژی قیامەت تووشی کوڕەکەی دەبێت و دەڵێت: کوڕەکەم، ئەی سکم بۆ تۆ وەك مەنجەڵێك وانەبوو؟ ئەی مەمکەکانم شیریان پێت نەدەدا، ئەی کۆشم بۆ تۆ شوێنی لاوانەت نەبوو. کوڕەکە دەڵێت: بەڵێ دایکە. دایکەکە دەڵێت: ئەی کوڕەکەم گوناهەکانم قورسن، تەنها یەك گوناهم لە جیاتی هەڵبگرە. کوڕەکە دەڵێت: لێم دوورکەوە ئەی دایکە، من خۆم بە گوناهەکانی خۆم سەرقاڵم.

ئینجا ابن کثیر دەڵێت:

(إِنَّمَا تُنذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلاةَ- لە ڕاستیدا ئەو کەسانە ئاگادار دەکاتەوە کە بە نهێنی لە خوداکەیان دەترسن و نوێژ دەکەن)، واتە ئەم قورئانە تەنها کەسانێکی دووربین، ئەوانەی لە خوداکەیان دەترسن و کار بە فەرمانەکانیان دەکەن ئاگادار دەکاتەوە، (وَمَن تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ)، واتە ئەوەی کارێکی چاکی کرد ئەوا سوودەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، (وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ )، واتە: وە گەڕانەوە بۆ لای اللەیە کە سزاکەی خێرایە.

# ئایەتی ١٩-٢٣

وَمَا يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ، وَلا الظُّلُمَاتُ وَلا النُّورُ ،وَلا الظِّلُّ وَلا الْحَرُورُ ،وَمَا يَسْتَوِي الأَحْيَاء وَلا الأَمْوَاتُ إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَاء وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ، إِنْ أَنتَ إِلاَّ نَذِيرٌ

اللّٰهی عەرەب و ئیسلام، لە چوار ئایەتی یەکەمی ئەم پێنج ئایەتە بەراوردی شتە پێچەوانەکان دەکات و دەڵێت:

وەك یەك نین کوێر و چاوساغ، وە نە تاریکی و نە ڕووناکی، وە نە سێبەر و نە گەرمی، وە وەك یەك نین زیندوو و نە مردوو، اللّٰه گوێی لە کەسێك دەبێت کە خۆی دەیەوێت، وە ئەی محمد گوێیان لە تۆ نابێت ئەوانەی لە گۆڕەکانن، تۆ هیچ نیت تەنها ئاگادارکەرەوەیەك نەبێت.

چەند تێبینیەك:

یەکەم: ئەو پیت و وشانەی کە بە سوور دیاریم کردوون، هەر هەمووی زیادەن، وە لە ڕاستیدا مانای ئایەتەکانیان تێك داوە، چونکە لە سەرەتای ئایەتەکە هاتووە کە دەڵێت، {مَا يَسْتَوِي} واتە وەك یەك نین، لەبەر ئەوە پێویست بە (لا) ناکات لە پێش وشەی" الظُّلُمَاتُ" وَ "النُّورُ" و "الظِّلُّ" وَ "الْحَرُورُ" و" الأَمْوَاتُ". وە پێویست بە دووبارە کردنەوەی وشەی {وَمَا يَسْتَوِي} ناکات لە سەرەتای ئایەتی ٢٢.

دەکرا ئایەتەکە بەم شێوەیە بوایە، بۆ ئەوەی مانای تەواو ببەخشێت:

وَمَا يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ، وَالظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ، وَالظِّلُّ وَالْحَرُورُ، الأَحْيَاء والأَمْوَاتُ

واتە: وەك یەکن نین، کوێر و چاوساغ، تاریکی و ڕووناکی، سێبەر و گەرمی، زیندوو و مردوو.

ئینجا بە محمد دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَاء وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ، إِنْ أَنتَ إِلاَّ نَذِيرٌ

بە دڵنیاییەوە اللّٰه گوێی لە کەسێك دەبێت کە خۆی-اللّٰه- ئارەزوو دەکات، بەڵام ئەوانەی لە گۆڕدان، ئەی محمد گوێیان لە تۆ نابێت، چونکە تۆ تەنها ئاگادارکەرەوەیەکیت.

ئەم دەقە پێمان دەڵێت:

یەکەم: مردوەکانی گۆڕ قسە دەکەن، بەڵام گوێیان لە محمد نابێت.

دووەم: محمد هیچ نییە تەنها ئاگادارکەرەوەیەك نەبێت. بەڵام ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ توراس و سەرچاوە ئیسلامیەکان، ئەفسانەیان بە دەورەی محمد دا هەڵچنیوە.

سەرچاوە ئیسلامیەکان پێمان دەڵێن کە محمد بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاگاداری بارودۆخی مردووەکان بووە. ئەو ڕیوایەتانەی پێمان دەڵێن کە محمد جۆرێك لە پەیوەندی هەبووە بە مردووەکان، لە گۆڕەکانیان زۆرن ، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە ابن عباس گوتوویەتی:

مَرَّ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِحَائِطٍ مِنْ حِيطَانِ الْمَدِينَةِ أَوْ مَكَّةَ فَسَمِعَ صَوْتَ إِنْسَانَيْنِ يُعَذَّبَانِ فِي قُبُورِهِمَا فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُعَذَّبَانِ وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ ثُمَّ قَالَ بَلَى كَانَ أَحَدُهُمَا لَا يَسْتَتِرُ مِنْ بَوْلِهِ وَكَانَ الْآخَرُ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ ثُمَّ دَعَا بِجَرِيدَةٍ فَكَسَرَهَا كِسْرَتَيْنِ فَوَضَعَ عَلَى كُلِّ قَبْرٍ مِنْهُمَا كِسْرَةً فَقِيلَ لَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ لِمَ فَعَلْتَ هَذَا قَالَ لَعَلَّهُ أَنْ يُخَفَّفَ عَنْهُمَا مَا لَمْ تَيْبَسَا أَوْ إِلَى أَنْ يَيْبَسَا

پێغەمبەر بەلای گۆڕستانێك لە گۆڕستانەکانی مەدینە یان مەککە تێپەڕی، گوێی لە دەنگی دوو مرۆڤ بوو، لە گۆڕەکانیان ئەشکەنجە دەدران، پێغەمبەر گوتی، ئەوانە ئەشکەنجە دەدرێن، بەڵام لەسەر گوناهی گەورە ئەشکەنجە نادرێن، ئینجا گوتی، بەڵێ دانەیەکیان ئەشکەنجە دەدرێت چونکە خۆی لە پروشکە میزی نەدەپاراست، ئەوەی تریان بە فیزەوە دەڕۆیشت، ئینجا پێغەمبەر داوای دوو گەڵای دارخورمای کرد و کردی بە دوو بەشەوە، هەر بەشێکیانی خستە سەر گۆڕێک. ئەوەبوو پرسیاری لێکرا بۆچی ئەم کارەی کرد؟ گوتی، ڕەنگ بێت ئەشکەنجەی گۆڕیان لەسەر سووك بێتەوە، تاوەکو ئەو کاتەی ئەم گەڵایە وشك دەبێتەوە.

ئەوە پێمان دەڵێت، محمد گوێی لە دەنگی مردوو بووە. واتە محمد جۆرێك لە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ڕۆحی مردووەکان.

وە لە صحیح ابن ماجة، ڕیوایەتێك هاتووە محمد گوتوویەتی:

أَكْثَرُ عَذَابِ الْقَبْرِ مِنَ الْبَوْلِ

زۆربەی ئەشکەنجەی گۆڕ بە هۆی میزەوەیە.

محمد بیرۆکەی ئازارو ئەشکەنجەی گۆڕی لە کویێ هیناوە؟ لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە عائیشە دەڵێت، بە پێغەمبەرم گوت:

يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ عَجُوزَيْنِ مِنْ عُجُزِ يَهُودِ الْمَدِينَةِ دَخَلَتَا عَلَيَّ فَزَعَمَتَا أَنَّ أَهْلَ الْقُبُورِ يُعَذَّبُونَ فِي قُبُورِهِمْ فَقَالَ صَدَقَتَا إِنَّهُمْ يُعَذَّبُونَ عَذَابًا تَسْمَعُهُ الْبَهَائِمُ. قَالَتْ فَمَا رَأَيْتُهُ بَعْدُ فِي صَلاَةٍ إِلاَّ يَتَعَوَّذُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ.

ئەی پێغەمبەری الله، دوو پیرەژنی جوو لە مەدینە هاتن بۆ لام و گوتیان مردوو لە گۆڕەکانیان ئازار دەدرێن، پێغەمبەر گوتی، ڕاست دەکەن مردوو لە گۆڕەکانیان ئازار دەدرێن، بەڵام تەنها ئاژەڵ گوێی لە دەنگیانە. عائیشە دەڵێت: دوای ئەو ڕۆژە پێغەمبەرم نەبینی کە لە نوێژەکانیدا پەناگە نەباتە بەر الله لە ئازار و ئەشکەنجەی گۆڕ.

واتە محمد بیرۆکەکەی لە دوو پیرەژنی جوو وەرگرتووە.

کارەساتەکە ئەوەیە، موسڵمانان هاتوون چەندەها درۆیان داتاشیووە و دەڵێن، بەڵێ ئاژەڵ گوێیان لە ئازار و ئەشکەنجەی مردووەکانە لە گۆڕەکانیاندا، وە ئەوە موعجیزەیەکە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر.

ئەگەر گریمان ئەو گاڵتەجاریە ڕاست بێت، ئایا موعجیزەکە بۆ محمد دەگەڕێتەوە یان بۆ دوو پیرەژنی جوولەکە؟

وە لە زۆر سەرجاوەی ئیسلامیدا هاتووە، کە محمد لە ناو گۆڕدا لەگەڵ فاطیمە کچی ئەسەدی ئامۆژنی و دایکی عەلی پاڵ کەوتووە.

لە الاستعاب لابن عبدالبر هاتووە کە دەڵێت:

کاتێك فاطمة دایکی علی کوڕی ابي طالب مرد، پێغەمبەر کراسەکەی خۆی لەبەر کرد و لەناو گۆڕەکەی لەگەڵیدا پاڵکەوت/ جووت بوو. یاوەرەکان گوتیان هەرگیز شتی وامان نەبینیووە بیکەیت، ئەوەی لەگەڵ ئەم ژنەدا کردت. محمد لە وەڵامدا دەڵێت، هیچ کەسێك لە دوای ابي طالب وەك ئەو ژنە بۆ من باش نەبوو، کراسەکەم لەبەری کرد بۆ ئەوەی پۆشاکی بەهەشت لەبەر بکات، وە لەگەڵیدا پاڵ کەوتم/ جووت بووم بۆ ئەوەی ئازاری گۆڕی لەسەر سووك بکەم.

ئەو کارەی محمد کردوویەتی کاری جادووگەرەکانی سەردەمی جاهیلی بووە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، لە شرۆڤەی ئەم چەند ئایەتەدا دەڵێت:

الله دەڵێت، ئەو شتە جیاوازانە لە یەك ناچن، وەك کوێر و چاوساغ، وەك یەك نابن، بەڵکو جیاوازیەکی زۆر و گەورە لە نێوانیاندا هەیە، وە هەروەها تاریکی و ڕووناکی، وە سێبەر و گەرمی وەك یەك نین، وە هەروەها زیندوو و مردوو وەك یەك نین، وە ئەم نموونەیە الله هێناویەتیەوە بۆ باوەڕداران کە زیندوون، وە کافرەکان کە مردوون.

## ئایەتی ٢٤-٢٦

إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خَلا فِيهَا نَذِيرٌ

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ الْمُنِيرِ

ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی محمد ئێمە تۆمان وەك مژدە بەخش و ئاگادارکەرەوە بە هەق ناردووە، وە هیچ میللەتێك نەبووە کە ئاگادارکەرەوەیەکی تێدا نەبووبێت.

وە ئەگەر نکۆڵیت لێ بکەن ئەوا ئەوانەی پێشیشیان نکۆڵیان کردووە، پێغەمبەرانیان بۆ هاتووە بە بەڵگەکان و زوبر و پەرتووکی ڕووناك.

ئینجا ئەوانەم گرت کە باوەڕیان نەهێنا، دەسا چۆن بوو سزا و تۆڵەکەم؟

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا)، واتە مژدەبەخشێك بۆ باوەڕداران و ئاگادارکەرەوەیەك بۆ کافرەکان، (وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خَلا فِيهَا نَذِيرٌ)، واتە وە هیچ میللەتێك نەبوو لە نەوەکانی ئادەم کە الله ئاگادارکەرەوەی بۆیان نەناردبێت.

ئایەتی ٢٥ دەڵێت:

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ الْمُنِيرِ

شرۆڤەکارانی قورئان لە شرۆڤەی ڕاستی و درووستی ئەم برگەیە، {جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ الْمُنِيرِ} ڕایان کردووە.

{البينات}، واتە موعجیزە.

{الزبر}، واتە پەرتووکە ئاسمانیەکانی پێشوو، (صحف ابراهيم و زەبووری داود).
وەك ئایەتی ٥٢ سوورەتی القمر دەڵێت:

وَكُلُّ شَيْءٍ فَعَلُوهُ فِي الزُّبُرِ

واتە، وە هەر کارێك کە کردیان ئەوا لە پەرتووکەکانی پێشوودا بوو.

وە ئایەتی ١٩٦-١٩٧ سوورەتی الشعراء دەڵێت:

وَإِنَّهُ لَفِي زُبُرِ الْأَوَّلِينَ، أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ آيَةً أَن يَعْلَمَهُ عُلَمَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ

وە قورئان بە دڵنیاییەوە لە پەرتووکەکانی پێشوودایە، ئەی نیشانەیەکیان لا نەبوو، کە زاناکانی بنی ئیسرائیل (جووەکان) پێی بزانن؟

واتە (زبر الاولين- پەرتووکەکانی پێشوو)، لای زاناکانی بنی ئیسرائیلە.

ئایەتی ٤٣-٤٤ سوورەتی النحل دەڵێت:

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلَّا رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِمْ ۚ فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ، بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ

وە پێش تۆ کەسمان نەناردووە کە پیاو نەبووبن و وەحیمان بۆیان نەناردبێت، بە موعجیزە و پەرتووك،دە پرسیار بکە لە ئەهلی الذکر (ئەهلی تەورات و ئینجیل) ئەگەر نازانن؟

ئایەتی ٦٣ سوورەتی النساء دەڵێت:

وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا

وە زەبوورمان بە داود دا.

کەواتە " الزُّبُرِ " بریتیە لەو پەرتووکانەی کە بۆ پێغەمبەرانی بنی ئیسرائیل (جووەکان) دابەزیووە.

وە {الْكِتَابِ الْمُنِيرِ- پەرتووکی ڕۆشنکەرەوە}، واتە تەورات.

ئایەتی ١٨٣-١٨٤ سوورەتی ال عمران:

الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَا أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ النَّارُۗ قُلْ قَدْ جَاءَكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِي بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالَّذِي قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ جَاءُوا بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ

دەڵێت: جووەکان گوتیان، الله بەڵێنی لێمان وەرگرتووە کە باوەڕ بە هیچ پێغەمبەرێك نەهێنین، تاوەکو پێغەمبەرەکە قوربانیەکمان بۆ نەهێنێت، وە ئاگرێك لە ئاسمان دادەبەزێت و قوربانیەکە دەسووتێنێت، ئەی محمد بڵێ پێش من پێغەمبەرانتان بۆ هات بە موعجیزە، وە بەوەی کە داوای دەکەن، ئەی بۆچی ئەو پێغەمبەرانەتان کوشت ئەگەر ڕاست دەکەن؟

ئەی محمد ئەگەر جووەکان نکوڵی لە تۆ دەکەن، ئەوا نکوڵیان کرد لە پێغەمبەرانی پێش تۆش کە بە موعجیزە و زوبر و پەرتووکێکی ڕۆشنکەرەوە هاتبوون.

لەم دەقەدا ڕوونە کە (بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ)، بۆ پێغەمبەرانی بنی ئیسرائیل دابەزیووە.

ئایەتی ٩١ سوورەتی الانعام:

قُلْ مَنْ أَنْزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاءَ بِهِ مُوسَىٰ نُورًا وَهُدًى لِلنَّاسِ

ئەی محمد بڵێ، کێ ئەو پەرتووکەی بۆ موسا دابەزاند کە ڕووناکییە و هیدایەتە بۆ خەڵك.

ئایەتی ٤٤ سوورەتی المائدة:

إِنَّا أَنْزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ

لە ڕاستیدا ئێمە تەوراتمان دابەزاند کە هیدایەت و ڕووناکی تێدایە.

ئایەتی ٤٦ سوورەتی المائدة:

وَآتَيْنَاهُ الْإِنْجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ

وە ئینجیلمان بە عیسا دا کە هیدایەت و ڕووناکی تێدایە.

کەواتە {الكتاب المنير- پەرتووکی ڕۆشنکەرەوە}، تەورات و ئینجیلە.

ئینجا لە ئایەتی ٢٦ دەڵێت:

ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ

ئینجا بێباوەڕەکانم گرت- بە زەبر و زەنگ سزام دان- دەسا چۆن بوو زەبروزەنگەکەم؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئینجا ئەوانەمان قڕکرد کە پەیامی نێردراوەکانی ئێمەیان ڕەت کردەوە.

(فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ) دەڵێت: دە سەیرکە ئەی محمد سزاکەم بەسەریاندا چۆن بوو؟

## ئایەتی ٢٧-٢٨

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ

وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَٰلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ

ئەم دوو ئایەتە دەڵێن:

یەکەم: ئەی محمد ئەی نابینیت کە الله داییبەزاندووە:

١-ئاو لە ئاسمان

٢-لە چیاکان

٣-لە خەڵک و ئاژەڵ و ماڵات

دووەم: بە ئاوەکەی ئاسمان (باران) بەرووبوومی ڕەنگ جیاوازی هێناوەتە ئاراوە.

سێهەم: لە چیاکان هێڵی سپی و سووری ڕەنگ جیاواز و ڕەشی تۆخی دابەزاندووە.

چوارەم: لە مرۆڤ و ئاژەڵ و ماڵاتی بەهەمان شێوە ڕەنگ جیاوازی دابەزاندووە.

پێنجەم : ئینجا دەڵێت لە بەندەکانی، زاناکان لە الله دەترسن.

شەشەم: الله بەدەسەڵات و لێبووردەیە.

{أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ}، واتە"الله دایبەزاندووە" هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ئایەتی ٢٧ و ٢٨ هاتووە. چونکە ئایەتی ٢٨ بە (و) لکێنەر پەیوەست بووە بە فەرمانی ( أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ) وە ئایەتی ٢٨ بەتەنها مانایەك نادات و ناتەواوە.

واتە الله، ئاو و چیا و خەڵك و ئاژەڵ و ماڵاتی دابەزاندووە.

وە ئەوە زۆر سەمەرە و گاڵتەجاریە.

لەبەر ئەوە الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع لاحکام القران، لە شرۆڤەی {وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ}، ڕایان کردووە و کەم تا زۆر قسەیان لەسەر نەکردووە، وەك ئەوەی ئەم بڕگەیە لە قورئاندا بوونی نەبێت.

امام الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە {وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ} دەڵێت، دوو تێڕوانین هەیە:

یەکەم: بڕێك لە زنجیرە شتێك

دووەم: هێڵ و ڕێگا

{إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ- لە ڕاستیدا لە ناو بەندەکانی الله، زاناکانن کە لە الله دەترسن}، مەبەست لە زانا، زانای ئاینییە.

وەك ابن عباس گوتووەتی: ئەوانەن کە دەزانن الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

وە الزمخشری لە الکشاف دەڵێت عمر بن عبدالعزیز و امام ابو حنیفة، بە شێوەیەکی تر ئەم دەقەیان دەخوێندەوە:

إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهُ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَاءَ

واتە: لە ڕاستیدا الله لەو بەندانەی دەترسێت کە زانان.

# ئایەتی ٢٩-٣٠

إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُوا الصَّلاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ

لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ

دەڵێت:

ئەوانەی پەرتووكی الله دەخوێننەوە و نوێژ دەكەن، وە بە نهێنی و ئاشكرا ئەوە دەبەخشن كە وەك بژێوی پێمان داون، ئەوانە بەدوای بازرگانیەكن كە هەرگیز بێئاكام نابێت.

بۆ ئەوەی (اللهش) پابەندی پاداشتەكەیان بێت و لە چاكەكانی زیاتریان پێبدات، لە ڕاستیدا الله لێبووردە و سوپاسگوزار بووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەوانەی پەرتووكی الله دەخوێننەوە كە دایبەزاندووە بۆ سەر محمد و ئەو نوێژانە لە كاتی خۆیدا دەكەن كە فەرزە، وە سەدەقە دەكەن بە نهێنی و بە ئاشكرا لەو سامانەی پێمان داون، وە مەبەستی زەكاتە كە فەرزە، ئەوانەن كە داوای بازرگانیەك دەكەن كە هەرگیز زەرەری نابێت و لە ناو ناچێت. وە الله وەفادار دەبێت بە پێدانی پاداشت بۆ ئەوكارانەی لە دونیا دەیانكردن، وە زیاتریشیان پێدەدات.

سەرتاپای ئەم شرۆڤەیەی الطبری، ڕاست نییە، چونكە تاوەكو دابەزینی ئەم سوورەتە:

یەكەم: نوێژ و زەكات لە ئیسلامدا فەرز نەكرابوو.

دووەم: قورئانێكی نووسراو بوونی نەبوو.

كەواتە ئەم دەقە دەبێت مەبەستی ئەهلی پەرتووك بێت، لە مەسیحی و جوەكان.

# ئایەتی ٣١-٣٢

وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ

ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ

دەڵێت:

ئەی محمد ئەوەی وەك وەحی لە پەرتووكەكە بۆمان ڕەوانە كردیت، هەق و ڕاستیە، پشتڕاستكەرەوەی ئەو پەرتووكانەیە كە پێشیایەتی، بە دڵنیاییەوە اللە بە بەندەكانی شارەزا و چاودێرە.

ئینجا پەرتووكەكەمان بە میرات بەو كەسانە دا كە لە نێو بەندەكانمان هەڵمانبژاردن، جا هەیانە ستەمی لە خۆی كردووە و هەیانە میانڕەوە و هەیانە دەستپێشخەرە لە چاكەكان بە مۆڵەتی اللە، وە ئەمەیانە كە چاكەیەكی گەورەیە.

ئەم دوو ئایەتە، لەم سوورەتەدا، گەورەترین كێشەیان تێدایە، چونكە:

اللەی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ٣١ دەڵێت، {أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ}، ئەی محمد، وەحیمان بە تۆدا، لە پەرتووك.

ئینجا لە ئایەتی ژمارە ٣٢ دەڵێت، {ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا} ئینجا پەرتووكەكەمان بە میرات بەو بەندانەمان دا كە هەڵمانبژاردن.

واتە پەرتووكێكی بە محمد داوە -كە قورئانە- ئینجا لە دوای محمد پەرتووكێكی بە میرات بە كۆمەڵێك كەس داوە، كە لە نێو بەندەكانیدا هەڵیبژاردوون. لەبەر ئەوە القرطبی، لە جامع البیان گوتوویەتی:

هذه الآية مشكلة، واتە ئەم ئایەتە كێشەیە.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ)، ئەی محمد، ئەوەی وەك پەرتووك بۆمان ناردیت كە قورئانە، (هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ)، هەقە و ڕاستی و درووستی پەرتووكەكانی پێشوو دەسەلمێنێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ)، ئەی محمد، ئەمە ئەو قورئانەیە کە اللە بۆتی دابەزاندووە،(هُوَ الْحَقُّ) هەقە، دەبێت خۆت و میللەتەکەت کاری پێبکەن، وە پیادەی بکە، دوور لەو پەرتووکانەی دیکە، کە بۆ کەسانێکی ترم دابەزاندووە (مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ)، سەلمێنەری ڕاستی ئەو پەرتووکانەیە کە پێش تۆ بۆ پێغەمبەرانی ترم دابەزاندووە.

من پێم وایە کە مانای ئەم دوو ئایەتە بەم شێوەیە:

{وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ} واتە: ئەی محمد، ئەوەی وەك وەحی بە تۆمان داوە {مِنَ الْكِتَابِ – لە پەرتووکەکە}، پەرتووکەکە تەوراتە {هُوَ الْحَقُّ}، ئەوە ڕاستیە {مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ}، ئەوەی وەك وەحی بە تۆمان داوە، ئەوا هەمان شتە کە لە تەوراتدا هەیە، {إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ}، وە اللە بە بەندەکانی شارەزاو وچاودێرە.

{ ثُمَّ}، ئینجا، {أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا}، پەرتووکەکەمان کە تەوراتە، بەو بەندانەمان دا کە هەڵمانبژاردن- واتە پێغەمبەرانی بنی ئیسرائیل کە لە دوای موسا هاتوون. {فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ}، هەیان بوو کە ستەمی لە خۆی کرد، {وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ} هەیان بوو میانڕەو بوو، {وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ}، وە هەیانە دەستپێشخەرە بە چاکەکان، {بِإِذْنِ اللَّهِ}، بە مۆڵەتی اللە، {ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ}، وە ئەوانەی دەست پێشخەرن لە چاکە ئەوانە چاکەیەکی مەزنیان دەبێت.

ئایەتی ٤٤ سوورەتی المائدة دەڵێت:

إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ

لە ڕاستیدا ئێمە تەوراتمان دابەزاند کە هیدایەت و ڕووناکی تێدایە، وە پێغەمبەران بە تەورات حوکمیان دەکرد.

واتە پێغەمبەرانی دوای موسا بە تەورات حوکمیان دەکرد.

وە ئایەتی ٣-٤ سوورەتی الزخرف دەڵێت:

إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ، وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ

له ڕاستیدا ئێمه کردمان به عەرەبی بەڵکو تێبگەن، وه له ڕاستیدا قورئان له دایکی پەرتووکدایه، که لای ئێمه به دڵنیاییەوە مەزن و حەکیمه.

(ه) له {جَعَلْنَاهُ}، واته (هو)، واته ئەو که تەوراته. واته تەوراتمان کرد به عەرەبی بۆ ئەوەی عەرەب تێبگەن، وه قورئان له (أُمِّ الْكِتَابِ) دایکی پەرتووك، واته ئەو پەرتووکەی که سەرەکیه و سەرچاوەیه، واته تەورات.

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، (ام الکتاب که تەوراته) لای ئێمه مەزن و ژیرمەندیه.

بەڵام، هەموو شرۆڤەکەران وەك هەمیشه لەم شرۆڤەیه ڕادەکەن و درۆ لەگەڵ دەقەکانی قورئان دەکەن.

وه دەقەکه بەو مانایەی که شرۆڤەکەران شرۆڤەیان بۆ کردووه مانا نادات. هەر لەبەر ئەوە القرطبی گوتوویەتی ئەم ئایەته کێشەیه، چونکه چۆن دەبێت، پەرتووك به محمد درابێت، ئینجا پەرتووکەکه بەو بەندانه درابێت که الله هەڵیانی بژاردووه.

## ئایەتی ٣٣-٣٥

جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ

وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ

الَّذِي أَحَلَّنَا دَارَ الْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِ لا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەوانەی که دەست پێشخەرن له چاکەکان، ئەوانه پاداشتکی گەورەیان دەبێت که دەچنه باخچەی عەدن، تیایدا خۆیان به بازنەی زێڕ و مرواری دەڕازێننەوە و جلەکانیان له ئاوریشم دەبێت.

وه دەڵێن: سوپاس بۆ الله که نیگەرانی و پەژارەی لەسەرمان لابرد، خوداکەمان به دڵنیاییەوە لێبووردە و سوپاسگوزارە.

که له چاکەی خۆی ئێمەی له ماڵی نیشتەجێ بوون -بەهەشت- دانا که تیایدا نه دەردوبەڵا وه نه ماندووبوون تووشمان دەبێت.

له مسند احمد و السلسلة الصحيحة للالبانی و مجمع الزوائد للهیثمی و العلل لابن ابي حاتم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

يَدْخُلُ أَهْلُ الجَنَّةِ الجَنَّةَ جُرْدًا ، مُرْدًا ، مُكَحَّلِينَ ، أَبْنَاءَ ثَلاَثِينَ أَوْ ثَلاَثٍ وَثَلاَثِينَ سَنَةً

پیاوانی بەهەشتی کاتێك دەچنە بەهەشتەوە لووس و بێ تووك دەبن، سمێڵیان گوگرە دەبێت بەڵام ڕیشیان نابێت، چاوەکانیان پڕ لە کل دەبێت، وە دەبن بە پیاوانێکی تەمەن ٣٠ یان ٣٣ ساڵ.

وە لە ئایەتی ٣٢ سوورەتی الحج سەبارەت بە پیاوانی بەهەشتی هاتووە:

إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا ۖ وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ

الله ئەو پیاوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کاری چاکەیان کردووە، دەباتە باغاتێکەوە کە ڕووبارەکانی بە ژێردا دەڕوات، تیایدا خۆیان بە بازنەی ئاڵتوونی و مرواری دەڕازێننەوە و جلی ئاوریشمی لەبەر دەکەن.

جا ئاوریشم شل و خاوە، بەرزی و نزمی لەشیان بەدیار دەکەوێت، وە لووس و بێ تووك دەبن، چاوەکانیان پڕ لە کل دەبێت.

وە محمد لە فەرموودەیەك، کە لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە گوتوویەتی:

لا تَلْبَسُوا الْحَرِيرَ؛ فَإِنَّهُ مَنْ لَبِسَهُ فِي الدُّنْيَا لَمْ يَلْبَسْهُ فِي الآخِرَةِ

ئەی پیاوان ئاوریشم لەبەر مەکەن، هەرکەسێك لەم دونیایە لەبەر بکات ئەوا لە بەهەشت لەبەری ناکات.

وە هەروەها محمد لە فەرموودەیەك، کە لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە گوتوویەتی:

لا تَلْبَسُوا الْحَرِيرَ وَلا الدِّيبَاجَ، وَلا تَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَلا تَأْكُلُوا فِي صِحَافِهِمَا، فَإِنَّهَا لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِي الآخِرَةِ

نە ئاوریشم وە نە دیباج- ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ- لەبەر مەکەن، وە لە قاپوقاچاغی زێڕین و زیوین مەخۆن و مەخۆنەوە، ئەوانە (کافرەکان) لە دونیا هەیانە، ئێوە لە بەهەشت دەتانبێت.

هەروەك ڕوونە هەر شتێك لە دونیا حەرام بێت ئەوا لە بەهەشت حەڵاڵە، چونکە بەهەشتماڵی خۆشی و نعیمە و ماڵی ئەرك و فەریزە  نییە. لەبەر ئەوە هەموو شتێك بە شێوەیەکی ڕەها لە بەهەشتدا حەڵاڵە.

لە ئایەتی ژمارە ٣٥ هاتووە کە دەڵێت، {مِن فَضْلِهِ}، واتە بە چاکە و فەزڵی الله دەچنە بەهەشتەوە، واتە کاروکردەوە مەرج نییە. هەر لەبەر ئەوە محمد لە فەرموودەیەك کە لە صحيح البخاری و مسلم هاتووە گوتوویەتی:

لَنْ يُدْخِلَ أَحَدًا عَمَلُهُ الجَنَّةَ، قَالُوا: وَلاَ أَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: لا، وَلا أَنَا، إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِي اللَّهُ بِفَضْلٍ وَرَحْمَةٍ

هیچ کەسێکتان بە کاروکردەوە چاکەکانی ناچێتە بەهەشتەوە، یاوەرەکان گوتیان: تەنانەت تۆش ئەی پێغەمبەری الله؟ گوتی، نەخێر منیش ناچم، مەگەر الله من بخاتە ژێر چاکە و ڕەحمەتی خۆیەوە.

وە لە صحيح البخاری و مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە محمد گوتوویەتی:

لَنْ يَنْجُوَ أَحَدٌ مِنْكُمْ بِعَمَلِهِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْتَ قَالَ وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ

هیچ کامێکتان لە دۆزەخ ڕزگاری نابێت بە کاروکردەوە باشەکانی، گوتیان تۆش ئەی پێغەمبەری الله؟ گوتی تەنانەت منیش، مەگەر الله من بخاتە ژێر ڕەحمەت و چاکەیەوە.

واتە محمد، پشتڕاستی دەکاتەوە کە ناچێت بۆ بەهەشت و لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری نابێت ئەگەر خوداکەی ڕەحمی پێ نەکات.

## ئایەتی ٣٦-٣٧

وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لا يُقْضَى عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا وَلا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ

وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

بەڵام ئەوانەی بێباوەڕ بوون، ئاگری دۆزەخیان بۆ دەبێت کە لە ناویان نابات و نامرن، وە ئەشکەنجەکەی دۆزەخیان بە سەردا سووك ناکرێت، بەم شێوەیە سزای هەموو بێباوەڕێك دەدەین.

وە لە ناو دۆزەخدا قیژە و هاوار دەکەن و دەڵێن: خوداکەمان لە دۆزەخ دەرمان بکە، کارێکی باش دەکەین کە جیا بێت لەوەی دەمانکرد. الله دەڵێت: ئەی تەمەنمان پێتان نەدا کە ئەوەی بیەوێت بیرێك بکاتەوە، ئەوا بیر بکاتەوە؟ وە ئاگادارکەرەوەتان بۆ هات. لەبەر ئەوە بچێژن ئەشکەنجەی دۆزەخ، وە ستەمکاران هیچ پشتیوانێکیان نابێت.

ئایەتی ٣٦ دەڵێت:

لە دۆزەخدا کافرەکان نە دەمرن وە نە دەژین، وەك ئایەتی ١٣ سوورەتی طه دەڵێت:

لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَىٰ

لە دۆزەخدا نە دەمرێت وە نە دەژی.

وە لە مسند احمد و صحيح مسلم، فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

إنَّ أهلَ النَّارِ الذين لا يُريدُ اللهُ عزَّ وجلَّ إخراجَهم لا يَموتونَ فيها ولا يَحيَوْنَ

ئەهلی دۆزەخ، کە الله نایەوێت لە دۆزەخ دەریان بکات، ئەوا تیایدا نە دەمرن، وە نە دەژین.

القرطبی لە الجامع الاحکام القران، سەبارەت بە {وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا} دەڵێت: واتە: لە ناو ئاگر بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن کە فریایان بکەون.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ)، واتە ئەو کافرانە هاوار دەکەن لە ناو ئاگر و دەڵێن خوداکەمان لە ناو ئاگر دەرمان بکە، بەڵێن بێت کارێکی باش بکەین و ملکەچت بین، (غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ)، وە وەك پێشوو سەرپێچیت نەکەین.

ئینجا الله لە وەڵامدا پێیان دەڵێت، {أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا}، ئەی موشریکەکانی قورەیش، ئەی تەمەنمان پێتان نەدا بۆ ئەوەی

وەك خەڵكانێكی خاوەن ئەقڵ و هۆش یادی الله بكەنەوە؟ وە وەك خەڵكانێك ئامۆژگاری و ڕاسپاردەكانی الله لەبەر چاو بگرن؟ وە وەك خەڵكانێك تۆبە بكەن كە تۆبەیان كرد؟ وە لە لایەن اللەوە ئاگاداركەرەوەتان بۆ هات ئاگاداری دەكردنەوە لە ڕۆژێكی وەك ئێمڕۆ، بەڵام ئێوە پابەند نەبوون بە ڕاسپاردەكانی الله، وە نێردراوەكەی منتان قبووڵ نەكرد. لەبەر ئەوە ئازار و ئەشكەنجە بچێژن.

# ئایەتی ٣٨

إِنَّ اللَّهَ عَالِمُ غَيْبِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ

دەڵێت:

الله زانایە بە نادیارەكانی ئاسمانەكان و زەوی، وە هەر خۆی ئاگادارە بەوەی لە سینەكانە.

واتە الله غەیب دەزانێت.

# ئایەتی ٣٩

هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلائِفَ فِي الأَرْضِ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلاَّ مَقْتًا وَلا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلاَّ خَسَارًا

ئەوە-الله- كە ئێوەی كرد بە جێگرەوە لە زەویدا، جا هەر كەسێك كوفر بكات ئەوا كوفرەكە لەسەر خۆیەتی، وە كوفری كافرەكان لای الله تەنها ڕق و قین زیاد دەكات، وە كافرەكان لە كوفرەكانیان تەنها دۆڕاوتر دەبن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی خەڵكینە الله ئێوەی كردەوە بە جێگرەوە لە زەویدا لە دوای قڕكردنی عاد و ثمود، و ئەو میللەتانەی پێش ئێوە بوون.

(وَلا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِلا مَقْتًا)، الله دەڵێت: وە بێباوەڕی بێباوەڕان لای خوداكەیان هیچ شتێك زیاد ناكات تەنها دووركەوتنەوەیان نەبێت لە ڕەحمەتەكەی، (وَلا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلا خَسَارًا)، دەڵێت: وە بێباوەڕی بێباوەڕان هیچ شتێك زیاد ناكات تەنها لە ناوچوونیان نەبێت.

# ئایەتی ٤٠

قُلْ أَرَأَيْتُمْ شُرَكَاءَكُمُ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا فَهُمْ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّنْهُ بَلْ إِن يَعِدُ الظَّالِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا

دەڵێت:

ئەی محمد بڵێ، ئایا شریکەکانی خۆتان کە جگە لە الله نیزایان بۆ دەکەن، بینیووە؟ پێم نیشان بدەن چیان لە زەویدا دروستکردووە، یان هیچ بەشداریەکیان هەیە لە ئاسمانەکان، یان پەرتووکێکمان پێیان داوە کە بەڵگەیە بەدەستیانەوە، بەڵکو ستەمکاران هەندێکیان هیچ بەڵێنێك بە هەندێکیان نادەن تەنها خەڵەتاندن نەبێت.

ئەم ئایەتە لە ٣ برگە پێك هاتووە:

یەکەم: ئەو بت و خوداوەندانەتان بینیوە کە جگە لە الله بانگیان دەکەن و نیزایان بۆ دەکەن؟

دووەم: ئەگەر ئەو بت و خوداوەندانە شتێکیان لە زەویدا دروست کردووە، ئەوا پێم نیشان بدەن.

سێهەم: ئایا ئەم بت و خوداوەندانە بەشدارن لە (دروست کردنی) ئاسمانەکان؟

چوارەم: یان پەرتووکمان بۆ موشریکەکان دابەزاندووە کە بەڵگەیە بەدەستیانەوە کە ڕەوایە ئەم بت و خوداوەندانە بپەرستن.

پێنجەم: ئەو ستەمکارانە- موشریکانە- هەندێکیان هیچ بەڵێنێك بە هەندێکیان نادەن تەنها خەڵەتاندن نەبێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله فەرمان بە محمدی پێغەمبەری دەکات و دەڵێت: ئەی محمد بە موشریکەکانی قەومەکەت بڵێ، ئەی قەومەکەم نیشانم بدەن ئەگەر ئەو بتانە شتێکیان لە زەویدا دروست کردووە؟ یان ئەگەر ئەو بتانەتان بەشدارن لەگەڵ الله لە ئاسمانەکان، ئەگەر لە زەویدا هیچیان دروست نەکردووە، یان ئێمە پەرتووکمان بەو موشریکانە

داوە کە شرك بە اللە بکەن بە بت و خوداوەندەکانیان؟ بەڵام هەندێکیان، هەندێکی تریان دەخەڵەتێنن، وەك ئایەتی ٣ الزمر، لە زمانی موشریکەکانەوە دەڵێت، {مَا نَعْبُدُهُمْ إِلا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى} ئێمە نایانپەرستین تەنها بۆ ئەوە نەبێت لە ڕێگای ئەو بتانەوە لە اللە نزیك بینەوە.

# ئایەتی ٤١

إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ أَن تَزُولا وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

اللە ئاسمانەکان و زەوی گرتووە لە شوێنی خۆیان نەجووڵێن، خۆ ئەگەر جووڵان ئەوا جگە لە خۆی هیچ کەسێك نییە بیانگرێتەوە، لە ڕاستیدا اللە نەرموونیان و لێخۆشبووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالأرْضَ- اللە ئاسمانەکان و زەوی گرتووە)، بۆ ئەوەی لە شوێنیان نەجووڵێن، (وَلَئِنْ زَالَتَا- خۆ ئەگەر بجووڵێن)، واتە، وە ئەگەر بجولێن، (إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ- هیچ کەسێك جگە لە خۆی ناتوانێت بیانگرێتەوە)، دەڵێت: هیچ کەسێك جگە لە خۆی ناتوانێت بیانگرێتەوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَن تَزُولَ} واتە : ئەگەر بجووڵێن لە شوێنی خۆیان، هەروەك لە ئایەتی ٦٥ سوورەتی الحج دەڵێت، (وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ)، واتە: وە ئاسمانی گرتووە کە بەرنەبێتەوە سەر زەوی تەنها بە مۆڵەتی خۆی نەبێت، {وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ}، خۆ ئەگەر جووڵان، ئەوا جگە لە خۆی کەسێك نییە بیانگرێتەوە)، واتە: هیچ کەسێك ناتوانێت بەردەوامیان پێ بدات و بیانهێڵێتەوە تەنها خۆی نەبێت.

الزمخشری لە الکشاف دەڵێت:

{أَن تَزُولاَ- كە نەجووڵێن}، واتە پێی ناپەسەندە کە بجووڵێن، یان ڕێگای گرتووە بجووڵێن، چونکە اللە گوتوویەتی بۆ ئەوەی نەجووڵێن.

الرزای لە مفاتیح الغیب دەڵێت:

{إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا- لە ڕاستیدا اللە نەرموونیان و لێبووردە بووە}، واتە اللە نەرموونیانە، چونکە دەستبەرداربوونی ئازار و ئەشکەنجەیان تەنها نیشانەی نەرموونیانیەتی، ئەگینا شایستەن بەوەی کە ئاسمان بەسەریاندا بەربێتەوە و لەسەر زەوی تەخت بێت، بەڵام اللە جووڵانی ئاسمانەکانی دواخستووە بۆ ڕۆژی قیامەت.

امام البیضاوی لە انوار التنزیل دەڵێت:

{إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَـٰوَاتِ وَٱلأَرْضِ أَن تَزُولاَ}، بەلای اللەوە پەسەند نییە کە زەوی و ئاسمانەکان بجووڵێن، وە بۆ ئەوەی نەجووڵێن ئەوا هەر دەبێت پارێزەرێك هەبێت بۆ ئەوەی بیگرێت و ڕێگایان لێبگرێت کە بجووڵێن،{ وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ }، خۆ ئەگەر جووڵان ئەوا هیچ کەسێك نییە بیانگرێتەوە، {مِن بَعْدِهِ}، لە بەندەکانی، جگە لە اللە.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلأَرْضَ أَن تَزُولاَ}، واتە اللە ڕێگای گرتووە کە بجووڵێن، {وَلَئِنِ}، سوێند دەخوات {زَالَتَآ إِنْ}، ئەگەر جووڵان، {أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ}، هیچ کەسێك جگە لە خۆی نییە بیانگرێتەوە، {إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا}، اللە نەرموونیان و لێبووردەیە لە دواخستنی سزادانی کافرەکان.

ابن کثیر و الطبری و القرطبی، ئاماژەیان بە فەرموودەیەکی صحیح کردووە کە کعب الاحبار گوتوویەتی:

إِنَّ السَّمَاءَ تَدُورُ عَلَى قُطْبٍ مِثْلِ قُطْبِ الرَّحَى، واتە ئاسمان وەك دەستار لەسەر تەوەرەکەی دەسوورێت.

عبداللە بن مسعود لە وەڵامدا گوتوویەتی: کعب درۆ دەکات و تا ئێستا وازی لە ئاینی یهودی نەهێناوە.اللە لە قورئاندا گوتوویەتی:

{إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَنْ تَزُولَا} إِنَّ السَّمَاوَاتِ لَا تَدُورُ ، وَلَوْ كَانَتْ تَدُورُ لَكَانَتْ قَدْ زَالَتْ

{الله ئاسمانەکان و زەوی گرتووە کە نەجووڵێن} لەبەر ئەوە ئاسمانەکان ناجووڵێن، ئەگەر بجووڵێن ئەوا دەڕۆیشتن و ڕۆدەچوون.

ئەم ئایەتە بەسە بۆ ڕەتکردنەوەی سەرتاپای قورئان، چونکە ئاسمانەکان دەجووڵێن. وە هەروەها ئەم ئایەتە بەسە بۆ وەڵامدانەوەی درۆ و دەلەسەی ئیعجازتاشە درۆزنەکان کە دەڵێن، ئایەتی ٤٧ سوورەتی الذاريات ئاماژەی بە کشانی گەردوون کردووە:

وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ

وە ئێمە ئاسمانمان بە دەستێك (بە هێز) دروست کرد، وە بە دڵنیاییەوە ئێمە لە توانامانداین (ئەم کارە بکەین)

{ لَمُوسِعُونَ} واتە لە توانامان دایە کە ئاسمان بە هێز دروست بکەین. وە بەمانای کشانی ئاسمان نایەت.

## ئایەتی ٤٢

وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِن جَاءَهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَى مِنْ إِحْدَى الْأُمَمِ فَلَمَّا جَاءَهُمْ نَذِيرٌ مَّا زَادَهُمْ إِلاَّ نُفُورًا

دەڵێت:

وە (قورەیش و عەرەب) سوێندیان بە الله خوارد کە ئەگەر ئاگادارکەرەوەیەکیان بۆ بێت ئەوا بە دڵنیاییەوە هیدایەتتر دەبن لە میللەتانی پێشوو (جوو و مەسیحی)، بەڵام کاتێك ئاگادارکەرەوەیان بۆ هات ئەوا زیاتر دوورکەوتنەوە.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

الله، سەبارەت قورەیش و عەرەبەکان دەڵێت، کە سوێندیان بە الله خواردبوو، بەر لەوەی پێغەمبەریان بۆ بێت، کە ئەگەر پێغەمبەریان بۆ هەبێت ئەوا لە هەموو ئەو میللەتانە کە پێشوو پێغەمبەریان بۆ هاتووە هیدایەتتر دەبن. بەڵام کاتێك

ئاگادارکەرەوەیان بۆ هات کە محمدە و لەگەڵ خۆیدا قورئانی هێنا ئەوا کوفریان زیادی کرد.

وەك لە ئایەتی ١٥٦-١٥٧ سوورەتی الانعام دەڵێت:

أَن تَقُولُوا إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَىٰ طَائِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ، أَوْ تَقُولُوا لَوْ أَنَّا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ لَكُنَّا أَهْدَىٰ مِنْهُمْ

(قورەیش هیچیتر) نەکەن بڵێن لە ڕاستیدا پێش ئێمە پەرتووك بۆ دوو کۆمەڵ (جوو و مەسیحی) دابەزی، وە ئێمە لە دیراسەکردنی (شرۆڤەکردنی) ئەو دوو پەرتووکە نەشارەزا بووین، وە یان بڵێن ئەگەر پەرتووکێکمان بۆ دابەزێت، ئەوا ئێمە لەوان بە هیدایەتتر دەبین.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

وە عەرەب ئاواتەخواز بوو کە پێغەمبەرێکی عەرەبیان هەبێت، هەروەك چۆن بنی ئیسرائیل پێغەمبەرانی خۆیان هەبوو، بەڵام کاتیك ئەوەی لە خۆیان بوو هات کە ئاواتەخوازی بوون، ئەوا دوور کەوتنەوە و باوەڕیان نەهێنا.

# ئایەتی ٤٣

اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

قورەیش و عەرەب، زیاتر دوورکەوتنەوە و باوەڕیان بە محمد نەهێنا چونکە خۆیان بە زل دەزانی، لە خاکەکەدا و فرتووفێڵی خراپیان کرد، وە فرتووفێڵی خراپ تەنها بەسەر خەڵکەکەیدا دەشکێتەوە، ئایا تەنها چاوەڕێ دەکەن کە وەك میللەتانی پێشوویان لێ بکرێت (سزا بدرێن و قڕ بکرێن)؟ دەسا نابینیت کە بۆ ڕێبازی اللّٰە گۆڕانکاری هەبێت، وە نابینیت بۆ ڕێبازی اللّٰە لادانێك هەبێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ)، بەهۆی لووتبەرزیانەوە موشریکەکانی قورەیش نەك هەر باوەڕیان بە محمد نەهێنا، بەڵکو فرتووفێڵی خراپیان دەکرد، واتە بەرپەرچی ئەو

کەسە لاواز و بێهێزانەیان ئەدایەوە کە باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتیەکەی هینابوو. وە {مکر} واتە فرتووفێڵ، لەم ئایەتە بە مانای شرك دێت.

(وَلا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلا بِأَهْلِهِ)، دەڵێت: وە فرتووفێڵی خراپ تەنها بەسەر خەڵکەکەیدا دەشکێتەوە، واتە ئەوانەی فرتووفێڵەکەیان دەکرد.

(فَهَلْ يَنْظُرُونَ إِلا سُنَّةَ الأَوَّلِينَ)، واتە وەك میللەتانی پێشوو سزایان بدەین.

لە کۆتایی ئەم ئایەتە، اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا

سونەتی الله نە گۆرانکاری نە دەستکاری بەسەردا دێت.

ئایا یەکجار مردن لەم دونیایە سونەتی الله نییە؟ هەڵبەتە سونەتێکە لە سونەتەکانی الله.

ئەی چۆنە ئەگەر پێتان بڵێم کە لە قورئاندا هاتووە کە کەرێك دووجار ژیاوە و دووجار مردووە؟

وە ئەی چۆنە ئەگەر پێتان بڵێم کە لە قورئانەکەتان هاتووە المسيح مردووی زیندوو کردۆتەوە؟ واتە کەسانێك هەبوون کە: لە دایك بوون، مردوون، مسیح زیندووی کردوونەتەوە، ئینجا دوای ماوەیەك مردوون

واتە دوو ژیان و دوو مەرگ.

ئایەتی ٢٥٩ سوورەتی البقرة دەڵێت:

أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَاۖ فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ

ۖوَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِۖ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًاۚ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

یان وەك ئەو پیاوەی کە بەسەر گوندێکدا هات کە سەرتاپای خانووەکانی تەپی بوون، گوتی الله چۆن ئەوە زیندوو دەکاتەوە لە دوای مردنی، ئەوەبوو الله مراندنی بۆ سەد ساڵ ئینجا زیندووی کردووە.

ئینجا الله بەم پیاوە دەڵێت: سەیری کەرەکەت بکە کە چۆن زیندووی دەکەینەوە.

واتە پیاوێك و کەرێك دوو ژیان و دوو مەرگیان بینیوە لەم دونیایە.

وە المسیح لە ئایەتی ٤٩ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

وَأُحْيِي الْمَوْتَىٰ بِإِذْنِ اللَّهِ

وە مردوو زیندوو دەکەمەوە بە مۆڵەتی الله.

وە دەیەها نموونە هەیە لە قورئان کە الله لە سونەتی خۆی لایداوە. بەڵام ئەم دوو نموونەیە بەسە بۆ بە درۆ خستنەوەی ئەو دەقە.

## ئایەتی ٤٤

أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِن شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلا فِي الأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا

دەڵێت:

ئەی قورەیش و عەرەب بە زەویدا نەڕۆیشتوون بۆ ئەوەی سەیرکەن کە چۆن بوو ئاکام و سەرەنجامی ئەوانەی پێشیان؟ وە ئەوانە لەچاو ئەمانە لە هێزدا دژوارتر بوون، وە هیچ شتێك لە ئاسمانەکان و زەوی، الله دەستەوەستان ناکات، وە الله هەمیشە زانا و بەتوانابووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد، ئەی ئەو موشریکانە بە زەویدا نەڕۆیشتوون، کاتێك بۆ بازرگانیی ڕێگای شام دەگرنە بەر، بۆ ئەوەی ببینن کە چۆن ئەو خەڵکانەی پێشوومان قڕ کردووە بە هۆی ئەوەی کوفریان کرد و باوەڕیان بە پێغەمبەرەکان نەهێنا.

(فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ)، لەو میللەتانەی کە کاروانەکانیان پیایاندا دەڕۆیشتن، ئەی نەیانبینیووە کە چۆن قڕمان کردوون و خانووەکانیانمان خاپوور کردووە، وە کردوومانن بە دەرس و عیبرەتێك بۆ ئەوانەی دواتریان، بۆ ئەوەی دەستبەرداری شرك و بتپەرستی بن.

(وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِنْ شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلا فِي الأَرْضِ) دەڵێت، ئەو موشریکانە، کە بت دەپەرستن و نکۆڵی لە محمد دەکەن، ناتوانن لە دەستمان ڕابکەن، ئەگەر بمانەوێت سزایان بدەین و قڕیان بکەین.

## ئایەتی ٤٥

وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا مَا تَرَكَ عَلَى ظَهْرِهَا مِن دَابَّةٍ وَلَكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيرًا

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

خۆ ئەگەر اللە خەڵك بە کارەکانیان سزا بدات ئەوا هیچ زیندەوەرێك لەسەر پشتی زەوی نەدەما، بەڵام اللە سزاکەیان دوا دەخات بۆ کاتێکی بڕیار لەسەردراو، جا هەرکە کاتەکەیان هات، اللە هەمیشە بۆ بەندەکانی چاودێر بووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ)، ئەگەر اللە سزای خەڵكی بدایە و پاداشتی کارەکانیانی لە سەرپێچی و گوناه بدابایەوە، ئەوا هیچ زیندوەرێك لەسەر پشتی زەوی نەدەما کە اللە لەناوی نەبات، (وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى)، بەڵام اللە سزاکەیان دوا دەخات بۆ کاتێکی دیاریکراو کە هەر خۆی دەزانێت ئەو کاتە کەیە.

بڕگەیەك لەم ئایەتە دەڵێت، {مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَابَّةٍ}، هیچ زیندەوەرێکی لەسەر پشتی زەوی نەدەهێشت کە سزای نەدات.

ئەم دەقە پێمان دەڵیت، کە زەوی پشت و بەری هەیە، واتە سەرەوە و ژێرەوەی هەیە، کەواتە ئەمە وەک دەقەکانی تری قورئان دەیسەلمینیت کە زەوی تەختە.

ئەگەر اللەی عەرەب و ئیسلام پێی وابووایە زەوی گۆییە یان خڕە یان هێلکەییە، ئەوا دەیگوت:

مَا تَرَكَ عَلَيهَا مِن دَابَّةٍ

واتە: لە سەریدا-لەسەر زەوی- هیچ زیندوورەیکی نەدەهێشت کە سزای نەدات.

وە لە وە سەیرتر اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، هیچ زیندەوەرێکم نەدەهێشت کە لەناوی نەبەم یان سزای نەدەم.

{دَابَّةٍ} واتە ئەوەی لە زەویدا دەخشێت و دەڕوات.

وەك كرم و سیسارك و قالۆنچە و جورج و مشك و كەر و ئەسپ و مەیموون و مەڕ و بزن و مرۆڤ هتد

پرسیاری من ئەوەیە: جگە لە مرۆڤ زیندەوەرەكانیش گوناهیان هەیە؟ ئایا ئەوانیش كوفر دەكەن و شرك بە الله دەكەن؟ ئایا ئەوانیش كاتێك دەچن بۆ پیسایی و گووكردن، لە سەرەتا قاچی چەپ ناخەنە ئاودەستەوە؟ كاتێك لەگەڵ مێینەكانیان جووت دەبن، ناڵێن بسم الله؟

وە لە ئایەتی ٣٨ سوورەتی الانعام هاتووە كە الله اكبر، زیندەوەر و باڵندەش لە گۆڕەپانی مەحشەر بۆ لێپرسینەوە كۆدەكاتەوە:

وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ

وە هیچ زیندەوەرێك لە زەویدا نییە، وە باڵندەیەك نییە كە بە دووباڵ دەفڕ، وەك ئێوە میللەت نەبن، لە پەرتووكدا هیچمان نەپەڕاندووە، وە هەر هەمووتان (زیندەوەر و باڵندە و مرۆڤ)، لای خوداكەتان كۆدەكرێنەوە.

بەلام مێش و مەگەز تەنها هەنگ نەبێت دەچنە دۆزەخەوە، ڕیوایەتێكی محمد لە صحیح الجامع (للالبانی) و مجمع الزوائد للهیثمی هاتووە گوتوویەتی:

الذبابُ كلُّهُ في النارِ إلَّا النحلَةُ

مێش و مەگەز هەر هەموویان بۆ ناو دۆزەخن تەنها هەنگ نەبێت.

ڕەنگ بێت هەنگ بچێتە بەهەشتەوە،،،،كۆتایی سوورەتەكە.

# (٤٥)

# سوورەتی مريم (مەریەم)

**١-كهيعص**

كهيعص

**٢-ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا**

ئەی محمد، ئاماژە بە ڕەحمەتی خوداکەت بکە بۆ بەندەکەی کە زەکەریایە.

**٣-إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاء خَفِيًّا**

کە بانگی خوداکەی کرد بە دەنگێکی نزم.

**٤-قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا**

گوتی خوداکەم لە ڕاستیدا من ئێسکم نەرم بووە و سەرم سپی بووە، وە خوداکەم لە نیزاکانم بەندەیەکی سەرکێش نەبووم.

**٥-وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِن وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا**

وە لە ڕاستیدا من لە دوای خۆم لە هەوادارەکانم دەترسم و ژنەکەم نەزۆک بووە، جا منداڵێکم پێببەخشە کە ببێت بە پیادەکەری خۆت.

**٦-يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا**

میراتگری من و خانەوادەی یعقوب بێت، وە خوداکەم ڕازی بکە.

**٧-يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَل لَّهُ مِن قَبْلُ سَمِيًّا**

ئەی زەکەریا مژدەی منداڵێکت پێ دەدەین کە ناوی یەحیایە، کە پێشووتر هیچ کەسێکمان بەو ناوە نەکردووە.

**٨-قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا**

گوتی خوداکەم چۆن دەکرێت منداڵم ببێت، وە ژنەکەم نەزۆکە، وە بە هۆی گەورەیم تلّپی تەڕاتیم تیادا نەماوە.

**٩-قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا**

گوتی بەم جۆرەیە خوداکەت گوتی بۆ من ئەوە کارێکی ئاسانە، وە لە پێشوو تۆم دروستکردووە، وە تۆ شتێك نەبوویت.

**١٠-قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلاَّ تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا**

گوتی خوداکەم نیشانەیەکم بۆ دابنێ،گوتی نیشانەکەت ئەوەیە کە قسە لەگەڵ خەڵك نەکەیت بۆ سێ شەو لە دوای یەك.

**١١-فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا**

ئەوەبوو لە میحراب بۆ لای خەڵکەکەی دەرچوو، جا نیشانەی بۆیان کرد کە بەیانیان و ئێوان پیاهەڵدان بکەن.

**١٢-يَا يَحْيَى خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا**

ئەی یەحیا پەرتووکەکە بە هێز بگرە، وە ژیرمەندیمان پێی دا لە منداڵیەوە.

**١٣-وَحَنَانًا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَاةً وَكَانَ تَقِيًّا**

وە سۆز لە لایەن خۆمانەوە، وە پاکی، وە خوداترس بوو.

**١٤-وَبَرًّا بِوَالِدَيْهِ وَلَمْ يَكُن جَبَّارًا عَصِيًّا**

وە چاك بوو لەگەڵ دایك و باوکی، وە کەسێکی توندووتیژی سەرکێش نەبوو.

**١٥-وَسَلامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا**

وە سڵاوی لێبێت ئەو ڕۆژەی لە دایك بوو، وە ئەو ڕۆژەی دەمرێت و ئەو ڕۆژەی زیندوودەبێتەوە.

**١٦-وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا**

وە لە پەرتووکەکە ئاماژە بە مریەم بکە کە لە کەسوکاری جیابۆوە لە شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی.

**١٧-فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا**

به دوور لەوان پەردەیەکی کرد، جا گیانی خۆمان کە لە مرۆڤێکی سەروسیما پێدراو بەرجەستە کرد، بۆی نارد.

**١٨-قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَن مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا**

گوتی پەنا دەبەمە بەر ڕەحمان لە تۆ، ئەگەر تۆ کەسێکی خواترس بیت.

**١٩-قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلامًا زَكِيًّا**

گوتی لە ڕاستیدا من نێردراوی خوداکەتم، هاتووم منداڵێکی پاك و بێگەردت پێ ببەخشم.

**٢٠-قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا**

گوتی چۆن دەکرێت منداڵم هەبێت، وە هیچ مرۆڤێك دەستی لێم نەداوە، وە من لەشفرۆش نەبووم.

**٢١-قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا**

گوتی ئەوهایە خوداکەت گوتی ئەوە ئاسانە بۆ من، وە بۆ ئەوەی بیکەین بە نیشانەیەك بۆ خەڵك و ڕەحمەتێك لە ئێمەوە، وە ئەوە شتێکی بڕیار لەسەر دراوە.

**٢٢-فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا**

جا پێی دووگیان بوو، بۆ شوێنێکی دوور دوورکەوتەوە.

**٢٣-فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا**

جا ئازاری منداڵبوونی، وایکرد بێت بۆ لای قەدی دارخورمایەك، گوتی خۆزگە پێش ئەوە مردبووام، وە من لە یادکراوێکی لە یادکراوو بووام.

**٢٤-فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلاَّ تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا**

جا لە ژێریەوە بانگیکرد کە دڵتەنگ نەبێت، بە ڕاستی خوداکەت لە ژێرتدا جۆگەلەیەکی دروست کردووە.

**٢٥-وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا**

وە قەدی دارخورماکە بهەژێنە بۆ لای خۆت، وە خورمای تەڕ بەسەرتدا دەکەوێت.

**٢٦-فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا**

(ئەی مریەم)، بخۆ و بخۆرەوە و (بە بینینی کوڕەکەت) چاوت ڕۆشن بکەوە، وە ئەگەر مرۆڤێکت بینی ئەوا پیی بڵێ من بۆ ڕەحمان نەزرم کردووە کە ئیمڕۆ قسە لە گەڵ هیچ کەسیک ناکەم.

**٢٧-فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا**

جا هێنای بۆ لای کەسوکاری هەڵیگرتبوو، گوتیان ئەی مەریەم سوێند بێت بە شتێکی زۆر خراپ هاتوویت.

**٢٨-يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا**

ئەی خوشکی هارون، نە باوکت پیاوێکی خراپ بووە، وە نە دایکت قەحپە بووە.

**٢٩-فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا**

جا نیشانەی کرد بۆ کۆرپەلەکە گوتیان چۆن قسە لەگەڵ کەسێك بکەین کە کۆرپەلەیەکی سەر بێشکەیە.

**٣٠-قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا**

گوتی لە ڕاستیدا من بەندەی اللهم، پەرتووکی پێمداوە، وە منی کردووە بە پێغەمبەر.

**٣١-وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا**

وە لە هەر کوێیەك بم، منی پیرۆز کردووە، وە ڕایسپاردووم بە نوێژ و زەکات تا ئەوکاتەی کە زیندووم.

**٣٢-وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا**

وە لە گەڵ دایکم باش بم، وە منی نەکردووە بە توندووتیژێکی سەرکێش.

٣٣-**وَالسَّلامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا**

وە سڵاوم لێبێت ئەو ڕۆژەی لە دایك بووم، وە ئەو ڕۆژەی دەمرم، وە ئەو ڕۆژەی زیندوو دەبمەوە.

٣٤-**ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ**

ئەوە عیسای کوڕی مەریەمە، قسەی ڕاست کە لەسەریدا مشتومڕتانە.

٣٥-**مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ**

وە الله هیچ کوڕێکی بەخۆوە نەگرتووە، شکۆمەندە، ئەگەر بڕیاری لەسەر بابەتێکدا، تەنها پێی دەڵێت ببە، وە دەبێت.

٣٦-**وَإِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ**

وە الله خودای من و خودای ئێوەیە، بیپەرستن، ئەوە ڕێگای ڕاستە.

٣٧-**فَاخْتَلَفَ الأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ**

جا کۆمەڵەکان لە نێوان خۆیان ناکۆك بوون، واوەیلا لەوانەی کافر بوو لە نمایشی ڕۆژێکی مەزن.

٣٨-**أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا لَكِنِ الظَّالِمُونَ الْيَوْمَ فِي ضَلالٍ مُّبِينٍ**

گوێم لێیان دەبێت و دەبینم ئەو ڕۆژەی دەیانهێنن، بەڵام ستەمکاران لەو ڕۆژەدا لە گومراییەکی ڕووندان.

٣٩-**وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ**

وە هۆشیاریان بدەرێ ڕۆژی پەشیمانی کە بڕیارەکە جێبەجێ کرا لە کاتێکدا بێئاگان و باوەڕ ناهێنن.

٤٠-**إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ الأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ**

لە ڕاستیدا ئێمە میراتگری زەوی و ئەوەی لەسەریەتی دەبین، وە بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە.

**٤١-وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا**

وە لە پەرتووکەکە ئاماژە بە ابراهیم بکە کە کەسێکی ڕاستگۆی پێغەمبەر بوو.

**٤٢-إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لا يَسْمَعُ وَلا يُبْصِرُ وَلا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا**

کە بە باوکی گوت ئەی باوکە بۆچی ئەوە دەپەرستیت کە نابیستێت، وە نابینێت، وە نە هیچ سوودێکی بۆت دەبێت؟

**٤٣-يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءَنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا**

ئەی باوکە من لە زانیاری بۆم هاتووە کە بۆ تۆ نەهاتووە، جا شوێنمکەوە، هیدایەتت دەکەم بۆ ڕێگایەکی ڕاست.

**٤٤-يَا أَبَتِ لا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَنِ عَصِيًّا**

ئەی باوکە شەیتان مەپەرستە، شەیتان بۆ ڕەحمان سەرکێش بووە.

**٤٥-يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ الرَّحْمَن فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا**

ئەی باوکە لە ڕاستیدا من دەترسم کە ئەشکەنجەی ڕەحمانت بەرکەوێت، وە ببیت بە شوێنکەوتەی شەیتان.

**٤٦-قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْرَاهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا**

گوتی تۆ دەستبەردار دەبیت لە خوداوەندەکانم ئەی ابراهیم، ئەگەر کۆتایی پێ نەهێنیت، ئەوا سوێند بێت بەردبارانت بکەم، دە دەستبەجێ بڕۆ و ونبە.

**٤٧-قَالَ سَلامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا**

گوتی سڵاوت لێبێت، داوای لێبووردەیت بۆ دەکەم لە خوداکەم، ئەگەر لێم قبووڵ بکات.

**٤٨-وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلاَّ أَكُونَ بِدُعَاء رَبِّي شَقِيًّا**

وە لێتان دادەبڕێم، وە لەوەی بانگێشەی بۆ دەکەن جگە لە الله، وە نیزا بۆ خوداکەم دەکەم، هیوادارم کە بە نیزاکەم سەپێچی خوداکەم نەکەم.

**٤٩-فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلا جَعَلْنَا نَبِيًّا**

جا کاتیك لێیان دوورکەوتەوە، وە لەوەی دەیانپەرست جگە لە اللە، ئیسحاق و یعقوبمان پێی دا وە هەردووکیان پێغەمبەر بوون.

**٥٠-وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا**

وە لە ڕەحمەتی خۆمان پێیانمان بەخشی، وە زمانێکی ڕاستگۆی بەرزمان پێیان بەخشی.

**٥١-وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولا نَّبِيًّا**

وە لە پەرتووکەکە ئاماژە بە موسا بکە کە لە ڕاستیدا دڵسۆز بوو، وە پێغەمبەرێکی هەواڵدەر بوو.

**٥٢-وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا**

وە لە لای ڕاستی چیاکە بانگمان کرد و لە خۆمان نزیکمان کردەوە.

**٥٣-وَوَهَبْنَا لَهُ مِن رَّحْمَتِنَا أَخَاهُ هَارُونَ نَبِيًّا**

وەک ڕەحمەتێک لە ئێمەوە بۆ موسا براکەی کە هارونە کردمان بە پێغەمبەر.

وە لە ڕەحمەتی خۆمان، براکەی هارونمان وەك پێغەمبەر پێی بەخشی.

**٥٤-وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولا نَّبِيًّا**

وە لە پەرتووکەکە ئاماژە بە ئیسماعیل بکە کە لە ڕاستیدا پابەندی بەڵێن بوو، وە پێغەمبەرێکی هەواڵدەر بوو.

**٥٥-وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُ بِالصَّلاةِ وَالزَّكَاةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِ مَرْضِيًّا**

وە فەرمانی بە خانەوادەکەی دەکرد کە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە لای خوداکەی جێگای ڕەزامەندی بوو.

**٥٦-وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا**

وە لە پەرتووکەکە ئاماژە بە ئیدریس بکە کە لە ڕاستیدا هەواڵدەرێکی ڕاستگۆ بوو.

**٥٧-وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا**

وە بەرزمان کردەوە بۆ شوێنێکی بەرز.

**٥٨-أُوْلَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ مِن ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَن خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا**

ئەوانەن کە اللّٰە چاکەی پێیان بەخشیووە بە پێغەمبەرایەتی لە وەچەکانی ئادەم، وە ئەوانەی کە لە گەڵ نوح هەڵمان گرتن، وە لە نەوەکانی ابراهیم و ئیسرائیل، وە ئەوانەی هیدایەتمان کردن .

٥٩-فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا

**وە لە دوایان خەڵکانێك شوێنیان گرتنەوە کە نوێژیان ون کرد و بە دوای هەوەسەکانیان کەوتن، ئەوانە دەخرێنە دۆزەخەوە.**

**٦٠-إِلاَّ مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلا يُظْلَمُونَ شَيْئًا**

تەنها ئەوانەیان نەبێت کە تۆبەیان کرد و باوەڕیان هێنا و کاری چاکیان کرد، جا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە، وە بە هیچ شتێك ستەمیان لێ ناکرێت.

**٦١-جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدَ الرَّحْمَنُ عِبَادَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّهُ كَانَ وَعْدُهُ مَأْتِيًّا**

باخەکانی عەدن کە الرحمن بە غەیب بەڵێنی داوە، وە بەڵێنێکە و هەر دێتە دی.

**٦٢-لا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا إِلاَّ سَلامًا وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا**

تیایدا گوێیان لە چەنەبازی نابێت تەنها سڵاو نەبێت، وە تیایدا بەیانیان و ئێواران خواردنیان هەیە.

**٦٣-تِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي نُورِثُ مِنْ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيًّا**

ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە بە میرات دەیدەین بەو بەندانەمان کە خوداناس بوون.

**٦٤-وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا**

وە دانابەزین تەنها بە فەرمانی خوداکەت نەبێت، بۆ ئەوە ئەوەی لە پێشمانە و ئەوەی لە دوامانە و لە نێوان ئەو دوانەیە، وە خوداکەت هەرگیز لە بیری نەکردووە.

**٦٥-رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيًّا**

خودای ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیانە، بپەرستن، وە خۆڕاگر بە لە پەرستنی، ئایا بەشتێک دەزانیت کە هاوشێوەی ئەو بێت؟

**٦٦-وَيَقُولُ الإِنسَانُ أَئِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيًّا**

وە مرۆڤ دەڵێت ئایا ئەگەر مردم، بە دڵنیاییەوە بە زیندوویی (لە گۆڕ) دێمە دەرەوە.

**٦٧-أَوَلا يَذْكُرُ الإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئًا**

ئەی مرۆڤ لە یادی نییە کە ئێمە پێشوو دروستمان کردووە لە کاتێکدا هیچ شتێك نەبووە.

**٦٨-فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَالشَّيَاطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا**

دەسا سوێند بە خوداکەت بە دڵنیاییەوە ئەوان و شەیتانەکان کۆدەکەینەوە ئینجا لە دەوروبەری دۆزەخ لە سەر ئەژنۆکانیان کۆیان دەکەینەوە.

**٦٩-ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى الرَّحْمَنِ عِتِيًّا**

ئینجا سوێند بێت لە هەر کۆمەڵێکیان، کامە کەسیان دژووارترینیان بووبێت بەرامبەر بە ڕەحمان دەردەهێنین.

**٧٠-ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِالَّذِينَ هُمْ أَوْلَى بِهَا صِلِيًّا**

ئینجا بە دڵنیاییەوە ئێمە باشتر دەزانین کە کامەیان زیاتر شایستەیە تیایدا بسووتێت.

**٧١-وَإِن مِّنكُمْ إِلاَّ وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا**

وە لە ئێوە هەمووتان دەبێت بچنە دۆزخەوە چونکە بڕیارێکی حەتمی خوداکەتە.

**٧٢-ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا**

ئینجا ئەوانەی کە خوداناس بوون ڕزگار دەکەین، وە ستەمکاران تیایدا لە سەر ئەژنۆ جێدەهێڵین.

**٧٣-وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا**

وە کاتێك ئایەتە بەڵگەدارەکانی ئێمەیان بۆ دەخوێندرێتەوە،ئەوانەی کافر بوون بەوانەیان گوت کە ئیماندار بوون :کامە لە دوو کۆمەڵەکە پلەی چاکتر و لایەنگری باشترە؟

**٧٤-وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَاثًا وَرِئْيًا**

وە چەند نەوەمان لە پێشیان لە ناوبرد، ئایا ئەوانە سامان و ڕاوبۆچوونیان باشترە؟

**٧٥-قُلْ مَن كَانَ فِي الضَّلالَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ الرَّحْمَنُ مَدًّا حَتَّى إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ إِمَّا الْعَذَابَ وَإِمَّا السَّاعَةَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضْعَفُ جُندًا**

بڵێ هەر کەسێك لە گومراییدا بێت ئەوا ڕەحمان درێژکردنەوەیەك بۆی درێژ دەکاتەوە تاوەکو ئەوە دەبینن کە بەڵێنیان پێدراوە، یان سزا و ئەشکەنجە، وە یان ڕۆژی قیامەت، ئینجا دەزانن کێ خراپترین شوێن و لاوازترین سەربازی دەبێت

**٧٦-وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَّرَدًّا**

وە اللە ڕێنمایی ئەوانە زیاد دەکات کە ڕێنمایی دراون، وە ئەوانەی کاری چاکن و دەمێننەوە، پاداشتی باشترە و سەرەنجامی چاکترە لای خوداکەت.

**٧٧-أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالا وَوَلَدًا**

ئەوەت نەبینیووە کە کوفری بە نیشانەکانمان کرد، وە گوتی سوێند بێت منداڵ و سامان بەدەست بهێنم؟

**٧٨-أَطَّلَعَ الْغَيْبَ أَمِ اتَّخَذَ عِندَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا**

ئایا سەیری نادیارەکانی کردووە یان بەڵێنێکی لە لایەن ڕەحمانەوە وەرگرتووە؟

٧٩-**كَلاَّ سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُ مِنَ الْعَذَابِ مَدًّا**

نەخێر، ئەوەی دەیڵێت دەنووسین، وە ئەشکەنجەکەی بۆ درێژ دەکەینەوە

٨٠-**وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا**

وە ئەوەی دەیڵێت (منداڵ و سامانەکەی) بە میرات بۆ ئێمە دەبێت، وە خۆی بە تەنها بۆ لامان دێت.

٨١-**وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِّيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا**

وە جگە لە الله خوداوەندیان بە خۆیانەوە گرتووە بۆ ئەوەی بۆیان ببێت بە شانازی.

٨٢-**كَلاَّ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا**

نەخێر(ئەو خوداوەندانە) حاشا لە پەرستنەکانیان دەکەن و دەبن بە دژیان.

٨٣-**أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنَا الشَّيَاطِينَ عَلَى الْكَافِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا**

ئەی نەتبینیوە کە لە ڕاستیدا ئێمە شەیتانەکانمان بۆ کافرەکان ناردووە کە هانیان بدەن؟

٨٤-**فَلا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا**

جا پەلەیان بەسەردا مەکە، لە ڕاستیدا ئێمە بە ژماردن بۆیان دەژمێرین.

٨٥-**يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمَنِ وَفْدًا**

ڕۆژێ خوداناسان کۆدەکەینەوە، بە دەستە بۆ لای ڕەحمان دەبرێن.

٨٦-**وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَى جَهَنَّمَ وِرْدًا**

وە تاوانباران بۆ دۆزەخ بە تینویی ڕاپێچ دەکەین.

٨٧-**لا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلاَّ مَنِ اتَّخَذَ عِندَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا**

هیچ دەسەڵاتێکیان نییە بۆ تکاکردن مەگەر ئەوانە نەبن کە لە لای ڕەحمان بەڵێنیان وەرگرتووە.

٨٨-**وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا**

وە دەڵێن ڕەحمان ڕۆڵەی بەخۆوە گرتووە.

٨٩-**لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا**

بە ڕاستی بوختانێکی ناپەسەندی گەورەتان کردووە.

٩٠-**تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا**

خەریکە ئاسمانەکان درز ببەن و زەوی شەق ببێت و چیاکان دابتەپن.

٩١-**أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا**

کە دەڵێن ڕەحمان ڕۆڵەی هەیە.

٩٢-**وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا**

وە ناکرێت ڕەحمان ڕۆڵە بەخۆوە بگرێت.

٩٣-**إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ إِلاَّ آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا**

هەرچیەك لە ئاسمانەکان و زەویدان تەنها وەك بەندە دێن بۆ لای ڕەحمان

٩٤-**لَقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا**

وە بە دڵنیاییەوە سەرژمێری کردوون و بە ژماردن ژماردوونی.

٩٥-**وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا**

وە هەر هەموویان لە ڕۆژی قیامەت تاکوتەنها دێن بۆ لای.

٩٦-**إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا**

ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە ئەوا ڕەحمان سۆز دەخاتە نێوانیانەوە.

٩٧-**فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ الْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِ قَوْمًا لُّدًّا**

جا لە ڕاستیدا ئەو قورئانەمان بە زمانی تۆ ئاسانکرد بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە مژدە بە خوداناسان بدەیت و خەڵکانێکی سەرسەختی پێ بترسێنیت.

٩٨-**وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا**

وە چەندەها نەوەمان پێش ئەوان قڕ کرد، ئایا هەست بە کەسێکیان دەکەیت، وە یان گوێت لە نووزەیەکیان دەبێت؟

# شرۆڤە و تێبینی

## ئایەتی ١

کهیعص

ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە مانای {کهیعص} دەڵێت، چەند وتەوتێك هەیە:

یەکەم: ابن عباس و علی کوڕی ابي طالب گوتوویانە: کهیعص، ناوێکە لە ناوەکانی الله و الله سوێندی پێ خواردووە.

ابن حجر لە فتح الباری والطبری لە جامع البیان و ابن الجوزی لە زاد المسیر و ابن عطیة لە المحرر الوجیز دەڵێن، دەگێڕنەوە کە علی کوڕی ابي طالب نیزای دەکرد و دەیگوت:

یا كَهَيَعَصَ اغْفِرْ لِي

ئەی کهیعض لە گوناهەکانم ببوورە.

دووەم: الحسن و مجاهد گوتوویانە "کهیعص" ناوی ئەم سوورەتەیە.

سێهەم: قتادة گوتوویەتی، کهیعص، ناوێکە لە ناوەکانی قورئان.

وە هەندێك گوتوویانە، هەر پیتێك لە پیتەکانی "کهیعص" پیتی یەکەمی ناوێکە لە ناوەکانی الله:

(کاف)، کریم و (هاء)، هاد و (یاء)، یمین و (عین)، عالم، یان عزیز، یان عادل و (ص)، صادق.

لە السیرة النبویة لابن اسحاق و البدایة و النهایة لابن کثیر، چیرۆکێکی دروستکراو هاتووە، کە کاتێك موسڵمانان کۆچ دەکەن بۆ لای النجاشی پادشای حەبەشە کە مەسیحی بوو، النجاشی بە جعفر بن ابي طالب دەڵێت:

ئایا شتێکت لایە ئەوەی محمد لە لایەن اللّٰەوە هێناویەتی؟

جعفر دەڵێت: بەڵێ

النجاشی دەڵێت: بۆم بخوێنەوە؟

جعفر، ئایەتی ١-٢٢ ئەم سوورەتەی بۆ خوێندەوە.

دەڵێت، یەکسەر النجاشی دەستی بەگریان کرد، تاوەکو ڕیشی بە فرمێسك تەڕ بوو، وە قەشەکان لەگەڵیدا گریان، چونکە سەرسامی ئەم سوورەتە بوو.

بۆچی ئەم چیرۆکە داڕێژراوە و درۆیە؟چونکە:

یەکەم: ئەم سوورەتە سوکایەتی بە مریم کردووە.

دووەم: شتی زۆر ناڕاستی تێدایە سەبارەت بە المسیح و مریەم.

سێهەم: النجاشی عەرەبی نەزانیووە تاوەکو لە سوورەتەکە تێبگات.

چوارەم: هێشتا سوورەتی النجم دانەبەزیبوو کاتێك موسڵمانان کۆچیان کرد بۆ حەبەشە. سوورەتی النجم ژمارە بیست و سێیە لە ڕیزبەندی دابەزین، وە سوورەتی مریم ژمارە چل و پێنجە لە ڕیزبەندی دابەزین. واتە ٢٢ سوورەت دواتر دابەزیووە. واتە کاتێك موسڵمانان کۆچیان کردووە بۆ حەبەشە سوورەتی مریم دانەبەزیبوو.

## ئایەتی ٢-٤

ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا

إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاء خَفِيًّا

قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی محمد، ئاماژە بە ڕەحمەتی خوداکەت بکە بۆ بەندەکەی زەکەریا

کە هانای بۆ خوداکەی کرد بە دەنگێکی نزم و نهێنیەوە.

گوتی: خوداکەم، بەڕاستی من ئێسکم نەرم بووە و قژم سەرتاپای ماشوبرنجی بووە، خوداکەم هەرگیز بە نیزاکردن بۆت سەرکێش نەبووم.

دوو هەڵەی دیار و ڕوونی ئایەتی ١

یەکەم: {ذِكْرُ}، واتە "ئاماژەکردن"هەڵەیە و دەبێت {اذْكُرْ} واتە "ئاماژە بکە.

{اذْكُرْ}، واتە ئەی محمد ئاماژە بکە.

هەروەک لە ئایەتی ١٦ هاتووە:

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ

واتە:  ئەی محمد، لە پەرتووکدا ئاماژە بە مریەم بکە.

وە ئەم مانایە لەگەڵ مانای چەند ئایەتی دواتر دێتەوە، چونکە زەکەریا نیزا بۆ خوداکەی دەکات کە کوڕێکی پێ ببەخشێت.

زەکەریا ناوێکی لێکدراوی عیبریە بەمانای ( ئاماژەی بە ڕەحمەتی خوداکەی کرد)

ئەگەر لە ئایەتەکە وردبینەوە، لە ڕوانەی مانای وشەی زەکەریا، دەبینین دەڵێت، بەندەکەی یادی ڕەحمەتی خوداکەتی کردەوە،

واتە ئەم برگەیە، ( ذِكْرُ رَحْمَتِ  رَبِّكَ عَبْدَهُ) بە مانای (زَكَرِيَّا) دێت.

دووەم: {رَحْمَتِ} هەڵەیە و دەبێت بنووسرێت {رَحْمَةِ}، وە هەندێك لە قورئانەکانی بەردەست چاکیان کردۆتەوە، واتە دەستکاری قورئانیان کردووە.

لە صحيح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە محمد گوتوویەتی:

كانَ زَكَرِيَّاءُ نَجَّارًا

زەکەریا دارتاش بوو.

بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز، زەکەریا دارتاش نەبووە، بەڵکو یەکێك بووە لە گەورە پیاوە ئاینیەکان"ڕەببانی" کە خزمەتکاری پەرستگا بووە.

وە پەرتووکی پیرۆز- پەیمانی نوێ، پێمان دەڵێت، کە ژنەکەی زەکەریا ناوی ئەلیسابات بووە.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

زەکەریا پێغەمبەرێکی مەزنی بنی ئیسرائیل بوو.

بەڵام زەکەریا بۆ یەك چاوتروکانیش پێغەمبەر نەبووە.

گرنگ بە گوێرەی شرۆڤەکەرانی ئیسلام ئەم ٣ ئایەتە دەڵێن:

ئەی محمد، ئاماژە بکە بە ڕەحمەتی خوداکەت بە زەکەریای بەندەکەی، کە بانگی خوداکەی کرد بە دەنگێگی نزم و بە نهێنیەوە گوتی: خوداکەم من ئێسکم نەرم بووە و سەرم ماش و برنجی بووە، وە من لە نیزاکانم سەرکێشیم تۆم نەکردووە.

## ئایەتی ٥-٦

وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِن وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا

يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا

زەکەریا لە نیزاکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

وە من ترساوم لە شوێن کەوتوانم لە دوای خۆم، وە ژنەکەم نەزۆك بووە، سا تۆ لە لایەن خۆتەوە منداڵێکم پێ ببەخشە.

میراتگرم بێت و میراتگری خانەوادەی یعقوب بێت، خوداکەم تۆش ڕازی بکە.

## ئایەتی ٧

يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَىٰ لَمْ نَجْعَل لَّهُ مِن قَبْلُ سَمِيًّا

دوای ئەوەی زەکەریا لە نیزاکەی تەواو دەبێت، الله اکبر وەڵامی نیزاکەی دەداتەوە و دەڵێت:

ئەی زەکەریا، ئێمە مژدەی منداڵێك بە تۆ دەدەین کە ناوی یەحیا دەبێت، لە پێشوودا، هیچ کەسێکمان بە هاوناوی ئەو نەکردووە.

امام الماوردی لە النکت و العیون و ابن الجوزی لە زاد المسیر سەبارەت بە {لَمْ نَجْعَل لَّهُ مِن قَبْلُ سَمِيًّا} دەڵێن، ٣ وتەوت هەیە:

یەکەم: ابن عباس گوتوویەتی: واتە هیچ ژنێکی نەزۆك منداڵێکی وەك یوحنای نەبووە. واتە: هاوشێوە و هاوشانی یوحنامان نەهێناوەتە ئاراوە.

دووەم: مجاهد گوتوویەتی: پێش یوحنا منداڵمان نەدابوو بە زەکەریا.

سێهەم: قتادة گوتوویەتی: هیچ کەسێك پێشوو ناوی یوحنا نەبووە.

## ئایەتی ٨

قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا

زەکەریا لە وەڵامی ئەو مژدەیەی الله کە کوڕی پێ دەدات دەڵێت:

زەکەریا گوتی: چۆن دەکرێت کوڕم ببێت، وە ژنەکەم نەزۆك بووە، وە خۆم گەیشتوومەتە ئەوپەڕ تەمەنی پیری.

گاڵتەجاری ئەم دەقە لەوەدایە، کە یەك ئایەت پێشووتر، زەکەریا نیزا بۆ خوداکەی دەکات کە منداڵێکی پێ ببەخشێت، وە زەکەریا خۆی دەڵێت:

وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا (ئێسکم نەرم بووە و سەرم سپی بووە).

وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا، (وە ژنەکەم نەزۆك بووە).

فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا، (منداڵێکم لە لای خۆتەوە پێ ببەخشە).

کەچی کاتێك الله اکبر پێی دەڵێت: "ئەی زەکەریا مژدەت پێ دەدەین کە منداڵێکت پێ ببەخشین". زەکەریا دەڵێت: ئەوە چۆن دەبێت؟!!!!!

وە هەمان گاڵتەجاری لە ئایەتی ٣٨-٤٠ سوورەتی ال عمران دووبارە بۆتەوە کە دەڵێت:

هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاء

فَنَادَتْهُ الْمَلآئِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى

قَالَ رَبِّ أَنَّىَ يَكُونُ لِي غُلاَمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ

واتە:

لەوێ (لە میحراب)، زەکەریا بانگی خوداکەی کرد، گوتی: خوداکەم منداڵێکی باشم لە لایەن خۆتەوە پێ ببەخشە، هەر خۆت گوێبیستی نیزایت.

جا یەکسەر فریشتە بانگی زەکەریای کرد کاتێك لە میحراب وەستابوو و نوێژی دەکرد و پێی گوت: الله مژدەی کوڕێکت پێ دەدات بە ناوی یەحیا.

زەکەریا گوتی: خوداکەم چۆن دەکرێت منداڵم ببێت لە کاتێکدا من تەمەنم گەورە بووە، وە ژنەکەم نەزۆکە.

ئەگەر بەراوردی نیزاکەی زەکەریا بکەین لە نێوان سوورەتی مریم و سوورەتی ال عمران دەبینین جیاوازن. وە ناکرێت لە هەماندا کاتدا زەکەریا بە دوو شێوەی جیاواز نیزاکەی کردبێت.

کەواتە: ئایا زەکەریا بەو شێوەیە نیزای کردووە کە لە سوورەتی مریم یان لە سوورەتی ال عمران هاتووە؟

پرسیارێکی تر:

ئایا الله وەڵامی بە نیزاکەی زەکەریا دایەوە و گوتی:

يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَىٰ

ئەی زەکەریا ئێمە مژدەی منداڵێکت پێ دەدەین بە ناوی یەحیا.

یان فریشتە وەڵامیان بە نیزاکەی زەکەریا دایەوە وەك لە ئایەتی ٣٩ سوورەتی ال عمران هاتووە:

فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ

جا یەکسەر فریشتە بانگی زەکەریای کرد و گوتی: الله مژدەی منداڵێکت پێ دەدات بە ناوی یەحیا.

## ئایەتی ٩

قَالَ كَذَٰلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا

دەڵێت:

گوتی بەم جۆرەیە، خوداکەت گوتی ئەم کارە بۆ من کارێکی ئاسانە، وە تۆم لە پێشوو دروستکردووە، وە تۆ شتێك نەبوویت.

{وَلَمْ تَكُ شَيْئًا-تۆ شتێك نەبوویت}، وەك الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێن، واتە وەك چۆن تۆ بوونت نەبوو کاتێك الله تۆی دروستکرد ئەوا بە هەمان شێوە الله یەحیا دروستدەکات.

# ئایەتی ١٠

قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلاَّ تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا

زەکەریا داوا لە خوداکەی دەکات و دەڵێت:

خوداکەم نیشانەیەکم بۆ دابنێ، الله گوتی: نیشانەکەت ئەوەیە کە بۆ سێ شەوی لە دوای یەك قسە لەگەڵ خەڵك نەکەیت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الطبری لە جامع البیان دەڵێن، ابن عباس سەبارەت بە { ثَلَاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا} گوتوویەتی: واتە ٣ شەو لەسەر یەك.

# ئایەتی ١١

فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ أَنْ سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا

دەڵێت:

ئینجا زەکەریا لە میحراب بۆ لای قەومەکەی دەرچوو و بە هێما ئاماژەی بۆ کردن کە بەیانیان و ئێواران ستایشی الله بکەن.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە (فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ ) دەڵێت: هێمای بۆیان کرد، وە هێماکردن دەکرێت لە ڕێگای دەست یان نووسین یان بە ڕێگایەکی تر بێت.

امام الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە { فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ} دەڵێت، سێ وتەوت هەیە:

یەکەم: ڕایسپاردن.

دووەم: بە دەست هێمای بۆ کردن.

سێهەم: لە سەر زەوی بۆیانی نووسی.

ئەوەی گاڵتەجاریە لەم دەقەدا ئەوەیە کە نووسەری قورئان لە پێناو وەزن و قافیە، ستایشکردنی خودای تایبەت کردووە بە بەیانیان و ئێواران.

أَنْ سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا

بەیانیان و ئێواران ستایشی الله بکەن.

واته پیویست ناکات کاتەکانی تر ستایشی الله بکرێت.

## ئایەتی ١٢-١٥

یَا یَحْیَى خُذِ الْکِتَابَ بِقُوَّةٍ وَآتَیْنَاهُ الْحُکْمَ صَبِیًّا، وَحَنَانًا مِّن لَّدُنَّا وَزَکَاةً وَکَانَ تَقِیًّا

وَبَرًّا بِوَالِدَیْهِ وَلَمْ یَکُن جَبَّارًا عَصِیًّا

وَسَلَامٌ عَلَیْهِ یَوْمَ وُلِدَ وَیَوْمَ یَمُوتُ وَیَوْمَ یُبْعَثُ حَیًّا

ئینجا یەحیا لە دایك دەبێت و الله اکبر بە یەحیا دەڵێت:

ئەی یەحیا پەرتووکەکە توندبگرە، وە لە منداڵیدا ژیرمەندی و سۆز و پاکیمان لە لای خۆمانەوە پێی بەخشی، وە خۆپارێز و خوداناس بوو.

ئاکار چاك بوو لەگەڵ دایك و باوکیدا، وە هەرگیز سەربزێو و سەرپێچکەر نەبوو

سڵاوی لێ بێت ڕۆژێ کە لە دایك بووە، وە ڕۆژێ کە دەمرێت، وە ڕۆژێ کە زیندوودەکرێتەوە.

{یَوْمَ یَمُوتُ} هەڵەیە چونکە یەحیا لە سەردەمی المسیح دەکوژرێت، واتە ٦٠٠ ساڵ بەر لە دابەزینی ئەم دەقە مردووە. لەبەر ئەوە دەبێت بیگووتایە:

یَوْمَ مَاتَ، واتە ڕۆژێ کە مرد.

ئایەتی ١٢ دەڵێت:

یَا یَحْیَى خُذِ الْکِتَابَ بِقُوَّةٍ

ئەی یەحیا، پەرتووکەکە بەتوندی بگرە، واتە پابەندی بە.

الطبری لە جامع البیان، لە مانا و شرۆڤەی ئەم برگەیە دەڵێت:

زەکەریا یەحیای بوو، وە کاتێك یەحیا بوو، الله پێی گوت: ئەی یەحیا ئەو پەرتووکە بەهێز بگرە، واتە ئەو پەرتووکەی الله بۆ موسای دابەزاند کە تەوراتە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

یەحیا منداڵ بوو تەمەن بچووك بوو، وە الله فێرە پەرتووکی کرد کە تەوراتە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

والكتاب التوراة بلا خلاف

واتە: {الكتاب} تەوراتە، وە ئەوە هیچ ناكۆكیەكی لەسەر نییە.

واتە تەورات لە سەردەمی یەحیا هیچ كێشەیەكی نەبووە، لەبەر ئەوە الله دەڵێت، ئەی یەحیا تەورات بە توندی بگرە و پابەندی بە.

وە هەمان تەورات لە سەردەمی محمد بوونی هەبووە، كەواتە ئیدعای موسڵمانان كە تەورات دەستكاری كراوە، بە ئیعترافی قورئان درۆیەكی زلی زانایانی ئیسلامە.

ئەوەی سەیرە لە بڕگەی دووەمی ئایەتی ١٢، اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

آتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا

وە ژیرمەندیمان پێی بەخشی كاتێك منداڵ بوو.

{صَبِي}، لە زمانی عەرەبی، واتە منداڵێكی هێشتا شیری دایكی دەخوات.

بەڵام لە فیقهی ئیسلامی بە مانای منداڵێك دێت هێشتا هەراش نەبووە و پێی نەناوەتە تەمەنی هەرزەكاری.

كەچی اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: كاتێك یەحیا منداڵ بوو ژیرمەندیمان پێی دا.

الطبری لە جامع البیان، لە مانا و شرۆڤەی ئەم بڕگەیە دەڵێت:

واتە كاتێك منداڵ بوو، پێش ئەوەی هەراش بێت، وامان كرد كە لە پەرتووكی الله تێبگات.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم و القرطبی لە الجامع الاحكام القران دەڵێن معمر گوتوویەتی:

منداڵ بە یەحیایان گوت، با بچین یاری بكەین. یەحیا گوتی من بۆ یاری دروست نەكراوم، لەبەر ئەوە الله گوتوویەتی {وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا}.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە {وَزَكَاةً} دەڵێت:

واتە: لە هەموو گوناهێك پاك بوو واتە بێ گوناه بوو.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {وَزَكَاةً} دەڵێت:

{زَكَاةً}، واتە پاکی لە پیسی و گوناه و خراپە.

فەرموودەیەکی صحیح لە مسند احمد و السلسلة الصحيحة للالبانی و مجمع الزوائد للهیثمی، هاتووە کە محمد گوتوویەتی:

ما من أَحَدٍ من وَلَدِ آدمَ إلا قد أخطأَ أو هَمَّ بخطيئةٍ ليس يحيَى بنَ زكريا وما ينبغي لأَحَدٍ أن يقولَ : أنا خيرٌ من يونسَ بنِ مَتَّى عليهِ السلامُ

هیچ کەسێك لە نەوەکانی ئادەم نییە کە هەڵەی نەکردبێت، وەیان نەیوستبێت هەڵەیەك بکات تەنها یەحیا کوڕی زەکەریا نەبێت، وە نابێت هیچ کەسێك بڵێت: من باشترم لە یونس کوڕی مەتا.

الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکەن کە گوتوویەتی:

مَا مِنْ أحَدٍ يَلْقَى اللَّهَ يَوْمَ القِيامَةِ، إلا ذَا ذَنْبٍ، إلا يَحْيَى بنَ زَكَرِيّاَ

هیچ کەسێك نییە کاتێك لە ڕۆژی قیامەت بە الله دەگات، کە گوناهی نەبێت تەنها یەحیا کوڕی زەکەریا.

لەم فەرموودەیەدا، محمد پشتڕاستی دەکاتەوە کە خۆیشی گوناهی هەیە. وە محمد گوتوویەتی، نابێت هیچ کەسێك بڵێت کە من باشترم لە یونس کوڕی مەتا.

کەواتە چۆن دەکرێت محمد شەرافەتمەندترینی خەلقەکانی الله و پێغەمبەرەکانی بێت؟

ابن عدي و الدارقطني و البیهقی و ابن عساکر، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێکی محمد کردووە کە گوتوویەتی:

خَلَقَ اللَّهُ فِرْعَوْنَ فِي بَطْنِ أُمِّهِ كَافِرًا، وَخَلَقَ يَحْيَى بْنَ زَكَرِيَّا فِي بَطْنِ أُمِّهِ مُؤْمِنًا

الله فیرعەونی بە کافری لە سکی دایکی دروستکرد، وە یەحیا کوڕی زەکەریای بە ئیمانداری لە سکی دایکی دروستکرد.

وە محمد صلعم، پاك و بێگەردی و بێگوناهی یەحیا کوڕی زەکەریای پەیوەست کردیە بە چووکی. ابن ابي حاتم و ابن جرير الطبری و ابن عساکر و الحاکم و ابن ابي

شيبة و امام احمد، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێکی محمد کردووە کە گوتوویەتی یەحیا کوڕی زەکەریا:

كَانَ ذَكَرُهُ مِثْلَ هَذِهِ الْقَذَاةِ

چووکی یەحیا وەك ئەو چیلکە دارە بچووك بووە.

وە لە ڕیوایەتێکدا محمد گوتوویەتی: وَإِنَّمَا كَانَ ذَكَرُهُ مِثْلَ هُدْبَةِ الثَّوْبِ وَأَشَارَ بِأُنْمُلَةٍ

چووکی یەحیا وەك ئەو لیچکە کراسە وابوو، وە هێمای کرد بە سەری پەنجەی.

واتە هەم بچووك بوو، وە هەم خاو بوو و ڕەق نەدەبوو.

الطبری لە جامع البيان، سەبارەت بە ئایەتی ١٥ {وَسَلامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا} دەڵێت، واتە:

ڕۆژێ لە دایك دەبێت پارێزراوە لە شەیتان و ئەو خراپەکاریانەی کە شەیتان دەیکات لەگەڵ نەوەکانی ئادەم، وە پارێزراو دەبێت لە ئازاری گۆڕ، وە پارێزراو دەبێت لە ڕۆژی قیامەت.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

لەم ٣ حاڵەتەدا پارێزراو دەبێت واتە لە کاتی لە دایکبوون و لە کاتی مردن و لە کاتی زیندووبوونەوە.

## ئایەتی ١٦-٤٠

باس لە چیرۆکی مریەم دەکات. وە چیرۆکی مریەمی قورئان بە تەواوی جیاوازە لە چیرۆکی مریەم لە پەرتووکی پیرۆز.

قورئان چیرۆکی مریەمی لە شیعرێکی امية بن ابي الصلت وەرگرتووە کە المقدسى لە البدء و التأريخ ئاماژەی بە شیعرەکە کردووە:

وفي دينكم من رب مريم آيةٌ منبئةٌ بالعبد عيسى ابن مريمِ

أنابت لوجه الله ثم تبتلت فسبَّح عنها لومةَ المتلومِ

فلا هي همَّت بالنكاح ولا دنت إلى بشر منها بفرجٍ ولا فمِ

ولطَّتْ حجاب البيت من دون أهلها تغيَّبُ عنهم في صحاريّ رِمْرِم

يحار بها الساري إذا جن ليله وليس وإن كان النهارُ بِمُعْلَمِ

تدّلى عليها بعد ما نام أهلها رسول فلم يَحْصَرْ ولم يترمرم

فقال ألا لا تجزعي وتكذبي ملائكةً من رب عادٍ وجرهمِ

أنيبي وأعطي ما سُئلتِ فإنني رسول من الرحمن يأتيكِ بابنمِ

فقالت له أنَّى يكون ولم أكن بغياً ولا حبلى ولا ذاتَ قِيّمِ

أأُحْرَجُ بالرحمن إن كنتُ مُسْلماً كلامي فاقعد ما بدا لك أوْ قمِ

فسبَّح ثم اغترَّها فالتقت به غلاماً سويَّ الخلق ليس بتوأَمِ

بنفخته في الصدر من جيب درعها وما يصرِمِ الرحمن مِلأَمِر يُصْرَمِ

فلمَّا أَتمته وجاءت لوضعه فآوى لهم من لومهم والتندُّمِ

وقال لها من حولها جئت منكرا فحقٌ بأن تُلَحيْ عليه وتُرجمي

فأدركها من ربّها ثمَّ رحمة بصدق حديث من نبيٍّ مكلمِ

فقال لها إني من الله آية وعلَّمني والله خير معلم

وأُرسلت لم أُرسَلْ غوياً ولم أكن شقياً ولم أُبعثْ بفحش ومأثْمِ

## ئایەتی ١٦-١٧

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا

فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّ

اللّٰەی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

ئەی محمد لە قورئان ئاماژە بە مریەم بکە کە دوور لە کەسوکاری شوێنێکی لە ڕۆژهەڵات بۆ خۆی هەڵبژارد.

جا بە پەردەیەك خۆی لێیان دابڕاند، ئێمەش ڕۆحی خۆمان بۆی نارد، وەك مرۆڤێکی تەواو بۆی بەدیار کەوت.

چەند تێبینیەك سەبارەت {فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّ}:

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: ئێمە وەك الله اكبر ڕۆحی خۆمان بۆ مریەم نارد، بۆ ئەوەی لەم ڕۆحە منداڵێکی ببێت.

شرۆڤەکاران دەڵێن، {رُوحَنَا}، واتە جبرایل.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت:

{فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا}، جبرایلە بە وتەی کۆمەلێك لە زانایان و شرۆڤەکەران.

وە دەڵێت، سەبارەت بەو کاتەی جبرایل هات بۆ لای مریەم ٣ وتەوت هەیە:

یەکەم: مریەم خۆی دەشۆری.

دووەم: تەواو ببوو لە خۆشۆرین و جل لەبەرکردن.

سێهەم: دوای ئەوەی گەڕابۆوە ماڵەوە.

من دەڵێم، ئەگەر {رُوحَنَا} جبرایل بێت، کەواتە المسیح عیسا دەبێت کوڕی جبرایل بێت.

وە ئایەتی ١٢ سوورەتی التحریم دەڵێت:

وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا

وە مریەمی کچی عیمران پارێزگاری لە نێوگەڵی خۆی کرد، ئێمەش یەکسەر ڕۆحی خۆمان فوو کردە نێوگەلێیەوە.

واتە ئەگەر {رُّوحِنَا} بە مانای جبرایل بێت، کەواتە {فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا} دەبێت بە: جبرایلمان فوو کردە نێوگەڵی مریەمەوە.

لەبەر ئەوە {رُوحَنَا}، واتە ڕۆحی اللە. واتە المسیح لە ڕۆحی اللەیە.

موسڵمانان دەڵێن قورئان بە ڕادەیەك ڕێزی لە مریەم ناوە کە سوورەتێکی تەواوی ناو ناوە مریەم . بەڵام ئەگەر هەر کەسێك بە تێگەیشتنەوە قورئان بخوێنێتەوە و چاوێك بە سەرچاوە ئیسلامیەکان بخشێنێتەوە دەبینێت کە قورئان ئەوپەڕی سووکایەتی بە مریەم کردووە.

القرطبی له الجامع لاحكام القران، له شرۆڤەی ئایەتی ٤٧ سوورەتی ال عمران،{قَالَتْ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ۖقَالَ كَذَٰلِكِ اللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ إِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ}، دەڵێت:

ناكرێت عیسا تەنها له فووپیاكردنی جبرایل بێت، چونكه ئەوكات بەشێكی له فریشته-جبرایل- دەبێت، وه بەشێكی له مرۆڤ-مریەم- دەبێت، بەڵام كاتێك الله ئادەمی دروستكرد و بەڵێنی له نەوەكانی وەرگرت ئەوا هەندێك له تۆواوی خسته پشتی باوكانەوه، وه هەندێكی خسته منداڵدانی دایكانەوه، كاتێك ئەو دوو ئاوه-تۆواوه- بەیەكەوه كۆدەبنەوه ئەوا منداڵ دروستدەبێت. وه الله هەردوو ئاوەكەی منداڵ دروستبوونی له مریەم دانابوو، هەندێك له منداڵدانی و هەندێك له پشتیدا، ئەوەبوو جبرایل فووی پیا كرد بۆ ئەوەی شەهوەتی مریەم بورووژێنێت چونكه ژنان دووگیان نابن ئەگەر شەهوەتیان نەورووژێت، كاتێك بەم فوو پیاكردنەوەی جبرایل، مریەم شەهوەتەكەی وروژا، ئەوا ئەو ئاوەی پشتی هاته خوارەوه بۆ ناو منداڵدانی و دووگیان بوو.

امام البیضاوی له انوار التنزیل دەڵێت:

{فَٱتَّخَذَتْ مِن دُونِهِم حِجَاباً} واته پەرده {فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَراً سَوِيّاً} دەڵێن: مریەم له پشت پەردەیەك دانیشتبوو خۆی دەشۆری له سورِی مانگانه. وه كاتێك خەریكی خۆ شۆرین بوو، جبرایل له شێوەی گەنجێكی جوان و قۆز و لووس هات، قسەی لەگەڵ مریەم كرد بۆ ئەوەی هەوەسی سێكسی بورووژێنێت و تۆواو له پشتیەوه دابەزێت بۆ ناو منداڵدانیەوه.

امام البغوی له معالم التنزیل، دەڵێت:

كاتێك مەریەم له سوورِی مانگانەی خۆی دەشۆری و ڕووت بوو، جبرایل هات بۆ لای له شێوەی گەنجێكی قۆزی لووس و سیما جوانی قژ لوول.

## ئایەتی ١٨

قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا

دەڵێت مەریەم پێی گوت:

به ڕاستی پەناگه دەگرم به ڕەحمان له تۆ ئەگەر تۆ كەسێكی خواترس بیت.

ابن كثير له تفسير القران العظيم دەڵێت:

واته کاتێك فریشتەکه له شێوەی مرۆڤ بۆی بەدیار کەوت، وه مریەم له شوێنێك بەتەنها بوو، وه له نێوان خۆی و کەسوکاری پەردەیەك هەبوو، له فریشتەکه ترسا و وایزانی که داوای گانی لێ دەکات، ئەوەبوو گوتی پەناگه دەکەم بۆ ڕەحمان-الله- ئەگەر تۆ له الله بترسیت.

هەڵەیەکی ڕوونی ئەم دەقه ئەوەیه که مریەم گوتوویەتی پەناگه دەکەم بۆ الله ئەگەر تۆ خوداترس بیت:

قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَـٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا

کەس هەیه پەناگه بکات به خودا له کەسێکی خودا ترس؟ هەرگیز.

خەڵکی باوەڕدار پەناگه دەباته بەر خودا له کەسانێکی خودانەترس.

القرطبی له الجامع لاحکام القران، هەوڵی داوه پینەی ئەم هەڵەیەی قورئان بکات و دەڵێت:

تَقِيٌّ اسْمُ فَاجِرٍ مَعْرُوفٍ فِي ذَلِكَ الْوَقْتِ

{تقي}، ناوی پیاوێکی خوێڕی بوو لەو سەردەمه.

الماوردی له النكت و العیون دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

أنه كان اسماً لرجل فاجر من بني إسرائيل مشهور بالعهر يُسَمَّى تقياً فخافت أن يكون الذي جاءها هو ذلك الرجل المسمى تقياً

{تقی}، ناوی پیاوێکی خوێڕی بوو له بنی ئیسرائیل که بەناوبانگ بوو له خوێڕیاتی، مریەم ترسا ئەو پیاوه بێت هاتبێت بۆ لای، که ناوی تقی بوو.

کەواته به قسەی القرطبی و الماوردی: جبرایل خۆی له شێوەی پیاوێکی خوێڕی بەرجەسته کردووه.

ئەوه گوایه جەنابیان هاتوون ئەو هەڵەیەی قورئان پینەو پەڕۆ بکەن بەڵام کێشەکەی گەورەتر کردووه.

له خۆڕایی نەیانگوتووه دەستی لێ مەده با خراپتر نەبێت.

بەڵام ابن الجوزی له زاد المسیر دەڵێت:

على كوڕی ابي طالب و ابن مسعود و ابي رجاء، ئەو بڕگەیەیان بەم شێوەیە دەخوێندەوە:

إلا أن تكون تقيّاً

واتە: پەناگە دەکەم بە ڕەحمان ئەگەر تۆ خوداترس نەبیت.

واتە ئەوە دەیسەلمێنێت قورئان دەستکاری کراوە.

خوداترس و خودا نەترس پێچەوانەی یەکن.

دەی ڕەنگ بێت مۆرانە پیتی(إلا)ی خواردبێت و لەبەر ئەوە لە قورئانی ئێستادا ئەم پیتە بوونی نەماوە.

## ئایەتی ١٩

قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلامًا زَكِيًّا

جبرایل بە مریەمی گوت:

لە ڕاستیدا من نێردراوی خوداکەتم (هاتووم) بۆ ئەوەی منداڵێکی پاکت پێ ببەخشم.

بە گوێرەی ئەم دەقە بێت، عیسا لە جبرایلە. چونکە جبرایل دەڵێت:

لِأَهَبَ لَكِ غُلامًا زَكِيًّا

بۆ ئەوەی منداڵێکی پاکت پێ ببەخشم.

هەموو شرۆڤەکاران هەستیان بەم هەڵەیەی قورئان کردووە، بۆ نموونە الطبری لە جامع البيان دەڵێت، أَبُو عَمْرِو کوڕی الْعَلَاءِ، بەم شێوەیە ئەم بڕگەیەی دەخوێندەوە:

{لِيَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا}، واتە : لە ڕاستیدا من نێردراوی خوداکەتم، منی ناردووە بۆ ئەوەی الله منداڵێکی پاکت پێ ببەخشێت.

{لِيَهَبَ لَكِ}، واتە ئەو-الله- پێت ببەخشێت.

بەڵام {لِأَهَبَ لَكِ}، واتە من- جبرایل- پێت ببەخشم.

الطبری لە جامع البيان و ابن الجوزی لە زاد المسير و البغوی لە معالم التنزيل، سەبارەت بە {غلاماً زكيّاً} دەڵێن:

واتە: پاك لە گوناە.

لە صحیح البخاری ڕیوایەتێکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

ما مِن بَنِي آدَمَ مَوْلُودٌ إلَّا يَمَسُّهُ الشَّيْطَانُ حِينَ يُولَدُ، فَيَسْتَهِلُّ صَارِخًا مِن مَسِّ الشَّيْطَانِ، غيرَ مَرْيَمَ وابْنِهَا.

هیچ منداڵێك نییە کە شەیتان دەستی لێ نەدات کاتێك لە دایك دەبێت، جا منداڵەکە بە هۆی دەستلێدانی شەیتانەوە هاوار دەکات و دەگرێیت تەنها مریەم و کوڕەکەی نەبێت شەیتان دەستی لێیان نەداوە.

وە لە ئایەتی ٣٦ سوورەتی ال عمران هاتووە کە دایکی مریەم کاتێك مریەمی دەبێت، بانگی الله دەکات و دەڵێت:

وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ

وە لە ڕاستیدا من مریەم و منداڵەکانی بە تۆ دەسپێرم لە شەیتانی تڕۆکراو.

وە لە صحیح البخاری و مسلم فەرموودەیەکی محمد هاتووە گوتوویەتی:

مَا مِنْ مَوْلُودٍ يُولَدُ إِلَّا نَخَسَهُ الشَّيْطَانُ، فَيَسْتَهِلُّ صَارِخًا مِنْ نَخْسَةِ الشَّيْطَانِ، إِلَّا ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ

هیچ منداڵێك نییە کە لە دایك دەبێت شەیتان نووقوورچی لێ نەگرێت، لەبەر نووقوورچەکەی شەیتان منداڵەکە بە هاوار دەگرێیت تەنها مریەم و کوڕەکەی نەبێت.

زانست چیمان پێ دەڵێت سەبارەت بە گریانی منداڵ کاتێك لە دایك دەبێت؟

ئەگەر منداڵ نەگرێیت کاتێك لە دایك دەبێت مانای وایە منداڵەکە کێشەی هەیە، وە بارودۆخی دژوارە.

گریانی منداڵ ڕاستەوخۆ دوای لە دایك بوون، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

یەکەم: سیەکانی لەو شلەیەی کە کاتێك لە ناو پەردەی وێڵاشە  پاك دەکاتەوە.

دووەم: کاتێك لە دایك دەبێت پلەی گەرمی لەشی دادەبەزێت و هەوای سارد دەچێتە سیەکانیەوە.

# ئایەتی ٢٠

قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا

مریەم وەڵامی جبرایل دەداتەوە و دەڵێت:

چۆن منداڵم دەبێت لە کاتێکدا مرۆڤێك توخنم نەکەوتووە و من کەسێکی قەحپە نەبووم.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

مریەم گوتی چۆن دەکرێت منداڵم ببێت وە پیاوێك – مێرد- لێم نزیك نەبۆتەوە، (وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا) و قەحپە نەبووم؟

الطبری لە جامع البیان و الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

{وَلَمْ أَكُ بَغِيّاً}، واتە زیناکەر.

الشوکانی لە فتح القدیر دەڵێت:

{وَلَمْ أَكُ بَغِيّاً}، واتە زیناکەر کە لەگەڵ پیاوان زینا دەکات.

{بَغِي}، واتە لەشفرۆش، وەك لە ئایەتی ٣٣ سوورەتی النور هاتووە دەڵێت:

وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا

زۆری مەکەن لە کچە کۆیلەکانتان بۆ کاری لەشفرۆشی ئەگەر ویستیان پاك بن.

# ئایەتی ٢١

قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا

جبرایل لە وەڵامدا بە مریەم دەڵێت:

بەم جۆرەیە، خوداکەت گوتی: ئەوە کارێکی ئاسانە بۆ من، وە بۆ ئەوەی منداڵەکە- عیسا- بکەین بە موعجیزەیەك و ڕەحمەتێك لە ئێمەوە بۆ خەڵك، وە ئەم کارە لە لایەن اللهوە بڕیاری لەسەر دراوە کە دەبێت ببێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ) دەڵێت: جبرایل بە مریەمی گوت: پرسەکە بەم شێوەیە هەروەك تۆ وەسفی دەکەیت کە هیچ پیاوێك توخنت نەکەوتووە و تۆ قەحپە نەبوویت، بەڵام خوداکەت دەڵێت ئەو کارە،کە منداڵێکت پێ ببەخشم، کارێکی ئاسانە.

(وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ) دەڵێت: بۆ ئەوەی ئەو منداڵەی پێت دەبەخشین ببێت بە نیشانەیەك و بەڵگەیەك بۆ خەڵك (وَرَحْمَةً مِنَّا)، دەڵێت: وە ڕەحمەتێك لە ئێمەوە بۆ تۆ و هەر کەسێك کە بڕوای پێ دێنێت، (وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا)، دەڵێت: وە دروستکردنی ئەو منداڵە لە تۆدا، لە لایەن اللهوە بڕیاری لەسەردراوە و بڕاوەتەوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الزمخشری لە الکشاف، سەبارەت بە {وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا} دەڵێت:

واتە لە تابلۆی پارێزراو نوسراوە کە دەبێت ئەم کارە ببێت.

قورئان ئەم چەند ئایەتەی سەرەوەی لەم دێرە شیعرانەی امیة کوڕی ابي الصلت وەرگرتووە:

وفي دينكم من رب مريم آيةٌ        منبئةٌ بالعبد عيسى ابن مريمِ

لە خودای مریەم موعجیزەی مژدەی لە دایك بوونی عیسا کوڕی مریەم هەیە.

فلا هي همَّت بالنكاح ولا دنت        إلى بشر منها بفرجٍ ولا فمِ

مریەم نە بیری لە گان کردبۆوە، وە نە لە مرۆڤێك نزیك ببۆوە نە بە نێوگەڵی نە بە دەمی.

ولطَّتْ حجاب البيت من دون أهلها  تغيَّبُ عنهم في صحاريّ رِمْرِمِ

وە پەردەیەکی هەڵدا لە نێوان خۆی و کەسوکاری لە دەشتایی.

تدّلى عليها بعد ما نام أهلها        رسول فلم يَحَصَرْ ولم يترمرم

کاتێك کەسوکاری مریەم خەوتبوون نێردراوێك لێی نزیك بۆوە.

أنيي وأعطي ما سُئلتِ فإنني        رسول من الرحمن يأتيكِ بابنمِ

گوتی لە ڕاستیدا من نێردراوی ڕەحمانم منداڵێکت پێ دەبەخشم.

فقالت له أنَّى يكون ولم أكن        بغياً ولا حبلى ولا ذاتَ قِيّمِ

مریەم پێی گوت چۆن دەکرێت لە کاتێکدا من قەحپە نەبووم وە مێردم نییە.

فسبَّح ثم اغترَّها فالتقت به        غلاماً سويَّ الخلق ليس بتوأمِ

لە کتوپڕێکدا پڕی دایێ و منداڵێکی بۆی دروستکرد.

نووسەری قورئان هەندێك لە شیعرەکانی امية بن ابي الصلت وەك خۆی کردووە بە ئایەتی قورئان و هەندێکی کەمێك دەستکاری کردووە.

## ئایەتی ٢٢

فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا

دەڵێت:

جبرایل دەستبەجێ مریەمی دووگیان کرد، جا مریەم بۆ شوێنێکی دوور خۆی دوورخستەوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

واتە بە دووگیانیەوە بۆ شوێنێکی دوور ڕۆیشت. ابن عباس گوتوویەتی: بۆ ئەو پەڕ دۆڵەکە، دۆڵێکە لە" بيت لحم" کە نێوانی و نێوان "ئیلیا" چوار میلە، لە ڕاستیدا لە ترسی کەسوکارەکەی ڕایکرد بۆ شوێنێکی دوور، چونکە دووگیان بوو و مێردی نەبوو، ابن عباس گوتوویەتی: هەرکە دووگیان بوو یەکسەر منداڵی بوو. وە ئایەتەکە ڕوونە کە وادەڵێت. چونکە الله گوتوویەتی هەرکە دووگیان بوو یەکسەر دوورکەتەوە لە کەسوکاری.

هەرکە دووگیان بوو یەکسەر دوورکەوتەوە. دیارە یەکسەر سکی گەورە بووە، ئەگینا پێویستی نەدەکرد یەکسەر لە کەسوکاری دوورکەوێتەوە.

ئایەتەکە دەڵێت:

فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ واته یەکسەر دووگیانی کرد، وە یەکسەر دوورکەوتەوە.

(ف)، لە زمانی عەرەبی بۆ عطف و تعقیب، واتە بەیەکەوە لکاندن و بە دوای یەکدا هاتن دێت.

امام الماوردی لە النکت و العیون دەڵێت:

أن جبريل نفخ في جيب درعها وكُمِّهَا فَحَمَلَتْ، قاله ابن جريج، منه قول أميه بن أبي الصلت:

فأهوى لها بالنفخ في جيب درعها فألقت سويّ الخلق ليس بتوأم

واتە:ابن جريج گوتوویەتی جبرایل فووی بە گیرفانی کراسەی مریەمدا کرد و یەکسەر دووگیانی کرد، هەروەك امية بن ابي الصلت گوتوویەتی

منداڵێکی بۆی دروستکرد کە دوانە نەبوو، لێی نزیك بۆوە و فووێکی کرد بە گیرفانی کراسەکەی

وە دەڵێت: ابن عباس گوتوویەتی: هەرکە دووگیانی کرد یەکسەر منداڵەکەی بوو.

هەڵبەتە شرۆڤەکەران درۆ دەکەن چونکە ئایەتی ١٢ سوورەتی التحريم زۆر ڕوونە کە دەڵێت:

وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا

وە مریەم کچی عیمران کە پارێزگاری لە قوزی خۆی کرد، جا ئێمەش یەکسەر ڕۆحی خۆمان فوو کردە قوزیەوە.

ئەگەر بڵێین{فَرْجَ} لەم ئایەتە بە مانای گیرفان دێت. کەواتە ئایەتەکە دەبێت ببێت بە:

مریەم کچی عیمران کە پارێزگاری لە گیرفانی کرد، جا ئێمەش یەکسەر ڕۆحی خۆمان کردە گیرفانیەوە.

دەقەکە زۆر ڕوونە. وە هەر هەموو پیاوانی ئاینی ئیسلام ئەو ڕاستیە باش دەزانن.

# ئایەتی ٢٣

فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا

دەڵێت:

جا یەکسەر ژانی منداڵبوون هێنای بۆ لای قەدی دارخورماکە، مریەم گوتی: خۆزگە پێش ئەوە بمردبام و دایکم منی لەبەر بچوایە.

الجلالين لە تفسير الجلالين دەڵێن:

ژانی منداڵبوون مریەمی هێنا بۆ لای قەدی دارخورماکە تاوەکو خۆی پێوە بگرێت، ئەوەبوو منداڵی بوو. دووگیان بوون و دروستبوون و لە دایك بوونی عیسا تەنها یەك کاتژمێری خایاند، مریەم گوتی خۆزگە پێش ئەو منداڵبوونەم بمردایەم {وَكُنتُ نَسْياً مَّنسِيّاً}، شتێکی هیچ بوومایە کەس ئاماژەی پێ نەکردایەم و لە یاد بچووبایەم.

امام الماوردی لە النكت و العيون، سەبارەت بە { ا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا- خۆزگە پێش ئەوە دەمردم} سێ وتەوت هەیە:

یەکەم: مریەم ترسا کە خەڵك بە خراپ سەیری بکەن.

دووەم: لە ترسی ئەوەی نەوەك خەڵك بوختانی خراپی بۆ بکەن.

سێهەم: چونکە مریەم وایدەبینی کە کەسوکاری بەرگری لێناکەن لەو خراپەی دراوەتە پاڵیەوە.

وە سەبارەت بە {وَكُنتُ نَسْياً مَّنسِيّاً}، دەڵێت، پێنج وتەوت هەیە:

یەکەم: دروستنەکرایەم و هیچ نەبوایەم.

دووەم: کەس نەیزانیایە کە من کێم.

سێهەم: دایکم منی لەبار بچوایە.

چوارەم: خوێنی سووری مانگانە بووایەم

پێنجەم: هیچ شتێکم لە بیر نەمابایە.

# ئایەتی ٢٤-٢٦

فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلاَّ تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا

وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا

فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا

دەڵێت:

جا یەکسەر لە ژێرەوە مریەمی بانگ کرد، کە دڵتەنگ نەبێت، خوداکەت لە ژێرتدا جۆگەلەیکی هێناوەتە ئاراوە.

وە قەدی دارخورماکە بە لای خۆتدا بهەژێنە، خورمای تازەت بەسەردا بەردەبێتەوە.

جا بخۆ و بخۆوە و چاوت ڕۆشن، وە ئەگەر کەسێکت لە مرۆڤ بینی ئەوا پێی بڵێ، من نەزرم بۆ ڕەحمان کردووە، کە ئیمڕۆ بەڕۆژوو بم و قسە لەگەڵ هیچ مرۆڤێك نەکەم.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە مانای {سَرِيًّا}، دەڵێت، کۆمەڵێك لە شرۆڤەکاران و زمانزانان گوتوویانە، واتە ڕووبارێکی بچووك. ابو صالح و ابن جریج گوتوویانە، واتە جۆگەلەیەك بە زمانی سریانی.

واتە قورئان وشەی سریانی تێدایە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهآ أَلاَّ تَحْزَنِي- جا لە ژێریەوە بانگی مریەمی کرد کە دڵتەنگ نەبێت}، دەڵێت، دوو وتەوت هەیە سەبارەت بەو کەسەی کە مریەمی لە ژێرەوە بانگ کردووە:

یەکەم: جبرایل

دووەم: عیسا

جا نازانم جبرایل چی دەکرد لە ژێر مریەم؟ ئایا کاری مامانی دەکرد؟

بەگوێرەی ئایەتی ٢٩-٣٠ عیسا بووە کە قسەی کردووە. چونکە بەگوێرەی قورئان هەرکە عیسا لە دایك بووە، یەکسەر قسەی کردووە.

واتە ئایەتی ٢٤-٢٦ دەڵێت:

عیسا لە ژێرەوە بانگی مریەمی کرد و گوتی: نیگەران مەبە، خوداکەت لە ژێرتدا جۆگەلەیەکی هێناوەتە ئاراوە، قەدی دارخورماکە بۆ لای خۆت بهەژێنە، خورمای تازەت بۆ بەردەبێتەوە، جا بخۆ و بخۆوە و چاوت ڕوون، جا ئەگەر کەسێکت لە مرۆڤ بینی ئەوا پێی بڵێ من نەزرم بۆ ڕەحمان-الله- کردووە کە ئیمرۆ بەڕۆژوو بم و لەگەڵ کەس قسە نەکەم.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە (وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ- وە قەدی دارخورماکە بۆ لای خۆت بهەژێنە)، دەڵێت:

ئاماژە کراوە کە دارخورماکە وشك بووە، چونکە زستان بووە، وە فەرمانی بە مریەم کردووە کە باش بیهەژێنێت تاوەکو بیجووڵێنێت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

لە ئایەتەکە ڕوونە کە درەخت بووە، وە وەرزی بەرووبووم نەبووە.

الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و القرطبی لە الجامع لاحکام القران، دەڵێن: أنس بن مالك و أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ بەم شێوەیە ئەم برگەیەیان {إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا}، دەخوێندەوە :

إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا صَمْتًا

واتە من نەزرم بۆ ڕەحمان کردووە کە بەڕۆژووبم بە قسە نەکردن.

چەند هەڵەیەکەی بەرچاو و ڕوونی ئەم ٣ ئایەتە:

یەکەم: ئایا ژنێك کە تازە منداڵی بووبێت دەتوانێت دارخورما بهەژێنێت؟

نەك بە ژنێك کە تازە منداڵی بووبێت بەڵکو بە چەندەها پیاویش دارخورما ناهەژێت.

دووەم: عیسا بە زستان لە دایك بووە (بەگوێرەی پەرتووکی پیرۆز وە بەگوێرەی ابن کثیر و الطبری)، ئایا بە زستان دارخورما بەرووبوومی هەیە؟

سێهەم: ئایەتی ٢٦ دەڵێت:

فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا

ئەگەر مرۆڤێکت بینی ئەوا پێی بڵێ کە من نەزرم لەگەڵ ڕەحمان کردووە کە ئیمڕۆ قسە نەکەم.

{فَقُولِي}، واتە بە قسە پێی بڵێ، کەواتە چۆن نەزری کردووە کە قسە نەکات.

بۆ نموونە ئایەتی ١١ پێمان دەڵێت، کاتێك زەکەریا ٣ ڕۆژ بەڕۆژوو بوو کە قسە نەکات، لە میحراب بۆ قەومەکەی دەرچوو

فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ

واتە هێمای بۆیان کرد.

نووسەری قورئان دەیتوانی {فَأَوْحَى لە} بەکاربهێنێت لە جیاتی { فَقُولِي}. واتە:

فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَأوحِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا

واتە: ئەگەر مرۆڤێکت بینی ئەوا هێمای بۆ بکە : نەزرم بۆ ڕەحمان کردووە کە ئیمڕۆ قسە لەگەڵ هیچ مرۆڤێك نەکەم.

{قَرِّي عَيْنًا}، واتە چاوت ڕۆشەن بە کوڕەکەت.

ئەگەر سەیری ئایەتەی ٢٢-٢٧ بکەین دەبینن کە دووگیان بوون و منداڵ بوونی مریەم لە هەمان کاتدا بووە.

فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ، فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ، فَنَادَاهَا

دووگیانی کرد و دوورکەوتەوە و ژانی هاتێ و منداڵەکەی بوو و بانگی کرد.

## ئایەتی ٢٧-٢٨

فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا

يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا

دەڵێت:

مریەم کوڕەکەی هێنا بۆ لای کەسوکاری، کەسوکاری گوتیان: ئەی مریەم بەڕاستی کارێکی نالەبارت ئەنجامداوە.

ئەی خوشکی هاڕون باوکت پیاوێکی خراپ نەبووە، وە دایکت ژنێکی قەحپە نەبووە.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە (قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا) دەڵێت:

الله دەڵێت کاتێك مریەم و کوڕەکەیان بینی، کەسوکارەکەی بە مریەمیان گوت: مریەم بە ڕاستی کارێکی سەیرت کردووە، وە تاوانێکی مەزنت کردووە.

نووسەری قورئان (اللەی عەرب و ئیسلام)، لە ئایەتی ٢٨ لێی تێکچووە و شتەکانی لێ تێکەڵ بووە، وایزانیووە کە مریەمی دایکی عیسا، خوشکی هارون و موسایە، لەگەڵ ئەوەش هارون و موسا ١٥ سەدە پێش مریەم ژیاون.

هەڵبەتە شرۆڤەکاران هەوڵی زۆریان داوە بۆ پینەکردنی ئەم هەڵەیەی قورئان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {يَآ أُخْتَ هَارُونَ- ئەی خوشکی هاڕون} دەڵێت، چوار لێکدانەوە و وتەوت هەیە:

یەکەم: هارون پیاوچاکێك بوو لە بنی ئیسرائیل، بە هەموو کەسێکی ئاکارچاکیان بۆ هارون دەگەڕاندەوە.

دووەم: هارون برای موسایە، بە مریەمیان گوتوە خوشکی هارون چونکە مریەم لە نەوەکانی هارون بووە.

من دەڵێم: ئەگەر مریەم لە نەوەکانی هارون بێت، کەواتە دەبێت پێی بگوترێت کچی هارون، نەك خوشکی هارون.

سێهەم:هارون برای مریەم بووە.

من دەڵێم درۆ دەکەن چونکە قورئان دەڵێت دایك و باوکی مریەم کوڕیان نەبووە تاوەکو کوڕێکیان هەبووبێت بە ناوی هارون. وەك ئایەتی ٣٦ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَىٰ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالْأُنثَىٰ ۖ وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وَإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ

کاتێك منداڵەکەی بوو گوتی خوداکەم لە ڕاستیدا من کچم بوو، الله دەزانێت کە چیت بووە، وە کچ وەك کوڕ نییە، وە ناوم  لێی ناوە مەریەم کە خۆی و نەوەکانی بە تۆ دەسپێرم لە شەیتانی تڕۆکراو.

هەروەك لەم ئایەتە دیارە، کە دایکی مریەم کاتێك مریەمی دەبێت تووشی جۆرێك لە بێهیوایی بووە چونکە کوڕی نەبووە.

چوارەم: هارون پیاوێکی خراپ بوو لە بنی ئیسرائیل، هەموو کەسێکی ئاکارخراپیان بۆ هارون دەگەڕاندەوە.

لە مسند احمد و صحیح مسلم و جامع الترمذی و سنن النسائی ڕیوایەتێك هاتووە، کە الْمُغِيرَةِ کوڕی شُعْبَةَ گوتوویەتی:

بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى أَهْلِ نَجْرَانَ، فَقَالُوا : أَرَأَيْتَ مَا تَقْرَءُونَ ( يَا أُخْتَ هَارُونَ ) وَمُوسَى قَبْلَ عِيسَى بِكَذَا وَكَذَا؟ قَالَ : فَرَجَعْتُ فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَقَالَ : أَلَا أَخْبَرْتَهُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا يُسَمُّونَ بِالْأَنْبِيَاءِ وَالصَّالِحِينَ قَبْلَهُمْ

پێغەمبەر منی نارد بۆ لای خەڵکی نەجران {مەسیحی بوون} گوتیان، بینیووتە کە لە قورئانەکەتان دەخوێننەوە {ئەی خوشکی هارون}، وە موسا و هارون پێش عیسا بوون ئەوەندە ساڵ؟ المغیرە دەڵێت، گەڕامەوە لای پێغەمبەر و پێم گوت، پێغەمبەر گوتی: بۆ پێت نەگوتن کە جووەکان بە ناوی پێغەمبەران و پیاوچاکەکانیان ناویان لێ دەنرا.

محمد ڕاست ناکات و ئەم کەلتوورە لە ناو عەرەب بوونی هەیە بەڵام لە ناو جووەکان بوونی نییە. بە تایبەتی هارون وەك موسا کەسێکی پیرۆزە لای جووەکان، وە وەك قورئان دەڵێت، مەریەمیان بە خراپەکاری و داوێن پیسی تاوانبار کردووە، کەواتە چۆن دەکرێت بە مریەمیان گوتبێت ئەی خوشکی هارون؟

وە لە الدر المنثور للسیوطی، ڕیوایەتێك هاتووە کە کعب الاحبار سەبارەت بە {يَا أُخْتَ هَارُونَ} گوتوویەتی:

لَيْسَ بِهَارُونَ أَخِي مُوسَى . فَقَالَتْ لَهُ عَائِشَةُ : كَذَبْتَ ، فَقَالَ : يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ إِنْ كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَهُ : فَهُوَ أَعْلَمُ وَخَيْرٌ، وَإِلَّا فَإِنِّي أَجِدُ بَيْنَهُمَا سِتَّمِائَةِ سَنَةٍ، فَسَكَتَتْ

مریەم خوشکی هارونی برای موسا نییە، عائیشە بە کعبی گوت درۆ دەکەیت. کعب گوتی ئەی دایکی ئیمانداران ئەگەر پێغەمبەر گوتوویەتی خوشکیەتی ئەوا پێغەمبەر باشتر دەزانێت، بەڵام من دەبینیم ٦٠٠ ساڵ لە نێوانیان بووە.ئەوەبوو عائیشە بێ دەنگ بوو.

وە لە الدر المنثور هاتووە کە على بن ابي طلحة، سەبارەت بە{يَا أُخْتَ هَارُونَ} گوتوویەتی:

مریەم ڕەچەڵەکەی بۆ هارون کوڕی عیمران گەڕاندراوەتەوە چونکە مریەم و هارون لە هەمان هۆزی جوولەکەن، وەك چۆن عەرەب دەڵێن ئەی برای ئەنسار.

وە السدي گوتوویەتی:

ڕەچەڵەکی گەڕێندراوەتەوە بۆ هۆزەکەی هارون، هەروەك چۆن پیاوێك بە پیاوێك دەڵێت: ئەی برای بنی لیث ئەی برای بنی فولان.

هەڵبەتە ئەمەش ڕاست نییە چونکە:

یەکەم: عورف و دابونەریتی جووەکان جیاوازە لە عەرەب.

دووەم: بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز، مریەم لە هۆزی یهوذا بووە، وە هارون و موسا لە هۆزی لاوین بوون. واتە سەر بە هەمان هۆز نین.

الطبری لە جامع البيان و ابن كثير لە تفسير القران العظيم، دەڵێن قتادة گوتوویەتی:

كَانَ هَارُونُ مُصْلِحًا مُحَبَّبًا فِي عَشِيرَتِهِ وَلَيْسَ بِهَارُونَ أَخِي مُوسَى وَلَكِنْ هَارُونُ آخَرُ ، ذُكِرَ لَنَا أَنَّهُ تَبِعَ جِنَازَتَهُ يَوْمَ مَاتَ أَرْبَعُونَ أَلْفًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ كُلُّهُمْ يُسَمَّى هَارُونَ

هارون پیاوێکی ئاکار باش بوو، خۆشەویست بوو لە ناو خێڵەکەی، وە هارونی برای موسا نییە بەڵکو هارونێکی ترە، پێیان گوتین ئەو ڕۆژەی هارون مرد چل هەزار پیاو لەگەڵ تەرمەکەی کەوتن کە هەر هەموویان ناویان هارون بوو.

سەیری ئەم درۆیە بکەن؛ چل هەزار پیاو کە هەر هەموویان ناویان هارون بوو ، نزیك بە ٢ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بەدوای تەرمی مردوێك کەوتوون کە مردووەکە ناوی هارون بووە.

ئێستا نەمانزانی هارون پیاوێکی خراپ بوو یان پیاوێکی باش؟

نووسەری قورئان وایزانیووە مریەمی دایکی عیسا، هەمان مریەمی خوشکی موسا و هارۆنە.

تەورات پێمان دەڵێت:

عمرام و یوکابد کچی لاوی، هاوسەرگیری دەکەن، دوو کوڕ و کچێکیان دەبێت: هارون و موسا و مریەم

وە ئەوە لە کاتێکدا دەبێت کە هێشتا بنی ئیسرائل لە میسر دەبن، واتە نزیك بە ١٥٠٠ ساڵ بەر لە زاین.

محمد وایزانیووە کە مریەمی دایکی عیسا، هەمان مریەمی خوشکی هارون و موسایە، لەگەڵ ئەوەش ١٥٠٠ ساڵ لە نێوانیاندا بووە.

بەڵگەیەکی تر، ئایەتی ١٢ سوورەتی التحریم کە دەڵێت:

وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا

وە مریەمی کچی عیمران پارێزگاری لە نیوگەڵی خۆی کرد، وە ئێمە ڕۆحی خۆمان فوو کردە نێوگەڵیەوە.

تەنانەت قورئان "عیمران"ی کردووە بە باوکی مریەمی دایکی عیسا.

"عیمران" هەمان "عیمرام"ی باوکی موسا و هارۆن و مریەمە.

بەڵام قورئان (ن) کردووە بە (م). وە قورئان دەستکاری زۆر ناوی عیبری کردووە، بۆ نموونە: یەحیا کوڕی زەکەریا لە پەرتووکی پیرۆز ناوی "یوحنا کوڕی زەکەرایا"یە. وە "یسوع"ی کردووە بە "عیسا" هتد.

وە لە ئایەتی ٣٥ سوورەتی ال عمران ناوی دایکی مریەمی هێناوە بە ناوی ژنی عیمران:

إِذْ قَالَتِ امْرَأَتُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي

که ژنی عیمران گوتی، خوداکەم لە ڕاستیدا من نەزرم کردووە سەبارەت بەوەی لە سکمدایە.

ئەو نەزرەی کردووە کاتێك مریەم لە سکیدابووە.

وە قورئان ئاماژەی بە خانەوادەی "عیمرام" کردووە بە "عیمران" وەك ئایەتی ٣٣ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰ آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ

الله ئادەم و نوح و خانەوادەی ئیبراهیم و خانەوادەی عیمرانی هەڵبژارد بە سەر جیهانەکان.

مەبەست لە خانەوادەی عیمران: موسا و هارونە.

گوایە اللهی عەرەب و ئیسلام هەمان خودای ئاینە ئیبراهیمیەکانە بەڵام نەیزانیووە کە مریەمی دایکی عیسا، هەمان مریەمی خوشکی هارون و موسا نییە.

## ئایەتی ٢٩

فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا

دەڵێت:

مریەم هێمای کرد بۆ کۆرپەلە تازە لە دایك بووەکەی، کەسوکاری مریەم گوتیان: چۆن قسە لەگەڵ منداڵیکی سەر بێشکە بکەین؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

کاتێك کەسوکاری ئەو قسانەیان (قسەکانی ئایەتی ٢٧-٢٨) بە مریەم گوت، مریەم ئەو کارەی کرد کە عیسا پێی گوتبوو بیکات، ئەوەبوو هێمای بۆیان کرد کە قسە لەگەڵ عیسا بکەن.

ئەوەبوو گوتیان چۆن قسە لەگەڵ منداڵێك بکەین کە لەسەر بێشکەیە.

وەك ئایەتی ٤٦ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ

عيسا لەسەر بێشکە قسەی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد.

## ئایەتی ٣٠-٣٣

قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا

وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا

وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا

وَالسَّلامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا

عیسا دێتە قسە و قسە لەگەڵ کەسوکاری مریەم دەکات و دەڵێت:

لە ڕاستیدا من بەندەی اللهم، الله پەرتووکی- ئینجیل- پێم داوە و منی کردووە بە پێغەمبەر.

وە لە هەرکوێیەك بم منی پیرۆز کردووە، وە ڕایسپاردووم بە نوێژ و زەکات، تا ئەوکاتەی زیندووم.

وە ئاکاری باش لەگەڵ دایکم، وە منی نەکردووە بە سەربزێوێکی سەرپێچکەر.

وە سڵاوم لێبێت ڕۆژێ لە دایك بووم و ڕۆژێ دەمرم و ڕۆژێ زیندوودەبمەوە

چەند تێبینیەك:

یەکەم: بە گوێرەی ئایەتی ٢٤-٢٦ هەرکە لە نێوگەڵی دایکی بەربۆتەوە عیسا دەستی بە قسەکردن کردووە.

دووەم: هەرکە تازە لە دایك بووە، الله اکبر (خوداوەندی عەرەب و ئیسلام) ئینجیلی بۆی دابەزاندووە و کردوویەتی بە پێغەمبەر.

سێهەم: هەرکە تازە لە دایك بووە، الله ڕایسپاردووە کە نوێژ بکات و زەکات بدات.

ئەم گاڵتەجاریانە هیچی لە ئەنجیلدا بوونیان نییە. بە گوێرەی ئینجیل

یەکەم: مەریەم دەستگیرانی هەبووە بە ناوی یوسفی دارتاش، کە قورئان بە هیچ جۆرێك ئاژمازەی بە ناوی نەکردووە، بۆ؟

چونکە ویستویەتی لەکەداری بکات بە زینا و داوێن پیسی.

بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز پەیمانی نوێ هیچ کەسێك مەریەمی نە تاوانبار کردووە بە زینا، وە نە شکوگومانی لە مەریەم کردووە، چونکە یوسفی دارتاش دەستگیرانی بووە.

وە تەنانەت بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز خەڵك وایان زانیووە المسیح (عیسا) کوڕی یوسفی دارتاشە.

وەك لە ئینجیل مەتا هاتووە :

أَلَيسَ هذَا ابْنَ النَّجَّارِ؟ أَلَيْسَتْ أُمُّهُ تُدْعَى مَرْيَمَ، وَإِخْوَتُهُ يَعْقُوبَ وَيُوسِي وَسِمْعَانَ وَيَهُوذَا

ئەی ئەوە کوڕی دارتاشەکە نییە؟ ئەی دایکی بە مەریەم بانگ ناکرێت؟ وە براکانی ناویان یعقوب و یوسي و سمعان و یهوذا نییە؟

دووەم: ئەگەر جووەکان مریەمیان بە زینا تاوانبار بکردایە، ئەوا بەردبارانیان دەکرد، چونکە بە گوێرەی تەورات، زیناکەر دەبێت بەردباران بکرێت.

سێهەم: بە گوێرەی ئینجیلەکان المسیح (عیسا) وەك هەر منداڵێکی تر ئەو ماوەی پێویست بووە لە سکی دایکی ماوەتەوە ، ئینجا لە دایك بووە نەك وەك قورئان دەڵێت، لە چاوتروکانێك مریەم دووگیان بووە و سکەکەی تەواو بووە و عیسا لە دایك بووە.

چوارەم: بە گوێرەی ئینجیلەکان عیسا لەگەڵ لە دایك بوونی دەستی بە قسە کردن نەکردووە.

پێنجەم: المسیح لە تەمەنی ٣٠ ساڵی دەستی بە پەیامەکەی کردووە نەك هەرکە لە دایك بووە.

ئەوەی قورئان هێناویەتی زیاتر لە فیلمی کارتۆنی منداڵان دەچێت.

وە قورئان ئەم خورافانەی لە ئەفسانە و شیعری شاعیرەکانی جاهیلی وەرگرتووە، بۆ نموونە امیة بن ابي الصلت گوتوویەتی:

فلمَّا أَتمته وجاءت لوضعه          فآوى لهم من لومهم والتندُّمِ

کاتێك منداڵەکەی سکی مریەم تەواو بوو هات بۆ ئەوەی بیبێت، دوورکەوتەوە بە هۆی لۆمە و سەرکۆنەکردنیان.

وقال لها من حولها جئت منكرا    فحقٌ بأن تُلَحيْ عليه وتُرجمي

وە کەسوکاری بە مریەمیان گوت: بە ڕاستی شتێکی ناپەسەندت کرد، شایستەیە کە ئازار بدرێت و ڕەجم بکرێت.

فأدركها من ربّها ثمَّ رحمة    بصدق حديث من نبيٍّ مكلمِ

ئەوەبوو خوداکەی وەك ڕەحمەتێك فریای مریەم کەوت: عیسا دەستی بە قسە کرد.

فقال لها إني من الله آية    وعلَّمني والله خير معلمِ

پێی گوت: لە ڕاستیدا من موعجیزەیەکی اللهم، وە الله منی فێرکردووە، وە الله خۆی باشترین مامۆستایە.

وأُرسلت لم أُرسَلْ غوياً ولم أكن    شقياً ولم أُبعثْ بفحش ومأْثمِ

وە وەك پێغەمبەر نێردراوم، وە وەك لەخشتەبەرێك نەنێردراوم، وە من کەسێکی سەربزێو نیم، وە بۆ کاری خراپە و گوناهکردن نەنێردراوم.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

عیسا شیری دەخوارد کاتێك گوێی لە قسەی کەسوکاری مریەم بوو، ئەوەبوو وازی لە شیر خواردن هێنا و سەیری کردن و لەسەر دەستە چەپی پاڵ کەوت و پەنجەی دووەمی دەستە ڕاستی لێیان شەقاند و گوتی:

لە ڕاستیدا من بەندەی اللهم، وە ئەوە یەکەم وشە بوو لە دەمیەوە دەرچوو، کە داننانە بە بەندایەتی بۆ اللهی مەزن، وە دەستبەجێ الله ئینجیلی بۆی نارد، و تێیگەیاند و فێری کرد، وە کردی بە پێغەمبەر، هەروەك چۆن ئادەمی فێرە هەموو ناوەکان کرد، بەهەمان شێوەی عیسای فێرە هەموو ناوەکان کرد، وە عیسا نوێژی دەکرد و بەرۆژوو دەبوو.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

عیسا له جیاتی دایکی هاته قسه و گوتی (إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ)، له ڕاستیدا من بەندەی اللهم و الله پەرتووکی بۆم دابەزاندووە.

ابن كثير له تفسير القران العظيم، دەڵێت، انس بن مالك گوتوویەتی:

عیسای کوڕی مریەم، ئینجیلی له سکی دایکیدا دیراسه کردبوو و لەبەری کردبوو.

## ئایەتی ٣٤-٣٥

ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ

مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ

دەڵێت:

ئەوە عیسای کوڕی مریەمە، قسەی ڕاستیە، که له سەریدا مشتومڕ دەکەن و ناکۆکیتان هەیە.

نەشیاوە بۆ الله که کوڕێك به خۆیەوە بگرێت- واته بیکات به کوڕی خۆی- اللهی شکۆمەند هەر کاتێك بڕیارێك بدات، پێی دەڵێت ببە، وە یەکسەر دەبێت.

الماوردی له النکت و العیون سەبارەت به {الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ}، دەڵێت، دوو تێڕوانین هەیە:

یەکەم : واته گومان دەکەن (الكلبي).

دووەم: واته ناکۆکن سەبارەت به الله و سەبارەت به عیسا.هەندێك له مەسیحیەکان دەڵێن اللهیە، وە هەندێك دەڵێن ابن اللهیە، وە هەندێك دەڵێن سیانەکە.

من دەڵێم هیچ مەسیحیەك نییە که:

یەکەم: بڕوای بەوە نەبێت که خودا سیانەکی پیرۆزە بەڵام تەنها یەك خودا هەیە.

دووەم: بڕوای به وە نەبێت که خودا وتەی خۆی له المسيح بەرجەستە نەکردبێت، لەبەر ئەوە المسيح کە، ڕۆڵەی خودا و ڕۆڵەی مرۆڤە، خودایە.

# ئایەتی ٣٦

وَإِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ ۚ هَـٰذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ

گوایە عیسا ئەم قسەیەی کردووە:

لە ڕاستیدا الله خودای من و خودای ئێوەیە، جا بیپەرستن، ئەوە ڕێگای ڕاستە

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

وە ئەوەی عیسا فەرمانی بە قەومەکەی کرد لە کاتێکدا تازە لە دایك ببوو، ئەوەبوو گوتی الله خودای من و خودای ئێوە، وە فەرمانی پێیان کرد بیپەرستن، ئینجا گوتی ئەوەی هێناومە لە لایەن اللهەوە، ئەوە ڕێگای ڕاستە.

# ئایەتی ٣٧-٣٨

فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ

أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا لَكِنِ الظَّالِمُونَ الْيَوْمَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

جا کۆمەڵ و دەستەکان لە نێوانیان ناکۆکی درووست بوو، جا واوەیلا لە بێباوەڕەکان لە دیمەنی ڕۆژێکی مەزن (ڕۆژی قیامەت).

گوێچکەکانیان و بینینیان هەستیار دەکەم ڕۆژێ – کافرەکان- دەهێنرێن بۆ لامان، بەڵام ستەمکاران ئەو ڕۆژە لە گومڕاییەکی ڕووندان.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ} دەڵێت:

واتە : بۆچوونی ئەهلی پەرتووك جیاواز بووە سەبارەت بە عیسا، لە دوای ئەوەی پرسەکەی ڕوونکراوەتەوە و حاڵەتەکەی ڕۆشن کراوەتەوە کە عیسا بەندە و پێغەمبەری اللهیە، وە وتەی الله ڕۆحیەتی، کە داویەتی بە مریەم، بەڵام گرووپێك لە جووەکان- نەفرەتی اللهیان لێبات، پێداگر بوون کە عیسا کوڕی زینایە، وە گوتیان قسەکانی سیحرن، وە کۆمەڵێکیان گوتیان: قسەی لەگەڵ الله کردووە، وە

هەندێکیان گوتیان: کوڕی اللهیە، وە هەندێکیان گوتیان سیانەك، وە هەندێکیان گوتیان: بەڵکو بەندەی الله و پێغەمبەریەتی، وە ئەوەیان قسەی هەقە.

{مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ}، واتە ڕۆژی قیامەت.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە {أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا}، دەڵێت: الله لە ڕۆژی قیامەت وادەکات کە کافرەکان باش ببیستن و باش ببینن، لە کاتێکدا بیستن و بینین لە ڕۆژی قیامەت سوودی نابێت.

## ئایەتی ٣٩-٤٠

وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ

إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ الأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ

ئینجا اللهی عەرەب و ئیسلام فەرمان بە محمد دەکات و دەڵێت:

ئەی محمد ئاگاداریان بکەوە سەبارەت بە ڕۆژی ئاخ و ناڵەکە، کە کارلەکارترازاوە، وە ئەوان-بێباوەڕان- لە بێئاگایین و باوەڕ ناهێنن.

لە ڕاستیدا هەر ئێمە دەبین بە میراتگری زەوی و ئەوانەی لەسەرین، وە بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله بە پێغەمبەرەکەی محمد دەڵێت: ئەی محمد ئاگاداری موشریکەکان بکەوە سەبارەت بە ڕۆژی ناڵە و پەشیمانی، کە لەم ڕۆژەدا باوەڕداران ماڵەکانیان لە بەهەشت دەبێت، وە بێباوەڕان شوێنی ژیانیان لە دۆزەخ دەبێت، وە هەر کۆمەڵێکیان بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، وە مەرگی تێدا نابێت، وای لەم ئاخ و ناڵە و پەشیمانیە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ) واتە: خەڵك ئاگاداربکەوە سەبارەت بە ڕۆژی قیامەت (إِذْ قُضِيَ الأَمْرُ) واتە : خەڵکی بەهەشت لە خەڵکی دۆزەخ جیاکرایەوە، وە هەر یەکێکیان بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆی دەڕوات. (وَهُمْ)، واتە بێباوەڕان (فِي غَفْلَةٍ) لەم ڕۆژە بێئاگان، (وَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ)، واتە بڕوا بەو ڕۆژە ناهێنن و بڕوای پێ ناکەن.

له صحیح البخاری و مسلم و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە كە محمد گوتوویەتی:

إِذَا دَخَلَ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ ، وَأَهْلُ النَّارِ النَّارَ - يُجَاءُ بِالْمَوْتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَأَنَّهُ كَبْشٌ أَمْلَحُ ، فَيُوقَفُ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ ، فَيُقَالُ : يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ ، هَلْ تَعْرِفُونَ مَنْ هَذَا ؟ فَيَشْرَئِبُّونَ فَيَنْظُرُونَ ، فَيَقُولُونَ : نَعَمْ ، هَذَا الْمَوْتُ ، قَالَ : وَيُقَالُ : يَا أَهْلَ النَّارِ هَلْ تَعْرِفُونَ هَذَا ؟ قَالَ : فَيَشْرَئِبُّونَ وَيَنْظُرُونَ فَيَقُولُونَ : نَعَمْ ، هَذَا الْمَوْتُ . قَالَ : فَيُؤْمَرُ بِهِ فَيُذْبَحُ ، قَالَ : ثُمَّ يُقَالُ : يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ خُلُودٌ فَلَا مَوْتَ وَيَا أَهْلَ النَّارِ خُلُودٌ فَلَا مَوْتَ . ثُمَّ قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ { وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ } وَأَشَارَ بِيَدِهِ إِلَى الدُّنْيَا.

كاتێك لە ڕۆژی قیامەت خەڵكی بەهەشت چوونە بەهەشت و خەڵكی دۆزەخ چوونە دۆزەخەوە، مەرگ دەهێنرێت وەك ئەوەی بەرانێكی سپی بێت، لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ ڕادەگیرێت، دەگوترێت: ئەی خەڵكی بەهەشت، ئایا دەزانن ئەوە كێیە؟ سەری خۆیان هەڵدەبڕن و سەیردەكەن و دەڵێن بەڵێ ئەوە مەرگە، وە دەگوترێت: ئەی خەڵكی دۆزەخ ئایا دەزانن ئەوە كێیە؟ سەری خۆیان هەڵدەبڕن و سەیردەكەن و دەڵێن بەڵێ ئەوە مەرگە، ئینجا فەرمان دەكرێت و بەرانەكە سەردەبڕدرێت. ئینجا دەگوترێت: ئەی خەڵكی بەهەشت لە ئێستاوە نەمریە و مەرگ نییە، وە ئەی خەڵكی دۆزەخ لە ئێستاوە نەمریە و مەرگ نییە، ئینجا پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ

وە بە دەستی هێمای كرد بۆ دونیا.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە {إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ الْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ} دەڵێت:

ﷲ بە پێغەمبەرەكەی دەڵێت، بە نكوڵیكردنی موشریكەكان لە تۆ ئەی محمد، نیگەران مەبە، گەڕانەوەیان و سەرەنجامیان و سەرەنجامی هەموو مەخلوقاتێك بۆ لای ئێمەیە، ئێمە دەبین بە میراتگری زەوی و ئەو خەڵكەی لەسەریدایە، بەوانەی مردوون و بەوانەی زیندوون، هیچ كەسێك خاوەنی نابێت تەنها ئێمە نەبێت، ئینجا

پاداشتی هەموو کەسێك دەدەینەوە بە گوێرەی کارەکانی، کاتێك بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوە.

## ئایەتی ٤١

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی محمد، وە ئاماژە بە ئیبراهیم بکە لە پەرتووکەکە-قورئان- کە لە ڕاستیدا هەوڵدەرێکی ڕاستگۆ بوو.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(واذْكُرْ) ئەی محمد لە پەرتووکی الله ئاماژە بە (إبراهيمِ)، ابراهیم دۆستی ڕەحمان-الله- بکە، بۆ ئەو موشریکانە چیرۆکی خۆی و باوکیان بۆ بگێڕەوە (إنَّهُ كانَ صِدِّيقًا)، کە کەسێکی ڕاستگۆ بوو لە قسەکانی و هەواڵەکانی و بەڵێنەکانیدا، وە درۆی نەدەکرد.

## ئایەتی ٤٢

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا

دەڵێت:

کە ئیبراهیم بە باوکی گوت ئەی باوکە بۆچی شتانێك دەپەرستیت کە نە دەبیستن و نە دەبینن و نە بە هیچ شتێك سوودیان بۆت دەبێت.

بە گوێرەی تەورات باوکی ئیبراهیم بتپەرست نەبووە، وە لەگەڵ ئیبراهیمی کوڕی و سارا (ژنی ئیبراهیم) و لوط (برازای ئیبراهیم) ئوری کلدانیەکان جێدەهێڵیت و دێن بۆ ناوچەی حەران-لە کوردستانی باکوور، ماوەیەك لە حەران دەمێننەوە، باوکی ئیبراهیم لە حەران دەمرێت، ئینجا ئیبراهیم و سارا و لوط دێن بۆ خاکی کەنعانیەکان.

وە بە گوێرەی تەورات باوکی ئیبراهیم ناوی تارح دەبێت بەڵام قورئان کردوویەتی بە ئازر.

بەڵام نووسەری قورئان باوکی ئیبراهیمی کردووە بە بتپەرست.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد، ئاماژە بکە کە ئیبراهیم بە باوکی گوت: ئەی باوکە بۆچی ئەو بتانە دەپەرستیت کە نە دەبیستن، وە نە دەبینن، وە نە دەتوانن هیچ زیانێکت لەسەر وەلاوە بنێن، لە ڕاستیدا تەنها پەیکەرێکی دروستکراون نە زیانیان هەیە، وە نە سوود.

# ئایەتی ٤٣

يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءَنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا

ئیبراهیم بەردەوام دەبێت و بە باوکی دەڵێت:

ئەی باوکە، لە ڕاستیدا من لە زانیاریم بۆ هاتووە کە بۆ تۆ نەهاتووە، جا شوێنکەوتەی من بە، ڕێنمایت دەکەم بۆ ڕێگایەکی ڕاست.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

واتە: یەقین و زانیاری سەبارەت بە الله، وە چی دەبێت لە دوای مەرگ، شوێنم کەوە بۆ ئەوەی داوات لێدەکەم، وە من ڕێنمایت دەکەم بۆ ڕێگایەکی ڕاست کە ڕزگار بوونی تێدایە.

# ئایەتی ٤٤

يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ ۖ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَٰنِ عَصِيًّا

ئیبراهیم بەردەوام دەبێت لە ئامۆژگاری باوکی و دەڵێت:

ئەی باوکە شەیتان مەپەرستە، لە ڕاستیدا شەیتان بۆ ڕەحمان سەرکێشکەر بووە

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ- ئەی باوکە شەیتان مەپەرستە) واتە : ملکەچی شەیتان مەبە لە ڕێگای پەرستنی ئەو بتانە، چونکە شەیتانە داوای ئەوەت لێ دەکات و بەم کارەت ڕازیە، هەروەك الله لە ئایەتی ٦٠ سوورەتی یس دەڵێت:

(أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ) واته: ئەی نەوەکانی ئادەم ئەی ڕامنەسپاردن کە شەیتان نەپەرستن؟

(إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَـٰنِ عَصِيًّا) واته : شەیتان دژ بە الله بوو و خۆ بەزلزان بوو لە گوێڕایەڵ بوونی بۆ خوداکەی، ئەوەبوو دەریکرد و دووری خستەوە، لەبەر ئەوە شوێنی مەکەوە ئەگینا وەك ئەوت لێ دێت.

## ئایەتی ٤٥

يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ الرَّحْمَن فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا

ئیبراهیم بەردەوام دەبێت لە ئامۆژگاری کردنی باوکی و دەڵێت:

ئەی باوکە لە ڕاستیدا من دەترسم کە ئەشکەنجە لە لایەن ڕەحمانەوە بتگرێت، جا بۆ شەیتان ببیت بە پشتیوانی.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی باوکە لە ڕاستیدا من دەزانم کە ئەگەر تۆ بمریت لە کاتێکدا شەیتان دەپەرستیت، ئەوا الله ئازار و ئەشکەنجەت دەدات، چونکە بۆ شەیتان دەبیت بە پشتیوان، وە الله دەستبەردارت دەبێت، جا لە ناودەچیت.

## ئایەتی ٤٦

قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْرَاهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا

باوکی دێتە قسە و وەڵامی ئیبراهیم دەداتەوە و دەڵێت:

ئەی ئیبراهیم ئایا تۆ دەستبەرداری خوداوەندەکانم دەبیت؟ ئەگەر کۆتایی نەهێنیت ئەوا سوێند بێت بەردبارانت بکەم، بڕۆ و ونبە.

امام الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە {وَاهْجُرِنِي مَلِيّاً} دەڵێت، سێ وتەوت هەیە:

یەکەم: بۆ ماوەیەکی زۆر ون بە.

دووەم: بە سەلامەتی بڕۆ لە سزاکەم.

سێهەم: بۆ ماوەیەك ون بە.

## ئایەتی ٤٧-٤٨

قَالَ سَلامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا

وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلاَّ أَكُونَ بِدُعَاء رَبِّي شَقِيًّا

ئیبراهیم وەڵامی باوکی دەداتەوە و دەڵێت:

سڵاوت لێبێت، داوای لێبووردەیت بۆ دەکەم لە خوداکەم، لە ڕاستیدا خوداکەم بۆ من هەمیشە ڕێزدار بووە.

وە لێتان و لەوەی جگە لە الله دەیپەرستن دوور دەکەومەوە، وە نیزا بۆ خوداکەم دەکەم، ئاواتەخوازم بە نیزاکەم سەرکێش نەبووبم بۆ خوداکەم.

امام الماوردی لە النکت و العیون سەبارەت بە {إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا} دەڵێت، پێنج وتەوت هەیە:

یەکەم: نزیك

دووەم: ڕێزدار

سێهەم: بە بەزەیی

چوارەم: ئاگادار

پێنجەم: پەیماندەر

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە ئایەتی ٤٨ دەڵێت:

(وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ) دەڵێت: لە ئێوە و لەوەی جگە لە الله دەیپەرستن لە بت و خوداوەند دووردەکەومەوە (وأدْعُو رَبّي) دەڵێت: وە نیزا بۆ خوداکەم دەکەم، و تەنها ئەو دەپەرستم، وە تەنها ئەو بە خودا دەناسم (عَسَى أَلا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا)، دەڵێت: ئاواتەخوازم بەم نیزایەم سەرپێچی خوداکەم نەکەم، بەڵکو وەڵام بە نیزاکەم بداتەوە و ئەوەم پێ بدات کە داوای لێ دەکەم.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

واتە لە ئێوە دووردەکەومەوە و حاشاتان لێ دەکەم، وە لەو خوداوەندانەی کە جگە لە الله دەیپەرستن (وأدْعُو رَبِّي)، واتە: وە تەنها خوداکەم دەپەرستم و شرکی پێ ناکەم (عَسَى أَلا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا- ئاواتەخوازم کە بەم نیزایەم سەرکێشی خوداکەم نەکەم)، وە ئەو ئاواتەی هەر دەبێت و ئەستەم نییە، وە ئیبراهیم لە دوای محمد صلعم گەورەی پێغەمبەران بووە.

## ئایەتی ٤٩-٥٠

فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلا جَعَلْنَا نَبِيًّا

وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا

دەڵێت:

جا کاتێك ئیبراهیم لێیان و لەوەی کە جگە لە الله دەیانپەرست دوورکەوتەوە، ئیسحاق و یعقوبمان پێی بەخشی، هەریەك لەوانەشمان کرد بە هەواڵدەر (پێغەمبەر).

وە لە ڕەحمەتی خۆمانمان، پێیان بەخشی و بۆیان زمانێکی ڕاستگۆ و بەرزمان پێیاندا.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

کاتێك ئیبراهیم لە کەوسوکارەکەی و ئەوەی جگە لە الله دەیانپەرست لە بتەکان خۆی دوورخستەوە، هەستی بە دڵتەنگی کرد بە هۆی دوورکەوتنەوە لێیانەوە، وە کەسوکاریمان بۆی بە کەسێك گۆڕیەوە کە باشتر و چاکتر و ڕێزدارتر بوو لای الله، ئەوەبوو ئیسحاقمان پێی بەخشی، وە یعقوب کوڕی ئیسحاقمان پێی بەخشی، وە هەردووکیانمان کرد بە پێغەمبەر.

(وَوَهَبْنَا لَهُمْ مِنْ رَحْمَتِنَا)، دەڵێت: وە بژێویمان بە هەموویان بەخشی، واتە ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب وەك ڕەحمەتێك لە ئێمەوە.

(وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا)، دەڵێت: وامان کرد کە خەڵك پێیان هەڵبدەن و بە شێوەیەکی جوان ئاماژەیان پێ بکەن.

ابن الجوزی لە زاد المسير سەبارەت بە {وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا} دەڵێت:

شرۆڤەکەران گوتوویانە واتە: سامان و منداڵ و زانست و کاری چاك.

## ئایەتی ٥١

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولا نَّبِيًّا

اللهى عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی محمد، لە پەرتووکەکە-قورئان- ئاماژە بە موسا بکە، لە ڕاستیدا دڵسۆز بوو وە پێغەمبەرێکی هەواڵدەر بوو.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد، لە پەرتووکەکەمان کە بۆ تۆمان دابەزاندووە، ئاماژە بە موسا بکە، وە چیرۆکی موسا بۆ قەومەکەت بگێڕەوە کە کەسێکی دڵسۆز بوو، واتە: دڵسۆز بوو بۆ پەرستنی الله و دڵسۆز بوو لە پەیامەکەی و پێغەمبەرایەتیەکەی بۆ بنی ئیسرائیل.

## ئایەتی ٥٢

وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا

اللهى عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە موسامان لە لای ڕاستەی چیاکە بانگ کرد، وە لە خۆمان بۆ گفتوگۆی تایبەت نزیکمان کردەوە.

گاڵتەجاری ئەم دەقە: {جَانِبِ الطُّورِ الأَيْمَنِ- لای ڕاستەی چیاکە}

بۆ چیا لای ڕاستە و چەپەی هەیە؟ مرۆڤ دەستە چەپ و دەستە ڕاستی هەیە بەڵام لای ڕاستەی چیاکە مانای چییە؟

لای ڕاستە و چەپەی چیا، بە گوێرەی ئاراستەی مرۆڤ دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە لای ڕاستە دەکرێت لای چەپەی چیاکە بێت، وە بە پێچەوانەوە.

ئەم دەقە ڕوونە کە دەڵێت لای ڕاستی چیاکە، شرۆڤەکاران بۆ پینەکردنی ئەم دەقە دەڵێت واتە: لای دەستی ڕاستی موسا.

{قَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا}، واتە کاتێك خودا وادەی چل شەوەی لەگەڵ موسا دانا و کۆبوونەوەی تایبەتیان لەگەڵ یەکدا هەبوو. (بگەڕێوە بۆ ئایەتی ١٤٢ سوورەتی الاعراف).

## ئایەتی ٥٣

وَوَهَبْنَا لَهُ مِن رَّحْمَتِنَا أَخَاهُ هَارُونَ نَبِيًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە بە موسامان بەخشی، وەك ڕەحمەتێك لە خۆمانەوە، هارونی برایمان کردە پێغەمبەر.

وەك ئایەتی ٢٩-٣٠ طە دەڵێت:

وَاجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي

موسا گوتی، ئەی خوداکەم بریکارێکم لە کەسوکارەکەم بۆ دابین بکە، کە هارونی برام بێت.

## ئایەتی ٥٤-٥٥

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولا نَّبِيًّا

وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُ بِالصَّلاةِ وَالزَّكَاةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِ مَرْضِيًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی محمد، وە لە پەرتووکەکە-قورئان- ئاماژە بە ئیسماعیل بکە، لە ڕاستیدا پابەندی بەڵێن بوو، وە پێغەمبەرێکی هەواڵدەر بوو.

وە فەرمانی بە کەسوکارەکەی دەکرد بە نوێژکردن و زەکات، وە خوداکەی لێی ڕازی بوو.

پێویست بە شرۆڤە ناکات و دەقەکان ڕۆشنن، هەرچەندە بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز ئیسماعیل بۆ یەك چاوتروکانیش پێغەمبەر نەبووە.

# ئایەتی ٥٦-٥٧

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا

وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی محمد، وە لە پەرتووکەکە-قورئان- ئاماژە بکە بە ئیدریس کە لە ڕاستیدا هەواڵدەرێکی ڕاستگۆ بوو.

وە بەرزمان کردەوە بۆ شوێنێکی بەرز.

امام الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە {وَرَفَعْنَاهُ مَكَاناً عَلِيّاً- بەرزمان کردەوە بۆ شوێنێکی بەرز}، دەڵێت، دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: ئیدریس بەرز کرایەوە بۆ ئاسمانی چوارەم.

دووەم: ئیدریس بەرزکرایەوە بۆ ئاسمانی شەشەم.

لە صحیح البخاری ڕیوایەتی میعراج هاتووە کە محمد گوتوویەتی:

ثم صَعِدَ بي حتى أتى السماء الرابعة فاستفتح. قيل: من هذا؟ قال: جبريل، قيل: ومن معك؟ قال: محمد صلى الله عليه وسلم، قيل: أوقد أُرْسِلَ إليه؟ قال: نعم، قيل: مَرْحباً به فِنِعْمَ المجيءُ جاء. فلما خَلَصْتُ فإذا إدريس، قال هذا إدريس فسلِّم عليه، فسلمتُ عليه فرد ثم قال: مرحباً بالأخ الصالح والنَّبِيّ الصالح

ئینجا جبرایل منی بەرزکردەوە بۆ ئاسمانی چوارەم، جبرایل لە دەرگای ئاسمانی چوارەمی دا، پاسەوانی دەرگاکە گوتی: کێیە؟ گوتی جبرایل، گوتی کێت لەگەڵدایە؟ گوتی محمد، گوتی: بۆ وەك پێغەمبەر نێردرا؟ گوتی بەڵێ، پاسەوانەکە گوتی: یاخوا بەخێر بێیت، دەڵێت کاتێك گەیشتمە ئاسمانی چوارەم، ئیدریسی لێ بوو، جبرایل گوتی ئەوە ئیدریسە، سڵاوم لێی کرد و وەڵامی سڵاوەکەی دامەوە و گوتی: مرحبا بە برای ئاکارچاك و پێغەمبەری ئاکارچاك.

هیچ پێغەمبەرێك بە ناوی ادریس لە پەرتووکی پیرۆز بە پەیمانی کۆن و نوێ ئاماژەی پێ نەکراوە.

بەڵام "الصابئة المندائية" کە پەرتووکی پیرۆزیان ناوی "کنزا ربا"یە و سەدەی سێهەم نووسراوەتەوە، پێغەمبەرێکیان هەیە بە ناوی " دناخوخت" کە گوایە بۆ ئاسمانی حەوتەم بەرز کراوەتەوە و دواتر بۆ زەوی گەڕاوەتەوە و مردووە.

وە ئیدریس دووجار لە قورئان ئاماژە بە ناوی کراوە، جارێکیان لە ئایەتی ٥٦ی ئەم سوورەتە، وە جاری دووەم لە ئایەتی ٨٥ سوورەتی الانبیاء:

وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ

وە ئیسماعیل و ئیدریس و ذاالکفل هەموویان لە خۆڕاگرەکان بوون.

قورئان هیچ شتێکی تر سەبارەت بە ئیدریس ناڵێت.

موفەسیرەکان هەوڵیان داوە ئەو کەلێنە بە درۆ و دەلەسە پڕ بکەنەوە، تەنانەت سەبارەت بەوەی کە ئیدریس کێیە ناکۆکن.

الرازی لە مفاتیح الغیب دەڵێت:

ئیدریس باپیرەی باوکی نوحە، وە نوح کوڕی لەملك کوڕی متوەشلخ کوڕی ئەخنوخە، وە دەڵێن ئەخنوخ بە ئیدریس ناوبراوە بە هۆی زۆری دیراسەکردنی، وە اللە بە سێ شت وەسفی کردووە:

یەکەم: کە کەسێکی ڕاستگۆ بووە.

دووەم: هاواڵدەر(پێغەمبەر)بووە.

سێهەم: {وَرَفَعْنَاهُ مَكَاناً عَلِيّاً-بۆ شوێنێکی بڵند بەرزمانکردەوە}، وە سەبارەت بەم دەقە دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: پلەوپایەی وەك محمد صلعم بەرزکراوەتەوە، هەروەك اللە بە محمد دەڵێت، لە ئایەتی ٤ سوورەتی الشرح، {وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ- ئاماژەکردنمان بە تۆ بەرز کردۆتەوە}. اللە شەرافەتمەندی کردووە بە پێغەمبەرایەتی، وە سی پەڕاو بۆی دابەزاندووە، وە یەکەم کەس بووە کە بە پێنووس نووسیویەتی، وە لێهاتوو بووە لە بواری زانستی ئەستێرەکان و ژمێریاری، وە یەکەم کەس بووە کە جلی دوریووە و لەبەری کردووە، کە پێش ئەوکات پێستیان لەبەر دەکرد.

دووەم: مەبەست لە بەرزکردنەوە ئەوە بردنیەتی بۆ شوێنێکی بڵند و بەرز، وە ئەوەیان ڕاسترە .هەندێك دەڵێن: الله بەرزی کردەوە بۆ ئاسمانەکان و بەهەشت، وە تاوەکو ئێستا زیندووە و نەمردووە. وە هەندێك دەڵێن الله بەرزی کردەوە بۆ ئاسمانەکان ئینجا لە ئاسمانەکان ڕۆحی کێشا.

الرازی لە مفاتیح الغیب و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الطبری لە جامع البیان دەڵێن:

ابن عباس، پرسیاری کرد لە کعب الاحبار، سەبارەت بە {وَرَفَعْنَاهُ مَكَاناً عَلِيّاً}. کعب گوتی: یەکێك لە فریشتە هاوڕێکانی هات بۆ لای ئیدریس، داوای لێکرد کە قسە لەگەڵ فریشتەی مەرگ بکات بۆ ئەوەی ڕۆحکێشانی دوابخات. ئەوەبوو ئەم فریشتەیە ئیدریسی لە نێوان دوو باڵەکەی هەڵگرت بۆ ئاسمان، کاتێك ئیدریس لە ئاسمانی چوارەم بوو، تووشی فریشتەی مەرگ بوو کە گوتی: نێردراوم لە ئاسمانی چوارەم ڕۆحت بکێشم. ئەوەبوو فریشتەی مەرگ لە نێو هەردوو باڵی فریشتەکە ڕۆحی ئیدریسی کێشا.

## ئایەتی ٥٨

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ مِن ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَن خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا

ئەم ئایەتە بێسەروبەرە لە چوار برگە پێك هاتووە:

یەکەم: ئەوانە لەو پێغەمبەرانەن کە لە وەچەکانی ئادەمن کە الله چاکەی پێیان بەخشیووە.

دووەم: وە لەوانەی کە لەگەڵ نوح هەڵمان گرتن.

سێهەم: وە لە نەوەکانی ئیبراهیم و ئیسرائیل.

چوارەم: وە لە وانەی هیدایەتمان دان و هەڵمان بژاردن، کاتێك ئایەتەکانی ڕەحمانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە دەکەون، کڕنۆش دەبەن و دەگریێن.

برگەی یەکەم  دەڵێت{أُوْلَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ مِن ذُرِّيَّةِ آدَمَ- ئەوانەن کە اللّٰه چاکەی بەسەریاندا باراندووە لە پێغەمبەرەکان لە نەوەکانی ئادەم}، مەبەست ئەو پێغەمبەرانەیە کە لە ئایەتی ١-٥٧ ئاماژەیان پێکراوە کە بریتین لە :

یەکەم: زەکەریا و یەحیا

دووەم: عیسای کوڕی مەریەم

سێهەم: ئیبراهیم و ئیسحاق و یعقوب

چوارەم: موسا و هارون

پێنجەم: ئیسماعیل

شەشەم: ئیدریس

بڕگەی دووەم دەڵێت، {وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ- وە لەوانەی لەگەڵ نوح هەڵمانگرتن)، واتە لە کەشتیەکەی نوح هەڵمانگرتن.

الطبری دەڵێت، مەبەست لە نەوەکانی نوح ئیبراهیمە.

بڕگەی سێهەم دەڵێت، {وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ- وە لە نەوەکانی ئیبراهیم و ئیسرائیل}، واتە نەوەکانی ئیبراهیم و یعقوب.

بە گوێرەی قورئان ئیبراهیم دوو کوڕی هەبووە، ئیسحاق کە لە سارای ژنی بووە، وە ئیسماعیل کە لە هاجرة بووە کە کەنیزەی ئیبراهیم بووە.

وە ئیسرائل (یعقوب) کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمە.

یعقوب، بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز، یەهوەی نازناوی "ئیسرائیل"ی پێ دەبەخشێت، کە لە دوو بڕگە پێك هاتووە: "ئیسراء" بە شەو ڕۆیشتن وە "ئیل" واتە خودا. خودا بەشەو بەڕێیان دەکات (کاتێك بە سەرکردایەتی موسا لە خاکی میسر دەریکردن و ڕزگاری کردن).

وە بە حوکمی ئەوەی جووەکان لە دوا کوڕەکەی یعقوب"ئیسرائیل"ن، ئەوا بە جووەکان دەگوترێت "بنی ئیسرائیل" واتە نەوەکانی ئیسرائیل، نەوەکانی یعقوب.

کەواتە هەموو پێغەمبەرانی بنی ئیسرائیل لە یعقوبن.

بەڵام قورئان ئاماژەی بە هیچێك لەم زانیاریانە نەكردووە. لە كتوپڕێكدا هاتووە دەڵێت، "ئیسرائیل". پێمان ناڵێت بۆچی ناوی یعقوب گۆڕدراوە بۆ ئیسرائیل.

برگەی چوارەم دەڵێت، {وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا ۚ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَـٰنِ خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا- وە لەوانەی ڕێنمایمان كردن و هەڵمانبژاردن كاتێك ئایەتەكانی ڕەحمانیان بەسەردا دەگوترێتەوە كەوتن بە كڕنۆشبردن و گریانەوە}

واتە ئەوانەی كە باوڕیان بە الله هێنا و هیدایەتمان دان، كاتێك ئایەتەكانی اللەیان بۆ دەگوترێتەوە یەكسەر لەسەر چاو دەكەون و دەست بە گریان دەكەن، بۆ نموونە كاتێك ئایەتی ٥٦ سوورەتی الرحمن بە دەنگێكی خشوع و ترسەوە بۆیان دەخوێندرێتەوە:

فِيهِنَّ قَاصِرَاتُ الطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَانٌّ

ڕەشماڵەكانی بەهەشت حۆرەیەی تێدایە كە چاو هەڵنابڕن، وە لە پێشوودا نە پیاوانی مرۆڤ نە جنۆكە نەیانگاون.

یەكسەر كاكی موسڵمان و خوشكی موسڵمان دەبێت لەسەر چاو بكەوێت و كڕنۆش ببات و دەست بە گریان بكات.

# ئایەتی ٥٩-٦٠

فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا

إِلاَّ مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلا يُظْلَمُونَ شَيْئًا

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

لە دوای ئەوان- ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێكرا- خەڵكانێك بوون بە جێنشین، نوێژیان چواند و بە دوای هەوەسەكانیان كەوتن، ئەوانە فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە.

جگە لەوانەی تۆبە دەكەن و باوەڕ دێنن و كاری چاك دەكەن، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە و هیچ ستەمێكیان لێ ناكرێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئینجا لە دوای ئەو پێغەمبەرانەی کە ئاماژەم پێیان کرد و چاکەم پێیان بەخشی و لەم سوورەتەدا وەسفیانم کرد، خەڵکانێکی خراپ هاتن کە دەستبەرداری نوێژکردن بوون و بە دوای هەوەسەکانیان کەوتن.

ئەوانە فرێ دەدرێنە دۆزەخەوە

الطبری سەبارەت بە {فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا} دەڵێت: واتە ئەوانە فڕێدەدێنە (غَيًّا)، کە ناوی دۆڵێکە لە دۆڵەکانی دۆزەخ یان ناوی بیرێکە لە بیرەکانی دۆزەخ.

الطبری لە جامع البيان و ابن كثير لە تفسير القران العظيم، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات، کە أبا أمامة صدي بن عجلان الباهلي دەڵێت، محمد صلعم گوتوویەتی:

لَوْ أنَّ صَخْرَةً زِنَةَ عَشْرِ أوَاقٍ قُذِفَ بِها من شَفيرِ جَهَنَّمَ ما بَلَغَتْ قَعْرَها خَمْسِينَ خَرِيفا، ثُمَّ تَنْتَهِي إلى غَيٍّ وأثامٍ ، قال: قُلْتُ وَما غَيّ ومَا أثامٌ؟ قالَ: بِئْرَانِ فِي أسْفَلِ جَهَنَّمَ يَسِيلُ فِيهِما صَدِيدُ أهْلِ النَّارِ، وَهُما اللَّتانِ ذَكَرَ اللهُ فِي كِتابِهِ( أَضَاعُوا الصَّلاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا ) ، وقوله في الفرقان وَلا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا

ئەگەر بەردێك کە کێشەکەی ١٠ ئۆقیە بێت و لە لێوارێکی دۆزەخ فڕێبدرێتە ناویەوە ئەوا بە ٥٠ پایز ناگاتە بنیەوە، ئینجا دەگات بە (غَيٍّ وأثامٍ). گوتم ئەی پێغەمبەر (غَيٍّ وأثامٍ) چییە؟ گوتی دوو بیرن لە بنی دۆزەخ کە کێماوی خەڵکی دۆزەخی بەناودا دەڕوات. وە ئەم دوو بیرە الله لە قورئاندا ئاماژەی پێیان کردووە، لە ئایەتی ٥٩ سوورەتی مریم،{أَضَاعُوا الصَّلاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا} و ئایەتی ٦٠ سوورەتی الفرقان {وَلا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا.}

وە سەبارەت بە {وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ- شوێنکەوتەی هەوەسبازی بوون}، فەرموودەیەك لە تفسير القران العظيم لابن كثير و مسند احمد و المستدرك على الصحيحين للحاكم، هاتووە کە محمد صلعم گوتوویەتی:

يَكُونُ خَلْفٌ مِنْ بَعْدِ سِتِّينَ سَنَةً أَضَاعُوا الصَّلَاةَ ، وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا ، ثُمَّ يَكُونُ خَلْفٌ بَعْدَ سِتِّينَ سَنَةً يَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ لَا يَعْدُو تَرَاقِيَهُمْ ، وَيَقْرَأُ الْقُرْآنَ ثَلَاثَةٌ مُؤْمِنٌ وَمُنَافِقٌ وَفَاجِرٌ " قَالَ بَشِيرٌ : فَقُلْتُ لِلْوَلِيدِ : مَا هَؤُلَاءِ الثَّلَاثَةُ ؟ قَالَ : " الْمُنَافِقُ كَافِرٌ بِهِ ، وَالْفَاجِرُ يَتَأَكَّلُ بِهِ ، وَالْمُؤْمِنُ يُؤْمِنُ بِهِ

له دوای ٦٠ ساڵ خەڵکانێك دەبن كە نوێژ لە دەست دەدەن و بە دوای هەوەسەكانیان دەكەون، ئەوانە فڕێدەدرێنە (غَيّ)، ئینجا دوای ئەوە بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ خەڵكانێك دین كە قورئان دەخوێننەوە، بەڵام لە قورگیان تێپەڕ نابێت، وە سێ جۆر كەس قورئان دەخوێننەوە: ئیماندار و دووڕوو و خوێڕی. بشیر دەڵێت، لە وەلیدم پرسی ئەو ٣ جۆر كەسانە كێن؟ گوتی دووڕووە كە بڕوای بە قورئان نییە، خوێڕیەكە لێی دەخوات، ئیماندارەكە بڕوای پێیەتی.

جۆری دووەمیان زۆرن بە تایبەتی لە ناو میللەتی كورد.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، مجاهید سەبارەت بە {وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ} گوتوویەتی:

هُمْ فِي هَذِهِ الْأُمَّةِ ، يَتَرَاكَبُونَ تَرَاكُبَ الْأَنْعَامِ وَالْحُمُرِ فِي الطُّرُقِ ، لَا يَخَافُونَ اللَّهَ فِي السَّمَاءِ ، وَلَا يَسْتَحْيُونَ النَّاسَ فِي الْأَرْضِ

ئەوانەی بە دوای هەوەسبازی دەكەون لە میللەتی ئیسلامن، وەك ئاژەڵ و كەر لەسەر ڕێگاكان سواری یەك دەبن و لە الله ناترسن، وە لە خەڵك شەرم ناكەن.

لە صحیح الجامع و سنن ابن ماجة و سنن النسائی و صحیح الترغیب، فەرموودەیەكی محمد هاتووە كە گوتوویەتی:

العَهْدُ الَّذي بينَنا وبينَهُمُ الصَّلاةُ ، فمَن ترَكَها فقد كفرَ

ئەو پەیمانەی لە نێوان ئێمە و ئەوانە، نوێژە، هەر كەسێك دەستبەرداری نوێژ بێت ئەوە كافرە.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم لە شرۆڤەی ئایەتی ٦٠ دەڵێت:

جگە لە كەسێك كە دەگەڕێتەوە لە نوێژنەكردن و پیادەكردنی هەوەسەكانی، ئەوا الله تۆبەكەی قبووڵ دەكات و سەرەنجامەكەی باش دەكات و دەیكات بە میراتگری بەهەشت، لەبەر ئەوە گوتوویەتی:

فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْئًا، واتە ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە، وە هیچ ستەمێكیان لێ ناكرێت. وەك لە فەرموودەیەك هاتووە كە پێغەمبەر گوتوویەتی:

التَّائبُ من الذَّنبِ كمن لا ذنبَ له

تۆبەکار لە گوناە، وەك كەسێكە كە گوناهی نەبێت.

ئەم فەرموودەیەکە لە صحيح ابن ماجة (بتحقيق الالبانی) هاتووە.

## ئایەتی ٦١-٦٣

جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدَ الرَّحْمَنُ عِبَادَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّهُ كَانَ وَعْدُهُ مَأْتِيًّا

لا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا إِلاَّ سَلامًا وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا

تِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي نُورِثُ مِنْ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيًّا

ئەو ٣ ئایەتە تەواوکەری ئەو بەشەی ئایەتی ٦٠ کە دەڵێت، {فَأُولَـئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ}، ئەوانەن کە دەچنە بەهەشتەوە، ئینجا لەم ٣ ئایەتەدا اللهی عەرەب و ئیسلام وەسفی بەهەشت دەکات و دەڵێت:

باخەکانی عەدن کە الرحمان-الله- بەنهێنی بەڵێنی داوە بە بەندەکانی، وە لە ڕاستیدا بەڵێنەکانی هەر دێتە دی.

لە بەهەشتدا گوێیان لە چەنەچەن نابێت تەنها سڵاو نەبێت، وە تیایدا خواردنی بەیانیان و ئێوارانیان دەبێت.

ئەمە ئەو بەهەشتەیە کە بە میرات دەیدەین بە هەر بەندەیەك کە خوداترسە

چەند تێبینیەك سەبارەت بەم ٣ ئایەتە:

یەکەم: {وَعَدَ الرَّحْمَنُ عِبَادَهُ بِالْغَيْبِ- الرحمن بە نهێنی بەڵێنی داوە بە بەندەکانی}، یانی چۆن بە نهێنی بەڵێنی پێیان داوە کە بەهەشتیان بۆ دەبێت؟ ئەوە نییە لەم دەقە و سەدەها دەقی قورئان ئاماژەی پێکراوە کە ئیمانداران بەهەشتیان بۆ دەبێت؟

یان الله لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ یەک بە یەکی موسڵمانان هەیە کە بەهەشتێکیان پێ دەدات زۆر تایبەتە و ئێمەی پێی نازانین؟

دووەم: {وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا- ڕۆزییان (خواردن) لە بەهەشت پێ دەدرێت بەیانیان و ئێواران}.

بەهەشت دەبێت لە دەرەوەی کات و شوێن بێت، {لە میتافیزیك}، کەواتە بەیانیان و ئێواران مانای چییە؟

دیارە لە بەهەشت ئەزمە و قەیرانی خۆراك هەیە، لەبەر ئەوە دەڵێت بەیانیان و ئێواران خواردنیان پێ دەدرێت.

لە مسند احمد و سنن الدارمي، ڕیوایەتێك هاتووە محمد گوتوویەتی:

إِنَّ الرَّجُلَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ يُعْطَى قُوَّةَ مِائَةِ رَجُلٍ فِي الأَكْلِ وَالشُّرْبِ وَالشَّهْوَةِ وَالْجِمَاعِ

هەر پیاوێکی بەهەشت هێزی سەد پیاوی پێ دەدرێت لە خواردن و خواردنەوە و شەهوەت و گانکردن.

وە بەردەوام خەریکی دڕاندنی پەردەی کچێنی حۆریەکان و گانکردن دەبن.

پرسیار ئایا گانکردن بە سکی برسی دەکرێت؟

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم لە شرۆڤەی ئایەتی ٦١ دەڵیت:

ئەو بەهەشتەی کە تۆبەکاران دەچنە ناویەوە باخەکانی عەدن دەبێت کە الرحمان- الله- بە غەیب بەڵێنی پێیان داوە {بِالْغَيْبِ}، واتە لە شاراوەکانەوە کە بروایان پێیەتی و نەیانبینیووە، وە ئەوە بە هۆی توندی بڕوابوونیان و هێزی باوەڕیان، {إِنَّهُ كَانَ وَعْدُهُ مَأْتِيًّا}، واتە الله تەئکید دەکاتەوە کە ئەوە ڕوودەدات، چونکە الله پێشێلی بەڵینەکان ناکات و نایگۆڕێت. وەك لە ئایەتی ١٨ سوورەتی المزل هاتووە دەڵێت:

كَانَ وَعْدُهُ مَفْعُولًا واتە بەڵێنی الله هاتۆتە دی.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا}، دەڵێت:

وە خۆراکەکانیان و ئەوەی ئارەزوو دەکەن لە خۆراك و خواردنەوە لە بەرەبەیان و ئێواران پێیان دەدرێت کە تەخمین کراوە بە کاتی ڕۆژەکانی دونیا.

الطبری دەڵێت، تەخمین کراوە بە کاتەکانی دونیا چونکە دەزانێت لە بەهەشت کات بوونی نییە. وەك دەڵێت:

وذلك لأنه لا ليل في الجنة ولا نهار

چونکە لە بەهەشت نە شەو هەیە، وە نە ڕۆژ.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران بە هەمان شێوە هەستی بەم هەڵەیەی قورئان کردووە، وەك دەڵێت:

أي لهم ما يشتهون من المطاعم والمشارب بكرة وعشيا ؛ أي قدر هذين الوقتين ؛ إذ لا بكرة ثم ولا عشيا

واتە ئەوەی ئارەزوو دەکەن لە خواردن و خواردنەوە لە بەیانیان و ئێواران دەبێت، واتە نزیك بەم دوو کاتە، چونکە لە بەهەشت نە بەیانی و نە ئێوارە بوونیان هەیە.

# ئایەتی ٦٤

وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە ئێمە دانابەزین تەنها بە فەرمانی خوداکەت نەبێت، بۆ ئەوە ئەوەی لە پێشمانە و ئەوەی لە دوامانە و ئەوەی لە نێوان ئەو دوانەیە، وە خوداکەت لە یادی نەکردووە.

الواحدی النیسابوری، ئاماژە بە چەند هۆکارێك دەکات سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە:

یەکەم: لە صحیح البخاری هاتووە، ابن عباس گوتوویەتی: پێغەمبەر بە جبرایلی گوت بۆچی زیاتر سەردانمان ناکەیت؟ جبرایل گوتی:

وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِجِبْرِيلَ مَا يَمْنَعُكَ أَنْ تَزُورَنَا أَكْثَرَ مِمَّا تَزُورُنَا فَنَزَلَتْ وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا

کەواتە ئەم ئایەتە قسەی جبرایلە و قسەی الله نییە.

دووەم: مجاهید گوتوویەتی:

أبطأ المَلَكُ على رسول الله صلى الله عليه وسلم ثم أتاه فقال: لعلِّي أبطأتُ، قال: قد فعلتَ، قال: ولم لا أفعلُ، وأنتم لا تَتَسوَّكُون، ولا تَقُصُّون أظفاركم، ولا تُنَقُّونَ بَرَاجِمُكُم؟ قال: {وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ} قال مجاهد: فنزلت هذه الآية

ماوەیەك جبرایل نەهات بۆ لای پێغەمبەر ئینجا هات، جبرایل گوتی، لەوانەیە ماوەیەك ون بووبم، پێغەمبەر گوتی بەڵێ، جبرایل گوتی: جا بۆ ون نەبم، ئێوە نە سیواك بەكاردەهێنن و نە نینۆكتان كورت دەكەن و نە نێوان پەنجەكانتان پاك دەكەنەوە، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

سێهەم: عكرمة و الضحاك و قتادة و مقاتل و الكلبي گوتوویانە: كاتێك پرسیار لە پێغەمبەر كرا سەبارەت بە یاوەرانی ئەشكەوت و ذالقرنین و رۆح، جبرایل بۆ ماوەیەك نەهات، وە پێغەمبەر نەیزانی چ وەڵامێكیان بداتەوە، ئەوەبوو دوای ماوەیەك جبرایل بەدیاركەوت، پێغەمبەر پێی گوت: خۆت ون كرد تەنانەت فیكرەی خراپم دەكرد، وە بیرم دەكردیت، جبرایل گوتی منیش بیرم دەكردیت، بەڵام خۆت دەزانیت منیش بەندەیەكم كارم پێ دەسپێردرێت (واتە لە خۆمەوە ناتوانم هەڵسوكەوت بكەم)، ئەگەر داوام لێبكرێت بێم ئەوا دادەبەزم، وە ئەگەر فەرمانم پێ نەكرێت ئەوا دانابەزم، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

احتبس جبريل عليه السلام عن النبي صلى الله عليه وسلم، حين سأله قومه عن قصة أصحاب الكهف وذي القرنين والرُّوح، فلم يدر ما يجيبهم، ورجا أن يأتيه جبريل عليه السلام بجواب ما سألوه فأبطا عليه، فشقَّ على رسول الله صلى الله عليه وسلم، مشقّة شديدة، فلما نزل جبريل عليه السلام، قال له: أبطأت عليَّ حتى ساء ظني. واشتقت إليك. فقال جبريل عليه السلام: إني كنت إليك اشْوَق ولكني عبد مأمورٌ: إذا بُعثتُ نزلتُ، وإذا حُبِستُ احتَبَستُ، فأنزل الله تعالى: {وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ}

هەر كامێك بێت هۆكارەكانی دابەزین، دەقەكە ئاماژەی بەوە نەكردووە كە جبرایل ئەو قسەیەی كردووە، وە بە حوكمی ئەوەی موسڵمانان دەڵێن قورئان قسەی اللهیە، كەواتە لەم دەقەدا الله دەڵێت:

وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ

دانابەزین تەنها بە فەرمانی خوداكەت نەبێت.

واتە خودایەكی باڵاتر لە الله بوونی هەیە.

هەڵبەتە ئەهلی سونە دەتوانن لە رێگای اسباب النزول و تفاسیر پینەی ئەم دەقە بكەن، بەڵام قورئانیەكان چۆن ئەم دەقە پینە دەكەن؟

امام الماوردی له النکت و العیون، سەبارەت بە {لَهُ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا) دەڵێت سێ وتەوت هەیە:

یەکەم: {مَا بَيْنَ أَيْدِينَا}، واتە قیامەت {وَمَا خَلْفَنَا}، لە دونیا {وَمَا بَيْنَ ذلِكَ}، واتە نێوان دوو جار فووکردنە کەڕەناکە.

دووەم: {مَا بَيْنَ أَيْدِينَا}، واتە ئەوەی تێپەڕبووە لە کاروبارەکانی دونیا،{ وَمَا خَلْفَنَا}، ئەوەی لە دواتر دەبێت لە دونیا و لە قیامەت، {وَمَا بَيْن ذلِكَ}، ئەوەی ڕوویداوە و ئەوەی دەبێت.

سێهەم: {مَا بَيْنَ أَيْدِينَا}، واتە ئاسمان، {وَمَا خلْفَنَا}، واتە زەوی {وَمَا بَيْنَ ذلِكَ}، لە نێوان ئاسمان و زەوی.

هەر کامێك لەوانە بێت ئەوا دەقەکە هەر بێ مانا دەبێت.

# ئایەتی ٦٥

رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيًّا

دەڵێت:

خودای ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانە، جا بیپەرستە و بۆ پەرستنی خۆڕاگربە، ئایا کەسێك دەناسیت کە هاوتای ئەو بێت؟

امام الماوردی له النکت و العیون، سەبارەت بە {هَل تعْلَمُ لَهُ سَمِيّاً}، دەڵێت، چوار تێڕوانین هەیە:

یەکەم: وەکو ئەو بێت و هاوشێوەی بێت.

دووەم: هیچ کەسێك پێی ناگوترێت الله جگە لە ئەو نەبێت.

سێهەم: هیچ کەسێك شایستە نییە بە خوداوەندی تەنها ئەو نەبێت.

چوارەم: ئایا شك دەبەیت منداڵێکی هەبێت.

# ئایەتی ٦٦-٦٧

وَيَقُولُ الإِنسَانُ أَئِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيًّا

أَوَلا يَذْكُرُ الإنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئًا

وه مرۆڤ دەڵێت کە ئایا ئەگەر مردم بە دڵنیاییەوە بە زیندوویی دێمە دەرەوە.

ئەی مرۆڤ لە بیری نایەت کە ئێمە لە پێشوو دروستمانکرد لە کاتێکدا هیچ شتێك نەبوو؟

الطبری لە جامع البیان لە شرۆڤەی ئایەتی ٦٦ دەڵێت:

مرۆڤی کافر کە بڕوای بە زیندووبوونەوەی دوای مەرگ نییە دەڵێت، ئایا لە دوای مەرگ زیندوو دەبمەوە؟

الله لەوەڵامدا لە ئایەتی ٦٧ دەڵێت:

أَوَلَا يَذْكُرُ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئًا

ئایا مرۆڤ لە بیری نایەت کە ئێمە لە پێشوو دروستمانکردووە، لە کاتێکدا شتێك نەبووە.

پرسیاری من ئەوەیە: چۆن بە بیرم بێت کە تۆ منت دروستکردووە؟

ئەگەر بیگوتبایە:

أَفَلَا يَنْظُرُ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئًا

واتە: ئەی مرۆڤ سەیرناکات کە ئێمە پێشوو دروستمانکردووە لە کاتێکدا شتێك نەبووە؟

ئەمەیان لۆجیکیترە، چونکە مرۆڤ دەزانێت مرۆڤ لە ئاکامی زاوزێ و نطفة دروستدەبێت.

بەڵام ئەم ئایەتە زۆر بێمانایە چونکە دەڵێت: ئەی مرۆڤ بیری نایەت؟

ئاخر چۆن بیرمان بێت؟

## ئایەتی ٦٨

فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَالشَّيَاطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا

دەڵێت:

جا سوێند بە خوداکەت ئەی محمد، بە دڵنیاییەوە کافرەکان و شەیتانەکان کۆدەکەینەوە ئینجا لە دەورەی دۆزەخدا لە سەر چۆکیان  ئامادەیان دەکەین.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم، سەبارەت بە {ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا}، دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی، واتە بە دانیشتن.

ابن مسعود گوتوویەتی، واتە بە وەستان.

بەڵام امام الماوردى لە النكت و العيون، دەڵێت:عطية گوتوویەتی، واتە لەسەر ئەژنۆ (چۆك).

## ئایەتی ٦٩

ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى الرَّحْمَنِ عِتِيًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام بۆمان ڕووندەکاتەوە کە بۆچی کافرەکان و شەیتانەکان لە دەورەی دۆزەخ کۆدەکاتەوە، دەڵێت:

ئینجا سوێند بێت لە هەر کۆمەڵێکی کافرەکان، ئەوەیان دەردێنین کە دژوارترینیان بووە لە دژایەتیکردنی الله.

بۆچی دەریدەهێنێت؟

ڕەنگ بێت الله بیەوێت زۆرانبازی لەگەڵدا بکات. الله اعلم.

الطبرى لە جامع البيان دەڵێت:

ئینجا لە هەر کۆمەڵێکیان ئەوەیان دەگرین کە دژوارترینیان بوو لە دژایەتی کردنی الله، ئینجا بەوانە دەست پێدەکەین.

امام الماوردى لە النكت و العيون، سەبارەت بە {عِتِيًّا} دەڵێت، پێنج تێڕوانین هەیە بۆ ماناکەی:

یەکەم: بوێری

دووەم: کوفر

سێهەم: یاخیبوون

چوارەم: سەرپێچی

پێنجەم: درۆ بە ناوی اللهوە

## ئایەتی ٧٠

ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِالَّذِينَ هُمْ أَوْلَى بِهَا صِلِيًّا

دەڵێت:

ئینجا ئێمە باش بەوانە دەزانین کە شایستەترن لە دۆزەخدا بسووتێنرێن.

کەواتە: الله لە سەرەتا نەیدەزانی کە کامە لە کافرەکان شیاستەترە بە سووتاندن لە دۆزەخ، تاوەکو لە دەورەی دۆزەخ کۆی نەکردنەوە، ئینجا دژوارترینیانی دەرنەهێنا.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

واتە کێیان شایستەترە بە چوونە دۆزەخەوە.

## ئایەتی ٧١-٧٢

وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا

ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە ئێوەی موسڵمان کەستان نییە کە نەچێتە ناو دۆزەخەوە، ئەی محمد، ئەمە بڕیارێکە خوداکەت داویەتی و هەر دەبێت جێبەجێ بێت.

ئینجا ئەوانە لە دۆزەخ ڕزگار دەکەین کە خواناس بوون، وە ستەمکاران لە دۆزەخدا لە سەرچۆك جێدەهێڵین.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

هەر هەمووی دەچێتە ناو دۆزەخەوە ئینجا ئیمانداران لێی دێنە دەرەوە و الله لە دۆزەخ ڕزگاریان دەکات.

الطبری، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەكات كە محمد لە ماڵی حفصەی ژنی گوتوویەتی:

لا يَدْخُلُ النَّارَ أحَدٌ شَهِدَ بَدْرًا والحُدَيْبِيَةَ ، قالت: فقالت حفصة: يا رسول الله، أليس الله يقول (وَإِنْ مِنْكُمْ إِلا وَارِدُهَا ) ؟ فقال رسول الله: " فمَهْ(ثُمَّ يُنَجِّي اللهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا )

ئەوانەی بەشدار بوون لە شەڕی بدر و پەیمانی حودەیبیە ناچنە ناو دۆزەخەوە، حفصة گوتی، ئەی پێغەمبەری الله، ئەی الله ناڵێت، كەستان نییە كە نەچێتە ناو دۆزەخەوە؟ پێغەمبەر گوتی الله دەڵێت، ئینجا الله ئەوانە ڕزگار دەكات كە خواناس بوون.

وە ابن عباس گوتوویەتی، {وَارِدُهَا}، واتە چوونە ناو دۆزەخ.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت: عبد الرزاق وسعيد بن منصور وعبد بن حميد وابن جرير وابن المنذر وابن أبي حاتم والبيهقي في البعث، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك كردووە كە مجاهد گوتوویەتی: نافع بن الأزرق و ابن عباس مشتومڕیان بوو، ابن عباس گوتی: {الورود}، واتە چوونە ناوەوە، بەڵام نافع گوتی: نەخێر. ئەوەبوو ابن عباس ئایەتی ٩٨ سوورەتی "الانبياء"ی خوێندەوە:

{إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ}، واتە {لە ڕاستیدا ئێوە و ئەوەی جگە لە الله دەیانپەرستن دەبن بە سووتەمەنی دۆزەخ، وە ئێوە دەچنە ناو دۆزەخەوە}، ابن عباس گوتی: ئایا ئەوانە چوون یان نەچوون؟ ئینجا ئایەتی ٩٨ سوورەتی"هود"ی خوێندەوە {يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ}، واتە {لە ڕۆژی قیامەت -فیرعەون- پێش قەومەكەی دەكەوێت جا دەیانباتە ناو دۆزەخەوە}. ابن عباس گوتی: چوونە دۆزەخ، یان نەچوون؟ ئینجا باش بزانە كە من و تۆ دەچینە دۆزەخەوە، ئینجا چاوەڕێ دەكەین بزانین لێی دەردەچین یان دەرناچین؟ وە نابینم كە الله تۆ لە دۆزەخ دەربكات بە هۆی نكۆڵیكردنت، دەڵێت: ئەوەبوو نافع پێكەنی.

محمد لە فەرموودەكانیدا تەئكید دەكاتەوە، كە دەبێت هەموو موسڵمانێك بچێتە دۆزەخەوە. لە مسند أحمد و"البعث" للبيهقی و سنن عبد بن حمید و جامع الترمذي و المستدرك على الصحيحن الحاكم، (دەڵێت فەرموودەكە صحيحە) و ابن كثير لە تفسير القران العظيم، فەرموودەیەك هاتووە، أَبِي سُمَيَّةَ گوتوویەتی،

ناكۆك بووین سەبارەت بە چوونە دۆزەخەوە، هەندێكمان گوتمان، ئیماندار ناچێتە دۆزەخەوە، هەندێك گوتیان، هەر هەموو ئیمانداریك دەچێتە دۆزەخەوە، ئینجا الله ئەوانە ڕزگار دەكات كە خوداناسن، ئەوەبوو چاوم بە جابر بن عبدالله كەوت، پێم گوت كە ناكۆكیمان هەیە سەبارەت بە چوونە دۆزەخەوە، جابر گوتی:

يَرِدُونَهَا جَمِيعًا وَأَهْوَى بِأُصْبُعَيْهِ إِلَى أُذُنَيْهِ ، وَقَالَ : صَمْتًا ، إِنْ لَمْ أَكُنْ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ : لَا يَبْقَى بَرٌّ وَلَا فَاجِرٌ إِلَّا دَخَلَهَا ، فَتَكُونُ عَلَى الْمُؤْمِنِ بَرْدًا وَسَلَامًا ، كَمَا كَانَتْ عَلَى إِبْرَاهِيمَ ، حَتَّى إِنَّ لِلنَّارِ ضَجِيجًا مِنْ بَرْدِهِمْ ، ثُمَّ يُنَجِّي اللَّهُ الَّذِينَ اتَّقَوْا ، وَيَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا

هەر هەموو ئیمانداریك دەچێتە دۆزەخەوە، ئینجا دوو پەنجەی خستە ناوگوێكانیەوە و گوتی بێدەنگ بن، گوێم لە پێغەمبەری الله بوو گوتی: هیچ موسڵمانێكی چاك و خوێڕی نییە كە نەچێتە ناویەوە، بەڵام سارد و سەلامەت دەبێت بۆ ئیماندار، هەروەك چۆن بۆ ئیبراهیم سارد و سەلامەت بوو، تەنانەت بە هۆی ساردیەوە، ئاگر چەقەچەق دێت، ئینجا الله ئەوانە لە دۆزەخ ڕزگار دەكات كە خوداناس بوون، وە ستەمكارەكان لە دۆزەخ لەسەر ئەژنۆكانیان جێدەهێڵێت.

وە الحاكم لە المستدرك على الصحيحن، ئاماژەی بە ڕیوایەتێكی صحیح كردووە كە دەڵێت:

كَانَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ رَوَاحَةَ وَاضِعًا رَأْسَهُ فِي حِجْرِ امْرَأَتِهِ فَبَكَى فَبَكَتِ امْرَأَتُهُ فَقَالَ : مَا يُبْكِيكِ ؟ قَالَتْ : رَأَيْتُكَ تَبْكِي فَبَكَيْتُ ، قَالَ : إِنِّي ذَكَرْتُقَوْلَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ : ( وَإِنْ مِنْكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ) فَلَا أَدْرِي أَنْنجُو مِنْهَا أَمْ لَا

عبدالله بن رواحة، سەری خستبووە سەر كۆشی ژنەكەی، دەستی كرد بە گریان، ئەوەبوو ژنەكەشی گریا، عبدالله بە ژنەكەی گوت: بۆ دەگریت؟ گوتی بینیم تۆ دەگریت لەبەر ئەوە منیش گریام، عبدالله گوتی: من ئەو ئایەتەی اللهم بیرهاتەوە كە دەڵێت: {وە هیچ كەسێكتان نییە نەچێتە ناو دۆزەخەوە}، جا نازانم لێی ڕزگارم دەبێت، وە یان نابێت؟

لە المستدرك على الصحيحن للحاكم و جامع البيان للطبرى، ڕیوایەتێك هاتووە دەڵێت:

كَانَ أَبُو مَيْسَرَةَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ قَالَ : يَا لَيْتَ أُمِّي لَمْ تَلِدْنِي ثُمَّ يَبْكِي ، فَقِيلَ : مَا يُبْكِيكَ يَا أَبَا مَيْسَرَةَ ؟ فَقَالَ : أُخْبِرْنَا أَنَّا وَارِدُوهَا ، وَلَمْ نُخْبَرْ أَنَّا صَادِرُونَ عَنْهَا

کاتێك ابو میسرة لەسەر جێگاکەی پاڵدەکەوت دەیگوت: خۆزگە دایکم منی نەبووایە، ئینجا دەستی بە گریان دەکرد، پرسیاری لێکرا: ابو میسرة بۆچی دەگریت؟ گوتی: پێمان گوتراوە دەچینە دۆزەخەوە بەڵام پێمان نەگوتراوە کە لێی دەردەچین.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، الحسن البصری گوتوویەتی:

قَالَ رَجُلٌ لِأَخِيهِ : هَلْ أَتَاكَ أَنَّكَ وَارِدٌ النَّارَ ؟ قَالَ : نَعَمْ . قَالَ : فَهَلْ أَتَاكَ أَنَّكَ صَادِرٌ عَنْهَا ؟ قَالَ : لَا . قَالَ : فَفِيمَ الضَّحِكُ ؟ قَالَ : فَمَا رُئِيَ ضَاحِكًا حَتَّى لَحِقَ بِاللَّهِ.

پیاوێك بە براکەی گوت: ئایا هەواڵت پێ گەیشتووە کە تۆ دەچیتە دۆزەخەوە؟ گوتی بەڵێ. لێی پرسی: ئەی هەواڵت پێ گەیشتووە کە لێیەوە دەردەچیت؟ گوتی نەخێر. براکەی پێی گوت: ئەی ئەو هەموو پێکەنینەت لە چییە؟ ئەوەبوو ئەو پیاوە نەبینرا جارێکی تر پێبکەنێت تاوەکو مرد.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، لە مسند احمد و جامع الترمذی، ڕیوایەتێك هاتووە کە ابن مسعود سەبارەت بە وَإِنْ مِنْكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا} گوتوویەتی، پێغەمبەری الله گوتی:

يَرِدُ النَّاسُ النَّارَ كُلُّهُمْ ، ثُمَّ يَصْدُرُونَ عَنْهَا بِأَعْمَالِهِمْ

خەڵك هەمووی دەچێتە ناو دۆزەخەوە، ئینجا لێیەوە دەردەچن بە کاروکردەوەکانیانەوە.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، ئاماژەی بە ڕیوایەتێکی محمد صلعم کردووە کە گوتوویەتی، الله دەڵێت:

هِيَ نَارِي أُسَلِّطُهَا عَلَى عَبْدِي الْمُؤْمِنِ ; لِتَكُونَ حَظَّهُ مِنَ النَّارِ فِي الْآخِرَةِ

ئەوە ئاگرەکەمە دەیسەپێنم بە سەر بەندە ئیماندارەکەم، بۆ ئەوەی بەشە ئاگری ببینێت لە قیامەت.

# ئایەتی ٧٣

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە کاتێك ئایەتە بەڵگەدارەکانی ئێمەیان بەسەردا دەگوترێتەوە، ئەوانەی بێباوەڕن بە باوەڕداران دەڵێن: کامە لە دوو کۆمەڵەکە پایە چاکتر و دانیشتنێکی باشتری هەیە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(وإِذَا تُتْلَى)، وە کاتێك بەسەر خەڵکدا دەخوێندرێتەوە (آیاتُنا)، ئایەتەکانمان کە بۆ محمدی پێغەمبەر دامانبەزاندووە (بَيِّنَات)، ڕوونن بۆ هەر کەسێك کە بیریان لێ بکاتەوە، دەبینێت کە الله بەڵگەی تیایاندا خستۆتە ڕوو بۆ بەندەکانی (قال الذين كفروا بالله)، ئەوانەی کوفریان بە پەرتووکەکەی و نیشانەکانی کرد کە قورەیشەکان (لِلَّذِينَ آمَنُوا) بڕوایان پێی هێنا کە یاوەرەکانی محمدن ( أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَقَامًا ) مەبەست لە پایە: واتە شوێنی ژیان و خانوویان (وَأَحْسَنُ نَدِيًّا)، واتە مەجلیسەکەیان باشترە.

امام الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە مانای {وَأَحْسَنُ نَدِيّاً} دەڵێت، دوو بۆچوون هەیە:

یەکەم: مەجلیسەکەی باشترە

دووەم: ژیانی باشترە

# ئایەتی ٧٤

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَاثًا وَرِئْيًا

دەڵێت:

وە چەندەها نەوەمان پێش قورەیش لەناوبرد و قڕ کرد، ئەوان لە قورەیشەکان تەدارەك و سیمایان باشتر بوو.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {هُمْ أَحْسَنُ أَثَاثًا وَرِئْيًا} دەڵێت:

واته: باشتر بوون لەوانە-لە قورەیش- لە ڕووی پارە و سامان و شتوومەك و شێوە و سیما.

واتە قورەیش ناشیرینن، وە ئەو هۆز و میللەتانەی اللە لە پێشوودا لە ناوی بردن لە قورەیشەکان جوانتر و بەتواناتر بوون.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد پێش ئەو کافرانە چەندەها نەوەمان لە ناوبرد و قڕمان کرد، لەگەڵ ئەوەش لە ماڵەکانیان کەلوپەلیان زیاتر بوو و شێوەیان جوانتر بوو، بەڵام لە ناومان بردن.

## ئایەتی ٧٥

قُلْ مَن كَانَ فِي الضَّلالَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ الرَّحْمَنُ مَدًّا حَتَّى إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ إِمَّا الْعَذَابَ وَإِمَّا السَّاعَةَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضْعَفُ جُندًا

اللەی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

بڵێ هەر کەسێك لە گومڕاییدایە، دەبا الرحمان-اللە- درێژکردنێك بۆی درێژ بکاتەوە، تاوەکو کاتێك ئەوە دەبینێت کە بەڵێنیان پێ دراوە: یان ئەشکەنجە وە یان قیامەت، ئەوسا دەزانن کە کە کێ خراپترین شوێنی هەیە و لاوازترین سەربازی هەیە.

دەقێکی زۆر کرچوکاڵ و بێمانایە:

یەکەم: ئەو شتە چییە اللە بۆ کەسێك کە گومڕایە درێژبکاتەوە؟

دووەم: با بۆی درێژ بکاتەوە تاوەکو ئەشکەنجە لەم دونیایە یان ڕۆژی قیامەت دەبینێت؟

سێهەم: چۆن تاوەکو ڕۆژی قیامەت بۆی درێژ بکاتەوە؟ واتە کاتێك مرد و لەناو گۆڕیشدایە، اللە بۆی درێژ دەکاتەوە.

چوارەم: ئینجا لە ڕۆژی قیامەت دەزانێت کە کێ خراپترین شوێن و لاوازترین سەربازی هەیە.

الله خۆی هەڵدەکێشێ و شانازی دەکات کە ژمارەی سەربازەکانی- کە فریشتەکانن- زۆرن، بەڵام ئەو کەسەی کە گومڕایە و الله بۆی درێژ کردۆتەوە ئەوا سەربازەکانی کەمن، وە ئەو کەسە دەچێتە خراپترین شوێن کە دۆزەخە.

شرۆڤەکاران سەبارەت بە {فَلْيَمْدُدْ لَهُ الرَّحْمَـٰنُ مَدًّا- دەبا الرحمان درێژکردنەوەیەك بۆی درێژ بکاتەوە} دەڵێن:

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

واتە الله مۆڵەتی پێدەدات بەردەوام بێت لەسەر گومڕاییەکەی.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

واتە: الله گومڕاییەکەی درێژ دەکاتەوە.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران و البغوی لە منازل التنزيل دەڵێن:

واتە الله لە سەرکێشی نەزانی و بێباوەڕی وازی لێ دێنێت.

الرازی لە مفاتيح الغيب دەڵێت:

الله مۆڵەتی داوەتێ و کاتی مەرگی درێژ کردۆتەوە.

الشوكانی لە فتح القدير دەڵێت:

الله سزای گومڕاییەکەی کردوو بە وازلێهێنانی بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە گومڕایی.

ئەگەر ماناکەی بەم شێوەیە بێت کە شرۆڤەکاران دەڵێن، کەواتە بۆچی اللهی عەرەب و ئیسلام نەیدەگوت:

قُلْ مَن كَانَ فِي الضَّلَالَةِ فَلْيَمْهل لَهُ الرَّحْمَـٰنُ مَهلا

وەك لە ئایەتی ١٧ سوورەتی الطارق هاتووە:

فَمَهِّلِ الْكَافِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا

جا مۆڵەتێك بە کافرەکان بدە مۆڵەتیان پێبدە بۆ ماوەیەك.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

(حَتَّىٰ إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ إِمَّا الْعَذَابَ وَإِمَّا السَّاعَةَ) دەڵێت: ئەی محمد بڵێ، هەر یەکێك لە ئێمە- ئیمانداران- یان لە ئێوە- بێباوەڕان- لە گومڕاییدا بێت، ئەوا الله با گومڕاییەکەی بۆ درێژ بکاتەوە تاوەکو فەرمانی الله دێتە دی، کە یان ئەشکەنجەیەکە بە پەلە و خێرا دێتە دی، یان تاوەکو ئەوکاتەی لە ڕۆژی قیامەت چاویان بە خوداکەیان دەکەوێت، وە کاتێك بە یەکێك لەم دوو ڕێگایە بەڵێنەکەی الله هاتە دی ئەوا (فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَكَانًا)، دەزانن کە کێ خراپترین شوێنی دەبێت لە نێوان ئێمە و ئێوەدا؟ (وَأَضْعَفُ جُنْدًا)، وە سەربازەکانی کێ لاوازترە؟ سەربازەکانی ئێمە، وە یان ئێوە؟

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، سەبارەت بە {حَتَّىٰ إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ إِمَّا الْعَذَابَ وَإِمَّا السَّاعَةَ- تاوەکو کاتێك ئەو بەڵێنە دەبینن کە پێیان دراوە کە یان ئەشکەنجەیە وە یان قیامەت} دەڵێت:

وَالْعَذَابُ هُنَا إِمَّا أَنْ يَكُونَ بِنَصْرِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَيْهِمْ فَيُعَذِّبُونَهُمْ بِالسَّيْفِ وَالْأَسْرِ ؛ وَإِمَّا أَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ فَيَصِيرُونَ إِلَى النَّارِ

وە ئەشکەنجە لەم ئایەتە، یان بە سەرکەوتنی موسڵمانان بە سەر بێباوەڕان دێتە دی، کە ئەوکات موسڵمانان بە شمشێر و بەدیلگرتنیان ئەشکەنجەیان دەدەن، وە یان لەگەڵ بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت کاتێك دەچنە ناو دۆزەخ.

## ئایەتی ٧٦

وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى ۗ وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَّرَدًّا

دەڵێت:

وە الله ڕێنمایی ئەو کەسانە زیاد دەکات کە ڕێنمایی کراون، وە ئەو کردەوانەی چاکەن دەمێننەوە، پاداشتی باشتر و سەرەنجامی باشتری لای خوداکەت دەبێت.

{الْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ}، واتە ئەو کاروکردەوە باشانەی کە مرۆڤ دەیکەن و بۆیان دەنووسرێت، وەك لە ئایەتی ٤٦ سوورەتی الکهف دەڵێت:

ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَاةِ ٱلدُّنْيَا وَٱلْبَاقِيَاتُ ٱلصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَاباً

سامان و کورِ جوانی ژیانی دونیان، بەڵام کردەوەی چاك کە دەمێنێتەوە پاداشتەکەی باشترە لای خوداکەت.

واتە سامان و کورِ و هتد،، شتی دونیان و سوودیان بۆ مرۆڤ نابێت بۆ ڕۆژی دوایی، ئەوەی سوودی دەبێت کاروکردەوەی چاکەیە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الطبری لە جامع البیان، ئاماژە بە فەرموودەیەکی محمد دەکەن کە بە "ابو الدرداء"ی گوتووە:

إِنَّ قَوْلَ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ ، تَحُطُّ الْخَطَايَا كَمَا تَحُطُّ وَرَقَ هَذِهِ الشَّجَرَةِ الرِّيحُ ،هُنَّ الْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ ، وَهُنَّ مِنْ كُنُوزِ الْجَنَّةِ

وتەی: هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، الله گەورەترینە و سوپاس بۆ الله، شکۆمەندە الله، گوناە هەڵدەوەرێنێت هەروەك چۆن با گەڵای درەخت هەڵدەوەرێنێت، ئەوانە پێیان دەگوترێت {الْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ}، وە ئەوانە گەنجینەیەکن لە گەنجینەکانی بەهەشت.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى- وە الله ڕینمایی ئەوانە زیاد دەکات کە ڕێنمایی کراون} دەڵێت، پێنج وتەوت هەیە:

یەکەم: الله باوەڕی ئەوکەسانەی کە ڕێنمایی کراون بە یەکتایی زید دەکات.

دووەم: دووربینایان سەبارەت بە ئاینەکەیان زیاد دەکات.

سێهەم: بە وەحی زیاتر بۆ محمد باوەڕیان زیاد دەکات، هەرچەند جارێك سوورەتێك دادەبەزی باوەڕیان زیاتر دەبوو.

چوارەم: باوەڕیان بە ناسخ و منسوخ زیاد دەکات.

پێنجەم: ئەوانەی بە منسوخ هیدایەت دراون ئەوا بە ناسخ هیدایەتیان زیاد دەکات.

{منسوخ}، ئەو ئایەتانەی قورئانن کە کارکردن پێیان لە کارخراون بە ئایەتێکی تر کە دواتر دابەزیووە.

{ناسخ}، ئەو ئایەتەی قورئانە کە دەقێکی تری لە کارخستووە.

# ئایەتی ٧٧-٨٠

أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالا وَوَلَدًا

أَطَّلَعَ الْغَيْبَ أَمِ اتَّخَذَ عِندَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا

كَلاَّ سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُ مِنَ الْعَذَابِ مَدًّا

وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا

اللهی عەرەب و ئیسلام لە چوار ئایەتە باسی کەسێکی بێباوەڕ دەکات و دەڵێت:

ئەی محمد، ئەوەیانت بینیووە کە کوفری کرد بە نیشانەکانمان و گوتی سوێند بێت من سامان و منداڵم هەر پێ دەدرێت.

ئایا سەیری نادیارەکانی-غەیب-ی کردووە، وە یان لای ڕەحمان-الله- بەڵێنی پێدراوە؟

نەخێر، ئەوە دەنووسین کە دەیڵێت، وە ماوەی سزادانی درێژ دەکەینەوە.

وە ئەوەی ئەو دەیڵێت بە میرات بۆ ئێمە دەبێت و ئەو بەتەنیایی دێت بۆ لامان.

هۆکاری دابەزینی ئەم چوار ئایەتە لە صحیح البخاری و مسلم هاتووە، کە خَبَّاب بن الأرَت گوتوویەتی:

كُنْتُ رَجُلاً قَيْنًا، وَكَانَ لِي عَلَى الْعَاصِي بْنِ وَائِلٍ دَيْنٌ فَأَتَيْتُهُ أَتَقَاضَاهُ، فَقَالَ لِي لاَ أَقْضِيكَ حَتَّى تَكْفُرَ بِمُحَمَّدٍ. قَالَ قُلْتُ لَنْ أَكْفُرَ بِهِ حَتَّى تَمُوتَ ثُمَّ تُبْعَثَ. قَالَ وَإِنِّي لَمَبْعُوثٌ مِنْ بَعْدِ الْمَوْتِ فَسَوْفَ أَقْضِيكَ إِذَا رَجَعْتُ إِلَى مَالٍ وَوَلَدٍ. قَالَ فَنَزَلَتْ {أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَا وَقَالَ لأُوتَيَنَّ مَالاً وَوَلَدًا * أَطَّلَعَ الْغَيْبَ أَمِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا * كَلاَّ سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُ مِنَ الْعَذَابِ مَدًّا * وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا}.

پیاوێکی ئاسنگەر بووم و العاص بن وائل پارەم قەرزار بوو، هاتم بۆ لای داوای پارەکەم کرد. العاص گوتی، پارەکەت نادەمەوە تاوەکو کوفر بە محمد نەکەیت. گوتم کوفری پێ ناکەم تاوەکو دەمرم و زیندوو دەبمەوە. العاص گوتی، وە ئەگەر ڕاست بێت کە زیندوو دەبمەوە ئەوا لە ڕۆژی قیامەت پارەکەت دەدەمەوە کاتێك منداڵ و سامانەکەم بۆ دەگەڕێتەوە. الله لە وەڵامدا ئەو چوار ئایەتەی دابەزاند،

{أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَا وَقَالَ لأُوتَيَنَّ مَالاً وَوَلَدًا، أَطَّلَعَ الْغَيْبَ أَمِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا، كَلاَّ سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُ مِنَ الْعَذَابِ مَدًّا، وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا}.

واته الله، له ڕێگای محمدەوە وەڵامی العاص بن وائل دەداتەوە و دەڵێت:

ئەی محمد، تۆ العاص بن وائلت بینیوە کە کوفری کرد بە ڕۆژی قیامەت، وە گوتی سوێند بێت منداڵ و سامانم دەبێت، ئایا سەیری غەیبی کردووە یان بەڵێنێکی لە الله وەرگرتووە؟ نەخێر هەرگیز وانییە، ئەوە دەنووسین کە دەیڵێت، وە ئەشکەنجەکەی لە دۆزەخدا درێژ دەکەینەوە، وە دەست بەسەر سامان و منداڵەکانیدا دەگرین، وە خۆی بەتەنها دێت بۆ لامان لە ڕۆژی قیامەت.

سەیری ئەو گاڵتە جاڕیەتان کردووە!!!!! میللەتی کوردم ڕۆۆۆ، ئەقڵی مرۆڤە موسڵمانەکانم ڕۆۆۆ

العاص بن وائل باوکی عمرو بن العاص بوو کە لە سەردەمی عمر بن الخطاب میسری داگیر کرد و پەرتووکخانەی ئەسکەندەرونەی سووتاند.

الطبری لە جامع البیان و الالوسی البغدادی لە روح المعانی و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، ئاماژیان بە ڕیوایەتێکی ابن عباس کردووە کە گوتوویەتی، کۆمەڵێك لە ئیمانداران هاتن بۆ لای العاص بن وائل داوای قەردی لێ بکەن:

أَلَسْتُمْ تَزْعُمُونَ أَنَّ فِي الْجَنَّةِ ذَهَبًا وَفِضَّةً وَحَرِيرًا وَمِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ؟ قَالُوا بَلَى قَالَ : مَوْعِدُكُمُ الْآخِرَةُ وَاللَّهِ لَأُوتِيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا وَلَأُوتِيَنَّ مِثْلَ كِتَابِكُمُ الَّذِي جِئْتُمْ بِهِ

العاص بن وائل پێیانی گوت: ئەی ئێوە ناڵێن لە بەهەشت زێر و زیوو و ئاوریشم و لە هەموو جۆرە میوەیەکتان پێ دەدرێت؟ ئیماندارەکان گوتیان: بەڵێ. العاص بن وائل گوتی باشە، بۆ خۆتان بوەستن تاوەکو ڕۆژی قیامەت، وە من سوێند بێت لەم دونیایەم منداڵ و سامان بەدەست دەهێنم، وە پەرتووکێك وەك قورئان دەهێنم. ئەوەبوو الله ئەم چوار ئایەتەی دابەزاند.

العاص بن وائل لەم ڕیوایەتە وەڵامی تحدای اللهی عەرەب و ئیسلامی داوەتەوە کە دەتوانێت شتێك بڵێت هاوچەشنی دەقەکانی قورئان بێت.

الطبری لە جامع البیان سەبارەت بە {وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ} دەڵێت:

الله لێرەدا دەڵێت، لە ڕۆژی قیامەت دەست دەگرین بە سەر منداڵ و سامانەکەی و ئێمە دەبین بە میراتگری، وە کاتێک دێت بۆ لامان ئەوا بە تەنها دێت، نە سامانی لەگەڵدا دەبێت، وە نە منداڵ.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

واتە منداڵ و سامانەکەی لێ زەوت دەکەین لە ڕۆژی قیامەت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

واتە: الله دەڵێت ئێمە دەبین بە میراتگری منداڵ و سامانەکەی دوای ئەوەی لەناوی دەبەین.

## ئایەتی ٨١-٨٢

وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِّيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا

كَلاَّ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە جگە لە الله، خوداوەندیان بە خۆیانەوە گرتووە، بۆ ئەوەی بۆیان ببێت بە شکۆمەندی و سەربەرزی.

نەخێر، ئەو خوداوەندانەیان – لە ڕۆژی قیامەت- حاشا لە پەرستنیان دەکەن و لە دژیان دەوەستن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، واتە:

بتەکانیان جگە لە الله بەخۆیانەوە گرتووە و دەیپەرستن و شانازیان پێ دەکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، واتە:

ئەی محمد، ئەو موشریکانەی هۆزەکەت جگە لە الله بتیان بەخۆیانەوە گرتووە و دەیانپەرستن، بۆ ئەوەی ببێت بە مایەی سەربەرزی و بیانپارێزێت لە سزای الله، وە دەیانپەرستن بۆ ئەوەی لە الله نزیکیان بکاتەوە.

(سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ) دەڵێت: وە ئەو بت و خوداوەندانە لە ڕۆژی قیامەت حاشا دەکەن لەو موشریکانەی کە دەیانپەرستن. (وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا- وە دژ بە

موشریکەکان دەبن)، واتە ئەو بتانە لە ڕۆژی قیامەت دژ بە موشریکەکان دەبن کە دەیانپەرستن.

سەیری ئەو گاڵتەجاریە بکە:

واتە بتەکانی وەك مناة و العزى و اللات و نائلة و اساف، لە ڕۆژی قیامەت حاشا لەو موشریکانە دەکەن کە دەیانپەرستن. واتە ئەو بتانە لای الله دەوەستن و دەڵێن: الله گیان حاشا حاشا ئێمە داوامان لێیان نەکردووە کە بمانپەرستن.

## ئایەتی ٨٣

أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنَا الشَّيَاطِينَ عَلَى الْكَافِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا

دەڵێت:

ئەی محمد، تۆ نەتبینیووە کە ئێمە شەیتانەکانمان ناردۆتە سەر بێباوەڕەکان هانیان دەدەن؟

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت: خۆم شەیتانەکانم ناردۆتە سەر بێباوەڕەکان

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

الله بە پێغەمبەرەکەی دەڵێت: ئەی محمد نەتبینیووە کە ئێمەین شەیتانەکانمان بۆ سەر بێباوەڕەکان ناردووە بۆ ئەوەی بیانجووڵێنن و هانیان بدەن بۆ سەربزێوی و گومڕایی و سەپێچیکردنی الله.

پرسیارێك: محمد، پشتڕاستی ئەوەی کردۆتەوە کە شەیتانێکی هەبووە و دواتر بە یارمەتی الله کردوویەتی بە موسڵمان، وە گوتوویەتی کە هەموو موسڵمانێك شەیتانێکی هەیە. ئایا ئەوە نایسەلمێنێت کە محمد کافر بووە و موسڵمانان کافرن؟

چونکە اللهی عەرەب و ئیسلام لەم ئایەتە دەڵێت: ئێمە شەیتانەکانمان ناردۆتە سەر کافرەکان بۆ ئەوەی هانی سەرپێچی و سەربزێویان بدەن.

لە صحیح مسلم و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد بە عائشة دەڵێت:

أَقَدْ جَاءَكِ شَيْطَانُكِ قَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَوْ مَعِيَ شَيْطَانٌ قَالَ نَعَمْ قُلْتُ وَمَعَ كُلِّ إِنْسَانٍ قَالَ نَعَمْ قُلْتُ وَمَعَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ نَعَمْ وَلَكِنْ رَبِّي أَعَانَنِي عَلَيْهِ حَتَّى أَسْلَمَ

ئەی عائیشة ئەوە شەیتانەکەت هاتۆتە لات؟ دەڵێت گوتم: ئەی پێغەمبەری الله بۆ شەیتانم لەگەڵدایە؟ گوتی بەڵێ، گوتم لەگەڵ هەموو مرۆڤێك؟ گوتی بەڵێ، گوتم لەگەڵ تۆش؟ گوتی بەڵێ، بەڵام الله یارمەتی دام تاوەکو بوو بە موسڵمان.

# ئایەتی ٨٤

فَلا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

ئەی محمد پەلەیان لێ مەکە، لە ڕاستیدا ئێمە بە ژماردن بۆیان دەژمێرین.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {فَلا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ- ئەی محمد پەلەیان لێ مەکە} دەڵێت، واتە ئەی محمد، پەلەپەل مەکە لە سزادانیان. وە دەڵێت، هەندێك دەڵێن ئەم ئایەتە بە ئایەتی شمشێر(ئایەتی ٥ سوورەتی التوبة لە کار خراوە).

الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێن: واتە

ئەی محمد پەلە مەکە لە داواکردنی ئەشکەنجە بەسەر ئەو بێباوەڕانە و لەناوبردنیان.

واتە ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە محمد داوای لە خوداکەی کردووە ئازارێك بە سەردا بێباوەڕان دەبەزێنێت، بەڵام خوداکەی گوتوویەتی پەلە مەکە.

ابن الجوزی سەبارەت بە {إِنما نَعُدُّ لهم عدّاً- لە ڕاستیدا ئێمە بە ژماردن بۆیان دەژمێرین} دەڵێت، سێ وتەوت هەیە:

یەکەم: هەناسەکانیان دەژمێرین (ابن عباس و طاوس و مقاتل).

دووەم: ڕۆژ و شەو و مانگ و ساڵ و کاتژمێرەکانیان (ابن عباس).

سێهەم: کارەکانیان (قطرب).

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت:

دەڵێن ژمارەی هەناسەدانی نەوەكانی ئادەم له شەو و ڕۆژێكدا ٢٤ هەزار هەناسەیە، ١٢ هەزاری له شەوە، وە ١٢ هەزاری له ڕۆژە. الله اعلم.

## ئایەتی ٨٥-٨٧

يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمَنِ وَفْدًا

وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَى جَهَنَّمَ وِرْدًا

لا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلاَّ مَنِ اتَّخَذَ عِندَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا

اللهی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت، پەلە مەكە لە ئازاردانیان بوەستە بۆ ڕۆژی قیامەت، دەڵێت:

بۆ ڕۆژێ كە خوداناسان كۆدەكینەوە، دەستە دەستە بە وەفد دەیانبەین بۆ لای ڕەحمان، واتە الله.

ئەوانە دەسەڵاتی تكایان نییە مەگەر ئەوەی لە لای ڕەحمان بەڵێنی وەرگرتبێت.

وە تاوانباران ڕاپێچ دەكەین بۆ ناو دۆزەخ.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

ابوهریرة و سفیان الثوری و علی كوڕی ابي طالب و ابن عباس، گوتوویانە كە خوداناسان بە وەفد بە سواری وشتر دەچن بۆ لای الله.

ابن كثیر له تفسیر القران العظیم و القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێن، عبدالله بن احمد له مسندی امام احمد، ئاماژەی بە ڕیوایەتێكی علی كوڕی ابي طالب كردووە، كە كاتێك ئەم ئایەتەی خوێندۆتەوە (يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمَنِ وَفْدًا) گوتوویەتی:

لَا وَاللَّهِ مَا عَلَى أَرْجُلِهِمْ يُحْشَرُونَ ، وَلَا يُحْشَرُ الْوَفْدُ عَلَى أَرْجُلِهِمْ ، وَلَكِنْ بِنُوقٍ لَمْ يَرَ الْخَلَائِقُ مِثْلَهَا ، عَلَيْهَا رَحَائِلُ مِنْ ذَهَبٍ ، فَيَرْكَبُونَ عَلَيْهَا حَتَّى يَضْرِبُوا أَبْوَابَ الْجَنَّةِ.

نەخێر سوێند بە الله ئیمانداران لەسەر قاچەكانیان حەشر ناكرێن و وەفدەكان لە سەر قاچەكانیان ناڕۆن بەڵكو لەسەر جۆرێك لە وشتر كە هەرگیز هاوچەشنیان

نەبینراوە، وە کورتانی ئاڵتونیان لەسەرە، سواری دەبن تاوەکو دێن لە دەرگای بەهەشت دەدەن.

وە ابن كثير، ئاماژە بە فەرموودەیەکی درێژی محمد دەکات کە لە بەشێکیدا گوتوویەتی:

وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهُمْ إِذَا خَرَجُوا مِنْ قُبُورِهِمْ يُسْتَقْبَلُونَ - أَوْ : يُؤْتَوْنَ - بِنُوقٍ بِيضٍ لَهَا أَجْنِحَةٌ ، وَعَلَيْهَا رِحَالُ الذَّهَبِ

سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، هەر کە لە گۆڕەکانیان دەرچوون ئەوا بە وشتری سپی باڵدار کە کورتانی ئاڵتوونی لەسەرە، دێن بۆ لای دەرگەی بەهەشت، وە بە دەرگاکوتە لە دەرگای بەهەشت دەدەن.

القرطبی لە الجامع الاحكام القران دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

مَنْ كَانَ يُحِبُّ الْخَيْلَ وَفَدَ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى عَلَى خَيْلٍ لَا تَرُوثُ وَلَا تَبُولُ ، وَمَنْ كَانَ يُحِبُّ رُكُوبَ الْإِبِلِ فَعَلَى نَجَائِبَ لَا تَبْعَرُ وَلَا تَبُولُ وَمَنْ كَانَ يُحِبُّ رُكُوبَ السُّفُنِ فَعَلَى سُفُنٍ

بەڵام هەر کەسێك حەزی لە ئەسپ بێت، ئەوا بە ئەسپیك دەچێت بۆ لای الله کە نە میزی هەیە نە پیسایی، وە ئەوەی حەزی لە وشتر بێت ئەوا بە وشترێك دەچێت بۆ لای الله کە نە پیسایی هەیە وە نە میز، هەر کەسێك ئارەزوو بکات سواری کەشتی بێت ئەوا بە کەشتی دەچێت بۆ لای الله.

امام الماوردی لە النكت و العيون سەبارەت بە {وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا- وە تاوانباران ڕاپێچ دەکرێن بۆ ناو دۆزەخ} دەڵێت، سێ بۆچوون هەیە:

یەکەم: بە پیادە

دووەم: بە تێنوویی

سێهەم: تاك تاك دەبردرێن

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە ئایەتی دەڵێت:

ئەی محمد، ئەو کافرە تاوانبارانە لە ڕۆژی قیامەت شەفاعەتیان نابێت، لە کاتێکدا خوداناسان بە دەستە دەبردرێن بۆ لای الله و شەفاعەتیان بۆ دەکرێت کە خەڵکی

ئیماندواربۆ یەکتر تکا لە الله دەکەن، تاوەکو لە گوناهەکانیان خۆش بێت، چونکە لە دونیا پەیمانیان لە الله وەرگرتووە، کە شەفاعەتیان قبووڵ بێت، بە هۆی باوەڕ هێنانیان بە الله و بڕوا کردنیان بە پێغەمبەرەکەی و پابەند بوون بە پەیامەکەی و کارکردن بە فەرمانەکانی الله.

وە لە صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە محمد گوتوویەتی:

إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ، دَفَعَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى كُلِّ مُسْلِمٍ، يَهُودِيًّا، أَوْ نَصْرَانِيًّا، فَيَقُولُ: هَذَا فِكَاكُكَ مِنَ النَّارِ

لە ڕۆژی قیامەت الله جووێك یان مەسیحیەك دەدات بە هەموو موسڵمانێك و دەڵێت: ئەوە لە شوێنی خۆت بخە دۆزەخەوە.

وە هەروەها لە صحیح مسلم فەرموودەیەکی تری محمد هاتووە کە گوتوویەتی:

يَجِيءُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ نَاسٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ بِذُنُوبٍ أَمْثَالِ الْجِبَالِ، فَيَغْفِرُهَا اللهُ لَهُمْ وَيَضَعُهَا عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى

لە ڕۆژی قیامەت خەڵکانێکی موسڵمان بە کۆڵێك گوناهەوە دێن کە وەك چیا گەورەیە، الله لێیان دەبوورێت و گوناهەکان دەخاتە سەر جووەکان و مەسیحیەکان.

## ئایەتی ٨٨-٩٢

وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا، لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا، تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا، أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا، وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا

اللەی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە گوتیان ڕەحمان ڕۆڵەی بەخۆوە گرتووە، بە ڕاستی قسەیەکی ناپەسەندی گەورەتان کردووە، خەریکە ئاسمانەکان بە هۆی ئەو قسەوە درز ببەن و زەوی شەق بێت و چیاکان داتەپن، بە هۆی ئەوەی گوتیان ڕەحمان ڕۆڵەی هەیە، وە ناکرێت ڕەحمان ڕۆڵە بەخۆیەوە بگرێت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ئەو پێنج ئایەتە وەڵامە بۆ مەسیحیەکان کە دەیانگوت عیسا ڕۆڵەی اللەیە.

القرطبی له الجامع الاحكام القران دەڵێت:

مەبەست لەم چەند ئایەتە جوو و مەسیحیەکانە، کە دەیانگوت الله کوڕی هەیە، وە هەروەها ئەوانەی- عەرەب- کە دەیانگوت فریشتەکان کچی اللهن.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

کافرەکان گوتیان(اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا)، ڕەحمان ڕۆڵەی بەخۆوە گرتووە، الله له وەڵامدا دەڵێت، (لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا)، ئەی خەڵکینە بە ڕاستی شتێکی مەزنی ناپەسەندتان گوتووە

الماوردی له النکت و العیون سەبارەت بە {شَيْئًا إِدًّا} دەڵێت، دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: ناپەسەند

دووەم: مەزن (گوناهێکی مەزن)

القرطبی له الجامع الاحکام القران و ابن کثیر له تفسیر القران العظیم سەبارەت بە ئایەتی {تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا} دەڵێن:

ابن مسعود گوتوویەتی: چیایەك بە چیایەك دەڵیت، ئەی فوڵان، ئایا ئمیڕۆ کەسێك بەلاتەوە تێپەڕ بووە کە زیکری اللهی کردبێت؟ ئەگەر لە وەڵامدا بڵێت بەڵێ، ئەوا چیاکە دڵی خۆش دەبێت، وە ابن مسعود ئەو ئایەتەکەی خوێندەوە کە دەڵێت، {وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا- وە گوتیان ڕەحمان ڕۆڵەی بەخۆوە گرتووە}.

وە القرطبی و ابن کثیر دەڵێن:

کاتێك الله زەوی دروستکرد و درەختی تێدا دروستکرد، هیچ درەختێك نەبوو کە نەوەکانی ئادەم سوودی لێ نەبینن، وە زەوی و درەختەکان بەم جۆرە بوون، تاوەکو خوێڕیەکانی نەوەکانی ئادەم ئەو بوختانە گەورەیان کرد {اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا- ڕەحمان ڕۆڵەی بەخۆوە گرتووە}. کاتێك ئەوەیان گوت زەوی درز بوو و درەختی دڕکاوی بوو.

وە ابن عباس گوتوویەتی: چیاکان شەقیان برد و درەختەکان دڕکاوی بوون، وە ماسیەکانی دەریا دڕکاوی بوون.

واتە پێش ئەوکات درەختی دڕکاوی و ماسی دڕکاوی بوونیان نەبوو.

الطبری له جامع البیان، سەبارەت بە ئایەتی {وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَـٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا- وە ناشێت بۆ ڕەحمان ڕۆڵەی هەبێت} دەڵێت:

وە لە الله ناوەشێتەوە کە کوڕی هەبێت، چونکە وەك مخلوقات نییە کە شەهوەت بەسەریدا زاڵ بووبێت و وایان لێبکات کە لەگەڵ مێینە جووت بن، وە بە بێ جووتبوون لەگەڵ مێینە، کوڕ نابێت.

ابن کثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت:

لە شکۆ و مەزنی الله ناوەشێتەوە کە کوڕی هەبێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ناشێت و نابێت الله کوڕی هەبێت چونکە بۆ ئەوەی کوڕت هەبێت دەبێت جووت بیت.

الجلالین لە تفسیر الجلالین دەڵێن:

واتە لە الله ناوەشێتەوە کوڕی هەبێت.

بەڵام اللەی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ١٧ سوورەتی الانبیاء، ڕێك پێچەوانەکەی دەڵێت:

لَوْ أَرَدْنَا أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّاتَّخَذْنَاهُ مِن لَّدُنَّا إِن كُنَّا فَاعِلِينَ

ئەگەر ئارەزوومان لە ڕابواردن (ژن) بوایە ئەوا بە دڵنیاییەوە دانەیەکمان لای خۆمان دەگرت، ئەگەر هاتوو بمانکردایە.

{ لَهْوًا} بە مانای ژن و ڕابواردن و جووتبوون دێ.

## ئایەتی ٩٣

إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ إِلاَّ آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا

دەڵێت:

هەر هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان، ئەوا وەك بەندە دێن بۆ لای ڕەحمان.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

هەر هەموو ئەوانەی لە ئاسمانەکانن لە فریشتەکان و ئەوانەی لە زەویدان لە مرۆڤ و جنۆکە، لە ڕۆژی قیامەت دێن بۆ لای خوداکەیان، وەك بەندەیەکی ڕیسوای ملکەچ و پابەند دەبن بە بەندایەتی بۆی.

# ئایەتی ٩٤

لَّقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

سوێند بێت هەر هەموویانم – ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان- سەرژمێر کردووە و دانە بە دانەیانم ژماردووە.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

الله هەموو مەخلوقاتەکانی ژماردووە، لەبەر ئەوە ژمارەیانی لێ وون نابێت و دەزانێت.

ابن کثیر له تفسیر القران العظیم دەڵێت:

بە ژمارەی هەموویانی زانیووە لەو رۆژەی دروستیکردوون تاوەکو ڕۆژی قیامەت بە منداڵ و گەورە و مێینە و نێرینەوە.

هەڵبەتە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە دوورەگەزە و نێرەمووکی نەزانیووە.

# ئایەتی ٩٥

وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا

دەڵێت:

وە هەر هەموویان لە ڕۆژی قیامەت بە تاک دێن بۆ لام.

القرطبی له الجامع لاحکام القران دەڵێت:

واتە بە تەنیایی دێت بۆ لای الله، نە پشتیوانی لەگەڵدا دەبێت، وە نە سامان و پارە.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

به تەنیا دێت، هیچ کەسێکی لەگەڵدا نابێت لای الله پشتیوانی لێ بکات.

# ئایەتی ٩٦

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا

دەڵێت:

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە ئەوا ڕەحمان-الله- سۆزیان بۆ دەهێنێتە ئاراوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

الله خۆشەویستی و مەحەبەت لە دڵی ئیمانداران دەچێنێت.

لە صحیح مسلم و البخاری، فەرموودەیەك هاتووە محمد گوتووەتی:

إِنَّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ عَبْدًا دَعَا جِبْرِيلَ فَقَالَ إِنِّي أُحِبُّ فُلَانًا فَأَحِبَّهُ قَالَ فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ ثُمَّ يُنَادِي فِي السَّمَاءِ فَيَقُولُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلَانًا فَأَحِبُّوهُ فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ قَالَ ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِي الْأَرْضِ

ئەگەر الله بەندەیێکی خۆشوسیت ئەوا بانگی جبرایل دەکات و دەڵێت، من فولانە بەندەم خۆشدەوێت تۆش خۆشتبووێت، جا جبرایل خۆشیدەوێت، ئینجا لە ئاسمان بانگ دەکات و دەڵێت: الله فولانە کەسی خۆشویستووە ئێوەش خۆشتانبوویت، جا فریشتەکان خۆشیاندەوێت، ئینجا قبووڵکردنی لە زەویدا بۆ دەهێنرێتە ئاراوە.

# ئایەتی ٩٧

فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ الْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِ قَوْمًا لُّدًّا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

جا لە ڕاستیدا ئەو- قورئانەمان- بە زمانی تۆ ئەی محمد ئاسان کردووە بۆ ئەوەی مژدە بە خوداناسان بدەیت و خەڵکانێکی سەرسەختیشی پێ بترسێنیت و ئاگادار بکەیتەوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ}، واتە قورئان، واتە قورئانمان بە زمانی عەرەبی ڕوونمان کردۆتەوە و بۆ تێگەیشتن ئاسان کردووە. بۆ ئەوەی مژدە بدەیت بە خەڵکانێکی خواناس، وە خەڵکانێکی سەرسەخت کە باوەڕ ناهێنن پێی بترسێنیت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

(وَتُنْذِرَ بِهِ قَوْمًا لُدًّا) دەڵێت: وە بۆ ئەوەی بەم قورئانە خەڵکانێك لە قەومەکەت بترسێنیت بە ئەشکەنجەی الله، ئەوانەی سەرسەختن و مشتومڕەکانیان باتڵە و هەق قبووڵ ناکەن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

(وَتُنْذِرَ بِهِ قَوْمًا لُدًّا)، واتە : لادەر لە هەق بۆ باتڵ.

# ئایەتی ٩٨

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا

اللهی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە چەندەها نەوەمان پێش(قوڕەیش و عەرەب) لەناوبرد و قڕ کرد، ئایا هەست بە هیچ کامێکیان دەکەیت؟ یان گوێت لە نوزەیان دەبێت؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەی محمد، پێش قەومەکەت لە موشریکەکانی قوڕەیش زۆر میللەت و هۆزمان قڕ کرد و لەناوبرد، کە ڕێبازێکی ناکۆک لەگەڵ منیان گرتبێت و خەریکی سەرپێچیکردن بووبن، ئایا هەست بە کەسیان دەکەیت لەوانەی لەناومبردن؟ وە ئایا نوزەیەکیان دەبیسیت؟

خودایەکی سەیرە: یانی چۆن نوزەیان ببیستێت؟ ئەی چەندەها سەدە پێشوو قڕت نەکردوون؟

کۆتایی بەشی شەشەم